IBN BATTUTA

ئیبن بەتوتە

سەفەرنامەکەی لە سەدەکانی
ناوەڕاستدا لە ساڵی (٧٢٥ - ٧٥٤)کۆچی

وەرگێڕانی:
حەسیب مەلا حامد تلیانی

چاپی دووەم

منتدى إقرأ الثقافي
www.iqra.ahlamontada.com

بۆدابەزاندنی جۆرەها کتێب:سەردانی: (مُنْتَدى إِقْرَأ الثَقافِي)

لتحميل أنواع الكتب راجع: (مُنْتَدى إِقْرَأ الثَقافِي)

براي دانلود كتابهای مختلف مراجعه: (منتدى اقرأ الثقافى)

www. iqra.ahlamontada.com

ئیبن بەتوتە

سەفەرنامەکەی لە سەدەکانی ناوەڕاستدا

لە ساڵی (٧٢٥ - ٧٥٤)کۆچی

ئیبن بەتوتە

سەفەرنامەکەی لە سەدەکانی ناوەڕاستدا لە ساڵی (٧٢٥ - ٧٥٤)کۆچی

نووسینی: مُحَمَّدُ بْنُ عَبْدِ ٱللَّهِ بْنُ مُحَمَّدٍ ٱللَّوَاتِي ٱلطَّنْجِي المعروف بابْنِ بَطُّوطَةَ

وەرگێڕانی: حەسیب مەلا حامد تلیانی

مافی لە چاپدانەوەی پارێزراوە بۆ نووسینگەی تەفسیر

چاپی دووەم ٢٠٢٣ز- ١٤٤٤ك

نوسینگەی تەفسیر

بۆچاپ و بڵاوکردنەوە

هەولێر- شەقامی 30 مەتری تەنیشت منارەی چۆلی

+964 750 818 08 66

www.al-tafseer.com

tafseeroffice@yahoo.com

/TafseerOffice

ئامادەکردنی پێڕست - نووسینگەی تەفسیر

تلیانی، حەسیب مەلا حامد

ئیبن بەتوتە سەفەرنامەکەی لە سەدەکانی ناوەڕاستدا لە ساڵی (٧٢٥ - ٧٥٤)کۆچی، مُحَمَّدُ بْنُ عَبْدِ ٱللَّهِ بْنُ مُحَمَّدٍ ٱللَّوَاتِي ٱلطَّنْجِي المعروف بابْنِ بَطُّوطَةَ(نووسەر) حەسیب مەلا حامد تلیانی (وەرگێڕ)،

٧٧٨ لاپەڕە

١٧* ٢٤ سم

بابەت: گەشتنامە، مێژوویی

ISBN: 978-9922-679-84-6

لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان/هەرێمی کوردستان، ژمارە سپاردنی (١٨١٧)ی ساڵی (٢٠٢٠)ی پێدراوە.

دیزاین: نوسینگەی تەفسیر

پێداچوونەوەی زمانەوانی: زرار عەلی

ئیبن بەتوتە

سەفەرنامەکەی لە سەدەکانی ناوەڕاستدا لە ساڵی (٧٢٥ - ٧٥٤)کۆچی

نووسینی:
مُحَمَّدٌ بْنُ عَبْدِ ٱللَّهِ بْنُ مُحَمَّدٍ ٱللَّوَاتيِ ٱلطَّنْجِي
المعروف بابْنِ بَطُّوطَةَ

وەرگێڕانی
حەسیب مەلا حامد تلیانی

به ناوی خودای مەزن

پێشەکی

ئاشنایەتیم لەگەڵ ئەم پەرتوکە (تحفة النظار في غرائب الأمصار وعجائب الأسفار)ی ئیبن بەتوتە دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتای سالّی دوو هەزار ئەوکات چەند جارێك خوێندمەوە و سەرنجی راکێشام هەرچەندە پەرتوکەکە زۆر کۆنە و مێژووەکەی دەگەڕێتەو بۆ نزیکەی حەوت سەد سالّ پێش ئێسا، بەڵام خوێنەر ئارەزوو دەکات بیخوێنێتەوە و گوزەرێك بکات بە نێو مێژووی نەتەوەکانی دونیا لە سەدەکانی ناوەڕاستدا، بەڕاستی جێگای سەرنجە کەسێك ماوەی بیست و نۆ سالّ هەموو دونیا گەڕابێت لەسەر پشتی ئاژڵ و کەشتی و بە پیادە، پاشان هەموو دیدارەکانی لەگەڵ کەسایەتییەکانی ئەو سەردەمەدا تۆمارکردوە بە شێوازێکی سەرنج راکێش لە زانایانی ئایینی و پاشا و سولّتان و ئەمیرەکان و تەنانەت زۆر جار خەڵکی ئاساییش.

بەڕاستی شتێکی سەرسوڕهێنەرە !.. بێجگە لە باسکردنی کەسایەتیەکان.. باسی ولاّتە مەزنەکانی ئەو سەردەمەی کردوە، لەگەڵ سنووری قەڵەمڕەویا، جا ئەو دەولّەتە ئیسلامی بوو بێت یاخود نا ئەو سەردانی کردوە، هەروەها بە جوانی وەسفی شارستانییەتی ئیسلامی دەکات لە: بازاڕەکان و بەندەرەکان و قوتابخانەکان و نەخۆشخانە و خانەقاکان و بیناکاری و باسکردنی داهاتی وەقفی ئیسلامی، کە تەرخان کرابوو بۆ خزمەتکردنی رێبواران و خەڵکی هەژار و بێدەرەتان و ئەوانەی دەبوونە دیلی جەنگ، جەگە لەوانەی باسم کرد هەروەها باسی هەندێ ناوچەی باشورو باکور و رۆژهەلاّت و رۆژئاوای کوردستان دەکات ئاماژە بەوە دەکاتە دانیشتوانی ئەم ناوچانە کوردن وەك .(شنگال ، ئاوایی دارە نسێبین و ماردین وناوچەکانی لورستان ـ ئەتابك ..)

ئەوەی جێگای سەرنجە لە دوای روخانی عەباسییەکان لە کاتێکدا ئەو هەموو خزمەتگوزارییە هەبوونە، بەڵام جیهانی ئیسلامی ناسەقامگیر و پەرتەوازەیی باڵی کێشاوە بەسەریدا، وێڕای ئەوەش خزمەتگوزارییەکان هەر بەردەوام بوونە، فاکتەری سەرەکیش لەمەدا بە پلەی یەکەم دەگەڕێتەوە بۆ بیروباوەڕی ئیسلامی و برایەتی نێوان مسوڵمانان، کە لە هەموو سەردەمەکاندا هەمیشە دەسەڵاتدار و خەڵکە ئاساییەکە کێبەرکێیان کردوە لەسەر دروستکردنی مزگەوت و خانەقا و قوتابخانە و سەرجەم خزمەتگوزارییەکانی تر و ئەمەیان لەلایەك بە ئەرك و لەلایەکی ترەوە بە هۆکاری کۆکردنەوەی چاکە بۆ پاداشتی رۆژی دوایی خۆیان زانیوە، جگە لەوانەی باسمان کرد گەڕیدەی ناوبراو باسی دەستڕەنگینی گەلان دەکات، کە چۆن شارەزابوونە لە بوارەکانی پیشەسازی و بەتایبەتی زۆر وەسفی دەستڕەنگینی خەڵکی چین دەکات لەگەڵ شام و عێراق، بۆیە ئیبن بەتوتە بە یەکێك لە گرنگترین ئەو گەڕیدانە دادەنرێت کە لە سەدەکانی ناوەڕاستدا ژیاوە.

هەڵبەتە ئەدەبی گەشت کردن میژوویەکی کۆنی هەیە لەلای هەموو نەتەوەکانی دونیا، جا بۆ مەبەستی بازرگانی بێت یاخود بە مەبەستی دۆزینەوەی ناوچەی نوێ، قورئانی پیرۆزیش باسی گەشتەکانی قوڕەیشمان بۆ دەکات کە لە زستان و هاویندا ئەنجامیان دەدا بە مەبەستی بازرگانی، هەروەك مرۆڤ هان دەدات بۆ گەڕان لەلایەك بەدوای دۆزینەوەی پاشماوەکانی گەلانی پێشوو و لەلایەکی تریشەوە بۆ دۆزینەوەی نهێنییەکانی بوون و بوونەوەر و گەردوون، بەڵام دوای گەشەسەندنی ئیسلام و بڵاوبوونەوەی دەسەڵاتەکەی لە زۆربەی ناوچەکانی دونیادا لە رۆژهەڵاتەوە بۆ رۆژئاوا، وایکرد شارەزا بوونی نەریت و کولتوور و جوگرافیای ناوچەکانی تر، لە کارە پێویستییەکانی دەوڵەت و کۆمەڵگای ئیسلامی بێت، بۆیە جیهانی ئیسلامی ئاشنا بووە بە کۆمەڵێکی زۆر لە گەڕیدەکانی نمونەنەی ئیبن فەزلان و یەعقوبی و یاقووتی حەمەوی و ئیبن وەهەبی قوڕەیشی و مەسعودی و بزورگی کوڕی شەهریار و مەقدیسی و ناسر خەسروی فارسی.

لەگەڵ ئەوەشدا وێڕای ئەوەی هەندێك ڕەخنەیان لە ئیبن بەتوتە گرتووە، بەڵام لێکۆڵەرەکان هەموو هاوڕان لەسەر ئەوەی کە ئیبن بەتوتە لە هەموو ئەو گەشتیارنەی ناویان هێنرا و کۆی گەشتیارانی جیهانی ئیسلامی شوێن دەستی دیارترە، زۆرترین جێگای دونیا گەڕاوە و زانا و پاشا و سوڵتانەکانی بەسەر کردوەتەوە و باسی کردون و بە شێوازێکی زانستی باسی نەریت و کلتووری گەلانی کردوە جیاوازتر لەوانیتر، پەرتوکەکەشی بە بەڵگەنامەیەکی گرنگی مێژوویی و جوگرافی لە قەڵەم ئەدەن، هەر لەبەرئەوەشە پەرتوکەکەی بۆ زیاتر لە ٤٠ چل زمان وەرگێڕراوە، لەوانە لە ساڵی ١٩٢٩ بۆ یەکەمجار"جیب"ی ڕۆژهەڵاتناس وەریدەگێڕێتە سەر زمانی ئینگلیزی بە ناونیشانbrodways travellers ( ) هەروەها وەریدەگێڕنە سەر زمانی فەڕەنسی , ئەڵمانی فارسی و پورتوگالی و "لاتینی" و ...هتد.

ئێمەش سوپاس بۆ خوا دوای زیاتر لە دوو ساڵ توانیمان وەریبگێڕینە سەر زمانی کوردی، بە شێوازێکی وا کە نزیك بێت لە دەقە عەرەبییەکەی، هەروەها تاڕادەیەکی باش ڕوونکردنەوەی تەواومان داوە دەربارەی ئەو وڵات و هەرێم و شارانەی سەردانی کردوە، یاخود قسەی لە ڕووداوێکی مێژوویی یاخود کەسایەتییەك کردبێت ئەگەر بە پێویستمان زانیبێت ڕوونکردنەوە دراوە بەشێوەکی ئەکادیمی زانستی، یان ناوی جێگایەك نەزانرا بێت ئەوا لە چاپی تردا وەرمانگرتوە یان لە ڕێگای ئەنترنێتەوە وەرگیراوە هەروەها لە چەند شوێنێکی کەمدا هەندێك ناو یان ڕوداو بە کورتی باسکراوە.

ئەو نوسخەیەی کە لام بوو بە ناوی (رحلة إبن بطوطة , دار صادر لبنان) لەم نوسخەیدا باسی جێگاکان و شارو ناوچەکان نەکراوە لەسەردەمی ئێستادا بەڵام دواتر نوسخەیەکی ترم دەست کەوت سوودم لێبینی بە تایبەتی(تحفة النظار بشرح طلال الحرب) و (تحفة النظار، مطبوعات اکادیمیة- المملکة المغربیة) ئەمی دووەمیان لە ئەنترنێتەوە وەرگیراوە pdf لەگەڵ چەند نوسخەی تر کە لە پەراوێزدا

ئاماژەم پێداوە ، هەندێ زانیاریم وەرگرتوە نوسەران لە سەرچاوی تردا وەریانگرتوە منیش هەوڵمدا هەمان ئەو سەرچاوانەی ئەوان بەکاربهێنم بەڵام دەستم نەکەوت بۆیە بەناچاری گەڕاوەمەتەوە سەر شەرحی کتێبەکانی ئەوان، ئەوەی بە گرنگەی دەزانم پەرتوکخانەی کوردی لە هەموو ئەم جۆرە پەرتوکانەی تێدابێت، بۆ زیاتر شارەزابوون لە شارستانیەتی گەلان و بە تایبەتیش ئیسلامی کە ئێمەش بەشێکی دانەبڕاوی ئەو شارستانیەتەین لە کۆتادا زۆر سوپاستی هەر دوو مامۆستای بەڕێز (زرارعلی و شێرزاد موحەمەد)دەکەم ئەرکیان کێشا بە هەڵەچنین و دیزاینکردنی ئەم پەرتوکە .

وەرگێڕ

ئیبن بەتوتە کێیە؟..

ناوی تەواوی محەمەدی کوڕی عەبدوڵڵای کوڕی ئیبراهیمی لیواتییە هۆزێکە لە هۆزەکانی ئەمازیغ و نازناوەکەی (شەمسەدین)ە، لە ساڵی ٧٠٤ ك لە شاری (تەنجە)ی وڵاتی مەغریب لەدایکبووە، کەسێکی دیندار و خاوەن بیروباوەڕێکی سوفیگەرایی بووە، لەبەرئەوەی لە شاری تەنجەدا ژیاوە کە دەکەوێتە سەر ڕۆخی دەریای ناوەڕاست، خولیای گەڕان لە هەستیدا دروست بووە، بۆیە بە مەبەستی حەجکردنی ماڵی خودا بڕیاری گەشتکردن دەدات، دواتریش دەست دەکات بە گەشت کردن بەجیهاندا .

گەشتەکانی بە چەند قۆناغێک دەست پێدەکات بەم شێوەیەی لای خوارەوەیە:

قۆناغی یەکەم: لە ساڵی ٧٢٤ك (تەنجەوە) بۆ (ئەسکەندریە) لە ڕێگای کاروانی حاجیانی ماڵی خودا.. بە دەستپێکردن لە مەغریبەوە بۆ لیبیای ئێستا و پاشان تونس و میسر کە دەکەونە باکووری کیشوری ئەفریکا، دواتریش لە ڕێگای دەریای سوورەوە خۆی گەیاندووەتە شاری مەککە.

قۆناغی دووەم: لە مەککەوە بۆ عێراق بۆ شاری بەسرە و لەوێوە بۆ وڵاتی فارس و ڕۆژهەڵاتی کوردستان و لوڕستان، دواتریش گەڕانەوە بۆ عێراق و سەردانی کوفە و بەغداد و موسڵ و باشوور و باکووری کوردستانی کردوە، وەك شارەکانی شەنگال و ماردین و نوسێبین، دواتریش دووبارە گەڕاوەتەوە و پاشان بۆ جاری دووەم و سێیەم حەجی ماڵی خودای کردوە لە نێوان ساڵانی ٧٢٨ ك تا ٧٣٠ ك، کە لەو

ماوەیەدا دوو جار حەجی کردوە، یەکێکیان لە ٧٢٨ ك و ئەویتریان ٧٢٩ ك.

قۆناغی سێیەم: لە دوای حەجکردنەکانی، دەستی کردوەتەوە بە گەشت بۆ باشووری دورگەی عەرەبی، لەوانە یەمەن و ئەفریکای رۆژهەلاّت و سۆمالێ و سودان، پاشان گەڕانەوە بۆ کەنداوی فارس، کە عەرەب پێی دەلّێن: کەنداوی عەرەبی، دواتر لە رێگای تەنگەبەری هورموزەوە گەڕاوەتەوە مەککە و بۆ جاری چوارەم حەجیکردوە.

قۆناغی چوارەم:گەشتکردن بۆ ئاسیای ناوەڕاست و ولاّتی قەرم، پاشان گەشتکردن بۆ قوستەنتینە لەگەلّ شاژنی هاوسەری "سولّتان محەمەد ئۆزبێك" و دووبارە گەڕانەوە بۆ ولاّتی محەمەد ئۆزبێك.

قۆناغی پێنجەم: گەشتکردن بۆ ولاّتی خەواریزم و بوخارا و ئەفغانستان پاشان گەشتکردن بۆ ولاّتی هیندستان، دواتر لەوێ سولّتان دەیکات بە دادوەر و بۆ ماوەی سالّ و نیوێك کاری دادوەری دەگرێتە دەست، پاشان لە گەلّ نێردەی هیندستاندا گەشت دەکات بۆ ولاّتی چین.

قۆناغی شەشەم: دەچێتە سریلانکا (سەیلان) و بەنگلادیش و هیندستانی ژوورو پاشان بۆ دورگەی سۆمەترە و جاوە و فلیپین پاشان چین، ماوەیەکیش لەم دورگانە کاری دادوەری وەردەگرێت.

قۆناغی حەوتەم: دووبارە بە شوێنی خۆیدا دەگەڕێتەوە بۆ بەنگلادیش و ئەو دورگانەی کە پێشتر ئاماژەی پێ درا، ئنجا بە دەریادا گەشت دەست پێ دەکاتەوە بۆ دورگەی عەرەبی و لە سالّی ٧٤٨ ك دەگاتەوە شاری زەفاری عومان، دواتر لەوێوە لە رێگای ولاّتی عێراقەوە خۆی دەگەیەنێتەوە میسر.

قۆناغی هەشتەم: لە میسرەوە بڕیار دەدات بۆ جاری پێنجەم حەجی مالّی خودا بکات، جارێکی تر لەگەلّ کاروانی حاجیان دەگەڕێتەوە مەککە، دوای حەجکردن دەگەڕێتەوە میسر و پاشان بۆ باکووری ئەفریقا و لە سالّی ٧٥٠ ك دەگاتەوە شاری

(فاس)ی پایتەختی دەوڵەتەکەی "ئەبو عەنان"ی بە بۆچوونی ئەو فەرمانڕوای نمونەیی بووە.

کۆتا قۆناغ: لە مەغریبەوە گەشت دەکات بۆ ئەندلوس (ئیسپانیای ئێستا) و پاشان گەڕانەوە بۆ مەراکیش، لەوێ بڕیار دەدات سەردانی وڵاتی رەشپێستەکان بکات، بۆیە گەشت دەکات بۆ وڵاتی مالی و چاد و سەنیگال و دواتریش گەڕانەوە بۆ شاری فاس، لەوێ و لە ساڵی ٧٥٤ ك سوڵتان "ئەبی عەنان"ی فەرمانڕەوای وڵات "ئیبن جوزەی" نووسەر و شاعیری ئەو سەردەمە، رادەسپێرێت بە نووسینەوەی بەسەرهاتی گەشتەکەی بە ناوی (تحفة النظار في غرائب الأمصار وعجائب الأسفار).

وەرگێڕ

بە ناوی خودای مەزن

بابەتی گەشت و گەشتنامە، یەکێکە لەو بابەتە رۆشنبیریانەی دەمێکە مرۆڤایەتی ئاشنای بووە و خزمەتێکی گەورەی پێی کردوە، لە هەموو بوارەکانی کلتووری و رۆشنبیری هەر لە مێژوو و جوگرافیاوە بیگرە، تا بابەتەکانی پەرەسەندنی زانستی و تێکەڵاوی کلتوری و بەراوردی زمانەوانی و رۆشنبیری و زۆر بابەتی تر، بێگومان ئەگەر بۆ زۆربەی گەلانی دنیا ئەم بابەتە جارێك گرنگ بووبێت، ئەوا بۆ رۆشنبیری ئێمە دە هێندە گرنگە، چونکە ئێمە میللەتێکین قوڵایی مێژووی رۆشنبیریمان لە زۆربەی رووەکانەوە تەمەنی لە سەد ساڵێك زیاتر نییە، ئەوەش وایکردوە بۆ سەرەداوی زۆرێك لە بابەتەکان بگەڕێینەوە بۆ تۆمار و بۆچوون و لێکدانەوەی ئەو گەشتیارانەی، بە هەر جۆرێك لە جۆرەکان رووبان لە کوردستان کردوە.

بێگومان ئەوەش وایکردوە، ئێمە لە زۆرێك لە میللەتانی تر زیاتر گرنگی بەم بابەتە بدەین و گەشتنامەکانی ئەو گەڕیدانەی رێیان کەوتووتە کوردستان، دەمێکە ئاشنابن بە زۆرێکیان، بەتایبەتیش رۆژهەڵاتناسەکان، دەمێکە ئاشنابن بە (ریچ، مینۆرسکی، ئەدمۆنز، سافراستیان، بێڵ، میجەرسۆن، هەنسن، ...هتد)، بەڵام زۆر نامۆبن بەو گەشتیارە مسوڵمانانەی کە سەردانی کوردستانیان کردوە و بەشێك لە بیرەوەری و یاداشتەکانی خۆیانیان سەبارەت بەم وڵاتە و ناوچە کوردییەکان، وەك بەشێك لە جیهانی ئیسلامی ئەوکات تۆمار کردوە، یان ئەگەر ئاشنایەتییەکیشمان هەبێت، جگە لە زانیارییەکی سەرپێیی شتێکی ئەوتۆ نییە، کە ئەوەش لەوانەیە زۆرجار لە جۆرێك لە کینەوە سەرچاوەی گرتبێت و ئەو جۆرە لە زانیاری لەو دێڕانە تێپەڕ نەبێت کە هەڵۆێستی مەسعودی یان فلان و فیسار لەسەر کورد بەم شێوەیە و بەو شێوازەیە.

ئەوە لە کاتێکدا ئەگەر یاداشتی رۆژهەڵاتناسانی ئەوروپا و رۆژئاوا بە هەمان بۆچوونی پێشوو جارێك بۆ ئێمە گرنگ بێت، ئەوا یاداشتەکانی گەشیارانی

مسوڵمان بۆ ئێمە چەند جار گرنگە، لەوانەیە خوێنەر بپرسێت بۆ؟، لەلایەك قوواڵیی میژووویی گەشتی رۆژهەڵاتناسان هیچ جار تەمەنی لە دوو سەدەی رابردوو بۆ ئێمە زیاتر نییە، بەڵام قوواڵیی گەشتی گەشتیارە مسوڵمانەکان بۆ چەندین سەدە لەمەوبەر دەگەڕێتەوە .

بۆ نمونەنە میژووی گەشتەکەی "ئیبن بەتوتە" کە بابەتی ئەم پەرتوکەی ئێمەیە نزیك بە حەوت سەد ساڵ لەمەوبەر ئەنجامدراوە، لەلایەکی تریشەوە بەو پێیەی ئێمە وەکو میللەتێکی مسوڵمان، جیا لەوەش ئێمە وەکو میللەتێك کە کاریگەری گەورەمان لە ناو رەوڕەوەی رووداوەکانی میژووی ئیسلامی و بونیاتنانی کلتووری جیهانی ئیسلامیدا هەبووە، لەلایەك جێی گرنگی ئەو گەشتیارانە بووینە و لەلایەکی تریشەوە بەرامبەر بەوە بۆچوونی ئەوان و گەشتەکانیان بۆ ئێمە هەر زۆر گرنگە.

لەوانەیە ئاشنایەتی تاکی کورد تا لە ئاستی نوخبەی رۆشنبیریش، بەم بابەتانە زۆر جار نامۆ بێت، لەوانەیە بۆ زۆرێك زۆر نامۆ بێت ئەگەر بڵێین جگە لە عەرەب، کاریگەرییەکانی کورد لە زۆرینەی گەلانی برای لە جیهانی ئیسلامیدا زیاتر بووە، لە دروست کردنی رووداو و رەوڕەوەی گۆڕانکارییەکان لە جیهانی ئیسلامیدا، بۆ زۆرێك نامۆیە ئەگەر بڵێین کورد کاریگەری گەورەی لە کۆتاییەکانی میژووی خەلافەتی ئەمەویدا هەبووە، بەو پێیەی بەهۆی هاوسەرگیری رامیارییەوە تێکەڵاوییەکی گەورە لە نێوان کوردانی باکوور و دوا خەلیفەی ئەمەویدا دروست دەبێت و تەنانەت دواخەلیفەی ئەمەوییەکان "مەروانی کوڕی موحەمەد" وەسیەت دەکات ببرێتەوە لە نەسیبینی باکوری کوردستان و لە خاکی دایکی و خاڵوانە کوردەکانی بنێژرێت یان بووترێت عەباسییەکان لەسەر دەستی کورد و بە هێزی جەنگاوەری کورد و بە فەرماندەیی سەرکردەیەکی کوردی نمونەنەی "ئەبو موسلیمی خۆراسانی" کوردی هاتنە دەسەڵات و تەنانەت رۆژگارێکی زۆریش کورده بەرمەکییەکان کاروباریانیان دەبرد بەڕێوە.

ئەوە لە گەورەترین کاریگەری ئەیوبییەکانیش بگەڕێ، لە پاراستنی جیهانی

ئیسلامی لە هەستیارترین ماوەکانی جەنگەکانی خاچپەرستی و هێرشی حەشاشییەکان و روخاندنی فاتمییەکان و یەکخستنەوەی جیهانی ئیسلامی لە ژێر یەك خەلافەتی ئیسلامی سونی و پاراستنی شکۆی دەوڵەتی عەباسی و ئەو هەموو کاریگەرییە گەورەیەی بەسەر کلتوور و شارستانییەتی ئیسلامییەوە بەجێیان هێشت، ئەمانە و زۆر بابەتی تر بەڵگەی ئامادەگی کوردن وەکو میللەتێکی زیندووی نێو ئەو جیهانە ئایینی و کلتوورییە و ناکرێت نەوەی نوێی ئەو میللەتە ئاگاداری ئەو بەشدارییە کارایەی نەتەوەکەی نەبێت لە پێکهێنانی ئەو جیهانە فراوانە لە مێژوو و کلتوورێکی یەکگرتوو، کە بۆ ئەوەش بێگومان یەکێك لە سەرچاوە گرنگەکان، پەرتوکی گەشتیارانی مسوڵمانە جا هەر نەتەویەك بن.

لەلایەکی تریشەوە گرنگی ئەم گەشتەی بەردەستمان سەبارەت بە ئێمە بۆ بابەتێکی تریش دەگەڕێتەوە، ئەگەر لە کۆی ئەو گەشتیارانە بکۆڵینەوە کە سەردانی کوردستانیان کردوە بەتایبەتیش رۆژهەڵاتناسان سنووری گەشتەکانیان بۆ ناوچەیەکی دیاریکراوی کوردستان بووە بەڵام بەپێچەوانەوە ئیبن بەتوتە سەردانی بەشێکی زۆر لە ئاوەدانییەکانی ئەوکاتی هەر چوار پارچەی کوردستانی کردوە و بیرەوەرییەکانی خۆی تیایاندا تۆمار کردوە، کە هەموویان و بەتایبەتیش هەندێکیان لە زۆر بابەتدا بۆ ئێمە زۆر گرنگن، بۆ نمونەنە لە بابەتێکی وەکو کێشەی شەنگالدا، کە تا هەنووکەش بۆ ئێمە لە ناوچەکانی ململانێدایە لەگەڵ نەتەوەی دەسەڵاتدار لە عێراق، ئەو بەر لە نزیك بە حەوت سەد ساڵ باسی دانیشتووانی شەنگال دەکات کە هەموویان کوردن، یان بابەتێکی تر وەکو نمونەنە بە لای منەوە زۆر گرنگە ئاماژەی بۆ بکەم ئەوەیە، کاتی خۆی لە گۆڤارێکدا باسی دەوڵەتی (شاهینی) کوردی و "عیمرانی کوڕی شاهین"م کردبوو، کە سنووری ئەم دەوڵەتە کوردییە لە هۆڕاوەکانی باشووری عێراق بووە، هەندێك وردە بۆڵەی بۆم دروستکرد، کەچی ئیبن بەتوتە بوونی کورد لەم ناوچانە پشتڕاست دەکاتەوە و کە باسی شاری حیللە دەکات دەڵێت: خەڵکی حیللە لە دوو تایەفە پێك دەهاتن و هەموویان شیعەی ئیمامی رافیزە بوون، تایەفەیەکیان پێیان دەوترا (کوردەکان) و ئەوەی تریان (جامعین) و هەمیشەی شەڕ لە نێوانیاندا هەیە.

بەهەرحاڵ نامەوێت باسەکەم لەم رووەوە زۆر درێژ بکەمەوە و بابەتەکە زۆر هەڵدەگرێت، بەڵام دێمە سەر هەوڵەکەی مامۆستا "حەسیب مەلا حامد تلیانی"، دیارە دەمێك بوو مامۆستای بەڕێز باسی کارکردنی خۆی لەم پرۆژەیەدا دەکرد و داوای هاوکاری لە بەندە دەکرد و منیش بە درێژایی ئەو ماوەی دوو ساڵ زیاترە ، بەردەوام ڕێنمایی و بۆچوونی خۆم پێیداوە، هەرچەندە لە سەرەتاوە بۆچوونم وابوو کە ئەو وەك نۆبەرەی کاری قوورسە دەست بۆ بەرهەمێکی وا گەورە بیات و ڕێنماییم کرد بەرهەمێکی بچووك و ئاسانتر هەڵببژێرێت بۆ وەرگێڕان، بەتایبەتیش قۆناغی مێژووی پەرتوکەکە، بۆ خۆی قۆناغی خۆی لەسەر داڕشتنە زمانەوانییەکەی جێهێشتووە، بەتایبەتیش من خۆم زۆر ئاشنابووم بەم قۆناغییە، چونکە چەند پەرتوکێك لەو پەرتوکانەی شەرەفی وەرگێڕانیان بەر بەندە کەوتووە باسکردن بوون لەو قۆناغییە مێژووییە و زۆر جار ڕووبەڕووی قۆناغی ئەو گوزارشتانە دەبوومەوە کە مێژووی نووسین یان دەربڕینیان بۆ ئەو سەردەمە یان پێشتر دەگەڕایەوە، بەڵام خۆی زۆر ئارەزوی هەبوو لە وەرگێڕانی ئەم پەرتوکە دەستخۆشی لە مامۆستای هاوڕێم دەکەم کۆڵی نەدا و لەسەر پرۆژەکەی بەردەوام بوو تا تەواوکردنی.

دواجاریش ئەوەی کەوتە سەر بەندە لە پرۆژەکەدا، جیا لەو ڕێنمایی و ڕاوێژانەی کە لە کاتی وەرگێڕانەکەدا ئاراستەی برای خۆشەویستی خۆمم کرد، پێداچوونەوەی لایەنی زمانەوانی دەقە کوردییەکەی تەواوی وەرگێڕانەکە بوو، وەك چۆن وەرگێڕ ماوەیەکی باشی تەمەنی خۆی بەم پرۆژەیە بەخشی، زیادڕەوی ناکەم ئەگەر بڵێم منیش زیاتر لە پێویست لەگەڵ ئەم بەرهەمەدا ژیام، بە درێژایی پێنج مانگی تەواو، بەشێك لە کاتەکانم بەخشی بەم بەرهەمە و تەنانەت مانگی کۆتایی تەواوی کاتەکانم لەگەڵ ئەم بەرهەمەدا بەسەر برد، لەسەر نەك زۆرێك لە دێڕەکانی بەڵکو هەندێك کات وشە بە وشە لەسەری وەستاووم و زۆربەی لاپەڕەکانی لەگەڵ وەرگێڕدا گفتوگۆمان کردوە، چونکە بەرهەمەکە زۆر فراوانە و پڕە لە ناوی ناوچە و شار و گوند و کەسایەتی و پاشا و ئەمیر و فەرمانڕەوا و ...هتد و رووداوی ئاڵۆز و سەرنجڕاکێش و گەشت بە دنیایەك ڕۆشنبیری و کلتووری جیاوازدا، تا دەرچوونێکی

تەواو لە جیهانی ئیسلامی و گەشت بۆ ناوچەکانی سین و ڕۆم و زۆر ناوچە و بابەتی تریش، کە هەموو ئەو بابەتانەش لەڕووی زمانەوانییەوە هەڵوێستەکردنی خۆیان پێویست بووە، بەتایبەتیش هەست بە تێکەڵاوییەکی گەورەی زمانەوانی دەکەیت لەنێوان زمانی کوردی و زمانی زۆرێک لەو ناوچانەی ئیبن بەتوتە سەردانیانی کردوە، بەتایبەتیش زمانی گەلانی ئێرانی و تورکی و ناوچەکانی هیند و تا ناوچەکانی شام و میسریش، بەتایبەتیش ئەنجامدانی ئەم گەشتە نزیک بووە لە هەڵوەشانەوەی دەسەڵاتی ئەیوبییەکانەوە لەو ناوچانەدا.

ئەمە سەرەڕای نۆبەرەیی کاری بۆ خۆشەویستم هەرچەند هەست بە ماندووبوونی بەڕێزیان دەکرێت بە بەرهەمەکەوە، بەڵام بە هۆی جیاوازی پسپۆڕییەکەی لە زمانی کوردی کێشەی رێنووسی زۆر بوو، بەڵام بەهەرحاڵ توانیمان بە هەوڵی هەردوولا بەرهەمەکە ببینە ئاستێکی زۆر باش، بەو هیوایەی کەلێنێک لە پەرتوکخانەی کوردی پڕبکاتەوە، جیا لەوەش ئەوەندەی بەندە ئاشنای دەقی عەرەبی پەرتوکەکە بووم، لە زۆر جێگای وەرگێڕانەکەدا، وەرگێڕ هەوڵی ئەوەی داوە کە پوختە یان لە هەندێک شوێندا کرۆکی بابەتەکە بگەیەنێت بە خوێنەر نەک ڕاستەوخۆ گواستنەوەی دەقەکە، ئەوەش هەندێک جار وا هەست دەکەم لەبەر بە پێویست نەزانینی هەندێک وردەکاری و هەندێک جاریش بۆ پاڵفتە و پوخت کردنی ڕووداوەکان، لە کۆتاییدا دەستخۆشی تەواوم بۆ بۆ بەڕێزم مامۆستا حەسیب و هیوای بەردەوامی بۆ دەخوازم، پیرۆزباییش لە خوێنەری کورد دەکەم بۆ ئاشنابوونیان بەم بەرهەمە دانسقەیە... خوای گەورە وەریبگرێت و مزگێنی بەرهەمی زیاتری وەرگێڕ بێت.

زرار عەلی

بەهاری ٢٠٢٠

قۆناغی یەکەم:

لـە (تـەنجە)ی مەغریبەوە باکووری ئەفریقیا بۆ ئەسکەندەرییە(میسر)، پاشان گەشتکردن بۆ شام لە وێوە بـۆ مـەککـە.

دەرچوون لە تەنجە

کاتێک بڕیارمدا گەشت بکەم بە مەبەستی حەجکردنی مالّی خودا و زیارەتکردنی گۆڕی پێغەمبەری خۆشەویست ﷺ ، بۆ ئەم مەبەستە ئامادەیی تەواوی خۆم وەرگرت و بڕیاری ئەو گەشتە دوور و درێژەم دا، گەشتێک دوور لە خۆشەویست و کەسە نزیکەکانم، هەرچەندە ئەنجامدانی گەشت بۆ جێگای دوور زۆر زەحمەتە، وەکو کۆچی بالّندەکان وایە چۆن لانە و مەنزلّگای خۆیان جێدەهێلّن، مالّئاواییم لە دۆست و کەسەکانم کرد.. چ لە پیاو و چ لە ئافرەت دایک و باوکیشم لە ژیاندا مابوون لێکدابڕاین بەلاّم دابڕانێکی بە ئازار و سەخت، ناچاربووم خۆم بۆ ئەو ئازارە رابگرم، ئەوکات تەمەنم تەنها بیست و دوو سالّ بوو، لە سالّی ٧٢٥ ك لە شاری تەنجەوە بەرێکەوتم، ئیبن جوزەی دەلّێت: ((ئەبو عەبدوللاّ ئیبن بەتوتە لە غەرناتە هەوالّی پێمدا: کە رۆژی لەدایکبوونی لە ١٧ رەجەبی سالّی ٧٠٣ کۆچی بووە))،

کاتێک بەرێکەوتم سولّتانی ناوچەکە مەلیک ناسرەدینی موجاهید"ئەبو یوسف عەبدولحەق" بوو کەسێکی خواناس و دادپەروەر بوو، لە سەردەمی فەرمانڕوایی ئەودا ئیسلام گەشەی کرد و توانی سنورێک بۆ خاچپەرستان دابنێت، خودای گەورە پاداشتی بداتەوە بۆ ئیسلام و موسلّمانان تا رۆژی دوایی. سەرەتا رۆیشتم بۆ (تەلەسان) ئەوکات سولّتانی شار ناوی "ئەبو تاشفینی کوڕی عەبدولڕەحمانی موسا" بوو بەلاّم مەلیکی ئەفریکا "سولّتان ئەبو یەحیا" بوو رەحمەتی خودایان لێبێت، پاش گفتوگۆ قایل بوو دادوەری هاوسەرگیری شاری تونس "ئەبو عەبدولاّ محمد نەفزاوی" و "شێخ عەبدولّلاّ قورەیشی زوبیدی" هاوڕێیەتیمان بکەن لە گەشتەکەماندا، کە دووەمیان خەلّکی گوندی (مەهدیە) بوو لە کەناری دەریا لە سالّی ٧٤٠ ك کۆچی دوایی کرد، هەر لەوێ دوو نێردراو پێمان گەیشتن لە

دەرەوەی شار هەندێك لە هاوڕێكانم ئاماژەیان كرد و ئیمەش دوایان كەووتین، تا چوینە شار و لەوێ بۆ كڕینی پێداویستی سێ رۆژ ماینەو دواتر بەڕێكەووتین بەرەو (مەلیانە) بەڵام هەردوو دادوەر نەخۆش كەوتن و ناچار بووین تا (١٠) دە رۆژ لەو شارە بمێنینەوە یەكێكیان زیاتر نەخۆش بوو وێرای ئەوەش دووبارە بەڕێكەوتینەوە بەڵام بینیمان تا دەهات نەخۆشی تەنگی پێ هەڵدەچنی لە رۆژی چوارشەمەدا كۆچی دوایی كرد ئێمەش تەنها (١٠) دە میل لە وشكانییەوە دوور بووین ناچار گەڕاینەوە بۆ مەلیانە پاشان كوڕێكی دادوەر بە ناوی "ئەبوتەیب" گەیشتە لامان و لەگەڵ "شێخ زوبیدی" دادوەریان بە خاك سپارد.

ئیدی من چاوەڕێم نەكرد و لەگەڵ كۆمەڵێك لە بازرگانەكانی تونس بەڕێكەوتم، لەوانە حاجی "مەسعودی كوڕی مونتەسیر" و "حاجی عەدولی" و "محەمەدی كوڕی حەجەر" تا گەیشتینە خاكی (جەزائیر) لە دەرەوەی شار ماینەوە تا ئەو كاتەی شێخ عەبدوڵڵای زوبەیدی و كوڕەكەی دادوەر پێمان گەیشتن، دوای ماوەیەك كەووتینەوە ڕێگا بەرەو (جەبەل زان)، پاشان بۆ (بوجایە)، لەو كاتەدا ئەمیری شار ناوی "ئەبا عەبدوڵڵای سەیدلناس حاجبی" بوو لەوێ بۆ پشو ماینەوە، شێخ عەبدوڵڵا زوبیدی چووە مااڵی دادوەری شار "ئەبو عەبدوڵڵا زەواوی"، هەروەها كوڕی قازی كۆچكردوو ئەبو تەیب چووە مااڵی زانا و دادوەری ناوچەكە "ئەبی عەبدوڵڵا" هەروەها لەو بازرگانانەی كە لەگەڵمان بوون لە ڕێگادا، پیاوێك هەبوو ناوی "محەمەدی كوڕی حەجەر" بوو كۆچی دوایی كرد لە دوای خۆی (٣,٠٠٠) سێ هەزار دیناری بەجێهێشت وەسێتی كرد كە ئەو پارەیەی بۆ بگەیەننە دەست منداڵەكانی، بۆ ئەمەش پیاوێكی جەزائیری راسپارد ناوی "ئیبن حەدیدە" بوو بەڵام هەر زوو ئەو هەواڵە گەیشتە ئەمیری شار"سەیدلناس" ئەویش دەستی بەسەریدا گرت ئەوەش یەكەم ستەمی كاریەدەستانی (موەحدین)[1] بوو كە بەرچاوم كەوت.

---

[1] مەبەست لە موەحدین: واتا دەوڵەتی موەحدینە، كە لەو سەردەمانەدا لە ناوچەكانی ڕۆژئاوا و باكووری ئەفریقا (مغاربیە) دەسەاڵتدار بوون. (وەرگێڕ)

دوای چەند رۆژێك لە مانەوە تووشی لەرز و تایەکی زۆر توند بووم، شێخ عەبدوڵڵا زوبیدی فەرموی با لێرە بمێنینەوە تا ئەو کاتەی چاکدەبێتەوە بەڵام من ئەوەم رەتکردەوە ووتم: من بەڕێکەوتوم بەرەو مالّی خودا، جا ئەگەر ویستی خودا وابوو بمرم، ئەوا با لە رێگادا بمرم.. بەڕێکەوتوم بۆ مالّەکەی ووتی: باشە مادام خۆت یەکلایی کردوەتەوە بۆ ئەو گەشتە ئەوا شتومەکەکانت کەم بکەرەوە تا بارەکەمان سووك بێت لە ترسی چەتە عەرەبەکانی بیابان پاشان ولاّخێکی پێدام و منیش لێم وەرگرت خودا پاداشتی بداتەوە، ئەوەش سەرەتای دەرکەوتنی فەزڵ و لوتفی خودا بوو.

دواتر بەڕێکەوتین چوینە شاری (قەسنتینە) لە دەرەوەی شار بارانێکی زۆر دایگرتین بە ناچاری پەنامان دایە بەر ئەشکەوت و تاوێرەکان و شەویش چوینە نێو مالّەکان، بۆ بەیانی ئەمیری شارەکە هاتە لامان، پیاوێکی چاك و خاوەن هەیبەت بوو و ناوی "ئەبی حەسەن" بوو، کاتێك تەماشای کردم پۆشاکەکانم قوڕ و پیسی پێوەیە، ئیحرامێکی بەعلەبەکی بۆ ناردم، هەروەها (٢) دوو دیناری ئالتونیشی پێدام، پاشان کەووتینەڕێ و چوین بۆ شاری (بۆنە)، هەموو بازرگانەکانمان لەوێ بەجێهێشت لەبەر دز و چەتەی رێگا کەوتینەڕێ بەڵام دیسانەوە تایەکی توند گرتمی و خۆم بە پشتی ولاّخەکەمەوە بەست و نەمدەتوانی بووەستم بەو شێوەیە رێگەمان گرتەبەر تا گەیشتینە شاری (تونس)، خەڵکی بە پێشوازییەکی گەرمەوە هاتن، "عەبدولاّ زوبەیدی" و کوڕی دادوەر "عەبدولاّ نەفزاوی" لەگەڵ خەڵکی ئەو شوێنە دەستیانکرد بە ماچ و موچکردن و هەواڵ پرسین بەڵام هیچ کەس نەهات بەلای منەوە، لەوێدا دەستم بە گریان کرد، زۆر بەزەییم بە خۆمدا هاتەوە لەو غوربەتەدا کەس من ناناسێت هەندێك لە حاجییەکان هاتنەلام و کەوتنە گفتوگۆ کردن و دڵدانەوەم، تا ئەو کاتەی چوینە قوتابخانەی (کەتیبین)، ئیبن جوزەی دەڵێت:

جارێکیان قازی و وتاربێژ شێخ "ئەبو بەرەکات محەمەدی ئیبراهیمی کوڕی بەلفیقی" بۆی گێڕامەوە: هەمان رووداوی بەسەردا هاتووە، کاتێك دەچێتە شاری

(بەلەش) لە ولاتی ئەندەلوس، بە مەبەستی گێڕانەوەی فەرمودە لە جەژندا، دەڵێت: کاتێك ووتار پێشکەش کرا و کۆتایی هات، خەڵکی هەموویان دەستیان کرد بە سڵاوکردن و جەژنە پیرۆزە لە یەکتر، بەڵام کەس نەدەهات بە لای منەوە چونکە کەسێکی نامۆ بووم، پاشان ئەوەندەی نەبرد لەپڕ پیاوێکی بەتەمەن هاتەلام و جەژنی لێ پیرۆز کردم ووتی: زانیم تۆ کەسێکی غەریبەی پێم خۆش بوو سڵاوت لێبکەم خودا پاداشتی بداتەوە.

هەوالّی دادوەران و سەرداری تونس

کاتێك سەردانی ولاتی تونسم کرد، سوڵتانی ناوچەکە "ئەبو یەحیای کوڕی سوڵتان زەکەریا" بوو کۆمەڵێك لە زانا و فەقیهی شارەزا لە بواری ئایینداا هەبوون لەوانە دادوەر و وتاربێژ "ئەبو عەبدوڵڵای محەمەدی ئەنصاری" و "ئەبی عەباس ئەحمەدی کوڕی محەمەدی ئەنصاری خەزرەجی" کە لە بنەڕەتدا خەڵکی (بلّنس) بوو، جگە لەوان "ئیبن غەمازی تونسی" لێبوو، لەگەڵ "ئەبو ئیسحاق ئیبراهیمی" وتاربێژ، لەگەڵ دادوەری بەناوبانگ و موفتی "ئەبو عەلی کوڕی عومەری کوڕی عەلی قەداحی هەواری" ئەم پیاوە فەتوادەری پێنج ولاّت بوو، هەموو رۆژێکی هەینی لە مزگەوتی بەناوبانگی (زەیتونە) دوای نوێژی هەینی پاڵی دەدایە پاڵ یەکێك لە ستوونەکانی مزگەوتەکەوە و دەستی دەکرد بە فەتوادان بۆ خەڵکی، کاتێك فەتواکانی دەگەیشتە (٤٠) ئەوکات وازی دەهێنا، رۆژی جەژنی رەمەزان بوو داوای لێکردم بمێنمەوە منیش قبوڵم کرد و بەشداری ئاهەنگی جەژنم کرد خەڵکی بە جوانترین شێواز خۆیان رازاندبوەوە ئامادەی نوێژی جەژن بوون پاشان سوڵتان "یەحیا" خۆی و دەست و پەیوەندەکانی لە وەزیر و خزم و کەس و پاسەوان و سەربازەکانی هەموویان ئامادە بوون بۆ نوێژ بە جلوبەرگی جوان و بە رێکی بە رێگادا دەڕۆیشتن، دیمەنێکی هێنده قەشەنگ و جوان بوو، مرۆڤ ئارەزووی تەماشا کردنیانی دەکرد، دوای نوێژ و ئاهەنگ گێڕان خەڵکی بەرەو ماڵ گەڕانەوە.

هێندەی نەبرد دووبارە کاروان ڕێکخرا بۆ ولاتی حیجاز، شێخ "ئەبی یەعقوبی ئەسوسی" کرا بە سەرپەرشتیاری کاروانەکە، ئەم پیاوە خەڵکی ناوچەی (ئیقلیبیە)ی سەر بە ولاتی (ئەفریکا) بوو ئەو کەسێکی خۆڕاگر و بەتوانا بوو و منیان پێناساند دواتر لە کۆتایی مانگی (زی لقەعدە) کەووتینە ڕێگا سەرەتا چوینە شاری(سوسە) ٤٠ چل میلێك لە شاری تونسەوە دوور بوو شوێنێکی بچووك و جوان بوو دەکەوتە سەر کەناری دەریا هەر لەوێوە ڕۆیشتین بۆ (سەفاقس)ئەو شارەی کە گۆڕی "ئەبو حەسەنی لەخمی مالیکی" لێبوو خاوەنی پەرتووکی (تصبیرە)یە لە فیقهدا ئیبن جوزەی دەڵێت: "حەبیب تەنوخی" بە هۆنراوە وەسفی ئەم شارە دەکات و دەڵێت:

سقیا لأرض صفاقس ذات المصانع والمصلی
حمی القصر إلی الخلیج فقصرها السامي المعلی
بلد یکاد یقول حین تزوره أهلا وسهلا
وکأنه والبحر یحـ ـسر تارة عنه ویملأ
صب یرید زیادة فإذا رأی الرقباء ولی

پاشان چوینە (قابس) و ماوەی ١٠ دە ڕۆژێك لەوێ ماینەوە لەبەر بەردوامی بارانی بەلێزمە نەماندەتوانی بەڕێکەوین پاش ماوەیەك دەرچوین بۆ شاری (تەرابلوس) نزیکەی ١٠٠سەد جەنگاوەرێکمان لەگەڵدا هات، لەنێویاندا تیرهاوێژ هەبوو چەتەکانی بیابان لێیان دەترسان کە گەیشتینە ئەوێ جەژنی قوربانمان بەسەربرد و ماوەیەك ماینەوە، لە کۆتایی مانگی موحەرەمی ساڵی ٧٢٦ك پێشتر لە سەفاقس لەگەڵ کەسێك کە ئەمینداری تونسی بوو ڕێککەوتم و مارەی کچەکەیم بڕی، دواتر لە تەرابلوس گواستمەوە.

لە کۆتایی مانگی (موحەڕەم)ی ساڵی (٧٢٦) ك لەگەڵ خێزانم کەووتینەوەڕێ پێش کاروان کەوتم و ئاڵام بەرزکردوە کۆمەڵێ لە خەڵکی

"موسامەدە"مان لەگەڵ بوو (میسلاتە و میسراتە)[1] و (قصورمان) بەجێهێشت بە ناو دارستانێکی چڕوپڕدا تێپەڕ بووین لەوێ چەتە عەرەبەکان وێستیان ڕێگریان بکەن بەڵام سوپاس بۆ خوا ئازارمان پێ نەگەیشت (قەسری برسیسا)مان بەجێهێشت و چوینە (قوبەی سەلام) لەوێ بە هەندێك لە هاوڕێکانمان گەیشتینەوە کە پێشتر بەجێمابوون بەڵام بە داخەوە لەگەڵ خەزورم بەشەڕ هاتم و بە هۆیەوە لە خێزانم جیابومەوە پاشان هاوسەرگیریم لەگەڵ کچی زانستخوازێکی مۆریتانی کرد، ئیدی لە (قصر زەعافیە) گواستمەوە و هەر بەو بۆنەیەوە خواردنێکم بۆ هاوڕێکانم ئاماده کرد.

شاری ئەسکەندریە .. دەرگاکانی و.. بەندەرەکەی

لە یەکەم ڕۆژی مانگی (جەمادی یەکەم) گەیشتینە شاری ئەسکەندریە، ئەو شارەی بە سنووری دەریا دادەنرێت لەگەڵ ولاتانی بێ باوەڕدا، شارێکی بێ وێنە بوو لە جوانی و کەم وێنە لە باڵەخانە و ئاوەدانی، ناوەڕاستی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا، هەتا بڵێی سەرسووڕهێنەر و دڵڕفێن بوو، دیرۆکی و دڵگیر، خەڵکی زۆر وەسفی ئەم شاره دەکەن و زیادەڕەوییەکی زۆر دەکەن لە باسکردنی، لەوانە "ئەبو عوبێدە"ی خاوەنی پەرتوکی (مەسالیك) !.

ئەسکەندەریە چوار دەرگای هەبوو دەرگای (سیدرە) لەوێوە ڕێگای ڕۆژئاوا (مەغریب) دەستی پێدەکرد، بەڵام دەرگاکانی ڕەشید و بەحر و ئەخزەر (أخضر- سەوز) تەنها لە ڕۆژی هەینیدا دەکرانەوە بەڕووی زیارەتکارانی گۆڕی مردووواندا، بەندەرەکانی لە گەورەترین بەندەرەکانی جیهان بوو زۆر جێگای دونیا گەڕام و هیچ شوێنێکم نەبینی هێندەی بەندەری ئەسکەندریە گەورە بێت، جگە لە بەندەری (کۆلم و کالکوت) نەبێت لە ولاتی هیندستان و (سورادیق) لە ولاتی تورکان و

---

[1] هەریەك لەم شارانە دەکەونە سەر کەناری دەریای ناوەڕاست و نێستا لە سنووری ولاتی لیبیادان. (وەرگێڕ)

(زیتونە)ش لە ولاتی چین، بە ویستی خودا لە کاتی خۆیدا باسیان دەکەین.

مەنارەی ئەسکەندریە: سەردانی مەنارەی ئەسکەندریەم کرد، بینیم لایەکی رووخابوو، شێوەیەکی چوارگۆشەیی هەبوو بەرز و کراوە بەڕووی هەوادا بە تەنیشتیدا بالەخانەیەکی بەرز دروستکرابوو لە نێوانیاندا پارچە دارێك لە شێوەی لەوحێك دانرابوو بۆ مەبەستی پەڕینەوە لەسەر مەنارەکە، هەروەها مالّی لێبوو و شوێنی تایبەتیش تەرخان کرابوو بۆ چاودێری کردنی دەریا، لای خوارەوەی مەنارەکەش شوێنێکی وشکانی هەبوو، تایبەت کرابوو بە گۆڕستانی ئەسکەندریە، لە کاتی گەڕانەوەمدا لە سالّی ٧٥٠ ك بینیم زۆربەی ئەم مەنارەیە خاپوور بوو ئەوکات "مەلیك ناسر" رەحمەتی خوای لێبێت بڕیاریدا بە دروستکردنی مەنارەیەکی هاوشێوەی ئەوە، بەلاّم بەداخەوە کۆچی دوایی کرد و ئەو کارە ئەنجام نەدرا.

ئەسکەندەریە چوار دەرگای هەبوو دەرگای (سیدرە) لەوێوە رێگای رۆژئاوا (مەغریب) دەستی پێدەکرد، بەلاّم دەرگاکانی رەشید و بەحر و ئەخزەر (أخضر- سەوز) تەنها لە رۆژی هەینیدا دەکرانەوە بەڕووی زیارەتکارانی گۆڕی مردواندا بەندەرەکانی لە گەورەترینی جیهان بوو زۆر جێگای دونیا گەڕام و هیچ شوێنێکم نەبینی هێندەی بەندەری ئەسکەندریە گەورە بێت جگە لە بەندەری (کۆلّم و کالّکۆت) نەبێت لە ولاّتی هیندستان (سورادیق) لە ولاّتی تورکان و (زیتونە)ش لە ولاّتی چین بە ویستی خودا لە کاتی خۆیدا باسیان دەکەین.

مەنارەی ئەسکەندریە: سەردانی مەنارەی ئەسکەندریەم کرد بینیم لایەکی روخابوو، شێوەیەکی چوارگۆشەیی هەبوو بەرز و کراوە بەڕووی هەوادا، بە تەنیشتیدا بالەخانەیەکی بەرز دروستکرابوو لە نێوانیاندا پارچە دارێك لە شێوەی لەوحێك دانرابوو بۆ مەبەستی پەڕینەوە لەسەر مەنارەکە هەروەها مالّی لێبوو

شوێنی تایبەتیش تەرخان کرابوو بۆ چاودێری کردنی دەریا لای خوارەوەی مەنارەکەش شوێنێکی وشکانی هەبوو تایبەت کرابوو بە گۆڕستانی ئەسکەندریە لە کاتی گەڕانەوەمدا لە ساڵی ٧٥٠ ك بینیم زۆربەی ئەم مەنارەیە خاپوور بوو ئەوکات "مەلیك ناسر" رەحمەتی خوای لێبێت بڕیاریدا بە دروستکردنی مەنارەیەکی هاوشێوەی ئەوە، بەڵام بەداخەوە کۆچی دوایی کرد و ئەو کارە ئەنجام نەدرا.

ستونی (ئەسواری) گەورە

ستونێکی گەورە بوو دەکەوتە ناوەڕاستی دارستانێکی دارخورما، زۆر لە دارەکان بەرزتر و مەزنتر بوو بە جوانی لەسەر گاشە بەردێك بوو شێوازی وەك دوکان وابوو نازانرێت لە چ سەردەمێك و کێ دای ناوە!. "ئیبن جوزەی" دەڵێت: هەندێك لە پیاوە گەورە گەڕیدەکان دەیگێڕنەوە: جارێك تیرهاوێژێکی ئەسکەندەری مەقدۆنی سەری ئەم ستوونە دەکەوێت تیرو کەوانەکەی پێدەبێت و هاوار دەکات خەڵکی کۆدەبنەوە بۆ فریاکەوتنی تووشی سەرسوڕمان دەبن چۆن ئەم کەسە گەیشتوەتە ئەو شوێنە بەرزە و بە چ فێڵێك بە سەریدا سەرکەوتوە!، دواتر بۆیان روونەدەبێتەوە کە ئەم تیرهاوێژە دەزوویەکی بەهێز بە تیرێکەوە دەبەستێت و سەرێکی تری بە گوریسەکەوە، دواتر تیرەکە هەڵدەداتە ئەودیوی ستوونەکەوە و پاشان گوریسەکەی پێ رادەکێشێت و تواند بە زەوییەوە دەیبەستێتەوە دواتر پێیدا سەردەکەوێت و هاوڕێکەی گوریسەکە کۆدەکاتەوە.

ئەو کاتەی چومە ولاتی ئەسکەندەریە، ئەمیری ناوچەکە "سەلاحەدین" بوو، هەروەها سوڵتانی لەسەر کار لادراوی لێبوو لەوێ دەژیا خەڵکی ولاتی ئەفریکا بوو ناوی "زەکەریای کوڕی محەمەدی کوڕی ئەبی حەفص"ی ناسراو بە "حەیانی" بوو مەلیك ناسر بڕیاری لەسەرکارلادانی بۆ دەرکرد و لە (دارلسەلتەنە) ی ئەسکەندریە بڕی (١٠٠) سەد درهەمی بۆ بڕییەوە تا بەشی خۆی و کوڕ و وەزیر و باجگرەکەی

بکات کە ناوی "ئەبو زەکریای یەعقوبی" بوو و کوڕەکانیشی بە ناوی "عەبدولواحید و میسری و ئەسکەندری" بوون، سولّتانی ناوبراو و ئەسکەندەری کوڕی کۆچی دواییان کرد، "میسری" کوڕی مایەوە ماوەیەکی زۆر فەرمانڕەوایی چەند ناوچەیەکی دەکرد بەلاّم "عەبدولواحید" بوو بە کاربەدەستی ناوچەکانی رۆژئاوا واتا ولاّتانی مەغریب و ئەندەلوس و ئەفریکا و دواجار لەوێ کۆچی دوایی کرد و لە دورگەی (جەربە) بەخاکسپێردرا.

هەواڵی هەندێک لە زاناکانی ئەسکەندەریە

لە بەناوبانگترینیان "عیمادەدین کندی" بوو زانایەکی بەتوانا بوو لە بواری زمانەوانیدا، ئەوەی جێی سەرسوڕمانە مێزەرکەی سەری بوو، کەسم نەبینی لە رۆژئاوا و رۆژهەلاّت وەك ئەو مێزەرەکەی سەری گەورە و پان بێت باری ئاسایی تێپەراندبوو، جارێکیان لە ناو میحرابی مزگەوتەکە دانیشتبوو سەیرم کرد لایەکی میحرابەکەی داگیرکردوە!. یەکێکی تر لەو زانایانە "فەخرەدین ریغی" بوو لە ئەسکەندریەدا ناوی دەرکردبوو، هەتا بڵێی بەتوانا و پایەبەرز بوو دەڵێن: باپیری خەڵکی (ریغە)یە بۆ فێربوونی زانست رووی کردووەتە ولاّتی حیجاز بەلاّم دواتر لە ئەسکەندریە نیشتەجێ دەبێت و هێندە ناوبانگی بە زوهد و خواناسی بلاّودەبێتەوە پاشای میسر داوا دەکات سەردانی بکات. زانایەکی تر "وەجیەدینی سەنهاجیە" کەسێکی ناودار بوو جگە لەوانەی باسیانم کرد "شەمسەدینی تەینەسی"ش هەبوو خەڵکی خۆشیاندەویست، کچەزای زانای بەناوبانگ ئیمام تەینەسی بوو "ئەبو عەبدوڵڵای فاسی"شی لێبوو بە ئەولیا و خاوەن کەرامەتیان دەزانی دەیانگێڕایەوە کە لە کاتی سلاّودانەوەی نوێژدا، گوێبیستی وەلاّمدانەوەی سلاّوەکەی دەبێت هەروەها لە زانا و زاهیدەکانی تر "خەلیفە" بوو خاوەنی پەرتوکی (موکشیفات)ە.

هەندێك لە کەسە متمانەپێکراوەکان، کە هاوڕێی ئەو زانایە بوون ئەوەیان پێم

راگەیاند کە جارێکیان پێغەمبەرﷺ دەچێتە خەونی و پێی دەڵێت: زیارەتم بکە بۆیە خەلیفە کۆچ دەکات بۆ شاری مەدینەی پیرۆز، کاتێک دەچێتە مزگەووتی پێغەمبەرﷺ پاڵ دەداتە یەکێک لە ستوونەکانی مزگەوتەکەوە سەری دادەگرێت و دەیکاتە سەر ئەژنۆکانی کە ئەمە لای سۆفییەکان پێیدەڵێن:(ریفق) کاتێک سەری بەرز دەکاتەوە دەبینێت قاپێک خورما و کاسەیەک لە ماست و چوار کولێرە دانراوە خۆی و هاوڕێکانی دەست دەکەن بە خواردنی، پاشان دەگەڕێنەوە بۆ ئەسکەندەریە و ئەو ساڵە حەج ناکەن، لەوانەی تر کە من بە خزمەتی گەیشتم و سێ رۆژ لە لای مامەوە، پێشەوا و زاهیدی بەناوبانگ "بورهانەدینی ئەعرەجی" بوو رۆژێکیان چومە لای پێی ووتم: ئەبینم تۆ ئارەزوی گەشت و گەڕان دەکەیت؟ ووتم: بەڵێ لە کاتێکدا هیچ کات بە بیرمدا نەهاتبوو گەشت بکەم بۆ ئەو شوێنە دوورانەی وەک هیندستان و چین ووتی: ئەگەر چویتە ولاتی هیندستان ئەوا سلاوم بگەیەنە بە براکەم "فەریدەدین" لە هیندستان و "روکنەدین" لە ولاتی سند و "بورهانەدین" لە ولاتی چین، لەو کاتەوە خولیایەک بە میشکمدا هات کە سەردانی ئەو شوێنە دوورانە بکەم کاتێک مالئاوایم لێی کرد (٣) سێ درهەمی داپێم لای خۆم پارێزگاریم لێ کرد و خەرجم نەکرد، تا ئەو کاتەی چەتەکانی هیندستان لە دەریادا لێیان سەندم هەروەها بەردەوام لە هەوڵدا بووم ئەو سێ کەسە ببینم سلاوی بورهانەدینیان پێ بگەیەنم .

"یاقووتی حەبەشی" ئەوەی بۆ گێڕامەوە: کە "ئەبو عەباسی مورسی" مامۆستای باسی "ئەبو حەسەنی شازەلی" کردوە ناوبراو بەناوبانگ بووە بە زوهد و خواناسی و کەسێکی وەلی و خاوەن کەرامات بووە، دەگێڕنەوە: هەموو ساڵێک (شازەلی) چووە بۆ مەککە بۆ حەجکردنی مالّی خودا و زیارتکردنی گۆڕی پێغەمبەرﷺ، کاتێک لە ناوچەی (دەربولکەبیر) دەگەڕێتەوە بۆ ولاتی خۆی لە کۆتایی تەمەنیدا دەبێت، داوا لە خزمەتکارەکەی دەکات کفنێک و تەورێکی داربڕینەوە و پێداویستییەکانی ناشتنی مردوو لەگەڵ خۆی هەڵبگرێت پێی دەڵێت:

بۆ چیتە یا شێخ؟!، لە وەڵامدا دەڵێت: لە (حومیسرا) دەبینیت چی روودەدات.

حومیسرا شوێنێك بوو دەکەوتە ناوچەی (صەعید)لە بیاباندا بوو کانی و دار و درەختی لێبوو هەروەها ئاژەڵی درندە و کەمتیاریشی زۆر بوو، کاتێك دەگاتە ئەوێ خۆی خاوێن دەکاتەوە و ئنجا دەستنوێژ هەڵدەگرێت، دوو رکات نوێژ دەکات و لە کڕنوشدا کۆچی دوایی دەکات و لەوێ دەنێژرێت، چومە ئەو شوێنە و تەماشای گۆڕەکەیم کرد ناوی خۆی و باو باپیرانی لەسەر هەڵکەندرا بوو رەچەڵەکی دەگەڕێتەوە سەر پێشەوا عەلی رەزای خوای لێبێت، زۆر لە قوتابی و موریدەکانی ئەم زاتە هەموو سااڵێك حەجی مااڵی خودا دەکەن و لە ناوچەی سەعیدی میسرەوە بە دەریای جودە[1]دا دەپەڕنەوە بۆ مەککە، بەردوام ئەم نزا و ویردانە لە دەریادا دەخوێنن: يا الله يا علي يا عظيم يا حليم يا عليم، أنت ربي وعليك حسبي، فنعم الرب ربّي، ونعم الحسب حسبي، تنصر من تشاء، وأنت العزيز الرحيم. نسألك العصمة في الحركات والسكنات والكلمات والإرادات والخطرات من الشكوك والظنون والأوهام الساترة للقلوب عن مطالعة الغيوب فقد ابتلي المؤمنون وزلزلوا زلزالاً شديداً، ليقول المنافقون والذين في قلوبهم مرضٌ ما وعدنا الله ورسوله إلاّ غروراً، فثبّتنا وانصرنا وسخر لنا هذا البحر، كما سخرت البحر لموسى عليه.....الخ)).

شەڕی نێوان بازرگانەکان

لە مەککەی پیرۆز هەواڵمان پێ گەیشت، کە لە شاری ئەسکەندریە شەڕ لە نێوان بازرگانە مسوڵمان و گاورەکاندا رویداوە والی ئەو شوێنە ناوی "کەرکی" دەبێت بۆ هاناوەچونی بازرگانە گاورەکان بانگی مسوڵمانەکان دەکات بۆ دەرەوەی شار و دەرگایان بەڕوودا دادەخات، ئەوانیش دەیکەن بە هاوار و دەرگا دەشکێنن،

[1] مەبەست لە دەریای جودە : واتا دەریای سوورە، لەوێوە پەڕیونەتەوە بۆ شام پاشان حیجاز. (وەرگێڕ)

کاتێك والی ئەمە دەبینێت، شەڕ لە نێوانیاندا رووەدات، دەترسێت و بە کۆتردا نامە رەوانە دەکات بۆ مەلیك ناسر بۆ بە هاناوە چونی، ئەویش "ئەمیر ئیجمالی" دەنێرێت و بە دوایدا یەکێکی تریش بە ناوی ئەمیر "تۆغان" بە سوپاوە رەوانە دەکات، دەڵێن: ئەم کەسەیان دڵڕەق و بێباوەڕ و خۆرپەرست دەبێت کاتێك دەگەنە ئەسکەندریە خەڵکێکی زۆر دەکوژن و دەست دەگرن بەسەر سامانی کەسە ناوداڕەکانی شارەکە لەوانە "ئەلکۆبێك". نزیکەی(٣٦)سی و شەش کەس دەکوژن و لە نێو شاردا هەڵدەواسرێن بەیانی رۆژی هەینی دەبێت، کاتێك خەڵك دێنە دەرەوە ئەو کارەساتە دەبینن زۆر نارەحەت دەبن لە نێوانیاندا "ئیبن رەواحە" ناوێك دەبێت بازرگانێکی زۆر بەتوانا و پارەدار دەبێت، بە هەردوو ئەمیر دەڵێت: ((من هۆڵێ گەورەی پڕ لە کەرەستەی جەنگیم هەیە وەك سوڵتاندەتوانم سەرباز ئامادە بکەم و شیر و تیریان بدەمێ و ئاسایشی شار بپارێزم))، بەڵام لەوان وایە مەبەستی شۆڕش کردنە دژی سوڵتان و ئاشووب نانەوەیە، بۆیە دەیکوژن لە راستیدا مەبەستی یارمەتی سوڵتان و ئامۆژگاری کردن بوو، رەحمەتی خودای لێبێت نەیدەزانی بەو چەند ووشەیە کۆتایی بە ژیانی دێت و دەکوژرێت.

لە کاتی مانەوەم لە ئەسکەندەریە گوێبیستی شێخ "صالح ئەبی مورشید" بووم، یەکێك بوو لە گەورە پیاوەکانی (موکیشیفیات)، نان بدە و دەستڕۆیشتوو بوو، هەروەها خاوەنی کەرامات بوو، ئەگەر کەسێك ئازەزوی خواردنێکی یان میوەیەکی بکردایە دەیداپێی، هەمیشە وەزیر و کاربەدەستەکان سەردانیان دەکرد، دەیتوانی وتاربێژ لابدات و کەسی تر دابنێت، خەڵکی بۆ جارێکیان لەگەڵ دوو کەسی تر چومە لای خانەقایەکی گەورەی هەبوو لە ناوچەی تەرەوجە[1] و هەر لەوێ دەژیا، دووری ئەم ناوچەیە لە ئەسکەندریەوە نیو رۆژ دەبوو، خەڵکەکەی باش و

[1] تروجە گوندێکە سەر بە پارێزگای (بوحەیرە)یە، شوێنەوارێکی زۆری رۆمانی لێیە (تحفة النظار ، قدم لە و حققە ، محمد عبدالمنعم و مصطفی القِصاص ، دار احیاء العلوم ـبیروت ١٩٨٧م ، ص٤٦)

ڕەوشت بەرز بوون، هەندێك هاوڕێم لەگەڵمدا بوون ئەوانیش دادوەر "صەفیەدین" لەگەڵ وتاربێژ "فەخرەدین" لەم ناوچەیە دەرچوم و دوای ماندووبوونێکی زۆر گەیشتمە شاری (دەمنەهور)، شارێکی جوان لەسەر دەریا، ئاوەدان و قەشنگ بوو داهاتی زۆری هەبوو لە باج ئەو کاتەی من لەوێ بووم دادوەری شار ناوی "فەخرەدینی مسکین" بوو.

دواتر بەڕێکەوتم بۆ شاری (فەوا)، پێشتریش هەواڵی جوانی ئەم شوێنەم بیستبوو پڕ لە باخ و دارستان هەموو جۆرە میوەیەکی هەبوو گۆڕی "ئەبی نەجاتی" لێبوو ئەم کەسە لە ولاتی میسردا زۆر شارەزا بوو، هەروەها خانەقای شێخ مورشیدیشی لێبوو، بەڵام لە ناوچەی فەواوە هەندێك دوور بوو، کاتێك چومە ئەوێ ئەمیر "سەیفەدین یەڵمەلەك" خۆی و هەندێك لە سەربازەکانی بۆ پشو لە خانەقاکە لایاندابوو، شێخم بینی و باوەشم پیاکرد و بەخێرهاتنی گەرمی کردین عابایەکی ڕەشی پۆشی بوو، نان و ئاویان بۆ هێنام و دواتر کە نوێژ دەستپێکرد لە کاتی قامەت کردندا ئاماژەی پێکردم بۆ ئیمامەتکردن منیش پێشنوێژیم کرد پاشان لە کاتی خەوتندا ووتی: لە سەربان بنوو ئەوکات گەرما بوو، لە کاتی سەرکەوتنمدا بۆ سەربان ووتم: بسم الله. ئەمیر "یەڵمەلەك" لە وەڵامدا ووتی: هەریەك لە ئێمە شوێن و کاتی دیاریکراوی خۆی هەیە.

کاتێك چومە سەربان بینیم گۆزەیەك ئاوی خواردنەوە و حەسیرێك دانراوە لەو مانەوەیەمدا کەراماتی شێخم هەست پێکرد لە خەوندا ((لەسەر پشتی باڵندەیەك بووم و بە بەرزی بردمی بۆ لای قیبلەوە، پاشان بۆ ڕۆژهەڵات و بۆ باشوور، لەوێوە بۆ زەوییەکی سەوز و تاریك، ئنجا لەوێ دایگرتم))، سەرم سوڕما لەو خەوە، بۆ بەیانی ئەمیر هات و نوێژمان کرد و ئیدی ئەو مانْاوایی لێکردین و ڕۆیشت پاشان خەونەکەم بۆ شێخ گێڕایەوە ووتی: تۆ گەشتێك دەکەیت و دەچیتە مالّی خودا پاشان زیارەتی گۆڕی پێغەمبەرﷺ دەکەیت ئنجا لەوێوە دەچیتە یەمەن، دواتر بۆ ولاتی عێراق، پاشان ولاتی تورکان ماوەیەکی باش لەوێ دەمێنیتەوە پاشان تووشی

گرفت دەبیت، بەڵام براکەم "دڵشاد هیندی" رزگارت دەکات، لە کاتی مانۆاوایی هەندێك شیرینی دامێ و ئەوێم بەجێهێشت، لەوەبەدواوە هەمیشە هەستم بە بەرەکەتی ئەم کەسە پیرۆزە دەکرد و هیچ خوداناسێکی ترم نەبینی وەك ئەم زاتە جگە لە "سەید محەمەد مەولا" نەبێت لە ولاتی هیندستان!. دوای ئەوە بەرێکەووتین بۆ (نەحراریە)، شارێکی گەورە و جوان بوو و بازاڕەکەی قەشەنگ و تازە بوو، ئەمیری ناوچەکە ناوی "سەعدی" بوو، کوڕەکەی یەکێك بوو لە کاربەدەستەکانی پاشای هیندستان، دادوەری ئەم شوێنە ناوی "صەدرەدین سولەیمان مالیکی" بوو، لە گەورە زاناکانی مەزهەبی مالیکی بوو، لەسەر داوای مەلیك ناسر دەچێتە ولاتی عێراق و ناوچەکانی رۆژئاوا بۆ وەرگرتنی دادوەری، دەیانووت: خاوەن شێوە و روخسارێکی زۆر جوان بوو، هەروەها لە وتاربێژەکان کە بەناوبانگ بوو "شەرەفەدینی سەخاوی" بوو.

کەوتینەرێ بۆ (ئەبیار)شارێکی کۆن و پڕ لە مزگەوتی دڵگیر و جوان بوو ئەم شوێنە نزیك بوو لە (نەحراریە)، ئەوەی جێی سەرنج بوو جۆرە قوماشێکی لێ دروست دەکرا بە نرخێکی گران لە ولاتی عێراق و شام دەفرۆشرا لەو جۆرە نەبوو کە لە نەحراریە دروست دەکرا، بەڵام نرخی ئەوەی ئەبیاری نەبوو، هەر لەوێ لە رۆژی (ئیرتقاب) دادوەر "عەزەدین ئەلمەلیجی شافیعی"م بینی، رۆژی ئیرتیقاب: رۆژی ٢٩ ی شەعبان بوو، وەك نەریت خەڵکی هەموو لە بەردەمی مالّی دادوەر کۆدەبوونەوە، لەگەڵ پیاوە ناوارەکانی شار لە کەسایەتی و کاربەدەست و زاناکان بە مەبەستی بینینی مانگ، خۆیان بە شێوەیەکی جوان دەڕازاندەوە، تەنانەت خەڵکە ئاساییەکەش لە پیر و جوان و منداڵ ئامادە دەبوون هەروەها بازاڕ بە چرا و ئاگری رۆشنایی دەڕازێنرایەوە، پاشان یەکێك دەیوت: بسم الله ئنجا هەموو دەکەوتنەرێ بۆ سەرجێگایەکی بەرز شوێنەکە بە راخەر دادەپۆشرا تا دوای نوێژی شێوان لەوێ دەمانەوە دواتر دەگەڕانەوە بۆ ماڵ.

پاشان چوین بۆ (محەلولکوبرا)ناوەکەی بە خۆیەوە بوو شارێکی گەورە و جوان

گرفت دەبیت، بەڵام براکەم "دڵشاد هیندی" رزگارت دەکات، لە کاتی مانۆاوایی هەندێك شیرینی دامێ و ئەوێم بەجێهێشت، لەوەبەدواوە هەمیشە هەستم بە بەرەکەتی ئەم کەسە پیرۆزە دەکرد و هیچ خوداناسێکی ترم نەبینی وەك ئەم زاتە جگە لە "سەید محەمەد مەولا" نەبێت لە ولاتی هیندستان!. دوای ئەوە بەڕێکەووتین بۆ (نەحراریە)، شارێکی گەورە و جوان بوو و بازاڕەکەی قەشەنگ و تازە بوو، ئەمیری ناوچەکە ناوی "سەعدی" بوو، کوڕەکەی یەکێك بوو لە کاربەدەستەکانی پاشای هیندستان، دادوەری ئەم شوێنە ناوی "صەدرەدین سولەیمان مالیکی" بوو، لە گەورە زاناکانی مەزهەبی مالیکی بوو، لەسەر داوای مەلیك ناسر دەچێتە ولاتی عێراق و ناوچەکانی رۆژئاوا بۆ وەرگرتنی دادوەری، دەیانووت: خاوەن شێوە و روخسارێکی زۆر جوان بوو، هەروەها لە وتاربێژەکان کە بەناوبانگ بوو "شەرەفەدینی سەخاوی" بوو.

کەوتینەڕێ بۆ (ئەبیار)شارێکی کۆن و پڕ لە مزگەوتی دڵگیر و جوان بوو ئەم شوێنە نزیك بوو لە (نەحراریە)، ئەوەی جێی سەرنج بوو جۆرە قوماشێکی لێ دروست دەکرا بە نرخێکی گران لە ولاتی عێراق و شام دەفرۆشرا لەو جۆرە نەبوو کە لە نەحراریە دروست دەکرا، بەڵام نرخی ئەوەی ئەبیاری نەبوو، هەر لەوێ لە رۆژی (ئیرتقاب) دادوەر "عەزەدین ئەلەلیجی شافیعی"م بینی، رۆژی ئیرتیقاب: رۆژی ٢٩ ی شەعبان بوو، وەك نەریت خەڵکی هەموو لە بەردەمی مالّی دادوەر کۆدەبوونەوە، لەگەڵ پیاوە ناودارەکانی شار لە کەسایەتی و کاربەدەست و زاناکان بە مەبەستی بینینی مانگ، خۆیان بە شێوەیەکی جوان دەڕازاندەوە، تەنانەت خەڵکە ئاساییەکەش لە پیر و جوان و منداڵ ئامادە دەبوون هەروەها بازاڕ بە چرا و ئاگری رۆشنایی دەڕازێنرایەوە، پاشان یەکێك دەیوت: بسم الله ئنجا هەموو دەکەوتنەڕێ بۆ سەرجێگایەکی بەرز شوێنەکە بە راخەر دادەپۆشرا تا دوای نوێژی شێوان لەوێ دەمانەوە دواتر دەگەڕانەوە بۆ ماڵ.

پاشان چوین بۆ (محەلولکوبرا)ناوەکەی بە خۆیەوە بوو شارێکی گەورە و جوان

بـوو دانیشـتوانەکەی یـەجگار زۆر بـوون، مزگـەووتی قەشـەنگ و رازاوەی تێـدا دروستکرابوو لە کاتی سەردانی کردنم بـۆ ئـەوێ فـەرمانڕەوا و والـی ئـەم شـوێنە نەخۆش بوو، لەسەر جێگا لە ناو باخێکدا دەژیا دوو فەرسەخێك لـە شـارەوە دوور بوو ناوی "عـەزەدینی کوڕی ئەشمەرین" بوو وێستم سـەردانی بکـەم، بۆیـە لەگـەڵ جێگرەکەی کە ناوی "قاسمی کوڕی نونی مالیکی تونسی" بوو دادوەر "شەرەفەدین دومەیری" کە دادوەری (محەلەی مەنوفە) بوو سەردانیمان کرد رۆژێك لە خزمەتیدا ماینەوە، لـەوێ باسـی کەسـە بـەناوبانگ و خواناسـەکانی ولاّتـی (بـەورولس) و (نسترۆ) کرا رۆژەڕێیەك لەوێوە دوور بوو ئنجا ووتی:ئەو ولاّتە شـوێنی پیاوچـاك و سالّحانە و گۆڕی شێخ مەزروقە کە خاوەنی (موکەشیفات)ە لەبەرئـەوە لـە کـاتی گەشتەکەمدا لە محەلولکوبرا تا قاهیرە سەردانی هـەموو ئـەو شـوێنانەم کـرد کـە باسیان کرد و چومە خانەقای بەناوبانگی ناوبراو، ئەو ولاّتە زۆر بەپیت بوو هەموو جۆرە داریّکی لێبوو لە خورما و میوەجات و بالّندەی کێوی لەگەڵ ماسـی گـەورە کە پێیان دەوت: بوری ئەو شـوێنە کـە خانـەقای لێبـوو پێیـان دەوت: مـەلّتین[1] دەکەوتە سەر کەناری دەریاچەیەك، کە لە ئاوی نیل و تەنیس پێکهاتبوو هـەروەها چومە تەنیس لە خانەقای شێخ "شەمسەدین" پشوی خۆمان وەرگرت، جێگایەکی گەورە بوو بەلاّم ئێستا وێرانەیە، ئیبن جوزەی دەلّێت: شاعیر ئـەبو فتـوحی وەکیـع خەلّکی ئەو شوێنەیە و بە هۆنراوە وەسفی کەنارەکانی دەکات و دەلّێت:

قم فاسقني والخليج مضطرب والريح تثني ذوائب القصب

كأنها والـــرياح تعطفهـــا صب قنا سندسية العـــذب

والجو في حـــلة ممسّكـــة قد طرّزتها البروق بـالذهب

---

[1] ئێستا پێی دەلێن: بالتیم. (المصدر السابق، ص٥٠)

"شێخ عەبدوڵڵا رازی" لە باوکییەوە دەیگێڕێتەوە دەڵێت: جارێک دادوەری بەرلس دەچێتە سەر ڕوباری نیل و دەستنوێژ هەڵدەگرێت و نوێژ دەکات لە ناکاو گوێی لە دەنگێک دەبێت و دەڵێت:

لولا رجال لهم سرد يصومونا وآخرون لهم ورد يقومونا

لزلزلت أرضكم من تحتكم سَحراً لأنكم قوم سوء لا تبالونا

واتا: ئەگەر پیاوانێکی وەک ئێوە نەبووایە کاتێک نوێژ دەکەن و بەڕۆژوو دەبن و بەردوامن لە یادی خودا، ئەوا لە بەیانیدا زەوی لە ژێر پێتاندا دەهێنرایە لەرزە و لە ناودەبران، چونکە خەڵکی خراپ بوونە و گوێرایەڵی خودا ناکەن. دەڵێت: کاتێک تەماشای ئەملاولام کرد کەسم نەبینی زانیم ئەو دەنگە ویستی خودا بووە بۆ ئاگادارکردنەوەی خەڵکی.

لە دوای بەورولس گەشتم دەست پێکردەوە بۆ زەوییەکانی (رەملە)، پاشان لەوێوە بۆ (دومیات)، هەمووی خاکی فراوان و دەشتی بەپیت بوو، هەموو جۆرە میوەیەکی لێبوو، خەڵکی ئەم شوێنە دەوڵەمەند و دەسترۆیشتوو بوون لە مااڵ و سامان، لە ڕێگای ئاودێرییەوە بە کاری کشتوکاڵەوە خەریک بوون، زۆربەی ماڵەکان جۆگەلەیان هەڵبەستبوو لە دوای ئاودانی درخت و کشتوکاڵەکانیان ئەو ئاوە زیادەیەی کە دەمایەوە دەڕژایە ڕوباری نیلەوە، دومیات داری مۆزی زۆرە سااڵنە بەرهەمێکی یەجگار زۆر دەچنرایەوە و پاشان بە بەلەم ڕەوانەی ولاتی میسر دەکرا هەروەها باشترین جۆری ماسی لێ ڕاودەکرا پێیان دەوت: بوری بۆ بازرگانی ڕەوانەی ولاتی رۆم و شام دەکرا، جگە لەوەی باسکرد کاری ئاژەڵدارییان دەکرد بەتایبەتی گامێش خۆشترین ماست و قەیماغیان لێ بەرهەم دەهێنا، هەروەها باڵندەی کێوی قەڵەوی زۆر بوو خەڵکی لە ڕێگای ڕاوەوە سوودیان لێی وەردەگرت.

دەڵێن: هەرکەس ڕووبکاتە دومیات، کاتێک لێی دەرچێت و دەچێتە جێگایەکی تر وا دەزانێت والییە هێندە لە ناخەوە هەست بە دەوڵەمەندی دەکات، ئەم شوێنە

زانای بەناوبانگی هەبووە لەوانە پێشەوای ناوداری فەرمودە ئەبو محەمەدی کوڕی عەبدولموئمینی کوڕی خەڵەف بوو، هەروەها لە دەرەوە لە ناو دەریای نیلدا دوورگەیەك هەبوو ناوی (بەرزەخ) بوو و مزگەت و خانەقای لێ دروستکرابوو، چومە ئەوێ و چاوم بە ئیمامی مزگەوتەکە کەوت ناوی "ئیبن قوفڵ" بوو شەوی هەینی لەگەڵ کۆمەڵێك لە سۆفییە هەژارەکان تا بەیانی مامەوە خەریکی قورئان خوێندن و پەرستش بووین، دومیاتی ئێستا تازە بونیاتنراوە بەڵام شارە کۆنەکە لە سەردەمی "مەلیك سالح"لەلایەن خاچپەرستە فرەنجیەکانەوە روخێنرا .

خانەقایەکی لێبوو بە ناوی شێخ "جەمالەدینی سەخاوی" رێبەری کۆمەڵەی (قەرندریە) ئەم کۆمەڵەیە لە سیفەتیاندا وابوو ریش و برۆیان دەتاشی ئەوەش لەوەوە سەرچاوەی گرتووە کە دەڵێن: ئافرەتێك خەڵکی ساوە دەبێت و عەشقی دەچێتە سەر شێخ "جەمالەدین ساوی" و وازی لێ ناهێنێت و دەیەوێت کاری بەدڕەوشتی لەگەڵدا ئەنجام بدات، زۆر رێگا و فێڵ دەگرێتەبەر، بەڵام بێ سوود دەبێت، بۆیە داوا لە پیرێژنێك دەکات کە بیخاتە ئەو داوەوە، رۆژێك پیرێژن دەچێتە سەر رێگای شێخ و پێی دەڵێت: خوێندەواریت هەیە؟، ئەویش دەڵێت: بەڵێ، دەڵێت: کوڕێکم هەیە نامەیەکی بۆ ناردوم تکام وایە تۆ بۆمی بخوێنیتەوە، کەسم نیە خوێندەواری هەبێت شێخ رازی دەبێت و دەڵێت: من بۆت دەخوێنمەوە دواتر پیرێژنەکە دەڵێت: دەبێت لە حەوشەی ماڵەوە بۆم بخوێنیتەوە تا خێزانی کوڕەکەم گوێبیستی بێت، کاتێك شێخ دەچێتە ماڵی ژنە، دەرگای لێ دادەخات و زۆر هەوڵ دەدات کاری داوێنپیسی لەگەڵ ئەنجام بدات، بەڵام شێخ وەڵامی نابێت دەزانێت ئەم ئافرەتە وازی لێناهێنێت بۆیە موسێکی تیژی پێ دەبێت، ریش و برۆی دەتاشێت و دیمەنێکی زۆر ناشیرینی دەبێت، ئەوکات وازی لێدێنێت. دەڵێن: کاتێك دێتە دەرەوە روخساری زۆر جوانتر دەبێتەوە و وەك جاران ریش و برۆی دێتەوە، لەو رۆژەوە هەموو موریدو قوتابیەکانی هاوشێوەی ئەو ریش و برۆ دەتاشن، دەگێڕنەوە رۆژێك دادوەری دومیات کە ناوی "ئیبن عەمید" دەبێت، لەگەڵ خەڵکی شارەکە بۆ بەخاکسپاردنی تەرمێك سەردانی گۆڕستان دەکەن، دادوەر شێخ

سەخاوی دەبینێت و پێی دەڵێت: تۆ ئەو کەسە موبتەدیعەیت کە لە دینـدا داهێنانـت کـردوە؟ لـە وەڵامـدا دەڵێـت: تـۆش ئـەو دادوەرە نەقامـەیت کـە بـە ئەسپەکەتەوە بەسەر ئەم گۆڕانەدا هاتووچۆ دەکەیت؟، بێ ئەوەی هیچ ڕێزێك بۆ ئەم مردوانە دابنێیت، لـە کاتێکـدا شـەرع ڕێـزی لـە مـردوو گرتـووە وەك چـۆن بـە زیندووییش ڕێزی لێی ناوە؟!، دادوەر دەڵێت: بەڵام تـاوانی تـۆ زۆر گـەورەترە کـە ڕیش تاشینە، دەڵێن کە هاوارێك دەکات، ڕیشی درێژی بۆ دێتەوە و جارێکی تریش سەر بەرز دەکاتەوە و هاوار دەکاتەوە و ڕیشی سپی دەبێت، بۆ جـاری سـێهەم کـە هاوار دەکاتەوە ڕیشی پێوە نامێنێت، کاتێك دادوەر ئەوە دەبینێت، دەسـتی مـاچ دەکات و دەبێتە موریدی ئەم شەیخە، دواتر خانەقایەکی بۆ دروست دەکات، کاتێ شێخ دەمرێت لە خانەقاکەی دەنێژرێت، دادوەریش وەسێت دەکات کاتێـك وەفـاتی کرد لە دەرگای خانەقاکەی بنێژرێت، تا هەر کەسێك زیارەتی کرد پێ بخاتـە سـەر گۆڕەکەی .

هەر لە کاتی مانـەوەم لـە دومیـات چـاوم بـە والییەکـەی کـەوت کـە نـاوی "محێسنی" بوو خواناس و چاکەکار بوو قوتابخانەیەکی دروستکردبوو لەسەر ڕوباری نیل لەو ماوەیەدا پەیوەندییەکی دۆستانە لە نیوانماندا دروستبوو ئنجا بەرەو (مینە فارسکۆر) بەڕێکەوتم، ئەم شارە دەکەوتە سەر کەناری نیل لە دەرەوەی شار بۆ پشو لامدا ئەوەندەی پێ نەچوو سواربێك هات ووتـی: محێسـنی والـی گـەلێك پرسـیاری کردوویت و ئەم چەند درهەمەی بۆ ناردوویت خودا پاداشتی بداتەوە، لەوێوە چومە (ئەشمون ڕومان) ناوەکەی بەخۆیەوە بوو داری هەناری زۆر بوو لە کاتی کۆکردنەوەی بەرهەمی هەناردا بە بار کۆدەکرایەوە بە ڕێگای دەریادا ڕەوانەی میسر دەکـرا لـە (ئەشمونە)وە بەڕێکەوتم بۆ (سەمەنود) دەکەوتە سەر کەناری دەریای نیـل بەلـەم و پاپۆڕێکی زۆری لێبوو سەرقاڵی بارگواستنەوە و ڕاوەماسی بوون، نێوان ئەم شوێنە و (ملوك کوبرا) سێ فەرسەخێك دوور دەبوو. ئۆقرەم نـەگرت و بـە سـواری بەلـەم چوین بۆ میسر بە ماوەیەکی کەم ئەوەندەی کەسێك دەستنوێژ هەڵبگرێت و چـەند

رکاتێك نوێژ ئەنجام بدات گەیشتمە ئەوێ، شاری ئەسکەندریە تا ئەسوان لەوێوە بۆ میسر[1] و پاشان بۆ (صەعید) هەمووی ولاتی پان و بەرین و قەشەنگ بوون، مەنزڵگای هەژار و دەوڵەمەند و زانا و فام لاواز و بەهێزەکان بوون، پێگەی دەسەلاتدار و فیرعونەکان بوون، تا عەقڵی مرۆڤ بڕبکات ئەوەندە زانا و نەفامی تێدا بوو، دانیشتووانی ئەوەندە زۆر بوو وەك دەریا شەپۆلی دەدا، بەهێزی پێگەیان هەر لە میژەوە وایکردوە دەسەلاتی سەربازی و کارگێڕییان فراوان بێت بەسەر عەرەب و عەجەم و نەتەوەکانی تری ناوچەکەدا لە تایبەتمەندیەکانی ئەم ولاتە ڕوباری نیلە بووەتە شادەماری ژیانی میسرییەکان، پڕە لە خێر و بەرەکەت هەروەها خاکەکەشی بەپیتە و کاتێك مرۆڤ لەسەری دەژێت هەست بە غوربەت ناکات. میسریەکان هەمیشە دڵخۆش و کامەرانن و دەیانوت: لە میسردا زیاتر لە دوازدە هەزار ئاوگێڕ هەن بەسەر پشی حوشترەوە، نزیکەی سی هەزار فێڵبازی لێیە هێندە ئەم جیگایە گەورە و پان و بەرین بوو ئیبن جوزەی دەڵێت: شاعیر وەسفی ئەم شوێنە دەکات و دەڵێت:

لعمرُك ما مصـــــر بمصرٍ وإنما هي الجنة الدنـــــيا لمن يتبصّر

شوێنێك هەبوو ناوی ڕەوزە بوو لەسەر کەناری نیل و بەرامبەری میسر جیگەی ئاهنگگێڕان و شادی بوو، رۆژێك بەشداری ئەو ئاهنگگێڕانەم کرد کە بە بۆنەی چاکبونەوەی دەستی شکاوی "مەلیك ناسر"ەوە سازدرابوو خەڵکی بازاڕیان رازاندبووە سەرقاڵی خۆشی و شادی بوون، دڵخۆش بوم بەشداربوم لەگەڵیان بەڕاستی خەڵکی ئەو ولاتە شادومان و سەرفراز بوون.

---

[1] میسر لە سەردەمی ئیبن بەتوتەدا بریتی بووە: لە (قاهیرە) و پێکدەهات لە چوار شار، کە لە سەردەمە جیاجیاکانی میژووی ئیسلامیدا دروستکراون، کە ئەمانەن (فوستات) "عەمری کوڕی عاس" دروستیکردوە، (عەسکەر) "سالحی کوڕی عەباس" لە سەردەمی عەباسییەکاندا بونیاتی ناوە، (قەتائیع) "ئەحمەدی کوڕی تۆلون" دروستیکردوە، لەگەڵ (قاهیرە) کە "جەوهر سقلی معتزباللەی فاتمی" بناغەی داناوە، فیرعونەکان لەم شوێنانەدا نەژیاون کە باسیانمان کرد، هەروەها بەکارهێنانی وشەی فیرعون، مەبەست لێی دەسەلاتدارە. (المصدر السابق ، ص ٥٣)

باسی مزگەوتی عەمری کوڕی عاس و قوتابخانە و خانقا و خەستەخانەکان

لە میسردا مزگەوت و نەخۆشخانە و خانەقایەکی زۆر دروستکرابوو لە مزگەوتە بەناوبانگەکانی "عەمری کوڕی عاس"ە ناودار بوو هەموو هەینیەك ووتاری تێدا دەخوێندار لای ڕۆژهەلاتێوە خانەقایەکی لێبوو پێشەوا ئەبو عەبدولای شافعی وانەی تێدا دەوتەوە هەروەها لەو نەخۆشخانانەی کە زۆر جێگای سەرنج بوو ئەوەبوو کە لای گۆڕی مەلیك "مەنسور قلاوون" دروستکرابوو بە شێوازێکی جوان و تەرتیب کارەکانی ڕێکخرابوون هەموو جۆرە دەرمانێکی لێبوو بۆ خزمەتی نەخۆش، دەیانوت: ڕۆژانە بڕی هەزار دینار داهاتەکەیەتی هەروەها مزگەوت و تەکیەی زۆر بونیاتنرابوون سوڵتان و کاربەدەستانی کێبڕکێیان دەکرد لە دروستکردنی تەکیە بە زمانی خۆیان پێیان دەوت: خانەقا هەر شوێنێکت دەبینی خانەقای لێ دروستکرابوو بە شێوازێکی جوان بەڕێوە دەبران، هەر یەکەیان سەر بە شێخێکی دیاریکراو بوو نەریتی جوان و قەشەنگیان هەبوو بۆ بەڕێوەبردنی کارەکانی خۆیان هەر خانەقایەك پاسەوان و خزمەتکاری بۆ تەرخان کرابوو لەگەڵ جێگای تایبەت بۆ سۆفییە هەژارەکان جا خێزاندار بێت یان سەڵت زۆربەیان خەڵکی عەجەم بوون ڕۆژانە دوو ژەم خواردنیان بەسەردا دابەش دەکرا هەریەکەیان قاپێك مەرەگە و نانێکیان دەدانێ هەموو ڕۆژێکی هەینی یەك جار شیرینی شەکریان بەسەردا دابەش دەکرا لەگەڵ یەك سابون بۆ خۆپاککردنەوە مانگانەش(سی درهەم) مووچەیان پێ دەدرا، هەروەها سالانە دوو وەرز پۆشاکیان بۆیان دەکڕی.

ئەم سۆفییانە ڕۆژانە و بەردەوام دەبوو خەریکی عیبادەتبن بۆ هەر پێنج فەرزەکە پێویست بوو ئامادەبن و حوزوریان هەبێت، لەدوای نوێژی بەیانی قورئانیان

دەخوێند لە سورەتەکانی (فەتح و مولك و عەمە) لەگەڵ ویردەکان لە نەریتیاندا وابوو دەبوو هەر سۆفییەك بەرمالّی تایبەتی خۆی هەبێت، رۆژانە نوسخەی قورئان بەسەریاندا دابەش دەکرا و دەبوو بخوێندرێتەوە، نەریتێکی تریان ئەوە بوو کاتێك کەسێك سەرەتا دێت دەبوو پشتوێنێکی لە پشت بێت و بەرمالّێکی بەسەر شانیدا دابێ بە دەستێکی گۆچانێکی هەڵدەگرت و بە دەستێکی تری مەسینە، لە ناوەڕاستی دەرگادا دەوەستا و خزمەتکار دەهات و پرسیاری ولّات و شوێن و ئەو شێخەی لێ دەکرد کە بۆ لای هاتووە، ئەگەر وەلّامی زانی ئەوا قبولّیان دەکرد و لە خانەقادا شوێن و جێگای تایبەتی بۆ تەرخان ئەکرا، لە رۆژی هەینیدا یەکێك لە سۆفییەکان هەموو بەرمالّەکانی کۆدەکردەوە لە مزگەوتا دایدەخست دواتر لە دوای نوێژی هەینی هەموویان کۆدەبوونەوە ویردەکانیان دەخوێند پاشان لەگەڵ شێخەکەیاندا دەگەڕانەوە بۆ خانەقا.

مەزار و نزرگە پیرۆزەکانی میسر

میسر مەزار و نزرگەی زۆری تێدابوو جێی بایەخ و گرنگی میسرییەکان بوون لەبەر پیرۆزی پەنایان دەبردە بەر ئەم شوێنانە لەم بارەیەوە پشتیان بەو فەرمودانە دەبەست کە ئیمامی "تەبەری" ریوایەتی کردوە، زۆربەی ئەم مەزارانە مزگەوت و خانەقا و قوتابخانەی مەزنی لێ دروستکرابوو، خەڵکی لە رۆژی هەینی سەردانیان ئەکرد و بە دەنگی خۆش قورئان و نزایان دەخوێند و دواتر بە منداڵەکانیانەوە سەردانی بازاڕیان دەکرد، هەندێك لەم جێگایانە گومەزی زۆر گەورەی لەسەر دروستکرابوو، وەك ئەو شوێنەی کە سەری ئیمام "حوسەینی کوڕی ئیمام عەلی" لێ نێژرابوو، لە ناوەوە بە جوانی رووپۆش کرابوو و ئەڵقەی دەرگاکانی بە زیو داپۆشرابوو، کاتێك تەماشات دەکرد هەستت دەکرد ئەم کەسە شایستەی ئەو رێزەیە. لە مەزارەکانی تر توربەی خاتوو "نەفیسەی کچی ئیمام حەسەنی کوڕی

ئەنوەری کوڕی حوسەینی کوڕی پێشەوا عەلی" بوو ڕەزای خوایان لێبێت، هەروەها مەزاری ئیمامی شافیعی لێبوو گومەزێکی قەشەنگ و مەزنی لەسەر دروستکرابوو بەرزیەکەی سی باڵ دەبوو، هەروەها لەگەڵ بوونی ژمارەیەکی بێشومار لە گۆڕی پیاوچاکان و هاوەڵانی پێغەمبەر لە سەلەف و خەلەف هەندێکیان تەنها کەسانی شارەزا دەیانناسن بۆ نمونەنە "عەبدولڕەحمانی کوڕی قاسم و ئەشهەبی کوڕی عەبدولعەزیز و ئەسبەغی کوڕی فەرەج و ...هتد".

ڕوباری نیل میسر

نیلی میسر یەکێکە لە ڕوبارە گرنگەکانی دونیا، هیچ ڕوبارێك نییە هاوشێوەی ئەو بەو شێوازە کشتوکاڵی لێ بکرێت، ئاوێکی زۆر شیرین و بەتامی هەیە، تەنها ڕوبارە کە خودا لە قورئاندا بە دەریا ناوی دەبات و دەفەرموێت: ﴿فَإِذَا خِفْتِ عَلَيْهِ فَأَلْقِيهِ فِي الْيَمِّ﴾(1) (یەم) واتا دەریا، هەروەها لە فەرمودەی سەحیحدا هاتووە، پێغەمبەرﷺ کاتێك لە شەوی ئیسرا و میعراجدا دەچێتە (سیدرەتولمونتەها)، پێی دەڵێن: چوار ڕوبار هەیە دووانیان ئاشکران و دووانیان نادیار و باتنن، پێغەمبەرﷺ پرسیار لە جبریل دەکات دەربارەیان لە وەڵامدا دەفەرموێت: دووانە نادیارەکە (باتنەکە) لە بەهەشتدان و دووانە ئاشکراکە نیل و فورات، هەروەها فەرمودەی سەحیحی تر هاتووە دەربارەی نیل، کە پێغەمبەرﷺ دەفەرموێت: نیل و فورات و سەیحون و جەیحون هەر هەموویان لە ڕوبارەکانی بەهەشتن. لە سیفەتە سەرسوورهێنەرەکانی ئەوەیە بەپێچەوانەی هەموو ڕوبارەکانی دونیاوە لە باشورەوە هەڵدەقوڵێت و درێژ دەبێتەوە بۆ باکور هەروەها کاتێك کەشوهەوا زۆر گەرم دەبێت ئاوی زیاد دەکات و لە سەرمادا کەم دەکات، بە پێچەوانەوە ڕوبارەکانی تری دونیا

(1) سورەتی القصص نایەتی ۷.

لە وەرزی زستاندا ئاویان زیاد دەکات، ڕوباری سندیش هاوشێوەی نیلە لەم ڕووەوە لە کاتی خۆیدا بە ویستی خودا باسی دەکەین.

کاتی زیادکردنی نیل سەرەتای مانگی حوزیران (یۆنیۆ)یە هەرجارێك بگەیشتایەتە ١٦ باڵ ئەوکات سوڵتان باجی وەردەگرت ئەگەر یەك باڵ زیاد بکات ئەوە کشتوکاڵ و بەروبومی دانەوێڵە زۆر بەپیت دەبێت، بەڵام ئەگەر ١٨ باڵ زیادی کرد ئەوا دەبێتە دەرد و نەخۆشی و ئافات بەڵام ئەگەر لە شانزە باڵ کەمتر بوو داهات کەم دەبێت و بەو پێیەش باج کەمتر دەدرا بە سوڵتان ئەگەریش دوو باڵ کەمی کرد ئەوا خەڵکی ناچار دەبوون کشتوکاڵەکانیان بە ڕێگای ئاودێری بکەن، بۆیە نیل یەکێکە لە پێنج ڕوبارە گەورەکەی جیهان کە بریتین لە: فورات و دیجلە و سەیحون و جەیحون، پێنجی تر هەن وەك ئەمان گرنگ و تایبەتن ئەوانیش: ڕوباری سند کە پێشی دەڵێن: بنجاب واتا: پێنج ئاوەکە، هەروەها ڕوباری هیندستان کە پێی دەوترێت کەنەك و هیندۆسەکان حەجی بۆ دەکەن و مردوەکانیان دەسووتینن ئەنجا پاشماوەکەی بە ئاوی ڕوبارەکەدا ئەدەن، بڕوایان وایە لە بەهەشتەوە هەڵدەقوڵێت، یەکێکی تر لەو ڕوبارانە (جون) بوو لە هندستان لەگەڵ ڕوباری ئەتلێ لە بیابانی قەفجەقە لەسەر کەنارەکەی شاری سەرای لێیە، کۆتایان ڕوباری(سەرۆ)یە لە ڕۆخەکەی شاری بلقی لێیە ئاوەکەی لەوێوە درێژدەبێتەوە بۆ شاری خەنسا دواتر بۆ زیتونە لە خاکی چین هەر یەك لەو شوێنانە لە کاتی خۆیدا باسیان دەکەین!.

دوای ئەوەی نیل ماوەیەك دەبڕێت لە خاکی میسردا دەبێت بە سێ بەشەوە هەر بەشێکیان دەبێت بە کەشتی پێیدا تێپەڕ بیت جا هاوین بێت یان زستان خەڵکی هەموو جێگاکانی میسر جۆگەلەیان لەسەر ڕوباری نیل هەڵبەستووە، کاتێك ئاوی نیل زیاد دەکات دەڕژێتە نێو کێڵگەکانەوە جووتیاران سوودێکی زۆر وەردەگرن لەم جۆرە ئاودێرییە.

ئەهرامەکان و پەرستگاکانی میسر

لە سەیر و سەمەرەکانی دونیایە و لە مێژەوە باسیان لێدەکرێت، قسەی زۆر هەڵدەگرن و بوونە بە جێگای مشومڕ، خەڵکی پێیان وایە زانست و زانیاری لە پێش رودانی تۆفانەکەی نوح بوونی هەبووە هەروەها دەڵێن: یەکەم جار هەموو زانست و زانیارییەکان لە "هرمس" وەرگیراوە کە بە "ئەخنوخ" ناودەبرا دەڵێن: ئیدریسە هەروەها یەکەم کەس بووە لە ناوچەی سەعیدی میسری نیشتەجێ بووە، دواتر خەڵکی ئاگادارکردەوە لەوەی سزای خودا بەڕێوەیە دەیانگرێتەوە بۆیە ترسا ئەو زانست و زانیاری و پیشە و حیکمەتانەی هەیە نەمێنێت و لەنێوبچێت لەبەرئەوە هەستا بە دروستکردنی ئەهرام و هەیکەل و ئەو تاشە بەردانەی کە وەک دیوارێکی ڕێك دەردەکەون، ئنجا هەموو ئەو بابەت و زانستانەی تێدا تۆمارکرد کە بە شێوازی نووسین و ڕەمز و هێما و وێنە تۆمارکراون تا بە نەمری بمێننەوە دەڵێن: یەکەم کەس بووە باسی گەردوونناسی و جوڵەی ئەستێرەکانی کردوە، هەروەك لە میسردا شاری مەنفە[1] هەیە پێگەی زانیاری و زانست و دەوڵەتداری بووە، ئەوەندە لە فوستاتەوە دوور نییە بەڵام کاتێك ئەسکەندریە دروستکرا، ئەو پێگەی گۆڕا و ئنجا ئەسکەندریە بوو بە پێگەی زانست و پاشایەتی.

هەروەها ئەهرامەکان[2] کە لە بەردی داتاشراوی پتەو و بەرز دروستکراون و لە

---

[1] لە کۆندا شاری (مەنفە) شاری زانست و زانیاری و کارگێڕی بووە، دوای ئەو (تیبە) شوێنی گرتووەتەوە، کە ئێستا پێی دەڵێن: (ئەقسەر)، ئنجا (ئەسکەندریە). (المصدر السابق ٦٠).

١٣ ئەهرامەکان لە مێژەوە بوونەتە جێی سەرنجی مرۆڤ، لە سەردەمی ئێستادا هەندێك لە خەڵکی بڕوایان وایە کە ئەهرامەکان مرۆڤ دروستی نەکردوە، بەڵکو مەخلوقاتی تری ئاسمانەکان هاتوون و زەویان داگیرکردوە و دروستیان کردوە، چونکە هێندە مەزن و گەورەن، باوەڕ ناکرێت مرۆڤ لە کۆندا و بە کەرەستەی ئاسایی لە توانایاندا هەبووبێت ئەو کارە ئەنجام بدەن، بۆچوونێکی تر هەیە، کە بڕوایان وایە جنییەکانی حەزرەتی ←

خوارەوە پان و فراوانن و لای سەرەوە تەسك و باریکن، شێوەی قوچەکییان هەیە و لە هیچ لایەکەوە دەرگایان نییە کە مرۆڤ بیەوێت بچێتە ژورەوە نازانرێت لە چ سەردەمێکدا دروستکراون دەگێڕنەوە: یەکێك لە پاشاکانی میسر پێش رووداتی تۆفان خەون دەبینێت ئەوەی لا گەلاڵە دەبێت لە رۆژئاوای نیلەوە ئەو ئەهرامانە دروست بکات، تا ببێتە کۆگای زانست و زانیاری و لاشەی پاشاکان، پرسیار لە فالگرەوەکانی دەکات و دەڵێت: ئایا کەلێنێك هەیە لێوەی بچیتە ژوورەوە؟، دەڵێن بەڵێ لای باکوورەوە شوێنێکی بۆ دیاری دەکەن و پاداشتیان دەکات. دواتر بەردەوام دەبێت لە کارکردن و لە شەست ساڵدا تەواو دەبێت و لەسەری دەنووسێت: ((لە شەست ساڵدا ئێمە توانیمان تەواوی بکەین، هەر کەسێك دەیەوێت بڕوخێنێت با لە شەش سەد ساڵدا ئەو کارە ئەنجام بدات، لەکاتێکدا روخاندن لە دروست کردن ئاسانترە!.)). کاتێکیش خیلافەت رادەستی ئەمیری باوەڕداران "مەئمون" کرا بڕیاریدا بیانڕوخێنێت بەڵام هەندێك لە زاناکانی میسر ئەوەیان ڕەتکردوە و پێیان ووت: کە ئەو کارە نەکات چونکە تووشی ئیفلیجی دەبێت، بۆیە بڕیار دەدات لای باکوورەوە بە ئاگر و مەنجەنیق کونی بکات و کەلێنێکیان تێدا کرد تا ئێستاش ماوە .

سولەیمان دروستیان کردوە، خەلکانێکش هەن لە ئەمەریکادا ناویان (ئوجارکیس)ە، دەڵێن: خوای مەزن خۆی بونیادی ناوە بەڵام ڕای بەهێز ئەوەیەکە قەومی عاد دروستیانکردوە. ! (الفراعنة لصوص الحضارة، محمد سمير عطا، الناشر، بيت الحكمة ١٩٩٦ص١٢)

سوڵتانی میسر

کاتێك گەیشتمە میسر، سوڵتانی وڵات ناوی مەلیك "ناسر ئەبولفەتحی کوڕی مەنسور سەیفەدین قلاوون سالحی" بوو، لە رەچەڵەکدا خەڵکی قەفجەق بوو پێیان دەوت سوڵتانی هەزاری لەبەرئەوەی مەلیك سالح بە هەزار دینار کڕیبووی[1]، کەسێکی رەوشت بەرز و چاك بوو هەمیشە پشت و پەنای هەژاران و بێ نەوایان بوو، لە باشترین کار و فەزەڵەکانی ئەوە بوو درێغی نەدەکرد لە یارمەتیدان و خزمەتکردنی حاجیانی مالّی خودا، بەردەوام خواردن و خواردنەوە و پێداویستییەکانی رێگای بۆ ئامادە دەکردن، بە تایبەتی بۆ کەسانی نەدار و هەژار لە دەرەوەی قاهیرە و لەسەر هەردوو رێگای میسر شام چەندەها خانەقای دروستکرد بۆ خزمەتی مسوڵمانان لەوانە خانەقای سەریاقس، بەڵام ئەو خانەقایەی ئەمیری باوەڕدارن و باوکی هەژارن و سەرمەشقی جیهادکاران "ئەبو عەنان" [2] دروستیکردوە لە رۆژهەڵات و رۆژئاوادا وێنەی نییە، خودای گەورە پشتیوانی بێت و سەرکەوتوی بکات بەسەر دوژمنانیدا، زۆر بە جوانی بە نەخش و نیگار دیواری ناوەوەی خانەقای رازاندووەتەوە، بۆ ئەو کارەش گەچی بەکارهێناوە لە کەم شوێندا ئەم گەچە بەکاردەهێنن جگە لە خانەقاکەی ئەو نەبێت قوتابخانە و خەستەخانە و خزمەتگوزاری تری پێشکەش بە ژێردەستەکانی دەکات خودا بیپارێزێت و دەوامی مولکی بدات.

---

[1] مەمالیکەکان زۆربەیان لەو کۆیلانەن، کە خەڵکی ناوچەکانی ئاسیای ناوەڕاست بوون، دەکرێدران بۆ مەبەستی خزمەتکردن لە دەوڵەتی ئیسلامیدا، دواجار بوون بە هێزێك و دەسەڵات کەوتە دەستیان. (وەرگێڕ: بڕوانە کتێبی/ مێژووی ئەیوبی و مەمالیك لە میسر و شامدا: نووسینی د.سەعید عبدالفتاح عاشور، وەرگێڕانی زرار عەلی، چاپخانەی پەیوەند- سلێمانی، چاپی یەکەم ٢٠١٤ ، لا ٢٨٣ و دواتر)

[2] لە زۆر شوێندا ئیبن بەتوتە بەراورد لە نێوان پاشاکان و پاشای وڵاتی مەغریب "ئەبو عەنان" دەکات. (وەرگێڕ)

ئەمیرەکانی میسر

یەکێك لە ئەمیرەکان کە بە ناوبانگ بوو "بەکتمۆر" بوو، لە ئاوگێرەکانی مەلیك ناسر بوو بەڵام دواجار مەلیك ناسر بە ژەهر کوشتی و لە دواییدا باسی دەکەین، لەوانی تر جێگری مەلیك ناسر بوو ناوی "ئەرغۆن دەودار" بوو، لە پلەداریدا لە بەکتمۆر نزمتر بوو هەروەها "توشت"ی ناسراو بە "حومس لئەخزەر" لە باشترین ئەمیرەکانی دەوڵەت بوو، کەسێکی خێرخواز بوو، هەمیشە بە پارە و جلوبەرگ و خواردن یارمەتی هەژار و بێ باوکەکانی دەدا موچەی تەرخانکردبوو بۆ ئەو مامۆستایانەی خەڵکیان فێری خوێندنی قورئان دەکرد جگە لەوەش یارمەتییەکی بێشوماری پێشکەش بە تایەفەی (حەرافیشەکان) دەکرد ئەمانە کۆمەڵەیەکی گەورە و بەهێز و بەتوانا بوون لەگەڵ ئەوەشدا بەدڕەوشت و خراپەکار بوون، بۆیە پێیان دەوترا: حەرافیش چونکە زۆر بە دەست و بەغیرەت بوون لە بەرامبەر فەرمانڕەوا و دەسەڵاتداراندا، جارێکیان مەلیك ناسر یەکێکی لێیان زیندانی کرد، بە هەزران کەس لە حەرافیشەکان لە ژێر قەڵای مەلیك ناسردا کۆبوونەوە و هاواریان دەکرد: ئەی خەوالّوی شەل، مەبەستیان مەلیك ناسر بوو، دەری بکە لە زیندان لە ترسانذا ئازادی کرد!.

جگە لەوانەی باسیانم کرد "بەدرەدینی کوڕی بابە" هەبوو لەگەڵ "بەهادر حیجازی" و "قۆسۆن" و "بشتەك" و "جەمالەدینی جێگری کەرەك" و ئەمیر "دۆقۆز دومور" دەموریش بە زمانی تورکی واتا: ئاسن، هەریەك لەمانە کەسانی خێرخواز و دیندار بوون کێبرکێیان دەکرد لە دروستکردن و ئاوەدانکردنەوەی مزگەوت و خانەقاکاندا. کەسێکی تر هەبوو بە ناوی "فەخرەدین قیبتی" نووسەری مەلیك ناسر بوو پێشتر نەسرانی بوو لە ئەقباتەکان بەڵام ببوو بە مسوڵمان و زۆر پابەندبوو بە ئیسلامەوە خاوەنی سیفەتی جوان و ناوازە بوو، هەموو رۆژێك لە

مەغریبدا لە حەوشەی مالّەوە دادەنیشت لە نزیك ڕوبـاری نیـل و نوێـژی دەکـرد، ئەوجا دەگەڕایەوە بۆ مەجلیس و دادەنیشتن، کاتێك خـواردن دەهـات هـەر کـەس ئامادە بووایە لە دەرگای بدایە خواردنی دەخوارد ئەگەر ڕێبوار و هەژاریش بووایە ڕێگری نەدەکرد، ئەگەر کەسێك هەر پێویستییەکی هەبووایە و داوای لێی بکردایە بۆی جێبەجێ دەکرد، تەنانەت ئەگەریش داوای پارەی بکردایە ئەوا خزمەتکارەکەی ڕادەسپارد کە ناوی "بەدرەدین" بوو لە خەزێنە چەند درهەمێکی دەدایە هێنـدەی پێویستی ڕۆژانە زانا و فەقیهـەکانی خۆشدەویسـت و لایـان دادەنیشـت ئـەوانیش بوخاری و زانستەکانی تریان بۆ دەخوێنـدەوە تـا کـاتی نوێـژی خـەوتنان، پاشـان خەڵکی هەڵدەسان و کۆتایی بە دانیشتن دەهات.

دادوەرەکانی میسر

لە دادوەرە ناوداڕەکـانی پێشـەوا "بـەدرەدینی کـوڕی جەماعـە"بوو دادوەری گشتی وڵات بوو لە هەموویان زیاتر پێگە و ڕێزی هەبوو دەیتـوانی دادوەر لەسـەر کار لابدات ودایبمەزرێنێت کوڕەکەی ناوی "عەزەدین" بوو ئێستا کـاری دادوەری پێڕاسپێراوە، لە دادوەرەکانی تر "سالّح تەقییەدین ئەخنائی"ی دادوەری مەزهەبی مالیکی بوو لەگەڵ ئیمام "شەمسەدین حەریری" کە پیاوێکی زۆر بـەهێز و تونـد بوو لە بڕیاردانا هیچ کات لە لۆمەی لۆمەکاران نەدەترسا، ڕۆژێکیان ئەوەیان بۆم باسکرد کە مەلیك ناسر ڕۆژێك لە مەجلیسدا دانیشتبوو دەیـوت: مـن لـە کـەس ناترسم جگە لە شەمسـەدینی حـەریری نـەبێت، هـەروەها لـە دادوەرەکـانی تـری مەزهەبی حەنبەلی کە مـن نەمدەناسـی پێیـان دەوت: "عـەزەدین"!. لـە کـاتی بەڕێوەچوونی کارەکانی دادگادا مەلیك ناسر ڕەحمەتی خوای لێبێت هەموو ڕۆژێکی دووشەمە و پێنجشەمە خـۆی و چـوار زانـا دادەنیشـتن و لـە کێشـەی خـەڵکی و سـتەملێکراوەکانی دەکۆڵییـەوە داوای دەکـرد سـکاڵای خـەڵکی بخوێننـەوە تـا گوێبیسـتی گرفتـەکانیان بێـت!. بـەڵام ئـەو ڕێگایـەی ئـەمیر و پشـت و پـەنای

باوەڕداران "ئەبی عەنان" گرتوبەتیەبەر لە بواری دادوەریدا وێنەی لە دونیادا نییە، چونکە هێندە حەقخوازە خۆی راستەوخۆ گوێبیستی ستەملێکراوان دەبێت.

ڕێوڕەسمی دادوەری لە سەردەمی مەلیك ناسر بەم شێوەیە بوو، یەکەمجار دادوەری بەتوانا و زانای مەزهەبی شافیعی دادەنرا، دواتر مەزهەبی حەنەفی و مالیکی و لە کۆتاییدا مەزهەبی حەنبەلی بوو، کاتێك شەمسەدین حەریری کۆچی دواییکرد، زانایەکی مەزهەبی مالیکی کە ناوی "بورهانەدین عەبدولحەق حەنەفی" بوو شوێنی گرتەوە هەندێك لە ئەمیرەکان ئەو شتەیان پێ قبوڵ نەکرا و بە مەلیك ناسریان ووت: دەبێت مەجلیسی مالیکی لە سەرەوە بێت چونکە هەر لە کۆنەوە دابونەریت بەو شێوەیە هاتووە، دەبێت دادوەری مالیکی "زەینەدین مەخاوف" یەکەم بێت و لە دوای ئەو "تەقیەدینی کوڕی دەقیقولعید"ی شافعی بێت، بۆیە مەلیك ناسر دەستووریدا بەو شێوەیە بێت، بەڵام کاتێك دادوەری حەنەفی بەوەی زانی، بڕیاریدا بەشداری دانیشتنە دادوەرییەکان نەکات، کاتێکیش مەلیك ناسر ئەوەی بیست، تووڕە بوو فەرمانیدا بە زۆر بیهێنن بۆیە هەر زوو پاسەوانە تایبەتەکانی مەلیك دەستی دادوەریان گرت و بە زۆر لە مەجلیسەکەدا دایانیشاند، ئیدی لەوەبەدواوە مەجلیسی دادوەری بەو شێوەیە مایەوە.

هەندێک لە زانا و ناودارەکانی میسر

لەوانە "شەمسەدین ئەصبەهانی"[1] ئیمامی دونیایە لە مەعقولات لەگەڵ "شەرەفەدین زەواوی مالیکی" و "بورهانەدین"ی (کچەزای شازەلی) جێگری دادوەری گشتی مزگەووتی سالحیە بوو هەروەها "روکنەدینی کوڕی قوبەعی

---

[1] محەمەدی کوڕی عەبدورحمان ئەبو سەنای ئەسفەهانییە، زانا بووە لە بواری زانستە عەقلێکان ، لە ئەسفەهان لەدایك بووە هەر لەوێش خوێندنی تەواو کردوە خاوەنی کتێبی"(تفسيرة) لەگەڵ(تشيد القواعد) و(شرح فصول النسفي) ...هتد(رحلة إبن بطوطة شرحه وكتب هوامشه ، طلال الحرب ، دار الكتب العلمية ـ بيروت ٢٠٠٧م ص٦٣)

تونسی" یەکێکی تر بوو لە پێشەواکانی مەعقولات جگە لەوانەی باسیانم کرد "شەمسەدینی کوڕی عەدلان" هەبوو گەورە زانای شافیعی بوو لەگەڵ فەقیهی بەناوبانگی ولاتی میسر "بەهائەدینی کوڕی عەقیل" بەڵام "ئەسیرەدین ئەبو حەیانی محەمەد کوڕی یوسفی کوڕی حەیانی غەرناتی" لە هەموویان زیاتر شارەزا بوو، بەتایبەتی لە زانستی زمانەوانیدا (نحو). هەندێك زانای تر هەبوون لە سەربانی مزگەوتی ئەزهەر نیشتەجێ بوون، لەوانە "سالح بەدرەدین عەبدوڵڵا ئەلمەنوفی" و "بورهانەدین سەفاقسی" و "قەوامەدینی کرمانی" کۆمەڵێك لە زانا و قورئانخوێنەکان دەهاتن و لە "قەوامەدین"ەوە فێری هونەری زانستەکان دەبوون، هەروەها هەندێك جاریش فەتوای دەدا لە سیفەتیدا وابوو پۆشاکێکی رەشی سوفی زبری دەپۆشی لەگەڵ میزەرێکی رەش دوای نوێژی عەسر دوور لە هاوڕێکانی دەچوو بۆ گەڕان و پشودان.

جگە لەوانەی باسکران "سەید شەریف شەمسەدین"ی کچەزای تاجەدینی کوڕی حەنا هەبوو بە گەورەی هەموو قورئانخوێنەکان دادەنرا لە ولاتی میسردا، لەگەڵ "مەجدەدین ئاکسەرای" کە لە رەچەڵەکدا خەڵکی ولاتی رۆم بوو خزمەتکارەکەی ناوی "سەریاقس" بوو لەگەڵ شێخ "جەمالەدینی حوەیزائی" خەڵکی حویزا بوو سێ رۆژ لە بەسرەوە دوور دەبێت. لەو زانایانەی کە لە یادمدا ماون "بەدرەدینی حوسەینی" بوو لە گەورە زاناکانی ولاتی میسر بوو هەروەها ئەمینداری دارایی بوو چونکە پارە و پوڵی مامۆستاکانی قوبەی ئیمامی شافیعی لای ئەو بوو، لەگەڵ "مەجدەدینی کوڕی حەرمی" و "نەجمەدین سەهرەتی" ئەمەی دواییان خاوەنی پێگەیەکی زۆر مەزن بوو لە میسردا چونکە بە فەقیهێکی مەزن دادەنرا.

ڕۆژی بارکردن یان بارکراو

ڕۆژی سوڕانەوەی حوشترەکان و چۆنێتی ڕێکخستنیان بوو، بەم شێوەیە دەبوو دادوەری هەر چوار مەزهەبەکە و ئەمینداری خەزێنەی وڵات و سەرکردەکان لەگەڵ زانا و فەقیهەکان و کاربەدەستەکانی وڵات، هەموویان سواری حوشتر بن و دەچوونە بەردەم دەرگای قەڵای مەلیك ناسر، ئنجا ئەو ئەمیرەی کە سەرکردایەتی کاروانی حاجیانی مالّی خودا دەکات دەهاتە دەرەوە، لەگەڵ کۆمەڵێکی زۆر لە سەرباز و ئاوگێڕ و ئەوانەی لەسەر پشتی حوشترەکانیان ئاویان دەبەخشانەوە بەسەر حاجیانی مالّی خوادا، لەگەڵ ئەوەدا خەڵکێکی زۆر لە پیاو و ژن کۆدەبوونەوە، ئەوانەی مەبەستی حەجی مالّی خودایان هەبوو، ئەوانیش هەر لەسەر پشتی ئاژەڵەکانیان دەسووڕانەوە، وەك ئامادەکارییەك بۆ ڕۆژی دەرچوون.

جا ئەمانەی کە باسیانم کرد لە شاری قاهیرە و میسر بوون، لە کاتی بەڕێکەوتن بۆ حەج پێشڕەوی دەکەن ڕۆژی دەرچونیش لە مانگی ڕەجەبدا دیاری دەکرا، لەو کاتەدا خەڵکی بە خۆشی و شادییەکی زۆرەوە بەرەو مالّی خوا بەڕێدەکەوتن، هەموو لایەك لە ئامادەباشیدا دەبوون بۆ گەیشتن بە لوتفی خودا، سەفەری منیش لە میسرەوە دەستیپێکرد بۆ ناوچەی سەعید و لەوێوە بۆ حیجازی شەریف، شەو لە (ریبات) مامەوە، لەو شوێنەی "ساحیب تاجەدینی کوڕی حەنا" بە قوڕ و دار ئاوەدانییەکی گەورەی لێ دروست کردبوو، هەندێك لە پاشماوە پیرۆزەکانی پێغەمبەری ﷺ لێبوو وەك پارچەیەك لە قاپەکەی و ئەو دارەی کە چاوی پێ دەڕشت، لەگەڵ ئەو دەزگایەی کە نەعلی پێ دروست دەکرا هەروەها موسحەفی پیرۆزی ئەمیری باوەڕداران "عەلی کوڕی ئەبی تالیب"یشی لێبوو کە بە دەستی خۆی نوسیوێتی خودای لێ ڕازی بێت. دەڵێن: "ساحیب" هەموو ئەوانەی بە سەد هەزار درهەم کڕیوە، ئەو شوێنەی بۆ دروستکردبوو خواردن و خواردنەوەشی پێشکەش بە ڕێبواران دەکرد، لەگەڵ بڕینەوەی موچە بۆ خزمەتکارەکانی.

پاشان بەڕێکەوتمەوە بۆ مەنیەی قاید لەسەر رۆخی نیل بوو لەوێشەوە بۆ شاری بوش، ئەو شارەی کە زۆرترین بەرهەمی لۆکەی کەتانی هەبوو، بەرهەمی ئەم ناوچەیە رەوانەی شارەکانی تری میسر و ولاتی ئەفریکا دەکرا پاشان سەفەرم کرد بۆ شاری دالاسە ئەم شوێنەش لۆکەی زۆری لێ بەرهەم دەهات، دووبارە کەوتمەوەڕێ تا چوینە شاری "بەبا" لەوێوە بۆ "بەهنەسا" کە شارێکی گەورە بوو باخچە و دارستانێکی زۆری لێبوو، لەم شارە پۆشاکی سوفی دروست دەکرا کە بە باشترین پۆشاك دادەنرا، هەر لەوێ چاوم بە دادوەری شارەکە کەوت، کەسێکی زانا بوو، خۆم پێناساند و لەگەڵ شێخ "سالح ئەبا بەکری عەجەمی" لە مالی ئەودا چەند رۆژێك مامەوە و میوانی ئەو بووین، دوای پشویەك خۆم گەیاندە شاری مەنیەی ئیبن خەصیب[1]، شارێکی گەورە و فراوان بوو لەسەر رۆخی نیل، مزگەوت و خانەقا و قوتابخانەیەکی زۆری لێ دروستکرابوو.

چیرۆکی خەصیب

دەگێڕنەوە یەکێك لە خەلیفەکانی عەباسی زۆر لە خەڵکی میسر تووڕە دەبێت، بڕیاردەدات کەسێك بکات بە والییان کە زۆر ئازاریان بدات و بیانچەوسێنێتەوە، بۆیە بڕیاریدا یەکێك لە کۆیلەکانی بە ناوی "خەصیب" بکات بە والییان، کە پیشەی حەمامچی بوو کەسێکی بێزراو و پشتگوێخراو بوو کرا بە گەورەی میسر بەو هیوایەی ئازاری خەڵکی میسر بدات، چونکە کەسێکی وەها ئاست نزم بگات بەو پلە بەرزە، گومان ناکرێت کاری باش ئەنجام بدات، بەڵام بەپێچەوانەوە والییەکی زۆر باش دەبێت لە هەڵسوکەووتیدا، بۆیە خەڵکی میسر زۆر ستایشی خەلیفەیان کرد بۆ ئەو کارەی، دەڵێن: هەندێك لە خزمە نزیکەکانی خەلیفە دەچوون بۆ لای و ئەویش پاداشتیانی دەکرد و ئنجا دەگەڕانەوە، تا کار گەیشتە

---

[1] ئەمرۆ پێی دەڵێن شاری (منیا)، سەنتەری پارێزگای (مەنیایە) لە سەعیدی میسری. (تحفة النظار ، قدم له و حققه، محمد عبدالمنعم و مصطفى القصاص ، دار احياء العلوم ـبيروت ۹۸۷ ۱م ، ص٦٦) .

ئەوەی هەندێکیان لە خۆشیدا لە میسردا مانەوە و نەگەڕانەوە، تا دوای ماوەیەکی زۆر خەلیفە هەستی کرد کە بەشێك لە کەسە نزیکەکانی دیار نین.

هەوالّیان پێدا کە چوونە بۆ میسر بۆ لای "خەصیب" و ئەوەیان بۆ گێڕایەوە کە خەلّکی میسر زۆر سوپاسگوزاری ئەوەن کە کەسی وای داناوە، دەلّێن: خەلیفە زۆر تووڕە دەبێت و بڕیار دەدات لە دەسەلاّت لای بدات و چاویشی دەربهێنێت، کاتێك خەصیب بەم هەوالّە دەزانێت، پارچەیەك لە ئەلّماسی گرانبەها لە ناو پۆشاکەکەی دەدوڕێت و دەیشارێتەوە، ئیدی دوای ماوەیەك کاربەدەستانی خەلیفە بڕیاری دەرهێنانی چاوی جێبەجێ دەکەن و لە بەغدا لەسەر شەقام فرێی ئەدەن، یەکێك لە شاعیرەکانی بەغداد تەماشای دەکات و دەلّێت: ئەی خەصیب من لە بەغداوە هۆنراوەم بۆ تۆ ئامادە کرد، تا تۆ لە میسر گوێبیستی بیت، بەلاّم وا رێککەوت بەو شێوەیە بتبینم، ئەویش دەلّێت: من گوێ لە چی بگرم ئەوا حاڵم دەبینی، شاعیرەکە دەلّێت: تۆ کاری خۆت کردوە و یارمەتی خەلّکیت دا خودا پاداشتت بداتەوە، بەلاّم من ئارەزوو ئەکەم هەر بۆتی بخوێنمەوە. پێی دەلّێت: فەرمو بیخوێنەوە:

أنت الخصيب وهذه مصر　　فتدفقا فكلاكما بحـــر

دەلّێن: شاعیرەکە بەردەوام دەبێت تا کۆتایی هۆنراوەکە، خەصیب زۆر کاریگەر دەبێت بە هۆنراوەکە پێی دەلّێت: وەرە ئەو پۆشاکەم بدرێ، کاتێك ئەوە دەکات و پارچە ئەلّماسەکە دەردەهێنێت و پێشکەشی دەکات، شاعیریش دەیبات بۆ لای زێڕنگەرەکانی بەغداد، ئەوان دەلّێن: ئێمە ناتوانین ئەو ئەلّماسە بکڕین جگە لە خەلیفە نەبێت، ئەو بەردە زۆر گرانبەهایە ئەم هەوالّە لەگەلّ شاعیردا بەرزدەکەنەوە بۆ لای خەلیفە، ئەویش ئەو رووداوە بۆ خەلیفە باس دەکات، خەلیفە زۆر دلّگران دەبێت لەوەی بەسەر خەصیبی هێنا، بۆیە بڕیار دەدات بە باشترین شێوە پاداشتی بداتەوە، کاتێك ئامادەی دەکەن پێی دەلّێت: چیت دەوێت بۆتی جێبەجێ دەکەم؟. خەصیب داوا دەکات (مەنیە)ی بداتێ تا لەوێ بمێنێتەوە،

ئەویش رازی دەبێت، لەوێ دەمێنێتەوە تا ئەو کاتەی وەفات دەکات و نەوەکانی شوێنی دەگرنەوە.

ئەو کاتەی من گەیشتمە مەنیە، دادوەری شار ناوی "فەخرەدین نویری مالیکی" بوو، والییەکەشی ناوی "شەمسەدین ئەمیرخان کەریم" بوو، رۆژێکیان رۆیشتم بۆ گەرماو کە تەماشام کرد خەڵکی بە رووتی خۆیان دەشۆن، بێ ئەوەی عەورەتیان داپۆشن بەڕاستی نەریتێکی زۆر ناشیرین بوو، بۆیە رۆیشتمە لای والی و ئەو کارە ناشیرینەم پێ راگەیاند، ئەویش ووتی: بمێنەوە ئێجا فەرمانی دەرکرد بۆ ئەو کەسانەی سەرپەرشتی گەرماوەکان دەکەن کە نەهێڵن کەس بچێتە ژوورەوە بەبێ خۆداپۆشین. دوای ماوەیەك لە مانەوەم دواتر شاری مەنیەی ئیبن خەصیبم بەجێهێشت و بەرەو مەنلەوی بەڕێکەوتم شارۆچکەیەکی بچووك بوو دوو میل لە ڕوباری نیلەوە دوورە دادوەری ئەم جێگایە ناوی "شەرەفەدین دومیری" بوو لەسەر مەزهەبی شافیعی بوو، لەم شوێنەدا هۆزێکی گەورەی لیبوو پێیان دەوتن: (بەنی فوزەیل)، یەکێکیان مزگەوتیکی دروستکردبوو، هەرچی مالّ و سامانەکەی هەبوو تێیدا خەرجکردبوو، لەوێ زیاتر لە یانزە دەزگای گوشینی قامیشی شەکری لێبوو، لە نەریتیاندا وابوو، کە هەر کەسێك هەژار بوایە رێگرییان لێی نەدەکرد و ئازادبوو لەوەی بچێتە ژوورەوە بە ئارەزووی خۆی شەکری دەخوارد ئەگەر کولێرەیەکی گەرمی پێبوایە دەیخستە نێو ئەو مەنجەڵەی کە شەکرەکەی تێدا دەکوڵێندرا تا دەئاوسا و ئنجا دەریدەهێنا!، گەشتم دەستپێکردەوە لە مەنلەوییەوە بۆ (مەنفەلّوت)، شارێکی قەشەنگ و جوان بوو ئاووهەوایەکی سازگاری هەبوو، تا بڵێی شوێنێکی بەپیت بوو دەکەوتە سەر کەناری نیل.

مینبەرەکەی مەلیک ناسر

خەڵکی مەنفەڵوت پێمیان ووت: مەلیك ناسر رەحمەتی خوای لێبێت، فەرمانی کردوە بە دروستکردنی مینبەرێکی مەزن و قەشەنگ لە وێنەی مزگەوتی حەڕەم، کاتێك ئەم کارە ناوازەیە تەواو بوو فەرمانیدا بە گواستنەوەی بە ڕوباری نیل پاشان لەوێوە بۆ ڕوباری جدە[1] دواتر بۆ شاری مەککەی پیرۆز، خودای گەورە مەلیك ناسر سەربەرز بکات و پشت و یاوەری بێت بەڵام ئەم مینبەرە کە دەگاتە (مەنفەڵوت) بایەکی توند هەڵدەکات و ناتوانن رایبکێشن بۆ ڕوباری جدە بۆیە پێشنیاز دەکەن بۆ مەلیك ناسر کە ئەو مینبەرە جوانە لەوێ لە مزگەوتی شارەکە دابنێن، ئەویش رازی دەبێت، هەر لەم شاردا جۆرە خواردنێك لە گەنم دروست دەکرا وەك هەنگوین وابوو چێژ و تامێکی ناوازەی هەبوو، پێی دەوترا (نیدا) و لە بازاڕدا دەفرۆشرا. گەشتم لەم شارەوە دەست پێکردەوە بۆ ئەسیوت دادوەرەکەی ناوی "شەرەفەدین عەبدولڕەحیم" بوو نازناوی(هیچ شتێك نەماوە بیدرێتێ) یاخود شتێکمان دەست نەکەوتووە تا بیدەینێ چونکە لە میسر و شام پارە و سەدەقات بەدەستی دادوەرەوە بوو هەر کاتێك هەژارێك بچوایە بۆ لای ئەویش دەیوت: شتێك نەماوە بیدرێتێ ئیتر ئەم نازناوە بەسەریدا دابڕا.

لە زانا بە ناوبانگەکانی ئەم شوێنە "شەهابەدین ئیبن سیباغە" بوو بووینە میوانی بۆ ماوەیەك لە خانەقاکەی ماینەوە، دوایی ڕۆیشتین بۆ شاری (ئەخمیم) شارێکی ناسراو بوو زۆریش کۆنە هەستت دەکرد جێ دەستی عەجەمی پێوە دیارە، شوێنێکی لێبوو پێیان دەووت (بەرابی) لە ناوەوە نەخشە و نووسینی نەتەوەکانی پێشووتری تێدابوو، بەڵام کەس لەو نووسراوانە تێنەدەگەیشت، لەگەڵ وێنەی

---

[1] دەریای سوورە . (وەرگێڕ)

ئەستێرەکان و گەردوون دەیانوت: ئەم کارانە لە کاتێکدا دروستکراون کە باڵندەی هەڵۆ لە بورجی دووپشك بووە، خەڵکی لەم بارەیەوە قسەی بێ بنەما و درۆی زۆریان دەکرد، کە هیچ راستییەك هەڵناگرێت.

هەر لە ئەخمیم پیاوێك هەبوو ناوی "خەتیب" بوو زۆر دەوڵەمەند بوو هەوڵی دەدا ئەو شوێنەوارانە لەناوبەرێت هەندێکیانی تێکشکاند و بە بەردەکەی قوتابخانەیەکی دروستکرد خەڵکی حەسوود هەبوون ئیرەییان پێی دەبرد و دەیانوت: خەتیب ئەو مانڵ و سامانەی لەو شوێنەوارانەوە دەستکەوتووە، هەر لەم شارەدا چومە خزمەتی شێخ "ئەبی عەباسی کوڕی زاهیر"گۆری باپیری لەوێ بوو دوو برای هەبوو بە ناوەکانی" مەجدەدین و واحیدەدین" بۆ ماوەیەك لە خانەقاکەیاندا ماینەوە، لە نەریتیاندا وابوو، هەموو رۆژێکی هەینی و دوای نوێژ کۆدەبوونەوە لەگەڵیاندا "خەتیب نورەدین" دادەنیشت لەگەڵ منداڵەکانی و گەورە زانایانی شارەکە و خەڵکی، پاشان دەستیاندەکرد بە زکری خودا تا کاتی نوێژی عەسر و دوای نوێژیش سورەتی کەهف دەخوێندرایەوە و ئەوکات بلاوەیان لێ دەکرد.

لە ئەخمیمەوە خۆم گەیاندە شاری "هو" لەسەر ڕووباری نیل بوو زۆر گەورە و مەزن بوو بۆ پشودان چوینە قوتابخانەی "تەقیەدینی کوڕی سیراجەدین" تێڕامام لەوەی کە هەموو رۆژێك دوای نوێژی بەیانی حزبێك لە قورئان دەخوێنن، لەگەڵ وێردەکانی شێخ شازەلی، هەر لەم شارەدا ئەولیای خودا "سەید ئەبو محەمەد عەبدوڵڵای حەسەنی" هەبوو بۆ پیرۆزی گەیشتمە خزمەتی ووتی: بۆ کوێ دەچیت؟. منیش ئەوەم پێی ڕاگەیاند نیازی مالّی خودام هەیە لە ڕێگای جەدەوە بۆ مەککە ووتی: لەم کاتەدا ناتوانیت لەو ڕێگایەوە دەرباز ببیت باشتر وایە لە شامەوە بڕۆیت. گوێم پێ نەدا و بەردەوام بووم لە گەشتەکەم تا چومە (عیزاب) بەڵام بوار نەبوو بەردەوام بم، دووبارە گەڕامەوە میسر و پاشان ڕێگای شامم گرتەبەر تا گەیشتمە (قەنا) شارۆچکەیەکی دڵگیر بوو بازارێکی جوانی هەبوو گۆڕی "عەبدولڕەحیم قەناوی" لێبوو خاوەن پێگەیەکی تایبەت بوو کەراماتی هەبووە

بەهۆیەوە ناوبانگی دەرکرد بوو هەر لە قوتابخانەی سەیفیە نەوەکەییم بینی ناوی "شەهابەدین ئەحمەد" بوو.

دواتر گەشتم دەستپێکردەوە رۆیشتم بۆ (قۆس) شارێکی جوان بوو بازارێکی گەورەی هەبوو لەگەڵ باخ و بێستانی زۆر، سالآنە خەڵکەکەی بەروبومێکی بێشوماریان دەچنیەوە، هەروەها مزگەوت و خانەقای جوان و سەرنجڕاکێشی تێدا دروستکرابوو، لە دەرەوەی ئەم شارە خانەقای شێخ "شەهابەدین عەبدولغەفار"ی لێبوو لەگەڵ تەکێی (ئەفرامی) لە مانگی رەمەزاندا دەبووە پەناگەی هەژاران و بێ نەوایان جگە لەوەش لەو زانا ناودارانەی لەوێ بوون: دادوەر "جەمالەدینی کوڕی سەدید" بوو هەروەها وتاربێژ "فەخرەدینی کوڕی دەقیقولعید" بوو کە یەکێك بوو لە بەتواناترین وتاربێژەکان و کەم کەس هەبوو وەك ئەو زمانپاراو و بەهێز بێت لە قسەکردندا جگە لە خەتیبی مزگەوتی مەککەی پیرۆز "بەهائەدینی تەبەری" نەبێت لەگەڵ خەتیبی شاری خواریزم "حوسامەدینی مەشاتی" لە کاتی خۆیدا باسی هەردووکیان دەکەین. هەروەها "بورهانەدین ئیبراهیمی ئەندەلوسی"م ناسی ئەو کەسەی خاوەنی خانەقای (عالی)ە پاشان سەفەرم کرد بۆ ئەقسەر[1] شارەدێیەکی دڵگیر بوو گۆڕی خواناس و پیاوچاك ئەبی حەجاجی ئەقسەری لێبوو خانەقایەکی لەسەر دروستکرابوو، پاشان لەوێوە گەشتم کرد بۆ (ئەرمەنت)شارەدێیەکی جوان بوو هەر لەسەر رۆخی دەریا بونیاتنرا بوو دارستانێکی زۆری لێبوو، بووینە میوانی دادوەرەکەی ئێستا ناوەکەیم لە یاد نەوماوە، ئنجا رۆیشتین بۆ ئەسنا شارێکی گەورە و شەقامەکانی پانوپۆڕ بوون، کۆمەڵێك خانەقا و حوجرەی فەقێ و قوتابخانەی تێدا دروستکرابوو، لەوێ چومە مالّی دادوەرەکەی و رێزێکی زۆریشی لێ گرتم ناوی "شەهابەدین مسکین" بوو هەروەها لە زانا بەناوبانگەکانی "سالّح نورەدین عەلی" بوو هەروەها "عەبدولواحید میکناسی" بوو کە خانەقایەکی مەزنی هەبوو.

---

[1] پێیدەڵێن ئوقسور. (المصدر السابق ص ٧٠)

لە شاری قۆسەوە سەفەرم دەستپێکردەوە بەرەو ئەدفۆ[1] نیوان ئەم شارە و ئەسنا شەو و رۆژێك بوو، ڕێگاکەی بیابان بوو هیچ ئاوەدانییەکی لێ نەبوو بەڵام ئارام بوو لە حومیسرا لای گۆڕی "ئەبی حەسەنی شازەلی" بۆ پشو لاماندا، پێشتر باسی چیرۆکی ئەم زاتەمان کردوە کە خاوەنی کەرامات بووە لەو ناوچەیە کۆچی دوایی کردوە، دڕندەی زۆر بوو بەتایبەتی کەمتیار شەوێك تا بەیانی لەگەڵ کەمتیاردا شەڕمان بوو کە بەیانی بووەوە تەماشامان کرد ئەو پێداویستی و خواردنانەی لە هەمبانەکەماندا شاردبومانەوە رایانکێشابوو بۆ شوێنێکی دوورتر لە خۆمان دڕاندبوویان و زۆربەی خورماکەی نێویان خواردبوو، دوای بەردەوام بوون لە ڕۆیشتن بە ١٥ پانزە ڕۆژ گەیشتینە شاری عیزاب شوێنێکی مەزن بوو، ماست و نەهەنگی دەریایی زۆر بوو، بەڵام دانەوێڵە و میوەی لە ناوچەی سەعیدی میسرەوە بۆ ڕەوانە دەکرا، خەڵکەکەی نەریتیان سەیر بوو پێیان دەوترا (بیجات)[2] پۆشاکیان خاولییەکی زەرد بوو سەریان پەڕۆیەکی باریکیان پێوەی دەپێچا، کچ لایان میراتی وەرناگرت، خواردنیان شیری حوشتر بوو سواری (موهاری)[3] دەبوون پێیان دەوت: ئەصهوب، سێیەکی ئەم شارە بۆ مەلیك ناسر و سێیەکی تری بۆ پاشای بیجات بوو کە ناوی حەدرەبی بوو، لە شاری عیزاب مزگەوتیکی لێبوو بە ناوی قەستەلانی و زۆر بە ناوبانگ بوو بۆ پیرۆزی سەردانیم کردوە. هەر لەوێ "سالح موسا" و شێخی بەتەمەن "محەمەد مەراکشی" لێبوو دەیانوت: گوایە تەمەنی ٩٥ سالێ دەبێت و کوڕی "مەلیك مورتەزای" مەراکیش بوو، هەر لەو دەمەی لە عیزاب بووین "مەلیك حەدرەبی" سولتانی بیجات چوو

---

[1] ئەمڕۆ لەناو خەڵکیدا بە ئیدفۆ ناودەبرێت . (المصدر السابق ٧١)

[2] پێشیان دەوترێت (بوجە) ئەو هۆزانەن کە لە نێوان نیل و دەریای سووردان، هەندێکیان لە کۆماری میسردا دەژین و هەندێکیان لە ولاتی سودان، زۆربەیان زمانی عەرەبی بۆ ناخاوتن بەکارناهێنن. (المصدر السابق ص٧١)

[3] جۆرێکە لە حوشتر و زۆر خێرایە لە ڕۆیشتندا. (المنجد في اللغة و الاعلام، دار المشرق، بیروت . طبعة٣٤ص٧٧٧)

بە گژی تورکەکاندا و کەشتیەکانی ئەوانی تێکشکاند بۆیە پیاوانی تورك لە ترساندا هەڵهاتن ئێمەش بە ناچاری لەگەڵ ئەو عەرەبانەی پێشتر حوشترەکانمان لێیان کڕی بوو گەڕاینەوە بۆ ناوچەی سەعیدی میسری، پاشان رۆیشتین بۆ شاری قۆس کە پێشتر باسمان کردوە هێندە نەماینەوە، بە کەناری نیلدا کەوتینەوەڕێ ئەوکات ساتەوەختی هەڵکشانی ئاوەکەی بوو، بۆیە دوای هەشت رۆژ لە رۆیشتن لە قوسەوە ئنجا گەیشتینە میسر و شەوێك تێیدا ماینەوە.

دوبارە بەڕێکەوتینەوە بۆ ولاّتی شام لە ناوەڕاستی مانگی شەعبانی ساڵی ٧٢٦ ك بە شاری بەلبیس گەیشتم، شوێنێکی تابڵێی جوان و مەزنە پڕ بوو لە داری میوە بەڵام کەسم نەبینی شایەنی باس کردن بێت پاشان چوینە سالّحیە و لەوێوە بۆ زەوییە لماوییەکان کاتێك گەیشتمە ئەوێ بۆ پشو لە مالّەکانی (سەوادە و واریدە و موتەلیب و عەریش و خروبە) لامانداهەموو ئەمانە خانی تایبەتی خۆیان هەبوو بۆ بەکرێدان و شوێنی حەوانەوە بۆ ئاژڵ هەروەها فرۆشگای لێبوو رێبواران پێداویستییان بۆ خۆیان و ئاژەڵەکانیان لێی دەکڕی.

لەو مالاّنەی کە زەکاتی تێدا وەردەگیرا لە خەڵکی بازرگانان پێیان دەوت (قەتیا)[1]، زۆر بە تونديکەلوپەلەکانی تێدا دەپشکنرا بە مەبەستی وەرگرتنی باج، شوێنی تایبەتی تەرخان کرابوو بۆ کرێکار و باجگر و قەڵەم و دانانی دیوان و تۆمارکردنی داهاتیان رۆژانە هەزار دیناری ئالّتونیان دەست دەکەوت، هەر کەسێك لە نێوان شام و میسردا هاتووچۆی بکردایە دەبووایە هەردوولا دڵنیابوونایە لێی ئەویش بۆ پاراستنی رێگا بوو لە خەڵکی خراپ و سیخوڕ، کاتێك شەو دەهات گسك لە لمی رێگا دەدرا تا هیچ شوێنەوارێکی هاتووچۆی پێوە دیار نەمێنێت لە

---

[1] یاقوتی حەمەوی باسی کردوە ناوەکەی لەوەوە هاتووە کەسێك شتێك لە خەڵکانێك وەرگرێ لە زمانی عەرەبی پێیدەوترێ " تقطی" (تقطیتُ علی القوم إذا تطلبتهم حتی تأخذ منهم شیء) (معجم البلدان ، مج٤ ص٣٧٨)

بەیانی زودا ئەمیر بۆ خۆی دەهات و تەماشای بیابانی دەکرد کە شوێن پێی پێـوە دیارە یان نا ئەگەر دیا ڕیوایە فەرمانی دەرئەکرد بە گرتنی کەسی غەریبە.

ئەو دەمەی من گەیشتمە ئەم ناوچەیە، ئەمیرەکەی ناوی "عەزەدین ئوستازدار قوماری" بوو باشترین کەس بوو لە کارگێڕیدا، بوینـە میـوانی و زۆریـش ڕێـزی گرتین، هەروەها ڕێگای بۆ خۆم و هاوڕێکانم کردەوە پیاوێکی لێبوو لەگەڵ ئەمیردا کاری دەکرد خـەڵکی وڵاتـی ڕۆژئـاوا (مـەغریب) بـوو زۆر شـارەزای ناوچـەکانی ڕۆژئاوا بـوو نـاوی "عەبدولجـەلیلی مـەغریبی وەقـاف" بـوو هەرکـەس بهاتایـە پرسیاری لێی دەکرد و بەهیچ شێوەیەك ڕێگری لە خەڵکی وڵاتانی ڕۆژئاوا نەدەکرا لە هاتن و ڕۆیشتن، بەردەوام بووین لە سەفەر و میسرمان جێهێشت.

ناوچـــەکانی شام و غـەزە

چومە غەزە یەکەم ئاوەدانی بوو لە وڵاتی شام خانوو باڵەخانەیەکی زۆری تێـدا دروستکرا بوو بازاڕی قەشەنگ و جوان و مزگەوت و قەڵای زۆری تێـدابوو ئـەوەی ئێستا نوێژی هەینی تێدا دەکرێت ئەمیری گەورە "جاولی" دروستیکردوە دیـواری بەهێز و پتەوە لەڕووی بیناوە جوان و سەرنجڕاکێشە مینبەرەکەی لە بـەردی بـەرخ دروستکرابوو، هەروەها دادوەرەکەی ناوی"بەدرەدینی سەڵخەتی"حۆرانی بوو بەڵام لە مامۆستا بە ناوبانگەکانی "عیلمـەدینی کـوڕی سـالم" و "شەمسـەدین قـازی قودس"ی بوون.

پاشان لە غەزەوە کۆچم کرد بۆ شاری (خەلیل) شوێنێکی بچووك بوو بەڵام زۆر بەرخ بـوو دەکەوتـە نێـو دۆڵێکـەوە مزگـەووتیکی لێبـوو لـە بـەردی داتاشـراو دروستکرابوو یەکێك لە پایە بەردەکانی سی وحەوت بسـت دەبـوو دەڵـێن: گوایـە پێغەمبەر سولەیمان سڵاوی خودای لـێبێ فـەرمانی کـردوە بـە پەریـەکانی و ئـەو مزگەوتەیان بۆ دروستکردوە، هەر لەوێ گـۆڕی ئیـبراهیم و ئیسـحاق و یـەعقوبی لێبوو بەرامبەریان سێ گۆڕی تر هەبوون هی خیزانەکانیان بوون بەڵام بـە تەنیشـت

مینبەرەکەیەوە شوێنێك هەبوو پەیژەیەکی لێبوو لە بەرد دروستکرابوو و دادەبەزی بۆ ڕێگایەکی تەسك، دواتر گۆڕەپانێك دەهاتە پێشت زەوێکەی مەڕمەڕی روخام بوو کە وێنە و پاشماوەی هەر سێ گۆڕەکەی لێبوو، هەروەها ڕێچکەیەکی تر هەبوو دەتیگەیاند بە ئەشکەوتی (مویارەك) چەند جارێك بینیومە.

بەڵگە لەسەر ئەوەی ئەو سێ گۆڕە ئەوەیە کە لە ئەبی هورەیرەوە ڕیوایەت کراوە دەڵێت: پێغەمبەرﷺ فەرمویەتی: ((کاتێك لە شەوی ئیسرا و میعراجدا چومە قودس، جیبریل گۆڕی ئیبراهیمی پێشاندام، فەرموی دابەزە دوو رکات نوێژ بکە، ئەوە گۆڕی باوکت ئیبراهیمە دوایی بردمی بۆ بەیتوللەحم و فەرموی: دابەزە دوو رکات نوێژ بکە لەوێدا براکەت عیسا لە دایك بووە سڵاوی خودای لێبیت، پاشان بردمی بۆ سەخرە...))، کاتێك لەوێ چاوم بە مامۆستای خواناس و بەتەمەن "بورهانەدین جەعبەری" کەوت، کە کەسێکی شارەزا و پێشەواو بە تەمەن بوو پرسیارم لێکرد ئایا راستە ئەوە گۆڕی ئیبراهیمە سڵاوی خودای لێبێت؟، لە وەڵامدا ووتی: هەموو ئەوانەی من پرسیارم لێیان کردوە لە خەڵکی زانا تێکڕا ئەوەیان پشتڕاست کردوەتەوە، کە ئەوانە گۆڕی ئیبراهیم و ئیسحاق و یەعقوبن و هیچ کەس ئەوەی ڕەتنی نەکردۆتەو جگە لە ئەهلی بیدەع نەبێت، لە سەلەفەوە نەقڵ کراوە بۆ خەلەف و گومانی تێدا نییە هەروەها لە ناوەوە گۆڕی حەزرەتی یوسفیشی لێیە. دەگێڕنەوە کە یەکێك لە پێشەواکانی ئەم ئومەتە هاتۆتە ئەم ئەشکەوتە و لە لای گۆڕی ساراوە وەستاوە پیاوێکی بەتەمەنیش پرسیاری لێکردوە کامیان گۆڕی ئیبراهیمە لە وڵامدا ئاماژەی بە گۆڕەکەی کردوە کە ناسراوە، دواتر لاوێك و منداڵێك هەمان پرسیاریان کردوە ئەویش هەمان وڵامی داوەتەوە ، وتوێتی شاهیدی ئەدەم کە ئەوە گۆڕی ئیبراهیمە .!

لە ڕۆژهەڵاتی خەلیلەوە (توربەی لوت) هەبوو لەسەر گردێکی بەرز بوو باڵەخانەیەکی جوان و قەشەنگی سپی لەسەر دروستکرابوو هیچ پەرژینێکی نەبوو هەر لە نزیکییەوە دەریاچەی لووتی لێبوو کە ئاوەکەی شوێر بوو، دەڵێن: ئەو

شوێنە قەومی لووتی لێ ژیاوە کەمێك دەڕۆیشتیت (مزگەوتی یەقین) هەبوو ئەمیشیان لەسەر گردێك دروستکرابوو لە نزیك دەرگاکەیەوە شوێنێکی نزم هەبوو لە بەردێکی بەهێز دروستکرابوو شێوەی میحرابی هەبوو تەنها جێگای یەك کەس دەبوو نوێژی لێ بکات دەڵێن: کاتێك قەومی لوت بەو سزایە لە ناوچوون ئیبراهیم سوجدەی شوکری تێدا ئەنجامداوە شوێنی سوجدەکەی کەوتووەتە جولّە و پاشان لە زەویدا چەسپاوە هەر لە نزیك مزگەوتی یەقین ئەشکەوتیکی لێبوو گۆڕی فاتیمەی کچی حوسەینی کوڕی ئیمامی عەلی تێدابوو رەزای خوایان لێبێت، لەسەر گۆڕەکەی تاشە بەردێکی روخام(کاشی)هەبوو بە پیتی جوان نووسرابوو: ((بسم الله الرحمن الرحيم للهِ العزة، وله ماذرأ وبرأ وعلى خلقه كتب الفناء وفي رسول الله اسوة)) ئەمە گۆڕی فاتیمەی کچی حوسەینە رەزای خوایان لێبێت. پاشان سەفەرم کردەوە بۆ شاری قودس لە رێگادا زیارەتی توربەی "یونس"م کرد، مزگەوتیکی لەسەر بونیادنرا بوو چومە شاری (بەیتە لەحم) شوێنی لەدایکبونی عیسا سڵاوی خوای لێبێت زۆر ئاوەدان بوو نەسرانیەکی زۆری لێبوو ئەم شوێنەیان زۆر لاپیرۆزە، گەیشتمە مزگەوتی ئەقسا کە سێیەم مزگەوتە خودا رێزی لێناوە ئەو شوێنەی پێغەمبەرﷺ لێوەی بەرزبووەتەوە بۆ ئاسمان لە سەردەمی "سەلاحەدین"دا خوا لێی رازیبێت کاتێك قودسی رزگار کرد هەندێك لە دیواری قەلاکانی روخاند هەروەها لە سەردەمی مەلیك زاهیردا زۆربەی دیوارەکانی روخاند تا خاچپەرستەکان نەیکەن بە جێگایەکی پەنا و تێیدا یاخی بن، ئەو شوێنە ڕوباری لێ نییە، لە سەردەمی ئەمیر "سەیفەدین تەنکیز"ی ئەمیری دیمەشقدا ئاوی بۆ راکێشرا.

مزگەوتی قودس

یەکێکە لە مزگەوتە ناوازەکان هیچ مزگەوتیکی تر نییە هێندەی ئەو مەزن بێت درێژیەکەی لە رۆژهەلاتەوە تا رۆژئاوا حەوت سەد و پەنجا و دوو گەز دەبوو،

پانیەکەی لە لای قیبلەوە بۆ ناوەوە چوار سەد و سی و پێنج گەز بوو، دەرگاکانی لە هەر سێ لاوە زۆر بوون، بەڵام لە لای قیبلەوە هیچ دەرگایەکم نەبینی جگە لە یەك دانە نەبێت، ئەویش لەوێوە ئیمام هاتوچۆی دەکرد هەرچی مزگەوت هەیە میچی نییە، تەنها قودس نەبێت هەیەتی زۆر بە جوانی و لەسەرخۆیی دروستکراوە و بە ئالتون و رەنگی هەمەچەشن رووپۆش کراوە!

قوبەتولصەخرە

دەگمەنترین گومەزێکە کە دروستکرابێت هەموو وەسفێکی جوانی تێدایە لە هەر لایەکەوە تەماشای دەکەیت هونەری تەلارسازی و داهێنان و ناسکی و وردەکاری پێوە دیارە و لە شوێنێکی بەرزدایە پەیژەیەکی لە بەردی روخامی بەنرخ بۆ دروستکرابوو دەرگاکانی شێوەی بازنەیی بوون و لە ژورەوە و دەرەوەدا بە جوانی بە ئالتون نەخشێنرا بوون کاتێك لە دوورەوە نیگات بۆ دەکرد هێندە زەرد و جوان بوو دەدرەوشایەوە، مرۆڤ ناتوانێت بە زمان وەسفی بکات هەر لە ناوەڕاستی قوبەتولصەخرەوە پێغەمبەرﷺ بەرەو ئەسمانِ رۆیشتووە، هەروەها ئەشکەوتیکی لێبوو ئەوەندەی ژورێکی بچووك دەبوو بەرزیەکەشی هێندەی بالأی مرۆڤێك دەبوو بە چەند پەیژەیەك دەچویتە خوارەوە هەر لەسەر صەخرە دوو پەنجەرەی لێبوو یەکێکیان لە ئاسنی پتەو دروستکرابوو ئەوەی تریان لە دار هەر لەوێ قەڵغانێکی هەڵواسراوی لێبووخەڵکی دەیانگوت قەڵغانی پێشەوا حەمزەیە .

هەندێك لە دیمەنە بینراوە پیرۆزەکانی قودس

(بەعدەوتی وادی) هەبوو کە بە دۆڵی جەهەنەم ناسرابوو دەکەوتە رۆژهەڵاتیەوە لەسەر گردێکی بەرز بوو دەڵێن: شوێنی بەرزبونەوەی عیسایە بۆ ئاسمان هەروەها گۆڕی "رابیعەی بەدەوی" لێبوو نەك (رابیعەی عەدەوی) بەناوبانگ بۆیە پێیان دەوت: بەدەوی وەك گەڕانەوە بۆ ئەو هۆزانەی کۆچ دەکەن هەر لە ناو ئەو دۆڵە

بەناوبانگەدا کلێسایەکی لێبوو لای خاچپەرستەکان پیرۆز بوو دەیانوت: گۆڕی "مەریەم"ی دایکی عیسای لێیە کلێسایەك نوێی تریشی تێدا دروستکرا بوو گاورەکان حەجیان بۆی دەکرد و باوەڕیان وابوو گۆڕی عیسا لەوێیە بۆ هەر حەجێك سوکایەتی کردنێك بوو بە مسوڵمانان پێیان خۆش بێت یان نا، هەر لەوێ شوێنی لەدایکبوون هەیە و بۆ پیرۆزی (تەبەڕوك) سەردانی دەکرێت!.

هەندێک لە کەسە پایەبەرزەکانی قودس

یەکێك لە گەورە زاناکان دادوەر "شەمسەدین محەمەدی کوڕی سالمی غەزیە"خەڵکی شاری غەزە بوو هەروەها وتاربێژ "عیمادەدین نابلوسی" لێبوو خەڵکی خۆشیاندەویست کەسێکی چاکەخواز بوو لەگەڵ "شەهابەدینی تەبەری" زانایەکی پایەبەرزی فەرمودەیە و لەگەڵ ئەوەشدا موفتی بوو جگە لەوانەی باسیانم کرد یەکێکی تر هەبوو بە مامۆستای مالیکیەکان ناسرابوو شێخی خانەقا بوو ناوی "ئەبو عەبدوڵڵا محەمەدی کوڕی مەسبەتی غەرناتیە" خەڵکی غەرناتە بوو بەڵام لە قودس نیشتەجێ بوو لەگەڵ زانای زاهید"ئەبو عەلی حەسەن" ناسراو بە مەحجوب لە گەورە پیاوانی سالحی بوو، چەند زانایەکی تر هەبوون لەوانە "کەمالەدین مەراغی" و "ئەبو عەبدولڕەحیمی کوڕی عەبدولڕەحمانی کوڕی موستەفا" خەڵکی (ئەروز)ی ولاتی رۆم بوو قوتابی "تاجەدین رەفاعی" بوو هاوڕێیەتیم کردوە کەسێکی سۆفی بوو.

دواتر سەفەرم کرد و چومە شاری (عەسقەلان) جێگایەکی دڵڕفێن بوو هاوشێوەی کەمە هەرچەندە وێران کرا بوو بەڵام دوای ماوەیەك دووبارە بە نەخشەیەکی جوانتر ئاوەدان کراوەتەوە هەروەها مەزارگای بەناوبانگی تێدابو وەك ئەو جێگایەی سەری ئیمام حوسەینی تێدا نێژراوە پێش ئەوەی بگوازرێتەوە بۆ قاهیرە و مزگەوتیکی تێدا دروستکرابوو بەرز و گەورە بوو بیرێکی ئاوی تێدابوو

ئەم مزگەوتە لەسەر بڕیاری هەندێك لە مەمالیکەکان دروستکراوە ئەوەش لەسەر دەرگاکەی نووسرا بوو. هەر لە لای قیبلەوە مزگەوتی عومەری تێدا دروستکرابوو، بەڵام هیچی نەمابوو جگە لە دیوارەکانی نەبێت لەگەڵ چەند کۆڵەکەیەك کە لە بەردی گرانبەهای مەڕمەڕ(رخام) بوون زۆر دیمەنیان جوان بوو یەکێك لە ستوونەکانی ناوی سوور بوو دەڵێن: گوایە گاورەکان دەیدزن و دەیبەن بۆ ولاتی خۆیان و لەپڕ دیار نامێنێت، دواتر کاتێك هەواڵ دەبیستن لە عەسقەلان دەبێت. هەر لە لای قیبلەی ئەم مزگەوتەوە بیرێکی ئاو هەبوو بە بیری ئیبراهیم ناسرابوو، بە پەیژە دادەبەزیت بۆ خوارەوەی، ڕێگایەك دەتیگەیاند بە ژوورێك لە هەر چوارلایەوە ئاو هەڵدەقوڵا ئاوەکەی زۆر نەبوو بەڵام شیرین بوو بۆ خواردنەوە بەکاردەهات خەڵکی باسی فەزڵی ئەم کانیەیان دەکرد. هەر لە عەسقەلان دۆڵی میرووڵەکانی لێبوو خودا لە قورئاندا باسی دەکات دەشتاییەکی گەورەی لێبوو شەهیدان و پیاوچاکانی تێدا نیژرا بوو هێندە زۆر بوون نە باس دەکرێت و نە دەژمێردرا، هەروەها کۆمەڵێك فەرمانبەر هەبوون، داهات و خێر و سەدەقاتی زیارەتکارانیان کۆدەکردەوە و دەیان نارد بۆ مەلیك ناسر لە میسر. دواتر چوینە شاری (ڕەملە) ئەم شوێنەش هەر فەڵەستینە مەزن و بە پیت و بەرەکەت بوو بازاڕەکەی ئێجگار دڵگیر بوو مزگەوتی سپی لێیە دەڵێن: گوایا سێ سەد پێغەمبەر لەوێ نێژراون ڕەزای خودایان لێبێت هەروەها بەناوبانگترین زانای لێبوو کە ناوی "مەجدەدینی نابلوسی" بوو، پاشان چومە نابلوس شارێکی مەزنە داری زیتونی زۆرە ڕۆنەکەی و بەرەکەی ڕەوانەی شام و میسر دەکرا جۆرە حەڵوایەك لەم جێگایە دروست دەکرا پێیان دەوت: خەروب[1] ڕەوانەی شام دەکرا چۆنێتی دروستکردنی: گیای خەروب دەکوڵێنرا و پاشان دەگوشرا دۆشاوەکەی ئەو حەڵوایەی لێ دروست دەکرا و بۆ بازرگانی ڕەوانەی ولاتی میسر و شام دەکرا هەروها بە

[1] خەروب: جۆرە گژوگیایەکی ناسراوە. (مختار الصحاح, محمد بن ابي بكر بن عبدالقادر الرازي، دار الكتب العربي ١٩٨٦ ، ص ١٧١)

شوتیش بەناوبانگ بوو مزگەوتیکی لێبوو لە ناوەڕاستی حەوشەکەیدا حەوزێکی ئاوی لێبوو دیمەنێکی قەشەنگی بەخشی بوو بە مزگەوتەکە. دوای ئەم شارە چوین بۆ (عەجلون) شوێنێکی جوانە و قەڵای مەترسیداری تێدایە، ڕوبارێك بە ناویدا دەڕۆیشت ئاوەکەی شیرین بوو لەوێوە گەشتم کرد بۆ لازقیە بە ناوچەی غوردا تێپەڕیم کە دەکەوتە نێوان دوو دۆڵەوە گۆڕی "ئەبو عوبەیدەی جەراح"ی هاوەڵی پێغەمبەر ﷺ لێبوو بە ئەمینداری زەوی دەناسرێت خانەقایەکی لێ دروستکرا بووخواردن و خواردنەوەیان پێشکەش بە ڕێبواران دەکرد شەوێك لەوێ ماینەوە و پاشان ڕۆیشتین بۆ شاری (قوسەیر) گۆڕی "موعازی کوڕی جەبەلی" لێیە ڕەزای خوای لێبێت، بۆ پیرۆزی سەردانیم کرد. ئنجا بار و هەنبانەمان پێچایەوە بە ڕۆخی دەریادا کەوتینەوەڕێ تا گەیشتینە شاری (عەککا)بەڵام بە هۆی جەنگەوە وێرانە بوو لە کاتی خۆیدا پێگەیەکی سەرەکی ئەفرەنجەکان بووە ئەوەی شایەنی باسە ئەم شاری عەککایە بە شاری قوستەنتینیە دەچوێنرێت هەروەها لە کاتی خۆیدا شوێنی کۆبوونەوەی کەشتیگەلی خاچپەرستەکان بووە لەلای ڕۆژهەڵاتیەوە کانیەك هەبوو بە ناوی عەینولبەقەرە (کانی مانگا) دەڵێن: گوایا خودای گەورە مانگای لەو کانیەوە خوڵقاندوە بۆ ئادەم، هەر لەم شارەدا مزگەووتیکی لێبوو کە تەنها میحرابەکەی مابوو، هەروەها گۆڕی پێغەمبەر "سالح"یشی لێیە سڵاوی خودای لێبێت.

پاشان چوم بۆ شاری(سور)هەندێکی وێران بوو لە دەرەوەیدا ئاوەدانیەکی لێبوو زۆربەی خەڵکەکەی (ئەرفاز) بوون (تایەفەیەکن وەك شیعە ـ وەرگێڕ) جارێکیان ڕۆیشتم بۆ ئەوێ و لەسەر ئاوێك لامدا و دەستنوێژم هەڵگرت، یەکێکیان هاتە لام و دەستنوێژی هەڵگرت و سەرەتا قاچی شووشت پاشان ڕوخساری مەسحێکی کەمی سەری کرد و نە ئاوی لە دەمی وەردا نە لە لووتی پێی ووتم: ئەگەر بینایەك دروستکرا دەبێت لە بن تەمەڵەوە دەست پێ بکرێت.

شاری سور هەمیشە بووە بە نمونەنەی ئەو شوێنانەی کە پارێزراو و ئارامن و

دوژمن بە ئاسانی ناتوانێت دەستی پێیان بگات چونکە لە سێ لاوە بـە ئـاو دەورە دراوە دوو دەرگای هەبوو یەکێکان بۆ وشکانی و ئەوی تریان بۆ دەریـا بـەڵام ئـەو دەرگایەی بۆ وشکانی کرابوو چـوار بـەش بـوو ئـەوەی بەسـەر دەریـادا دەیڕوانـی دەکەوتە نێوان دوو بورجی گەورەوە. باڵەخانـەکانی سـور لـە سەرسـوڕهێنەرەکانی دونیا بوون چونکە لە هـەموو لایەکییـەوە ئـاوی دەریـا بـوو کەشـتییەکان نزیـک دەبوونەوە لە قەڵاکانی بەڵام کاتێک دەهاتنە پێشەوە بەربەستێک لە زنجیری ئاسـنین دروستکرابوو لە نیوان هەر دوو بورجێکدا دەبووە رێگر، بەڵام هەر کاتێـک خۆیـان بیانویستایە ئەوکات زنجیرەکانیان دەکـردەوە. لـە عـەککا هـەمان جـۆرە بەنـدەر هەبووبەڵام تەنها بۆ پاپۆڕی بچوک و بەلەم بوو پاشان رۆیشتمە شـاری سـەیدا، لـە سەر رۆخی دەریا بوو باخ و داری میوەی زۆری لێ چێنرابوو وەک هـەنجیر و تـرێ و زیتون، بەرهەمەکەیان بۆ بازرگانی رەوانەی ولاتی میسر دەکرد، لەم شـارە لامـدا چومە خزمەتی دادوەرەکەی "کەمالەدین ئەشمونی" کەسێکی بە رەوشت و نـەفس بەرز بوو پاشان چوینە شاری(تەبەریە) پێشتر شارێکی زۆر گەورە بووە بەڵام ئێستا وانیە پاشماوەی کۆنی باڵەخانەکان بەڵگەن لەسەر گەورەیی ئەم شـوێنە، گـەرماوی بەناوبانگی لێبوو بۆ پیاوان و ئافرەتان لەگەڵ ئاوی گەرم.

هەروەها دەریاچەی بەناوبانگی تەبەریەش نزیکی بـوو درێـژی شـەش فەرسـەخ دەبوو، بەڵام پانی تەنها سێ فەرسەخێک بوو لە تەبەریە مزگەوتیکی لێبـوو نـاوی (ئەنبیا) بوو گۆڕی پێغەمبەر شوعەیبی تێدایە لەگەڵ گـۆڕی خێزانـی "موسـا" و گۆڕی "سولەیمان و یەهوزا و رۆبیل" سڵاوی خودا لـە هـەموویان بێـت هـەر لـەو دەمەی سەردانی ئەم شوێنەم کرد، زیارەتی ئەو بیرەم کرد کـە حـەزرەتی یوسـفیان خستە نێـوی بیرێکـی قوڵـە لـە ئاوەکـەیان خـواردەوە هـەر لـە نزیـک ئـەم بـیرە خانەقایەکی لێ دروستکرابوو.

دواتر گەشتم دەستپێکردەوە رۆیشتین بۆ **(بەیروت)** شارێکی قـنج و جـوان بـوو مزگەوتی زۆر سەرنجڕاکێشی تێدایە لەم شارەوە میوە و ئاسن رەوانەی ولاتی میسر

دەکرێت لەو ماوەیەی کە لە بەیروت بووین زیارەتی "ئەبی یەعقوبی کوڕی یوسفم" کرد دەڵێن: کاتی خۆی یەکێك بووە لە پاشاکانی ولاتی مەغریب، گۆڕەکەی لە شوێنێك بوو پێیان دەوت: (کەرك نوح) لە بیقاعی عەزیز خانەقایەکی لێبوو خواردنیان پێشکەش بە ڕێبوارانی ڕێگا دەکرد هەروەها لە سەردەمی "سەلاحەدینی ئەیوبی"دا زەوی بۆ خانەقاکە تەرخانکرابوو هەندێك دەیانوت: لە سەردەمی نورەدین بووە ئەم ئەبی یەعقوبە کەسێکی بۆ خوا سولحاو بووە نانی دەستی خۆی خواردوە و کاری کردوە و حەسیری چنیوە پاشان فرۆشتویەتی و بە پارەکەی ژیاوە.

چیرۆکی ئەبی یەعقوبی کوڕی یوسف

دەگێڕنەوە ئەبی یەعقوب دەچێتە دیمشق و تووشی نەخۆشییەکی تونـد دەبێـت، لەسەر شەقامەکانی شار دەکەوێت دوای ماوەیەك چاك دەبێتەوە روو دەکاتە باخەکانی دەوروبەری دیمەشق تا کاری دەست بکەوێت وەك پاسەوان قەدەری خودا دەبێتە پاسەوانی "نورەدین" پاشا نزیکەی شەش مانگ لەوێ بەسەر دەبات جارێکیان نورەدین پاشا دەچێتە باخەکەی دادەنیشێت و داوای هەنارێك دەکات ئەبی یەعقوب هەنارێکی بۆ دەهێنێت ترش دەبێت پێی دەڵێت: ترشە.. هەنارێکی شیرینم دەوێت یەکێکی تری بۆ دەچنێت بە هەمان شێوە ترشە، پاسەوانی پاشا بۆ جاری سێیەم دەڵێت: یەکێکی تر بهێنە با ترش نەبێت بۆ جاری سێیەمیش ترش دەبێت، پاسەوان تورە دەبێت پێی دەڵێت: تۆ شەش مانگە لێرەیت تا ئیستا جیاوازی ناکەیت لە نێوان داری ترش و شیرین چۆن وادەبێت، لە وەلامدا دەڵێت: تۆ منت گرتووە بۆ پاسەوانی نەك خواردن. ئەمینداری مەلیك دەگەڕێتەوە لای پاشا ئەوەی بۆ دەگێڕێتەوە ئەویش پێشتر خەونێکی بینیوە لە خەونەکەیدا لەگەڵ کەسێك دادەنیشت ناوی ئەبی یەعقوبە سوود و حیکمەتی لێوە فێر دەبێت بۆیە پاشا خەونەکەی وا لێکدەداتەوە کە ئەم کەسە ئەوەیە کە لە خەوندا بینیوێتی باوەشی

لێ دەدات و لەلای خۆیەوە دایدەنێت و زۆر خزمەتی دەکات. پاش ماوەیەك ئەبی یەعقوب لە رۆژێکی زۆر ساردا هەڵدێت و دەچێتە ناوچەکانی دەرەوەی دیمەشق روو دەکاتە گوندێك و لە مااڵێك لادەدات خاوەن مااڵ پیرە پیاوێك دەبێت، مریشکێکی بۆ سەردەبڕێت و مەرەگەیەکی بۆ ئامادە دەکات لەگەڵ نانی جۆ خاوەن مااڵ چەند منداڵێکی دەبێت لە نێوانیاندا کێشکی گەورەی دەبێت کاتی بەشودانی دەبێت لە نەریتیاندا وادەبێت کە هەر کەسێك کچی شوو بکات دەبێت مااڵی بۆ بکات وەك قاپ و کەوچك و مەنجەڵ هەروەها دەبێت لە کانزای مس بێت، چونکە شانازییان پێوە دەکرد بۆیە "ئەبی یەعقوب" بە باوکی دەڵێت: هیچ پارچە کانزایەکت هەیە لە ماددەی مس بێت ئەویش لە ولاّمدا دەڵێت: بەڵێ هەندێکم کڕیوە بۆ کچەکەم. دەڵێت: بیهێنە لەگەڵ هی دراوسێکانت کاتێك دەیانهێنێت ئاگرێك دەکاتەوە و هەڵیاندەداتە نێو ئاگرەکەوە، پاشان کیسەیەك لە گیرفانی دەردەهێنێت (ماددەی ئیکسیری)[1] تێدا دەبێت هەڵیدەداتە سەر مسەکان و هەموویان دەگۆڕێن بۆ ئاڵتون پاشان دەیخاتە ژورێکەوە دەرگای لێ دادەخات و نامەیەك دەنوسێت بۆ پاشا پێی دەڵێت: ئەگەر "ئیبراهیمی کوڕی ئەدهەم" رایکردبێت لە دەست مەلیکی خۆراسان، ئەوا من لە دەستی تۆ هەڵدێم و داوات لێ دەکەم ئەم ئاڵتونانە لە شوێنی خۆیدا بەکاربهێنیت و بە پارەکەی مزگەوت و خانەقا و نەخۆشخانە دروست بکەیت و یارمەتی هەژارانی پێ بدەیت هەروەها یارمەتی خاوەنی ئەم مااڵە و دراوسێکانیشی لێ بدەیت!. کاتێك خاوەن مااڵ هەواڵ دەدات بە مەلیك نورەدین ئەویش دەگاتە گوندەکە و مەبەستێتی "ئەبی یەعقوب" ببینێت بەاڵم بێ ئەنجام دەبێت و پاشان ئاڵتونەکان دەبات وەسێتەکان جێبەجێ دەکات و یارمەتی خاوەن مااڵیش دەدات و نەخۆشخانەیەك دادەمەزرێنێت .

---

[1] پارچە بەردێکی بەناوبانگە و پێی دەڵێن: بەردی فەلسەفی، گوایە کانزاکان دەگۆڕێت بۆ ئاڵتون.(تحفة النظار، قدم له وحققه ، محمد عبدالمنعم و مصطفى القِصاص ، دار أحياء العلوم بيروت ۱۹۸۷ م ، ص۸۲) . بەاڵم ئەفسانەیە و دوورە لە راستی. (وەرگێڕ) .

هەر لە گەشتەکەمدا چومە تەرابلوس یەکێکە لە شارە مەزنەکانی شام چواردەوری باخ و ڕەزە دەریاش دوو میلێك لێوەی دوورە هەموو خێراتێك بەسەریاندا ڕژاوە ئەم شارە تازە بونیاتنراوە بەڵام تەڕابڵوسی کۆن ماوەیەکی زۆر لە ژێر چنگی ڕۆمەکان بوو دواتر مەلیك زاهیر رزگاری دەکات و ئاوەدانی دەکاتەوە، لەم شارەدا زیاتر لە چل ئەمیری تورك هەبوون هەموو ڕۆژێك لەگەڵ کاربەدەستە مەزنەکان بە شاردا دەسوڕانەوە و ئێواران لەگەڵیدا دەبوون تا دەچونە ماڵەوە پاشان دەگەڕانەوە لەبەر دەرگای ماڵی هەر یەکێکیان چرای ئاگرین دادەگیرسا سەرکردەکەیان ناوی "تەیلان حاجب" بوو بە ئەمیری گەورە ناویان دەبرد.

لە ناودارەکانی ئەم شارە نووسەری نهێنی "بەهائەدینی کوڕی غانم" بوو ئەندامێکی بەرزی فەرمان بە چاکە و نەهی لە خراپە بوو (حیسبە) براکەشی "حوسامەدین" بوو، پێشەوای قودس و ئەمینداری گەنجینەی دەوڵەت بوو جگە لەو دوو کەسە قەوامەدینی کوڕی مەکین هەبوو لە گەورە پیاوانی دەوڵەت بوو هەروەها دادوەری گشتی لێبوو ناوی شەمسەدینی نەقیب بوو لە کەسە دیندار و زاناکانی شام بوو.

هەر لەم شارەدا کۆمەڵێك گەرماوی پوختە و جوانی تێدا بوو لەوانە: گەرماوی قازی قرمی و گەرماوی سەندەمور دەگێڕنەوە: سەندەمور زۆر تۆندبوو لە دەسەڵاتداریێتیدا چیرۆکی زۆر سەیر و سەمەرەی لێ دەگێڕنەوە کە بە زبروزەنگ بووە بەرامبەر تاوانباران، جارێکیان ئافرەتێك دێتە لای و پێی دەڵێت: یەکێك لە پاسەوانەکانی تۆ دەستدرێژی کردوەتە سەرم لە کاتێکدا من لەسەر شەقام شیری خۆم دەفرۆشت شیرەکەمی هەموو خواردوەتەوە بێ ئەوەی درهەمێکم پێ بدات، ئەویش بانگی دەکات و دەڵێت: ئەم کەسەیە؟. ئەویش دەڵێت: بەڵێ، رایدەگرێت و یەك شمشیری لێ دەدات و دەیکات بە دوو کەرتەوە ئەو شیرەی خواردبووی لە هەناویەوە دێتە دەرەوە ئەم جۆرە ڕەفتارانە لە ئەمیر "عتریس"یش دەگێڕنەوە کاتێك دەسەڵاتدار بوو لە ناوچەی عیزاب هەروەها مەلیکی تورکستانیش

هاوشێوەی ئەمان بووە!. لە دوای تەرابلوس رووم کردە قەڵای کوردان[1]، شارۆچکەیەکی جوان بوو پر لە دار و درەخت لەسەر لوتکەکەی کانییەك و خانەقایەکی لێبوو بە ناوی ئیبراهیمی یەکێك بووە لە گەورە ئەمیرەکانی ناوچەکە لای دادوەری ئەم شوێنە بۆ پشو ماینەوە بەڵام دڵنیا نیم لە ناوەکەی. پاشان گەشتم کرد بۆ (حومس)، شارێکی گەورە بوو شەقامی بازاڕەکانی فراوان بوو پڕبوو لە دار و بێستان و کانیاوی جوان ئاوی بەردوامی هەبوو هەروەها مزگەوتەکەی دڵگیرە لە ناوەڕاستیدا حەوزێکی سەرنجڕاکێشی تێدابوو دانیشتووانی (حومس) عەرەب بوون و بەڕێز و بەخشندە بوون. لە دەرەوەی ئەم شارەدا گۆڕی "خالیدی کوڕی ولید"ی لێبوو رەزای خوای لێبێت، کە بە قوماشی رەش داپۆشرابوو مزگەوتیك و تەکێیەکی لێ دروستکرابوو هەروەها دادوەری ئەم شارە ناوی "جەمالەدینی شریشی" بوو جوانترین مرۆڤ بوو لە روخسار و رەوشتدا.

دواتر رۆیشتم بۆ شاری (حەما) دایکی هەموو شارەکانی شامە باڵەخانەکانی بوونەتە بەیت و باڵۆرەی زمانی ڕێبواران هێندە جوان و سەرنجڕاکێشن، ئەمە و جگە لە بوونی باخ و داری میوەکانی کە بوونەتە سیمای دیاری شار ئەوەندە ناعوری لێبوو کاتێك تەماشات دەکرد سەرسام دەبوویت!، هەردەتووت گەردونە بە بازنەیی کاتێك دەسوڕانەوە ڕوباری (عاسی)یان دەبڕی و تا چاو بڕکات تینوێتی زەوییە وشکەکانیان دەشکاند هەروەها لە دەرەوەی شار گۆڕەپانێکی گەورەی لێبوو، خەڵکی شمەکیان تێدا دەفرۆشت هەر لە حەما میوەی قەیسی زۆر بوو

---

[1] تا نێستاش ئەم ناوە وەك خۆی ماوەتەوە پێی دەڵێن: (قەڵای کوردان- قەلعەتولئەکراد) دەکەوێتە پارێزگای حومسەوە(وەرگێڕ). یاقوتی حەمەوی باسی کردوە دەڵێت : یەکێك لە ئەمیرەکانی شام سەرەتا قوڵغەیەکی ئاسایی دروستی کردوە و کوردی تێدا نیشتەجێ کردوە تا ببنە لەمپەرێك بەرامبەر فرنجێکان (خاچ پەرستە ئەوروپێکان) دواتر بەهۆی زۆری هێرشەکان، کوردەکان بەهێزی دەکەن و دبێتە قەڵایەکی تۆکمە و دامەزراو، بەڵام خاچ پەرستەکان لەبەر زۆری هێرش کردنیان کوردەکانیان ناچارکرد ڕێکبکەون و بیفرۆشن دواتر گەڕانەوە زێدی خۆیان(کوردستان) .(معجم البلدان ، شهاب الدين ابي عبدالله ياقوت الحموي الرومي ، مج٢ ص٢٦٤ دارصادر لبنان)

ناوکەکەشیان شیرین بوو دەخورا پێیان دەوت: قەیسی گوێزی.

ئیبن جوزەی دەڵێت: گەڕیدە و هونەردۆستی بەناوبانگ نورەدین ئەبا موسای سەعیدی عەماری غەرناتی خەڵکی غەرناتە، وەسفی ئەم شارە دەکات و دەڵێت:

حمى الله من شطى حماة مناظرة وقفت عليها السمع والفكرة والطَرفا

تغني حمام أ تميـــلُ خمائـــل وتزهى مباني تمنعُ الواصفُ الوصفا

پاشان سەفەرم کرد بۆ (مەعـەرە) شـاری شـاعیری بـەناوبانگ "ئـەبو عـەلای مەعەرِی"ە هەروەها شاعیرانێکی تری زۆر هـەبوون لـەم ناوچـەیە دەژیـان، ئـیبن جوزەی دەڵێت: بۆیە پێی دەڵـێن: مەعرتولنـەعمان لەبەرئـەوەی نـەعمانی کـوڕی بیشری ئەنساری هاوەڵی پێغەمبەرﷺ لەوێ کۆچی دوایی کردوە و هەر لەوێش بە خاك سپێردراوە، پێشتر پێی دەوترا (زاتو لقصور)، هەندێك دەڵێن: شـاخێك هەیـە دەڕوانێت بەسەر ئەم شارەدا، ناوی نوعمانە و بەو ناوەوە ناونراوە. ئەم شارە گەورە و جوان بوو داری فستق و هەنجیری زۆر بوو رەوانە دەکرا بۆ ناوچەکانی تری شـام و میسر هەر لە دەرەوەی گۆڕی ئەمیری باوەڕداران "عومەری کوڕی عەبدولعەزیزی" لێبوو نە خانەقای لێ دروستکرابوو نە خزمەتکاری بۆ دانرابـوو هۆکارەکەشـی بـۆ ئەوە دەگەڕایەوە خەڵکی ئەم ناوچەیە زۆربەیان (ڕافیزە) بـوون رقیـان لـە هـەموو عومەر ناوێك بوو، لەگـەڵ گـۆڕی دە هـاوەڵی تـری پێغەمبـەرﷺ، خەڵکەکـەی هەمیشە نەفرەت لەسەر زمانیان نابڕێت و پێشەوا عەلییان لا زۆر گـەورە و پـیرۆز بوو.

ڕێگەمان گرتەبەر بەرەو (سەرمین) ئەم ناوچەیە هاوشێوەی ناوچەکانی تر باخ و داری زۆر بوو بەتایبەتی زەیتون (سابونی ئاجوری) لێ دروسـت دەکـرا و رەوانـەی ناوچەکانی تر دەکرا هەروەها سابونی بۆنخۆشیشی لێ دروستدەکرا پۆشاکی لۆکـەی بەنرخی زەرد و سووری جوانی لێ دەچێنرا هەروەها بە خەڵکەکەیان دەوتـرا جـوێن فرۆشەکان (چونکە عەلەوین) قسەی ناشیرین بە هـاوەڵانی پێغەمبـەرﷺ دەڵـێن،

بەتایبەتی دە موژدە پێدراوەکە (عەشەرەی موبەشەرە)، هیچ کات بـە دەمەیانـدا نایات بڵێن (دە) هەر دەڵێن: (نۆ و یـەک)، لـە نەریتیانـدا وابـوو دەڵاڵـی شمـەک فرۆشان هاواریان دەکرد بۆ راکیشانی سەرنجی کڕیاران، دەگێڕنەوە جارێک کۆمەڵـە تورکێک بە بازاڕدا دەڕۆن و گوێیان لـە هـاواری دەڵاڵ دەبێـت و هـاوار دەکـات و دەڵێت: ئەم شمەکە: بە نۆ و یـەک. یـەکێکیان گۆپاڵێـک بەسـەریدا دەدات و پێـی دەڵێت: خۆ دەمت ناشکێت بڵێیت: دە!. مزگەوتیکی لێبوو نۆ دەرگای هەبوو، وەک دەسـتگیرۆییەک بـە مەزهەبـە گومڕاکەیانـەوە دەرگـای دەیـەمیان بـۆی دروسـت نەکردبوو.

باسی حەلەب

جارێکی تـر گەشـتم دەسـتپێکرد و چـوینە شـاری حەلـەب پێگـەی گـەورەی مرۆڤایەتی "ئەبولحوسەینی کوڕی جوبەیر" وەسفی ئەم شارە دەکات دەڵێت: نرخـی حەلەب هێندە مەزنە ناوی بەرگوێی هەموو پاشاکانی جیهان کەوتووە زۆرێـک لـە پاشاکان وتاروقسەی خۆیان لەوێ کردوە ئەم شارە رەنجی زۆری بۆ دراوە و شمشـێری زۆری تێدا هەڵکێشراوە و خوێنی زۆریشی بۆ رژاوە، قەڵایەکی بەرز و دیاری هەبوو پارێزراو و بە ناوبانگ بوو، رۆژ دێت و دەڕوات خەڵکی گەدا و هـەژار و کەسـانی پلـەدار و خانـەدانی زۆر دەبێـت، بـەڵام کـوا پاشـاکانی و کـوا شـاعیرانی؟ کـوا ئەمیرەکانی هۆزی حەمدانی؟ کوا سەربازەکانیان؟ هەموویان لەناوچوون کەس نەما جگە لە باڵەخانەکان نەبێت شتێکی سیرە مەملەکەت وەک خۆی ماوەتـەوە کەچـی خاوەنەکانیان لە ناوچوون ئێرە حەلەبە چەند لە پاشاکانی بوون بە رابردوو لـە دوای ئەوان کەسانی تر بونە خاوەن ووتار لە ووتاردا ناویان هات ...هتد

قەڵای حەلەب پێیان دەوت: شەهبا هەر لە نێو ئەم قەڵایەدا دوو شاخی تێدابوو ئاویان لێ هەڵدەقوڵا و کەس لە تونێتی نـە دەترسـا ، هـەروەها خەنـدەقێکی لـێ هەڵکەدنرابوو ئاوی تێدابوو دەیانوت: ئەم قەڵایە خواردنی لێ خـراپ نابێـت گـەر

ماوەیەکی زۆریش لەوێ هەڵبگیرێت دیمەنی قەشەنگ و جوانی خەڵکی سەرسام کرد بوو هەر لەبەرئەوەشە بۆ نیگاکردن سەردانیان دەکرد دەڵێن: ئیبراهیمی خەلیل لەوێ خەریکی خوداپەرستی بووە ئەم قەڵایە دەچوێنرێت بە قەڵای (رەحبەی مالیکی کوڕی تەوقە) کە دەکەوێتە سەر ڕوباری فورات لە نێوان وڵاتی شام و عێراقدایە بۆ ماوەیەك سەرکردە ملهوڕەکەی مەغۆل گەمارۆ دەخاتە سەری بەڵام بێ ئەنجام دەبێت. دەڵێن: حەلەب لە حەلەبی[1] ئیبراهیمیەوە هاتووە، کاتێك ئیبراهیمی خەلیل سڵاوی خوای لێبێت لەوێ نیشتەجێ بووە مەڕومااڵتێکی زۆری هەبوو دەیانیدۆشی و شیرەکەی پێشکەش بە خەڵکی و ڕێبواران دەکرد بۆیە جارجار هەژاری نەشارەزا پرسیاری حەلەبی ئیبراهیمیان دەکرد ئیتر لەوەوە ناوەکەی بەسەردا بڕاوە.

حەلەب بە جوانترین شار دادەنرا و هاوشێوەی نەبوو لە ڕووی ڕێکخستن و فراوانی بازاڕەکانی و چڕی خانووەکانی میچی مااڵکانیان لە دار دروستکرا بوو خەڵکەکەی هەمیشە لە سێبەری بەردەوامدا بوون قەیسەریەکانی یەجگار دڵڕفێن بوون زۆریان نزیك بوون لە مزگەوتەکانەوە ئەوەی جێگای سەرنج بوو!، هەموو مزگەوتەکانی حەوزی ئاوی تێدا دروستکرابوو، مینبەرەکانی بە شێوازێکی جوان لە ماددەی عاج و ئابنوس دروستکرابوو، هەروەها لە نزیك مزگەوتەکانەوە قوتابخانەی لێبوو بۆ بنەماڵەی حەمدانیەکان ژمارەیان سێ دانە بوو لەگەڵ نەخۆشخانەدا. بەڵام لە دەرەوەی شار باخ و دارستانێکی زۆری هەبوو لە هەموو جۆرەکانی میوە و زیتون لەگەڵ ئەوەشدا بەروبومی کشتوکاڵیان لەسەر ڕۆخی ڕوباری (عاسی) دەچاند بۆیە پێی دەوترێت عاسی: چونکە کە تەماشای دەکەیت وادەزانیت ئاوەکەی لە خوارەوە دەڕوات بەرەو سەرەوە بەڕاستی مرۆڤ لە دەرەوەی حەلەب لە ناخەوە هەستی بە ئارامی دەکرد هیندە کەشوهەوا و دیمەنی لەبار و

---

[1] وشەی (حەلەب) بە واتای دۆشین دێت. (المنجد في اللغة و الاعلام، دار المشرق ، بيروت . طبعة ٤٣)

دڵگیر بوو بۆیە دەگونجێت بکرێت بە پایتەختی خیلافەت، زۆرێك لە شاعیران وەسفیان کردوە لەوانە ئەبو عەلای مەعەری ئەم هۆنراوەیەی بۆ دەچڕێت:

حلبُ للُورّاد جنةُ عـــــدنٍ وهيَ للغادرينَ نـــارُ سعـيرِ

والعظيم العظيم يكبُرُ في عيـ ـنيه منها قدرُ الصـغير الصغيرِ

فقُويقُ في أنفسِ القوم بـــحرٌ وحصـــــاة منه مكان ثبـير

هەر لە حەلەب سەرکردەی گشتی ئەمیرەکان "ئەرغون داودار"ی لێبوو لە گەورە کاربەدەستەکانی مەلیك ناسر بوو کەسێکی زانا بوو لە شەرعدا و دادپەروەریش بوو بەڵام قرچۆك بوو. هەروەها دادوەری چوار مەزهەبەکەی لێبوو: لەوانە کەمالەدینی کوڕی زەملکانی شافیعی کەسێکی پشودرێژ و بەتوانا و رەوشت بەرز بوو شارەزا لە گشت هونەرەکانی زانست تەنانەت مەلیك ناسر خۆی داواکاری ئاراستە کرد بۆ دەستبەکار بوونی وەك دادوەری گشتی بەڵام رەتیکردەوە، ئەو دەمەی بە رێگاوە دەبێت گەشت بکات بۆ شاری (بەلبیس) لە رێگا کۆچی دوایی دەکات کاتێك دادوەری حەلەبی گرتەدەست زۆرێك لە شاعیران لە دیمەشقەوە بە هۆنراوەکانیان مەدح و سەنایان کردوە لەوانە: شاعیری بەناوبانگ ئەبو بەکری کوڕی محەمەدی کوڕی شەمسەدینی ئەبی عەبدوڵڵای نەباتی قورەیشی بە هۆنراوەیەکی زۆر باسی دەکات:

أسفت لفقدك جلقُ الفيحـــاء وتباشرت لقدوميك الشهباء

وعلا دِمشق وقد رحلت كآبة وعلا ربي حلب سناً وسناءً

وقد اشرقت دارٌ سكنتَ فِناءها حتى غدتْ ولنـورها الألاءُ

ئەم هۆنراوەیە زیاترە لە پەنجا دێڕ شاعیرانی تر رەخنەیان لێگرت لەبەرئەوی سەرەتای دێڕە هۆنراوەکەی بە لەفزی (أسەفت) دەستپێکردوە لە پاداشتی ئەم هۆنراوەیشدا پۆشاك و چەندها درهەمیان پێشکەش کرد ئیبن جوزەی دەلێت:

هۆنراوەکانی لە باشترین و بەپێزترین هۆنراوەن و بە سەرکردەی شاعیران ناودەبرا کەس نەبوو لە رۆژهەلاتدا وەك ئەو بەتوانا بێت لە بەکارهێنانی ووشەکان هۆنینەوەی هۆنراوەدا بەتایبەتی ئەو پارچەیەی کە (تەوریە)ی تێدایە:

عُلقتُها غیداء حالیة العُلی تجني علی عقلِ المُحبُ قلبهِ

بخلتْ بِلؤلؤ ثغرها عن لاثمِ فغدتْ مُطوقة بما بخلت بهِ

لە دادوەرەکانی تری حەلەب "ناسرەدینی کوڕی عەدیم"ە لە مەزهەبی ئیمامی حەنەفی جوان رەوشت و روخسار بوو خەڵکی شارەکە بوو هەروەها دادوەری گشتی مالکیەکان کەسێکی متمانە پێکراو بوو، بەڵام ناوەکەیم لەیاد نییە لە مەزهەبی حەنبەلیش کەسێکی تر هەبوو خەڵکی سالحیەی شاری دیمەشق بوو جگە لەوانەی باسکران "شەرەفەدینی کوڕی عەجەمی" هەبوو زانایەکی مەزنی بواری شەرع بوو کەس و خزمەکانی لە گەورە کاربەدەست و ناوداڕەکانی شاری حەلەب بوون. دوای حەلەب بەرەو شاری (تەبزین) بەڕێکەوتم دەکەوتە سەر ڕێگای (قەنسرین) شارێکی نوێی تورکمانەکان بوو کردبویان بە مەڵبەندی خۆیان مزگەوتەکانی بە جوانترین شێواز دروستکرابوو دادوەرەکەی ناوی "بەدرەدین عەسقەلانی" بوو بەڵام قەنسرین کۆن و گەورە و خاپوور بوو هیچ شتێکی نەمابوو جگە لە پاشماوەکانی نەبێت.

پاشان سەفەرم کرد بۆ (ئەنتاکیا) شارێکی بەناوبانگە گەورە و مەزنە و قەڵا و شوراکانی لە بەهێزترینی ناوچەکە بوون هاوشێوەیان نەبوو لە ولاتی شامدا کاتێك مەلیك زاهیر فەخری ناوچەکەی کرد وێرانی کرد ئەنتاکیە لەو جێگایانە بوو کە ئاوەدانی ئێجگار زۆری تێدابوو، خانووەکانی جوان دروستکرابوون دارستان وئاوی زۆر بوو هەر لە دەرەوەی شار ڕوباری عاسی لێبوو هەروەها گۆڕی حەبیبی نەجارِ دەکەوێتە ئەم شارەوە خانەقایەکی لێ دروستکرابوو خواردنی لێ پێشکەش بە هەژاران و ڕێبواران دەکرا هەر لەوێ پیاوچاك و بەتەمەن "محەمەدی کوڕی عەلی" لێ دەژیا تەمەنی زیاترلە سەد ساڵ دەبوو کوڕەکەشی نزیك بە هەشتا ساڵ بوو

بەڵام شێخ محەمەد زۆر بەگوڕ و توانا بوو رۆژێك تەماشام كرد كۆڵێك داری هەڵگرتبوو بەرەو ماڵ دەگەڕایەوە ئەوەی جێی سەرنج بوو كوڕەكەی پشتی كۆم ببوو كەسی نەشارەزا وایدەزانی باوك كوڕە و كوڕ باوكە!.پاشان بەڕێكەوتم بۆ قەڵای (بوغراس) شوێنێكی قایم و پارێزراو بوو جگە قەڵاكەی دار و دارستانێكی ئیجگار زۆر لە چوار دەوری قەڵاكەیەدا هەبوو هەر لەوێوە رێگایەك هەبوو بەرەو وڵاتی (سیس) دەڕۆیشت وڵاتی ئەرمەنە بێباوەڕەكان بوو پارەیان درهەم بوو لە زیوی پوخت دروستەكرا پێیان دەوت (بەغڵە) جل و پۆشاكێكی لێ بەرهەم دەهات ناوی (دەبیزی) بوو خەڵكەكەی لە ژێر قەڵەمڕەوی مەلیك ناسردا بوون جزیەیان پێدەدا ئەمیری ئەم قەڵایە "سارمودینی كوڕی شەیبانی" بوو كوڕێكی چاك و ئازای هەبوو هەروەها برازاكەی ناوی "حوسامودین" بوو هاوشێوەی كوڕەكەی بوو رێگای وڵاتی ئەرمەنی دەپاراست لە دز و چەتە لە شوێنێك نیشتەجێ بوو ناوی (رودسەس) بوو.

حیكایەتی حوسامەدین و درۆ و بوهتان پیاكردنی

جارێكیان ئەرمەنەكان درۆ و بوهتانێكیان بۆ ئەم پیاوە رێكخست هیچ كات شایەنی ئەوە نەبوو چوونە لای مەلیك ناسر و شكایەتی خۆیان ئاراستەی دیوانی كرد ئەویش دەستبەجێ فەرمانی دەركرد بۆ ئەمیری حەلەب تا ناوبراو لە سێدارە بدرێت ئەمیریش بەڕێدەكەوێت كاتێك ئەم هەواڵە گەیشتە یەكێك لە هاوڕێكانی حوسامەدین كە كاربەدەستێكی مەزن دەبێت بە هەڵەداوان خۆی دەگەیەنێتە لای مەلیك ناسر و پێی دەڵێت: ئەی (خەوەندان) واتا پاشای بەڕێز ئەمیر حوسام یەكێكە لە كاربەدەستە ئازا و بەجەرگەكانی وڵاتی مسوڵمانان ئەو رێگاكانی بازرگانی پاراستوە لە دز و جەردە و ناهێڵێت ئاشوویی خراپەكاران تەشەنە بكات كە ئەرمەنەكان ئەوەیان دەوێت خەریكی خەراپەكارین لە خاكی مسوڵمانانداو بەڵام ئەمیر حوسامەدین رێگرییان لێدەكات و بواریان پێنادات ئەوان بە ئاسانی خەریكی خراپەكاری بن بەڵام بەو درۆیەیان دەیانەوێت شكۆی مسوڵمانان بشكێنن

کاربەدەستەکە بەردەوام دەبێت لە ئامۆژگاری کردنی مەلیك ناسر، ئیتر دووبارە بڕیاری دەرکرد بە ئازادکردنی و گێڕانەوەی بۆ شوێنی خۆی و بانگی بەریدی (تەتەر)ی کرد پێیان دەوت: (ئەفوش) ئەم کەسانە تەنها لە کێشەی گرنگ و خێرادا هەواڵیان پێ رادەسپێردرا بە گەیاندنی بۆیە لە میسرەوە بڕیارەکەی بە پێنج رۆژ دەگەیەنێتە ئەمیری حەلەب، لە کاتێکدا ئەو رێگایە لە کاتی ئاساییدا بە مانگێك دەبڕدرێت، ئەو وەختەی دەگاتە حەلەب تەماشا دەکات ئەمیری حەلەب "حوسامەدین"ی ئامادەکردوە لە گۆڕەپان بۆ لەسێدارەدانی بەڵام قەدەری خودا وادەبێت بڕیارەکە فریای دەکەوێت و رزگاری دەبێت و دەگەڕێتەوە بۆ شوێنی خۆی چاوم بە "حوسامەدین" کەوت لەگەڵ دادوەری بوغراس "شەرەفەدینی حەمەوی" لە شوێنێك پێیان دەوت (عومق) واتا قوڵایی دەکەوتە نێوان (ئەنتاکیا و تەبزین و بوغراس)ەوە تورکمانەکان ئەم جێگەیەیان کردبوو بە هەوارگەی خۆیان لەبەر بەپیتی خاکەکەی.

دواتر گەشتم کرد بۆ قەڵای قوسەیر(بچوککراوەی قەسرە) قەڵایەکی جوان بوو ئەمیرەکەی "عەلائەدین کوردی" بوو دادوەرەکەشی ناوی "شەهابەدینی ئەرمەنتی" بوو خەڵکی ناوچەی میسر بوو. پاشان چومە (شوغور بوکەئس) قەڵایەکی قایم و بەرز بوو ئەمیرەکەی ناوی سەیفودین تەنتاش بوو کەسێکی بەڕەوشت بوو دادوەرەکەی ناوی "جەمالەدینی کوڕی شەجەرە" بوو هاوڕێی "ئیبن تەیمیە" بوو. بەڕێکەوتمەوە بۆ شاری (صەهیۆن) ئاوەدانیەکی خۆش و گەورە بوو ڕوبار و کانیاوی زۆر بوو لەگەڵ درەختی بەردار، قەڵایەکی هەبوو ئەمیرەکەی ناوی "ئیبراهیمی" بوو دادوەرەکەشی ناوی "موحیەدینی حومسی" بوو هەر لە دەرەوەی ئەم شارەدا خانەقایەکی لێبوو خواردنی پێشکەش بە هەژاران دەکرد لەسەر گۆڕی پیاوچاك و خواناس "عیسای بەدەوی" دروستکرابوو رەحمەتی خودای لێبێت سەردانیم کردوە. لەوێوە رێگای گەشتم گرتەبەر بە تەنیشت قەڵای ئەلقەدمۆس و قەڵای مەنیقە و عەلیقە تێپەڕ بووین و دواتر بە شورای (مەسایف و

کـەهف)دا هـەموو ئـەم قـەڵا و شـوارایانە هـی تایفەیـەك بـوون پێیـان دەوتـرا (ئیسماعیلیەکان[1]) و بە (فەداوی)یش ناودەبران رێیان بە کـەس نـادا سـەردانیان بکات جگە لە کەسێك کە لە تایەفەی خۆیان بێت، ئەمانە بە رمی مـەلیك ناسـر دادەنران و بەکاریانی دەهێنا بـۆ لـە نـاوبردنی دوژمنـەکانی لـە وڵاتـی عێـراق و ناوچەکانی تردا هەر کاتێك کەسێکیانی بنارداید بـۆ کوشـتنی دوژمنێکـی ئـەوا (دیەی) بۆ دادەنا، واتا: پارەی خوێنەکەی. ئەگەر کارەکەی بە سەرکەوتوویی ئەنجام بدایە ئەوا ئەو بڕە پارەیەی بۆ خـۆی هەڵـدەگرت، بـەڵام ئەگـەر بکوژرایـە پـارەی خوێنەکەی (دیەکەی) دەدرا بە منداڵـەکانی ئەمانـە شـارەزا و کارامـە بـوون لـە شمشێربازی هەروەها خەنجەر و چەقۆی ژەهراویان هـەبوو کـە لـە کـاتی کوشـتندا بەکاریان دەهێنا هەندێك جاران لە فێـڵ و تەڵەکـەکانیان سـەرکەوتوو نـەدەبوون سەرئجام دەکوژران وەك ئەو کۆمەڵەیەی کە مـەلیك ناسر رەوانەیانی کرد بۆ گیـانی ئەمیر "قەرەسەنقور" بەڵام نەیانتوانی لە ناوی ببەن و هەموویان کوژران.

حیکایەتی مەلیك ناسر و بکوژی براکەی

کاتێك مـەلیك ناسـر دەسـتی داری گـرت و جـێ پێـی خـۆی لەسـەر تـەختی پاشایەتی قایم کرد کەوتە تۆڵەسەندنەوە لە بکوژانی براکەی بـەردەوام دەگـەڕا بـە

---

[1] تایەفەیەکی ڕافیزەن بڕوایان وایە ئیمامەت تەنها بۆ "ئیسماعیلی کوڕی جەعفەر سادقە" کە کوڕە گەورەی ئیمام سادق بووە، باوکی ژنی تری نەهێناوە هەروەها تەنانەت جاریەشـی نـەبووە وەك چـۆن پێغەمبەرسـڵاوی خودای لێبی کاتێك خەدیجە خێزانی بووە نەژنی تری هێناوە نە کەنیزی هەبوە ، هەروەها پێشەوا عەلیش ژنـی بەسـەر فاتیمە نەهێناوە . هەندێکیان بڕوایان وایە کە(ئیسماعیل)مردوە تا ئیمامەت پشتا و پشـت تەسـلیمی نەوەکانی بکرێ ، ناودارترین نازناوی ئەم تایەفیە کە بە سەریاندا دابڕاوە(باتنیە) چونکە دەڵێن: هەمو شتێکی ناشکرا باتنی هەیە و هەرچی دابەزیبێ تەئویلی هەیە، بیرویاوەڕی خۆیان تێکەڵ بە چەند کتێبێکـی فەلسـەفی کردوە لەسـەر ئەو بنەمایە عەقیدەی خۆیان لە دوتوێی کتێبـەکانیان تۆمـار کـردوە، نازنـاوی تریشـیان هەیـە وەك(قەرامیتە) و(مەزدەکیە) خۆشیان دەڵێن: نێمە ئیسماعیلین .(حاشیة الفصل في الملل والاهواء والنحل ـ للشهرستاني، مكتبة السلام، مج ٢ص٢٧)

دواياندا و يەك لەدواى يەك لە ناويانى دەبرد لە هەمان كاتدا دەترسا ئەوەى بەسەر براكەى هات بەسەر خۆشيدا بێت بۆيە بەردەوام بوو لە تۆڵەسەندنەوە. قەرەسەنقور يەكێك بوو لە گەورە ئەميرەكان و دەستى هەبوو لە كوشتنى مەليك ئەشرەفى براى مەليك ناسردا لە كاتى كوشتنيدا لەگەل بكوژەكانى تردا خۆى ئامادە بوو لەو كاتەدا قەرەسەنقور سەركردى ئەميرەكانى حەلەب بوو مەليك ناسر فەرمان بۆ هەموو ئەميرەكان ئەنێرێت كە لە شارى حەلەب ئامادەبن بە خۆيان و سەربازەكانيانەوە بە مەبەستى گرتنى قەرەسەنقور ئيدى ئەميرەكان ئامادە دەبن، بەڵام قەرەسەنقور ئەم هەواڵە دەبيستێت بە هەشت سەد سەربازيەوە لە حەلەب دەرئەچێت و سەربازەكانى مەليك ناسر تێدەپەڕێنێت كە ژمارەيان بيست هەزار دەبێت و خۆى دەگەيەنێتە مالّى ئەميرى عەرەب شێخ "عيسا موهەنا" شوێنەكەى دوو رۆژێك لە حەلەبەوە دوور دەبێت موهەنا پێشتر لە سێرەدا دەبێت بۆى و دەيەوێت بيگرێت، بەڵام هەر كە دەگات مالّى عەمامەكەى لە قوڕگى خۆى توند دەكات و هاوار دەكات: پەنا پەنا ئەى ئەميرى عەرەب!، لەو دەمەدا خێزانى موهەنا كە ئامۆزاى موهەنا دەبێت، وەڵام دەداتەوە و دەڵێت: ئەوە پەنامانداى خۆت و سەربازەكانت و ئەوەى لەگەڵ تۆدان دووبارە دەڵێت: پەنا بۆ منداڵەكانم و مااڵەكەم لە وەڵامدا دەڵێت: ئەوەى تۆ پێت خۆشە دەيپارێزين، فەرمو وەرە ژوورەوە، قەرەسەنقور دەچێتە ژوورەوە كاتێ موهەنا دەگەڕێتەوە رێزێكى زۆرى دەگرێت و خزمەتى دەكات و دەيپارێزێت.

قەرەسەنقور داواى لێ دەكات مالّ و منداڵەكانى رزگار بكات، بۆيە شێخ موهەنا لەگەڵ كەسوكار و براكانيدا كۆدەبێتەوە و لەو بارەيەوە قسەيان لەگەڵ دەكات، هەندێكيان رازى دەبن بە يارمەتيدانى و هەندێكيان دەڵێن: ئێمە چۆن دژايەتى مەليك ناسر بكەين لەكاتێكدا لە سنووری ئەودا دەژين و ناتوانين بەڕوويدا بووەستينەوە شێخ موهەنا پێيان دەڵێت: من هەموو كارێك بۆ ئەو پياوە دەكەم و لەگەڵيدا دەڕۆم بۆ لای سوڵتانى عێراق لەو كاتەدا هەواڵيان پێگەيشت منداڵەكانى

قەرەسەنقور هەڵهاتوون بۆ میسر شێخ موهەنا بە قەرەسەنقور دەڵێت: منداڵەکانت لە دەسەڵاتی منداً نەماون و رۆیشتوون بۆ میسر بەڵام هەوڵنەدین پارە و پوڵەکانت دەرباز بکەین.

بۆیە سوپایەك ئامادە ئەکات لە دەست و پێوەندەکانی، کە نزیکەی بیست و پێنج هەزار سەرباز دەبن و هێرش دەکەنە سەر حەڵەب و دەرگای شار دەسووتینن و بەسەریدا زاڵدەبن و هەموو مالّ و پارە و پولّ و هەندێك لە کەسەکانی کە لەوێ مابوون ئازاد دەکەن و دەگەڕێنەوە، بەڵام لەوە زیاتر هیچ کارێکی خراپ ناکەن و دەستدرێژی ناکەنە سەر کەس، ئەوجا روو دەکەنە سوڵتانی عێراق "سوڵتان محەمەد خودابەندە"لەگەڵ "ئەفرام"ی ئەمیری شاری حومس لە هاوینەهاواری (قەرەباغ) کە دەکەوتە نێوان (سوڵتانیە و تەبرێز)ەوە چاویان پێی دەکەوێت، رێزێکی زۆریان لێدەنێت و عێراقی عەرەب دەدات بە شێخ موهەنا و شاری (مەراغە)ش کە بە عێراقی عەجم ناودەبرا، دەدات بە قەرەسەنقور پێشی دەوترا دێمەشقی بچکۆلانە هەروەها (هەمەدان)یشی دایە مەلیك ئەفرام.

لە کۆتاییدا شێخ موهەنا گەڕایەوە زێدی خۆی ئەوەش دوای لێبوردنی مەلیك ناسر و پەیمانپێدانی کە سزای نەدات بەڵام قەرەسەنقور لەسەر دۆخی خۆی مایەوە جار لەسەر جار (فەداویە) ئیسماعیلیەکانی دەنارد بۆ کوشتنی بەڵام سەرکەوتوو نەدەبوون هەندێکیان لە کاتی رۆیشتن و هەندێکیان لە ماڵەوە هێرشیان دەکردە سەر قەرەسەنقور، بەڵام بێ ئەنجام بوون کۆمەڵێکی زۆر لە فەداوییەکان کوژران.

ئەمیر قەرەسەنقور هیچ کات نەیدەوێرا بەبێ زرپێوش بخەوێت و هەمیشە لە خانووی دار یان ئاسندا دەنووست کاتێك سوڵتان "محەمەد خودابەندە" مرد کوڕەکەی شوێنی گرتەوە ناوی"ئەبو سەعید" بوو ئەویش کێشەی بۆ دروست بوو لەگەڵ ئەمیر جوبان و "دیمیرتاش"ی کوڕی کە چوو بوونە لای مەلیك ناسر ئەمە وایکرد نامەگۆڕینەوە بکەوێتە نیوان مەلیك ناسر و ئەبو سەعیدی پاشای عێراق، هەردوولا رێکدەکەون لەسەر ئەوەی مەلیك ناسر سەری (دیمیرتاش) بنێرێت بۆی و

ئەویش سەری قەرەسەنقوری بداتێ، مەلیك ناسر ئەو کاره بۆ ئەبو سەعید ئەنجام دەدات و دیمیرتاش دەکوژێت و سەرەکەی بۆ دەنێرێت قەرەسەنقور ئەو هەوالّە دەزانێت کاتێك دەستگیری دەکەن ئەلّقەیەك لە دەستی دەبێت و ژەهری تێدا دەبێت دەستبەجێ ژەهرەکە دەمژێت و گیانلەدەست دەدات ئەبو سەعید ئەم هەوالّە دەدات بە مەلیك ناسر، بەلاّم سەری بۆ نانێرێت. پاشان سەفەرم کرد لە قەلاّی فەداویەوە بۆ شاری (جەبلە) دار و دارستان و ڕوبار و کانیاوی زۆری هەبوو گۆڕی وەلی و خواناس "ئیبراهیمی کوڕی ئەدهەمی" لێبوو ئەو کەسەی وازی لە دەسەلاّت هێنا بۆ خواناسی ئەم کەسە لە خێزانی پاشا و ئەمیرەکان نەبوو بەلاّکو دەسەلاّتی لە باپیری (باوکی دایکی)ەوە وەرگرتووە باوکیشی ئەدهەمی زاهیدی خواناسە بووە کەسێکی هەژار و دێوانە بووە.

حیکایەتی ئەدهەمی زاهید

دەگێڕنەوە جارێك بە تەنیشت باخەکانی شاری (بوخارا)دا دەڕوات و لەسەر ڕوبارێك دەستنوێژ هەلّدەگرێت دەبینێت سێوێك بە ئاوی ڕوبارەکەدا دێتەخوارێ و دەریدەهێنێت و دەیخوات دواتر تووشی راڕایی دەبێت و دەگەڕێت بە دوای خاوەنەکەیدا، لە دەرگایەك دەدات کیژۆلّەیەك دەرگا دەکاتەوە، ئەدهەمی خواناس و زاهید پرسیاری خاوەن باخەکەی لێ دەکات، وەلاّم دەداتەوە دەلّێت: هی خاوەنی ئەم مالّەیە کە ئافرەتێك دەبێت، کاتێك قسەی لەگەلّ دەکات دەلّێت: باخەکە نیوەی هی منە و گەردنت ئازاد بێت نیوەکەی تری هی سولّتانە لەو کاتەشدا سولّتان لە ولاّتی بەلّخ دەبێت ، ئەدهەمی زاهید دەکەوێتەڕێ بۆ لای سولّتان بە مەبەستی گەردن ئازادکردن لە ڕێگادا چاوی بە کەژاوەکەی دەکەوێت و داوای گەردن ئازادی لێ دەکات، سولّتان سەرسام دەبێت لە پاکی و زاهیدی ئەم کەسە و دەلّێت: برۆ بەیانی لە فلاّن شوێن ئامادەبە گفتوگۆت لەگەلّ دەکەم سولّتان کچێکی جوان و ژیری دەبێت کوڕی پاشا و مەلیکەکان زۆر داوای هاوسەرگیری لێ دەکەن

بەڵام رەتیدەکاتەوە و ئارەزووی کەسێکی خواناس دەکات باوکی ئەم هەوالّە بە کچە نازدارەکەی دەدات، کە ئەوەی ئەو لە ژێر زەوی بەدوایدا دەگەڕێت وا لە بەردەستیدایە کەسێك لە بوخاراوە ڕێ بکات بۆ بەڵخ بۆ گەردن ئازادی ئەو کەسەیە شایەنی ئەوە بێت هاوسەرگیری لەگەڵدا بکرێت، بۆ بەیانی چاوی بە ئەدهەم دەکەوێت، مەرجی هاوسەرگیری لەگەڵ کچەکەیدا دەکاتە مایەی گەردن ئازادی، بەڵام رەتیدەکاتەوە، دوای زۆرلێکردن رازی دەبێت، کاتێك لە شەودا دەچێتە لای دەستگیرانەکەی دەست دەکات بە نوێژ تا بەیانی، بەم جۆرە (٧) حەوت رۆژ بەردەوام دەبێت.

هەوالّ بۆ پاشا دەنێرێت گەردنی ئازاد بکات وەڵامی: بۆ دەنێرێت تا لەگەڵ هاوسەرەکەی نەخەوێت و نەبێتە زاوا ئەو کارە ئەنجام نادەم، دەڵێن: کاتێك دەبێتە زاوا و لە نوێژی بەیانیدا لەسەر بەرمالّەکەی هاوارێکی لێ بەرزدەبێتەوە کۆچی دوایی دەکات لە دوای خۆی منداڵێکی لە کچی پاشا دەبێت ناوی "ئیبراهیم"ی لێ دەنێن باپیری کوڕی نابێت بۆیە کە گەورە دەبێت دەسەڵاتی فەرمانڕەوایی ڕادەستی دەکات ئەمەش دەبێتە هەوالێکی بەناوبانگ.

سەردانی گۆڕەکەی"ئیبراهیمی ئەدهەم"م کردوە خانەقایەکی لەسەر دروستکرابوو حەوزێکی ئاوی لێبوو خواردنیان پێشکەش بە هەژاران و بێ نەوایان دەکرد خزمەتکارەکەی ناوی "ئیبراهیمی جوحی" بوو پیاوێکی خواناس و بۆ خوا سوڵحاو بوو خەڵکی لە هەموو ناوچەکانی شام لە شەوی ناوەڕاستی شەعباندا لەو جێگایەدا کۆدەبوونەوە تا (٣) سێ رۆژ دەمانەوە لە دەرەوی شارەکە بازارێکی گەورەی لێبوو هەژارن بۆ دەستکەوتنی پێداویستی خۆیان رووبان تێدەکرد.

بابێنەوە سەر باسی گەشتەکەم: زۆربەی خەڵکی ناوچەکانی کەنار دەریا لە تایەفەی شیعەی (نوسەیری) بوون کە بڕوایان وایە "عەلی کوڕی ئەبی تالێب" خودایە نوێژ و ڕۆژوو ناگرن و خۆیان پاك ناکەنەوە مەلیك زاهیر ئەوەی خستە سەریان کە دەبێت هەموو گوندێکیان مزگەوتی هەبێت بۆیە لە دەرەوەی گوندەکان

مزگەووتیان دروستکرد بەڵام نوێژی تێدا نەدەکرا و بانگی تێدا نەدەدرا بەڵکو هەندێکیان کرابوونە تەوێلەی ئاژەڵ گەر کەسێکی ڕێبوار رووی بکردایەتە ئەم مزگەوتانە و بانگی بدایە هاواریان لێی دەکرد و پێیان دەوت: مەزەڕە وا ئالیکت بۆ دێنین!.[1]

حیکایەتی مەهدی درۆزن

دەگێڕنەوە پیاوێکی نەناسراو لە ناوچەکانی کەناری دەریا، دەرکەوت و بانگەشەی مەهدی دەکرد خەڵکێکی زۆری لە تایەفەی نوسەیرێکان لە خۆی کۆکردەوە و بەڵێنی ولاتی شامی پێدان ووتی: دەربچن بۆ ڕزگارکردنی شارەکان بۆ هەر ناوچەیەك ئەمیرێکی درۆینەی دانا و یەکی گەلایەکی زیتونی دانێ تا ببێتە بەڵگە کاتێك هەریەك لەم ئەمیرە دانراوانە دەچوونە ناوچەیەك، دڕۆیشتنە لای کاربەدەستی شار و دەیانوت: ئێمە ئەمیری ئەم ناوچەیەین، ئەویش دەیوت: کوا بەڵگە ئەوکات گەلا زەیتونیان دەردەهێنا، ئنجا دەیانگرتن و تێر و پڕیان لێیان دەدا، دواجار مەهدی درۆزن پێیانی ووت: بڕۆن بجەنگن و هەریەکی با لقە داریکی مۆردی بەدەستەوە بێت لە کاتی شەڕ دەبێتە شمشێر، تا بە تەواوەتی دەست دەگرن بەسەر شارەکاندا.

یەکەم شوێنێك کە هێرشیان بردە سەری شاری (جەبلە) بوو ستەمیان لێکرد و پەلاماریاندا لە کاتێکدا خەڵکی لە نوێژی هەینیدا بوون، دەستدرێژی و ناڕەواییەکی زۆریان کردە سەر مسوڵمانان بۆیە خەڵکی شار ئەوەی دەستی شمشێری

---

[1] نوسەیریەکان: ڕەچەڵەکیان دەگەڕێتەوە سەر "محمەدی کوڕی نەصیری نومەیری" بڕوایان وایە کە پێشەوا "عەلی کوڕی ئەبی تالیب" خودایە، هەروەها بڕوایان بە تەناسوخ هەیە و ئینکاری زیندو بونەوە دەکەن، دابەش دەبن بەسەر چەند تایەفەیەك وەك :حەیدەریە و شەمسانیە ، بۆیە پێیان دەڵێن: شەمسانیە چونکە دەڵێن: پیشەوا علی مەنزلی لە نێو خۆردایە .(معجم الفاظ العقيدة، أبي عبدالله عامر عبدالله فالح، مكتبة عبيكان ، الرياض ١٩٩٧ص٤١١)

گرت وەستانەوە بە رویاندا دەستبەجێ هەواڵیش درا بە ئەمیری لازقیە و سوپایەك ئامادەکرا بە سەرکردایەتی ئەمیر "بەهادیر عەبدوڵڵا" بۆ بە هاناچوونی دانیشتوانی شارەکە و پاشان کۆتر هەڵدرا بۆ گەیاندنی هەواڵ بە (تەرابلوس)، ئەمیری گەورەش خۆی گەیاندە ئەوێ و دوایان کەوتن، بیست هەزار کەسیان لێیان کوشت و ئەوانی تر هەڵهاتن بۆ چیاکانی ناوچەکە، پاشان دەستیان کرد بە گفتوگۆ کردن لەگەڵ سەرکردە و ئەمیرەکان ووتیان: بۆ هەر کەسێك دینارێك ئەدەین ئەگەر لێمان خۆش بن، دووبارە نامە رەوانەکرا بۆ لای مەلیك ناسر و پێیان ووت: ئەمانە زۆریان لێ کوژراوە ئەوەی ماون خەریکی کاری کشتوکاڵی و پیشەوەرین لە زەوی مسوڵمانانداً ئەگەر لەناوبچن ولاتی مسوڵمانان بێهێز دەبێت بۆیە مەلیك ناسر رازی بوو بە هێشتنەوەیان.

پاشان سەفەرم کرد بۆ (لازقیە) شارێکی کۆن بوو لەسەر کەناری دەریا دەڵێن: ئەو شارەیە کە کاتی خۆی پاشاکەی پاپۆڕ و بەلەمەکانی بە بێگار دەگرت[1]، مەبەست لەو سەفەرەم بۆ شاری لازقیە بۆ بینینی وەلی و خواناس "عەبدولموحسن ئەسکەندری" بوو، بەڵام نەمتوانی ببینم چونکە گەشتی کردبوو بۆ حیجاز، ئیتر چاوم کەوت بە هاوڕێکانی "سەعید بوجایی و یەحیا سەلاوی" ئەمانە لە مزگەووتی (عەلائەدین بوجایی)دا بوون کە یەکێك بوو لە گەورە زانا و فەقیهەکانی ولاتی شام و دەستێکی بالای هەبوو لە خێرکردندا، هەروەها چاکەخوازێکی ناودار بوو خانەقایەکی دروستکردبوو خواردنی پیشکەش بە هەژار و ڕێبواران دەکرد دادوەری شاری لازقیە "جەلالەدین عەبدولحەق" میسری مالیکی بوو کەسێکی باش وبەخشندە بوو نزیك بوو لە ئەمیری گەورە"تەیلان حاجب"دواتر بە هۆی ئەوەوە بووە دادوەری ناوچەکە .

---

[1] ئەم چیرۆکە لە قورئاندا و لە سورەتی (الکهف) باسکراوە، کاتێك پێغەمبەر موسا سڵاوی خوای لێبێ لەگەڵ خزر چوونە شارێك و خزر دەستیکرد بە کونکردنی بەلەمەکان، تا پاشای ولات بە بێگار نەیانگرێت، چونکە هی هەژارەکان بوون و قووتی ڕۆژانەیان لە قوڕگی دەریادا دەردەهێنا. (وەرگێڕ)

حیکایەتی ئیبن موئەیەد هیجا

دەگێڕنەوە لە لازقیە پیاوێك هەبوو زمان خراپ و بێدین، کەس نەبوو لە دەستی بێزار نەبێت و توانج و تەشەری لە هەمووان ئەدا، ناسراو بوو بە "ئیبن هیجا" باسی ئیلحادی دەکرد جارێکیان کارێکی دەکەوێتە لای ئەمیری گەورە کە پێی دەوترا "تەیلان" ئەویش کارەکەی بۆ ئەنجام نادات، بۆیە روو دەکاتە میسر و قسە و درۆیەکی زۆری بۆ هەڵدەبەستێت، کاتێك دەگەڕێتەوە لازقیە، ئەمیری گەورە نامەیەك بۆ دادوەر "جەلالەدین" رەوانە دەکات و پێی دەڵێت: هەرچۆنێك بێت ڕێگایەکی شەرعی بدۆزەوە تا لەناویبەرین، دادوەر بانگی ئیبن هیجا دەکات بۆ مالّی خۆی و هەندێك شاهید لە پشتی پەردەوە دادەنێت تا ووتەکانی تۆمار بکەن و ببنە شاهید بەسەرییەوە، دەکەوێتە گفتوگۆ کردن لەگەڵ ئیبن هیجا ئەوەی کە لە دڵیدا شاردبوویەوە لە بێباوەڕی باسی لێ دەکات و ئاشکرای دەکات، بەوەش حوکمی مردن بەسەر خۆیدا دەسەپێنێت دواتر شاهیدەکان دێنە دەرەوە سکالاّیەکی لەسەر تۆمار دەکەن و بەرزی دەکەنەوە بۆ لای پاشا بەو تۆمەتە دەستگیری دەکەن و لە بەندینخانەدا دەخنکێنرێت.

ئەوەندە ناخایەنێت پاشا ئەمیری گەورە تەیلان لەسەر کار لادەدات و حاجی "قورتیە" جێی دەگرێتەوە لە نیوان ئەم کەسە و تەیلاندا ناکۆکی هەبوو دەگەڕا بەدوای گەندڵی و کەم وکوڕیەکانی تا سزای خۆی و دەست و پێوەندەکانی بدات ئیبن هیجا چەند برایەکی دەبێت و سکالاّ لە دادوەر جەلالەدین دەکەن بەو هۆیەوە خۆی و شاهیدەکان دەستگیر دەکرێن ئامادەیان دەکەن لای پاشا حاجی "قورتیە"دواتر بڕیاری مردنیان بۆ دەردەکرێت کاتێك دەیانبەن بۆ گۆڕەپانی لەسێدارەدان لە دەرەوەی شار، هەریەکەیان لە ژێر داری هەڵواسیندا دادەنرێن و عەمامەکەی سەریان لێ دەکەنەوە لەو کاتەدا نەریت بوو کە هەر کەسێك لەسێدارە

بدرایە، دادوەر سێ جار بەلایاندا بە ئەسپ تێدەپەڕی و دەچووە لای ئەمیر لەدوای ئەوە دادوەر بڕیاری کوشتنەکەیانی بەسەردا جێبەجێ دەکرد، بۆیە هاواریان لە ئەمیر کرد ووتیان: ئەی ئەمیر ئەمە سوکایەتییە بە ئیسلام چۆن دەبێت دادوەر و شاهید ئاوا بکوژرێن بە چ حەقێك، بۆیە ئەمیر دڵی نەرم دەبێ و شەفاعەتیان لێوەر دەگرێ و ئازاد دەبن.

لە دەرەوەی لازقیە پەرستگایەك هەبوو بە پەرستگای (فاروس) ناسرابوو لە گەورەترینی پەرستگاکانی شام و میسر بوو تایبەت بوو بە نەسرانییەکان تەنها راهیبەکانی لێ دەژیا ئەو ناوچەیە دانیشتوانەکەی نەسرانی بوون و هەر کاتێك مسوڵمانێك سەردانی ئەو ناوچەیەی بکردایە رێزیان لێی دەگرت و میواندارییان دەکرد خواردنیان بریتی بوو لە پەنیر و نان و زەیتون لەگەڵ سرکەدا بەندەری ئەم شارە زۆر بەناوبانگ و گەورە بوو دوو بورجیان دروستکردبوولە نیوانیاندا زنجیرێك هەبوو بۆ رێگا گرتن لە کەشتی و بەلەم هەر کاتێك بیانویستایە رێگە بگرن دەیانکرد. پاشان سەفەرم کرد بۆ قەڵای (مەرقەب) ئەم قەڵایە لە جوانترین قەڵا و شوراکان بوو هاوشێوەی قەڵای(کەرەك) بوو لەسەر چیایەکی بەرز دروستکرابوو، لە دەرەوەی ئەم شورایەدا شوێنی پشودان هەبوو بۆ کەسێك کە نامۆ بێت و نەیەوێت بچێتە قەڵاکەوە لە سەردەمی "مەلیك قلاوون"دا لە چنگی رۆمەکان ئازادکراوە و کوڕی مەلیك ناسریش ئەمیری ئەم قەڵایە بوو دادوەرەکەی ناوی "بورهانەدینی میسری" بوو لە باشترینی دادوەرەکانی وڵات بوو. دواتر چوینە چیاکانی لوبنان خاکەکەی زۆر بەپیت بوو، لە هەموو جۆرە میوەیەکی هەبوو لەگەڵ کانی سازگار چیاکانی ببوو بە خەڵوەتگای شێخ و موریدەکان، لەو کاتەی من لەوێ بووم چاوم کەوت بە کۆمەڵێك لەو خواناسانە بەڵام ئەوەندە ناودار نەبوون تا ناویان تۆمار بکرێت.

حیکایەتی خواناسە لوبنانییەکە و گوێدرێژە کێوییەکە

هەندێك لەو کەسە دیندارانەی کە من بینیانم ووتیان: ئێمە لە چیا بووین لەگەڵ کۆمەڵە کەسانێکی هەژار و خواناس، رۆژێك زۆر سارد بوو لە ناچاریدا ئاگرێکی مەزنمان کردەوە یەکێك لەوانەی لەگەڵمان بوو ووتی: خۆزگە ئێستا گۆشتمان لادەبوو بەم ئاگرە دەمانبرژاند یەکێکی تر کە زۆر هەژار بوو کە تەماشات دەکرد دڵت بۆی دەسووتا ووتی: من لە نوێژی عەسردا لای گۆڕی "ئیبراهیمی کوڕی ئەدهەم" بووم لە نزیك گۆڕەکەی گوێدرێژێکی کێویم بینی هەرکەسێك بچێت دەتوانێت بیگرێت و گۆشتەکەی بەم ئاگرە ببرژێنێت.(١) ئێمەش پێنج کەس دەبووین کەوتینەڕێ بۆ ئەو شوێنەی کە گوێدرێژەکەی لێبوو تەماشامان کرد ئەوەی باسی کرد وابوو، هێنامان و سەرمانبڕی و بە ئاگرەکە برژاندمان زۆر چاومان گڕدا بەدوای ئەو پیاوە هەژارەی کە یەکەجار باسی کرد بەڵام نەماندۆزیەوە.!

سەفەرم دەستپێکردوە لە چیاکانی لوبنانەوە بۆ شاری (بەعلەبەك) جێگایەکی خۆش و دڵڕفێن و پڕ لە دار و درخت و کانیاو بوو لە جوانیدا دەچوێنرێت بە دیمەشق و بە شای جوانی وڵاتی شام دەناسرا، هەر لە بەعلەبەك جۆرە دۆشاوێك لە تریٚ دروست دەکرا و پاشان لە خۆڵێکی تایبەتدا هەڵدەگیرا تا خەست دەبوەوە زۆر بەتام بوو هەر لەم دۆشاوە جۆرە حەڵوایەك دروست دەکرا و گوێز و بادەمی تێکەڵ دەکرا پێیان دەوت: حەڵوای مولەبەن (ئەمە هاوشێوەی باسوق و سجوقی خۆمانە-

(١) لە شەریعەتی ئیسلامدا خواردنی گۆشتی گوێدرێژی مالّی حەرامە، بەڵام کێوی حەڵاڵ و دروستە. بەپێی ئەو فرمودەیەی کە دەڵێ: لما روي عن أبي قتادة ـ رضي الله عنه ـ أنه رأي حماراً وحشياً في طريق مكة فقتله، فأكل بعض أصحاب النبي صلى الله عليه وسلم وأبى بعضهم لِأنهم مُحرِمون فأتوا الرسول صلى الله عليه وسلم،فقال لهم ((إنما هي طعمة أطعمكموها)) بروانە (الحيوانات مايجوز أكله وما لايجوز: سليمان بن صالح الخراشي، دار القاسم للنشر، ٢٠٠١ص ٤٩).

وەرگێڕ) هەروەها جۆرەها ماست و بەرهەمی شیرەمەنی لێ دەهاتە بەرهەم و رەوانەی دیمەشق دەکرا، دووری نێوان بەعلەبەك و دیمەشق ئەگەر بە خێرایی رێگا بکەیت رۆژێك دەبوو، بەڵام ئەو کەسانەی لەسەرخۆ رێگا دەبڕن شەو لە شارۆچکەیەك دەمانەوە پێیان دەوت (زەبەدانی)، کە میوەجاتی زۆر بوو، دواتر لە بەیانیدا دەچوونە دیمەشق.

لە بەعلەبەك پۆشاکی ئیحرام دەچنرا، هەروەها قاپ و کەوچکی تایبەت لە دار دروست دەکرا کە بێ وێنە بوو لە دونیادا پێیان دەوت(دەسوت) قاپێك دروست دەکرا پاشان (١٠) دە دانەی تری لەخۆی دەگرت، کاتێك مرۆڤ سەیری دەکرد وایدەزانی یەك قاپە، بەڵام لە راستیدا زیاتر بوو بە هەمان شێوە کەوچکێك دروست دەکرا (١٠) دە دانەی تری لەخۆی دەگرت پاشان لە پێستی ئاژەڵ بەرگێکی بۆ دروست دەکرا و دەیانکرد بە قەد خۆیاندا، کاتێك خواردن دادەنرا ئەو کەسەی هەڵیگرتبوو دەریدەهێنا و پێشکەشی هاوڕێکانی دەکرد. کاتێك چومە بەعلەبەك لە بەیانیدا بوو هەر زوو ئەوێم بەجێهێشت چونکە زۆر تامەزرۆی بینینی دیمەشق بووم لە رۆژی پێنجشەممە چومە دیمەشق لە نۆی مانگی رەمەزاندا بوو لە ساڵی ٧٢٦ ی کۆچی یەکەمجار لە قوتابخانەی مالیکی ناسراو بە (شەرابشیە) لامدا بۆ پشودان.

((دیمەشق ئەو شارەی هەرچەندێك وەسفی جوانی بکەیت هێشتا کەمی باسکراوە، جوانترین وەسفێك کرابێت بەڕاستی ئیبن جوبەیر وەسفی کردوە دەڵێت: دیمەشق بەهەشتی رۆژهەڵاتە و سەرچاوەی رۆشنایی و روناکی دونیایە، کۆتایی جیهانی ئیسلامە کە ئێمە بەدوایدا گەڕاین بەڕاستی بووکی هەموو شارەکانی ولاتە خۆی رازاندۆتەوە بە گوڵ و رەیحانە چەپکە گوڵی بژاردەی باخچەکانە، شانازییە بووەتە بێشکەی پێغەمبەر عیسا و دایکی مەریەم وەکو خەرمانەی مانگی چوارده گەش و دروشاوەیە سێبەری رێبوارانە و تینوو شکێنەری ماندوانە زۆر راستی کردوە ئەو کەسەی کە دەڵێت: ئەگەر بەهەشت هەبێت لە دونیادا ئەوە دیمەشقە

ئەگەر لە ئاسماندا بێت ئەوا ئەو هاوشانێتی، چاوەکان تێر دەبێت لە بینینی باخچە سەوزەکانی غوتە کە تا چاو بڕکات گەش و ڕازاوەن...هتد)).

ئیبن جوزەی دەفەرموێت: زۆر لە شاعیران وەسفی دیمەشقیان کردوە و دەڵێن:

إن تكن جنة الخلود بـأرض فدمشق ولا تكون سواها

أو تكن في السماء فهي عليها قد أبـت هواءها وهواها

بلد طيب ورب غفـــــور فاغتنمها عشية وضحاها

هەروەها زانای فەرمودە و گەڕیدە شێخ "شەمسەدین ئەبو عەبدوڵڵای موحەمەدی کوڕی حەسانی قەیسی وادی" کاتێک لە تونس لادەدات و دەمێنێتەوە، زۆر وەسفی دیمەشق دەکات و ئەویش ئاماژە بە ئیبن جوبەیر دەکات و سەرسامە بە وەسفەکەی و دەڵێت: مرۆڤ بە تام و چێژەوە هەوڵی ئەوە دەدات کە چاوەکانی تێر بکات لە بینینی دیمەشق هیچ وەسفێکی ئالتونی مافی تەواوەتی بە دیمەشق نادات بەڕاستی ئەوەی دەروون بیەوێت و چاو داوای بکات لەوێ هەیە ئیبن جوزەی دەڵێت: ئەوەندە وەسف کراوە ناتوانرێت هەموو وتەکان بنووسرێتەوە چەند دێڕە هۆنراوەیەکم لەیادە کە هی زانا و شاعیر "شەرەفەدینی کوڕی موحسەن"ە هەمیشە دەیوتەوە ڕەحمەتی خوایان لێبێت:

دمشق بنا شوق إليها مـــبرجٌ وإن لُج واشٍ أولجَ عـــــذولُ

بلاد بها الحصباءُ دُرٌ وترٌبـــها عبيرٌوأنفاسُ الشـــمالِ شمولُ

تسلسل فيها ماؤها وهو مٌطلق وصحَ نسيم الروضِ وهوعليلُ

خەڵکی دیمەشق لە ڕۆژی شەممەدا کاریان ناکرد بەڵکو دەردەچوون بۆ گەشتوگوزار و بەسەربردنی کاتێکی خۆش لە نێو باخ و ڕەزەکاندا تا شەو لەوێ دەمانەوە و پاشان دەگەڕانەوە زۆر باسی جوانی دیمەشقمان کرد هەرکەسیش دەیەوێت زیاتر دەربارەی بزانێت، با بگەڕێتەوە بۆ ووتەکانی شێخ ئەبی عەبدوڵڵا.

مزگەوتی بەناوبانگی دیمەشق

مزگەوتی(بەنی ئومەیە)

مزگەوتی بەنی ئومەیە لە گەورەترین و جوانترین مزگەوتەکانی دونیایە هێندە بە قەشەنگە هاوشێوەی نییە لە سەردەمی "عەبدولمەلیکی کوڕی مەڕوان"دا دروستکراوە کاتێك "عەبدولمەلیك" دەیەوێت ئەو مزگەوتە دروست بکات نامەیەك ئاراستەی پاشای قوستەنتینە دەکات و داوای لێ دەکات کۆمەڵێکی زۆر لە خەڵکی پیشەوەر و وەستا و ئەندازیار و نیگارکێشی بۆ رەوانە بکات ئەویش دوازدە هەزار کەسی بۆ دەنێرێت، پێشتر کاتێك دیمەشق فەتح دەکرێت شوێنی مزگەوتەکە کڵێسایەك دەبێت خالیدی کوڕی وەلید لەلایەکی دیمەشقەوە بە جەنگ دێتە نێوی تا ناوەڕاستی کڵێساکە لەلای رۆژئاواوە ئەبو عوبیدەی جەراح بە سوڵح تا دەگاتە ناوەڕاستی کلێساکە بۆیە نیوەی دەکرێت بە مزگەوت و نیوەکەی تری بە کڵێسایی دەمێنێتەوە. عەبدولمەلیکی کوڕی مەڕوان پێداگری کرد لەسەر ئەوەی کە دەبێت ئەو نیوەیەی تری کڵێساکە لە رۆمەکان بکڕێت، تا مزگەووتی بەنی ئومەیە گەورەتر بکاتەوە بەڵام رۆمەکان رەتیانکردوە کڵیساکە بفرۆشن ووتیان: ناتوانین ئەو کارە بکەین و هەر کەسیش ئەو کڵیسایە وێران بکات شێت دەبێت لە وەڵامدا عەبدولمەلیك ووتی: من ئەو کارە دەکەم و دەیڕوخێنم با من یەکەم کەس بم لە ڕێگای خوادا شێت بم دەستیکرد بە روخاندنی و رۆمەکانیش بە درۆکەوتنەوە!.

دریژی مزگەوتەکە لە رۆژهەڵاتەوە بۆ لای رۆژئاوا دووسەد هەنگاو بوو، واتا سێ سەد گەزە پانیەکەشی لە قیبلەوە بۆ ناوەڕاستی مزگەوتەکە سەدوسی و پێنج هەنگاو بوو واتا : دووسەد بااڵ ژمارەی چەترە شوشەیەکانی کە رەنگاوڕەنگ کرابوون حەفتا و چوار چەتر بوو سێ ڕێڕوی میچداری گەورەی تێدابوو کە پانی

هەریەکەیان هەژدە هەنگاو بوو ئەمانەش لەسەر پەنجا و چوار ستوون راگیرکرابوون لەگەڵ هەشت کۆڵەکەی گەورەی بەرد و شەشی دیکەی رووپۆشکراو بە بەردی بەنرخ (روخام)ی رەنگاوڕەنگ کە وێنە و زەخەرەفی گوڵداری تێدا بوو هەروەها میچەکانی بە قورقۆشم دروستکرابوو بەرامبەر میحرابەکەی بوو پێی دەوترا گومەزی داڵ چونکە مزگەوتەکەیان وا دروستکردبوو کە شێوەی دالێکی هەبێت و قوبەکەی سەری دالّەکە بێت لە هەر لایەکی شارەوە برۆیتە نێوی ئەم گومەزەت لێ دەردەکەوت هێندە بەرز بوو بەسەر هەموو بالّەخانەکانی دەوروبەریدا دەڕوانی چونکە وا دروستکرابوو لە هەموو لایەکەوە دەڕوانی بەسەر گۆڕەپانەکانیدا (حەوشە) هەروەها پانی گۆڕەپانەکەی سەد گەز بوو مزگەوتەکە لە بەشی ڕۆژهەلاّتی و ڕۆژئاوا و ناوەوەی بەچوار دەوریدا ڕێڕوی میچداری تایبەتی جوانی لە بەردی لوس بۆ دروستکرابوو پانی هەریەکێکیان دە هەنگاو دەبوو جوانترین دیمەنی هەبوو! خەڵکی شار لەدوای نوێژی عیشادا دەگەڕانەوە مالّەوە و لە بەیانیدا هەر کەسە و لەگەڵ زانای بواری (فیقە) و فەرمودە کۆ دەبوونەوە بۆ وەرگرتنی زانست کاتێك مامۆستاکانیان دەهاتنە ژوورەوە سەریان بۆیان دادەنەواند .

گۆڕەپانی(حەوشە)مزگەوتەکە سێ گومەزی هەبوو، کە یەکێکیان: زۆر گەورە و جوان بوو و بە گومەزی دایکی باوەڕدارن عائیشە ناودەبرا و لەسەر هەشت کۆڵەکەی روخام جێگیرکرا بوو بە بۆیەی هەمەڕەنگ نەخشێنرابوو دەڵێن: گوایا سامان و پارە و پوڵی مزگەوتی تێدا حەشاردراوە ئەوەشیان دەوت کە داهاتی سالاّنی ئەم مزگەوتە دەگاتە بیست و پێنج هەزار دیناری ئالتونی .

دووەمیان: دەکەوتە ڕۆژهەلاّتیەوە بەلاّم بچوکترە لە یەکەمیان و بە هەمان شێوە لەسەر هەشت ستوون دانرابوو پێشی دەوترا: گومەزی زەینولعابدین.

گومەزی سێیەم: دەکەوتە ناوەڕاستی گۆڕەپانی مزگەوتەکە لەسەر چوار کۆڵەکەی روخام دروستکرابوو لەڕێڕیدا پەنجەرەیەکی ئاسنین هەبوو بۆڕیەکی دروستکراو لە کانزای مس بەناو ڕاستیدا تێپەر دەبوو ئاوی پێدا دەڕۆیشت،

خەڵکی بەکاریان دەهێنا بۆ ئاوخواردنەوە هەروەها لای ڕۆژهەڵاتی گۆڕەپانی مزگەوتەکە دەرگایەکی قەشنگ هەبوو دەیڕوانی بە نێو مزگەوتەکەدا پێدەوترا مەشهەدی علی بەرامبەریشی ڕۆژئاوا بوو کە هەردوو ڕێڕوی ڕۆژئاوا و ناوەوە لەوێ پێکدەگیشتن دەیانگوت : دایکی ئیمانداران لەوێ دادەنیشت گوێبیستی فەرمودە دەبوو . هەر لەلای قیبلەوە جێگایەکی بچوکی لێبوو تایبەت کرابوو بە پێشەوایانی شافیعی گەنجینەیەکی بۆ دروستکرابو ئەو قورئانەی لێ هەڵگیرابوو کە ئیمامی عوسمان ڕەزای خودای لێبێت ڕەوانەی کرد بۆ خەڵکی شام، هەموو ڕۆژانێکی هەینی دوای نوێژ دەرگای گەنجینە دەکرایەوە و خەڵکی بە کۆمەڵ دەڕۆیشتن بۆ ماچکردنی ئەو قورئانە پیرۆزە زۆر جاریش بۆ چارەسەری کێشەکانیان پەنایان دەبردە بەر سوێندخواردن بەو قورئانە لەلای چەپی قیبلەوە میحرابی هاوەڵانی پێغەمبەرﷺ هەبوو، کە شارەزایانی مێژوو دەڵێن: یەکەم میحرابە لە مێژوودا دروستکرا بێت هەر لەوێدا مالیکیەکان پێشنوێژیان تێدا دەکرد لەلای ڕاستی قیبلەوە میحرابی حەنەفیەکان هەبوو بەدوای ئەویشدا حەنبەلیەکان دەهات و ئیمامی ئەوان پێشنوێژی دەکرد.

منارەی بانگدانی مزگەوتەکە سێ دانە بوو: یەکەمیان لای ڕۆژهەڵاتە ڕۆمەکان دروستیان کردبوو دەرگاکەی لە نێو مزگەوتەکەدا بوو بەڵام لای خواریەوە شوێنی دەستنوێژ هەڵگرتن هەبوو تایبەتە بەو کەسانەی لە مزگەوت دەمێننەوە ئیعتیکاف دەکەن هەروەها جێگای بانگدانی دووەم: لای ڕۆژئاواوە بوو ئەویش ڕۆمەکان دروستیان کردبوو بەڵام سێیەمیان: مسوڵمانان دروستیان کردبوو دەکەوتە باکورەوە ژمارەی بانگبێژەکان دەگەیشتە حەفتا کەس لە ڕۆژهەڵاتیەوە عەمبارێکی گەورەی ئاو هەبوو هی تایەفەی ڕەش پێستەکان بوو پێیان دەوترا: زەیالیعە هەروەها لە نێو مزگەوتەکە گۆڕی پێغەمبەر زەکەریای لێبوو سلاوی خوای لێبێت کە تابووتیك بوو لە نیوان دوو ستووندا بە قوماشی ئاوریشمی ڕەش داپۆشرابوو ئەم ئایەتەی لەسەر نووسرابوو ﴿يازكريا إنا نبشرك بغلام اسمه يحي﴾[1].

---

[1] سورتی مەریەم ئایەتی۷ .

فەزڵی مزگەوتی بەنی ئومەیە

لە کتێبی(فضائل دمشق) ئەوەم خوێندۆتەوە کە مزگەوتی بەنی ئومەیە خاوەن فەزیلێکی مەزنە لە سوفیانی سەوریەوە ریوایەت کراوە نوێژێك لەو مزگەوتەدا بە هێندەی سی هەزار نوێژ دەبێت، هەروەها لە پێغەمبەرەوە ﷺ ریوایەت کراوە دوای روخانی دونیا چل ساڵ لەو مزگەوتەدا پەرستشی خودا دەکرێت دەڵێن: دیواری لای قیبلە یەکەم کەس پێغەمبەر هود دروستیکردوە و گۆڕەکەشی لەوێدایە، ئەو دەمەی چومە یەمەن لە نزیك شاری (زەفار) شوێنێکی لێبوو ناوی (ئەحقاف) بوو، گۆڕێکی لێبوو لەسەری نوسرابوو گۆڕی "هودی کوڕی عابر" سڵاوی خوای لێبێت، ئیتر نازانم کامیان گۆڕی راستەقینەی هودە. هەر لە فەزڵی ئەم مزگەوتە.. هیچ کات قورئانخوێندنی تێدا نابڕێت تەنها لە هەندێك کاتدا نەبێت لە دوای نوێژی بەیانیان مسوڵمانان کۆدەبوونەوە بۆ خوێندنی قورئان لە سورەتی کەوسەرەوە دەستیان پێدەکرد تا کۆتایی قورئان، کە پێیان دەوت: کەوسەریە کە نزیکەی شەش سەد کەس دەبوون و هەریەکەیان بەشێکی قورئانی دەخوێند جا ئەگەر کەسێك دیار نەبووایە ئەوا بە نەهاتوو ناوی تۆمار دەکرا چەندێك دیار نەبووایە بە هێندەی ئەو ئامادەنەبوونەی لە یارمەتیەکەی دەبڕدرا هەر لەناو مزگەوتەکەدا کۆمەڵە کەسانێك هەبوون خۆیان یەکلاکردبووە بۆ پەرستش تەنها لە کاتی پێویستدا دەردەچوون خواردنیان لەلایەن خەڵکەوە بۆ دابین دەکرا بێ ئەوەی پارەیان لێ بسێنرێت.

دەرگاکانی

مزگەوتی بەنی ئومەیە چوار دەرگای هەبوو:

دەرگای قیبلە: کە ناسرابوو بە دەرگای زیادە، لای سەرەوەی دەرگاکە پارچە رمێکی لێبوو ئالاکەی خالیدی کوڕی وەلیدی پێوە هەڵواسرا بوو رەزای خوای لێبێت هەروەها لە نزیکی گۆڕەپانێکی لێبوو دوکانێکی زۆری تێدا دروستکرا بوو پاشان لەوێوە رێگایەکی تر هەبوو دەچووەوە بۆ شوێنی تەوێلەی ئەسپەکان، بەڵام لای چەپیەوە بازاڕی قاپ و قاچاخی مس فرۆشان هەبوو لە جوانترینی بازاڕەکانی دیمەشق بوو بە تەنیشتیەوە مالّی مەعاویەی کوڕی ئەبو سوفیانی لێبوو رەزای خوای لێبێت، لەگەڵ مالّی خزم و کەسەکانی پێشتر پێی دەوترا خەزراء بەڵام نەوەکانی عەباس روخاندیان و دواتر کرا بە بازاڕ.

دەرگای رۆژهەڵات: لە گەورەترین دەرگاکان بوو بە دەرگای جیرون دەناسرا بە گۆڕەپانێکی گەورەی لێ بوو شوستەیەکی پانی لێدەردەچوو بەرامبەری شەش ستوونی مەزن هەبوو لەگەڵ پێنج دەرگا، لە لای چەپیەوە مەزارێکی لێبوو کە سەری ئیمام حوسێنی تێدا نێژرا بوو خوا لێی رازی بێت، بە تەنیشتیەوە مزگەوتیکی بچوك هەبوو کە لە سەردەمی عومەری کوڕی عەبدولعەزیزدا دروستکرا بوو دەڵێن: خۆی دروستیکردوە رەزای خودای لێبێت هەر لە مزگەوتەکەدا ئاوی بەخوڕ و بەردەوامی لێبوو کەمێك دەڕۆیشتیت پاشان پلیکانەیەك دەهاتە پێشت کە دادەبەزی بۆ جێگایەك وەك قەیسەری وابوو بازاڕێکی گەورەی لێبوو دوکانی قوماش فرۆش و پەرتوکخانەی لێبوو لەگەڵ شەقامێکی پان و پۆڕدا هەروەها زێڕنگەر و پیشەوەرانی شووشە لەوێدا کاریان دەکرد.

هەر لە نزیك ئەوانەی باسیانم کرد چەند دوکانێك هەبوو تایبەت بوون بەو کەسانەی شاهێدی دەدەن و ئەوانەی پەیمانی هاوسەرگیریان دەبەست لای دادوەر، دوو لەو دوکانانە تایبەت بوون بە مەزهەبی ئیمامی شافیعی ئەوانی تریش تایبەت بوون بە مەزهەبەکانی تر جگە لەوانەی باسکران بازاڕی کاغەز فرۆشان هەبوو هەموو جۆرە کاغەز و مەرەکەب و پێنووسێکیان دەفرۆشت، بەرامبەریشیان حەوزێکی پانی لێبوو بۆڕی لە مس دروستکراوی تێدابوو بە شێوازێکی وا دانرابوو ئاوی پێدا دەڕۆیشت و بەرزدەبوەوە بە بالآی مرۆڤێك، پێیان دەوت: (نافورە) زۆر قەشەنگ و سەرنجڕاکێش بوو!.

لە دەرەوەی دەرگای جیرۆن بەلای راستدا جێگایەك هەبوو پێیان دەوت: دەرگای کاتژمێر ژوورێکی لێ دروستکرابوو لە شێوەی تاقێکی گەورەدا بوو، چەندەها دەرچەی بچوکی هەبوو بە هێندەی کاتژمێرەکانی رۆژ لە ناوەوە بە رەنگی سەوز رەنگ کرابوون و دەرەوەی بە رەنگی زەرد ئەگەر کاتژمێرێك لە رۆژ رۆیشت دەرچەکە هەڵدەگێڕدرایەوە و رەنگی دەرەوە دەبوو بە سەوز و ناوەوە دەبوو بە زەرد دەشیانوت کەسێك لە ناوەوە ئەو کارە دەکات هەر لەگەڵ تێپەڕبونی کاتژمێرێك بە دەستی ئەمدیو و ئەودیوی پێ دەکات.

دەرگای رۆژئاوا پێیان دەوت: دەرگای بەرید لە دەرەوەی ئەم دەرگایەدا بەلای راستدا قوتابخانەی شافیعی هەبوو لە ناوەوەی قوتابخانەکەدا گۆڕەپانێکی گەورە هەبوو لەگەڵ چەند دوکانێك مۆمیان دروست دەکرد و دیانفرۆشت، لەگەڵ دوکانی میوە فرۆشان.

دەرگای ناوەوە (جەوفی): بە دەرگای نەتفانین دەناسرا ئەمیشیان هەیوانێکی گەورە و درێژی هەبوو لەلای راستییەوە و لە دەرەوەیدا خانەقایەك هەبوو پێیان دەوت: شومەیعانیە عەمبارێکی گەورەی ئاوی لێبوو لەگەڵ شوێنی شووشتن و دەستنوێژ هەڵگرتن دەڵێن: ئەو شوێنە هی مالّی عومەری کوڕی عەبدولعەزیز بووە رەزای خودای لێبێت، لە هەر دەرگایەك شوێنی تایبەتی دروستکرابوو بۆ پاکژی و

دەستنوێژ هەڵگرتن ژمارەیان دەگەیشت بە سەد جێگا، ئاویش بۆ هەموویان ڕاکێشرابوو.

پێشەواکانی ئەم مزگەوتە

ژمارەیان سیانزە بوو، یەکەمیان: شافیعی بوو کاتێک من گەیشتمە ئەوێ پێشەواکەی دادوەری گشتی بوو ناوی "جەلالەدین محەمەدی کوڕی عەبدولڕەحمانی قەزوێنی" بوو شەرعناسێکی مەزن بوو لە مالّی وتاربێژەکان نیشتەجێ بوو هەمیشە بەو دەرگایەدا دەڕۆیشت کە "موعاویە" ڕەزای خوای لێبێت پێیدا دەڕۆیشت مەلیك ناسر لە دیمەشق سەد هەزار درهەمی قەرزی بۆ دەداتەوە کە لەسەری بووە، پاش ماوەیەك لەسەر داوای ئەو دەچێتە میسر بۆ وەرگرتنی کاری دادگەری، کاتێك پێشەوای شافعییەکان سلاّوی بدایەتەوە، دواتر لە جێگایەکی تر کە بە شوێنی (مەشەهەدی) پێشەوا عەلی و مەشهەدی حەسەن و گلاّسە و مەشهەدی ئەبوبەکر و عومەر و عوسمان و پێشەوای مالیکی ڕەزای خوایان لێبێت نوێژیان دەکرد، ئەودەمی من چومە ئەوێ زانای بەناوبانگ "ئەبو عومەری کوڕی وەلیدی حاجی تەجیبی" پێشەوای مالیکێکان بوو لە بنەڕەتدا خەڵکی ولاّتی (قورتوبە) بوو بەلاّم لە دایکبووی (غەرناتە) بوو لە دیمەشقدا نیشتەجێ بوو جارجار بە نۆرە لەگەڵ براکەی ئیمامەتیان دەکرد ڕەحمەتی خوا لە هەردووکیان بێت. ئنجا نۆرەی ئیمامەتی حەنەفییەکان دەهات ئەوکات زانای بەناوبانگی شەرع "عیمادەدین حەنەفی" پێشەوایەتی دەکرد بە "ئیبن ڕۆمی" ناسرابوو لە گەورە سۆفییەکانی ولاّتی شام بوو خانەقاکەی لە (شەرەفولئەعلا) هەبوو بەلاّم پێشەوای حەنبەلییەکان لەو دەمەدا "شێخ عەبدوللاّی کەفیف" بوو یەکێك بوو لە قورئانخوێنە بەناوبانگەکان، دوای پێشەواتی ئەوانەی باسیانم کرد نۆرەی پێشەوایەتی دادوەرەکان دەهات ئەوەی جێگای سەرنجە مزگەوتی بەنی ئومەیە نوێژکردن تێیدا بەردەوام بوو لە بەیانیەوە تا سێیەکی شەو ! ئەوش فەزڵ و گەورەیی ئەم مزگەوتە دەرئەخات.

مامۆستاکانی مزگەوتەکە

مزگەوتی بەنی ئومەیە چەندها زنجیرە وانەی لە هونەرەکانی زانستدا تێدا دەوترایەوە نەریت وابوو مامۆستا دەچوە سەر کورسییەکی بەرز دادەنیشت ئەنجا دەستی دەکرد بە وانەوتنەوە لە بواری فەرمودە و قورئا و...هتد هەروەها قورئانخوێنەکان بەیانیان و ئێواران دەستیان دەکرد بە قورئانخوێندن بە خۆشترین ئاواز، هەر مامۆستایەك پەنای دەبردە بەر کۆڵەکەیەکی مزگەوتەکە و دەستی دەکرد بە وانەوتنەوەی منالآن و فێری خوێندنەوە قورئانیانی دەکردن بێ ئەوەی پێنووس و لەوحە بەکاربهێنن بەڵکو هەر بە زارەکی پێیانیان لەبەردەکرد چونکە بڕوایان وابوو قورئان بەو شێوازە هاتووەتە خوارەوە دەبێت هەرواش لەبەربکرێت پاشان مامۆستای خۆشنووسی زۆر بە باشی فێری جواننوسیانی دەکرد.

مامۆستاکانی مزگەوتەکە بریتی بوون: لە زانا "بورهانەدینی کوڕی فەرکاحی شافیعی" و "سالح نورەدینی ئەبولیەسر سائیغ" بەناوبانگ بوو بە زانستخوازی و چاکەکاری کاتێك جەلالەدینی قەزوینی لە میسر کاری دادگەری گرتەدەست پەیامی نارد بۆ "ئەبو لیەسر" کە واز لە میسر بهێنێت و لە دادگای دیمەشقدا کاربکات، بەڵام ئەو کارەی رەتکردوە هەروها یەکێکی تر لە مامۆستاکانی زانا و پێشەوا "شەهابەدینی کوڕی جوهەیل" بوو بەڵام دیمەشقی جێهێشت چونکە ترسا لەوەی فەرمانی دادوەری بکەوێتە دەست ئەبولیەسر، بۆیە پەنای بۆ مەلیك ناسر برد و دواتر زانایەك لە زاناکانی ولآتی میسر، کە بە پێشەوا لە بواری فەلسەفە و فیقهدا دەناسرا، کرا بە دادوەری شاری دیمەشق ناوی "عەلائەدین قەونەوی" بوو یەکێکی تر لە مامۆستاکان "بەدرەدین عەلی سەخاوی" مالیکی بوو رەحمەتی خوا لە هەموویان بێت.

باسی دادوەرەکانی دیمەشق

باسی "جەلالەدین محەمەدی کوڕی عەبدورەحمانی قەزوێنی" دادوەری گشتی دیمەشقمان کرد بەلاّم دادوەری مالیکییەکان ناوی "شەرەفەدین" بوو لەگەلّ ئەوەشدا وتاربێژی شاری فەیوم بوو کەسێکی روخسار جوان و بالاّبەرز بوو بە شێخی سۆفییەکان دادەنرا، ئەنجومەنی بڕیاردانی لە قوتابخانەی (سەمسانی) بوو، جێگرەکەی ناوی "شەمسەدینی قەفەسی" بوو، بەلاّم دادوەری گشتی حەنەفیەکان "عیمادەدینی حۆرانی" بوو کەسێکی زۆر بەهێز و بەتوانا بوو لە بڕیاردان و خەلّکی لێی دەترسان، زۆرجار ئافرەتان بۆ کێشەکانیان رووبان تێدەکرد، هەر کە پیاوان بیانزانیایە کێشەیان گەیشتوەتە لای حۆرانی زوو وەك پاکانەیەك خۆیان دەگەیاندە لای هەروەها دادوەری حەنبەلیەکان پێشەوا "عەزەدینی کوڕی موسلیم" بوو، کەسێکی بەتوانا و هەلّبژادە بوو، لە کاتی سەردانیدا بۆ مەدینەی پیرۆز کۆچی دوایی کرد.

زاناکەی شام

لە دیمەشق کەسێکی بەناوبانگ هەبوو لە گەورە زاناکانی مەزهەبی حەنبەلی بوو لە هەموو هونەرەکانی زانستدا قسەی دەکرد کەسێکی تایبەت و جۆرێك بوو وەك بڵێی شتێك لە عەقڵیدا هەبێت[1] خەلّکی دیمەشق زۆر ڕێزیان لێدەگرت، لەسەر مینبەر وتاری پێشکەش دەکرد و خەلّکی بە پەرۆشەوە گوێبیستی دەبوون، جارێکیان باسی بابەتێکی کرد و هەندێك لە زاناکانی وروژاند سکالاّیان گەیاندە

---

[1] ئەم قسەیەی ئیبن بەتوتە کە باسی ئیبن تەیمیە دەکات و دەڵێت: وەك شتێك لە عەقڵیدا هەبێت، مەبەستی ڕەخنەگرتنە و بەکەم سەیر کردنێتی کە ئەوەش هەمو زانانکان ڕەتی دەکەنەوە. (تحفة النظار، بشرح طلال المرب ، ص ١١٢)

لای مەلیك ناسر و ئەویش فەرمانی دەرکرد بە گواستنەوەی بۆ قاهیرە. هەموو زانا و فەقیهەکان کۆکرانەوە لە ئەنجومەنی دەسەلاتی مەلیك ناسردا "شەرەفەدینی زەواوی مالیکی" کەوتە گفتوگۆ ووتی: ئەمە ئاوها و ئاوها دەڵێت چەند جارێك دووبارەی کردوە، دادوەری گشتی رووی کردە ئیبن تەیمیە و پێی ووت: چی دەڵێیت؟! ووتی: لا إله إلا الله. دووبارەی کردەوە و دیسانەوە هەمان وەڵامی دایەوە، بۆیە بڕیاری زیندانی بۆ دەرکرا و چەند ساڵێك لە زیندانـدا مایەوە و تەفسیری قورئانی لە چل موجەلەتدا نووسییەوە ناوینا (بحرُالمحیط) دواتر دایکی ئیبن تەیمیە دەچێتە لای مەلیك ناسر و داوی لێخۆشبوونی لێ دەکات و ئەویش ئازادی دەکات.

دوای ماوەیەك دووبارە زیندانی دەکرێتەوە، جارێکیان لە دیمەشق چومە وتارێکییەوە لە رۆژی هەینیدا بوو دەستیکرد بە وتاردان و ئامۆژگاری کردنی خەڵکی، لەناو وتارەکەیدا ووتی: خودا دادەبەزێت بۆ ئاسمانەکانی دونیا، وەك چۆن من دادەبەزم لەسەر ئەم مینبەرەوە پلە پلە دادەبەزێت[1] بۆیە زانایەکی مالیکی هاتە قسە و دژی وەستایەوە خەڵکی هەستانەوە بۆ گیانی زاناکە و دایانە بەر نەعل و چەمۆڵە، هەتا عەمامەکەی سەری کەوتەخوارەوە و پارچە قوماشێکی ئاوریشم بەسەرییەوە دەرکەوت[2]، لێیان کردە هاتوهاوار کە چۆن دەبێت ئاوریشم

---

[1] زۆرێك لە زانا و تۆێژەرەکان، ئەم قسەی ئیبن بەتوتە بە ناتەواو دەزانن، چونکە هیچ زانایەکی سەلەف ئەوەی نەکردوە کە سیفاتەکانی خودا بچوێنن بە مرۆڤ، بە تایبەتیش شیخی ئیسلام نیبن تەیمیە، ئەوەی لە کتێبەکانیدا هەیە کە باس لە سیفەتەکانی خودا دەکات، رێك پێچەوانەی قسەکانی ئیبن بەتوتەیە، هەروەها دژی هەمو ئەوانە بووە کە تەئویل و تەشبیهیان کردوە(وەرگێر) . ئەو کاتەی کە ئیبن بەتوتە چووەتە (دیمەشق)، لە ٩ ی مانگی رەمەزانی ساڵی ٧٢٦ك بووە، بەڵام پێشتر شێخی ئیسلام لە عەسری رۆژی دووشەمەی ١٦ شەعبانی ٧٢٦ك، لە بەندیخانەی قەلعەی دیمەشق زیندانی کراوە.(البداية والنهاية، دار المعرفة بیروت، ٢٠٠٣،ج ١٤ ص ٥٣٩). واتا نزیکەی (٢٥) رۆژ پێش گەیشتنی ئیبن بەتوتە بە دیمەشق، شێخی ئیسلام دەستگیرکراوە، کەواتا: هیچیان ئەکتریان نەبینیوە. (وەرگێر)

[2] لە ئیسلامدا پۆشینی قوماشی ئاوریشم بۆ پیاو حەرامە، مەگەر کەسێك نەخۆشی پێستی هەبێت ئەوکات ←

لەسەر بکات، بردیان بۆ مالّی "عەزدینی کوڕی موسلیم"ی دادوەری حەنبەلییەکان، ئەویش سزایدا و زیندانیکرد. کاتێک زانای شافیعیەکان و مالیکیەکان ئەوەیان بیست، سەرکۆنەی ئەو کارەیان کرد و شکایەتی خۆیان گەیاندە لای ئەمیر "سەیفەدین تەنکیز" کە کەسێکی خواناس و چاك بوو، ئەویش نامەیەك بۆ مەلیك ناسر دەنووسێت و کۆمەلّێك شت لەسەر ئیبن تەیمیە باس دەکات، لەوانە سێ بەسێی تەلاّق بە یەك تەلاّق دەژمێرێت، هەر کەسێك زیارەتی گۆڕی پێغەمبەر ﷺ بکات، نابێت نوێژ کورت بکاتەوە، ئەمانە و کۆمەلّە بابەتێکی تر ئەویش بڕیاری زیندانی بۆ دەرکرد و لە زیندانی (قەلعە) بەند کرا تا کۆچی دوایی کرد.

قوتابخانەکانی دیمەشق

لە دیمەشق کۆمەلّە قوتابخانەیەك هەبوو، لەوانە (عادلیە) کە گەورەترین قوتابخانە بوو، هەر لەوێدا دادەوەر حوکمی دەکرد بەرامبەری قوتابخانەی (زاهیریە) بوو کە گۆڕی پاشا زاهیریش هەر لەوێ بوو، هەروەها ئەندامانی ئەنجومەنی دادەوەری لێی دادەنیشتن، یەکێك لەوانە (فەخرەدین قیبتی) بوو، کە باوکی یەکێك بوو لە نووسەرەکانی ئەقبات، بەلاّم دواتر مسوڵمان دەبێت جگە لەو دادوەر "جەمالەدین"یش هەبوو کاری دادوەری گرتبووە دەست، بەلاّم دواتر بەهۆی سەرپێچییەوە لە کارەکەی دوورخرایەوە.

حیکایەتی شێخ زەهرەدین و دادوەرەی گشتی

لە دیمەشقدا پیاوێکی خواناس هەبوو ناوی "زەهرەدینی عەجەمی" بوو مامۆستای ئەمیری گەورە تەنکیز بوو زۆر رێزی لێدەگرت جارێکیان دادوەری

دروستە، بە بەڵگەی ئەو فەرمودەیەی کە دەفرموێ. ((نهانا رسو الله عن لبس الحرير والديباج وان نجلس عليه)) . بڕوانە (كفاية الأخيار في حل غاية الاختصار، ج١ص٩٩ منشوارت الذخائر١٩٩٤) .

مەزهەبەکانی لە دارو لعەدل کۆکردەوە لەگەڵ دادوەری گشتی"جمالەدین" کاتێک گفتوگۆ کرا دادوەری گشتی کۆمەڵێك بابەتی باس کرد "زەهرەدین" پێی ووت: درۆ دەکەیت ئەویش زۆر لە زەهرەدین تووڕە دەبێت رووەکاتە ئەمیری گەورە دەڵێت: چۆن وادەبێت لە کاتێکدا تۆ ئامادەیت و پێم دەڵێت درۆ دەکەیت. ئەمیر پێی دەڵێت: ئەوا من زەهرەدین رادەستی تۆ دەکەم خۆت سزای بدە ئەمیر وا هەست ناکات "جەمالەدین" سزای تۆندی بدات، دادوەری گشتی بانگی زەهردین دەکات بۆ قوتابخانەی عادلیە دوو سەد قامچی لێ دەدات پاشان لەسەر پشتی گوێدرێژێك بە ناو شەقامەکانی دیمەشقدا گڕی دەدات و بانگدەرێك بانگی خەڵکی لێ دەکات و لە بەرچاوی خەڵك سزا دەدرێت ئەوەش نەریت بوو لای ئەوان، کاتێك ئەمیر تەنکیز بەوە دەزانێت تووڕە دەبێت و بانگی هەموو دادوەرەکان دەکات، هەموویان کۆدەنگ دەبن لەسەر ئەوەی تۆڵە لە دادوەری گشتی وەربگیرێت بە مەزهەبێکی تر و نامەیەك دەنێرن بۆ مەلیك ناسر پاشان لەسەر کاریش دوورەخرێتەوە .

حەنەفیەکان قوتابخانەیان زۆر بوو، گەورەترینیان قوتابخانەی (سولتان نورەدین) بوو لەوێ دادوەری گشتی حەنەفی بڕیاری دەردەکرد بەڵام مالیکیەکان سێ قوتابخانەیان هەبوو، یەکەمیان (سەمسامیە) بوو هەر لەوێش دادوەری گشتی مالیکیەکان نیشتەجێ بوو سەرقاڵی دەرکردنی بڕیارەکانی دەبوو لەگەڵ قوتابخانەی (نوریە) سولتان "نورەدین مەحمودی زەنگی" دروستیکردبوو سێیەمیان قوتابخانەی(شەرابشیە)ش هەبوو بازرگانی بە ناوبانگ شەهابەدین شەرابشیە دروستیکردبوو هەروەها حەنبەلێکانیش قوتابخانەیان زۆر بوو بەناوبانگترینیان (نەجمیە)بوو .

دەرگاکانی دیمەشق

دەرگاکانی دیمەشق هەشت دەرگا بوون، لەوانە: دەرگای ئەلفەرادیس و جابیە و دەرگای بچوك لەنیوان ئەم دوو دەرگایەدا گۆڕێکی زۆری هاوەڵانی پێغەمبەریﷺ لێبوو لەگەڵ شەهیدەکانی رێگای ئیسلام، ئیبن جوزەی دەڵێت: بەڕاستی لەم هۆنراوەیەدا زۆر جوان وەسفی دیمەشق کراوە:

دمشق في أوصافها جنة خلد راضية

أما ترى ابوابها قد جُعلت ثمانية

هەندێک

لە دیمەن و مەزارە پیرۆزەکانی دیمەشق

گۆڕی ئوم حەبیبە کچی ئەبو سوفیان و گۆڕی ئەمیری باوەڕداران "مەعاویە"ی برای لێبوو لەگەڵ گۆڕی بیلالی حەبەشی و ئوەیسی قەرەنی و لەگەڵ "کەعبی ئەحبار" رەزای خوا لە هەموویان بێت، گۆڕەکان لە نیوان دەرگای بچوك و دەرگای جابیە .

هەروەها لە پەرتوکی (ئەلموعەلیم) بۆ شەرحی سەحیحی موسلیمی ئیمامی قورتوبیدا هاتووە: کۆمەڵێك لە هاوەڵانی پێغەمبەرﷺ لەگەڵ ئوەیسی قەرەنی لە مەدینەوە گەشتیان کرد بۆ شام بەڵام لە رێگادا ئوەیس لە شوێنێکی چۆڵەوانیدا کە نە ئاوەدانی لێ دەبێت و نە ئاو کۆچی دوایی دەکات دوایی دەگەڕێن لەپڕ کفن و ئاویان بەرچاو دەکەوێت سەریانسووڕ دەمێنێت دەیشۆن و کفنی دەکەن پاشان

نوێژی لەسەر دەکەن و دەینێژن کاتێك دەڕۆن هەندێکیان دەڵێن: با بگەڕێینەوە نیشانەیەکی بۆ دابنێن کە دەگەڕێنەوە هیچ پاشماوەیەکی گۆڕی ئوەیس نابینن. ئیبن جوزەی دەڵێت: ئوەیسی قەرەنی لە شەڕی سەفیندا لەگەڵ ئیمامی عەلی دەکوژرێت هەر ئەمەش تەواوە. لە دوای دەرگای جابیە دەرگای رۆژهەلات دەهات کە گۆڕی "ئوبەی کوڕی کەعب"ی هاوڕێی پێغەمبەرﷺی لێبوو هەروەها گۆڕی پیاوچاك و خواناس "ئەرسەلان" ناسراوە بە (بازولشهەب)ی لێبوو .

چیرۆکی ناونانی بە بازولشهەب

دەگێڕنەوە شێخ ئەحمەدی رەفاعی رەزای خودای لێبێت لە (ئوم عوبەیدە) نیشتەجێ بوو لە نزیك شاری واست، لەنیوان ئەم پیاوە و "شوعەیبی کوڕی حوسێن"دا خۆشەویستی و هاوڕێیەتییەکی یەجگار تۆندوتۆڵ و نامەگۆڕینەوە هەبووە هەر لە نزیك خانەقاکەی باخچەیەکی دەبێت کە داری خورمای تێدا دەبێت لە کاتی بڕینەوەی خورمادا بوڵێك خورما بە دارخورماکەوە جێدەهێڵت دەڵێت: ئەمە بۆ شوعەیبی برامە، هەر لەو ساڵەدا حەج دەکەن بۆ مالّی خودا و لە کێوی عەرەفە لەگەڵ شێخ ئەحمەد و خزمەتکارەکەی کە ناوی ئەرسەلان دەبێت بەیەك دەگەن، باسی بۆڵە خورماکەی بۆ دەکات، خزمەتکارەکەی دەڵێت: ئەی شێخ من دەڕۆم و هەر ئێستا خورماکەت بۆ دەهێنم، دەڕوات و دوای ماوەیەکی کەم بۆڵە خورماکە دەهێنێت و لە بەردەستیان دایدەنێت کاتێك پرسیار لە خەڵکی خانەقاکە دەکەن دەڵێن: بازێکمان بینی لە رۆژی عەرەفەدا پڕی پێداکرد و بردی بەرەو ئاسمان لەوە بەدواوە پێیان دەوت: بازولئەشهەب. هەر لە رۆژئاوای دیمەشق گۆڕی شەهیدەکانی لێبوو، گۆڕی ئەبی دەردا و خێزانەکەی (ئوم دەردا) و گۆڕی "فوزالەی کوڕی عوبید" و "وائیلەی کوڕی ئەسقەع " و "حەنزەلە" و ئەوانەی لە ژێر دارەکە پەیمانیاندا بە پێغەمبەرﷺ رەزای خودا لە هەموویان بێت.

لە نزیك گوندی (مونیحە) شوێنێك هەیە چوار میلیك لە رۆژهەلاتی دیمەشق دوور دەبێت گۆڕی "سەعدی کوڕی عوبادەی" لێبوو مزگەوتیکی جوانی لەسەر دروستکرابوو لەسەر گلکۆکەی نووسرابوو: ئەمە گۆڕی سەعدی کوڕی عوبادەی هاوەڵی پێغەمبەرەﷺ سەرۆکی خەزرەج چەند فەرسەخێك بەولاوە لە لای قیبلەوە گۆڕی "ئوم کەلسومی" لێبوو کە کچی ئیمامی عەلییە دایکی فاتیمەی کچی پێغەمبەرﷺ کە ناوەکەی زینەبە لەبەرئەوەی شێوە و روخساری لە کەلسومی پوری دەکرد کچی پێغەمبەرەﷺ، بۆیە بە کەلسوم بانگی دەکرد لە چواردەوری ئەم شوێنەدا مالّی لێبوو، کە تایبەت کرابوون بۆ خزمەتی مسوڵمانان، هەروەها مزگەوتیکیشی لەسەر بونیاتنرابوو خەڵکی دیمەشق بە گۆڕی "ست ئوم کەلسوم" ناویان دەبرد گۆڕێکی تریشی لێبوو پێیان دەوت: گۆڕی سوکینەی کچی (حوسێنی کوڕی پێشەوا عەلی) رەزای خودا لە هەموویان بێت بەڵام لەلای رۆژهەلاتی دیمەشق و لە گوندەکانی دەوروبەری مزگەووتی (نەیرەبی) لێبوو، کە گۆڕێکی لێبوو دەیانوت: هی مەریەمە سڵاوی خودای لێبێت، دواتر چوار میلێکت دەبڕی گۆڕی "ئەبو موسلیمی خۆڵانی و ئەبی سولەیمانی دارانی" لێبوو.

جگە لەوانەی باسیانم کرد شوێنی تری بەناوبانگ و پیرۆزی لێبوو، وەك مزگەوتی کۆنی دیمەشق کە بە مزگەوتی بەرەکەت بەناوبانگ بوو گەورە و قەشەنگ بوو، خەڵکی دیمەشق ئەم مزگەوتەیان زۆر لاپیرۆز و خۆشەویست بوو، زەویەکی زۆری بۆ تەرخانکرابوو دەکەوتە سەر ڕێگای حیجازی شەریف و قودسەوە، لەو پاشماوە پیرۆزانەی لەو مزگەوتەدا هەبوون، بەردێك شوێن پێی پێوە دیارە بوو دەیانوت: شوێنپێی پێغەمبەر موسایە سڵاوی خودای لێبێت هەر لە ناو مزگەوتەکەدا ژوورێکی بچوك هەبوو بەردێکی لێبوو لەسەری نوسرابوو: هەندێك لە پیاوچاکان خەونیان بە پێغەمبەرەوە بینیوە فەرمویەتی: گۆڕی براکەم موسا لێرەدایە لەگەڵ جێگایەکی تر پێیان دەوت:(کەسیب لئەخزەر) بەڵام لە نزیك بەیتولمەقدیس کەسیب لئەحمەرێکی تر هەیە لای جوەکان گەلێك پیرۆزە!.

باسی تاعونە گەورەکەی دیمەشق

بە چاوی خۆم ئەو رۆژانەم بینی کە پەتای تاعون دیمەشقی داگیر کرد بوو لە کۆتایی مانگی ڕەبیعی دووەمی ساڵی ٧٤٩ کۆچی لەو رۆژانەدا گەورەیی و پیرۆزی مزگەوتی گەورەم بۆ دەرکەوت کە چەند لای خەڵکی بەنرخ بوو ئەوەی جێی سەرنج بوو "ئەرغۆن شا"ی ئەمیری گەورە و جێگری سوڵتان فەرمانی دەرکرد: کە بانگبێژەکان بە دیمەشقدا بسوڕێنەوە و خەڵکی ئاگادار بکەنەوە تا سێ ڕۆژ ڕۆژو بگرن کەس خواردن لە بازاڕدا لێ نەنێت.

ئیتر خەڵکیش سێ ڕۆژ بە ڕۆژو بوون، کۆتا ڕۆژیان کەوتە پێنج شەممەوە پاشان خەڵکی بە هەموو چین و تۆێژەکانەوە لە ئەمیر و کاربەدەست و زانا و دادوەر و ناودرەکانی شار لە مزگەوتی گەورەی دیمەشق کۆبونەوە هێندە زۆر بوون مزگەوت پڕ بوو لە خەڵکی دەستیانکرد بە نزا و پاڕانەوە شەویش لە مزگەوتدا مانەوە پاشان نوێژی بەیانیان کرد و بە پێ خاوسی لە مزگەوت دەرچون و قورئانیان بە دەستەوە بوو خەڵکی تری شاریش لە جولەکە و گاورەکان بە خۆیان و منداڵەکانیانەوە دەرچون و تەورات و ئینجیلیان بە دەستەوە بوو هەر هەمووبان دەگریان و دەپاڕانەوە، مسوڵمانان ڕوویان کردە مزگەووتی گەورە نوێژی هەینی کرا و لەوێدا مانەوە تا خۆرئاوا بوون پاشان گەڕانەوە ماڵ خودای گەورە بارەکەی لەسەریان سووکتر کرد و ژمارەی مردوەکان بە تاعون کەمتر بوەوە بۆ دوو هەزار کەس لە ڕۆژێکدا، بەڵام لە قاهیرە لە ڕۆژێکدا بیست و چوار هەزار کەس بەو نەخۆشییە دەمردن.

لەلای دەرگای ڕۆژهەڵاتی دیمەشق منارەی سپی هەبوو، ئەو منارەیەیە کە لە سەحیحی موسلیمدا هاتووە کە لە ڕۆژی دواییدا پێغەمبەر عیسا سڵاوی خودای لێبێت لێی دادەبەزێت.

ئاوەدانییەکانی دەروەوەی دیمەشق

لە دەرەوەی دیمەشق هەندێك شوێنی لێبوو، پانتاییەکی زۆری زەوییان داگیر کردبوو چواردەوری شاریان دابوو لەوانە شارۆچکەی سالحیە کە دەکەوتە لای باکوری دیمەشقەوە، ئاوەدانیەکی هەتا بڵێی دڵگیر و قەشەنگ بوو ئەوەی سەرنجی راکێشام لەو شوێنەدا نەخۆشخانە و قوتابخانەی تێدا دروستکرا بوو بازارەکەی کەم وێنە بوو لە جوانیدا، هەروەها قوتابخانەیەکی لێبوو بە (ئیبن عومەر) ناسرابوو تایبەت بوو بە پیرەکان ئەوانەی فێری قورئان دەبوون، خواردن و پۆشاك بۆ فیرخواز و مامۆستاکانی بێ بەرامبەر دابین دەکرا هەر لە ناوەوەی شارۆچکەکە قوتابخانەیەکی تر هەبوو بە هەمان شێوە پێیان دەوت (ئیبن مەنجا) فێرخوازێکی زۆری هەبوو ئەوەی شایەنی باسە خەڵکی سالحیە هەموویان لە سەر مەزهەبی ئەحمەدی کورێ حەنبەل بوون.

چیای قاسیۆن و شوێنە پیرۆزەکانی

ئەم چیایە دەکەوێتە باکوری دیمەشقەوە سالحیەش[1] دەکەوتە بنارەکەی چیایەکی زۆر بەناوبانگ و پیرۆزە چونکە شوێنی پێغەمبەرانە دەوترێت جێگەی دابەزینی سروش بووە هەر لەم چیایەدا ئەشکەووتیکی لێبوو دەیانوت: ئیبراهیم سلاوی خوای لێبێت لەوێدا لەدایکبووە هەر لەوێش مانگ و ئەستێرەکانی بینیوە وەك لە قورئانی پیرۆزدا هاتووە، ئەو شوێنەشی لێ مابوو کە خوداپەرستی تێدا دەکرد.

بەڵام کاتێك گەشتم کرد بۆ عێراق گوندێکم بینی لە نیوان بەغداد و حیلەدا

---

[1] گەرەکێکە لە دیمەشق. (وەرگێڕ)

پێیان دەوت (بورس) دەوترا: ئەم گوندە جێگای لەدایکبوونی ئیبراهیمە نزیك بوو لە شاری (زی لکیفل) ئەو شارەی کە گۆڕی پێغەمبەر زی لکیفلی لێیە سڵاوی خودایان لەسەربێت هەر لەو دیمەنە نامۆیانەی بینیم ئەشکەوتی خوێن! بوو کە لە لوتکەی چیاکە بوو خودای گەورەش ئەو بەردەی هێشتوەتەوە کە خوێنی هابیلی بەسەرەویە رەنگی سوورە ئەو کاتەی قابیلی برای دەستی تاوان درێژ دەکات و دەیکوژێت و دواتر رایدەکێشێت بۆ نیو ئەشکەوتەکە!.

دەگێڕنەوە زۆربەی پێغەمبەران لەوێدا پەرستشیان کردوە، ئیبراهیم و لوت و موسا و عیسا سڵاوی خودا لە هەموویان بێت، لە نزیك ئەم ئەشکەوتە مزگەوتیکی جوان و قەشەنگ دروستکرابوو بەهۆی پلیکانەوە بۆی سەردەکەوتیت چونکە کەوتبووە شوێنێکی بەرزەوە، لەگەڵ جێگای پشودان بۆ ڕێبواران هەموو ڕۆژێکی دوشەمە و پێنج شەممان بەڕوی خەڵکیدا دەکرایەوە چرا و مۆمیش تەرخانکرابوو بۆ ڕوناکی یەکێکی تر لە ئەشکەوتەکانی ئەم چیایە بۆ سەردەمی ئادەم دەگەڕێتەوە بە ئەشکەووتی برسێتی ناسرابوو دەڵێن: زیاتر لە حەفتا پێغەمبەر پەنای بۆ بردوە و تەنها کولێرەیەکیان پێ بووە بۆ خواردن هەر یەکەیان ڕەتیکردوەتەوە بیخوات لەبەر هاوڕێکەی دواتر هەموویان کۆچی دواییان کردوە سڵاوی خودا لە هەموویان بێت لە تەنیشت ئەم ئەشکەوتەوە خانوویەك دروستکرابوو تیایدا چرا و مۆم بە شەو و ڕۆژ دادەگیرسا بۆ ڕوناککردنەوە. خەڵکی باسی ئەوەشیان دەکرد کە لە نێوان دەرگای فەرادیس و مزگەووتی قاسیۆندا، گۆڕی زیاتر لە حەوت سەد پێغەمبەر هەیە هەندێکیان دەیانوت: حەفتا هەزار هەر لە دەرەوەی دیمەشقدا گۆڕستانێکی کۆن هەبوو، بە گۆڕستانی پێغەمبەران دادەنرا.

گردە بەرزەکە(رەبوە) و... ئەو گوندانەی لە دوایەوە دێن

لە کۆتایی چیای قاسیۆنەوە شوێنە بەرز و پیرۆزەکە دەهات، کە خودا لە قورئاندا باسی کردوە ﴿ذات القرار المعین﴾ جێگای دابەزینی پەیامی خودایە بۆ پێغەمبەر عیسا و دایکی سڵاوی خودایان لێبێت، جێگایەکی زۆر دڵڕفێن و قەشەنگ بوو کەم وێنە بوو لە دونیادا باڵەخانە و کۆشکی زۆر جوانی لێ دروستکرابوو لەگەڵ باخچە و ڕەز مرۆڤ حەزی دەکرد هەمیشە لەوێدا بژێت لەگەڵ ئەشکەوتی بچوکی پیرۆز کە لە ناوەوە ژورێکی بچوکی هەبوو شوێنی نوێژ بوو دەیانوت: خزر سڵاوی خودای لێبێ لەوێدا نوێژی کردوە، خەڵکی بە کۆمەڵ دەچون بۆ نوێژکردن لە دەرەوەی ئەم ئەشکەوتە بچوکەدا مزگەوت هەبوو شەقامێکی بە چواردەوردا بۆ دروستکرابوو لەگەڵ بوونی حەوزێکی ئاوی پاك کە لە بەردی بەنرخی مەرمەر دروستکرابوو ئاوی بۆ ڕاکێشرابوو کە چۆنێتی ڕاکێشانەکەی بەهۆی جۆگەلەیەکی بچوکەوە بوو کە لەسەر دیوارێك دروستکرابوو کە وەك کۆڵەکەیەك وابوو لە شوێنێکی بەرزدا بوو نجا درێژ دەبوەوە تا دەڕژایە نێو حەوزەکە ئەمەش وایکردبوو دیمەنێکی سەرنجڕاکێشی هەبێت.

هەر لە تەنیشتییەوە جێگای دەستنوێژ هەڵگرتنی بۆ تەرخانکرابوو، لەگەڵ جۆگەلەی ئاو ئەم گردە پیرۆزە (رەبوە) بە سەرچاوەی باخچە و ڕەزەکانی دیمەشق دادەنرا کانی و ئاوێکی زۆری هەبوو لەگەڵ بوونی حەوت جۆگەلە لەو کانیانە پێکدەهاتن کە لەژێر گردەکەوە هەڵدەقوڵان و هەریەك لەم جۆگەلانە شوێنی خۆیان رامالّی بوو کە لە لوتکەی چیاکەوە تەماشا دەکران دیمەنێکی جوانیان هەبوو، هەر لە ڕێڕەوی ئاوەکەوە تا تێکەڵ بوونیان و دواتریش جیابونەویان لەگەڵ ئەو باخ و ڕەزانەی بە کەناری ئەم ڕوبارانەوە بوون، هێندە دڵڕفێن بوون هیچ کات لە بیریان ناکەم، گەورەترین جۆگەلەیان (بەتورە) بوو کە لە ژێر (رەبوە)وە هەڵدەقوڵا ڕێڕەوی

لە تاشە بەردەکان بۆ هەڵکۆڵرابوو بەو شێوەیە رێچکەی خۆی وەرگرتبوو هەموو ئەو زەوی و باخ و بێستانانەی کە لەوێدا بوون لەگەڵ خانوەکانی داهاتەکانیان تەرخانکرا بوو بۆ ئیمام و بانگبێژەکان و خەڵکی رێبوار.

هەر لە نزیك گردەکەوە (رەبوە)وە گوندی (نەیرەب) هەبوو، لەبەر چڕی و پڕی دار و درختەکانی مالّەکانی دیار نەبوون، تەنها ئەوانە نەبێت کە بالّەخانەی بەرز و بڵندیان هەبوو، هەروەها کانی و ئاوی پاك و شیرینی هەبوو لەگەڵ مزگەوتی جوان و دڵڕفێن، کە لە ناوەوە بە فەرش و ڕاخەر رازێنرابونەوە سەحنی مزگەوتەکانیشی بە بەردی بەنرخ بونیاتنرا بوون لەگەڵ بوونی گەرماوی پاکوخاوێن جگە لەم گوندە لای قیبلەوە گوندێکی تر هەبوو ناوی (موزەی) بوو دەگەڕایەوە بۆ "موزەی کوڕی کەلبی" لە هۆزی کەلبی کوڕی ویبرەی کوڕی سەعلەبی حەلوانی کوڕی عیمرانی ئەلحافی قوزاعە، پێشتر ئەم گوندە بۆ ئەوان تەرخانکرابوو، کە بە گەورەترینی گوندەکانی دیمەشق دادەنرا زانای زۆریشی هەبوو لەوانە جەمالەدینی یوسفی کوڕی زەکی کەلبی موزیە کە بە ئیمام حافزی دونیا ناسراوە، لەگەڵ کۆمەڵێك زانای تر هەروەها مزگەوت و گەرماو و بازاڕی جوانیشی هەبوو، خەڵکەکەی وەك خەڵکی شار بوون و جیاوازییان ناکرا لە خزمەتدا بەڵام لای رۆژهەڵاتیەوە گوندێکی لێبوو پێیان دەوت: بەیت لاهیە، پێشتر کڵێسایەکی لێبووە دەڵێن: ئازەری باوکی ئیبراهیم بتی بۆ دەهێنا و خەلیلیش سڵاوی خودای لێبێت دەیشکاندن، بەڵام ئێستا کراوەتە مزگەوت و بە رەنگ و زەخرەفە و بەردی بەنرخ ڕازێنراوەتەوە.

جێگا تەرخانکراوەکانی(وەقف)
دیمەشق و داهاتەکەی و فەزڵی خەڵکەکەی

زەوییە تەرخاکراوەکانی هێندە زۆر بوون لە هەژمار نایەن لەبەر زۆری داهات و خەرجکردنی، هەندێکیان تەرخانکرا بوون بۆ هەژاران و ئەوانەی بێدەرەتان بوون هەندێکی تریان بۆ ئەو کچانەی کە شوویان دەکرد و هەژار بوون، خەرجی هاوسەرگیریان بۆ خەرجدەکرا لەسەر ئەو داهاتەی کە وەقفکرابوو، هەروەها بەشێکی تریشیان تایبەت کرابوون بۆ ئەو کەسانەی لە چنگی دوژمندان و بە پارە رزگار دەکرێن، جگە لەوانەی باسیانم کرد داهاتیش بۆ چاککردنی رێگاوبان و شەقام و شۆستەکان تەرخان کرابوو چونکە شەقامەکانی دیمەشق پان و پۆڕن و شۆستەیان هەیە بۆ پیادەیە و شەقامەکانیش بۆ ئەسپ و وڵاخ.

جۆرێکی تری ئەو وەقفانە بۆ کەسانی رێبوار دانرابوون، بۆ ئەو کەسانەی خەرجیان لێ دەبڕا بۆیە خواردن و خواردنەوە و جلوبەرگیان لەو داهاتە بۆ دابین دەکرا تا دەگەڕانەوە وڵاتی خۆیان بە هەمان شێوەی ئەمان پارە و پول بۆ کەسوکاری حاجیانی مالّی خودا خەرج دەکرا تا ئەو کاتەی فەریزەی حەجیان بەجێدەهێنا و دەگەڕانەوە شوێنی خۆیان و چەندانی تر لە هاوشێوەی ئەمانە.

بەندە بچکۆلەکە و قاپە شووشەکە

کاتێك لە دیمەشق بوم رۆژێکیان لە شەقامەکاندا دەسوڕامەوە، منداڵێکی بەندەم بینی قاپێکی شووشەی پێبوو پێیان دەوت: فەخفوری چینی لە دەستی کەوتە خوارەوە و شکا، خەڵکی کۆبوونەوە پێیان ووت: پارچەکانی کۆبکەرەوە و

بیبە بۆ ئەو شوێنەی تەرخانکراوە بۆ پێدانی خەرجی قاپ و قاچاخ بۆیە پارچەکانی بۆ کۆکرایەوە و پیاوێك دەستی منداڵەکەی گرت و بردی بۆ ئەو شوێنەی کە پارەی وەقفکراوی لێبوو لەوێ پارەی قاپە شکاوەکەیان پێدایەوە بەڕاستی ئەمە لە جوانترین ئەو نەریتانە بوو کە من بینیم بێگومان ئەگەر ئەم بەندە بچکۆلەیە بگەڕایەتەوە بۆ لای گەورەکەی خۆی، لێی تووڕە دەبوو دەریدەکرد و ئەویش دڵشکاو دەبوو بەڵام بەهۆی ئەم جۆرە کارانەوە خودا پاداشتی ئەو کەسانە بداتەوە کە ئەم جۆرە وەقفانەیان تەرخان کردوە، کە بەهۆیەوە دەتوانرێت رۆژانە ئەو کێشانە و هاوشێوەیان چارەسەر بکرێت.

دیمەشقێکان متمانەیەکی زۆریان بە خەڵکی رۆژئاوا[1] هەیە، مـاڵ و سـامان و کاریان پێ دەسپێرن هەرکەسێك لـە هـەر شـوێن و لایـەکی دیمەشـق بمایەتـەوە، یارمەتیان پێشکەش دەکرد و پێشنوێژی مزگەوت یان مامۆستای قوتابخانە دەستی هاوکاری بۆ درێژ دەکرد ئەگەر ئەمانەش نەبوایە لە خانەقادا دەمایەوە و خەرجی خواردن و خواردنەوەی بۆ دابین دەکرا ئەگەر کەسێك خۆی یەکلایی بکردایەتەوە بۆ خواپەرستی بەهەمان شێوە ژیانی بۆ ئاسـان دەکـرا، زۆرکـات خەڵکـە نامۆکـان خۆیان بە هۆی کار و پیشەکانیانەوە رزق و رۆزییان بۆ خۆیان دابین دەکرد، کەسـی وا هەبوو لە رێگای فێرکردنی منداڵانەوە خەرجی پەیدا دەکرد، یان هەبوو خەریکی کاری پاسەوانی بوو لە باخەکان یان پیشەوەر بوون یاخود کاری ئاشەوانیان دەکرد، هەر کەسێکیش نیازی ئەوەی هەبوایە فێری زانست ببێت، یارمەتی تەواوی دەدرا بۆ ئەو مەبەستە.

لە فەزڵەکانی تری خەڵکی دیمەشق ئەوە بوو، هیچ کـات کـەس بـە تـەنها لـە مانگی رەمەزاندا بەربانگی نەدەکردەوە، ئەگەر ئەمیر و کاربەدەست بووایە بانگی هاوڕێکانی یان خەڵکی تری هەژاری دەکرد تـا پێکـەوە بـەربانگیان بکردایەتـەوە

[1] مەبەست لە رۆژئاوا، واتا وڵاتانی تونس و جەزائیر و مەغریبە. (وەرگێڕ)

یاخود ئەگەر بازرگان و پیشەوەر بووایە بانگی هاوپیشەکانی خۆی دەکرد و پێکەوە رۆژوویان دەشکاند بەلاّم کەسانی هەژار هەر رۆژە و لە مالّی یەکێکیان یاخود لە مزگەوت کۆ دەبونەوە یان هەریەکێکیان هەندێك خواردنی ئامادە دەکرد و لە شوێنێك پێکەوە بەربانگیان پێ دەکردەوە.

کاتێك لە دیمەشق بوین لەگەلّ "جەمالەدینی سەخاوی"ی مامۆستای قوتابخانەی مالیکیە بووینە هاوڕێ زۆر ئارەزوی دەکرد لە مالّەکەی ئەو بەربانگ بکەینەوە چوار رۆژێك لای ئەو گیرسامەوە، دواتر ویستی خودا وابوو تووشی تاولەرزێکی تووند بووم، رۆیشتم و نەمتوانی بگەڕێمەوە ئەویش هەوالّی منی زۆر پرسی بوو خەلّکی راسپاردبوو بۆ هەوالّپرسینم منیش نەمویست خۆمی لێ بشارمەوە، بۆیە دووبارە گەڕامەوە بۆ لای پێی ووتم: وابزانە تۆ لە مالّی خۆتی یان براکەت یان باوکت، بانگی پزیشکی کرد و پێی ووت: ئەم نەخۆشە چی پێویستە لە دەرمان و پێداویستی و خواردن بۆی بکە، ئیتر تا رۆژی جەژن مامەوە و خوداش شیفای بۆ ناردم پاشان شێخ بەوەی زانی من هەرچی پارە و پولّم هەیە هەموویم خەرج کردوە و هیچم پێ نەماوە بۆیە چەند حوشترێکی بۆم کڕی و پارە و پولّیشی داپێدم ووتی: بەلّکو ئەمە کارێکی گرنگت بۆ ئاسان بکات خودا پاداشتی بداتەوە.

لە دیمەشق پیاوێکی زۆر بەڕێز هەبوو ناوی "عیمادەدینی قەیسەرانی" بوو لە نووسەرەکانی مەلیك ناسربوو خەلّکی رۆژئاوای زۆر خۆشدەویست، هەر کە بیزانیایە کەسێکی ولاّتی مەغاریبە(رۆژئاوا ـ وەرگێر) هاتۆتە دیمەشق، بەدوایدا دەگەڕا و یارمەتی پێشکەش دەکرد خۆ ئەگەر کەسەکە دیندار بووایە ئەوا هاوڕێیەتیشی دەکرد، بۆیە کۆمەلّێکی زۆری خەلّکی رۆژئاوا ببوون بە هاوڕێی، خەلّکی تریش هەبوون وەك قەیسەرانی هەمان ڕێچکەی ئەویان هەبوو لە هەلّسوکەوت کردن لەگەلّ رۆژئاواییەکاندا بۆ نمونەنە نووسەری نهێنی بەناوبانگ و بەڕێز "عەلائەدینی کوڕی غانم" و کۆمەلّێکی تری هاوشێوەی ئەمان، هەر لە دیمەشق کەسێکی تر هەبوو ناوی "عەزەدین قەلانسی" بوو نان بدە و بەخشەند و

دەوڵەمەند بوو دەیانوت: جارێکیان مەلیك ناسر دێت بۆ دیمەشق سێ ڕۆژ و شەو خزمەتی خۆی و سەربازەکانی کرد بۆیە ناوی نا "ساحیب". هەروەها لە فەزڵەکانی تری دیمەشقییەکان دەگێڕنەوە جارێك یەکێك لە پاشاکان وەسێت دەکات لە نزیك قیبلەی مزگەوتەوە بنێژرێت و شوێنەواری نەمێنێت، پاشان زەوی و پارەیەکی زۆریش وەقف دەکات بۆ قوتابخانەکان و ئەوانەی قورئانیان دەخوێند، لەبەرئەوە هەرکات سەردانی ئەو شوێنەت بکردایە قورئان خوێندن نەدەبڕا هەموو ئەم خەسڵەتە جوانانە هەمیشە لە دیمەشقدا بوون. لە نەریتێکی تری شامییەکان، هەموو ساڵێك و لە ڕۆژی عەرەفەدا خەڵکی لەدوای نوێژی عەسر کۆدەبوونەوە و دەستیان دەکرد بە پاڕانەوە و داوای لێخۆشبوون لە پەروەردگار و هیوایان دەخواست کە خودا بێ بەشیان نەکات لە بینینی ماڵە پیرۆزەکەی و بەدەم پاڕانەوەوە دەگریان تا خۆرئاوا دەبوو، ئەوەش هاوکات بوو لەگەڵ وەستانی حاجیانی مالّی خودا لە کێوی عەرەفە.

هەروەها نەریتێکی تری زۆر جوانیان هەبوو لە ڕێوڕەسمی بەخاکسپاردنی مردووەکانیان و لە کاتی ڕۆیشتن بۆ گۆڕستان قورئانخوێنەکان لە پێشەوە دەڕۆیشتن و بە جوانترین ئاواز و دەنگ قورئانیان دەخوێند، خۆ ئەگەر کەسە مردووەکە زانا بووایە یاخود بانگبێژ یان قورئانخوێن بە جوانترین شێواز وەسف دەکرا دەیان ووت: فلانی کوڕی فلان خاوەن روخسار نورانی جوانتر لە مانگی چواردە ...هتد، دەستیان دەکرد بە پیاهەڵدانیدا، ئەوجا دەوترا: ئێوەش عیبرەتی لێ وەربگرن و هەموو خەسڵەتە جوانەکانی باس دەکرا و ئنجا خاك دەسپێردرا، بە هەمان شێوە خەڵکی ولاّتی هیندستانیش ڕێکخستن و ڕێوڕەسمی زۆرجوانیان هەبوو زیاتر لە خەڵکی شام بۆ نمونەنە لە بەیانی ڕۆژی سێیەمدا، لەسەر گۆڕی مردووەکە کۆدەبنەوە و گۆڕەکە بە قوماشی گرانبەها دادەپۆشن و خەڵکی و دادوەر و ئەمیری شاریش بانگ دەکرێن و دەست دەکرێت بە قورئانخوێندن، دوای خوێندنی جوزئێك ئنجا دادوەر وتارێك پێشکەش دەکات و دەستەکات بە ئامۆژگاری کردنی خەڵکی

پاشان بە هۆنراوە باسی سیفەتە جوانەکانی مردووەکە دەکرێت، لە کۆتاییشدا پرسە و سەرەخۆشی لە کەسەکانی دەکرێت لەگەڵ نزا کردن بۆ مردووەکە نزاش بۆ سوڵتانی مەملەکەت دەکرێت لەو کاتەی کە نزا بۆ سوڵتان دەکرێت وەك رێزێك خەڵکی سەر نزم دەکەنەوە و ئاماژە بۆ رێگای کۆشکەکەی دەکەن و پاشان گوڵاو و بۆنی خۆش دەڕێژن بە سەر ئامادەبواندا، لەگەڵ پێشکەشکردنی شەربەتی شیرین و ئاو بۆ ماتەمگێڕان دواتر(تەنبول)[1] پێشکەش دەکرێت سەرەتا لە دادوەرەوە دەستپێدەکات و پاشان ئەوانی تر، لای هیندییەکان تەنبول وەك ئالتون بەنرخە، ئەگەر لەو رۆژەدا تەنبول بەسەر خەڵکیدا پێشکەش نەکرێت، ئەوا دادوەر خۆی چەند گەڵایەکی بۆ کەسوکاری مردووەکە دەبات، بە ویستی خوا لە کاتی خۆیدا باسی تەنبول دەکەین.

ئەوانەی گوێم لێبوون لە دیمەشق و ئەوانەی مۆڵەتیان داپێم

لە مزگەوتی بەنی ئومەیەی بەناوبانگ خودا هەمیشە ئاوەدانی بکات، لەسەر دەستی زانای بەتەمەن و پایە بەرز "شەهابەدینی کوڕی ئەحمەدی سالحی" ناسراو بە ئیبن شیحنەی حیجازی گوێبیستی هەموو فەرمودە راستەکانی پێشەوا "ئەبی عەبدوڵڵای کوڕی محەمەدی کوڕی ئیسماعیلی جەعفەری بوخاری" بووم لە چواردە دانیشتندا، هەموو فەرمودەکانم لێی وەرگرت یەکەم کۆڕبان لە رۆژی سێشەممەی ناوەڕاستی مانگی رەمەزانی سالی ٧٢٦ ك بوو، کۆتاییشیان لە رۆژی دووشەممەی سالی ٧٢٦ ك بوو کە لە لایەن زانا و میژوو نووسی شام "عیلمەدین ئەبی محەمەدی کوڕی قاسمی کوڕی یوسف بەرازلی ئیشبیلی" خوێندرایەوە، ئەم پیاوە لە رەچەڵەکدا خەڵکی ولاتی ئیشبیلیا بوو بە دیمەشقی ناوبانگی دەرکردوە هەروەها کۆمەڵێکی زۆر لە زانستخوازان گوێبیستی بوون "محەمەدی کوڕی توغرێڵ" ناوی

---

[1] جۆرە گیایەکی هیندییە و بەنرخە، هاوشێوەی بنێشت دەجوێنرێت، تفتە و سەر بە خێزانی رووەکی بیبەرە. (المنجد في اللغة والأعلام ، دار المشرق ، بیروت، طبعة ٤٣ ص ٦٦).

ئامادەبوانی تۆمار دەکرد ئەو فەرمودانەی دەست بە دەست کە وەرگیرا بوون لە زانا بەناوبانگەکانی ئەم ئومەتە تا دەگەڕایەوە بۆ سەردەمی پێشەوا بوخاری.[1]

گەشت بەرەو مەدینە

لە سەرەتای مانگی شەوالی هەمان ساڵدا، کاروانی حاجیانی مالّی خودا خۆیان ئامادەکرد بۆ حیجاز کەوتنەڕێ و لە گوندێك کە ناوی (کیسوە) بوو لە دەرەوی دیمەشق بۆ پشودان لایاندا منیش کەوتمەڕێ ئەمیر "سەیفەدین جوبان"سەرکردایەتی کاروانەکەی دەکرد هەروەها دادوەر "شەرەفەدینی ئەزروعی حورانی"یش لەگەڵیان بوو لەگەڵ "سەدرەدین ئەلغەماری"ی مامۆستای قوتابخانەی مالکییەکان، بەڵام من لەگەڵ کۆمەڵێك لە عەرەبی هۆزی (عەجارمدا) بووم ئەمیری هۆزەکە ناوی محەمەدی کوڕی رافع بوو لەنێو ئەمیرەکانی تردا خاوەنی کەسایەتیەکی بەهێز و ناودار بوو دوای پشودان کەووتینەڕێ بۆ گوندی(صەنەمێن) ئاوایەکی گەورە و خۆش بوو، پاشان چوینە شاری (زەرعە) لەوێوە بۆ (بوسرا) لە نەریتی کاروانی حاجیان وابوو چوار رۆژێك دەمانەوە تا کاروانەکانی تر دەگەیشتنە جێ و ئنجا پێکەوە دەکەوتنەڕێ.

بوسراش ئەو شوێنەیە کە پێغەمبەرﷺ پێش هاتنی سروش بۆ بازرگانی چوەتە ئەوێ لەوێ ماوەتەوە ئەو شوێنەی کە حوشترەکەی لێبووە ئێستا کراوە بە مزگەوت حورانێکان لەوێ

کۆدەبوونەوە و کاروانی حاجیانیش پێداویستی خۆیان لەوێ دابین دەکرد و ئنجا دەچونە (زیزا) رۆژێك دەمانەوە ئاژەڵەکانیان تێرئاو دەکرد و کونەکانیان پڕ دەکرد پاشان بەرەو قەڵای (کەرەك) دەڕۆیشتن کە لە بەهێزترین و قایمترین قەڵاکان بوو

---

[1] لێرەدا هەموو ناوەکانم نەنووسیوە لەبەر پێویست نەبوون. (وەرگێڕ)

پێشی دەوترا (غەراب) هەموو لایەکی دۆڵ بوو یەك دەرگای هەبوو دەرگاکەش لە بەردێکی تایبەت وبەهێز دروستکرابوو رێڕەوێکی هەبوو دەچوە نێو قەڵاکەوە.

ئەم قەڵایە زۆربەی سەرکردەکان لە کاتی جەنگ و بەڵا و نەهامەتیدا پەنایان بۆ بردوە بۆ خۆپارستن لە دوژمن مەلیك ناسریش پەنای بۆ بردوە ئەوەش کاتێك بوو تەختی پاشایەتی گرتە دەست منداڵ بوو جێگرەکەی کە ناوی "سالار" بوو تەماحی لە مولکەکەی کرد و مەلیك ناسریش هەستی بەوە کردبوو بۆیە بڕیاری هەجکردنیدا، وەزیر و جیگرەکەی رازی بوون بە گەشتەکەی بە ناوی حەجکردن خۆی گەیاندە قەڵای کەرەك و چەند ساڵێك لەوێدا مایەوە، تا هەموو ئەمیرەکان پەیمانیان پێدا و مەملەکەتەکەی کردەوە بە یەك هەر لەو سەردەمەدا "بیبەرس شەنکەشیر"ی ناسراو بە (موزەفەر) خۆی بە مەلیك ناساند ئەوە بوو خانەقای(بیبەرسی)لە نزیك خانەقای (سەعیدولسوعەدا) دانا کە "سەڵاحەدینی ئەیوبی" دروستی کردبوو، بۆیە مەلیك ناسر بە خۆی و سوپایەك هێرش کردە سەر بیبەرس و هەڵهات بۆ بیابان دواتر مەلیك ناسر دەستگیری کرد و فەرمانی کوشتنی بۆ دەرکرد و لەناوی برد، جێگرەکەشی (سالار)ی خستە زیندانەوە و لە بیرێکدا زیندانی کرد، دەڵێن: سالار هێندە برسی دەبێت کەلاکی دەرخوارد ئەدرێت، پاش ماوەیەك لە زیندانداا بە برسێتی دەمرێت.. خودا بمانپارێزێت.

دوای قەڵای کەرەك[1] لە دەرەوەی چوار رۆژێك لە شوێنێك ماینەوە پێیان دەوت: (سەنیە)، ئنجا خۆمان ئامادەکرد بۆ رێگای سەختی بیابان و چوینە (مەعان) کە بە کۆتا ناوچەی ولاتی شام دادەنرێت لەوێ لای (عوقبەی سەنوان) لامانداا هێندە نەماینەوە کەووتینەڕێ بۆ بیابان دەڵێن: هەرکەس بچێتە ئەوێ وون بووە، ئەوەی لە دەرەوەی بێت تازە لەدایکبووە هێندە ناخۆش و سەختە دوای دوو رۆژ لە رێکردن گەیشتینە (حەسیان) ناوچەیەکە ئاوەدانی لێ نییە، دواتر بۆ دۆڵی

[1] قەڵای کەرەك دەکەوێتە خاکی نوردنەوە. (وەرگێڕ)

(بەلدەح) کە هیچ خانوویەکی لێ دروست نەکراوە پاشانیش بۆ (تەبوك) ئەو شوێنەی پێغەمبەرﷺ فەتحی کرد، ئەوەی جێی باسە ئاوێکی لێبوو پێشتر کەم بووە، بەڵام کاتێك پێغەمبەرﷺ دەستنوێژی لێگرتووە، بەهۆی پیرۆزی ئەوەوە زیادیکردوە و تا ئێستاش بەردەوامە.

لە نەریتی حاجیاندا وابوو کە دەگەیشتنە تەبوك شمشێرەکانیان هەڵدەگرت و لە دارخورمایان پێئەدا دەڵێن: گوایە پێغەمبەرﷺ وایکردوە، کاتێك کاروان لایدەدا بۆ پشودان ئاژەڵەکانیان تێرئاو دەکرد و خۆیان ئامادە دەکرد بۆ ڕێگا، کە دەکەوتە نیوان (تبوك و موعەلا) هەر کاروانچیەك و ئەمیرێك ئاژەڵەکانیان بە جوانی ئاو ئەدا، کوندەی زۆر گەورەیان پێبوو لە پێستی گا دروستکرابوو، کە هێندەی حەوزێکی بچوك ئاوی دەگرت.. پڕیان دەکرد بۆ ڕێگا چونکە دۆلێك هەبوو پێیان دەوت ئۆخەیزەر، هێندە گەرم بوو وەك دۆزەخ وابوو، بایەك هەڵیدەکرد پێیان دەوت: سەموم گەرم و وشك بوو لە سالأنی رابردوودا زۆرێك لە حاجیان کۆچی دواییان کرد، چونکە ئەو ئاوەی پێیان بوو نەیانی گەیاندە شوێنی خۆیان گۆزەیەکی ئاویش گەیشتە هەزار درهەم بەڵام (کڕیار و فرۆشیار لە تینواندا مردن) ئەم دەستەواژەیە لەسەر هەندێك لە تاشە بەردەکاندا نووسرابوو.

هەندێك لە کاروانی حاجیان لە ترسی چەتە و ڕێگر بە شەو ڕێیان دەکرد، شوێنێك هەبوو پێیان دەوت: گۆمی گەورە بە ناوی پاشای گەورە ئەیوبەوە ناونرابوو، هەندێك سال ئاوی تێدابوو هەندێك سالێش وشك بوو، دوای چوار ڕۆژ لە بەڕێکەوتن لە تبوکەوە ڕۆژی پێنجەم دەگەیشتیتە بیری (حەجەر سەمود) ئاوێکی زۆری تێدابوو بەڵام کەس ئاوی لێ ناخواردەوە چونکە پێغەمبەرﷺ بەلایدا تێپەڕیوە و زۆر بە خێرایی فەرمویەتی: ئاوی لێ مەخۆنەوە.

لەوێ ولأتی سەمود[1] دەست پێ دەکرد کە لە چیاکاندا مالێان دروستکردوە

---

[1] بەم شوێنە دەوترێت (باترا) و دەکەوێتە ولأتی نوردنەوە و بووەتە جێگایەکی گەشتیاری گرنگ بۆ ←

بە شێوەیەکی زۆر جوان بەردەکان هەڵکەندراون بەهێزی و بەتوانایی ئەو گەلەت بۆ دەردەکەوێت بەڵام خودا بەهۆی سەرکەشی و لەڕێ دەرچونیانەوە لەناوی بردن، هەروەها شوێنی پەچەی حوشترەکەی پێغەمبەر سالّحی (سڵاوی خودای لێبێت) لێبوو دەکەوتە نیوان دوو چیاکەوە شوێنی نوێژیشی لێ دروستکرابوو وەك مزگەوت نێوان (حەجەر و موعەلا) نیو رۆژێك دەبوو (موعەلا)ش ئاواییەکی گەورە بوو و باخ و خورما و ئاوی زۆر بوو حاجیان چوار رۆژێك دەمانەوە و پشوی خۆیان وەردەگرت، پاشان ئاو و خواردنیان بەپێی پێویست لەگەڵ خۆیان هەڵدەگرت، خەڵکی ئەم ئاواییە زۆر بەڕێز و دەستپاك و جێی متمانە بوون و هەندێك لە بازرگانە گاورەکان لەوێ دەمانەوە و کاری خۆیان بێ ترس دەکرد، دوای ئەم گوندە کاروان دەکەوتەڕێ بۆ دۆڵی (عەتاس)، دۆڵێکی زۆر گەرم بوو هەندێك جار بایەکی توندی گەرم هەڵی دەکرد کە کوشندە و وێرانکار بوو، سالّی وا هەبووە زۆرێك لە رێبوارانی لە ناوداوە و کەمیان رزگاریان بووە، دواتر گەیشتینە (حەسیان) ئاوێکی لێبوو بە دۆڵێکدا دەڕۆیشت بەڵام شوێر بوو، دوای سێ رۆژ بەڕێکەوتن گەیشتینە نزیك شاری مەدینەی پیرۆز.

دڵگیری مەدینە و بەخشندەیی خەڵکەکەی و بەڕێزی ئەو شوێنە

لە ئیوارەی هەمان رۆژدا گەیشتینە مزگەوتی پێغەمبەرﷺ و خۆمان گەیاندە دەرگای سەلام و نوێژمان دابەست لە نێوان گۆڕی پێغەمبەرﷺ و مینبەرەکەی کە بە رەوزە ناسراوە، هەروەها ئەو پارچە دارخورمایەمان بینی کە دەیلاوانەوە بۆ پێغەمبەرﷺ، بە لای راستەوە و روو لە قیبلە بە ستوونێکەوە هەڵواسرا بوو سلاّوی گەرمان لە پێغەمبەری ئازیز و خۆشەویست کردﷺ، هەروەها سلاّویشمان

خەڵکەکەی. (وەرگێڕ)

لە هاوەڵانی بەڕێزیشی ئیمامی ئەبو بەکری سدیق و عومەری کوڕی خەتتاب کرد رەزای خودا لە هەردووکیان بێت، بەڕاستی بە شادبوونمان بەو خاکە پیرۆزە و بینینی ئەو دیمەنە پیرۆزانە، زۆر دڵخۆش و کامەران بووین، بە بەردەوامی نزامان دەکرد کە خودا ئەو زیارەتەمان لێ قبوڵ بکات و ئەوەش کۆتا زیارەت نەبێت.

مزگەوتی پێغەمبەر و ڕەوزەی شەریفی

مزگەوتی گەورەی پێغەمبەرﷺ مزگەوتیکی مەزنە و پانتاییەکی زۆری هەیە و لە هەموو لایەکییەوە گۆڕەپانی مەزنی بۆ دروستکراوە، شەقامەکانی بە بەرد ڕووپۆشکراوە، لە دەرەوە کە دەڕوانیتە مزگەوتەکە دیمەنێکی سەرنجڕاکێشی هەیە، بەڵام لە ناوەوە پێشەوەی مزگەوتەکە و بەشی قیبلەکەی بە مەرمەر و بەردی بەنرخی ڕۆخام ڕازێنراوەتەوە، هەر لەوێوە خەڵکی دەوەستن بۆ سڵاوکردن لە پێغەمبەری خداﷺ و پشتیان لە قیبلەیە، دوای سڵاوکردن لە پێغەمبەرﷺ ئنجا ڕوو دەکەنە سڵاوکردن لە پێشەوا ئەبو بەکری سدیق، سەری پێشەوا ئەبوبەکر دەکەوێتە لای قاچی پێغەمبەرەوەﷺ و پاشانیش ڕوو دەکەنە پێشەوا عومەر، ئەمیان سەری پیرۆزی دەکەوێتە نێوان شانی پێشەوا ئەبوبکر ڕەزای خودا لە هەردووکیان بێت.

لە نێو ڕەوزەی پیرۆز شوێنێك هەیە بە شێوەی حەوزە و شوێنەواری میحرابی پێوە دیارە مالّی فاتیمەی کچی پێغەمبەرەﷺ، دەشڵێن: لەوانەیە گۆڕەکەی بێت خوداش دەزانێت چییە، هەروەها لە ناوەڕاستی مزگەوتەدا دەریچەیەك هەبوو لەسەر زەوییەکە و ڕێڕەوێکی شاراوەی هەبوو، لە ژێر زەوییەوە دەتیگەیاند بە مالّی پێشەوا ئەبوبەکر، هەر لە دەرەوەی ئەو ڕێڕەوە ڕێگایەك هەبوو بۆ مالّی دایکی باوەڕداران عائیشە ڕەزای خودای لێبێت، بە تەنیشتییەوە مالّی پێشەوا ئەبوبەکر و عومەر و عەبدوڵڵای کوڕی عومەر بوو ڕەزای خودا لە هەموویان بێت، بەڵام لای ڕۆژهەڵاتییەوە مالّی پێشەوای مەدینە ئەبی عەبدوڵڵای مالیکی کوڕی

ئەنەسی لێبووو، لەگەڵ دەرگای ئاشتی و شوێنی ئاوخواردنەوە کە بە چەند پلیکانەیەك دادەبەزییە سەر کانییەك، کە پێیان دەوت: کانی زورقا.

سەرەتای دروستکردنی مزگەوتی پیرۆزی پێغەمبەر

کاتێك پێغەمبەرﷺ لە رۆژی ١٣ ی ڕەبیعی یەکەم کۆچ دەکات بۆ مەدینەی پیرۆز لە مالّی نەوەکانی عەلی کوڕی عەمری کوڕی عەوف لادەدات بیست و دوو رۆژ میواندارى دەکەن هەندێك دەڵێن: چوارده رۆژ و هەندێکی تریش دەڵێن چوار رۆژێك، پاشان دەچێتە مەدینەی پیرۆز و لە لای هاوەڵی بەڕێزی "عەلی کوڕی نەجار"لە مالّی "ئەبو ئەیوبی ئەنساری" حەوت مانگێك دەمێنێتەوە مالّ و مزگەووتی دروستکرد شوێنی مزگەوتی پێغەمبەرﷺ پێشتر پەچەی حوشتر بووە خاوەنەکەی دوو منداڵی بێ باوك بوون بە ناوەکانی "سەهل و سوهەیل"ی کوڕانی رافیعی کوڕی ئەبی عومەری کوڕی عانەدی کوڕی سەعلەبەی مالیکی نەجارِ کە لە مالّی "سەعدی کوڕی زرارە" بوون.

پێغەمبەرﷺ زەوییەکەی لێیان کڕی، هەندێك دەڵێن: بەخشیویانە بە پێغەمبەرﷺ و هەندێکش دەڵێن: ئەبو ئەیوب قایلیانی کردوە پاشان کردویەتی بە مزگەوت، سەرەتا تەنها دیوارێکی بە گڵ بۆ دروستکرد بە هێندەی ناوقەدی مرۆڤێك نە میچی بۆ کراوە و نە ستوون، دواتر کە گەرما تووندی کرد ئەوکات میچیان لە پەلکی دارخورما بۆ دروستکرد لەگەڵ ستوون لە قەدی خورما، کاتێکش زستان هات هاوەڵانی پێغەمبەرﷺ ووتیان: زەوی قوڕە با میچی بۆ دروستبکەین و پێغەمبەریشﷺ فەرموی نەخێر با وەك "موسا" خانوەکەی نزم بێت و تەنها سێبەری هەبێت.

بەو شێوەیە مزگەوتەکە مایەوە تا سەردەمی پێشەوا عومەر ڕەزای خودای لێبێت، دەستیکرد بە گەورەکردنەوەی و فەرموی: ((ئەگەر گوێم لە پێغەمبەرﷺ نەبووایە کە دەیفەرمو: لە کاتی زۆر بوونی مسوڵمانان دەبێت مزگەوتەکان گەورە

بکەینەوە)) گەورەم نەدەکردەوە، ئنجا فەرموی بەردەوام دەتوانین فراوانی بکەینەوە تا دەگاتە (جوبانە)، هەموو ئەو شوێنانە بە مزگەووتی پێغەمبەرﷺ دەژمێردرێن، بۆیە دەستیکرد بە لابردنی ستوونە دارەکان و لە جێگایان ستوونی خشتی بۆ دانرا و بناغەکەشی بە بەرد قایم کرد و بە ناو قەدی مرۆڤێک بەرزی کردەوە، هەروەها شەش دەرگای بۆ دانرا، لەلای قیبلەوە دوو دەرگای تایبەتی هەبوو، یەك دەرگاش بۆ ئافرەتان.

مالێك هەبوو نزیك لە مزگەوتەکەوە هی ئیبن عەباس بوو، پێشەوا عومەر ویستی بیخاتە سەر مزگەوتەکە چونکە شوێنەکە مەرزیبێکی هەبوو لە سەریانەوە ئاوی باراناو دەڕژایە نێو مزگەوتەکەوە، پێشەوا عومەر فەرموی ئەوە ئازاری خەڵکی دەدات پێویستە بڕوخێنرێت بەڵام ئیبن عەباسی مامی پێغەمبەر ئەوەی رەتکردەوە، بۆیە هەردووکیان کێشەکەیان برد بۆ لای "ئوبەی کوڕی کەعب"، کاتێك چونە لای ووتی: دوای کەمێکی تر وەرنەوە کاتێك رۆیشتنەوە لای ووتی: بۆیە بوارم پێنەدان چونکە کەنیزەکەم سەرقاڵی شووشتنی سەرم بوو، پاشان ووتی: فەرمون چیتان هەیە بیڵێن، پێشەوا عومەر ویستی قسە بکات، ئوبەی ووتی: ئەی عومەر با ئیبن عەباس قسە بکات، چونکە مامی پێغەمبەرەﷺ، کاتێك ئیبن عەباس کەوتە قسەکردن فەرموی: ئەو مالەم لەگەڵ پێغەمبەریﷺ دروستکردوە کاتێك ویستم مەرزیبەکەی بۆ دروست بکەم، قاچم خستە سەر پشتی پێغەمبەرﷺ، کەچی عومەر هاتووە دەڕوخێنێت و ئەیەوێت بیخاتە سەر مزگەوتەکە، پێشەوا عومەر فەرموی: سوێند بەخوا نایڕوخێنم هەتا خۆت قاچەکانت لەسەر پشتی من دانەنێیت و مەرزیبەکە نەڕوخێنیت، بۆیە ئیبن عەباس قایل بوو، ئیدی رووخێنرا و خانووەکەش خرایە سەر مزگەوتەکە.

لە سەردەمی پێشەوا عوسمان رەزای خودای لێبێت دیسانەوە دەستکرا بە گەورە کردنەوەی و تەنها لای رۆژهەلاتەوە نەبێت وازی لێهێنا بینای مزگەوتەکە بە جوانترین شێوە رازێنرایەوە بەردی بۆ کرا بە بناغە و پایەکانی بە ئاسن و پۆلا و

قورقۆشم راگیر کرا، هەروەها میچی بە داری ساج بۆ دروستکرا و میحرابیشی بۆ دانرا دەڵێن: یەکەم کەس کە میحرابی دروستکرد عەبدولمەلیکی کوڕی مەڕوان بوو دەشڵێن: عومەری کوڕی عەبدولعەزیزە و عەبدولمەلیکی کوڕی مەڕوان بە بەردی روخام و ساجی رووپۆشکراوی ئالتونی جوانکاری بۆ کرد پاشان لە سەردەمی "وەلیدی کوڕی عەبدولمەلیك"دا ویستی دەستکاری مزگەوتەکە بکات، نامەی بۆ پاشای رۆمەکان نارد بۆ یارمەتیدانی بە خەڵکی کارامە و ئەندازیار، ئەویش هەشتا هەزار مسقاڵ ئالتون و ئەندازیار و کەسی شارەزای بۆ ڕەوانەکرد.

فەرمانی ئەوەشیدا کە ژووری خێزانەکانی پێغەمبەرﷺ بخرێنە سەر مزگەوتەکە، بۆ ئەو مەبەستە و لە هەرسێ لاوە دەستیکرد بە گەورە کردنەوە بەڵام لای قیبلەوە ڕێگری لێکرا لەلایەن "عوبیدوڵڵای کوڕی عەبدوڵڵای کوڕی عومەر"ەوە، چونکە ڕەتیکردوە خانووەکەی "حەفسەی" خێزانی پێغەمبەریﷺ پێ بفرۆشێت دوای گفتوگۆیەکی زۆر رازیبوو بە فرۆشتنی چوار شوێنی بانگدانی بۆ دانا یەکێکیان دەیڕوانی بەسەر مالّی مەڕواندا کاتێك "سولەیمانی کوڕی عبدولمەلیك" حەجی مالّی خودای کرد و بینی بانگبێژەکان لە کاتی بانگداندا بانگەکان درێژی دەکەنەوە بۆیە ڕوخاندی.

وەك پێشتر گوتمان دەڵێن: عومەری کوڕی عەبدولعەزیز یەکەم کەس بووە میحرابی بۆ داناوە، ئەوەشی جوانکاری تێداکرد ئەبو جەعفەری مەنسور بوو، هەروەها ئەلحەسەنی کوڕی زەید نامەی بۆ ڕەوانە کرد تا دەست بکات بە فراوانکردنی لەلای بەشی ڕۆژهەلاتییەوە، بەڵام ئەبو جەعفەر تۆمەتباری کرد بەوەی دەیەوێت مالّی ئیمامی عوسمان بڕوخێنێت، بۆیە نامەی بۆ ناردەوە و پێی ووت: دەزانم چیت دەوێت بۆیە وازبێنە لە مالّی ئیمامی عوسمان، هەروەها ئەبو جەعفەر فەرمانیدا بە هەڵواسینی قوومامشی ئەستوور لە گۆڕەپانی مزگەوتدا، تا کاتێك نوێژخوێنان کۆدەبنەوە خۆر لێیان نەدات و ببێتە سێبەرێك، درێژی مزگەوتەکە دوو سەد باڵ بوو، لە سەردەمی ولید و مەهدی گەیاندیانە سێ سەد

باڵ. پاشان مەلیك "مەنسور قلاوون" فەرمانیدا بە دروستکردنی شوێنی دەستنوێژ هەڵگرتن لەلای دەرگای (سەلام)ەوە، بۆ ئەم کارەش "ئەمیر عەلائەدین"ی ناسراو بە (قەمەر) ئەوەی جێبەجێ کرد و ئاوی بۆ راکێشا، نیازیشی هەبوو هەمان کار بۆ حەرەمی مەککەی پیرۆز بکات، بەڵام بۆی جێبەجێ نەکرا و کوڕەکەی مەلیك ناسر جێبەجیی کرد، لە نیوان سەفا و مەروەدا و لە کاتی خۆیدا بە ویستی خودا باسی دەکەین.

قیبلەی مزگەوتی پێغەمبەریشﷺ.. ئەو قیبلەیەیە کە پێشتر دانراوە و پێغەمبەرﷺ دروستیکردوە، دەوترێت جبریل ئاماژەی کردوە بۆ شاخەکانی مەدینە و شاخەکانیش ملکەچی دەنوێنن، تا مەککە دەردەکەوێت و پێغەمبەریشﷺ قیبلەی بۆ دادەنێت، لەکاتێکدا مەککە لە بەرچاوی دەبێت و بەو شێوەیە قیبلە بڕاوەتەوە، دەڵێن:سەرەتا رووی لە قودس بووە دواتر گواستراوەتەوە بۆ مەککە، ئەوەش دوای ١٦ مانگ و هەندێکش دەڵێن: ١٧ مانگ.

باسی مینبەری پێغەمبەری خودا

لە فەرمودەوە ریوایەت کراوە کە پێغەمبەرﷺ لە سەر مینبەرەکەی ووتاریداوە کە لە قەدی دارخورما دروستکراوە، کاتێك مینبەرێکی تری بۆ دروستدەکرێت دارخورماکە نالەی لێ بڵند دەبێتەوە وەك چۆن دایك نالەی دێت بۆ کۆرپەکەی دەڵێن: پێغەمبەرﷺ تووند دەیگرێت و بێدەنگی دەکات و دیفەرمو: ئەگەر من نەمگرتایە تا رۆژی قیامەت دەینالاند جیاوازییەکی زۆریش هەیە دەربارەی ئەوەی کێ مینبەرەکەی بۆ دروستکردوە، هەندێك دەڵێن: "تەمیمی داری" هەندێکش دەڵێن: خزمەتکارێکی پیشەوا عەباس دروستیکردوە بۆچونێکی تر هەیە دەڵێت: کوڕی ئافرەتێکی ئەنساری لە داری دارستانەکان دروستیکردوە بۆچونێکی تر هەیە دەڵێت لە داری (ئیسل) دروستکراوە و سێ پلیکانەی هەبووە،

پێغەمبەرﷺ لە سەرەوەی دادەنیشت و قاچی پێڕۆزی دەخستە سەر پلیکانەی ناوەڕاست.

کاتێك پێغەمبەری نازداریشﷺ وەفاتی کرد پێشەوا ئەبوبەکر رەزای خودای لێبێت لە ناوەڕاستی دادەنیشت و قاچی بەڕێزی لەسەر پلیکانەی کۆتایی دادەنا، بەڵام پێشەوا عومەری دادپەروەر لەسەر سێیەم دادەنیشت و قاچی لە سەر زەوی بوو، ئەمە وەك ئاماژەیەکە بۆ خیلافەتەکەی. لەو سەردەمەی کە پێشەوا: مەعاویە رەزای خودای لێبێت ویستی مینبەرەکە بگوازێتەوە بۆ شام مسوڵمانان کردیان بە هەرا و ناڕازی بوون لە گواستنەوەی، بە ویستی خودا لەو کاتەدا بایەکی توند هەڵدەکات و چاو چاو نابینێت، ئیدی واز لە گواستنەوەی دێنێت و شەش پلیکانەی تری بۆ زیاد دەکات و دەبێتە نۆ پلیکانە.

وتاربێژ و ئیمامی مزگەوتی پێغەمبەرﷺ

ئەو دەمەی من گەیشتمە شاری مەدینە، ئیمامی مزگەوتەکە ناوی "بەهائەدینی کوڕی سەلامە" بوو لە گەورە کەسایەتیەکانی ولاتی میسر بوو جێگرەکەی ناوی "عەزەدینی واستی" بوو پێشتر ئەم وتاری پێشکەش دەکرد، هەروەها ئەو زانایەی کە کاری دادوەری گرتبووە دەست ناوی "سیراجەدین عومەری" میسری بوو.

حیکایەتی سیراجەدین و خەونەکەی

دەگێڕنەوە سیراجەدین چل ساڵ کاری دادوەری و وتاربێژی دەگرێتە دەست، کاتێك دەیەوێت کۆچ بکات بۆ ولاتی میسر، لە خەوندا سێ جار پێغەمبەری خوداﷺ دەبینێت پێی دەفەرموێت کە کۆچ نەکات و مردن لێی نزیك بووەتەوە، بەڵام ئەو گوێ بەو خەونە نادات و کۆچ دەکات دواتر لە رێگا و لە ناوچەیەك پێی دەڵێن: سوێس وەفات دەکات، کە سێ رۆژێك لە میسرەوە دوورەبیت.. خودا بمانپارێزێت لە چارەنووسی خراپ.

خزمەتکارەکانی مزگەوتی پێغەمبەر ﷺ و بانگبێژەکانی

خزمەتکارەکانی مزگەوتی پێغەمبەر ﷺ کۆمەڵە گەنجێکی پاکوخاوێن بوون و هیچان لە یەك هۆز نەبوون، واتا (ئەحابیش) بوون گەورەکەیان پێی دەوترا شێخی خزمەتکارەکان و پلە وپایەی گەورەی هەبوو، هەر یەکەیان لە وڵاتەکانی میسر و شام پێگەی خۆی هەبووە، هەروەها سەرۆکی بانگبێژەکانیش ئیمام و زانای فەرمودە "جەمالەدینی مەتەری" بوو خەڵکی گوندی (مەتەری) وڵاتی میسر بوو کورەکەشی "عەفیفەدین عەبدوڵڵا" بوو لەگەڵ بانگبێژەکەی "ئەبو عەبدوڵڵای محەمەدی غەرناتی" ناسراو بە(تورِاس) بوو واتا: قەڵغان دروستکەر، ئەو کەسە بوو خۆی خستە نێو بیرێك لە ترسی فیتنە.

حیکایەتی ئەو شێخەی خۆی خستە نێو بیرێکەوە

دەگێڕنەوە ئەبا عەبدوڵڵای غەرناتی خزمەتکاری کەسێك بوو بە ناوی شێخ "عەبدولحەمیدی عەجمی" زۆر جێی متمانەی بووە، کاتێك دەیەوێت گەشتێك ئەنجام بدات، ماڵ و سامان و منداڵەکانی رادەستی شێخی غەرناتی دەکات و ژنی عەجمی دڵی دەچێتە سەری و داوای کاری نابەجێی لێ دەکات ئەویش رەتی دەکاتەوە بەڵام وازی لێ ناهێنێت سەرەنجام خۆی دەخاتە نێو بیرێکەوە، کاتێك خەڵکی پێی دەزانن دەریدەهێنن و تیماری دەکەن، دواتر دەبێتە خزمەتکار و بانگدەری حەرەمی مەدینە و سەرپەرشتی کۆمەڵێکیش دەکات و تا ئێستاش لە ژیاندا ماوە.

ئەو کەسانەی کە لە مەدینەدا مابوونەوە

لەو کەسانەی لە مەدینەدا مابوونەوە "شێخ ئەبو عەباس ئەحمەدی کوڕی محەمەدی مەزروقی" بوو پیاوێکی بەڕێز و لەسەرخۆ و ئارامگر بوو زۆر پەرستشی

دەکرد لە نوێژ و ڕۆژو گرتن لە ساڵی ٧٢٨ ك لە مەککەی پیرۆز چاوم پێکەوت زۆر تەوافی دەکرد کاتێك گەرما زۆری بۆ دەهێنا و زەوی داخ دەبوو، ئاوگێڕەکان ئاویان دەڕشت بۆ فێنك کردنەوە بەڵام دەبووە کلپەیەك لە گەرما زۆربەی خەڵکی گۆڕەوپیان لەپێ دەکرد بۆ خۆپاراستن لە گەرما، بەڵام بەپێچەوانەوە شێخ مەزروق بە پێخاوسی تەوافی دەکرد، منیش ویستم تەواف بکەم لەگەڵیدا بە پێ خاوسی و زۆرم پێخۆش بوو، کاتێك دەستم پێکرد گەرمی بەردەکانی زەوی بواری پێنەدام لە حەیبەتا خۆم گەیاندە بەردە ڕەشەکە و دواتر زۆر بە زەحمەت گەڕامەوە.

هەر لەو دەمەدا و لە مەککەی پیرۆز چەند وەزیر و کەسایەتییەکی ناوداری لێبوو وەك "ئەبو قاسم محەمەدی کوڕی محەمەدی ئەبی حەسەنی سەهلی کوڕی ماکی ئەزدی" جگە لەم وەزیرە ناوداره "ئەبو سەعیدی مەراکشی" هەبوو بەڵام نابینا بوو، هەروەها لە مەککە "عیسای کوڕی حەزڕۆنی میکناسی" لێ دەژیا بەناوبانگ بوو.

ئەو پیاوەی لە چیادا ون بوو

"شێخ ئەبو مەهدی" لە مەککە دەژیا، لە ساڵی ٧٢٨ ك لەگەڵ کۆمەڵە کەسانێکی تر کە خەڵکی ئەوێ نەبوون بەڵام لە مەککەدا مابوونەوە سەرقاڵی خوداپەرستی بوون ڕۆژێك پێکەوە گەشت دەکەن بۆ چیای حەڕڕا، کاتێك سەردەکەونە سەرەوە دەچنە ئەو شوێنەی کە پێغەمبەر پەرستشی تێدا کردوە، هاوڕێکانی "ئەبو مەهدی" دوای پشودانێك دادەبەزن شێخ مەهدیش ڕێچکەیەکی تر دەگرێت وا دەزانێت زووتر دەیگەیەنێتە مەککە، هاوڕێکانی لە خوارەوە زۆر چاوەڕوانی دەکەن بەڵام دیارنابێت و بەجێی دەهێڵن وادەزانن ئەو پێشتر گەیشتوەتەوە مەککە، شێخ مەهدیش ڕێگای لێ وون دەبێت دەچێتە چیایەکی تر پێڵاوەکانی دەدڕێت و لە ناچاریدا لە جلوبەرگەکانی دەپچڕێت و قاچەکانی پێ دادەپۆشێت لەژێر درختێك دادەنیشێت و زۆر ماندوو شەکەت دەبێت دواتر خودا

کەسێکی دەشتەکی بۆ دەنێرێت بە حوشترێکەوە و دەگەڕێتەوە مەککەی پیرۆز، هەر هەمان کارەسات بەسەر هاوڕێیەکی من هات و بە ویستی خودا لە کاتی خۆیدا باسی دەکەم.

هەر لەو کەسانەی لە مەدینە نیشتەجێ بوون "ئەبو محەمەدی شەروی" بوو خاوەنی دەنگێکی ناوازە بوو لە قورئانخوێندندا، هەمان ساڵ ماوەیەك لە مەککەدا مایەوە بۆ پەرستش کردن رۆژانە دوای نوێژی نیوەڕۆ و نوێژی تەراویح پەرتوکی (شیفا و ئوم)ی "قازی عیازە"ی دەخوێندەوە کەسێکی تریش هەبوو بە ناوی "ئەبو عەباسی فاسی" لەو کەسانە بوو لە مەککەدا نیشتەجێ بوون و سەرقاڵی خوداناسی بوون کچی شێخ "سالح شەهابەدین زەرەندی" هاوسەری بوو.

حیکایەتی تاوانکارە گەورەکە

دەگێڕنەوە "ئەبو عەباسی فاسی" رۆژێك گفتوگۆ لەگەڵ کۆمەڵە خەڵکێك دەکات و باسی ئیمام حوسەینی کوڕی ئیمام عەلی دەکات، بێ ئەوەی زانیاری هەبێت هەندێك شت دەڵێت دەربارەی رەچەڵەك و نەسەبی کە بێ بنەما و ناڕاست دەبێت، دەڵێت: حوسێنی کوڕی عەلی منداڵی نەبووە وەجاخ کوێر بووە، واتا بە کورتی دەکەوێتە هەڵەوە خودا لە تاوانەکانی ببوریت و زمانی خۆی ناپاراست، ئەم قسەیەی دەگاتە ئەمیری مەدینە کە ناوی "توفەیلی مەنسوری کوڕی جەمازی حوسێنی"[1] دەبێت و زۆر تووڕە دەبێت، قسەکەی ڕەتدەکاتەوە و هەوڵدەدات بیکوژێت خەڵکی زۆر لێی دەپاڕێنەوە و رازی دەبێت نایکوژێت و دووری دەخاتەوە لە شار هەندێك دەڵێن: پیاوکوژ دەنێرێت و لەوێ لەناویدەبات تا ئێستاش کەس هەوالی نازانێت.. خودا بمانپارێزێت لە هەڵەی زمان.

---

[1] بنەماڵەی (جەماز): لە نەوەکانی ئیمام حوسەینی کوڕی عەلی ئەبی تالیبن و لە کۆتایی ساڵانی ٦٠٠ك دا دەسەڵاتی مەدینەیان گرتووەتە دەست. (المدينة المنورة عبر التأريخ، شريف احمد بن محمد صالح الحسيني البرادعي, الناشر المدينة منورة ، طبعة ٢٠٠٧،ص١١٨)

ئەمیری مەدینەی پیرۆز

پێشتر ئەمیری شاری مەدینە "کوبەیشی کوڕی مەنسوری کوڕی جەماز" دەبێت خۆی مامی خۆی دەکوژێت کە ناوی "موقبیل" دەبێت دەڵێن: بەو خوێنەوە بووە دەستنوێژی هەڵگرتووە، پاشان رۆژێك "کوبەیش" لەگەڵ هەندێك لە هاوڕێکانی دەچێتە دەرەوە لە بیاباندا گەرمایەکی تونـد دەبێـت و هەریەکەیان دەچـنە ژێـر داریکەوە لەو کاتەدا هەواڵ دەگاتە کوڕەکانی موقبیل و بەنـدە و داروودەسـتەکەی هـاوار دەکـەن: تۆڵـە تۆڵـەی موقبیـل و هـەر لـەوێ کوبـەیش دەکـوژن، بـەڵام بەڵەسەرخۆیی تا ئازار بچێژێت و خوێنەکەشی دەخۆنەوە، دوای ئەم براکەی توفەیل کاروباری شار دەگرێتە دەست ئەو بوو ئەبا عەباسی فاسی دوورخستەوە کە پێشـتر ئاماژەمان پێکرد.

دیمەنە پیرۆزەکانی شاری مەدینە

شاری مەدینە دیمەنی پیرۆزی زۆری تێدابوو، لەوانە (بەقیعی غەرقەد) دەکەوتە رۆژهەڵاتی شارەکەوە و دەرگایـەکی هـەبوو بـە دەرگـای (بـەقیع) ناسـرابوو، کـە دەچوێتە ژورەوە بـەلای چـەپدا گـۆڕی "سـەفیەی کچـی عـبدولموتـەلیب"ی پـوری پێغەمبەریﷺ لێیە، لەگەڵ گۆڕی دایکی "زوبێری کوڕی عەوام، هەروەها گۆڕی "ئەبی عەبدوڵڵای کوڕی مالیکی کوڕی ئەنـەس" لەسـەر گۆڕەکـەی گومـەزێکی بچـوك دروسـتکرابوو، بـەڵام لەسـەر گـۆڕی ئیبراهیمـی کـوڕی پێغەمبـەرﷺ گومەزێکی سپی دروستکرابوو، بەلای ڕاستییەوە گـۆڕی "عەبـدولڕەحمانی کـوڕی عومـەر" هەبوو کە ناسرابوو بە (ئەبی شەحمە) بە هاوشـانیەوە گـۆڕی "عـوقـەیلی کوڕی ئەبی تالیب" هەبوو، لەگەڵ گـۆڕی عەبـدوڵڵای زی لجەناحـەین (جەعفـەری کوڕی ئەبی تالیب) ڕەزای خودا لـە هـەموویان بێـت، کـەمێك بـەولاوە باخچـەی ڕەوزەی گـۆڕی دایکـانی بـاوەڕدارانی لێبـوو لەگـەڵ گـۆڕی "عەباسـی کـوڕی عەبدولموتەلیب"ی مامی پێغەمبەرﷺ بەڕاستی بەقیع گۆڕی زۆرێك لـە هـاوەڵانی

موهاجیرین و ئەنساری لێیە گۆڕەکانی "حەسەنی کوڕی عەبدولموتەلیب" و دایکی فاتیمە هەندێك لە زەوییەوە بەرز بوون.

هەر لە دیمەنە پیرۆزەکان مزگەوتی (قوبا)[1]ی لێیە کە بە دوو قیبلەی مەدینە دادەنرێت و دەکەوێتە نیوان باخ و دارستانی خورماوە، نزیکەی دوو میلێك لە مەدینەوە دوور دەبوو ئەو مزگەوتەیە کە لەسەر تەقوا و خواناسی و پاکی بونیادنراوە بیناکەی شێوەیەکی چوارگۆشەیی قەشەنگی هەبوو، لەگەڵ بڵندگۆیەکی(مناره) بەرز کە هەر لە دوورەوە دیار و بڵند بوو لە ناوەڕاستیەوە شوێنی پەچەی حوشترەکەی پێغەمبەری ﷺ لێیە خەڵکی لەبەر پیرۆزی دەچنە ئەو شوێنە بۆ نوێژکردن بەلای قیبلەشەوە میحرابێکی لێبوو کە لەسەر سەکۆیەك دروستکرابوو یەکەم شوێنە کە پێغەمبەر ﷺ کڕنوشی تێدا بردوە لە ناوەوەش مالّی "ئەبو ئەیوبی ئەنساری" هەبوو لەگەڵ چەند مالێکی تر کە دەڵێن: هی پێشەوا ئەبوبەکر و عومەر و فاتیمە و عائیشەن رەزای خودا لە هەموویان بێت لەگەڵ بیری (ئوریس) کە پێشتر ناوەکەی شوێر بووە، بەڵام پێغەمبەر ﷺ تفی تێ دەکات و شیرین دەبێت، هەر ئەم بیرە بوو کە ئەڵقەی دەستی پێشەوا عوسمانی تێکەوت.

هەندێك دیمەنی تری پیرۆز هەبوون، وەك: گومەزی زەیتی بەردین، بۆیە ئەو ناوەی لێنراوە چونکە کاتێك پێغەمبەری خۆشەویست ﷺ بەلایدا تێپەڕ دەبوو زەیت دەڕژا بەسەریدا، لای باکووریەوە بیری (بیزاعە) هەبوو، لەگەڵ چیای شەیتان - بۆیە ئەو ناوەی لێنراوە- چونکە کاتێك جەنگی ئوحود رووبدا شەیتان هاواری کرد: پێغەمبەرەکەتان کوژراوە، هەر لە نزیکی ئەو خەندەقەی لێبوو کە پێغەمبەر ﷺ هەڵیکەند قەڵایەکیش هەبوو ناسرابوو بە قەڵای (عوزاب)، دەڵێن: ئیمامی عومەر بۆ لاوە زگورتیەکان دروستیکرد هەروەها لەلای رۆژئاواوە بیری رۆم

[1] مزگەوتی قوبا : یەکەم مزگەوت بوو لە میژووی ئیسلامدا، لە شاری مەدینە دروستکرا. (وەرگێڕ)

هەبوو، ئەو بیرەی کە ئەمیری باوەڕداران نیوەی کڕییەوە بـە بیسـت هـەزار. جگـە لەوانەی باسیانم کرد چیای ئوحود هەیە، کە لە دیمەنە بەناوبانگەکانی مەدینەیە و ئەو چیایە کە پێغەمبەرﷺ فەرمویەتی ((ئوحود ئەو شاخەیە کە خۆشمان دەوێت و ئەویش خۆشی دەوێن))، چەند فەرسەخێك لە دەرەوەی مەدینەش جێگایەك هەیە بە ناوی شەهیدە بەڕێزەکانـەوە رەزای خـودا لـە هـەموویان بێـت، لەوێـدا گـۆڕی "ئیمامی حەمزەی" مامی پێغەمبەری لێیە لەگـەڵ شـەهیدەکانی تـری جـەنگی ئوحود، هەر لەسەر رێگای چیای ئوحود مزگەووتی عەلی کوڕی ئەبی تالیبی لێیە، لەگەڵ مزگەوتیکی تر بـەناوی سـەلمانی فارسـیەوە نـاونراوە رەزای خـودای لـێبێ مزگەوتیکی تـریش هەیـە بـەناوی (فـەتح) کـە لەوێـدا بـوو سـورەتی فـەتح بـۆ پێغەمبەرﷺ هاتە خوارەوە، کاتێك لە خزمەتی شـاری مەدینـەدا بـووین، چـوار رۆژێك لەو جێگایە مایـنەوە، بە شەوان لە ناو حەوشەی مزگەوتەکەدا دادەنیشتین و چرا دادەگیرسا و مسوڵمانان بە بازنەیی دادەنیشتن، ئنجا قورئان دەخوێندرایـەوە و شاعیرانیش هۆنراوەیان بەسەر پێغەمبەرداﷺ دەخوێندەوە، بەو شـێوەیە نـەریتی خەڵکی ئەوێ وابوو.

هەروەها ئەو سەردەمەی لەوێ بـووم خـەڵکیم بـە شـێوەیەك بـینی هەمیشـە سەرقاڵی چاکە بوون دەگەڕان بەسەر خەڵکی هەژار و رێبـواردا خێـر و زەکاتیـان بەسەریاندا دەبەخشانەوە ئەو کاتەی بـەڕێوە بـووین بـۆ شـام "مەنسـوری کـوڕی شاکیل" هاوسەفەرمان بوو، لە رەچەڵەکدا خەڵکی مەدینـە بـوو، لەگـەڵ دادوەری زەیدییەکان بە ناوی "شەرەفەدین قاسمی کوڕی سینان"، جگە لەم دووانە پیاوێکی تری بۆ خوا سوڵحاو کە لە بنەڕەتدا خەڵکی غەزناتە بوو بـە نـاوی عـەلی کـوڕی حەجەری ئومەوی لە گەڵمان بوو ئێستاش باسی سەرگوزشتەی ئەم پیاوە دەکەین.

چیرۆکی ئەو کەسەی کە شەو پەیوەندی پێوەکرا

کاتێك گەیشتینە مەدینە خودا ئاوەدانی بکـات و بیپارێزێـت "عـەلی کـوڕی

حەجەری ئەمەوی" باسی خەونێکی خۆی بۆم کرد ووتی: لە شەودا و لە خەوندا، بانگدەرێك پەیوەندی پێوەم کرد و هاواری کرد ووتی: گوێ رابگرە لە منەوە ئەم وشانە لەبەر بکە:

هنيئاً لكم يازائرين ضريحة أمِنتم بيومَ المعادِ من الرجسِ

وصلتم إلى قبرالحبيب بطيبة فطوبى لمن يضحي بطيبة أويَمسي

دوای ئەوەی ماوەیەك لەگەڵ ئەم پیاوەدا بووم لە شاری مەدینە دواتر گەشتی کرد بۆ (دهلی) پایتەختی ولاّتی هیندستان لە ساڵی ٧٤١ ك، ویستی خودا وابوو پێکگەیشتینەوە، منیش ئەو خەونەی کە بینیبووی بۆ پاشای هیندستانم گێڕایەوە، فەرمانیدا کە بانگ بکرێت بۆ کۆشکی شاهانە دوای ئامادەبوونی لای پاشای هیندستان خەونەکەی بۆ دەگێڕێتەوە پاشا زۆر سەرسام دەبێت و رێزێکی تایبەتی لێ دەگرێت و چەند وشەیەکی جوانی بە زمانی فارسی ئاراستە دەکات پاشان سێ سەد پارچە درهەمی ئالتونی دەداتێ سەنگی هەر درهەمێکی هیندستانی دەکاتە دوو دینار و نیوی ولاّتی مەغریب، لەگەڵ ئەسپێکی زینکراو و خەرجی رۆژانەشی بۆ دەبڕێتەوە.

هەر لە ولاّتی هیندستان پیاوێکی زانای بواری شەرعی لێ دەبێت بە ناوی "جەمالەدین مەغریبی" لە دایکبووی شاری بوجایە بوو پێی دەڵێت: وەرە لە نزیك مالّی من نیشتەجێ بە دەیباتەوە نزیك مالّەکەی و پەیمانی دەداتێ کە کچەکەی خۆی لێ مارە بکات، ئەویش لە خانوویەکی نزیکی ئەو نیشتەجێ دەبێت ئەم "عەلی"یە دوو خزمەتکاری دەبێت، یەکێکیان گەنجێك و ئەوی تریان کەنیزەیەك بووە نەریتی "عەلی کوڕی حەجەر" وا دەبێت کە پارە و پوڵەکانی لە نێو جێگاکەی حەشار دەدات و متمانەی بە کەس نابێت ئەو خزمەتکار و کەنیزەیە رێکدەکەون لەسەر دزینی پارەکەی دەیدۆزنەوە و هەموووی دەبەن و هەڵدێن، ئەویش لە داخ و خەفەتی مالّەکەی واز لە خواردن و خواردنەوە دەهێنێت، هەواڵ

بە پاشا دەگات کەچی بەسەر هاتووە، پاشا دووبارە بڕیار دەدات هەمان بڕە پارەی بداتێ کاتێك دەچن بە دوایدا تەماشا دەکەن کۆچی دوایی کردوە رەحمەتی خودای لێبێت.

گەشتکردن بەرەو مەککە

مەدینەمان بەجێهێشت و بەڕێکەوتین بۆ مەککە، لە نزیك مزگەووتی (زی لحەلیفە) کە پێغەمبەر ﷺ ئیحرامی لێ بەستووە لامانداء پێنج میلێك لە مەدینەوە دوور بوو، ئەوێ کۆتا سنوری مەدینە بوو لە نزیکیەوە دۆڵی (عەقیقە) هەیە، لەوێ خۆم شووشت و ئیحرامم لەبەرکرد کە حاجی لە بەری دەکات، دوای ئەوە دوو رکات نوێژم کرد تەنها کەس بووم کە ئیحرامم بەست و بە تەنها دەستم کرد بە (لبیك اللهم لبیك) لە نێو هەموو دۆڵ و چیاکاندا بەردەوام ئەم دروشمەم دەوتەوە، تا گەیشتینە شیوی عەلی رەزای خودای لێبێت، شەو لەوێدا ماینەوە.

پاشان چوینە (رەوحا) بیرێکی ئاوی لێ بوو ناسرابوو بە بیری (زاتولعەلەم) دەڵێن: پێشەوا عەلی لە تەنیشت ئەو بیرەوە لەگەڵ جنۆکەکان بەشەڕ هاتووە دواتر لەوێش بەڕیکەوتین بۆ (سەفرا) دوڵێکی ئاوەدانە پڕە لە دار و درخت و ئاو لەگەڵ مااڵ و باڵەخانە، خەڵکانێکی تێیدا نیشتەجێ بوون پێیان دەوتن (حەسەنیون) قەڵایەکی مەزنیشی لێبوو بە دوای ئەو قەڵایەدا هی تریش هەبوون لەگەڵ گوندی ئاوەدان، ئنجا گەشتمان دەستپێکردوە تا چوینە بەدر لەوێ پشوماندا، ئەو بەدرەی خودا پەیمانیدا بە پێغەمبەر ﷺ کە تێیدا سەری بخات بەسەر بێباوەڕەکاندا، ئەویش رەگی پیسی شیرکی دەرهێنا لە بەدر کانی و ئاوی لێبوو، لەگەڵ بیری قولەیب کە لاشەی بێباوەڕەکانی تێفڕێدرا، ئێستاش دارستانە و گوندێکی لێیە لەگەڵ شورایەکی پتەو و پارێزراو بە تەنیشتیەوە چەمێك هەیە، هەر لە بەدر گۆڕی شەهیدانی لێیە لە پشتێوە چیای (رحمە)یە کە فریشتەکانی خودا لێی دابەزین بە تەنیشتێەوە چیای تبول (طبول- تەپڵەکان) هەبوو کە چیایەکی نیمچە لە دەڵێن:

هەموو شەوێکی هەینی خەڵکی لێیەوە گوێیان لە دەنگی تەپڵ دەبێت.

جگە لەم شوێنانە (عەریش)ی پێغەمبەری خوداشﷺ دەکەوێتە هەمان جێگا، لەوێوە بوو نزای کرد و لە خوای مەزن پارایەوە سەربەخات بەسەر بێباوەڕەکاندا، ئەم شوێنەش دەکەوێتە لوتکەی چیای تەپڵەوە، هەروەها پەچەی حوشتری پێغەمبەریشی لێماوە کە لەوێدا بوو حوشترەکەی پشویدا و دەکەوێتە لای دارخورماکانی بیری قولەیبەوە ئێستا کراوەتە مزگەوت.

لە بەدرەوە بەڕێکەووتین بە بیابانێکدا کە دووری سێ ڕۆژ دەبێت و پێیان دەوت: بیابانی (قاع لبەزوا)ئەوەند پان و بەرین بوو تەنانەت ڕێبەرتێیدا وون دەبوو ئەوسەری بیابانەکە دوڵێك بوو ناوی دۆڵی (رابیغە) بوو، لە وەرزی باران بارێندا ئاوێکی زۆری لێ کۆدەبوەوە بۆ ماوەیەکی زۆر دەمایەوە حاجیانی وڵاتی مەغریب و میسر لەو شوێنەدا ئیحرام دەبەستن، بەڵام (جوحفەش)[1] نییە.

جارێکی تر ڕێگەمان گرتەبەر لە(رابیغەوە) بە سێ ڕۆژ گەیشتینە (خەڵیس) بە تەنیشت (عقبەی سویق)دا ڕۆیشتین کە نیو ڕۆژێك لە خەڵیسەوە دوور دەبێت، حاجیان لەوێ دەست دەکەن بە خواردنەوەی (سوەیق)، هەندێك جار حاجیان لەگەڵ خۆیان ئەم خواردنەوەیە لە میسر و شامەوە دەهێنن و لەوێدا دەیخۆنەوە، هەروەها فەرماندە و ئەمیرەکان کوندەی ئاوی شیرین لەگەڵ خۆیان دەهێنن و لەوێدا بەسەر حاجیاندا دەیبەخشێننەوە دەڵێن: پێغەمبەرﷺ کاتێك لەگەڵ هاوڕێکانیدا بەوێدا تێپەڕیوە هیچیان پێ نەبوو بیخۆن هەندێك لمی هێناوە و پێیانی داوە لەبری خواردن وەك خواردنەوەی (سوەیق) ئەم ناوچەیەی باسم کرد پێکهاتەی خاکەکەی لمە و خاوەنەکەشی کەسێکی پایەبەرز بوو لە ڕەچەڵەکدا لە نەوەی ئیمام حوسێن بوو. دوای ئەم جێگایە لە (بیرکەی حەلیف) دابەزین شوێنێکی کراوە بوو باخ و

---

[1] جوحفە: ئەو شوێنەیە کە تایبەتە بە حاجیانی ڕۆژئاوای وڵاتانی ئیسلامی و میسر، کە دەبێت لەوێدا ئیحرام ببەستن. (وەرگێڕ)

قەڵایەکی پارێزراوی هەبوو لە لوتکەی شاخێك بوو کە نزیك بوو لێی، پاشان قەڵایەکی تریشی هەبوو بە ناوی (خەریب)، کانی باشی لێبوو خەڵکی زەوییەکەیان وەك چاڵی مەزن هەڵدەکۆڵی بوو تا بە ئاسانی ئاوی لێ دەربهێنن هەروەها دانیشتوانەکەی بازارێکی گەورەیان بۆ خۆیان دروستکردبوو خورما و ئاژەڵ و پێداویستی تریان تێدا دەفرۆشت.

دوای پشوویەکی کەم گەشتمان دەستپێکردوە چوینە (عوسەفان) خەڵکەکەی پشتیان بە ئاوی بیر دەبەست بۆ خواردنەوە یەکێك لە بیرەکانی بە ناوی پێشەوا عوسمانەوە ناونرابوو، بیرێکی تریش هەبوو دەیانوت: هی پێشەوا عەلییە رەزای خودای لێبێت، هەروەها رێڕەوێك هەبوو کە دەکەوتە نێوان گەرووی دوو شاخەوە پێیدا رۆیشتین، هەر لە عوسەفان شوێنەواری کۆنی لێبوو، لەگەڵ بورجێکی گەورە بەڵام بەشێکی روخابوو عوسەفان جۆرە دارێکی زۆری هەبوو ناوی (موقەلە)[1] بوو پاشان چوینە دوڵی (مورزەهران) و (موخەسەب) دارخورمای بێشوماری لێ ڕوێنرابوو لەگەڵ میوەجات و بەرووبومەکەی دەگوێزرایەوە بۆ مەککەی پیرۆز.

بەو دۆڵەدا رۆیشتین بە دڵێکی پڕ جۆش و خرۆش، هەمومان تامەزرۆی ئەوە بووین زوو بگەینە مەککە شوێنی لەدایکبونی پێغەمبەری خودایەﷺمەنزڵگەی باوکی پێغەمبەران (ئیبراهیم)ە ئەوەندەی نەبرد خۆمان گەیاند (بەیتی شەریف) چاوەکانمان زیاتر روناك بوونەوە بە بینی ماڵی خودا، تەماشامانکرد کەعبەی پیرۆز رازێنراوەتەوە وەك گوڵی بەهار چوار دەورە درابوو بە میوانانی ماڵی خودا، دەستمان کرد بە تەوافی قدوم و سلاومان لە بەردە رەشەکە کرد، ئنجا دوو رکات نوێژمان لە مەقامی ئیبراهیم کرد و دەستمان گرت بە پەردەی کەعبەوە، ئنجا نزایەکی زۆرمان کرد چونکە شوێنی قبوڵ بوونی نزاکانە پاشان تێر ئاوی زەمزەمان

---

[1] موقل: بەری دارێکە پێی دەوترێت (تەدوەم)، بە شێوەی شیلە دێتەدەرەوە و بۆ چارەسەری پزیشکی بەکاردێت. (المنجد في اللغةوالاعلام، دار المشرق، ص ٧٧٠)

نۆشی وەك چۆن لە پێغەمبەرەوە ﷺ ریوایەت کراوە، دواتر بە سەفا و مەڕوەدا هاتن و ڕۆیشتنمان ئەنجامدا، لای دەرگای ئیبراهیم پشوماندا و خودا ئەو شەرەفە گەورەیەی بە ئیمە ڕەوابینی تا ئەو جێگە پیرۆزانە بەسەر بکەینەوە.

ئەوەی جێی سەرسوڕمانە! دڵگیری ئەو خاکەیە، هەر کەسێك دەچێتە خزمەتی هەرگیز خۆی بە نامۆ و غەریب نازانێت، عیشق و ئاوێتە بوون لە دڵیدا بە شێوازێك ڕەگ دادەکووتیت کاتێك دادەبڕێت ئارەزوو دەکات دووبارە و بە نزیکترین کات بە بینینی شاد ببێتەوە، ئاھ و نالّە و دووری ئەو خاکە سەراپای جەستەی مسوڵمان دادەگرێت، بۆیە پێویستە هەرکەس بە دیداری گەیشت هەمیشە دەم بە شوکر و نزا بێت و سوپاسگوزاری ئەو نیعمەتەی خودای مەزن بێت، داواکارم لە ئەڵڵای مەزن بەو کەسانەمان قبوڵ بکات کە قازانجیان کردوە لەو بازرگانییەی لەو ڕێگایەدا بەدەستیان هێناوە و بە بڕینی ئەو ڕێگایە تاوانەکانیان سڕاوەتەوە.

مەزنی شاری مەککەی پیرۆز

شارێکی گەورەیە و خانووەکانی لە یەکەوە نزیکن و دەکەوێتە ناو دۆڵێکەوە، چوار دەوری چیایە و مرۆڤ ناتواتێت لە دوورەوە تەماشای بکات تا لێی نزیك نەبێتەوە یەکێك لە چیاکانی شاخی ئەبی قوبەیسە و دەکەوێتە لای باشوریوە لەگەڵ قوعەیقان لای ڕۆژئاوا بە هەردووکیان دەوترێت ئەخشەبەین بەڵام لە باکووریەوە کێوی ئەحمەر هەیە لەگەڵ ئەجیاد و لئەسغەر و ئەجیاد و لئەکبەر هەروەها خەندەمەش هەیە کە دواتر باسی دەکەین بەڵام زۆربەی مەراسیمەکانی حەج لە مینا و عەرەفە و موزدلیفەیە، خودا بیانپارێزێت.

مەککە سێ دەرگای هەبوو: دەرگای (موعەلا) دەکەوتە ئەوسەری شارەوە لەگەڵ (شوبەیکە) و پێشیان دەوت: دەرگای عەمرە لەلای ڕۆژئاوا بوو، کە دەکەوتە سەر ڕێگای شام و میسر و جەددە هەر لەوێوە بەرەو تەنعیم دەڕوات کە لە شوێنی خۆیدا باس دەکرێت، بەڵام دەرگای موسفەل لای باشورەوە بوو ئەو

دەرگایە بوو کە خالیدی کوڕی ولید رەزای خودای لێبێت، لە رۆژی فەتح کردنی مەککەدا لێی هاتە ژورەوە. ئەم شارە پیرۆزە وەك چۆن لە قورئاندا باسکراوە لەسەر زمانی پێغەمبەرە پایەبەرزەکەی ئیبراهیمی خەلیلەوە کە لە دۆڵێکی وشك و رەقدایە بەڵام نزاکەی گیرابوو لە هەموو شوێنێکەوە لە هەموو جۆرە میوە و خواردنێکی وای بۆ دێت، لە هیچ جێگایەکی دونیادا نییە، هەر لە تریێ و خورما و شوتی و قۆخ و هەنجیر و گۆشت، هەموو ئەمانە لە دۆڵی تاییف و دای نەخلە و بەتنی موڕە و جێگاکانی ترەوە دەگەیشتنە شاری مەککە.

باسی مزگەوتی حەرەمی مەککەی پیرۆز

مزگەوتی حەرەمی مەککەی پیرۆز، دەکەوێتە ناوەڕاستی شارەکەوە و گۆڕەپانێکی گەورەی هەیە کە دریژی لە رۆژهەڵاتەوە تا رۆژئاوا چوارسەد بااڵ دەبێت، ئەمەش لە (ئەزروقی)یەوە ریوایەت کراوە پانیەکەشی هەر ئەوەندە دەبێت، کەعبەی پایەبەرزیش دەکەوێتە ناوەڕاستەوە و بڵندی دیوارەکەی بیست باڵ دەبێت هەروەها میچی مزگەوتەکەش لەسەر ستوون راگیر کرابوو یەك لەدوای یەك بەریز لە زەویدا چەسپی بوون زۆر بە جوانی و هونەرێکی بە سەلیقە دروستکرا بوو کە زمان ناتوانێت گوزارشت لە جوانییەکەی بکات ستوونەکان کە لە بەردی مەرمەڕی روخام داتاشرابوون ژمارەیان چوارسەد و نەوەد و یەك ستوون بوو بێجگە لەوانەی کە لە گەچ دروستکرابوون و دەکەوتنە دارولنەدوە(دار الندوة)وە.

هەروەها لای دەرگای ئیبراهیم ڕێڕەوێك هەبوو بۆ گۆڕەپانی رۆژئاوا لەوێشدا دیسانەوە کۆمەڵە ستوونێکی گەچ هەبوون ئەم شوێنە واتا دارولنەدوە دەکەوتە گۆڕەپانێك بە لای باکورەوە بەرامبەر روکنی عێراقی لەوێدا کۆمەڵە میزێکی زۆر دانرابوون بۆ ئەو کەسانەی قورئانخوێنن و ئەوانەی سەرقاڵی چنین و نووسین و بەرگدورین، بەڕاستی خەلیفە ئەبی جەعفەری مەنسور شوێن دەستی دیار بوو لە ناوەدانکردنەوەی شاری مەککەدا، لە پشتیەوەی پاشماوەی خەلیفە "مەهدی

محەمەدی کوڕی ئەبی جەعفەری مەنسور" هـەبوو وەك خـۆی مـابووەوە دەکەوتـە سەرووی دیواری گۆڕەپانی رۆژئاوا لەسەری نووسرا بوو: ئەمیری باوەڕداران بڕیاریدا بە گەورەکردنەوەی مزگەووتی حەرام، بۆ حاجیانی مالّی خودا لە سالّی ١٦٧ ك.

کەعبەی مەزن

خودا هەمیشە مەزن و پایەبەرزی بکات

کەعبەی پیرۆز دەکەوێتە ناوەڕاستی مزگەووتی حەرەمەوە، شێوەیەکی چوارگۆشەیی هەیە و بەرزیەکەی لە سێ لاوە بۆ ئاسمان بیست و هەشت گەز دەبێت لای چوارەمی کە دەکەوێتە نێوان بەردەڕەشەکە و روکنی یەمانیەوە بیست و نۆ گەز دەبێت، پانی لایەکی لە نێوان روکنی عێراقی تا بەردەڕەشەکە پەنجا و چوار بستە، هەروەها بەهەمان شێوە لە بەرامبەری لە روکنی یەمانیەوە تا روکنی شامی پەنجا و چوارە و دیوارەکەی بە بەردی پتەو دروستکرا بوو بە شێوازێکی وا دانرا بوون بەرگەی هەموو کەش و هەوایەك دەگرن.

دەرگای کەعبەش دەکەوتە نێوان روکنی عێراقی و حەجەرولئەسوەد، نێوان دەرگاکە و بەردەڕەشەکە دە بست دەبوو بە تەنیشتی دەوترێت (ئەلمولتەزیم) شوێنی گیرابوونی نزاکانە بەرزی دەرگاکە لە زەوییەوە یانزە بست و نیوە دەرگاکەشی بە زیو رووپۆش کرابوو زۆر جوان و قەشەنگ رازێنرابووە دوو بازنەی گەورەی بۆ دروستکرابوو شوێنی کلۆم کردنی بوو، هەموو رۆژانێکی هەینی دەرگا دەکرایەوە لەگەڵ رۆژی لەدایکبوونی پێغەمبەردا ﷺ مەراسیمی کردنەوەی دەرگاش بەم شێوەیە بوو: کورسییەکی بەرزیان دەهێنا شێوەی مینبەری هەبوو قاچەکانی دار بوون لەسەر چوار رەوڕەوە دانرابوو بە دیواری کەعبەوە دەنرا پاشان ریش سپیەکی لە هەمووان بەتەمەنتر لەگەڵ کۆمەڵکی تر دەهات و کلیلی کەعبەی پێبوو ئەوان پەردەی کەعبە کە پێی دەوترێت (بورقوع)رایاندەکێشا و دەیانگرت ئەویش دەرگای دەکردەوە و ماچی دەکرد و بە تەنها دەچوە ژورەوە، ماوەی دوو رکات نوێژ لە ژوورەوە دەوەستا و دواتر ئەوانی تر دەچونە ژوورەوە، ئنجا خەڵکی تر لەو کاتەدا هەموو نزا و تەکبیریان دەکرد و دەیانوت: اللهم افتح لنا ابواب رحمتك یا ارحم الراحمین.

ناوەوەی کەعبە زەوییەکەی بە مەڕمەڕ (روخام) فەرشکرابوو و دیوارەکانیشی بەهەمان شێوە بە ڕوخام ڕوپۆش کرابوو سێ ستوونی دریژی تێدابوو لە داری ساج داتاشرا بوون کۆڵەکەی میچی کەعبە بوون و نێوان هەر کۆڵەکەیەك چوار هەنگاو دەبوو پەردە و عەباکەشی لە ئاوریشمی ڕەش دروستکرابوو بە خەتی سپیش رازێنرابووە کاتێك تەماشات دەکرد دەدرەوشایەوە.

ئەوەی جێی سەرسوڕمانە !.. مالّی خودا هەمیشە پڕ بوو لە میوانانی مالّەکەی و لە هەموو نەتەوە و هۆزەکان تەنها خودا دەزانێت چۆن بوو چەند بوون، هیچ کاتێك تەنانەت بۆ ساتێکش نە بە ڕۆژ و نە بە شەوو میوانی لێ نابڕا، بەڵام خودا خۆی ڕزقیانی دەدا، کاتێکیش دەرگای کەعبە دەکرایەوە هەموان دەچونە ژوورەوە بێ ئەوەی ڕێگا لە کەس بگیرێت یان بەرتەسك بکرێتەوە، لە شتە سەرسوورهێنەرەکانی تر کۆتر و بالّندەکانی بوو هەرگیز لەسەر کەعبەی پیرۆز نافڕن و نانیشنەوە، لەکاتێکدا بالّندە حەز لە جێگای بلّند دەکات ! دەڵێن هەر کاتێکیش هەر بالّندەیەك لەسەری بنیشێتەوە نەخۆشە و چاك دەبێتەوە پاك و بێگەردی بۆ ئەو خودایەی کە ڕێز و پیرۆزی بەو خاکە بەخشیوە.

میزابی کەعبە

میزابی کەعبە دەکەوتە سەربانەکەیەوە لە ئالتون دروستکرابوو پانێکەی بستێك دەبوو بە دریژی دوو بالّ هاتبووە دەرەوە ئەو شوێنەی دەکەوتە ژێر میزابەکە (مەرزیب) گۆڕی ئیسماعیلی لێبوو شورایەکی بۆ دروستکرابوو بە بەردی بەنرخی مەڕمەڕ (روخام) شێوەی نیو بازنەیی هەبوو هەر بە هاوشانێیەوە گۆڕی هاجەرە دایکی لێبوو سلاّوی خودا لە هەردووکیان بێت نیشانەکەشی بەردێکی ڕوخامی سەوزە دووری نێوان هەردوو گۆڕەکە حەوت بست دەبێت.

بەردەڕەشەکە (حجر الأسود)

بەردە ڕەشەکە بەرزییەکەی لە زەویەوە شەش بست دەبێت کەسێك بالأی بەرز بێت خۆی بۆ نزم دەکاتەوە بە پێچەوانەوە گەر کەسێك بالأی بچوك بێت خۆی بۆ بڵند دەکاتەوە بە سووچی(روکنی)لای ڕۆژهەلأتییەوە چەسپێنرا بوو، فراوانییەکەی دوو لەسەر سێی بستێك دەبوو نازانرێت چەندێکی چوەتە ناو دیواری روکنی کەعبەوە، بەردە ڕەشەکە چوار پارچەی لێکدراوە دەڵێن: قەرمەتی نەفرەتی خودای لێبێت شکاندویەتی هەندێکش دەڵێن: کەسێکی تر (بەدەبوس)[1] شکاندویەتی خەڵکی پەلاماریانداوە بیکوژن و بەو هۆیەوە ژمارەیەکی زۆری ڕۆژئاوایی (مەغاریبە) کوژراون دواتر کۆکراوتەوە و لایەکانی بە زیو بەستراوەتەوە بە ماچکردنی هەست بە ئارامیەکی ڕوحی یەجگار زۆر دەکەیت، باوەڕدار حەزناکات هیچ کات لێی دابڕێت، فەرمودەکەی پێغەمبەرﷺ بەسە کە دەفەرموێت: ((إنه يمين الله في أرضه))، خودا سەربەرز و پایە بڵندمان بکات بە ماچکردنی.

هەر لە تەنیشتییەوە دەست دەکرا بە تەواف کردن و کەعبە دەکەوتە لای چەپییەوە، سەرەتا کە دەست پێ دەکات دەگاتە روکنی عێراقی کە ڕووی لە باکورە ئنجا دەچێتەوە روکنی شامی کە ڕوو لە ڕۆژئاوایە، پاشان بۆ ڕۆژهەلأت و روکنی یەمانی کە ڕوو لە باشوور دەکات و دواییش دەگەڕێتەوە بۆ روکنی حەجەرلئەسوەد کە ڕووی لە ڕۆژهەلأتە.

باسی شوێنە ڕێزلێگیراوەکە (مقام الكريم)

لە نێوان دەرگای کەعبە و روکنی عێراقی جێگایەك هەیە دوانزە بست دەبێت و پانییەکەی نیوەی ئەوەیە، بەلأم بەرزییەکەی دوو بست دەبێت ئەو شوێنەیە کە

---

[1] دەبوس: کەرەستەیەکی جەنگییە، لە کاتی شەڕدا بەکارهاتوە، کوتەکی نوکدارە. (المنجد في اللغةوالاعلام، دار المشرق، ص٢٠٦)

پێی دەوترێت: مەقامی ئیبراهیم سڵاوی خودای لێبێت دواتر پێغەمبەرﷺ گۆڕیویەتی بۆ شوێنی نوێژکردن ئێستا وەك حەوزێك وایە و بەو شێوەیە ماوەتەوە، ئاوی تێدەکرێت کە بۆ شوشتنی کەعبەی پیرۆز بەکاردەهێنرێت، جێگایەکی زۆر قەرەبالّغە و خەڵکی بە ریز دەوەستن بۆ نوێژکردن تێیدا.

هەروەها شوێنی مەقامی کەریم دەکەوێتە بەرامبەر روکنی عێراقی بابولکەریم گومەزێکی بۆ دروستکراوە بە پەنجەرەی کون کون(هێڵەك) داپۆشرابوو کە تەنها پەنجەکان لێیەوە دەچوە ژورەوە لەو دیوەوە جێگای نوێژکردنە چونکە لە پێغەمبەرەوە ریوایەتکراوە: کاتێك هاتووەتە مزگەوتی بەیت حەوت جار تەوافی کردوە دواتر چوەتە مەقامی ئیبراهیم لەوێ دوو رکات نوێژی کردوە و ئنجا ئەم ئایەتەی خوێندوە: ﴿واخذ من مقام إبراهيم مصلى﴾.

باسی زەمزەم

گومەزی بیری زەمزەم دەکەوێتە بەرامبەر بەردە رەشەکە، دووری نێوانیان بیست و چوار هەنگاوە مەقامی کەریمی ئیبراهیم دەکەوێتە لای راستییەوە و دە هەنگاوێك دوور دەبێت ناوەوەی گومەزەکە بە بەردی روخامی بەنرخ فەرشکرابوو بیری زەمزەمیش دەکەوتە ناوەڕاستیەوە و لاردەبووە بەلای رووی دیواری کەعبەدا دەڵێن: ئاوەکەی هەموو رۆژێکی هەینی زیاد دەکات هەر لە ناوەوە حەوزێك هەبوو بۆ دەستنوێژ هەڵگرتن پانیەکەی چەند بستێك دەبوو، بەڵام لە زەوییەوە پێنج بست بەرز بوو.

دوای ئەوە گومەزی ئاوخواردنەوە دەهات دەڵێن: هی ئیمامی عەباسە دەرگاکەشی رووی لە باکور بوو گۆزەی گەورەی تێدا بوو پێیان دەوت: (دەوارق) پڕ لە ئاو دەکران تا سارد ببێت هەروەها گەنجینەشی لێبوو بۆ هەڵگرتنی پەرتوکەکان و قورئانی پیرۆز قورئانێکی لێبوو دەڵێن: لە دوای وەفات کردنی پێغەمبەرﷺ بە هەژدە ساڵ، بە دەست و خەتی (زەیدی کوڕی سابت) نوسراوەتەوە خەڵکی مەککە

هەر کاتێك توشی ناخۆشی وشکە سالّی ببنەوە ئەو قورئانە دەهێنن و لە مەقامی ئیبراهیمی دایدەنێن و دەرگای کەعبەی پیرۆزیش دەکەنەوە ئنجا دەست دەکەن بە نزا تا خودا لەو نەهامەتییە رزگاریان بکات، ئیدی ئەوەندە ناخایەنێت خودا ئەو بارەیان لەسەر هەلّدەگرێت پاشان دوای گومەزی عەباس قوبەی یەهودیە دێت کە لای خەلّکی ناسراوە.

دەرگاکانی مزگەوتی حەرام و...

دیمەنە پیرۆزەکانی چواردەوری

دەرگاکانی مزگەوتی حەرەم نۆزدە دەرگا بوون زۆربەیان کراوە بوون بەشێك لەو دەرگایانە دەکرانەوە بەسەر دەرگای تردا، لەوانە دەرگای سەفا کە لەوێوە دەچوە سەر پێنج دەرگای تر کۆنترینیان پێی دەوترا دەرگای مەخزوم بەلّام گەورەترینی دەرگای حەرەمە و لەوێوە دەچویتە مەسعا باشترواية بۆ ئەو کەسەی کە زیارەتی مەککە دەکات لە دەرگای بەنی شەیبەوە بچێتە ژوورەوە و لە دەرگای سەفاوە دەربچێت دوای تەواف کردنی، کە رێگاکەی دەکەوێتە نیوان دوو ستوونەوە ئەمیری باوەڕداران "مەهدی" لەسەر رێگای پێغەمبەری خودا ﷺداینناوە .

دەرگایەکی تر هەبوو پێی دەوترا ئەجیادی بچوك و بەسەر دوو دەرگای تردا دەکرایەوە، لەگەلّ دەرگای خەیاتین و نەبی کە ئەوانیش بە هەمانشێوە دەکرانەوە بەسەر دەرگای تردا، بەلّام دەرگای عەباس و بەنی شەیبە دەیانڕوانی بەسەر سێ دەرگا کە دەکەوتە لای سووچی دەرگای رۆژهەلّاتەوە بەرامبەر دەرگای کەعبە هەروەها دەرگای بەنی عەبد و شەمسە هەبوون تایبەتکرابوون بە رێگای هاتووچۆی خەلیفەکان جگە لەوانەی باسیانم کرد یەکێکی تری بچوك بە تەنیشت بەنی شیبەوە هەبوو ناوی نەبوو دەیانوت: ناوی ریباتە چونکە لەوێوە دەچویتەوە ریبات و سیدرە، لە دەرگاکانی تری بابولئیبراهیم و عەمرە و دارولنەدوە بوون کە بەرامبەر

میزابە بۆیە پێی دەڵێن: ئیبراهیم چونکە دەڵێن بە ناوی ئیبراهیمی خەلیلەوەیە، هەندێکی تر دەڵێن: بە ناوی "ئیبراهیمی خوزی"یەوە ناونراوە.

مزگەوتی حەرام پێنج منارەی بەرزی هەبوو کە شوێنی بانگدان بوون یەکێکیان: دەکەوتە سوچی (روکنی) ئەبی قوبەیسەوە لە تەنیشت دەرگای سەفا، ئەوەی تریان لە سوچی دەرگای بەنی شیبە بوو سێیەمیان: لای دارولنەدوە بوو چوارەمیشیان: لای روکنی سیدرە پێنجەمیان: دەکەوتە روکنی ئەجیاد بە تەنیشت دەرگای عومرەوە بوو قوتابخانەیەکی لێبوو سوڵتان"یوسفی کوڕی رەسول" پاشای یەمەن ناسراوە بە مەلیك موزەفەر دروستیکردبوو ئەو کەسەی کە درهەمی موزەفەری بە ناوەوەیە، ئەم کەسە پەردەی کەعبەی لە کاتی حەجدا دەگۆڕی تا ئەو کاتەی "مەلیك قلاوون" بەسەریدا سەرکەوت لە دەسەڵاتدا نەما .

هەر لە دەرەوەی دەرگای ئیبراهیم خانەقایەکی گەورەی لێبوو، مالێکی لێ دروستکرابوو تەرخانکرا بوو بۆ پێشەوای مالکییەکان(ناوی ئەبی عەبدوڵڵا محەمەدی کوڕی عەبدولڕحمان) بە خەلیل ناسرا بوو هەر لەسەر دەرگای ئیبراهیم گومەزێکی لێ دروستکرابوو زۆر بڵندە لە ژوورەوە بە جوانی و شێوازێکی نامۆیی بە گەچ رازێنرابووە لە نزیك ئەم شوێنەدا پیاوچاك و خواناس "جەلالەدینی کوڕی محەمەدی ئەفشەهری" دادەنیشت، لە دەرەوەی ئەم دەرگایەش بیرێکی لێبوو هەر بە ناوی ئەم شێخەوە بوو، لەولاتریشەوە خانووی "دانیاڵ عەجەمی" بەڕێز و خواناس هەبوو، کە پارە و پوڵێکی زۆری سەدەقاتی وڵاتی عێراق دەگەیشتە دەستی ئەم کەسە و ئەویش بەسەر هەژاراندا دەیبەخشانەوە.

لەو دیمەنانەی لە بەر چاومن ئەو خانووانە بوون کە چواردەوری مەککەیان دابوو هەندێکیان سەربانەکانیان لکابون بە سەربانی مزگەوتی حەرەمەوە هەمیشە لە تەماشاکردنی جوانی بەیت چاوەکانیان نەدەبڕا و هەندێك لە مالەکان دەرگاکانیان زۆر نزیك بە دەرگای مزگەوتی حەرەم بوو لەوانە مالی"زوبەیدەی خێزانی رەشید" ئەمیری باوەڕداران و مالی (عەجەلە) و مالی (شەرابی) و..هتد. لە دیمەنە

پیرۆزەکانی تر گومەزی (وەحی)یە، ئەویش لە مالّی عایشەی دایکی باوەڕداران بوو لە نزیك دەرگای پێغەمبەرﷺ، هەر لە مالّەکەدا گومەزێکی بچوك هەبوو کە شوێنی لەدایکبوونی فاتیمەیە، چەند هەنگاوێك بەولاترەوە مالّی پێشەوا ئەبوبەکرە رەزای خودای لێبێت.

هەروەها لە دیمەنە پیرۆزەکانی مەککە دیواری پیرۆزە جگە لەوەی بەردێکی لێبوو سلاّویان لێ دەکرد و دەیانوت: کاتێك پێغەمبەرﷺ دەڕۆیشت بۆ مالّی پێشەوا ئەبوبەکر و بانگی دەکرد، ئەگەر کەس وەلاّمی نەدایەتەوە ئەوا بەردەکە وەلاّمی دەدایەوە و دەیوت: ئەی پێغەمبەری خودا پێشەوا لەمالّ نییە، پێغەمبەریشﷺ سلاّوی لێ دەکرد، بۆیە ئێستاش خەلکی سلاّوی لێ دەکەن.

سەفاو مەڕوا

لە دەرگای سەفاوە کە یەکێکە لە دەرگاکانی مزگەوتی حەرەم تا مەڕوا حەفتاوشەش هەنگاوە پانییەکەی حەڤدە هەنگاوە چواردە پلیکانەی هەیە کە کۆتا دانەی هێندەی مێزێك دەبوو نێوان سەفا و مەڕوە چوار سەد و نەوەد و سێ هەنگاوە بەلاّم لە سەفاوە تا میلی ئەخزەر نەوەد و سێ هەنگاوە، دیسانەوە لە میلی ئەخزەر تا دوو میلی ئەخزەر حەفتا و پێنج هەنگاوە لە هەر دوو میلە سەوزەکەوە تا مەڕوە سێ سەد و بیست و پێنجە بەلاّم مەڕوە پێنج پلیکانەی هەبوو، پانی مەڕوەش حەڤدە هەنگاو بوو، میلی سەوز کۆلّەکەیەکی سەوزی جێگیرکراو بوو لە روکنی منارەی بانگدانەکە (بڵند گۆ ـ سومەعە)دەکەوتە لای سووچی رۆژهەلاّتی حەرەمەوە بەلاّم هەردوو ستوونە سەوزەکە بە لای دەرگای عەلییەوە بوون یەکێکیان لە دیواری حەرام بوو بە لای چەپییەوە لە دەرەوە، ئەوەی تریان بەرامبەری بوو، لە نێوان میلی سەوز و هەردوو ستوونەکەدا رێگایەکی لم هەبوو بۆ رۆیشتن و هاتن، هەر لە نێوان سەفا و مەڕوەدا لە نزیکییەوە بازاڕێك هەبوو لە لقی دارخورما دروستکرابوو هەموو خواردنێکی تێدا دەفرۆشرا، وەك گەنم

و گۆشت و خورما و ڕۆن و...هتد لەگەڵ میوەجاتدا، زۆرجار ئەوانەی سەفا و مەڕوەیان دەکرد ئەوەندەیان نەدەما لەگەڵ خەڵکی بازاڕدا تێکەڵ بن، لە مەککەدا هیچ بازاڕێك نەبوو جگە لە بازاڕی قوماشفرۆشان و بۆنفرۆشان نەبێت کە لای دەرگای بەنی شیبەوە بوو.

هەر لە نێوان سەفا و مەڕوەدا مالّی پێشەوا عەباس هەیە، بەڵام ئێستا جێگای پشودانی خەڵکی ڕێبوارە مەلیك ناسریش ئاوەدانی کردوەتەوە ڕەحمەتی خودای لێبێت، هەروەها شوێنی تایبەتیشی دروستکردوە بۆ دەستنوێژ گرتن لە نێوان سەفا و مەڕوەدا و دوو دەرگای بۆ دروستکردوە، یەکێکیان لە بازاڕی کەپرەکان و ئەوەی تریان لای بۆنفرۆشەکانە بە لای ڕاستی مەڕوەدا مالّی ئەمیری مەککە سەیفەدینی عوتیفەی لێبوو لە هۆزی (بەنی نومەمی).

گۆڕستانی پیرۆزی مەککە

گۆڕستانی مەککە دەکەوتە دەرەوەی دەرگای موعەلا بەو جێگایە دەوترا حەجون گۆڕێکی زۆری هاوەڵانی پێغەمبەر و زانایان و پیاوچاکانی لێ نێژراوە بەڵام بەشێکی زۆری لەبەر چاوی خەڵکی مەککە ونبوونە هەندێکیان نەبێت کە ناسراون وەك: گۆڕی دایکی باوەڕداران و وەزیری پێغەمبەرﷺ خەدیجەی کچی خوەیلد منداڵەکانی پێغەمبەرﷺ هەموویان لەوێن تەنها ئیبراهیمی کوڕی نەبێت، لەگەڵ گۆڕی ئەمیری باوەڕداران ئەبی جەعفەری مەنسور هەروەها ئەو شوێنەی لێیە کە عەبدولاّی کوڕی زوبێر تێیدا لە خاچدرا ڕەزای خودای لێبێت لە سەرەتای گۆڕستانەکەوە کە دەچوێتە ژوورەوە مزگەوتیکی کۆنی ڕوخاوی لێبوو دەڵێن: ئەو مزگەوتەیە کە جنۆکەکان لەوێدا پەیمانیان دا بە پێغەمبەرﷺ هەر لەوێوە ڕێگایەك هەبوو دەچوە عەرەفە و یەکێکی تر بۆ تائیف و عێراق.

هەندێک لە دیمەنەکانی دەروەوی مەککە

لەوانە حەجون کە پێشتر باسمان کرد دەڵێن: حەجون شاخێکە دەڕوانێت بەسەر گۆڕستاندا هەروەها موحەسەب هەیە پێیدەڵێن: ئەبتەح لە دوای جوبانەوە دێت هەوارەگەی)بەنی کنانە)ش لەوێیە پێغەمبەری خودا ﷺپشوی لێداوە، لە دیمەنەکانی تر زوتەوایە کە دۆلێك بوو دادەبەزی بۆ سەر گۆڕی موهاجرین لە حەسحاسە بەلاّم ناگەیشتە سەنیەی کەدا.

کاتی خۆی "عەبدوللاّی کوڕی عومەر" ئەگەر بچوایەتە مەککە لە زوتەوا دەمایەوە و خۆی دەشووشت ئنجا دەچوە مەککە دەگێڕنەوە پێغەمبەریش ئەو کارەی کردوە لە دیمەنەکانی تر سەنیەی کەدا هەبوو دەکەوتە لای سەرەوەی مەککە لەوێوە بوو لە حەجی مالّئاواییدا پێغەمبەرﷺ چوە مەککە هەروەها سەنیەی کەدا پێشی دەڵێن: سەنیەی بەیزا و لەوێوە پێغەمبەرﷺ دەرچو بۆ حەجی مالّئاوایی کە دەکەوێتە نێوان دوو چیاوە و لە دەربەندێکدایە پێی دەڵێن: کەوم لحیجارە[1] و دەکەوتە سەر رێگا هەر کەس بە تەنیشتیەوە بڕوات بەردێکی بۆ تێدەگرت دەڵێن: گۆڕی ئەبی لەهەب و ژنەکەی (حمالەتولحەتەب) لەوێدایە.

هەر لە نێوان سەنیە و مەککەدا دەشتاییەك هەبوو زۆرجار رێبوارانی رێگا لێی دادەبەزین گەر لە میناوە بهاتنایە هەر لە نزیك ئەم شوێنەدا مزگەوتیك هەبوو کە تاشە بەردێکی گەورەی لێ دانرابوو دەتوت میزە و لە سەرووییەوە بەردێکی تر هەبوو کە وێنە و نەخشی تێدابووە، بەلاّم سڕیویانەتەوە و لایان داوە، دەڵێن: پێغەمبەرﷺ لەسەری دانیشتوە بۆیە خەڵکی بۆ پیرۆزی ماچیان دەکرد، هەروەها تەنعیم کە نزیکەی فەرسەخێك لە مەککەوە دوور دەبوو و خەڵکی لەوێوە ئیحرامی

---

[1] بۆیە پێی دەڵێن: کەوم لحیجارە: چونکە کۆمەڵە بەردێکی وەك گرد بووە . (وەرگێڕ)

عەمرە دەبەستن، چونکە پێغەمبەریش ﷺ لە حەجی مالئاواییدا دایکی بڕوادارانی عائیشە لەگەڵ عەبدولڕەحمانی برایدا دەنێرێت بۆ ئەو جێگایە و لە هەمان جێگا ئیحرامی بەستووە، هەر لەوێدا سێ مزگەوت دروستکرابوو کە هەموویان بۆ دایکی باوەڕداران دەگەڕانەوە ڕێگای تەنعیم تابڵێیت پانوپۆڕ بوو چونکە کاتێک عەمرەکاران پێیدا دەڕۆیشتن بە پێ خاوسی، خەڵکیش ڕیزیان دەبەست بۆ گسکدانی ئەو ڕێگایە، لەبەر ئەجر و پاداشت، لەسەر ڕێگاکە بیرێکی لێبوو ئاوەکەی شیرین بوو پێیان دەوت: شوبەیکە.

یەکێکی تر لە جێگاکانی دەرەوەی مەککە زەهرایە لە تەنیشت (زوتەوا)یە دوو میلێك لە مەککەوە دوور دەبوو دەکەوتە سەر ڕێگای تەنعیم، شوێنێکی دیاری کراو بوو دەکەوتە سەر ڕێگا مالّ و باخ و بازاڕی لێبوو هەر لەسەر ڕێگا گۆزەی گەوەری ئاو هەبوو بۆ دەستنوێژگرتن و ئاوخواردنەوە، خزمەتکاران لە بیری زەهرا پڕیان دەکرد بۆ کەسانی ڕێبوار و عەمرەکاران.

چیاکانی دەوروبەری مەککە

لە چیاکانی: ئەبی قوبەیس دەکەوێتە لای باشووری ڕۆژهەڵات بەرامبەری ڕوکنی حەجرلئەسوەدە لەسەر ئەم چیایە مزگەوتیك هەبوو جێگای پاسەوانی و ئاوەدانی بوو مەلیك زاهیر ویستی ئاوەدانی بکاتەوە، چونکە شوێنێکی بڵند و بەرزە و دەڕوانێت بەسەر مزگەوتی حەرەمدا لەوێوە جوانی شاری مەککە دەردەکەوێت وتراوە یەکەم چیا خودا دروستیکردبێت چیای ئەبی قوبەیسە و گۆڕی ئادەمیش هەر لەوێیە، قوڕەیشییەکان بە چیای ئەمین ناویان دەبرد چونکە دەڵێن: کاتێك تۆفانەکەی نوح هەستا ئەم چیایە بوو حەجەرلئەسوەدی لای خۆی پاراست و ئیبراهیم سلاّوی خودای لێبێت وەریگرتەوە ئەو شوێنەی لێ ماوە کە پێغەمبەر ﷺ لە کاتی لەتبوونی مانگدا لێی وەستا.

هەروەها قوعیقعان کە یەکێکە لە ئەخشەبەین، لە چیاکانی تر ئەحمەرە کە

دەکەوێتە باکوری مەککەو خەندەمەش ئەو چیایەیە کە دەکەوێتە نێوان دوو دۆڵی ناسراوەوە هەروەها ئەجیاد و لئەکبەر و ئەجیادولئەسغەریش هەیە کە لە چیا بەناوبانگەکانی مەککەن جگە لەوانەی باسکران چیای تەیریش هەیە بۆیە پێی دەڵێن (تەیر- طیر)، چونکە ئەو چیایە بوو کە ئیبراهیم پارچەکانی بالندەکەی لەسەر دانا و کاتێکیش بانگیانی کرد هەموویان دووبارە بوونەوە بە بالندە و گەڕانەوە لای ئیبراهیم وەك چۆن لە قورئاندا باسی لێکراوە. لەوانی تر حیرایە لە باکووری مەککەوەیە و فەرسەخێك دوور دەبێت ئەو ئەشکەوتەی تێدایە کە پێغەمبەرﷺ خوداپەرستی تێدا کردوە، هەر لەوێش سروشی بۆ هاتووەتە خوارەوە، هەمان چیا بوو کەوتە لەرزین لە ژێر پێی پێغەمبەرﷺ و پێی فەرمو بووەستە: پێغەمبەرێك و راستگۆیەك و شەهیدێك لەسەر تۆ وەستاون ریوایەتێك هەیە دەڵێت: دە کەس بوون لەگەڵ پێغەمبەرﷺ لەسەر چیاکە.

بەڵام ئەو ئەشکەوتەی کە پێغەمبەرﷺ و پیشەوا ئەبوبەکر پەنایان بۆ برد لە ترسی بێباوەڕەکان کاتێك هیجرەتیان کرد بۆ مەدینە، دەکەوێتە چیای سەورەوە لە قورئانیشدا باسی لێکراوە، "ئەزروقی" لە کتێبەکەیدا باسی کردوە و دەڵێت: ئەو چیایە خۆی بانگی پێغەمبەریﷺ کردوە ووتویەتی: وەرە بۆ لای من پێش تۆ حەفتا پێغەمبەری ترم حەشارداوە، ئینجا دەڕۆن و دەچنە ئەشکەوتەکەوە بەدوایدا جاڵجاڵۆکە لانە دروست دەکات بەوەش سەر لە بێباوەڕەکان دەشێوێت خەڵکی زۆر بۆ پیرۆزی روو دەکەنە ئەم چیایە و سەردانی ئەشکەوتەکە دەکەن، هەندێك دەچنە ژوورەوە بۆ نوێژکردن و هەندێکی تر لە دەرەوە لە بەردەمی ئەشکەوتەکەدا رادەوستن و نوێژ دەکەن. دەشڵێن هەرکەس پاك داوێن و خوداپەرستی راستی بێت دەچێتە ژوورەوە، کەسێکیش خراپەکار بووبێت ناتوانێت بچێتە ژوورەوە، بەڕاستی ئەمەیان شتێکی ریسواکەرانەیە بۆیە کەم کەس زاتی چونە ژورەوە دەکات.

ئیبن جوزەی دەفەرموێت: هەندێك لە پیاوە پیرە حاجییەکان دەگێڕنەوە، کە بە گران چونەتە ژورەوە بۆ نێو ئەشکەوتەکە هۆی ئەوەیە بەردێك هەیە رێگرە لە چونە

ژورەوە تەنها دەبێت لەسەر سك و بە دەمەخشکێ بچیتە ژورەوە سەرەتا دەبێت سەرت رەتبکەیت و ئنجا کەم کەم و بەهێز خۆت بخزێنیتە نێو ئەشکەوتەکە .

باسی ئەو پیاوە پیرەی رێگای لێ ونبوو

ئەوەی بەسەر دوو هاوڕێم هات: یەکێکیان پایەبەرز "ئەبو محەمەد عەبدوڵڵای کوڕی فەرحانی تەوزەری ئەفریقی" و دووەمیان "ئەبو عەباس ئەحمەدی ئەندەلوسی ئەلوادی ئاشی" بوو بۆ سەردانی ئەشکەوتی حەرا دەکەونەڕێ لە ساڵی ٧٢٨ ك، بێ ئەوەی کەسێکی شارەزا لەگەڵ خۆیان ببەن رێگەیان لێ هەڵە دەبێت و رێچکەیەك دەگرنە بەر بۆ چیایەکی تردوای ئەوەی ئاوی خواردنەوەیان پێ نامێنێت، تینوێتی تەنگیان پێ هەڵدەچنێت لەکاتێکدا کەشوهەوا لەوپەڕی گەرمیدا دەبێت، دوای ئەوەی دەزانن رێگایان لێ ونبووە دەگەڕێنەوە بۆ مەککە بەڵام ئەمجارەیان رێگای چیایەکی تر دەگرنەبەر زانا ئەبو فەرحان خۆی بە زەویدا دەدات و ناتوانێت رێ بکات، بەڵام ئەندەلوسی هەرچۆنێك بێت دەگەڕێتەوە چونکە بەتوانا و بەهێزتر بوو رێگا بە رێگا تا خۆی دەگەیەنێتە مەککە، لە ئێوارانێکی درەنگدا هات و رووداوەکەی بۆم گێڕایەوە. "ئەبو محەمەد عەبدوڵڵا" ئامۆزایەکی دەبێت بە ناوی حەسەن خەڵکی وادی نەخلە بوو ئەو هەواڵەم پێدا کە بەسەر ئامۆزاکەیدا هاتووە ئەوکات لە مەککە بوو پاشان چومە لای زانای مالیکیەکان و رووداوەکەم بۆی باسکرد، ئەویش کۆمەڵێکی راسپارد بۆ بەهاناوە چونی شێخ ئەبو محەمەد عەبدوڵڵا هەردوای دابڕانی لە هاوڕێکەی پەنادەباتە بەر سێبەری بەردێك و دواتر کە شەو دادێت و هەوا سارد دەبێت، وزە و توانایەکی بۆ پەیدا دەبێت و دەکەوێتە رێگا تا بەیانی دەبێتەوە، ئنجا ولاخێکی لێ دەردەکەوێت کە تەماشا دەکات دەوارێکی عەرەبی لێیە و ئافرەتێکیان کە دەبینێت پیاوێکی بەتەمەن و ماندوو و شەکەتە، بەهانایەوە دەچێت و شێخ دەکەوێتە سەر زەوی ئەو ئاوەی لای دەبێت دەیداتێ بەڵام تینوێتی ناشکێت میردەکەی لە مااڵ نابێت و بۆ هێنانی ئاو

لە مالّ دەرچوە، کە دەگەڕێتەوە ئەویش دیسانەوە ئاوێکی زۆری دەداتێ هەر تینوێتی ناشکێنێت لە ئێوارەی دووەم رۆژدا دەیگێڕێتەوە بۆ مەککە هێندە روخساری تێکچو بوو دەتوت لە گۆڕ هەستاوەتەوە.

باسی هەردوو ئەمیرەکەی مەککە

لەو دەمانەی من لە شاری مەککەدا بووم، هەردوو برا ئەسەددین رومیئە و سەیفەدین عووتیفە کە کوڕانی ئەمیر ئەبی نومەیەی کوڕی ئەبی ئەسعەدی کوڕی عەلی کوڕی قەتادەی حەسەنێنی گەورە و سەرداری شاری مەککە بوون، رومیئە گەورەترینیان بوو لە تەمەندا، بەڵام لە کاتی نوێژدا زیاتر نزا بۆ عووتیفە دەکرا لەبەر دادپەروەری و هەڵسوکەوتە جوانەکانی لەگەڵ خەڵکیدا، لە منداڵەکانی رومیئە ئەحمەد و عەجلان و تەقیە و ئوم قاسم بوون و لە ئێستادا ئەو ئەمیری مەککەیە، بەڵام لە منداڵەکانی عوتیفە محەمەد و موبارەك و مەسعود بوون و مانّەکەی دەکەوتە لای راستی (مەڕوە)وە، مالّی براکەشی لە (ریباتی شەرابی) بوو لای دەرگای بەنی شیبە، هەموو رۆژێك لە کاتی نوێژی شێواندا لای مالّیان تەپڵ لێ دەدرا.

خەڵکی مەککە و فەزڵەکانیان

خەڵکی مەککە خاوەنی زۆر رەوشتی جوان و بەرز و بەڕێز بوون یارمەتی هەژاران و ڕێبوارنی ڕێگای خودایان دەکرد و ڕێزیان لێدەگرتن لە رەوشتە ناوازەکانی خەڵکی ئەم شارە ئەوە بوو کاتێك کەسێك خواردنی دروست دەکرد، یارمەتی هەژاری لێ دەدا ئەگەر کەمیش بووایە یاخود خێزانێك نانی دروست دەکرد لەسەر تەنور هەرچەندێك بوایە بەشی هەژاری لێ دەدا ئەگەر نانێك بووایە دوو لەتی دەکرد و دەسیان بەڕوی هەژاراندا نەدەنا . لە کرداڕە جوانەکانی تریان منداڵە بێ باوکەکان لە بازاڕدا دادەنیشتن و هەریەکەیان زەمبیلێکی گەورە و

بچوکی بەدەستەوە بوو، هەر کەسێك دەهات بۆ بازاڕ تا خواردن و گەنم و گۆشت و میوە و سەوزە بکڕێت، دەیدا بە یەکێك لەو منداڵانە ئەوانیش دەیانگەیاندە ماڵەکەی بێ ئەوەی ڕۆژێك ببیستڕێت کەسێك دزی لەو ئەمانەتە کردبێت، ئینجا خاوەن شەکەکە دەچو بۆ تەواف و کاری خۆی دەکرد، بەرامبەر ئەمەش چەند فلوسێکیان دەدا بە منداڵەکان.

یەکێکی تر لە سیفەتەکانی ئەهلی مەککە، پاکوخاوێنیان بوو لە پۆشینی جلوبەرگ و بەکارهێنانی بۆنی خۆش و داری سیواك بۆ پاککردنەوەی دەم و ددانیان و زۆر ئارەزوی پۆشینی جلوبەرگی سپییان دەکرد، ئافرەتەکانیان زۆر بەڕێز و داوێنپاك بوون کاتێك دەهاتن بۆ تەواف کردن خاوێن و بۆنخۆش بوون، لە هەموو شەوێکی هەینیدا دەچون بۆ تەوافکردن و دوای تەوافیش هەستت بەو بۆنە خۆشە دەکرد، ئەهلی مەککە داهات و وەقفێکی زۆریان هەبوو بۆ خزمەتکردنی مسوڵمانان.

دادوەر و وتاربێژ و زانا و پیاوچاکەکانی مەککە

دادوەری مەککە زانا و بۆ خوا سوڵحاو "نەجمەدینی کوڕی محەمەدی کوڕی ئیمام و زانای موەحیدین تەبەری" بوو کەسێکی شارەزا و سەنگین بوو هەمیشە لە خێر و چاکە درێغی نەدەکرد زۆربەی کاتەکانی بە خواپەرستی و تەوافی کەعبەی پیرۆزەوە بەسەردەبرد و ڕۆڵێکی کاریگەری هەبوو لە بۆنەکاندا، بە تایبەتی لە کاتی لەدایکبوونی پێغەمبەرداﷺ خواردنێکی زۆری ئامادە دەکرد بۆ هەژاران و پیاوە ناوەدارەکانی مەککە لەگەڵ خزمەتکارانی مزگەووتی حەرەم، مەلیك ناسر زۆر نەجمەدینی خۆشدەویست و جێگای تایبەتی هەبوو لە دڵیدا هەموو پارەوپوڵی خێری خۆی و ئەمیرەکانی ڕادەستی ئەو دەکرد ئەویش خۆی دەیبەخشانەوە . کوڕەکەشی ناوی شەهابەدین بوو ئێستا دادووەری مەککەیە، وتاربێژەکەشی کەسێکی زۆر بەتوانا بوو ناوی "بەهائەدینی تەبەری" بوو لە زمانەوانیدا هێندە

شارەزا بوو کەس نەبوو شان لە شانی بدات دەیانوت: هەموو هەینیەک وتارێک ئامادە ئەکات ئیتر جارێکی تر ئەو بابەتە دووبارە ناکاتەوە.

بەڵام پێشەوای مالیکیەکان لە حەرەمی شەریفدا زانای بەناوبانگ "ئەبو عەبدوڵڵا محەمەدی کوڕی ئەبی زەیدی عەبدولڕحمان" بوو ناسراو بە خەلیل کەسێکی زۆر بە سۆز و چاکەخواز و رەوشتبەرز بوو، هەر کەسێك بڕۆیشتایە بۆ لای داواکارییەکەی رەتنەدەکردوە لە رەچەڵەکدا خەڵکی ئەفریقا بوو بە (بەنی حەیۆن) ناسراون بەڵام خۆی و باوکی لەدایکبوی مەککە بوون بەردەوام سەرقاڵی پەرستش کردن بوو.

حیکایەتێکی موبارەک

لەو رۆژانەی لە مەککەدا بووم لە قوتابخانەی موزەفەریە لە خەوندا پێغەمبەرم بینی ﷺ لە زنجیرەیەکی وانەوتنەوەدا و لە تەنیشتی موبارەکی دانیشتبووم خەڵکی دەهاتن و بەیعەتیان ئەدا بە پێغەمبەر ﷺ، منیش پێشەوا ئەبو عەبدوڵڵای ناسراو بە خەلیلم بینی لەسەر قاچەکانی دانیشتبوو دەستی خستە نێو دەستی پێغەمبەرەوە ﷺ ئینجا فەرموی: بەیعەتت ئەدەمێ لەسەر ئەوە و ئەوە کۆمەڵێك شتی زۆری باسکرد کۆتا شت کە بە پێغەمبەری ﷺ فەرمو: هیچ کات ڕێگری لە هەژاران ناکەم و هەرکەس هاتە مااڵەکەم دەست بەڕویدا نانێم، منیش لەبەر خۆمەوە ووتم: باشە چۆن ئەم هەموو هەژارانەی لە مەککە و یەمەن و عێراق و شام و میسر هەیە یارمەتییان ئەدات. لەو کاتەدا "شێخ ئەبو عەبدوڵڵا" جبەیەکی سپی لۆکەی لەبەردابوو، هەندێك جار ناوبەناو لەبەری دەکرد کاتێك بەیانی هەستاین بۆ نوێژ، چومە لای و خەونەکەم بۆی باسکرد دەستی کرد بە گریان ووتی: ئەو جبەیە هی باپیرمە و پیاو چاکێك بە دیاری پێشکەشی کردوە منیش وەك پیرۆزییەك لەبەری دەکەم، لەوە بەدواوە هەرگیز ڕێگری لە هەژاران نەدەکرد و هەر کەسێکی هەژار بڕۆیشتایە بۆ لای یارمەتی پێشکەش دەکرد و خزمەتکارەکانی ڕاسپارد کە بەردەوام نان دروست بکەن و بیدەن بە هەژاران.

خەڵکی مەککە لە رۆژێکدا تەنها یەك ژەم خواردنیان دەخوارد، گەر کەسانێك دوو ژەمیان بخواردایە ئەوا خورما پێخۆریان بوو، زۆربەی کات لە دوای نوێژی عەسرەوە نانیان دەخوارد، بۆیە لاشەیەکی زۆر تەندروستیان هەبوو نەخۆشی و پەتا لە نێویاندا نەبوو هەروەها خێزانەکەی ئەبوعە بدوڵڵا کچی دادوەر نەجمەدینی تەبەری بوو تەلاقی دابوو شەهابەدینی نەویری کە زانایەکی پایەبەرز بوو خواستبووی دوای ئەوەی ماوەیەکی زۆر لای دەبێت و گەشت دەکات بۆ مەدینە لەوێ سوێند دەخوات لەسەر تەلاق و سوێندەکەی دەکەوێت و لێی جیادەبێتەوە دووبارە ئەبو عەبدوڵڵا مارەی دەکاتەوە.

لە زاناکانی مەککە لە مەزهەبی شافیعی "شەهابەدینی کوڕی بورهان" هەبوو لە حەنەفیەکانیش "شەهابەدین ئەحمەدی کوڕی عەلی" بوو کەسێکی دیاری مەککە بوو دەست و دڵ تێر و نان بدە بوو تورکەکان ڕێزێکی زۆریان لێ دەنا چونکە پێشەوایان بوو، بەڵام ئیمامی حەنبەلیەکان "محەمەدی کوڕی عوسمان" بوو لە ڕەچەڵەکدا بەغدادی بوو لەدایکبووی مەککە بوو جێگری دادوەر نەجمەدین بوو خەڵکی زۆر لێی دەترسان لەبەر زبروزەنگی و بەهێزی لە دەوڵەتداریدا .

حیکایەتی دەستبڕینەوەی دزەکە

تەقیەدینی میسری چاودێری شاری مەککە بوو، هەر شتێك پێویستی بە بڕیاری ئەو بوو بێت جێبەجێی دەکرد جارێکیان ئەمیری حاجییەکان میردمندالێکی خراپ دەستگیر دەکات کە دزی لە حاجیان دەکرد، تەقیەدین دەستبڕینەوەی بۆ دەردەکات، ئەمیر پێی دەڵێت: ئەگەر خۆت لێرە نەبیت ئەوا لەوانەیە خەڵکی مەککە بێن و بە زۆر لەژێر دەستی خزمەتکارەکانت دەربهێنن، بۆیە پێویست دەکات خۆت ئامادە بیت لە کاتی بڕینەوەی دەستیدا ئەویش ئامادە دەبێت و بڕیارەکە جێبەجێ دەکرێت، کەسی دەست بڕاوە بە داخ و قین دەبێت لە دەرفەت دەگەڕا تا تۆڵە لە تەقیەدین بکاتەوە، بەڵام ناتوانێت لەبەر پێگەکەی و

نزیکی لە هەردوو ئەمیری شاری مەککە " رومیئە و عوتیفە"جگە لەوەش جوبەیەکیان پێشکەشی کردبوو ئەوەش وەك هێمایەك بۆ پارێزگاری و پێگەی تایبەتی ئەو کەسە بوو لەو سەردەمەدا نەریت بوو کە ئەمیری مەککە بە ئامادەبوونی خەڵکی جوبە یان لەچك یاخود عەمامەیەکی تایبەتی پێشکەش دەکرد بە کەسە نزیکەکانی یاخود کاربەدەستە بالاکانی ئەوەش دەبوو بە قەڵغانێك بۆ کاربەدەستەکە و تەنها لە کاتی دورکەوتنەوە لە کارەکەی یاخود بەجێهێشتنی مەککە کۆتایی بەو قەڵغانە دەهات، بۆیە کەس زاتی ئەوەی نەدەکرد بچێتە سەر رێگای.

دوای سالانێك لە مەککەدا دەمێنێتەوە و دواتر لە کارەکەی لادەبرێت و کۆتاجار مالی هەردوو ئەمیر بەسەردەکاتەوە بۆ مالنشاوایی ئنجا تەواف دەکات، کاتێك لە دەرگای سەفا دەردەچێت دەستبڕاوەکە یەخەی پێ دەگرێت و باسی خراپی گوزەرانی دەکات و داوای یارمەتی لێ دەکات ئەویش لێی تووڕە دەبێت و دەریدەکات خێرا خەنجەر دەردەهێنێت و یەك خەنجەری لێ ئەدات و کۆتا بە ژیانی تەقیەدین دێنێت.

لە زانا شەرعناسەکانی تری مەککە "زینەدین تەبەری" هەبوو برای نەجمەدین بوو کە پێشتر باسمانکرد کەسێکی چاکەخواز و رەوشت بەرز بوو، لە زاناکانی تر فەهدی قورەیشی و محەمەدی کوڕی بورهان بوون، دووەمیان زۆر خوداپەرست و زاهیدێکی ناودار بوو تووشی نەخۆشی رارایی ببوو رۆژێکیان لە حەوزی قوتابخانەی موزەفەریە دەستنوێژی هەڵدەگرت، سەری مەسح کرد و دڵی ئاوی نەخواردەوە و چەند جارێك مەسحی کردەوە، دواتر سەری لە حەوزەکە هەڵکێشا ئەگەر بچوایەتە ریزی نوێژخوێنانەوە هەر دەیوت: نییەتمە.. نییەتمە.. نییەتمە و زۆریش تەوافی دەکرد، هەمیشە سەرقاڵی پەرستش بوو.

باسی ئەوانەی هاتبوونە مەککە و لەوێ نیشتەجێ ببوون

لەوانە "عەفیفەدینی کوڕی عەبدوڵڵای کوڕی ئەسعەدی یەمەنی" ناسراو بە یافعی زانا و خواناس وپێشەوا بوو بە ئێواران و بەیانیان تەوافی دەکرد، ئەگەر بە شەو تەوافی بکردایە دەچوە سەر قوتابخانەی موزەفەریە و دادەنیشت و ئنجا تەماشای کەعبەی دەکرد، لە کاتی نووستندا بەردی دەخستە ژێری سەری، خێزانەکەی کچی بورهانەدین بوو تەمەنی منداڵ بوو و زۆر کات سکاڵای لە میردەکەی دەکرد باوکیشی هەر پێی دەوت: کچم ئارام بگرە بەڵام دوای ماوەیەکی زۆر لێکجیابوونەوە.

کەسێکی تر "نەجمەدین ئەسفۆنی" بوو پێشتر لە ولاتی میسر دادوەر بوو لە ناوچەی سەعیدەوە بۆ خوداپەرستی هاتبووە مەککە، هەموو رۆژێك لە تەنعیمەوە عەمرەی دەکرد لە رەمەزاندا رۆژی دووجار عەمرەی دەکرد چونکە لە پێغەمبەرەوﷺ ریوایە تکراوە دەفەرموێت:((عەمرەکردنی رەمەزان پاداشتی بە هێندی حەجێکە)) جگە لەو زانایانەی باسیانم کرد شەمسەدینی کوڕی محەمەدی حەلەبی هەبوو، هەمیشە خەریکی قورئان خوێندن و تەوافکردن بوو لە میژەوە هاتبووە مەککە و لەوێش کۆچی دوایی کرد لەگەڵ "ئەبویەکری شیرازی" ناسراو بە سامت (صامت- بێدەنگ) سالاێکی زۆر لەو شارە پیرۆزەدا بوو هیچ کات قسەی نەدەکرد و هەمیشە سەرقاڵی پەرستش کردن بوو، هەروەها بورهانەدینی عەجمی لێبوو وتاربێژ و شارەزا بوو کورسیەکی بەرامبەر کەعبەی پیرۆز دادەنا و بە زمانی عەرەبی پاراو دەستی دەکرد بە ووتار و ئامۆژگاری بۆ خەڵکی.

لەوانی تر "بورهانەدینی ئیبراهیمی میسری" بوو کەسێکی متمانەپێکراوی خەڵکی میسر و شام بوو خێر و سەدەقاتێکی زۆری رادەست دەکرا، منداڵانی فێری قورئانخوێندن دەکرد و خەرجیشیانی بۆ دابین دەکرد، لەوانەی تر "عەزدین

واستی" بوو خاوەن سامانێکی زۆر بوو هەمیشە خواردن وپێداویستی دەکرێ و بەسەر هەژاراندا دەیبەخشانەوە هەروەها زانا و فەقیهێکی تر کە لە مەککەدا ناوی بە زوهد و خوداپەرستی دەرکردبوو "ئەبولحەسەنی کوڕی عەلی کوڕی ریزقوڵڵای ئەنجەری" بوو لە رەچەڵەکدا خەڵکی ناوچەیەکی شاری تەنجەی وڵاتی مەغریب بوو، ساڵانێکی زۆر لە مەککەدا دەبێت و لەوێش کۆچی دوایی کرد ناوداربێکی پیایەبڵند بوو پەیوەندییەکی تۆندوتۆڵی لەگەڵ باوکمدا هەبوو هەرکات سەردانی (تەنجە)ی بکردایە دەهاتە لای باوکم، مامۆستایەکی هەبوو لە قوتابخانەی موزەفەریە بە رۆژ وانەی تێدا دەوتەوە و بە شەویش دەگەڕایەوە بۆ (ریباتی رەبیع)[1] کە باشترین شوێنی مەککە بوو، بیرێکی ئاوی شیرینی تێدا بوو لە هیچ جێگایەکی مەککە ئەو ئاوەی نەبوو، خەڵکی تائیف میوەیان بۆ دەبرد وەك تریێ و قۆخ و هەنجیر هەموو مانگێك لەوێ باخی خۆی هەبوو دەیەکی تایبەت دەکرد بۆ هەژاران دەیانوت: نیێوان مەککە و تائیف دوو رۆژەڕێیە .

حیکایەتێک لە ئاکارە جوانەکان

رۆژێکیان کوڕی ئەمیری مەککە "ئوبەی نومەیە" دەچێتە ریبات و ئەسپەکەی دەباتە ژورەوە و دەیباتە سەر کانییەکە و ئاوی دەدات، بێ ئەوەی پرس بە کەسێك بکات، کاتێك دەڕوات ئەسپەکە تووشی ئازار و دەردێك دەبێت بە هیچ شتێك ئارام ناگرێت و سەری دەدات بە زەویدا هەواڵ دەگات بە ئەمیر ئەویش دەستبەجێ دەچێت بۆ ریبات و داوای لێبوردن لە هەژارانی شوێنەکە دەکات یەکێکیان لەگەڵیدا دەڕوات دەست دێنێت بەسەر سکی ئەسپەکەدا بە ویستی خودا چاك دەبێتەوە. خەڵکانێکی تری زۆر هەبوون خەڵکی مەککە نەبوون بەڵام لەبەر پیرۆزی ئەوخاکە لەوێدا گیرسابوونەوە وەك "ئەبو عەباسی غەماری" و "ئەبو یەعقوبی

---

[1] ریبات: بەو شوێنە دەوترێت کە تایبەت کراوە بۆ حەوانەوەی هەژاران و بێ نەوایان. (المنجد في اللغة و الاعلام، ص ٢٤٥)

یوسف" که خەڵکی دەشتاییەکانی (سەبتە) بوو لەگەڵ "ئەبو حەسەن عەلی کوڕی فەرغوسی تەلمەسانی" و شێخ "سەعیدی هیندی" مامۆستای خانەقای کەلاله بوو.

بەسەرهاتی شێخ سەعیدی هیندی

شێخ سەعیدی هیندی دەچێتە لای "شا محەمەد"ی مەلیکی هیندستان ئەویش پارە و پوڵێکی زۆری دەداتێ کاتێك دەچێتە مەککە ئەمیر عوتیفە دەیگرێت و دەیخاتە زیندانەوە داوای پارەکانی لێ دەکات بەڵام رەتیدەکاتەوە بیداتێ ئنجا دەستدەکات بە ئەشکەنجەدانی و لاقەکانی بە ئامێری سزادان دەگوشێت و زۆر ئازار دەچێژێت لە ناچاریدا بیست و پێنج هەزار درهەمی ئالتونی دەداتێ و دەگەڕێتەوە بۆ وڵاتی هیندستان، منیش لەوێ چاوم پێکەوت لە مالّی ئەمیر "سەیفەدین غەدای کوڕی عیسای موهەنا" گەورە پیاوی هۆزە عەرەبەکانی شام بوو زاوای پاشای هیندستان بوو خوشکی لای بوو.

جارێکی تر پاشا پارەیەکی زۆری تر دەدات بە شێخ سەعید و پاشان بە هاوڕێیەتی کەسێکی تر بە ناوی "وەشەل" دووبارە گەشت دەکەنەوە ئەم کەسە ئەمیر غەدا رایدەسپێرێت بۆ کاری تایبەتی خۆی، بۆ ئەوەی هەندێك لە کەسە نزیکەکانی بۆ بهێنێت، بۆ ئەوەش بڕە پارە و دیارییەکی زۆری پێدەدات لەوانە ئەو عەبایەی دەداتێ کە پاشای هێندستان لە ئاهەنگی خوشکەکەیدا پێشکەشی کردبوو دەیانوت: هێندە زیو و بەردی بەنرخی پێوە بوو قوماشی عەباکە نەدەناسرایەوە لەگەڵ پەنجا هەزار درهەم بۆ ئەوەی ئەسپی (عوتاقی) پێ بکڕێت.

بۆیە دەستدەکەنەوە بە گەشتکردن بە دەریادا و خۆیان دەگەیەننە دورگەی (سوقوترە) ئەم دورگەیە بە ناوی "سەبری ئەسوقوتری"ەوە ناونراوە، لەپڕ چەتەیەکی زۆریان لێ پەیدا دەبێت و دەست دەکەن بە شەڕ و کۆمەڵێك لە هەردوولا دەکوژرێت حاجی وەشەل تیر هاوێژێکی بە توانا دەبێت چەتەیەکی زۆریان لێ دەکوژێت بەڵام بێ سوود دەبێت دواجار چەتەکان سەردەکەون و حاجی

وەشەلیش بە سەختی بریندار دەبێت و هەموو پارە و پوڵەکانیان دەبەن و خواردن و بەلەمەکانیان بۆ بەجێدەهێڵن لە نەریتی چەتەکاندا وایە، شەڕ ناکەن تا شەڕیان لەگەڵدا نەکرێت و تەنها پارە و پوڵ و ئالتون دەبەن و هیچ کاتێکیش دەستدرێژی ناکەنە سەر کۆیلەکان چونکە لە بنەڕەتدا خۆیان کۆیلەن پاشان دەچنە (عەدەن) لەوێ حاجی وەشەل کۆچی دوایی دەکات.

شێخ سەعید پێشتر ئەوەی دەزانی کە پاشای مەزنی هیندستان دەیەوێت پەیوەندی لەگەڵ عەباسیەکان گەشەپێبدات و بانگەوازی عەباسیەکان زیندو بکاتەوە وەک چۆن پاشاکانی پێش ئەو گوێڕایەڵیان دەربڕیبوو بۆ جێنشینەکان بۆ نمونەنە "شەمسەدین لەلیش" و "ناسرەدین"ی کوڕی و سوڵتان "جەلالەدین فەیروز شا" ئەمانە هەموویان پۆشاکی خەلیفەیان لە بەغداوە بۆ رەوانە دەکرا بۆیە دەچێتە میسر بۆ لای خەلیفە "ئەبی عەباسی کوڕی خەلیفە ئەبی رەبیعی سولەیمانی عەباسی" و باسی ئەو بابەتەی بۆ دەکات، ئەویش نامەیەک بە دەست و خەتی خۆی بۆ پاشای هیندستان دەنوسێت و رازی دەبێت بەوەی ببێتە نوێنەری عەباسی.

شێخ سەعید نامەکە وەردەگرێت و خێرا دەگەڕێتەوە بۆ یەمەن، لەوێ سێ عەبای ڕەش دەکڕێت کە هێمای عەباسیەکان بوو بە دەریادا دەکەوێتە ڕێگا وەک دەوترێت: کاتێک دەگاتە (کنبایتە) چل ڕۆژێک لە (دەهلی)یەوە دوور دەبێت کە پایتەخی پاشای هیندستانە هەواڵ دەگات بە پاشا بە هاتنەوەی شێخ سەعید کە فەرمانی خەلیفەی پێیە، بۆیە بڕیار دەردەکات بۆ پێشوازی کردنەوەی بە گەرموگوڕی دەستوور دەدات بە ئامادەبونی فەرماندەکان و ئەمیرەکان و زاناکان.

هەر کە شێخ سەعید دەگاتەجێ پاشا لێی نزیک دەبێتەوە و نێوچاوانی ماچ دەکات و ئەو سندوقەی لێ وەردەگرێت کە عەباکانی تێدایە، یەکێکیان خۆی لەبەری دەکات و دووەمیان ئەمیر "غەیاسەدین محەمەدی کوڕی عەبدولقادری کوڕی یوسفی کوڕی عەبدولعەزیزی کوڕی خەلیفە مونتەسیری عەباسی" لەبەری

دەکات و سێیەمیان ئەمیر "قبولە" دەپۆشێت کە ناسرابوو بـە مـەلیکو لکـەبیر (پاشای گەورە) ئنجا شێخ سەعید لەسەر پشتی فیـل دەبەنـەوە و سـوڵتانیش لـە پێشـەوەی لەسـەر ئەسـپ دەڕوات و بـەلای راسـتەوە و چـەپەوە هـەردوو ئـەمیر هاوڕێیەتیان دەکرد شار بە جوانترین شـێواز رازێنرابـووە بـە پـیر و منـداڵ و ژن و پیاوەوە بە سەما و خۆشی و شادیەوە بـەرەو رووییـان دەڕۆیشـتن، گومـەزەکان بـە قوماشی ئاوریشمی رەنگاوڕەنگ داپۆشـرا بـوون هـەروەها سـێ حـەوزی گـەورەی دروستکراو لە پێستی گامێش پڕ کرابوون لە ئاوی شیرین و خەڵکی دەهاتن و ئاوی شیرینیان دەخواردەوە، دواتر هەریەکە و پانزە گەڵای تەنبول و فەوفەلیان دەدانێ بۆ بۆنخۆشی دەم و دان و هەرسکردنی خواردن، هەر کاتێـک گـەڵای ئـەو درەختانـەت دەخستە سەر زمانت، ناو دەمتی گەرم دەکرد و ئارەزووی زیاتری خواردنت دەکرد.

دوای ئەوئاهەنگ و خۆشیە پارەیەکی زۆر پێشکەش دەکرێت بە شـێخ سـەعید هەموو ئەو شەکە بەنرخانەی وەک قومـاش و ئاوریشـمی ئـالتونی کـە راخرابـوون دەبەخشرێنەوە بەسەر ئەو خەڵکانەی خزمەتیان دەکرد لە کەسانی خزمـەتگوزار و پیشەوەر پاشان سوڵتان بڕیار دەدات کە لە هەموو هەفتەیەکدا لە نێـوان هـەردوو وتارەکەدا فەرمانی خەلیفەی عەباسی بخوێندرێتەوە، شێخ سەعید ماوەی مانگێک لە دەهلی دەمێنێتەوە و ئیتر هەموو ئەو دیاری و پارە و پولانەی بەدەستیهێنابوو، دەیەوێت بە دیاری بیباتەوە بۆ خەلیفە و دەکەوێتەوە رێگا، لە (کنبایت) لادەدات و چاوەڕوان دەبێت تا هۆکارەکانی گەشتکردنی بۆ برەخسـێت، لەولاشـەوە پاشـای هیندستان دیسانەوە لای خۆیەوە نوێنەرێک دەنێرێت بۆ لای خەلیفە بە ناوی شـێخ "رەجەب بورقوعی" کە یەکێک بوو لە شێخەکانی سۆفی لە بنەڕەتدا خەڵکی شاری قرمی بیابانی قەبجەق بوو دیاریـیەکی زۆریشی لەگەڵدا رەوانە دەکـات لـە بـەردی بەنرخ و گەوهەر و زیو یەکێک لە بەردە بەنرخەکان بەهاکەی پەنجا هەزار دینار بووە نامەیەکیشی پێدا دەنێرێت داوا لە خەلیفە دەکات کە رازیبێت (هیندستان و سند) وەک بەشێک لـە خەلافـەت دابـنێ چـونکە بڕوایـان زۆر بەخیلافـەت هـەبوو ئـەو دیاریانەش وەک نیازپاکیەک رەوانە دەکات.

شێخ رەجەب برایەکی دەبێت لە میسر بە ناوی "سەیفەدینی کاشف"ەوە، کاتێك دەگاتە لای خەلیفە رەتیدەکاتەوە نامەی پاشای هیندستانی بۆ بخوێندرێتەوە و دیاریەکان وەربگرێت، تەنها ئەوکاتە نەبێت کە مەلیك سالّحی کوڕی ئیسماعیلی کوڕی مەلیك ناسر ئامادەبێت، سەیفەدینی بۆ رەجەب پێشنیاز دەکات براکەی ئەو بەردە بەنرخەی پێیەتی بیفرۆشێت و بە پارەکەی کە سێ سەد هەزار درهەمە چوار بەردی بەنرخی کەم بەهای پێ بکرێت، بۆیە هەر زوو ئەمە دەکات و نامەکە ئامادە دەکات لەگەڵ یەکێك لە بەردە بەنرخەکان و ئەوانی تر دەدات بە ئەمیرەکانی نزیك لە خەلیفە، ئیتر هەموویان گەواهی دەدەن کە شێخ رەجەب بە نوێنەری پاشای هیندستان هاتووە.

کاتێك رازبونی خەلیفە بەدەستدەهێنن مەلیك سالّحیش لای خۆیەوە نوێنەرێکی تر دەنێرێت بۆ هیندستان لەگەڵ شێخ رەجەب، سواری کەشتی دەبن و بە دەریای فارسدا گەشت دەکەن و لە (ئوبلە)وە دەگەن بە شاری هورموز و سولّتانی ئەو شوێنە "قوتبەدین تەمتەهینی کوڕی تۆرانشا" دەبێت رێزێکی زۆریان لێدەگرێ و بەڕێیان دەکات بۆ ولاّتی هیندستان دەچنە (کنبایت)لەوێ شێخ سەعیدی لێ دەبێت، ئەمیری ناوچەکە یەکێك دەبێت لە کەسە نزیکەکانی پاشای هیند بە ناوی "مەقبول تەلتەکی" شێخ رەجەب دەست دەکات بە قسەکردن و دەلّێت: شێخ سەعید بە ساختە هاتووە بۆ لای ئێوە و ئەو عەبایانەی لە خەلیفە وەرنەگرتوە بەلّکو خۆی کڕیوێتی پێویست دەکات هەر ئیستا دەستگیری بکەن و بینێرن بۆ لای سولّتان، ئەوانیش دەلّێن: ئێمە ناتوانین ئەو کارە بکەین، چونکە شێخ سەعید پایەیەکی بلّندی هەیە لای سولّتان، هەتا خۆی ئەو بڕیارە نەدات ئێمە ناتوانین، بۆیە ئەمیر مەقبول نامەیەك بۆ پاشای هیندستان دەنێرێت و باسی ئەوە دەکات کە شێخ رەجەب لە ناو خەلّکی و بە بەرچاوی هەموو کاربەدەستەکان سێخ سەعیدی بە ساختەکاری تۆمەتبار کردوە، بۆیە سولّتان زۆر تووڕە دەبێت و رەتیدەکاتەوە پێشوازی لە شێخ رەجەب بکات، لەبەرئەوەی لای خەلیفە وەك نوێنەر

ڕەفتاری نەکردوە بەڵکو کۆمەڵێك شاهیدی گرتووە تا بڕوای پێ بکرێت کە نوێنەرە بەپێچەوانەوە زیاتر ڕێز لە شێخ سەعید دەگرێت، هەرکات بڕۆیشتبایە بۆ لای لەبەری هەڵدەسا و بە گەرمییەوە پێشوازی لێی دەکرد، شێخ سەعید لە هیندستان ژیانی بەسەر برد تا ئەو کاتەی من ئەوێم بەجێهێشت لە ساڵی ٧٤٨ ك.

هەر لە مەککە پیاوێکی شێتی مەغریبی لێبوو بە ناوی حەسەن، ئەنتیکە و سەنجڕاکێش بوو، دەیانوت پێشتر کەسێکی بەهۆش و ژیر بووە خزمەتی وەلی خودا نەجمەدین ئەسفەهانی کردوە.. ئێستا دێینە سەر باسی ئەم پیاوە.

حیکایەتی حەسەنی مەجنون

لەو سەردەمانە لە مەککەدا، پیاوێکی شێتی لێبوو ناوی "حەسەنی مەغریبی" بوو پێشتر کەسێکی عاقڵ و ساغ دەبێت خۆی تەرخان کردبوو بۆ خزمەت کردنی شێخی سۆفی "نەجمەدینی ئەسفەهانی" لە نەریتیدا وابوو بە شەو زۆر تەوافی دەکرد و بە ڕۆژیش کەس چاوی پێ نەدەکەوت، پیاوێکی هەژار دەبینێت ئەم کەسە زۆر تەواف دەکات، شەوێك پرسیاری لێ دەکات و پێی دەڵێت: ئەی حەسەن دایکت زۆر بۆت دەگرێت گەلێك ئارەزووی بینینت دەکات حەزدەکەیت ببینیت؟ ئەویش دەڵێت: بەڵێ بەس من ناتوانم ئەو کارە بکەم، دایکیشی لە ئافرەتە بەناوبانگە خواناسەکان دەبێت، لە وەڵامدا پیاوە هەژارەکە دەڵێت: سبەی شەوو دەتبینمەوە کە دەکاتە شەوی هەینی تەوافێکی زۆر دەکات و لای دەرگای موعەلا یەکتر دەبینن و پێی دەڵێت: چاوت داخە و مەیکەرەوە و جلەکانم بگرە دوای ماوەیەکی کەم پێی دەڵێت: دەزانیت ئێرە کوێیە؟، دەڵێت: بەڵێ، کە دەچێتە ژورەوە چاوی بە دایکی دەکەوێت و هیچی لا باس ناکات وابزانم ناوچەکەی شاری "ئەسفا" دەبێت.

پاشان دوای نیومانگ لە دەرەوە و لە دەشتاییەك و لە شوێنێکی بەرز حەسەنی شێت هەژارەکە دەبینێت پێی دەڵێت: حەسەن ئێستا حاڵت چۆنە؟، ئەویش

لە وەڵامدا دەڵێت: زۆر بیری شێخ نەجمەدین دەکەم و ئارەزووی بینینی دەکەمەوە، ئەویش پێی دەڵێت: سبەی شەوو لەم جێگایە دەتبینمەوە کاتێك بۆ شەوی دواتر بە یەکتر دەگەن پێی دەڵێت: لە مەککە چیت کرد دیسان وابکەرەوە و چاوەکانت بنوقێنە، دوای کاتژمێرێك کە چاو دەکاتەوە تەماشا دەکات لە مەککەی شەریفە پێشی دەڵێت: بە هیچ شێوەیەك ئەم رووداوە نە بۆ خەڵك باس بکە و نە بۆ شێخ نەجمەدینی ئەسفەهانی.

کاتێك دەچێت بۆ لای شێخ نەجمەدین پێی دەڵێت: کوڕم لە کوێ بوویت؟!، ئەویش رەتیدەکاتەوە پێی بڵێت، زۆری لێ دەکات و حیکایەتەکەی بۆ باس دەکات، ئنجا شێخ پێی دەڵێت: ئەتوانیت ئەو کەسەم پێ پیشان بدەیت؟، شەوێك وەك جاران دەچێت بۆ تەواف و ئەویش لەگەڵ خۆی دەبات، لەپڕ کەسە هەژارەکە دەبینێت، دەڵێت: گەورەم ئەوەیە پیاوە هەژارەکە گوێبیستی دەبێت و دەڵێت: بێدەنگ بە ئەی خودا لاڵت بکات و دەکێشێت بەسەر دەمیدا لەوە بەدواوە ئیتر حەسەن وەك شێتی لێ دێت و ناتوانێت قسە بکات، هەمیشە خەریکی تەوافکردن بوو بێ ئەوەی دەستنوێژی هەبێت، خەڵکی یارمەتییان پێشکەش دەکرد و لە دەوری کۆدەبوونەوە بۆ پیرۆزی لە ساڵی ٧٢٨ ك کاتێك ئەمیر یەڵمەلك بۆ حەجکردن سەردانی مەککە دەکات، لەگەڵ خۆی دەیبات بۆ میسر و لەوە بەدواوە هەوالّی نامێنێت خودا پاداشتی بداتەوە. [1]

[1] ئەم حیکایەتە ئەفسانەیە . (وەرگێڕ)

نەریتەکانی خەڵکی مەککە
لە نوێژ و وەستانی ئیمامەکان

لە نەریتیاندا وابوو، یەکەم ئیمام کە پێشنوێژی دەکرد شافیعیەکان بوون ئەویش بە فەرمانی تایبەت بوو جێگاکەشی لە پشتی مەقامی ئیبراهیمیەوە بوو، لەوێدا مینبەرێکی بە دار بۆ دروستکرابوو لە نیوان پلیکانەکانی قوفڵێکی ئاسنی بۆ دروستکرابوو بۆ هەڵواسینی رۆشنایی چرا قاچەکانی بە گەچ لە زەویدا قایمکرا بوو زۆربەی خەڵکی مەککە لەسەر مەزهەبی ئیمامی شافیعی بوون، هەر کە ئیمامی مەزهەبی شافیعی نوێژی دادەبەست، بەدوایدا ئیمامی مالیکی لە بەرامبەر روکنی یەمانی نوێژی دەکرد، ئنجا حەنبەلیەکان لە نیوان بەردە رەشەکە و روکنی یەمانیەوە دەستیان پێ دەکرد ولەیەك کاتدا دواجاریش حەنەفیەکان بەرامبەر میزاب نوێژیان دادەبەست لە مینبەرێکەوە بوو هاوشێوەی ئەوەی شافعییەکان بوو لە چوار کاتی نوێژدا بەم شێوەیە بوو.

بەڵام لە کاتی شێواندا هەر ئیمامە و نوێژی بە کۆمەڵەکەی خۆی دەکرد هەندێك جاریش سەهوو دەکرا، کاتی وا هەبوو مالیکی بوو کرێنۆشی لەگەڵ شافعیەکاندا دەبرد و جاری واش هەبوو شافیعی بوو سوجدەی لەگەڵ حەنبەلیەکان دەبرد بۆیە هەر لە سەرەتای بانگدانەوە هەر کۆمەڵە و بۆ لای بانگدەری خۆی دەڕۆیشت تا کەس سەهوو نەکات.

نەریتەکانیان لە کاتی نوێژی هەینی

نـەریتی خـەڵکی مەککـە لـە نوێـژی هەینیـدا وابـوو، مینبـەرێکی تایبـەتی وتاردانیان دەهێنا و دەیانلکاند بە دیواری کەعبـەی پـیرۆزەوە لـە نێـوان روکـنی عێراقی و بەردە رەشەکەدا وتاربێـژ بەرامبـەر مـەقامی کـەریم دەوەسـتا کاتێـک دەردەچو پۆشاکێکی رەشی لەبەردابوو عەمامەیەکی رەشیشی بەسەرەوە بەسـتبوو لەگەڵ لەچکێکی دریژ (تەیلەسان) کەسێکی زۆر بە هەیبەت و شکۆ بـوو هـەموو ئەو شمەکانەی لەبەری دەکرد مەلیك ناسر خەرجیانی دەدا بەملاولایدا بانگبێژەکان دەوەستان و هەریەکەیان ئالآیەکی رەشی بەدەستەوە بوو یەکێکیش دەفێکی پێبـوو هەر کە ئیمام دەردەچو لە دەفە دەدرا لە هەموو لایەکی حەرەم خەڵکی گوێبیستی دەبوون دەیانزانی کە ئیمام دەرچوەتە دەرەوە.

بەردەوام لە دەف دەدرا تا ئیمام لە مینبەر نزیك دەبوەوە دەڕۆیشـت ماچـێکی بەردە رەشەکەی دەکرد و بانگی ئەوانی تری دەکرد، هەر کاتێك ئیمـام سـەرکەوتە سەر مینبەرەکە، یەکێك لە بانگبێژەکان کە بە بانگبێژی زەمزەمـی ناسـرابوو لـە دەفەکەی دەدا وەك ئاماژەیەك بـۆ سـەرکەوتنی ئیمـام بـۆ سـەر مینبـەر کاتێـک دەگەیشت بە پلیکانەی دووەم جارێکیتر لێی دەدایەوە بەهەمان شێوە تا چوارەم کە کۆتا جار بوو لە دەفەکە بدات کاتێك ئیمام چوە سەر مینبەرەکـە لـە بەرخۆیـەوە هەندێك نزای تایبەتی دەکرد و سڵاوی بـە لای راسـت و چـەپدا دەکـرد خـەڵکیش سڵاویان دەسەندەوە ئنجا بانگبێژی زەمزەم لەسەر گومەزی زەمزەم دەستی دەکـرد بە بانگدان.

دوای تـەواوبوون ئیمـام وتـاری دەسـتپێدەکرد، سـەرەتا بـە سـڵاواتکردن لـە پێغەمبەرﷺ و یار و یاوەرانی دەستی پێدەکرد پاشان نزاکردن بـۆ مـەلیك ناسـر "موجاهید نورەدین عەلی کوڕی مەلیك موئەیەد داودی کوڕی مەلیك موزەفـەری

یوسفی کوڕی عەلی" لە دواییدا نزای بۆ هەردوو ئەمیرەکەی مەککەش دەکرد، بەڵام لە پێشدا نزا بۆ سەیفەدین عوتەیفە دەکرا لەبەر دادپەروەریەکەی رۆژێک گوێم لێبوو نزای کرد بۆ سوڵتانی عێراق بەڵام تەواوی نەکرد ئنجا لە کۆتاییدا کە ووتار تەواو دەبوو، دەگەڕایەوە دواوە لەگەڵیشیدا بانگبێژەکان کە ئاڵای رەشیان پێ بوو دەگەڕانەوە و مینبەرەکە دەگەڕێنرایەوە جێگای خۆی.

نەریتی خەڵکی مەککە لە سەرەتای مانگەکاندا

نەریتیان لە کاتی دەرکەوتنی مانگەکاندا ئەوە بوو هەر لە یەکەم رۆژەوە ئەمیری مەککە دەچوە تەوافکردن، شمشێرێك بە دەستیەوە بوو پۆشاکێکی سپیی دەپۆشی نیشانەی ئارامی و خوداناسی پێوە دیار بوو پاسەوانەکانی هەموو لایان لێ دەگرت و دەچوە مەقامولکەبیر پاشان دوو رکات نوێژی دەکرد، ئنجا ماچی بەردە رەشەکەی دەکرد لە دوایەوە گەورەی بانگبێژەکان دەستی دەکرد بە نزا و پارانەوە بۆ مسوڵمانان، ئەمیر دەنگی بڵند دەکرد بۆ ئەوەی هەموو کەس گوێبیستی بێت، هەر کە ئەمیر هەنگاوێك دەچوە پێشەوە دیسان هۆنراوەی بەسەردا دەخوێندرایەوە و پیرۆزبایی دەکرد وەك ئاماژەیەك دەرکەوتنی سەرەتای مانگێکی نوێ ئنجا دەچوە لای مولتەزم دوو رکات نوێژی دەکرد دوای ئەوە لە مەقامیش دوو رکاتی تر بەو شێوەیە کۆتاییان بە رێوڕەسمەکە دەهێنا لە کاتی رۆیشتن و گەڕانەوە و لە گەشتیشدا ئەم رێوڕەسمەیان ئەنجام ئەدا.

نەریتیان لە دەرکەوتنی مانگی رەجەب

کاتێك مانگی رەجەب دەستی پێدەکرد، ئەمیری مەککە فەرمانی دەردەکرد بە لێدانی تەپڵ و دەف فوو کردن بە کەرەنا، وەك ئاماژەیەك بە دەستپێکردنی مانگی رەجەب پاشان لە یەکەم رۆژدا بە سواری پشتی ولاخ لەگەڵ سەرباز و پاسەوانەکانی دەهاتە دەرەوە و هەموو چواردەوریان دەگرت و بە ڕێکخستنێکی جوان بە رێگادا دەڕۆیشتن لەگەڵ ئەو رۆیشتنەدا خێرا خێرا لە تەپڵ دەدرا و ئنجا سەربازەکان بە کەرەستەی سەربازیەوە دەستیان دەکرد بە نمایشی تایبەت هەندێکیان رمەکانیان روو لە ئاسمان دەکرد و هەڵدەبەزینەوە سوار چاکەکانیش لە پێشیانەوە هەموو ئەمانە بە ئامادەبوونی ئەمیر عوتەیفە و رومیئە و منداڵەکانیان و سەرکردەکانی شار وەك محەمەدی کوڕی ئیبراهیمی و عەلی و ئەحمەد و هەر دوو کوڕەکانی سەبیح و عەلی کوڕی یوسفی شەداد و مەنسوری کوڕی عومەر و موسای مەزروق ئەنجام دەدران.

لەو رۆژەدا هەموو بە جوانترین شێواز خۆیان دەڕازاندەوە بەتایبەتی سەرکردەکان کێبڕکێیان دەکرد لە پۆشینی جلی جوان ئنجا هەریەکەیان بە شێوازێکی زۆر هێمن و بە هەیبەت رادەوەستا و ئاڵای تایبەت لە پێشی دادەنرا، دواتر بەم شێوازە دەڕۆیشتن بۆ میقات پاشان بە هەمان شێواز دەگەڕانەوە مزگەوتی حەرەمی مەککە ئنجا ئەمیر و کاربەدەستەکانی تەوافی بەیتیان دەکرد لە هەمان کاتدا بانگبێژی زەمزەم لەسەر گومەزی زەمزەم نزای بۆ دەکردن دواتر لە مولتەزیم و لای مەقامی ئیبراهیمی دوو رکات نوێژیان ئەنجام ئەدا و کۆتاییان بە مەراسیمەکەیان دەهێنا، لەو رۆژەدا سەرکردەکان کێبڕکێیان دەکرد لە پۆشینی جلوبەرگی جوان و خۆڕازاندنەوە، چونکە ئەو رۆژەیان وەك رۆژی جەژن تەماشا دەکرد.

باسی عومرەی رەجەب

خەڵکی مەککە بە بۆنەی عومرە کردن لە رەجەبدا ئاهەنگیان دەگێڕا بەردوام دەبوون بە تایبەتی لە رۆژەکانی یەکەمی سەرەتای مانگی رەجەب و پانزەیەم و بیست و حەوتەمدا پێش هاتنی ئەم رۆژانە خۆیان ئامادە ئەکرد.

بە چاوی خۆم لە رۆژی بیست و حەوتەمی مانگی رەجەب ئەو ئاهەنگەم بینی شەقامەکانی شار بە جوانترین شێوە رازێنرابۆیەوە بە کەژاوە و حوشتر داپۆشرابوون لەگەڵ قوماشی رەنگاورەنگی ئاوریشم کە پەردەکانیان لە زەویدا دەخشان و ئافرەتە عومرەکارەکان هەندێکیان لە نێو کەژاوەکاندا بوون و هەندێکیان لە تەواف و هەندێکیان دەگەڕانەوە، شەقامەکان بە رووناکی چرا و رۆشنایی جوان کرا بوون چیاکان سەریان دادەنەواند بۆ دەنگ و تەهلیلەی عومرەکاران و چاوەکان پڕدەبوون لە فرمێسک کاتێك ئەو هەموو ئاپۆرایەت دەبینی و مزگەوتیش تریسکەی دەهات لە نور و رۆشنایی، بنەڕەتی ئەم عومرەیەش لەوەوە هاتووە، کاتێك عەبدوڵڵای کوڕی زوبێر دیواری کەعبەی پیرۆز بونیاد دەنێتەوە، بە پێخاوسی و لەگەڵ خەڵکی مەککە دەست دەکات بە عومرەکردن ئەوەش لە رۆژی بیست و حەوتی مانگی رەجەب دەبێت دەچێتە (ئەکمە) و لەوێ ئیحرام دەبەستێت و پاشان هەر لە دوای عومرە ئاژەڵێك سەردەبڕێت بۆ خێر پاشان خانەدان و ناوارەکان بە هەمان شێوەی ئەو ئاژەڵ سەردەبڕن بۆ هەژاران و چەند رۆژ خوارن و خواردنەوە دابەش دەکرێت بەسەر خەڵکیدا، بەو شێوەیە ئەم نەریتە لەوە بەدواوە بەردەوام دەبێت تا ئەم سەردەمە. زۆربەی ئەو ناوچانەی کە لە چواردەوری شاری مەککەدا بوون، وەك غامد و زەهران و بوجیلە دەستپێشخەریان دەکرد لە ئامادەبوون لە ئاهەنگی عومرەی رەجەبدا و بازارەکانی شاریان پڕ دەکرد لە رۆن و زەیت و هەنگوین و گەنم و بەهۆی ئەمانەوە خەڵکی مەککە لە ژیانێکی زۆر خۆش و هەرزانیدا گوزەرانیان

دەکرد، ئەگەر خەڵکی ئەم گوندانە نەبوونایە نرخی خواردن لە مەککەدا گران دەبوو، ئەوەشیان باس دەکرد کە هەر سااڵێك ئەگەر بەشداری ئەو ئاهەنگەیان نەکردایە هەستیان بە بێ بەرەکەتی بەروبووم و خۆراکیان دەکرد.

خاکی وڵاتی سەروو کە هۆزەکانی بوجیلە و غامد و زەهرانی تێدا نیشتەجێ بوون، خاکێکی زۆر بەپیت و فەرە و تری و خواردنی زۆر بوو خەڵکەکەی زمانیان ئێجگار پاراو بوو دەروون پاك و بێ فێڵ بوون نەریتیان وابوو پۆشاکی پیستی ئاژەڵیان دەپۆشی زۆر ئازا و قارەمان بوون کاتێك دەکەوتنە ڕێگا هۆزە عەرەبەکانی تر لێیان دەترسان، کاتێك دەیانتبینی لە توافکردن زۆر بە دڵەوە نزایان دەکرد و دەپاڕانەوە دەستەکانیان بەرز دەکردەوە و دەستیان بە پەردەی کەعبەی پیرۆزەوە دەگرت بۆ نزاکردن پێغەمبەریشﷺ وەسفیان دەکات و دەفەرموێت: ((دانایی لە لای ئەمانەوەیە و ئێوە فێری نوێژیان بکەن و ئەوانیش ئێوە فێری نزا دەکەن)) هەر کەسێکیش هاوڕێیەتیان بکات دڵخۆش دەبێت چونکە لەگەڵ خەڵکی غەریبە باش ڕەفتاردەکەن .

نەریتیان لە شەوی نیوەی شەعبان

ئەو شەوە لای خەڵکی مەککە بە شەوێکی گەورەی مانگی شەعبان دادەنرا چونکە دەستیان دەکرد بە کاری چاکە و خێر و سەدەقەیان تێدا ئەنجام ئەدا هەموویان بە کۆمەڵ لەگەڵ ئیمامدا لە مزگەوتی حەرەم کۆدەبونەوە و چرا و مەشخەڵ و ئاگریان هەڵدەکرد بۆ ڕۆشنایی بەرامبەر ئەمانەش مانگ لە ئاسماندا دەدرەوشایەوە خەڵکی بە کۆمەڵ نوێژیان ئەنجام ئەدا و هەندێکیشیان بە تەنها لای بەردە ڕەشەکە و هەندێکی تریان سەرقاڵی قورئان خوێندن دەبوون جگە لەم خەڵکانە کۆمەڵێکی تر سەرقاڵی عەمرەکردن بوون لە کاتی قورئان خوێندن بەتایبەتی گرنگیان ئەدا بە خوێندنەوەی سورەتی ئیخلاس و دایکی قورئان و پاشان سورەتەکانی تر .

نەریتیان لە مانگی پیرۆزی ڕەمەزاندا

هەر کە مانگی ڕەمەزان دەهات بە ئامادەبونی ئەمیری مەککە دەست دەکرا بە دەف لێدان و کوتینی جۆرە تەپڵێکی تایبەت و پاشان لە مزگەوتی حەرەم مسوڵمانان بەو بۆنەیەوە ئاهەنگیان دەگێڕا و ژمارەی چرا و مەشخەڵ و ئاگرەکان زیاتر دەکران، تا زیاتر مزگەوت روناك ببێتەوە مرۆڤ کاتێك ئەو دیمەنەی دەبینی، دڵی پڕ دەبوو لە خۆشەویستی خودا و ئەو مانگە پیرۆزە، پاشان ئیمامی مەزهەبەکان هەموو خۆیان ئامادە ئەکرد بۆ پێشنوێژی، مالکییەکان چوار ئیمامیان ئامادە دەبوون، بە نۆرە و هەریەکەیان ڕۆژێك پێشنوێژی دەکرد یاخود کاتێك یەکەم ماندوو دەبوو دووەم پێشنوێژی دەکرد و بە ئاوازێکی خۆش و سەرنجڕاکێش قورئانیان دەخوێند بە شێوەیەکی وا دڵی دەهێنایە لەرزین مرۆڤ ئارەزووی دەکرد بەردەوام بێت لە نوێژکردن، کەسانێك هەبوون خۆیان بە تەنها سەرقاڵی خوداپەرستی بوون لە نزیك بەردە ڕەشەکە شافعیەکانیش نەریتیان وابوو بیست ڕکاتی تەواویان دەکرد و دەستیان دەکرد بە تەوافکردن و خەڵکی و ئیمامیش لە گەڵیاندا پاشان لە دوای تەواو بوونی تەواف لە تەپڵ دەدرا و خەڵکی دووبارە کۆدەبوونەوە ئنجا شەفع و وێتریش دەکرا بەو شێوەیە کۆتایی بە نوێژی تەراویح دەهات.

بەڵام لە پارشێودا بانگبێژی زەمزەم لەسەر منارەکەوە دەستی دەکرد بە نزا کردن و هاندانی خەڵکی بۆ هەستان بۆ پارشێو بە هەمان شێوە هەموو بانگبێژەکانی تریش دەستیان دەکرد بە نزا و هاندانی خەڵك بۆ لە خەو هەستان، کاتێك یەکێکیان قسەی دەکرد ئەوی تر وەڵامی دەدایەوە، لە سەرووی هەموو منارەیەك پارچە داریك هەبوو لە سەرەوەی قولابێکی پێوە بوو شوێنی هەڵواسینی دوو چرای گەورە بوو، کاتێك سپێدەی بەیانی دەبوەوە چراکان دادەگیران و ئەوجا

دەست دەکرا بە بانگدان. سوودی ئەم چرایەش بۆ ئەوە بوو، ئەو مالآنەی کە دوور بوون ئەگەر گوێشیان لە بانگ نەبووایە، ئەوا لە دورەوە تەماشای چراکانیان دەکرد، هەر کات کوژانەوە ئیتر دەست لە خواردن و خواردنەوە هەڵدەگیرا.

هەروەها لە نەریتە جوانەکانی تریان ئەوە بوو، لە یەکێك لە شەوە تاکەکانی مانگی رەمەزاندا خەڵکی قورئانیان تەواو دەکرد، بەم بۆنەیەوە دادوەر و زانا و کاربەدەستەکان و پیاوە ناوارەکان لەوێ دەبوون هەروەها ئیمامی مەزهەبەکان هەموو لە مەقامی کەریم ئامادە دەبوون، هەر لە پشت مەقامی کەریمەوە مینبەرێکی جوانی رووپۆشکراو بە ئاوریشم ئامادە دەکرا لەگەڵ چرا و مۆم، ئەوەی کە خەڵکەکەی تەواو دەکرد یەکێك دەبوو لە کورانی پیاوە گەورەکانی مەککە و هەر لە دوای ئەوە وتارێك دەخوێندرایەوە، ئنجا باوکی کورەکە بانگی خەڵکی دەکرد بۆ نانخواردن، دواتریش شیرینی بەسەر ئامادەبووان دابەش دەکرا، هەر لەو شەوەدا و بەو بۆنەیەوە گەورەترین ئاهەنگ دەگێڕرا و نزا و پارانەوە و تەوافیان زۆر دەکرد و سورەتی قەدری تێدا دەخوێندرایەوە.

نەریتیان لە مانگی شەوال

نەریتیان لە مانگی شەوالدا کە سەرەتای دەستپێکی مانگە دیاریکراوەکانی حەجە ئەوە بوو وەك شەوی بیست و حەووتی مانگی رەمەزان چۆن چرا و مەشخەڵ و مۆم دادەگیرسا بە هەمان شێوە لە یەکەم شەوی دەرکەوتنی مانگی شەوالیشدا ئەو کارە دەکرا گومەزەکان و مناڕەکان دەدرەوشانەوە لەبەر روناکی و لە هەموو لایەکانیەوە دادەگیرسان و بانگبێژەکان بە نزا و تەکبیر و تەهلیلە ئەو شەوەیان زیندوو دەکردەوە، پاشان کە نوێژی بەیانی ئەنجامدرا، خۆ ئامادە دەکرا بۆ جەژن و جل و پۆشاکی نوێ و جوانیان دەپۆشی و خۆیان ئامادە دەکرد بۆ نوێژی جەژن و بەیانی زوو دەچونە پێشەوە بۆ گرتنی شوێن لە مزگەوت.

یەکەم کەسانێك کە زوو ئامادە دەبوون دەرگای کەعبەی پیرۆزیان دەکردەوە پیرە

پیاوەکان بوون گەورە و ریش سپیەکەیان لەگەڵ هاوڕێکانی لەبەر دەرگا دادەنیشت تا ئەو کاتەی ئەمیری مەککە دەهات و تەوافی دەکرد، ئەم مەراسیمە بۆ ماوەی یەك هەفتە بەردەوام دەبوو، لەو ماوەیەدا بەردەوام بانگبێژی زەمزەم دەستی دەکرد بە نزاکردن بۆ مسوڵمانان و ئەمیری مەککە وەك پێشتر ئاماژەمان پێدا، دواتریش وتاربێژ دەهات و لە نێوان دوو ئالای رەشدا بوو لە دوای مەقامی کەریمەوە دوو رکات نوێژی دەکرد و دەچوە سەر مینبەر و دەستی دەکرد بە وتاردانێکی بەهێز و رەوان و دوای کۆتایی هاتنی وتارەکە خەڵکی دەچونە لای یەکتری بە نزا و رووبەکی خۆش و تەوقەکردن، ئنجا پۆل پۆل رووبان دەکردە گۆڕستانی (موعەلا) بۆ پیرۆزی چونکە گۆڕی هاوەڵانی پێغەمبەری ﷺ لێیە لە پێشینان و ئەوانەی دوای ئەوان هاتوون.

ئیحرامی کەعبە

لە رۆژی بیست و حەوتی مانگی زی لحیجەدا پەردە لە کەعبە هەڵدەکێشرێت بە بەرزی گەز و نیوێك لە هەر چوارلاوە تا کەس نەیبڕێت، بەوە دەوترێت ئیحرامی کەعبە لە رۆژێکی بینراودا دەبێت و دەرگای کەعبە ناکرێتەوە، تا دوای وەستان لە کێوی عەرەفە.

ڕێوڕەسمەکانی حەج و کارەکانی

هەر لە یەکەم رۆژی دەستپێکی مانگی زی لحیجە، دەست دەکرا بە لێدانی دەف و کووتینی تەپڵ لە هەموو کاتەکانی نوێژ و لە بەیانیان و ئێوارانەدا، وەك ئاماژەیەك بە هاتنی حەجی پیرۆز ئەمەش بەردەوام دەبوو تا رۆژی سەرکەوتن بۆ سەر کێوی عەرەفە، کاتێکش رۆژی حەوتەمی زی لحیجە دەهات وتاربێژ دەستی دەکرد بە وتاردان و خەڵکی فێری مەراسیمەکانی حەج دەکرد و رۆژی وەستانی بۆیان دیاری دەکرد هەروەها کە رۆژی هەشتەم دەهات، خەڵکی هەر زوو دەچون

بۆ مینا و ئەمیرەکانی عێراق و شام و میسر هەموویان ئەو شەوە لە مینا دەمانەوە، خەڵکی ئەم ناوچانە دەستیان دەکرد بە داگیرساندنی مۆم و چرا وەك شانازی پاشان کێبڕکێ دەکەوتە نێوانیان تا بزانرێت کام لە ناوچەکان زۆرتر دادەگیرسێنن، بەڵام فەزڵ بۆ خەڵکی شام بوو لە رۆژی نۆیەمدا هەموو دوای نوێژی بەیانی دەکەوتنەڕێ بۆ عەرەفە لە رێگا بە دۆڵی (موحەسیر)دا تێدەپەڕین لەو کاتەدا حاجیان راکردنێکی لەسەرخۆیان ئەنجام ئەدا کە ئەوەش سونەتە.

دۆڵی موحەسیر دەبێتە سنوور لە نێوان موزدەلیفە و مینادا، موزدەلیفە زەوییەکی پان و دەشتاییە دەکەوێتە نێوان دوو چیاوە لە زۆربەی ناوچەکانیەوە عەمباری گەورەی ئاو دانرابوو بۆ خزمەتی حاجیان ئەوەی دروستیکردوە "زوبەیدەی کچی جەعفەری کوڕی ئەبی جەعفەری مەنسوری" خێزانی ئەمیری باوەڕداران هارونە رەشید بوو، دووری نێوان مینا و عەرەفە پێنج میلە بە هەمان شێوە دووری نێوان مینا و مەککە دیسانەوە پێنج میلێك دەبێت.

عەرەفەش چەند ناوێکی هەیە لەوانە: مەشعەرلحەرام و جەمع و عەرەفەیە، زەویەکەی زۆرە و داریشی هەیە چیا دەوریداوە لە کۆتایی عەرەفە چیای رەحمە هەیە شوێنی وەستانە، هەر لە دووری میلێك بەولاترەوە نیشانەیەك هەیە، ئەوەش وەك سنووریکە لە نێوان زەوی حەرام و حەڵاڵدا بە هەمان شێوە دۆڵی (عەرنە) هەیە پێغەمبەرﷺ فەرمانیدا کە دەبێت بەرز بکرێتەوە، وەك سنووریکە بۆ ناوچەی عەرەفە پێویستیش دەکات حاجیان لەو شوێنەدا بمێننەوە تا خۆر هەڵدێت دەکاتە یەکەم رۆژی جەژن، چونکە هەر کەس لە دەرەوەی ناوچەی عەرەفە کە دەستنیشان کراوە بووەستێت، حەجەکەی بەتاڵ دەبێتەوە.

چیای رەحمە چیایەکە پارچە پارچە و کەلێنی تێدایە دەکەوێتە ناوەڕاستی زەوییەکەوە کە پانوپۆڕە لەسەر لوتکەکەی گومەزێك هەبوو هی "ئوم سەلەمە"یە رەزای خودای لێبێت، هەروەها مزگەوتیك هەبوو خەڵکی بۆ نوێژکردن زۆر بۆی دەچون هەر لەلای قیبلەوە دیوارێك دروستکرابوو شێوەی میحرابی هەبوو خەڵکی

نوێژیان تێدا دەکرد هەروەها لە ژێری چیاکەدا خانویەکی زۆر کۆن هەبوو دەیانوت: هی ئادەمی باوکی مرۆڤایەتیە سڵاوی خودای لێبێت لەلای چەپیەوە چەند بەردێك هەبوو پێغەمبەرﷺ لەوێدا دەوەستا لە چواردەوری ئەم شوێنە عەمباری ئاوی لێ دانرابوو، لەگەڵ شوێنی ئیمام بۆ ووتار زۆرجار لە نیوەڕۆ و عەسراندا ئیمام لەوێدا ئامادەیە .

بەلای چەپی نیشانەکەوە دۆڵی ئاراکە[1] دارێکی ئێجگار زۆری ئاراکی سەوزی لێبوو کاتی ئەوە هات حاجیان دادەبەزن لە کێوی عەرەفە و بڵاودەبنەوە، ئیمامی مالیکیەکان بە دەست ئاماژەیەکی دەکرد و لە شوێنی وەستاندا دەهاتە خوارەوە و خەڵکیش بە کۆمەڵ بڵاودەبنەوە، بە شێوەیەکی وایە زەوی دێتە لەرزین و کێوەکان دێنە جوولّە، هێندە دیمەنێکی ئیمانی و روحی هەیە هەموو دەرونەکان ئاواتەخوازی لێخۆشبوون و پاکبوونەوە دەکەن، یەکەم جار کە لە کێوی عەرەفەدا وەستام لە رۆژی پێنج شەممەی سالّی حەوت سەد و بیست و شەشی کۆچی بوو[2]، ئەمیری کاروانی حاجیانی ولاّتی میسر "ئەرغۆن داود داری" بوو جێگری مەلیك ناسر هەر لەو ساڵەدا کچی مەلیك ناسریش لە حەج بوو کە خێزانی ئەرغۆن داوداری بوو لەگەڵ خێزانی مەلیك ناسر کە ناوی "خوەندە" بوو کچی سولّتانی گەورە "محەمەد ئۆزبێك"ی سەردار و پاشای سەرا و خەواریزم بوو لەگەڵ ئەمیری کاروانەکانی شام بە ناوی "سەیفەدین جۆبان".

کاتێك کە بانگی مەغریبی فەرمو لە عەرەفە دابەزیتین چوینە موزدەلیفە و عیشا گەیشتینە ئەوێ نوێژی شێوان و خەوتنامان لەوێ ئەنجامدا کە ئەوەش سونەتە، پاشان شەو لەوێدا ماینەوە و نوێژی بەیانیمان لە موزدەلیفە کرد و دەستمان کرد بە نزا و پاڕانەوەیەکی زۆر بەلاّم باش وایە هەر لە موزدەلیفە بەردی

---

[1] ئاراك: جۆرە دارێکە درێژ و درکاو یە سیواکی لێ بەرهەمدەهێنرێت. (المنجد في اللغة ، دار المشرق ص ٩)

[2] ئیبن بەتوتە یەکەم جارە لە ساڵی ٧٢٦ك حەجی مالّی خودای کردوە. (وەرگێڕ)

ڕەجمکردنی شەیتان لەگەڵ خۆت هەڵبگریت، هەندێك کەسیش هەن لای مزگەوتی (خەیفە)وە هەڵێدەگرن هەرچەندە هەڵگرتنی بەرد بۆ ڕەجم بۆچونی زۆر هەڵدەگرێت، کاتێك خەڵکەکە دەگەنە مینا و دەست بە ڕەجمکردن دەکەن کە بە بەردی عەقەبە ناسراوە، ئنجا ئاژەڵ سەردەبڕدرێت و پرچیش دەتاشرێت ئیتر هەموو شتێك حەڵاڵ دەبێت بۆ حاجیان تەنها ئافرەت و بۆن نەبێت تا ئەو کاتەی تەوافی بڵاوبوونەوە ئەنجام دەدرێت.

تێگرتنی بەردی عەقەبەش لە دوای هەڵهاتنی خۆرەوە دەبێت لە یەکەم ڕۆژی سەربڕینی جەژن زۆربەی حاجیان دوای ئەم ڕەجم و سەرتاشینە، ڕوو دەکەنە کەعبەی پیرۆز بۆ تەوافی (ئیفازە) بڵاودەبنەوە، هەندێکش هەن دەمێننەوە بۆ ڕۆژی دووەم و دوای ڕۆژئاوابوون ڕەجم دەکەن، لە ڕۆژی یەکەم حەوت بەرد تێدەگرن و ڕۆژی دووەمیش هەر حەوت بەردە و حەوت جار و پاشان دەوستن بۆ نزا، ئەمەش وەك سونەتی پێغەمبەر ﷺ جێبەجێ دەکرێت ئەوکات پەلە دەکەن بۆ دابەزین بەرەو مەککە، ئەوەش دوای تەواوکردنی چل و نۆ بەرد دەبێت، حاجی واش هەیە بۆ ڕۆژی سێیەم دەمێنێتەوە واتا حەفتا بەرد تەواو دەکات.

باسی گۆڕینی پەردەی کەعبەی پیرۆز

هەر کە رۆژی یەکەمی جەژن هات و دەست کرا بە قوربانی، پەردەی نوێی کەعبەی پیرۆز بە کاروانێکی میسر رەوانە دەکرا، ئەو پۆشاکە یاخود پەردەیە رەنگێکی رەشی تۆخی هەیە و قوماشەکەشی ئاوریشمە و لای سەرەوەی بە رەنگێکی سپی جوانی سەرنجڕاکێش نەخشێنراوە و ئایەتەکانی قورئانی پیرۆزی لەسەر نووسراوە، یەکێك لەو ئایەتانە ئەوەیە کە دەفەرموێت: ﴿جعل الله الكعبة البيت الحرام قياما﴾[1] بە شێوازێکی زۆر ئاشکرا و روون چنراوە کاتێك رۆژی سێیەمی قوربانی دێت، شەبیبەکان دەستیان دەکرد بە هەڵکێشانی پەردە کۆنەکەی و دواتر مەلیك ناسر خۆی ئامادە دەبوو بۆ گۆڕینی، ئەو رۆژە هەموو پێداویستیە ئامادەدەکرا لەوەی حەرەم پێویستیەتی لە زەیت و مۆم و رۆناکی و ..هتد، هەروەها ئیمامەکان و بانگدەر و خزمەتکار و خەڵکی تر هەموو ئامادە دەبوون ئەم مەراسیمە هەموو ساڵێك دووبارە دەبێتەوە.

هەر لەو رۆژانەدا دەرگای کەعبەی پیرۆز کراوە دەبوو بەڕووی حاجیانی ماڵی خودا لە خەڵکی ولاتی عێراق و خۆراسان و جێگەکانی تر، ئەوانەی لەگەڵ کاروانی عێراقدا دەمانەوە، چونکە ئەوان دوای کاروانی شام و میسر دەگەڕانەوە، لەو ماوەیەدا کە دەمانەوە دەستیان دەکرد بە خێر و سەدەقات پارە و ئالتونێکی زۆریان دەبەخشانەوە بەسەر هەژاران و خزمەتکارانی حەرەمی پیرۆزدا خۆم دەیانبینی کە بە شەوو دەگەڕانەوە هەر کەسێکیان لە هەژار و بێدەرەتانی مەکە دەستبکەوتایە یارمەتییان لە زیو و پۆشاك پێشکەش دەکرد کاتی واش هەبوو ئالتونیان دەدا بە خەڵکی تا وایلێهات لە ساڵی ٧٢٨ ك بوو هێندە ئالتونیان

---

[1] سورەتی مائیدە ئایەتی ٩٧.

بەخشی نرخەکەی لە بازاڕدا شکا و گەیشتە ١٨ درهەمی نەخت، ئیتر لەوە بەدواوە ناوی سوڵتانی عیڕاق (ئەبی سەعید) لەسەر مینبەر و زەمزەم دەخوێندرایەوە و نزای بۆ دەکرا.

قۆناغی دووەم:

گەشتکردن بۆ ناوچەکانی :عێراق و وڵاتی فارس و لوڕستان

(ڕۆژهەڵاتی کوردستان) ماردین و نسێبین جەزیرەی ئیبن عومەر وسنجار(باکور و باشوری کوردستان)

پاشان گەڕانەوە بۆ مەککە

گەشتکردن بۆ عێراق و...
مانّاوایی کردنم لە شاری مەککەی پیرۆز

لە رۆژی بیستی زی لحیجە لە شاری مەککەی پیرۆز بەڕێکەووتین ئەو شوێنە پیرۆزەمان بەجێهێشت ئەمیری کاروانی عێراق "محەمەدی کوڕی حوێج" بوو لە رەچەڵەکدا خەڵکی شاری موسڵ بوو لە دوای مردنی "شێخ شەهابەدینی قەلەندەر" کاروباری حاجیانی گرتبووە دەست کەسێکی بەخشندە و بەڕێز بوو سوڵتان خۆشیدەویست، لەسەر نەریتی قەلەندریەکان ریش و برۆکانی دەتاشی کاتێك گەیشتمە شاری بەغداد بە هاوڕێیەتی ئەمیر محەمەد حوێج ناسراو بە (پەهلەوان- پاڵەوان)، باڵەخانەیەکی بۆ بەکرێ گرتم و کرێکەشی خستە ئەستۆی خۆی. دوای تەوافی مانّاوایی لەگەڵ کۆمەڵە خەڵکانێکی زۆری ولاّتی عێراق و فارس و خۆراسان چوینە دۆڵی (موزە) هێندە زۆر بووین هەر دەتوت هەورە بە رێگادا دەڕۆیشتین وەك دەریا خەڵکی شەپۆلیان دەدا هەر کاتێك کەسێك لای بدایە بۆ کارێکی پێویست ئەگەر نیشانەیەکی نەبووایە ئەوا -لە هاوڕێکانی- وون دەبوو، لەگەڵ هەر کاروانێکدا کەسانێکی زۆر تەرخان کرابوون بۆ ئاودانی خەڵکی و تایبەتکردنی حوشتر بۆ خزمەتکردنی ئەو کەسانەی توانای رۆیشتیان نەبوو هەندێکیش تەرخان کرابوون بۆ هەڵگرتنی خواردن و خواردنەوە و دەرمان و شەکر. مەنجەڵی گەورەی مسیان پێ بوو، پێیان دەوت: ئەدەسوت خواردنی زۆری تێدا ئامادە دەکرا بۆ رێبوارانی مالّی خودا بۆ ئەوانەی کە خواردنیان پێ نەبوو هەموو ئەمانە لەسەر ئەرکی سوڵتان ئەبی سەعید ئەنجام دەدرا.

ئیبن جوزەی دەڵێت: خودا نازناوی ئەم سوڵتانە پایە بڵند بکات، بەڕاستی کارەکانیان بۆ خزمەتکردنی ئیسلام و مسوڵمانان جێی سەرسوڕمانە!، چونکە هەمیشە لە خزمەتی مسوڵمانانە بە جیهاد کردن و خێرکردن و خاوەنی فەزڵ و

سۆزە، دواکارم لە خودا روحیان شاد بکات و بەردەوامی مۆڵکیان بدات.

هەر لەگەڵ کاروانەکەدا خەڵکانێك هەبوون خواردن و میوەیان پێ بوو بۆ فرۆشتن کە شەوو دەهات لە کاتی رۆیشتندا ئاگر و مەشخەڵیان دادەگیرسان شەوی تاریك دەکرا بە رۆژی روناك ئنجا لە دۆڵی مورەوە چوینە عەسەفان و خەڵیس، پاشان گەشتەکەمان بەردەوام بوو بە چوار قۆناغ تا گەیشتینە دۆڵی سەمەك و لەوێوە بۆ ناوچەی بەدر دوو رۆژ ماینەوە دواتر دابەزین بۆ شاری تیبە(مەدینەی پیرۆز) توانیمان بچینەوە زیارەت و خزمەتی پێغەمبەرﷺ ماوەیەك لەوێ ماینەوە ئیتر پێداویستی و ئاوی سێ ڕۆژمان لەو بیرانەی کە هەڵکەندرابوون لەگەڵ خۆماندا هەڵگرت، کەووتینەوە ڕێگا بۆ وادی عەروس، لەوێش دیسانەوە ئاوی ترمان لەگەڵ خۆماندا هەڵگرت ئاوەکەی شیرین بوو، دوای وادی عەروس چوینە زەوییەکانی (نەجد) ئەم شوێنە تا چاوبڕکات تەخت و بەرینە دوای ڕێگا بڕینێکی زۆر گەیشتینە ئاوی بیری عوسەیلە، پاشانیش بۆ نەقرە کە پاشماوەی کۆگای ئاوی لێبوو وەك عەمباری گەورە هەروەها بەردوام بووین لە رۆیشتن تا گەیشتینە (قارورە)، عەمباری مەزنی لێ دانرابوو "زوبێدەی کچی جەعفەر" ڕەزای خودای لێبێت دروستی کردبوو بۆ مەبەستی کۆکردنەوەی ئاوی باراناو، ئەم شوێنەی باسم کرد دەکەوێتە ناوەڕاستی زەوییەکانی نەجدەوە، جێگایەکی پان و فراوانە و ئاووهەوایەکی زۆر سازگار و مامناوەندی هەیە و خاکەکەی بەپیتە ئەوەندەی نەبرد دوای بڕینی ڕێگا ئنجا گەیشتینە (سەمیرە)، ئەم شوێنە ئاوی زۆرە بەڵام تاڵە و ناخورێتەوە، دەکەوێتە دەشتایەکەوە، قەڵای لێبوو نیمچە ئاوەدان بوو، عەرەب دەهاتن بۆ ئەم ناوچانە ڕۆن و ئاژەڵ و خواردنیان لەگەڵ خۆیاندا دەهێنا و لەگەڵ حاجییاندا بە قوماش دەیانگۆڕیەوە .

کاروانی ڕێبواران بەردوام بوون لە رۆیشتن تا لە چیای (مەخروق) لامانداکە دەکەوێتە بیابانەوە و لای سەری چیاکەوە با کونی کردوە، ئنجا دوای ئەم شوێنە چوینە دۆڵی (ئەلکەروش) ئاوی لێ نییە بۆیە ناچار بووین بە شەو ڕێگا بڕین لە

ترسی تینوێتی و کەم ئاوی تا گەیشتینە قەلای فەیدە، جێگایەکی پارێزراو بوو خەڵکەکەی عەرەب بوون و سەرقالی کاری بازرگانی بوون حاجییان و زۆربەی زیارەتکارانی مالی خودا لەم شوێنە شمەکەکانیان دادەنا و لە کاتی گەڕانەوەدا هەڵیان دەگرتەوە چونکە دەکەوتە نێوان خاکی عێراق و مەککەی پیرۆزەوە لەوێوە بۆ شاری کوفە رێگاکەی دوانزە رۆژ بوو.

هەروەك لە نەریتی حاجیان وابوو، کاتێك دەگەیشتنە ئەم شوێنە ئامادەیی تەواوی خۆیان وەردەگرت بۆ بەرپەرچدانەوەی دزو چەتە عەرەبەکانی رێگا ئەوانەی چاوی تەماحیان لە کاروانەکەدا بوو هەر لەم شوێنە بوو چاومان بە هەردوو ئەمیری عەرەب فەیاز و حەیار کەوت کوڕی ئەمیری عەرەب "موهەنای کوڕی عیسا" بوون کۆمەڵێکی زۆر لە سوارچاکانی عەرەب بە شیر و تیرەوە لەگەڵیان بوون کاریان ئەوەبوو پارێزگاری لە حاجییان بکەن لە چەتەی رێگا،حوشتر و مالاتێکی زۆریان پێ بوو بە هۆزە عەرەبەکانی ئەو ناوچەیەیان دەفرۆشتەوە.

پاشان کاروانی حاجییان دەستیکردوە بە جوڵە و چوینە ناوچەی ئەجفەر، ئەم جێگەیە بە ناوی هەردوو شاعیری عەرەب جەمیل و بوسەینەوە ناونراوە، هەر لەوێوە خۆمان گەیاندە بیابانی زود ئەم ناوچەیە زەویەکی نزم بوو تەپۆلکەی لمینی زۆر بوو، لەگەڵ بوونی چەند مالێك کە شێوەی خانوەکانیان وەك نیمچە قەلا وابوو، بیری ئاویشی زۆر بوو بەڵام شیرین نەبوون دوای زود لە ناوچەی سەعلەبیە قەلایەکی کۆن و وێرانەی لێبوو لە تەنیشتیەوە کۆگایەکی گەورەی ئاو هەبوو کە بە چەند پلیکانەیەك بۆی دادەبەزیتە خوارەوە، ئەوەندە ئاوی بارانی لێبوو کە بەشی هەموو کاروانەکەی دەکرد هەر لە نزیکییەوە خەڵکانێکی عەرەبی زۆر کۆدەبوونەوە بۆ کاری بازرگانی و کڕین و فرۆشتنی رۆن و ماست و مەڕ ئەم شوێنە تا شاری کوفە سێ قۆناغە رێ بوو.

ئنجا کۆچمان کرد و چوینە گۆماوی ڕەجەمکراوە ئەم ناوە لەوەوە سەرچاوەی گرتوە کە دەڵێن: پیاوێکی رافیزەی شیعە لەگەڵ کاروانی حاجییانی تورك دەبێت

قسە و دەنگەدەنگ دەکەوێتە نێوانیان و رافیزەکە دەست دەکات بە جنێودان بە هەندێك لە هاوەڵانی پێغەمبەرﷺ، ئەوانیش بەردبارانی دەکەن و دەیکوژن و لەوێ لە گۆڕی دەنێن و کەڵەکە بەردێك لەسەر گۆڕەکەی دادەنێن، بۆیە هەرکەس بە لایدا تێپەڕ دەبێت بەردە بارانی دەکات.

دیسانەوە کەوتینەڕێ و گەیشتینە جێگایەك ناوی "مەشقوق" بوو دوو کۆگای ئاوی لێبوو یەکێکیان شیرین و ئەوی تریان شوێر، خەڵکی هەموو تێر ئاو بوون و ئەوەی پێیان بوو لە کونده و مەشکە پڕ ئاویان کرد، ئنجا رۆیشتین بۆ ناوچەیەکی تر پێیان دەوت: تەنانیر ئەو شوێنە ئاوێکی زۆری کانی هەبوو، دواتر لەوێوە لە چێشتەنگاودا بە (زەماله)دا تێپەڕین گوندێکی ئاوەدان بوو کۆشکێکی عەرەبی لێبوو لەگەڵ دوو عەمباری ئاو و بیرێکی زۆر دواتر رۆیشتین لە (هەیسەمەین) لاماندا کە دوو کۆگای ئاوی لێبوو، لە رۆژی دووەمیشدا بۆ عەقەبە سەرکەوتین بەڵام ئەوە نا کە بە (عەقەبەی شەیتان) ناسراوە رێگاکەی سەخت و ناخۆش بوو پاش ماوەیەك دابەزین بۆ جێگایەك پێیان دەوت: واقیسە ئاوەدانە کۆشك وخانوو لێ دروستکرابوو لەگەڵ بوونی کۆگای مەزنی ئاو ئەم شوێنە کۆتا ئاوەدانی رێگاکە بوو.

لێرە بەدواوە تا کوفە جێگایەك نەبوو کۆگای ئاوی لێ بێت، جگە لە پرۆژە و جۆگەلەی سەر ئاوی ڕوباری فورات نەبێت، هەر لەو جێگایە خەڵکی عەرەب و دانیشتوانی شاری کوفە پێك دەگەیشتن بۆ بەخێرهێنانەوەی حاجییان و پیرۆزبایی کردن و خواردن و ئارد و نان و خورما و میوە و رۆنیان لەگەڵ خۆیان دەهێنا، دوابەدوای ئەم شوێنانە بە چەند جێگایەکی تردا تێپەڕین وەك ئەو شوێنەی پێی دەڵێن: مەسجید و ناوچەی مەنارەی قەرون کە مەنارەیەك بوو لە بیابانـدا بۆیە وایان پێی دەوت: چونکە مەنارەیەکی بڵندی لێبوو وەك شاخی ئاسك دەردەکەوت هیچ مالێك بە دەوروبیەوە نەبوو، هەر لەوێوە خۆمان گەیاندە ئاوایی عوزەیب ناوچەیەکی زۆر بەپیتە و ئاوەدانیەکی لێیە و شوێنێکی لێیە بۆ چاودێری بەم

شێوازە و بەردەوام بووین لەسەر گەشتەکەمان تا گەیشتینە (قادسیە) ئەو شوێنەی کە خودا سەربازانی ئیسلامی لێی سەرخست بەسەر فارسە ئاگرپەرستەکان و ریسوا و سەرشۆڕیانی کرد و لە ڕەگ و ریشەوە دەرهاتن ئەوکات سەرکردەی سوپای ئیسلام "سەعدی کوڕی ئەبی وەقاس" بوو ڕەزای خودای لێبێت.

شاری قادسیە پێشتر گەورە و مەزن بووە، بەڵام ئێستا بەشێکی زۆری وێرانەیە جۆگەلەی زۆری لێبوو لەسەر ئاوی ڕوباری فورات بوون، بۆ مەبەستی ئاودانی خورما بەکاردەهێنران، ئنجا کۆچمان کرد بۆ ئەو شارەی کە گوایا عەلی کوڕی ئەبی تالیبی لێیە نەجەف لە جوانترین شارەکانی وڵاتی عێراق بوو، خاکەکەی ڕەق و بەپیتە و دانیشتوانێکی ئێجگار زۆری هەبوو لەگەڵ بازاڕێکی دڵگیر و مەزن و پاکوخاوێن، سەرەتا کە چوینە ناوەوەی بازاڕەکە، دوکانی پێداویستی و نانەواخانە و خواردن فرۆشمان بەرچاو کەوت و دواتر بازاڕی میوەفرۆشەکان، لەگەڵ بەرگدروو و ئەو دوکانانەی کە پۆشاکی کۆنەیان چاك دەکردەوە پاشان بۆنفرۆشەکان هەبوون، دواتریش دەرگای حەزرەت بوو دەوترا: گوایا گۆڕی ئیمامی عەلی لێیە ڕەزای خودای لێبێت هەر بە تەنیشتیەوە قوتابخانە و خانەقا و شوێنی حەوانەوە و باڵەخانەی جوانی مەزنی لێ دروستکرابوو دیوارەکانی بە ڕەنگێکی لووس ڕەنگ کرابوون پێیان دەوت: قاشانی ئەو جۆرە ڕەنگە لای ئێمەش هەیە بەڵام ئەمیان نەخشەکەی جوانتر و سەرنجڕاکێش تر بوو!.

مەزارگا و شوێنە پیرۆزەکانی نەجەف

لە دەرگای (حەزرەتە)وە دەچویتە ژورەوە بۆ قوتابخانەیەکی گەورە لە ناوەوە قوتابی و سۆفیەکی زۆری شیعەی تێدابوو هەر کەسێك میوان بوایە بۆی هەبوو سێ ڕۆژ لەوێ بمێنێتەوە خواردن و خواردنەوەیان پێشکەش دەکرد خواردنەکانیش بریتی بوون لە: نان و گۆشت و خورما لە ڕۆژێکدا دوو ژەم پێشکەش بە میوانەکان دەکرا، هەروەها لە پێش دەرگاکە پاسەوان و چاودێر و خزمەتکار هەبوون، کاتێك

کەسێك روو لەوێ دەکرد پێیان دەوت: ماچی مەزارەکە بکە دواتر لە نەریتیان وابوو هەر خۆیان دەیانوت: ((لەسەر رەزامەندی تۆ ئەی ئەمیری باوەڕداران، ئەم بەندە هەژارە داوای ئەوە دەکات بێتە ژورەوە))، ئەگەر خۆیان رێیان پێدا ئەوا دەچوە ژورەوە، ئەگەر نا ئەوا دەریان دەکرد.

ژورەوەی مەزارەکە بە راخەری بەنرخ و قەشەنگ داپۆشرابوو، لەگەڵ ئاوریشم و چرا و شوێنی مۆم کە لە ئالتون و زیو دروست کرابوون، هەندێکیان بچوك و هەندێکیان گەورە هەر لە ناوەڕاستیدا سێ گۆڕ هەبوو روپۆش کرابوون بە ئالتون دەیانوت: گوایا یەکەمیان: گۆڕی ئادەمە و دووەمیان: نوحە بەڵام سێیەمیان گۆڕی عەلی کوڕی ئەبی تالیبە رەزای خودای لێبێت لە نێوانیاندا تەشتی ئالتون و زیوی پڕ گوڵاو دانرا بوو پڕ بوون لە بۆنی میسك و عەنبەر تا هەر کەسێك بۆ زیارەت هات دەستی چەور و بۆندار بکات، لە لایەکی ترەوە دەرگایەك هەبوو ئەو پەرژینەی بۆی کرابوو لە ئالتون و زیو دروستکرابوو لەوێوە دەچویتە نێو مزگەوتەکە دیوارەکان و میچی مزگەوتەکە بە ئاوریشم داپۆشرابوون.

خەڵکی ئەم شارە هەموو لەسەر مەزهەبی رافیزە بوون، لە کارە سەرنجڕاکێشەکان ئەوە بوو مرۆڤی لە پێ کەووتویان بۆ دەهێنا و لەسەر ئەم گۆڕانە دادەنران بە مەبەستی چاکبونەوە شەوێك هەبوو لای خەڵکی ئەم شارە پێی دەوترا: زیندویونەوە خەڵکی گۆجیان لە ولاتی رۆم و عێراق و فارسەوە بۆ دەهێنا، هەر لە دوای نوێژی عیشاوە سی تا چل کەس لە سەرەوەی گۆڕەکان دادەنران خەڵکی دەستیان دەکرد بە نزا و پاڕانەوە و چاوەڕوانی چاکبونەوەیان لێیان دەکرد کاتێك نیوەی شەو دەڕۆیشت هەموو هەڵدەسانەوە بێ ئەوەی هیچ گرفتێکیان هەبێت ئیتر خەڵکی دەنگیان بەرز دەکردەوە و دەیانوت: ((لا إله إلا الله محمد رسول الله علي ولي الله)) زۆر جاران گوێبیستی ئەم جۆرە شایەتمانە بوومە لە رافیزەکانەوە.

خۆم ئەوەم بینی: جارێکیان سێ کەسیان هێنا یەکێکیان خەڵکی رۆم بوو دووەمیان خەڵکی ئەسفەهان سێیەمیش خەڵکی ناوچەی خۆراسان بوو کە

تەماشایانم کرد لەسەر گۆڕەکان دانران بەڵام ووتیان: ئەمانە نەیانتوانی شەوی زیندوبونەوە ئامادەبن و دەبێت چاوەڕوانی بکەن تا سااڵێکی تر هەندێك کەس هەبوون کاتێك سەریان نەخۆش بوو بە هێندەی سەریان ئالتون یان زیویان پێشکەش بە چاودێر(نەقیب)ی مەزارەکە دەکرد، کەس هەبوو دەستی یاخود قاچی نەخۆش بوو بە قورسایی ئەوە ئالتونی دەهێنا بە مەبەستی چاکبوونەوە هەر لەبەر ئەمە بوو خەزێنەکەی ئەوەندە پارەوپوڵ و ئالتونی تێدابوو لە ژمارە ناهات.

هەر لەو شەوەدا خەڵکی هەموو ناوچەکە ئامادە دەبوون و بازاڕ دەکرایەوە بۆ ماوەی دە رۆژ ئەوەی جێگای سەرنج بوو!. ئەم شوێنە باجگر و والی و فەرمانڕەوای نەبوو بەڵکو چاودێری مەزارەکە کە پێیان دەوت: (نەقیب) کاروباری خەڵکی بەڕێوە دەبرد ئەوەی شایەنی باسە خەڵکی نەجەف سەرقاڵی بازرگانی بوون و خەڵکێکی قارەمان و بەخشندە بوون و بێزارکەر نەبوون کاتێك لە گەشتکردندا لەگەڵیان بیت دڵخۆش دەبیت، بەڵام ئەوەی کە نابەجێیە و دەیکەن ئەوەیە زیادڕەوی دەکەن لە وەسفکردنی پێشەوا عەلیدا رەزای خوای لێبێت.

گەورە و سەرداری شاری نەجەف

گەورە و سەرداری شاری نەجەف لەلایەن پاشای عێراقەوە دیاری دەکرا، چونکە خاوەن پێگەیەکی گرنگ بوو لە شاردا و هیچ کەس دەسەاڵتی ناگەیشتە ئەو، لە کاتی گەشتکردندا رێبەرایەتی کاروانەکانی دەکرد ئااڵ و تەپڵی تایبەتی خۆی هەبوو و هەموو رۆژێك بەیانی و ئێواران وەك نەریت لای دەرگای تەپڵخانەوە لە تەپڵ دەدرا کەس هێندەی ئەو دەسەاڵتی نەبوو تەنانەت والیش ئەو دەمەی من لەوێ بووم گەورە و سەرداری شار ناوی "نیزامەدین حوسێنی کوڕی تاجەدین ئەلئاوی بوو خەڵکی گوندی (ئاوە)یە لە عێراقی عەجەم کە خەڵکەکەی زۆربەی رافیزە بوون، پێشتریش کۆمەڵێکی تر سەردار و گەورەی شاری نەجەف بوون لەوانە: جەاڵلەدینی کوڕی فەقیە و قەوامەدینی کوڕی تاووس و ناسرەدین موتەهەری

کوڕی شەریف سالّحی محەمەدی ئەوهەری کە لە عێراقی عەجەم بوو بەلاّم ئێستا لە ولاّتی هیندستانە هەروەها یەکێکی تر لەوانە "ئەبو غەڕەی کوڕی سالمی کوڕی موهەنای کوڕی جەمازی حوسەینی مەدەنی" بوو.

حیکایەتی سەرداری نەجەف (ئەبی غەڕە)

دەلّێن: شەریف ئەبی غەڕە لە پیاوچاك و خواناسەکانی شاری مەدینە دەبێت ناوبانگی بە هەموو لایەکدا بلاّودەبێتەوە بۆ زوهد و خواناسی، لەگەلّ خزم و کەسەکانی لە شاری مەدینە نیشتەجێ دەبێت هەروەها "مەنسوری کوڕی جەماز"ی نامۆزای ئەمیری شاری مەدینە دەبێت دواتر مەدینە بەجێ دەهێلّێت و روو دەکاتە ولاّتی عێراق و لە شاری حیلە دەمێنێتەوە کاتێك سەردار و گەورەی شاری نەجەف "قەوامەدینی تاووس" کۆچی دوایی دەکات، هەموو گەورە پیاوانی شار کۆدەنگ دەبن لەسەر هەلّبژاردنی "ئەبی غەڕە" بە سەردار و ئەمیری شار بۆ ئەوەش نامە دەنێرن بۆ سولّتانی عێراق و ئەویش رەزامەندی دەردەبڕێت، بۆیە وەك نەریت ئالاّ و تەپلّ و پێداویستی تری بۆ رەوانە دەکات لەگەلّ (یەرلیغ)[1] بەلاّم دوای گرتنەدەستی دەسەلاّت ئەبی غەڕە دەست دەکات بە دونیاپەرستی و واز لە زوهد و خواناسی دەهێنێت دەبێتە نمونەنەی گەندەلّکاران و زیادەڕەوییەکی بێ شومار دەکات لە خەرجکردنی پارەوپولّدا لەبەرئەوە لای سولّتانی عێراق سکالاّی لێ دەکرێت.

کاتێك ئەبی غەڕە بەمە دەزانێت گەشتێك بۆ خۆی دەسازێنێت بۆ ولاّتی خۆراسان بە بیانووی سەردانی کردنی گۆڕی "عەلی کوڕی موسای کوڕی ڕەزا" لە شاری (توس) دوای بەڕێکەوتنی کاروانەکەی کە لە دە پیاوی سەربازی خۆی و

١ـ (یەرلیغ): وشەیەکی عەرەبی نییە، مەبەست لێی ئەو نامەیەیە کە وەك پاسەپۆرت بەکاردەهات بۆ ڕێگا، یاخود وەك پشتیوانییەك بۆ ڕایکردنی کارەکان. بەراوێز . (بەراوێز:لاپەڕە ١٠٤) .

کۆمەڵێك خەڵکی زیارتکارو بازرگان پێکدێن دەچنە ئەوێ کە کۆتا شاری خۆراسانە لەوێ هاوڕێکانی ئاگادار دەکاتەوە کە دەیەوێت بچێتە ولاتی هیندستان، بۆیە بەشێکیان رەتیدەکەنەوە لەگەڵیدا بڕۆن بۆ هیندستان و دەگەڕێنەوە بەڵام ئەو بەردەوام دەبێت تا دەگاتە سند و دواتر ئەوێش بەجێدەهێڵێت و دەچێتە ناوچەی بنجاب کاروانەکەی دەست دەکەن بە تەپڵ کووتین و خەڵکی گوندەکانی ناوچەکە لە ترسدا هەڵدێن چونکە وادەزانن سوپای تەتەر هاتووە، بۆیە هاوار دەبەن بۆ ئەمیری شاری (ئەوجا) ئەویش بە سەربازێکی زۆرەوە هەڵدەکوتیتە سەریان کاتێك تەماشا دەکەن کاروانێکە ژمارەیان لە چەند کەسێك تێپەڕ ناکات کە پرسیاریان لێ دەکەن دەڵێن: سەرداری نەجەفە و دەیەوێت بڕوات بۆ لای پاشای هیندستان. کاتێك ئەبی غەڕە دەچێتە شاری ئەوجا و ماوەیەك دەمێنێتەوە، بە رۆژ و بە شەو یەك جار لە بەردەم مالێیان تەپڵ دەکوترا و زۆر ئارەزوی گوێبیستی دەنگەکەی دەکرد دەڵێن: کاتێك لە نەجەف بوو لە نزیکییەوە گوێی دەگرت و دەیوت: بەهێز تەپڵەکە بکوتە ئەی پیاو، تا وای لێهات بەوە نازناوی دەرکرد و گوێشی کەم بیست ببوو.

دوای ماوەیەك ئەمیری شاری ئەوجا نامەیەك دەنێرێت بۆ پاشای هیندستان و باسی شەریف و سەرداری نەجەفی بۆ دەکات، کە چۆنە و هەموو رۆژێك لە بەردەم مالەکەی تەپڵ دەکوترێت و ئالاّ بەرزکراوەتەوە، ئەوەش نەریتێکی جوان نییە لە ولاّتی هیندستان تەنها لە کاتی بۆنە و گەشتەکاندا نەبێت لە دەهۆڵ نادرێت، بەپێچەوانەی پاشاکانی ولاّتی عێراق و شام و میسرەوە کە رۆژانە ئەو کارە ئەنجام دەدرێت، پاشای هیندستان ئەوەی لا ناشیرین دەبێت بەڵام لە ناخەوە دەری نابڕێت.

کشلیخان ئەمیری ناوچەکە دەبێت لە شاری مۆڵتانی سند نیشتەجێ دەبێت

دەکەوێتە رێگا بۆ لای پاشای هیندستان، پاشا خۆی دەچێت بۆ پێشوازی چونکە لای ئەوان خان واتا: کەسێکی گەورە و مەزن وێڕای ئەوەش پاشای هیندستان ئەمیر کشلی بە مامە بانگی دەکرد چونکە زۆر یارمەتی باوکی (سولتان غەیاسەدین)ی دابوو دژی سولتان "خەسرەو شا" لەبەرئەوە جێی رێز و

خۆشەویستی ئەو دەبێت، ئەو کاتەی دەگاتە جێگای دیاریکراو سوڵتانی هیندستان خۆی دەچێتە پێشوازی وا ڕێکدەکەوێت کە شەریف غەڕە پێش کشلی خان لەوێ ئامادە دەبێت، سڵاو لە سوڵتان دەکات و سوڵتان پرسیاری لێ دەکات لە کوێوە هاتووی و بۆ کوێ دەچیت و بۆچی دەچیت؟ ئەویش وەڵام دەداتەوە، دواتر سوڵتان چاوەڕوانی "کشلی خان" دەبێت تا دەگاتە جێ و زۆر بە گەرمی بەخێرهاتنی دەکات، بەڵام نە تەماشای ئەبی غەڕە دەکات و نە فەرموی لێ دەکات.

پاشان سوڵتان ویستی گەشت بکات بۆ شاری (کەت کەتە) پێشی دەڵێن: دۆنجەر کە چل ڕۆژێك لە دەهلی پایتەختەوە دوور بوو، کە دەکەوێتەڕێ سوڵتان بە وەزیرەکەی دەڵێت: ئەم پێنج سەد دیناڕە بدەنە ئەبی غەڕە کە دەکاتە سەد و بیست و پێنج دیناری ئالتونی مەغریبی ئەگەر دەیەوێت بگەڕێتەوە با بیکاتە خەرجی ڕێگا، ئەگەریش لەگەڵمان کەوتەڕێ یاخود بمێنێتەوە تا ئەو کاتەی دەگەڕێینەوە ئەوا بەشی دەکات، ئەبی غەڕە زۆر غەمبار دەبێت بەو مامەڵەیە لەگەڵیدا، بۆیە بڕیاری گەشت دەدات لەگەڵ سوڵتانی هیندستان، لە ڕێگا لەگەڵ وەزیرێکی سوڵتان ئاشانیەتی و تێکەڵی دروست دەکات ناوی "ئەحمەد کوڕی ئەیاس" دەبێت و بە (خواجە جیهان) بانگی دەکەن، چونکە سوڵتان بەو ناوەوە بانگی دەکرد، لە نەریتیاندا وابوو ئەگەر کەسێك پاشا بە نازناو بانگی هەر کەسێکی بکردایە، خەڵکی هەموو بەو ناوەوە بانگیان دەکرد، هەر کەسێکیش سوڵتان بە نازناو بانگی نەکردایە، ئەوا ئەو کەسە بێگومان سوڵتان خۆشی ناویست و دەیەویست سزای بدات.

دوای ماوەیەك وەزیر خواجە زۆر یارمەتی دەدات و پاشا رازی دەکات دوو گوندی بداتێ، بەو شێوەیە ئەبی غەڕە تا هەشت ساڵ بەڕووبوم و سوودی ئەو گوندانە بۆ خۆی دەبات و دەوڵەمەند دەبێت، کاتێك دەیەوێت بگەڕێتەوە ناتوانێت، لەبەر ئەوەی ببۆ خزمەتکاری سوڵتان، سوڵتانیش هیچ کات ڕێگای بە کەسی غەریبە نەدەدا کۆچ بکات لە وڵاتی هیندستان چونکە خەڵکی غەریبەیان زۆر

خۆشدەویست دواتر هەوڵی ئەوە دەدات لە ڕێگای دەریاوە هەڵبێت، بەڵام دووبارە ناتوانێت ئیتر داوا لە وەزیرکەی دەکات کارئاسانی بۆ بکات تا سوڵتان رازی بکات بە گەشتەکەی دواجار قایل دەبێت و دە هەزار دیناری دەداتێ، کە دەکاتە دوو هەزار و پێنج سەد دیناری ئالتونی مەغریبی دەیخاتە ناو کیسەیەکەوە لە باخەڵی دەیشارێتەوە چونکە زۆر پارەی خۆش دەویست، هێندە لەسەری نوستبوو لاتەنیشتی بریندار ببوو کەسێکی زۆر قرچۆك بوو هیچ کات نەیدەویست لە کاتی گەشتکردن پارە خەرج بکات بۆ هاوڕێکانی، ئەو بریندی لە لاتەنیشتی دروست ببوو نەخۆشی خست کۆچی دوایی کرد پێشتر وەسیەتی کرد بوو ئەو پارانەی بدرێتە "حەسەن جەرانی" ئەویش هەمووی بەخشانەوە بەسەر ئەو شیعانەی کە لە دەهلی نیشتەجێ بوون و لە بنەڕەتدا خەڵکی عێراق و حیجاز بوون.

لە نەریتی خەڵکی هیندستان وابوو، هیچ کات چاویان لە مالّی کەسێك نەبوو کە غەریبە بێت و میراتیشیان وەرناگرت ئەگەر هەرچەندێك بووایە، هەروەها خەڵکی سودانیش بە هەمان شێوە تەماح لە مالّی کەسێك ناکەن کە سپی پێست بێت و وەریشی ناگرن، شەریف ئەبی غەڕە برایەکی دەبێت لە غەرناتە ناوی "قاسم" دەبێت و کچی "عەبدوڵڵا ئیبراهیم" خێزانی دەبێت، کۆچ دەکات بۆ ناوچەی جەبەل تاریق و لەوێ دەبێت تا ئەو کاتەی شەهید دەبێت، دەڵێن: کەسێکی قارەمان و ئازا بوو، لە کاتی جەنگدا وەك ئاگر لە جەستەی دوژمن بەردەبوو دوای خۆی دوو کوڕ بەجێدەهێڵێت و دایکیان شوودەکاتەوە بە"ئەبی عەبدوڵای محەمەدی کوڕی قاسمی نەفیس کەربەلائی"کە کەسێکی ناودار بوو لە ڕۆژئاوا .

بابێینەوە سەر باسی گەشتەکەی خۆم: دوای بەسەرکردنەوە و زیارەتی گۆڕی پێشەوا عەلی سلاّوی خوای لێبێت، کاروانی ڕێبواران بەڕێکەوت بەرەو شاری بەغداد و منیش لەگەڵیان کەوتمەڕێ لەگەڵ کۆمەڵێکی زۆری عەرەبی خەفاجی کە بەناوبانگ بوون بۆ ئازایەتی. دوای بەغدا کەووتینەوەڕێ بۆ بەسرە کەم کەس هەبوو

بەبێ هاوڕێیەتی خەفاجیەکان خۆی لەو ڕێگایە بدات چونکە زۆر ترسناك بوو حوشترێکم لە ئەمیرەکەیان کڕی ناوی "شامری دەڕاجی خەفاجی" بوو، ئەم کەسە سەرکردایەتی کاروانەکەی دەکرد لە مەشهەدی عەلی دەرچوین بۆ (خەوەرنەق)ی شوێنی نیشتەجێ بوونی"نوعمانی کوڕی مونزیر"ە باپیرانی لە پاشاکانی (بني ماء السما) بوون کۆمەڵێك خانوو لەگەڵ بالّەخانە و گومەز مابوونەوە پاشماوەی کۆن بوون لە دەشتاییەکدا ڕوباری فوڕات بە تەنیشتیدا دەڕۆیشت دوای ئەم جێگایە چوینە ناوچەیەك پێیان دەوت (قائم واسیق) کە تەنها پاشماوەی هەندێك خانووی لێبوو لەگەڵ مەنارەی مزگەوتەکەی .

پاشان کەوتینەوە ڕێگا بە تەنیشت ڕوباری فوڕاتدا تا گەیشتینە (عەزار) کە لە ناوەڕاستی قەمیشەلانێکدا بوو هەموو لایەکی ئاوە ئەم شوێنە هۆزێك تێیدا نیشتەجێ بوون پێیان دەوتن: (مەعادی) و هەموویان رافیزە بوون کار و پیشەیان چەتەیی و ڕێگری بوو ئەمان دوای ئێمە هەڵیان کوتابووە سەر کۆمەڵێکی هەژار کە پێشتر لە کاروانی ئێمەدا بوون دابڕان هەموو کەلوپەل و شمەکەکانیان تاڵان کردبوو تەنانەت شەروالّ و نەعلەکانیان برد بوون وەك ووتم: ئەمانە کاریان ئەوە بوو لە ناو قەمیشەلاّن خۆیان حەشار ئەدا و لەپڕ هەڵیان دەکوتایە سەر ڕێبواران جێگەکە هەتا بڵێی مەترسیدار بوو دڕندەشی زۆر بوو دوای ڕێکردن بە سێ قوناغ لەگەڵ ئەو ستەمکارە (شامر) گەیشتینە شاری (واسیت).

شاری واسیت (واسط)

شارێکی جوان و سەرنجڕاکێش بوو هەموو لایەکی دارستان و باخ بوو خەڵکەکەی لە باشترینی ناوچەکانی عێراق بوون، خواناس و ئەهلی زانست بوون لە خوێندنەوەی قورئاندا بەهێز بوون هەموو تەجویدیان بە باشی دەزانی، خەڵکی بۆ فێربونی قورئان و زانستی تری شەرعی رووبان لە شاری واست دەکرد هەر لە کاروانەکەی ئێمەدا کەسانێك هەبوون مەبەستیان بوو لەم شاردا بمێننەوە بۆ

فێربونی زانست هەروەها زانا و خێراخوازی مەزنی لێبوو قوتابخانەی وایان دروستکردبوو بۆ فێرخوازان سێ سەد کەسی لە خۆ دەگرت یەکێك لەو زانا پایە بەرزانە کە ناوی هەبوو "عەبدولموحسینی واستی" بوو هەتا بڵێی بلیمەت بوو لە فیقهـ و قورئاندا جلوبەرگ و پێداویستی سالێکی بۆ قوتابیان دابین دەکرد و هەموو رۆژێك خۆی دەگەڕا و پێداویستی قوتابیانی دەستەبەر دەکرد خۆی و براکەی و هاوڕێکانی دادەنیشتن وانەی قورئانیان دەوتەوە، رۆژێکیان چومە خزمەتی و هەندێك درهەم و خورمای داپێم کاتێك لە واسیت لامانەدا کاروانەکە لە دەرەوی شار مانەوە بۆ کاری بازرگانی دەگەڕان بۆیە دەرفەتێکم بۆ هەڵکەوت تا سەردانی گۆڕی شێخی خواناس "ئەبی عەباس ئەحمەدی رەفاعی" بکەم دەکەوتە گوندێکەوە ناوی (ئوم عوبەیدە) بوو رۆژە ڕێیەك لە واسیتەوە دوورە منیش داوام لە شێخ "تەقیەدین" کرد کە یەکێکم لەگەڵدا بنێرێت تا سەردانی ئەو زاتە بەڕێزە بکەم، ئەویش سێ کەسی لەگەڵمدا رەوانە کرد کە لە هۆزی (بەنی ئەسەد) بوون زۆر شارەزا بوون بە چاوساغی ناوچەکە دادەنران سواری ئەسپ بووم لە نیوەڕۆدا بەڕێکەوتم شەو بۆ پشو لای دەواری (بەنی ئەسەد) ماینەوە بۆ رۆژی دووەم گەیشتمە شوێنی مەبەست، خانەقایەکی زۆر گەورە و مەزنی لێبوو، بە هەزاران هەژار و موریدی لێبوو، هەر لەوێ چاوم بە شێخ "ئەحمەد کوچك" کەوت کوڕەزای شێخ "ئەبی عەباسی رەفاعی" بوو ئەم کەسە لە ناوچەکانی رۆمەوە هاتبوو بە مەبەستی سەردانی کردنی گۆڕی باپیری، بەڵام دواتر کرابوو بە شێخ لە خانەقاکەدا.

دوای تەواو بوونی نوێژی عەسر دەستکرا بە لێدانی تەپڵ و دەف، ئنجا دەروێشەکان دەستیانکرد بە سەماکردن تا کاتی نوێژی شێوان دواتر خواردنی (سەماتە)یان بەسەریاندا دابەشکرد کە ماسی و نانی برنج و ماست و خورما بوو، هەر کە نوێژی خەوتنان تەواو بوو دووبارە دەستکرایەوە بە زیکرکردن ئنجا داریان هێنا بەڵام داریکی زۆر و ئاگریان تێبەردا، هەبوو لە ناو ئاگرەکە سەمای دەکرد

هەشبوو پشکۆ ئاگری لە دەم دەنا، بەڕاستی زۆر سەیر و سەمەرە بوو! پێیان دەوتن: کۆمەڵەی ئەحمەدییەکان هەبوو ماری دەخستە نێو دەمی و بە ددان سەری لێ دەکردەوە.

سەماکردن لەسەر ئاگر

جارێکیان چوینە ناوچەیەك پێیان دەوت (ئەفغان پور) لەژێر قەڵەمڕەوی "هازار" بوو دووری ئەم ناوچەیە لە دەهلییەوە پێنج رۆژێك دەبوو، سەرەتای وەرزی باران بارین بوو، ئەوان بە پایزیان دەوت: ئەشکال باران دەباری یەکسەر چەمەکان پڕ دەبوون لە ئاو لەبەر زۆری باران ئێمەش لە تەنیشت ڕوبارێك لامانەدا بۆ پشو ناوی ڕوبارەکە ئەسرور بوو ئاوی لافاوی چیای (قەراجیل) زۆر بە گوژم دەهاتە خوارەوە، بەڵام کەس نەیدەوێرا لێی بخواتەوە چونکە ئاوەکە ژەهراوی بوو ئەو بارانانەی کە دەباری دەکەوتە سەر گژوگیای ژەهراوی و هەر کەس یان هەر ئاژەڵێك لێی بخواردایەتەوە دەیکوشت، تا چوار رۆژێك لەوێ ماینەوە.

رۆژێك ئەوەندەمان زانی کۆمەڵێك خەڵکی دەست بەستراویان هێنا هەندێکیان کۆت و زنجیر لە دەست و ملیان بوو یەکێکیان ڕەشپێست بوو گووتیان: ئەمانە کۆمەڵەی حەیدەرین شەو لامان مانەوە گەورەکەیان داوای کرد من داریان بۆ بهێنم تا ئاگرێك بکەنەوە سەمای تێدا بکەن منیش داوام لە والی کرد کە ناوی "عەزیز" بوو بە (خەمار) ناسرابوو، ئەویش دە بۆ پازدە بار داری هێنا و ئاگریان کردوە و دەستیان کرد بە سەماکردن لەسەر پشکۆی ئاگرەکە، یەکێك لە گەورەکانیان داوای کراسێکی کرد، منیش ئەوەی خۆم پێدا دواتر کە لە ئاگرەکە دەرچو هیچ بەشێکی کراسەکە نەسووتابوو بەڵکو وەك خۆی مابوەوە بەڕاستی سەرسام بووم لەو کارە!.

دوای بەسەرکردنەوەی گۆڕی شێخ "عەباسی ڕەفاعی" گەڕامەوە بۆ شاری واسیت، تەماشامکرد هاوڕێکانم ڕۆیشتبوون و منیان بەجێهێشتبوو، بەڵام ویستی خودا وابوو لە ڕێگا لە ناوچەی هوزەیب پێیان گەیشتمەوە، کاتێك دابەزی بوون بۆ

ئاوخواردنەوە و پشودان، لەوێوە چوینە دۆڵی (کەراع) بەڵام هیچ ئاوێکی لێ نەبوو دوای ڕێکردن بۆ ماوەیەك چوینە ناوچەی (موشەیریب) پاشانیش بۆ ئاوەدانییەك لە نزیکی بەسرە، دوای کەمێك ڕێکردن لە نیوەڕۆدا بوو خۆمان گەیاندە شاری بەسرە.

شاری بەسرە..

کاتێك گەیشتینە بەسرە لە خانەی هەژارانی (مالیکی کوڕی دینار) بۆ پشودان لاماندا، پێش ئەوەی بگەینە شار لە دووری دوو میلێکەوە تەماشام کرد بالاخانەیەکی گەورە دەرکەوت ووتم: ئەو بالەخانەیە چییە؟ ووتیان: مزگەوتی عەلی کوڕی ئەبی تالیبە ڕەزای خودای لێبێت ئێستا ئەم مزگەوتە کەوتوەتە ناوەڕاستی شارەوە چونکە بەردەوام شار گەورە دەبێتەوە بەسرە بە دایکی هەموو شارەکانی عێراق دادەنرێت، چونکە زۆر پان و گەورە بوو پڕە لە داری میوە و باخ، هیچ شارێك لە دونیادا نییە بگاتە بەسرە بۆ خۆرما ئەوەندە داری خورمای زۆر بوو لە ژمارە نایات لە بازاڕی بەسرە چواردە ڕەتڵ خورما بە درهەمێك دەفرۆشرا درهەمێکیان سێ پارچەی لە زیو دروستکراو بوو.

جارێکیان دادوەری شار بە کرێکارێکدا یەك کۆڵ خورمای بۆ ناردم، منیش بە نۆ درهەم فرۆشتم سێ درهەمی کۆڵبەرەکە بۆ خۆی هەڵیگرت، کە لە مالەوە تا بازاڕ بەسەر شانییەوە بوو شەش دەرهەمیشیان بۆ خۆم مایەوە، هەر لە خورما جۆرە هەنگوینێکیان دروست دەکرد تا بڵێی بەتام و خۆش بوو پێیان دەوت (سەیلان) شاری بەسرە سێ گەڕەکی هەبوو: یەکەمیان (هوزیلە) و دەم سپییەکەی ناوی "عەلادینی کوڕی ئەسیر" بوو لە بەرێزەکانی شار بوو خاوەن پێگەیەکی تایبەت بوو بووینە میوانی جارێکیش هەندێك دیاری پێشکەشم کرد لە جلوبەرگ لەگەڵ چەند درهەمێك. دووەم گەڕەك ناوی (بەنی حەرام) بوو گەورەکەی ناوی "شەریف مەجدەدین موسای حوسینی" بوو بەرێز و بەخشندە بوو ئەمیش

میواندارى کـردم و دیـارى پێـدام بـەڵام گـەرەکى سـێیەم نـاوى (عەجـەم) بـوو گەورەکەى ناوى "جەمالەدین لۆکى" بوو.

خەڵکى بەسرە خاوەن ڕێز و ڕەوشت بوون و زۆریش یارمەتى کەسى غەریبەیان ئەدا، کاتێك کەسێکى بێگانە ڕووى تێدەکرد، یارمەتییان دەدا و ئیتر هەسـتى بـە نامۆیى ناکرد نوێژى هەینیان لە مزگەوتى ئەمیرى باوەڕدارن (عەلى کـورى ئـەبى تالیب) دەکرد ئنجا دواى نوێژ دەرگـاى دادەخـرا و تـا هەینیـەکى تـر ناکرایـەوە مزگەوتەکە دڵگیر بوو زۆر خزمەتیان دەکرد حەوشەکەى بە بەردى سوور داپۆشرابوو هەموو ئەم بەردانەى لە دۆڵى سیباعـەوە بۆ هێنرابـوو ئـەو قورئانـەى لێبـوو کـە کاتێك ئیمام عوسمان شەهید دەکەن خوێنەکەى دەڕژێتە سەرى و دەکەوێتە سەر ئەو ئایەتەى کە دەفەرموێت: ﴿فسیکفیکهم الله و هو السمیع والبصیر﴾.

حیکایەتێکى سەیر

جارێکیان لە مزگەوتى پێشەوا عەلى نوێژم کردن وتاربێژەکـە سـەرکەوتە سـەر مینبەرەکە و دەستیکرد بە وتاردان بە لێشاو هەڵەى زمانەوانى دەکـرد، بەڕاسـتى سەرم سوڕما ووتم: چۆن دەبێت بەو شێوازە هەڵە بکرێـت کاتێـك چـاوم بـە دادوەر "حوجەتولدین" کەوت و ئەوەم بۆ گێڕایەوە چۆن ئەو هەموو هەڵەیـە لەسـەر زارى کەسێکى وا دێتە دەرەوە لە وەڵامدا ووتى: ئەم شارە هیچ شتێکى لێ نەماوە پێـى بوترێت زانستى زمانەوانى و کەس گوێى پێ نادات پاك و بێگەردى بۆ خواى مەزن چۆن دونیا گۆڕاوە، لە کاتێکدا کە بەسرە بە لانکەى زانایانى ڕێزمـان (علـم نحـو) دادەنرا کەچى ئێستا وتاربێژەکانى ناتوانن وەك باوانیان وتارێکى پـوختى زانسـتى بێ هەڵەى زمانەوانى پێشکەش بکەن!.

هەر ئەم مزگەوتە حەوت مەنارەى بانگدانى هەبوو بە درۆى خۆیـان لـە کـاتى ناوهێنانى پێشەوا عەلى ڕەزاى خودای لێبێت دەجوڵێنەوە، جارێکیـان سـەرکەوتە سەر مزگەوتەکە و هەندێك لە خەڵکى بەسـرەش لەگەڵمـدا بـوون، تەماشـام کـرد

لەلایەکیەوە شوێن دەستێکی بزماراوی هەیە و لێوەی سەر دەکەوێت، یەکێك لەو پیاوانەی لەگەڵمدا سەرکەوتن دەسکەکەی گرت و بە تووندی جوڵاندیەوە ووتی: بە حەقی ئیمامی عەلی رەزای خودای لێبێت بجوڵێ، مەنارەی بانگدانەکە کەوتە جوڵە ئنجا من دەسکەکەم گرت ووتم: بە حەقی ئیمامی ئەبو بەکری جێنشینی پێغەمبەرﷺ بجوڵێ ئینجا راموەشاند و دەستیکرد بە جوڵە سەریان سوڕما لەو کارە!. بەسراییەکان زۆربەیان لەسەر مەزهەبی ئەهلی سونەت و جەماعەتن، کەس ناترسیت لە ئەوها کارێك، بەڵام بەپێچەوانەوە ئەگەر کارێکی وا لە بەحرەین یان کاشان یان شاری قوم یاخود ساوە و ئاوە یان توس ئەنجام بدەیت، ئەوا لەناوەچێت چونکە خەڵکەکانیان رافیزەن و گۆشکراوی ئەو مەزهەبەن .

ئیبن جوزەی دەڵێت: ((لە شاری بەرشانە لە دۆڵی مەنسورەی ولاتی ئەندەلوس خودا مەنارەی مزگەوتەکانی بپارێزێت، جارێکیان تەماشای مەنارەی مزگەوتەکەم کرد دەجوڵایەوە بێ ئەوەی کەس دەستکاری بکات یان ناوی هیچ جێنشینێك باس بکرێت لە کاتێکدا مەنارەکانی لە جوانترینی مەنارەکانی دونیا بوون و زۆر بە جوانی و رێکی دروستکرابوون رۆژێکیان سەرکەوتمە سەرەوەی و یەکێك لە برادەرەکانم دەستیکرد بە راوەشاندنی دەسکێکی و بە ئاشکرا هەستم بە لەرزینی کرد و ئاماژەم کرد کە واز لەو کارە بهێنێت)).

نزرگە پیرۆزەکانی شاری بەسرە

لەوانە گۆڕی "تەڵحەی کوڕی عەبدوڵڵا"یە یەکێك لە دە کەسە مژدە پێدراوەکانە گومەزێکی لەسەر دروستکرابوو لەگەڵ مزگەوت و خانەقا، خواردن و خواردنەوە پێشکەش بە رێبواران دەکرا، خەڵکی بەسرە رێزێکی بێ پایانیان لە گۆڕی ئەم هاوەڵەی پێغەمبەرﷺ دەگرت هەروەها گۆڕی زوبێری کوڕی عەوام هاوڕێ و خۆشەویست و پوورزای پێغەمبەریﷺ لێیە بەڵام گۆڕەکە دەکەوتە دەرەوەی شاری بەسرە و مزگەووتی لێ دروست نەکرابوو بەڵکو تەنها خانەقای

لێبوو خواردن و خواردنەوەیان پێشکەش بە ڕێبـواران دەکـرد لـەو مـەزارانـەی تـر گۆڕی "حەلیمەی سەعدیە"ی دایکە شیردەرەکەی پێغەمبـەریﷺ لێیە لەگەڵ گۆڕی کوڕەکەی کە لەگەڵ پێغەمبەرﷺ پێکەوە شیریان خواردەوە، جگە لەوانەی باسیانم کرد گۆڕی (ئەبی بەکرە)ی هاوڕێی پێغەمبـەری لێیە.

شەش میل لە دەرەوەی شار و لە نزیك دۆڵی (سیباع) گـۆڕی خزمـەتکارەکـەی پێغەمبەر ﷺ "ئەنەسی کوڕی مالیکی" لێیـە بـەلاّم بـە کۆمـەڵ نـەبێت مـرۆڤ نایوێرا سەردانی بکات چونکە پڕ بوو لە درێندە، بـەدەر لەوانـەی باسـکران گـۆڕی "حەسەنی کوڕی ئەبی حەسەنی بەسری" گەورەی تـابعینی لێیـە هـەروەها گـۆڕی "محەمەدی کوڕی سیرین"یشی لێیە لەگەڵ گۆڕی "عوتبـەی غـولام" و "مـالیکی کوڕی دینار" و "حەبیب عەجـەمی" و "سـەهلی کـوڕی عەبـدوڵڵای توسـتەری" ڕەزای خودایان لێبێت هەموو ئەو گۆڕانە ناوی خاوەنەکەیان لەسـەریان نووسـرابوو لەگەڵ مێژووی کۆچکردنی و دیـوارێکی کۆنیـان وەك پـەرژین بـۆ دروسـتکرابوو، ئێستا نێوان ئەم دیوارە و شار سێ میلێك دەبێت و بێجگـە لـەم کەسـە بەڕێزانـە گۆڕێکی زۆری تری هاوەڵانی پێغەمبـەریﷺ لێیە، کە لە شەڕی جەمەلدا شەهید بوون.

ئەو کاتەی چومە بەسرە ئەمیری شار ناوی "ڕوکنەدین عەجەمی تەورێزی" بوو بەخێرهاتنی کردین و زۆریش ڕێزی لێمـان گـرت، شـاری بەسـرە دەکەوێتـە سـەر کەناری دەریای دیجلە و فورات بەهۆی هەڵکشان و داکشانی دەریـا ئـاوی زۆر بـوو کاتێك ئاوی دەریا هەڵدەکشێت شوێر دەبێت بەلاّم کاتێك دادەکشێت شیرین دەبێت هەروەها ئاوی کەنداوەکەی شوێر بوو نزیکەی دە میلێك لە دەریای فارسـەوە دوور دەبوو هەڵکشانی ئاوەکەی وەك ئاوی دەریای دۆڵی (سەلای) ولاّتی مەغریبە ئەوەی جێی سەرنجە کاتێك ئاو دادەکشا بەشێك لە ئـاوە شـیرینەکە شـوێر دەبـوو! بـەلاّم لەگەڵ ئەوەشدا خەڵکی بەسرە هەر ئاوی خواردنـەوەیان لـەوێوە بـۆ خۆیـان دابـین دەکرد.

ئیبن جوزەی دەڵێت: بەهۆی ئەوەی ئاوی بەسرە شوێرە، بۆیە ئاووهەواکەشی ناخۆش و نالەبارە و رەنگی خەڵکەکەی زەرد و ناشیرینن دیار و جیاوازن لەگەڵ ناوچەکانی تردا جارێکیان سواری بەلەمێکی بچوك بوم پێیان دەوت: سەنبوق لە کەناری دەریاوە بۆ ئوبولە نێوان ئەم شوێنە و بەسرە دە میلێك دەبوو دارستانێکی چڕوپڕی دارخورمای لێبوو بە لای راست و چەپدا لە ژێر سێبەرەکەیدا فرۆشیاران نان و ماسی و خورما و ماست و میوەیان دەفرۆشت . هەر لە نێوان بەسرە و ئوبولە شوێنێکی بچوکی عیبادەت هەبوو بە ناوی عەبدوڵڵای توستەریەوە کاتێك پاپۆڕەکان بە کەناری روبارەکەدا دەڕۆیشتن بۆ پیرۆزی ئاویان لەو شوێنە دەخواردەوە کە نزیك بوو لە گۆڕی عەبدوڵڵای توستەری، هەر ئەم شوێنە لە کاتی خۆیدا ناوەندی بازرگانەکانی هیند و فارس بووە، بەڵام ئێستا زۆری روخاوە و ئەوەی ماوەتەوە نیشانەی گەورەیی ئەم شوێنەیە، ویستی خودا وابوو لەگەڵ پیاوێك سواری بەلەمەکەی بووم کە خەڵکی ئەم شوێنە بوو ناوی مەغامیسی بوو لە دوای نوێژی مەغریبەوە گەشتمان کرد بە کەنداو و بە دەریای فارس بۆ بەیانی گەیشتینە ئاوایی عەبادان[1]، گوندێکی گەورە بوو باڵەخانەی تێدانیە خاکەکەی شوێرە مزگەوت و شوێنی پەرستگا و گۆڕێکی زۆری پیاوچاکانی لێبوو.

ئیبن جوزەی دەڵێت: عەبادان پێشتر شار بووە هەرچەندە کشتوکاڵی تێدا ناکرێت و ئاوی خواردنەوەشی کەمە و لە جێگای ترەوە بۆی دەهات، بەڵام جێگایەکی بەپیت و بەرەکەتە لەم بارەیەوە شاعیران بەم شێوەیە وەسفیان کردوە:

من مُبْلِغ أندلُساً أنني ... حللتُ عبادان أقصى الثرى

أوحشُ ما أبصرتُ لكنني ... قصدتُ فيها ذِكرها في الوَرى

الخُبز فيها يتهادونه ... وَشِرْبَةُ الماءِ بها تُشترى

---

[1] عەبەدان یان ئابەدان شارێکی گەورەیە و دەکەوێتە باشووری رۆژئاوای ئێرانەوە، لەسەر رۆخی دەریای فارسە. (وەرگێڕ)

هەر لەسەر دەریا مەزارێك هەبوو دەیانوت: هی "خزر و ئەلیاسە" سلاّوی خودا لە سەر هەردووکیان بێت، بە تەنیشتیەوە خانەقایەك هەبوو چوار هەژاری لێ بوو لەسەر یارمەتی خەلّکەکە دەژیان و کاریان خزمەتکردنی ئەو شوێنە بوو، خەلّکی ئەم خانەقایە ئەوەیان بۆم باسکرد لە عەبادان پیاوێکی خواناس و بەڕێز هەیە، هیچ کەس لەگەلّیدا ناژێت لە مانگێکدا یەك جار دێتە سەر دەریا و راو دەکات و قووتی ئەو مانگە دابین دەکات لە ماسی ئیتردیارنامێنێت چەندەها سالّە بەو شێوەیە دەژێت، منیش زۆر بە پەرۆشی ئەوە بووم بیبینم دوای گەڕانێکی زۆر جارێك لە مزگەووتیکی بچوکدا بینیم و لە تەنیشتیەوە دانیشتم ئەویش نوێژەکەی کورت کردەوە کە ئاوەڕی دایەوە ووتی: ((خودا بە ئاواتی خۆت بگەیەنێت لە دونیا و ئاخیرەت، سوپاس بۆ خودا من بە ئاواتی خۆم گەیشتم لە دونیا، کە ئەویش گەشت و گەڕان بوو زۆربەی شوێنەکانی جیهان گەڕاوم، کەس هێندەی من گەشتی ئەنجام نەداوە، تەنها ئەوە ماوە خودا بە بەهەشتم شاد بکات)).

کاتێك گەڕامەوە بۆ لای هاوڕێکانم و باسی ئەو پیاوەم کرد سەرسام بوون شوێنەکەم بۆیان باسکرد رۆیشتبوون بۆ بینینی بەلاّم نەیاندیبوو ، لە شەودا بوو گەڕاینەوە بۆ خانەقاکە ئەو چوار کەسە هەژارە لەوێ بوون، یەکێکیان پیشەی ئەوە بوو هەموو رۆژێك دەچو بۆ عەبادان و چرای مزگەوتەکانی دادەگیرساند ئنجا دەگەڕایەوە بۆ خانەقاکە لەوێ پیاوە خواناسەکە ماسیەکی گەورەی پێدەدات و دەلّێت: ئەو ماسیە بدەرە میوانەکەت ئەو رۆژە بە دیداری گەیشتم، کاتێ هەژارەکە هات ووتی: کێ لە ئێوە چاوی بەو پیاوە بەتەمەنە کەوتوە؟ منیش ووتم: من لە ولاّمدا ووتی: ئەو ماسییەی بە دیاری بۆ رەوانە کردوی ئیدی پێکەوە خواردمان بە هەموو تەمەنم هیچ کات ماسی وا خۆشم نەخوارد بوو، ئاواتە خوازم جارێکی تر بە دیداری شادببمەوە.

گەشتم دەستپێکردەوە بە دەریادا مەبەستم بوو خۆم بگەیەنە شاری (ماجول) لە نەریتمدا وابوو هەمیشە گەشتم بکردایە بۆ هەر جێگایەك، دواتر حەزم نەدەکرد

بەو شوێنەدا بگەڕێمەوە هەندێك لە هاوڕێکانم پێشنیاریان کرد کە یەکەمجار گەشتەکەم بۆ ناوچەی لوڕستان بێت پاشان بۆ عێراقی عەجەم و عێراقی عەرەب منیش بە قسەی هاوڕێکانم کرد و دوای چوار رۆژ کەوتینەڕێ و گەیشتینە ماجول شارێکی بچوکە لە رۆخی دەریای فارس خاکی شوێر بوو هیچ جۆرە کشتوکاڵێکی لێ ناکرا بازاڕێکی گەورەشی هەبوو رۆژێك لێی مامەوە دواتر ولاخێکم لەو جوتیارانە کڕی کە لە شاری رامزەوە گەڕیان دەهێنا بۆ ماجول پاشان کەوتینە ڕێگا و دوای سێ ڕۆژ گەیشتینە بیابانێك خەڵکەکەی لە ژێر دەواردا دەژیان کورد بوون دەڵێن: ئەمانە لە بنەڕەتدا عەرەبن.

دوای ئەم شوێنە چوینە رامز شارێکی جوان بوو پڕ لە دارودرەخت بوو لەوێ لای دادوەر حوسامەدین مەحمود ماینەوە چاویشم بە زانای بەناوبانگ "بەهائەدین" ناسراو بە (ئیسماعیل) کەوت لە بنەڕەتدا خەڵکی ولاتی هیندستان بوو شەوێك لە رامز بووین دواتر کەوتینە ڕێگا و دەشتاییەکی پان و بەرین هاتە ڕێمان، زۆربەی ئەو گوندانەی دەهاتنە ڕێمان دانیشتوانەکەی کورد[1] بوون، هەندێك لە گوندەکان خانەقای لێبوو خواردنیان پێشکەش بە ڕێبواران دەکرد خواردنەکانیش بریتی بوون لە گۆشت و نان و حەلوای شیرین لە هەموو خانەقایەك بانگبێژ و ئیمام و خزمەتکار و چێشتلێنەری بۆ تەرخان کرابوو.

دوای ئەم شوێنە گەشتم کرد بۆ شاری (توستەر) کە کۆتا شاری سنوری دەوڵەتی ئەتابەك بوو ئەم شارە دارودرەخت و بێستانی جوانی هەبوو مێژوەکەشی زۆر کۆن بوو لە سەردەمی "خالیدی کوڕی وەلید" ڕەزای خودای لێبێت فەتح کراوە ڕەچەڵەکی والیەکەی دەگەڕایەوە بۆ "سەهلی کوڕی عەبدوڵڵا" ئەوەی سەرنجی ڕاکێشام ڕوبارەکەی بوو ناوی ئەزرەق (شین) بوو هیچ ڕوبارێکم نەدیوە هێندەی ئەم

---

[1] ئەم جێگایانەی باسی دەکات کە زۆربەی کورد بوون، ناوچەکانی لوڕستان وعیلامی رۆژهەڵاتی کوردستانە ئیبن بەتوتە بەڕونی ناماژەی پێکردوە .(وەرگێڕ)

ڕوبارە ئاوەکەی شین بێت!، جگە لە ڕوباری بەڵخشان نەبێت هەروەها دەرگایەکی هەبوو پێیان دەوت (دەروازە دەسبول) لای ئەوان دەروازە واتا: دەرگا خەڵکەکەی بە بەلەم دەپەڕینەوە وەك چۆن خەڵکی بەغداد و حیلە بە بەلەم دەپەڕنەوە و لەسەر ڕۆخی ڕوبارەکە سەرقاڵی کشتوکاڵ و باخی میوەجات بوون.

ئیبن جوزەی دەڵێت: خەڵکی وەسفی ئەم ڕوبارە دەکەن و دەڵێن:

أُنظرْ لِشاذروان تُستر وأعجبِ مِنْ جمعِهِ ماءٍ لِـريَ بِلادِهِ

كَكَمي قومٍ جُمعَت أموالَـه فغَـدا يُفرِقُـها على أجنادِهِ

ئەم شوێنە زۆر بەپیت و بەرەکەت بوو هەموو جۆرە میوەیەکی هەبوو بازاڕەکەی نمونە بوو لە ناوچەکەدا مەزارێکشی لێ بوو خەڵکی زۆر ڕوویان تێدەکرد بۆ پیرۆزی و دەیانوت: هی زەینەلعابدینی کوڕی ئیمام حوسێنی کوڕی عەلی کوڕی ئەبی تالیبە، ئەو ماوەیەی لە شاری توستەر بووم لە قوتابخانەی شەرەفەدین موسای کوڕی سەدرەدین سولەیمان بووین ئەم بەڕێزە لە نەوەی "سەهلی کوڕی عەبدوڵڵا"یە خانەقایەکی هەبوو ببووە شوێنی بانگەواز و ئیسلاح و لە خۆبردویی جێگای زانست و دینداری بوو بەڕاستی ئەم زاتەش خۆی کەسێکی ڕەوشت بەرز و چاکەکار بوو قوتابخانەکەی پڕ بوو لە قوتابی و خزمەتکار هەروەها چوار کوڕی هەبوو بە ناوەکانی کافور و سونبل و جەوهەر و سرور ماوەی دە ڕۆژ لەوێ بووین ئەوەندە خزمەت کراین وەسف ناکرێت باشترین خواردن پێشکەش بە میوانەکان دەکرا وەك: برنجی بیبەراوی و گۆشت و مریشکی برژاو لەگەڵ حەڵوا و نان.

ئەم زانا بەناوبانگە کە پێشتر ناماژەمان پێکرد خاوەن ڕەوشت و پێگەیەکی تایبەت بوو کەسێکی یەجگار بەتوانا وکاریگەر بوو لە وتاردان، کاتێك گوێبیستی وتارەکەی دەبووی دەتوت: کەس نییە هێندەی ئەم پیاوە بەتوانا بێت لە وتاربێژیدا!. جارێکیان لە مەجلیسێکیدا دانیشتم لەسەر ڕۆخی دەریا هەموو

زاناکان ئاماده بوون له باخێکدا بوو خواردنی بۆ هەموو ئاماده کرد بوو پاشان نوێژی نیوەڕۆ کرا و خۆی ئیمامەتی کرد دوای خواردنی نانی نیوەڕۆ دووبارە دەستکرایەوە بە ووتاری ئامۆژگاری کردن و قورئانخوێندن بە جوانترین ئاواز قورئان دەخوێندرا .ئامادەبووان لە کاتی ووتاردا هەموو دەگریان ئەگەر یەکێك لە ئامادبووان پرسیاری هەبووایە لای خۆیەوە پرسیارەکەی لەسەر کاغەزێك دەنوسی پاشان وەڵامی پرسیارەکانی دەدایەوە کە ئەمەش لای خەڵکی عەجەم نەریتە.

حیکایەتی پیاوە پیرە بەخشندەکە

لە توستەر تووشی تایەکی زۆر توند بووم ئەو جۆرە تاو لەرزە نەخۆشیەکی بڵاوە لەو ناوچانەی دار و ئاوی زۆرە، هەر لەو ماوەیەی لەوێ بووم ئەم تایە تووشی هاورێکانم بوو بەهۆیەوە شێخ "یەحیا خۆراسانی" کۆچی دوایی کرد، پیاوێکی پیری بەخشندە هەبوو هەموو خەرجی کفن و بەخاکسپاردنی گرتە ئەستۆی خۆی دواتر هەر بەو نەخۆشییە، هاورێیەکم هەبوو بە ناوی "بەهائەدین خەسنی" بەیانیەك جێم هێشت و دوای من ئەویش کۆچی دوایی کردبوو.

رۆژێك نەخۆش بووم ئارەزوی خواردنم نەدەکرد بەتایبەتی ئەوەی لە قوتابخانەکە لێدەنرا زانای شەرعناس "شەمسەدین سندی" بانگی یەکێك لە قوتابیەکانی کرد پێی ووت: خواردنێکی تایبەتی بۆ ئاماده بکە ئەویش جێبەجێی کرد و منیش چەند درهەمێکم پێدا ووتم: لە بازاڕ خواردنەکەم بۆ ئاماده بکە کاتێك هەواڵەکە گەیشتەوە بە پیاوە پیرە بەخشندەکە تووڕە بوو ووتی: چۆن کارێکی وادەکەیت لە بازاڕ خواردن دەکڕیت ئیتر بانگی قوتابیەکانی کرد و پێیانی راگەیاند کە دەبێت هەموو جۆرە خواردنێك لە قوتابخانەکە لێبنرێت هەروەها ووتی: میوانەکان ئارەزووی چی دەکەن، دەبێت ئەوەیان بۆ ئاماده بکەن، خودا پاداشتی بداتەوە.

دوای توستەر کۆچمان کرد بۆ ناوچەی چیا سەرکەشەکان، سێ ڕۆژ بە ڕێگاوە بووین گەیشتینە شاری (ئەیزەج) پێشیان دەوت مالّی ئەمیر چونکە مەلّبەندی سولّتانی ئەتابەك بوو لەوێ چومە خزمەتی زانای پایەبەرز "نورەدین کرمانی" لەبەر پێگە زانستیەکەی کەسێکی دەستڕۆیشتوو بوو سولّتان ڕێزێکی تایبەتی لێی دەگرت، بۆ خۆی لەگەلّ کاربەدەستەکانی تری ولّات دەچوە خزمەتی خانەقا و قوتابخانەی تایبەتی هەبوو ڕێزێکی زۆری لێم گرت و میوندداری کردم ئەوکات هاوین بوو کەشوهەوا گەرم بوو بە شەوو لە سەربانی خانەقاکە دەنووستین کە ناوی (دینەوەری)بوو بە ڕۆژیش لە ژوورەوە کۆمەلّێکی تری هەژار لەگەلّمدا بوون ژمارەیان دوازدە کەس بوو دووانیان ئیمام بوون و دووی تریشیان قورئانخوێن بوون لەگەلّ خزمەتکار.

پاشای ئەیزەج و توستەر

پاشای ئەیزەج [1]ناوی سولّتان "ئەفراسیاب کوڕی سولّتان ئەتابەك ئەحمەد"

بوو ئەتابەك لای ئەوان بە واتای کەسێکی بەرز و پلەدار دێت ئەم ناوچەیەش پێی دەوترێت ولّاتی لوڕەکان ئەم سولّتانەش دەسەلّاتی لە دوای براکەیەوە بۆ مابووەوە کە ناوی "یوسف" بووە بە هەمان شێوە ئەویش لە باوکیەوە دەسەلّاتی وەرگرتبوو کە ناوی "سولّتان ئەحمەد" بووە.

خەلّکی باوەڕێکراو ئەوەیان بۆم گێڕایەوە کە سولّتان ئەحمەد لە سەردەمی دەسەلّاتیدا زیاتر لە چوار سەد و شەست خانەقای دروستکرد بوو چل و چواریان تەنها لە ناو شاری ئەیزج بوو داهاتی ولّاتیشی دابەش کردبوو بۆ سێ بەش، بەشێکیان بۆ خەرجی خانەقاکان و بەشێکی تریشیان بۆ سەرباز و پاسەوانان و

---

[1] ـ سنوری (توستەر)و (ئەیزج) دەکەوێتە پارێزگای خوزستان لە ئێران. (بروانە ئەم لینکە /ایذج /ar.wikipedia.org)

بەشی سێیەمیان بۆ خۆی و کەسوکار و دەست و پەیوەندەکانی جار جاریش پارە و پولّ و دیارییەکی زۆری رەوانە دەکرد بۆ پاشای عێراق.

ئەو ماوەیەی کە لە ئەیزج بووم کارە ناوازەکانی ئەم سولّتانەم بە چاوی خۆم بینی

هەموو ئەو رێگایانەی کە بە ناو چیا سەختەکاندا دروستکرابوون تەخت و رێك کرابونەوە هەندێك شوێن هەبوو کە بەردی سەختی لێبوو شکێنرابوون، تا بە ئاسانی ولاخ پێیدا تێپەڕ بێت ئەم ولاتە هەموو لایەکی چیای سەرکەش و ڕوبار و داری بەڕوو بوو خەڵکەکەی بەڕوویان دەهاڕی و دەیان کرد بە نان، هەر کاتێك لە هەر جێگایەکی ولاتی ئەتابەك و لە هەر خانەقایەك لاتبدایە خواردنیان بۆت دەهێنا کە بریتی بوون: لە گۆشت و دوو نان لەگەڵ ئالّفی ئاژەڵ جا داوات بکردایە یاخود نا هەموو ئەمانە لەسەر خەرجی سولّتان بوون بەڕاستی سولّتان ئەحمەد کەسێکی بەخشندە و خواناس و زاهید بووە دەڵێن: پۆشاکی موی ئاژەڵی لەبەردەکرد وەك سزادانی خۆی.

نەریتی خەڵکی ئەیزج لە کاتی مردنی ئەمیرەکانیاندا

دەگێڕنەوە جارێك سولّتان ئەحمەد دەچێتە سەردانی پاشای عێراق (ئەبی سەعید) کاتێك لە کۆشك نزیك دەبێتەوە دەست و پێوەندەکانی پاشا تەماشا دەکەن لە ژێرجلەکانی قەڵغانی بەستوە بۆیە روو دەکەنە پاشا و پێی دەڵێن: ئەتابەك هاتووە بۆ سەردانی و قەڵغانیشی بەستووە ئەویش پێیان دەڵێت: برۆن لە جێگایەکی گونجاو بە شێوازێکی شایستە بیپشکنن بزانن قەڵغانی بەستووە یان نا ئەمیر "جوبان"ی گەورە ئەمیری عێراق و دیاربەکر و شێخ حەسەن کە ئیستا سولّتانی عێراقە بانگی ئەتابەك پاشا دەکەن و دەست دەکەن بە گاڵتەکردن لەگەڵیدا و پۆشاکەکەی دەگرن کە تەماشای دەکەن سولّتان ئەحمەد پۆشاکێکی مووی پۆشیوە، لەو کاتەدا پاشای گەورەی عێراق خۆی لە دوورەوە تەماشای دەکات، بۆیە دەچێتە لای و باوەشی پێدا دەکات و ماچی دەکات و بە زمانی

تورکی پێی دەڵێت: (سەن ئەتا) واتا: تۆ وەك باوکمی زۆر ڕێزی لێ دەگرێت و دیاری و یەرلیغ و پارەیەکی زۆری دەداتێ زیاتر لەوەی خۆی هێنابووی، هەروەها وەسێتیش دەکات بۆ کوڕەکانی کە هیچ کات دیاری لێ وەرنەگرن. هەر لەو ساڵەدا سوڵتان ئەحمەد دەمرێت و کوڕەکەی ئەتابك یوسف جێگای دەگرێتەوە بۆماوەی دە ساڵ لە دەسەڵات دەمێنێتەوە دواتر ئەفراسیاب جڵەوی وەردەگرێ، چومە ئەیزەج ویستم چاوم بە ئەفراسیاب بکەوێت بەڵام نەمتوانی چونکە نەدەهاتە دەرەوە تەنها لە ڕۆژی هەینیدا نەبێت لەبەرئەوەی ئالودەی مەی خواردنەوە ببوو ئەوەی کارەکانی بۆ رایی دەکرد کوڕە تاقانەکەی بوو دوای ماوەیەك نەخۆش دەکەوێت.

شەوێك یەکێك لە کاربەدەستەکانی هاتە لام و هەوالّی پرسیم دواتر ڕۆیشت ئێوارانێك هەندێك لە خزمەتکارەکانی هاتنەوە دوو مەنجەلّی گەورەیان پێبوو یەکێکیان خواردن و ئەوەی تریان میوە بوو لەگەڵ کیسەیەك لە درهەم و چەند دەفڕن و گۆرانی بێژێکشیان لەگەڵدا بوو گووتیان: کێ لە ئێوە ئاوازبێژە تا مەقام بڵێت بۆ کوڕی سوڵتان ببەستین، منیش ووتم: کەسێکی وا نییە لە هاوڕێکانم ئەوە بکەن بۆیە دەستمان کرد بە نزا بۆ سوڵتان و کوڕەکەی و درهەمەکانیان بەسەرماندا بەخشانەوە ئەوەندەمان زانی لە نیوەی شەودا هەرا و گریان دونیای گرتەوە هاواریان دەکرد نەخۆشەکە مرد واتا: کوڕی سوڵتان.

بۆ بەیانی.. پێشەوای خانەقا و هەندێك لە پیاوانی شار هاتنە لام ووتیان: ئەمڕۆ گەورە پیاوانی شار و کاربەدەستان و دادەوەر و زاناکان هەموو دەچنە مالّی سوڵتان بۆ ماتەم گێڕان بۆیە تۆش لەگەڵیاندا بڕۆ لە وەڵامدا ووتم: ناتوانم بۆیە زۆریان لێم کرد و منیش رازی بووم لەگەڵ ئاپۆرای خەڵکدا چومە مالّی سوڵتان، تەماشام کرد حەوشەی مالّ پڕە لە خەڵکی سەرباز و کاربەدەست بنەماڵەی پاشا هەموو پۆشاکی ماتەمیان لەبەر کردبوو سەریشیان لە قوڕ و کا گرتبوو هەندێکیان کاکۆڵیان تاشیبوو ببوون بە دوو بەشەوە هەندێکیان لە سەرەوەی گۆڕەپانی حەوشەکە بوون هەندێکیان لای خوارەوە ئنجا هاواریان دەکرد: (خەوەند کاری ما)

واتا گەورەی ئێمە گەورەمان لەدەستچو ئەوەندە زۆر بوون جمەیان دەهات پێشتر هەرگیز دیمەنی وام نەبینی بوو!.

حیکایەتی بەخاکسپاردن و ماتەمگێڕانی کوڕی سوڵتان

شتێکی نامۆ!.. کاتێ چومە ژوورەوە، تەماشام کرد دادوەر و وتاربێژ و پیاوە گەورەکان دانیشتبوون و پاڵیان دابوو بە دیوارەوە، هەندێك دەگریان و هەندێك چاویان بە فرمێسکەوە بوو هەندێکیش لە خۆیان دەدا و هەریەکەیان جلێکی لە خام دووراوی نارێکیان لەبەرکردبوو لەسەر پۆشاکەوە لەگەڵ عەمامەیەکی رەش ئەوەش نەریتیان بوو تا چل رۆژ وەك ماتەم گێڕان و دەربڕینی غەم و پەژارە دوای چل رۆژ سوڵتان خۆی بۆ هەریەکەیان جل و پۆشاکی نوێ دەنێرێت هەندێك وەستام و چاوم بەملاولادا گێڕا بینیم سەکۆیەك هەیە پیاوێك لە سووچێکیدا بەتەنها دانیشتووە و جلێکی ئەستوری لە لباد دروستکراوی لەبەردایە واش باوبوو کەسی هەژار ئەمانەی لەبەر دەکرد بەتایبەتی لە کاتی باران و بەفردا رۆیشتم بۆ لای و لێی نزیك بوومەوە خەڵکی هەموو تەماشامیان دەکرد.

سەرم سووڕما بۆچی وا تەماشام دەکەن پیرە پیاویش هەر لێی نزیك بوومەوە هەندێك بەرز بووەوە وەکو رێزێك دوایی زانیم کە ئەوە سوڵتانە، یەکێك لە زاناکان کە دادوەر بوو ئاماژەی پێم کرد دابنیشم دواتر "شێخ نورەدین کرمانی" هات و لە نێوان من و سوڵتاندا دانیشت ئنجا تەرمەکەیان هێنا کە لە ناو گەڵای نارنج و لێمۆدا بوو، خەڵکەکەش هەر یەکە و لقێکی داری بەدەستەوە بوو هەستت دەکرد تەرمەکە بە ناو باخدا دەڕوات هەندێکیش رمیان بەرز دەکردەوە و سەری رمەکان چرا و فانۆسی پێوە بوو نوێژیان لەسەر تەرمەکە کرد و بردیان بۆ گۆڕستانی پاشاکان کە دەکەوتە دەرەوەی شار بە تەنیشتیەوە مزگەووتیك و قوتابخانەیەك دروستکرابوو لە نزیك ڕوبارێکەوە بوو بەو شوێنەیان دەوت: هەلافیحان لە

مزگەوتەکەدا نوێژی هەینیان دەکرد و خواردنیش پێشکەش بە ڕێبواران دەکرا.

من نەمتوانی تا گۆڕستان لەگەڵیاندا بڕۆم، بۆیە دوای چەند ڕۆژێك پاشا کەسێکی نارد بە دوامدا دەگەڕا، کە یەکترمان بینی ووتی: سوڵتان داوات دەکات منیش لەگەڵیدا ڕۆیشتم تا چوینە شوێنێك پێیان دەوت: دەرگای نهێنی بە پلیکانەیەکی زۆردا سەرکەوتین تا گەیشتینە جێگایەك کە هیچ ڕاخەرێکی لێ نەبوو، هەستم کرد لەبەر ماتەمگێڕان ئەوەیان نەکردوە تەماشام کرد سوڵتان دانیشتوە لە تەنیشتیەوە سەرین دانراوە لەگەڵ دوو قاپی سەرداپۆشراو یەکێکیان ئالتون بوو ئەوەی تریان زیو منیش لەسەر بەرمالێکی سەوزی داخراو دانیشتم، ئەوەی لەگەڵیدا بوو تەنها پاسەوانەکەی بوو کە ناوی "فەقیە مەحمود" بوو لەگەڵ هاوڕێیەکی خۆی ناویم نەدەزانی. کاتێك سوڵتان دەستی کرد بە گفتوگۆ زانیم سەرخۆشە، پرسیاری ولاتەکەمی کرد لەگەڵ هەوالی مەلیك ناسر و ولاتی حیجاز منیش وەڵامم دایەوە دوایی زانایەکی گەورە هات و سوڵتان دەستیکرد بە مەدح کردنی ووتی: ئەم بەڕێزەش گەورە زانای عەجەم مەولانا "فەزیلە"یە ووشەی مەولانا وەك ڕێزێکی گەورە بەکاردێت، سوڵتان و خەڵکی تریش هەر بەو شێوەیە وشەی مەولانا بەکاردەهێنن زۆر وەسفی کرد، ئیتر زانیم پاشا لەسەر خۆی نییە و مەی تێکیداوە پێشتریش ئەوەم بیستبوو کە ئالوودەی مەی بووە هەروەك بە زمانی عەرەبی پوخت و پاراو دەئاخاوت.

پێم ووت: تۆ لە نەوەی پیاوێکی گەورەی ئەتابەك "ئەحمەد"ی ناسراو بوو بە زوهد و خواناسی و چاکسازی ئەوەی ئەمڕۆ دەسەلاتی تۆی ناشیرین کردوە تەنها ئەم شتەیە دەستم دڕێژ کرد بۆ دوو قاپە مەیەکە کە وام پێووت: هەستی بە شەرمەزاری کرد ویستم بڕۆم دەستمی گرت ووتی: دانیشە پیاوی وەك تۆ لە هەر مەجلیسێکدا بێت بەرەکەتە دوای ماوەیەك زانیم سوڵتان ماندوە و خەوی دێت ئیتر هەستام، لە دەرەوە تەماشام کرد نەعلەکانم دیار نەماون فەقیە مەحمود گەڕا و بۆمی هێنا و نەعلەکەمی ماچ کرد منیش ووتم: خەجالەتت کرد بۆ واتکرد ووتی:

تا ئێستا کەس قسەی وای بە سوڵتان نەوتوە رەحمەتی خودات لێ بێت بەڵکو قسەکانت کاری تێ بکات .

دوای چەند رۆژێك لە خزمەتی سوڵتانی ئەیزیج کەوتمەڕێ تا گەیشتمە گۆڕستانی پاشاکان لەوێ لە قوتابخانەکەی چەند رۆژێك ماینەوە، سوڵتان برێکی باشی دەرهەمی بۆ خۆم و هاوڕێکانیشم نارد دوای ئەوە گەشتم دەستپێکردوە، دە رۆژ بە رێگاوە بووین بە هەر ناوچەیەکی شاخاوی بەرز و بڵندا تێپەڕ دەبووین خانەقای لێبوو خواردن و خواردنەوە پێشکەش دەکرا ئەگەر خانەقا لە هەر جێگایەکیشدا بووایە ئاوەدانی لێ نەبووایە هەر خواردن و خواردنەوەی لێ دابین دەکرا بۆ رێبواران.

لە رۆژی دەیەم چوینە قوتابخانەیەك ناوی (رەخ) بوو کۆتا سنوری دەسەڵاتی ئەتابەك بوو کەووتینەڕێ لە دەشتاییەکەوە هەتا بڵێیت پان و بەرین بوو ئاوی زۆریشی هەبوو لەژێر قەڵەمڕەوی ئەمیری ئەسفەهاندا بوو دواتریش لەوێوە بۆ شاری (ئوشتورکان) جێگایەکی جوانی پڕ لە دارودرخت و باخ و بێستان بوو مزگەوتیکی قەشەنگیشی تێدا بوو روبارێکی پێدا تێپەر دەبوو ئەوەندە لە ئوشتورکان نەماینەوە دووبارە کەووتینەوەڕێ بۆ شارۆچکەی (فەیرۆزان) دوای عەسرانێك بوو گەیشتینە ئەوێ، ئاوەدانیەکی بچوك بوو بەڵام پڕبوو لە باخ و بێستان ئەوەی لەوێ بینیمان خەڵکەکەی هەموو دوای تەرمێك کەوتبوون بەرەو گۆڕستان لە دواوەی خەڵکەکە و لە پێشەوەشیان ئاگری مەشخەڵیان داگیرساندبوو هەندێك کەسیش دووزەلەیان لێدەدا و ئاوازیان دەچڕی زۆر بەلامانەوە جێی سەرنج و سەرسوڕمان بوو!. شەوو ماینەوە بۆ بەیانی کەوتینەوەڕێ بە تەنیشت گوندێکدا تێپەڕ بووین پێیان دەوت (نەبلان) گەورە و جوان بوو مزگەوتیکی تێدا دروستکرابوو شوێنەکەی بەرز بوو بە چەند پلیکانەیەك بۆی سەردەکەوتیت چواردەوری بە دارودرخت گیرابوو، دوای رۆژێك بەڕێکەوتین و بە تەنیشت گوند و باخ و کانی و ڕوباردا ئنجا گەیشتین بە شاری ئەسفەهان لە عێراقی عەجەم.

ئەسفەهان

ئەسفەهان لە جوانترین شارەکان بوو هەتا بڵێی ئاوەدان و مەزنە بەڵام هەندێکی روخابوو بە هۆی شەڕی نێوان ئەهلی سونە و شیعە رافیزەکانەوە بەردەوام و ئێستاش ئەو کێشەیە هەر هەیە خەڵکەکەی روخسار جوان بوون و سپی و گەنم ڕەنگ بوون بەڕێز و ئازا و بەخشندە بوون هەروەها خەڵکی پیشەوەری زۆری هەبوو، لە هەموو جۆرە پیشەیەکدا شارەزا بوون چینێکی تایبەت لە دانیشتوانەکەی یەجگار دەوڵەمەند بوون، ئەوەیان بۆم گێڕایەوە کە هەندێك جار یەکتری دەعوت دەکەن، کەسێك بانگی هاوڕێکەی دەکات و دەڵێت با بڕوێن نان و ماست بخوێن بەڵام هەر ئەوەندە نییە بەڵکو لە باشترین و جوانترین خواردنیان پێشکەش دەکرد جاری واش هەبوو بۆ شانازی کەسێك بانگی هاوڕێکانی دەکرد و خواردنی بە ئاگری (مۆم) بۆیان ئامادە دەکرد هەشبوو ئاوریشمی دەسوتاند و بە ئاگرەکەی خواردنی ئامادە دەکرد ئەوەش نیشانەی کەشخەیی و دەوڵەمەندی بوو.

ئەسفەهان لە باشترین و خۆشترین میوەی هەبوو، جۆرە شوتیەکی هەبوو تووکڵەکەی سەوز بوو ناوەکەی سوور لە خۆشترین و بەتامترین میوەی جیهان بوو شوتی هیچ جێگایەکی پێ نەدەگەیشت جگە لە شوتی ولاتی بوخارا نەبێت هەروەها قەیسی هەبوو کە وشکیان دەکردەوە هەڵیان دەگرت بۆ وەرزێکی تر ناوکەکەی شیرین بوو وەك گوێز هەروەها (سەفەرجەل)یان زۆر بوو کە میوەیەکی بەناوبانگ و گەورە و بەتامە. ئەو کاتی چوینە ئەسفەهان لە خانەقای "عەلی کوڕی سەهل" ماینەوە قوتابی "شێخ جونەیدی بەغدادی" بوو هەر کەسێك لە ڕێبواران لەوێدا پشوی وەربگرتایە، ئەوا خواردن و خواردنەوەی بێ بەرامبەر

پێشکەش دەکرا[1] گەرماوی پاکی لێبوو کە زەویەکەی ڕوو پۆشکرا بوو بە بەردی مەڕمەڕی(ڕوخام) دیوارەکەشی بە بەردی (قاشان) بونیاتنرابوو پارەش لە کەس وەرنەدەگیرا بەڵکو بێ بەرامبەر ئەو خزمەتە پێشکەش دەکرا ماوەی چواردە ڕۆژ لەو

خانەقایە و لای زانا و خواناس "قوتبەدینی" ماینەوە بەڕاستی کەسێکی چاکەخواز بوو هەمیشە ئارەزوی خزمەتکردنی هەژار و بێکەس و ڕێبوارانی دەکرد، هەر لە یەکەم ساتەوە کە گەیشتمە خانەقاکە خزمەتی کردین پۆشاك و خواردن و سێ شوتی بۆم نارد لەو شوتیەی پێشتر وەسفم کرد.

جارێکیان لە جێگایەك بوین لە نێو خانەقاکە دەیڕوانی بەسەر باخچەکەیدا تەماشامکرد پۆشاکەکانی شێخ هەموو شۆڕا بوون لە نێو باخەکەدا هەڵواسرابون لە نێو پۆشاکەکانی جبەیەکی تێدا بوو زۆر جوان و نایەب بوو پێیان دەوت"هەزارمێخ" لە ناخی خۆمەوە ووتم: من بەدوای ئەم جۆر جبانەدا دەگەڕێم دەمویست دەستم بکەوێ لەوکاتەدا بوو شێخ بانگی خزمتکارێکی کرد ووتی : ئەو جبە هەزار مێخەم بۆ بهێنن تەماشامی کرد ووتی : ئەمە بۆ تۆیە ئیتر لەبەرمی کرد لە خۆشیدا ئارەزوم دەکرد قاچەکانی ماچبکەم دواتر دوام لێکرد مۆڵەتی ئەوەم پێبدات تا لچکەکەی سەریم پێبدا کە لە باوکێوە وەریگرتبوو باوکیشی "شەمسەدین" لە باپیرێ "تاجەدین مەحمود "وەریگرتبوو ئەویش لە"شەهابەدین علی" ... ...هتد(بەم شێوەیە دەست بە دەست ـ ورگێر) تا دەگەیشتەوە پێشەوا علی ڕەزای خودای لێبێ. دوای شاری ئەسفەهان بە مەبەستی زیارتکردنی شێخ مەجدەدینی شیرازی بڕیاری گەشتکردنم دا بۆ شاری شیراز، نێوان ئەسفەهان و

---

[1] ئەو کارانە کە لە کاتی خۆیدا پێشکەش دەکرا بە ڕێبواران و هەژاران و مسوڵمانان، جێی سەرنجن کە لە ئەوها سەردەمێکدا ئەو هەموو خزمەتە، وەك قوتابخانە و خانەقا و خزمەتگوزاری ڕێگاوبان و یارمەتیدانی هەژاران و ڕێبواران بێ بەرامبەر کراوە، هەموو ئەمانە ئاماژەن بۆ ئەوەی کە بیرویاوەڕی ئیسلامی هەمیشە فاکتەری سەرەکی بەهێز بووە لە پشتی مسوڵمانانەوە، بۆ داهێنان و خزمەتگوزاری و بونیاتنان. (وەرگێڕ)

شیراز (١٠) دە رۆژ رێگا بوو، سەرەتا چوینە شاری (کەلیلە)کە سێ رۆژ لە ئەسفەهانەوە دوور بوو، جێگایەکی خۆش بوو پوبار و کانیو ئاوێکی زۆری هەبوو لەگەڵ داری سێو پانزە رەتڵی عێرقی سێو بە دەرهەمێك دەفرۆشرا هەر دەرهەمێك سێ پارچە نوقرەیە لەم شارە چوینە خانەقای ناوداری شارەکە بە "خواجە کافی" ناسرابوو مااڵێکی زۆری هەبوو لە خزمەتکردنی خەڵکی و رێبوارانداخەرجی دەکرد.

دواتر چوینە (یەزدخاسە) شارۆچکەیەکی بچوکە بەاڵم خانوی جوان و بازاڕ و مزگەووتی تێدا بوو ئەوەی جێی سەرنج بوو مزگەوتەکەی بوو بە بەرد دروستکرابوو کاتێك تەماشای شارۆچکەکەت دەکرد کەوتبووە ناو شوێنێکی نزمەوە، وا هەستت دەکرد لە خەندەقدایە هەموو چواردەوری بە دار و بێستان و رەز گیرابوو، هەر لە دەرەوەی شارۆچکەکە جێگایەك هەبوو بۆ هەژاران و رێبواران دەرگاکەی لە ئاسن دروستکرابوو، زۆر پارێزراو بوو هەموو شتێکی لێ دەفرۆشرا بۆ رێبواران ئەوەی دروستی کردبوو ناوی ئەمیر "محەمەد شا یەنجو" بوو باوکی "ئەبی ئیسحاقی شیرازی" سوڵتانی شیراز هەر لە یەزدخاسە جۆرە پەنیرێك دروست دەکرا زۆر بەتام بوو. دیسانەوە بە بیابانێکدا گەشتمان دەستپێکردوە ناوی دەشت رۆم بوو زۆربەی دانیشتوانەکەی تورك بوون پاشان چوینە(مابین) کە شارۆچکەیەکی بچوك بوو دواتر گەیشتینە شیراز .

شیراز

شیراز شارێکی بەناوبانگ و رەسەنە بە خانوو و باڵەخانە ناسراوە هەروەها رەز و باخی جوانی زۆر بوو بۆ هەر لایەکی دەڕوێشتیت داری میوە و باخی جوان و قەشەنگ بوو شاریش پڕ بوو لە خانووی جوان بە رێکی دروستکرابوون شەقامەکانی پان و خاوێن بوو، بە هەمان شێوە خەڵکەکەشی پاك بوون گرنگیان بە پاکژی جلوبەرگەکانیان ئەدا کەسانێکی زۆری پیشەوەر لە شیراز هەبوون، بازاڕی تایبەتی

خۆیان هەبوو کەس تێکەڵیان نابوو جگە لە هاوپیشەی خۆیان نەبێت، هیچ شارێك نییە هاوشێوەی دیمەشق بێت لە جوانی خانوەکانی و بازاڕەکەی و خاوێنی.. جگە لە شیراز نەبێت کە دەکەوێتە دەشتایەکەوە لە هەموو لایەکەوە بە سەوزایی و باخ داپۆشرابوو، پێنج ڕووبار بە ناویدا دەڕۆیشت، بەناوبانگترینیان(روکن ئاباد) بوو ئاوەکەی شیرینە لە هاویندا سارد و لە زستاندا گەرم لە لوتکەی چیایی قولەیعەوە هەڵدەقوڵا مزگەوتەکەی ناوی عەتیقە بوو بە ناوبانگ و گەورە بوو زەویەکەی بە بەردی مەڕمەڕ داپۆشرا بوو هەموو شەوێك لە کاتی گەرمای هاویندا دەشۆردرا پیاوە ناودار و زاهیدەکان لە دوای نوێژی خەوتنان لەم مزگەوتەدا کۆدەبونەوە نوێژی شێوان و خەوتنانیان ئەنجام ئەدا لای باکوریەوە دەرگایەك هەبوو دەیڕوانی بە نێو بازاڕی میوە فرۆشەکانی شار بازاڕەکەش لە جوانترین ئەو بازاڕانە بوو کە من بینیومە، شیرازیەکان کەسانی خواناس و پاك بوون ئارەزوی دینداریان دەکرد و داوێنپاك بوون بەتایبەتی ئافرەتەکانیان کاتێك دەرئەچون هەموو پەچەیان دەکرد و بەهیچ شێوەیەك کەس نایتوانی تەماشایان بکات، هەمیشە خەریکی چاکە و سەدەقات بوون ئەوەی سەرنجی منی راکێشا ئەوە بوو هەموو ڕۆژێکی دووشەمە و پێنجشەمە کۆدەبونەوە بۆ گوێگرتن لە ووتار و ئامۆژگاری لە مزگەوتی جامع ئەعزەم هەندێك جار ژمارەیان دەگەیشتە هەزار یان دووهەزار هەریەکەیان باوەشێنێك بە دەستییەوە بوو لەبەر گەرمی باوەشێنی خۆیان پێی دەکرد هیچ کات و لە هیچ شوێنێك کۆبوونەوەی هاوشێوەی شیرازم نەبینوە بەو شێوەیە ئافرەتان کۆببنەوە!.

ئەو ماوەیەی کە لە شیراز بووم ویستم برۆمە خزمەت زانا و دادوەر "مەجدەدین ئیسماعیل خودادە" مانای خودادە واتا: بەخشندەی خودا گەیشتمە قوتابخانەی (مەجد)بە ناوی خۆیەوە ناونرابوو، هەر لەوێ بالەخانەی خۆی لێبوو تێیدا دەژیا من و چوار لە هاوڕێکانم لە کاتی نوێژی عەسردا چوینە خزمەتی و چاوەڕوانی ئەو بووین دواتر تەماشام کرد زانا و فەقیهەکانیش لە چاوەڕوانی ئەودان

دەرچو بۆ نوێژکردن موحیبەدین و عەلائەدینی برازای لەگەڵیدا بوون هەردووکیان کوڕی "روحەدین" بوون یەکێکیان لای راستییەوە بوو ئەوەی تریشیان لای چەپی چونکە شێخ بەتەمەن بوو چاویشی لاواز ببوو بۆیە لە کاتی فەتوا و دادوەریدا یارمەتیان ئەدا.

کاتێك لێیان نزیك بووینەوە شێخ دەستمی گرت و ئەملاولامی ماچ کرد و بردمی بۆ لای میحرابەکەوە لە تەنیشتیەوە نوێژی عەسرم کرد ئنجا کتێبی (مصباح و شوارق و الأنوار)ی "صاغانیان"ی بۆم خوێندەوە پاشان هەندێك بڕیار و فەتوا کە درابوو بۆیان خوێندەوە، ئەو بڕیارانە لەلایەن جێگرەکانیەوە درابوو، پاشان وەك نەریت گەورە پیاوەکانی شار هاتن بۆ سڵاوکردن لە دادوەر ئنجا دەستیکرد بە پرسیارکردن کە من چۆن هاتووم و لە کوێوە؟ هەروەها پرسیاری ولاتی مەغریب و میسر و شام و حیجازی کرد منیش وەڵامی پرسیارەکانم دایەوە، ئیتر زۆر رێزی لێم گرت و داوای لە خزمەتکارەکانی کرد جێگەیەکم بۆ تەرخان بکەن، ئەوانیش شوێنێکی بچوکیان دامێ لە نێو قوتابخانەکە.

بۆ بەیانی نوێنەری سولتانی عێراق ئەبی سەعید گەیشتە لای شێخ، ئەویش "ناسردین دەرکەندی"بوو لە رەچەڵەکدا خەڵکی ولاتی خۆراسان بوو یەکێك بوو لە گەورە سەرکردەکان کاتێك لە دادوەر نزیك بووەوە کڵاوەکەی سەری داگرت و دەست و قاچی دادوەری ماچ کرد و هەناسەی خۆی گرتبوو، ئەوەش وەك نەریتێك چۆن ئەمیرەکانی تەتار ئەو کارەیان دەکرد لە بەردەمی گەورەکانیاندا ئەم ئەمیرە تەنها خۆی نەبوو، بەڵکو لەگەڵ پێنج سەد کەسدا لە سەرباز و دەست و پێوەندەکانی هاتبوون بەڵام لە دەرەوەی شار سەربازەکانی جێهێشتبوو خۆی و پێنج کەس هاتبوونە خزمەتی دادوەر "مەجدەدین"، بەڵام بۆ مەجلیسی دادوەر ئەمیر تەنها خۆی ئامادە بوو ئەوەش وەك رێزێك.

هۆکاری ڕێزگرتن لە شێخ مەجدەدین

سوڵتانی عێراق "محەمەد خودابەندە" کەسێکی بێباوەڕ دەبێت زانایەکی رافیزی خیلافەت چونکە زاوای پێغەمبەر ﷺ بووە هەریەك لە پێشەوا عومەر و ئەبوبەکر وەزیری پێغەمبەر ﷺ بوون بۆیە شتێکی باوە کە هەر کەسێك میراتگری پاشاکان بێت ئەو جێگرەوە ئەبێت.

بەم شێوەیە زانا رافیزەکە هەموو شتەکان بە شێواوی دەربارەی خەلیفەکان بە سوڵتانی تازە مسوڵمان دەگەیەنێت و ئەویش بڕیاردەدات مەزهەبی وڵات شیعەبێت و نامە دەنێررێت بۆ هەموو ناوچەکان کە پەیڕەوی مەزهەبی شیعە بن بۆ عێراقی عەجەم.. وڵاتی فارس و ئازەربیجان و ئەسفەهان و شیراز و کرمان و ناوچەکانی خۆراسان بەڵام خەڵکی بەغداد ئەوەیان بە توندی ڕەتکردەوە چونکە سونە بوون لەسەر مەزهەبی ئیمام ئەحمەد کاتێك ووتار درا لە ڕۆژی هەینیدا خەڵکی بەغداد هەموو بە کەرەستەی جەنگیەوە لە پێش مزگەوتەکاندا وەستان و هاواریان دەکرد بەهیچ شێوەیەك گوێڕایەڵی سوڵتان نابین و سوێندیان خوارد ئەگەر وتارێژ لە ووتاردا شتێك بڵێت دەربارەی مەزهەبی شیعە ئەوا دەیکوژن و نوێنەری خەلیفەش لەناودەبەن. بۆیە وتارێژ ترسا وەك جاران وتاری خۆی دا بێ ئەوەی ناوی ئیمامەکان لە وتارەکەیدا لابەرێت ئەم هەواڵەش گەیشتە شارەکانی شیراز و ئەسفەهان و بە هەمان شێوەی بەغداد وتاریان پێشکەشکرد[1] بێ ئەوەی ئاماژە

---

[1] مێژووی سەرهەڵدانی مەزهەبی شیعە لە ئێراندا، دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی شا ئیسماعیلی سەفەوی، پێشتر زۆرەبەی خەڵکی شارەکانی ئێران لەسەر مەزهەبی ئەهلی سونەت و جەماعەت بوون، وەك شیراز و ئەسفەهان و تەبرێز و ناوچەکانی تر، مەزهەبی شیعە کەمینە بوون و زیاتر لە ناوچە بچووك و گوندنشینەکاندا بوونیان هەبووە، بەڵام لە ژێر زەبروزەنگی صەفەویەکاندا، زۆربەی خەڵکی فارس بە زۆر خرانەسەر مەزهەبی شیعە. ئەم قسانەی ئیبن بەتوتەش ئەو ڕاستییە دەردەخات. (الوجيز في تاريخ ايران، د.حسن كريم الجاف، الناشر, مؤسسة اراس ٢٠٠٨ج ٣ ص ١٢).

بکەن بۆ مەزهەبی رافیزە، سوڵتان زۆر تووڕە بوو بڕیاریدا کە دادوەری هەر سێ شارەکەی بۆ ئامادە بکەن بۆ سزادان، کاتێك دادوەری شیراز "مەجدەدین" ئامادە دەبێت سوڵتان داوادەکات فڕێبدرێتە بەردەم سەگەکانی کە تایبەت کرابوون بۆ خواردنی مرۆڤ دەڵێن: هێندە گەورە و زەبەلاح بوون مرۆڤیان پارچە پارچە دەکرد بەڵام کاتێك سەگەکان لە دادوەر بەرئەدەن کلکە لەقێی بۆ دەکەن و بە هیچ شێوەیەك هێرشی بۆ نابەن.

ئەو هەواڵەیان گەیاندە سوڵتان و ئەویش بە پێ خاوسی دەچێتە لای دادوەر و خۆی دەدات بەسەر پێیەکانیدا و دەستی دەگرێت ئیتر لەوە بەدواوە بڕیاریدا پەیڕەوی مەزهەبی ئەهلی سونەت بکات و واز لە مەزهەبی شیعە بهێنێت هەروەها بڕیاریشیدا بە هەموو ناوچەکانی ژێر قەڵەمڕەوی خۆی پەیڕەوی مەزهەبی سونەت بکەن و دیاریەکی زۆریشی بەخشی بە دادوەری شیراز و سەد گوندی ناوچەی (جەمکانی) خستە ژێر دەستی ئەم ناوچەیە دەکەوێتە نێوان دوو چیاوە پانیەکەی ٢١ فەرسەخ دەبێت ئەوەی جێی سەرسوڕمانە ئەم ناوچەیە کە بەشێکە لە شیراز سارده و داری گوێزیشی زۆرە بەڵام بەپێچەوانەوە بەشەکەی تری شیراز کە بریتیە لە: خونج و لار و بال لەسەر رێگای هورموزە، ئەم شوێنانە زۆر گەرمن و داری خورماشیان زۆرە.

سوڵتانی شیراز

ئەو دەمەی من لە شیراز بووم سوڵتانەکەی ناوی "ئەبو ئیسحاقی کوڕی محەمەد یەنجو" بوو باوکی بە ناوی "شێخ ئەبو ئیسحاقی کازەرۆنی"یەوە ناوی نابوو لە باشترین سوڵتانەکان بوو روخسار جوان و رەوشت بەرز و خاوەن هێز و سەربازێکی زۆر بوو فەرمانڕوایی تا ئەسفەهان دەڕۆیشت متمانەی بە خەڵکی شیراز نەبوو چونکە خەڵکی شیراز قارەمان بوون خاوەن قسەی خۆیان بوون هیچکات بەرامبەر دەسەڵاتدار و پاشاکان سڵیان نە دەکردەوە بۆیە پاشا رێی بە کەس نەدەدا بە

کەرەستەی سەربازیەوە بە شاردا بسوڕێتەوە جارێکیان بینیم سەربازەکانی پیاوێکیان گرتبوو رایاندەکێشا تەنها لەبەرئەوەی شەوو کەوانێکی هەڵگرت بوو .

باوکی سوڵتان "محەمەد یەنجو" لەلایەن پاشای عێراقەوە کرابوو بە سوڵتانی شیراز کەسێکی خۆشەویست بوو لای خەڵکی شیراز، کاتێک کۆچی دوایی کرد سوڵتان ئەبی سەعیدی پاشای عێراق کوڕی مەلیك جوبان دەکات بە والی شیراز ناوی "حوسێن" بوو سەربازێکی زۆری لەگەڵدا ڕەوانە دەکات و فرمانی پێدەکات بە کۆکردنەوەی باج و سەرانە چونکە شیراز لە باشترین ناوچەکانی دونیا بوو لەڕوی داهات و باجەوە.

ئەوەیان بۆم باسکرد کە"حاجی قوامەدین تەمغەچی"بەرپرس بوو لە وەرگرتنی داهاتی باج بڕی ئەو داهاتەی کە رۆژانە کۆیدەکردەوە دەگەیشتە (دە هەزار دینار) کە دەیکردە دوو هەزار و پێنج سەد درهەمی ئالتونی ولاتی مەغریب، ئەمیرحوسێن ماوەیەکی زۆر دەمێنێتەوە دەیەوێت بڕوات بۆ خزمەتی سوڵتانی عێراق بۆیە پێش ئەوەی بکەوێتە ڕێگا "ئیسماعیلی کوڕی محەمەدی یەنجو شا" دەگرێت لەگەڵ هەر دوو براکەی بە ناوەکانی "روکنەدین و مەسعود بێك" لەگەڵ دایکیان بە ناوی "تاش خاتون" چونکە ئەمیر حوسێن دەیویست مالّ ومولکی باوکیان لە لای پاشای عێراق لێوەربگرێتەوە، کاتێك دەگەنە ناوەڕاستی بازاڕی شیراز "تاش خاتون" پەچەکەی لادەبات و هاوار دەکات و دەڵێت: من خێزانی فلاّن کەسم و چۆن دەبێت بێدەنگ بن بەو سەرشۆڕییە و داوای یارمەتی لە خەڵکی دەکات پیاوێکی دارتاش کە ناوی "پالّەوان مەحمود" دەبێت دەیناسێتەوە کە ئەوە خێزانی پاشایە دەڵێت: رازی نابین بیانبەن، خەڵکی کۆدەبنەوە و شەڕ لەنێوانیاندا دروست دەبێت، گەنجێکی زۆری شیرازیش بە کەرستەی جەنگەوە کۆدەبنەوە و کۆمەڵێکی زۆری سەرباز دەکوژن و کوڕەکانی شا محەمەد یەنجو و هاوسەرەکەی رزگار دەکەن پاشان ئەمیر حوسێن هەڵدێت بۆ لای پاشای عێراق ئەبی سەعید دووبارە سەربازێکی زۆری ئەداتێ تا دەستبگرێتەوە بەسەر شیرازدا ئەم هەوالّە

دەگات بە خەڵکی شیراز و دەزانن ناتوانن رووبەڕووی ئەم هێزە ببنەوە، بۆیە تکا لە دادوەر "مەجدەدین" دەکەن نێوەندگیری بکات تا چیتر کەس نەکوژرێت.

کاتێك سەربازەکان نزیك دەبنەوە دادوەر دەکەوێتەڕێ بۆ پێشوازیان لەسەر ئەسپەکەی دادەبەزێت و ئەمیر حوسەینیش بەڕێزەوە پێشوازی لێ دەکات، هەردوولا ڕێکدەکەون و سوڵح دەکەن بۆ بەیانی خەڵکی شار دەڕازێننەوە و بە گەرمی پێشوازی لە ئەمیر حوسێن دەکەن، دواتر دەبێتە کەسێکی ڕەوشت جوان ماوەیەکی کەم فەرمانڕەوایی شیراز دەکات دوای مردنی ئەبی سەعیدی پاشای عێراق هەر ئەمیرێك دەستدەگرێت بەسەر ناوچەی خۆیدا ئەمیر حوسێن لە خەڵکی شیراز دەترسا بۆیە دەسەلآت بۆ ئەبی ئیسحاق جێدەهێڵێت و ئەویش دەستدەگرێت بەسەر شیراز و ئەسفەهاندا و هێزێکی زۆر پەیدا دەکات و سنووری قەڵەمڕەوی دەگاتە یەزد ئەم شارە شوێنێکی خۆش و دەوڵەمەند بوو دانیشتوانەکەی لەسەر مەزهەبی شافیعی بوون سەرقاڵی کاری بازرگانی بوون، ئەبی ئیسحاق بە سوپایەکەوە گەمارۆی دەدات و دواجار دەستی بەسەردا دەگرێت.

بەڵآم ئەمیرەکەی ناوی "موزەفەری کورِی محەمەد شا" دەبێت خۆی نادات بەدەستەوە هەڵدێت و رووەکاتە قەڵآیەك نزیکەی شەش میلیك لە یەزدەوە دوور بوو شوێنێکی پارێزراو بوو هەر چوار لای بیابان و ل بوو بەهیچ شێوەیەك خۆی رادەستی ئەبی ئیسحاق ناکات بەڵکو خۆی لە قەڵآکە قایيم دەکات ئازایی و جوامێری ئەمیر موزەفەر سنوری تێپەڕاندبوو لە هەموو لایەکی وڵآت دەنگی دابۆیەوە جارجار هێرشی دەکردە سەر سەربازەکانی ئەبی ئیسحاق و لێیانی دەکوشت و دواتر دووبارە رایدەکردوە بۆ نیو قەڵآکە جارێکیان بە شەو هێرشی کردە سەر پاسەوانە تایبەتەکانی ئەمیر و سەربازێکی زۆری کۆشت، بێ ئەوەی زیانی لێ بکەوێت.

ئەبی ئیسحاق دۆش دامابوو نەیدەزانی چۆن لەناویبەرێت بڕیاریدا سەربازێکی زۆر تەرخان بکات بۆ دانانی بۆسە بۆی تا بە زیندوێتی بیگرن، بۆ ئەمەش پێنج

هەزار چەکداری ئامادە کرد بە شیر و تیرەوە، بەڵام توانی گورزی خۆی بوەشێنێت و دەرباز بێت، تەنها یەك کەسی بەدیلگیرا و بردیان بۆ لای ئەبی ئیسحاق و ئەویش ئازادی کرد و نامەیەکی دڵنیایی پێدا و رەوانەی کردەوە بۆ لای و داوای کرد دیداری لەگەڵ ئەنجام بدات، چونکە سەرسامە بە ئازایەتیەکەی لە وەڵامدا رەتیکردەوە دیداری لەگەڵدا بکات، دواتر نامەگۆڕینەوە لەنێوانیاندا دروستبوو، ئەمیر موزەفەر داوای کرد "ئەبی ئیسحاق" سەردانی ئەو بکات ئەویش رازیبوو بە خۆی و دە سەربازەوە رووی کردە قەڵا و ئەمیر موزەفەریش بە گەرمی پێشوازی لێکرد، هەردوولا رێککەوتن بەوەی شاری یەزید وەك خۆی لە ژێر دەستی ئەمیر موزەفەر دەمێنێتەوە بەڵام دەبێتە بەشێك لە سنووری دەسەڵاتی پاشای شیراز و لە ووتاردا ناوی دەخوێندرایەوە، بەم شێوەیە یەزد کەوتەوە ژێر دەستی و ئەبی ئیسحاقیش گەڕایەوە بۆ شیراز و دیاریەکی زۆریشی وەرگرت.

سوڵتان ئەبی ئیسحاق ویستی کۆشکێك دروست بکات لەسەر شێوەی کۆشکەکەی کیسرا بۆیە فەرمانیدا بە خەڵکی شیراز تا هاوکاری بکەن بە کرێکاری کارامە و ئەندازیار و کەرەستەی پێویست، هێندەی نەبرد دەستکرا بە دروستکردنی و ئنجا پیشەوەرەکان بۆ ئەوەی جێدەستیان زیاتر دیاربێت، هەر کەسە و لە بواری خۆیدا داهێنانی دەکرد، هەبوو بە پێستی ئاژەڵ چارۆکەی دروست دەکرد بۆ خۆڵ بارکردن و هەبوو بە زیو تەوری دروست دەکرد چەندەها جۆر ئامێری کارکردنیان بەکار دەهێنا، کاتێك خەڵکی کاریان دەکرد فۆتەی ئاوریشمیان بە پشتیانەوە دەبەست و سوڵتانیش تەماشایانی دەکرد هەموو ئەو داهاتانەی کۆدەکرایەوە خەرجی دەکرد بۆ کۆشکەکەی.

خۆم ئەو کۆشکەم بینیوە بەرزیەکەی سی باڵ بوو، کاتێك بنتەمەڵی تەواو بوو بڕیاریدا مووچە بۆ کرێکارەکان ببڕێتەوە، بۆیە بە هەزاران کەس رۆییان لە کارکردن کرد بیستم کە زۆربەی داهاتی باج و سەرانەی ناوچەکە تەرخانکرا بۆ تەواوکردنی کۆشکە مەزنەکە، ئەوەی راسپێرابوو بۆ کۆکردنەوی داهاتی باج و سەرانە ئەمیری

"جەلالەدین"ی کوڕی زانای گەردوننناس "تەورێزی" بوو باوکیشی نوێنەری سوڵتان ئەبی سەعید بوو، هەروەها برایەکی هەبوو بە ناوی "هیبەتوڵڵا" و پێشیان دەوت "بەهائولەلیك" وەك نوێنەر ڕەوانەی لای پاشای "هیندستان" کرا، ئەوکات منیش لای پاشای هیندستان بووم کاتێك چوینە کۆشك بە گەرمی پێشوازیان لێکرا، دوای ماوەیەك سوڵتانی مەزنی هیندستان کاری بۆ هەموومان دابین کرد هەر کەسە و بەپێی توانای خۆی ئەوەی جێی سەرنج بوو باسی بکەم ئەوەیە کە سوڵتان "ئەبی ئیسحاق" دەیویست لاسایی پاشای هیندستان بکاتەوە کە ئەویش کەسێکی بەخشندە و دڵفراوانە بەڵام لە ڕاستیدا زۆر لە یەکتر جیاواز بوون!، چونکە پاشای هیندستان هێندە بەخشندە بوو کەس پێی نەدەگەیشت.

بەخشندەیی پاشای هیندستان

پاشای هیندستان لەگەڵ خەڵکی ناوچەکانی خۆراسان زۆر بەخشندە و میهرەبان بوو جارێکیان پیاوێك ناوی "ئەمیر عەبدوڵڵا" دەبێت لەلایەن خاتوو "تەرابك"ی خێزانی ئەمیر "قەتڵو دمۆر"ی پاشای خەواریزمەوە ڕەوانەی هیندستان دەکرێت، دیاریەکی زۆری لەگەڵدا ڕەوانە دەکات کاتێك پاشا ئەو دیاریانە دەبینێت نێردراوەکە لای خۆی دەهێڵێتەوە و دوای پێی دەڵێت: بڕۆ بۆ گەنجینەکەم چەندێك دەتوانیت ئالتون و گەوهەر هەڵبگرە و بە دیاری بیبە بۆ سوڵتانەکەت (سەرداری خواریزم) ئەویش کەسێکی باڵا بەرز و بەتوانا دەبێت تەماح دەکات و هێندە هەڵدەگرێت، کە لە گەنجینەکە دێتە دەرەوە دەکەوێتە ژێر بارە ئالتونەکەوە پاشای هیندستان فەرمان دەدات هێندەی ئەو بارەی هەڵیگرتوە ئالتونی پێشکەش بکرێت، کاتێك بارەکەی ئامادە دەکرێت ئەمیر عەبدوڵڵا تەماشا دەکات سیانزە تورەکە گەوهەری بۆ دانراوە هەر تورەکەیەك دەیکردە بیست و پێنج ڕەتڵ ئالتون هەموو ئەمانە وەردەگرێت و دەگەڕێتەوە بۆ خەواریزم.

چیرۆکێکی پاشای هیندستان

جارێك ئەمیر "یەخت" كە بـە (شـەرەفولمولك)ی خۆراسـان ناسـرابوو نـەخۆش دەبێت سكالاّ لە پاشای هیندستان دەكات دوای ماوەیەك پاشـا دەگەڕێتـەوە خـیرا ئەمیر یەخت لە بەری هەڵدەسێت ئەویش سوێند دەخوات پێی دەڵێـت: نابێـت لـە شوێنی خۆت بجوڵێیت و دانیشە ئنجا پاشای هیندستان فەرمان دەكات تەرازوی بۆ ئاماده بكەن كاتێك ئاماده دەكرێت، ئنجا سوڵتان بـە ئـەمیر دەڵێـت: بـڕۆ سـەر تەرازوەكە و بە هێندەی قورسایی خۆی ئاڵتونی بدەنێ ئەویش دەڵێت: ئەی خاوەنی جیهان، ئەگەر دەمزانی پۆشاكی زیاترم لەبەر دەكرد لە وەڵامدا پاشا پێی دەڵێـت: چی دەپۆشی ئازاد بە ئەویش پۆشاكە زستانەكەی دەپۆشێت چونكە قورس بـوو بـە هێندەی خۆی و پۆشاكەكەی ئاڵتونی پێ دەبەخشێت و پێی دەڵێت: بـڕۆ هـەمووی بكە بە خێر بۆ سەرت.

هەندێك لە دیمەن و ناوچە دیارەكانی شیراز

لە دیمەنە دیارەكانی ئەو شاره مەزاری موسای برای عەلی رەزای كوڕی موسای كوڕی جەعفەری كوڕی محەمەدی عەلی حوسەینی كوڕی پێشەوا عەلیە ڕەزای خوای لێبێت لای شیرازیەكان زۆر پیرۆزە بۆیە تاش خـاتون قوتابخانەیـەك و خانەقایـەكی لەسەر دروستكردبوو خواردن و خواردنەویان بـە هـەژاران و رێبـواران دەبەخشـی و هەمیشە قورئانی تێدا دەخوێندرایەوە هەروەها تاش خاتون لەگـەڵ زانـا و كەسـە ناوداره‌كانی شار هەموو شەوێكی دووشەمە بۆ پیرۆزی دەچونە مەزارەكـە و لـەوێ سەرقاڵی خوداپەرستی دەبوون شیراز لە هەموو شوێنەكانی تری دنیا زیاتر خەڵكی خانەدانی تێدایە (كە بنەچەیان دەگەڕێتەوە سەر پێشەوا علی ـ وەرگێـر)، ئـەویان بۆم گێڕایەوە كە ژمارەیان دەگاتە چوار سـەد و پـەنجا كـەس لـە گـەورە و بچـوك

ئەمانە لە کاتی کۆبونەوە بە کۆمەڵ و لە مەشهەدی ئیمام موسا بە جوانترین ئاواز قورئانیان دەخوێندەوە هەروەها میوە و شرینیا بەسەر خەڵکی دابەش دەکرد ، لە دوای نیوەڕۆ بەردەوام دەبوون تا دوای نوێژی خەوتنان کاتێ تەواو دەبوون ئینجا فویان بە کارنا دەکرد ولە تەپڵ دەدرا گەورەکەیان ناوی "عەزەدەدین حوسەینی" بوو .

جگە لەم مەزارە گۆڕی "ئەبی عەبدولڵاڵای خەفیف"ی لێبوو، کە بە پێشەوای ولاتی فارس ناسراوە خەڵکی شیراز زۆر خۆشیاندەویست چونکە یەکەم کەس بوو کە ڕێگای چیای سەرەندیبی بۆ جەزیرەی سەیلان لە ولاتی هیندستان دۆزییەوە.

بەسەرهاتی ئەبی عەبدوڵڵاڵای کوڕی خەفیف

دەگێڕنەوە: جارێکیان ئەبی عەبدوڵڵا لەگەڵ سی کەسی هەژار ڕێگای گەشت دەگرنەبەر تا خۆیان بگەیننە ولاتی سند، بەڵام لە ڕێگا برسێتی تەنگیان پێ هەڵدەچنێت دەڵێن: مامۆستا زۆرمان برسییە با بەچکە فیلێک بگرین و سەری ببڕین، لەو ناوچەیەدا فیل زۆر دەبێت، ئەویش لە ولاڵامدا دەڵێت: نابێت کاری وابکەن، بەڵام برسێتی زۆریان بۆ دێنێت و بەچکە فیلیك دەگرن و سەری دەبڕن و دەیخۆن بەڵام مامۆستا گۆشتەکەی ناخوات و ئەوانیتر گۆشتەکەی دەخۆن بۆ شەوو کۆمەڵە فیلێکی زۆر هێرش ئەکەنە سەریان بۆنیان دەکەن ئەوەی گۆشتی فیلی خوارد بوو هەموویان دەکوژرێن و دەکەونە ژێر پێی فیلەوە تەنها عەبدوڵڵای کوڕی خەفیف نەبێت کە بۆنی دەکەن وازی لێدێنن، یەکێك لە فیلەکان بە لووتی هەڵیدەگرێت و دەیخاتە سەر پشتی و دەیبات بۆ شوێنێکی ئاوەدانی.

کاتێك خەڵکی ئەو ناوچەیە تەماشای دەکەن سەریان سووڕدەمێنێت لەم کەسە و دەیبەن بۆ لای پاشا ئەویش سەرگوزشتەی خۆی باسدەکات و زۆر ڕێزی لێدەگرن خەڵکی ناوچەکە بێباوەڕ دەبن بەڵام ڕێز لە مسوڵمان دەگرن شێخ عەبدوڵڵا

ماوەیەك لایان دەمێنێتەوە بەو شوێنە دەڵێن: خور یان خور خەیزەران خور بە واتای: ڕوبار دێت واتا : ڕوباری خەیزەران ئا لەم جێگەیەدا خەڵکی بە مەلەکردن لەژێر ئاودا جۆرە بەردێك دەردەهێنن زۆر گرانبەهایە دەگێڕنەوە شێخ خۆی لە ڕوبارەکەدا نقوم دەکات کاتێك سەر دەهێنێتە دەرەوە لە پاشا نزیك دەبێتەوە پێی دەڵێت:ئەوەی لە دەستەکانمدایە یەکێکیان هەڵبژێرە بۆ تۆ ئەی خاوەن شکۆ دەستی ڕاستی هەڵدەبژێرێت سێ بەردی بەنرخ لە دەستیدا دەبێت لە باشترین بەردی یاقوت دەبێت لە نەریتیاندا وابوو دەیانخستە سەر تاج و دەست بە دەست بە میراتی دەڕۆیشت.

منیش چومە ئەم ناوچەیە(سەیلان)خەڵکەکەی بێباوەڕ بوون بەڵام زۆر ڕێزیان لە مسوڵمانان دەگرت و دەیانبردەوە ماڵەوە هەڵسوکەوتیان لەگەڵدا دەکرد بەپێچەوانەی شوێنەکانی تری ولاتی هیندستان کە بەهیچ شێوەیەك تێکەڵی مسوڵمان نابوون لەو قاپەشدا نانیان ناخوارد کە مسوڵمان خواردنی تێدا دەخوارد بەڵام ئەمان قسەشیان لەگەڵ مسوڵمان دەکرد و ئازاریان نادا جارێکیان گۆشتی کولاویان بۆ هێناین و بۆ خۆیان لە دوورەوە ڕاوەستان بێ ئەوەی لێمان نزیك ببنەوە برنجیشیان هێنا لە سەر گەڵای مۆز ئەوەی زیادبوو فڕێیان دەدا بۆ سەگ و باڵندەکان ئەگەریش منداڵێك لێی بخواردایە لێیان دەدا و ڕێخی مانگایان دەرخوارد دەدا بڕوایان وابوو بەو شێوەیە پاك دەبێتەوە بەڕاستی شتێکی تا بڵێی نامۆ و سەرسوڕهێنەر بوو!. لە نزرگە پیرۆزەکانی تری شیراز (ڕۆز جیهان) بوو کە لە گەورە ئەولیاکانی شیراز بووە گۆڕەکەی لە مزگەوتی (جامع)ە ووتاری تێدا دەخوێندارێەوە هەر لەو مزگەوتەدا دادەمەزرێت"مەجدەدین" نوێژی دەکرد توانیم لەم زاتەوە گوێ لە هەموو پەرتوکی موسنەدی ئیمامی شافیعی بگرم.

مەزارێکی تری ئەو شارە (سالح زەرگوب) بوو دەکەوتە ناوەڕاستی شارەوە هەر لەوێ خواردن بە هەژار و ڕێبواران پێشکەش دەکرا ئەوەی شایەنی باسە خەڵکی شیراز گەر کەسێك باوکی یان خێزانەکەی یاخود کوڕەکەی بمردایە لە جێگایەکی

خانوەکەی دەیانناشت ئەو ژورەی کە مردوەکەی تێدا دەنێژرا پەنجەرە و دەرگای بۆ دەکرا و چرا و مۆم لەسەر گۆڕەکەی دادەنرا و بە جوانترین و خۆشترین ئاواز قورئانی لەسەر دەخوێندرا، خەڵکی شیراز دەنگیان زۆر خۆش بوو بۆ قورئانخوێندن خەڵکی هیچ جێگایەك لە دونیا ناگەن بە شیرازیەکان بۆ دەنگخۆشی ئەوەشیان بۆم باسکرد کە هەموو رۆژێك بە هێندەی ژەمە خواردنێکی مردوەکە پارەی بۆ دەکەن بە خێر.

دەرچون لە شیراز

کاتێك شیرازم بەجێهێشت مەبەستم بوو سەردانی گۆڕی ئەبی ئیسحاقی کازەرۆنی بکەم لە شاری (کازەرۆن) کە نزیکەی دوو رۆژێك لە شیرازەوە دوورە یەکەم رۆژیان لە وڵاتی (شۆل) ماینەوە بۆ پشودان خەڵکەکەی عەجەم بوون بەڵام چاك و خواناس بوون لە دەشتاییدا نیشتەجێ بوون زۆر رێزیان لە "ئەبی ئیسحاق" دەگرت نەك تەنها خەڵکی ئەم شوێنە بەڵکو خەڵکی وڵاتی هیندستان و جێگەکانی تریش، رێزیان لێی دەگرت دوای وڵاتی کازەرۆن چومە شاری(زەیدین) بۆیە وای پێدەوترا چونکە گۆڕی زەیدی کوڕی سابتی کوڕی ئەرقەمی ئەنساری هاوەڵی پێغەمبەرﷺ لێبوو ئەم شوێنە جوان و دڵگیر بوو کانی و ڕەزی زۆر بوو خەڵکەکەی دیندار و دەستپاك بوون مزگەوتی جوانی لێ دروستکرابوو دادوەر "نورەدین زەیدانی" خەڵکی ئەم شوێنەیە بەڵام کاتی خۆی دەچێتە وڵاتی هیندستان و روو دەکاتە دورگەکانی (زیبەتولیهل) هەموو ئەم دورگانە هی پاشا "جەلالەدینی کوڕی سەڵاحەدین" بوون لەوێ ئەم دادوەرە هاوسەرگیری لەگەڵ خوشکەکەی دەکات و دوای مردنی پاشا خوشکەکەی دەسەڵات دەگرێتە دەست، لە کاتی خۆیدا باسی ئەم بابەتە دەکەین. دوای ئەم ناوچەیە چوینە(حوەیزا) نێوان ئەم شوێنە و بەسرە دووری چوار رۆژێك دەبووخەڵکەکەی عەجەم بوون شارۆچکەیەکی بچوك بوو، بەڵام دوریەکەی بۆ شاری کوفە پێنج رۆژێك دەبوو لە کەسایەتیەکانی: شێخ

"جەمالەدینی حوەیزانی"ە پاشان گەشتم کرد بۆ کوفە بە بیاباندا رێمان کرد هەتا بڵێی وشك و بێ ئاو بوو، دوای سێ رۆژ لە رێکردن چوینە (تەرفاوی) کە تەنها شوێنك بوو ئاوی لێبوو دواتریش دوای دوو رۆژ گەیشتینە شاری کوفە.

شاری کوفە

یەکێکە لە شارە گەورەکانی وڵاتی عێراق بە دایکی شارەکان دادەنرێت تایبەتمەندی خۆی هەیە کە لە شوێنی تردا نییە مەڵبەندی زانا و زانستە مەنزڵگای هاوەڵانی پێغەمبەرە ﷺ گۆڕی پێشەوا "عەلی کوڕی ئەبی تالیب"ی لێیە بەشێکی ئەم شارە وێرانە بوو.. ئەوەش بەهۆی ئەو دەستدرێژیانەی لەلایەن هوزەکانەوە کرابووە سەری بەتایبەتی (خەفاجیەکان) هەروەها قەڵا و شواری نەبوو بازاڕی لێبوو زۆربەی خانوەکانی بە خشت دروستکرابوون لە بازاڕەکەیدا خورما و ماسی دەفرۆشرا مزگەوتەکەی (جامیعولکەبیر) بوو حەوت حەوشەی هەبوو و سەقفی ئەم حەوشانە لەسەر ستوونی مەزن راگیرابوون کە لە بەردی گەورە دروستکرابوون و نێوانیان بە قورقۆشم پڕکرابووەوە، هەر لەم مزگەوتەدا شوێنەواری جوانی تێدا بوو وەك ئەوەی لای میحرابەکەیەوە بوو دەڵێن: لەم شوێنەدا ئیبراهیم سڵاوی خودای لێبێت نوێژی کردوە، لەلای قیبلەوە بوو لە نزیکیەوە میحرابی پێشەوا عەلی کوڕی ئەبی تالیب هەبوو رەزای خودای لێبێت، کە لە داری ساج دروستکرابوو هەر لە هەمان شوێن بوو کە "ئیبن مەلجەم"ی نەفرەتی پێشەوا عەلی دایە بەر خەنجەر و شەهیدی کرد خەڵکی بە کۆمەڵ ڕویان لەم جێگایە دەکرد بۆ نوێژکردن. کەمێك لەولاترەوە مزگەوتیکی بچوك هەبوو دەڵێن: لە شوێنی ئەم مزگەوتەوە بوو تۆفانەکەی نوح هەستا و زەوی داپۆشی و دونیای نقومی تووڕەیی خۆی کرد جگە لەوانەی باسیانم کرد لە دەرەوەی مزگەوتەکەدا شوێنێك هەبوو دەڵێن: گوایا نوح سڵاوی خودای لێبێت لەوێدا ژیاوە هەروەها بە تەنیشتیەوە مالّی پێغەمبەر ئیدریس و مالّی پێشەوا عەلی لێبوو دەشڵێن: هەر لەوێدا شۆردراون و

ئنجا بەخاکسپێردراون بەڵام نازانرێت تا چەند ئەم هەواڵانە راستن یان نا ئەوە خودا دەیزانێت.

لەلای رۆژهەڵاتی مزگەوتەکەوە مالێکی بەرز هەبوو کە بە پلیکانە سەردەکەووتیت گۆڕی "موسلیمی کوڕی عەقیلی کوڕی ئەبی تالیب"ی لێبوو هەر لە نزیکیەوە گۆڕی "عاتیکە و سوکینەی" کچانی ئیمامی حوسێنی لێبوو سڵاوی خودایان لێبێت، بەڵام باڵەخانەکەی "سەعدی کوڕی ئەبی وەقاس"بە باڵەخانەی ئیمارە دەناسرا هیچی نەمابوو جگە لە بناغەکەی نەبێت هەروەها ڕوباری فورات لە کوفەوە نزیکە دەکەوێتە ڕۆژهەڵاتێوە دوریەکەی نیو فەرسەخێك دەبوو هەر لە کەناری ڕوباری فورات باخێکی زۆر هەبوو پشتیان بە ئاوی ئەم ڕوبارە دەبەست هەر لە کوفە شوێنێك هەبوو رەش بوو گۆڕی "ئیبن مەلجەمی"[1] لێبوو دەیانوت: خەڵکی کوفە هەموو سالێك حەوت رۆژ داری بۆ دەهێنن و ئاگری لەسەر دەکەنەوە.

پاشان دوای کوفە چوین بۆ (بیری مەلاحە) شارۆچکەیەکی خۆشە دارخورمایەکی یەجگار زۆری لێبوو دانیشتوانەکەی ڕافیزە بوون بۆیە حەزم نەکرد بچینە شارۆچکەکە لەبەرئەوە لە دەرەوە لاماندا و بۆ بەیانی کەوتینەوەڕێ چوینە شاری (حیللە) شارێکی گەورە بوو ماڵەکانی هەندێکی دەکەوتنە نێو باخ و دارستانەوە بازاڕی زۆر جوان و گەورەی تێدابوو، هەتا بڵێی ئەم شارە ئاوەدان و جوان بوو هەروەها پردێکی لێ دروستکرابوو ئەم سەر و ئەو سەری پردەکە بە زنجیری ئاسنین بە داری زۆر گەورەوە بەستڕا بوو هەردوو لای شاری بەیەکدی دەگەیاند خەڵکی حیللە لە دوو تایەفە پێك دەهاتن و هەموویان شیعەی ئیمامی ڕافیزە بوون تایەفەیەکیان پێیان دەوترا (کوردەکان) ئەوەی تریان (جامعین) هەمیشەی شەڕ لە نێوانیاندا هەیە .

---

[1] ئیبن مەلجەم: ئەو کەسە بوو کە پێشەوا عەلی شەهید کرد. (وەرگێڕ)

هەر لە نزیکی بازاڕی ئەم شارە مزگەوتیك هەبوو ناوی (مەشهەدی ساحیب زەمان) بوو دەرگاکەی بە قوماشی ئاوریشم داپۆشرابوو دەڵێن: گوایا محمەدی کوڕی حەسەنی عەسکەری هاتووەتە ئەم مزگەوتە و دواتر دیار نەماوە، بۆیە لە نەریتیاندا وابوو هەموو شەوێك سەد کەس بە شیر و تیرەوە دەردەچون و دەڕۆیشتنە لای مالّی ئەمیر و داوای ئەسپێکی زینکراویان لێ دەکرد دواتر دەستیان دەکرد بە تەپڵ کوتین و هاوار کردن و دەیانوت: ((بسم الله یا صاحب زمان بسم الله)) دەربچۆ تاوان و تاوانکاران زۆر بوون ئێستا کاتی دەرچونتە ئنجا خێرا خێرا فویان بە کەرەنادا دەکرد و لە تەپڵ دەدرا، لای ئەوان ئەم کەسە ئیمامی چاوەڕوان کراوە.

لە دوای مردنی سولّتان "ئەبی سەعید" ئەمیر "محەمەدی کوڕی رومەیسەی کوڕی ئەبی نومەیە"ی ئەمیری مەککە دەسەلاّتی عێراق دەگرێتە دەست و لە نێویدا شاری کوفە دەبێت، ئەم ئەمیرە خاوەنی رەوشتێکی جوان و نمونەی دەسەلاّتی باش دەبێت، خەلکی عێراق لێی رازیبوون بەلاّم دوای ماوەیەك شێخ حەسەن بەسەریدا سەردەکەوێت و لەناوی دەبات دەستی بەسەر هەموو مالّ وسەروەتەکەیدا گرت .

دوای شاری حیلە کەوتینەڕێ بۆ کەربەلا گۆڕی ئیمام حوسێنە لێیە ئەم شارە بچوکە هەرچوار لای باخ و داری خورمایە بە ئاوی روباری فورات ئاو دەدران لەسەر گۆڕەکەی ئیمام حوسێن خانەقا و قوتابخانە دروستکرابوو خواردن بە هەژار و رێبواران دەدرا لە دەرەوی مەزارەکە دوو پاسەوان دەوەستان و لەسەر مۆڵەتی ئەوان نەبوایە کەس نەدەڕۆیشتە ژوورەوە دەبوو هەموو کەسێك ماچی پەرژینی گۆڕکەی بکردایە کە لە زیو دروستکرابوو هەروەها مەشخەڵ و مۆم دادەگیرسا بۆ روناککردنەوەی لەگەڵ هەڵواسینی پەردەی ئاوریشم، کەربەلایەکان دوو تایەفە بوون ئەوانیش: کوڕەکانی (رەخیك و فائیز) بوون هەموو شیعەی ئیمامی بوون و دەگەڕانەوە سەر یەك رەچەڵەك بەلاّم هەمیشە شەڕ لە نیوانیاندا هەبوو لەبەرئەوە وێستم گوزەرێك بە شارەکەدا بکەم و دوایی کەووتینەڕێ بۆ بەغداد.

شاری بەغـداد

شاری ئاشتی و پێگەی زانایان و خەلیفەکانە، خاوەن فەزڵـە و بارەگـای گـەورە پیاوەکانی ئیسلامە مـەنزڵی بانگـەوازی عەباسـیەکانە "ئـیبن جوبـەیر" وەسـفی دەکـات و دەڵێـت: شـارێکی کۆنـە، هەرچـەندە پێگـەی عەباسـی و بانگـەوازی قورەیشیەکان بووە بەڵام هیچ شتێکی نەماوە جگە لە ناوەکەی نەبێت وێڕای ئەوەی بەغداد نەهامەتی زۆری بینیوە و داگیرکاری زۆری بەرێکردوە بەڵام ئەوەی چاوەکان راگیر دەکات ڕووباری دیجلەیە وەك ئاوێنەیەکی روون وایـە کـە هـیچ کـات ژەنـگ نەکات کە هەردوولای شار پێکەوە گرێدەدات، مرۆڤ ئارەزوو دەکـات لـەنێو ئـاوە پاکژەکەی و هەوا سازگارەکەیدا گەورە بێت.

ئیبن جوزەی دەڵێت: خەڵکی زۆر بۆ جـوانی و خۆشـی ئـەم شـارە هۆنراوەیـان چڕیوە وەك ئەبی تەمام کە دەڵێت:

لقداقام على بغداد ناعـــيها فليـبكها الخرابُ الدهرُ باكيها

كانتْ على مائهاوالحربُ موقدة والنارُ تُطفهأ حُسناً في نواحيِها

هەروەها پێشـەوا و دادوەر ئـەبو محەمـەدی کـوڕی عەبـدولوەهابی بەغـدادی دەڵێت:

طيب الهواء ببغـــدا يُـــشوقُني قُربا إليها وإن عاقت مقـــدير

وكيف أرحلُ عنها اليومَ إذاجمعت طيبَ الهواءين : ممدود ومقصور

لە شوێنێکی تردا دەڵێت:

بغداد دار لِاهلها المال واسِعة وللصعاليكِ دار الظنك والضيق

ظللتُ أمشي مُضافا في ازقتها كأنني مُصحف في البيت زنديق

شاری بەغداد دوو پردی هەبوو هاوشێوەی ئەو پردانەی کە لە شاری (حیلە) هەبوون، هەردوو بەشی بەغدادیان بەیەکدی دەبەستەوە زۆر قەرەباڵغ بوو بە شەوو رۆژ خەڵکی بەسەریاندا تێپەڕ دەبوو زۆر جێژت وەردەگرت کاتێک بەسەریاندا دەڕۆیشتیت شاری بەغداد مزگەوتی زۆری تێدابوو لەگەڵ قوتابخانە، ژمارەی ئەو مزگەوتانەی ووتاری تێدا دەدرا یانزە دانە بوون هەشتیان دەکەوتە بەشی رۆژئاواوە و سێ دانەی تریان دەکەوتە لای رۆژهەڵاتیەوە مزگەوتی تریش هەبون بەڵام وێرانە بوون. هەروەها گەرماوێکی ئیجگار زۆری تێدا بوو تا بڵێی پاکوخاوێن بوون سەربانی گەرماوەکان بە قیر ڕوپۆش کرابوون لە دوورەوە تەماشایانت دەکرد دەتوت بە روخامی بەردی مەرمەڕی ڕەش داپۆشراون ئەو قیرەش لە کانێک هەڵدەقوڵا دەکەوتە نێوان شاری کوفە و بەسرەوە لەوێوە دەگوازرایەوە بۆ بەغداد هەر گەرماوێك چەندەها ژووری تێدا دروستکرابوو هەر کەسێك دەچوە ژووری تایبەتی خۆی لە ناوەوە حەوزێك هەبوو دوو بۆری بۆ ڕاکێشرابوو یەکێکیان ئاوی سارد بوو ئەوەی تریان ئاوی گەرم بۆ هەر کەسێك سێ خاولی گەورە دانرابوو یەکێکیان کاتێك دەچویتە ژورەوە خۆتت پێی دادەپۆشی و دووەمیان بۆ خۆ وشککردنەوە بەکاردەهات و سێیەمیان بۆ کاتی دەرچون بەخۆتەوە دەئاڵاند بەڕاستی ئەم جۆرە خزمەتەی من لە بەغداد بینیم لە هیچ شوێنێکی تری دونیادا نەبوو لە هەندێك جێگا هەبوو بەڵام ناگەیشتە بەغداد.

بەشی رۆژ ئاوای بەغداد

ئەم بەشەی شار کە یەکەجار ئاوەدانکراوەتەوە، بەڵام زۆرترین وێرانەشی تێدابوو لە یانزە گەڕەك پێکهاتبوو هەر گەڕەکێکی وەك شار بوو چونکە گەرماو قوتابخانە و مزگەوتی تێدابوو هەشت مزگەوتی بەغداد دەکەوتە رۆژئاواوە لە گەڕەکەکانی: دەرگای بەسرە بوو مزگەوتی (ئەبی جەعفەری مەنسوری) لێبوو هەروەها گەڕەکی مارستان هەبوو دەکەوتە نێوان گەڕەکی شاریع و دەرگای بەسرەوە هەر لەسەر

رۆخی دیجلە قەسرێکی گەورە هەبوو بەڵام وێرانە بوو پاشماوەیەکی زۆر کەمی لێ مابووەوە.

لە جێگە دیارەکانی رۆژئاوای بەغداد گۆڕی "ئیمام کەرخی" بوو رەزای خودای لێبێت، کە دەکەوتە گەڕەکی باب هەروەها گۆڕێکی تری پان و گەورە هەبوو لەسەری نووسرابوو: ئەمە گۆڕی "عەونە نەوەی پێشەوا عەلی"هەر لەم بەشەی بەغداد گۆڕی "موسا کازمی کوڕی جەعفەری سادقی باوکی موسا رەزا"ی لێبوو لە تەنیشت گۆڕەکەیەوە شوێنی تایبەت دروستکرا بوو بۆ پشودان.

رۆژهەلاتی بەغداد

بەشی رۆژهەلاتی بەغداد پڕبوو لە بازاڕی قەشەنگ و بە جوانی رێکخرابوو گەورەترین بازاڕیشی پێی دەوترا (سولاسا): سێشەمە هەموو جۆرە پیشەوەرێکی تێدابوو لە ناوەڕاستی ئەم بازاڕەدا قوتابخانەیەك هەبوو ناوی (نیزامیە) بوو نمونەی جوانی و کارە ناوازەکانی بەغداد بوو هەروەها لە کۆتایی بازاڕەکەوە قوتابخانەی موستەنسریە هەبوو ناوەکەی دەگەڕایەوە بۆ پێشەوای باوەڕداران "موستەنسیر بیللای کوڕی ئەبی جەعفەری مەنسور" لەم قوتابخانەیەدا مامۆستا و زانای هەر چوار مەزهەبەکە شوێنی تایبەت بە خۆیان هەبوو لەسەر کورسی بە هێمنی دادەنیشتن وتاری خۆیان پێشکەش دەکرد هەروەها وانەیان دەوتەوە مامۆستاکان پۆشاکی رەشیان دەپۆشی لەگەڵ عەمامەی رەش لەملاولای هەر مامۆستایەك دوو کەس هەبوون وتەکانی مامۆستایان دووبارە دەخوێندەوە لە نێو ئەم قوتابخانەیەدا گەرماو دروستکرا بوو بۆ قوتابیان لەگەڵ شوێنی دەستنوێژ هەڵگرتن.

ژمارەی ئەو مزگەوتانەی نوێژو ووتاری لێ دەخوێنرایەوە سێ دانە بوون: یەکەمیان مزگەووتی (خەلیفە) بوو بۆیە پێی دەوترێت خەلیفە چونکە نزیك بوو لە باڵەخانە و قەسری پاشا و وەزیرەکان مزگەوتیکی خۆش و دڵگیر بوو شوێنی دەستنوێژ هەڵگرتن و گەرماوی تێدابوو هەر لەم مزگەوتەدا لە مانگی رەجەبی

سالّی ٧٢٧ ك بوو چاوم به زانای به ناوبانگی فەرموده "سیراجەدین ئەباحەفصی کوڕی عەلی کوڕی عومەری قەزوینی" کەوت، لەم زانایەوە گوێبیستی هەموو موسنەدی "ئەبی محەمەد عەبدولّلای کوڕی عەبدولڕەحمانی کوڕی فەزلّی کوڕی بەهرامی دارمی" بووین بەلاّم مزگەوتی(جامع سولّتان) دەکەوتە دەرەوەی شار لکابوو به کۆشکی سولّتانەوە سێیەمیان(رەسافە)یە دووری نێوان ئەم مزگەوتە و (جامع سولّتان) میلێك دەبوو.

باسی گۆڕی خەلیفەکان و زانایان و پیاوچاکان

گۆڕی جێنشینەکانی دەولّەتی عەباسی رەزای خودایان لێبێت، هەموو لە شاری بەغدادن هەر گۆڕە و ناوی خاوەنەکەی لەسەری نووسراوە وەك گۆڕی "مەهدی و هادی و ئەمین و موعتەسیم و گۆڕی واسیق، هەروەها موتەوەکیل و مونتەسیر و موستەعین و موعتەز و موعتەمید و موعتەزید و موکتەفی و موقتەدیر و قاهیر و رازی و موتەقی لەگەلّ موستەکفی و مووتیعلیللا و تائیع و قائیم و قادیر و موستەزهیر و موستەرشی و راشید و موقتەفی و موستەنجید و موستەزی و ناسیر و زاهیر و مونتەسیر و موعتەسیم" کۆتا جێنشینی عەباسییەکان "موعتەسیم" بوو کاتێك تەتار و مەغۆلەکان هێرشیان کردە سەر بەغداد سەریان لە لاشەی جیاکردەوە لەوە بەدواوە ناوی عەباسییەکان کۆتایی هات ئەوەش سالّی ٦٥٤ ك بوو.

هەر لە نزیك رەسافەوە گۆڕی ئیمام ئەبو حەنیفەی لێبوو رەزای خودای لێبێت گومەزێکی لەسەر دروستکرابوو لەگەلّ خانەقایەك خواردنیان پێشکەش بە هەژاران دەکرد لە شاری بەغداد لە هیچ خانەقایەك خواردن نادرێتە رێبوارن تەنها لەوێ نەبێت پاك و بێگەردی بۆ خودا دونیا چۆن دەگۆڕێت، لە نزیکییەوە گۆڕی ئیمام ئەحمەدی کوڕی حەنبەلی لێبوو بەلاّم گومەزی لەسەر دروست نەکرابوو، دەلّێن: هەر کاتێك گومەزی لەسەر دروست کرابێت بە ویستی خودا بۆ خۆی

رووخاوە خەڵکی بەغداد زۆر ڕێزیان لێی دەگرت و لەسەر مەزهەبی ئەو بوون لە گۆڕەکانی تری بەغداد "بیشری حافی" لێبوو لەگەڵ "داودی تائی" و "ئەبی قاسمی جونەید" ڕەزای خودا لە هەموویان بێت.

خەڵکی بەغداد لە هەموو هەفتەیەدا ڕۆژێکیان هەبوو بۆ زیارەتکردنی گۆڕستان ئەوەی جێگای سەرنجە!، بەغداد گۆڕێکی زۆری پیاوچاکانی تێدا بوو، بەڵام ناتوانرێت هەمووی باس بکرێت بەشی ڕۆژهەڵاتی بەغداد میوەجاتی لێ نەبوو بۆیە لە بەشی ڕۆژئاواوە بۆیان دەهێنا، ویستی خودا وابوو کاتێك من لە بەغداد بووم، پاشای عێراق لەوێ بوو ئیستاش لێرەدا باسی دەکەین.

سوڵتانی بەغداد و خۆراسان

سوڵتان ناوی"ئەبو سەعیدی بەهادرخان" بوو خان واتا: پاشا کوڕی سوڵتان محەمەد خودابەندە بوو یەکێك بوو لە پاشاکانی تەتار بەڵام دواتر مسوڵمان دەبێت جیاوازی هەیە لەسەرناوەکەی هەندێك دەڵێن: خودابەندە بە زمانی فارسیە واتا: بەندەی خوا، ڕایەکی تر هەیە دەڵێن: ناوی خەربەندەیە، خەر بە زمانی فارسیە

واتا: بەندەی گوێدرێژەکە دەڵێن: گوایا کاتێك لەدایکبوە گوێدرێژێك هاتوەتە ژورەوە تەتار نەریتیان وابوو لە کاتی لە دایکبوندا هەرچیەك هاتبێتە ژورەوە ئەوا بەوە بانگکراوە براکەشی ناوی قازان خان بووە قازان واتا: مەنجەڵ چونکە ئەو کاتەی ئەمیش لەدایکبووە کەنیزەیەك هاتووەتە ژوورەوە مەنجەڵێك لەسەر سەری بووە بۆیە ئەو ناوە بەسەریدا دابڕاوە.

کاتێك سوڵتان خودابەندە کۆچی دوایی دەکات کوڕەکەی شوێنی دەگرێتەوە ناوی "ئەبی سەعید بەهادرخان" بوو تەمەنی زۆر منداڵ دەبێت لە بەغداد چاوم پێکەوت موی ریش و سمێڵی دەرنەچو بوو گەنجێکی تا بڵێی جوان بوو وەزیرەکەی ناوی "غەیاسەدین محەمەدی کوڕی خواجە ڕەشید" بوو باوکی جولەکەیەکی کۆچکردوو بوو لە سەردەمی فەرمانڕەوایی (محەمەد خودابەندە) دەبێت بە وەزیر

رۆژێکیان هەردووکیانم بینی لە ناو ڕوبـاری دیجلە لەسـەر بەلـەمێك بـوون لای راستوچەپی دوو بەلەمی تر هەبوون گۆرانیبێژ و سەماکەری لەسـەر بـوو هەنـدێك خەڵکی نابینا هـاتن و سـکاڵای خۆیـان گەیانـدە لای و داوای یارمـەتیان لێکـرد ئەویش بڕیاریدا بۆ هەریەکەیان مووچە و خزمەتکار تەرخان بکرێـت. وەك پێشـتر ئاماژەم پێکرد کاتێك سوڵتان ئەبی سەعید دەسەڵاتی گرتەدەست تەمـەنی بچـوك بوو، ئەوەی کاروباری دەوڵەتی بەڕێوەدەبرد ئەمیری گشتی دیمەشق خواجـە جۆبـان بوو دواتر دەستدەگرێ بەسەر دەسەڵاتدا و سوڵتان ئەبی سەعید هـیچ بڕیارێـك لـە ژێر دەستیدا نابێت و تەنها بە ناو سوڵتان دەبێت، تەنانەت هەنـدێك جـار ئەونـدە پارەی پێ نابێت بۆ خۆی بیکات بە خەرجی و قەرزی لـە بازرگانـەکان دەکـرد بـۆ رایکردنی کارەکانی.

بەم شێوەیە ماوەیەك تێپەڕ دەبێت و رۆژێکیان خێزانێکی باوکی ئەبی سـەعید ناوی "دونیا خاتون" دەبێت دێتە لای و پێی دەڵێـت: ئەگـەر تـۆ پیاوبیـت رێگـا نادەیت ئەمیر جۆبان و کوڕەکانی ئاوا بەم شێوەیە خەریکی خراپـەکاری بـن، کـار گەیشتوەتە ئەوەی خواجە دەستدرێژی دەکاتە سەر خێزانەکانی باوکـت دوێنـێ لای "تەغا خاتون" نووستوە و ئەمڕۆش بە نهێنی هەواڵی ناردوە شەو دێتە لای من.

ئەبی سەعید تێدەگات لە پەیامەکەی دونیا خاتون، پێشی دەڵێت ئەگەر شـەو هاتە کۆشك خۆت و سەربازەکانت کۆببنەوە بۆ بـەیانی لـە کـاتی دابەزینـدا هـەر دووکیان بکوژە (مەبەستی خـۆی و پاسـەوانەکەیەتی)، ئەمـە کـارێکی ئاسـانە و باوکیشی خودا لەناوی دەبات ئەوکاتە باوکی خواجـە ئـەمیر جۆبـان لـە ناوچـەی خۆراسان دەبێت، ئەبی سەعید تورە دەبێت زۆر بەو هەواڵە ئازار دەکێشـێت بۆیـە پلانی کوشتنی بۆ دادەڕێژێت کە دەزانێت خواجە و پاسەوانێکی لە کۆشکن فەرمان دەنێرێت بۆ سەربازەکانی کە ئابڵوقەی بدەن.

بۆ بەیانی کە لە کۆشك دەردەچێت خۆی و پاسەوانەکەی ناوی "حاجی میسری" دەبێت، تەماشا دەکەن چواردەوری کۆشك بە پاسەوان و سەرباز گیراوە، دەرگاش بە

زنجیر و قوفڵ بەستراوە، پاسەوانەکەی بە شمشێر زنجیرەکە دەشکێنێت و دەیانەوێت دەربچن، بەڵام هەر زوو سەربازە تایبەتەکانی "ئەبی سەعید" بە (خاسەکیە)ناسرا بوون ئەمیرەکەیان ناوی لوئلوئە بوو دەگەنە سەریان و هەردوکیان دەکوژن و سەری خواجە جوبان پاسەوانەکەی لەبەردەستی ئەبی سەعید دادەنێن، ئەمەش نەریتە و ئاوا لە دوژمن دەکرێت ئەبی سەعید بەوەشەوە ناوەستێت، مااڵەکەی تااڵن دەکات و خزمەتکار و دەست و پێوەندەکانی لەناودەبات.

کاتێك هەواڵ دەگاتە جۆبانی باوکی لە خۆراسان، کوڕەکانی لەگەڵیدا دەبن بە ناوەکانی: حەسەن و تااڵش، لەگەڵ کشلوخان کە خوشکەزای ئەبی سەعید بوو دایکەی ناوی "سەبتی بەگی کچی سوڵتان خودابەندە" بوو، ئەم کوڕەیان لە هەمووان بچوکتر بوو لەگەڵ ئەوەشدا کۆمەڵێکی زۆری سەربازی تەتاری لەگەڵدا دەبێت، هەموویان بڕیاری جەنگ ئەدەن دژی سوڵتان ئەبی سەعید، کاتێك هەردوو سوپا بەیەك دەگەن هەر زوو سەربازانی تەتار لە گۆڕەپانی جەنگ هەڵدێن و سوڵتان جۆبان بەتەنها دەمێنێتەوە و ناتوانێت بەرامبەر ئەبی سەعید بووەستێتەوە، بۆیە بە ناچاری هەڵدێت بۆ بیابانی سجستان[1] و بڕیار دەدات پەنا بەرێت بۆ پاشای هیرات.

بەڵام هەردوو کوڕەکەی حەسەن و تااڵش ئەوە رەتدەکەنەوە کە پەنابەرن بۆ پاشای هیرات بە باوکیان دەڵێن: غەیاسەدینی پاشای هیرات کەسێکی فێڵباز و بێ پەیمانە، پێشتر غەدری لە فەیرۆز پاشا کرد دوای ئەوەی پەنای بۆ برد و پەیمانی پاراستنی پێدا دواتر بە نامەردی کوشتی جۆبان گوێی بە کوڕەکانی نەدا و خۆی و کوڕە بچوکەکەی چونە لای غەیاسەدینی مەلیکی هیرات[2]، زۆر بە گەرمی

---

[1] دەکەوێتە باشووری ئێرانەوە. (وەرگێڕ)

[2] هیرات: شارێکە دەکەوێتە خۆراسانەوە(ولاتی ئەفغانستان) دەوترێ ئێستاش زۆرینەی دانیشتوانەکەی کوردن. (وەرگێڕ). یاقوتی حەمەوی باسی کردوە دەڵێت: قەاڵو ناوچەچیاکانی هیرات دانیشتوانەکەی کوردن .(معجم البلدان . مج٤ ص٤١٦دار صادر لبنان)

پێشوازی لێیان کرد، ئەوەندەی پێ نەچو دوای چەند رۆژێك هەردووکیانی کوشت و سەرەکانیانی بە دیاری نارد بۆ سوڵتان ئەبی سەعید.

بەڵام هەردوو کوڕەکەی (حەسەن و تاڵش)، هەڵدێن بۆ لای سوڵتانی خەواریزم (محەمەد ئۆزبێك) ئەویش پێشوازیان لێ دەکات بەڵام بەهۆی هەڵسوکەووتی نادروستیان سوڵتان ئۆزبێك هەردووکیان دەکوژێت کوڕی چوارەمی جۆبان ناوی دێمرتاش دەبێت، هەڵدێت بۆ لای پاشای میسر (مەلیك ناسر)، ڕێزی لێ دەگرێت و شاری ئەسکەندەریە دەکاتە ژێر دەستیەوە بەڵام ڕەتیدەکاتەوە وەریبگرێت، بەڵکو داوای سەرباز و کەرەستەی جەنگی لێ دەکات دژی سوڵتان ئەبی سەعیدی عێراق، چەندین جار مەلیك ناسر دیاری بۆ دێمرتاش دەنێرێت ئەو لەوە باشتر بە نوێنەرەکەیدا دەنێرێتەوە و هەڵسوکەووتی نابەجێ ئەنجام دەدات، بۆیە مەلیك ناسر دەیکوژێت و سەرەکەی دەنێرێت بۆ ئەبی سەعید، پێشتر ئەم چیرۆکەمان باسکردوە لەگەڵ چیرۆکی قەرەسەنقور. کاتێك تەرمی جۆبان و کوڕەکەیان هێنا لە عەرەفات ڕایانگرتن ئنجا هەڵیانیان گرت بۆ مەدینە بۆ ئەوەی لەو شوێنە بیانێژن کە جۆبان دیاری کردبوو لە نزیك مزگەوتی پێغەمبەرەوەﷺ، بەڵام ئەوە ڕەتکرایەوە لە بەقیع بەخاکیان سپاردجۆبانیش ئەو کەسە بوو کە ئاوی ڕاکێشا بۆ شاری مەککە.

کاتێك سوڵتان ئەبی سەعید لەسەر کورسی دەسەڵات دانیشت، ویستی ژیانی هاوسەرێتی لەگەڵ کچەکەی جۆبان ئەنجام بدات، کە ناوی بەغداد خاتون بوو لە جوانترین ئافرەتەکان بوو لە مالّی شێخ "حەسەن" گەورە ببوو ئەم شێخ حەسەنە کەسایەتیەکی ناودار بوو دوای مردنی ئەبی سەعید دەسەڵاتی عێراق کەوتەدەستی هەرچۆنێك بوو بەغداد خاتون هاوسەرگیری لەگەڵدا کرد و زۆر یەکتریان خۆشدەویست ئافرەت لای تەتار پێگەی تایبەتی هەیە هەر کاتێك سوڵتان نامەی بنارداید بە لایەکدا، یاخود فەرمانی دەربکردایە دەینوسی بە فەرمانی سوڵتان و سەرجەم خاتونەکان هەروەها هەر خاتونە و ناوچەیەك لەژێر دەستیدا بوو داهات و

بەرووبومی ناوچەکەی بۆ خۆی بەکاردەهێنا دواتر ئەبی سەعید خۆشەویستی دەچێتە سەر ئافرەتێکی تر کە ناوی دڵشاد خاتون دەبێت و هاوسەرگیری لەگەڵ دەکات، بەم کارە بەغداد خاتون زۆر تووڕە دەبێت بۆیە بە ژەهر ئەبی سەعید دەکوژێت و کۆتایی بە دەسەڵاتی دێت چونکە کوڕی نابێت.

کاتێك ئەمیرەکان بەوە دەزانن کە بەغداد خاتون سوڵتانی کوشتوە بڕیار ئەدەن بیکوژن، یەکێك لە ئەمیرەکان کە کۆنترین کاربەدەست دەبێت ناوی"خواجە لوئلوئە"بوو بریار دەدات بیکوژێت بۆیدەچێت لە گەرماو دەبێت، یەك گورزی لێ دەدات و دەستبەجێ بەغداد خاتون گیان لەدەستدەدات لاشەکەی چەند رۆژێك بە داپۆشراوی دەمێنێتەوە دواتر دەنێژرێت، شێخ حەسەن دەچێتە سەر کورسی دەسەڵات و هاوسەرگیری لەگەڵ دڵشاد خاتوندا دەکات.

باسی ئەوانەی کە دەسەلآتیان گرتەدەست دوای سوڵتان ئەبی سەعید

لەوانە شێخ حەسەنی پورزای کە پێشتر باسمانکرد دەستی گرت بەسەر عێراقی عەجەمدا هەروەها ئیبراهیم شا دەستی گرت بەسەر موسڵ و دیاربەکر، ئەمیر ئەرتەنا بەسەر ناوچەی (توکمان) پێشی دەوترێت (رۆم) بەڵام حەسەن خواجە کوڕی دیرتاشی کوڕی جۆبان دەستیگرت بەسەر: تەبرێز و سوڵتانیە و هەمەدان و قوم و قاشان و رەی و وەرامین و فەرغان و کەرەج، یەکێکی تر لە ئەمیرەکان "تەغیتمۆر" بوو دەستیگرت بەسەر ولآتی خۆراسان بەڵام حوسەینی کوڕی غەیاسەدین دەستیگرت بەسەر هیرات و بەشێکی ناوچەی خۆراسان هەروەها "مەلیك دینار" بوو بە فەرمانڕوای ناوچەی کەبەج لەگەڵ مەکرانی و دەسەڵاتی خۆی تێیاندا سەپاند بەپێچەوانەوە محەمەد شا موزەفەر دەستیگرت بەسەر یەزد و کرمان و وەرکو.

لە سوڵتانەکانی تر "قوتبەدین تەمهتین" بوو دەستیگرت بەسەر هورموز و

کیش و بەحرەین بەلاّم شیراز و ئەسفەهان سولّتان ئەبو ئیسحاق دەستی بەسەریاندا گرت کە پێشتر باسمانکردوە کۆتایان ئەفراسیاب ئەتابەك بوو دەستیگرت بەسەر ئەیزج و ناوچەکانی تر. با بگەڕێینەوە بۆ باسەکەی خۆمان: لە بەغداد دەرچوم بۆ محلە سولّتان(هاوینە هەواری سولّتان ـ وەرگێر)مەبەستم بوو چاوم بکەوێت بە شێوازی گەشتکردنی پاشا و چۆنێتی رێکخستنی کارەکانی.

وەزیر لەگەلّ خزمەتکار و خێزانەکانی پاشا

نەریتیان وابوو پاشا و وەزیرەکان لە کاتی دەرکەوتنی سپێدەی بەرەبەیاندا ناوەکانی: حەسەن و تالّش، لەگەلّ کشلو خان کە خوشکەزای ئەبی سەعید بوو دایکەی ناوی "سەبتی بەگی کچی سولّتان خودابەندە" بوو، ئەم کوڕەیان لە هەمووان بچوکتر بوو لەگەلّ ئەوەشدا کۆمەلّێکی زۆری سەربازی تەتاری لەگەلّدا دەبێت، هەموویان بڕیاری جەنگ ئەدەن دژی سولّتان ئەبی سەعید، کاتێك هەردوو سوپا بەیەك دەگەن هەر زوو سەربازانی تەتار لە گۆڕەپانی جەنگ هەلّدێن و سولّتان جۆبان بەتەنها دەمێنێتەوە و ناتوانێت بەرامبەر ئەبی سەعید بووەستێتەوە، بۆیە بە ناچاری هەلّدێت بۆ بیابانی سجستان[1] و بڕیار دەدات پەنا بەرێت بۆ پاشای هیرات.

دەکەوتنە رێگا شێوازی رێکخستنی کەژاوەی سولّتان بەم شێوازە بوو: سەرەتا هەر ئەمیرێك سەربازەکانی ئالاّ و دەهۆلّی خۆی دەهێنا و لەو شوێنەی کە بۆی تەرخانکرابوو لەلای راستەوە یان لەلای چەپەوە بە رێکی دەوەستان ئنجا هەموو ئەمیرەکان ئامادە دەبوون و ریزەکان پۆل پۆل رێکدەخران لە تەپلّ دەدرا و هەر ئەمیرێك دەهات و سلاّوی خۆی لە سولّتان دەکرد و دەگەڕایەوە شوێنی خۆی پاشان پاسەوانەکانی کە پێیان دەوترا (حیجاب و نەقبا) دەهاتنە پێشەوە بەرامبەر سولّتان دەوەستان لەگەلّ ئەو کەسانەی کاریان دەهۆلّ کووتین و سەماکردن بوو

[1] دەکەوێتە باشووری ئێرانەوە. (وەرگێڕ)

ئەمانە ژمارەیان نزیکەی سەد کەس دەبوو لە پێش ئەمانیشەوە دە کەس بە سواری ئەسپ ڕادەوستان و پێنجیان جۆرە دەهۆلێکی تایبەتیان هەڵگرتبوو پێیان دەوت: سەرنایات، پێنجی تریان دەهۆڵی ئاسایی.

کە دەکەوتنەڕێ لە دەهۆڵ دەدرا و گۆرانیان دەوت هەروەها بە لای ڕاست و چەپی سوڵتانەوە گەورە و کاربەدەست و ئەمیرەکان ڕێیان دەکرد، ژمارەی ئەمیرەکان پەنجا کەس دەبوو و لە پشتیانەوە ئالاّ بەدەست و دەهۆڵ هەڵگرەکان و ئەوانەی فوو بە کەرەنادا دەکەن دەڕوێشتن، هەر ئەمیرێك ئالاّ و دەهۆڵی تایبەتی خۆی پێبوو ئەوەی سەرپەرشتی ئەم کارانەی دەکرد ئەمیری گشتی سەربازەکان بوو بۆ ڕێکخستنی کارەکانی پشتی بە سەربازە تایبەتەکانی دەبەست هەر کەسێك لە ئەمیر یاخود سەرباز کە لە ژێر دەستیدابوو گەر دوابکەوتایە لە کۆمەڵەکەی خۆی سزای دەدا، سزاکەشی ئەوە بوو تورەکەیەك پڕ لە خۆڵ دەکرا و بە ملیەوە دەبەسترا و دەبوو هەڵیبگرێت تا دەگەیشتە بەردەم مالّ و دواتر لە سەر زەوی ڕادەکشا ئنجا ئەمیر دەهات و بیست و پێنج داری لێدەدا وەك سزای ئەوەی کە دواکەوتوە چاوپۆشی لە کەسیش ناکرا.

کاتێك خێوەتگەی سوڵتان لە شوێنێك بۆ پشودان دادەنرا خزمەتکار و پاسەوانەکانی لەگەڵیدا دەبوون و شوێنی تایبەتی خۆیان هەبوو لەگەڵ خێزانەکانی هەروەها بانگبێژ و ئیمام و خزمەتکارەکانیان هاوڕێیان دەبوون، بەڵام وەزیر و نووسەر و پیشەوەرەو ئەمیرەکان ئەمانیش شوێنی جیاوازی خۆیان هەبوو لە دوای نوێژی عەسر هەموو کۆدەبونەوە بۆ خزمەت کاتی گەڕانەوەیان بۆ شوێنی خۆیان دوای نوێژی خەوتنان بوو چرا و مەشخەڵ دادەگیرسا تا بەرەبەیان هەرکاتێك ڕۆیشتن دەست پێ بکرایە لە دەهۆڵی گەورە دەدرا پاشان هی خێزانی گەورەی سوڵتان دەکوترا و دواتر دەهۆڵی خاتونەکانی تر دواجاریش لە دەهۆڵی وەزیرەکان و ئەمیرەکان دەدرا، لە کۆتاییدا ئەمیری دووەم لە کاروانەکەدا ڕێگری دەکرد لەوەی خەڵکی ئاسایی، تێکەڵ بن لەگەڵ کەسە گەورەکان.

شاری تەبرێز

هاوڕێیەتی ئەمیر "عەلائەدین محەمەد"م کرد تا شاری تەبرێز، ئەم کەسە یەکێك بوو لە گەورە ئەمیرەکانی ولأت بەڕێز و دەستڕۆیشتوو بوو دوای (١٠) دە رۆژ لە بەڕێکەوتنمان گەیشتینە تەبرێز لە دەرەوەی شار لە ناوچەیەك ماینەوە ناوی شام بوو گۆڕی "قازانی" پاشای عێراقی لێبوو، هەروەها قوتابخانە و خانەقایەکی لێ دروستکرابوو خواردنی لێ دەدرا بە هەژاران خواردنەکانیش بریتی بوون لە: گۆشت و نان لەگەڵ برنج بە رۆن و حەلوا لەوێ لامانداجێگایەکی تابلێی خۆش بوو، پڕ لە دار و باخ و ئاوی پاك بۆ بەیانی چوینە شارەوە پێیان دەوت: بابولبەغداد بازارێکی ئیجگار گەورەی هەبوو بە ناوی قازان لە ناوەوە هەر شوێنە و تایبەت بوو بە پیشەیەك بێ ئەوەی تێکەڵ بە یەکتر بن سەرەتا چومە بازاڕی زەڕنگەرەکان هەر دوکانێك خزمەتکارێکی لێبوو روخساریان سەرنجڕاکیش و جوان بوو پۆشاکی پاك و قەشەنگیان پۆشی بوو پشتوێنی ئاوریشمیان لە پشت بەستبوو، بازاڕ جمەی دەهات لە ئافرەتی تورك.

دواتر چومە بازاڕی بۆنفرۆشان، باشترین و نایابترین جۆری عەنبەر و میسك لەوێ دەفرۆشرا پاشان گەیشتمە ئەو مزگەوتەی وەزیر"عەلیشا"ی ناسراو بە جیلانی دروستیکرد بوو لە لای بەشی قیبلەوە قوتابخانەیەك دروستکرابوو، هەروەها لە لای چەپی ئەم قوتابخانەیە خانەقایەکی لێبوو دیوارەکانی بە جۆرە بەردێکی لووس دروستکرابوو لە ناوەوە بە بەردی مەڕمەڕ زەویەکەی ڕوپۆش کرابوو، ڕوبارێکی جوان و شیرین بە نێویدا دەڕۆیشت و هەموو جۆرە دارێکی لێبوو وەك: تریّ و یاسەمین نەریتی خەڵکەکەی وابوو، هەموو رۆژێك لە دوای نوێژی عەسر لە مزگەوت کۆدەبونەوە سورەتی (یاسین و فەتح و عەمە) دەخوێنرایەوە، ئەو شەوە لە تەبرێز ماینەوە بۆ بەیانی نامەی سوڵتان ئەبی سەعید گەیشتە ئەمیر

عەلائەدین فەرمانی پێکرد بگەڕێتەوە بۆ شاری بەغداد، بۆیە لەگەڵ کاروانەکەدا گەڕاینەوە و نەمتوانی زاناکانی ئەوێ ببینم ئیتر لەگەڵ ئەمیری ناوبراو گەڕامەوە بەغداد و دواتریش چومە خزمەتی سوڵتان.

ئەمیر لای سوڵتان باسی منی کردبوو من کێم و لە کوێوە هاتوم و چیم دەوێت ئەویش پرسیاری ولاتەکەمی کردبوو ئەوەی دەزانی کە من دەمەوێت دووبارە گەشت بکەمەوە بۆ ولاتی حیجاز فەرمانی دەرکرد بەوەی کە پێداویستیەکانم جێبەجێ بکەن لە پارە و خواردن و ئاژڵ بۆ ئەمەش فەرمانەکەی درا بە خواجە ئەمیری بەغداد هەموو پێداویستیەکانم وەرگرت . کات زۆری مابوو کاروانی حاجیان بەڕێبکەوێت بەرەو ولاتی حیجاز زیاتر لە دوو مانگ دەبوو بۆیە بڕیارمدا گەشتێك ئەنجام بدەم بۆ موسڵ و دیاربەکر و ئەو ناوچانە ببینم و دواتر بگەڕێمەوە بۆ بەغداد، تا ئەو کاتەی کاروانی حاجیان ئامادە دەبێت.

لە بەغداد بەڕێکەوتمەوە و چومە مااڵێك لەسەر ڕووباری دوجەیل ئەمەش لقێکی دیجلەیە گوند و ناوچەیەکان بۆ ئاودێری پشتی پێدەبستن، دوای دوو ڕۆژ گەیشتینە گوندێکی تر بە ناوی (حەریە) بەپیت و فراوان بوو لەوێشەوە بەڕێکەووتین و چوینە جێگایەك لەسەر ڕۆخی دیجلە نزیك قەڵای (مەعشوق) لەلای ڕۆژهەاڵتیەوە سامەڕایە پێشی دەوترا(سُرمن رأی) ئەم شارە بەشێکی زۆری وێرانە بوو تەنها کەمێکی نەبێت ئاووهەوایەکی مامناوەندی هەبوو لە سامەڕا مەزاری (ساحیب زەمانی) لێیە وەك چۆن لە حیلە هەبوو.

تکریت

لە دوای ئەم شوێنانە گەیشتینە تکریت، شارێکی گەورە و کۆن بوو مزگەووتیکی تێدا دروستکرابوو خەڵکەکەی بەڕەوشت و بەڕێز بوون، قەاڵیەکی بەهێز و پارێزراوی لێبوو، ڕووباری دیجلەش دەکەوتە لای باکوریەوە دوای بەڕێکەوتنمان لە تکریتەوە بە دوو قۆناغ گەیشتینە گوندی عەقرە لەسەر ڕووباری

دیجلە، لەلای باکوریّوە بەرزایەك هەیە قەڵایەکی لێ دروستکرابوو هـەر بـەولاتر‌ەوە خان حەدید هەیە ئەم ناوچانە هـەموو ئـاوەدان بـوون تـا دەگاتـە موسـڵ پاشـان بەڕێکەووتین گەیشتینە شوێنێك پێیان دەوت (گیارە) لە روبارى دیجلەوە نزیکە لەم شوێنە تا چاو بڕبکات جۆرە کانیـەکی لێبـوو، مـاددەیـەکی رەش دەردەدات پێـی دەڵێن (قارە)[1] هەرکاتێك بیانەوێت ئەم مـاددەیە هەڵگیرنەوە ئاگری تێ بەرئەدەن و هەر ئاوێکی تێدا بێت نامێنێت دواى وشکبوونەوە ئەوکات هەڵیدەگرنەوە، پێشتر باسی ئەم مـاددەیەمان کرد کە لە نیوان کوفە و بەسرەدا هەیە، دواى ئەم جێگایـە بە دوو قوناغی رێکردن دەگەیتە شارى موسڵ.

شارى موسڵ

شارێکی کۆن و بەپیتە، قەڵاکەی لە شوێنە ناوداڕەکەیەتی و بە حەدبا ناسـراوە بەناوبانگ و پارێزراوە بە هەر چوار لایەوە شورایەکی جوان و پتەوی هەیـە لەگـەڵ مـاڵ و خانوو، لەنێوان ئەم شوێنە و شار شەقامێکی پان و پـۆڕی هـەبوو هـەر لـە سەرەتاى شارەوە دوو بورج دروستکرابوو کە لە یەکەوە نزیـك بـوون و لـە ژێـرەوە مـاڵی لێبوو لە هیچ جێگایەك بورجی وام نەبینیوە جگە لە دەهلی نەبێت لە وڵاتی هیندستان!. هەروەها موسڵ لـەو ناوچـانەیە کـە مـەزار و خانـەقا و مزگـەوت و میوانخانە و خان و گەرماوى زۆرى هەبوو مزگەوتیکی لێبوو دەکەوتە سەر ڕوبـارى دیجلە لە هەموو لایەکیەوە پەنجەرەى ئاسنینی هـەبوو دەیڕوانـی بەسـەر دیجلـەدا، یەجگار دیمەنی جوان و سەرنجڕاکێش بـوو!، بەرامبـەر ئـەم مزگەوتـە نەخۆشـخانە هەبوو بۆ خزمەتی دانیشتوانەکەی هەروەها لە ناوەوەی شارەوە دوو مزگـەوتی تـر هەبوو، یەکێکیان کۆن و ئەوەی تریـان نـوێ بـوو گومـەزێکی لێبـوو لـە ژێرێـدا حەوزێکی مەڕمەڕ دروستکرابوو و ئاوی بۆ ڕاکێشرابوو مەترێك زیاتر بـەرزدەبوەوە دیمەنێکی ناوازەی هەبوو!.

---

[1] قیرى رەشە. (المنجد في اللغة و الاعلام، دار المشرق، بیروت ، طبعة ٣٤، ص ٦٦٢)

هەر لە موسڵ قەیسەری لێبوو بە دەوریدا دوکان هەبوو لەگەڵ خانوی زۆر بە هونەرێکی جوان دروستکرا بوون لە مەزارە بەناوبانگەکانی گۆڕی پێغەمبەر جەرجیسە سڵاوی خودای لێبێت مزگەوتیکی لەسەر دروستکرابوو بۆ پیرۆزی زیارەتی ئەم شوێنەم کرد هەروەها لە نزرگەکانی تری گردی پێغەمبەر یونسە سڵاوی خودای لێبێت لە دووری میلێکەوە کانیەك هەبوو بە ناوی نەبی یونس دەڵێن: لەو شوێنەوە بوو داوای لە گەلەکەی کرد کە خۆیان بشۆن و چونە سەر گردەکە و نزایان کرد لە پەروەردگار تا سزاکەیان لەسەر هەڵبگرێت و خوداش هەڵیگرت، هەروەها بە تەنیشتیەوە گوندێکی کۆن و وێرانە هەبوو بە نەینەوای یونس ناودەبرا پاشماوەی قەڵا و دەرگاکانی وەك خۆی مابونەوە دیار و ئاشکرا بوون.

هەر لەسەر گردەکە خانەقا و مزگەوت و مالێکی زۆری لێبوو لە ژورێکی خانەقاکەدا سوچێکی تایبەت هەبوو بە پەردەیەکی ئاوریشم داپۆشرابوو دەرگایەکی ڕوپۆشکراو بە بەردی بەنرخی بۆ دروستکرابوو دەیانوت: ئەو شوێنە جێگای وەستانی پێغەمبەر یونسە ڕەزای خودای لێبێت خەڵکی هەموو شەوێکی هەینی ڕوویان لەم مەزارە دەکرد بۆ پەرستش و نزاکردن.

موسڵاویەکان بەڕەوشت و نەرمونیان بوون و زۆر ڕێزیان لە خەڵکی نامۆ دەگرت و یارمەتیان دەکردن، ئەو دەمەی لەوێ بووم ئەمیری ناوچەکە "مەولانا عەلائەدین عەلی کوڕی شەمسەدین موحەمەد"ی ناسراو بە حەیدەر بوو، کەسێکی بە هەیبەت و بە شکۆ و ئازا و جوامێر بوو سوڵتان ئەبی سەعید زۆر ڕێزی لێدەگرت موسڵ و ناوچەکانی دەوروبەری خستبووە ژێر رکێفی خۆیەوە، ڕێزی لە خەڵکی دەگرت و هەمیشە یارمەتی هەژاران و ڕێبوارانی دەدا کە چومە خزمەتی ڕێزی تایبەتی لێم گرت و بڕیاریدا خەرجیم بداتێ تا ئەو کاتەی موسڵ جێدەهێڵم هەموو ڕۆژێك ئیواران سەرباز و دەسەڵاتدار و ناوداڕەکانی شار دەهاتنە لای بۆ سڵاوکردن. ((کاتێك ئەمە دەنوسرێت.. لە خزمەتی پاشای (فاس)داین خوا دەسەڵات و مولك

و سەروەری بپارێزێت چونکە هەمیشە ولاتی بووەتە پشت و پەنای ڕێبواران و کاروانسەرای هەژاران و جێگای حەسانەوەی ماندوانە)).[1]

دوای (موسڵ) گەشتم دەستپێکردەوە چوینە گوندێك ناوی (عەین ڕەسد)[2] بوو، لەسەر ڕوبارێك بوو پردێکی لەسەر دروستکرابوو خانێکی گەورەشی لێبوو دواتر ڕۆیشتین بۆ ناوچەیەك پێیان دەوت (مویلیحە) لەوێوە دووبارە کۆچمان کردەوە بۆ (جەزیرەی ئیبن عومەر) [3]شارێکی گەورە بوو چواردەوری دۆڵ و شیوە لەبەر ئەوەیە پێی دەڵێن: جەزیرە ئەم شارە بازاڕ و مزگەوتی جوانی تێدایە یەکێك لە مزگەوتەکانی کۆن بوو بە بەرد دروستکرابوو خەڵکی ئەم شوێنە ڕێز لە ڕێبوار و نامۆ دەگرن، لەو دەمەی لەوێ بووم چیای جودیم بینی ئەو چیایەی کەشتییەکەی "نوح" لەسەری نیشتەوە، چیایەکی بەرز و درێژە دواتر بە دوو قوناغی ڕۆیشتن گەیشتین بە (نسێبین) شارێکی کۆنە و کانی و ئاوی زۆر بوو داری میوە و باخ و بێستانی باشی هەبوو، هەندێك خانووی شارەکە ڕوخابوون لە (نسێبین) باشترین جۆری عەتر و گوڵاو دروستدەکرا کە کەم وێنە بوو لە دونیادا، ڕوبارێکی لێبوو شاری دەبڕی و بە کۆڵان و شەقامەکانیدا تێپەڕ دەبوو، هەر لەم شارەدا نەخۆشخانە و قوتابخانە هەبوو، خەڵکەکەی دیندار و ئەمانەتپارێز بوون. ئیبن نەواس وەسفی دەکات و دەڵێت:

طابت نصيبين لي يوماً وطيبتُ لها ياليت حظي من الدنيا نصيبين

---

[1] پێشتر ناماژەمان بەوەدا کە ئیبن بەتوتە لە زۆر شوێندا بەراوردی پاشای مەغریبی کردوە، بە دەسەڵاتدارانی ولاتانی تر. (بەراوێز، ص١٣٦)

[2] لێرەوە هەندێك لە ناوچەکانی باکور و باشوری کوردستان دەست پێدەکات، شارەکانی نسێبین و ماردین و ناوایی دار و ناوچەی جەزیرە وسنجار . (وەرگێر)

[3] لە جوگرافیای ئێستادا ناوچەی شرناخ وجەزیرەیە چیای جودیش لێیانەوە نزیکە.(وەرگێر) یاقوتی حەمەویش باسی چیای جودی دەکات دەڵێت: ئەو چیایەیە کە کەشتێکەی نوح لەسەری لەنگەری گرت، دەکەوێتە ڕۆژهەڵاتی دیجلەوە . (معجم بلدان مج٢ ص١٧٩)

ئیبن جوزەی دەڵێت: خەڵکی وەسفی ئەم شارە دەکەن و دەڵێن: ئاووهەواکەی سازگارە.

شەنگال(سنجار)

دوای ئەم شارە گەشتم کرد بۆ شاری سنجار لە دامێنی چیایەکەدا دار و بێستان و میوەی زۆر بوو ئاوی زۆری هەبوو لە جوانیدا دەچوێنرێت بە دیمەشق، ئەم شارە گەورە بوو بازاڕ و مزگەوتیکی زۆری لێبوو دانیشتوانەکەی کوردن ئازا و بە جەرگ و بەخشندەن[1] لە سنجار مزگەوتیکی لێبوو دڵگیر و بەناوبانگ و بە بەرەکەت بوو لەوێ چاوم کەوت بە زانای پایە بەرز "عەبدوڵڵا کوردی" یەکێك بوو لە زاهید و خواناسەکان و پێگەیەکی زانستی بەرز و بڵندی هەبوو زۆربەی کات بەڕۆژو دەبوو هەرکاتێکیش بەربانگی بکردایەتەوە، تەنها لەسەر یەك پارچە نانی جۆ دەبوو توانیم لە خانەقایەك لەسەر چیای سنجار چاوم پێی بکەوێت، چەند درهەمێکی دامێ و زۆریش نزای خێری بۆم کرد، ئەو درهەمانە لام مانەوە تا ئەو کاتەی بێباوەڕەکانی هیندستان لێمیان سەندا!. دواتر گەشتم کرد بۆ (دارا) شارێکی کۆن بوو خانووەکانی سپی بوون، ئێستا وێرانەیە لە دەرەوەی گوندێك هەبوو لەوێ بۆ

---

[1] زیاتر لە حەوت سەد ساڵ پێش ئێستا، ئیبن بەتوتە ئاماژە بەوە دەکات، کە شەنگال شارێکە دانیشتوانەکەی کوردبونە وموسوڵمان بونە بێئەوەی باسی تایفە یان نەتەوە و ئایینی تر بکات، ئەمەش بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کورد لە میژەوە خاوەنی ئەو ناوچەیەن. (وەرگێڕ). (1) ، بەڵام ئیبن جوبیر دەربارەی ئەم ناوچانە دەڵێت: لە موسڵەوە تا نسێبین کوردەکان زاڵن بەسەر ڕێگاو ڕێرەوی کاروانی ڕێبواران ئەم هۆزە کوردیانە بەشێکیان مەترسیدار بوون چونکە خەریکی چەتەیین بوون وهیچ دەسەڵاتدارێك لە توانایدا نەبوو بەسەریاندا زاڵبێ لەنێو چیاکاندا نیشتەجێبوون جاری واهەبوو خۆیان دەگەیاندە نسێبین بێ ئەوەی کەس بەڕویاندا بۆستێتەوە . (رحلة إبن جبير ، تذكرة بأخبار عن إتفاقات الأسفار، لبنان ـ بيروت ص٢١٥)

بەڵام یاقوتی حەمەوی ئاماژەی بەوە نەکردوە کە دانیشتوانەکەی کوردبن . دەڵێت : ناوەکەشی لەوەوە هاتوە کاتێك کەشتێکەی نوح سڵاوی خوای لێبێ بەویدا تێپەڕ دەبێت لە لوتکەی چیای سنجار دەدات نوحیش دەڵێت: ئەوە(دانی) لوتکەی چیاکەیە لە کەشتێکەمان گیر بووە یاخود لێمان یاخی بووە.(هذا سن جبل جار علينا) ئیتر لەوەوە ناوەکەی بەسەردا دابڕاوە . والله اعلم .(معجم، مج٣ ص٢٦٢)

پشوو لاماندا، دوای ئەم شارە چوینە ماردین، شارێك بوو نمونەی جوانی و ئاوەدانی گەورە و مەزن بوو دەکەوتە سەر چیایەك بازاڕ و مالّەکانی دلّگیر و فراوان بوون لەم شارەدا جۆرە پۆشاکێك لە سوف دروست دەکرا پێیان دەوت: مەرعیز قەلاکەی بەناوبانگ و پارێزراو بوو.

ئیبن جوزەی دەلێت: قەلای ماردین ناوی شەهبایە، ئەوەیە کە "سەفیەدین عەبدولعەزیز حیلی" شاعیر بە هۆنراوەیەك باسی دەکات و دەلێت:

فدعْ ربوع الحِلةِ الفيحاء وَازْوَر بالعيس عنِ الزوراء

ولاتقف بالموصل الحدباء إن شِهاب القلعةِ الشهباء

بە هەمان شێوەی ماردین بە قەلای حەلەبیش دەوترێت شەهبا هەر لەم هۆنراوەیەدا مەدحی مەلیك مەنسور دەکرێت کە لە ماردیندا دەسەلاّتدار بووە دەلێن: کەسێکی بەخشندە و میهرەبان و خۆشەیستی لای خەلکی بووە پەنجا سالّ لە دەسەلاّتدا ماوەتەوە سەردەمی پاشای تەتاری بینیوە، هەروەها هاوسەرگیری لەگەلّ کچێکی خودابەندەدا کردوە بە ناوی "دونیا خاتون".

سولّتانی ماردین ئەو کاتەی لەوێ بووم

ئەو دەمەی چومە ماردین پاشاکەی ناوی "مەلیك سالّحی کوڕی مەلیك مەنسور" بوو پێشتر باسی مەلیك مەنسورمان کردوە، ئەم کەسەش دەسەلاّتی لە باوکیەوە بۆ مابۆیەوە رەوشت بەرز بوو هیچ کەس لە عێراق و شام و میسر هێندەی ئەم سولّتانە بەخشندە نەبوون زۆر کات خەلکی هەژار و شاعیران دەچونە لای یارمەتیان وەردەگرت پارە و زێڕی پێشکەشیان دەکرد وەك چۆن باوکیشی ئەو کارەی دەکرد جارێکیان ئەبو عەبدوللاّ محەمەدی ئەندەلوسی کوێر دەبێت و سەردانی دەکات بیست هەزار درهەمی دەداتێ. جگە لە کارە خێرخوازیەکانی سەدەقاتێکی زۆری تری بۆ خانەقا و قوتابخانە و هەژاران خەرج دەکرد هەروەها

خواردن و خواردنەوەی پێشکەش بە هەژاران دەکرد یەکێك لە وەزیرەکانی پێشەوا "جەمالەدین سنجاری" بوو کەسێکی زانا و کەم وێنە بوو چەندان ولآت و ناوچە لەپێناو زانستدا گەڕابوو رۆیشتبووە تەبرێز و زانستی لە زۆر لە زاناکانی ئەو شارەوە وەرگرتبوو، هەروەها دادوەری گشتی ناوی "بورهانەدین موسڵی" بوو خەڵکی شاری موسڵ بوو کەسێکی دیندار و بێ فیز بوو هەمیشە پۆشاکی سادە و زبری دەپۆشی گەر کەسێك نەیناسیبایە وایدەزانی خزمەتکارە نەریتی وابوو لە حەوشەی مزگەوت دادەنیشت و کاری دادوەری دەکرد .

سوڵحی نیوان خێزانێک

دەگێڕنەوە جارێك ئافرەتێك دەڕواتە لای "بورهانەدین موسڵی"لەو کاتەدا لە دەرەوەی مزگەوت دەبێت ئافرەتەکە ناینایسێت دێتە پێشەوە پێی دەڵێت: یا شێخ دادوەر لە کوێ دادەنیشێت لە ولآمدا دەڵێت: بۆچیتە؟ ئافرەتەکەش دەڵێت: مێردەکەم لێیداوم و خێزانی تریشی هەیە بەڵآم جیاوازی دەکات لە نێوانماندا و دادپەروەر نیە بانگیم کردوە بێت بۆ لای دادوەر بەڵآم رەتیکردەوە لەگەڵمدا بێت ئەوەندەش پارەم پێ نییە تا بیدەم بە پیاوەکانی دادوەر تا رایبکێشن بۆ دادگا، ئینجا دادوەر پێی دەڵێت: مالّتان لە کوێیە؟، دەڵێت: لە گوندێکە ناوی (مەلاحینە) لە دەرەوەی شار ئنجا دادوەر دەڵێت: باشە من لەگەڵتا دێم ئافرەتەکە هەست بە شەرمەزاری دەکات دەڵێت: هیچ شتێکم نیە تا پێشکەشتی بکەم دادوەریش: رەتیدەکاتەوە هیچ وەربگرێت ئنجا پێی دەڵێت: برۆ من بە دواتا دێم بۆ ئاوایی کە دەچنە گوندەکە پیاوەکە تەماشای خێزانی دەکات دەڵێت: ئەم پیرە پیاوە چییە وا هاتووە؟! لە وەڵآمدا پێی دەڵێت: بۆ خێزانەکەت رازی ناکەیت و جیاوازی دەکەیت؟ لەم گفتوگۆیەدا دەبن خەڵکی گوند دەیبینن دەڵێن: ئەمە دادوەری گشتیە سڵآوی لێ دەکەن و بە خێرهاتنی دەکەن پیاوەکە دەترسێت و لە هەمان کاتیشدا هەست بە خەجاڵەتی دەکات و بڕیار دەدات ئیدی مافی بداتێ و

جیاوازی لە نێوانیاندا نەکات هەروەها دادوەر نەفەقەی ئەو رۆژەش دەداتە هەردووکیان و دەگەڕێتەوە ئەم دادوەرەم بینیوە لە مالّەکەی خۆی و بوینە میوانی. پاشان گەڕامەوە بەرەو بەغداد، گەیشتمە شاری موسڵ تەماشام کرد کاروانی ڕێبواران لە دەرەوەی شار وەستاون و ئامادەن بۆ گەشتکردن بەرەو شاری بەغداد هەر لەگەڵ کاروانەکەدا ئافرەتێك هەبوو ناوی"ستە زاهیدە" بوو خواناسێکی بەناوبانگ بوو لە نەوەی خەلیفەکانی ئیسلام بوو چەندان جار حەجی مالّی خودای کرد بوو هەمیشە بەڕۆژو بوو بینیم و سلاّوم لێکرد هەندێك خزمەتکاریشی لەگەڵدا بوو هەر ئەوجارە بوو ئیتر کۆچی دوایی کرد خودای لێی ڕازی بێت لە ناوچەی بەزرود بەخاکسپێردرا.

دوای گەیشتنمان بە شاری بەغداد کاروانی حاجییان ئامادە کرابوون، چومە لای ئەمیر خواجە و داوای ئەوەم کرد کە پێشتر سولّتان فەرمانی پێکرد بوو، لە پێداویستی حەج تا بۆمی جێبەجێ بکات ئەویش بڕیاریدا شوقەیەك و خواردنی چوار کەسم بۆ تەرخان بکرێت، بۆ ئەوەش نامەیەکی نارد بۆ سەرۆکی کاروانی حاجیان ئەمیر "پالّەوان محەمەد حویەح" بوو پێشتر دەمناسی و ئاشنایەتیەك لەنێوانماندا هەبوو بۆیە بە خۆشحالّیەوە یارمەتیدا هەموو پێداویستێکانی بۆم دابین کرد. کاتێك کاروان تەواو بوو بەرەو ولاّتی حیجاز کەوتینە جوولّە بەلاّم لە ڕێگا لە کاتی دەرچون لە شاری کوفە تووشی سکچونێکی توند بووم و ماندوی کردم، ئەمیری کاروانەکەش زۆر ئاگاداری دەکردم خودا پاداشتی بداتەوە، تا گەیشتینە شاری مەککەی پیرۆز بەتەواوەتی لاواز ببووم هەرچۆنێك بوو تەوافی مالّی خودام کرد و لەسەر پشتی ئاژەڵ سەعی نێوان سەفا و مەڕوەم کرد.[1] لەو سالّەدا و لە ڕۆژی دووشەمەدا بوو لە کێوی عەرەفە وەستاین، کاتێك دابەزین بۆ مینا و پشومدا هەستم کرد تەندروستیم باشترە، لە دوای بەجێهێنانی فەریزەی حەج لە

[1] بۆ جاری دووەم وسێیەمە نیین بەتوتە حاجی مالّی خودا دەکات. (وەرگێڕ)

مەککەدا ماینەوە، ئەمیر "عەلائەدین کوڕی هیلال"م بینی ئەو کەسە بوو بالّەخانەی تایبەتی بۆ دەستنوێژ دروستکرد لە لای دەرگای بەنی شیبەوە، هەروەها دیوانیشی دانا بۆ تۆمارکردن. هەر لەو ساڵەدا حاجیانی سەعیدی میسر ئامادەبوون، شێخ سالّح نەجمەدین سەفەهۆنی لەگەلّیاندا بوو، لەگەلّ هەردوو کوڕەکەی "نەجمەدین نابلسی"ی دادوەری میسر و ...هتد هەر ئەو ساڵە ئەمیر "یەلّمەلك"یش هاتبوو لەگەلّ هەندێك لە حاجییانی خەلّکی تەنجە، هەروەها کۆمەلّێك خەلّکی ناوداری تریش بۆ حەج هاتبوون، وەك ئەمیر سەیفەدین تەقزدمور کە لە خاسەکیە بوو لەگەلّ ئەمیر "موسای کوڕی قرمان و دادوەر فەخردین"ی نووسەری مەمالیکەکان جگە لەوانەی باسکران تاج ئەبو ئیسحاق و"ستەحەدق"ی بەخێوکەرەکەی مەلیك ناسریش لەگەلّ حاجیانی میسردا هاتبوون، ئەمانە خێر و سەدەقاتێکی زۆریان پێ بوو بەسەر هەژاراندا دابەشیان کرد بەتایبەتیش دادوەر فەخردین ئەو ساڵە وەستاین و حەجمان کرد هەینی ساڵی ٧٢٨ ك بوو.

بەڵام لە ساڵی ٧٢٩ ك لە رۆژی سێشەممەدا بوو لە عەرەفەدا وەستاین و دوای مەراسیمی حەجیش لە مەککەدا ماینەوە تا ساڵی ٧٣٠ ك لەو ساڵەدا بوو ئاشوب و ئاژاوە کەوتە نیوان ئەمیری مەککە "عووتیفە" و" ئەیدەمور ئەمیر جانداری ناسری"هۆکارەکەشی ئەوەبوو بازرگانەکانی یەمەن دزییان لێکرا و سکالاّی خۆیان گەیاندە لای ئەیدەمور جاندار ئەویش چوە لای ئەمیر موبارەکی کوڕی عووتیفە و پێی ووت: دەبێت ئەو دزانەم بۆ بدۆزیتەوە لە وەڵامدا پێی دەڵێت: لە کوێ بیاندۆزمەوە؟، لە کاتێکدا یەمەن لە ژێر دەسەڵاتی ئێمەدایە نەك تۆ ئەگەر دزی لە خەلّکی شام یان میسر کرا، ئەوکات داوام لێ بکە، ئیدەمور تووڕە دەبێت و زۆر جنێوی پێدەدات و پێی دەڵێت: ئەی گەواد ! ئاوها وڵامم دەدەیتەوە، مشتێك لە سنگی دەدات و عەمامەکەی سەری دەکەوێتە خوارەوە، بەم کارەی خزمەتکارەکانی موبارك تووڕە دەبن و ئیدەمور سواری ئەسپەکەی دەبێت و بە

خێرایی دەڕوات تا سەربازەکانی بهێنێت، ئەمیر موبارەك لەگەڵ خزمەتکارەکانی دوای دەکەوێت لە ڕێگادا ئیدەمور و کوڕەکەی دەکوژن، بەو روداوە ئاشوب لە حەرەمی مەککەدا هەڵدەگیرسێت. سەربازە تورکەکان بە هەڵەداوان خۆیان دەگەیەننە مەککە و دەست دەکەن بە تیر تێگرتن و ئافرەتێکی خەڵکی مەککە دەکوژن، ئافرەتەکە خەڵکی هان دەدات بۆ جەنگ دژی سەربازەکان هەرچی زانا و دادوەرەکانە دێنە پێشەوە و قورئان بەسەر سەر هەڵدەگرن و داوای سوڵح دەکەن ئیتر بە داواکاری زاناکان رازی دەبن، سەربازەکانیش ئەوەی پەیوەندی بەوانەوە هەبوو هەڵیان گرت و گەڕانەوە بۆ میسر، کاتێك هەواڵ گەیشتە مەلیك ناسر دووبارە سەربازێکی زۆر ڕەوانەی مەککە دەکات و ئەمیر عوتیفە و کوڕەکەی موبارەك هەڵدێن براکەی رومەیسە و کوڕەکانیشی دەڕۆن بۆ وادی نەخلە کاتێك سوپاکە دەگاتە مەککە، خێرا ئەمیر رومەیسە یەکێك لە کوڕەکانی دەنێرێت بۆ لایان و داوای ئەمانیان لێ دەکات ئەوانیش قایل دەبن ئەمانی بدەنێ و دەگەڕێتەوە بۆ مەککە و شاری ڕادەست دەکەنەوە .

قۆناغی سێیەم:

باسی ناوچەکانی سەر کەناری دەریای سوور و زەریای هیندی و کەنداوی عەرەب، پاشان گەڕانەوە بۆ مەککە

دەرچون لە مەککە

لە مەککە بەڕێکەتم مەبەستم بوو بچمە یەمەن دوای قوناغێک لە ڕێکردن گەیشتینە (حەدە) دەکەوتە نێوان مەککە و (جودە) پاشان دوای ماوەیەک گەیشتمە(جودە) شارێکی کۆنە دەکەوێتە سەر ڕۆخی دەریا دەڵێن: فارسەکان ئەم شارەیان دروستکردوە لە دەرەوەی شار چاڵی زۆریان لە سەر تاشە بەردەکانی ئەو ناوچەیە هەڵکۆڵی بوو بۆ گلدانەوە ئاوی باراناو ویستی خودا وابوو ئەو ساڵە باران کەم بوو خەڵکی لەدەرەوی جودە ئاویان دەهێنا یەک ڕۆژ ڕێ دوور بوو حاجیان داوایان لە مالەکان دەکرد بۆ ئاو .

هەر لە جودە مزگەوتیکی(ئابنوس)ی لێبوو خەڵکی سەردانی ئەم مزگەوتەیان دەکرد دەیانگوت نزای تێدا گیرا دەبێت جێگایەکی پیرۆزە ئەمیری ئەم شارە ناوی "ئەبا یەعقوبی کوڕی عەبدو ڕەزاق"بوو وتاربێژ ودادوەرەکەی فەقیھ"عەبدولاّ"بوو خەڵکی شاری مەککە بوو شافعی مەزهەببوو لە ڕۆژی هەینیدا دەبوو ٤٠کەس لە خەڵکی ئەو شوێنە ئامادەبونایە ئەوکات ووتار و نوێژی هەینی تێدا ئەنجامدەدرا، ئەگەر سەد کەسی ڕێبواریش ئامادەبوونایە ئەنجام نەدەدرا گەر نوێژخوێنانی شارەکە لە ٤٠کەس کەمتر بونایە بەڵکو تەنها چوار ڕکاتی نوێژی نیوەڕۆ دەکرا ، لەوێوە سواری کەشتی بووین کە پێیان دەوت (جەلبە) هی پیاوێک بوو ناوی "ڕەشیدەدین ئەلفی یەمەنی حەبەشی" بوو لە ڕەچەڵەکدا خەڵکی حەبەشە بوو هەروەها "شەریف مەنسوری کوڕی ئەبی نومەیە" سواری کەشتییەکی تر بوو ئارەزوی کرد لەگەڵیاندابم بەڵام من ڕەتمکردەوە چونکە کەشتیەکە حوشتری تێدا بارکرابوو ترسام حەزم نەکرد لەگەڵیاندابم پێشتر بەو شێوەیە سەفەری وام نەکردبوو بە دەریادا خەڵکێکی زۆری یەمەن لەگەڵماندا بوون کەلوپەل و خواردنیان بارکردبوو بە تەواوەتی خۆیان ئامادە کردبوو بۆ گەشت .

پارە شاراوەکانی ناو کیسەکە

کاتێک گەشتمان دەستپێکرد شەریف مەنسور فەرمانی بە یەکێك لە خزمەتکارەکان کرد نیو تورەکە ئارد بهێنێت لەگەڵ هەندێك رۆن، ئەویش ئەوەی کرد کە فەرمانی پێ کرابوو بەڵام هەر ئەوەندەی نەبرد هەندێك لە بازرگانە یەمەنیەکان بە گریان هاتنە پێشەوە رووبان کردە من ووتیان: ئەو تورەکەیە دە هەزار درهەمی تێدا حەشاردراوە، مەبەستیان بوو لەگەڵ ئەمیر گفتوگۆ بکەم بۆ گێڕانەوەی ئەو بڕە درهەمە، منیش چومە لای ئەمیر ووتم: ئەو تورەکەیە دە هەزار درهەمی تێدایە هی ئەو کۆمەڵە بازرگانەیە لە وەڵامدا ووتی: ئەگەر مەی تێدا حەشار درابێت دەستی بەسەردا دەگیرێت و نایگەڕێنینەوە، کاتێك تورەکەکەیان دڕاند تەماشایان کرد درهەمێکی زۆری تێدا حەشاردراوە، ئیتر گەڕاندیانەوە بۆ بازرگانەکان ووتیان: ئەگەر بهاتایە دەستی "ئەمیر عەجلان" بکەوتایە هەرگیز چاومان پێی نەدەکەوت.

ئنجا کەوتینە رێگا بە دەریادا شنە بایەکی خۆشی هەبوو، بەڵام زۆری پێ نەچو کەشوهەوا گۆڕا و کەوتینە ناو شەپۆلی گەورەی دەریاوە زۆر ترساین و ئاواتەخواز بووین بگەیەنە وشکانی ئەوەندەی نەخایاند گەیشتینە بەندەرێك ناوی (رەئس لدوائیر) بوو، هەر لە کەنارەکەی جێگایەك هەبوو وەك مزگەوت وابوو تۆپکڵە هێلکەیەکی زۆری حوشترملی تێدا بوو ئاومان تیایاندا خواردەوە و خواردنیشمان تیایاندا لێدەنا، هەر لەم بەندەرە جێگایەك هەبوو ماسییەکی زۆری تێدابوو خەڵکی پۆشاکەکانیان دەخستە نێو ئاوەکەوە ماسی گەورەیان پێدەگرت بە هێندەی بالّی مرۆڤێك دەبوون پێیان دەوت: (بوری) زۆرمان لێ برژاند و خوارد.

پاشان کۆمەڵە خەڵکانێك لەو ناوچەیەدا دەژیان، پێیانیان دەوت: (بیجات) رەش پێست بوون و خاولیەکی زەردیان لەخۆوە دەئاڵاند، لەگەڵ پارچە قوماشێکی

سوور بە سەریانەوە، ئەمانە نەجیب زادە و ئازا بوون، چەکی دەستیان رم و شمشێر بوو، سواری جۆرە حوشترێك دەبوون بە ناوی (ئەسوهوب)، ئێمەش هەندێکمان بـە کرێ گرت و لەگەڵیان کەوتینەڕێ بە دەشتایەکدا پڕ بوو لە ئاسك بێ ئەوەی کـەس راویان بکات چونکە هۆزی (بیجات) گۆشتی ناخۆن و راوی ناکەن، بۆیە لـە مـرۆڤ نزیك دەبونەوە بێ ئەوەی بترسن.

دوای دوو رۆژ لە بەرێکەوتن گەیشتینە شوێنێك بە ناوی (ئەولاد کاهل) تێکەڵ لە بیجات و عەرەب زمانیان ڕون بوو هـەر لـەو رۆژەدا چـوینە دورگەیـەك نـاوی (سەواکین) بوو شەش میلیك لە وشکانیەوە دوور بوو، هیچ ئاوی لـێ نـەبوو و بـە بەلەم ئاوی خواردنیان بۆ دەهێنا هەروەها عـەمباری گەورەی لێ دروسـتکرابوو بـۆ کۆکردنەوەی ئاوی خواردنەوە ئەم دوورگەیە مـەزن بوو خەڵکەکەی لەسـەر گۆشـتی حوشترمـل و ئاسك و کەرەکێوی و بزن دەژیان، هەروەها ماست و کەرە و ماسیشی زۆر بوو بۆ بارزگانی رەوانەی مەککە دەکرا لەگەڵ گەنمەشـامی کـە پێیـان دەوت: جەرجور. سوڵتانی دورگەی سەواکین ئەو دەمەی من گەیشتمە ئەوێ "زەیدی کورِی ئەبی نومەیە" بوو باوکیشی ئەمیری شاری مەککەی پیرۆز بوو هـەروەها هـەردوو براکەشی جێگری بوون زەید سەربازێکی زۆری بیجاتی گەڵ بوون چونکە ئەم هـۆزە خاڵوانی ئەو بوون لەگەڵ نەوەکانی کاهیل و عەرەبی جوهینە.

ناوچەکانی یەمەن

بە رۆژ لە سەواکینەوە بەکەشتی کەوتینەڕێ بۆیە بە رۆژ بوو چونکە دەریا گاشە بەردی گەورەی زۆری تێدابوو تا ئاگاداربین و نەبێتە بەربەست خەڵکی هیچ کات بە شەوو بە دەریادا ڕێ ناکەن بەڵکو لەگـەڵ دەرکـەوتنی گزنگـی بەرەبەیانـدا بـەڕێ دەکەون دوای شەش رۆژ لە ئاودا گەیشتینە زەوییەکانی یەمەن یەکەم جێگـا لێـی دابەزین شاری (حەلی) بوو نەوەکانی (بەنی کینانە و بەنی حەرامی) عەرەب لەوێ نیشـتەجێ بـوون شـارێکی گـەورە و جـوان هـەروەها مزگـەوتیکی جـوانی لـێ دروستکرابوو کۆمەڵێك سۆفی هـەژاری لێبـوو سـەرقاڵی خوداپەرسـتی بـوون لـەو

کەسانەی لەوێ بوون "شێخ قبولە هیندی" بوو کەسێکی روخسار نـورانی پـاك و بێگەرد بوو زۆر بە سادەیی دەژیا لە جێگایەك بوو هیچ ڕاخەرێکی لێ نەبوو تەنها پارچە حەسیرێك نەبێت کـە لـە خورمـا دروسـتکرا بـوو لەگـەڵ مەسـینەیەك بـۆ دەستنوێژگرتن و هەندێك خواردنی کەم.

نەریتی ئەم خواناسانە وابوو پۆشاکی زبری موی دەپۆشی هەروەها کاتێك نوێژی عـەسر دەکرا لەلای شێخ کۆدەبوونەوە تا نوێژی شێوان دواتر چـاوەڕوان دەبـوون بـۆ نوێژی خەوتنان کاتێکیش نوێژی خەوتنان دەکرا دەمانەوە تا نیوەی شەوو خەریکی خوداپەرستی بوون سۆفی هەبوو تا نوێژی بەیانی ئەنجام نەدایە نەدەنووست، ئەمەش نەریتیان بوو بەڕاستی سەرسام بووم بە خوداپەرستیان ئـارەزوم دەکـرد لەگەڵیانـدا بمێنمەوە تا کۆتایی تەمەنم بەلاّم ویستی خودا وابوو دلّم بگۆڕێت .

سولّتانی حەلەی[1]

ناوی عامری کوڕی زوئەیبە بوو لە هۆزی بەنی کینانە شاعیرو پیاوچـاك بـوو پێکەوە لە شاری مەککەوە گەشتمان کرد تا شاری جدە کاتێك گەیشتینە شارەکەی زۆر ڕێزی گرتم و منیش ماوەیەکی باش لای مامەوە میوانی بووم. پاشان سـواری کەشتیەکی سولّتان بووم و کەوتمەوەڕێ بە دەریادا گەیشتمە شارۆچکەی (سـەرجە) ئەم شوێنە مەلّبەندی نەوەکانی (هەلبی) بوو، ئەمانە کۆمەلّە بازرگانێکی یەمەنی بوون زۆربـەیان لـە ناوچـەی سـەعدە نیشـتەجێ بـوون کەسـانێکی دەولّەمەنـد و دەسترۆیشتوو بوون زۆریش یارمەتی حاجیانی مـاڵی خودایـان دەدا هـەر بـەوەش ناوبانگیان دەرکرد بوو کەم کەس هەبوو لە دونیـادا هاوشـێوەی ئـەمان بێـت بـۆ خزمەتکردن و لەخۆبوردویی جگە لە "شێخ بەدرەدین نـاش" نـەبێت کـە خـەڵکی شاری (قەحەمە) بوو.

---

[1] ناوەکەی لە نوسخەی تردا بە (خەلی)یش هاتووە .(وەرگێر)

شەوێك لە سەرجە ماینەوە دواتر کەوتینەوەڕێ بۆ بەندەری حادیس لەوێشەوە بۆ بەندەری ئەبواب پاشان بۆ زوبەیدە نێوان ئەم شارە و سەنعا چل فەرسەخ دەبوو لە دوای سەنعا هیچ شارێك نەبوو هێندەی ئەم شوێنە گەورە و مەزن بێت ئاو و دار و باخ و مۆزی زۆر بوو خاکەکەی بەپیت و بەرەکەت بوو دانیشتوانەکەی رەوشت بەرز و بەخشندە بوون ئافرەتەکانی زۆر جوان و سەرنجڕاکێش بوون، ئەم شوێنە پێشی دەوترا وادی خەسیب دەڵێن: لە فەرمودەدا هاتووە پێغەمبەرﷺ بە "موعازی" فەرموە: کاتێك گەیشتیتە وادی خەسیب بڕۆ و مەوەستە!.

وەك پێشتر ئاماژەمان پێدا باخ و دارێکی زۆری تێدابوو، خەڵکەکەی هەموو رۆژێکی شەممان دەرئەچون بۆ باخەکانیان و کەس لە شار نامایەوە، تەنانەت گەر کەسێکیش رێبوار بووایە دەچوە نێو باخەکان و ئاوازبێژ و میوەفرۆشیش لەوێ کۆدەبوونەوە، ئافرەتەکانیش بە سواری حوشتر دەهاتن جوان و داوێن پاك بوون مااڵ و منداڵی خۆیان زۆر خۆشدەویست هەرکات کەسێکی رێبوار داوای هاوسەرگیری لێیان بکردایە رەتیان ناکردەوە بە مەرجێك لە شوێنی خۆی بمێنێتەوە هەر کاتێکش مێردەکانیان گەشتی ئەنجام بدایە چاودێری منداڵەکانیان دەکرد تا ئەوکاتەی مێردەکانیان دەگەڕانەوە زۆریش بە قەناعەت بوون تەنها ئەگەر خەرجیەکی کەم هەبوایە رازی دەبوون بەاڵم هیچ کات لە ناوچەی خۆیان دوور ناکەوتنەوە گەر هەموو دونیاشیان پێ بدرایە.

هەروەها لەوانەی من چاوم پێیان کەوت لە زانا بەڕێز و لەخواترسەکانی "ئەبا محەمەدی سەنعانی" بوو لەگەڵ زانای سۆفی "ئەبا عەباسی ئەبیانی" لەگەڵ زانای فەرمودە "ئەبا عەلی زوبەیدی" و ...هتد چومە خزمەتیان و بووینە میوانیان رێزێکی زۆریان لێمان گرت و لەگەڵیان سەردانی باخەکانیانم کرد بەتایبەتیش لای فەقیهی بەناوبانگ "ئەبی زەیدی کوڕی عەبدولڕەحمانی سۆفی" خاوەنی زانست و کەرامات بوو لەوێ باسی زانایەکی بەناوبانگیان کرد کە لە ژیاندا نەمابوو ناوی

"ئەحمەد عەجیل"بوو دەڵێن:جارێك کۆمەڵێ زۆر لە تایەفەی زەیدێکان[1] سەردانی دەکەن باسی مەزهەبی خۆیان دەکەن پاشان باسی قەدەر دەکەن دەڵێن: بڕوامان بە قەدەر نیە مرۆڤ خۆی چی بوێت وادەبێت لە ولاّمدا شێخ دەڵێ دەباشە کەواتا ئێستا ئێوە بە ویستی خۆتان هەستن بڕۆن کاتێ دەیانوێ هەستن ناتوانن ئیتر لەوە بەدواوە لەو بیروباوەڕە چەوتەی خۆیان پەشیمان دەبنەوە لەگەڵ کوڕەکەی"ئەباوەلید"سەردانی ناوچەی(جیبلە)م کرد شارۆچکەیەکی دلگیر بوو بۆ ماوەی سێ ڕۆژ ماینەوە لەو ماوەیەدا ئەبو حەسەن زیلەعی پێشوازی لێکردین چونکە زۆر ڕێزی لە ئەبا وەلید دەگرد، خزمەتی کردین لە دوای سێ ڕۆژەکە ئەوێمان بەجێهیشت خزمەتکارێکی خۆی لەگەڵمان ڕەوانەکرد ئنجا گەشتمان کرد بۆ (تەعز)پایتەختی سولّتان گەورەترین و جوانترین ناوچەی یەمەن بوو خەڵکەکەی لوت بەرز بوون ئەوەش بۆ ئەوە دەگڕێتەوە ئەو جێگایەی پاشای لێبێ خەڵکەکەی خۆیان بە گەورە دەزانن شارەکە دابەش بووە بەسەر سێ ناوچە: ناوچەی یەکەم پاشا و وەزیرەکان لێی نیشتەجێبوو ناوێکی هەبوو لە یادم چوە دووەم ناوچە:ئەمیرو سەربازەکانی نیشتەجێبون پێیان دەوت: (عەدینە) سێیەمیان: خەڵکە ئاسایی پێیان دەوت (مەحالیب) .

باسی سولّتانی یەمەن

سولّتانی بەناوبانگی موجاهید "نورەدینی کوڕی عەلی کوڕی هەزبەردینی کوڕی داودی کوڕی سولّتان موزەفەری کوڕی یوسفی کوڕی عەلی کوڕی رسول" بوو باوکی بە رسول (نوێنەر) ناسرابوو چونکە دەڵێن: باپیری بە نوێنەرایەتی یەکێك لە خەلیفەکانی عەباسی ڕەوانەی ولاّتی یەمەن دەکرێت و دواتر منداڵەکانی لەسەر تەختی پاشایەتی دەمێننەوە، کاتێك لەگەڵ خزمەتکارەکی حەسەن زەیلەعی

---

[1] نزیکترین تایفەی شیعەن لە ئەهلی سونە ، خەڵکێکی میانڕەون و زیادە ڕەوی ناکەن لە وەسفکردن و لە سەرزەنشتکردن، دەگەڕێنەوە سەر زەیدی کوڕی عەلی زینولعابدین .(معجم الفاظ العقیدة ،ص ٢٠٧)

گەیشتینە ئەم شارە بردمی بۆلای دادوەری گشتی و زانـای بەناوبانگ"سـەفیەدین تەبەری مـەکی"بۆ مـاوەی سـێ ڕۆژ لەمانّـەکی ماینـەوە بـۆ ڕۆژی چـوارەم کـە پێنجشەمە بوو ڕۆژی دیداری سولّتان بوو لەگـەڵ خـەڵکی بـە شـێوەیەکی گشـتی خەڵکی سەردانیان دەکرد منیش لەگـەڵ دادوەر چـومە دیـدەنی سـولّتان چـۆنێتی سلاّوکردن لە سولّتان شێوازی تایبەتی خۆی هەبوو دەبوو پەنجەی شایەتمانی هەردوو دەستت لەسەر زەوی دابنایە و ئنجا بەرزت دەکردەوە بۆ سەرت منیش ئەو کـارەم ئەنجامدا وەك دادوەر ئەنجامیدا ووتم: خودا دەوامی مولّکت بـدات ئـەی سـولّتانی ولاّت، ئەویش ئاماژەی پێکردین دابنیشین و دادوەر لای ڕاستی دانیشت و منـیش بەرامبەری دانیشتم و پرسیاری ولاّتەکەم و ئەمیری باوەڕداران ئەبی سەعیدی کرد، هەروەها پرسیاری پاشاکانی ولاّتی میسر و عێراق و لوڕی لێم کرد و منیش ولاّمی هەموو پرسیارەکانم دایەوە ئنجا فەرمانیدا بە وەزیرەکانی کە یارمەتی من بدەن و پێداویستیەکانم بۆ جێبەجێ بکەن.

چۆنێتی دانیشتنی سولّتان لەسەر تەخت، شێوەیەکی تایبەتی خۆی هەبوو، کە دادەنیشت لەسەر دۆشەکێکی جوانی ئاوریشم لەملاولای سـولّتانەوە پاسـەوانی تایبەت بە شمشێرەوە دەوەستان لەگەڵ پیاوەکانی دەولّـەت نووسـەری نهێنیـەکانی سـولّتان و ئـەمیر جانـدار و ...هتـد، کاتێـك سـولّتان دادەنیشـت، یـەکێك لـە پاسەوانەکان بە دەنگی بەرز دەیوت: بە ناوی خـودا ئەگـەریش هەسـتایە دووبـارە دەوترایەوە: بە ناوی خودا تا هەموو ئامـادەبووان هەسـتیان بـە کـاتی دانیشـتن و هەستانی سولّتان بکردایە پاشان لەلای چەپ و ڕاستەوە سلاّوی لێدەکرا هەموو ئەو کەسانەی لەوێ دەوەستان کەس جێگای خۆی نەدەگۆڕی دوای دیدەنی سـولّتان بـە ئەمیر جانداری دەوت: بە فلاّن کـەس بڵـێ بـا دابنیشـێت خەڵکەکـە لـە جێگـای تایبەت دادەنیشتن و خواردنیان بۆ دەهـات، دوو جـۆر خـواردن پێشـکەش دەکـرا جۆرێك تایبەت بوو بە سولّتان و پیاوە گەورەکان و میوانی تایبەت، جۆرێکی تریان بۆ خەڵکەکەی تر بوو وەك سەرباز و ئەمیر و خەڵکی ئاسـایی، بـۆ هـەر کەسـێك

بەشە خواردنی تایبەتی بۆ دادەنرا، تا کەس بێبەش نەبێت، یاخود قەرەبالّغی دروست نەبێت، لە کاتی نانخواردن زۆر بە شێوازێکی رێک و جوان خزمەت پێشکەش دەکرا.

چەند رۆژێك میوانی سولّتانی یەمەن بووم دواتر گەشتم کرد بۆ شاری سەنعا پێگەی سەرەکی ولاّتی یەمەنە شارێکی جوان و سەرنجڕاکێشە خانوەکانی بە گەچ و خشت دروستکرا بوو داری میوە و کشتوکالّی زۆری تێدایە ئاووهەوایەکی مامناوەندی هەیە ئەوەی سەیر و سەمەرە بوو!، لە کاتی گەرمادا بارانی بە لێزمە دەباری کەشوهەوای وەك ولاّتی حەبەشە و هیندستانە کاتەکەشی لەدوای نیوەڕۆدا دەباری، بۆیە گەر کەسێك لەسەر رۆیشتن بووایە بۆ گەشت ئەوا لە پێش نیوەڕۆدا دەردەچو، تا ئەو بارانە بە لێزمەیە نەیگرێتەوە، هەروەها شەقامەکانی هەموو بە بەرد رووپۆش کرابوون کاتێك باران دەباری هەموو کۆلاّنەکانی دەشوشتەوە مزگەوتەکانی سەنعا قەشەنگ و سەرنجڕاکێشن، گۆڕی یەکێك لە پێغەمبەرەکانی تێدا بوو.

دوای سەنعا گەشتم کرد بۆ شاری عەدەن بەندەری سەرەکی ولاّتی یەمەنەدەکەوتە سەر رۆخی دەریا شوێنەکە بە چیا دەوری دراوە نە داری تێدابوو نە کشتوکالّی تێدا دەکرا عەمباری گەورەیان دروستکردبوو بۆ گلدانەوەی بارانا و چونکە ئاوی شیرینی هەبوو بەلاّم لە دەرەوەی عەدەن بوو لە ژێر دەستی هۆزێکی عەرەب بوو بە پارە و شمەك ئاویان لێیان دەکڕی هەروەها ئاووهەواکەی زۆر گەرمە بەلاّم لەبەر پێگەی بازرگانی جێگایەکە بەپیتە خەلّکی ولاّتانی هیندستان و کالّکۆلّم و کنبایت و تانە و فندراینە و سەنداپور و شالیات و میسر و ...هتد رووبان تێدەکرد و ببوو بە مەلّبەندی بازرگانی ناوچەکە. عەدەنیەکان زۆر شانازیان بە خۆیانەوە دەکرد چونکە دەولّەمەند و دەستڕۆیشتوو بوون هەیانبوو خاوەنی کەشتی زەبەلاح و گەورە بوو هەندێکی تریان سەرقالّی بازرگانی بوون هەشیانبوو بە کاری راوەماسی و کۆلّبەرییەوە خەریك بوون.

دەگێڕنەوە جارێك لە عەدەن پیاوێك بەندەکەی دەنێرێت بۆ ئەوەی بەرانێك بکڕێت، یەکێکی تریش بە هەمان شێوە بەندەکەی دەنێرێت بۆ هەمان مەبەست ویستی خودا وادەبێت لە بازاڕدا یەك بەران دەبێت هەردووکیان نرخ ئەدەن و کێبڕکێ دەکەن تا نرخی دەگاتە چوارسەد درهەم بە ناچاری یەکەمیان رازی دەبێت و دەیکرێت دەڵێت: هەموو دەستمایەکەم دا بەم بەرانە یان گەورەکەم پارەکەم بۆ دەگێڕێتەوە یان هەموو سەرمایەکەم تیادەچێت، بەڵام توانیم بەسەر رکابەرەکەمدا سەربکەوم کاتێك دەگەڕێتەوە بۆ لای گەورەکەی و هەواڵەکەی بۆ باس دەکات، ئەویش هەزار درهەمی دەداتێ و بەندەکەی ئازاد دەکات.

هەر لە شاری عەدەن لای بازرگانێك ماینەوە ناوی "ناسرەدین فەئری" بوو کەسێکی دیندار و بەڕەوشت و بەسۆز بوو لەگەڵ هەژاراندا هەمیشە بە مالەکەی یارمەتی کەمدەرامەت و پەککەوتوانی دەدا هەر لەم شارە چاوم بە دادوەرەکەی کەوت ناوی "عەبدوڵڵا هیندی" بوو باوکی بەندەیەکی خزمەتکار بووە پیشەی کۆڵکێشی بووە کوڕەکەی بە زانستەوە سەرقاڵ دەبێت و دوای ماوەیەك دەبێت بە سەرکردە و دادوەری گەورەی ناوچەکە .

گەشت بۆ مەقدەشۆ (سۆماڵ ـ مەقادیشۆ)

لە عەدەن سواری کەشتی بووین و دوای چوار رۆژ ڕێکردن بە دەریادا لە شاری (زیالیعە) دابەزین خەڵکەکەی شافعی مەزهەبو رەشپێست بوون ولاتەکەیان هەموو بیابانە پانی و فراوانی دوو مانگەڕێ دەبوو سەرەتاکەی زەیلەعەیە و کۆتایەکەشی مەقدەشۆ بوو حوشتریان زۆر بوو لەگەڵ مەڕی قەڵەو هەندێك لە خەڵکی زەیلەع[1]

---

[1] لە جوگرافیای ئێستادا ئەم شارە دەکەوێتە باکووری صۆمالەوە، لە سەر رۆخی دەریای عەرەبە و هاوسنوورە لەگەڵ ولاتی جیبۆتی.(ar.wikipedia.org/wiki/زیلع)

رافیزە بوون، شارەکەیان یەجگار بۆگەن و پیس و بۆن ناخۆش بوو، هۆکارەکەشی بۆ ئەو هەموو ماسیە دەگەڕایەوە کە راو دەکرا لەگەڵ خوێنی ئەو حوشترانەی کە سەردەبڕدران و خوێنەکەیان بە کۆڵانەکانی شاردا بڵاو دەبۆیەوە ئەوەندەی لەوێ ماینەوە لە نزیک دەریا دەخەووتین لە بەر بۆگەنیەکەی. وەک ووتمان: خەڵکەکەی حوشتریان زۆر بوو رۆژانە دووسەد سەریان لێی سەردەبڕی خاوەنی رانە مەڕی بێشومار بوون هەروەها بازرگانی دەوڵەمەندیشیان زۆر بوو جۆرە پۆشاکێکی لێ دروست دەکرا و رەوانەی وڵاتی میسر و ناوچەکانی تر دەکرا.

نەریتی خەڵکەکەی وابوو هەر کاتێك کەشتیەك لە بەندەرەکەی لەنگەری دەگرت چەند بەلەمێك بەرەو رووی دەچون کە پێیان دەوترا (سەنبوق) کۆمەڵە گەنجێك لەسەری بوون خواردنیان پێبوو پێشکەشی بازرگانەکانیان دەکرد دواتر ئەو بازرگانە تەنها رووی لە مانّی ئەو کەسە دەکرد کە خواردنەکەی پێشکەشی کردبوو مەگەر بە دەگمەن بازرگانەکە رووی لە جێگایەکی تر بکردایە هەر شمەکێکی هەڵگرتبوو بە ئەوانی دەفرۆشت و بە نرخێکی کەمتر ئەگەریش کەسێك شمەکی لە بازرگانەکە بکڕیایە یاخود پێبفرۆشتایە بەبێ ئاگاداری خاوەن مانّەکە ئەوا ئەو کڕین و فرۆشتنە ڕەتدەکرایەوە لەوەشدا خاوەن مانّ سودمەند دەبوو .

کاتێك من لە نێو کەشتییەکە بووم، یەکێك لەو گەنجانە هاتە لامان هاوڕێکەم پێی ووت: ئەوە بازرگان نییە بەڵکو زانایە لە وەڵامدا: گەنجەکە هاواری کرد: ئەم بەڕێزە میوانی دادوەرە لەو کاتەدا هەندێك لە قوتابیەکانی دادوەر لەوێ بوون یەکێکیان ووتی: وەرە لەگەڵمدا بۆ لای دادوەر کە چوین سڵاومان لە دادوەر کرد ئنجا فەرموی: با بڕۆین بۆ سڵاوکردن لە شێخ منیش نەمزانی شێخ کێیە؟! ووتم : شێخ کێیە ووتیان : سوڵتانە لە نەریتیاندا وابوو هەر زانایەك یاخود هەر پیاوچاکێك روو لە شارەکەیان بکات سەرەتا دەبوو بچێت بۆ دیدەنی سوڵتان و سڵاولێکردنی.

سوڵتانی مەقدەشۆ

سوڵتانی مەقدەشۆ[1] وەك پێشتر باسمانکرد بە شێخ بانگیان دەکرد ناوی "ئەبویەکری کوڕی شێخ عومەر" لە بنەڕەتدا بەربەری بوو بە زمانی مەقادیشی دەئاخاوت بەڵام عەرەبیشی دەزانی لە نەریتیاندا وابوو هەر کاتێك کەشتی بازرگانی رووی لە بەندەرەکەی بکردایە هەر زوو(سەنبوق)ی سوڵتان سەردەکەوت و چەند پرسیارێکیان ئاراستەی خەڵکی و بازرگانەکانی ناو کەشتیەکە دەکرد: لە کوێوە هاتوون؟ کێ خاوەنیەتی؟ کێ سەرۆکی کەشتیەکەیە؟ چی هەڵگرتووە؟ هەموو ئەم پرسیارانە دەکرا هەر کەسێك شایەنی ئەوە بووایە چاوی بە سوڵتان بکەوێت دەیانبرد بۆ لای.

جارێکیان لەگەڵ دادوەر "بورهانەدین" بوین خەڵکی وڵاتی میسر بوو، رۆیشتین بۆ مااڵی سوڵتان چەند گەنجێك هاتنە پێشەوە سڵاویان لە دادوەر کرد ووتیان: ئەمانەتەکە گەیشت مەبەستیان ئەوە بوو کەسێك لە وڵاتی حیجازەوە هاتووە دواتر قاپێکیان هێنا گەڵای تەنبول[2] و فەوفولی تێدا بوو دە گەڵای تەنبولیان دامێ لەگەڵ فەوفول[3] بە هەمان شێوە ئەوەشیان دا بە سوڵتان ئەوەشی مایەوە دایان بە

قوتابیەکان و خەڵکەکەی تر پاشان گوڵاوی دیمەشقیان هێنا رشتیان بەسەر من و دادوەردا ئنجا ووتیان: بە فەرمانی سوڵتان بفەرم ون بۆ میوانخانەی قوتابیان ئەم شوێنە تایبەت کرابوو بۆ میواندارى زانا و قوتابیان دادوەر دەستمی گرت و رۆشتین بۆ میوانخانەکە راخەری مافوری تێدابوو نزیکیش بوو لە مااڵی سوڵتان.

---

[1] لەم سەردەمدا پایتەختی وڵاتی صومالە. (وەرگێڕ)

[2] جۆرە گیایەکە وەك بیبەرە و تفتە. (المنجد في اللغة و الاعلام، دار المشرق، بیروت ، طبعة ٣٤ص ٦٦)

[3] جۆرە دارێکە بەری وەك گوێزی هیندی وایە، تامی خۆشە و خەڵکی هیندستان بۆ بۆن خۆشکردنی نێو دەم بەکاری دەهێنن. (المصدر السابق ، ص ٥٩٩)

ئەوەندەی نەبرد لە مالّی سوڵتانەوە خواردنیان هێنا یەکێك لە وەزیرەکان لەگەڵیان بوو رووی کردە ئێمە ووتی: سوڵتان سڵاوتان لێ دەکات دەڵێت: خێر و بەرەکەتیان لەگەڵ خۆیان هێناوە خواردنەکانیش بریتی بوون لە: برنج بە رۆن لەگەڵ گۆشتی نەهەنگ و مریشك و پاقلە بە تێکەڵی خرابووە سەر قاپێکی گەورەی لە دار دروستکراو هەروەها مۆزی کوڵاو لەگەڵ شیر جگە لەم خواردنانە ماستیان هێنا لیموی زۆر ترشی تێکەڵ کرا بوو لەگەڵ گوڵە بیبەری خوێ کراو و ترش کراو بە ئاوی لیمۆ خواردنێکی تر بریتی بوو لە زەنجەفیلی سەوز و عەنباش وەك سێو وایە، بەڵام ناوکی هەیە و زۆر شیرن و بەتامە سەرەتا ئەم میوەیە پێش ئەوەی پێبگات ترشە و دواتر شیرین دەبێت خەڵکی مەقادیشۆ ئەم میوانەیان دەخستە ئاوی لیمۆ و خوێوە کاتێك خواردنیان دەخوارد وەك برنج و گۆشت و چەوری لەگەڵ هەر پارویەك ئەم ترش و خوێیەیان دەکرد بەسەریدا، هەتا بڵێی زۆرخۆر بوون هەریەکەیان بە هێندەی هەموومان خواردنی دەخوارد لاشەیەکی بەهێز و گەورەیان هەبوو.

دوای نانخوارن دادوەر رۆیشت و منیش سێ رۆژ لەوێ مامەوە هەر رۆژێك سێ ژەم خواردن دەهات ئەوەش لای ئەوان نەریت بوو، بۆ رۆژی چوارەم کە دەیکردە رۆژی هەینی دادوەر خۆی و قوتابیەکانی هاتن و پۆشاکیان بۆم هێنا جلوبەرگەکانیش فۆتەیەك بوو لە پشت دەبەستڕا لەگەڵ جبەیەك کە لە پێشەوە بڕا بوو پێی دەوترا (دوراعە) لەگەڵ عەمامەیەکی میسری نوێژی هەینیمان کرد کاتێك سوڵتان هاتە دەرەوە من و دادوەر سڵاومان لێکرد و بە زمانی خۆیان کەوتە ئاخاوتن لەگەڵ دادوەر ئنجا بە زمانی عەرەبی ووتی: خێر و بەرکەتت هێنا ولاّتمان ئاوەدان بوو گەورەتان کردین و دڵخۆشین بە هاتنتان ئیتر دەستیکرد بە نزا لەسەر گۆڕی باوکی. پاشان وەزیر و ئەمیر و سەربازەکان هاتن و سڵاوی خۆیان لە سوڵتان کرد دواتر سوڵتان نەعلەکەی لەپێ کرد و فەرمانی بە دادوەر و منیش کرد کە بە هەمان شێوە نەعل لەپێ بکەین، ئەوانی تر هەموو بە پێ خاوسی بەدوایدا

کەووتینەڕێ چوار چەتریش بەرزکرایەوە کە لە ئاوریشم دروستکرابوون بۆ سێبەر تا خۆر لە سوڵتان نەدات یەکێك لە چەترەکان وێنەی باڵندەیەکی تێدا بوو لە ئالتون دروستکرابوو.

بەڵام ئەوەی تایبەت بوو بە جلوبەرگی سوڵتانەوە، پۆشاکێکی دەپۆشی پێیان دەوت (فەرجیە)ی قودسی ڕەنگی سەوز بوو لە ڕۆژی هەینیدا لەبەری دەکرد لەگەڵ فۆتەیەکی ئاوریشمی کە بەسەر شانیدا دەدا، هەروەها میزەڕێکی گەورەشی بە سەریەوە بەستبوو هەر کە سوڵتان لە جێگەیەکی تایبەتدا دەوەستا فوو بە کەڕەنا دەکرا ئنجا هەموو سەرباز و وەزیر و کاربەدەست و پیاوە گەورەکان کۆدەبونەوە زۆربەی کات زانا و ئەمیرەکان لە پشتیەوە دەوەستان و ڕاخەرێکی تایبەت دادەخرا تەنها سوڵتان و زاناکان لەگەڵیدا دادەنیشتن تا کاتی نوێژی عەسر لە ڕۆژی هەینیدا و لە دوای نوێژی عەسرەوە وەك نەریت زوڕنا لێدەدرا و لە تەپڵیش دەدرا پاشان سڵاوی تایبەتی لە سوڵتان دەکرا ئەوکات بڵاوەیان دەکرد.

بۆ ڕۆژی شەممە خەڵکی دەهاتنە لای مالّی سوڵتان و لە ژێر سێبەردا دادەنیشتن هەر کەسە لە شوێنی تایبەتی خۆی دادەنیشت پاشان دادوەر و زانا و ریش سپی و ئەمیرەکان لەگەڵ سوڵتان سڵاویان دەکرد و دادەنیشتن بە هەمان شێوە هەندێك جار خەڵکی تریش ئامادە دەبوون ئنجا دەست دەکرا بە گفتوگۆ و چارەسەر کردنی کێشەکان و لێکۆڵینەوە لە سکاڵای خەڵکی و دانانی چارەسەر بۆ کێشەکان لە کۆتایشدا خواردن دەهات و سوڵتانیش بەشدار دەبوو لەگەڵیاندا.

دوای مەقدەشۆ بە دەریادا کەوتمەوەڕێ بە کەنارەکاندا بەرەو شاری کولو بەوڵاتی زنجێکان ناودەبرێت واتا: ڕەشپێستەکان گەیشتینە دورگەی مەنباسی[1] دورگەیەکی گەورە بوو، نێوان ئەم شوێنە و زەوییەکانی کەنار دەریا دوو ڕۆژە ڕێگا بوو بە

[1] لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا پێی دەڵێن: (مومباسا)، بە گەورەترین بەندەری ولاتی کینیا دادەنرێت. (تحفة النظار ،طلال الحرب، ص٢٧٣)

ئاودا، داریّکی زۆری مـۆز و لیمـۆ لەگـەلّ ئـەتروجی تیّـدا بـوو هـەروەها جـۆرە میوەیەکی لیّبوو پیّیان دەوت: ئەجمون وەك زیتون وابوو ناوکیشی هەبوو بـەلاّم زۆر شیرین و بەتامە ئەم دورگەیە گەنم و سەوزایی لیّ نەدەکرا بەلّکو لە کەنارەکانـەوە بۆی رەوانە دەکرا، زۆربەی خواردنی دانیشتوانەکەی بریتی بوو لە: مـۆز و ماسـی خەلّکەکەی دیندار و بەڕێز بوون شافیعی مەزهـەب بـوون مزگەوتـەکانیان لـە دار دروستکرابوو لە نزیك هەر مزگەوتیکـەوە بـیری ئـاو هەلّکـەنرابوو بـۆ مەبەسـتی دەستنوێژگرتن هەر بیرێکش لە دوو مەتر زیاتر قوڵ نـەدەبوو سـوراحیەکی لـە دار دروستکراوی بۆ شـۆڕدەکرایەوە بـۆ دەرهێنـانی ئـاو هـەر کەسـێك پـێش ئـەوەی بچوایەتە مزگەوتەوە هەر لە تەنیشت بیرەکەوە دەستنوێژی دەگرت و ئنجا دەچـوە ژوورەوە.

لەم دورگەیەدا شەوێك ماینەوە دواتر کەوتینەڕێ بۆ (کولو) شارێکی گەورە بوو لەسەر کەناری دەریا زۆربەی مالّەکانیان داری میچی خانوەکانیان لە (دیسە) واتـا داری قەسەب دروستکرابوو خەلّکەکەی زۆربەیان رەشپێسـت بـوون ئـەهلی دیـن و جیهاد بوون چونکە سنووری ولاّتیان نزیك بوو لە ولاّتی بێباوەڕاکانەوە هەندێك لـە بازرگانەکانیش ئەوەیان بۆ گێڕامەوە، کە نیوان کولو بۆ شـاری سـەفالە پـانزە رۆژ دەبێت، هەروەها نێوان یۆفەی یەمەن و سەفالە مانگ و نیوێك بوو هەر لە یۆفەوە تبر(ئالّتون)[1] یان دەبرد بۆ سەفالە.

[1] تبر ئالّتونە یان زیوە . (مُختار الصحاح، محمد ابي بكر بن عبدالقادر الرازي، مكتبة لبنان ، ١٩٨٦ ص٧٤)

سولّتانی (کولو)

ئەو دەمەی لە کولو بووم، سولّتانەکەی ناوی "ئەبو موزەفەر حەسەن" بوو نازناوەکەی (ئەبامواهیب) بوو چونکە زۆر بەڕەوشت و بەتوانا بوو، لەگەڵ ئەوەشدا بێ نەفس دادەنیشت و خواردنی لەگەڵ هەژاران و خەڵکی ئاسایی دەخوارد زۆریش غەزای دەکرد بۆ سەر ئەو ناوچانەی کە بێباوەڕە رەشپێستەکان لێی نیشتەجێ بوون هەر غەنیمەیەکی دەستبکەوتایە پێنج یەکی(خمس) تەرخان دەکرد بۆ خزمەتی قورئان، هەروها بەشی کەسە نزیکەکانیشی لێ دەدا، یان ئەگەریش کەسێکی بەڕێز و خاوەن شەرەف رووی بکردایەتە لای سولّتان ئەوا دیسانەوە یارمەتی وەردەگرت، لەو دەمەی من لەوێ بووم کۆمەڵە خەڵکێکی بەڕێزی حیجازم بینی لەوانە "محەمەد جەماز" و "مەنسوری کوڕی ئەبی نومەیە" و "محەمەد شومیلەی کوڕی ئەبی نومەیە" هەروەها لەو ماوەیەدا لەو ولاّتە چاوم کەوت بە "کیشی کوڕی جەماز".

جارێکیان رۆژی هەینیی بوو، بینیم سولّتان لە مزگەوت هاتە دەرەوە، پیاوێکی هەژاری یەمەنی رێگەی لێگرت ووتی: ئەی سولّتان ئەو پۆشاکەی خۆتم بدەرێ لە وەلاّمدا ووتی: باشە هەر ئێستا پۆشاکەکەم دادەنێم و پێشکەشتی دەکەم، گەڕایەوە بۆ مزگەوتەکە و خۆی کرد بە ژووری وتاربێژەکەدا و پۆشاکێکی ئاسایی لەبەر کرد و جلە تایبەتەکەی خۆی پێشکەش بە هەژارەکە کرد، هەژارەکەش وەریگرت و خستییە ناو پارچە قوماشێك و خستییە سەر سەری و رۆیشت، ئەمە بە لای خەڵکییەوە کارێکی نامۆ بوو، دواتر جێنشینی سولّتان پۆشاکەکەی لە هەژارەکە وەردەگرێتەوە و لە بەرامبەردا دە بەندەی پێ دەخشێت، لەگەڵ دوو بار عاج، لای ئەوان عاج وەك ئالتون بەنرخ بوو، هەر لەبەر ئەوەش بوو وەك دیاری دەیانبەخشی، کاتێك ئەم سولّتانە وەفات دەکات، براکەی شوێنی دەگرێتەوە، بەلاّم ئەم

بەپێچەوانەی براکەیەوە بوو، کەسێکی قرچۆك بوو هەر کەسێك سەردانی بکردایە بۆ یارمەتی دەیوت: ئەو کەسەی کە بەخشند بوو مرد، من وەك ئەوم پێ ناکرێت، دەڵێن: چەند جار نوێنەری ناوچەکان دەهاتنە لای دەمانەو بێ ئەوەی هیچ دیاریەك وەربگرن دەگەڕانەوە.

ناوچەی زەفار

دووبارە سواری کەشتی بووین بە دەریادا کەوتینەوە ڕێگا لە کلو بۆ شاری زەفار کۆتا ناوچەی ولاتی یەمەن بوو دەکەوتە سەر ڕۆخی دەریای هیندی هەر لەم ناوچەیەوە ئەسپ ڕەوانەی ولاتی هیندستان دەکرا، نێوان ئەم شارە و هیندستان یەك مانگە ڕێگا بوو بە دەریادا کەشتیەکان بەهۆی شنەبای دەریاوە ئەو ماوەیەیان دەبڕی، گەر با بەردەوام بووایە جارێکیان لە شاری کالکۆتی هیندستانەوە بە بیست و هەشت ڕۆژ گەیشتینە زەفار بەلاّم شەو و ڕۆژ بای دەریا هەبوو هەروەها نێوان زەفار و عەدەن لە وشکانیەوە مانگەڕێیەك دەبوو بە بیاباندا، هەروەها نیوان زەفار و حەزرەمەوت شانزە ڕۆژ دەبوو، بەلاّم بۆ عومانیش بیست ڕۆژ بوو شاری زەفار دەکەوتە بیابانەوە هیچ گوندێك و ئاوەدانیەك لە نزیکی نەبوو جگە لە بازاڕەکەی نەبێت لەگەڵ چەند مالێك کە دەکەوتنە دەرەوەی شارەکە و پێیان دەوت (جەرجا) ئەم بازاڕە لە بۆگەنترین بازاڕەکانی جیهان بوو پڕە لە میّش و مەگەز چونکە ماسی و خورمای لێ دەفرۆشرا ئەو ماسییەی کە ڕاو دەکرا ناوی (سەردین) بوو، قەڵەو بوو خۆش و بەتامە تەنانەت هەندێك جار عەلەفی ئاژەڵەکانیش لە ماسی سەردین دروست دەکرا، ئەم جۆرە ئالیکە تەنها لە زەفار هەبوو لە هیچ جێگەیەکی تر شتی واهام نەبینیوە. هەروەها زۆربەی فرۆشیارەکانی ئافرەتی کەنیزە بوون پۆشاکی ڕەشیان دەپۆشی دانیشتوانەکەی گەنمەشامیان دەچاند و بە ئاوی بیرەکان ئاو دەدران بیرەکانیش قوڵ بوون، بەلاّم بەهۆی دەزگایەك کە وەك ناعور وابوو ئاویان لێ

دەردەهێنرا و پاشان دەکرایە ناو عەمباری گەورەوە دواتر بۆ ئاودێرێ بەکاردەهێنرا جۆرێکی تری گەنم کە بەرهەم دەهێنرا پێیان دەوت: عەلەس بەلاّم لەڕاستیدا جۆرێکی تایبەتی جۆ بوو برنجیشی لە ولاّتی هیندستانەوە بۆ دەهێنرا زۆربەی خواردنیان بریتی بوو لە برنج.

پارەیان لە کانزای مس دروستکرابوو پیشە و کاریان بازرگانی بوو سەرقالّی ئەو کارە بوون هەر کاتێکیش کەشتیەك لە بەندەرەکانی نزیك ببوایەتەوە خێرا سەنبوق بەرەو پیری دەچوو پۆشاك و جلوبەرگیان پێشکەش بە سەرۆکی کەشتیەکە دەکرد پاشان بە دەف و تەپڵ و سەما پێشوازیان لێدەکرا تا دەگەیشتنە بەردەم مالّی سولّتان تا سێ رۆژ خواردنیان پێشکەش دەکرا چونکە خەڵکی کولو خانەدان بوون رێزیان لە رێبوار دەگرت و زۆر بێ نەفس بوون، پۆشاکیان لە لۆکە بوو فۆتەیەکیان بە خۆیانەوە دەبەست وەك شەروالّ وابوو لەگەڵ پشتوێنێکدا رۆژانە خۆیان دەشووشت، مزگەوتەکانی جێگای دەستنوێژی تێدابوو هەروەها لەم شارەدا پۆشاکی ئاوریشم و لۆکە و کەتان دروست دەکرا جوان و قەشەنگ بوون.

ئەوەی سەرنجی راکێشام رەگەزی زالّ و زۆرینەی پیاوان بوو بەسەر ئافرەتاندا!، هەروەها جۆرە نەخۆشییەك لە ناو ئافرەتاندا بڵاّو بوو پێی دەوترا نەخۆشی فیل(داء الفیل)، قاچەکانیان دەئاوسا وەك قاچی فیل بەلاّم پیاوانیان زیاتر تووشی (فتق) دەبوون پێی دەوترا (ئەودەر) سکیان دەئاوسا خودا بمانپارێزێت!. لە نەریتیاندا وابوو دوای نوێژ تەوقەیان دەکرد، بە تایبەتی لە دوای نوێژی عەسر و بەیانیان رێزی یەکەم تەوقەی لەگەڵ دوای خۆی دەکرد و ئەوانی تریش بە هەمان شێوە تا کۆتایی. دەڵێن: هەرکەسێك خراپە بکات لەگەڵ خەڵکی ئەم شوێنەدا هەر زوو خراپەکە بەسەر خۆیدا دەگەڕێتەوە دەڵێن: جارێکیان سولّتان تەمتەهنی کوڕی تورانشای پاشای هورموز بە کەشتیەوە هێرشی کردەسەر ئەم شارە و گەمارۆیدا بەلاّم خودا گەردەلولی بۆ نارد و هەموو کەشتیەکانی وێران بوون بە ناچاری داوای سولّحی کرد لەگەڵ سەرداری ئەم شارەدا.

لە رووداوێکی تریشدا بە هەمان شێوە "مەلیك موجاهید"ی پاشای یەمەن سوپایەك ئامادە دەکات بە سەرپەرشتی ئامۆزاکەی و دەیەوێت رەوانەی ئەم شارەی بکات، بەڵام ویستی خود وادەبێت دیوارێك بەسەر ئامۆزاکەی و چەند فەرماندەیەکیدا دەڕمێت و دەستبەجێ دەمرن دواتر پاشای یەمەن پاشگەز دەبێتەوە لە هێرشەکەی زەفاریەکان لە نەریت و هەڵسوکەوتدا دەچوێنرێن بە خەڵکی رۆژئاوا جارێکیان چومە مالّی وتاربێژ لە مزگەوتەکەی، کە ناوی "عیسای کوڕی عەلی" بوو کەسێکی بەڕێز و نەفس بەرز بوو کۆمەلێك خزمتکاری هەبوو یەکێکیان ناوی "بخێت" بوو ئەوەی تریان ناوی "زادولمال" بوو ئەم ناوانە

تەنها لە ولاّتی مەغریبدا هەیە هەروەها خەڵکەکەی سەریان رووت بوو عەمامەیان نابەستەوە لە هەموو مالێکدا بەرمالّی تایبەت هەڵواسرابوو، تایبەت بوو بە خاوەن مالّ و نوێژی لەسەر دەکرد، ئەم نەریتەش لە ولاّتی مەغریبدا هەیە لە سیفەتێکی تریان ئەوە بوو وەك خەڵکی رۆژئاوا خواردنیان بریتی بوو لە گەنمەشامی، ئەمەش ئەوە پشتڕاست دەکاتەوە کە (سەنهاجە) و هۆزەکانی تر لە بنەڕەتدا لە (بەنی حیمەیر)ن. هەر لە زەفار داریکی زۆری مۆزی لێبوو، زۆر شیرین و بەتام و گەورە بوون لەگەڵ داری نارجیل و تەنبول کە بە گوێزی هیندی ناسراوە ئەم دوو جۆرە دارە تەنها لە ولاّتی هیندستاندا هەیە بەڵام لە زەفاریشدا هەبوون، چونکە ئاووهەوای وەك ولاّتی هیندستان بوو بە ویستی خودا ئێستا باسی ئەم دوو جۆرە درەختە دەکەین.

درەختی تەنبول

جۆرە داریکە وەك داری ترێ (میّو) وایە کەپری لە قامیش بۆ دروست دەکرێت وەك چۆن بۆ میّو دروست دەکرێت هەر بە تەنیشتیەوە داری نارجیل (گوێزی هیندی) دەچێنرێت لقو پۆپی تەنبول خۆی پێدا هەڵدەواسێت هیچ بەروبومێکی نیە

بەڵام گەڵاکانی بەکاردەهێنرێت بۆ خواردن و ڕۆژانە لێی دەچنرێتەوە بەتامترینیان ئەو جۆرەیە گەڵاکەی زەردە خەڵکی هیندستان ئەم درختەیان زۆر خۆشدەویست هەر کەسێك سەردانی هەر مااڵێکی هیندی بکردایە پێنج گەڵای پێی دەدرا وەك ئەوە وابوو هەموو دونیای پێ ببەخشێت چونکە زۆر بەنرختر بوو لە ئالتون و زیو.

چۆنێتی بەکارهێنانی.. دەبێت پێشتر فەوفل بەکاربهێنرێت کە وەك گوێزە پاشان دەهاڕدرێت و دواتر مرۆڤ لەگەڵ گەڵای تەنبول دەیخاتە نێو دەمی ئنجا دەجوێنرێت و بۆنی دەم خۆش دەکات کاتێك خواردنی قورس دەخورێت زوتر هەرسی دەکات، هەروەها مرۆڤ بۆ جیماع کردن بەهیز دەکات ومەترسی ئاوخواردنەوە ناهێڵێت لە کاتی برسێتیدا هەر لەبەر ئەمەیە هەموو خەڵکی هیندستان لە کاتی نوستنیشدا دەیانخستە ژێر سەریانەوە، هەر کاتێك بەئاگا دەهاتنەوە بەکاریان دەهێنا بۆ پاککردنەوەی بۆنی دەمیان دەڵێن: کەنیزەکانی سوڵتان لە وڵاتی هیندستان هەموویان تەنبول بەکار دەهێنن.

باسی نارجیل (گوێزی هیندی)

گوێزی هیندی یەکێکە لە درەختە نامۆکانی دونیا وەک داری خورمایە بەڵام بەری نارجیل گەوریە هەر یەکێکی بە هێندەی سەری مرۆڤ دەبێت، لە شێوەشدا وەک مرۆ دەم و چاوی مرۆڤە چونکە دوو چاڵی تێدایە وەک چاوی مرۆڤ لە ناوەوەی سپیە وەک مۆخی سەر سەرەتا کە ئەم میوەیە پێ دەگات چوار دەوری ریشاڵێکی پێوەیە خەڵکی لەم ریشاڵە گوریس دروست دەکەن بۆ بەستنی دار لە ناو کەشتیەکاندا بێ ئەوەی بزمار بەکاربهێنرێت بە تایبەتی جۆرێکی هەیە ناوداراە لە دورگەی زیبەتولیهل زۆرە.

دەگێڕنەوە: جارێك دانایەکی هیندی لە کۆندا پەیوەندیەکی تونـدوتۆڵی لەگـەڵ پاشای هیندستاندا دەبێت کێشە دەکەوێتە نیـوان ئـەم دانایـە و وەزیرێکـی پاشـا داناکە دەچێتە لای پاشا و پێی دەڵێت: گەورەم ئەگەر سەری فلاّن وەزیـر ببڕیـت و پاشان لە چاڵی بنێیت ئەوا دەبێتە دارێك و بـەرێك دەگرێـت سـوودێکی زۆری بـۆ خەڵکی هیندستان و دونیا دەبێت پاشا لە وەڵامدا دەڵێت: ئەگەر وا نەبوو چیت لێ بکەم؟! داناکەش دەڵێت: گەورەم ئەگەر وانەبوو ئەوا سەری من ببڕە، بۆیە پاشا ئەو کارە ئەنجام دەدات و سەری وەزیرەکە دەنێرێت بۆ پیاوە داناکە ئەویش تـۆوی ئـەم دارە لەگەڵ سەری وەزیرەکە لە چاڵ دەنێت و دەبێتە داری گوێزی هیندی، ئەم باسە ئەفسانەییە بەڵام لەبەرئەوەی لای ئەوان زۆر بڵاوە بۆیە من لێرەدا باسم کردوە!.

لە سودەکانی خواردنی گوێزی هینـدی، بـەهێزکردنی لاشـەیە و دەبێتـە هـۆی قەڵەو بوون و جوانکردنی روخسار و پێستە هەروەها بۆ چارەسەرکردنی نەخۆشـیش بەکار دەهێنریت سەرەتا کە بەرەکەی سـەوزە بـە چـەقۆ دەبڕدرێـت و ئـاوی تێـدا دەخورێتەوە شیرن و سارد و بەتامە ئەو دەمەی لە دورگەی زیبەتولیهل بوین سـاڵ و نیوێك خواردنم بریتی بوو لە گوێزی هیندی. هەر لەم میوەیە شیر و هـەنگوین و

رۆن دروست دەکرێت چۆنێتی دروستکردنی هەنگوین شێوازی تایبەتی خۆی هەیە جووتیارەکان ئەوانەی خزمەتی دارەکە دەکەن پێیان دەڵێن: فازانیە سەردەکەونە سەر دارەکە و ئەو شوێنەی کە بەرەکە دەگرێت (عیزقە) دەبڕن و بە هێندەی دوو پەنجەی لێ بەجێدەهێڵن و لەوێوە دارەکە جۆرە ئاوێکی لێ دەردەچێت، بەیانیان و ئێواران کرێکارەکە سەردەکەوێت و ئاوەکە کۆدەکاتەوە پاشان دەکوڵێنرێت تا خەست

دەبێتەوە وەك دۆشاوی لێدێت بەتام و گرانبەها بوو هاوشێوەی هەنگوینە خەڵکی هیندستان زۆر گرنگیان پێی ئەدا بۆ بازرگانیش رەوانەی وڵاتی چین و یەمەن دەکرا چونکە بۆ دروستکردنی حەلوا بەکاریان دەهێنا. بەڵام چۆنێتی دروستکردنی شیری گوێزی هیندی.. بە رێگایەکی تایبەتی دروست دەکرێت، ئافرەتێك لەسەر کورسیەك دادەنیشێت و دارێکی بە دەستەوەیە سەری دارەکە پارچە ئاسنێکی تیژی پێوە لکاوە دەخزێنرێتە ناو گوێز هندیەکە و تۆکڵە سپییەکەی ناوەوەی دەتاشێت و دەیکاتە ناو تەشتێکەوە پاشان دەهاڕدرێت و لەگەڵ ئاودا تێکەڵ دەکرێت، سپی دەبێت وەك شیری لێ دێت. هەروەها رۆنیشی لێ بەرهەم دەهێنرێت و چۆنێتی بەدەست هێنانی بەم شێوەیە دەبێت: کاتێك گوێز هیندییەکە پێدەگات، لە دارەکە دەکرێتەوە و پاشان لەبەر خۆر هەڵدەخرێت تا وشك دەبێتەوە ئنجا دەکوڵێنرێت تا رۆنی لێ دەردەچێت ئنجا کۆدەکرێتەوە بۆ خواردن و بۆ چراش بەکاردەهێنرێت.

سوڵتانی زەفار

ناوی سوڵتان"موغیسی کوڕی فائیز" بوو باوکی ئامۆزای پاشای یەمەن بوو ناوچەی زەفاری خستبۆ ژێر دەستێوە لەبری ئەوە سالانە دیاری بۆ ڕەونە دەکرد دواتر سوڵتان موغیس دەبێتە کەسێکی زۆردار و ئەوە ڕەتدەکاتەوە جارێکی تر

دیاری بنێرێت بۆ پاشای یەمەن ئەویش هەوڵیدا لەسەر تەختی دەسەلات لابـدات بۆیە کورە مامەکەی نارد بۆ گرتنی شاری زەفار بـەڵام پـێش ئـەوەی بکەوێتـەڕێ دیوارێك بەسەریدا دەڕمێت و کۆچی دوایی دەکات پێشتر باسمـان کـردوە، سـوڵتان کۆشکێکی گەورەی هەبوو لە زەفـار لـە نـاوەوە مزگـەوت و دیوەخـان و جێگـای تایبەتی هەبوو پێی دەوترا قەڵا پانتایەکی زۆری هەبوو، لە نەریتیاندا وابوو هەموو رۆژێك لەدوای نوێژی عەسرەوە لە تەپڵ و دەف دەدرا و فوش بـە کـەرەنادا دەکـرا هەروەها هەموو دوشەمان و پێنجشەمان سەربازەکان دەهاتنە لای دەرگاکەی و لـە دەرەوەی ئەنجومەنی مەشور(شورا یان شوێنی کۆبونەوەی راوێژ- وەرگێر) دەوەستان و دواتر بڵاوەیان دەکرد و هیچ کات کەس چاوی بە سـوڵتان نەدەکـەوت جگـە لـە رۆژی هەینی نەبێت، ئەو کاتەی کە دەڕۆیشت بۆ نوێژی هەینی و دەگەڕایەوە، هەر کاتێکیش کەسێك بیویستایە سکاڵای خۆی پێ بگەیاندایە ئەوا دەچوە باڵەخانـەی ئەنجومەنی مەشور و رێگـەیان لـە کـەس نـەدەگرت ئـەو کاتـە ئـەمیر جانـدار و پاسەوانەکان لەگەڵ سەربازەکان دەوەستان و سـکاڵاکەیان لـێ وەردەگـرت، دواتـر وەڵامیان دەدایەوە.

هـەرکاتێکش کـەژاوەی سـوڵتان بەڕێبکەوتایـە هـەموو سـەرباز و پاسـەوانە تایبەتەکانی لەگـەڵی دەبـوون ئـەویش سـواری حوشـترێك دەبـوو کـەژاوەی سـەر حوشترەکە بە پەردەیەکی سپی نەخشێنراوی ئاڵتونی دادەپۆشرا و کەس نەیدەتوانی ببینێت هەر کاتێکیش بچوایە بۆ باخچەکەی ئەوا بە سواری ئەسپەکەی دەڕۆیشت لە کاتی رۆیشتندا هیچ کات ئارەزوی نەدەکرد کەس ڕێی پێ بگرێت بۆ مەبەسـتی سکاڵاکردن هەر کەسێك لەسەر رێگاکەی بوەسـتایە بـە تونـدی لێـی دەدرا بۆیـە کاتێك کەژاوەی سوڵتان تێپەڕ بوایە خەڵکی لە ترساندا رێگەیان بۆ چـۆڵ دەکـرد، هەروەها ئەم سوڵتانە مامۆسایەکی هەبوو بەناوی "محەمەد عەدەنی" مامۆسـتای منداڵان بوو بە منداڵی سوڵتانی فێری خوێندەواری کردبوو لە پاداشتی ئەم کارەیدا بڕیاریدا هەر کاتێك دەسەلات بکەوێتە دەسـتی پلـەی وەزیـری پێبخشـێ کاتێـك

جلـەوی دەسەلآت کەوتە دەستی کردی بە وەزیر بەلآم هەر بەناو وەزیر بوو چـونکە بڕیارەکانی بە دەست کەسی تر بوو.

لە زەفارەوە بە دەریادا و بـە بەلـەمێکی بچـوك کەووتینـەوەڕێ بـۆ عومـان خاوەنی بەلەمەکە ناوی "عەلی کوڕی ئیدریسی مەسیری" بـوو خـەڵکی دورگـەی (مەسیرە) بوو دوای دوو رۆژ لە دەریادا لە بەندەری (حاسك) لامانـدا خەڵکەکـەی عەرەب بوون ژیانیان لەسەر راوەماسی بوو جۆرە داریك لـەم دەورگەیـەدا هـەبوو گەلآکەی ناسك بوو کاتێك لەتت دەکـرد شـیلەیەکی سـپی ئەهاتـە دەرەوە پاشـان دەبـووە لەزگـە ژمارەیـەکی ئێجگـار زۆری ئـەم دارە لـەو دورگەیـەدا هـەبوو دانیشتوانەکەی جۆرە ماسیەکیان لێ راو دەکرد پێیان دەوت: (لوخەم) وەك سـەگی ئاوی وابوو پارچە پارچەیان دەکرد و وشکیان دەکردەوە قووتی رۆژانەیان لەسەر ئەم ماسییە بوو سەردانی مالآەکانیانم کردوە خانووەکانیان لە ئێسکی ماسی و پێستی حوشتر دروستکرابوو، لەم دورگەیەوە بەڕێکەوتین دوای چوار رۆژ گەیشـتینە چـیای (لومعان)دەکەوتە ناوەڕاسـتی دەریـاوە لەسـەر ئـەم چـیایە جێگەیـەکی پشـودان دروستکرابوو میچی خانوەکە لە ئێسکی ماسی دروستکرابوو هەروەها بیرێکی لێ هەڵکەندرابوو بۆ کۆکردنەوەی ئاوی باراناو.

ئەو پیاوچاکەی لە چیا بینیمان

هەر لە دامێنی چیاکە چاومان بە پیرەپیاوێك کەوت راکشابوو سلآومان لێکـرد هەستایەوە و بە ئاماژەیەك وەلآمی سلآوەکەی داینـەوە کەووتینـە گفتوگـۆ بـەلآم هیچ قسەیەکی نەدەکرد تەنها سەری دەجولآند هاوڕێکانم خواردنیان پێشکەش کرد وەری نەگرت داوای نزامان لێکرد دیاربوو زمانی دەجولآند وەك بلێـی نزامـان بـۆ دەکات جلێکی لبادی لەبەربوو کلآودار پێ خاوس بوو نە گۆپالٌ و نە هیچ شـتێکی وای پێ بوو کە ئاوی تێدا بێت بەڕاستی زۆر کەسێکی نـامۆ بـوو ئـەو شـەوە لـە

کەناری دەریا و لە دامێنی چیاکە ماینەوە، نوێژی عەسر و شێوانمان لەگەڵیدا کرد لەگەڵ خەوتنان دەنگێکی زۆر خۆشی هەبوو لە قورئانخوێندن دوای نوێژ ئاماژەی کرد کە بەجێی بهێڵێن ئێمەش مالئاوایمان لێکرد بە جێمانهێشت هەندێك دوور کەووتینەوە من وبستم بگەڕێمەوە بۆ لای بەڵام ترسێك هات بە گیانمدا و نەڕۆیشتم!.

گەشتکردن بۆ عومان

دیسانەوە بە دەریادا کەووتینەوەڕێ دوای دوو رۆژ چوینە دورگەی تەیر (طیر- بالنده) بەڕاستی ناوەکەی بەخۆیەوە بوو، پڕ بوو لە بالندەی (شقاشق)[1]، ئەم شوێنە هیچ ئاوەدانیەکی لێ نەبوو بەڵام خەڵکی لێبوو بۆ پشو لایاندابوو، هێلکە و بالندەیەکی زۆریان هێنا هەندێك بالندەکەیان دەبرژاند بێ ئەوەی سەریبڕن بەڕاستی شتێکی قێزەون بوو ئەوەی سەرنجی راکێشام بازرگانێك لەگەڵماندا بوو بە ناوی موسلیم خەڵکی دەورویەری زەفار بوو تەماشام کرد گۆشتی بالندەکان دەخوات بێئەوەی بێ ئەوەی سەربڕابێت منیش سەرزەنشتم کرد هەستی بە خەجالەتی کرد لەو کارەی ووتی: وامزانی سەربڕاوە بۆیە هیچ کات لێم نزیك نەدەبوەوە لە بەر خەجالەتی.!

ئەو دەمەی لە ناو کەشتییەکە بین خواردنم بریتی بوو لە خورما و ماسی بە ئێوارن و بەیانیان ماسیان راودەکرد پێیان دەوت (شیرماهی) بە زمانی فارسی واتا شێرە ماسی لای خۆمان لە ولاتی مەغریب پێی دەڵێن: تازەرت کە راو دەکرا پارچە پارچە دەکرا و دەیانبرژاند و هەریەك پارچەیەکی وەردەگرت بە یەکسانی من لەگەڵ خۆمدا هەندێك کولیچە و نانم لە شاری زەفار هەڵگرتبوو کاتێك تەواو بوو هیچم

---

[1] جۆرە بالندیەکە لە کۆتر گەورەترە، لەوانەیە ناوەکەی شقارق بێت بەڵام گۆڕدراوە. (پەراوێز: لاپەڕە ۱۵۵)

پێ نەما ئەوجا دەستم کرد بە خواردنی ماسی و خورما ویستی خودا وابوو جەژنی قوربانمان لە دەریادا کرد، لەپڕ لە دوای رۆژهەڵهاتنەوە بایەکی تونـد هـەڵیکرد ئەوەندەی نەمابوو نوقمی دەریا ببین. لە کاتی رۆیشتندا کەشتیەکمان بـینی هـی هەندێك بازرگان بوو نقومی دەریا بوو کەسیان دەرنەچون جگە لە پیاوێك نـەبێت، ئەویش بە دژواری دەربازی بوو هەر لە کەشتیەکەدا جۆرە خۆراکێکم خوارد نە لـە پێشتر و نە لە دواتریش خواردنی لەو جۆرەم نەخواردوە هەندێك لـە بازرگانـەکانی عومان بە گەفشامی و هەنگوینی خورما و بە ئاگر ئامادەیان کرد.

دواتر گەیشتینە دورگەی مەسیرە خاوەن کەشتیەکە خەڵکی ئەم دورگەیـە بـوو دانیشتوانەکەی تەنها لەسەر راوەماسی دەژیان خۆشیم بـە خـەڵکی ئـەم دورگەیـە نەدەهات چونکە ئەوەم بینی کە باڵندەیان دەخوارد بێ ئەوەی سەری بـبڕن رۆژێـك لەو دورگەیەدا ماینەوە خاوەن کەشتیەکەش بۆ پشو گەڕایـەوە مـاڵی خـۆی پـاش پشودان ئنجا کەووتینەڕێ دوای رۆژ و شەوێك گەیشتینە گوندێکی گـەورە لەسـەر بەندەری دەریا بە ناوی (صور) هەر لەم گوندەوە شارێکمان لێوە دیاربوو بەڵام دوور بوو دەکەوتە پاڵ چیایەك ناوی (قەڵات)[1] بوو.

کە تەماشات دەکرد واهەستت دەکرد نزیکە، بۆیە ئارەزوم کرد بە پێ سەردانی ئەو شارە بکەم و بۆ ماوەیەك لەوێ بمێنمەوە کاتێك بەڕێکەوتم حـەزم نـەکرد ئـەو کەسانەی کە لە کەشتیەکەدا هاوسەفەریان بوم لەگەڵم بێن جگە لە "حـاجی خـزر هیندی" نەبێت هەروەها رێبەرێکیشم گرت تا رێنوێنیمان بکات هەندێك پۆشـاکم لەگەڵ خۆم هەڵگرت و باقی شمەکەکانی ترم لـە کەشـتیەکە بەجێهێشـت و پێیـانم ووت: هەر کاتێك هاتن لەگەڵ خۆتاندا بیـانهێنن ئەوەشـی لای خـۆم بـوو دام بـە رێبەرەکە لەبری ئەوەی لەگەڵمان دەبێت تا شاری قەڵات خۆشم رمێکم بە دەستەوە گرت، کەووتینەڕێ تا گەیشـتینە کەنـداوێك کـە بـەهۆی هەڵکشـان و داکشـانی

[1] شارێکی جوانە لە سەڵتەنەتی عومان. (ar.wikipedia.org/wiki/قلهات)

دەریاوە ئاوی پێدا دەڕۆیشت ڕێبەرەکە وێستی بە جـل و پۆشـاکەکانەوە بـڕوات و ئێمـە بـەجێبهێڵێت و فێڵمـان لـێ بکـات بـەڵام ئـەوەم ڕەتکـردەوە ووتم: نابێـت پۆشاکەکان لەگەڵ خۆت هەڵبگریت بە تەنها ئاوەکە بدە و شمەکەکان بەجێ بهێڵـە ئەگەر ئێمە توانیمان بپەڕینەوە ئـەوا باشـە ئەگـەریش نـەمانتوانی ئـەوا دەبێـت جێگەیەکی تر بدۆزینەوە تا لێوەی بپەڕینەوە دواتر بۆمـان دەرکـەوت ئاوەکـە زۆر قوولّە خەڵکی بە مەلە لێی دەپەڕنەوە، کابرای ڕێبەریش زۆر بـێ وێژدانانـە هـانی ئەداین تا لە ئاوەکە بدەین بۆ ئەوەی نقوم بین و قوماشەکان بـۆ خـۆی ببـات لـەو کاتەدا خۆم کۆکردەوە و بەڕوویدا وەستام و ڕمەکەم جوڵاند وەک هەڕەشەیەک ئەویش ترسا و بە ناچاری جێگایەکی تری دۆزییەوە و لێوەی پەڕینەوە.

پاشان کەوتینەڕێ تـا گەیشـتینە بیابـانێکی چـۆڵەوانی نـە ئـاوی لێبـوو نـە ئاوەدانی تینوێتی زۆری بۆ هێناین خودا کۆمەڵە سواڕێکی بـۆ نـاردین یـەکێکیان کوندەیەکی بچوکی ئاوی پێبوو پێیداین و تینوێتیمان شـکا دوای پشـوویەکی کـەم دووبارە کەوتینـەوەڕێ بـەرەو قـەڵات وامانـدەزانی نزیکـە بـەڵام وا نـەبوو دوای ڕێکردنێکی زۆر تاریکی شەومان بەسەردا هات ڕێبەرەکە دەیویسـت لـە ڕێگەکـە لابدات لە شوێنێکی ترەوە بمانبات کە نزیك بوو لە کەناری دەریاوە بەڵام من ئەوەم ڕەتکردەوە ترسام ڕێگەمان لێ ون بکـات و هـەڵبێت ووتم: لەسـەر ئـەم ڕێگایـەوە دەڕۆین تا دەگەینەجێ بەڵام لە ترسی دز و چەت لە دوورەوە چەند کەسێکم بەرچاو کەوت لەسەر چیایەك بوون وامزانی دزن بە هاوڕێکانم ووت: خۆتـان حەشـار بـدەن زۆریش تینومان بوو بەڵام بە قسەی منیان نەکرد شەکەت و ماندوو بـوون منـیش دوور کەوتمەوە چومە ژێر داڕێك ناوی ئوم غەیلان بوو بە تـەواوەتی مانـدوو بـووم بەڵام خۆم وا پیشان نەدەدا لەبەر ڕێبەرەکە هەردوکیان هاتن و خۆیان بە زەویـدا دا تا بەیانی نەمدەوێرا بخەوم ئەترسام ڕێبەرەکە شمەکەکان ببـات و هـەڵبێت کـەمێك دوور لە ڕێگاکە بۆ پشو دەمێنینەوە تا بەیانی بە وێستی خودا بۆ سبەی دەگەینـە شار، کە سپێدەی بەرەبەیان دەرکەوت تەماشام کرد ڕێگەکە خەڵکێکی زۆری پێـدا

دەڕوات بەرەو شارهاورێکەم نارد تا هەندێك ئاو بهێنێت چونکه ماندوو شەکەت بووین هەندێك ئاوی هێنا و خواردمانەوە، پۆشاکەکەم دا بە ڕێبەرەکە و کەوتینەڕێ چاڵ و چۆڵی و خەندەقێك هاتە ڕێمان هەر چۆنێك بوو دوای ئازار و ناڕەحەتیەکی زۆر گەیشتینە قەڵات خوێن لە پێمان دەچۆڕا هێندە ماندوو بووین سەرەڕای ئەو هەموو ڕێکردنەکە چوینە بەردەم دەرگای شار پاسەوانەکە ڕێی پێنەداین بچینە ژورەوە پێی ووتین: دەبێت بچینە لای ئەمیری شار تا بزانێت ئێوە کێن؟ و لە کوێوە هاتوون؟ بۆ چیش هاتوون؟ئێمەش ناچار بووین ڕۆیشتین کاتی چاوم پێکەوت بینیم کەسێکی بەڕەوشت و خواناسە پرسیارێکی زۆری لێم کرد تا شەش ڕۆژ لای ماینەوە نەمدەتوانی بە ڕێدا بڕۆم هێندە ئازارم چەشتبوو. ئەم شارە پێگەیەکی جوان و قەشەنگی هەبوو، نزیك بوو لە کەناری دەریاوە بازاڕەکەی جوان و مزگەوتەکەی دڵگیربوو بەبەردی قاشانی لوس بونیادنرا بوو کاتێك سەر دەکەوتیتە سەر مەنارەی مزگەوتەکە هەموو کەنار دەریا و بەندەرکانت بە ئاسانی دەبینی ئەوەی مزگەوتەکەی ئاوەدان کردبوەوە ناوی "بیبی مەریەم" بوو (بیبی) واتا: کەسێکی ئازاد هەر لە قەڵات جۆرە ماسیەکم خوارد لە هیچ هەرێمێك شتی وا خۆشم نەخواردوە، لەسەر گەڵای دار دەیانبرژاند و پاشان دەیانخستە سەر برنج.

هەموو ڕۆژێك لەم شارە خواردنم ماسی بوو، ئەم شارە هەرچەندە دارخورما و ئاوی کانی زۆری تێدابوو بەڵام برنجی لە وڵاتی هیندستانەوە بۆ دەهات و قووتی خۆیان لە دەریای هیندی پەیدا دەکرد ئەوەش لە ڕێی بازرگانی و ڕاوەماسییەوە بوو کاتێك کەشتیەك ڕوی لە بەندەرەکەی دەکرد لە خۆشیاندا دەستیان دەکرد بە ئاهەنگ و شایی خەڵکەکەی عەرەب بوون بەڵام لەگەڵ هەر رستەیەکدا (نا)یەکیان بۆی بەکاردەهێنا بۆ نمونە دەیانوت: بخۆ نا مەڕۆ نا وابکە نا ...هتد، خەڵکەکەی زۆربەیان خەواریج بوون[1] بەڵام لە ترسی سوڵتان "قوتبەدین تەمتەهینی" پاشای

[1] تایەفەیەکی لە ڕێ دەرچوون، کە لە سەردەمی پێشەوا "عەلی" دروستبوون بۆ جەنگکردن دژی ئەو، ←

هورموز نەیاندەوێرا خۆیان ئاشکرا بکەن چونکە ئەو لەسەر مەزهەبی ئەهلی سونەت و جەماعەت بوو. لە نزیک قەڵات گوندیك هەبوو ناوی (تیبی) بوو سەردانیم کرد بەڕاستی تا بڵێیت جوان و سەرنجڕاکێش بوو پڕ لە دار و درەخت و میوە و باخ و کانی ئاو بوو هەر لەم گوندەوە میوە رەوانەی قەڵات دەکرا جۆرە مۆزێکی لێبوو بە مۆزی مرواری ناسرابوو، مرواریش بە زمانی فارسی ئەو بەردە بەنرخەیە کە لەو وڵاتە زۆرە و بۆ بازرگانی رەوانەی هورموز دەکرا، هەروەها (تەنبول)یشی لێ بەرهەم دەهێنرا، بەڵام خورمای لە عومانەوە بۆ رەوانە دەکرا. دوای قەڵات کەوتینەڕێ بۆ عومان[1]، شەش رۆژ بە بیابانیدا ڕێمان کرد و پاشان لە رۆژی حەوتەمدا گەیشتینە ئەو شارە، هەڵکەوتەی شوێنەکە وابوو، کە باخ و دار و دارستانێکی چڕ و پڕی هەبوو پێش ئەوەی بگەینە عومان چوینە ئاوایی (نزوا) لە نزیك عومان بوو ئەم شوێنە دەکەوتە سەر لوتکەی چیایەك بە شورا دەورە درابوو دار و کانیاوێکی زۆری تێدابوو، هەروەها بازاڕ و مزگەووتی قەشەنگ و جوانیشی هەبوو گەورە و پاکژ بوون.

نەریتی خەڵکەکەی وابوو لە حەوشەی مزگەوتەکە دادەنیشتن و هەر کەسە و بەپێی توانای خۆی خواردنی دەهێنا و دادەنیشتن و پێکەوە دەیانخوارد، خەڵکی تری ڕێبواریش کە لەڕێوە دەهاتن بەشدار دەبوون لە خواردندا دانیشتوانەکەی بەڕێز و نەجیب زادە و قارەمان بوون بەردەوام جەنگ لە نێوانیاندا هەبوو دوای نوێژی هەینی چوار رکات نوێژیان دەکرد لەسەر مەزهەبی ئیبازی بوون[2] هەروەها لە

بڕوایان وایە ئەو کەسەی تاوانی گەورەی وەك زینا و خواردنی مەی و کوشتنی بەناهەق و دزی و ...هتد ئەنجام دەدات، لە ئیسلام دەردەچێت و بێ باوەڕە و بۆ هەتایی لە دۆزەخدا دەسوتێت، خەوارجەکان دیسانەوە دەبنەوە بە چەند تایەفەیەك وەك: (ئیبازیە، جەعدیە، حەروریە، شەحمەرانیە، سریە، عەزەریە ...هتد). بڕوانە (معجم الفاظ العقیدة، ص ١٦٩)

[1] وڵاتی سەڵتەنەی عومانە و دەکەوێتە سەر دەریای عەرەب. (وەرگێڕ)

[2] ئیبازیەکان: کۆمەڵێکن سەر بە خەوارجەکانن و دوای عەبدوڵڵای کوڕی ئیبازی موڕی کەوتوون. (بڕوانە لاپەڕە ١٥٨)

دوای نوێژ چەند ئایەتێك دەخوێنرایەوە پاشان چەند دێرە هۆنراوەیەکی پیاهەڵدان بەسەر پێشەوا عومەر و عوسماندا دەخوێندرایەوە بەڵام بۆ پێشەوا عەلی دەوەستان کاتێکیش باسی ئیمام عەلی بکرایە دەیانوت: پیاوەکە وای ووت وەسفی "ئیبن مەلجەمی"[1] نەفرەتیان دەکرد و پێیان دەوت: پیاوێکی چاك بووە دژی فیتنە بوو ئافرەتیشیان خراپ و داوێن پیس بوون رێگریان لێ ناکرا لە خراپە و بێغیرت بوون هەر لەم بارەیەوە چیرۆکێك باس دەکەین.

سوڵتانی عومان

سوڵتانی عومان لە رەچەڵەکدا عەرەب بوو لە هۆزی ئەزدە بە "ئەبی محەمەدی کوڕی نەبهان" ناسرابوو نازناوی ئەبی محەمەد بوو، ئەم نازناوە لەلای هەموو سوڵتانەکانی عومان هەبوو وەك چۆن نازناوی ئەتابەك لای پاشاکانی لوڕ هەیە نەریتی سوڵتان وابوو لە دەرەوەی دەرگای ماڵەوە دادەنیشت بێ ئەوەی پاسەوانی هەبێت رێگری لە کەس ناکرا بچێت بۆ لای رێزی زۆریشی لە میوان دەگرت خزمەتی پێشکەشیان دەکرد خەڵکی ئەم مەملەکەتە گۆشتی کەری ماڵیان دەخوارد و پێیان وابوو حەڵاڵ و دروستە لە بازاڕیشدا دەفرۆشرا بەڵام لە خەڵکی بێگانەیان دەشاردەوە، هەروەها هەندێك شاری تر لە نزیك عومان هەبوو لەوانە (ئەزکا) من نەمبینیوە دەیانوت: گەورەیە لەگەڵ قوریات و کەلبا و خورفکان و سەحار هەریەك لەم جێگایانە دار و باخ و ئاویان زۆر بوو لە ڕوی کارگێڕیەوە سەر بە هورموز بوون.

سوڵتان محەمەد نەبهان کەسێکی خراپەکار بوو پارێزگاریشی لە خراپەکاران دەکرد جارێك خۆم لای دانیشتبوم ئافرەتێکی روخسارجوانی دەشتەکی تەمەن

---

[1] ئیبن مەلجەم: ئەو کەسە بوو کە پێشەوا عەلی کوڕی ئەبی تالیبی شەهید کرد. (وەرگێڕ)

بچوك هاته لای له بەرامبەری وەستا ووتی: ئەی سولّتان شەیتان چۆته سەرمەوە، ئەویش له وەلاّمدا ووتی: برۆ دەریبکه!، ووتی: ناتوانم له کاتێکدا له تەنیشت تۆ وەستاوم دواتر من ئەوێم بەجێهێشت بیستمەوە کە کاری بەدڕەوشتی لەگەلّ کردبوو، هەر ئافرەتێکیش ئەو کارەی نابەجێیەی لەگەلّی بکردایە بۆ بڕا و باوکی نەبوو بیکوژێت یان ئازاری بدات بە پێچەوانەوە هەر کەس دەستدرێژی بکردایەتە سەریان ئەوا سولّتان بە تونڈی سزای ئەدا یان ئەگەر بیانکوشتایە ئەوا دەکوژرایەوە.!

ناوچەی هورموز

کەوتینەوەڕێ له عومانەوە بۆ هورموز لەسەر کەناری دەریا پێشی دەوترا (موغ ئوستان) نێوان ئەم شوێنە و هورموزی نوێ کە لە رۆخی دەریادا بوو سێ فەرسەخێکە کاتێك چوینە هورموزی نوێ بینیم شارێکی گەورە و جوانە لەسەر رۆخی دەریا بووەتە بەندەری سەرەکی کەشتیەکانی ولاّتی سند و هیندستان، بازاڕی گەورە و جوانی لێبوو لەم شوێنەوە شمەك و خواردن و پێداویستی رەوانەی ولاّتی عێراق و فارس و خۆراسان دەکرا هەروەها ئەم شارە شوێنی سولّتان بوو خۆی لێی دادەنیشت و خاکەکەشی زۆربەی چیا و خوێ بوو لەگەلّ جۆرە خۆلێکی شوێر پێیان دەوت: خوێی دارانی هەر لەم خوێیە قاپ و قاچاخ و چرا ڕەشەکە و شتی جوان دروست دەکرا، خواردنیشیان بریتی بوو: له خورما لە عێراق و عومانەوە بۆی رەوانە دەکرا لەگەلّ ماسی هەر بە زمانی خۆیان دەیانوت: ((خورما و ماهی لوت بادی شاهی))، واتا: خورما و ماسی خواردنی پاشایە، ئاوی خواردنەوەی کەم و بەنرخ بوو، کانی و ئاوی لێبوو لەگەلّ عەمباراوی گەورە دروستکرا بوون بۆ کۆکردنەوەی ئاوی باران گۆزە و کونەی لێ پڕ دەکرا و بۆ خواردنەوە بەکاردەهێنرا ئەوەی جێی سەرسوڕمان بوو بەرچاوم کەوت ئێسکی سەری ماسیەکی گەورە بوو له نێوان دەرگای مزگەوت و بازاڕدا بوو، ئەوەندە زەبەلاح بوو چاوەکانی بە هێندەی

دوو دەرگا دەبوون!، خەڵکی پێیدا دەڕۆیشتن و لەوسەرەوە دەردەچون.

هەر لە هورموز چاوم کەوت بە پیاوچاك و دونیادیتە "ئەبا حەسەنی ئوقسارانی" لە رەچەڵەکدا خەڵکی ولاتی رۆم بوو زۆر رێزی لێم گرت و چەند رۆژێك لە خزمەتیدا ماینەوە خواردن و پۆشاکی دامێ خەڵکێکی خواناسی زۆری عەجمی لابوو هەر لە دووری شەش میلەوە مەزارێکی لێبوو دەیانوت: هی خزر و ئلیاسە رەزای خودا لە هەردووکیان بێت هەروەها خانەقایەکی لێبوو خواردنیان پێشکەش بە رێبواران دەکرد پیرەپیاوێکی لێبوو سەرقاڵی خوداپەرستی بوو دوو خزمەتکاری لابوو خزمەتیان دەکرد هەروەها چەند مانگایەك و هەندێك مەڕی هەبوو لەسەری دەژیان.

سوڵتانی هورموز

ناوی سوڵتان "قوتبەدینی کوڕی تەمتەهینی کوڕی تورانشا" بوو یەکێك بوو لە دەسەڵاتدارە خاوەنشکۆ و بەهێزەکان کەسیکی بێ نەفس و رەوشت جوان بوو نەریتی وابوو گەر زانا یاخود هەژار و گەدا یان خواناس سەردانی هورموزی بکردایە، دەبوو چاوی بە سوڵتان بکەوتایە و ئەویش یارمەتی پێشکەش دەکرد ئەو دەمەی چوینە ئەوێ سەرقاڵی سوپا ئامادەکردن بوو بۆ جەنگ لەگەڵ هەردوو برازاکەی کوڕی "نیزامەدین" بوون بەهۆی ئەو جەنگەوە خواردن و شمەك لە دورگەکەدا گران ببوو یەکێك لە وەزیرەکانی بە ناوی "شەمسەدین محەمەد عەلی" و دادوەر "عیمادەدین شونکاری" و چەند کەسێکی تر هاتنە لامان و داوای لێبوردنیان کرد سوڵتان نەیتوانی بێتە سەردانمان بەهۆی جەنگەوە. نزیکەی شانزە رۆژ لە هورموز ماینەوە، کاتێك ویستمان بڕۆین ووتم: چۆن دەبێت ئێرە بەجێبهێڵین و چاومان بە سوڵتان نەکەوێت، بۆیە رۆیشتمە لای یەکێك لە وەزیرەکانی ووتم: چۆن دەبێت من سوڵتان نەبینم و ئێرە بەجێبهێڵم ئەویش دەستمی گرت ووتی: بسم اللە

چوین بۆ مالێك لەسەر رۆخی دەریا بوو چەند کەشتیەك پاسەوانی دەکرد تەماشام کرد کەسێك وەستاوە عەمامەیەکی بەسەرەوەیە و مەندیلێکی لە پشت بەستووە نەمزانی ئەوە سوڵتانە سڵاومان لێکرد و بەخێرهاتنی کردین هەروەها خۆشکەزاکەشی لەگەڵیدا وەستابوو پێشتر ئاشنایەتیم بۆ دروست ببوو لەگەڵیدا.

دەستم کرد بە گفتۆگۆ کردن و دواتر وەزیرەکە منی بە سوڵتان ناساند، ئنجا زانیم ئەو کەسە پاشایە هەستم بە خەجاڵەتی کرد پێش ئەو لەگەڵ خوشکەزاکەی "عەلی شای کورِی جەلاڵەدین کیجی" گفتوگۆم کرد بۆیە داوای لێبوردنم لێکرد دواتر کەوتەرِێ و رۆیشتەوە بەرەو ماڵەوە وەزیر و ئەمیر و فەرماندەکان بە دوایدا کەوتنەرِێ منیش لەگەڵیاندا رۆیشتم، سوڵتان لەسەر تەختی رازاوەی خۆی دانیشت و تەسبێحێکی لە دەستدا بوو هیچ کات شتی وا جوانم نەبینی بوو دەنکەکانی لە مروازی بوون چونکە ئەوانەی لە دەریا کاریان دەکرد و خەریکی دەرهێنانی مرواری بوون هەموو لە ژێر رکیفی ئەودا بوون، کەوتە ئاخاوتن وەزیر و فەرماندەکان لە دەوروپشتی بوون پرسیاری ولآت و گوزەرانی کرد لەگەڵ ئەو پاشا و سوڵتانانەی من چاوم پێیان کەوتبوو منیش هەمووم بۆ باسکرد پاشان خواردنیان هێنا ئامادەبووان دەستیانکرد بە نانخواردن منیش لەگەڵیاندا بەڵام سوڵتان خۆی نەیخوارد دوای نانخواردن مالئاوایم لێکرد و رۆیشتم.

هۆکاری جەنگەکە: جارێك سوڵتان گەشتێك دەکات لە شارە نوێیەکەیەوە بۆ هورموزی کۆن بە مەبەستی چێژ وەرگرتن لە باخ و دارستانەکانی، نێوانیان سێ فەرسەخ دەبێت وەك پێشتر ئاماژەمان پێدا نیزامەدینی برای هەڵدەگەرِێتەوە دەست بەسەر دورەگەکەیدا دەگرێت و خەڵکەکەی و سەربازەکانی بەیعەتی پێئەدەن کاتێك سوڵتان قوتبەدین بەوە دەزانێت، هەڵدێت و پەنا دەباتە بەر شاری قەڵات شورا و سەنگەرەکانی توند دەکات و کەشتیەکانی ئامادە دەکات دواتر هێرش دەکاتە سەر برا و برازاکانی و چەند جارێك ئەم هێرشەی دووبارە دەکاتەوە، بەڵام نەیتوانی بیکوژێت. کۆتا جار ئافرەتێکی خێزانی براکەی دەنێرێت و بە فێڵ "نیزامەدین"ی

دەرمانخوارد کرد و کوشتی و دووبارە دەستی گرتەوە بەسەر شارە نوێیەکەیدا دواتریش برازاکانی هەرچی پارە و پوڵ و خەزێنەی دەوڵەت هەبوو هەڵی دەگرن و لەگەڵ سەربازەکانی هەڵدێن و خۆیان دەگەیەننە دورگەی "قیس" ئەم دورگەیە مەڵبەندی دەرهێنانی مرواری دەریا بوو، هەر لەم دورگەیەوە سەنگەری دوژمنایەتی خۆیان توند دەکەن بەڕووی سوڵتان قوتبەدیندا کاتێک کەشتیەک لە وڵاتی سند و هیندستانەوە رووی بکردایەتە شارەکەی سوڵتان قوتبەدین خێرا دەستیان بەسەریدا دەگرت بەوەش وڵاتیان تووشی نەهامەتی کردبوو.

دواتر گەشتمان کرد لە شاری (جەرەون) بۆ وڵاتی (خونج و لار) بە مەبەستی بینینی سۆفییەکی خواناس کاتێك دەریامان تیپەڕاند چەند وڵاخێکمان لە پیاوێکی تورکمان بە کرێ گرت بۆ رێگا چونکە رێگاکە سەخت و دژوار بوو، پیاوە تورکمانەکە خەڵکی ئەو شوێنە بوو هەروەها دەبوو بۆ بڕینی ئەو رێگایە خەڵکی ئەو شوێنەت لەگەڵ بێت چونکە ئازا و بەجەرگ و شارەزا بوون دەیانتوانی بووەستنەوە بەڕوی چەتەکانی رێگادا ئەوەی زیاتر جێی مەترسی بوو ئەو بایە گەرمە بوو کە لە رێگادا هەڵیدەکرد و پێیان دەوت: سەموم هێندە گەرم بوو ئەستەم بوو مرۆڤ بە ئاسانی دەربازی ببێت، بۆیە دەبوو تەنها بە شەو بە رێگادا بڕۆیت و بە رۆژیش لە سیبەردا پشو بدەیت، ئێمەش بە رۆژ لە ژێر سێبەری داری ئوم غەیلان دادەنیشتین لە دوای عەسریشەوە دەستمان دەکرد بە رۆیشتن تا بەیانی، دەڵێن: هەر کەسێك بەو بایە بمرێت لە کاتی شوشتندا ئەندامەکانی لەشی لێك دەترازێت و شین دەبێتەوە گۆڕێکی بێشوماری خەڵکی لێبوو کە بەو بایە مردبوون!.

کەس نەیدەتوانی ئەم بیابانە و وڵاتەکانی سەروو بە ئاسانی ببڕێت جگە لە پاشای لەکە (جەمالە لەکە) نەبێت کە لە بنەڕەتدا خەڵکی وڵاتی (سەجستان) بوو بۆیە پێیان دەوت: لەك چونکە دەستی لە جەنگدا بڕابووەوە لەکیش بەمانای بڕاوە دێت کۆمەڵێکی زۆری سەرباز و پاسەوانی عەرەب و عەجەمی لەگەڵدا بوو، کاریان

بریتی بوو لە چەتەیی و ڕێگری هەروەها خانەقاشی هەبوو خواردن و خواردنەوەیان پێشکەش بە هەژاران دەکرد، خۆی و سەربازەکانی بەردەوام بوون لە ڕێگری نەریتیان وابوو لە بیاباندا بلاودەبونەوە لە هەموو شوێنێك ئاو و خواردنەوەیان عەمبار دەکرد کاتێك سەربازانی دەسەلاتداری سولتان بە دوایان بکەوتنایە ئەوا لە بیاباندا خۆیان وون دەکرد ئەوکات سەربازەکانی سولتان لە ترسی لە ناوچون دەگەڕانەوە، نە پاشای عێراق و نە هیچ شوێنێکی تر دەسەلاتیان بە سەریدا نەبوو بەو شێوەیە سەردەمێکی زۆر مایەوە لە کۆتایدا تەوبەی کرد و وازی لە چەتەیی هێنا دەستی کرد بە خواپەرستی تا ئەو کاتەی مرد.

پاشان ڕێگەمان گرتەوەبەر لە بیابانەوە تا گەیشتینە (کەورەستان) شارێکی بچوك بوو پڕ لە دار و درخت و کانی و ڕوبار بەڵام زۆر گەرم بوو دوای سێ ڕۆژ لە ڕێکردن گەیشتینە (لار)شارێکی گەورەیە دار و کانیاوی زۆری هەبوو لەگەڵ بازاڕ و مزگەوتی جوان، خانەقایەکی لێبوو هی پیاوچاك "ئەبی دولفی محەمەد" بوو ئەو کەسە بوو لە شاری جرودەوە کەوتینە ڕێ بە مەبەستی بینینی کوڕەکەی ناوی "ئەبو زەید عەبدولڕەحمان" بوو زۆر لەخواترس بوو کۆمەڵێکی سۆفی لەگەڵدا بوو هەموو دوای نوێژی عەسرانێك دەگەڕان بە دەوری شاردا و نان و کولێرەیان لە مالەکان کۆدەکردەوە و دەیاندا بە ڕێبواران ئەمەش نەریت بوو هەروەها خەڵکی شارەکە لە هەژار و دەوڵەمەند و کۆیلەکان هەموو شەوێکی هەینی کۆدەبوونەوە ئەوەی لە توانایدا هەبوو چەند درهەمێکی دادەنا و دواتر خەرج دەکرا بۆ مەبەستی خزمەتکردن، پاشان دەستیان دەکرد بە پەرستش و قورئانخوێندن تا بەیانی و ئەوکات دەگەڕانەوە.

سولّتانی لار

سولّتانی لار ناوی"جەلالەدین" بوو لە رەچەلّەکدا تورکمان بوو هەوالّی بۆ ناردین تا ببینە میوانی بەلاّم نەچوین و دیدارمان لەگەلّدا ئەنجام نەدا و نەشمانبینی بۆیە گەشتمان کرد بۆ شاری (خونج بال) لەوێ مالّی پیاوچاك "ئەبی دولەف"ی لێبوو ئێمەش چوینە خانەقاکەی و بینیمان لە سوچێك دانیشتبوو جبەیەکی سوفی سەوزی لەبەردا بوو لەگەلّ عەمامەیەکی رەش سلاّوم لێکرد بە گەرمی و هێمنی سلاّوەکەمی سەندەوە فەرموی لێکردین و دانیشتین پاشان پرسیاری کرد لە کوێوە هاتوون و بۆ کوێ دەچن؟، هەروەها پرسیاری ولاّت و شوێنی لێکردم پاشان خواردن و خواردنەوەی بە خزمەتکارەکەیدا بۆ رەوانە کردین، خزمەتکارەکەی خواناس و روح سووك بوو، زۆربەی رۆژەکانی هەفتە بەڕۆژو بوو هەمیشە سەرقالّی پەرستش کردن بوو، ئەوەی جێی سەرنج بوو ئەو هەموو خەرجییە بوو کە ئەبی دولەفی بەسەر هەژاران و رێبوارندا خەرجی دەکرد کە لە هەژمار نایات!، دەیانوت: ئەو هەموو پارە و داهاتەی لەلایەن سولّتانەوە بۆ رەوانە دەکرا، مەگەر تەنها خودا بزانێت لە کوێوە ئەو هەموو خەرجیەی دابین دەکرد هەر لە خانەقاکەیدا گۆڕی خواناس "قوتبەدین دانیال"ی لێبوو سولّتان "قوتبەدین تەمتەهین تۆرانشا" لەسەر گۆڕەکەی گومەزێکی گەورەی بۆ دروستکرد بوو. رۆژێك لە خزمەتی شێخ ئەبی دولەف ماینەوە چونکە بەپەلە بووین پاشان رۆیشتین بۆ خانەقایەکی تر لە شاری (خونج بال) ووتیان: ئەو خانەقایە پڕە لە خەلّکی خوداپەرست و سۆفی و دابڕاون بۆ خوداپەرستی منیش ئارەزوم دەکرد سەردانیان بکەم کاتێك چومە لایان تەماشام کرد کۆمەلّێکی سوفی باوەڕداری لێیە رەنگیان زەرد هەلّگەڕابوو هێندە سەرقالّی خوداپەرستی ببوون زۆر دیندار و چاو بە گریان بوون کە سلاّوم لێکردن بە خێرهاتنیان کردین و پاشان خواردنیان بۆ هێناین.

دوای شاری خونج بال سەفەرمان کرد بۆ شاری (قلس) پێشی دەڵێن (سیراف) دەکەوتە سەر رۆخی دەریای هیندی لکابوو بە دەریای یەمەن و فارسەوە، ئەم جێگایە بە ناوچەکانی ولاتی فارس دەژمێردرا. جێگایەکی فراون بوو پڕە لە ڕەز ودار کانی و ئاوی زۆریشیان هەبوو خەڵکەکەی پشتیان بە ئاوی ئەو کانیاوانە دەبەست کە لە چیاکانەوە هەڵدەقوڵان، هەروەها زۆربەیان عەجەمی فارسی بوون هۆزێکی لێبوو لە رۆژئاوای بە ناوی (بەنی سەفاف) کاریان دەرهێنانی مرواری بوو لە ژێر دەریادا.

باسی ئەوانەی سەرقاڵی دەرهێنانی مرواری بوون

ئەوانەی خەریکی دەرهێنانی مرواری بوون لە ناوچەیەکەدا دەژیان دەکەوتە نێوان سیراف و بەحرەین هەر لە سەرەتای مانگی ئیبریلەوە (نیسان) و مایو (ئایار) بە بەلەمی بچوك ڕویان دەکردە ئەم ناوچانە لەگەڵ بازرگانەکان کە خەڵکی بەحرەین و قەتیف و فارس بوون، ئەوانەی کە لە دەریادا مرواریان دەردەهێنا روخساریان بە پارچە ئێسکێك دادەپۆشی لە ئێسکی کیسەڵ دروستکرابوو، هەروەها گیرەیەکیان دروست دەکرد و لووتی خۆیانیان پێی دەگرت ئنجا دەچونە دەریاوە هەیانبوو نیو کاتژمێر هەشیانبوو کاتژمێرێك یان دوو کاتژمێر لە ئاودا دەمانەوە کەسەکە گوریسێکی لە ناوقەدی دەبەست و خۆی لە دەریادا نقوم دەکرد تا دەگەیشتە بنی و دەگەڕا بەدوای گوێچکە ماسی و سەدەف کە مرواریان تیدا بوو بە ئاسنێکی تیژ کە بە پشتوێنێکەوە لە پشتی بەستبوو هەڵیدەکەنی و کۆی دەکردەوە ئەگەر تەنگاوی پێگەیشت گوریسەکەی رادەکێشا هاورێکەی کە لەسەر بەلەمەکە بوو رایدەکێشا بۆ سەرەوە دواتر لەسەر بەلەمەکە دوو لەت دەکران و مرواریەکەیان دەردەهێنرا پێنج یەکی ئەم مرواریە بۆ سولتانە و ئەوەی تر بەو بازرگانە دەفرۆشرا کە لەسەر بەلەمەکە بوو هەندێك جار بازرگانەکان لەبری ئەو قەرزە وەریاندەگرتەوە کە پێشتر دابویان بەوانەی کاریان دەرهێنانی مرواری بوو لە ژێر دەریادا.

بەحرەین

پاشان سەفەرمان دەستپێکردەوە بۆ ئاوەدانی (بەحرەین) جێگایەکی زۆر گەرمە و لماویە بەڵام ئاوی ژێر زەوی هەبوو بە چەند مەترێك بیر دەگەیشتە ئاو، داری زۆری ئوتروج و هەنار و خورمای هەبوو، هەروەها لەبەر گەرمیەکەی لۆکەشی لێ دەچێنرا کاتی وەها هەیە بە هۆی گەردەلولەوە هێنده لم زۆر دەبوو مالّ و رێگاکانی دادەپۆشی و رێگای عومان وون دەبوو لە دەریاوە نەبێت ناتوانرا بۆی بڕۆیت، هەر لە نزیکیەوە دوو چیا هەیە ئەوەی لای رۆژئاواوە پێی دەوترا عەوەیر و ئەوەی لای رۆژهەڵاتیەوە کوسەیر دوای بەحرەین گەشتم کرد بۆ (قوتەیف) بچوککراوەی قەتیفە خەڵککەی هەموو رافیزە بوون کاتێك بانگیان دەفرمو دەیانوت: ((ان علي ولي لله)) هەروەها لە نێوان هەردوو حی عەلا سەڵات و حی عەلا لفەلاح دەیانوت: ((حي على خير العمل)) بڕگەیەکی تریان زیادکردبوو ئەوە بوو لە کۆتایی بانگدا دەیانوت: ((محمد وعلي خير البشر من خالفهما فقد كفر)).

دیسانەوە کەووتینەوە ڕێ ئەجارە چوینە (هەجەر) ئێستا پێی دەڵێن: (حەسا) ئەم شوێنەیە بووە بە پەند وەك دەڵێن: ((كجالب التمر الى هجر)) دانیشتوانەکەی هۆزێکی عەرەب بوون زۆربەیان بەنی حەنیفە بوون ئەم شوێنە هەر لە کۆنەوە نیشتمانی ئەم تایەفەیەیە و ئەمیرەکەیان ناوی "توفەیلی کوڕی غانم" بوو هەر لەگەڵ ئەم ئەمیرەدا بوو گەشتم کرد بۆ شاری مەککەی پیرۆز لە ساڵی ٧٣٢ ك بە مەبەستی حەجکردن سوپاس بۆ خودا ئەوەم ئەنجامدا[1]، هەر لەو ساڵەشدا بوو

[1] بۆ جاری چوارەمە ئیبن بەتوتە حەجی مالّی خودا دەکات، ئەجارەیان لە عومانەوە چووەتە بەحرەین و لەوێوە بۆ قەتیف و پاشان مەککە. (وەرگێڕ)

مەلیك ناسری ولاتی میسر و کۆمەڵێکی زۆری وەزیر و ئەمیرەکانی لەگەڵدا بوو هاتبوون بۆ حەج کردنی مالّی خودا، هەروەها لەو سالّەدا بوو مەلیك ناسر ئەمیر ئەحمەدی کوشت دەگێڕنەوە ئەم کەسە کوڕی بووە لەگەڵ بکتمۆری ئاوگێڕ کە گەورە ئەمیری سوپا بوو.

باسی کوژرانی ئەمیر ئەحمەد

دەگێڕنەوە مەلیك ناسر کەنیزەیەك پێشکەش بە بکتمۆری ئاوگێڕ دەکات کاتێك دەیەوێت لێی نزیك ببێتەوە کەنیزەکە پێی دەڵێت: لێم نزیك مەبەوە چونکە من سکم پڕە لە مەلیك ناسر ئەویش لێی دوور دەکەوێتەوە تا منداڵەکەی دەبێت و ناوی دەنێت ئەمیر ئەحمەد گەنجێکی ئازا و چالاکی لێ دەردەچێت و هەر بە کوڕی مەلیك ناسر ناودەبرا لەو سالّەدا دەبێت لە کاتی حەجکردن هەردووکیان پەیمان ئەدەن تۆڵە لە مەلیك ناسر بکەنەوە بیکوژێن ئەمیرئەحمەد دەست بەسەر دەسەلاّتدا بگرێت. لەو لاشەوە بکتمۆر ئامادەسازی دەکرد بۆ دوای لە ناوچونی مەلیك ناسر پارە و پوڵ و پۆشاك و تەپڵ و پێداویستیەکانی دەوڵەتی ئامادە دەکرد، بەڵام ئەم هەواڵە هەر زوو دەگات بە مەلیك ناسر و لە رۆژێکی زۆر گەرمدا بانگی ئەمیر ئەحمەد دەکات کاتێك ئەمیر دەگاتە شوێنی پشودانی مەلیك ناسر پەرداخێك دەنۆشێت و یەکێکی تری ژەراوی بە ئەمیر ئەحمەد ئەدات و رەوانەی جێگایەکی دەکات تا فریای خۆی نەکەوێت و لەرێگا بمرێت هەر واش دەبێت لە رێگا کۆچی دوایی دەکات و فریای ئەوە ناکەون لە مردن رزگاری بکەن. کاتێك بکتمۆری ئاوگێڕ هەواڵەکە دەبیستێت دەست دەکات بە گریان و لەخۆدان و پۆشاکی بەری دەدڕێت مەلیك ناسر خۆی دەگەیەنێتە لای بۆ دڵدانەوەی و پێی دەڵێت: داوات لێ

دەکەم غەم و پەژارە نەخۆیت بۆ ئەوەی دڵت ساردبێتەوە ئەم پەرداخە شەرابە بنۆشە کە دەیخواتەوە دەستبەجێ دەمرێت، بۆ ئەویش ژەهری تێکردبوو بەو شێوەیە لەو ساڵەدا ئەمیر ئەحمەد و بکتمۆر کوژران.

قۆناغی چوارم:

گەشتکردن بۆ ناوچەکانی ڕۆم و قرم پاشان گەشتکردن بۆ قوستەنتینە لەگەڵ شاژنی "سوڵتان محەمەد ئۆزبێک"

دەرچون لە مەککە

کاتێك حەج کۆتایی هات سەفەرم کرد بۆ شاری جەدە، تا لـەوێوە بـە دەریـادا گەشت بکەم بۆ ولاّتی یەمەن و هیندستان ویستی خودا وابوو نەمتوانی گەشـتەکە ئەنجام بدەم و تا چل رۆژ لە جەدە مامەوە پاشان هەواڵم پێگەیشت کـە پیـاوێکی تونسی بە ناوی "عەبدولّلاّ تونسی" نیازی هەیە گەشت بکات بۆ ولاّتی قەیسـەر و منیش رۆیشتمە لای و کەشتیەکەم بینی بـەلاّم نـە ئـەو کەسـەم بـە دڵ بـوو نـە کەشتیەکە بڕیارمدا لەگەڵیدا گەشت نەکەم سوپاس بۆ خوا خێرێکی گەورەی پێـوە بوو چونکە دواتر لە دەریادا کەشتیەکەیان نقوم دەبێت لە ناوچەیەك کە پێی دەوترا (رەئس ئەبی محەمەد) بە دژواری هەندێکیان بە بەلەمی بچوك خۆیان رزگار کردبوو هەندێکیش نقومی دەریا بوون نزیکەی حەفتا حاجی لەو کەشتیەدا خنکان .

پاشان سواری بەلەمێکی بچوك بووم پێ دەوترا سـەنبوق تـا بچـینە (عیـزاب) بەلاّم شەپۆلی دەریا و با بواری پێ نەداین و رووماڵ کردە چـیای (رەئـس دویـر) و لەوێشەوە بە وشکانیدا و لەگەڵ کەسانی شارەزا لـە هـۆزی بیجـات کەووتینـەڕێ بیابانێکی دور و درێژ هاتە رێمان و پێیدا تێپەڕ بووین ئـەم ناوچـەیە پـڕ بـوو لـە ئاسکی کێوی و حوشترمل ئەو هۆزەی لەم ناوچەیەدا نیشتەجێ بوون پێیان دەوتـرا عەرەبی جوهینە و بەنی کاهیل، خواردنمان پێ نەما و ناچار بووین لـە هۆزەکـانی ناوچەکە(بیجات) ئاژەڵ بکڕین تا گۆشتەکەی ببێتە تێشـوی رێگـا لـەو بیابانـەدا میردمندالێکم بینی بە زمانی عەرەبی دەئاخـاوت ووتـی: هـۆزی بیجـات منیـان بەدیل گرتووە هەروەها دەیوت: نزیکەی سالێك دەبێت خواردنم نەخواردوە جگە لە شیری وشتر نەبێت!.

دوای نەمانی ئەو گۆشتەی پێمان بوو، ئەو خورمایەی هەڵمگرتبوو بۆ دیاری نزیکەی باریّك دەبوو لە خورمای (سـەیحانی و بـەرنی) بـوو دابەشـم کـرد بەسـەر

هاوڕێکانمدا بەشی سێ رۆژی کردین دوای نۆ رۆژ لـە رێکـردن لـە رەئـس دوێـرەوە گەیشتینە عیزاب و لە پێش خۆمانەوە چەند کەسـێکمان بەپەلـە رەوانـە کـرد تـا خواردنمان بۆ بهێنن سوپاس بۆ خوا بە خواردن و نانەوە فریامان کـەوتن، ماوەیـەك ماینەوە پشوماندا دواتر چـەند وشـترێکمان کـڕی و کەووتینـەوە گەشـتکردن بـە هاوڕێیەتی کۆمەڵێکی عەرەبی (دوعیم) چوینە بیری (جوبەیب) لەوانەشە ناوەکەی لەڕاستیدا خوبەیب بوو بێت بەڵام گۆڕدراوە، پاشان گەیشتینە حومیسرا ئەو شوێنە گۆڕی ئەبی حەسەنی شازلی لێیە دووەم جار بوو بگەمەوە خزمەتی ئەم زاتە شەوو لەوێ ماینەوە. بۆ رۆژی دواتر چوینە گوندی عەتوان لەسەر رۆخـی ڕوبـاری نیـل، بەرامبەر شاری ئیدفۆ بوو لە ناوچەی سەعیدی سەروو، سـواری کەشـتی بـووین و رۆیشتینە ئەسنا، دواتریش بۆ ئەرمەنت و ئەقسەر و شاری قۆس و قەنا هـەر لـەم جێگایە دیسانەوە بۆ دووەم جـار سـەردانی شـێخ عەبـدولڕەحیمی قـەناویمان کـرد ئەوەندە نەماینەوە و بەردەوام بووین لە رۆیشتن تا چوینە شاری هو پاشان ئەخمیم و ئەسیوت و مەنفەلوت و مەنلەوی و لەوێشەوە بۆ ئەشمون رومان و هەروەها شـاری بوش و مەنییەی قاید و میسر ئەم جێگایانە پێشتر هەموو باسکراون.

دوایی ماوەیەك لە میسر ماینەوە و لە رێگای بەلبیسـەوە گەشـتمان کـرد بـۆ ولاتی شام لـەو گەشـتەمدا حـاجی "عەبـدوڵڵای کـوڕی ئـەبی بـەکری فـەرحانی تەوزەری" هاوڕێیەتی کردم و بەردەوام ئەم کەسە لـە گەشـتدا لەگەڵمـدا بـوو بـێ ئەوەی دابڕێت بۆ ماوەی چەند سالێك پێکەوە بووین خودا لێی رازی بێت، تا ئـەو کاتەی لە ولاتی هیندستان کۆچی دوایی کرد و لە شاری (سندا پور) بەخاکسپێردرا بە ویستی خودا لە کاتی خۆیدا باسی دەکەم.

ئینجا چوینە غەزە و شاری خەلیل سلاوی خودای لێبێت زیارەتمان کرد و پاشان رۆیشتین بۆ شاری قودس و رەملە[1] و عەککا و تەرابلوس دوای ئەم جێگایانە لـە

---

[1] رامەڵڵای نیستایە لە فەلەستین. (وەرگێڕ)

شاری (جەبلە) لاماندا و زیارەتی گۆڕی ئیبراهیمی ئەدهەمان کرد رەزای خودای لێبێت پاشان چوینە شاری لازقیە پێشتر لە کاتی خۆیدا باسی ئەم شارانەم کردوە.

ناوچەکانی ڕۆم

لە لازقیە بە کەشتی گەورە (قورقورە)بە دەریا کەوتینە ڕێ، خاوەنی کەشتیەکە کەسێکی گاور بوو لە خاچپەرستەکان و کڕێی لێ وەرنەگرتین ناوی "مەرتەلین" بوو دوای دە ڕۆژ لە ڕێکردن بە دەریادا گەیشتینە شاری عەلەیا[1] زەوییەکانی ولاتی تورکانە و بە ناوچەی ڕۆمیش دەناسرێت چونکە لە کۆندا لە ژێر قەڵەمڕەوی ڕۆمەکان و یۆنانێکان بووە دواتریش دەکەوێتە ژێر دەستی مسوڵمانەکان ئێستاش خاچپەرستێکی زۆری ڕۆمی لێیە بەڵام لە ژێر دەسەلاتی فەرمانڕەوایی مسوڵمانە تورکەکانن .

بەڕاستی ولاتی ڕۆم لە جوانترین و دڵڕفێنترین ناوچەکانی سەر زەمین بوو شارەکانیان تا بڵێی قەشەنگ و دڵگیر بوو هەروەها دانیشتوانەکەی ڕوخسار جوان بوون زۆریش پاکوخاوێن بوون لە پۆشاك و جلوبەرگ و خواردندا، هەروەها بە سۆز و بەزەیی بوون لەگەڵ ڕێبواراندا لە کۆنەوە وتراوە: ((بەرەکەت لە ولاتی شامە و سۆز و بەزەییش لای خەڵکی ڕۆمە))نەریتی خەڵکەکەی وابوو هەموو ڕۆژێك نانی گەرمیان دروست دەکرد و بەشی ڕێبوارانیان لێی ئەدا و پیاوان دەهاتن و نانی گەرمیان پێشکەش دەکرد بە خەڵکی نامۆ و ڕێبوار و لە بەرامبەردا داوای نزایان دەکرد لە هەر جێگایەك ئەگەر بۆ ماوەیەکی کەمیش بوو بێت هەر زوو خەڵکەکەی هۆگرمان دەبوون هەرکاتێکیش کۆچمان بکردایە بە گریانەوە مالئاوایان لێدەکردین بەتایبەتیش ئافرەتەکانیان زۆربەی خەڵکەکەی لەسەر مەزهەبی پێشەوا حەنەفی

[1] لێرەوە شارەکانی ولاتی تورکیای ئێستا دەست پێ دەکات. (وەرگێڕ)

بوون و نە خەواریج و نە موعتەزیلە و نە بیدعەچییان تێدا نەبوو بەڕاستی خودا تایبەتی کردبون بەو سیفەتە جوانانە بەڵام کاری خراپیان ئەوە بوو حەشیشیان دەخوارد و بە عەیبەشیان نازانی.

شاری عەلەیا و سوڵتانەکەی

شاری (عەلەیا) گەورە و جوان بوو، دەکەوتە سەر رۆخی دەریا و دانیشتوانەکەی تورك بوون داریکی زۆری تێدابوو بۆ بازرگانی رەوانەی وڵاتان دەکرا، بەتایبەتی بۆ میسر و دومیات و جێگەکانی تر خەڵکێکی زۆری بازرگانی میسر و شام و ئەسکەندەریە روو دەکەنە ئەم شارە قەڵایەکی بەهێز و بەرز و پارێزراوی لێبوو جێی سەرنج بوو سوڵتانی گەورە "عەلائەدین رۆمی" دروستی کردبوو چاوم بە دادوەری شارەکە کەوت ناوی "جەلالەدین ئورزونجانی" بوو لەگەڵیدا سەردانی ئەم قەڵایەم کرد لە رۆژی هەینیدا بوو هەروەها بووینە میوانی زۆر رێزی لێگرتین جگە لە دادوەر بووینە میوانی شێخ "شەمسەدین روجیحانی"ئەم کەسە باوکی ناوی عەلائەدین بوو دەڵێن: لە وڵاتی مالی رەشپێستەکان کۆچی دوایی کردوە.

رۆژی شەممە بوو لەگەڵ دادوەر جەلالەدین کەوتینەڕێ بەمەبەستی چاوپێکەوتنی سوڵتانی عەلەیا کە ناوی "یوسف بەگ" بوو بەگ بەواتای: پاشا دێت یاخود خاوەن دەسەڵات کەسێکی قارەمان بوو مالەکەی نزیکەی دە میلێك لە شارەوە دوور دەبوو، کاتێك چوینە لای تەماشامان کرد لەسەر گردێك دانیشتووە پرچەکەی بۆیە کردبوو بە رەنگی رەش وەزیر و سەربازەکانی لای خوارەوە دانیشتبون سڵاومان لێکرد و ئەویش پێشوازی لێکردین پرسیاری وڵات و نیشتمانەکەمی کرد منیش هەموو پرسیارەکانیم وەڵام دایەوە دواتر بەجێمانهێشت و کۆمەڵێك دیاری بۆ رەوانە کردین.

ئەنتالّیا

ئنجا گەشتمان کرد و رۆیشتینە شاری ئەنتالیا[1] بەلاّم ئەو شارەی کە لە شامە ناوی "ئەنتاکیا"یە ئەنتالیا ئەوسەری جوانی دونیایە! نازانم چۆن وەسفی جوانیەکەی بکەم هێندە دلّگیر و قەشەنگ و ناوازەیە دەکەوێتە سەر رۆخی دەریا ناوچەیەکی پان و بەرینە و هەموو جۆرە تایەفەیەکی تێدا دەژیا و هەر کۆمەلّە و بەجیا لە ناوچەیەکی دیاریکراودا بوون بۆ نمونە رۆمەکان خەلّکی کۆنی شارەکە بوون و لەلایەکەوە شوێنی دیاریکراوی خۆیان هەبوو بە شورا دەورە درابوو بە هەمان شێوە مسولّمانەکان و خاچپەرستەکان و جولەکەکانیش ناوچەی تایبەتی خۆیان هەبوو بەلاّم مسولّمانەکان هەموو لە ناو شاردان و بلاّوبونەتەوە.

خانوەکانی زۆر بە رێکی و شێوازێکی جوان دروستکرابوون هەروەها مزگەوت و قوتابخانە و خانەقا و گەرماو و بازاڕی تایبەتی جوان و رازاوەی زۆری تێدابوو بە شورا و قەلاّ چوار دەور درابوو جگە لەوانەی باسیانم کرد باخ و دارستان و باخچەی زۆری هەبوو بەتایبەتی جۆرە قەیسیەکی لێ دەچێنرا هێندە بەتام و بۆنخۆش بوو وێنەی کەم بوو پێیان دەوت: قەمەرەدین بۆ بازرگانی رەوانەی میسر دەکرا و وشکیش دەکرایەوە و هەلّدەگیرا بۆ وەرزێکی تر لەگەلّ ناوکی بادەم و گوێز هەروەها کانیاوی سارد و شیرینی لێبوو و ئاوەکەیان زولاّلّ بوو لە هاویناندا پشتیان پێی دەبەست بۆ خواردنەوە، هەر لەم شارەدا بۆ پشو لە قوتابخانەکانیدا ماینەوە پێشەواکەی ناوی "شەهابەدین حەمەوی" بوو لە نەریتیان وابوو هەموو رۆژێک دوای نوێژی عەسر کۆمەلّە مندالّێك بە دەنگی خۆش دەستیان دەکرد بە سلاّواتدان و قورئان خوێندن بەتایبەتیش سورەتی عەمە و تەبارەك و فەتح دەخوێندرا.

---

[1] شارێکی گەشتیاری بەناوبانگی ولاّتی تورکیایە . (وەرگێڕ)

برای لاوەکان

ئەمانە لە هەموو شارێك و گوندێکی تورکەکانی رۆمدا هەبوون کۆمەڵە گەنجێکی بێ خێزان (سەڵت) بوون هەموویان خاوەن پیشە بوون و یەکێکیان دەکرد بە برا گەورەی خۆیان و بە هەموویان خانەقایەکی گەورەیان دروست دەکرد بۆ پشودان رۆژانە کاریان دەکرد و بە پارەکەیان خواردنیان دەکڕی و پێکەوە دەیانخوارد ئەمانە ئازا و بەجەرگ بوون دژی ستەمکار و زاڵم دەوەستانەوە یەکگرتوش بوون هەروەها بەخشندە بوون بەرامبەر خەڵکی رێبوار زۆر دڵخۆش بوون کاتێك کەسێکی نامۆ رووی دەکردە شار یان گوندەکەیان و خێرا پێشوازییان لێ دەکرد و خواردن و خواردنەوەیان بۆ دابین دەکرد لە میواندارێدا بەخشندە و بەسۆز بوون، رۆژانە لاوەکان کاریان دەکرد گەورەکەشیان کە سەرپەرشتیانی دەکرد پێیان دەوت: برا .

لەسەر یەك خوان کۆدەبونەوە و دوای نانخواردن و پشودانیش دەستیان دەکرد بە گۆرانی و ئاواز و سەماکردن تا وادەی خەوتنان بەڕاستی ئەمانە هێندە رەوشت بەرز بوون وێنەیان کەم بوو لە بەخشندەیدا دەچوێنران بە خەڵکی شیراز و ئەسفەهان جارێکیان لە خزمەتی شێخ شەهابەدینی حەمەوێدا بووم گەنجێك هاتە لای بە زمانی تورکی کەوتە گفتوگۆ کردن دوای ئەوەی رۆیشت ووتم: ئەوە چی دەڵێت؟. پێکەنی لە وەڵامدا ووتی: دەزانی چی دەڵێت؟ ووتم: نەخێر ووتی: هاتووە تا ئێوە میوانی ئەو بن، منیش سەرم سوڕما ووتم: ئەو پیاوە لاوازە چۆن دەتوانێت ئێمە وەك میوان لەخۆ بگرێت؟!. ووتی: ئەوە برا گەورەی لاوەکانە و خاوەنی پیشەیە و پێڵاو دروست دەکات پێیان دەڵێن: (خەرازین) نزیکەی دووسەد هاورێی لاوی هەیە و هەموویان پیشەوەرن، کاردەکەن و دیکەن بە خەرجی خانەقا!.

بۆ ئێوارە لاوەکە گەڕایەوە ئێمەش لەگەڵی چوین تەماشامان کرد خانەقایەکی

گەورەیان دروستکردوە هەموو جۆرە ئامێرێکی لێیە و ژورەکانی بە راخەری گرانبەها رازێنراوتەوە هەموو جۆرە شوشەوات و سورەیایەکی عێراقی تێدایە دواتر خواردن و خواردنەوەیان هێنا و خزمەتێکی زۆریان کردین، پاشان دەستیان کرد بە گۆرانی و سەماکردن تا درەنگانی شەوو دواتر ئێمە لە کاتی خەوتندا مالئاوایان لێیان کرد، بەڕاستی خەڵکێکی بەخشندە و بەسۆز بوون.

سوڵتانی ئەنتالیا

ناوی "خزر بەگی کوڕی یونس بەگ" بوو کاتێك ئێمە چوینە لای نەخۆش بوو لەسەر جێگا کەوتبوو لەسەرخۆ سڵاومان لێکرد خۆشحاڵ بوو بە سەردانیەکەمان دواتر کۆمەڵە دیاریەکی بۆ رەوانە کردین ئنجا مالئاوایان لێکرد و کەووتینەڕێ و ئەجارە چوینە شاری (بوردور) شارۆچکەیەکی بچوك پڕ لە دار و درەخت قەڵایەکی لێبوو کە لەسەر لوتکەی چیایەکی بڵند دروستکرا بوو لە مالّی وتاربێژی مزگەوتەکە لاماندا و یەکێك لە براکان هات و فەرموی لێکردین تا میوانی ئەو بین بەڵام مامۆستا رەتیکردوە ووتی: ئەمانە میوانی ئێمەن دواتر بردمانیان بۆ باخچەیەکی خۆیان و بەخێرهاتنێکی گەرمان لێکرا و زۆر دڵخۆش بوون بە میوان نە ئێمە لە زمانی ئەوانمان دەزانی و نە ئەوانیش لە ئێمە تێدەگەیشتن و هیچ وەرگێڕێکیش لە نێوانماندا نەبوو.

چەند رۆژێك ماینەوە و دواتر بەجێیانمان هێشت و چوینە شارێکی تر بە ناوی (سەبەرتا) بازاڕ و خانوی جوانی تێدا بوو لەگەڵ باخ و دارستانی چڕ هەروەها قەڵایەکی لێ دروستکرابوو لەسەر لوتکەی چیایەك بوو لە کاتی نوێژی خەوتنانداا بوو گەیشتین لە مالّی دادوەر ماینەوە .

شاری ئەکریدۆر و سوڵتانەکەی

دوای پشوو سەفەرمان کرد بۆ (ئەکریدۆر) شارێکی جوان و مەزنە و دانیشوانێکی زۆری هەیە لەگەڵ بازارِ و قوتابخانە و مزگەوت هەروەها دەریاچەیەکی گەورەی لێبوو ئاوەکەی شیرین بوو دوای دوو رۆژ بە بەلەم گەیشتینە (ئەقشەهر) لەوێ لە قوتابخانەیەك بارمان خست بۆ پشودان بەرامبەر مزگەووتی گەورە بوو یەکێك لە زانا پایەبەرزەکانی لێبوو ناوی "موسڵیحەدین" بوو زۆر شارەزا بوو زمانێکی باش و رەوانی عەرەبی دەزانی کاتی خۆی لە ولاّتی شام و میسر زانستی وەرگرتبوو، هەروەها ماوەیەك لە عێراقیش نیشتەجێ ببوو زۆر رێزی لێگرتین بەڕاستی جێی خۆیەتی باسی ئەو بەخشندەیەی بکرێت.

سوڵتانەکەی ناوی "ئەبو ئیسحاق بەگی کوڕی دەندار بەگ" بوو لە گەورە سوڵتانەکانی ئەو مەملەکەتە بوو خاوەن رەوشتی جوان بوو کەسێکی خۆشەیستە لەنێو خەڵکیدا کاتی خۆی بۆ ماوەیەك لەگەڵ باوکی لە ولاّتی میسر و شام نیشتەجێ ببوون لە نەریتیدا وابوو هەموو رۆژێك بۆ نوێژی عەسر دەچوە مزگەوت، دوای نوێژیش پاڵی دەدا بە دیواری قیبلەوە و چەند قارئێك لە تەنیشتییەوە دادەنیشتن و دەست دەکرا بە قورئانخوێندن بەتایبەتی سورتی فەتح و تەبارك و عەمە دەخوێندرا بە ئاوازێکی پڕ لە جۆش و خرۆش مرۆڤ هەستی بە کەشێکی روحی تایبەت دەکرد و چاوەکان پڕ دەبوون لە فرمێسك و گریان.

دواتریش سوڵتان دەگەڕایەوە ماڵەوە، ویستی خودا وابوو مانگی رەمەزان لەوێ ماینەوە سوڵتان لەسەر راخەرێك پاڵی دەدایەوە سەرینێکی گەورەش لە ژێر دەستیدا بوو بە تەنیشتیەوە زانای شەرعناس موسڵیحەدین دادەنیشت و بەرامبەری وەزیر و کار بەدەستەکانی بوون کاتێك خواردن دەهات یەکەم خواردنێك کە بەربانگیان پێ دەکردەوە تێگوشە بوو چونکە دەیانوت: لە فەرمودەدا هاتووە

پێغەمبەرﷺ فەرمویەتی ((سید الطعام الثرید)) واتا: گەورەی خواردنەکان تێگوشەیە پاشان قاپێکیان دەهێنا و پڕیان دەکرد لە نیسک و ڕۆن و شەکر دواتریش هەموو جۆرە خواردنێکی تر دەهێنرا ئەمەش نەریتیان بوو لە مانگی ڕەمەزاندا.

هەر لەو ڕۆژانەدا بوو کورێکی سوڵتان وەفاتیکرد زۆر نەدەگریان وەکو خەڵکی شام و میسر بەڵام بەپێچەوانەوە خەڵکی ناوچەی لورستان سێ ڕۆژ دەگریان و بەیانیانیش سەردانی گۆڕەکەیان دەکرد بۆ ڕۆژی دووەمی دوای بەخاکسپاردنی لەگەڵ خەڵکی کەوتمەڕێ سوڵتان کە تەماشای کردم پێی ناخۆش بوو پیادەم ئەسپێکی بۆم نارد و دواتر ئەسپەکەم بۆ گێڕانەوە ووتیان: ئەوە دیاری سوڵتانە بۆ تۆ چەند درهەمێکیان داپێم دواتر ئەوێمان بەجێهێشت و چوینە شارۆچکەی قولحەسار .

قولحەسار و سوڵتانەکەی

شارێکی بچوک تەنها ڕێیەک هەبوو بۆی بچێت، ڕێگای یەک کەس بوو پێیدا تێپەڕ بێت چونکە تەسک بوو وەک پردێک وابوو لە خوارەوە ڕووبار و قەمیش هەبوو شارۆچکەکە دەکەوتە جێگایەکی بەرزەوە شوێنێکی پارێزراو بوو لە دەستی دوژمن لەوێ لە خانەقای یەکێک لە برا لاوەکان لامانداا. سوڵتانەکەی ناوی "محەمەدی چەلەبی" بوو چەلەبی بە واتای گەورەم دێت برای سوڵتان ئەبی ئیسحاقی پاشای ئەکیدۆر بوو کاتێک گەیشتینە شار خۆی لەوێ نەبوو ئێمەش چەند ڕۆژێک ماینەوە ویستی خوا وابوو پاشا گەڕایەوە ڕێزی گرتین و یارمەتیی پێشکەش کردین ئنجا لە ڕێگای "قەرەئاغاج"ەوە ئەو شارەمان بەجێهێشت قەرە واتا: ڕەش، ئاغاج واتا: دار دەشتایەکی پان و بەرین و سەوز بوو دانیشتوانەکەی تورکمان بوون سوڵتانیش دوو سواری لەگەڵماندا ڕەوانە کرد تا ڕێنیشاندەرمان بن بۆ شاری لازق چونکە ڕێگاکە

مەترسیدار بوو کۆمەڵە خەڵکێکی لێبوو پێیان دەوترا (جرمیان) کاریان چەتەیی و ڕێگری بوو دەیانوت: گوایا ئەمانە لە نەوەی یەزیدی کوڕی مەعاویەن هەروەها ناوچەیەکیان هەبوو بە ناوی (کوتاهیە) لێی نیشتەجێ بوون سوپاس بۆ خوا توشی گرفت نەهاتین.

گەیشتینە (لازق)پێشی دەوترا دون غەزلە واتا: شاری بەراز لە جوانترین و گەورەترین شارەکانی ئەو مەملەکەتە بووحەوت مزگەوتی تێدا بوو کە نوێژی هەینییان تێدا ئەنجام دەدرا باخ و دارستانێکی چڕ و پڕی هەبو، لەگەڵ ڕوبار و کانیاوی زۆر هەروەها بازاڕ و دوکانەکانی دڵگیر و ئاوەدان بوون، بە نەخشی ئالتونی گرانبەها و قەشەنگ پۆشاکی لۆکەی لێ دەچنرا زۆریش قایم و سفت بوو بەرگەی چەندان ساڵی دەگرت هەر نەدەدڕا چونکە بە پوختی چنرابوو.

هەر لەم شارەدا دانیشتوانێکی زۆری خەڵکی ڕۆمی لێبوو ئافرەتەکانیان خاوەنی پیشە بوون ڕۆمەکان بەوە دەناسرانەوە کە پۆشاکێکی تایبەتیان دەپۆشی لە ڕەنگی سوور و سپی بەشێکیان جزیەیان لێوەردەگیرا چونکە ئەهلی زیمە بوون لەگەڵ ئەوەشدا کار و پیشەیان هەبوو لە ناو دەوڵەتدا خەڵکی ئەم شار و ناوچەیە لە ڕۆمەکان ئافرەتی خراپیان هەبوو کاری داوێن پیسیان دەکرد بێ ئەوەی کەس نەهی لێ بکات بەڵکو سەرەڕای ئەوەش هەندێکیان ئافرەتی کەنیزەیان دەکڕی بۆ خراپە بیستم دەیانوت: خەڵکی دەچن بۆ گەرماو ئەم ئافرەتانە لەگەڵ خۆیان دەبەن و کاری نابەجێ دەکەن ئەوەشیان باسکرد کە دادوەری شار چەند کەنیزەیەکی لەم شێوەیەی هەیە.

جارێکیان بە بازاڕدا دەڕۆیشتین ئەوەندەمان زانی بوو بە هەرا دوان هاتنە تەنیشت ئێمەوە و کردیان بە گاڵەگاڵ یەکێکیان خەنجەری دەرهێنا و بە کۆمەڵ کۆبونەوە بەڕاستی ئێمە ترساین وامانزانی ئەمانە چەتەکانی هۆزی جرمیانن حاجیەك لێمان نزیك بوەوە زمانی عەرەبی دەزانی ووتمان: ئەمانە چین؟ ووتی: ئەمانە لە برا لاوەکانن ئەوانەی پێشتر باسمان کردن کە خاوەن پیشە و سەڵت بوون و

پێکەوە خانەقایان هەبوو ووتی: کۆمەڵێکیان سەر بە براکانی "سینان"ن ئەوەی تریان سەر بە"تۆمان"ن ووتی:بۆیە وا دەکەن هەر یەکەیان هەوڵدەدات ئێوە ببەنەوە بۆ لای خۆیان ئێمەش سەرمان سوڕما لە بەخشندەیی و میواندۆستیان!.

ئیتر ئەوەندەی نەبرد قورعەیان کرد ئەوەی قورعەکەی بۆ دەرچوایە لەگەڵ براکانی سینان دەڕۆیشت سەرەتا بردمانیان بۆ گەرماو خزمەتێکی باشیان کردین پۆشاکەکانمان خاوێن کردوە دواتریش خواردن و میوە و شیرینیان بۆ هێناین ئنجا قورئانی پیرۆز بە دەنگی خۆش خوێندارەیەوە پاشان لە خۆشیاندا دەستیان کرد بە سەما و گۆرانی هەروەها سوڵتانیان ئاگادار کردەوە کە کاروانێك رووی کردوەتە ناوچەکەیان بۆ بەیانی ناردی بە دواماندا و ئێمەش کەووتینەڕێ بۆ لای خۆی و کوڕەکەی دوای سەردانیەکەمان بۆ لای سوڵتان کە دواتر باسی دەکەین گەڕاینەوە بۆ خانەقای (تۆمان)بە هەمان شێوازی سەرەتا بە پێشوازیەوە هاتن بۆ لامان .

سوڵتانی لازق

ناوی سوڵتان "یەنج بەگ" بوو لە گەورە پاشاکانی ولاتی رۆمە کاتێك لە خانەقای سینان بووین کەسێکی شارەزای بۆ رەوانە کردین ناوی "عەلائەدین قەستەمۆنی" بوو تا ووتاری وەعز و ئیرشادمان پێشکەش بکات، هەروەها بە ژمارەی هەریەکەمان ئەسپیشی رەوانە کرد ئێمەش خێرا چوینە پێشوازی و زۆر بەخێرهاتنمانی کرد. لە نەریتی پاشاکانی وابوو زۆر ڕێزی میوان و نامۆیان دەگرت و بە نەرمی مامەڵەیان لەگەڵی دەکرد رۆژێکیان دوای ئەوەی نوێژی شێوانمان لای سوڵتان کرد خواردنیان هێنا و پێکەوە خواردمان سوڵتان هەندێك درهەمی بۆ رەوانە کردین پاشان مالئاوایمان لێکرد دواتریش کوڕەکەی نارد بۆ لامان ناوی "موردا بەگ" بوو لە دەرەوەی شار و لە باخچەیەکی خۆی نیشتەجێ بوو ئەوکات ساتەوەختی پێگەیشتنی میوە بوو وەك باوکی بە ژمارەی هەریەکەمان ئەسپی داینێ و لەگەڵ خۆیدا وەرگێڕێکی هێنابوو کە پیاوێکی شارەزا بوو لە دیندا .

جەژنی ڕەمەزانمان لە لازق بەسەر برد و نوێژی جەژنەمان بە کۆمەڵ لەگەڵ سوڵتان و دەست و پەیوندەکانی کرد، هەروەها برا لاوەکانش ئامادەبوون لەگەڵ سەربازەکان هەر یەك لەم دەست و تاقمانە ئالآ و کەرەنا و پۆشاکی تایبەتی خۆیان هەبوو هەر گروپێکیان کێبڕکێیان دەکرد لە جوانی پۆشاك و چەك و لەش و لاریان لە سەرەتاوە دەچون بۆ گۆڕستان و پاشان بۆ مزگەوت خەڵکانی پیشەوەریش ئاژەڵێکی زۆریان دەهێنا و سەریاندەبڕی بە بۆنەی جەژنەوە نان و خواردن دابەش دەکرا بەسەر هەژاراندا. دوای نوێژی جەژن چوینەوە بۆ ماڵی سوڵتان، تەماشام کرد خوانی تایبەت بە زانا و کاربەدەست و برایانی لاو دانرابوو، هەروەها لەلایەکی تر دانرابوو بۆ هەژاران و ڕێبواران دواتر لەدوای تەواو بوونی جەژن بۆ ماوەیەك لەم شارە ماینەوە چونکە ڕێگا بەترس بوو بواریش نەبوو بۆ گەشتکردن پاشان هەندێك هاوڕێی تری گەشتمان بۆ پەیدابوو کەووتینەوەڕێ و چوینە قەڵای تەواسە قەڵایەکی گەورە بوو دەڵێن: گوایا "سوهەیب" ی هاوەڵی پێغەمبەرﷺخەڵکی ئەم قەڵایەیە شەو گەیشتینە نزیك قەڵاکە و لەوێ ماینەوە بۆ بەیانی گەیشتینە بەر دەرگای قەڵا لە سەرەوەی قەڵاکە پرسیاریان کرد: لە کوێوە هاتوون بۆچی ؟ ئێمەش وەڵامدانەوە ئەوکات ئەمیری قەڵاکە میناس بەگ بوو سەربازەکانی هاتن و دەرگایان لێکردینەوە ئنجا کەوتنە گەڕان بە دەوری قەڵادا و خەریکی پشکنینی ئاژەڵەکانیان بوون، تا بزانن هیچی دزراوە یان نا ئەمەش نەریتیان بوو لە ترسی چەتە و دز هەمیشە ئەم کارەیان دەکرد پاشان چوینە ژورەوە لە ماڵێکی سادەی پیاوێکی هەژار لاماندا دواتریش بووین بە میوانی ئەمیر.

گەشتمان دەست پێکردوە چوینە (موغلە)لە خانەقای یەکێك لە پیاوە بە تەمەنەکانی ئەو ناوچەیە لاماندا، کەسێکی زۆر بەخشندە و بەڕێز بوو هەرکات سەردانی بکردینایە بە میوە و حەلوا و خواردنەوە دەهات لەم شارە چاومان بە "ئیبراهیم بەگ" کەوت کوڕی سوڵتانی میلاس بوو زۆر ڕێزی لێگرتین و خواردن و پۆشاکی دایێ دواتر باسی سوڵتانی میلاس دەکەین .

میلاس و سوڵتانەکەی

پاشان سەفەرمان کرد بۆ شاری (میلاس) لە شارە جوان و گەورەکانی ولاّتی رۆم بوو جێگایەکی پڕ لە دار و میوە و خێر و بەرەکەت بوو، برا لاوەکانی لێبوو زۆر لەوانی پێشوتر خزمەتیان پێشکەش کردین، دانیشتوانەکەی ئێجگار بەڕەوشت و بەسۆز و بەخشندە بوون هەر لەم شارە باسی پیاوێکیان کرد کە زۆر بەتەمەن و خواناس بوو دەیانوت: لە سەرووی سەد و پەنجا ساڵەوەیە و ناوی "توشتەری" بوو سەردانیم کرد.. سەرەڕای بەتەمەنی بەڵام بەهێز و بەتوانا بوو و هێشتا بیر و هۆشی لەدەست نەدابوو سوڵتان ناوی "شوجاعەدین ئۆرخان بەگی کوڕی مەنتەشا" بوو یەکێك بوو لە سوڵتانە بەڕێز و باشەکان جوان روخسار و رەوشت بەرز بوو زۆر ڕێزی لە زانا و خوێندەوار دەگرت یەکێك لەو زانا بەناوبانگانەی لەگەڵیدا بوو خەڵکی ولاّتی خەواریزم بوو لە هەموو زانستەکان شارەزا بوو بەڵام سوڵتانی نیگەران کردبوو بە هۆی ئەوەی گەشتێکی ئەنجام دابوو بۆ شاری (ئایا سلۆق) و لەوێ سەردانی پاشای ناوچەکەی کردبوو، هەروەها هەندێك دیاریشی وەرگرتبوو ئەم زانایە داوای لێکردم لای سوڵتان شوجاعەدین پاکانەی بۆ بکەم تا ئەو تورەییەی نەمێنێت منیش لای سوڵتان زۆر وەسفی ئەم زانایەم کرد و بەردەوام باسی گەورەیی و شکۆی زانستم بۆ دەکرد تا دڵی باش بوو بەڕاستی خزمەتێکی زۆری کردین.

سوڵتان لە شارێك نیشتەجێ بوو ناوی (بەرجینە) بوو نزیك بوو لە میلاس دەکەوتە شوێنێکی بەرزەوە تازە دروستکرابوو و مزگەوت و باڵاخانەی قەشەنگی تێدابوو هەر لەم شارە لە خانەقای براکانی عەلی لاماندا، پاشان گەشتمان کرد بۆ شاری (کۆنیا- قۆنیە) شارێکی جوانە شەقامەکانی پان و رێك بوون بازاڕی قەشەنگ و باخ و داری میوەی زۆرە جۆرە قەیسیەکی لێ بەرهەم دەهێنرا پێیان

دەوت: قەمەرەدین پێشتر ئاماژەمان پێکردوە بۆ بازرگانی رەوانەی ولاتی شام و میسر دەکرا لە هەموو جۆرە پیشەوەرێکی لێبوو دەیانوت: ئەسکەندەر ئەم شارەی دروستکردوە ئەم ناوچەیە لە ژێر قەڵەمڕەوی سوڵتان "بەدرەدین قارەمان" بوو هەندێك جاریش پاشای عێراق دەستی دەگرت بەسەریدا لەبەر نزیکی لە ولاتی عێراقەوە.

لە خانەقایەك بۆ پشودان لاماندا خاوەنەکەی یەکێك بوو لە برا لاوەکان ناوی "ئیبن قەڵەم شا" بوو کۆمەڵێك قوتابی زۆری هەبوو بەتوانا بوون لە زانست ولە فەتوادا سەنەدیان لەبەربوو دەگەڕایەوە بۆ سەردەمی پێشەوا عەلی کوڕی ئەبی تالیب رەزای خودای لێبێت لە نەریتیاندا وابوو شەروالی سوفیان دەپۆشی وەك سۆفیەکان هەتا بڵێی بەڕێز و بەخشندەش بوون هیچ کات دریغیان نەدەکرد لە خزمەتکردنی میوان هەر لە کۆنیە گۆڕی پێشەوا "جەلالەدین"ی ناسراو بە مولانای[1] لێیە رێزی تایبەتیان لێدەگرت و کۆمەڵێکی زۆری موریدیشی هەبوو هەر بە ناوی خۆیەوە ناونرابوون و پێیان دەوترا جەلالیەکان وەك چۆن ئەحمەدیەکان لە عێراق و حەیدەریەکان لە خۆراسان هەن خانەقایەك لە نزیك گۆڕەکەیەوە دروست کرابوو و خواردن و خواردنەوەیان پێشەکەش بە رێبواران دەکرد.

---

[1] مەبەست لێی جەلالەدینی رۆمی گەورە شاعیر و پێشەوای سۆفییەکانە، دامەزرێنەری تەریقەتی جەلالی و مەولەوییەکان بوو لە ساڵی (١٢٠ ز) لە بەڵخ لەدایکبووە لە ساڵی (١٢٧٣ ز) کۆچی کردوە. (پەراوێز: لاپەڕە ١٧٠)

چیرۆکی پیرە شاعیرێک

دەڵێن: سەرەتا خەریکی وانە ووتنەوە بووە رۆژێك کابرایەکی حەلوا فرۆش بە سینیەکی حەلوای پارچە پارچە کراوەوە خۆی دەکات بە ژوری قوتابخانەکەدا و پارچەیەك دەدات بە مامۆستا و دەڕوات و هیچی تر نادات بە قوتابیەکان پاش ماوەیەکی کەم مامۆستا بە دوای حەلوا فرۆشدا دەڕوات بەڵام ناگەڕێتەوە تا چەند ساڵێك دیار نامێنێت دواتر دەردەکەوێتەوە و هۆنراوەیەکی یەکجار زۆری بە زمانی فارسی لەبەردەبێت بە کێش و قافیەوە پەرتوکێك دەنووسێت بە ناوی(مەسنەوی)خەڵکی ئەو ناوچەیە ئەو پەرتوکەیان خۆشدەویست و بە پیرۆزیان دەزانی قوتابیانی زانستی شەرعی دەبوو هەموو ئەم کتێبە لەبەربکەن دوای (قۆنیە) بەڕێکەووتین بۆ شاری (لارەندە) دڵگیر بوو دار و بێستان و کانی و ئاوی زۆر بوو.

باسی سوڵتانی لارەندە

سوڵتانەکەی ناوی "بەدرەدینی کوڕی قارەمان" بوو پێشتر براکەی خاوەن دەسەڵات دەبێت بەڵام ملی کەچ کرد بۆ مەلیك ناسر قایل بوو لە ژێر قەڵەمڕەوی ئەودا بێت سوڵتان ناسریش لەبری ئەو کارەی پاداشتی دایەوە، دوای ماوەیەك مەلیك سوپا رەوانەی لارەندە ئەکات بۆ ئەوەی بە تەواوەتی دەستی بەسەردا بگرێت، سوڵتان بەدرەدین رووبەڕووی دەبێتەوە و خۆی دەبێت بە سوڵتانی لارندە بەو کارەشی بەردی بناغەی دەسەڵاتی خۆی قایم دەکات یەکەجار لە دەرەوەی شار چاوم پێکەوت ئەو کاتە لە راو دەگەڕایەوە لەسەر ولاخەکەم دابەزیم و بە گەرمی سڵاوم لێکرد ئەویش دابەزی و بە گەرمی سڵاوەکەمی سەندەوە لە نەریتی

سولّتانەکانی ئەو ناوچەیەدا وایە ئەگەر لەسەر ولّاخەکەت دانەبەزیت و تەنها سلّاو بکەیت ئەوا بە چاوی کەم تەماشات دەکەن و هیچ خواردن و خزمەتێکت پێشکەش ناکەن خۆم ئەمەم بەسەردا هات لە دواییدا باسی دەکەم. دواتر سولّتان پرسیاری لێکردم لە کوێوە هاتووی و چ کارێک دەکەیت؟ منیش وەلّامم دایەوە پاشان فەرمانیدا بە خزمەتکردن ئێتر خواردن و خواردنەوە یارمەتیان پێشکەش کردین وەک نان و حەلوا و میوە لەسەر قاپێکی تایبەت بۆیان دەهێنان کە پێیان دەوت: تەیافیر.

ئێتر ئەوەندە نەماینەوە ئەوێمان جێهێشت چوینە شاری (ئاك سەرای) لە شارە جوان و دلّگیرەکانی ولّاتی رۆم بوو سێ ڕۆباری بچوك شارەکەیان دەبڕی و بە ناو ماڵەکاندا دەڕۆیشتن باخە ترێی زۆر بوو لەگەڵ میوەجاتی تر هەروەها لبادی لێ دروست دەکرا لە خوری مەڕ لەگەڵ باشترین و جوانترین جۆری راخەر، کە بۆ بازرگانی رەوانەی ناوچەکانی تری رۆم و شام و میسر و عێراق و هیند و چین دەکران، هەروەها ئەم ناوچەیە لە ژێر قەڵەمڕەوی پاشای عێراقدا بوو لەوێ چوینە ماڵی "شەریف حوسێن" کە جێگری ئەمیر "ئەرتەنا" بوو، ئەرتەناش خۆی جێگری پاشای عێراق بوو ئەوەی جێی باسە شەریف حوسێن یەکێك بوو لە بڕا لاوەکان و کۆمەڵێکی زۆر دەست و پەیوەندی هەبوو خزمەتێکی زۆریشی کردین کە لەوانەی تر کەمتر نەبوو.

پاشان سەفەرمان کرد بۆ (نەکدە)یەکێك بوو لەو شارانەی کە لە ژێر دەسەلّاتی پاشای عێراق بوو گەورە و مەزن بوو، هەندێك لە خانووەکانی روو خابوون ڕوبارێك بە ناویدا تێپەر دەبوو ناوی ڕوباری ئەسوەد (أسود- رەش) بوو سێ پردی لەسەر دروستکرابوو یەکێکیان لە نێو شار بوو دووانیشیان لە دەرەوەی ناعورێکی زۆری لەسەر دروستکرابوو بۆ ئاودانی کشتوکاڵ و بێستان و باخ چوینە خانەقای برای لاو "جاروق" هەر خۆشی ئەمیری شار بوو دوای خزمەتێکی زۆر ئنجا رۆیشتین بۆ(قیساریە) یەکێکی تر بوو لە شارە گەورەکانی ئەو ناوچەیە و سەربازێکی زۆری

خەڵکی عێراقی لێبوو، ئەمیر ئەرتەنا عەلائەدین چەند شاژنێکی هەبوو هەر یەکەیان لە لایەن پاشای عێراقەوە نازناوی بۆ دادەنرا بوو بە ئاغا بانگ دەکران ئاغاش واتا گەورە بەڵام یەکێکیان لە هەموویان زیاتر بەڕێز و خۆشەویستتر بوو ناوی "تەغا خاتون" بوو چوینە خزمەتی زۆر ڕێزی گرتین و فەرمانیدا خواردن و خواردنەوەیان بۆ هێنانین دواتریش کە مااڵوایان لێکرد بە خزمەتکارەکەیدا پارە و ئەسپی زینکراوی بۆ ڕەوانە کردین.

هەر لەم شارەدا لە خانەقای بۆ لاو ئەمیر عەلی لاماندا بۆ پشودان، ئەمیرێکی گەورە و بەتوانا بوو دەست و پەیوەندێکی زۆری هەبوو خاوەنی دەسەاڵت بوون خانەقاکەی هەتا بڵێی جوان و پاکوخاوێن بوو ڕاخەر و چرا و خواردن و هەموو پێداویستیەکانی تێدابوو خزمەتێکی ئێجگار زۆری ڕێبوارانیان دەکرد هەموو شەوێکیش پیاوەکانی لەوێدا کۆ دەبونەوە لە نەریتی ئەم ناوچەیە وابوو کەسیان نەدەکرد بە دەسەاڵتدار بەڵکو برا گەورە خۆی دەسەاڵتی ناوچەکەی بەڕێوە دەبرد هەروەها یارمەتی ڕێبوارانی دەکرد کارەکانی ئەو شوێنەی ڕادەپەڕاند ڕێوڕەسمی ڕۆیشتنی بە ڕێگادا وەك سوڵتان و پاشاکان وابوو.

ناوچەی سێواس

دواتر سەفەرمان کرد بۆ (سێواس) لە شارە گەورەکانی ناوچەکە بوو لە ژێر قەڵەمڕەوی پاشای عێراقدا بوو هەروەها دانیشتوانەکەی زۆر بوو شەقامی شارەکەش پان و پۆڕ بوون و جموجۆڵی زۆری بازرگانی هەبوو هەر لەوێ ماڵێکی گەورەی لێبوو پێیان دەوت: ماڵی گەورەکان کەسە بەڕێز و خاوەن دەسەاڵتەکان ڕوویان تێدەکرد لەگەڵ ڕێبواران ئەوەی سەرپەرشتی دەکرد هەر خۆی لەوێ نیشتەجێ بوو جێگایەکی تا بڵێی خۆش و فراوان بوو ڕاخەر و چرای تێدابوو هەر ڕێبوارێکیش دوای پشودان لەوێ تۆێشوی ڕێگاشی لەگەڵ خۆی هەڵدەگرت. لە

دەرەوەی شار چاومان بە برای لاو "ئەحمەد بچوقچی" کەوت بجوق بە زمانی تورکی واتا: چەقۆ تەنها خۆی نەبوو بەڵکو کۆمەڵێك بوون هەندێکیان پیادە بوون هەندێکیان بە سواری ئەسپ دواتریش چاومان بە برای لاو "چەلەبی" کەوت هەموو پێکەوە چوینە شار و هەر یەکەیان هەوڵی ئەوەی دەدا کە لایان بمێنینەوە ئەوەش جێی شانازی ئەوان بوو زۆر خزمەتی ڕێبوارانیان دەکرد وەك چۆن خەڵکی شوێنەکانی تر خزمەتیان دەکرد.

بۆ ماوەی سێ ڕۆژ ماینەوە پاشان دادوەر و پۆلیسێك لە قوتابیەکانی هاتن و ئەسپی ئەمیر ئەرتەنیان پێبوو لەگەڵیان کەووتینەڕێ بۆ مالّی ئەمیر کە چوینە مالّەکەی خۆی لە حەوشەی مالّەوە هاتە پێشوازیمان بە زمانێکی عەرەبی پاراو کەوتە گفتوگۆکردن لەگەڵمان کەسێکی زۆر شارەزا بوو بەتایبەتی لە زماندا کۆمەڵێك پرسیاری زۆری لێکردم و هەوالّی ولاّتەکانی عێراق و شام و میسر و ئەتابەك و شیراز و ئەسفەهان و سوڵتانە دەسەلاّتدارەکانی تورکی لێ پرسیم و منیش وەلاّمی هەموویم دایەوە دەیویست من سوپاسی کەسە بەخشندەکانیان بکەم و سەرزەنشتی قرچۆکەکانیان بکەم بەلاّم سوپاسی هەموویانم کرد ئەویش زۆر دلّخۆش بوو بە قسەکانم دواتر ووتی: دەبێت ببنە میوانی من تا ئەو کاتەی دەڕۆن بەلاّم برای لاو چەلەبی ئەوەی ڕەتکردەوە ووتی: ئەمانە دەبێت لە خانەقای من بن، وەك ئەوە وایە لای تۆ بن ئیتر ئەمیریش بەوە ڕازی بوو دواتر یارمەتیەکی زۆری بۆ ڕەوانە کردین لە پارە و ئەسپ و پۆشاك داواشی لە نوێنەرەکانی کرد لە ناوچەکانی تر درێغی نەکەن لە یارمەتیدانمان.

شاری ئەماسیە

پاشان گەشتمان کرد بۆ شاری (ئەماسیە) شارێکی جوان و پڕ لە داری میوە و کانی و ئاوە زۆربەی باخەکانی لە ڕێگای ناعورەوە ئاو دەدرا شەقامەکانی پان و پۆڕ و فراوان بوون، پاشاکەی لە ژێر قەڵەمڕەوی وڵاتی عێراقدا بوو ئەم شارە پێگە و شوێنی نیشتەجێ بوونی نەوەکانی شێخ "ئەحمەدی ڕەفاعی" بوو کە وەلی خودا بوو بەڵام ئێستا شێخ "عەزەدین" خاوەن بەرمالّەکەی شێخ ڕەفاعییە، لەگەڵ براکانی ئیبراهیم و ئەحمەد کوچك و ...هتد بە دیداری هەموو ئەم کەسانە گەیشتین و شەویش لە خانەقاکەدا ماینەوە، بەڕاستی خاوەن فەزڵ و بەخشندە بوون، پاشان چوینە شاری (کومیش)سەر بە وڵاتی عێراق بوو بازرگانێکی زۆری شام و عێراق ڕوویان لەم ناوچەیە دەکرد بۆ کاری بازرگانی، هەروەها کانزای زۆری زیوی هەبوو لەگەڵ چیای زۆر بڵند دەڵێن: بە دووری دوو ڕۆژ لێیەوە چیای زۆر بڵند و سەختی لێیە، بەڵام من سەردانی ئەو جێگایانەم نەکرد پاشان لە خانەقای بۆای لاو "مەجدەدین" بۆ پشودان ماینەوە ئەوەندەی نەبرد جێگری ئەمیر ئەرتەنا هاتە لامان و یارمەتی و خواردنی پێشکەش کردین، دوای خزمەتێکی زۆر دەستمان کردەوە بە گەشتکردن، ئەو وڵاتەمان بەجێهێشت چوینە شاری (ئەرزەنجان) شارێکی مەزنە و لەژێر ڕکێفی پاشای عێراق بوو، زۆربەی دانیشتوانەکەی ئەرمەن بوون مسوڵمانەکانیشی بە زمانی تورکی قسەیان دەکرد، لەم شارەدا جوانترین پۆشاك دروست دەکرا لەگەڵ جوانترین قاپ و قاچاخی مس بۆ جوانکاری بەکاریان دەهێنا.

شاری ئەرزەڕوم

گەشتمان کرد بۆ (ئەرزەڕوم) ئەم شارە بە خاکی پاشای عێراق دەناسرا ناوچەیەکی پان و بەرین بوو سێ ڕۆبار شارەکەیان دەبڕی، زۆربەی ئاوەدانیەکانی وێران و خاپوور ببوون بە هۆی شەڕی نێوان دوو هۆزی تورکەوە بوو لەوێ چاوم بە پیرەپیاوێك کەوت ناوی برا "تۆمان" بوو خاوەنی خانەقا بوو تەمەنی نزیکەی سەد و سی ساڵ دەبوو وێڕای ئەم هەموو تەمەنە هێشتا خاوەنی بیر و هۆشێکی زۆر باش بوو نوێژ و ڕۆژوی دەگرت و منداڵەکانی زۆر خزمەتیان کردین

شاری بیرکی وسوڵتانەکەی

دواتر ڕومان کردە شاری (بیرکی)دوای نوێژی عەسر بوو گەیشتین، پیاوێك لە ڕێگا پێمان گەیشت و ئێمەش پرسیاری خانەقای براکانمان لێکرد لە وەڵامدا ووتی: وەرن بە دوامدا ئێمەش لەگەڵیدا کەوتینەڕێ تا گەیشتینە باخێك مااڵێکی لێبوو ئیتر زانیمان ئەو جێگایە ماڵی خۆیەتی خزمەتێکی زۆری کردین و خواردن و میوەیەکی زۆری بۆ هێناین لە هەموو جۆرە میوەیەك هەروەها ئاڵفی بۆ ئاژەڵەکانیش دابین کرد، ئەو شەوە لەوێ ماینەوە ویستمان سەردانی مامۆستایەك بکەین، کە پێشتر ناوەکەیان بیستبوو ناوی "موحێدین" بوو خاوەن ماڵ بردمانی و خۆشی قوتابی بوو لای مامۆستا کاتێك کە گەیشتینە قوتابخانەکە بینیمان قوتابی لەملاولای مامۆستاوە وەستاون، ئەویش پۆشاکێکی جوانی چنراو بە دەزوی ئاڵتونی پۆشی بوو سڵاومان لێکرد و بە گەرمی بەخێرهاتنی کردین پاشان دەستمی گرت و لە لای خۆیەوە داینیشاندم.

ئەوەندەی نەبرد دادوەر "عەزەدین فیریشتی" هات فریشتی واتا: مەلائیکە بۆیە وایان پێی دەوت: چونکە کەسێکی دیندار و دەست و داوێن پاك و خاوەن

ئاکاری جوان بوو وەك قوتابیەکان دانیشت بۆ وەرگرتنی زانست، لە باخچەکەی خۆیدا سەردانیمان کرد حەوزێکی ئاوی لێبوو لە جۆگەیەکی دروستکراو بە کاشی مەڕمەڕ ئاوی بۆ راکێشرابوو دەڕژایە نێو حەوزەکەوە دیمەنێکی جوان و سەرنجڕاکێشی هەبوو لە هەموو لایەکەوە قوتابی و خزمەتکار دەوریان دابوو خۆشی لەسەر تەختەیەکی جوان دانیشتبوو وا هەستت دەکرد کە پاشایە لە نەریتی وابوو داوای لە قوتابیەکانی دەکرد هەموو شەوێك بۆ خواردنی نانی ئێوارە لە مالّی ئەو کۆببنەوە هەروەها نامەیەکی نووسی بۆ سولّتانی بیرکی باسی ئێمەی تێدا کرد لەو دەمەدا سولّتان لە چیا بوو چونکە لە نەریتیدا وابوو لە کاتی گەرمای هاویندا رووی دەکردە چیا و لەوێ دەمانەوە تا کاتی فێنك بوونی کەشوهەوا.

سولّتانەکەی "محەمەدی کوڕی ئایدن" بوو لە باشترین بەخشندەترین سولّتانەکان بوو کاتێك نامەی مامۆستا بەدەستی گەیشت وەلاّمی داینەوە تا سەردانی بکەین، بەلاّم مامۆستا رەتیکردوە بڕۆین ووتی: با جارێکی تر نامە ڕەوانە بکاتەوە ئەوکات خۆشم هاوڕێیەتیتان دەکەم و پێکەوە دەڕۆین بۆ لای ئەوەندەی نەبرد بۆ جاری دووەم نامەی نارد‌ەوە و داوای کرد سەردانی بکەین ئێمەش کەووتینەڕێ هەرچەندە مامۆستا قاچی ناتەواو بوو بەلاّم لەگەلّمان هات و رێگایەکی ناخۆش و سەختمان بڕی رێگاکە تارادەیەك چاك کرابوو ئێوارە لە خۆر ئاوابوندا بوو گەیشتینە هەوارگەی سولّتان بەخێرهاتنی کردین دیار بوو سولّتان بێزار و نائارام بوو پرسیارمان کرد چی رویداوە ؟ ووتیان: کوڕە بچوکەکەی واتا "سولەیمان" لە دەستی هەلّهاتووە رۆیشتوە بۆ لای "ئۆرخان بەگ"ی زاوای سولّتان، هەروەها هەردوو کوڕەکەشی عومەر بەگ و خزر بەگیش بەخێرهاتنیان کردین سلاّویان لە مامۆستا کرد و پرسیاریان دەربارەی گەشتەکەم لێکردم پاشان رۆیشتن و دواتر مالێکی بچوکی لە لباد و دار دروستکراویان بۆ ناردین تا شەو تێیدا بخەوین چونکە ناوچەکە لەشەودا ساردبوو لەبەر ساردی ئەو شەوە ئەسپێکم ماندوو بوو مردارەوە بوو، بۆ بەیانی مامۆستا رۆیشتە لای سولّتان و پاشان بانگی ئێمەشی کرد

سلاومان لێکرد زۆر بە گەرمی وەلامی دایەوە دیار بوو مامۆستا باسی ئێمەی کرد بوو سوڵتان ئارەزووی گفتوگۆی هەبوو لەگەڵماندا پرسیاری حیجاز و میسر و عێراق و شام و عەجەمی لێکردم منیش وڵامیم دایەوە پاشان خواردن هات و دوای ناخواردن رۆیشتین، دواتر سوڵتان برنج و ئارد و رۆنی بۆ ڕەوانە کردین لە پێستی ئاژەڵدا، کە ئەوەش لای تورکەکان نەریت بوو .

ڕۆژێکیان دوای نیوەڕۆ بوو سوڵتان هاتە لامان زانای گەورە فقیە لە پێشەوەی مەجلیسەکە دانیشت سوڵتان لەلای دەستە ڕاست دانیشت منیش چەپ، چونکە تورك ڕێزێکی تایبەت لە زانایان دەگرن، ئنجا دوایکرد من چەند فەرمودەیەکی پێغەمبەری ﷺبۆ بنوسم منیش بۆم نوسی پاشان فقیە بۆی خوێندەوە فرمانیدا کە بە زمانی تورکی بۆی شەرح بکەن، دواتر هەستا چوە دەرەوە تەماشای کرد خزمەتکارەکان لە ژێر دار گوێزەکان سەرقاڵی چێشت لێنانن بۆ ئێمە، بەڵام بێ پێداویستی بوون بۆیە فرمانیدا سزای ئەمینداری خوارك بدرێت لەبەر کەم تەرخەمی ئیتر ئەوەندەی پێنەچوو ڕۆن و کاری بیبەر و نان و هەموو پێداویستیەکی تریان بۆمان نارد .

ئەوەندەی لەوێ ماینەوە بەو شێوەیە لە ژێر داری گوێز و لە سێبەردا بێ کەموکوڕی خواردنمان بۆ ئامادە دەکرا، پاش چەند ڕۆژێك بێزار بووین ویستمان بگەڕێینەوە بۆ شار، مامۆستاش بە هەمان شێوەی ئێمە بێزار بوو داوای لە سوڵتان کرد رازی بێت بە گەڕانەوەمان بۆ بەیانی جێگرەکەی خۆی نارد و بە زمانی تورکی لەگەڵ مامۆستا کەوتە گفتوگۆ کردن بێ ئەوەی ئێمە تێبگەین دواتر ووتی: سوڵتان دەفەرموێت چییان دەوێت با داوابکەن ؟ پێیانی دەبەخشم منیش ووتم: با لە ئالتون و زیو و ئەسپ و خزمەتکار، هەرچیەکیان دەبەخشێت ئێمە رازی دەبین بەڕاستی سەرمان سوڕما لە بەخشندەیی سوڵتان!، هەروەها ووتی: ئەمڕۆ بمێننەوە بۆ بەیانی لەگەڵ خۆیدا بگەڕێنەوە بۆ شار.

سبەی هەموو کەووتینەڕێ لەگەڵ سوڵتان شار بە گەورە و بچوکەوە هاتبوونە

پێشوازیمان لە کاربەدەست و دادوەر و زانا و خەڵکی ئاسایی، لەگەڵ پاشا خۆمان کرد بە کۆشکی سوڵتاندا لە حەوشەدا کۆمەڵێك خزمەتکار هاتن و بەخێرهاتنیان کردین تا بڵێی روخسار جوان و قەشەنگ بوون پرچەکانیان بە جوانی داهێنابوو و زۆر پاکوخاوێن و کەشخە بوون پۆشاکی ئاوریشمیان پۆشی بوو پرسیارم کرد ئەم روخسار جوانانە کێن؟. ووتیان: ئەمانە لاوی رۆمین ئیدی لەگەڵ سوڵتان سەرکەوتینە ژووری تایبەتی میوان جێگاکە فراوان بوو هەروەها فەرش و راخەر لە هەموو لایەکیەوە داخرابوو ناوەڕاستی حەوزێکی ئاوی لێبوو لە هەر سوچێکی حەوزەکەوە حەوت سوراحی دروستکرابوو ئاوی لێ دەڕژایە نێو حەوزەکەوە هەروەها میز و کورسی تایبەتیش دانرا بوون.

کاتێك سوڵتان دانیشت لەلای راست و چەپیەوە دادوەر و فەقیە و زانا دانیشتن و منیش لە دوای دادوەرەوە دانیشتم، قورئانخوێنەکانیش لەسەر زەوی دانیشتن، لە نەریتی سوڵتان وابوو بۆ هەر شوێنێك گەشتی ئەنجام بدایە دەبوو قورئانخوێنەکانیش لەگەڵیدا بوونایە ئیتر ئەوەندەی نەبرد قاپی گەورەی ئالتونیان هێنا، کە ئاوی لیمۆی تێدابوو لەگەڵ پارچەیەك حەڵوا بۆ هەر قاپێك چەند کەوچکێکی ئالتونی تێدابوو پاشان جۆرە قاپێکی تری چینیان هێنا کەوچکی داری تێدابوو جا هەر کەسێك وەرعی هەبوایە ئەوا بە کەوچکە دارەکە دەیخوارد ئیدی سوپاسی پاشام کرد وەسفێکی زۆریم کرد هەروەها سوپاسی مامۆستاشم کرد سوڵتانیش دڵخۆش بوو بەو وەسف و پیاهەڵدانە.

باسی پزیشکە جوەکە

لە کاتی دانیشتنم لای پاشای بەرکی لەناکاو پیاوێکی پیر هات میزەرێکی لەسەر بوو سڵاوی لە پاشا کرد و پاشان دادوەر و فەقیە لەبەری هەستان، ئنجا لەسەر میزێك بەرامبەر سوڵتان دانیشت قورئان خوێنەکان لە خواربیەوە بوون

پرسیارم لە فەقیە کرد ووتم: ئەم پیاوە پیرە کێیە؟ بێ دەنگ بوو دووبارە پرسیارم لێکردوە بە زەردەخەنەوە ووتی: پزیشکێکی جولەکەیە!، هەمومان پێویستیمان پێیەتی، منیش زۆر لێی پەست بووم دەنگم بەرزکردەوە ووتم: ئەی نەفرەتی جوان دابنیشە نابێت لە سەروی قورئانخوێنەکان دابنیشیت ئیدی هەستا و رۆیشت سولّتان سەری سووڕما لەو کارەم و پرسیاری کرد ئەوە چی ووت؟!، بۆیان وەرگێڕا کە من چیم وتوە زۆری پێخۆش بوو ووتی: بارك الله تا ئێستا کەس نەیتوانیوە وەك تۆی پێ بڵێت .

حیکایەتی ئەو بەردەی لە ئاسمانەوە کەوتبووە خوارەوە

سولّتانی بەرکی پرسیاری لێکردم ووتی: گوێبیستی ئەوە بوویتە بەرد لە ئاسمانەوە کەوتبێتە خوارەوە ؟ منیش ووتم: نەخێر هیچ کات نە بینیومە و نە بیستومە کە بەرد لە ئاسمانەوە کەوتبێتە خوارەوە سولّتان بانگی یەکێك لە پاسەوانەکانی کرد: ئەو بەردەی بۆ بهێنن با سەیری بکات، تەماشام کرد، بەردێکی رەشی زۆر بەهێزیان هێنا پاشان داوای کرد کرێکار ئامادەبێت چوار کەسی بەهێز و بازویان ئامادە کرد، ئنجا هەر چواریان بە یەك جار و بە یەك هێز دایانە بەر چەکوش بەڵام یەك پارچەی لێنەشکا بەڕاستی شتێکی سەرسوڕهێنەر بوو!.

دوای سێیەم رۆژ لە مانەوەمان لای سولّتان، بەڕاستی کارێکی کرد کە هەرگیز لە یادی ناکەم بانگی هەموو زانا و کەسە ناوداراکانی کرد لەگەڵ ئەمیر و سەربازەکانی پاشان خواردنیان بۆ هەمووان ئامادە کرد و قورئانخوێنەکان بە ئاوازێکی پڕ لە جۆش و خرۆشەوە قورئانیان دەخوێند دواتر گەڕاینەوە بۆ شوێنی حەوانەوەی خۆمان لە قوتابخانەکە سولّتان سەد[1] مسقالّ ئالّتون و هەزار درهەمی زیوی لەگەڵ ئەسپی زینکراو بۆ ڕەوانەکردم هەروەها بۆ هاوڕێکانیشم ئەسپ و

[1] ئەو یارمەتییانەی کە لە سولّتان و ئەمیرەکانەوە وەریدەگرت، دەیکرد بە خەرجی رێگا. (وەرگێڕ)

درهەمی دانێ هەموو ئەمانە بە ئامادەبوونی مامۆستا مێدێن بوو، خودا پاداشتیان بداتەوە دواتر مانناوابیمان لێکرد و گەشتمان کرد بۆ جێگایەکی تر ئەو ماوەیەی لە شاخ و شار بووین چواردە رۆژ بوو. پاشان چوینە شاری (تیرە) یەکێك بوو لە شارەکانی سولتان هەتا بڵێی جوان و خۆش بوو پڕ لە کانی و داری میوە و کشتوکاڵ لەم شارە لە خانەقای برای لاو محەمەد لامانداا بۆ پشودان ئەم کەسە لەخواترس و دیندار بوو هەمیشە بەڕۆژو دەبوو کۆمەڵێکی زۆری سۆفیش هەبوون کە هەمان ڕێچکەی ئەمیان گرتبوو بوینە میوانی و نزای بۆمان کرد .

لەم شارەوە ڕێگەمان گرتەوەبەر تا گەیشتینە (ئایا سلۆق) شارێکی گەورە و دیرۆکییە کڵێسایەکی لێبوو لای رۆمەکان پیرۆزە، ئەوەی جێی سەرنجە ئەو گا بەردانە بوو کە کڵێساکەی لێ دروستکرابوو درێژی هەر بەردێکی چەند گەزێك دەبوو بە شێوازێکی ئەندازەیی و ڕێك لەسەریەك دانرابوون هەروەها مزگەوتەکانی جوان و دڵگیر بوون یەکێك لە مزگەوتەکانی پێشتر کڵێسا بوو بەڵام دوای فەتح کردنی ئەم شارە کرابوو بە مزگەوت دیوارەکانی لە بەردی مەڕمەڕی ڕەنگاوڕەنگ دروستکرا بوو زەویەکەی مەڕمەڕی سپی بوو بەڵام میچی مزگەوتەکە رووپۆش کرابوو بە کانزای قورقۆشم هەروەها یانزە گومەزی هەبوو لە ژێر هەر گومەزێك حەوزێك هەبوو ئاوی تێ دەڕژا.

ئەم شارە ڕوبارێك بە ناویدا تێپەڕ دەبوو هەردوو لای ڕوبارەکە هەموو جۆرە درەختێکی میوەی لێبوو وەك داری تریێ و گوڵە یاسەمین و ...هتد ئەمیری شار خزر بەگی کوڕی سولتان محەمەدی ئایدن بوو پێشتر لای باوکی لە بەرکی لە دەرەوەی شار چاوم پێکەوتبوو من لەسەر پشتی ولاخەکەم بووم سلاوم لێکرد بێ ئەوەی دابەزم ئەوەی لا ناخۆش بووچونکە نەریتیان وابوو هەر کەسێکی ڕێبوار گەر لەسەر پشتی ولاخەکەی دابەزی بۆ سلاوکردن ڕێزێکی زۆری لێ دەگرن بەڵام بەهۆی ئەو کارەمەوە تەنها پۆشاکێکی ئاوریشمی نەخشێنراو بە ئالتونی پێشکەش کردم هەر لە ئایا سلۆق کەنیزەیەکی رۆمیم کڕی بە چل دیناری ئالتونی.

پاشان چوین بۆ یەزمیر[1] شارێکی گەورەیە لەسەر کەناری دەریا زۆربەی رووخا بوو قەڵایەکی پارێزراوی هەبوو دەکەوتە سەرووی شارەوە لەوێوە چوینە خانەقای شێخ یەعقوب یەکێك بوو لە کۆمەڵەی ئەحمەدیە لەوێ چاوم کەوت بە شێخ عەزەدین لەگەڵ سەد دەروێشی هەژار هەر لە خانەقاکە خواردن بۆ هەموویان ئامادە دەکرا منیش بەشدار بووم ئەو سەردەمە ئەمیری شارەکە ناوی "عومەر بەگی کوڕی محەمەد ئایدن" بوو پێشتر باسمان کردوە شوێنی نیشتەجێ بوونی لەنێو قەڵای شار بوو. دوای پێنج رۆژ لە مانەوەمان لە خانەقا ئنجا ئەمیر هاتە لام و سەردانی کردم کەسێکی بەڕێز و بەخشندە بوو بووینە میوانی و دیاریشی پێشکەش کردم دیارییەکەش بەندەیەکی رۆمی بوو لەگەڵ دوو پۆشاکی (کەخا)کە جۆرە پۆشاکێکە لە بەغداد و نیسابور و تەبرێز و چین دروست دەکرێت پاشان ئەو زانا شەرعناسەی کە ئیمامەتی بۆ ئەمیر دەکرد ئەوەی بۆ گێڕامەوە کە ئەمیر هیچ بەندەیەکی لا نەماوەتەوە جگە لەوە نەبێت کە پێشکەشی منی کرد، هەروەها سێ ئەسپی زینکراویشی دا بە شێخ عەزەدین لەگەڵ کاسەیەکی زیوی پڕ لە درهەم و پۆشاك و کەنیزە و خزمەتکار.

ئەم ئەمیرە کەسێکی خواناس و موجاهیدێکی چالاك بوو خاوەنی کەشتی مەزن بوو لەپڕ هێرشی دەکردە سەر قەڵا و شورای رۆمەکان لە قوستەنتینیە لە خاچپەرستەکانی دەکوشت و هەندێك جار بە دیلیشی دەگرتن تا وایلێهات رۆمەکان داوایان لە پاپا کرد یارمەتیان بدات ئەویش سەرباز و سوارچاکێکی زۆری خاچپەرستی لە فەرەنسە و جەنەوە [2] رەوانە کرد بۆ یارمەتیدانی قوستەنتینیەکان ئەوە بوو بە سوپایەکی زۆرەوە بە شەوو هێرشیان کردبووە سەر شارەکە سەرەتا بەندەرەکەیان داگیر کردبوو پاشان چو بوونە شارەکەوە ئیتر ئەمیر عومەر هێرشی

---

[1] (ئیزمیرە) لەسەر رۆخی دەریای مەرمەرەیە. (وەرگێڕ)

[2] جەنەوە: ولاتی ئیتالیای ئێستایە. (وەرگێڕ)

کردبووە سەریان و شەڕێکی دژوار رویدا بوو خۆی و سەربازانێکی یەجگار زۆر شەهید ببوون، خاچپەرستەکان دەستیان گرتبوو بەسەر قەڵا و شوراکاندا.

مەگنیسیە و سوڵتانەکەی

دوای شاری یەزمیر چوین بۆ شاری مەگنیسیە[1] لە پاش نوێژی شێوانی عەرەفەوە گەیشتینە ئەم ناوچەیە بەڕاستی شارێکی جوان و قەشەنگ بوو دەکەوتە سەر لوتکەی چیایەکەوە سەرەتا چوینە خانەقای پیاوێك بۆ پشودان ئەو دەمەی گەیشتینە ئەم ناوچەیە سوڵتانەکەی ناوی "ساروخان" بوو خۆی و خێزانەکەی لە بەیانی و شەوی جەژنەوە لەسەر گلکۆی کوڕەکەیان بوون، تەرمی کوڕەکەیان کردبووە نێو تابوتیکی داری رووپۆشکراو بە ئاسن پۆشاکەکەی خۆشیان بەسەریدا دابوو پاشان لە گومەزێکی بێ میچ هەڵواسرا بوو تا بۆنەکەی رۆیشتبوو نەمابوو ئەوکات سەری گومەزەکەیان داپۆشی بوو لای زۆریەی پاشاکان ئەم نەریتەم بینیوە.

لە بەیانی جەژندا بوو سڵاومان لێکرد و بەخێرهاتنی کردین ئنجا نوێژی جەژنمان پێکەوە کرد و ئیتر گەڕاینەوە بۆ خانەقاکە بەندەیەکی من و هاوڕێکەم ئەسپەکانیان برد بە مەبەستی ئاودانیان بەڵام زۆریان پێچو نەگەڕانەوە دواتر بۆمان دەرکەوت کە هەڵهاتبوون بۆ شاری بێباوەڕەکان کە ناوی (فوجە) بوو ئەم شارە هەڵکەوتەیەکی سەختی هەبوو سالانە دیاریەکی زۆریان دەدا بە پاشای مەگنیسیە، تا هێرش نەکاتە سەریان ئەویش رازی دەبوو لەبەر سەختی جێگەکەی دواتر رۆیشتین بۆ مالّی زانا "موسلیحەدین" پێکەوە چوین بۆ دیداری سوڵتان لەوێ زاناکە باسی ئەوەی کرد کە دوو بەندەی ئەم رێبوارانە هەڵهاتوون، سوڵتانیش چەند کەسێکی نارد تا بیانگرێت بەڵام بێ سوود بوو، خەڵکیش هەموو سەرقاڵی ئاهەنگی جەژن بوون، ئەوەندەمان زانی دوای نیوەڕۆ چەند تورکێك هاتن و

---

[1] پارێزگای مانیسا و دەکەوێتە ناوچەی نیجەی رۆژئاوای تورکیا. (ar.wikipedia.org/wiki/مدينة مانيسا)

بەندەکانیان بۆمان هێنایەوە ووتیان: کە سەیریانمان کرد جێی گومان بوون، زۆرمان لێکردون تا راستی بڵێن: ئێتر راستییان درکاندوە بەوەی هەڵهاتوون.

دوای مەگنیسیە گەشتمان کرد و چوینە جێگایەك، هۆزێکی تورکی لێبوو بۆ لەوەڕی ئاژەڵەکانیان لەوێ مابوونەوە، شەو بە نۆرە پاسەوانیمان دەگرت لەبەر دز و رێگر کاتێك نۆرەی زانا "عەفیفەدین" هات تەماشام کرد سورەتی بەقەرە دەخوێنێت منیش پێم ووت: هەر کاتێك ویستت بنووی ئاگادارم بکەرەوە تا بزانم کێ پاسەوانە، بەڵام نوستم و کاتێك بەئاگاهاتم بەیانی بوو ئەسپێکی چاکی زینکراویان دزی بوو، ئەو ئەسپە بوو کە عەفیفەدین سواری دەبوو پێشتر لە شاری ئایاسلۆق کڕیبوم.

شاری پەرغمە وسوڵتانەکەی

ئێتر کەوتینەڕێ و چوینە شاری (پەرغمە) قەڵایەکی زۆر مەزنی لێبوو دەکەوتە سەر لوتکەی چیایەك دەیانوت: ئەفلاتۆن لەم شارەدا ژیاوە و تا ئێستاش مالّەکەی هەر بە ناوی خۆیەوە ماوەتەوە سەرەتا چوینە خانەقای یەکێك لە سۆفیە هەژارەکانی تەریقەتی ئەحمەدی دواتر پیاوێکی گەورەی بەرپرس هات و بردمانی بۆ مالّی خۆی و ریزی گرتین و بووین بە میوانی. سوڵتانەکەی ناوی "یەخشی خان" بوو لای ئەوان خان بە واتای: سوڵتانە و یەخشی واتا: باش و چاك ویستی خودا وا رێکەوت لە ئۆردوگای خۆیدا بوو بە لایدا تێپەڕین ئاگادار بوو کە ئێمە هاتوین بۆیە کەسێکی نارد تا میوانی بێن دواتر رێبەرێکمان بە کرێ گرت تا چاوساغیمان بکات، کەووتینەڕێ بە نێو چیای سەختدا تا گەیشتینە (بەلی کەسری) .

بەلی کەسری وسولّتانەکەی

شارێکی جوان و مەزنە پڕە لە باڵەخانە بازارێکی قەشەنگی تێدابوو بەڵام مزگەوتی تێدا نەبوو لە قەراغ شار دیواری مزگەوتیکیان دروستکرد بوو بێ هیچ خەڵکی لە ژێر گەڵای دارەکاندا نوێژیان دەکرد بۆ پشودان رومانکردە خانەقای برا "سینان" یەکێك بوو لە پیاوە هەرە باشەکانی ئەو ناوچەیە هەر لەوێ دادەمر و وتاربێژی ناوچەکە سەردانیکردین ناوی موسا بوو . سولّتانی بەلی کەسری[1] ناوی "دەمورخان" بوو کەسێکی بێ کەڵك بوو باوکی ئەو شارەی بۆ کوڕەکەی دروستکردبوو، ئەو کۆمەڵە خەڵکەش کە لەوێ بوون واتا دانیشتوانەکەی لە سولّتان خراپتر بوون، بۆیە ئارەزوت دەکرد هەر زوو لە ناویان بڕۆیت و نەمێنیتەوە لە کۆنەوە وتراوە: ((خەڵکی لەسەر ئایینی پاشاکەیانن)) ئەم سولّتانەم بینی و پۆشاکێکی ئاوریشمی بە دیاری بۆ ناردم هەر لەم شارە کەنیزەیەکم کڕی ناوی "مەرغەلّیتە" بوو.

بورسا و سولّتانەکەی

چوینە (بورسا) شارێکی گەورە و جوانە باخ و دارێکی یەجگار زۆری تێدایە شەقامەکانی پان و پۆڕ بوون بازارێکی دلّگیری هەبوو لە دەرەوەی شار جۆگایەکی ئاوی گەرمی لێبوو دەڕژایە نێو حەوزێکەوە، هەر لە نزیکیەوە دوو مالّ دروستکرابوون یەکێکیان بۆ ئافرەتان و ئەوەی تر بۆ پیاوان ئەو کەسانەی نەخۆش بوون بە مەبەستی چارەسەر خۆیان دەخستە ئاوە گەرمەکەوە، ئیتر لە هەموو گۆشەیەکی ولاّتەوە رووبان لەم کانیاوە گەرمە دەکرد، هەر لەم شارەدا یەکێك لە

[1] پێیدەڵێن: بالیق نەسیر و دەکەوێتە رۆژئاوای نەو ولاّتەوە. (/ar.wikipedia.org/wiki/بالق_أسير)

پاشاکانی تورکمان خانەقایەکی دروستکردبوو تا سێ رۆژ خواردن و خزمەتیان پێشکەش بە ڕێبواران دەکرد بەڵام ئێمە چوینە خانەقای بۆ لاوەکان "شەمسەدین" ئەو رۆژەی ئێمە گەیشتینە ئەوێ عاشورا بوو بەو بۆنەیە خواردنێکی ئامادە کرد بۆ خەڵکە ناودار و سەرکردە سەربازیەکان ئێمەش بەشدار بووین دوای نانخواردن قورئان بە ئاوازێکی غەمگینانە دەخوێنرایەوە زانای بەناوبانگ "مەجدەدین قەونەوی"یش ئامادە بوو.

چیرۆکی ئەو هەژارەی کە مرد

لەو شەوانەی کە لە خانەقاکەی شەمسەدین بووین، پێشەوا مەجدەدین وتاری پێشکەش دەکرد لەپڕ پیاوێکی هەژاری لێبوو هاواری کرد و لە هۆشی خۆی چو هەندێك گوڵاویان بەسەریدا کرد بەڵام هەر نەهاتەوە هۆش خۆی ئیدی خەڵکی وایانزانی وەك جاران پاش ماوەیەکی تر بەئاگادێتەوە چونکە ئەم هەژارە ئەوە نەریتی بوو زۆر جاران هاواری دەکرد تا ناویان نابوو (پیاوە هاوارکەرەکە)دەیانوت: هەمیشە سەرقاڵی پەرستش کردنە کاتی واها هەیە دەڕواتە ئەشکەوتی چیاکان بۆ پەرستش تەنها دایکی هەبووە کاری رستنی کردوە و بە پارەکەی ژیاون دواتر دایکی وەفات دەکات ئەم پیاوە هەژارە لە دەشت و دەر لە سەر گژوگیا دەژیا هەر کاتێك ئاگادار بووایە کە شێخ مەجدەدین وتار پێشکەش دەکات زوو ئامادە دەبوو، جار جارە هاوارێکی دەکرد، بەڵام ئەو شەوە کۆتا جار بوو کۆچی دوایی کرد خەڵکی شوشتیان و نوێژیان لەسەری کرد منیش نوێژم لەسەری کرد و بەخاکمانسپارد هەر لە بورسا چاوم بە شێخ سالح عەبدوڵڵا میسری کەوت ئەویش یەکێك بوو لە گەڕیدەکان و زۆربەی ناوچەکانی جیهان گەڕابوو جگە لە چین و سەرەندیب و وڵاتی سودان و ئەندەلوس و مەغریب نەبێت، بەڵام من بۆ هەموو ئەو شوێنانە چوم کە ئەو نەڕۆیشتبوو .

سولّتانی بورسا ناوی "ئیختیارەدین ئۆرخان بەگ" بوو ئۆرخان بەگ کوڕی سولّتان عوسمانی[1] جوق بوو جوقیش بە زمانی تورکی واتا: بچوك بەلاّم لەڕاستیدا گەورەترین سولّتانی تورك بوو دەولّەمەند و خاوەن هێزی سەربازی بوو، ناوچەیەکی یەکجار زۆر لە ژێر قەلّەمڕەوی ئەم سولّتانە بوو ژمارەی ئەو شورا و قەلاّیانەی کە لە ژێر دەستیدا بوو دەگەیشتنە سەد قەلاّ بەردەوام سەردانیانی دەکرد بۆ ڕێکخستنی کارەکانیان دەیانوت: هیچ کات مانگێك لە قەلاّیەکدا نەماوەتەوە، لەبەر زۆری ژمارەی قەلاّکانی و کەمی کات، هەمیشە سەرقالّی تێکۆشان و جەنگ بوو لەگەلّ بێباوەڕەکاندا، باوکیشی ئەو کەسە بوو کە شاری بۆرسای فەتح کرد و لە ژێر چنگی ڕۆمەکان دەریهێنا، کلّێسای گاورەکانی کرد بە مزگەوت و کاتێکیش کۆچی دوایی کرد هەر لەوێدا نێژرا دەگێڕنەوە باوکی بیست سالّ گەمارۆی قەلاّیەکیدا بەلاّم وەفاتی کرد بێ ئەوەی فەتح بکرێت دواتر کوڕەکەشی دوانزە سالّی تر گەمارۆی دا ئنجا رزگاری کرد ویستی خوا وابوو لەو قەلاّیە چاوم پێکەوت و هەندێك درهەمیشی بۆ ناردم.

دوای بورسا ڕۆیشتین بەرەو (یەزنیك)، شەو لە گوندێك ماینەوە ناوی (کەرلە) بوو لە مالّی یەکێك لە برا لاوەکان، دوای ڕۆژێك لە بەڕێکەوتن لەم گوندەوە بە نێو ڕوبارێکی ئاودا، کە ئەملاولای هەموو جۆرە دارێکی میوەی لێبوو، گەیشتینە دەریاچەیەك قامیشی لێ بەرهم دەهێنرا هەشت میلیك لە یەزنیکەوە دوور بوو، تەنها ڕێگەیەك هەبوو بۆ ئەم شارە بچێت چونکە هەموو لایەکی بە ئاوی دەریاچە گیرابوو هەر لەبەر ئەم هۆکارەش بوو ئەم شارە پارێزراو بوو لە دەستی دوژمن، هەروەها دانیشتوانەکەی زۆر نەبوون و هەندێك لە مالّەکان چۆلّبوون سەرداری شارەکە ئافرەتێك بوو بە ناوی "بیون خاتون"کەسێکی خانەدان و لەخواترس بوو.

---

[1] سولّتانەکانی عوسمانی هەموو ڕەچەلّەکیان دەگەڕێتەو سەرم ئەم پیاوە .(تحفة النظار، قدم لە و حققە، محمد عبدالمنعم و مصطفی القِصاص ، دار احیاء العلوم ـ بیروت ۱۹۸۷م ، ص۳۱۵)

زۆربەی خێزانەکان خاوەن مالٌ و کێڵگە و باخی خۆیان بوون و پشتیان بە ئاوی بیر دەبەست بۆ کاری رۆژانە، بە کشتوکالٌ و ئاژەڵدارییەوە خەریك بوون لە هەموو جۆرە بەرهەمێکی میوەیان هەبوو، جۆرە ترێیەکیان بەرهەم دەهێنا ناوی (عەزاری) بوو، دەنك گەورە و ناسك و شیرین، هەرگیز تێر نەدەبووی لە خواردنی هەروەها گوێزیشیان زۆر بوو لەگەڵ قەستلٌ[1]، نرخیشان یەجگار هەرزان بوو.

هەر لەم شارە چومە خزمەت پێشەوای بەناوبانگ حاجی "عەلائەدین سولٌتانیۆکی" هەر کاتێك من سەردانیم بکردایە، بە رێزەوە پێشوازی دەکردین و خزمەتمانی دەکرد رۆژێکیان لەگەڵمدا هات و پێکەوە چوین بۆ سەردانی "بیبون خاتون" ئیتر ئەوەندەی پێ نەچو دوای چەند رۆژێك"سولٌتان ئۆرخان بەگ"یش هات بۆ بەسەرکردنەوەی ماوەی مانەوەم لە یەزنیك چل رۆژێك بوو چونکە یەکێك لە ئەسپەکانم نەخۆش کەوت چاوەڕێی چاکبونەوەیم دەکرد بەڵام دواجار مردارەوە بوو، ئێمەش ئەوێمان بەجێهێشت و دووبارە دەستمان کردەوە بە گەشتکردن ئەوەی لەگەڵمدا هات دوو خزمەتکار و کەنیزەیەك بوون، هیچ کەس لە ئێمە زمانی تورکی بە باشی نەدەزانی وەرگێرێکمان لەگەڵ بوو بەڵام لێمان جیابوەوە.

پاشان دەرچوین بەرەو گوندێك ناوی (مەکەجا) بوو شەوو لە مالٌی مەلای ناوچەکە ماینەوە رێزی لێگرتین خودا پاداشتی بداتەوە، هەرچەندە ماندوێتیمان نەحەسایەوە بۆ بەیانی کەوتینەوەڕێ تەماشام کرد ئافرەتێکی تورك هات کە لەسەر پشتی ئەسپێك بوو لەگەڵ خزمەتکارێکی مەبەستی بوو گەشت بکات بۆ(یەنجا) پێشی کاروانەکە کەوت ئیدی پێکەوە گەشتمان کرد تا گەیشتینە دۆلێك ناوی (سەقەریە) بوو، لە سەقەرەوە هاتووە واتا: دۆلی هەلۆکان ئافرەتەکە لە پێشەوە دەڕۆیشت، کە گەیشتە ناوەڕاستی ڕوبارەکە خەریك بوو نقوم بێت ئیدی ئەسپەکەی فڕێیدا و کەوتە ئاوەکەوە خزمەتکارەکەشی خۆی بۆ فڕێدا تا دەریبهێنێت بەڵام

---

[1] قەستلٌ یان کەستەنا، جۆرە میوەیەکە، کە بەرەکەی خڕ و درکاوییە. (المنجدفي اللغة و الأعلام . ص ٥٨٤)

هەردووکیانی برد هەندێك خەڵك لە خوارەوە بوون هەوڵیاندا رزگاریان بکەن توانیان تەنها ئافرەتەکە دەربهێنن حاڵی زۆر خراپ بوو خزمەتکارەکەش کاتێك دەریانهێنا گیانی لەدەستدابوو ڕەحمەتی خوای لێبێت .

هەر ئەو خەڵکە پێیان ووتین: لە خوارەوە ڕێگە هەیە بۆ پەڕینەوە، ئەو ڕێگەیەش بریتی بوو لە چوار داری پێکەوە لکاو و کۆپانێکی لەسەر دانرابوو بە گوریسێکی توند بەسترابوو، لەم بەرەوە خەڵکی سواری دەبوون لەگەڵ شمەك و پێداویستییەکانیان لەو بەریشەوە یەکێك رایدەکێشا (لە شێوەی کەڵەکی لای خۆمان- وەرگێڕ)، گوێدرێژ و ئەسپ و ولاخەکانیش بە ئاوەکەدا دەپەڕینەوە، ئیتر ئەم جێگا ناخۆشەمان بەجێهێشت خودایە کەس نەیبینێت.

شەوومان بەسەردا هات و گەیشتینە گوندێك ناوی (کاویە) بوو، لەسەر کێشی (فاعل)ە و لە کەویوە هاتووە، ئیدی بۆ پشودان چوینە خانەقای یەکێك لە برا لاوەکان کە کەووتینە گفتوگۆ ئێمە بە عەرەبی و ئەوان بە تورکی، هیچمان لە یەکتری حاڵی نەدەبووین ووتم: کێ لە زمانی عەرەبی شارەزایە؟، یەکێکیان ووتی: بانگی فەقێ بکەن با بێت، ئەو زمانی عەرەبی دەزانێت بەڵام کە فەقێ هات و دەستی کرد بە وشە فڕێدان بە زمانی فارسی و ئێمەش بە عەرەبی ئیتر لە یەکتری نەدەگەیشتین ئنجا ڕووی کردە برای لاو ووتی: ((ئیشان عربی کهنا میقوان میکو یندو من عربی نەمیدانم))، تێگەیشتم فەقێ هیچی لە زمانی عەرەبی نەدەزانی بۆ خۆ رزگارکردن ئەو چەند بڕگەیەی دەربڕی!، پوختەی قسەکانی ئەوە بوو ئەیوت: من زمانی عەرەبی ئێستا دەزانم، بەڵام ئێوە بە زمانی کۆنی سەردەمی پێغەمبەرەﷺ قسە دەکەن ئیتر ووتی: دەبێت ڕێزێکی زۆریان لێبگرین، چونکە بە عەرەبی کۆن قسە دەکەن، ئەوەش زمانی پێغەمبەرﷺ و هاوەڵەکانیەتی ئەو کات من فارسی تێ نەدەگیشتم، بەڵام دوای ماوەیەك کە زمانی فارسی شارەزا بووم ئەو بڕگەیەی فەقێم لە یاد مابوو لە مەبەستی تێگەیشتم .

دوای مانەوەمان لەو گوندە، داوامانکرد ڕێبەرێك لەگەڵمان بێت و

کەووتینەوەڕێ و چوینە گوندی (یەنجا)، پرسیاری تەکیە و خانەقای براکانم کرد کە چومە ئەوێ بینیم تەنها سۆفییەکی هەژار دانیشتووە ووتم: زمانی عەرەبی دەزانیت؟ ووتی: بەڵێ دواتر تاقیم کردەوە تەماشا دەکەم تەنها دەزانێت بڵێ: بەڵێ(نعم) پاش ماوەیەك قوتابییەك هات و خواردنی بۆ هێنایین، هەرچەندە زمانی نەدەزانی، بەڵام دڵمان پێی دەکرایەوە ئنجا قوتابیەکە داوای لە جێگری سوڵتانی شار کرد ئەویش رێبەرێکی لەگەڵماندا نارد کە هاوڕێی قوتابیەکە بوو پێکەوە چوینە (کەبنوك) شارۆچکەیەك بوو سەر بە سوڵتان ئۆرخان بوو دانیشتووانەکەی رۆمی بێباوەڕ بوون و ئەهلی زمە بوون لە ژێر دەسەڵاتی مسوڵمانماندا بوون تەنها یەك مالّی مسوڵمانی لێبوو، ئەوانیش دەسەڵاتداری ناوچەکە بوون بۆ پشودان لە مالّی پیرێژنێك ماینەوە سەرماوەرز بوو ئەو شەوەی لەوێ بووین بەفرێکی زۆر باری و رەشایی خاك بە دەرەوە نەما، رێزی گرتین و پاشان زەعفەرانێکی زۆری بۆ هێنایین لەو وایە ئێمە بازرگانین و بۆ کڕینی هاتووین.

بۆ بەیانی کەووتینەوەڕێ و ئەو رێبەرەی کە لە (کاوی)ەوە لەگەڵمان هات، سوارچاکێکی بۆ دابین کردین و خۆی گەڕایەوە مەبەستمان بوو بچینە شاری (موتورنی) دوای رێبەرەکە کەووتین تا گەیشتینە گوندێکی تورکمان نیوەڕۆ بوو خواردنیان بۆ هێنایین زمانمان نەدەزانی سوارچاکەکە گفتوگۆی لەگەڵیاندا کرد تا یەکێك لەگەڵماندا بنێرن بۆ رێبەری کردن، کەووتینەوەڕێ بە ناو دۆڵ و چیای سەخت و ڕوباردا، هێنده رێگاکە ناخۆش بوو ئەوە سێیەم جار بوو ئاوا رێگای ناخۆش ببڕین کاتێك رزگارمان بوو، کابرای رێبەر ووتی: من لێرە بەجێتان دەهێڵم و دەبێت هەندێك درهەمم بدەنێ وەك پاداشت زۆرم پێناخۆش بوو ووتم: لێرەدا بەجێمان مەهێڵە تۆ دەزانی ئێمە رێگا شارەزا نین، تا شار وەرە لەگەڵمان و ئەوکات چەندت دەوێت پێت ئەدەین ووتی: نەخیر ئیتر کەوانێکی یەکێك لە هاوڕێکانمی وەرگرت و رۆیشت.

پاش ماوەیەك دووبارە گەڕایەوە کەوانەکەی بۆ گەڕاندینەوە، منیش چەند

درهەمێکم پێدا و کوێرانە ملی ڕێمان گرت و نەماندەزانی بۆ کوێ دەڕۆین و هیچ ڕێگەیەکمان لێوە دیار نەبوو تەنها ئەوە نەبێت کە لە ژێر بەفرەوە دیاربوو، دوای ڕێکردن نزیک شێوان بوو گەیشتینە چیایەك لەبەر زۆری بەرد ڕێگەکەمان لێ دەرکەوت لەو کاتەدا زۆر ترسام ووتم: ئەگەر چارەیەکی خۆمان نەکەین لە ناو دەچین بۆیە بە هاوڕێکانم ووت: با من بەم ئەسپە چاکەوە برۆم تا ئاوەدانییەك بدۆزمەوە و دواتر دێمەوە بەدوای ئێوەدا، تا شەو لەم چیایەدا بەسەر نەبەین.

نەریتی تورکەکان وایە لەسەر گۆڕی مردووەکانیان خانوو بە دار دروست دەکەن وەك کەپر وایە دوای ڕێکردن و لە دوای نوێژی خەوتنان بوو گەیشتمە جێگایەك هەندێك خانوو دەرکەوتن ووتم: خودایە ئاوەدانی بێت، سوپاس بۆ خوا ئاوەدانی بوو لە دەرگایەکم دا پیرەپیاوێك هاتە دەرەوە، من بە عەرەبی کەوتمە گفتوگۆ و ئاماژەی کرد بۆ خانەقاکە، کە چوم سلاوم کرد و تەماشام کرد کۆمەڵە سۆفییەکی هەژاری لێبوو داوای یارمەتیم لێیان کرد تا هاوڕێکانم ڕزگار بکەن ئیدی لەگەڵمدا هاتن و ئەوانیشمان ڕزگار کرد لە هەموو لایەکەوە هەر کەسە و بەپێی توانای خۆی خواردنیان بۆمان هێنا و ئیتر ئەو ناخۆشیەمان لەبیرچوەوە.

بۆ بەیانی کەوتینەوەڕێ بەرەو شار لە بەیانیدا گەیشتینە موتورنی وێستمان جێگەیەك بۆ ولاخەکان بدۆزینەوە چونکە کاتی نوێژی هەینی بوو، بەڵام نەماندۆزییەوە کەشێکی ساردی هەبوو تا نوێژمان تەواو کرد بەردەوام دڵمان لای ولاخەکان بوو، دوای نوێژ چاوم بە چەند حاجییەك کەوت کە یەکێکیان عەرەبی باش دەزانی، منیش دڵخۆش بووم کە زمانی عەرەبی دەزانێت ووتم: جێگایەك هەیە ولاخەکانی لێ دابنێین؟، ووتی: خانێك هەیە ئیتر ڕۆیشتین لەوێ ولاخەکانمان دانا خەڵکی تری ڕێبواریش هەر لەو خانە ولاخەکانیان دادەنا یەکێك لە هاوڕێکانم لە خانوویەکی چۆڵی تەنیشتیەوە بووە پاسەوان.

چیرۆکی حاجییە دزەکە

ویستی خودا وابوو جارێکیان دوو کەسم نارد، یەکێکیان رۆن بکڕێت و ئەوەی تریان ئالیك بۆ ئەسپەکان، بەڵام کە گەڕانەوە یەکێکیان کای هێنابوو و ئەوەی تریان بە دەستی بەتاڵ گەڕایەوە، تەماشام کرد لە دوورەوە پێدەکەنێت، پرسیارمان لێی کرد بۆ پێدەکەنی ووتی: چوینە دوکانێك لە بازاڕ و داوای رۆنمان کرد، ئاماژەی بۆمان کرد بووەستین قسەی لەگەڵ کوڕێکیدا کرد و هەندێك درهەمان پێی دا، کاتژمێرێك دواکەوت و بە کاوە گەڕایەوە، لێیمان وەرگرت ووتمان: ئێمە رۆن (سمن)مان دەویست، ووتی: ئەوە سمنە چونکە بە زمانی تورکی (سمن) واتا کایە، بە رۆنیش دەڵێن: (رەباغ).

ئەو حاجیەی کە پێشتر ناسیم و زمانی عەرەبی دەزانی پێم ووت: نیازمان هەیە بڕۆین بۆ شاری قەستەمۆنیە، تۆش کەسێکی شارەزایت وەرە رێنوێنیمان بکە و خەرجی خۆت و خێزانەکەت ئەدەین تا ئەو کاتەی دەگەڕێیتەوە، نێوان ئەم شارە و قەستەمۆنیە دە رۆژێك دەبێت، ئیتر رازی بوو منیش پۆشاکێکی میسریم پێدا و کەووتینەڕێ، دواتر بۆم دەرکەوت ئەم حاجییە زۆر دەوڵەمەندە و پارەیەکی زۆریشی لای خەڵکی هەیە سەرەڕای ئەو دەوڵەمەندیە کەسێکی هەتا بڵێی چاو برسی و نەفس نزم بوو، لە رێگا پارەمان پێئەدا تا باشترین خواردن و پێداویستی تر بکڕێت بەڵام فێڵی دەکرد هەندێکی خەرج دەکرد و ئەوەی تری دەدزی، رۆژانە ئەو کارەی دەکرد تا وای لێهات ئێمەش ریسوامان کرد و بە ئاشکرا و بە پێکەنینەوە پێمان دەوت: حاجی ئەمڕۆ چەند درهەمت دزی؟، لە وەڵامدا بێ شەرمانە دەیوت: ئەوەندەم بۆ خۆم بردوە. لە سیفەتە ناشیرینەکانی تری ئەوە بوو جارێکیان ئەسپێکم مردارەوە بوو بێ بەزەییانە دەستی کرد بە کەوڵ کردنی و پێستەکەی بە چەند درهەمێك فرۆشت جارێکی تریش لە گوندێك لاماندا بۆ پشودان لە مالّی یەکێك لە خوشکەکانی، خزمەتی کردین و هەندێك میوەی وشکەوە بووی هێنا، وەك

هەنجیر و قۆخ و قەیسی و خستیانیە ئاوەوە تا تەڕ ببنەوە، دواتر میوەکان دەخورێن و ئاوەکەشیان هەر دەخورێتەوە ویستمان هەندێك یارمەتی پێشکەش بکەین ووتی: هیچ یارمەتیەکی پێشکەش نەکەن و ئەو یارمەتییە بدەن بە من دواتر بە دزییەوە پێماندا.

دوای چەند رۆژ رێکردن گەیشتینە دۆلێك لە نزیك شاری (بولی)لە دورەوە سەیرمان دەکرد واتەزانی ڕوباری ئاوەکەی بچوکە بەڵام گەورە و بەخوڕ بوو ئەسپەکەی من لە هەموویان باشتر بوو کەنیزەیەکی بچوکم لەگەڵدا سەرکەوت کە گەیشتمە ناوەڕاستی ڕوبارەکە ئەسپەکە فڕێمیدا و بەپەلە خۆم رزگار کرد و کەنیزەکەشیان دەرهێنا بەڵام حاڵی باش نەبوو بەهەرحاڵ گەیشتینە شار و خۆمان گەیاندە خانەقای براکانی لاو، زۆر گەرم و خۆش بوو لە نەریتیاندا وابوو هیچ کات ئاگری ئاگردانەکان لە زستاندا ناکوژێننەوە لە هەر سووچێکی خانوەکانەوە ئاگردان دروستکرا بوو لە سەربانی خانووەکانیانەوە هەمیشە دوکەڵ بەرز دەبوەوە و پێیان دەوت: بوخاری، وشەیەکی کۆیە و تاکەکەی (بُخيري)یە.

ئیبن جوزەی دەڵێت: هەر لەم بارەیەوە و لە سەر ئەم وشەیە دوو دێڕی تەوریەی شیعری شاعیر "صەفیەدینی حلی"تان بەبیر دێنمەوە کە دەڵێت:

إن البُخيري مُذ فارقتموه غداً يحثوالرماد على كانونِهِ التُراب

لو شئتم أنه يُمسي ابا لهبٍ جاءَت بِغالُكُم حمالةَ الحطبِ

دوای پشودان پۆشاکەکانم گۆڕی و ئیتر برا لاوەکان دەستیانکرد بە خزمەت کردن و خواردن و میوەیان بۆ هێناین و خزمەتێکی ئێجگار زۆریان کردین خودا پاداشتیان بداتەوە، بەڕاستی سەرم سوڕماوە لە پیاوەتی و بەخشندەیی خەڵکی ئەم ناوچەیە هێندە خزمەتی رێبواریان دەکرد باس ناکرێت زۆر بەسۆز بوون کاتێك پێشوازیان لە رێبواران دەکرد وەك ئەوە وابوو پێشوازی لە کەسوکاری خۆیان بکەن!.

کەرەدەی بۆلی و سوڵتانەکەی

ئەو شەوەمان بە ئارامی و خۆشی بەسەر برد بۆ بەیانی کەووتینەوە ڕێ چوینە (کەرەدەی بۆلی) شارێکی مەزن و قەشەنگ بوو شەقامەکانی فراوانە و بازاڕەکەی جوان و هەمەچشن بوو هەر لایەکی بازاڕ تایبەت کرابوو بۆ جۆرە پیشەیەك بێ ئەوەی هیچیان تێکەڵی یەکتری بن، شارەکە دەکەوتە دەشتاییەکەوە و هێندە سارد بوو هیچ جێگایەك ناگەیشتە ئەم شارە بۆ ساردی.

سوڵتانەکەی ناوی "شا بەگ" بوو، کەسێکی خواناس و ڕەوشت بەرز بوو جوان روخسار و کەڵەگەت بەڵام بە کەمی دیاری دەبەخشی، ویستی خوا وابوو نوێژی هەینیمان تێدا کرد چەند ڕۆژێکیش لێی ماینەوە هەر لەم شارە چاومان بە زانای بەناوبانگ "شەمسەدین حەنبەلی دیمەشقی" کەوت، ئەم زانایە ماوەیەکی زۆر بوو لەو شارەدا نیشتەجێ بوو منداڵەکانی لەدایکبووی ئەو شارە بوون، هەروەها چاویشم کەوت بە زانا و وتاربێژی سوڵتان، کەسێکی خۆشەویست بوو لە لای سوڵتان ڕۆژێك خۆی کرد بە ژورەکەماندا وامانزانی سوڵتانە ئنجا کەوتە گفتوگۆ لەگەڵمدا و هەواڵی زۆری پاشا و سوڵتانەکانی دونیای پرسی منیش وەڵامیم دایەوە دواتر پۆشاك و ئەسپێکی بە دیاری بۆ ڕەوانە کردم.

پاشان کەوتینەوەڕێ ئنجا چوینە شارۆچکەی (بورلو) دەکەوتە سەر گردێك قەڵایەکی لێبوو لە ژێریدا خەندەقێکی گەورەی لێ هەڵکەندرابوو، سەرەتا چوینە قوتابخانەیەك بۆ پشودان حاجیە چاوساغەکەی کە لەگەڵمان بوو زۆریانی دەناسی لەگەڵیان دانیشت بۆ گوێگرتن لە وانەکان خەڵکی ئەم ناوچەیە حەنەفی مەزهەب بوون ئەمیرەکەی ناوی "عەلی بەگی کوڕی سوڵتان سولەیمان" بوو باوکی پاشای قەستەمۆنیە بوو دواتر باسی دەکەین، هەواڵی پێگەیشت کە ئێمە ڕێبوارین، ئەوەندەی نەبرد هاتە لامان و پرسیارێکی زۆری لێکردم دەربارەی ولاتان

و گەشتەکەم بێجگە لە خۆی نووسەر و دادوەریش ئامادەبوون دوای نانخواردن دەست کرا بە قورئانخوێندن بە ئاوازێکی پڕ سۆز و گریان مرۆڤ ئارەزوی دەکرد هەمیشە لێیان دوور نەکەوێتەوە.

قەستەمۆنیە وسوڵتانەکەی

بۆ بەیانی بارمان پێچایەوە چوین بۆ قەستەمۆنیە یەکێك بوو لە شارە گەورە و جوانەکانی ئەو ناوچەیە داهاتی زۆر بوو پڕ لە خێر و بەرەکەت بوو لەوێ بۆ پشودان لە خانەقای ئەتروش لاماندا، بۆیە پێی دەڵێن: ئەتروش چونکە گەورەی سۆفیەکان گوێی گران بوو بە قورسی گفتوگۆی دەبیست بەڵام بەهۆی ئاماژەکردن بە دەست تێدەگەیشت ئەوەی جێی سەرسوڕمان بوو زۆر جار بە هێمای دەست لەسەر زەوی شتی بۆ دەنووسرا و تێدەگەیشت دەیانوت: کە چیرۆکی بۆ باس دەکرێت لێی تێدەگات.

نزیکەی چل رۆژ لەم شارە ماینەوە، هێندە خۆراك هەرزان بوو هیچ شوێنێکی دونیا پێی نەدەگیشت نیو بەرخی قەڵەومان دەکڕی بە دوو درهەم، یەك بار داری بەڕوو بە درهەمێك، نانی دە کەسمان دەکڕی بە دوو درهەم بەشی دوو رۆژمانی دەکرد، هەروەها حەلوای هەنگوین بەشی هەمومانی دەکرد بە دوو درهەم گوێز و کەستەنا بە درهەمێك بوو، ئەو دەمەی لەوێ بووین زستان بوو. هەر لەم شارە کۆمەڵێك کەسی بەناوبانگمان بینی لەوانە زانا و موفتی ناوچەکە "سەدرەدین سولەیمان فەنیکی" خەڵکی ناوچەی (فەنیکە)ی ولاتی رۆمە، بوینە میوانی لە قوتابخانەکەی خۆی لە بازاڕی ئەسپەکان، بێجگە لەم زانایە چاویشم کەوت بە موفتی بە ناو بانگ"تاجەدین سولتانیۆکی" کە گەورە زانای ناوچەکانی ڕۆم بوو بۆ فێربوونی زانست ڕۆیشتبوو بۆ ولاتی عێراق و تەبرێز بۆ ماوەیەك لە تەبرێز و دیمەشق ژیانی بەسەر برد بوو .

جگە لەم دوو کەسە دیداریشم لەگەڵ بەتەمەنترین کەسی ناوچەکە ئەنجامدا ناوی "دادا ئەمیر عەلی" بوو کە چومە خزمەتی لە بازاڕی ئەسپەکان بوو لەسەر پشت راکشابوو، خزمەتکارەکانی دایانیشاند، چونکە خۆی نەیدەتوانی هەستێتەوە ئەوندە پیر بوو بە ئاسانی نەیدەتوانی پێڵووی چاوەکانی بەرز بکاتەوە، یەکێك لە خزمەتکارەکانی پێڵووەکانی بۆی بەرز کردەوە بەخێرهاتنی کردین و کەووتینە گفتوگۆ و پرسیاری تەمەنیم کرد؟ ووتی: من یەکێك بووم لە پیاوەکانی "خەلیفە موستەنسیر بیلای عەباسی" کە وەفاتی کرد ئەوکاتە تەمەنم سی سالّ بوو ئێستا تەمەنم سەد و شەست و سێ ساڵە بەڕاستی سەرم سوڕما لە تەمەنی، داوای نزام لێکرد و ئنجا بەجێم هێشت.!

سوڵتانی قەستەمۆنیە ناوی "سولەیمان پاشا" بوو، پیاوێکی ریش درێژی نورانی جوان بوو بە هەیبەت و شکۆ و تەمەنی نزیکەی حەفتا سالّ دەبوو، هەمیشە لە کۆڕی زانا و فەقیهەکاندا دادەنیشت چومە خزمەتی لە مەجلیسی خۆیدا بوو فەرموی: لە نزیکمەوە دابنیشە منیش دانیشتم و دەستی کرد بە قسە کردن: پرسیاری مەککە و مەدینەی پیرۆزی لێکردم لەگەڵ میسر و شام هەموو پرسیارەکانیم وەڵامدایەوە ئەو رۆژە ئەسپێك و دەستێك پۆشاکی داپێم و بڕێك پارەشی بۆ بڕیەوە وەك خەرجی تا لەو شارەدابم لەگەڵ ئالیك بۆ ئەسپەکانم هەروەها گەنم و جۆشی لە گوندێك لە گوندەکانی دەوروبەری کۆ کردەوە داپێم نزیکەی نیو رۆژێك لە قەستەمۆنیەوە دوور دەبوو ویستم بیفرۆشم بەڵام کەس نەبوو بیکڕێت لەبەر هەرزانی نرخەکەی، دواتر دامە ئەو حاجییەی کە لەگەڵماندا بوو.

لە نەریتی ئەم سوڵتانەدا وابوو، هەموو رۆژێك بەیانیان دادەنیشت و ئنجا کوڕەکەی دەهات دەستی ماچ دەکرد و پاشان دارودەستەکەی دەهاتن و پێکەوە خوارنیان دەخوارد، هەروەك دیسان هەموو رۆژێکیش دوای عەسر دادەنیشت و دەرگای دێوەخانەکەی دەکرایەوە بە رووی هەموو خەڵکیدا جا رێبوار بووایە یاخود دانیشتووی شار، رێگری لە کەس نەدەکرا لەسەر خوانی سوڵتان کۆدەبوونەوە. بەڵام

نەریتی لە رۆژی هەینیدا وابوو سواری ئەسپەکەی دەبوو لەگەڵ ئەربابی دەوڵەت دەڕۆیشتن بۆ مزگەوت، چونکە لە مالّی خۆیەوە دوور بوو، بالّەخانەی مزگەوتەکە سێ قاتی لە دار دروستکراو بوو قاتی یەکەم: تایبەت بوو بە سوڵتان خۆی و وەزیر و دارودەستەکەی، لەگەڵ زاناکان، بەڵام قاتی ناوەڕاست تایبەت کرابوو بە ئەفەندی، واتا برای سوڵتان و خزمەتکار و هەندێك لە ناوداڕەکانی شار، کۆتا قاتیش لە سەرەوە تەرخان کرابوو بە کوڕی سوڵتان و دارودەستەکەی و خەڵکی.

ئنجا کۆمەڵێك لە قورئانخوێنەکان بە دەوری میحرابەوە بوون لەگەڵ زانا و وتاربێژ، هەر لە نزیك ئەمانەوە سوڵتان دادەنیشت و ئیتر دەست دەکرا بە خوێندنی سورەتی کەهف بە ئاوازێکی پڕ لە جۆش و خرۆش، کاتێك لە خوێندنی قورئان تەواو دەبوون، ئیتر وتاربێژ دەچوە سەر مینبەر و دەستی بە وتاردان دەکرد کاتێکیش تەواو دەبوو نوێژی سونەتیان دەکرد و قورئانخوێنەکان عەشرەیەکیان لە قورئان دەخوێند و پاشان سوڵتان بە هەمان شێوە دەگەڕایەوە، لە قاتی ناوەڕاست لای برای سوڵتان و کوڕەکەشی سونەتەکان دەکرا و چەند کۆپلە شیعرێکی مەدح و سەناش بە باڵای سوڵتان و کەسەکانیدا دەخوێنرایەوە، بەو شێوەیە نوێژی هەینی ئەنجام دەدرا.

دوای قەستەمۆنی کەوتینەوەڕێ و چوینە خانەقایەك، پێشتر خانەقای وا گەورەم نەبینی بوو ئەمیرێك دروستیکردبوو بە ناوی "فەخرەدین" تازە دەستی دابووە دینداری و تەوبەی کردبوو کۆمەڵە خەڵکانێکی چاك سەرپەرشتی ئەم خانەقایەیان دەکرد، هەر لە نزیکییەوە گەرماوێکیش دروستکرا بوو بۆ ڕێبواران، لەگەڵ بازاڕێك کە داهاتەکەی تەرخانکرابوو بۆ مزگەوت جگە لەم خزمەتانە هەندێك داهاتی تر پێشکەش دەکرا بەو هەژارانەی کە ڕێبواری مالّی خودا بوون، یان لە ولاّتی خۆراسان و عێراق و شامەوە دەهاتن یان بۆ ئەوێ دەڕۆیشتن، جا هەر کەسێك بووایە دەستەیەك پۆشاك و سەد درهەمی پێدەدرا بۆ ئەو رۆژەی دەهات، بەڵام بۆ ئەو رۆژەشی کە دەڕۆیشت سێ سەد درهەمی تریان پێدەدا لەگەڵ خواردن و

خواردنەوە خواردنەکانیش بریتی بوون لە نان و گۆشت و برنجی کوڵاو بە ڕۆن و حەلوا، بەڵام بۆ گەشتیارانی وڵاتی ڕۆم تەنها دە درهەم و خزمەتی سێ ڕۆژ بوو.

دوای ئەم شارە ئنجا کەوتینەڕێ و لە تەکێیەك لاماندا بۆ پشودان، کە دەکەوتە سەر چیایەکی بڵند یەکێك لە بڕا لاوەکانی خەڵکی قەستەمۆنی بە ناوی "نیزامەدین" دروستی کردبوو باجی گوندێکی بۆ تەرخان کردبوو بۆ خزمەت کردنی خەڵکی ڕێبوا هەر لەم تەکێیەوە کەوتینەڕێ بەرەو (سەنوب) بەڕاستی ئەم شارە سیفەتی جوانی و پارێزراوی تێدا بوو هەموو لایەکی بە دەریا دەورە درابوو و تەنها ڕێڕەوێکی هەبوو دەکەوتە لای ڕۆژهەڵاتیەوە دوای وەرگرتنی مۆڵەت لە ئەمیرەکەی ئەوکات ڕێگەیان پێئەدای بچیتە شارەکەوە، ئەمیرەکەی ناوی ئیبراهیم بەگی کوڕی سولەیمان پادشا بوو.

سەرەتا چوینە خانەقای "عەزەدین برای چەلەبی" لەوێوە ڕێگایەك هەبوو بۆ چیایەکی زۆر بڵند دەچو شێوەی قەدپاڵی ئەو شاخ و دەریایە وەك بەندەری سەبتە[1] وابوو، هەروەها باخ و بێستان و کێڵگەی کشتوکاڵی زۆری هەبوو لەو بەرهەمانەی کە زۆر بوون هەنجیر و تریێ بوو هەروەها کۆمەڵە گوندێکی لێبوو ژمارەیان دوازدە گوند بوو ڕۆمە بێباوەڕەکان لێی نیشتەجێ بوون بەڵام ئەهلی زیمە بوون، هەر لەو ناوچەیە مەزارێك هەبوو دەیانوت: هی (خزر و ئیلیاسە) و بەردەوام خەڵك سەردانی دەکرد، لەگەڵ مەزاری بیلالی حەبەشی هاوەڵی پێغەمبەرﷺ .

ئەوەی سەرنجی ڕاکێشام مزگەوتەکانی بوو بە جوانترین شێواز بونیاد نرابوون هەر یەکێکیان لە ناوەڕاستیەوە حەوزێکی ئاوی هەبوو گومەزێك کە لەسەر دروستکرا بوو لەسەر چوار پایە بوو لە کاتی نوێژدا سوڵتان "بەروانە کوڕی سوڵتان عەلائەدینی ڕۆمی" بە پەیژەیەکی دار سەردەکەوتە سەری و لەوێدا دادەنیشت، هەموو ئەمانە مووڵکی ئەم سوڵتانە بوون بەڵام دوای خۆی کوڕەکەی سوڵتان

[1] بەندەرێکە دەکەوێتە وڵاتی مەغریبەوە. (وەرگێڕ)

چەلەبی شوێنی دەگرێتەوە، کاتێکیش ئەم سوڵتانە دەمرێت سوڵتان سولەیمان دەستیان بەسەردا دەگرێت.

دەگێڕنەوە سوڵتان چەلەبی پیاوێکی زۆر ئازا و بەجەرگ و قارەمان بووە، جگە لەوەش توانایەکی سەرسوورهێنەری هەبووە لە هێرش بردنە سەر دوژمن و مەلەوانزانێکی بێ وێنە بووە زۆریش خۆڕاگر بووە لە ژێر ئاودا دەڵێن: کاتێک کەشتیە جەنگیەکانی دوژمن هێرشی بکردایە جەنگاوەرەکانی سەرقاڵی شەڕ دەبوون و سوڵتان چەلەبی خۆی دەخستە نێو دەریاوە و لە ژێرەوە کەشتییەکەی دوژمنی دەشکاند کاتێک بێباوەڕەکان بەئاگا دەهاتنەوە نقوم دەبوون ئەوەشیان گێڕایەوە: جارێک کەشتیەکی دوژمن هێرش دەکاتە سەر بەندەری شارەکە، سوڵتان چەلەبیش لە ژێر ئاوەوە بۆ کەشتیەکە دەچێت و بە ئامێرێک کونی دەکات و هەموو سەربازەکانیش بە دیل دەگرێت.

دەربارەی مردنی دەڵێن: رۆژێک بۆ راوکردن دەردەچێت، دوای ئاسکێک دەکەوێت و لەپڕ سەری بەر لقی دارێک دەکەوێت و بریندار دەبێت و دواتر کۆچی دوایی دەکات، هەندێکیش دەڵێن: بەهۆی زۆر خواردنی حەشیشەوە[1] مردوە، کە خواردنی لای خەڵکی رۆم شتێکی ئاسیی بوو ناشیرین نەبوو خۆم جارێکیان سەربازێکی پلەدارم بینی، کاسەیەکی بەدەستەوە بوو شتێکی تێدا بوو وەک خەنە وابوو بە کەوچک دەیخوارد منیش نەمدەزانی چییە بە هاورێکەم ووت: ئەرێ بۆ ئەوە چی دەخوات؟، ووتی: حەشیشە. پێش ئەوەی ئەم شارە بەجێبهێڵم، چەند کەسێکی ناودار داوایان کرد میوانیان بین، لەوانە دادوەر و جێگرەکەی لەگەڵ جێگری ئەمیر و مامۆستاکەی بەناوی "عەبدولڕەزاق".

---

[1] لە زمانی عەرەبیدا حەشیش بە گژوگیای وشکەوە بوو دەوترێت، جا نازانم لێرەدا ئایا حەشیش توتنە یاخود ڕووەکێکی ترە ! (وەرگێڕ)

چیرۆکی رافیزە و خواردنی گۆشتی کەرووێشک

ئەو دەمەی لە سەنوب بووین کاتێك نوێژمان دەکرد دەستمان نەدەگرت ئەوەش لای مەزهەبی مالیکی باوە بەڵام خۆیان لەسەر مەزهەبی حەنەفی بوون شارەزای مەزهەبی مالیکی نەبوون ئیتر وایانەزانی ئێمە شیعەی رافیزەین چونکە هەندێکیان شیعەیان لە حیجاز و عێراق بینی بوو کە دەستیان نەدەگرت ووتمان ئێمە: لەسەر مەزهەبی مالیکین بەڵام بڕوایان نەکرد تا جێگری سوڵتان کەرووێشکێکی بە خزمەتکارەکیدا بۆ ناردین و پێی وتبوو بزانە چی لێ دەکەن ئەوجا وەرەوە ئێمەش سەرمان بڕی و جوان برژاندمان و دەستمانکرد بە خواردنی ئنجا خزماتکارەکە ئێمەی بەجێهێشت و بەو کارە تۆمەتی شیعە بوونمان لەسەر خۆمان لادا ئەمەش بەسەرهاتی کەرووێشك و شیعەیە. هەر لەو سەردەمانەی کە لە سەنوب بووین، دایکی ئەمیر ئیبراهیم کۆچی دوایی کرد و خەڵکی دوای تەرمەکەی کەوتبوون لەوانە کچەکەی بە سەری رووت و بە پێی خاوسی دوای کەوتبوو لەگەڵ ئەمیر و کاربەدەستەکان لە نەریتیاندا وابوو پۆشاکەکانیان هەڵدەگێڕایەوە، بە هەمانشێوە دادوەر و زانا و فەقیهەکان پۆشاکەکانیان هەڵدەگێڕایەوە و کلاوێکی سوفی رەشیان لە سەر دەکرد تا چل رۆژیش ماتەمیان دەگێڕا و بەردەوام لەو ماوەیەدا خواردن پێشکەش دەکرا.

گەشت کردن بۆ قرم

چل رۆژ لە سەنوب ماینەوە تا ئەو کاتەی هۆکارەکانی گەشت ئامادە بوون ئنجا بەرەو ناوچەی قرم بەڕێکەوتم ئەو ماوەیە کە لە سەنوب بووین لەگەڵ کەشتیەك رێکەووتین تا گەشت بکەین بۆ ناوچەی قرم کەشتیەکە هی خەڵکی رۆم بوو دوای یانزە رۆژ لە چاوەڕوانی ئیدی دەریا ئارام بوەوە کات گونجا بۆ گەشتکردن

بە دەریادا[1]، سێ رۆژ لە ئاوی دەریا بووین بۆ چوارەم رۆژ شەپۆلەکان زۆریان بۆ هێنابن، ووتمان تەواو کار لە کار ترازا و جارێکی تر ناتوانین بچینەوە وشکانی هەموو لەناودەچین من لە ترسا خۆم خزاندە بەشی خوارەوەی کەشتیەکە داوام لە پیاوێکی مەغریبی کرد کە ناوی ئەبا بەکر بوو بچێتە سەر بورجی کەشتیەکە و بزانێت دەریا چۆنە کاتێك چوە سەرەوە بە پەشۆکاوی هاتە خوارەوە ووتی: بە خواتان دەسپێرم بڕوام وایە هەموو لە ناودەچین چونکە شەپۆلی دەریا یەجگار زۆر و مەزنە ئەوەندەی نەبرد وشکانیەکمان لێ دەرکەوت ووتیان: ئەوە بەندەرەکانی نزیك شاری سەنویە ویستمان دابەزین بەڵام خاوەن کەشتییەکە بواری پێمان نەدا.

پاشان دەریا هەندێك ئارام بووەوە دووبارە کەووتینەوە رێ جارێکی تر دیسانەوە با هەڵیکرد و کەوتینەوە بەر شەپۆلی دەریا، ئنجا بە ناچاری ویستمان لە نزیك بەندەرێکی تر دابەزین پێیان دەوت: کرش[2] کاتێك نزیك بووینەوە چەند کەسێك ئاماژەیان بۆ کردین تا دانەبەزین ئێمەش ترساین ووتمان پێ دەچێت دوژمن هێرشی کردبێت بۆ سەر بەندەرەکە، بەهەرحاڵ ماوەیەك دوور کەوتینەوە و دواتر بە خاوەن کەشتیەکەم ووت: ئێمە لێرە دادەبەزین و ئەویش رازی بوو لە دوورەوە کڵێسایەکی گاورەکانم بینیکە رۆیشتین بەرەو کڵێساکە بینیم قەشەیەك لە ژوورەوەیە ئنجا تەماشای دیوارەکەم کرد وێنەی پیاوێکی عەرەبیم بینی شمشێرێکی بە دەستەوە بوو بە دەستەکەی تریەوە رمێك و چرایەك هەبوو، پرسیاری ئەو وێنەیەم لە قەشەکە کرد؟ ووتی: ئەوە وێنەی پێغەمبەر "عەلی"یە منیش سەرم سووڕما لەو قسەیە. شەو لەوێ ماینەوە مریشکێکمان کوڵاند بەڵام نەمانتوانی بیخۆین لەبەر بۆنەکەی چونکە بۆنی دەریا هەموو خواردنەکانی تێکدا بوو، ئەو شوێنە پێیان دەوت: (دەشت قەفجەق) دەشتایەکی سەوز بوو نە داری لێبوو نە چیا و گرد و تەپۆلکە،

---

[1] مەبەست لێی دەریای رەشە. (پەراوێز لاپەرە١٨٦)

[2] کرش: گەرووی (بۆسفۆر)ی تورکیایە. (پەراوێز ١٨٦)

خەڵکی پاشەڕۆی ئاژەڵیان دەسووتان و پێیان دەوت (تەزك) بۆیە خەڵکی لە هەر جێگایەك پاشەڕۆیان بەرچاو بکەوتایە پێیان عەیب نەبوو هەڵیاندەگرتەوە.

گەشت کردن بەو دەشتایەدا بە گالێسکە بوو ئەسپ رایدەکێشا چونکە زۆر پان و بەرین بوو و مرۆڤ بە شەش مانگ دەیتوانی ئەم ناوچەیە ببڕێت، سێ مانگە ڕێگای دەکەوتە ژێر دەستی سوڵتان "محەمەد ئۆزبێك" و سێ مانگەکەی تری لە ژێر دەسەڵاتی پاشاکانی تردا بوو، ئنجا لێرەوە لەگەڵ کۆمەڵە بازرگانێك کە پێیان دەوتن: قەفجەقی کەووتینەڕێ گالێسکەمان لێیان وەرگرت بە کرێ، ئەمانە مسوڵمان نەبوون بەڵکو نەسرانی بوون دوای ماوەیەك لە ڕێکردن گەیشتینە شاری (کەفا) خەڵکەکەی زۆربەیان نەسرانی بوون شارێکی درێژ بوو دەکەوتە سەر دەریا ومزگەووتیشی لێبوو بۆ پشو لە مزگەوتەکە لاماندا ئەمیرەکەیان ناوی "دەندیری" بوو هەروەها بەشێکی زۆری دانیشوانەکەی لە جەنەویەکان بوون.

دەنگی کڵێساکان

ئەو ماوەیەی لە مزگەوتی شاری (کەفا) پشوماندا، لە هەموو لایەکی شارەوە زەنگی کڵێسا بەرزەوە بوو سەرم سووڕما لەو دەنگە و ترسام و بە هاوڕێکانم ووت: بچنە سەرەوەی منارەی مزگەوتەکە و قورئان بخوێنن و بانگ بدەن، ئەوانیش ئەوەیان ئەنجام دا ئەوەندەی نەبرد پیاوێك بە پۆشاکی سەربازیەوە هاتە ژوورەوە بۆ مزگەوتەکە ووتی: خۆ هیچ ڕوینەداوە؟! ووتمان: نەخێر پاشان پرسیارمان لێکرد وەڵامی دایندەوە ووتی: من دادوەری مسوڵمانەکانی ئەم شارەم لە دۆخی ئێوە ترسام پاشان مانۆاوایی لێکردین و ڕۆیشت. بۆ بەیانی ئەمیری شار هاتە لامان و خواردنی پێداین ئنجا گەڕاین بە ناو شاردا زۆربەی خەڵکەکەی گاور بوون بازاڕی گەورە و جوانی لێبوو پاشان چوینە بەندەری شارەکە یەکێك بوو لە بەندەرە بەناوبانگەکانی جیهان و زیاتر لە دوو سەد کەشتی لێبوو لە کەشتی بازرگانی و

جەنگی هەر لەم شارەوە کەشتیەکمان بە کرێ گرت و چوین بۆ (قرم)[1] شارێکی گەورە و بە ناوبانگ بوو لە ژێر قەڵەمڕەوی سوڵتان محەمەد ئۆزبێک خان بوو ئەمیرەکەشی ناوی "تولکوتمۆر" بوو یەکێک لە خزمەتکارەکانی ئەم ئەمیرە ئێمەی ناسیەوە کە پێشتر لە گەشتێک پێکەوە بووین ئیدی لەگەڵ پێشەواکەی ئەسپێکی بۆ ناردم و پاشان چوینە خانەقاکەیان کە ناوی (خوراسانی) بوو شێخێکی زانای لێبوو خەڵکی رێزێکی زۆریان لێدەگرت و پێگەیەکی تایبەتی هەبوو لە دڵیاندا و رۆژانە زانا و پێشەوا و دادوەر و خەڵکی تری ئاسایی سەردانیان دەکرد بۆ سڵاوکردن.

دواتر رۆیشتین بۆ لای ئەمیر تولکوتمۆر، هەرچەندە تەندروستی باش نەبوو، وێڕای نەخۆشی پێشوازی لێمان کرد خەریکی خۆئامادەکردن بوو بۆ گەشتکردن بەرەو شاری (سەرای) پایتەخت و پێگەی دەسەڵاتی سوڵتان محەمەد ئۆزبێک خان، منیش ئەو گەشتەی ئەمیرم بە دەرفەت زانی و بۆ ئەو مەبەستە چەند گالیسکەیەکم کڕی.

گالیسکەکانی گەشتکردن لەو ناوچەیەدا

ئەو گالیسکانەی بۆ رێگا بەکاردەهاتن، پێیانیان دەوت: عەجەلە، هەر یەکێکیان ئەسپێك یان زیاتر رایدەکێشا و هەشیان بوو زۆر قورس بوو یان گا رایدەکێشا یاخود حوشتر واها دروستکرا بوون مرۆڤ دەیتوانی لەنێو ئەم گالیسکانەدا پشو بدات و بخەوێت یان نانبخوات و بنووسێت لە کاتی رێکردندا، کەسێکیش لە پێشەوە سواری ئەو ئەسپە دەبوو کە رایدەکێشا و قامچیەك بە دەستییەوە بوو تا بوار نەدات ئاژەڵەکە بەملاولادا بڕوات هەروەها ئەم گالیسکانە:

---

[1] لە نەمرۆدا پێیدەڵێن: شاری کەریم .(رحلة إبن بطوطة، تحفة النظار، طلال الحرب، ص٣٣٧)

قەفەسێکی لە دار دروستکراوی گەورەی رووپۆش کراو بە پێستەی ئاژەڵ بەسەریانەوە بوو هەندێ جار قوماشێکی تەنکی کون کون دەدرا بەسەر پەنجەرەی گالیسکەکاندا تا ئەو کەسەی کە لە ژوورەوەیە دەرەوەی لێ دیار بێت بەڵام بەپێچەوانەوە خەڵکی لە دەرەوە ئەمیان نابینی.

جگە لەوەی بۆ مرۆڤ دروست دەکرا جۆرێکی تریان هەبوو بۆ شەك بارکردن بەکاردەهێنرا منیش کاتێك کەوتمەڕێ یەکێك لەم گالیسکانەم ئامادە کرد بۆ خۆم و کەنیزەکەم رووپۆش کرابوو بە لباد و یەکێکی تری بچوکم کڕی بۆ هاوڕێکەم واتا پێشەوا "عەفیفەدین تەوزەری" و دانەیەکی تریش بۆ خزمەتکارەکانم لەم گەشتەدا ئەمیر تولکوتمۆر و براکەی واتا عیسا و هەردوو کوڕەکەشی قەتڵۆ دمور و ساری بێك لەگەڵماندا بوون لەگەڵ پێشەوا سەعدەدین و زانای شەرعناس شەرەفەدین و کەسێکی تر کە بە موعەریف ناو دەبرا ناوی "عەلائەدین" بوو کاری موعەریف ئەوە بوو: کاتێك دادوەر دەهات بە دەنگێکی بەرز هاواری دەکرد: ((بە ناوی خودا، دادوەری گشتی و خاوەن بڕیار و فەتواکان هات، دووبارە بە ناوی خودا))، یان ئەگەر کەسێك یاخود زانایەك بهاتبایە دیسانەوە دەیوت: ((بەڕێز فلانە زانا هات، بە ناوی خودا)) ئەوکات مەجلیس ئامادە دەبوون بۆ پێشوازی و جێگایان بۆ دەکردەوە، ئەوەش لای تورکەکان نەریت بوو.

هەروەها نەریتیان لە سەفەردا وەك کاروانی حاجیان وابوو چونکە بەو شێوازە بەڕێدەکەون و بەیانی دوای نوێژ دەردەچون و لە چێشتەنگاودا پشوی خۆیان وەردەگرت تا دوای نیوەڕۆ و دووبارە دەکەوتنەوەڕێ تا نوێژی خەوتنان، ئنجا ئاژەڵەکانیان لە مانگا و ئەسپ و حوشتر بەرەڵا دەکرد تا بەیانی بۆ ئەوەی بلەوەڕێن، هیچ ئاژەڵێك ئالفی پێنادرا تەنها ئەوانەی سوڵتان نەبێت، تایبەتمەندی ئەم ناوچەیە وابوو گژوگیای بە شێوەیەکی وا زۆر بوو کە لە ناوچەکانی تردا نەبوو، هیچ کەسیش ناترسا لەوەی ئاژەڵەکەی بدزرێت، چونکە یاسا زۆر توند بوو بەرامبەر دز و چەتە و سزای ئەو کەسەی کە ئەسپێکی دەدزی دەبوو نۆ ئەسپی تر

بە زۆر پەیدا بکات و بیداتەوە بە خاوەن ئەسپە دزراوەکە، جا ئەگەر نەیبوو ئەوا دەبێت منداڵەکەی پێشکەشی بکات، ئەگینا وەک بەرخ سەردەبڕرا.

تورکەکانی ئەم ناوچەیە نان و خواردنی قورسیان ناخوارد و خواردنیان بریتی بوو لە جۆرە تێکەڵەیەک لە ئاوی گەرم و هاڕاوەیەکی تایبەت وەک گەنمە شامی پێیان دەوت: (دوقی) لەگەڵ پارچە گۆشت کاتێک دەکوڵا ئنجا ماستیان بەسەردا دەکرد لەگەڵ شەرابی شیری ئەسپ وەک شۆربا دەیانخوارد هەر کەس و بەشی خۆی پێ دەدرا بەڕاستی خەڵکی ئەم ناوچانە خاوەن هێز و بازو ناخ جوان بوون. هەندێک جار جۆرە خواردنێکی تریشیان بەکاردەهێنا پێیان دەوت: بورخانی، ئەویش هەویری پارچە پارچە کراو بوو هەر پارچەیەک کونێکی تێدەکرا پاشان دەخرایە ئاوی گەرمەوە و دەکوڵێنرا و دواتریش ماستی بەسەردا دەکرا، هەروەک حەڵوا و شیرینیان ناخوارد و بەڵای ئەوانەوە شتێکی ناشیرین بوو. جارێکیان: لە خزمەتی سوڵتان محەمەد ئۆزبێک بووم خواردنیان هێنا بریتی بوو لە گۆشتی ئەسپ بە خۆشترین جۆری خواردنیان دادەنا هەروەها گۆشتی بەرخ و ئاژڵی تریشیان دەخوارد لەگەڵ ماست و شیر و شیری ئەسپ، هەر ئەو شەوە بوو هەندێک حەلوام ئامادە کرد و پێشکەشی سوڵتانم کرد، ئەویش پەنجەیەکی خستە نێو حەلواکە و خستیە دەمیەوە ئیتر هیچی تری لێ نەخوارد.

ئەمیر تولوکتمۆر ئەوەی بۆ گێڕامەوە، کە جارێکیان کاربەدەستێکی گەورەی سوڵتان محەمەد ئۆزبێک، کە لە مەمالیکەکان (کۆیلەکان) بوو سوڵتان داوای لێکرد هەندێک حەلوا بخوات خۆ ئەگەر ئەو کارە بکات، ئەوا خۆی و نەوەکانی هەموو ئازاد دەکات، بەڵام رەتیکردەوە ووتی: ئەگەر بمکوژیت ئەو حەلوایە ناخۆم !. کاتێکیش لە شاری قرم دەرچوین رومانکردە ناوچەیەک ناوی (بوسجان) بوو لەوێ لە خانەقای ئەمیر تولوکتمۆر بۆ پشودان لاماندا، ئەوەندەی نەبرد ئەمیر کەسێکی رەوانە کرد تا بچمە خزمەتی منیش ئەسپێکی خزمەتکارەکەم ئامادە کرد و کەوتمەڕێ بۆ شوێنی پشودانی خۆی بینیم خواردن و خواردنەوەی زۆر ئامادە کرابوو

لەگەڵ نان پاشان لە قاپێکی بچوکدا ئاوێکی سپییان هێنا و خەڵکەکە خواردیانەوە من لە دوای شێخ موزەفەرەدینەوە دانیشتبووم، پرسیارم لێکرد ووتم: ئەم ئاوە چییە؟! ووتی: (ماْءُ دهون)ە ئیتر تێنەگیشتم چ جۆرە خواردنەوەیەکە کە خواردمەوە هەستم کرد ئاوێکی ترشە بۆیە نەمتوانی تەواوی بکەم، بەڕاستی هەر لە دڵمدا بوو بپرسم: ئاخۆ ئەمە چ شەرابێکە؟، لە دەرەوە دووبارە پرسیارم کردەوە ووتیان: ئەوە نەبیزەیە لە دەنکی دوق دروست دەکرێت لای ئەوان شەرابی نەبیزە حەرام نەبوو چونکە لەسەر مەزهەبی ئیمام ئەبو حەنیفە بوون، ئەم جۆرە شەرابەش لە دەنکی دوقی دروست دەکرا و لە بنەڕەتدا پێیان دەوت: ماء دُخن، پێشتریش کە لە شێخ موزەفەرەدین پرسیارم کرد: هەر هەمان شتی ووت: ماْء دهون چونکە عەجەم بوو زمانی لار دەکردەوە و بە دوخنی دەوت: دهون.

با بێنەوە بۆ باسەکە دەرچوین و گەیشتینە ناوچەیەك مێرگ بوو ماوەی یەك رۆژ رێگەمان بڕی هێندە گالیسکەکان و ئاژەڵەکان زۆر بوون تا دەهات قوڕ و ئاو زیاتر رێگەکەی ناخۆشتر دەکرد ئەمیریش هات بۆ لام و داوای کرد بچمە پێشەوەی کاروانەکە و لە پێشەوە بڕۆم لەگەڵ چەند خزمەتکارێکی خۆی، پاشان نامەی نارد بۆ ئەمیری ئازاق و ئەوەی پێ راگەیاند کە کەسێکی وا هەیە دەیەوێت بچێتە دیدەنی پاشا و پێویستە رێزی لێبگرن، ئنجا دوای ئەو رۆژە سێ ڕۆژی تریش بە رێگاوە بووین تا گەیشتینە (ئازاق[1]) شارێکی جوان و دڵگیر بوو دەکەوتە سەر کەناری دەریا، زۆربەی خەڵکی جەنەوە رووبان دەکردە ئەم ناوچەیە بۆ کاری بازرگانی هەروەها برا لاوەکانی بجوقجی لەوێ زۆر بە ناوبانگ بوون لە خانەقاکانیان خواردنیان پێشکەش بە رێبواران دەکرد.

ئەو نامەیەی دادوەر تولکوتمۆر گەیشتە ئەمیری ئازاق، کە ناوی "محەمەد خواجەی خەواریزمی" بوو خۆی و دادوەر و قوتابیەکانی بە خواردنەوە هاتنە

---

[1] پێی دەڵێن: نازۆف و دەکەوێتە رۆژهەلاتی دەریای نازۆف. (المصدر السابق ص ٣٤٠)

پێشوازیمان ئێتر چوینە شار لە قەراغی مەزارێکی لێبوو ووتیان: هی (خزر و ئلیاسە) سلاّوی خودا لە هەردووکیان بێت سەردانیمان کرد پاشان پیاوێك هات ناوی "رەجەب نەهر مەلکی" بوو، نازناوەکەی بە ناوی گوندێکەوە بوو لە ولاّتی عێراق بوینە میوانی و سێ رۆژ لە خانەقاکەی ماینەوە زۆریش رێزی گرتین.

بۆ رۆژی دووەم ئنجا ئەمیر تولوکتمۆر گەیشت و هەموو چوینە پێشوازی چادر و راخەر و پێداویستی شاهانەی بۆ ئامادەکرا و هەر کە لە ئەسپەکەی دابەزی ئاوریشمی سوری بۆ راخرا بەڕاستی ئەمیر پیاوێکی بەڕێز و خاوەن فەزڵ بوو، دەستمی گرت و خستمیە پێش خۆیەوە تا ئامادەبووان بزانن پێگەی تایبەتیم هەیە لای ئەو، ئنجا رۆیشتینە ناو چادرەکەوە بۆ پشودان و کورسیەکیان هێنا روپۆش کرابوو بە بەردی بەنرخ، پاشان فەرموی لە من و دادوەر موزەفەرەدین کرد و خۆشی لەسەر کورسیەکە دانیشت و ئێمەش بەرامبەری لەگەڵ کوڕەکانی و براکەی دانیشتین و وتاربێژ خۆی و قوتابیەکانی لای چەپیەوە دانیشتن ئنجا خواردنیان هێنا بریتی بوو لە گۆشتی ئەسپی برژاو و ئاژەڵی تر لەگەڵ شیری ئەسپ و ماست و...هتد.

دوای ناخواردن مینبەریان دانا و دەستکرا بە خوێندنی قورئان بە خۆشترین ئاواز ووتاربێژ دەستیکرد بە وتاردان بە زمانی عەرەبی و پاشانیش وەردەگێڕرا بۆ زمانی تورکی، ئنجا نزا کرا بۆ سولّتان و داروودەستەکەی و قورئانیش بە جوانترین ئاواز دەخوێنرایەوە، دواتر دەستیان کرد بە ئاواز چرین بە زمانی عەربی و بەو جۆرە ئاوازەشیان دەوت: قەول، دیسان بە زمانی فارسی و تورکی ئاوازیان دەچڕی و پێیان دەوت: مەلەمەع، ئەم جۆرە ئاهەنگە بەردوام بوو تا نزیك شێوان و خواردنیشیان پێشکەش دەکرد ویستم برۆم ئەمیر دەستمی گرت ووتی: بوەستە. ئێتر ئەوەندەی نەبرد دیاریەکی زۆریان هێنا لە پۆشاك و ئەسپ پۆشاکیان پێشکەش کرد بە ئەمیر و کوڕەکانی و براکەی و شێخ موزەفەرەدین منیشیان لەو دیاریانە بێبەش نەکرد ئنجا ئەسپیان هێنا دە ئەسپیان پێشکەش بە ئەمیر کرد و شەش

دانەی تریش درا بە کوڕ و براکەی و بۆ هەر هاوڕێیەکی یەك ئەسپ و منیش ئەسپێکم وەرگرت. ئەسپ لەم ولاتەدا هێندە زۆر بوو لە هەژمار ناهات و نرخەکەشی زۆر هەرزان بوو، نرخی یەکێکیان دەگەیشتە پەنجا بۆ شەست درهەم، ئەم جۆرە ئەسپانە لە ولاتی میسر پێیان دەوترا: ئەکادیش ژیانیان لەسەر بەخێوکردنی ئەم ئەسپانە بوو تورکی وا هەبوو خاوەنی سێ هەزار سەر ئەسپ بوو وەك چۆن خەڵکی لای ئێمە رانەمەڕی هەیە لای ئەوانیش بەو شێوازە ئەسپیان هەبوو. لە نەریتی تورکەکانی ئەو ناوچەیە وابوو، لە دوای هەر گالیسکەیەکەوە کە ئافرەتی تێدا بێت پارچەیەك لبادیان بە درێژی یەك بست دەپێچا بە داریکەوە کە درێژیەکەی گەزێك دەبوو لە سووچێکی گالیسکەکەوە چەسپ دەکرا، کەسی وا هەبوو نزیکەی هەزار ئەسپ یان زیاتری هەبوو دەیانلەوەڕاند و بە رانەئەسپ ناویان دەبرد، هەروەها کاری بازرگانیان پێوە دەکرد و هەندێك جار بۆ فرۆشتن رەوانەی ولاتی هیندستانیش دەکرا کاتێکیش کە بازرگانەکان بەڕێ دەکەوتن ئەسپێکی یەجگار زۆریان لەگەڵ خۆیان دەبرد بۆ هەر پەنجا ئەسپێك شوانێکیان بۆی تەرخان دەکرد وەك مەڕ بەخێویانی دەکرد و پێیان دەوت: (قشی) هەروەها شوانەکە داریکی درێژی بە دەستەوە بوو گوریسێکی پێوە بەستراببو کاتێك بیویستایە ئەسپێك بگرێت یەکسەر لە سەر ئەسپەکەی خۆیەوە بە دارە درێژەکە گوریسەکەی بۆ فرێدەدا و دەیگرت کاتێك ئەم بازرگانانە دەگەیشتنە ناوچەی سند ئالفیان بە ئەسپەکان ئەدا چونکە گژوگیای ولاتی سند هێندە زۆر نەبوو، جاری واش هەبوو ژمارەیەکی بەرچاویان لێ دەمرد و لێشی دەدزرا کاتێك دەگەیشتنە شەشنقار بۆ هەر ئەسپێك حەوت دیناریان ئەدا بە دەسەلاتداران، بە هەمان شێوە لە سەرەتای (مولتان)[1] یش کە دەسپێکی خاکی سند بوو، هەر غەرامەیان ئەدا هەموو ئەو

---

[1] شارێکە دەکەوێتە سنووری هیندستانەوە نزیك غەزنەیە بتێکی زلی لێیە هیندێکان دەیەرستن و بۆحەج سەردانی دەکەن .(معجم بلدان ، للياقوت الحموي ج٥/٢٢٧).لە جوگرافیایی نێستادا لە ئەفغانستانە.(وەرگێر)

پارانە دەیکردە چواریەکی ئەو ئەسپانەی کە بازرگانیان پێیانەوە دەکرد. جارێکیان پاشای سند داوای لە سوڵتان محەمەد ئۆزبێک کرد کە زەکات لە بازرگانە مسوڵمانەکان وەربگرێت و دەیەکیش لە بازرگانە بێباوەڕەکان سەرەڕای ئەوەش هێشتا سودێکی زۆریان بۆ دەمایەوە، چونکە ئەسپێکی هەرزانیان بە سەد دینار دەفرۆشت کە دەیکردە بیست و پێنج دیناری ئالتونی مەغریبی جاری واش هەبوو بە دوو هێندە زیاتر دەفرۆشرا. بەڵام ئەسپی چاک و رەسەن نرخەکەی دەگەیشتە پێنج سەد دینار یان زیاتر هیندیەکان زۆر گرنگیان بە ئەسپی پێشبڕکێ ئەدا، بۆیە هەمیشە عەودالّی ئەسپێك بوون بەهێز بێت و هەنگاوەکانی فراوان و مەزن بێت تا باشتر رێگە ببڕێت جاری وا هەبوو ئەو ئەسپەی بۆ پێشبڕکی بەکاریان دەهێنا لە ولاّتی یەمەن و عومان و فارسەوە هاوردەیان دەکرد و نرخی دەگەیشتە هەزار دینار ئەم جۆرە زۆر رەسەن و بەهێز بوون.

کاتێك ئەمیر تولوکتمۆر گەشتی کرد منیش خۆم ئامادە کرد بۆ گەشتکردن بەرەو شاری (ماجر)[1] شارێکی قەشەنگ بوو دەکەوتە سەر دەریا باخ و دارێکی زۆری لێبوو، پێش ئەوەی دەست بکەم بە گەشتکردن ئەمیر محەمەد خواجە هەموو پێداویستیەکانی گەشتکردنی ئامادە کردبوو لەوێ چوینە خانەقای پیاوچاك و بەتەمەن "محەمەد بەتائیحی" خەڵکی بەتائیحی ولاّتی عێراق بوو جێنشینی شێخ ئەحمەد رەفاعی بوو نزیکەی حەفتا کەسی هەژاری سۆفیشی لەگەڵدا بوو لە خانەقاکەدا دەژیان هەندێکیان هاوسەریان هەبوو هەشیان بوو سەڵت خەڵکی ئەم مەملەکەتە زۆر رێزیان لە هەژارە سۆفیەکان دەگرت و بەردەوام دەستی یارمەتیان بۆیان درێژ دەکرد بەتایبەتی ژنان زۆر یارمەتیان پێشکەش دەکرد و هەندێك جاریش خاتونەکانی سوڵتان و ئەمیرەکان خۆیان بۆ پیرۆزی سەردانی خانەقاکانیان

---

(1) بۆرجوماد زەهریە(Burgmadzahary)، دەکەوێتە سەر رووباری کۆما لە باشووری ئستراخان و رۆژهەلاّتی جۆرجیفسك لە ولاّتی روسیا. (رحلة إبن بطوطة, تحفة النظار، طلال الحرب، ص ٣٢٤)

دەکرد و یارمەتیان بۆیان دەبرد لە ئەسپ و مانگا و مەڕ.

ڕۆژێکیان هەینی بوو چوینە مزگەوت دوای نوێژ زانا "عەزەدین" کە خەڵکی بوخارا بوو سەرکەوتە سەر مینبەرەکە و دەستیکرد بە وتار پێشکەش کردن کەسێکی خواناس و متمانەپێکراو بوو کۆمەڵێك قوتابی هەبوو فێری زانست و خوداناسی دەکردن ئەو ڕۆژە ئەمیر و کاربەدەستەکان هەموو دانیشتبوون ئنجا شێخ محەمەد بەتائیحی هەستایە سەر پێ ووتی: شێخ ئەیەوێت گەشت بکات جا هەر کەسە بەپێی توانای خۆی با یارمەتی بدات و خۆشی فەرەنجیەکی پۆشی بوو پێشکەشی شێخ عەزەدینی کرد ووتی: ئەمە دیاری منە ئیتر هەر کەسە و بە شتێك یارمەتیان پێشکەش دەکرد هەبوو پارە هەبوو ئەسپ یان ئاژەڵی پێشکەش دەکرد دواتر سەیرمانکرد یارمەتیەکی زۆری کۆ کراوەتەوە .

هەر لەم شارەدا چاوم بە جولەکەیەکی ولاتی ئەندەلوس کەوت ووتم: چۆن و کەی هاتوویت؟ ووتی: چوار مانگە گەیشتومەتە (قوستەنتینیە) بێ ئەوەی بە دەریادا بڕۆم تەنها بە ڕێگای وشکانیەوە هاتووم و بە زمانی عەربی دەئاخاوت بەڕاستی بڕوام پێ نەکرد پرسیارم لە هاوڕێکانی کرد کە راست دەکات بەو ماوەیە هاتووە؟ ووتیان: بەڵێ ڕاستە.

لە نەریتە سەیرەکانی ئەم ولاتە ئەوە بوو زۆر ڕێزیان لە ئافرەت دەگرت ژنان پێگەیەکی یەجگار بڵندیان هەبوو بەڵکو لە پیاو زیاتر ڕێزیان لێدەگیرا بەتایبەتیش خاتونی ئەمیرەکان خۆم ئەم ڕێزەم بینیوە کاتێك لە (قیرم) دەرچوین خێزانی ئەمیر بە گالیسکەیەکی تایبەت لەگەڵ خزمەتکارەکانی هات هێندە کەژاوەکەی جوان بوو مرۆڤ سەرسام دەبوو، پەنجەرەی گالیسکەکان کرابوونەوە بە ڕووپۆشی سەوز جوان کرابوون چوار کچی ئێسك سووکی نازدار هاوڕێی خاتون بوون کە پۆشاکی کەشخەیان پۆشی بوو جگە لەمانە چەند گالیسکەیەکی تریش بە دوایانەوە دەڕۆیشتن و هاوڕێیەتی خاتونیان دەکرد.

کاتێك دابەزی چەندین کەنیزە لە دوایەوە چمکی پۆشاکەکانیان بۆ هەڵگرتبوو ئەویش بە لوت بەرزییەوە دەڕۆیشت کاتێك گەیشتە لای ئەمیر، لە بەری هەستا و لە تەنیشت خۆیەوە داینیشاند ئنجا کەنیزەکان بەرامبەریان راوەستان و خواردنەوەی (قیمیزیان)[1] هێنا خاتون خۆی کوپێکی پڕی دایە ئەمیر و خواردێوە، پاشان بە هەمان شێوە خواردنەوەشی بە براکانیدا دواتریش هەموو پێکەوە خواردنیان خوارد ئەمیر پۆشاکی بەخشیە خاتون وەك ڕێزگرتن بەم شێوەیە ژنانی ئەمیر و سوڵتانەکان ڕێزیان لێ دەگیرا لە کاتی خۆیدا بە ویستی خودا باسیان دەکەین. بەڵام خێزانی بازرگان و دوکاندارەکان، لە بازاڕدا هەر یەکەی دوو تا سێ کەنیزەی لەگەڵدا بوو و پۆشاکی جوانیان دەپۆشی و کلاوێکی جوانی شێوە لوولەکیان لەسەر دەکرد و روخساریانی داناپۆشی جوان و سەرنجڕاکێش بوون و هەندێکیان سەری کلاوەکانیان پەڕێکی تاوسی پێوە لکابوو هەندێك جار میردەکانیشان لەگەڵیاندا ڕێیان دەکرد کە مرۆڤ وایدەزانی خزمەتکارە لە گەڵیدایە. دوای ماجر خۆمان پێچایەوە بۆ ئۆردوگای سوڵتان نزیکەی چوار ڕۆژێك لە ماجرەوە دوور بوو جێگایەك بوو پێیان دەوت: بێش داغ، بێش واتا: پێنج، داغیش واتا: چیا. بۆیە وایان پێی دەوت: چونکە پێنج کانی ئاوی گەرمی لێبوو تورکەکانی ئەو ناوچەیە بڕوایان وابوو هەر کەسێك لەم کانیانە خۆی بشوات هیچ کات تووشی نەخۆشی نابێت.

دووبارە کەوتینەوەڕێ بۆ ئەو ناوچەیەی کە خێوەتگای خۆیانی لێ دادەنێن، سەرەتای مانگی ڕەمەزان بوو ئەو شوێنە بوو کە خەڵکی ڕێبوار بە کۆمەڵ لەوێ ئۆردوگای خۆیان دادەنێن بۆ پشودان تەماشامان کرد جێگەکە چۆڵە و ئێمەش ناچار بووین بگەڕێینەوە بۆ ئەو شوێنەی سەرەتا لێوەی دەرچوین، دواتر دەرکەوت خەڵکەکە زۆر دوور نەکەوتبونەوە، منیش لەگەڵ هاوڕێکانم لەسەر گردێك نزیك لە

---

[1] جۆرە شەرابێکی تایبەت بووە بە خەڵکی ئەو ناوچەیە . (وەرگێڕ)

ئەوانەوە دەواری خۆم داکووتی و گالیسکە و ئاژەڵەکانم لە جێگای تایبەت دانا.

لە نەریتی تورکەکان وابوو کاتێك گەشتیان دەکرد مااڵ و دەوارەکانیان لەگەڵ خۆیان بار دەکرد چونکە کێشی سووك بوو لە نێویدا دادەنیشتن و چێشتیشی تێدا دروستدەکرا کاتێك لەسەر گردەکەوە سەیری شوێنی پشوودانمان دەکرد واتەدەزانی شارێکە هێندە خەڵکەکە زۆر بوون لە هەموو جێگایەکەوە دوکەڵی چێشتلێنان بەرز دەبوەوە هەر لەم شوێنە خاتونەکانی سوڵتانمان بینی هەر یەکێکیان خزمەتکار و جێگای تایبەتی خۆیان هەبوو چوارەم خاتون کە بە الامدا تێپەڕ بوو کچی "ئەمیر عیسا بەگ" بوو، کەنیزەیەك و پیاوێکی ئەمیر تەلوکوتمۆری رەوانە کرد و سااڵوی خۆی نارد لەگەڵ دیاری، منیش وەك ڕێز وەرمگرت.

سوڵتانی گەورە "محەمەد ئۆزبیک خان"

ناوی سوڵتان محەمەد ئۆزبیك خان بوو، خان بە واتای سوڵتان دێت، خاوەن دەسەاڵت بوو و موڵکێکی یەجگار فراوانی هەبوو بەهێز و شکۆ و پایەبڵند بوو بە پڵنگ و تێکشکێنەری بێباوەڕەکانی قوستەنتینیە دادەنرا خاکێکی بێشومار لە ژێر قەڵەمڕەوی ئەم سوڵتانەدا بوو، لەوانە (تکفار و قیرم و ماجر و ئازاق و سورادیق) لەگەڵ ناوچەی خەواریزم و سەرای کە ئەمەیان مەڵبەندی دەسەاڵتی خۆی لێبوو ئەم سوڵتانە یەکێك بوو لە حەوت پاشا گەورەکەی جیهان یەکەمیان: کە ئەمیری باوەڕدارانە خودا بیپارێزێت دووەم: سوڵتانی میسر و شام بوو (مەلیك ناسر) سێیەم: سوڵتانی عێراقە چوارەم: سوڵتانی ئۆزبەك کە ئیستا وا باسی دەکەین، پێنجەم: سوڵتانی تورکستان بوو شەشەم: سوڵتانی هیندستان بوو حەوتەمیش: سوڵتانی چینە. هەرکاتێك سوڵتان محەمەد ئۆزبێك گەشتی ئەنجام بدایە هەموو داروودەستە و کۆیلەکانی لەگەڵ خۆیدا ئامادەی گەشت دەبوون هەر خاتونێکی خزمەتکار و پێداویستی تایبەتی بۆ ئامادە دەکرا بۆ کاتی گەشتکردن

هەر کاتێکیش سەردانی هەر خاتونێکی بکردایە پێشتر ئاگادار دەکرایەوە بەڕاستی دانیشتن و گەشتکردنی زۆر بە ڕێوجێبوو.

لە نەریتیدا وابوو هەموو رۆژێکی هەینی و دوای نوێژ لە سەر تەختەیەکی رووپۆشکراوی ئالتونی دادەنیشت لە ژێر گومەزێکی ئالتونی خاتوو "تەیتوغلی" و خاتوو "کەبیك" لای ڕاستییەوە دادەنیشتن لە لای چەپیشێوە "بەیەلون" خاتون و (ئوردوجا) دادەنیشتن لە لای خوارەوەی تەختەکەش هەردوو کوڕەکەی "تین بێك و جان بێك" بوون هەروەها کچەکەشی ناوی "ئیت کوچوك" بوو بەرامبەری دادەنیشت هەر کاتێك خێزانێکی بهاتبایە سولتان لە بەری هەڵدەسا و دەستی دەگرت تا دادەنیشت ئەوکات خۆی پشوی دەدا ئەم ڕێزگرتنە بە بەرچاوی خەڵکیەوە بوو بە ئاشکرا بەڵام خاتوو تەیتوغلی لە هەموویان زیاتر خۆشەویستتر بوو، پاشان پیاوە گەورە و پلەدارەکانی دەوڵەت دەهاتن و سڵاویان دەکرد و لە لای چەپ و ڕاستی سولتانەوە دادەنیشتن هەر کەسێك بهاتبایە خزمتکارێك بە کورسییەوە دەچوە پێشوازی هەروەها زۆربەی خزم و کەسوکاری سولتان لە برازا و کوڕ و کەسە نزیکەکانی لە دەوری سولتان کۆدەبوونەوە، لە پشتیشییەوە سەرباز و ئەمیرەکان و جەنگاوەرە ئازاکان رادەوەستان ئنجا خەڵکی پۆل پۆل دەهاتن و سڵاویان لە سولتان دەکرد و دەڕۆیشتن و لە جێگایەکی دوورتر دەوەستان هەموو کاتێکیش دوای نوێژی عەسر خاتونە شاژنەکان مەجلیسی سولتانیان بەجێدەهێشت و هەریەکەیان بۆ شوێنی تایبەتی خۆی دەگەڕایەوە بە دوای هەر یەکێکیاندا پەنجا کەنیزە بە سواری ئەسپەوە دەڕۆیشت و ئنجا لە دوای ئەو هەموو کەنیزەیەوە زیاتر لە دوو سەد گەنجی ئازای کۆیلەکان بە تیر و شیرەوە پاسەوانییانی دەکرد ئەمەش چۆنێتی هاتن و ڕۆیشتنی شاژنەکان بوو.

لە نەریتی تورکەکاندا وابوو بە کەمی فەرمویان لە ڕێبواران دەکرد بەڵام ئەسپ و مانگا و مەڕیان بۆیان دەنارد لەگەڵ شیر و ماست و پێداویستی تری ڕێبواران جارێکیان نوێژی عەسرم لەگەڵ سولتان ئەنجامدا کاتێك ویستم بڕۆم فەرموی:

دانیشە ئیتر خواردن و گۆشتێکی زۆریان هێنا لەگەڵ شۆربای (دوقی) هەر ئەو شەوە بوو کە شیرینیەکەم برد بۆ سوڵتان ئەویش تەنها پەنجەیەکی خستە نێو حەلواکەو خستیە دەمیەوە هیچی تری لێی نەخوارد.

خاتونەکان (شاژنەکان) و ڕێکخستنی کارەکانیان

هەر شاژنێك گالیسکەی تایبەتی خۆی هەبوو بۆ پشوو میچەکەی ڕووپۆش کرابوو بە ئالتون یاخود بە داری نەخشێنراو بە بەردی بەنرخ و ئەسپێکی بەهێز رایدەکێشا ئەسپەکانیش بە قوماشی ئاوریشمی ئالتونی داپۆشرا بوون ئەو پیاوەی کە سواری یەکێك لەو ئەسپانە دەبوو کە گالیسکەکەی رادەکێشا پێیان دەوت: قشی بە خزمەتکارەکەی لای ڕاستی شاژنیان دەوت: ئولو خاتون واتا: وەزیرە و لە لای چەپیشیەوە پێیان دەوت: کوجوك واتا: پاسەوان جگە لەم دووانە شەش کێژی زۆر جوانی تر ڕادەوەستان و بە کچانی شاژن بانگ دەکران شاژن خۆشی کلاوێکی لەسەر دەکرد کە ڕازێنرابوەوە بە بەردی بەنرخ و سەری کلاوەکەی چەند پەڕێکی تاوسی پێوە لکێنرا بوو جلەکەشی قوماشێکی گرانبەهای دەگمەن بوو لەو پۆشاکانەی کە خەڵکی ڕۆم لەبەری ئەکەن هەروەها وەزیر و پاسەوانیش کڵاوی تایبەتی ڕووپۆشکراو بە ئالتون و زیویان دەپۆشی لەگەڵ پۆشاکی تایبەت و کچەکانیش جۆرێکیان دەپۆشی پێیان دەوت: (نخ)، کە گرانبەها و تایبەت بوون لەگەڵ کلاوی پەڕدار.

سەرەڕای ئەم کێڕانە بۆ هەر یەکێکیان دە تا پانزە لاوی هیندی یان ڕۆمی پاسەوانی شاژنیان دەکرد ئەمانیش پۆشاکی جوان و تایبەتیان دەپۆشی بە دەستی هەر یەکێکیانەوە ستوونێکی ئالتونی هەبوو، کە وەك کەرەستەی پاسەوانی بەکار دەهات هیچ کات ڕێگە بەو لاوانە نەدەدرا تێکەڵاوی کێژەکان بین، تەنها ئەوانە نەبێت کە هاوسەری یەکتری بوون، کاتێك شاژنێك لە جێگایەکەوە بچوایە بۆ

جێگایەکی تر لە دوای هەر گالیسکەیەکی شاژنەوە، نزیکەی سەد گالیسکەی تر هەبوو کە شمەك و خواردن و پێداویستییەکانیان هەڵدەگرت و لە هەر یەکێکیاندا سێ تا چوار کەنیزە سوار دەبوون ئەمەش رێکخستنی کاری خاتونەکان بوو هەر یەکەیان لە جێگای خۆیدا باس دەکەین.

شاژنی گەورە

شاژنی گەورە ناوی "تەیتوغلی" بوو دایکی هەر دوو کوڕەکەی سوڵتان "تین بەگ و جان بەگ" بوو بەڵام دایکی "ئیت کوچوك" پێیش شاژنی گەورە کۆچی دوایی کردبوو بەڕاستی ئەم خاتونە لە بەختەوەرترینی خێزانەکانی سوڵتان محەمەد ئۆزبێك بوو چونکە پێگەی زۆر تایبەتی هەبوو لە دڵی سوڵتاندا و هەمیشە و زۆربەی کات لەلای ئەمیان دەمایەوە سەرەڕای دەست ڕۆیشتویی شاژن بەڵام یەجگار قرچۆك بوو.

پرسیارم لە هەندێك لە کەسە متمانە پێکراوەکانم کرد: ئایا هۆی چییە سوڵتان ئەم خاتونەی لە هەموویان زیاتر خۆشدەوێت؟ ووتیان: سیفەتێکی تایبەتی هەیە ئەوەیە گەنج و چالاکە و ڕەسەنە و هەمیشە وەك کیژێکی لاو دەردەکەوێت لە نەوەی ئەو ئافرەتەیە کە بە هۆیەوە پێغەمبەر سولەیمان سڵاوی خودای لێبێ مولکەکەی لە دەستدا، بەڵام دواتر خودا مولکەکەی بۆ گێڕایەوە ئنجا سولەیمان بڕیاریدا لە جێگایەك دایبنێت کە ئاوەدانی لێ نەبێت، بۆ ئەوەش بیابانی قەفجەقی هەڵبژارد و نیشتەجێی کرد هەروەها دەیانوت: لەشولاری تایبەتمەندیەکی هەیە کە لە ئافرەتانی تردا نییە لە شوێنەکانی تری قەفجەق پرسیاری ئەم جۆرە ئافرەتانەم کرد کە ئایا هەیە؟ ووتیان: شتی وا نییە بەڵام ووتیان: لە ولاتی چین هەیە، لەڕاستیدا نە بەردەستم کەوت و نە راستیەکەشم زانی.

بۆ بەیانی کە لەگەڵ سوڵتاندا دانیشتم و دواتر سەردانی ئەو خاتونەم کرد،

نزیکەی دە ئافرەتی تر بەرامبەری بوون، هەروەك پەنجا کەنیزەی تەمەن بچوك لە بەردەستیدا بوون، چەندەها قاپی جوانی زیو و ئالتون دانرابوون، یەکێکیان پڕ بوو لە گولّەبەڕۆژە پاشان خزمەتکارەکانیش زوو بە زوو پاکیان دەکردەوە سلاّومان لێکرد و ئەویش سلاّوەکەی سەندەوە، یەکێك لە هاوڕێکانم دەستی کرد بە قورئانخوێندن لەسەر ئاوازی میسری ئەویش خۆشحالّ بوو بەو خوێندنە ئنجا کوپێك خواردنەوەی قیمیزی پڕ کرد و دایە دەستم، منیش بە ناچاری وەرمگرت و هەندێکم لێی خواردەوە هەرچەندە ناخۆشیش بوو، ئەوەی مایەوە پێشکەشی هاوڕێکەم کرد ئەوەش لای ئەوان ئەوپەڕی ڕێزە کاتێك خواردنەوەیان پێشکەش دەکرد، ئیتر دەستی کرد بە پرسیار کردن دەربارەی گەشتەکانم و منیش هەموو پرسیارەکانیم وەلاّمدایەوە بۆیە سەرەتا چوینەی لای ئەم شاژنە چونکە لە هەموویان زیاتر گەورە و بەڕێزتر بوو.

خاتونی دووەم ئەوەی دوای شاژنی گەورە بوو

ناوی کەبیك خاتون بوو بە زمانی تورکی واتا: هەلّبژاردە و ناسك کچی ئەمیر نەغەتی بوو باوکی تووشی نەخۆشی نەقرەس (داء الملوك) بوو لای ئەم خاتونە چاوم پێکەوت کە سلاّومان لێی کرد زۆر بە گەرمی بەخێرهاتنی کردین پێشتر خاتون قورئانی دەخوێند و نزیکەی دە ئافرەتیش سەرقالّی پۆشاك دووریەن بوون ئنجا کەوتە گفتوگۆ کردن و فەرمانیدا خواردنەوەی قیمیز ئامادە بکەن وەك پێشتر ئێمەش خواردمانەوە و ڕۆیشتین.

خاتونی سێیەم

ناوی بەیەلون خاتون بوو کچی پاشای قوستەنتینیەی گەورە "تەکفور" بوو کاتێك سەردانیم کرد لەسەر کورسیەکی جوانی ڕوپۆش کراو بە بەردی بەنرخ دانیشتبوو چەندها کەنیزەی ڕۆمی و خزمەتکار ڕاوەستا بوون لەگەلّ پاسەوانی

تایبەت و لاوی جەنگاوەر کە پێیان دەوترا: حیجاب پاش سڵاوکردن بە گەرمی بەخێرهاتنی کردین و پرسیاری وڵات و ناوچەکەمی کرد منیش هەموو پرسیارەکانیم وەڵام دایەوە، باسی دووری وڵاتی رۆژئاوام بۆ کرد کە چۆن هاتووین دەستی کرد بە گریان و خێرا بە دەستەسرەکانی فرمێسکەکانی دەسڕی فەرمانی کرد خوارن و خواردنەوەیان بۆ هێنابن ئنجا ووتی: هەر شتێکتان پێویست بوو داوا بکەن بەڕاستی زۆر بەخشندە و بەڕێز بوو، هەر لەگەڵ ئەم خاتونەدا بوو کە گەشتم ئەنجامدا بۆ قوستەنتینیەی گەورە لە کاتی خۆیدا باسی دەکەین دوای خۆمان سێ ئەسپ و هەندێك درهەم و رۆن و نان و مەڕی بۆ ناردین.

خاتونی چوارەم

ناوی ئۆردوجا بوو بە زمانی تورکی واتا: مەلە(ئوردوگا) [1] چونکە لەوێ لەدایك ببوو، کچی ئەمیری گەورە عیسا بەگی ئەمیری ئولوس بوو، بە زمانی تورکی ئولوس واتا: ئەمیری گەورە، خۆم ئەم ئەمیرەم بە زیندوێتی بینی بوو خێزانەکەشی "ئیت کوچوك"ی کچی سوڵتان مەحمەد ئۆزبێك بوو بەڕاستی ئەم خاتونە لە هەموو خێزانەکانی تری سوڵتان زیاتر بەسۆز و میهرەبان و نەرمونیانتر بوو، هەر ئەم شاژنە بوو کاتێك چادرەکەم لەسەر گردەکە داکوتا لە ئۆردوگاکە بۆ پشودان بە خزمەتکارەکەیدا دیاری بۆ ناردم، کاتێك چومە خزمەتی لە هەموویان زیاتر ڕێزی گرتین و خواردن و خواردنەوە و شەرابی قیمیزیان بۆ هێنابن ئنجا رۆیشتین بۆ لای خوشکەکەی بۆ سلاوکردن، کە خێزانی ئەمیر عەلی کوڕی رزق بوو.

---

[1] مەلە : ئۆردوگای سەربازی، خێوەتگا، یاخود ئەو جێگایەیە کە کاروان لێی لادەدات بۆ پشودان. (پەراوێزی: لاپەرە۱۹۲)

کچەکەی سوڵتانی گەورە محەمەد ئۆزبێک

ناوی "ئیت کوچوك" بوو بە زمانی تورکی (ئیت) سەگە و کوچوکیش بچـوکە، واتا: سەگی بچکۆلانە بۆیە ئەم ناوەی لێنراوە لەبەر چاوەزار ئەم جۆرە ناونانـە لای عـەرەبیش هەیە، کاتێك چوینە لای ئەم خاتونە لە شوێنی خۆی بوو، شەش میلێك لە باوکیەوە دوور بوو، بـەخێرهاتنی کـردین و فەرمانیـدا کـە زانـا و قوتابیـان و فەقیهەکان لەگەڵ دادوەر ئامادە بن، لەوانە: ئیبن عـەبدولحەمید و کۆمەڵێك موربد لەگەڵ مێردەکەی واتا ئەمیر عیسا، کە ئەوکات تووشی نەخۆشی نەقرەس[1] ببـوو نەیدەتوانی سواری ئەسپ ببێت یاخود لەسەر پێ بووەستێت ئەم نەخۆشیە لە ولاتی تورکان بلاوە جگە لە ئەمیر عیسا ئەمیر نەغەتیش ئالوودەی ئەم نەخۆشییە ببـوو کاتێك ئامادە بـوو چـەند خزمـەتکارێکی لەسـەر تەختەیـەك هـەڵیانگرتبوو لـە تەنیشت ئیت کوچوك دایاننا بەڕاستی ئەم خاتونە بەڕێز و رەوشت جوان و بەخشندە بوو زۆریش یارمەتیداین خودا پاداشتی بداتەوە.

دوو کورەکەی سوڵتان

یەکێکیان ناوی تین بەگ بوو بە واتای: لاشە دێت، دوەمیان جان بەگ"جان"یش بە واتای روحە، وشەی بەگیش واتا: ئەمیر، وەك بڵێی یەکەمیان ئـەمیری روحـە و دووەمیان ئەمیری لاشەیە هەردووکیان کوڕی شازن تەیتوغڵی بوون، هەریەکێکیان جێگا و کۆشکی تایبەتی خۆی هەبوو تین بەگیان لە جوانترین لاوەکانی دونیـا بـوو باوکی خۆشی دەویست و پەیمانی پێدابوو کە دەسەڵاتی پاشایەتی رادەستی بکـات،

---

[1] نەقرەس: نەخۆشییەکی درێژخایەنە و بە هۆی زۆر خـواردنی گۆشـتی سـوور و خواردنـەوە کحولییەکانـەوە تووشی جومگەکان دەبێت، پێشی دەڵێن: داءُ الملوك واتا : نەخۆشی پاشاکان. (المنجد والأعلام ,ص ٨٣١)

کاتێك باوکی کۆچی دوایی دەکات بۆ ماوەیەکی کەم دەسەلاتی گرتەدەست و دواتر بەهۆی چەند کردەوەیەکی ناشیرینەوە کوژرا ئنجا جان بەگی بـرای جلـەوی ولاتـی گرتەدەست لە هەلسوکەوتدا لەو باشتر و داناتر بوو لە ژێر دەستی پیاوێکی شەریف و نەسەبزادە پەروەردە ببوو ناوی "ئیبن عبدولحمید"بوو ئەو دەمـەی چـومە ئـەوێ هەریەك لە دادوەرحەمزە و پێشەوا حوسامەدین بوخاری ووتیان: بۆ پشودان بچۆ بۆ لای جان بەگ منیش ئەوەم ئەنجامدا کە ووتیان.

گەشتەکەم بۆ شاری بولغار[1]

پێشتر ناوی ئەم شارەم بیستبوو، کـە وەرزی وا هەیـە شـەو تیایـدا کورتـە و بەپێچەوانەوە وەرزیش هەیە رۆژی کورتە، ویستم گەشـت بکـەم بـۆ ئـەو ناوچـەیە نێوان پایتەختی سولتان و بولغار دە رۆژ رێگا بوو داوام لە سولتان کرد یارمـەتیم پێشکەش بکات بۆ گەشتەکەم، ئەویش کۆمەلێك خەلکی زیتەلە و گورجی لەگەلدا ناردم لە رەمەزاندا بوو گەیشتینە ئەو ناوچەیە دوای رۆژو شکاندن هەر کە نوێـژی خەوتنان و تەراویحمان کرد لەگەلّ نوێژە تاکەکە ئەوەندەمان زانی سپێدەی بەرەبەیان دەرکەوت، ماوەی مانەوەم لە بولغار سێ رۆژ بوو.

زەوییە تاریکەکان

هەر لەو ناوچەیەوە ویستم گەشتێك ئەنجام بدەم بۆ زەوییە تاریکەکان!، باسـی ئەو جێگایەیان بۆ کردبووم کە نزیکەی چل قۆناغەرێ لە ناوچـەی بولغـارەوە دوور دەبوو، بەلاّم نەڕۆیشتم لەبەر کەمی پێداویستی و بێ سوودی، گەشتکردن بـۆ ئـەم جێگا سەختە بەهۆی گالیسکەی بچـوکەوە دەبـوو کـە سـەگ رایدەکێشـا، تـەنها

---

[1] شاری ستالین گرادی روسیایە، پێیدەلێن: فۆلگا گراد. دەشلێن: ناوچەی سیبریایە ، یان پاشماوەی بولغار تـا ئێستا ماوەتەوە و نزیك بە گوندێکە بە ناوی (بولغار سکویە) نزیکەی ١١٥ کم لە باشـووری شـاری قازانـەوە دوورە و بە دووری ٧ کم لە رووباری فۆلگای رۆژهەلاّت. (تحفة النظار, طلال الحرب،ص٣٥٠)

گیانەوەرێکە دەتوانێت بەسەر بەفردا بڕوات چونکە چرنووکی تیژە و لە بەفردا گیر دەبێت و دەتوانێت رێگا بدۆزێتەوە وەك ڕێبەر و شارەزا بەکاردەهێنرێت جا بازرگانی وا هەبوو نزیکەی سەد سەگ یان زیاتری هەبوو، گەر کەسێك زۆر بەتوانا و خاوەن سەرمایە نەبوایە نایدەتوانی گەشت بۆ ئەم شوێنە ئەنجام بدات لەبەر سەختی رێگا و پێداویستی زۆر گالیسکە هەبوو تەنها سێ سەگ رایدەکێشا، یەکێکیان لە پێشەوە و ئەوانەی تریش بەدوایەوە، هەر کات وەستا دەبوو بووەستیت ئەم سەگانە دەبوو خاوەنەکانیان زۆر بە وریایەوە مامەڵەیان لەگەڵدا بکەن خاوەنەکەی نە لێی دەدا و نە لێی تووڕە دەبوو، هەر کاتێکیش برسی بوایە دەبوو پێش ئەوەی خۆی خواردن بخوات سەگەکانی تێر بکردایە، ئەگەر وای نەکردایە سەگەکان تووڕە دەبوون و خاوەنەکەیان جێدەهێشت بەوەش لەناودەچو.

دوای ئەوەی بازرگانەکان چل قۆناغ رێگایان دەبڕی، لە ناوچەی زەویی تاریکەکان شمەکەکانیان دادەنا و دەگەڕانەوە بۆ جێگای دیاریکراوی خۆیان بۆ پشودان، دواتر بەیانی دەچونەوە بۆ لای شمەکەکانیان تا بزانن چی هەیە، تەماشایان دەکرد سمۆرە یان قاقم یاخود سنجابیان[1] بۆ دانراوە، جا ئەگەر قایل بوونایە بەو هێندەیەی دانرابوو ئەوا هەڵیاندەگرت و دەگەڕانەوە، ئەگەریش قایل نەبوون ئەوا دووبارە دەگەڕانەوە بۆ شوێنی پشودانی خۆیان و بۆ بەیانی بۆیان زیاتر دەکرا بێ ئەوەی کڕیار و فرۆشیار یەکتری ببینن ئیتر نازانرێت کڕیارەکان مرۆڤ بوون یان جنۆکە!. پێستەی ئەم گیاندارانە زۆر گران بوون بەتایبەتی هی قاقم نرخەکەی لە ولاتی هیندستان دەگەیشتە هەزار دینار بە پارەی خۆشمان دوو سەد دیناری ئالتونی دەکرد بەڵام نرخی سمۆرە و سنجاب کەمتر بوو، هۆی گرانی نرخەکەشی ئەوە بوو کە پاشا و ئەمیرەکان بۆ جوانکاری و کڵاو بەکاریان دەهێنا یاخود لە ملیان دەکرد هیچ کات نە کێچ و نە ئەسپێ لەم جۆرە پێستانە نادات.

---

[1] سمۆرە گیاندارێکی ناسراوە، رەنگی پێستەکەی سووری تۆخ بە لای رەشدایە، پێستەکەی بۆ جوانکاری بەکاردەهات سنجابیش وەك سمۆرە وایە، بەڵام لەو گەورەترە و کلکی بەرز دەکاتەوە و توکەکەی درێژ و نەرمە، بەڵام قاقم وەك ڕێویە درێژە و لە هاویندا رەنگی تۆخە و لە زستانیشدا سپی و جوانە. (پەراوێز:لاپەرە ١٩٦)

دوای گەشتەکەم بۆ ولاتی بولغار لەگەڵ ئەو ئەمیرەی کە سوڵتان ڕەوانەی کردبوو گەڕامەوە بۆ ناوچەی (بیش داغ) لە ڕۆژی بیست و هەشتی ڕەمەزان نوێژی جەژن و هەینیم کرد ویستی خودا وابوو جەژن کەوتە ڕۆژی هەینیەوە.

ڕێوڕەسمیان لە کاتی جەژندا

لە بەیانی یەکەم ڕۆژی جەژندا بوو سوڵتان بە خۆی و سەربازەکانییەوە کەوتەڕێ بەرەو کۆشکەکەی لەگەڵ خێزانەکانی، هەر خاتونێك سواری گالیسکەی تایبەتی خۆی بوو لەگەڵ پاسەوانی تایبەت هەروەها کچی سوڵتانیش لەگەڵیان کەوتەڕێ و تاجی شاهانەی لەسەر کرد بوو کە لە دایکێوە بە میراتی وەریگرت بوو بە هەمان شێوەی کچەکەی کوڕەکانیشی ئامادەبوون بە خۆیان و سەربازەکانیانەوە .

لەو لاشەوە دادوەری گشتی شەهابەدین سایەلی و کۆمەڵێك لە زانا و فەقیە و شێخ و موریدەکان لەگەڵ پێشەوا بەدرەدین قەوامی و ئیبن عەبدولحەمید، ئەمانە لەگەڵ هەردوو کوڕەکەی سوڵتان بەرەو کۆشك چون سەربازەکان ئالاّ و تەپڵیان بە دەستەوە بوو دادوەر شەهابەدین پێش نوێژی کرد و چوە سەر مینبەرەکە وتارێکی جوانی پێشکەش کرد پاشان سوڵتان لەگەڵ شاژنەکانی بەرەو کۆشکەکەی کەوتەڕێ، هەر بە تەنیشت کۆشکەوە دوو بورج دروستکرا بوو بۆ کوڕەکانی و کچەکەی کە خاوەن تاج بوو، هەروەها کورسیەکی زۆر کە بە زمانی خۆیان پێیان دەوت: سەندەڵی بۆ ئەمیر و وەزیر و کوڕانی کاریەدەستەکان ئامادەکرا هەر یەکێك کورسی تایبەتی خۆی هەبوو، پاشان بۆ هەر ئەمیرێکی"تۆمان" کە دەهەزار سەرباز لەژێر دەستی بوو تەپڵەی تایبەت دانرابوو کە لە پوش دروستکرابوون بۆ تیر تێگرتن ژمارەیان حەڤدە ئەمیر بوون ئەم ئەمیرانە سەد و حەفتا هەزار سەرباز لە ژێر دەستیاندا بوو جگە لەوەش کورسی تایبەت لە گۆڕەپانی تیرتێگرتنەکە دانرابوو بەرز بوو وەك مینبەر وابوو تا ئەمیرەکان بڕوانە سەربازکان کاتێك یاری و مەشقیان دەکرد .

پاشان پۆشاکی تایبەت دەهێنرا بۆ ئەمیرەکان و هەریەکەیان لە بەری کرد دواتر دەڕۆیشتن بۆ نزیك کۆشکی سوڵتان بۆ خزمەتکردن خزمەتەکەیان ئەوە بوو ئەژنۆی ڕاستیان لەسەر زەوی دادەنا و قاچێکیان درێژ دەکردەوە، ئنجا ئەسپێکی زینکراویان دەهێنا و ئەمیر قاچێکی ئەسپەکەی بەرز دەکردەوە و ماچی دەکرد و بە دەستی خۆی لغاوی ئەسپەکەی دەگرت و دەیبرد بۆ شوێنی دیاریکراوی خۆی کە سەربازەکانی لێدەوەستا بو شێوازو تەرتیبە هەر ئەمیرێك ئەو کار دەکرد لە کۆتییدا سوڵتان لەسەرخۆ لە کۆشکەکە دادەبەزی و سواری ئەسپەکە دەبوو دەڕۆیشت بۆ ئوتاق دواتر کورِانی سوڵتان و "ئیت کوجوك"ی کچی بە گالیسکەی رازاوە بەرێدەکەوتن بۆ ئوتاق یان (بارەگا)بەڵام پاسەوان و ئەمیر و سەرباز و وەزیرەکانی بە پیادە لە پێش سوڵتانەوە دەڕۆیشتن تا دەگەیشتنە جێ (بارەگا)کە گۆڕەپانێك بوو کۆشکێکی گەورەی لە دار دروستکراوی لێبوو لەسەر چوار قاچی دار دانرا بوو قاچەکان بە زیو ڕوپۆش کرابوون لە ژورەوەش جێگای تایبەت بە سوڵتان و شاژنەکان هەبوو تەختە فەرشی جوانی دروستکراو لە ئاوریشمی گرانبەهای لەسەر راخرا بوو لەگەڵ هەموو پێداویستیەکان لە دورەوە ئەم کۆشکە دیار بوو قەشنگ وسەرنج ڕاکێش بوو .

سوڵتان و شاژنەکان و کچەکەی و هەردوو کورِەکەی لە شوێنی تایبەتی خۆیان دادەنیشتن و خواردن دەهات کە بریتی بوو لە: گۆشتی کولاّی بەرخ و ئەسپ، لە بەردەستی هەر ئەمیرێك خوانێك دادەنرا ئنجا (باروجی) دەهات کە ئەمانە کەسانێك بوون خزمەتیان دەکرد و هەر یەکێکیان پۆشاکی جوانی ئاوریشمی پۆشی بوو پشتوێنێك بە قەدییەوە بوو کە کۆمەڵێك چەقۆی تایبەتی تیژی هەڵگرتبوو پارچە گۆشتی لێ دەکردەوە بە ئێسکەوە، چونکە نەریتیان وابوو ئارەزویان دەکرد گۆشت بە ئێسکەوە پارچە بکەن پاشان دەیکردە نیو قاپێکی ئالتونی یان زیو کە ئاو و خوێی تێدابوو ئینجا وەك نەریتی خۆیان پێشکەشی دەکرد هەروەها لەگەڵ گۆشتدا شەرەبەتیشیان دەنۆشی و خواردنەوەی شەرەبەتی هەنگوینیان زۆر

دەخواردەوە جگە لەم جۆرە شەربەتی تریشیان بەکاردەهێنا، هەر کاتێک سوڵتان بیویستایە خواردنەوە بخواتەو، کچەکەی پەرداخێکی بە دەستەوە دەگرت و پڕی دەکرد و بە دەستی خۆی پێشکەشی سوڵتانی دەکرد، دواتر پەرداخێکی تریشی پڕ دەکرد و دەیدا بە خاتونی گەورە و بەو شێوەیە دەیدا بە هەموو خاتونەکانی تر، ئنجا کوڕی یەکەمی سوڵتان خزمەتی دەکرد و دوای ئەویش کوڕی دووەم و پاشان ئەمیرەکان خزمەتیان دەکرد و گۆرانیشیان بۆیان دەوت.

هەر لە نزیك ئەم کۆشکەوە گومەزێکی گەورەی تر بە تەنیشت مزگەوتەکەوە دروستکرا بوو بۆ دادوەر و فەقیە و زانا و وتاربێژەکان، ئنجا سینی گەورەیان دەنارد لە ئالتون و زیو دروستکرا بوون هەر سینییەك چوار گەنجی تورك هەڵیان دەگرت و هەموو جۆرە خواردنێکی لەسەر بوو کەسی وا هەبوو خاوەن وەرع بوو لەسەر سینی ئالتون و زیو خواردنی نەدەخوارد هەبوو دەیخوارد .

خۆم ئەو رۆژە تا چاو بڕیکات گالیسکەم بینی کە شەرابی (قیمزیان) بار کرد بوو سوڵتان فرمانی دەرکرد دابەش بکرێ بەسەر خەڵکیدا، منیش ئەو ڕۆژە یەك گالیسکەم وەرگرت دواتر بە دیاری پێشکەشی دراوسێ تورکەکەی خۆمم کرد.

دوای ئەم هەموو رێوڕەسمەی باسم کرد چوین بۆ مزگەوت و چاوەڕوانی ئەوە بووین نوێژی هەینی ئەنجام بدەین، هەبوو دەیوت: سوڵتان سەرخۆشە و ناتوانێت هەبوو دەیوت: نوێژی هەینی ئەنجام دەدات، ئەوەندەی پێنەچو سوڵتان بە لاری هات و سڵاوی لە سەیدی گەورە کرد و ئەویش بە زەردەخەنەیەکەوە سڵاوەکەی سەندەوە کە بە (ئەتا) بانگی دەکرد، بە زمانی تورکی واتا: باوکی گەورە، دوای ئەنجامدانی نوێژ خەڵکی گەڕانەوە بۆ مالی خۆیان و پاشاش گەڕایەوە بۆ شوێنی پشودان لەگەڵ شاژن و کچەکەی .

شاری تەرخان

دوای جەژن هەنبانە و پێداویستیەکانی گەشتمان پێچایەوە کەوتینەوەڕێ و رۆیشتین بۆ شاری (تەرخان)[1] واتاکەی ئازاد بوونە لە باج دەڵێن: سوڵتان ئەو ناوچەیە دەبەخشێت بە پیاوێکی سالّحی تورك و باجیشی لێ وەرناگرێت، ئیستاش ئەم شارە مەزنە بووە بە جێگایەکی جوان و دڵگیر و دەکەوێتە سەر ڕووباری ئەتەڵ[2]، کە بە یەکێك لە ڕووبارە گەورەکانی دونیا دادەنرێت، ئەو دەمەی ئاووهەوا گەرم دەبوو، سوڵتان لەم ناوچەیە دەمایەوە تا کاتی سارد بوونی کەش، لە زستانیشدا هێندە سارد بوو ڕووبارەکە یەك پارچە دەبوو بە بەستەڵەك، ئەوکات خەڵکی بە هەزاران باری هەنجیر دەهێنن و فرێی دەدەنە سەر ئەم ڕووبارە، بێ ئەوەی بیدەن بە ئاژەڵ، چونکە ئاژەڵ هەنجیر ناخوات، بەڵکو وەك ولاّتی هیندستان گژوگیایان بە ئاژەڵەکانیان ئەدا، رۆیشتن بەسەر ئەم ڕووبارە بەستووە لە کاتی زستاندا دەبوو، جاری وا هەبوو لە کۆتایی زستاندا کاروانی ڕێبواران بە گالیسکەوە بە سەریدا تێپەڕ دەبوون نەیاندەزانی ڕووبارە بەستووەکە خاوبووەتەوە لەپڕ نقوم دەبوون، ئەم ڕوداوەش جار جارە ڕوویداوە.

ئەو کاتەی کە گەیشتینە تەرخان خاتوو بەیەلون سکپڕ بوو داوای لە سوڵتان کرد تا رازی ببێت گەشتێك ئەنجام بدات بۆ لای باوکی، کە پاشای ڕۆمەکانی قوستەنتینیە بوو، هەروەها داواشی کرد کە بواری پێ بدات لەوێ بمێنێتەوە تا ئەو کاتەی منداڵەکەی دێتە دونیاوە، داواشی کرد کە من لەگەڵیاندابم تا چاوم بە پاشای قوستەنتینیەی گەورە بکەوێت بەڵام سوڵتان ئەوەی ڕەتکردوە ووتی: دەترسم

---

[1] نستراخانە لەسەر ڕووباری فولگا .(تحفة النظار ، طلال الحرب،ص ۳۵۵)

[2] پێیدەڵێن ڕووباری (ڤولکا) و دەکەوێتە ولاّتی روسیاوە. (مصدر السابق ص ۳۵۵)

ژیانی بکەوێتە مەترسیەوە منیش دڵمداوە ووتم : هیچ نابێت چونکە لە حورمەتی خێزانی پاشام و ئیدی رازی بوو کاتێك کەوتینەڕێ سوڵتان هەزار و پێنج سەد دینار و پۆشاك و چەند ئەسپێکی پێدام، هەر خاتونێك لەلای خۆیەوە یارمەتی خۆی بۆ ناردم، هەبوو زیوی پێدام و هەبوو فەروەی سمۆرە و سنجابی پێشکەش کرد لە دواییدا فەروەیەکی زۆرم کۆکردەوە لەگەڵ ئەسپ و پۆشاك.

گەشت بۆ قوستەنتینیە

لە ١٠ی شەوالدا بوو لەگەڵ شازن بەیەلون کەوتینەڕێ سەرەتا قۆناغێك سوڵتان لەگەڵیدا کەوتەڕێ وەك ڕێوڕەسمێك پاشان خۆی و شازنی گەورە گەڕانەوە و قۆناغێکی تر هەموو خاتونەکان لەگەڵیدا بوون پاشان ئەوانیش گەڕانەوە جگە لەمانە ئەمیر "بەیدر"یش بە پێنج هەزار سەربازەوە لەگەڵیدا بوو. بەڵام سەربازەکانی خاتوو بەیەلون، کە نزیکەی پێنج سەد سەرباز دەبوون دوو سەدیان لە مەمالیك و رۆمەکان بوون و ئەوانی تر تورك بوون، هەروەها ژمارەی کەنیزەکانی دەگەیشتنە دوو سەد کەنیزەی رۆمی، هەموو ئەم سەرباز و کەنیزانە چوار سەد گالیسکە لە ژێر دەستیاندا بوو کە دوو هەزار ئەسپ رایانیاندەکێشا لەگەڵ سێ سەد مانگا و دوو سەد حوشتر جگە لەو کۆمەڵە سەربازە هەندێك سەربازی تایبەتی تر هەبوون هیندی و رۆمێ بوون دوو سەرکردەی ئازا سەرکردایەتیان دەکرد بە ناوەکانی سونبولی هیندی و میخائیلی رۆمی کە پێشیان دەوت: لوئلوئە.

سەرەتا یەکەم شار بۆی چوین (ئوکەك) بوو، نێوان ئەم شارە و مەڵبەندی سوڵتان شاری (سەرای) دە رۆژەڕێ بوو، ئەم شارە تەنها رۆژێك لە چیاکانی (روس) دوور بوو، کە ئەمانە واتا (روس) گەلێکن چاویان شینە و پرچیان زەردە و روخسار

ناشیرین و خوێن تاڵن و ئەهلی غەدرن[1]، خاوەن کانی زیو بوون و بە بار زیویان دەهێنا و لە ولاتی تورکدا ساغیان دەکردەوە، هەر باریکی دەیکرد بە پێنج ئۆقی زیو. دوای ئوکەك بە دە رۆژ گەیشتینە شاری (سورادق)، لەو شارانە بوو کە دەکەوتە سەر رۆخی دەریا و بە شارەکانی دەشتی (قەفجەق) دەناسرا، لە دەرەوەی شاردا دار و باخێکی زۆری هەبوو خەڵکەکەی بەشێکی رۆم بوون و بەشێکی تری تورك زیاتر سەرقاڵی کاری پیشەسازی بوون پێشتر شارێکی گەورە بووە بەڵام بە هۆی شەڕی نێوان تورك و رۆمەوە خانویەکی زۆری سوتاو و وێران بوون خانوەکانیان لە دار دروستکرابوو لەو شەڕەی نێوانیان تورکێکی زۆر کوژرا و رۆمەکان سەرکەوتن، دواتر خەڵکی ناوچەکانی تر بە هانای تورکەکانەوە دەچن و کوشتارێکی یەجگار زۆریان لە رۆمەکان کردبوو، هەندێك لە رۆمەکان دوورخرانەوە و ئەوانی تر ئێستا ئەهلی زیمەن.

دوای ئەم شارە رۆیشتین بۆ شاری (بابا سەلتوق) کۆتا ناوچەی دەسەڵاتی تورکەکان بوو، لێرە بە دواوە دوای هەژدە رۆژ رێکردن بە دەشت و دەردا، دەگەیشتیت بە یەکەم ناوچەی ژێر قەڵەمڕەوی رۆمەکان و لەو ماوەیەدا هیچ ئاوەدانییەکی لێ نەبوو، بۆیە پێویست بوو ئامادەیی تەواوی خۆت وەربگریت لە خواردن و ئاو و رێکخستنی ئاژەڵەکان تورکەکان لە کاتی گەشتکردن لەم ناوچەیەدا

[1] ئەگەر ناوڕێك لە میژووی روسیا بدەینەوە دەبینین هەمیشە دەستدرێژییان کردوەتە سەر ولاتان، وەك داگیرکردن و خاپورکردنی و پشتگیرکردنی دەسەڵاتداری ستەمکار و وەستانەوە بە ڕوی گەلانی نازادیخواز بۆیە لە میژوی نوێدا و لە دوای شۆرشی ١٧ ی ئۆکتوبەری شیوعییەکان، سۆڤیەت وەك هێزێکی درندە کەوتە گیان گەلانی مسوڵمان و غەیرە مسوڵمانی ناوچەکە بە هێزی ئاگر و ئاسن، ولاتانی ئاسیای ناوەڕاستی خستە ژێر رکێفی خۆیەوە، هەر لە ئەفغانستان و قیرغیستان و تاجیکستان و کازاخستان و تا دەگاتە چیچان و...هتد و بە سەدان کۆمەڵکوژی ئەنجامدا و بە هەزاران مزگەوت و کڵێساش روخێنران، تەنانەت ئێمەی کوردیش لە غەدری روس بەدەر نەبووین و بەرامبەری نەوتی نازربایجان کۆماری مهابادی وەك دیاری درا بە شای ئێران، ئێستاش ئەو بۆمب و بەرمیلە بارووتانەی بە فڕۆکە دەخرێنە خوارەوە دژی نازادیخوازانی خەڵکی شام و سووتانی هەزاران ژن و منداڵ و پیر و جوان، ئامارێکی رووننی بەوەی روس نەهلی غەدرن!. (وەرگێڕ)

دۆ و ماستیان تێکەڵ بە شەرابی دوقی دەکرد و دەیانخواردەوە ئیتر تینوو نەدەبوون، لە کاتی وەرزی ساردیدا بوو گەشتمان ئەنجامدا لە ناوەڕاستی مانگی زی لقەعدە کەوتینەڕێ بەو دەشتاییەدا کە ماوەکەی هەژدە رۆژ رێگایە، منیش ناچاربوم ژمارەی ئەسپەکانم زیاد بکەم، رۆژانە بەیانیان و ئێواران بۆ سڵاوکردن دەچومە خزمەتی شاژنی گەورە و داوام لێکرد کە ئەسپی زیاترم بداتێ، تا جار جار لێیان سەربڕین بۆ خواردن، چونکە خزمەتکار و هاوڕێکانم دەچونە لای تورکەکان بۆ خواردن شاژنیش ووتی: مەترسە هەر کاتێك پێویستیت بە ئەسپی زیاتر هەبوو ئەوا بۆت دابین دەکەین و فەرمانیدا بە ساروجەی رۆمی کە یارمەتیم پێشکەش بکات. دوای هەژدە رۆژ لە بەرێکەوتن بە بەیانیان و ئێواران گەیشتینە قەڵای (مەهتولی) کە یەکەم شاری رۆمەکان بوو، لەو ماوەیەدا سوپاس بۆ خودا هیچ ناخۆشییەك نەهاتە رێگەمان، کاتێك نزیك قەڵاکە بووینەوە رۆمەکان ئاگادار کرانەوە لە هاتنی کاروانی شاژن، ئیتر گەورەی قەڵاکە کە ناوی"کافالی" بوو بە سوپایەکەوە لەگەڵ خاتونەکان هاتن بەرەو پێشمان بۆ پێشوازی و هەندێکیان لە لای پاشای رۆمەکانەوە نێردرابوون.

نێوان شاری مەهتولی و قوستەنتینیە بیست و دوو رۆژە رێگا بوو، شانزە رۆژی بە رێگاوە دەبوویت تا دەگەیشتیتە بەندەر و لەوێشەوە بە شەش رۆژ بۆ قوستەنتینیە، گەشتکردن تەنها بە ئەسپ و هێستر دەبوو، چونکە رێگەکان هەموو شاخ و دارستان و سەخت بوون، لەبەرئەوە دەبوو هەموو گالیسکەکان لای بەرپرسی قەڵاکە بەجێبهێڵیت، بۆیە شاژن فەرمانیدا چاودێری گالیسکەکان و شمەکەکان بکرێت تا ئەو کاتەی دەگەڕێینەوە، مالێکیان بۆم تەرخان کرد تا هەندێك لە شمەکەکان و خزمەتکارەکانم لەوێ بەجێبهێڵم، شاژنیش گالیسکەکانی خۆی لەوێ بەجێهێشت و ئەمیر بەیدریش لەگەڵ سەربازەکانی گەڕایەوە و چەند کەسێکی کەم لەگەڵیدا مایەوە، هەروەها مزگەوتە گەڕۆکە دروستکراوەکەشی لەوێ بەجێهێشت.

لەوە بەدواوە بانگی هەڵگرت و بە ئاشکرا مەی لە بەرامبەری دەخورایەوە،

هەندێك لە کەسە نزیکەکانی دەیانوت: شاژن گۆشتی بەرازیشی دەخوارد، کاتی وا هەبوو چەند کەسێك نوێژمان دەکرد من و هەندێك لە خزمەتکارە تورکەکان و کەسی تر نەبوو نوێژ بکات هەر کاتێك نوێژمان دەکرد مەمالیکە رۆمەکان پێدەکەنین، چونکە لە خاکی بێباوەڕەکاندا بووین، جارێکیان شاژن لێیان تووڕە بوو لە هەندێك لە خزمەتکارەکانی خۆی دا و داوای لە ئەمیر "کفالی" کرد کەوا ڕێزێکی تایبەتم لێ بگرن.

دوای بەڕێکەوتن لەم قەلاّیەوە چوینە قەلاّیەکی تر بە ناوی(موسلیمەی کوڕی عەبدولمەلیك) دەکەوتە سەر چیایەك و لە خواریەوە ڕوبارێك دەڕۆیشت ناوی (زاخار) بوو پێشیان دەوت: (ئوستوقلی) هیچی لێ نەمابووەوە جگە لە شوێنەوارەکەی لە دەرەوەشیدا گوندێکی گەورە هەبوو دوای دوو ڕۆژ بەڕێکەوتن گەیشتینە کەنداو لەسەر ڕۆخەکەی گوندێکی گەورە هەبوو لەوێ ماینەوە، لەبەرئەوەی ئاوی دەریا لە هەلّکشاندا بوو چاوەڕێمان کرد تا داکشا و ئنجا کەووتینەڕێ و دوو میلێك ڕێگەمان بڕی، چونکە پانی ئاوەکە هەر ئەوندە بوو دڕێژییەکەشی سێ میلێك دەبوو، دواتریش دوو میلی ترمان بە زەوییەکی لم و بەرداویدا بڕی تا گەیشتینە کەنداوی سێیەم. لە کەنداوەی سێیەم شارێك هەبوو ناوی (فەنیکە) بوو، هەرچەندە بچوك بوو بەلاّم دلّگیر بوو و باخ و ڕوبارێکی ئاوی زۆری هەبوو، میوەیەکی زۆری لێ بەرهم دەهێنرا و لێشی هەلّدەگیرا، وەك سێو و قۆخ و تریّ و ئیجاسە و سەفەرجەل و ...هتد، بۆ ماوەی سێ ڕۆژ لەم شارۆچکەیە ماینەوە، شاژن لە کۆشکێکی باوکی مایەوە بۆ پشودان.

ئەوەندەی نەبرد "کەفالی قەراس"ی برای بە نزیکەی پێنج هەزار سەرباز و کەرەستەی جەنگییەوە هات بۆ پێشوازی، پۆشاکێکی سپی پۆشی بوو لەگەلّ کلاّوی ڕووپۆ شکراو بە خشلّ و زێڕ و سواری ئەسپێکی ڕەنگاوڕەنگ ببوو و پێنج کوڕی پاشا لە لای ڕاست و چەپییەوە بوون ئەوانیش بە هەمان شێوەی کەفالی پۆشاکی سپییان پۆشی بوو سەد سەرباز لە پێشیانەوە دەڕۆیشتن، کە هەموو جۆرە چەك و

پێداویستییەکی جەنگی بە دەستیانەوە بوو، جگە لەمانە سەدی تریش سواری ئەسپ ببوون و کەرەستەی جەنگی بە دەستیانەوە بوو لە شمشێرو کەوان و تیر و قەڵغان و ڕم، هەندێك لە ڕمەکان ڕووپۆش کرابوون بە زیو و ئالتون، جگە لەمانە بەشێك لە سەربازەکان پۆل پۆل بەرێدەکەوتن و لە پێشەوەی هەر پۆلێکیان ئەمیرێکی تایبەتی هەبوو دە پاسەوانی تایبەتیش بە ئالاّی رەنگاوڕەنگەوە لە پێشەوە دەڕۆیشتن هەروەها شەش کەسی تریش کەرەنایان پێی بوو فوویان پێدا دەکرد لەگەڵ زورنا و تەپڵ، شاژنیش گەوهەر و ئالتونێکی زۆری وای بە قەد خۆیدا کردبوو وەسف ناکرێت، لەگەڵ تاجێکی ئالتونی و تەنانەت قاچەکانیشی پڕ بوون لە پاوەنی ئالتونی کە پێیان دەوت: خەڵخاڵی ئالتونی.

مرۆڤ سەرسام دەبوو لەو هەموو سەرباز و پلەدار و خزمەتکارانە، کە بە شێوەیەکی قەشەنگ و ڕێك بۆ پێشوازی لە دەرەوەی شار و لە دەشتاییەکدا کۆ ببوونەوە هەموو پێك گەیشتن و شازادەی بچوکی کوڕی پاشای قوستەنتینیە لەسەر ئەسپەکەی دابەزی و بە گەرمی بەخێرهاتنی خۆشکەکەی کرد و ئەویش ماچی سەری کرد و پاشان کوڕە پاشاکان و ئەمیرەکان هاتن و ماچی ئەو ئاژەڵەیان کرد کە شاژن سواری ببوو. دواتر کەوتنەڕێ و بۆ ڕۆژی دوای ئەوە چوینە شارێك ئێستا ناوەکەییم لە یاد نەماوە، برا گەورەکەی هات بە دە هەزار سەربازەوە ئەم برایەی جێگرەوەی باوکی بوو لە برا بچوکەکەی زیاتر سەرباز و کەرەستەی جەنگی پێ بوو خوشکێکیشی لەگەڵدا هاتبوو، دوای پێشوازیەکی گەرم چونە کەژاوەیەك کە لە ئاوریشم دروستکرابوو، ئیتر نازانم لە ژوورەوە چۆن پێشوازییان لێکرد و سلاّوکردنیان چۆن بوو ئەم ناوچەیە نزیکەی دە میلێك لە قوستەنتینیەوە دوور بوو.

بۆ بەیانی هەموو خەڵکی قوستەنتینیە بە ژن و منداڵ و پیر و لاوەوە بە جوانترین شێواز کەوتبوونە ڕێ بۆ پێشوازی کردن لە خاتون هەر لە بەیانی زووەوا بوو دەستکرا بە تەپڵ کووتین و کەرەنا لێدان و هەرچی سەرباز و فەرماندەکان هەبوون لە حاڵەتی ئامادەباشیدا بوون پاشای قوستەنتینە و خێزانەکەی لە

کەژاوەیەکی تایبەتدا بوون وەك چەترێکی گەورە وابوو چەند سەربازێك لە هەر لایەکەوە کۆڵەکەیەکی هەڵگرتبوو، کاتێك نزیك بونەوە قەرەبالّغیەکی وا دروست بوو ترسام لە خۆم و ناچار بووم خۆم خزاندە نێوان پاسەوانەکانی شاژنەوە ووتیان: کاتێك شاژن لە دایك و باوکی نزیك بۆتەوە ماچی زەویەکەی کردوە هەروەها ماچی بن پێی ئەسپەکەی دایك و باوکیشی کرد بوو، ئنجا ئەوانەی لەگەڵیدا بوون بە هەمان شێوەی شاژن ماچیان کرد.

دواتر لە ئێوارەدا بوو چوینە نێو شاری قوستەنتینیە، ئنجا لە هەموو لایەکی شارەوە لە زەنگی کلێسا درا و دەنگی زەنگەکان سەرتاپای شاری داگیر کردبوو!، ئێمەش چوینە دەرگای شار لەسەر دەرگاکان کە وەك دوکان وابوو، پاسەوانێکی زۆر بە چەکەوە وەستا بوون، هەر کە چاویان بە ئێمە کەوت هاواریان کرد: سەراکانو، سەراکانو واتا: مسوڵمان، مسوڵمان، ئیتر رێگریان کرد بڕۆینە ژوورەوە، کاتێك پاسەوانەکانی شاژن ئاگادار بوونەوە ووتیان: ئەمانە لە تەرەف ئێمەن و هاوڕێی شاژنن ووتیان: نابێت بچنە ژوورەوە تا مۆڵەت وەرنەگیرێت بۆیە کەسێکیان ڕەوانە کرد شاژنیان ئاگادار کردەوە ئەویش فەرمانی بۆیان نارد تا رێگەمان لێ نەگرن و ئەوەی بۆ پاشای باوکی روون کردەوە کە ئێمە چین و بۆ چی مەبەستێك هاتووین، ئنجا رێگەیان بۆ کردینەوە و جێگایەکی تایبەتیشیان بۆ دابین کردین لە نزیك شوێنی پشودانی شاژن، رۆژانە یارمەتی و خواردنیان بۆ دەناردین، لە گۆشتی بەرخ و مریشك و نان و گۆشتی نەهەنگ و میوە و درهەم و فەرشی راخەر و ...هتد، بۆ رۆژی چوارەم چومە دیدەنی پاشای قوستەنتینیە.

سوڵتانی قوستەنتینیە

ناوی تەکفورە کوڕی پاشا جەرجیس بوو ئەوکات جەرجیس لە ژیاندا مابوو، بەڵام دەسەڵاتی بەجێهێشتبوو بۆ کوڕەکەی و خۆی لە کلێسادا سەرقاڵی زوهد و ڕەهبانیەت بوو بە ویستی خودا لە کاتی خۆیدا باسی دەکەین، بۆ رۆژی چوارەم کە

لە شاردا بووین شاژن "سونبولی هیندی" رەوانە کرد بۆ لام دەستمی گرت و بردمی بۆ کۆشکی شاهانە، لە چوار دەرگای کۆشك پاسەوانی تایبەت هەبوون، ئەو دەرگایانەمان بڕی و لە دەرگای پێنجەم وەستام و سونبولی هیندی رۆیشتە ژوورەوە، کاتێك گەڕایەوە چوار لاوی رۆمی لەگەڵ خۆیدا هێنا و کەوتنە پشکنین تا بزانن چەقۆ یان خەنجەرم هەڵگرتوە یان نا، گەورەکەیان ووتی: نیگەران مەبە ئەمە پشکنینە و نەریتە هەر کەسێك خەڵکی شار بێت یان جێگایەکی تر رێبوار بێت یان کەسێکی تایبەت هەر دەبێت بپشکنرێت . ئەمە نەك هەر لێرە بەڵکو لە وڵاتی هیندستانیش نەریت بوو ئنجا پاسەوانی دەرگا دەستمی گرت و چوار کەسی تریش لەگەڵمدا هاتن، دووان لە لای راستەوە و دووانیش لە لای چەپ، چومە جێگایەکی فراوان دیوارەکانی وێنەی سەرنجڕاکێشی لەسەر نەخشێنرابوو، وەك وێنەی ئاژەڵ و سروشت دواتر ئێمەیان رادەستی سێ پاسەوانی تر کرد ئەوانیش دەستمیان گرت تا چوینە جێگایەکی تر یەکێکیان جولەکە بوو بە زمانی عەرەبی ووتی: مەترسە من خەڵکی وڵاتی شامم هەر کەس بچێتە دیدەنی پاشا بەم شێوازە دەڕوات، منیش پیشەم وەرگێڕە لای پاشا ووتم: چۆن سڵاوی لێ بکەم؟، ووتی: بڵێ: السلام علیکم.

پاشان گەیشتینە گومەزێکی گەورە، تەماشام کرد سوڵتان لەسەر جێگایەکی تایبەت راکشابوو لەملاولایەوە پاسەوان وەستابوون بە کەرەستەی جەنگییەوە، هەروەها خێزانەکەشی لە تەنیشتیەوە دانیشتبوون، لەگەڵ کوڕەکانی و کچەکەی واتا "شاژن بەیەلون"سوڵتان ئاماژەیەکی بۆ کردم تا نزیك ببمەوە، منیش رۆیشتم، ئنجا ووتی: دانیشە. بۆیە وای ووت تا ئارام ببمەوە منیش سڵاوم کرد و دانەنیشتم، ئنجا دەستیکرد بە پرسیار کردن لە بارەی بەیتولەقدیس و شوێنی لە دایکبوونی حەزرەتی عیسا و بەیت لەحم و شاری خەلیل، هەروەها هەوالّی میسر و عێراق و شام و رۆمیشی لێکردم، منیش وەك نەریتی خۆم هەموو پرسیارەکانیم وەڵام دایەوە و خێرا خێراش جولەکەکە قسەکانی بۆ پاشا وەردەگێرا و سەرسام بوو بە وەڵامەکانم.

پاشان بە منداڵەکانی ووت: ڕێز لەم پیاوە بگرن و ئەمانی بدەنێ و پارێزگاری لێ بکەن، دواتر عابایەکی خۆی دامێ تا لە بازاڕدا بیپۆشم چونکە هەر کەسێك پۆشاکی پاشای لەبەردابوایە و بە بازاڕدا بڕۆیشتایە ڕێزێکی تایبەتی لێدەگیرا و دەبوو بە ئەمانێك بۆی، هەروەها چەند پاسەوانێکیش چاودێریان دەکرد، جگە لەوەش فەرمانیدا چەند کەسێکی تایبەت تەرخان بکەن، بۆ ئەوەی لە بازاڕدا لەگەڵمدا بێت، تا منیش لەسەرخۆ هەموو دیمەنە جوان و سەرنجڕاکێش و سەرسووڕهێنەرەکانی قوستەنتینیە تەماشا بکەم و بۆ ولاتی خۆم باسیان بکەم. زۆر جار ئەوەی بە بازاڕدا دەڕۆیشت و عابای پاشای پۆشی بوو، چەند کەسێك هاوڕێیەتیان دەکرد و خێرا خێراش فوویان بە کەرەنادا دەکرد و لە تەپڵیان دەدا، ئەمەیان بۆ ئەو تورکانەش ئەنجام دەدا کە لە ولاتی سوڵتان محەمەد ئۆزبێکەوە دەڕۆیشتن بۆ قوستەنتینیە.

شاری قوستەنتینیە

قوستەنتینیە[1] شارێکی یەجگار گەورە و مەزن بوو و لە دوو بەش پێکدەهات، بە بەشی ڕۆژهەلاتی دەوترا: ئەستەنبوڵ و بە بەشی ڕۆژئاواش دەوترا: غەڵەتە، لە نێوانیاندا دەریایەك هەبوو فراوان و مەزن بوو ناوی ئەبسومی[2] بوو هەمیشە لە هەڵکشان و داکشاندا بوو وەك ئەوە وابوو لە نێوان دوو دۆڵدا بێت هاوشێوەی دۆڵی (سەلا)ی ولاتی مەغریبە، کۆشك و دەسەلاتی پاشا و هەموو ئەربابی دەوڵەتەکەی و زۆرینەی خەڵکەکەی لە بەشی ڕۆژهەلاتدا نیشتەجێ بوون هەروەها هەموو خاوەن

---

[1] قوستەنتینیە بە ناوبانگترین شارە لە سەرتاستی جیهان، لە کۆندا پێگەی ڕۆمە بیزەنتێکان بوو، لە ساڵی ٣٣٠ ز لەسەر دەستی ئیمپراتۆری بیزەنتین"قوستەنتینی یەکەم" بنیاتنراوە، لە سەردەمەکانی دەوڵەتی ئیسلامیدا هەوڵی فەتح کردنی درا بەڵام نەتوانرا، تا لە سەردەمی سوڵتان محەمەد فاتیحدا لە ساڵی ٨٥٧ ك بە تەواوی نازادکرا و بوو بە بەشێك لە خاکی ئیسلام. (الدولة العثمانية عوامل النهوظ و اسباب السقوط، علي محمد الصلابي ، الدار للتوزيع والنشر ص١٠٨ ، ٢٠٠١م ط١، مصر).

[2] دەریای مەرمەرەیە. (وەرگێڕ)

پیشەکانیش لەوێ بوون و بازاڕ و جێگای تایبەتی خۆیان هەبوو، بێ ئەوەی تێکەڵاوی یەکتری بن بازاڕەکانی دەرگای خۆیان هەبوو بە شەوان دادەخران ئەوەی جێگای سەرەنجە زۆربەی فرۆشیارەکانی ئافرەت بوون. ئەم بەشەی قوستەنتینیە دەکەوتە سەر لوتکەی چیایەك کە لە ناو دەریادا بوو پانی و درێژی نۆ میلێك دەبوو کۆشکی پاشا دەکەوتە سەرووی چیاکەوە پێشەوەی هەمووی شورا بوو و لە دەریاشەوە کەس نەیدەتوانی بیبڕێت، کڵێسای گەورە دەکەوتە ناوەڕاستی شارەوە .

بەشی رۆژئاوا واتا غەڵەتە تایبەت بوو بە خەڵکی رۆژئاوا (ئیفرەنجییەکان) لە جەنەوەی رۆمی و فەرەنسە و بندوقیە(ئیتاڵیا)پێکدەهاتن ئەمانە پاشای قوستەنتینیە فەرمانڕەوایانی دەکرد کەسێکی دەکردە گەورەیان پێیان دەوت: قومەس کە خۆیان هەڵیاندەبژارد زۆر جاریش کێشە دەکەوتە نێوان ئەمان و پاشا و ئیتر بە ناچاری پاپا خۆی دەبووە ناوبژیوانیان خەڵکی غەڵەتە سەرقاڵی کاری بازرگانی بوون و خاوەنی سەدان کەشتی گەورە بوون کە پێیان دەوت: قەراقور. بەڵام کەشتی بچوك هێندە زۆر بوو لە ژمارە نایات، بازاڕیان جوان بوو بەڵام پیس و بۆگەنی باڵی کێشا بوو بەسەریاندا و کڵێساکانیان پیس و بێ خێر بوون.

کڵێسا گەورەکە

باسی دیمەنی دەرەوەی دەکەم چونکە بەشی ناوەوەم نەبینیوە ناوی (ئایا سۆفیا)یەدەڵێن: ئاسفی کوڕی بەرخی کوڕە خاڵی پێغەمبەر سولەیمان سڵاوی خودای لێبێت دروستیکردوە، گەورەترین کڵێسای رۆم بوو هەموو لایەکی دیواری پەرژینی هەبوو، ئەوەندە گەورە بوو بە هێندەی شارێك دەبوو سیازدە دەرگای بۆ دروستکرابوو حەوشەکەی نزیکەی میلیك دەبوو، پێش ئەوەی بچیتە ژوورەوە دەرگایەکی مەزن دەهاتە پێشت رێگری لە کەس ناکرا گەر بیویستایە بچێتە ژوورەوە منیش لەگەڵ باوکی پاشا چومە ژوورەوە لە کاتی خۆیدا باسی دەکەین.

لە دەرگای کڵێساوە تا دەگەیشتە دەرگای حەوشە هەمووی کەپر بوو داری مێوی پێدا هەڵواسرا بوو لە ژێریدا گوڵە یاسەمین و رێحانەی لێ چێنرابوو هەر لە نزیك ئەم دەرگایە گومەزێکی لێبوو چەند مێزێکی شێوە تەپڵی لێ دانرابوو خزمەتکارەکانی لێ دادەنیشتن، بە لای راستی گومەزەکەشەوە دیسانەوە کۆمەڵێك مێز و دوکان دروستکرابوون دادەر و نووسەری لێ دادەنیشتن لە ناوەڕاستی ئەم دوکانانەدا گومەزێکی تر هەبوو بە پەیژەی دار بەسەریدا سەر دەکەووتیت و لەسەری گومەزەکەش کورسییەکی گەورە دانرابوو تایبەت بە دادوەر. هەر لە نزیك ئەم گومەزەشەوە بازاڕی بۆنفرۆشەکان هەبوو هەروەها لە تەنیشت هەر دەرگایەکی کڵێساوە لێوارێك هەبوو کە خزمەتکارەکانی لێ دادەنیشتن و کاریان ئەوە بوو گسکیان دەدا و چرایان دادەگیرسان و دەرگایان دادەخست و رێگەشیان بە هیچ کەس نەدەدا بڕواتە ژورەوە تا سوجدەی نەبردایە بۆ ئەو خاچەی کە گوایە پێغەمبەر عیسای پێدا لە خاچ درا کە بە خاچە گەورەکە ناویان دەبرد و دارەکەی بەرگێکی

ئالتونی بە دریژی دە بالّی بۆ دروستکرا بوو کە تەماشات دەکرد وەک خاچێکی ئالتونی دەردەکەوت جگە لەوەی کە بە ئالتون رووپۆش کرابوو دەرگاکانیشی بە کانزای زیو رووپۆش کرابوون هەروەها دوو ئەلّقەکەشی لە ئالتون بوون، دەیانوت: ئەم کلّیسایە بە هەزاران قەشەی هەیە و هەندێکیان لە نەوەی حەواریيەکانن، لە ناوەوەش جێگای تایبەت هەبوو بەو کچ و ئافرەتانەی خۆیان یەکلایی کردبووەوە بۆ پەرستش کردن ئەوەندە زۆر بوون لە ژمارە نایەن.

لە نەریتی پاشا و ئەربابەکانی دەولّەت وابوو هەموو بەیانیەک دەڕۆیشتن بۆ زیارەتی کلّیسا دەیانوت: سالّی یەکجار پاپا سەردانی دەکات کاتێک چوار رۆژەڕێ لە قوستەنتینیە نزیک دەبێتەوە ئەو دەمەی دەگاتە دەروازەی شار پاشا دەکەوێتەڕێ بۆ پێشوازی کردنی و لە پێشیەوە بە پیادە دەڕوات هەموو رۆژێکیش ئەوەندی لەوێ بمێنێتەوە بەیانیان و ئێواران دەچێتە لای بۆ سلاّوکردن تا ئەو کاتەی دەگەڕێتەوە.

مانستارەکان(خەڵوەتگاکان)ی قوستەنتینیە

مانستار وەك وشەی مارستان وایە، تەنها ئـەوە نـەبێت (نـون) پێشـکەوتوە و پیتی (راء)یش لە دواوە هاتووە، ئەم شوێنە وەك خانـەقای مسـوڵمانەکان وایـە و ژمارەیان لەو وڵاتەدا یەجگار زۆرە لە هەژمار ناهاتن، لەوانـە خـەڵوەتگای پاشـا جەرجیسی باوکی پاشای قوستەنتینیە کە لە دەرەوەی شاری ئەستەنبوڵ و بەرامبەر ناوچەی غەڵتە بوو هەروەها دووانی تر هەبوون دەکەوتنە دەرەوەی کڵێسای گەورەوە بە لای راستدا یەکێکیان تایبەت بوو بە ئافرەتان و ئەوەی تـریش بـە پیـاوان ئـەم دووانەیان لە نێو باخ و دارستانێکدا بوون ڕووبارێك بە نێوانیاندا تێپەڕ دەبوو چـەند مانگێکیش دروستکرا بوو بۆ ئەو کەسانەی خۆیان یەکلا کردبوەوە بۆ خوداپەرسـتی دەیانوت: کاتی خۆی پاشایەك دروستیکردوە.

هەروەها دووانی تریش هەبوون دەکەوتنە ناوەوەی کڵێسای گەورە بەلای چەپدا و چەند مانگێکی لێ دروستکرابوو ئەم دوو جێگایە تایبەت بوون بە کەسانی نابینـا و بەتەمەنەکان، ئەوانەی تەمەنیان لە سـەرووی حـەفتا سـاڵەوەیە، بەتایبـەتی ئـەو پیرەپیاوانەی بە ساڵادەچن و توانای کارکردنیان نامێنێـت و خـواردن و خـەرجی و پۆشاکیان بۆ تەرخان دەکرا، هەر لە ناو ئەم خەڵوەتگایانـەدا جێگایـەکی تایبـەتی بچوك هەبوو بۆ پاشاکان کاتێك پیر دەبـوون تەمـەنیان دەگەیشـتە ٦٠بـۆ٧٠سـاڵ لەوێدا سەرقاڵی خوداپەرستی دەبوون تا دەمرن و پۆشـاکی مووییـان دەپۆشـی کـە پێیان دەوت: مسوح. جارێکیان چومە یەکێك لە خەڵوەتگاکان زیاتر لە پێنج سەد کچی لێبوو پۆشاکی مسوحیان پۆشی بـوو منـدالێکی بچـوك لەسـەر مینبـەرێك دانیشتبوو ئنجیلی دەخوێندەوە و ئەوانیش گوێیان بۆ ڕاگرتبوو بەڕاسـتی ئەوەنـدە دەنگی خۆش بوو سەرنجی رادەکێشای ئەم کچە راهیبانە جـوان و قەشـەنگ بـوون دەیانوت: ئەمانە زۆربەیان کچی پاشاکانن و تا مردن تەمەنی خۆیان تەرخان دەکەن

بۆ خزمەتکردنی کڵێسا هەر یەکەیان پرچی خۆی کـورت کردبـوەوە و سـەری بـە قەڵەنسوەیەك داپۆشی بوو، هەروەها لە کڵێسای تریش بە هەمان شێوە ئـافرەت و کچێکی زۆرم بینی راهیبە بوون خەڵکی ئەم ناوچەیە زۆربەیان قەشە و راهیب بوون و ژمارەی کڵێسا و مانستارەکانیان لە بەر زۆری لە هەژمار نایەن.

پاشای راهیب "جەرجیس"

ئەم پاشایە پێشتر ئاماژەم پێکرد دەسەڵاتی بـۆ کوڕەکـەی بـەجێ دەهێڵێـت و خەڵوەتگایەك لە دەرەوەی شار لەسەر رۆخـی دەریـا دروسـت دەکـات و سـەرقاڵی خوداپەرستی دەبێت، رۆژێك لەگەڵ ئەو لاوە رۆمییەی کە تەرخانیان کـرد بـوو بـۆ یاوەری کردنم چاوم پێکەوت تەماشام کرد بە پیادە لەگەڵ چـەند راهیبێکـی تـردا دەگەڕێن ریشێکی درێژی سپی هەبوو قەڵەنسـوەیەکی بەسـەریدا دابـوو هـەروەها تەسبیحێکی لە مل کردبوو، هەستت دەکرد ئەم کەسە سەرقاڵی خوداپەرستی بووە گۆچانێکیش بە دەستییەوە بوو کاتێك لێی نزیك بووینەوە لاوە رۆمییەکە دابەزی و بە منیشی ووت: دابەزە ئەوە باوکی پاشایە، ئنجا سلاوی لێکرد و پاشان پرسیاری منی لێکرد؟ ووتی : بەو سەراکانوە (مسوڵمانە) بڵێ من ئەو دەستە دەگوشـم کـە چوەتە بەیتولمەقدیس لاوە رۆمییەکە عەرەبی دەزانی، ئەوەی بۆم وەرگێـڕا و ئنجـا دەستی خستە سەر پێیەکانم و مەسحی روخساری خۆی پێکـرد بەڕاسـتی سەرسـام بووم لەو نەریتەیان!.

دواتر دەستمی گرت و بـە پیـادە دەڕۆیشـتین، کەوتـە پرسـیارکردن دەربـارەی نەسرانیەکانی بەیتولمەقدیس و پرسیارێکی زۆری لێکـردم، کاتێـك نزیـك دەرگـای کڵێسای گەورە بووینەوە، قەشە و راهیبێکی زۆر لێـی کۆبوونـەوە کـە چـاوی بـە راهیبـەکان کـەوت دەسـتمی بـەردا پـێم ووت: دەمـەوێت بێمـە ژوورەوە بـە لاوە رۆمییەکەی وت: پێی بڵێ دەبێت کڕنۆش بـەری بـۆ خاچـی گـەورە چـونکە ئـەوە

نەریتی باپیرانیان بووە منیش ئەوەم رەتکردەوە ئیتر رۆیشت و نەگەڕایەوە منیش بەجێم هێشت و دواتر چاوم پێی نەکەوتەوە.

باسی دادوەرەکانی قوستەنتینیە

دوای ئەوەی پاشای راهیبم بەجێهێشت رۆیشتم بۆ بازاڕی پەرتوك فرۆشان، دادوەر منی بینیبوو یەکێك لە هاوڕێکانی خۆی نارد بۆ لای لاوە رۆمییەکە کە لەگەڵمدا بوو، پرسیاری منی لێ کردبوو لە وەڵامدا پێی وتبوو: ئەوە قوتابیەکی مسوڵمانە کە گەڕایەوە هێندەی نەبرد دووبارە هاتەوە ووتی: دادوەر نەجەشی کافالی بانگت دەکات، منیش رۆیشتم و چومە سەر ئەو گومەزەی کە لێی دانیشتبوو، تەماشام کرد پیاوێکی بەتەمەنی ریش سپی جوان بوو و عابایەکی رەشی پۆشی بوو دە نووسەر لە بەردەستیدا بوو سەرقاڵی نووسین بوون کە سڵاوم کرد هەموویان هەستانە سەر پێ ئنجا ووتی: تۆ میوانی پاشای پیویستە رێزت بگرین پاشان دەستی کرد بە پرسیار کردن دەربارەی ولاتی شام و میسر و بەیتولمەقدیس منیش وەڵامم دایەوە پرسیارێکی زۆری کرد بووە قەرەباڵغی پاشان ووتی: دەبێت ببیتە میوانی من لە ماڵەوە ئیتر من ئەوێم بەجێهێشت و دواتر نەمبینیەوە.

باسی دەرچونم لە قوستەنتینیە

دوای ئەو ماوەیەی کە لەوێ بوین، ئەوەمان بۆ ڕون بووەوە کە خاتوو "بەیەلون" لەسەر ئایینی باوکێتی و نایەوێت بگەڕێتەوە ئەو خەڵکە تورکەی کە لەگەڵیدا هاتبوون، داوایان کرد کە مۆڵەتیان پێ بدرێت بگەڕێنەوە ئەویش قایل بوو دیاریەکی زۆری دانێ و هەروەها ئەمیرێکیشی بە پێنج سەد سەربازەوە لەگەڵماندا نارد کە ناوی "ساروجەی بچوك" بوو بۆ پاسەوانی کردنی رێگا تا

ئەچینە سنووری ولاتی محەمەد ئۆزبێك، منیش لە دیاریەکانی بێبەش نەبووم و سێ سەد دیناری ئالتونی پێ بەخشیم، کە بە زمانی خۆیان پێیان دەوت: بەربەرە لەگەڵ پۆشاکی بۆندار و دوو هەزار درهەمی بندوقیە و دە پۆشاکی سوف و کەتان و ئاوریشم و دوو ئەسپ کە ئەمەیان دیاری باوکیان بوو، دواجار مالئاوییم لێکرد و رۆیشتین، ماوەی مانەوەم لە قوستەنتینیە مانگێك و شەش رۆژ بوو.

ئنجا بە هاوڕێیەتی ساروجەی بچوك کەوتینەڕێ زۆر رێزی دەگرتم چونکە خاتوو بەیەلون ئەوەی پێ راسپارد کە رێزی تایبەتیم لێ بگرێت، بە بیابانەدا کەووتینەوەڕێ تا گەیشتینە باباسەلتوق، سێ رۆژ لەوێ ماینەوە و دواتر ساروجە گەڕایەوە، ئەو دەمەی کە گەیشتینە ئەوێ کەشوهەوا زۆر سارد بوو، لەبەر سەرما سێ فەروە و دوو شەروالم پۆشی و نەمدەتوانی بە ئاسانی سواری ئەسپەکەم ببم و هاوڕێکانم یارمەتییان دەدام تا سواری ئەسپەکەم ببم، هەروەها خوفێکی سوف و کەتانم پۆشی و لە سەرووی ئەم دووانەشەوە خوفێکی(گۆرەوی) دروستکراو لە پێستی ئەسپ و گورگم دابوو بە سەریاندا، ئەوەندە کەش سارد بوو، زۆربەی ئاوی ڕوبارەکان بەستبووی هەر کاتێك دەستنوێژم هەڵدەگرت، لە تەنیشت ئاگرەکەوە ئەنجامم دەدا جاری وا هەبوو کە ئاو بە ریشمدا دەهاتە خوارەوە دەبوو بە پارچە بەفری بچوك.

بەهەرحاڵ دوای بڕینی رێگایەکی دوور و درێژ گەیشتینە شاری(حاجی تەرخان) ئەو دەمەی ئێمە گەیشتینە ئەوێ سوڵتان محەمەد ئۆزبێك گەڕابووەوە بۆ پایتەختی بۆ شاری سەرا دوای پشو ئێمەش کەووتینەوەڕێ بە ڕوباری (ئەتەڵ)دا کە ئەوکات بە ستبووی تا چوینە شاری سەرا لە بیرمە کاتی واهەبوو بۆ ئاو ڕوبارە بەستووەکەمان دەشکاند و دەمانخستە نێو مەنجەڵەوە و بە ئاگر دەمانتوانەوە و ئنجا بۆ خواردنەوە و چێشتلێنان بەکارمان دەهێنا کاتێك گەیشتینە سەرا پێشی دەڵێن: سەرا بەرکەت، چوینە خزمەت سوڵتانی گەورە محەمەد ئۆزبێك و بەخێرهاتنی کردین و دەستیکرد بە پرسیار کردن دەربارەی گەشتەکەمان و هەواڵی

قوستەنتینیە و پاشاکەی لێمان پرسی، ئێمەش وەڵامان دایەوە و پاشان باسی ئەوەم بۆ کرد کە پاشای ئەوێ زۆر رێزی لێمان گـرت، ئنجـا فەرمانیـدا کـە خـەرجیمان بگرێتە ئەستۆی خۆی، تا ئەو کاتەی لەوێ گەشت دەکەین،.

بەڕاستی سەرا جێگایەکی تا بڵێی بەپیت و بەرەکەت بوو باس زۆریـش مەزنـە ویستمان ئەمسەر و ئەوسەری شار بگەڕێین بـزانین چـەندە مەزنـە، لـە بەیانییـەوە دەرچوین تا ئێوارە، لـە کـاتی خۆرئاوابوونـدا گەیشـتینە ئەوسـەری شـار مـاڵ و باڵەخانەکان دەشتایەکی فراوانی داگیر کردبوو دانیشتوانەکەی ئەوەندە زۆر بوو باس ناکرێت شەقامەکانی پان و پۆڕ و بازاڕەکـانی جـوان و دڵگـیر بـوون، بـە دوو رۆژ توانیمان ئەمسەر و ئەوسەری شار بگەڕێین بێ ئەوەی لە ئاوەدانی دابڕێین زۆریـەی خانووەکانی پێکەوە لکا بوون هـیچ جێگایـەکی نـەڕوخاو بـوو نـە خـاپوور ببـوو هەروەها رەز و باخیشی تێدا نەبوو، مزگەوتەکانی زۆر بوون بەڵام لـە سـیانزەیاندا نوێژی هەینی دەکرا یەکێکیان تایبەت بوو بە شافعیەکان.

لە (سەرا) تایەفە و نەتەوەی زۆری تێدا دەژیا وەك مـەغۆل و تەتـەر و روس و چەرکەس و رۆمەکان کە گاور بوون و قەفجەق و ئاص ئەمانـەش هـەر مسـوڵمان بوون، هەر تایەفـە و کۆمـەڵێك جێگـای تایبـەت بـە خۆیـان هـەبوو، بازرگـان و رێبوارەکان خەڵکی عێراق و میسر و شام بوون و لە جێگایەکی تایبەت دەژیان، کە هەموو لایەکی قەڵا و شورا بوو ئەوەش لەبەر پاراستنی مـاڵ و گیانیـان کـە بـەو شوێنەیان دەوت: ئالتون تاش واتا: بەردی ئالتونی، کۆشکی سـوڵتانیش دەکەوتـە ئەو گەڕەکەوە .

دادوەرەکەی ناوی "بەدرەدین ئەعرەج" بوو یەکێك بوو لە باشترین دادوەرەکـان هەروەها قوتابخانەی شافعیەکانی لێبوو زانا "سەدرەدین سولەیمان لـەکزی" وانـەی تێدا دەوتەوە لە مالکیەکانیش شەمسـەدین میسـری هـەبوو وانەبێـژ بـوو بـەڵام دەیانوت:لـە بیروبـاوەڕدا هەڵـە و چـەووتی زۆری هەیـە هـەروەها خانەقایـەکی بەناوبانگی لێبوو بە ناوی نوعمانەدین خەواریزمی ئەم کەسـە زانایـەکی دینـدار و

خاوەن وەرع و بەڕەوشت بوو، خاوەن دەسەلاّتی بەهێز بوو و جاری وا هەبوو سولّتان ئۆزبێك خۆی سەردانی دەکرد، ئەویش نە پێشوازی لێدەکرد و نە لەبەری هەلّدەسا، سەرەڕای ئەو هێزە کەسێکی بێ نەفس بوو بە پێچەوانەی سولّتانەوە زۆر ڕێزی لە هەژار و بێ نەوایان دەگرت و بە نەرمی لەگەلّیان دەئاخاوت، کە چومە خزمەتی ڕێزێکی زۆری لێگرتم و خزمەتکارێکی تورکیشی بۆ ناردم، تا ئەو کاتەی لەوێ دەمێنینەوە خزمەتمان بکات .

قۆناغی پێنجەم:

بەڕێکەوتنم بۆ وڵاتی خەواریزم و بوخارا و ئەفغانستان

پاشان گەشتکردن بۆ وڵاتی هیندستان

گەشت کردن بۆ خەواریزم

ویستم گەشت بکەم بۆ خەواریزم[1] بەڵام "نوعمانەدین خەواریزمی" کە پێشتر باسم کرد ووتی: مەڕۆ چەند رۆژێك لام بمێنەوە دواتر گەشتەکەت ئەنجام بدە بەڵام لە ناخەوە کەوتمە کێشمەکێشم لەگەڵ نەفسی خۆمدا و دواجار بڕیارمدا گەشت بکەم، لەو کاتەدا کۆمەڵە خەڵکێك خۆیان ئامادە کرد بوو بۆ سەفەرکردن لە ناویاندا بازرگانی عێراقیش هەبوو ئنجا کەوتینەڕێ دووری نێوان سەرا و خەواریزم چل رۆژ بوو دەبوو بە گالیسکە و حوشتر ئەو رێگایە بڕیت ئەوەش لەبەر کەمی گژوگیا چونکە ئەسپ توانای بڕینی ئەو رێگایەی نەبوو، دوای بەڕێکەوتنمان لە سەراوە بە دە رۆژ گەیشتینە (سەراجوق) واتا: سەرای بچوك چونکە وشەی جوق بە مانای بچوك دێت، ئەم شوێنە دەکەوتە سەر ڕووبارێکی گەورە بە ناوی (ئولو سو) واتا ئاوی گەورە پردێکی لەسەر دروستکرابوو وەك پردەکەی شاری بەغداد وابوو کاتێك لە سەرا دەرچوین ئەسپ و گالیسکەمان پێبوو تا گەیشتینە ئەم شارە ئیتر ناچار بووین ئەسپەکانمان بفرۆشین و حوشتر بە کرێ بگرین بۆ رێگا، هەر ئەسپێکمان بە چوار دینار و چەند درهەمێك فرۆشت ئەو نرخەش هەرزان بوو بەڵام لەو شارە هەر ئەوەندەی دەکرد. لە سەراجوق خانەقایەکی لێبوو هی پیاوێکی دینداری بەتەمەن بوو بە ئەتا بانگیان دەکرد واتا: باوك پیشوازی لێمان کرد و لەوێ ماینەوە، هەروەها دادوەرەکەشی رێزی گرتین و بووینە میوانی بەڵام ناوەکەیم لە یاد نەماوە، پاشان کەوتینەوەڕێ و (٣٠) سی رۆژ بە رێگاوە بووین بە بەردەوامی رۆژانە تەنها دوو جار لامانەدا لە چێشتەنگاو و ئێواراندا، ئەوندە

---

[1] لە جوگرافیای نەمرۆدا پێیدەڵێن (خیوە یان خیفە) لە کۆماری نۆزیاکستانە .(تحفة النظار ، طلال الحرب ، ص ٣٧٣)

پشومان دەدا تا خواردنێك ئامادە دەکرا و ئەوکات دەستمان دەکردەوە بە رۆیشتن، بۆ خەوتنیش لە گالیسکەکاندا دەخەووتین یان لەسەر پشتی ئاژەڵەکان.

بەهیچ شێوەیەك نابوو کەمتەرخەمی بکرێت لە رۆیشتن، چونکە رێگاکە زۆر سەخت و بیابان بوو گژوگیای زۆر کەم بوو جاری وا هەبوو هەندێك حوشتر لە برساندا لە ناوەچون ئەوەی کە دەگەیشتە خەواریزم هێندە لاواز دەبوو پێویستی دەکرد سالێك بمێنێتەوە تا قەڵەو ببێت، بۆ سالێکی تر ئەوجا دەستی دەدا بۆ رێگا هەروەها لە رێگا جار جار دەگەیەیشتیت بە کانی و گۆماوی باران، ئەوەش کەم بوو دوای ئەوەندە رۆژ لە گەشتکردن و ماندوو بوون گەیشتینە خەواریزم گەورەترین و جوانترین و قەرەباڵغترین شاری تورکان بوو لە ژێر قەڵەمرەوی سوڵتان محەمەد ئوزبێکدا بوو.

هەموشەقامەکانی پان و پۆڕ و پاکژ بوون و باڵەخانە و خانووی زۆری تێدابوو بازاڕەکانی دڵگیر و لە هەموو پێداویستییەکی تێدابوو، جارێکیان رۆیشتم وێستم بچمە جێگایەك پێیان دەوت:(شۆرە) ئەوەندە قەرەباڵغ بوو نەمتوانی بە ئاسانی تێپەڕم بە ناچاری و بە زەحمەت گەڕامەوە دانیشتوانی ئەم شارە وەك دەریا شەپۆلی دەدا هێندە زۆر بوون پرسیارم کرد لە چ رۆژێکدا بازاڕ چۆڵ دەبێت ووتیان: لە رۆژی هەینیدا کەمتر خەڵکی روو دەکەنە بازاڕ چونکە قەیسەریەکانی دادەخرێن ئیتر منیش لە رۆژی هەینیدا بوو سواری پشتی ئاژەڵەکەم بووم و کەوتمەڕێ بۆ مزگەوت و قوتابخانە بەناوبانگەکەی، کە ئەمیری شار "قوتلوودمور" دروست کردبوو لەگەڵ میوانخانە وچەند جێگایەکی تر بەڵام مزگەوتەکەی هاوسەرەکەی واتا "تورابەك" خاتون دروستی کردبوو جگە لە قوتابخانە نەخۆشخانەیەکی لێبوو کە پزیشکێکی جولەکە سەرپەرشتی دەکرد بە سەهیۆنی دەناسرا خەڵکی شاری سەهیۆنی شام بوو. بەڕاستی خەڵکی هیچ شوێنێکی دونیا ناگەیشتن بە خەواریزمێکان بۆ رێزگرتنی میوان و یارمەتیدانی رێبواران هەروەها نەریتێکی جوانم بینی لە کاتی نوێژدا، کە لە هیچ جێگایەکی تر ئەو نەریتەم نەبینی بوو کاتێك بانگ دەدرا ئیمام خۆی

بەسەر مالّەکاندا دەگەڕا و بانگیانی دەکرد بۆ نوێژی بە کۆمەڵ هەر کەسێك ئاماده نەبووایە ئەوا لە بەرچاوی خەڵکی لێی دەدا لە هەموو مزگەوتیکدا قامچیەکی تایبەت بۆ ئەو مەبەستە دانرابوو سەرەڕای ئەوەش پێنج درهەمیان لێدەسەند کە بۆ مزگەوت و خواردنی هەژاران خەرج دەکرا، دەیانوت: ئەم نەریتە هەر لە کۆنەوە لێرە باوە.

لە دەرەوەی خەواریزم ڕوباری جەیحونی لێیە یەکێکە لەو چوار ڕوبارەی لە بەهەشتەوە هەڵدەقوڵێن لە زستاندا بۆ ماوەی پێنج مانگ دەیبەست هەروەك ڕوباری ئەتەڵ جاری وا هەبوو لە کاتی توانەوەیدا خەڵکی بەسەریدا دەڕۆیشتن و دەخنکان، لە وەرزی هاوینیشدا خەڵکی بە سواری بەلەم گەشتیان دەکرد بۆ(ترمز) بۆ هاوردە کردنی گەنم و جۆ، دووری نێوانیان دە ڕۆژ بوو. هەر لە دەرەوەی خەواریزم خانەقای شێخ نەجمەدینی گەورەی لێبوو یەکێك بوو لە گەورە پیاوەکانی سالّحین و لە خانەقاکەیدا خواردنیان بە ڕێبواران و هەژاران پێشکەش دەکرد هەروەها خانەقای جەلالەدین سەمەرقەندیشی لێبوو لەگەڵ گۆڕی زانا و پێشەوا ئەبی قاسم مەحمودی کوڕی عومەری زەمەخشەری لەسەر گۆڕەکەی گومەزێك دروستکرا بوو.[1]

زەمەخشەر گوندێك بوو چوار میلێك لە خوارێزمەوە دوورە ئەو دەمەی گەیشتمە شار سەرەتا بۆ پشودان لە دەرەوەی لاماندا، هەندێك لە هاوڕێکانم چونە خزمەت دادوەری شار کە ناوی ئەبی حەفص عومەری بەکری بوو، کاتێك لەگەڵیدا کۆ بوونەوە ووتی: ئەم شارە زۆر قەرەباڵغە و پێویست دەکات لە شەودا ڕێ بکەن دوو جێگری خۆی لەگەڵماندا نارد بە ناوەکانی "نور لئیسلام و نورەدین کرمانی" چونە قوتابخانەیەکی چۆڵ و لەوێ بۆ پشودان لاماندا دوای نوێژی بەیانی دادوەر و کۆمەڵێك لە زانا و ناودارانی شار هاتنە لامان بۆ پێشوازی و چاوپێکەوتن لەوانە:

---

[1] زانایەکی بەناوبانگی موعتەزیلە و خاوەنی تەفسیرە بەناوی کەشاف. (وەرگێڕ)

مەولانا هومامەدین و مەولانا زەینەدین شەمسەدین سەنجەری و مەولانا جلالەدین عیمادی هەموو شارەزای زانست بوون بە نهێنی لەسەر مەزهەبی موعتەزیلە[1] بوون بەڵام نەیاندەوێرا بە ئاشکرا بیروباوەڕی خۆیان دەربخەن، چونکە ئەمیری گەورە لەسەر مەزهەبی ئەهلی سونەت و جەماعەت بوو. ئەو ماوەیەی کە لەوێ بووم بۆ نوێژی هەینی دەڕۆیشتم بۆ مزگەوتی دادوەر "ئەبی حەفص عومەر" دوای نوێژ لەگەڵیدا دەڕۆیشتمەوە بۆ ماڵەکەی خۆی و لە مەجلیسیدا دادەنیشتم دیوەخانێکی جوان و سەرنجڕاکێشی هەبوو بە مافور رازێنرابوەوە دیوارەکانی رووپۆش کرابوون و تاقێکی زۆر لە دیوارەکانیدا دروستکرابوو کە ئەمەش بۆ جوانی نەریتە لای ئەوان هەر تاقێکیش قاپی زیو و ئالتون و قاپ و قاچاخی عێراقی لێ دانرابوو، پاشان لە هەموو جۆرە خواردنێکیان دەهێنا چونکە خەڵکەکەی دەوڵەمەند و تێر بوون هەمیشە خوانیان رازاوە بوو بە هەموو خواردنێك دادوەر لە دوای ئەمیرەوە دەسەڵاتێکی زۆری هەبوو، خێزانەکەی خوشکی خێزانی ئەمیر "جیجا ئاغا" بوو هەر لە خەواریزم کۆمەڵێکی زۆری وتاربێژ هەبوون کەم وێنە بوون لەوانەی کە ناوبانگیان دەرکردبوو مەولانا "حوسامەدین مەشاتی" بوو کە یەکێك بوو لەو چوار وتاربێژەی کە وێنەیان کەم بوو لە دونیادا!.

---

[1] دامەزرێنەری ئەم بیروباوڕە دەگەڕێتەو بۆ "واسڵی کوڕی عەتا"بڕوایان وایە کە کەسێك تاوانی گەورە ئەنجامبدات نە کافری موتڵەقە و نە باوڕداری موتڵەق ، هەروەها سیفەتەکانی خوای گەورە نفی دەکەن بە بیانوی ئەوەی کە ئەگەر ئیسبات بکرێ تجسیم دروست دەبێت ، موعتەزیلەکان بەوەدا ناویان دەرکردوە کەخاوەنی پێنج بیروباوەڕەن (العدل، الوعد و الوعید، المنزلة بین منزلتین، الامر بالمعروف والنهي عن المنکر، التوحید)...هتد . ئەمانیش دەبنە چەند تاقمێکەوە وەك (معموریة ، جاحظیة ، خیاطیة ، هاشیة ...) (معجم الفاظ العقیدة . أبي عبدالله عامر عبدالله فالح ،ص٣٧٧) .

تاقمێك لە موعتەزیلەکان بڕوایان بە عەزابی گۆر نیە لەوانە : زیراری کوڕی عەمر و یحیای کوڕی کامل کە ئەمانیش دوای وتەی "مەریسی" کەوتبوون هەروەها دەڵێن : خوای گەورە کاتێك مردوکان لە نێو گۆڕ سزا دەدات ئازاریان بۆدروست دەکات بەڵام هەستی پێناکەن تا ڕۆژی حەشر ئەو کات هەستی پێدەکەن ...هتد (کتاب الروح ، للإمام إبن القیم الجوزي ، حققة وأخرج حدیثة "محمد أجمل ایوب و کمال بن محمد قالي " دار عالم الفوائد بیروت ، مج ١ص١٦٨) .

ئەمیری خەواریزم

ئەمیری گەورەی مەملەکەتەکەی سولّتان محەمەد ئۆزبێك ناوی "قوتلو دمور" بوو واتا: ئاسنی پیرۆز و خاڵۆزای سولّتان بوو، خێزانەکەی ناوی "تورابەکە" ئافرەتێکی خواناس و ئەهلی کەرەم بوو هەموو خۆراسان لە ژێر دەستی ئەم ئەمیرەدا بوو بە والی و ئەمیری گەورە ناویان دەبرد کوڕەکەشی "هارون بەگ" بوو زاوای پاشا بوو کچی خاتوو "تەیتوغلی" خێزانی بوو رۆژێك دادوەر هاتە لام ووتی: ئەمیر ئاگادارە بەڕێزت گەیشتویت بە ئێرە دەیەوێت سەردانیت بکات بەڵام بەهۆی نەخۆشی قاچەکانیەوە ناتوانێت چونکە تووشی نەخۆشی نەقرەس ببوو ئەم جۆرە نەخۆشییە وەك پێشتر ئاماژەمان پێدا لای تورکەکان زۆر بڵاوبوو، بۆیە بڕیارمدا لەگەڵ دادوەر بچمە خزمەتی، ئیتر لە گەڵیدا کەوتمەڕێ و چوینە مالّی ئەمیر.

خانووەکانیان زۆربەی لە دار دروستکرابوو رۆیشتینە هەیوانێکی گەورەوە و پاشان شوێنێکی بچوکتر دیوارەکانی رازێنرابوەوە میچەکانیشی بە ئاوریشمی رووپۆش کراوی ئالتونی جوان کرابوون تەماشام کرد لەسەر تەختە تایبەتەکەی دانیشتووە و قاچەکانی داپۆشیوە، سڵاوم لێکرد و فەرموی کرد تا لە تەنیشت خۆیەوە دابنیشم، ئنجا دادوەر و زانا و کەسە ناودارەکانیش دانیشتن پاشان دەستی کرد بە پرسیار کردن و هەوالّی سولّتانی گەورە محەمەد ئۆزبێکی پرسی لەگەڵ هەوالّی خاتوو بەیەلون و باوکی سولّتانی قوستەنتینیە، منیش هەموو پرسیارەکانیم ولاّمدایەوە زانیاری تەواوم بۆ باس کرد. ئەوەندەی نەبرد خواردنیان هێنا لە مریشکی برژاو و هێلکەی کۆتر و گۆشتی برژاوی بالّندەی کورکی[1]،

---

[1] کەراکی یان کورکی: کۆی (کرکی)ە: بالّندەیەکی گەورەیە و رەنگی خۆڵەمێشییە و ملی درێژە و کلکی کورتە، هەروەها گۆشتی کەمە و هەندێك جار لە ئاودا دەبینرێت. (پەراوێز: لاپەرە ٢١٠)

هەروەها خوانێکی تریان هێنا نانێکی رۆنکراوی لەسەر بوو پێیان دەوت: کولێچە لەگەڵ چۆرەك و حەلوای تایبەتی خۆیان جگە لەم دوو خوانە یەکێکی تریان هێنا میوەی لەسەر بوو، لەگەڵ قاپی ئالتونی و زیو کە هەناریان تێدابوو هەروەها کەوچکەکانی لە ئالتون و دار دروستکرابوو، لەگەڵ قاپی شووشەی عێراقی سەرنجڕاکێش کە تری و شوتی بەتامی تێدا بوو.

لە نەریتە جوانەکانی ئەم ئەمیرە ئەوە بوو، هەموو رۆژێك دادوەر و فەقیهەکان و نووسەرەکانی لەگەڵ هەشت ئەمیری گەورەی تورك و چەند ریش سپیەك، هەموو دەهاتن و لە مەجلیسی ئەمیردا دادەنیشتن و ئنجا دەست دەکرا بە چارەسەرکردنی کێشەکانی خەڵکی، بێ ئەوەی هیچ ستەمێك بکرێت و بەرتیل وەربگیرێت یاخود رەچاوی کەسایەتی و پلە و پایەکەی بکرێت دادپەروەرانە و تۆندبوون لە بڕیاردانداء بەم مەجلیسەیان دەوت: ئۆرغەچی، ئەگەریش هەر کێشەیەك پێویستی بە بڕیاری شەرعی بکردایە دادوەر بڕیاری بۆ دەردەکرد و ئەوەشی پەیوەندی بە دادوەرەوە نەبووایە ئەمیرەکان خۆیان بڕیاریان بۆ دەردەکرد.

کاتێك گەڕاینەوە بۆ قوتابخانەکە ئەمیر برنج و رۆن و ئاردی بۆ رەوانە کردین لەگەڵ چەند بارە دارێك خەڵکی ئەو ناوچەیە و هیندستان و خۆراسان نازانن خەڵوز بەکاربهێنن بە پێچەوانەی خەڵکی چین کە خەڵوزی بەردی بەکار دەهێنن و کاتێك دەبێت بە خۆڵەمێش ئاوی پێدا دەکەن و وەك هەویر دەیشێلن کاتێکیش وشك دەبێتەوە دووبارە بەکاری دەهێننەوە بۆ سووتان تا هیچی نامێنێت.

بەخشندەیی دادوەر و ئەمیر

وەك نەریتی خۆم نوێژەکانم لە مزگەوتی دادوەر "ئەبی حەفصی عومەری" دەکرد، رۆژێك دادوەر هاتە لام ووتی: ئەمیر فەرمانیدا پێنج سەد دینارت بدەنێ و پێنج سەد دیناریش بکرێتە خەرجی خوانێك تا هەموو زانا و دادوەر و ناوداراەکان ئامادەبن و ببێتە ئاهەنگێك منیش ووتم: ئەگەر پێنج سەد دینار خەرج بکرێت

هەر کەسێك پارووەك یان دوو پاروو نانی بەردەکەوێت باشتر وایە هەزار دینار خەرج بکرێت ئەویش قایل بوو، هەروەها دادوەر ووتی: بڕیاری هەزار دیناری بۆ تۆش تەرخان کردوە، ئیتر ئەوەندەی نەبرد پێشەوا شەمسەدین و خزمەتکارەکەی پارەکەیان لە تورەکەیەکدا بۆ هێنام، ئەو پارەیەش دەیکرد بە سێ سەد دیناری ئالتونی مەغریبی. ئەو رۆژە لەو پارەیە ئەسپێکی رەنگ جوانم کڕی بە سی و پێنج دینار هەروەها ئەسپێکی زۆری ترم هەبوو کە ژمارەکەی زۆر بوو، بەڵام باسی ژمارەکەی ناکەم تا نەڵێن ئەو ژمارەیە زۆرە و راست نییە ئەو ئەسپە جوانەی کە بە پارەکەی ئەمیر کڕیم لە لام مایەوە تا سێ ساڵ ئنجا لە ولاتی هیندستان لەناوچو بەڕاستی ئەسپێکی بە بەرەکەت بوو دوای ئەوەی مردارەوە بوو ئیتر حاڵ و گوزەرانم گۆڕا.

دوای ماوەیەك خێزانی دادوەر "جیجا خاتون" سەد درهەمی بۆ ناردم و خوشکەکەشی خوانێکی بۆ ئامادەکردین و هەموو زانا و ناودارەکانی شاری بانگ کردبوو خودا پاداشتی خێری بداتەوە، بەڕاستی ئافرەتێکی دەستکراوە بوو بۆ خێر و چاکە و جگە لەو خوانەی کە سازیکرد ئەسپێك و چەند فەروەیەکی سمۆرەشی بۆ رەوانە کردم.

خاتونە دونیا نەویستەکە

ئەو کاتەی لە دەعوەتەکەی خاتون هەستام و ویستم خانەقاکە بەجێبهێڵم، لە ناو دەرگاکە چاوم بە ئافرەتێکی پەچەدار کەوت، کە پۆشاکێکی سپی پۆشی بوو، سلاوی لێکردم و منیش سلاوەکەم سەندەوە، ئیتر نەوەستام و رۆیشتم، لە دەرەوە هەندێك لە خەڵکی پێم گەیشتن ووتیان: ئەو ئافرەتە خاتونی ئەمیر بوو، ئیتر زۆر هەستم بە خەجاڵەتی کرد کە بە ساردی سلاوەکەییم سەندوە، کاتێك گەڕامەوە بۆ لای تەماشام کرد رۆیشتبوو، ئیتر سلاوم بە خزمەتکارەکەیدا بۆ روانە کرد و داوای لێبووردنم لێکرد و عوزرم بۆی هێنایەوە.

شوتی خەواریزم

شوتی خەواریزم وێنەی نەبوو لە دونیادا نە لە رۆژهەلآت و نە لە رۆژئاوا هێندە بەتام بوو مرۆڤ هەمیشە ئارزوی خواردنی دەکرد لە دوای شوتی خەواریزم ئنجا شوتی ئەسفەهان و بوخارایە شوتی خەواریزم تویکڵی رەق و سەوزە و ناوی سوور و شیرین بوو، خەواریزمێکان پارچە پارچەیان دەکرد و ئنجا وشکیان دەکردەوە وەك چۆن هەنجیر لە ولآتی مەغریبی خۆمان وشك دەکرێتەوە لە هەموو ئەو میوانەی تر کە وشك دەکرێنەوە بەتامتر بوو بۆ بازرگانی رەوانەی ولآتی چین و هیندستان دەکرا.

ئەو دەمەی لە ولآتی هیندستان بووم، هەر کاتێك بازرگانەکان دەهاتنە ئەوێ، کەسێکم دەنارد تا پارچە شوتی وشکەوە بووم بۆ بکڕن، هەروەها پاشاش هەر کاتێك لەو جۆرە میوەیەی بۆ رەوانە بکرایە هەندێکی بۆ رەوانە دەکردم، چونکە دەیزانی من زۆر ئارەزوی دەکەم.

بازرگانە بەخشندەکە

ئەو دەمەی لە سەراوە کەوتمەڕێ بۆ خەواریزم، پیاوێکی بەخشندە کە خەڵکی کەربەلا بوو بە ناوی "عەلی مەنسور" لەگەڵماندا بوو، بازرگانێکی دەستپاك و بەخشندە بوو و هیچ کەسم نەبینی لە خەڵکی عێراق وەك ئەم بازرگانە بەخشندە بێت جار جار داوام لێ دەکرد پۆشاك و پێداویستیم بۆ بکڕێت بۆی دەکڕیم ئەگەر بە دە دینار دەستی بکەوتایە دەیوت: بە هەشت دینار کڕیومە بێ ئەوەی من بەوە بزانم لە گیرفانی خۆی یارمەتی دەدام و دواتر خەڵکی بۆیان باس کردم، هەندێك دینارم بە قەرز لێ وەرگرت بۆم نەگەڕاندەوە تا ئەو کاتەی یارمەتیم لە ئەمیری

خەواریزم وەرگرت ئنجا پارەکانم بۆ گەڕاندەوە ویستم یارمەتی یەکێك لە خزمەتکارەکانی بدەم ناوی "کافور" بوو سوێندی خوارد کە ئەو کارە ئەنجام نەدەم، بەخشندەترین کەس بوو لەو خەڵکە عێراقیەی کە من لە گەشتەکەم چاوم پێکەوت بوون .

پاش ماوەیەك ویستم گەشت بکەم بۆ ولاتی هیندستان ووتی: منیش لەگەڵتان سەفەر دەکەم ئیدی ئەوەندەی نەبرد کۆمەڵێك بازرگانی خەڵکی عێراق گەیشتنە خەواریزم و ویستیان بڕۆن بۆ ولاتی چین ئەم بازرگانە شەریفە بڕیاریدا لەگەڵیاندا بکەوێتەڕێ ووتم: بۆ گەشت دەکەیت بۆ چین؟ ووتی:ئەگەر ئەم کاروانە بگەڕێنەوە ئەوا هەواڵ بە کەسوکارم دەگەیەنن کە من گەشتم ئەنجامداوە بۆ هیندستان بەمەبەستی دیاری وەرگرتن ئەوەش کارێکی ناشرینە لە ولاتی ئێمە بۆیە لەگەڵ ئەوان ڕۆیشت بۆ چین .

کاتێك چومە هیندستان، هەواڵم پێگەیشت ئەو پیاوە کە دەگاتە شاری (مالێق) لەودیوی ڕوبارەوە کە سەرەتای ولاتی چین بوو، بۆ ماوەیەك لەوێ دەمێنێتەوە هەموو شەك و مالەکەی بە یەکێك لە پیاوەکانیدا ڕەوانە دەکات بۆ ساغکردنەوەی بەڵام لە گەڕانەوە دوادەکەوێت ئەویش بە ناچاری داوای قەرز لە چەند بازرگانێکی هاوڕێی خۆی دەکات تا ئەو کاتەی پارەکانی دەگاتەوە دەستی بەڵام پارەی نادەنێ، ئیتر خاوەن میوانخانە (فندق)ەکە کرێی لەسەر زیاد دەکات ئەویش بەو کارە زۆر غەمبار دەبێت و دەڕواتە ژوورەکەی خۆیەوە بە خەنجەرێك خۆی سەردەبڕێت کاتێك بە هانایەوە دەچن لە حاڵەتی مردندا دەبێت و یەکێك لە خزماتکارەکانی تۆمەتبار دەکەن، بەڵام ئەوەندە دێتە زمان پێیان دەڵێت: ستەم لە خزمەتکارەکەم نەکەن خۆم ئەوەم کردوە هەر ئەو رۆژە کۆچی دوایی دەکات ڕەحمەتی خودای لێبێت.

جارێکیان خۆی ئەوەی بۆم باس کرد ووتی: لە شام بڕی شەش هەزار درهەمم لە بازرگانێك وەرگرت بە قەرز دوای ماوەیەك لە شاری حەما بە یەکتری گەیشتینەوە

خاوەن قەرزەکە داوای پارەکەی لێم کردەوە و منیش پارەم پێ نەبوو چونکە هەموو شمەکەکانی بە قەرز فرۆشتبوو ئەوندە غەم و پەژارەم خوارد و هەستم بە خەجاڵەتی کرد وبستم خۆم بخنکێنم بەڵام وبستی خودا وابوو ئەجەڵ دوابکەوێت و ئەو کارە نەکەم ئیتر چومە لای هاوڕێیەکم کە کاری دراو کڕین و گۆڕین بوو بڕە پارەکەی داپێم و منیش قەرزەکەم دایەوە.

لە خواریزمەوە بۆ بوخارا

دوای ئەو ماوەیەی کە لە خەواریزم بووم، دووبارە خۆم ئامادە کرد بۆ گەشت بەرەو (بوخارا) بۆ ئەو مەبەستەش چەند (مەحارە)[1] یەکم کڕی و هەندێك حوشتریشم بە کرێ گرت ئنجا کەووتینەڕێ و مانئاواییم لە ئەمیر "قوتلو دومۆر" و دادوەر کرد و پاشان خۆم و هاوڕێ خۆشەویستەکەم عەفیفەدین تەوزەری سواری مەحارە بوین و خزمەتکارەکانیش هەندێکیان سواری ئەسپ بوون هەندێك حوشتر بە بیابان و دەشتایدا کەووتینەڕێ.

نێوان بوخارا و خەواریزم هەژدە رۆژ بوو بە بیاباندا، دوای چوار رۆژ لە رێکردن گەیشتینە شاری (کات) جگە لەم شوێنە هیچ ئاوەدانییەکی تری لێ نەبوو زۆریش سارد بوو، چوینە سەر گۆمێك ئاو یەك پارچە شەختە بوو، منداڵان لە سەری یارییان دەکرد پێش ئەوەی ئێمە بگەینە ئەو شارە هەواڵ گەیشتبووە دادوەرەکەی کە ناوی "سەدرلشەریعە" بوو پێشتر لە مانێ دادوەری خەواریزم ئاشنایەتیمان پەیدا کردبوو خۆی و زانایەك کە ناوی "مەحمود خەیوقی" بوو لەگەڵ قوتابییەکانی هاتنە پێشوازیمان ووتیان: دەبێت ئەو کەسەی دێتە ئەم شارە سەردانی ئەمیر بکات

---

[1] جۆرە داڕێکی دروستکراوە، دەخرێتە سەر پشتی حوشتر، یەکێك لە لایەکی دادەنیشێت و یەکێکی تر لە لایەکەی تری. (بڕاوێز: لاپەڕە ٢١٢)

ئێمەش بەپەلە بووین لە گەشتەکەماندا و نەماندەویست لەوێ زۆر بمێنینەوە ووتیان: ئێمە دەڕۆین بۆ لای ئەمیر و ئەو هەواڵەی پێ دەگەیەنین کە ئێوە هاتوون. ئەوەندەی نەبرد ئەمیر و سەرباز و کاربەدەستەکانی هاتنە پێشوازیمان و داوای کرد لەوێ بۆ پشودان بمێنینەوە، پاشان دەعوەتێکیشی سازدا و هەموو زانا و سەرکردە سەربازییەکان بەشداری بوون، ئنجا دەستکرا بە هۆنراوە خوێندنەوە بە شان و باڵی ئەمیر و وەسف کردنی لە کۆتاییدا ئەمیر کۆمەڵێك دیاری لە پۆشاك و ئەسپی پیشکەش کردین.

بەردەوام بووین لە گەشتەکەماندا و دوای چەندین رۆژ لە رێکردن گەیشتینە شارێك کە ناوی (وەبکەنە) بوو خۆش و دڵگیر بوو دار و دارستان و ئاوی باشی هەبوو، لەم شارە تریێیان لە سالێکەوە بۆ سالێکی تر هەڵدەگرت، هەروەها جۆرە میوەیەکی سەیری لێبوو پێیان دەوت: عەلو یان ئالۆ شیرن و بەتام بوو کاتێك وشك دەکرایەوە بڕێك ترش دەبوو، دەیانخستە ئاوەوە و ئنجا ئاوەکەیان دەخواردەوە بازرگانەکان رەوانەیان دەکرد بۆ وڵاتی چین و هیندستان بەڕاستی میوەیەکی بەتام بوو لەم جۆرە میوەیە لە وڵاتی مەغریبی خۆمان نەبوو لە شامیش نەمبینیوە.

ئەم شارە رۆژە رێیەك لە بوخارا[1] وە دوور دەبوو، دوای بەڕێکەوتن بە ناو دار و دارستان و ئاوەدانیدا بە رۆژێك گەیشتینە بوخارا مەنزڵی پێشەوا "ئەبو عەبدوڵڵای کوڕی ئیسماعیلی بوخاری"یە ئەم شارە سەرەتای ئەودیوی ڕوباری جەیحونە و زۆربەی لە هێرشی جەنگیزخانی تەتاری نەفرەتی باپیری پاشاکانی عێراقدا وێران و خاپوور کرابوون ئێستاش بەشێك لە مزگەوت و باڵەخانەکانی روخاون و خەڵکەکەی سەرشۆڕ و ستمەلێکراون تەنانەت لە خەواریزم شاهێدیان لێ وەرناگیرێت چونکە بیروباوەڕی چەوت و پوچیان هەیە و نەفامن و دوورن لە زانست و ئەهلی عیلم هیچ گرنگیان بە زانست نە دەدا.

---

[1] دەکەوێتە وڵاتی ئۆزباکستانەوە. (ar.wikipedia.org/wiki/بخارى)

وێرانکاریەکانی تەتار لە بوخارا و ناوچەکانی تردا

کاتی خۆی جەنگیزخان لە ناوچەی (خەتا) نیشتەجێ دەبێت و خاوەن لەش و لارێکی بەهێز و پتەو بووە، زۆریش یارمەتی خەڵکی کردوە لە خواردن و خواردنەوەدا، بەم کارەی کۆمەڵێکی زۆری لێ کۆدەبێتەوە و بە سەرکردەی خۆیانی هەڵدەبژێرن، پاشان دەست دەگرێت بەسەر ناوچەکەی خۆی و ناوناوبانگ دەردەکات و چەند جێگایەکی تریش دەکەوێتە ژێر دەسەڵاتی و هێنندە بەهێز دەبێت، کە سوپاکەی زاڵ دەبێت بەسەر زەوییەکانی چین و خاتن و کاشغەر و مالق.

لەو سەردەمەدا ناوچەکانی ئەودیوی ڕوباری جەیحون[1] لە ژێر دەستی "جەلالەدین سەنجەری" ی سوڵتانی خەواریزم دەبێت و ئەویش خاوەن هێز و لەشکری بەناوبانگ دەبێت، جەنگیزخان لێی دەترسا و لە سنووری ناوچەکانی خەواریزم زیاتر پێشڕەوی نەکرد دوای ماوەیەك ویستی ڕێگایەکی بازرگانی بکاتەوە بۆ خەواریزم، ئیدی ویستی خودا وا دەبێت، کۆمەڵێك بازرگان بە کەلوپەلی ئاوریشم و گرانبەهای چینی ڕەوانە دەکات بۆ شاری (ئۆترار) کە کۆتا پێگەی خەوارزمیەکان بوو ئەمیری شار نامەیەك ئاراستەی سوڵتان سەنجەری دەکات ئەو هەواڵەی پێ ئەدات کە کۆمەڵە بازرگانێك[2] هاتوون و داوای لێدەکات کە قایل

---

[1] ڕوباری جەیحون بەنێو خاکی ئەفغانستان، تاجیکستان، ئوزباکستان تێدەپڕێت. (ar.wikipedia.org/wiki/ جیحون)

[2] هۆکاری جەنگەکە: ١ـ جەنگیزخان بیری کردەوە چۆن خیلافەتی عەباسییەکان بڕوخێنێت، بۆ ئەوەش دەبوو ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی خەوارزمییەکان کۆنترۆڵ بکات و دواتر هێرش بەرێتە سەر خاکی عێراق، چونکە ناکرێت ڕاستەوخۆ هێرش بکات و لە پشتییەوە دەوڵەتێکی بەهێزی خەواریزمی هەبێت و ببێتە ڕێگر.

٢ـ ناوچەکانی خەواریزمیەکان شوێنی بەپیت و گرنگ بوون بۆ مەغۆلەکان، چونکە سەرباز و گۆمەڵگای مەغۆل و تەتار پێویستی زۆریان بە پێداویستی ڕۆژانە هەبوو لە خۆراك، بە پێچەوانەشەوە ناوچەکانی خۆیان وشك و بێ پیت و بەرەکەت بوو.

←

بێت بەوەی سزایان بدات سوڵتانیش وەڵامی دەداتەوە کە دەست بەسەر شمەکەکانیاندا بگرێت و لە گەردنی هەموویان بدرێت، بەو کارە شووم و ناڕێکەی وڵاتەکەی خۆی تووشی ئەو دەرد و وێرانکارییە کرد.

جەنگیزخان بە خۆی و سەربازێکی زۆرەوە کە لە هەژمار نایات دەکەوێتەڕێ بۆ داگیرکردنی خاکی ئیسلام، کاتێك ئەمیر و کاربەدەستەکانی ئۆترار بە هەواڵەکە دەزانن، چەند سیخورێك رەوانە دەکەن تا هەواڵیان بۆ بهێننەوە دەڵێن: سیخوڕێکیان خۆی دەکات بە مالّی یەکێك لە فەرماندەکانی جەنگیزخاندا و داوای خواردنیان لێدەکات وەك کەسێکی سوالکەر خۆی دەرئەخات ئەویش پێی دەڵێت: هیچ خواردنێکم لا نییە بدەمێ بۆیە بە ناچاری دەڕواتە لای یەکێك لە پیاوەکانی ئەویش هیچی پێ نابێت بیداتێ ئنجا قاپێکی وشك دەهێنێت و هەندێك دەیشوات و پاشان دەماریێکی ئەسپەکەی دەبڕێت و قاپەکە پڕ دەکات لە خوێنی ئەسپەکەی و

٣ـ هۆکارێکی تر چاوکراوەیی مەغۆلەکان بوو، بە هۆی ئەو هەمو سەرکەوتنانەی کە بەدەستیان هێنابوو لە جەنگەکاندا، بیریان لەوە دەکردەوە کە چۆن زیاتر قەڵەمڕەوی خۆیان بەسەر شوێنەکانی تردا زیاتر بکەن بۆ ئەوەش لە دەرفەت دەگەڕان تا هێرش بکەنە سەر ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی خەوارزمییەکان.

٤ـ بەڵام هۆکاری سەرەکی بە هۆی کوشتنی کۆمەڵێك بازرگانی مەغۆلەکانەوە بوو لەسەر دەستی ئەمیری شاری ئۆترار (یەنال خان)، ئەم کەسە خاڵۆزای سوڵتانی خەوارزم بوو کاتێك چاوی بە شمەکە گرانبەهاکانی مەغۆل دەکەوێت، دەست دەگرێت بەسەریاندا. نەسەوی دەڵێت: چاوچنۆکی یەنال خان، وایلێکرد کە دەست بگرێت بەسەر شمەکی بازرگانەکان و نامەی بۆ سوڵتانی خەوارزم نارد و بازرگانەکانی تۆمەتبار کرد بەوەی کە سیخوڕی جەنگیزخانن و داوای لێکرد تا قایل بێت لە گەردنیان بدرێت، هەر بەوەشەوە نەوەستا بەڵکو بێ ئەوەی چاوەڕوانی وەڵامی سوڵتان بێت بازرگانەکانی کوشت، جگە لە نەسەوی میژوو نووس سیوتیش هەر وا دەڵێت. میژوونووسان بۆچوونی جیاوازیان دەربارەی ژمارەی بازرگانەکان هەیە، نەسەوی دەڵێت: ژمارەیان چوار کەس بووە، بەڵام ئیبن عیبری دەڵێت: ١٥٠ بازرگان بوونە، جوینی بۆچوونی وایە: ٤٥٠ بازرگان بوونە و زۆربەشیان مسوڵمان بوونە، کوشتنی ئەم هەمو بازرگانە بەو شێوەیە و چارەسەر نەکردنی کێشەکە بە حەکیمانە و هەروەها لووتبەرزی و لەخۆبایی بوونی سوڵتان، جەنگیزخانی تووڕە کرد ئەوەش بوو بە هۆی وێرانکردنی دەیان شار و ناوچە و کوشتنی سەدان هەزار کەس لە جەنگاوەر و خەڵکی بێتاوان و ریشەکێشکردنی گەورەترین دەوڵەتی ئیسلامی لە ناوچەکانی خۆراساندا . (المغول بين الإنتشار والإنكسار، د.علي محمد الصلابي مؤسسة إقرأ ٢٠٠٩، ص ٩٥ـ١٠٤)

بە ئاگر دەیبرژێنێت ئنجا دەست دەکات بە خواردنی پێیدەڵێ: ئەوە خواردنی ئێمەیە فرمو . سیخوڕەکە ئەم هەواڵەیان بۆ دەهێنێتەوە و بە ئەمیری ئۆترار دەڵێت: ئەمانە جۆرە سەربازێکن شەڕکردن لەگەڵیان ئاستەمە، لە ترسا ئەمیر داوای سەربازی زیاتر لە سوڵتان جەلالەدین سەنجەری دەکات و ئەویش شەست هەزار سەربازی بۆ ڕەوانە دەکات کاتێك شەڕ دەست پێدەکات جەنگیزخان سوپای خەواریزم تێکدەشکێنێت و دەست دەگرێت بەسەر شاری ئۆتراردا و دانیشتوانێکی زۆری دەکوژێت و ئافرەت و مااڵەکانیان بە تااڵن دەبات.

بۆ جاری دووەم جەلالەدین خۆی بە سەربازێکی زۆرەوە ڕووبەڕووی جەنگیزخان دەبێتەوە و جەنگێکی واها دژوار ڕوودەدات لە میژوودا وێنای کەم بووە مەگەر تەنها خودا بزانێت چەند کەس لەو شەڕەدا لە ناوچون، سوپای تەتار و مەغۆل لە شەڕەکەدا سەر دەکەون و دەست دەگرن بەسەر ناوچەکانی ئەوبەری ڕوباری جەیحون بوخارا و سەمەرقەند و هەروەها ترمزیش خاپوور دەکەن ئنجا جەنگیزخان لە ڕوباری جەیحون دەپەڕێتەوە و شاری بەڵخیش داگیردەکات و هەموو قەاڵ و شورا و ناوچەکانی خۆراسان و عێراقی عەجەم دەکەوێتە ژێردەستی و شاری (بامیان) وێران دەکات و خەڵکەکەی کۆمەڵکوژ دەکات تەنها چەند پەرستگایەك نەبێت بە ساغی دەمێننەوە، لەولاشەوە خەڵکی بەڵخ[1] لێی هەڵدەسن، بەاڵم بە زەبری شمشێر هەموویان سەرکوت دەکات و بەم شێوەیە سوپاکەی جەنگیزخان وای لێدێت هیچ هێزێك نامێنێت ڕووبەڕووی ببێتەوە، کار دەگاتە ئەوەی پایتەختی خەلافەتی ئیسلامی (بەغداد) بخاتە ژێر چنگی و خەلیفە "موستەعسیم بیلا" ڕەحمەتی خوای لێببێت سەردەبڕن. ئیبن جوزەی دەڵێت: دادوەری گشتی زانا "ئەبولبەرەکاتی کوڕی ئەلحاج" ووتی: گوێم لە وتارێژ "ئەبا عەبدوڵڵای کوڕی ڕەشید" بووە، وتویەتی لە مەککە چاوم بە "نورەدین ئیبن زوجاج" کەوتووە، کە یەکێك بوو لە زاناکانی

[1] بەڵخ و بامیان لە سنووری ئە فغانستاندان. (وەرگێڕ)

عێراق لەگەڵ برازاکەیدا ووتویانە: لە فیتنەی تەتار و مەغۆل سەد و بیست و چوار هەزار زانا و ئەهلی عیلم لەناوچونە و تەنها ئێمە و چەند کەسێکی کەم ماوین.

کاتێك چوینە بوخارا لە خانەقایەك لاماندا بە(فەتح ئاباد) ناسرابوو گۆڕی زانا و خواناس "سەیفەدین باخرزی" لێبوو لە گەورە ئەولیاکانی ئەو ناوچەیە بوو، لەم خانەقایە خواردن و خواردنەوە پێشکەش بە هەژار و ڕێبواران دەکرا، هەروەها وەقفێکی زۆریشی بۆ تەرخان کرابوو ئەو شێخەی سەرپەرشتی ئەم خانەقایەی دەکرد لە نەوەی باخرزی بوو ناوی حاجی سیاح یەحیا باخرزی بوو زۆر ڕێزی گرتین و بوینە میوانی، هەروەها هەموو کەسە ناوادارەکانی شاریشی بانگ کرد لە مالّەکەی خۆی دەست کرا بە خوێندنەوەی قورئان بە جوانترین ئاواز و پاشان ووتار پێشکەش کرا و ئنجا بە زمانی تورکی و فارسی گۆرانی و هۆنراوەیان چڕی بەڕاستی ئەو شەوەمان بە خۆشترین شێواز بەڕێکرد. لە بوخارا چاوم بە زانای بە ناوبانگ "سەدرلشەریعە" کەوت، کە تازە لە شاری هیرات[1] هاتبوەوە دواتر زیارەتی گۆڕی پێشەوا بوخاریم کرد خاوەنی پەرتوکی (جامیع صەحیحی بوخاری)یە و بە شەیخولئیسلامی مسوڵمانان ناوی دەرکردوە لەسەر گۆڕەکەی نوسرابوو: ئەمە گۆڕی محەمەدی کوڕی ئیسماعیلی بوخارییە کە چەندان پەرتوکی نووسیوە هەروەك ئەم ناونیشانە لەسەر گۆڕی زۆربەی زاناکانی بوخارا نووسرا بوو لەگەڵ ناوی ئەو پەرتوکانەی نوسیبویان منیش زۆربەی ئەو ناوانەم لە لای خۆم لە تێنوسێکدا تۆمارکرد و لام مایەوە تا ئەو کاتەی لە دەریا چەتە بێباوەڕەکانی هیندستان لێیان سەندم.

---

[1] شارێکە لە ئەفغانستان. (وەرگێڕ)

لە بوخاراوە کەوتینەڕێ مەبەستمان بوو بچینە خێوەتگەی عەلائەدین تەرمەشرین دواتر باسی ئەم سوڵتانە دەکەین، بە نێو (نەخشەب)دا تێپەڕ بووین شارۆچکەیەکی بچوك بوو بەڵام هەموو لایەکی باخ و دارستان بوو "شێخ ئەبو توراب نەخشەبی"خەڵکی ئەم شارەیە لە دەرەوەی شار بۆ پشودان لە مااڵی ئەمیرەکەی لاماندا، لەو دەمەدا کەنیزەکەم سکی پڕ بوو پەلەم بوو زوو خۆمان بگەیەنینە (سەمەرقەند) تا لەوێ منداڵەکەی بێتە دنیاوە شەو هەندێك لە هاوڕێکانم کەوتنەڕێ و کەنیزەکەشم لەگەڵیاندا نارد من و چەند هاوڕێیەکم ماینەوە تا بەیانی بکەوینەڕێ ئەوان بە رێگایەکدا کەوتبونەڕێ و ئێمەش بە رێگایەکی تر بۆ نوێژی شێوان گەیشتینە شوێنی سوڵتانی ناوبراو لە نزیك بازاڕ لاماندا و هەرچۆنێك بوو هەندێك خواردمان کڕی بەشی برسێتیەکەمانی کرد پەناگەیەکمان پەیدا کرد بۆ خەوتن تا بەیانی.

ئنجا بۆ بەیانی کەوتینە گەڕان بەدوای هاوڕێکانمدا تا بیاندوزینەوە، بۆ ئێوارە دۆزرانەوە چومە لای "ئەمیر تەقبەغا"ی جێگری سوڵتان بەڵام سوڵتانم نەبینی، چونکە رۆیشتبوو بۆ راوکردن ئەمیر نیمچە دەوارێکی پێدراین کە پێیان دەوت: خەرگاە، ئەو شەوە کەنیزەکەم لەوێ منداڵەکەی هاتە دونیاوە و هاوڕێکانم ووتیان: کورە ئیتر منیش بەو بۆنەیەوە گوێزبانە (عەقیقەم)م بۆ ئەنجامدا و پرسیارم لە ئافرەتەکان کرد ووتیان: کچە. زۆر دڵخۆش بووم بەوەی کە کچ بوو بەڵام دوای دوو مانگ لە گەیشتنم بە ولاتی هیندستان کۆچی دوایی کرد.

باسی سوڵتانی ئەودیوی ڕوبار

ناوی عەلائەدین "تەرمەشرین" بوو سوڵتانێکی مەزن بوو و خاوەن سوپایەکی زۆر و مەملەکەتێکی فراوان بوو سەرەڕای ئەو هێزەی کەسێکی دادپەروەر بوو ولاتەکەی دەکەوتە ناوەڕاستی چوار دەوڵەتی مەزنی دونیاوە، پاشای هەر چوار دەوڵەتەکە ڕێزیان لێ دەگرت و هەروەها لێشی دەترسان ئەوانیش پاشای چین و هیندستان و عێراق و ئۆزبەك بوون ئەم سوڵتانە لە دوای مردنی براکەی دەسەلات وەردەگرێت کە ناوی "جەکتی" بووە ئەم جەکتیەش بێباوەڕ دەبێت و ئەویش هەر لە دوای مردنی "کەبەك"ی برایەوە لەسەر تەختی پاشایەتی گیرسابووە هەرچەند کەبەك کەسێکی بێباوەڕ دەبێت، بەڵام دادپەروەر بووە و هەمیشە پشت و پەنای ستەملێکراونی دەگرت و ڕێزی تایبەتیشی بۆ مسوڵمانان هەبوو.

دەگێڕنەوە جارێك پاشا دەکەوێتە گفتوگۆ لەگەڵ زانایەکی خواناس کە ئامۆژگاری خەڵکی دەکرد پێی دەڵێت: ئێوە دەڵێن خودا لە قورئانی پیرۆزدا باسی هەموو شتێکی کردوە، ئایا باسی ناوەکەی منیشی تێدایە؟ لە وڵامدا دەڵێت: بەڵێ لە ئایەتێکدا ناوەکەت هاتووە کە دەفەرموێت: ﴿في اي صورة ماشاء ركبك﴾[1] ووشەی کەبەك دیار و ئاشکرایە، پاشا بەو وڵامە دڵخۆش دەبێت و بە زمانی تورکی پێی دەڵێت: یخشی، واتا ئافەرین زۆر باشە ئەوەندەی تر زیاتر ڕێز لە مسوڵمانان دەگرێت.

---

[1] سورەتی تینفیتار ئایەتی ۷.

حیکایەتی دادپەروەری پاشای کەبەک

لە دادپەروەریەکانی ئەم پاشایە ئەوەیە، جاریّك ئافرەتیّك دیّتە لای و سکالاّی خۆی بەرز دەکاتەوە دەڵێت: من هەژارم و کۆمەڵێك منداڵم هەیە و بە پارەی ئەو شیرەی کە دەیفرۆشم بەخێویان دەکەم، بەڵام یەکێك لە ئەمیرەکانی تۆ هەموو شیرەکەمی بردوە و خواردویەتی، ئەویش لە وەڵامدا دەڵێت: ئێستا بانگی دەکەم و بە شمشێر دوو لەتی دەکەم ئەگەر شیرەکە لە هەناویەوە هاتە دەرەوە، ئەوا پاداشتی خۆی وەرگرتووە گەر نا ئەوا خۆت دوو لەت دەکەم، دەڵێن: ئافرەتەکە لە ترسا دەڵێت: بە حەڵاڵی بێ وازی لێ بهێنە بەڵام فەرمان دەکات کە ئەمیر ئامادە بکەن، پاشان بە شمشێر دوو لەتی دەکەن و شیرەکە لە هەناوییەوە دێتە دەرەوە، بەو شێوەیە بەڵێنەکەی خۆی جێبەجێ کرد.

ئنجا با باسی سوڵتان تەرمەشرین بکەین، کاتێك لە خێوەتگای سوڵتان لاماندا بۆ پشوو کە ئەوان پێیان دەوت: ئوردو وەك نەریتی خۆم بەیانیان دەڕۆیشتم بۆ نوێژ، رۆژێکیان نوێژی بەیانیم کرد ووتیان: ئەوە سوڵتانە و منیش لێی نزیك بوومەوە و هەردوو زانای بەناوبانگ حەسەن و حوسامەدین یاغی منیان پێ ناساند ووتیان: کە چەند رۆژێکە لێرە لایانداوە بۆ پشوو لە وەڵامدا بە زمانی تورکی ووتی: خش میسن یخشی میسن قوتڵو ئیوسەن. واتا: بەخێربێن و ئێوە باشن هاتنتان خێر بێت پۆشاکێکی قودسی سەوزی پۆشی بوو لەگەڵ لەچکێك ئنجا دەستی کرد بە خوێندنی ویردەکان تا خۆر هەڵهاتن، پۆل پۆل خەڵکی دەهاتن و سلاّویان لێ دەکرد کاتێك هەستا بە رۆیشتنەوە خەڵکی سکالاّی خۆیان دەگەیاندە لای و ئەویش گوێی لە هەموو خەڵکی دەگرت جا گەورە بوایە یاخود منداڵ یان ئافرەت بێ جیاوازی سکالاّی هەمووی وەردەگرت. پاشان کەسێکی رەوانە کرد بۆ لام تا سەردانی بکەم منیش رۆیشتم و سوڵتان لە خێوەتەکەی خۆیدا لەسەر

کورسیەك دانیشتبوو خێوەتەکە شێوەی وەك مینبەر وابوو ناوەوەی رازێنرابوەوە بە ئاوریشمی رووپۆشکراوی ئالتونی سوڵتان خۆی پۆشاکێکی جوانی پۆشی بوو، هەروەها تاجەکەی رازێنرابووەوە بە یاقوت و گەوهەر، ئەمیرە گەورەکان لەگەڵ کوڕە پاشاکان لەملاولای سوڵتانەوە لەسەر کورسی دانیشتبوون لە نێو دەرگاکەش پاسەوان وەستابوون کە پێیان دەوترا: حاجب، لەگەڵ جێگر و وەزیر و خاوەن نیشانەکان کە پێیان دەوترا: ئال تەغما (ال طغمی) ئال واتا: سوور، طغمی واتا: نیشانە. لە دەرەوەش خەڵکی بە لای راست و چەپدا وەستا بوون و سەربازێکی زۆریش لەسەر کورسی دانیشتبوون و ئەمیری جەنگ بەرامبەریان دانیشتبوو، ئەمانە بە نۆرە پاسەوانییان دەگرت، لە بەیانییەوە تا عەسر پۆلێك سەرباز پاسەوانییان دەگرت و لەوە بەدواشەوە کۆمەڵێکی تر تا کۆتایی شەو.

کاتێك چومە ژورەوە بۆ لای سوڵتان، چوار لە پاسەوانەکانی هاتنە ژوورەوە سڵاوم کرد و کەووتینە گفتوگۆ یەکێك لە ئاڵ تەغماکان (خاوەن نیشانەکان) قسەکانی منی بۆ وەردەگێڕا پرسیاری مەککەی پیرۆز و مەدینە و قودس و شاری خەلیلی کرد هەروەها هەوالّی پاشای میسر و دیمەشق و عێراق و مەلیك ناسری پرسی لەگەڵ ولاّتی عەجەم و رۆم، پاشان بانگی نیوەڕۆ درا و رۆیشتین بۆ مزگەوت ئەوکات کەشوهەوا سارد و کوشندە بوو نەریتی وابوو هەمیشە نوێژی بەیانیان و خەوتنانی بە کۆمەڵ دەکرد و بەیانیانیش دوای نوێژ سەرقالّی زیکر کردن دەبوو بە زمانی تورکی تا خۆرهەڵهاتن خەڵکیش دەهاتن و یەك یەك تەوقەیان لەگەڵیدا دەکرد، ئەگەریش مێوژ یان خورما هەبووایە ئەوا بە دەستی خۆی دەیبەخشانەوە، خورماش لای ئەوان خواردنێکی پیرۆز بوو.

باسی ڕەوشتە جوانەکانی سوڵتان تەرمەشرین

لە ڕەوشتە جوانەکانی ئەوە بوو، جارێکیان کە نوێژی عەسر دەستی پێکرد، یەکێك لە خزمەتکارەکانی بەرمالّەکەی هێنا و لە پێشەوە داینا و ئنجا بە پێشەوا حوسامەدین یاغی ووت: سوڵتان دەستنوێژ هەڵدەگرێت، چاوەڕوانبە تا ئەو دێت و ئنجا نوێژ دەست پێ بکەن، پێشەوا یاغی بە بانگبێژەکەی ووت: کات درەنگە و قامەت بکە ئێمە نوێژ بۆ خودا دەکەین نەك بۆ سوڵتان تەرمەشرین، کە وسوڵتان ئامادە بوو، دوو رکاتی نوێژ تەواو بوو بوو کە سلاّوی دایەوە هاتە لای پێشەوا و تەوقەی لەگەڵدا کرد و منیش لەگەڵیان وەستا بووم، دەستی کردە پێکەنین و بە منی ووت: ئەگەر گەڕایتەوە بۆ ولاّتەکەی خۆت، ئەوەیان بۆ باس بکە: کە هەژارێکی عەجەم چۆن مامەڵە لەگەڵ سوڵتانی تورکدا دەکات.

پێشەوا "یاغی" یاغی: بە زمانی تورکی واتا: تۆڵەسێن زانایەکی دیندار و خواناس بوو هەمیشە لە نوێژی هەینیدا وتاری دەدا و دەسەلاّتدارانی ئاگادار دەکردەوە لە سزای خودا، وشەی زۆر زبری بەرامبەر سوڵتان بەکاردەهێنا بەلاّم ئەو دەگریا و هیچ کات بە ڕووی پێشەوا نەدەوەستایەوە پێشەوا خۆی کەسێکی ڕەوشت بەرز و چاونەترس بوو هیچ کات یارمەتی لە سوڵتان و غەیری سوڵتان وەرنەدەگرت پۆشاکێکی وەك فەرەنجی سادەی دڕاوی دەپۆشی لەگەڵ قەڵەنسوەیەکی لباد بێ ئەوەی عەمامە ببەستێت ووتم: پێشەوا ئەم پۆشاکە دڕاوە چییە بۆ یەکێکی باشتر ناپۆشیت؟!، ووتی: ئەوەش هی خۆم نییە و هی خوشکەکەمە ئەوەی خۆمم پێشکەش بە هەژارێك کرد هەروەها ووتی: پەنجا سالّە بەڵێنم بە خودا داوە کە هیچ شتێك لە کەس وەرنەگرم گەر شتێك لە کەسێك وەربگرم ئەوا لە تۆی وەردەگرم. دوای پەنجا و چوار ڕۆژ مانەوەم لای سوڵتان، بڕیارمدا گەشت بکەم، داوام لێکرد فەروەیەکی سَمۆرەم بداتێ بۆ ڕێگا چونکە سارد بوو ئەویش فەروەیەك و حەوت سەد

دینار و درهەمی دامێ کاتێك مالّئاواییم لێکرد ئەو بە رێگاوە بوو بۆ راوکردن سوێند بە خوا ئەوەندە سەرما بوو، نەمدەتوانی قسە بکەم سولّتان پێکەنی و ئیتر مالّئاواییم لێکرد.

دوای دوو ساڵ لە گەیشتنم بە ولّاتی هیندستان، هەوالّم پێگەیشت کە کۆمەڵێك لە قەوم و ئەمیرەکانی لەوسەری ولّاتی چین پیلانیان گێڕابوو بۆ لەسەر کار لادانی سولّتان زۆربەی سەرباز و فەرماندە و ئەمیرەکانی بەیعەتیان دابوو بە برازاکەی بە ناوی "بوزون ئوغلی"، ئوغلی واتا: نەوەی پاشا، ئەم بوزونە هەرچەندە مسولّمان بوو، بەلاّم کەسێکی خراپەکار بوو.

هۆکاری لادانی سولّتان تەرمەشرین لە دەسەلاّت ئەوە بوو، کە پێچەوانەی یاساکانی باپیری واتا جەنگیزخان هەڵسوکەووتی دەکرد، چونکە قەومی تەتار یاسایەکی تایبەتیان هەبوو بە ناوی (یاسق) بۆ کەس نەبوو پێچەوانەی یاساکانی رەفتار بکات یەکێك لە برگەکانی دەبوو هەموو ساڵێك لە رۆژێکدا نەوەکانی جەنگیزخان کۆببنەوە بەو رۆژەیان دەوت: (توا)، هەموو ئەمیرەکان و فەرماندە و خاتونەکانیان لەسەر یەك خوان کۆدەبوونەوە، گەر کەسێك پێچەوانەی(یاسق) رەفتاری بکردایە پێیان دەوت: تۆ فلاّن رەفتاری هەڵەت کردوە باجەکەشی وازهێنانە لە کورسی پاشایەتی یاخود سزایەکی وا دەدرا کە بە هێندەی تاوانەکەی بێت. بەلاّم تەرمەشرین (یاسقی) پشتگوێ خستبوو هەر بەوەشەوە نەوەستابوو بەڵکو هەموو رێوڕەسمەکانی سڕییەوە هەروەها چوار ساڵ بوو سەردانی زەوییەکانی سنووری چینی نەکردبوو کە ئەمەش نەریت بوو لای سەرکردەکانی مەغول و دەبوو هەموو ساڵێك سولّتان سەردانی پێگەکانی ولاّتی بکردایە و ئاگاداری هەوالّی سەربازەکانی ببووایە چونکە بنەڕەتی دەسەلاّتیان لەو ناوچانەوە بووە بەتایبەتیش شاری (مالق).

کاتێك سولّتان هەوالّی پێ دەگات، کە هەموو کاربەدەستان بەیعەتیان بە بوزون داوە و سوپایەکی گەورەی پێکەوە ناوە لە ترسا لەگەڵ پانزە پاسەوانی تایبەتی

خۆی هەڵدێت و دەیەوێت بچێتە ولاتی غەزنێ[1] کە ئەم ناوچەیەش لە ژێر قەڵەمڕەوی خۆیدا بووئەمیرەکەی پیاوێکی دیندار و خواناس بوو مسوڵمانانی خۆشدەویست، زیاتر لە چل خانەقای هەبوو کە خواردن و خواردنەوەیان پێشکەش بە هەژاران و ڕێبواران دەکرد هەروەها خاوەن هێزیش بوو کاتێك سوڵتان لە ڕوباری جەیحون دەپەڕێتەوە بەرەو بەڵخ، کۆمەڵێك پیاوی تورك کە خەڵکی ئەو ناوچەیە دەبن دەیناسنەوە هەواڵ بە "یەنقی" برازای دەگەیەنن چونکە دوژمنایەتی لە نێوان هەبوو کاتێك هەواڵەکەی پێ دەگات دەڵێت: بێگومان سوڵتان شتێکی بەسەر هاتووە.

دەستبەجێ لەگەڵ هاوڕێکانی دوای دەکەون و دەیگرن و بەندی دەکەن، کاتێك بوزون بە سوپاکەیەوە دەگاتە بوخارا و سەمەرقەند خەڵکی بەیعەتی پێ ئەدەن"یەنقی"ش تەرمەشرین رادەستی بۆزون دەکات دەڵێن: لە دەرەوەی سەمەرقەند دەیکوژن و هەر لەوێش دەنێژرێت، پیاوێك هەبوو ناوی "شەمسەدین گەردن بورەیدا" بوو خزمەتی گۆڕەکەی دەکرد بۆیە پێیان دەوت: گەردن بورەیدا چونکە گەردنی شوێنی بڕینی شمشێری پێوە مابوو خۆم ئەم کەسەم لە هیندستان بینی دەڵێن: سوڵتان نەکوژراوە لە دواییدا بە ویستی خوا باسی دەکەین. دوای ئەوەی بوزون بە تەواوەتی دەسەڵات دەکەوێتە دەستی "بشای ئوغلی" کوڕی سوڵتان تەرمەشرین و فەیروزی خێزانی لەگەڵ خوشکەکەی هەڵدێن و ڕووەکەنە ولاتی هیندستان و پەنا دەبەنە بەر پاشای ئەو ولاتە ئەویش زۆر ڕێزیان لێ دەگرێت چونکە پێشتر پەیوەندیەکی تووندوتۆڵی لەگەڵ سوڵتان تەرمەشرین هەبوو هەمیشە لە نێوانیاندا نامەگۆڕینەوە و دیاری ناردن هەبوو پاشای هیندستان بە برا ناوی دەبرد، دوای ماوەیەك پیاوێك لە ولاتی سند دەردەکەوێت و بانگەشەی ئەوە دەکات کە ئەو سوڵتان تەرمەشرینە، ئیتر خەڵکی دەکەونە گومانەوە لەوەی ئایا ئەم کەسە

[1] ولایەتێکە لە ئەفغانستان. (وەرگێڕ)

تەرمەشرینە یان نا؟!، ئەو هەواڵە دەگات بە والی شاری سند "عیماد ئەلمەلیك سەرتیز غولام" ئەوکات پایتەختی دەسەڵاتی لە شاری (مولتان) دەبێت هەندێك لەو تورکانەی کە لە خزمەت پاشای هیندستان بوون سولتان تەرمەشرینیان دەناسی والی رەوانەیان دەکات تا بزانن ئایا راستە ئەو کەسە سولتان تەرمەشرینە یان نا، کاتێك دەڕۆن دەیناسنەوە دەگەڕێنەوە لای و پێی دەڵێن: بەڵێ ئەو کەسە تەرمەشرینە.

ئیتر بە شێوازێکی جوان بەخێرهاتنی دەکەن و لە هەموو لایەکەوە وەك سولتان پێشوازی لێ دەکرێت و بە ڕێزەوە خوانی میوانی بۆ ئامادە دەکرێت، هەواڵیش دەگەیەنرێت بە پاشای هیندستان، هەر لەو کاتەشدا پیاوێکی دانا لە خزمەتی مەلیکی هیندستان دەبێت، پێی دەڵێت: من تەرمەشرین دەناسم، کاتی خۆی برینێك لە قاچیدا بووە تیمارم کردوە، دەڕۆم و لەگەڵ ئەمیر و کەسە ناودارەکاندا قاچی دەشێلم و تەماشای برینەکە دەکەم ئەگەر شوێنەکەی دیار بوو ئەوا خۆیەتی دەڵێن: کاتێك قاچی دەشێلێت، دەگەڕێت تا سەیری شوێنی برینەکەی بکات، ئەویش تووڕە دەبێت و جنێوی پێ دەدات و پێی دەڵێت: ئەزانم دەتەوێت سەیری برینەکە بکەیت فەرمو تەماشای بکە کاتێك دەگەڕێتەوە ئەو هەواڵە بە پاشای هیندستان دەگەیەنێت.

پاشان وەزیرێکی پاشای هیندستان کە ناوی "خواجە جیهان ئەحمەدی کوڕی ئەیاس" دەبێت، لەگەڵ یەکێك لە ئەمیرە گەورەکانی بە ناوی "قوتلوخان" پێشتر ئەم قوتلوخانە مامۆستای پاشا دەبێت بە منالی، هەردووکیان دەڕۆن بۆ لای و پێی دەڵێن: ((خواند عالم))، واتا ئەی پاشای جیهان ئەم سولتانە دوژمنێکی زۆری هەیە لە نەتەوەکەی خۆی و ژمارەیان دەگاتە چل هەزار سەرباز ئەگەر ئەمانە هێرش بکەنە سەر ولاتەکەمان ناتوانین هیچ بکەین، ئەم وتانەی ئەمیر و وەزیرەکە کاریگەری لەسەر پاشای هیندستان دروست دەکات و دەڵێت: بڕۆن بانگی تەرمەشرین بکەن کاتێك ئامادە دەبێت وەك کەسێکی ئاسایی پێشوازی لێ

دەکات، ئنجا جنێوی ناشیرینی پێ دەدات و پێی دەڵێت: مازرکانی (جنێوەر وەرگێر) تۆ بانگەشەی ئەوە دەکەیت کە سوڵتان تەرمەشرینی، بەڵام ئەو پیاوەی لای ئێمەیە(گەردن بوریدا) خزمەتی گۆڕەکەی کردوە.

ئینجا سوڵتان دەڵێت: برۆن بیبەنە لای کور و کچەکەی تەرمەشرین و پێیان بڵێن: ئەم پیاوە بانگەشەی ئەوە دەکات کە باوکی ئێوەیە، کاتێك دەیبەنە لای کور و کچەکەی دەیناسنەوە ئەو شەوە لای ئەوان دەبێت و پاسەوان چاودێری دەکات، بۆ بەیانی لە ترسا منداڵەکانی نکوڵی لێدەکەن، ئیتر پێنج هەزار درهەمی دەدەنێ و ولاتی هیند و سند جێدەهێڵێت و رێگای کیچ و مەکران دەگرێتەبەر، لە رێگا خەڵکی ناوچەکان دەیناسنەوە و رێزی لێ دەگرن و یارمەتی ئەدەن تا دەگاتە لای سوڵتانی شیراز ئەویش زۆر رێزی لێ دەگرێت و جێگای تایبەتی دەداتێ و خەرجیشی بۆ دەبڕێتەوە کاتێك لە هیندستانەوە چومە شیراز هەوالّم پرسی ووتیان: بە بێ رەزامەندی سوڵتان کەس ناتوانێت بڕواتە دیدەنی، منیش ترسام و سەردانیم نەکرد بەڵام دواتر پەشیمان بووم کە نەچومە لای.

با بگەڕێینەوە بۆ باسی بوزون پاشا: کاتێك بوزون بە تەواوەتی دەستی داری گرت کەوتە چەوساندنەوەی خەڵکی و بەتایبەتیش مسوڵمانان بە پێچەوانەوە ئازادییەکی رەهای دا بە جولەکە و گاورەکان تا کار گەیشتە ئەوەی خراپی مامەڵەکردنی گەیشتە ئەوپەڕی دونیا و مسوڵمانانیش لە دەرفتێك دەگەڕان تا تۆڵەی لێ وەربگرنەوە، ئەوە بوو هەوالّ گەیشتە سوڵتان "خەلیلی کوڕی یەسوری خۆراسان".

ئەم سوڵتانەش بە سوپایەکەوە کەوتەڕێ تا گەیشتە لای پاشای هیرات و خۆی وەك فریاد ڕەسێك پێشاندا و داوای یارمەتی لە پاشا "حوسێنی کوڕی غەیاسەدینی غۆری" کرد و بەڵێنی پێدا کە ئەگەر بێت و سەریکەوێت بەسەر بوزون پاشادا، ئەوا بەشدار دەبێت لە هەموو دەستکەوتەکان بۆیە سوڵتان حوسێن بە سوپایەکی مەزنەوە بەشداری کرد هەروەها ئەمیرەکانی ئیسلامیش سەمع و

تاعەی خۆیان بۆ سوڵتان "خەلیل" دەربڕی یەکێك لەوانە ئەمیری شاری ترمز "عەلا مولك خوداوەند زادە" بوو ڕەچەڵەکی دەگەڕایەوە سەر ئیمام حوسێن بە چوار هەزار سەربازەوە بەشدار بوو کەسێکی پاڵەوان و ئازا بوو، ئیتر ئەوەندەی نەبرد جەنگ دەستیپێکرد و سوپای بوزون لەو جەنگەدا تێکشکا و خۆشیان دەستگیر کرد و بە (ژێی کەوان) خنکێنرا کە ئەمەش نەریت بوو دەبوو کوڕی پاشاکان بە خنکاندن لە ناوببرێن.

دوای ئەو سەرکەوتنە ناوبانگی سوڵتان"خەلیل" لە هەموو جێگایەك دەنگی دایەوە و سوپاکەی لە سەمەرقەند ژمارەیان گەیشتە هەشتا هەزار جەنگاوەر بە ئەسپەوە ئەسپەکانیش هەموو قەڵغاندار بوون، ئەم سوپایە کەوتەڕێ بەرەو ولاتی (مالق) و تەتاریش سوپای خۆیان کۆکردەوە و یەکێکیان کرد بە سەرکردەی سوپاکە و لە ناوچەی "ئۆترار" کە سێ ڕۆژ لە مالقەوە دوور بوو جەنگ دەستیپێکرد و کوشتارێکی زۆر لە هەردوولا دروستبوو و هیچ لایەك جەنگەکەی نەبردەوە، دوای ماوەیەکی کەم "خوداوەند زادە"ی وەزیری سوڵتان خەلیل بە بیست هەزار سەربازەوە هێرش دەکاتە سەر تەتار لەو جەنگەدا گورزێکی زۆر تووندیان لێدەدات و هەموو ناوچەکانیان دەکەوێتە ژێر چنگی خوداوەند زادە، هەر بەمەشەوە نەوەستان ئنجا سوڵتان خەلیل خۆی بە سوپاوە کەوتەڕێ بەرەو سنووری زەوییەکانی (خەیتا و چین) و شاری قەراقوم و بشبالغی فەتح کرد، لە ترسا سوڵتانی خەیتا بە سوپایەکەوە بە ڕوویاندا وەستایەوە بەڵام جەنگ ڕووی نەدا و ئیتر ئەوەندەی نەبرد ڕێککەوتن کەوتە نێوانیان. دەسەڵاتی سوڵتان خەلیل هەموو ناوچەکانی گرتەوە و ترسی خستە دڵی هەموو پاشا و دەسەڵاتدارەکان و جێ پێی خۆی لە شاری (مالق) توند کرد و "خوداوەند زادە"ی وەزیری کرد بە والی ناوچەکە، دادپەروەری لە هەموو سووچێکی مەملەکەتەکەی چەسپاند بەڵام تورکەکان کەوتنە دووزمانی و ئاشوبنانەوە، خۆیان گەیاندە لای سوڵتان ووتیان: سوڵتان وەزیرەکەت سەرقاڵی ئەوەیە کە شۆڕشێك دژی تۆ بەرپا بکات و بانگەشەی ئەوە دەکات کە خۆی

شایستەی پاشایەتییە، چونکە لە نەوەی پێشەوا حوسێنە و کەسێکی ئازایە، ئەم هەوالّە سولّتان تورە دەکات و والییەکی نوێ رەوانەی شاری (مالق) دەکات و داواش لە "خوداوەند زادە" دەکات کە خۆی و چەند کەسێك لە پاسەوانەکانی بێن بۆ لای، بەلاّم کاتێك دەگاتە لای بێ ئەوەی لە هەوالّەکە بکۆلّێتەوە دەیکوژێت و بەم کارەش مالّی خۆی وێران کرد.

دواتر دەستدرێژیشی کردە سەر دەسەلاّتداری هیرات(سولّتان حوسێن)، کە پێشتر بە مالّ و سەرباز یارمەتی پێشکەش کردبوو داوای لێ کرد ناوی لە ووتاری هەینیدا بخوێنرێتەوە و سکەی پارەش بە ناوی ئەوەوە لێ بدرێت، ئەم داوایە پاشای هیراتی تووڕە کرد و سولّتانی بە دەرچون لە بەلّێنەکانی تۆمەتبار کرد بۆیە بە ناشیرینترین شێواز وەلاّمی دایەوە سولّتان خەلیل بە سوپایەکەوە کەوتەڕێ بۆ هیرات و پاشا حوسێن لەگەلّ ئامۆزاکەی کە دەسەلاّتداری (وەرنا) بوو ئەوانیش سوپایەکیان ئامادە کرد و جەنگ دەستپێکرد، لەو شەڕەدا سوپای سولّتان خەلیل تێکشکا و خۆشی دەستگیر کرا، بەلاّم پاشا حوسێن بڕیار دەدات نەیکوژێت و بە دیلی لای مایەوە کەنیزەی پێشکەش کرد و خەرجیشی بۆ بڕییەوە، بەو شێوەیە مایەوە تا ئەو کاتەی من لە سالّی ٧٤٧ ك خاکی هیندستانم بەجێهێشت.

شاری سەمەرقەند

با بگەڕێینەوە بۆ باسەکەی خۆمان: کاتێك مالّئاوایم لە سولّتان تەرمەشرین کرد گەشتم کرد بۆ (سەمەرقەند)[1] کە یەکێك بوو لە جوانترین و گەورەترین شارەکان و دەکەوتە سەر رۆخی ڕوبارێك کە لەنێوان دۆلّێکدا بوو پێیان دەوت:

---

[1] سەمەرقەند شارێکی ناوداره و دەکەوێتە باشوری دۆلّی سەغدەوە، لە جێگایەکی بلّندە دەلّێن: شەمری ئەبو کەرەب کە بە"شەمەرکەنت"ناسراوە دروستی کردوە، دواتر ناوەکە بە عەربی دەکرێ و سەمەرقەندی بەسەردا دادەبڕێ ، ڕایەکی تر هەیە دەلّێت: ئەسکەندەری مەکدۆنی دروستی کردوە هەروەها دەشلّێن: سەمەرقەند یەکێکە لەو شارانەی کە زیلقەرنەین دروستی کردوە !. (معجم بلدان /مج٣ص٢٤٦ـ ٢٤٧)

دۆڵی (قەسارین)باخ و بێستانی زۆر بوو و بە ناعور ئاو دەدران، هەموو ئێوارانێک دوای نوێژی عەسر خەڵکی لەسەر سەکۆ دادەنیشتن و دەیانڕوانی لە دیمەنی شار و ڕوبارە سەرنجڕاکێشەکەی و دوکانێکی زۆریشی هەبوو لە هەموو جۆرە خواردن و میوەیەکیان دەفرۆشت.

لە رۆخی ڕوبارەکەدا باڵەخانە و مااڵی گەورە دروستکرابوون، ئەوەی جێگای سەرنج بوو هەندێك لە خانووەکانی ئەم شارە روخابوون و هیچ شورایەکی نەبوو هەروەها خەڵکەکەی زۆر لە خەڵکی بوخارا باشتر و بەخشندەتر بوون و رێزیان لە رێبوار و غەریبە دەگرت هەر لە دەرەوەی سەمەرقەند گۆڕی "قوسەمی کوڕی ئیبن عەباس"ی لێبوو کاتی خۆی لەو ناوچەیە شەهید بووە خەڵکەکەی بۆ پیرۆزی سەردانیان دەکرد، هەروەها تەتاریش سەردانیان دەکرد و درهەم و دینار و مانگا و مەڕیان پێشکەش دەکرد، کە بۆ خواردنی رێبواران و پێداویستی مەزارەکە خەرج دەکرا، لەسەر گۆڕەکەش گومەزێك دروستکرابوو کە لەسەر چوار کۆڵەکە بەند بوو لە تەنیشت هەر کۆڵەکەیەك ستوونێکی سەوز و رەش و سپی و سوور هەبوو هەروەها میچەکەشی بە قورقۆشم جونکرا بوو گۆڕەکەش بە داری ئابنوسی رووپۆشکراو بە زیو داپۆشرابوو لە سەریشی سێ چرای زیوی دانرابوو لە دەرەوەی شاری سەمەرقەند خانەقایەکی لێبوو بە تەنیشتیوە ڕوبارێکی لێبوو خەڵکی لە رۆخەکەی داری یاسەمین و ترێ و میوەی تریان لێچاندبوو . رێبواران بۆ پشو لەم خانەقایە لایاندەدا جێگای تایبەت و پێداویستییان بۆ دابینکرابوو هەرچەندە ئەم ناوچەیە زەمانێك بوو کەتبووە ژێر چنگی تەتارە بێباوڕەکان بەاڵم نەیان ڕوخاندبوو بەڵکو بە شوێنێکی پیرۆزیان دادەنا ئەم خانەقایە یەکێك لە خەلیفەکانی عەباسی پێشکەشی سوڵتان تەرمەشرینی کردبوو هەر لە سەمەرقەند چاوم بە دادوەرەکەی کەوت ناوی "سەدرولجیهان" بوو کەسێکی خاوەن رەوشت و زانست بوو کاتێك گەشت دەکات بۆ واڵتی هیندستان لە رێگا لە شاری موڵتان کۆچی دوایی دەکات.

پاشای هیندستان

کاتێکە هەوالّی ئەم زانایە دەگاتە پاشای هیندستان کە"سەدرولجیهان" کۆچی دوایی کردوە لە کاتێکدا بەڕێوە بووە بۆ لای ئەو، زۆر نیگەران دەبێت بۆیە بڕیاردەدات چەند هەزار دینارێك بۆ منداڵەکانی خەرج بکرێت، هەروەها ئەوەندەش بە زیادەوە بدرێتە هاوڕێکانی بۆیە خێرا ئەو بڕیارە جێبەجێدەکرێت، تەنانەت ئەگەر سەدرولجیهان خۆشی لە ژیاندا بووایە هەر ئەوەندە یارمەتی پێشکەش دەکرا، هەروەها ئەوەی جێی سەرنج بوو پاشای هیندستان لە هەموو شار و گوندێکدا هەواڵگری تایبەتی هەبوو هەر شتێك رووی بدایە زوو هەواڵ دەگەیشتە لای جا کەسێکی ناودار رووی بکردایەتە مەملەکەتەکەی، یاخود کارەساتێك رووی بدایە زوو هەواڵەکە رەوانە دەکرا و دواتریش ناوی (هەواڵدەرەکە) و سیفاتی و لە کوێوە هاتووە و رەنگی ئەسپەکەی و...هتد تۆمار دەکرا پاشان بە ئەندازەی گرنگی هەواڵەکە پاداشت دەکرا.

شاری نەسەف و ترمز

دوای سەمەرقەند گەشتم کرد و چومە شاری (نەسەف)ی شاری زانای بەناوبانگ "ئەبو حەفصی عومەری نەسەفی"یە رەحمەتی خودای لێبێت، خاوەنی پەرتوکی (المنظومة في المسائل الخلافية بين فقهاء الاربعة)یە دواتر چومە (ترمز)، شارەکەی پێشەوا ترمزی (ئەبو عیسای کوڕی محەمەدی عیسای کوڕی سورەتی ترمزی) خاوەنی پەرتوکی (الجامع الكبير في السنن).

ئەم شارە پێشتر لە سەر رۆخی ڕوباری جەیحون دروستکرابوو بەڵام دوای ئەوەی جەنگیزخانی نەفرەتی وێرانی دەکات دووبارە ئەم شارە ئاوەدان دەکرێتەوە، بەڵام

ئەجارەیان دوو میل دوورتر لـە ڕوبارەکـە دروسـت دەکرێتـەوە، ئێسـتا شـارێکی گەورەی جوانە و پڕە لە دار و ڕەز و میـوەی تریّ و سەفەرجەلی[1] بەتامی یـەجگار زۆر بوو هەروەها ئاژەڵ و مالاّتی باشیان هەبوو کە لە ژمارە نایەت، بۆیـە شـیر و گۆشتیان زۆر بوو خەڵکەکـەی بـە شـیر سـەری خۆیـان دەشووشـت هـەر کەسـێك بڕۆیشتایەتە گەرماو لە بری ئەوەی سەری بە (تـەفڵ)[2] بشـوات مەنجـەڵێك شـیر دانرابوو و بە شیر سەری خۆی دەشووشت، هەروەها خەڵکی هیندستانیش بە هەمان شێوە سەریان بە ڕۆنی کونجی چەور دەکەن و پێی دەڵێن: شیرج دەڵـێن: پـرچ دڕێـژ دەکات و مووەکانی جوانتر دەکات، لەبەر ئەمەشە خەڵکی هیندستان هەموو ریش دڕێژن. لە ترمز لە خانەقای عەزیز لاماندا بۆ پشودان، کە لە مەشایەخەکانی ئـەو ناوچەیە بوو کەسێکی بەخشندە بوو داهاتی زۆریشی هـەبوو لـە بـاخ و مـاڵات و بەشێکی تەرخان کردبوو بۆ خزمەتکردنی هەژاراران و ڕیبواران پێش ئەوەی بڕۆم بۆ شاری ترمز لەگەڵ ئەمیرەکەی "عـەلا ئەلمەلیك"دانیشتم نامـەیەکی بۆم نووسـی تـا لە خانەقاکە میواندارییان بکەن و پێداویستیەکانمان بۆ جێبەجێ بکەن ئەوەندەی لەو شارەدا ماینەوە بوویـنە میوانی خانەقا. هەر لەوێ چاومان کەوت بە دادوەرەکـەی کە ناوی "قەوامـەدین" بوو ئەوکات مۆڵەتی لە ئەمیرەکەی وەرگرتبوو تـا گەشـت ئەنجام بدات بۆ هیندستان بەمەبەستی سەردانی کردنی سوڵتان تەرمەشـرین دواتـر باسی چاوپێکەوتنەکەم دەکەم لەگەڵ ئەم دادوەرە و هەردوو براکـەی "زیائـەدین و بورهانەدین" لە شاری مولتان و چۆنیش پێکـەوە گەشـتمان کـرد بـۆ هیندسـتان هەروەها باسی دوو برای تریشی دەکەم لەگەڵ برازاکانی کە دوای کوژرانی باوکیـان چۆن دوو کچی وەزیر "خواجە جیهان" دەخوازن پاشان چۆن یەکتریمان بینی لـە لای پاشای هیندستان هەموو ئەم ڕووداوانە لە کاتی خویدا باس دەکەم.

---

[1] دڕەختێکی بەردارە لە جۆری گوڵدارەکان، لەو ناوچانە دەڕوێت کە ئـاو و هـەوای مامناوەنـدە و بەرەکـەی شیرین و بەتامە و بۆ دروستکردنی موربا بەکاردەهێنرێت. (المنجد في اللغة الاعلام ، ص ٣٣٧)

(٢) جۆرە مادەیەکە بۆ شووشتنی سەر بەکارهاتووە. (بەڕاوێز :لاپەڕە ٢٢٠)

شاری بەڵخ

لە ڕوباری جەیحون پەڕینەوە بۆ ناوچەکانی خۆراسان، دوای ڕۆژ و نیوێک لە ڕێکردن بێ ئەوەی ئاوەدانییەک ببینین گەیشتینە شاری بەڵخ بەڵام وێرانە بوو زۆربەی خانووەکانی داری بەسەر بەردیەوە نەمابوو جگە لە هەندێك باڵەخانە و مزگەوتە بە ناوبانگەکەی نەبێت کە تارادەیەك وەك خۆیان مابوونەوە و دیوارەکانی بە ڕەنگی لازەورد نەخشێنرا بوو ئەم ڕەنگە لە چیای (بەدخشان)ەوە بەرهەم دەهێنرا لەگەڵ بەردی بەنرخی یاقوت هەروەها یاقوتی بەدەخشانی(دانا و فەیلەسوف بووە ـ وەرگێڕ) خەڵکی ئەم شوێنە بووە .

دەڵێن: جەنگیزخان هەندێك لە دیوار و ستونەکانی مزگەوتەکەی ڕوخاندوە و بە دوای ئەو گەوهەرەدا گەڕاوە کە کاتی خۆی لە ژێر یەکێك لە دیوارەکانیدا حەشاردراوە، بەڕاستی مزگەوتەکەی بەڵخ لە جوانترین مەزگەوتەکانی دونیا بوو تەنانەت لەوانەی مەغریب جوانتر بوو، هەروەها ژمارەی ستوونەکانیشی لەوانەی ولاتی ئێمە زیاتر بوو.

ئەو خاتونەی مزگەوتەکەی دروستکرد

چەند کەسێکی شارەزای میژوو ئەوەیان بۆ گێڕامەوە، کە مزگەوتی گەورەی بەڵخ ئافرەتێکی خێزانی ئەمیر داودی کوڕی عەلی بەڵخی دروستیکردوە کە لە نەوەی بەنی عەباس بووە چیرۆکی دروستکردنەکەی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە دەڵێن: جارێك بەڵخییەکان کارێکی وەها ئەکەن کە خەلیفەی مسوڵمانان تووڕە دەکات، ئەویش بڕیار دەدات کە دەبێت خەڵکی ئەو شارە سزا بدرێن بەهۆی سەرپێچییانەوە، کاتێك بڕیاری خەلیفە دەگاتەجێ، هانا بۆ خێزانی ئەمیر دەبەن و سکاڵای دۆخی خۆیان دەگەیەنن لای، کە توانای ئەو بڕە باجە زۆرەیان نییە کە

خەلیفەی مسوڵمان داوایان لێ دەکات بۆیە ئافرەتەکەش پۆشاکێکی گرانبەهای رووپۆشکراو بە بەردی بەنرخی دەبێت و دەیدات بە ئەو ئەمیرەی کە بەرپرسیار بووە لە کۆکردنەوەی ئەو بڕە پارەیە، پێشی دەڵێت: بڕۆ بە خەلیفە بڵێ: پارەی ئەو پۆشاکە زۆر لەوە زیاترە کە داوای دەکات و ئەوەش لەبری ئەو سزایەیە کە سەپێنراوە بەسەر خەڵکی بەڵخدا.

ئەویش پۆشاکەکە وەردەگرێت و دەیباتەوە بۆ لای خەلیفە و چیرۆکەکەی بۆ باس دەکات، دەڵێن: خەلیفە هەست بە شەرمەزاری دەکات و لە وەڵامدا دەڵێت: ئافرەتێك لە ئێمە باشترە!، بڕۆن پۆشاکەکەی بۆ بگێڕنەوە و سزاکەش لەسەر خەڵکی بەڵخ لابەرن، خێزانی ئەمیر پێش ئەوەی جلەکەی وەربگرێت، پرسیار دەکات و دەڵێت: خەلیفە تەماشای کردوە دەڵێن: بەڵێ، دەڵێت: جارێکی تر ئەم پۆشاکە ناپۆشم، چونکە کەسێکی نامەحرەم تەماشای کردوە، پاشان جلەکەی بە نرخێکی باش دەفرۆشێت و ئەو مزگەوتەی پێ دروست دەکات، دەڵێن: سێ یەکی ئەو بڕە پارەیە لە ژێر یەکێك لە پایەکانی دەشارێتەوە تا لە کاتی نەهامەتی و پێویستی دەربهێنێت کاتێك جەنگیزخان ناوچەکە داگیر دەکات زۆرێك لە پایەکانی دەڕوخێنێت تا ئەو پارە و گەوهەرە دەربهێنێت، بەڵام بێ ئەنجام دەبێت لە دۆزینەوەی.

هەر لە دەرەوەی بەڵخ گۆڕی "عوکاشەی کوڕی موحصەنی ئەسەدی" هاوەڵی پێغەمبەر ﷺ لێیە ئەو کەسەی کە مژدەی چونە بەهەشتی پێدراوە ئێستا گۆڕەکەی خانەقایەکی لەسەر کراوە و لە پێش خانەقاکەوە گۆمێکی سەرنجڕاکێشی جوانی ئاو هەیە، هەروەها دارگوێزی گەورەی لێیە لە هاویندا خەڵکی لە ژێریدا بۆ پشو دادەنیشن، لەم خانەقایە پیاوێکی لێبوو بە "حاجی خورەد" بانگیان دەکرد، تەمەن بچوك و خواناس بوو، لەگەڵمان کەوتەڕێ و هەموو مەزارەکانی ئەو ناوچەیەی پێشاندایین، یەکێك لەو مەزارانە گۆڕی پێغەمبەر "حەزقیل" بوو سڵاوی خوای لێبێت، لەگەڵ گۆڕی ئیبراهیمی کوڕی ئەدهەم.

هیرات وسولّتانەکەی

دوای ئەوەی حەوت رۆژ رێگەمان بڕی بە نێو شاخ و دارستاندا کە پێیان دەوت: کوهستان گوندێکی زۆری لێبوو لەگەڵ داری هەنجیر و کانی و ڕوبار لە زۆربەی شوێنەکان خانەقای لێ دروستکرابوو ئنجا گەیشتینە هیرات لە گەورەترین شارەکانی خۆراسان بوو ناوچەکانی خۆراسان چوار شاری گەورەی بەناوبانگیان هەبوو کە دووانیان وێرانە بوون ئەوانیش: (بەڵخ و مەروە)ن دووانی تریان ئاوەدان بوون ئەوانیش: هیرات و نەیسابورن، هیراتیەکان خواناس و پاکداوێن بوون شارەکەیان دوور بوو لە هەموو جۆرە خراپەکارییەك لەسەر مەزهەبی پێشەوا حەنەفی بوون .

سولّتانەکەی ناوی "حوسەینی کوڕی سولّتان غیاسەدینی غوری" بوو، پیاوێکی تا بڵێی ئازا و بەجەرگ بوو دەسەڵاتی لە"حافز"ی برایەوە وەرگرتبوو ئەویش لە"غەیاسەدین"ی باوکیەوە ویستی خودا وا دەبێت کە ئەم سولّتانە لە دوو شەڕدا ئازایەتی و جوامێری خۆی دەردەخات یەکەمیان: کاتێك بە سوپاکەیەوە بە رووی سولّتان خەلیلدا دەوەستێتەوە کە لە بەڵێنەکانی پەشیمان دەبێتەوە بەرامبەری و دواتر بە دیل دەیگرێت دووەمیان: ئەو جەنگەی بوو دژی سولّتان مەسعودی رافیزی ئەنجامیدا و خۆی سەرکردایەتی ئەو شەڕەی کرد و سوپاکەی مەسعودی رافیزی لەناوبرد و کۆتایی بە دەسەڵاتی هێنا .

شیعە رافیزییەکان

لە خۆراسان دوو کەس دەرکەوتن، یەکێکیان ناوی مەسعود بوو ئەوەی تریان محەمەد هەردووکیان پێنج پیاوی دز و چەتە و رێگریان لەگەڵدابوو، پێیان دەوتن (سەرابەدران) لە عێراق بەم جۆرە پیاوکوژ و رێگرانەیان دەوت: شەتارین و لە

مەغریبیش: صقور، ئەم حەوت کەسە یەك دەگرن و دەست دەکەن بە ڕێگری و ئاشوبنانەوە لە چیاکانی (بەیهەق) پێشی دەڵێن: (سیزوار) بە ڕۆژ خۆیان حەشار دەدا و بە شەویش هێرشیان دەکردە سەر گوندەکان و ڕێگریان دەکرد و خەڵکی بێ تاوانیان دەکوشت. هەوالّی ئەمانە بە هەموو لایەکدا بلاّودەبێتەوە و ڕۆژ لە دوای ڕۆژ ژمارە و ناوبانگیان زیاتر دەبوو، هەر پیاوخراپێك لە هەر جێگایەك هەبوایە پەیوەندی پێیانەوە دەکرد، تا وای لێهات زۆرێك لە گوند و ناوچەکان کەوتنە ژێر دەستی ئەم تاقمە و سوپایەکیان پێکەوەنا و پارەوپوڵێکی زۆریشیان دەستکەوت هەر کەسێك یاخی ببوایە پەنای بۆ لای ئەم کۆمەڵە دەبرد و ئەوانیش ئەسپ و ئامێری جەنگییان پێشکەش دەکرد، هەموشیان بڕیاریان دابوو پەیڕەوی مەزهەبی شیعەی ڕافیزی بکەن و تەماعی ئەوەیان هەبوو، ئەهلی سونەت لە ناوچەکانی خۆراسان قڕ بکەن.

ئەمانە کەسێکی زانای مەزهەبی ڕافیزەیان کرد بە پێشەوای خۆیان و بە خەلیفە بانگیان دەکرد، ئەم کەسە لە ناوچەی (توس) نیشتەجێ بوو پیاوێکی بەتەمەن بوو بە خواناس و ئەهلی وەرعیان دەزانی دەڵێن: درهەم و دینار لە سەربازگەکانیان دەکەوت کەس دەستی بۆ نەدەبرد تا خاوەنەکەی دەهات و هەڵیدەگرتەوە هێندەی نەبرد دەستیانگرت بەسەر نەیسابوردا ئەمەش وایکرد سوڵتان "تەغیتمور" لە ترساندا بە سوپایەکەوە هێرش بکاتە سەریان کە زۆربەی سوپاکەی لە تەتار بوو بەڵام نەیتوانی بەسەر ڕافیزییەکاندا سەربکەوێت، دواجار تێکشکا و بە ناچاری هەڵهات و ئنجا ڕافیزەکان سەرخەس و زاوە و توسیان گرت، کە لە ناوچە گەورەکانی خۆراسان بوون، هەروەها خەلیفەکەی خۆشیان لە مەزاری عەلی کوڕی موسا ڕەزا لە شاری (مەشهەد) جێگیر کرد. دواتریش هێرشیان کردە سەر شاری (جام) و دەستیان بە سەریدا گرت ئەم شوێنە شەش ڕۆژێك لە هیراتەوە دوور بوو کاتێك هەواڵ گەیشتە سوڵتان حوسێن هەموو ئەمیر و سەرکردە سەربازییەکانی کۆکردەوە و کەوتنە گفتوگۆکردن ووتیان: ئایا چاوەڕوان بین تا هێزی

زیاترمان بۆ بێت، یاخود هێرش بەرین، هەموو پێکەوە بڕیاریاندا هێرش بکەنە سەر سوپاکەی مەسعودی رافیزی، ئەوە بوو هۆزی (غور) کە لە بنەڕەتدا خەڵکی غوری لای شام بوون و ئێستا لە ناوچەکانی (مەرغیس) نیشتەجێن، کە ئەم ناوچەیە بە درێژایی ساڵ گژوگیای سەوزی هەبوو داری فستقیشیان زۆر بوو بۆ ولاتی عێراق ڕەوانەیان دەکرد، ئەم هۆزە سەد و بیست هەزار سەربازیان کۆکردەوە بە سەرکردایەتی سوڵتان حوسێنی غوری.

رافیزەکانیش بە سەرکردایەتی مەسعودی رافیزی و یارمەتی خەڵکی (سمنان) سەد و پەنجا هەزار سەرباز پێکدێنن، هەردوو سوپاکە لە بیابانی (بوشنەج) بە یەکتری دەگەن و شەڕێکی قورس لە نێوانیاندا ڕووەدات، هەندێك لەوانەی بەشداری ئەو جەنگەیان کردبوو بۆمیان گێڕایەوە ووتیان: لە چێشتەنگاودا شەڕ دەستیپێکرد و دوای نیوەڕۆیەکی درەنگ کۆتایی هات سوپای رافیزەکان تێکشکا و بەشێکی زۆری کوژرا و چوار هەزار کەسیان لێ بەدیل گیرا دوای نیوەڕۆ سوڵتان حوسێن دابەزی بۆ نوێژکردن و نانخواردن، لەو کاتەدا لە گەردنی هەر چوار هەزار دیلەکەیاندا و هەموویان کوشتن بەو شێوەیە کۆتاییان بە فیتنەی شیعە رافیزەکان هێنا ئەم ڕووداوە لە ساڵی ٧٤٨ ك بوو ئەوکات من ولاتی هیندستانم بەجێهێشت.

هەر لە هیرات پیاوێکی زانای دینداری بۆ خوا سوڵحاو دەرکەوت ناوی مەولانا "نیزامەدین" بوو خەڵکی هیرات هەموویان خۆشیاندەویست و ڕێزی تایبەتیان لێ دەگرت، ئەم پیاوە لەگەڵ ئامۆزایەکی سوڵتان حوسێن کە ناوی "مەلیك وەرنا" بوو ڕێککەوتبوون بۆ فەرمان کردن بە چاکە و نەهی کردن لە خراپە خەڵکیش پشتیوانیان بوون، مەلیك وەرنا یەکێك لە خێزانەکانی باوکی سوڵتان حوسێنی خواستبوو خاوەن ڕوخسار و ڕەوشتی جوان بوو سوڵتان لێی دەترسا ئەگەر خراپەیان لە هەر جێگایەك بەرچاو بکەوتایە دژی دەوەستانەوە گەر لای سوڵتانیشەوە بوایە.! دەڵێن جارێك پیاوێکی خراپ لە مالّی سوڵتان حوسێن خۆی حەشار ئەدات مەولانا "نیزامەدین" بە شەش هەزار جەنگاوەرەوە دەڕواتە بەر دەرگای مالّی سوڵتان،

ئەویش لە ترسا گەورە پیاوەکانی شار کۆدەکاتەوە و سزای خواردنەوەی مەی بەسەریدا جێبەجێ دەکات.

هۆکاری کوژرانی مەولانا نیزامەدین

لە دەرەوەی شاری هیرات لە بیاباندا هۆزێکی زۆری تورك نیشتەجێ بوون کە "تەغیتمۆر" سەرکردایەتی دەکردن وەك پێشتر ئاماژەمان پێدا ژمارەی جەنگاوەرەکانیان پەنجا هەزار کەس دەبوو خەڵکێکی ئازا و بەهێز بوون، سوڵتان حوسێن پێش ئەوەی سەربکەوێت بەسەر رافیزەکاندا لێیان دەترسا، بەڵام دواتر زاڵبوو بە سەریاندا ئەم تورکانە سەردانی هیراتیان دەکرد و کەسی وایان هەبوو بە سەرخۆشی رووی لە هیرات دەکرد، مەولانا فەقیە نیزامەدینیش سزایانی دەدا و رێگری لێیان دەکرد.

هەروەها پیشەی ئەم هۆزە تورکانە ئەوە بوو کە زۆر جار هێرشیان دەکردە سەر ناوچەکانی ولاتی هیندستان کە زۆربەیان بێباوەڕ بوون، هەندێك مسوڵمانیش هەبوون هەر لەگەڵ بێباوەڕەکاندا دەژیان ئەم تورکانە مااڵی ئەوانیشیان بە تەاڵن دەبرد و ئافرەتەکانیان دەکردن بە کەنیزە، مەولانا نیزامەدین هەر کاتێك ئاگادار بووایە کە ئافرەتێکی مسوڵمانی هیندی کراوە بە کەنیزە، دەڕۆیشت و لە دەستیان ئازادی دەکرد ئەو ئافرەتانەی گوێچکەیان کون بووایە ئەوانە بێباوەڕ بوون، بەاڵم ئەوانەی گوێچکەیان کون نەبووایە مسوڵمان بوون، بەوەش مسوڵمان و بێباوەڕ لێك جودا دەکرایەوە، ویستی خودا وادەبێت جارێك ئەمیرێکی تورکەکان کە ناوی "تەموالنتی" دەبێت، ئافرەتێکی مسوڵمان دەکات بە کەنیزە ئەو هەواڵە دەگات بە مەولانا ئەویش لە چنگی رزگاری دەکات. دواتر ئەم ئەمیرە بە سوپایەکەوە روو دەکاتە دەشتاییەکانی (مەرغیس)، هەموو ئەسپەکانی هیراتیش کە لەوێ دەبن بۆ لەوەڕاندن، هەموویان راپێچ دەکات و روو دەکاتە چیاکانی ئەو ناوچەیە دەڵێن: نە سوڵتان و نە سەربازەکانی ئەوەندە ئەسپیان پێ نابێت تا دوایان بکەون، سوڵتان

نێردراوێك رەوانەی لای ئەمیرە تورکەکە دەکات و داوای لێ دەکات تا ئەسپەکان بگێڕێتەوە، بەڵام قایل نابێت و دەڵێت: تا مەولانا نیزامەدینم بەدەستەوە نەدەن ئەسپەکان ناگێڕمەوە، نوێنەرەکەی سوڵتان دەڵێت: بەهیچ شێوەیەك ئەوە ناکرێت.

ئنجا شێخ "ئەبو ئەحمەدی سەجستی" کە خەڵکی ناوچەی سەجستان دەبێت و کەسێکی خۆشەویست دەبێت لای تورکەکان ئەو دەڵێت: من خۆم مەولانا نیزامەدین دەبەم بۆ لای تورکەکان، تا قایل بن و دواتر هەر خۆم دەیگێڕمەوە، دەڵێن: کاتێك دەگاتە لای ئەو ئەمیرە تورکە، پێی دەڵێت: تۆ چۆن دەتوانیت ژنی من بەریت یەك دەبوسی لێ دەدات و سەری دەتەقێنێت و هەر لەوێ لەبەردەستی شێخ ئەبو ئەحمەد کۆچی دوایی دەکات و ئەسپەکانی هیرات دەگەڕێنێتەوە. دوای ماوەیەك ئەم تورکە دەڕواتە شاری هیرات و خۆشەویستەکانی مەولانا نیزامەدین بەوە دەزانن کە ئەمیر "تەموالتی" لە هیراتە، چەند کەسێکیان شمشێر لە ژێر پۆشاکەکانیان دەبەستن و لێی نزیك دەبنەوە و دەیدەنە بەر شمشیر و لە تۆڵەی مەولانادا دەیکوژنەوە.

دوای ئەم ڕووداوە سوڵتان حوسێن "مەلیك وەرنا"ی هاوڕێی نیزامەدین رەوانەی سەجستان دەکات تا لەوێ سەرقاڵی فەرمان بە چاکە و نەهی کردن بێ لە خراپە ئەوەندە لەوێ نامێنێتەوە و ڕوو دەکاتە ولاتی هیندستان، من لە دەرەوەی هیندستان چاوم پێکەوت لە شاری (سویستان) کە سەر بە خاکی سند بوو، پیاوێکی بەڕێز بوو لە سروشتیدا وابوو کە ئارەزووی دەسەڵاتداری دەکرد لەگەڵ پۆشاکی جوان و ڕاوکردن و خزمەتکار پاشای هیندستان ناوچەیەکی بچوکی پێی بەخشی، دوای ماوەیەك لەوێ دەکوژرێت، دەڵێن: چەند کەسێکی خەڵکی هیرات دەیکوژن لەبەر کەنیزەیەك هەندێکیش دەیانوت: پاشای هیندستان بە ژەهر کوشتویەتی لەسەر داوای سوڵتان حوسێن ئیتر دوای کوژرانی وەرنا پاشای هیندستان ناوچەیەك پێشکەش بە سوڵتان حوسێن دەکات، لەبەرئەوەی سوڵتان

حوسێن زۆر خزمەتی پێشکەش کردبوو شاری (بەکار)ی پێیدا، کە داهاتی سالانەی لە باج دەگەیشتە پەنجا هەزار دیناری ئالتونی.

با بگەڕێینەوە سەر باسەکەی خۆمان: دوای هیرات رۆیشتم بەرەو (جام)، شارێکی مامناوەند بوو لە جوانیدا کانی و ئاوی باشی هەبوو زۆربەی دارەکانی لە جۆری (توو) بوون، هەروەها ناوریشمی لێ بەرهەم دەهێنرا، ناوی ئەم شارە دەگەڕێتەوە بۆ زانا و وەلی خودا "شەهابەدین ئەحمەدی جامی" کە کوڕەکەی ناوی شێخ ئەحمەد زادە بوو، پاشای هیندستان دەیکوژێت و شارەکە ئازاد دەکات و ئێستا لە ژێر دەستی کوڕەکانی شێخ ئەحمەدە و نیعمەت و داهاتێکی زۆری هەیە. دەگێڕنەوە جارێك سوڵتانی عێراق "ئەبا سەعید" دەچێتە خۆراسان و لە خانەقای شێخ ئەحمەد بۆ پشو لادەدات، لەوێ خزمەتێکی زۆری دەکەن ئەویش لە پاداشتی ئەو خزمەتەیان مەڕ و ئەسپ و هێستر و ئالیکێکی زۆریان پێشکەش دەکات.

شەهابەدینی دیندار خاوەنی شاری جام

دەگێڕنەوە: شەهابەدین مەی خۆرێکی بێ وێنە بوو، شەست هاوڕێی وەك خۆی هەبوو هەر جارێك لە مالێ یەکێکیان کۆدەبوونەوە خواردن و خواردنەوەیان ئامادە دەکرد و دەستیان دەکرد بە مەی خواردنەوە تا مەست دەبوون، دوو مانگ جارێك دەسووڕایەوە ئنجا سەرەی یەکێکیان دەهاتەوە وا رێکدەکەوێت کاتێك نۆرەی شەهابەدین دێتە پێشەوە تەوبە دەکات و بڕیار دەدات هیچ کات لە کاری خراپە نزیك نەبێتەوە لەگەڵ دەروونی خۆیدا دەکەوێتە مشتومڕ و دەڵێت: ئێستا سەرەی منە، ئەگەر خواردنەوە و خواردن ئامادە نەکەم هاوڕێکانم دەڵێن: توانای نەبوو خواردنەوە ئامادە بکات، بۆیە بڕیار دەدات ئەجارەیان هەرچۆنێك بێت ئەو کارە بکات و مەیەکی زۆر لە گۆزەدا ئامادە ئەکات لەگەڵ خواردن.

کاتێك میوانەکان ئامادە دەبن گۆزەیەك لە مەیەکە دەخۆنەوە و هەست دەکەن شیرینە، گۆزەی دووەم و سێیەم و باقی ئەوانەی تریش دەکەنەوە بە هەمان شێوە

شیرین دەردەچێت، شەهابەدین رووبان تێدەکات و سوێند بە خودا دەخوات کە ئەو مەیەی داینناوە بە ویستی خودا وای بەسەر هاتووە هەروەها باسی چیرۆکی تەوبە کردنەکەی خۆی دەکات ئیتر هەموویان پێکەوە بڕیاری کۆتایی ئەدەن بۆ خوداپەرستی و دورکەوتنەوە لە فاحیشە و خراپە هەروەها خانەقایەکیش پێکەوە دروست ئەکەن. لە جامەوە دەستمان کردەوە بە گەشتکردن بۆ (توس) یەکێك بوو لە گەورە شارەکانی خۆراسان بە شارەکەی ئیمام غەزالی بەناوبانگە و گۆڕەکەشی هەر لەوێیە، پاشان لە توسەوە چوین بۆ شاری (مەشهەدی ڕەزا)، گۆڕی پێشەوا "عەلی کوڕی موسا کازمی کوڕی جەعفەر سادقی کوڕی محەمەد باقڕی عەلی زەینەلعابدینی کوڕی ئیمام حوسێنی کوڕی ئیمام عەلی" لێیە ڕەزای خودا لە هەموویان بێت، شارێکی گەورە و جوان بوو دار و میوەی زۆری هەبوو.

ئەو مەزارەی لای مەشهەدییەکان پیرۆز بووایە، گومەزێکی تایبەتیان بۆی دروست ئەکرد، لەگەڵ خانەقا و قوتابخانە و مزگەوت، زۆربەی دیوارەکانی بە بەردی کاشانی بونیاد دەنرا، لەسەر گۆڕەکەشی ژوورێکی بچوکیان لە دار بۆ دروست ئەکرد و قەدەکەشی بە ئاوریشم رووپۆش ئەکرا هەروەها بە ئالتونیش دەڕازێنرایەوە، لەگەڵ جێگای مۆم داگیرسان و ڕۆشنایی کە لە زیو بوو جگە لەوانەی باسیانم کرد گۆڕی "هارون ڕەشید"یش هەر لە شاری مەشهەد بوو، ئەگەر ڕافیزەیەك بهاتایەتە ژوورەوە بۆ سەردانی پێشەوا ڕەزا، ئەوا قاچێکی لە گۆڕەکەی هارونە ڕەشید دەدا و ئنجا سلاوی لە ئیمام ڕەزا دەکرد.

سەرخەس و نەیسابور

دوای ئەم شارە گەشتمان کرد بۆ (سەرخەس) شارەکەی زانای بەناوبانگ پێشەوا "لوقمانی سەرخەسی"ە ڕەحمەتی خودای لێبێت لەوێشەوە چوینە شاری (زاوە)، ئەو شوێنەی کە حەیدریەکانی لێبوون ئەمانە تایەفەیەك بوون سەر بە "سالّح قوتبەدین حەیدەری" بوون سیفەتیان وابوو ئەلقەیەکی ئاسنینیان لە مل و دەست و گوێیان

دەکـرد تەنانـەت هەنـدێکیان ئەڵقـەیان لـە عـەورەتیشـیان دەبەسـت تـا نـەتوانن هاوسەرگیری بکەن.

پاشان سەفەرمان کرد بـۆ نەیسـابور، کـە یـەکێك بـوو لـە گـەورە شـارەکانی خۆراسان، پێشیان دەوت: دیمەشقی بچکۆك چونکە ئەوەندە داری میـوە و کـانی و ڕوبـاری زۆر بـوو بازاڕەکانیشـی فـراوان بـوون و مزگەوتـەکانی دڵگـیر و جـوان دروستکرابوون، هەروەها چوار قوتابخانەی لێبوو، کە لە نزیکیانەوە کانی و ئاوێکی زۆری هەبوو، قوتابیەکانی زۆر بوون و سەرقاڵی خوێندنی هەموو جۆرە زانسـتەکان بوون لە قورئان و فیقە و فەرمودە... قوتابخانەکانی لـە جـوانترینی قوتابخانـەکانی ناوچەکانی خۆراسان بوون، بەڵکو لەوانەی عێراق و دیمەشق و میسریش جوانتر بوون **بەڵام هیچیان ناگەیشتن بە ئەوانەی کە ئەمیری باوەڕداران "ئەبو عەنان" دروستی کردبوو خودا بەردەوامی مووڵکی بدات و هەمیشە دەسەڵاتەکەی بەهێزتر بکات و سەربازەکانی بپارێزێت ئەو قوتابخانانەی کە لە شاری فاس[1] دروستیکردون، بە گەچ نەخشێنراون و بەرزی و بڵندییەکەیان وێنەی نییە لە دونیادا، تەنانەت خەڵکی ڕۆژهەڵاتیش ناتوانن ئەو کارە ئەنجام بدەن.**

نەیسـابوریەکان دەسـتەوەنگێن بـوون و پۆشـاکی ئاوریشـمی بـەناوبانگیان لـە جۆرەکانی (کخما) و (نخ)یان دروست ئەکرد و ڕەوانەی وڵاتی هیندستانیان دەکـرد ئەو ماوەیەی کە لەوێ بووین لە خانەقای پێشەوا "قوتبەدین نەیسابوری" بۆ پشو لاماندا، پیاوێکی زانا و بۆ خوا سوڵحاو بوو، لەو ماوەیەی لەوێ بووین ڕێزی گرتین و یارمەتی داین خودا پاداشتی بداتەوە هەروەها خاوەن کەرامەت بوو چونکە خـۆم ئەو کەرامەتم لەو زانایە بینی ڕۆژێك لە نەیسابور بەندەیکی تورکیم کڕی کە شـێخ

---

[1] فاس: شارێکە لە وڵاتی مەغریب و دەکەوێتە سەر ڕۆخی دەریـای سـپی ناوەڕاسـت، وەك پێشـتر ناماژەم پێداوە لە هەندێك جێگادا نیبن بەتوتە بەراوورد دەکات لە نێوان وڵاتەکەی خۆی (مەغریب- ڕۆژئـاوا) لەگـەڵ ناوچەکانی تری دونیادا، جاری واش هەیە بەراوورد دەکات لە نیوان پاشای وڵاتان و سوڵتانی وڵاتەکـەی خـۆی (مەغریب). (وەرگێڕ)

قوتبەدین چاوی پێکەوت ووتی:بیفرۆشە ئەم لاوە تورکیە بەکەڵکی تۆ نایەت ئیدی کەوای ووت منیش فرۆشتم بەچەند بازرگانێك کاتێك لە شاری بەستام بووم هەواڵم پێگەیشت کە بەندە تورکێکە چەند منداڵێکی تـورکی ناوچـەکە دەکوژێـت دواتـر خۆشی دەکوژرێتەوە .!

ناوچەکانی بەستام و قندۆز وباغلاّن و چیاکانی هیندە کوژ و پیّنج هیرە

ئنجا لە نەیسابورەوە چوینە(بەستام) شارەکەی زانای بەناوبانگ"ئەبو یەزیـدی بەستامی"یە ڕەحمەتی خودای لێبێت و هـەر لێـرەش نێـژراوە لەگـەڵ یـەکێك لـە کورەکانی پێشەوا جەعفەری کورِی سادق، پاشان بە ڕێگای (هیندەخێر)دا سـەفەرم کرد بۆ قندۆز و بەغلان[1]، ئەم جێگایانە گوندێکی زۆری لێبوو زانا و پیاوچاکێکی زۆریان هەبوو خاوەنی تەکیە و خانەقای مەزن بوون ئێمەش لە خانەقای یەکێك لـە زاناکان لاماندا کە لە بنەڕەتدا خەڵکی وڵاتی میسر بـوو پێیـان دەوت: شیرسـیاە، واتا: شێری ڕەش، والییەکەشی خەڵکی شاری موسڵ بوو بووینە میوانی. نزیکـەی چل ڕۆژ لە دەڕەوەی قندۆز ماینەوە لەبەر ئاژەڵەکانمان، چونکە گـژوگیا و لـەوەڕی باشی لێبوو، هەروەها ئەم مەملەکەتە ئارام و پارێزراو بوو ئەمیرەکەی "بورونتیە" بوو سزای توندی ئەو کەسانەی دەدا کـە کـاری دزیـان دەکـرد، وەك چـۆن پێشـتر ئاماژەم پێداوە دەسەڵاتدارە تورکەکان سـزای قورسـیان دەسـەپاند بەرامبـەر ئـەو کەسانەی کاری دزییان دەکرد، گەر کەسێك ئەسپێك یان ئاژەڵێکی بدزییایە دەبوو لەبری ئەوە نۆ سەری تری بدایە ئەگەرنا دەبـوو منداڵـەکانی پێشـکەش بکردایـە، ئەگەر منداڵیشی نەبووایە سەریاندەبڕی وەك چۆن بەرخ سەردەبڕدرێت، بەهۆی ئـەم یاسـایەوە گـەر ئاژەڵێـك دوای سـاڵێکیش بووایـە یـان زیـاتر دەیانگێڕایـەوە بـۆ

[1] ئەم شارانە لە جوگرافیای ئێستادا دەکەونە وڵاتی ئەفغانستانەوە. (وەرگێڕ)

خاوەنەکەی، خەڵکی بەبێ تـرس و بـەبێ شـوان ئاژەڵـەکانیان لـە لـەوەڕگا بەجێدەهێشت و دوای چەندەها رۆژ دەیانگێڕایەوە، وێستی خودا وابوو دوای ئەوەی دە رۆژ بوو لەو ناوچانە لامانداببوو سێ ئەسپمان لێ ونبوون دوای نیومانگ تـەتار بۆمانیان گێڕایەوە.

یەکێکی تر لە هۆکاری مانەوەمان بەهۆی بەفرەوە بوو، چونکە رێگاکە سـەخت بوو بەفرێکی زۆریش رێگەکانی داپۆشی بوو، بە ناچاری لە کاتی رێکردن لە ترسی ئەوەی حوشترەکانمان نقومی بەفر نەبن لبادمان لەژێر پێیانـدا دادەنـا، بـەو زنجـیرە شاخەیان دەوت: (هیندەکوش) واتا: هیندی کوژ، لەبەرئەوەی ئـەو هیندیانـەی بـە بەندە و کەنیزە دەیانگرتن، کاتێك دەگەیشتنە ئەم ناوچـەیە، زۆربـەیان دەمـردن و بەرگەی ئەو سەرمایەیان نەدەگرت، دووری رێگاکە رۆژەڕێیەك دەبوو پاشان چوینە جێگایەك ناوی (ئەندر) بوو لە خانەقای "محمـەد مـەهرەوی" لامانـدا و پشـوی خۆمان وەرگرت، ئەوەی جێی سەرنج بوو لەو شوێنە سارده و لەو چیایە کانییـەکی ئاوی گەرمی لێبوو کە دەست و دەموچاومان پێی دەشووشت، پێستمان دەقڵیشا و بەو هۆیەوە ئازاری زۆرمان دەچەشت!. ئنجا چوینە جێگایەك پێیـان دەوت (پێـنج هیرە)، واتا پێنج چیاکە، کاتی خۆی شار و ئاوەدانییـەکی گـەورەی لێبـووە بـەڵام جەنگیزخانی نەفرەتی هەمووی وێران کرد بوو ڕوبـارێکی لێبـوو ئاوەکـەی شـین و جوان بوو دەیانوت: لە چیای بەدەخشانەوە هەڵـدەقوڵێت هـەر لـە چـیاکانی ئـەم ناوچەیە بەردی یاقووتی بـەنرخیان دەردەهێنـا و پێیـان دەوت: بڵخـش، هـەروەها مەزاری شێخ "سەعیدی مەککی" لێبوو، کە لای ئەوان پیاوێکی گـەورە و بـەڕێز بوو.

دوای ئەم ناوچەیە رۆیشتین بۆ چیای (بشای) لەوێ خانەقایەکی لێبوو هی پـیرە پیاوێك بوو بە "ئەتا ئەولیا" بانگیان دەکرد واتا باوکی ئەولیاکان، هـەروەها بـە سێ سەد سااڵەش بانگیان دەکرد، چونکە دەیانوت: تەمەنی سێ سەد و پەنجا سـاڵ دەبێت و هەموو سەد ساڵ جارێك مـوو ددانـی نـوێ دەبێتـەوە، رێـزی تایبـەتیان

دەگرت و بە کەسێکی پیرۆزیان دەزانی، پاشا و خاتونەکان و خەڵکی بۆ پیرۆزی سەردانیان دەکرد، چومە دیدەنی کە تەماشام کرد تەمەنی لە پەنجا سالّی دەکرد، باوەشی پیداکردم و ئەملاولای ماچکردم کۆمەڵێك شتی باسکرد بەلامەوە نامۆ بوون ! خودا خۆی دەزانێت تەمەنی ووتەکانی راستە یان نا.

دوای چیای (بشای) گەشتم کرد بۆ (بەروەن)، هەر لەم شوێنە و لە خانەقا چاوم بە ئەمیر "بورونتیە" کەوت، کۆمەڵێك زانا و ئەهلی سۆفی هەژار لای دانیشتبوون، ڕێزێکی زۆری گرتین و نامەیەکی بۆ نووسین تا بیدەین بە نوێنەرەکانی لە شاری (غەزنە) بۆ ئەوەی یارمەتیمان بدەن. پاشان لەوێوە ڕۆیشتین بۆ گوندی (چەرخە) دار و باخی زۆری هەبوو و میوەکانی بەتام بوون، کاتێك گەیشتینە ئەوێ وەرزی هاوین بوو و قوتابی و سۆفی هەژاری زۆری لێبوو، سەرقالّی زانست و خوداپەرستی بوون هەر لەم گوندە نوێژی هەینیمان کرد و چومە لای ئەمیرەکەی ناوی "محەمەد چەرخی" بوو، ئەو سەردەمەی کە گەیشتمە هیندستان لەوێ دووبارە چاوم پێکەوتەوە.

غەزنە و کابوڵ

لە چەرخە زۆر نەماینەوە ئەنجا چووینە (غەزنە) شارەکەی سوڵتانی بەناوبانگ "مەحمود سەبکتەکین"ە[1] کە موجاهیدێکی ناسراو و ئازا بووە دەیانوت: هەمیشە سەرقالّی جیهاد کردن بووە قەڵا و شورایەکی زۆری ولاّتی هیندستانی ئازاد کردوە، ئێستاش گۆڕەکەی لە غەزنەیە و گومەز و خانەقایەکی لەسەر دروست کرابوو، پێشتر شارەکە گەورە بووە بەڵام ئێستا بەشێکی وێرانەیە، لەبەر کەشوهەوای

---

[1] ناوی مەحمود سەبکتەکین غەزنەوەی بووە، سەرکردە و زانایەکی ناودار بووە، یەکەم کەس بووە ناوچەکانی هیندستانی فەتح کردوە، سنوری قەڵەڕوی لە نەیسابورەوە دەستی پێکردوە تا ئەوسەری هیندستان، شاری غەزنە پایتەختی دەسەڵاتەکەی بووە هەمیشە لەگەڵ زانایان بووە خۆشیانی ویستوە، خاوەنی چەند کتێبێکە لەوانە: "تەفرید"لە فیقهی حەنفی لەگەڵ ووتار و هۆنراوە .(تحفة النظار .طلال الحرب ، ٤٠٦)

سارد دانیشتوانەکەی لە کاتی وەرزی سەرمادا رووبان دەکردە (قەندەهار)، چونکە شارێکی بەپیت و بەرەکەت بوو سێ رۆژ لە غەزنەوە دوور بوو بەڵام بۆی نەڕۆیشتم لە گوندێکی دەرەوەی غەزنە لاماندا، ئەمیرەکەی ناوی "مەزدەك ئاغا" بوو، مەزدەك بە مانای: بچوك دێت، واتا: ئاغای بچوك.

پاشان لە غەزنەوە ڕۆیشتین بۆ (کابول) ئەم شارە کاتی خۆی مەزن بووە لە نزیکییەوە گوندێك هەبوو تایەفەیەکی عەجەمی لێبوو، پێیان دەوترا: ئەفغان، خاوەن چیا و دۆڵی مەزن بوون جەنگاوەری ئازا و ڕێگریان زۆر بوو، شاخێکی گەورەیان هەبوو ناوی چیای (سولەیمان) بوو، دەگێڕنەوە: پێغەمبەر سولەیمان سڵاوی خودای لێبێت لەو چیایەوە تەماشای خاکی هیندستانی کردوە و تاریکاییەکی بینیوە، ئیتر گەڕاوەتەوە نەڕۆیشتوە بەشێك لە هۆزی ئەفغان لەم چیایە نیشتەجێ بوون هەر لە کابوڵ خانەقایەکی لێبوو بە ناوی "شێخ ئیسماعیلی ئەفغانی" قوتابی زانای بەناوبانگ "شێخ عەباس" بوو.

دیسانەوە لە کابوڵەوە کەووتینەڕێ بۆ قەڵای (کرماش) دەکەوتە نێوان دوو چیاوە، دەربەندەکە ترسناك بوو چونکە ئەفغانەکان لەسەر چیاکەوە ڕێگریان دەکرد و خەریکی چەتەیی بوون بەڵام کاتێك تێپەڕ بووین، تیرمان تێیان گرت تا لێمان دوور بکەونەوە، هەروەها لە کاروانەکەمان خەڵکێکی ئازا و چاونەترسمان لەگەڵ بوو، کە بەشێکیان ئەفغانی بوون و ئەسپێکی زۆریشیان پێبوو، لەبەر ڕێگاکە بەشێك لەو شمەکانەی هەڵمانگرتبوو جێمان هێشت ئیتر بۆ بەیانی ئەسپەکان گەڕانەوە سەر بارەکان و هێنایانیان دوای ئەوەی (کرماش)مان جێهێشت چوینە (ششنغار) کۆتا ناوچەی تورکەکان بوو، لەوێوە بە دەشتاییدا کەووتینەڕێ دووری پانزە ڕۆژەڕێ دەبوو، هەر کاروانێك ئەگەر بیویستایە بەو دەشتاییەدا تێپەڕ بێت، پێویستی دەکرد لە سەرەتای مانگی (یولیۆ) تەموزەوە بکەوێتەڕێ.

لەم دەشتاییەدا بایەکی گەرم هەڵیدەکرد لە کاتی گەرمادا کوشندە و بەهێز بوو لاشەی مردووی دەڕزاند ئەم جۆرە بایە پێشتر ئاماژەمان پێداوە کە لە نێوان

شاری شیراز و هورمزیشدا هەڵدەکات، کاتێک کەوتینەڕێ دادوەری شاری ترمز لەگەڵماندا بوو و زۆربەی حوشتر و ئەسپەکانی لەو رێگایەدا لەناوچون، بەڵام سوپاس بۆ خوا خۆی سەلامەت بوو، پێکەوە لە مانگی زی لحیجەی سالّی ٧٣٤ ك گەیشتینە بنجاب، واتا: پێنج ئاوەکە، هەموو ئەم ئاوانە دەڕژانە ڕوبارە گەورەکەوە، بە ویستی خودا لە کاتی خۆیدا باسی دەکەین، هەوالّدەرەکان هەوالّی ئێمەیان گەیاندبوو بە پاشای هیندستان و زانیاری تەواویان هەبوو دەربارەی ئێمە.

دۆڵی سند

لە سەرەتای مانگی موحەڕەمی سالّی ٧٣٤ ك بوو گەیشتینە سند[1]، کە یەکێك بوو لە گەورەترین دۆڵەکانی دونیا و بە دۆڵی پێنج ئاوەکە (بنجاب) ناسرابوو، ئاوەکەی لە کاتەکانی گەرمادا زیاد دەکات و خەڵکی ئەو ولاّتە کشتوکاڵ لەبەر ئاوەکەیدا دەکەن، هەروەك چۆن خەڵکی ولاّتی میسر لەبەر نیلدا دەیکەن ئەم ناوچەیە لە ژێر قەڵەمڕەوی سولّتانی گەورە "شا محەمەد"ی پاشای هیندستان و سند بوو، کاتێك گەیشتینە ئەو ناوچەیە، هەوالّدەرەکان (مخبر) کە راسپێردرابوون بەو کارە، ئاگاداری هاتنی ئێمە بوون و هەوالّی ئێمەیان گەیاندبووە ئەمیری شاری مۆڵتان، کە ناوی "قوتبولمەلیك" بوو، هەروەها ئەمیری گەورەی سند ناوی "سەرتیز" بوو واتا: سەرتیژ لە شاری سیوستان بوو ئەم ئەمیرە گەورەیە بڕیار و سەربازەکانی لە ژێر دەستی سولّتانی مەزنی هیندستان بوو دووری نێوان مولّتان و سیوستان دە رۆژە رێگایە هەروەها نێوان سند و دهلی پایتەختی دەسەلاّتەکەی سولّتان پەنجا رۆژەڕێیە و هەر هەوالّێك یاخود شتێکی پێویست هەبێت، بە ماوەی پێنج رۆژ بەهۆی (بەریدە)وە لەم سەری ولاّتەوە دەگەیشت بە ئەوسەری ولاّت.

---

[1] دۆڵی سند دەکەوێتە نێوان پاکستان و هیندستانەوە. (ar.wikipedia.org/wiki/بنجاب)

پۆستە و گەیاندن (برید)

بەرید لە ولاّتی هیندستان دوو جۆر بوو، یەکێکیان: ئولاق بوو، کە بە هۆی ئەسپەوە پۆستەکان بە خێرایی دەگەیننە شوێنی مەبەستی و لە نێوان هەر چوار میلێکدا ئەسپی سولّتان ئامادە بوو قوناغ بە قوناغ دەڕۆیشت تا شوێنی مەبەست جۆری دووەم: پیادەیە لە نێوان هەر میلێك سێ خالّی وەرگرتنی پۆست دانرابوو پێیان دەوت: (داوە) لە نێوانی ئەو میلەدا سێ کەس پۆستەکانیان رادەستی یەکتری دەکرد واتا: سێ داوە هەبوو لە جێگای تایبەتی خۆیانەوە کە وەك گومەز بوو دانیشتبوون و پشتوێنێکیان لە پشتیان دەبەست و زەنگێك بە دەستیانەوە بوو، یەکەم کەس کە دەردەچو بە خێرایی رایدەکرد بۆ لای دووەم کەس، کاتێك لە دوورەوە دووەم گوێی لە زەنگەکەی دەبوو، خۆی ئامادە دەکرد و ئەویش بە خێرایی دەیگەیاندە دەستی کەسی سێیەم، بەم شێوەیە بەردەوام دەڕۆیشت دەست بە دەست تا جێگای دیاریکراوی خۆی، ئەم رێگایە لەوەی یەکەم خێراتر بوو، جاری وا هەبوو میوەی تازە و بەتامی دەگمەن لە ناوچەکانی خۆراسانەوە بە بەرید رەوانەی لای سولّتان دەکرا هەروەها ئەو کاتەی سولّتان لە (دەولّەت ئاباد) بوو، ئاویان لە ڕوباری کەنکەوە بۆ رەوانە دەکرد، چونکە ئاوی ئەو ڕوبارە لای هیندییەکان پیرۆزە نێوان ڕوباری کەنك و دەولّەت ئاباد چل رۆژە رێگا بوو.

کاتێك هەواڵدەرەکان هەر هەواڵێکان رەوانەی لای سولّتان بکردایە، دەربارەی کاروانێك یاخود کەسێك، زۆر بە وردی زانیارییان رەوانە دەکرد لەسەر کاروانەکە و ژمارەی کەسەکان و ئاژەڵەکانیان و هەڵسوکەوت و ئەو بارەی پێیان بوو، یاخود مەبەستی ئەو کەسانە لە سەفەر کردن بۆ ولاّتی هیندستان چیە، ئنجا کە کاروانەکە دەگەیشتە مولّتان، کە یەکەم شار بوو سەرەتای دەستپێکی ولاّتی سند بوو، لەوێ دەمایەوە تا ئەو کاتەی فەرمانی سولّتان دەردەچو و رێگەی سەفەر

کردنی پێدەدرا، ڕەچاوی ئەوەش ناکرا کە ئەو کەسانەی لە کاروانەکەدا بوون دەبێت خانەدان بن یان نا بەڵکو هەموو کەس مافی گەشتکردنی پێ ئەدرا، هەروەها هەر کەسە و بەپێی خۆی ڕێزی لێ دەگیرا.

سوڵتانی موجاهید "محەمەد شاە" خۆی بەوە ناسرابوو کە زۆر ڕێزی لە میوان و ڕێبوار و نامۆ دەگرت، هەتا فەرمانی دەرکردبوو بۆ کاربەدەستەکانی و خەڵکی هیندستان کە ڕێبوار و نامۆ بەڕێزترین کەسن، ئەمەش ببوو بە نازناوی خەڵکی نامۆ، کە بە بەڕێزەکان بانگ دەکران دەبوو هەموو نامۆیەک دیاری ببات بۆ سوڵتان و ئەویش لە بەرامبەردا دە هێندەی بە زیادەوە لە سوڵتان وەردەگرت، ئەم کارەی سوڵتان لە پاداشت کردنی خەڵکی نامۆ و ڕێبوار، وای لە بازرگانەکانی هیندستان و سند کردبوو ڕیزیان دەبەست بۆ ئەوەی پۆشاک و دیاری بەنرخ و ولاخ و ئەسپ بدەن بە ڕێبوارەکان، تا بە دیاری بیدەن بە سوڵتان و دواجاریش لە قازانجی دیارییەکانی سوڵتاندا هاوبەش دەبوون، بۆیە کاتی وا هەبوو قەرەبالغی دروست دەبوو و هەر بازرگانێک دەیویست خۆی دیاری بدات، تا زۆرترین سوودی دەست بکەوێت.

منیش هەر کە گەیشتمە سند، هەمان ڕێگەم گرتە بەر و ئەسپ و حوشتر و کۆیلەم کڕی و کاتێکیش گەیشتمە شاری غەزنە، لەگەڵ بازرگانێکی خەڵکی شاری تکریتی عێراق ڕێککەوتم کە ناوی "محەمەد دوری" بوو سی ئەسپ و حوشترم لێی کڕی و باڕێک لە ئەسپەکان تیری کەوان بوو کاتێک ئەم دیارییانەم لێی وەرگرت، بازرگانەکە ڕۆیشت بۆ خۆراسان پاش ماوەیەک گەڕایەوە هیندستان و پارەی هەموو ئەوانەی لێم کڕیبوو بۆییم گێڕایەوە، قازانجێکی زۆری لە دەستم کرد و بووە بازرگانێکی مەزن، بەڵام بەداخەوە ئەم کەسە هیچ و بێ خێر بوو، چونکە کاتێک لە هیندستانەوە گەڕامەوە بۆ ولاتی خۆم چەتە بێباوەڕەکانی هیندستان هەموو شتێکیان لێسەندم لە حەلەب ئەم بازرگانەم بینییەوە و بەسەرهاتی خۆم بۆی باس کرد هیچ یارمەتییەکی نەدام و خێرم لێی نەبینی.

باسی کەرکەدەن

کاتێك لە ڕوباری سند (بنجاب) پێنج ئاوەکە پەڕیەوە ئەوبەر، لەسەر ڕێگەکەمان قامیشەڵانییەکی چڕوپڕ هەبوو، کە نزیك بوونەوە ئەوەندەمان زانی ئاژەڵێکی زەبەلاحی سەرزل هاتە دەرەوە ڕەنگی ڕەش بوو، لە گەورەییدا جیاوازییان هەیە، ئەم ئاژەڵە وەك فیل گەورە نابێت، بەڵام سەری لە سەری فیل گەورەترە، جا بۆیە ئەو سەرە گەورەیەی بووەتە پەند و دەڵێن: ((الکرکدن راسٌ بلا بدن)) هەروەها شاخێکی لە نێوان چاوەکانیدا هەیە سێ بست درێژە و نیو بست پانە جارێکیان بۆمان هات، جەنگاوەرێکمان بەرەو ڕووی وەستایەوە یەك شاخی لێدا ئەسپەکەی کوشت، گەر ئەسپەکە نەبووایە جەنگاوەرەکەی لەناودەبرد، هەروەها جارێکی تریش لەگەڵ سوڵتانی گەوردا بووین بە فیلێکەوە، کەرکەدەنێکی تەنگەتاو کرد ئیدی خۆی خزانە نێو قامیش و ژاژەڵانێکەوە و ئێمەش دوایکەووتین سەربازەکان هەرچۆنێك بوو کوشتیان و سەریان هێنایەوە بۆ کۆشکی پاشا!.

پاشان لە سندەوە کەوتینەڕێ و دوای دوو ڕۆژ گەیشتینە (جەنانی)، ئەم شارە دەکەوتە سەر ڕۆخی ڕوباری سند، بازاڕی جوان و قەشەنگی تێدابوو تایەفەیەکی لێبوو کە هەر لە کۆنەوە نیشتەجێی ئەو ناچەیە بوون و پێیان دەوترا (سامیرە)باپیرانیان لە کۆنەوە نیشتەجێی ئەم ناوچەیە بوون میژوونووسەکان ئاماژە بەوە دەکەن کە ئەم تایەفەیە لە سەردەمی "حەجاجی کوڕی یوسف"ەوە لێرە جێگیر بوونە ئەو کاتەی حەجاج ئەمیری عێراق دەبێت و لە سەردەمی ئەودا ئێرە فەتح دەکریت. هەر لەم شارەدا چاوم بە زانا و زاهید پێشەوا "ڕوکنەدینی کوڕی شەمسەدینی کوڕی بهائەدین ئەعرەجی" کەوت یەکێك بوو لەو سێ کەسەی بورهانەدینی وەلی لە شاری ئەسکەندریە پێی ووتم: ئەگەر گەشتت کرد بۆ ولاّتی هیندستان سلاّوم بگەیەنە بە "ڕوکنەدین"ی برام، سوپاس بۆ خوا چاوم پێکەوت،

باپیرە گەورەی ناوی "محەمەد قاسمی قورەیشی" بووە بەشداری کردبوو لە فەتح کردنی ولاتی سند و هەروەها یەکێك بووە لە سەربازەکانی "حەجاجی کوڕی یوسف"ی ئەمیری ولاتی عێراق، ئیتر لەوێ نیشتەجێ بووە منداڵ و نەوەی زۆری خستووەتەوە. ئەم تایەفەیە (سامیرە)، لەگەڵ هیچ نەتەوەیەك جگە لە خۆیان ژن و ژنخوازییان ناکرد و تێکەڵ نابوون، هەروەها نانیان لەگەڵ کەس ناخوارد و حەزیشیان ناکرد کەس لە کاتی نانخواردندا تەماشایان بکات، ئێستا ئەمیرێکیان هەیە ناوی "ونار"ە و دوایی باسی ئەم کەسە دەکەین.

دواتر لە شاری (جەنانی)یەوە گەشتمان کرد بۆ (سیوستان)، کە شارێکی گەورە بوو، لە دەرەوەیدا بیابانێکی لماوی هەبوو و هیچ جۆرە دارێکی لێ نەبوو تەنها (ئوم غەیلان) نەبێت، لەسەر رۆخی ڕوبارەکەی هیچ کشتوکاڵێکیان نەدەکرد جگە لە شوتی نەبێت، ماستی گامیش و ماسی و شیریان زۆر بوو، ئەو کاتەی گەیشتینە ئەم شارە کەشوهەوا گەرم بوو و هاوڕێکانم لە گەرما سەریان بە فۆتەیەکی تەڕ دادەپۆشی، هەروەها خەڵکەکەی (سەنقور)یان دەخوارد، کە جۆرە خشۆکێکە وەك بزن مژۆك وایە و پێیان دەوت: حونیشە ئەلجەنە، بەڵام کلکی نییە و لە ژێر زەوی لماوی دەریاندەهێنا و پاشان سکیان دەدڕی و پڕیان دەکرد لە زەردەچێوە، خۆیان پێیان دەوت: زەردەشۆبە واتا داری زەرد، کاتێك تەماشایانم دەکرد ئەو جۆرە خشۆکەیان دەخوارد، بێزم نەدەهات و لایان دادەنیشتم. هەر لەم شارەدا چاوم کەوت بە وتاربێژی بەناوبانگی ناسراو "شەیبانی"، ئەو دەستنووسەی پیشاندام کە ئەمیری باوڕەداران "عومەری کوڕی عەبدولعەزیز" ڕەوانەی کردبوو بۆ باپیری تا لە سویستان وتاربێژی بگرێتەدەست، ئیدی نەوە بە نەوە کاری وتاربێژیان گرتووەتەدەست تا ئێستا.

دەقی نامەکەش بەم شێوەیە نووسرابوو: ئەمە ئەو فەرمانەیە کە بەندەی خودا و ئەمیری باوەڕداران عومەری کوڕی عەبدولعەزیز نووسیویەتی لە ساڵی ٩٩ ك ئەوەش بە خەتی خۆی نووسراوە: ((الحمدلله وحده على ماخبرني الخطيب المذكور)).

جگە لەم دادوەرە چاویشم کەوت بە پیرەپیاوی بەتەمەن "محەمەد بەغدادی"ووتی: تەمەنم سەد و چل سالّ دەبێت و ئەو رۆژەی "هەلاونی کوڕی تەنکیز"[1] کۆتا خەلیفەی عەباسییەکانی کوشت، خۆم لە بەغدا ئامادە بووم، وێڕای ئەوەی تەمەنی زۆر بوو بەلاّم بەهێز بوو و لەسەر قاچەکانی دەوەستا.

لاشە هەلّواسراوەکان

لەم شارە ئەمیر "ونار سامری" نیشتەجێ دەبێت کە پێشتر ئاماژەم پێدا، ئەم ئەمیرە هەزار و هەشت سەد سەرباز لە ژێر دەستیدا دەبێت لەگەلّ ئەمیرێکی تر کە ناوی "قەیسەری رۆمی" دەبێت، ئەم دوو ئەمیرە بەوەندە سەربازەوە لە خزمەتی سولّتانی هیندستاندا دەبن، هەروەها لەم شاردا پیاوێك هەبووە بە ناوی "رەتەن" بێباوەڕ بووە، بەلاّم بلیمەت و کەم وێنا بووە لە نووسین و ژمێریاریدا، ویستی خودا وا دەبێت کە ئەم رەتەنە لەگەلّ نوێنەری ناوچەی (سند) دەرۆنە لای سولّتانی گەورەی هیند، سولّتان پێی سەرسام دەبێت و دیارییەکی زۆری دەداتێ و ناوی دەنێت گەورەی (سند) و دەیکات بە والی (سیوستان) و دەوروبەری و هەموو پێداویستییەکانی پێشکەش دەکات لە تەپلّ و ئالاّ و نیشانەکانی ئەمیرایەتی، وەك چۆن سولّتان ئەو شتانە پێشکەشی گەورە ئەمیر و کاربەدەستەکانی دەکات.

کاتێك دەگەڕێتەوە بە لای ونار و قەیسەری هاوڕێیەوە شتێکی ناخۆش دەبێت کە کەسێکی بێباوەڕ لەوان دەسەلاّتدارتر بێت، بۆیە هەردوو ئەمیر ڕێکدەکەون بیکوژن دوای چەند رۆژێك لە گەیشتنەوەی پێی دەلّێن: پێویست دەکات بڕۆیتە دەرەوەی شار تا ئاگاداری دۆخی ناوچەکانی تریش بیت کاتێك "رەتەن" لەگەلّیان دەڕوات، شەو دەیکەن بە هەرا و دەنگەدەنگ و دەلّێن: درندە هێرشی هێناوە بۆ سەر خێوەتگەکەمان لە کاتی ئەو قەرەبالّغیەدا گورزێکی لێ ئەدەن و دەیکوژن،

---

[1] مەبەستی "هۆلاکۆی کوڕی جەنگیزخان"ە (پەراوێز: ۲۳۰)

ئینجا ئەو مالّ و سەروەتەی لای سولّتانەوە هێنابووی کە دوانزە (لەك) بوو هەر لەکێك دەیکردە دە هەزار دیناری ئالتونی هیندی هەر دینارێکی هیندیش دەیکردە دوو دینار و نیوی ئالتونی مەغریبی دەستی بەسەردا دەگرن. ئنجا "ونار" دەکەن بە سەرکردەی خۆیان و بە مەلیك فەیروز بانگی دەکەن، هەموو ئالتون و پارەکان بەسەر خۆیان و سەربازەکاندا دابەش دەکەن، پاشان ونار دەترسێت لەوەی کە تۆڵەی لێ وەربگرنەوە لە کاتێکدا دوور بووە لە نیشتمانی خۆیەوە، بۆیە لەگەڵ بەشێك لە سەربازەکانی دەگەڕێتەوە بۆ لای هۆزەکەی و سەربازەکانی تریش دەگەڕێنەوە بۆ لای ئەمیر قەیسەری رۆمی، هەواڵی ئەمانە دەگاتە لای عیماد مەلیك سەرتیزی گەورەی ئەمیرەکانی ولاّتی سند ئەوکات لە شاری مۆلتان دەبێت، بە سوپایەکەوە دەکەوێتەڕێ بۆ گرتنی قەیسەر، ئیتر شەڕ لە نێوانیاندا رووەدات و سوپای قیسەر بە دژواری تێکدەشکێنرێت و ئەوانەی لەو جەنگە رزگاریان دەبێت، لەگەڵ قەیسەردا هەڵدێن و خۆیان لە شاردا قایم دەکەن و مەلیك سەرتیز ئابڵوقەیەکی توند دەخاتە سەر قەڵاکەی و مەنجەنیق بەرامبەر شار دادەکووتیت.

ئیدی قەیسەر و تاقمەکەی بە ناچاری داوای ئەمان دەکەن و ئەویش ئەمانیان دەداتێ، بەڵام هەر ئەوەندە خۆش دەبێت بەدیل دەگیرێن، هەموو مالّ و مولّکەکەیان لێ دەسێنێتەوە و هەر رۆژە و کۆمەڵێکیان لێ دەکوژێت و سەریان دەپەڕێنێت، پاشان پێستەکانیان پڕ دەکەن لە کا و بە قەڵای شاردا هەڵدەواسران، هەر کەس تەماشای دەکرد ترس و ماتەم دایدەگرت، لەولاشەوە ئەو هەموو کەللە سەرە وەك گرد لەناو شاردا کۆکرابووەوە!. لەو کاتەدا لە قوتابخانە گەورەکەی شار لاماندابوو بۆ پشو، شەوان من لە سەربانی قوتابخانەکە دەنووستم، شەو کە تەماشای ئەو هەموو لاشە هەڵواسراوانەم دەکرد زۆر بێزاری کردم، بۆیە دڵم ئۆقرەی نەگرت لەو قوتابخانەیدا بنووم و ئیدی ئەوێم بەجێهێشت.

پێشتر زانای بەڕێز عەلا مەلیك خۆراسانی ناسراو بە "فەسیحودین" دادوەری هیرات رۆیشتبووە لای سولّتانی هیندستان و ئەویش شاری (لاهری) خستبووە ژێر

دەسەلاتییەوە کە سەر بە ناوچەی سند بوو، بۆیە لەگەڵ عیماد مەلیك سەرتیز کەوتنەڕێ بۆ (لاهری) و ئێمەش لەگەڵیان سەفەرمان کرد.

گەشتەکەمان بە ڕوباری (سند) و ڕێکخستنی ڕێوڕەسمی ڕۆیشتنیان

ئەو کەشتییەی کە ئەمیری گەورە و دادوەر "عەلا مەلیك خۆراسانی" سواری دەبوون، پێیان دەوت: (ئەهورە) جۆرە بەلەمێکی تایبەت بوو وەك چۆن لای خۆمان لەم جۆرە بەلەمانە بەکاردەهێنن بەڵام هی ئەوان فراوانترە لە ناوەڕاستییەوە مێزێکی بەرز دروستکرا بوو بە چەند پلیکانەیەك پێیدا سەر دەکەوتن چونکە لە سەرەوە وەك سەکۆیەکی فراوان وابوو ئەمیر و کاربەدەستەکان دادەنیشتن و لەلای راست و چەپیشەوە بەندە و خزمەتکارەکان دەوەستان پاشان چەندین کەسیش خەریکی سەولێدان بوون بۆ ئەوەی بەلەمەکە بە خێرایی بڕوات، جگە لە بەلەمی ئەمیر چواری تر هەبوون بە لای راست و چەپدا هاوڕێیەتی ئەمیری گەورەیان دەکرد دووانیان: ئالا و تەپڵ و زورنا و ئامێرەکانی تری شاهانەیان هەڵگرتبوو دووانەکەی تریش: گۆرانیبێژ و زورناژەنەکان بوون لە سەرەتای بەیانیەوە تا کاتی ناخواردن ئەمانە سەرقاڵی گۆرانی و تەپڵ و دەف کووتین بوون. ئنجا کاتی ناخواردن هەموو بەلەمەکان هاوشانی یەکتر دەوەستان و لە نێوانیاندا پارچە لەوحێك دادەنرا بۆ هاتووچۆ کردن ئەمیری گەورە و کاربەدەستەکانی هەموو پێکەوە دەستیان دەکرد بە ناخواردن لە هەمان کاتیشدا دەف دەکوترا و گۆرانی دەوترا تا کۆتایی دواتر خەڵکەکەی تر لەسەر خوانەکە کۆدەبوونەوە. دوای بەڕێکردنی ژەمە خواردنەکە بەلەمەکان دەکەوتنەوە ڕێکردن تا ئاسمان تاریك دەبوو ئنجا لە کەنار ڕوبارەکە دەوار هەڵدەدرا سەربازەکان و خزمەتکارەکان خواردنیان ئامادە دەکرد، هەروەها نوێژی خەوتنان بە کۆمەڵ ئەنجام دەدرا و دوای ئەوەی کاتێکی زۆری شەو تێپەڕ دەبوو، بانگدەرێك بە دەنگێکی بەرز هاواری دەکرد: ئەی ئەمیری گەورە، ئەوەندە

کات لە شەو رۆیشتوە، ئیتر چاودێر و پاسەوان دەمانەوە تا بەیانی و بۆ نوێژی بەیانیش یەکێك فووی بە کەرەنادا دەکرد و یەکێکی تر لە تەپڵی دەدا. دوای نوێژکردن نانی بەیانی دەخورا و بە هەمان شێوەی جاران دەست دەکرایەوە بە رۆیشتن، ئەگەر بە دەریادا بڕۆیشتنایە، ئەوا بەو ڕێکخستنەی باسمانکرد دەڕۆیشتن، بەڵام گەر بە وشکانیدا بڕۆیشتنایە ئەوا تاقمی تەپڵ کوت و زۆڕناژەنەکان پێش دەکەوتن ئەمان ژمارەیان شەش کەس بوو لەگەڵ دەستەی پاسەوانی تایبەتدا کە پێیان دەوترا: حیجاب ئینجا ئەوانی تر لەگەڵ ئەمیریدا بەڕێدەکەوتن، کاتێك دەگەیشتنە گوندێك یاخود شارێك لە تەپڵ و دەف دەدرا و گۆرانی بێژەکانی جارجار گۆرانیان دەوت.

ماوەی مانەوەم لەگەڵ "عەلا مەلیك سەرتیز" پێنج رۆژ بوو تا گەیشتینە پیتەختی دەسەلاتەکەی کە(لاهری) بوو شارێکی جوان و دڵگیر بوو دەکەوتە سەر رۆخی دەریا و بەندەرێکی مەزنی هەبووخەڵکی ولاتی فارس و یەمەن و جێگەکانی تر رووبان لەم شارە دەکرد بۆ بازرگانی، ئەمە وای کردبوو سالانە داهاتێکی زۆریان دەست دەکەوت، ئەمیر عەلا سەرتیز ئەوەی بۆ باس کردم کە داهاتی سالانەی لە باج و سەرانە دەگاتە ٦٠ شەست لەك پێشتر ئامارەم دا بە لەك چەندە، ئەمیریش لەو باج و دەرامەتەی کە دەستی دەکەوت، لە دە بەشدا نیوەی بۆ خۆی وەردەگرت.

ئەو دیمەنە سەرسوڕهێنەرانەی کە بینیم!

جارێك لەگەڵ عەلا مەلیك دەرچوم بۆ شوێنێك، نزیکەی حەوت میلیك دوور دەبوو ناوچەیەك بوو پێیان دەوت: (تارنا) بینیم پڕ بوو لە بەردی گەورە و بچوکی لە شێوەی مرۆڤ و ئاژەڵ زۆربەیان پارچە پارچە بوون و سەر و لاشەیان لێك جودا ببۆوە !، جگە لەوانە بەردی تر هەبوو لە شێوەی دەنکە پاقلە و نۆك و نیسك، لەگەڵ وێنەی قەڵاو دیوار هەروەها نووسین بە زمانی هیندیش لە سەر دیوارەکان هەڵکوڵرابوو، لە لایەکی ترەوە مالێکی لێبوو لە ناوڕاستییەوە لە یەك پارچە بەرد

ژوورێکی وەك دوکانی لێ دروستکرابوو وێنەی مرۆڤێکی سەر گەورەی پێوە بوو کە دەستی لە پشتەوە بەسترابوو، عەلا مەلیك ووتی: میژووونووسەکان دەڵێن: گوایە ئەوە وێنەی پاشای ئەم شارە بووە، لاشەکان هەموو هی مرۆڤی راستەقینەن و کاتی خۆی بە هۆی خراپەکارییانەوە خوا کردوونی بە بەرد، هەروەها ئەو نووسراوانەی کە لەسەر بەردەکان هەڵکۆڵراون، میژووی ئەم شارەن و دەگەڕێنەوە بۆ هەزار ساڵ پێش ئێستا. ماوەی مانەوەم لەگەڵ عەلا مەلیك پێنج رۆژ بوو، خزمەتی باشی کردین پاشان رۆیشتین بۆ (بەکار) شارێکی جوان و دڵگیرە ڕوباری سند بە ناوەڕاستیدا تێپەڕ دەبوو هەروەها خانەقایەکی لێبوو لە سەردەمی "کشلو خان"دا دروستکرابوو خواردن و خواردنەوەیان پێشکەش بە هەژاران و رێبواران دەکرد لە کاتی خۆیدا باسی دەکەین. لە بەکار چاوم بە چەند کەسایەتییەك کەوت، لەوانە پێشەوا "سەدرەدین حەنەفی"، لەگەڵ دادوەر "ئەبی حەنیفە" و خوانەاس و زاهید "شەمسەدین شیرازی" کە یەکێك بوو لە کەسە بەتەمەنەکان و دەیانوت: تەمەنی زیاتر لە سەد و بیست ساڵ دەبێت. پاشان لە بەکارەوە گەشتم کرد بۆ (ئاوجە)شارێکی قەشەنگ و دڵگیر بوو دەکەوتە سەر رۆخی ڕوباری سند، بازاڕ و باڵەخانەی قەشەنگ و دڵگیری تێدابوو، ئەمیرەکەی پیاوێکی چاك و بەخشندە بوو ناوی مەلیك جەلالەدین کیجی بوو کەسێکی ئازا و قارەمان بوو، بەڵام بەداخەوە لەسەر ئەسپەکەی دەکەوێتە خوارەوە و کۆچی دوایی دەکات.

بەڕێزی مەلیک جەلالەدین

لە نێوان من و مەلیك جەلالەدیندا پەیوەندیەکی دۆستانە دروست ببوو جار جار پێکەوە لە کۆشکی سوڵتانی دهلی کۆ دەبووینەوە کاتێك سوڵتان بۆ گەشت کردن چو بۆ دەوڵەت ئاباد و ئۆردوگای خۆی لەوێ خستبوو مەلیك جەلالەدین فەرموی: تۆ لە پایتەختی سوڵتان بمێنەوە تا ئەو کاتەی دەگەڕێتەوە، ئەزانم سوڵتان لە گەشتەکەیدا زۆری پێدەچێت، بۆیە گوندەکەی خۆمت پێشکەش دەکەم و سوودی

لێ وەربگرە، تا ئەو کاتەی سوڵتان دەگەڕێتەوە، چونکە تۆ خەرجی زۆرت دەوێت، منیش ئەوەم کرد کە ووتی پێنج هەزار دینار سوودم لە گوندەکەی وەرگرت خوا پاداشتی بەخێری بداتەوە، هەر لە شاری ئاوجە زانا و زاهیدی سۆفی "قوتبەدین حەیدەر عەلەوی"م بینی کە لە گەورە زاناکانی ئەو شارە بوو بە دیاری عابایەکی خۆی دامێ، لەلام مایەوە تا ئەو کاتەی چەتە بێباوەڕەکانی هیندستان لە دەریا لێیان سەندم.

دوای ئاوجە گەشتم کرد بۆ مۆڵتان دەسپێکی ناوچەکانی سند بوو گەورەی ئەمیرەکان لەم شارەدا دەژیا لە دووری یانزە میل لە شاری مۆڵتانەوە دۆڵێک دەهاتە پێشت کە ڕوبارێکی پێدا دەڕۆیشت ڕێبواران بە بەلەم لێی دەپەڕینەوە هەر لەم شوێنە سەربازەکان بە تۆندی کەلوپەل و شمەکەکانیان دەپشکنی تا باج و سەرانە لە خاوەنەکەی وەربگرن بە تایبەتی هی بازرگانەکان، لە نەریتیاندا وابوو چواریەکی شمەکەکانیان بۆ خۆیان لادەبرد و بۆ هەر ئەسپێك دە دیناریان وەردەگرت بەلاّم دوای دوو ساڵ لە گەیشتنمان بە هیندستان، سوڵتان بەیعەتی دا بە خەلیفە "ئەبی عەباس عەباسی" و ئیتر ئەو باجەی لابرد. دوای گەیشتنمان بەم شارە مۆڵەتمان وەرگرت تا لە ڕوبارەکە بپەڕینەوە، دەستیان کرد بە پشکنینی شمەکەکان و منیش شتێکی وا قورس و گرنگم پێ نەبوو، بەلاّم مرۆڤ کە تەماشای هەمبانەکانی دەکرد کە گەورە بوون، وایدەزانی شمەکی زۆر گرنگی تێدایە ئارەزووی ئەوەشم نەدەکرد بپشکنرێن، ویستی خوا وابوو سەربازێکی مەزن هاتە پێشەوە کە لە دەست و پەیوەندەکانی ئەمیر قوتبولەلیکی شاری مۆڵتان بوو فەرمانیدا کە شمەکەکانی من نەپشکنرێن و سوپاس بۆ خوا نەپشکنران . ئەو شەوە لە کەنار ڕوباری دۆڵەکە ماینەوە و بۆ بەیانی سەرکردەی بەریدەکان هات ناوی "دەهقان" بوو لە بنەڕەتدا خەڵکی ولاّتی سەمەرقەند بوو، هەر هەوالێك هەبوایە دەربارەی ڕێبواران زوو دەیگەیاند بە سوڵتان و ئەمیرەکان، ئیدی ئاشنایەتی لەنێوانمان دروستبوو هەر پێکەوە گەشتمان کرد و چوینە مالّی ئەمیری شاری مۆڵتان.

ئەمیری مۆڵتان و ڕێکخستنی کارەکانی

ئەمیرەکەی ناوی "قوتبولمەلیك" بوو لە گەورە کاربەدەستەکانی سوڵتان بوو خاوەنی فەزڵ و ڕێز بوو کە چومە لای بە گەرمی پێشوازی لێکردم و دوای تەوقەکردن دەستمی گرت و لە تەنیشت خۆی دانیام، منیش کۆمەڵێك دیاریم پێشکەشی کرد لە گوێز و میێوژ و ئەسپ و خزمەتکار ئەم دیارییانەش بەنرخترین شمەك بوون لای ئەوان چونکە لە وڵاتی ئەوان دەگمەن بوون و لە خۆراسانەوە بۆیان دەهات. چۆنێتی دانیشتنی ئەمیر بەم شێوەیە بوو: لەسەر سەکۆیەك دادەنیشت هاوشێوەی دوکان بوو ڕاخەریان داخستبوو لە نزیکییەوە دادەمەر کە ناوی "سالار" بوو وەستابوو لەگەڵ وتاربێژ بەڵام ناویم لەیاد نەماوە سەرباز و پلەدارەکانیش بە لای ڕاست و چەپدا هەموو چەکیان بەدەستەوە بوو ئەوانیش وەستابوون.

هەروەها تیروکەوانێکی زۆر هەڵواسرابوون، جا ئەو کەسەی بیویستایە خۆی بسەلمێنێت کە لە تیرهاوێژیدا دەستی ڕاستە، ئەوا کەوانێکی هەڵدەگرت بەپێی توانای خۆی چونکە کەوان هەبوو توند و بەهێز بوو هەبوو کەمتر، بەپێی ئەو تیروکەوانە پلە سەربازەییەکەی دیاری دەکران جگە لەم تیر تێگرتنە گەر کەسێك بیویستایە سوارچاکی خۆی بنوێنێت، ئەوا سواری ئەسپەکەی دەبوو و ڕمێکی بە دەستەوە دەگرت و لەو کاتەی بەسەر ئەسپەکەیەوە بوو ڕمەکەی تێدەگرت گەر لە تەپڵەکەی بدایە ئەوا سوارچاك بوو یاخود ئەڵقەیەك بە دیوارێکەوە هەڵواسرا بوو کاتێك لە ئەڵقەکە نزیك دەبوەوە بە خێرایی و بە ڕمەکەی بەرزی دەکردەوە ئەوەش بەتوانایی سەربازەکەی دەرئەخست، ئەگەریش بیویستایە بۆ هەمووانی بیسەلمێنێت کە سوارچاك و نیشانشکێنە ئەوا دیسانەوە لە سەر ئەسپەکەیەوە بە ڕم لە تۆپێکی دەدا کە لە سەر زەوی چەسپ کرا بوو، ئیتر بەپێی ئەم تاقیکردنەوانە پلەی سەربازی دەستنیشان دەکرا. کاتێك چومە خزمەتی ئەم ئەمیرە، سڵاوم لێکرد و

زۆر بەخێرهاتنی کردین ئنجا فەرمانیدا لە خانوویەکی تایبەت لە دەرەوەی شار پشو وەربگرین کە خاوەنەکەی هاوڕێیەکی شێخ روکنەدین بوو لە نەریتیاندا وابوو میوانیان رانەدەگرت تا سوڵتان بڕیاری نەدایە.

ئەو میوانانەی کە چاوم پێیان کەوت و هەموو هاتبوون بۆ دیداری پاشای هیندستان

لەوانەی من چاوم پێکەوت لە شاری مۆڵتان دادەوەری شاری ترمز "خوداوەند زادە قیوامەدین" بوو خۆی منداڵ و خێزانەکانی هاتبوون لەگەڵ براکانی عیمادەدین و زیائەدین و بورهانەدین، لەگەڵ موبارك شا کە لە گەورە کاربەدەستەکانی شاری سەمەرقەند بوو لەوانەی تر "ئارن بوغا" بوو لە پیاوە ناوداڕەکانی شاری بوخارا بوو لەگەڵ "مەلیك زادە" خۆشکەزای "خوداوەند زادە" بوو هەروەها لەگەڵ "بەدرەدین فیسال" هەموو ئەوانەی باسیانم کرد خزمەتکار و پاسەوانیشان لەگەڵ هاتبوو.

دوای دوو مانگ لە ماناوەمان لە شاری مۆڵتان، نوێنەری سوڵتان کە پاسەوانێکی تایبەتی خۆی بوو ناوی "شەمسەدین بۆشنەجی" بوو لەگەڵ پیاوێکی تر بە ناوی مەلیك "محەمەد هەرەوی کەتوال" گەیشتنە مۆڵتان ئەم دووانە سوڵتان ناردبوونی بۆ پێشوازی خوداوەند زادە جگە لەمانە "مەخدومە جیهان"ی دایکی سوڵتانیش چەند لاوێکی خزمەتکاری ناردبوو بۆ خزمەتکردنی خێزانی خوداوەند زادە هەروەها دیاریەکی زۆریشیان هێنابوو لە پۆشاك و پێداویستی، پاشان هاتنە لای من ووتیان: تۆ بۆچی هاتووی ؟ ووتم: دەمەوێت بڕۆمە خزمەتی سوڵتان "خاوەن عالەم" و لەوێ بمێنمەوە. بۆیە ئەو پرسیارەیان دەکرد، چونکە فەرمانی سوڵتانی دەرچو بوو بۆ هەر کەسێك کە لە خۆراسانەوە روو دەکاتە هیندستان مەرجە بمێنێتەوە ئەگەر نا ئەوا رێی پێنادرێت بڕوات بۆیە بەڵێننامەیەکیان نووسی

بۆ ئەو کەسانەی دەیانەوێت بمێننەوە من قایل بووم بە مانەوە بەڵام هەندێك لە هاوڕێکانم ئەوەیان ڕەتکردەوە کە بمێننەوە.

ئیتر کاروانی گەشت کردنمان بۆ پایتەختی سوڵتان ئامادە کرد، دووری نێوان مۆڵتان و دهلی چل ڕۆژ ڕێگا بوو ئەو ماوەیە هەمووی شار و ئاوەدانی بوو، نوێنەرەکانی سوڵتان پێش ئەوەی لە مۆڵتانەوە بکەونەڕێ نزیکەی بیست چێشت لێنەریان ئامادە کرد تا لە ڕێ خزمەتی "خوداوند زادە" و ئەو نوێنەرانەی تر بکەن کە هاوڕێی ئەو بوون، کاتێك لە شارێکەوە دڕۆیشت بۆ شارێکی تر پێش گەیشتنی خوداوەند زادە خواردن لە مالێك یاخود شوێنێکی گونجاو ئامادە دەکرا.

خواردنەکان بریتی بوون لە: پارچە گۆشتی برژاو کە دەخرایە سەر نانێك بۆ یەك کەس بوو جا کاتی وا هەبوو یەك بەرخێك دەکرایە چوار پارچە یان شەش پارچە لەگەڵ ڕۆنێکی خڕ ئنجا حەلوایەکی چوارگۆشەیی بە هێندەی خشتێکی بچوك دەبوو پێیان دەوت: خشتی و دەکرایە سەر ڕۆنەکە پێکهاتبوو لە ئارد و شەکر و پاشان گۆشتی کولاّو بە زەنجەفیلی سەوز و پیاز ئامادە دەکرا و دەخرایە سەر سینیەکی چینی، لەگەڵ جۆرە خواردنێکی تر کە پێیان دەوت: سەموسك کە لە فستق و گۆشتی هارِاو و گوێز و بادەم و پیاز و ئەبازیر پێکهاتبوو لەناو نانێکی تەنکی بە ڕۆن برژاو هەر کەسێك چوار تا پێنج پارچە لەم جۆرە خواردنەی پێشکەش دەکرا، لەگەڵ لوقمەقازی کە پێشیان دەوت: هاشمی.

ئنجا پاسەوانی تایبەت (حاجب) لەسەر سفرەی نانخواردنەکە دەوەستان بۆ خزمەت کردنی ئەمیری گەورە و سوڵتان و کاربەدەستەکان، کاتێك خواردن ئامادە دەبوو، پاسەوانەکان دەچەمانەوە بە هێندەی رکوع بردنێك، کە ئەوەش ئاماژە بوو بۆ دانیشتن، دواتر پەرداخی ئالتون و زیو و شووشەیان دەهێنا و پڕیان دەکرد لە گولاّو و دەبوو پێش نانخواردن ئەو گولاّوانە بخورێنەوە پاشان پاسەوانێك دەیوت: بسم الله و دەستیان دەکرد بە نانخواردن لە دوای تەواوبوونی نانخواردن چەند گۆزەیەکی ئاوی جۆیان دەهێنا لەگەڵ تەنبول و فەوفەل، کە پێشتر باسی ئەم دوو

جۆرە رووەکەم کردوە، لـە کۆتاییـدا تـەنبول و فەوفـەلیان هەلّـدەگرت و دووبـارە پاسەوان (حاجب) دەنگی بەرز دەکردەوە و دەیوت: بسم اللّه، ئیدی کۆتایی بە ژمە خواردن دەهێنرا. لە مۆلّتانەوە بەو تەرتیبەی کە پێشتر باسم کرد، کەووتینەڕێ تـا گەیشتینە یەکەم شاری هیندستان ناوی (ئەبو هەڕە) بوو شارێکی بچوک بوو بـەلاّم پڕ بوو لە داری میوە هیچ درەختێکی لەوانەی ولاّتی خۆمانی نـەدەکرد جگـە لـە نەبەق نەبێت، بەلاّم ئـەوەی لای ئـەوان بـەری گـەورەتر و شـیرینتر بـوو هـەروەها دارەکەشی مەزنتر بوو، ئیتر هیچ درەختێکیان لەوانەی ولاّتی ئێمە ناچون.

دار و میوەکانی ولاّتی هیندستان

لە درەختە بەناوبانگەکانی (عەنبە)یە بەرەکـەی وەک نـارنج وایـە بـەلاّم بڕێـک مەزنترە و بە هێندەی میوەیەکی ئیجاسە دەبێت، گەلاّکانیشی قورسە و لە هاویندا سێبەرێکی گەورەی هەیە دەلێن: هەر کەسێک لە ژێریدا بنووێت تووشـی نەخۆشـی دەبێت سەرەتا ئەم میوەیە پێش ئەوەی پێ بگات بەشێک لـە بەرەکـەی دەکەوێتـە سەر زەوی کۆدەکرێتەوە ئنجا دەخرێتە ئاوخوێوە شوێر دەکرێت وەک چـۆن لیمـۆ و لیم[1] لە ولاّتی خۆمان شوێر دەکرێن لەگەلّ زەنجەفیلی سـەوز و گولّـە بیبـەر ئـیتر لەگەلّ خواردنی هەر پاروویەکی خواردندا لەو میوە شوێر کراوانەیان دەخوارد. بەلاّم ئەو دەمەی پێدەگات رەنگی زەرد هەلّدەگەڕێت، وەک سێو پارچە پارچەی دەکەن و دەیخۆن و هەشە دەیمژێت چونکە ئاوەکەی شیرینە، ناوکەکەشی گەورەیـە و کاتێـک فڕێ دەدرێتە سەر زەوی، دووبارە دەڕوێتەوە و دەبێتـە دار وەک چـۆن نـاوکی داری نارنج دەچێنرێت .

هەروەها درەختی شەکی و بەرکی هەبوو، کە گەلاّکەی وەک داری گوێز وایـە و بەرەکەی بە دوو شێواز دەردەچێت، جۆرێکیان لە بنەڕەتی زەوییەکەوە دەردەچێت و

---

[1] جۆرە میوەیەکە لە ولاّتی مەغریب هەیە. (پەراوێز: ص٢٣٦)

پێی دەڵێن: بەرکی و تامی زۆر شیرینە، دووەمیان: لە قەدی درختەکەوە دەردەچێت ئەوەیان شەکیە و تۆپکڵەکەی وەك پێستی مانگا وایە و توکدارە، لە سەرەتای هاویندا بەرەکەی زەرد دەبێت، کاتێك لەت دەکرێت ناوەکەی سەد بۆ دوو سەد دەنکی تێدایە وەك خەیار و هاوشێوەی دەنکە پاقلەیە ئەگەر بە باشی بکوڵێنرێت، ئەوا تامەکەی وەك پاقلە دەردەچێت، لە وڵاتی ئەوانیش پاقلە کەم بوو نەریتێکی سەیر و سەمەرەیان هەبوو ئەوە بوو کە ئەم ناوکەیان لە خۆڵی سووردا هەڵدەگرت بۆ ساڵێکی تر!.

ئەو جۆرە رووەکەی باسمانکرد (شەکی و بەرکی)، لە باشترین میوەکانی وڵاتی هیندستان بوون، میوەیەکی تریان هەبوو پێیان دەوت: تەندو بەری داری ئابنوسە و ناوکەکەی بە هێندەی ناوکی قەیسی دەبێت و زۆریش شیرینە، هەروەها داری گوێزیان هەبوو کە بەرەکەی بە هێندەی زەیتونێك دەبوو رەش بوو، بێجگە لەمانە نارنجی شیرینیشیان زۆر بوو، بەڵام هی ترشیان کەم بوو، جۆرێکی تری نارنجیان هەبوو لە نێوان ترش و شیریندا (مێخۆش) زۆر بەتام بوو من خۆم هەمیشە ئارەزووی ئەمەیانم دەکرد و بەرەکەشی بە هێندەی لیم دەبوو.

جۆرە میوەیەکی تریان هەبوو ناوی (مەهوا) بوو، دارەکەی وەك دارێکی ئاساییە و گەڵاکەی وەك گەڵای گوێزە، هەیەتی بەرەکەی زەرد و هەشە بەرەکەی سوورە و بە هێندەی میوەی ئیجاسەیەکی بچوك دەبێت و شیرینە، لە سەرەوەی درەختەکە ناوکێکی هەیە وەك ناوکی تریێ وایە و تامیشی لە تریێوە نزیکە بەڵام زۆر خواردنی تووشی سەرئێشەت دەکات، تایبەتمەندیەکی تری ئەم میوەیە ئەوە بوو کە ئەگەر لەبەر خۆر وشك بکرایەتەوە تامی وەك هەنجیری لێ دەهات منیش لەبری هەنجیر لەم جۆرەم دەخوارد، چونکە هەنجیر لەو وڵاتە نیە خەڵکی ئەو ناوچەیە بەم ناوکەیان دەوت (ئەنگور) واتا تریێ، چونکە تریێ لە وڵاتی ئەوان زۆر کەمە و تەنها لە دهلیدا هەیە، ئەوەی لە یادمە لە ناوکی ئەم جۆرە میوەیە کە پێشتر ئاماژەم پێدا رۆنێکی لێ دروست دەکرد بۆ چرا و رونـاکی بە کاریان دەهێنا.

هەروەها داری هەناریشیان یەجگار زۆر بوو لە سالێکدا دووجار بەری دەگرت بەتایبەتی هی دورگەکانی زیبەتولیهل کە ئەوان پێیان دەوت: ئەنار، وابزانم لە بنەڕەتدا ناوەکەی (جولّ ئەنار) بوو، جول بە زمانی فارسی واتا: گوڵە و ئەناریش واتا: هەنار.

جۆرەکانی دانەوێڵە لە ولاتی هیندستان و چۆنێتی بەکارهێنانی

خەڵکی هیندستان لە سالێکدا دوو جار دانەوێڵەیان دەڕواند، لە کاتی گەرمای پاییزاندا کە باران دەباری دەستیان دەکرد بە چاندنی پاییزە و دوای شەست رۆژ بەروبومەکەیان دەچنییەوە، لەو دانەوێلانەی کە دەچێنران (کوزور) بوو، کە جۆرێکە لەو گژوگیایەی کە بۆ ئاڵف و خواردن بەکاردەهات و زۆریش باو بوو، هەروەها قال هاوشێوەی (ئانلی) بوو.

جۆرێکی تر (شاماخ) بوو، بەڵام ئەم جۆرەیان خۆڕسك بوو خواردنی هەژار و پیاوە خواناسەکان بوو خەڵکی رووبان لە دەشت و دەر دەکرد بۆ مەبەستی کۆکردنەوەی ئەم جۆرە دانەوێڵەیە یەکێك بە دەستی چەپکەیەك لەو گژوگیایە دەچنییەوە و بە دەستەکەی تری بە دار لێی دەدا، ئیتر دەنکەکانی دەکەوتە خوارەوە و ئنجا کۆی دەکردەوە، دەنکی ئەم جۆرە (شاماخ)ە ورد بوو دەدرایە بەر خۆر تا وشك دەبوەوە و ئنجا دەخرایە نێو دەفرێکی دارەوە و پاشان دەکوترا و تووکڵەکەی لێ دەکرایەوە و ناوکە سپییەکەی دەمایەوە، ئنجا دەهاڕدرا و پاشان تێکەڵ بە شیری گامێش دەکرا و دەکوڵێنرا زۆر لە نان بەتامتر بوو، بەردەوام خۆم لەم جۆرەم دەخوارد، هەروەها جۆرە دانەوێڵەیەکی تریان هەبوو پێیان دەوت: ماش، شێوەی وەك رووەکی جولّبان(جۆرێکە وەك ماشە ـ وەگێر) وابوو.

جگە لەوانەی باسیانم کرد، جۆرە رووەکێکی تریان هەبوو ناوی (مونج) بوو

ئەمیشیان وەك ماش وایە بەڵام دەنکەکەی بڕێك درێژتر و سەوز بوو بە زۆری لەگەڵ برنج و رۆن تێکەڵیان دەکرد بە رۆنەوە پێیان دەوت: کشرا و رۆژانە دەیانخوارد ئەم خواردنەیان لە شێوەی خواردنی حەریرەی وڵاتی مەغریب بووجگە لەوانەی باسیانم کرد خواردنی رووەکی تریشیان هەبوو وەك لۆبیا وابوو. (موتو)یان لەگەڵ کوزرودا تێکەڵ دەکرد ئەم جۆرەیان بۆ ئالفی ئاژەڵیش بەکار دەهات و زۆر پێی قەڵەو دەبوو، لای ئەوان جۆ ئەو هێزەی نەبوو بۆیە بۆ ئالف بەکاریان ناهێنا بەڵکو ئەم رووەکە (موتو)یان بەکاردەهێنا، یاخود نۆکیان دەهارِی و پاشان تەرِیان دەکرد و ئنجا دەیاندا بە ئاژەڵ بۆ ماوەی دە رۆژ لە بری کا، لەو ماوەیەی کە ئەم نۆکە هارِاوەی پێ دەدرا کار بە ئاژەڵەکە نەدەکرا و دواتر بۆ ماوەی مانگێك یان زیاتر گەلاّی (ماش)یان پێ ئەدا.

ئەم رووەکانەی باسیانم کرد، رووەکی پاییزە بوون جۆری تریان هەبوو بەهارە بوون، وەك گەنم و جۆ و نۆك و نیسك، کە هەر لەو جێگەیە دەڕوێنرانەوە، کە پێشتر رووەکی پاییزەی لێ چێنرابوو.

با بگەڕێینەوە بۆ باسەکەی خۆمان: رۆژێك لە شاری (ئەبو هەرِە) ماینەوە و دواتر کەووتینەرِێ بە دەشتاییەکدا کە چواردەوری هەموو شاخی بڵند و بەرز بوو بێباوەرِەکانی هیندستان لەوێ نیشتەجێ بوون، بەڵام لەژێر قەڵەمرِەوی مسوڵمانەکاندا بوو، هەر جێگایەك دەسەڵاتدارێکی مسوڵمان بەرِێوەی دەبرد، هەندێك لەو هۆزە بێباوەرِانە یاخی دەبوون لە چیاکاندا خۆیان قاییم دەکرد و ئامادە نەبوون لەژێر قەڵەمرِەوی فەرمانرِەوا مسوڵمانەکاندا بژین و زۆربەی کات خەریکی چەتەیی و رێگری بوون و چیاکانیان کردبوو بە مەنزڵگا و قەڵغانی خۆیان.

ئەو شەڕەی لە ولاتی هیندستان هاتە ڕێگامان

کاتێك ویستمان لە شاری (ئەبو هەڕە) دەرچین من لەگەڵ چەند هاوڕێیەکم کە ژمارەیان بیست و دوو کەس دەبوو لە سەرەتای بەیانییەوە دەرچوین، هەندێکیان عەرەب و هەندێکیان عەجەم بوون قارەمان و چاونەترس بوون ئەوەندەمان زانی کۆمەڵێك لە هیندییە بێباوەڕەکان کە ژمارەیان هەشتا کەس دەبوو دووانیان سواری ئەسپ ببوون هاتنە پێشمان ئێمەش کەووتینە شەڕ لەگەڵیان و توانیمان دوانزە کەسیان لێ بکوژین منیش تیرێکم بەرکەوت و ئەسپەکەشم هەر بە تیر بریندار بوو، بەڵام سوپاس بۆ خوا کاریگەری نەبوو چونکە تیرەکانیان بێ هێز بوون، بێجگە لە ئەسپەکەی من ئەسپی هاوڕێکەشم بریندار بوو بەڵام ئەسپێکی ترمان پێدا کە لە شەڕەکە گرتبومان دواتر ئەسپەکەی کە بە سەختی بریندار ببوو ئەوەمان سەربڕی و هاوڕێ تورکەکانمان گۆشتەکەیان خوارد پاشان سەری کوژراوە بێباوەڕەکانمان بردەوە بۆ (قەڵای ئەبی بەکهەر)لە نیوە شەودا بوو گەیشتینە ئەوێ سەرەکانیان بە شورای قەڵاکەدا هەڵواسران.

پاشان لەم قەڵایەوە دەرچووین دوای دوو ڕۆژ گەیشتینە (ئەجودهەن) کە شارۆچکەی شێخ "فەریدەدین بەزوانی" بوو، ئەو کەسەی کە شێخ "بورهانەدین" لە ئەسکەندەریە پێی ووتم: تۆ لە گەشتەکەتدا چاوت پێی دەکەوێت و سڵاوی منی پێ بگەیەنە، سوپاس بۆ خوا بینیم، سوڵتان ڕێزێکی تایبەتی لێی دەگرت و ئەو ناوچەیەی پێدا بوو تا سوود لە داهاتەکەی وەربگرێت.

بەڵام پەنا بەخوا تووشی وەسوەسە ببوو تەوقەی لەگەڵ کەس نەدەکرد و لە کەسیش نزیك نەدەبوەوە، هەر کاتێك پۆشاکەکەی بەر کەسێك بکەوتایە، خێرا دایدەنا و دەیشووشت، یەکەجار کە چاوم پێی کەوت لە خانەقاکەی خۆی بوو پێم ووت: شێخ بورهانەدین فەرموی سڵاوم بگەیەنە بە فەریدەدین و هەوالی منی پێ بگەیەنە. سەری سوورما ووتی: منیش سڵاوم هەیە بۆی و ڕێزێکی زۆری لێگرتم

هەروەها دیدارم لەگەڵ هەردوو کوڕەکەشی ئەنجامدا ناویان "موعیزەدین و عیلمودین" بوو ئەو دەمەی ویستم شارۆچکەکە بەجێبهێڵم عیلمودین ووتی: نابێت بڕۆیت تا باوکم نەبینیت، منیش چومە خزمەتی کە لە سەربانی خانووەکە وەستابوو پۆشاکێکی سپی پۆشی بوو، نزایەکی زۆری بۆمان کرد و مالئاواییمان لێکرد، پاشان هەندێك شەکرۆکە و رووەکی پێدایین.

خەڵکی هیندستان چۆن خۆیان دەسووتینن!.

لە نەریتە سەیرەکانی خەڵکی هیندستان خۆسوتاندن بوو جارێکیان خێوەتگاکەی ئێمە لە جێگایەك بوو لە نزیك هیندییە بێباوەڕەکان ئەوندەمان زانی خەڵکەکە هەڵهاتن و کۆمەڵێك لە هاوڕێکانی ئێمەش رۆیشتن، دواتر پرسیارم کرد چی رویدا؟! ووتیان: پیاوێکی بێباوەڕی هیندی مردوە ئنجا ئاگرێکیان کردەوە بۆ سووتاندنی تەرمەکەی و ژنەکەشی خۆی فرێدایە نێو ئاگرەکەوە لەگەڵ مێردەکەی خۆی سووتاند هەروەها ووتیان: ژنەکە دەستی لە ملی مێردەکەی کرد تا بوو بە خەڵوز!. خۆم ئەم جۆرە دیمەنانەم بینیوە، ئافرەتم دەبینی دەیانڕازاندوە و ئنجا سواری پشتی ولاخێکیان دەکرد و خەڵکی هەموو دوای دەکەوتن لەگەڵ (بەراهمەکان) کە چینە دیندار و رێزدارەکانی هندۆس بوون، بەڵام ئەوانەی کە لە ژێر دەستی مسوڵمانەکاندا دەژیان دەبوو مۆڵەت لە سوڵتان وەربگرن ئەوکات دەیانسووتاند.

جارێکیان لە شاری ئەجوری بووین ئەمیرەکەی پیاوێکی سامری مسوڵمانی خەڵکی سند بوو بەشێکی زۆری دانیشتووانی شارەکە بێباوەڕ بوون سنووری ئەم شارە دوور نەبوو لە بێباوەڕە یاخییەکانەوە شەڕێك دروستبوو لە نێوان مسوڵمانەکان و یاخیبووەکاندا لەو شەڕەدا حەوت جەنگاوەری بێباوەڕ کە لە ژێر دەستی مسوڵمانەکاندا بوون کوژران سیانیان خێزاندار بوون و ژنەکانیان برپاریاندا

خۆیان بسووتێن، کە ئەمەش نەریت بوو گەر هەر ئافرەتێك لە دوای مردنی مێردەکەی خۆی سووتاند ئەوا شەرەفێکی گەورە بۆ خانەوادەکەی تۆمار دەکات، ئەگەریش خۆی نەسووتینێت ئەوا دەبێت بە سەرشۆڕی لە مالّی باوکی بمێنێتەوە و پۆشاکی زبر و ناشیرین بپۆشێت تا مردن زۆریش لە هیچ کەس ناکرا بۆ خۆسووتاندن. پێش ئەوەی بسووتێنرێن سێ رۆژ دەمانەوە و ئاهەنگیان بۆیان دەگێڕا و خواردن و خواردنەوەی باشیان دەدا پێیان، وەك بڵێی ئیتر مالّئاوایی لە دونیا دەکەن بۆ رۆژی چوارەم هەریەکەیان سواری پشتی ولاّخێك دەبوو خەڵکی دوایان دەکەوتن لە هەموو چینەکانی کۆمەڵگا لە بەراهیمە و خەڵکی ئاسایی و کەسوکاری ئافرەتەکەش هەروەها لە تەپڵ دەدرا و فوویان بە زورنا و کەرەنادا دەکرد هەر کەسێك لە بێباوەڕەکان لە ئافرەتەکان نزیك دەبوەوە و پێیانی دەوت: سلاّوم بگەیەنە بە دایك و باوك و خوشك و براکەم، هەر کەسێکیان مردبێت سلاّویان بۆی دەنارد ئەویش (ئافرەتەکە) بە دەم پێکەنینەوە بەڵێ بۆیان دەکرد!.

لەگەڵ هاوڕێکانم کەوتمەڕێ تا ببینم چی دەگوزەرێت، گەیشتینە جێگایەك دارستانێکی چڕوپڕی لێبوو لەبەر زۆری دارەکان بە هیچ شێوەیەك تیشکی خۆرت بەرنەدەکەوت، جێگایەکی تاریك و ناخۆش وەك دۆزەخ وابوو چوار گومەزی بچوکی لێبوو لەگەڵ عەمباری ئاو هەر لە نزیك عەمبارە ئاوەکان شوێنێکی چاڵی لێبوو لە نێویدا ئاگریان دە کردەوە و خێڕا خێراش رۆنی کونجیان بەسەریدا دەکرد تا بڵێسەی ئاگرەکە زیاتر بێت ئنجا ئافرەتەکە هات و خۆی خستە نێو عەمبارە ئاوەکەوە پاشان خۆی ڕووت کردەوە تا دوای مردنی پۆشاکەکانی بۆ بکرێت بە خێر پاشان پۆشاکێکی لۆکەی زبری پۆشی، کاتێك لە ئاگرەکە نزیك بووەوە، ئەوانەی دەوری ئاگرەکە داری زیاتریان بەسەریدا دەکرد و چەند کەسێکش بە پەردەوە لە پێش ئاگرەکەوە وەستابوون، تا ئافرەتەکە کە تەماشای دەکات نەترسێت.

خۆم ئەوەم بینی ئافرەتێك هاتە پێشەوە و پەردەکەی لە دەستیان سەند ووتی:

((ما راميترسانى ئەز ئاتش من ميدانيم ئوتش ئاست راهاكانى مارا))، واتا: تۆ من ئەترسێنیت بە ئاگر خۆم ئەزانم ئەوە ئاگرە و بۆ سووتاندن ئامادە كراوە. دواتر دەستى خستە سەر سەری و خۆی فڕێدایە نێو ئاگرەكەوە ئنجا كردیان بە هاوار و دەنگ بەرزكردنەوە و خێرا خێراش لە تەپڵ و دەف دەدرا و هەندێكش داریان بۆی فڕێدەدا تا جوڵە نەكات و باشتر بسووتیت هەر كە چاوم بەم دیمەنە كەوت، لە ترسا خەریك بوو لەسەر پشتی ئەسپەكەم بكەومە خوارەوە!.

خەڵكی هیندستان لە كاتی خۆ نقوم كردنیش ئەو كارە دەكەن زۆرێكیان خۆیان دەخستە نێو ڕوباری كەنەكە [1] وە خۆیان دەخنكێنن چونكە بڕوایان وایە ئەو ڕوبارە لە بەهەشتەوە هەڵدەقوڵێت پێش ئەوەی خۆیان فڕێ بدەن دەڵێن: ئێمە لەبەر هەژاری ئەو كارە ناكەین بەڵكو بۆیە وا دەكەین تا لە كوسای نزیك ببینەوە كوسای ناوێكی خوداوەندە لای ئەوان، دوای نقوم بوون تەرمی كەسەكە دەردەهێنرێت و پاشان دەسووتینرێت و خۆڵەمێشەكەی فڕێدەدرێتە ئاوەكەوە.!

با بگەڕێینەوە بۆ باسەكەی خۆمان: لە شاری ئەجودهەنەوە دەرچووین دوای چوار ڕۆژ لە ڕێكردن گەیشتینە (سەرتی) شارێكی گەورە و بەناوبانگ بوو بە برنج و باشترین جۆری لێ بەرهەم دەهێنرا و لێی ڕەوانە دەكرا بۆ پایتەختی سوڵتان، هەروەها داهاتێكی زۆری هەبوو لە باج و سەرانە "شەمسەدین بوشنەجی" باسی ڕێژەی ئەو باجەی بۆ كردم كە سالانە دەستیان دەكەوێت بەڵام لە یادم چوە. پاشان گەشتم كرد بۆ (حانسی) جوانترین شار بوو ئاوەدان و دڵگیرە پتەوترین قەڵا و شورا لەم شارەدا دروستكرابوو دەگێڕنەوە پیاوێكی بێباوەڕ دروستی كردوە ناوی "تورا" بووە پەند و سەرگوزشتەی سەیر و سەمەرەیان لێی دەگێڕایەوە، هەر لەم شارە دادوەری گشتی هیندستانی لێبوو كە ناوی "كەمالەدین سەدروڵجیهان" بوو لەگەڵ براكەی ئەویش ناوی "قەتڵوخان" بوو مامۆستای سوڵتان بوو هەروەها دوو بۆای

[1] ڕوویاری (كەنەك) ڕوویاری (كنج)ە، كە لای هیندییەكان پیرۆزە. (پەراوێز: ص ٢٤٠)

تریشیان هەبوو بە ناوەکانی نیزامەدین و شەمسەدین ئەوەی دووەمیان لە شاری مەککەدا دەمێنێتەوە تا مردن. دیسانەوە کەووتینەوەڕێ لە (حانسی)یەوە بۆ شاری (مەسعود ئاباد) دوای دوو رۆژ لە رێکردن گەیشتینە ئەم شارە تەنها (١٠) دە میل لە پایتەختی سولّتانەوە دوور بوو، هەردوو ئەم شارە هی پاشای گەورە "هۆشەنگی کوڕی کەماله کورکه" بوو کورکە واتا گورگە، بە ویستی خوا لە کاتی خۆیدا باسی ئەم پاشایە دەکەین.

ئەو کاتەی ئێمە ویستمان بڕۆینە خزمەت سولّتانی مەزن، خۆی لە پایتەخت نەبوو بۆ گەشتکردن رۆیشتبوو بۆ شاری (قەنوج) بەلاّم دایکی واتا "مەخدومە جیهان" کە پێگەیەکی مەزنی هەبوو لە پایتەخت بوو لەگەلّ "خواجە جیهان"ی وەزیری کە خۆی ناوی ئەحمەدی کوڕی ئیاس بوو لە بنەڕەتدا خەلّکی ولاّتی رۆم بوو ئەم وەزیرە چەند کەسێکی بۆ پێشوازیمان نارد هەر کەسە و بەپێی ئاستەکەی خۆی ئەو کەسەی کە رەوانە کرابوو بۆ پێشوازی من "شێخ بەستامی" بوو لەگەلّ "شەریف مازندەرانی" ئەم کەسە ئیشی ئەوەبوو تەنها چاودێری خەلّکی غەریبەی دەکرد ئەم شەریفە لەگەلّ فەقیە "عەلائەدین مۆلّتانی" نامەیان بە بەریدی (داوە)ڕوانەکرد بۆ سولّتان و هەوالّی ئێمەیان پێگەیاند دوای سێ رۆژ وەلاّمەکە گەیشتەوە و ئێمەش لەو ماوەیەدا هەر لە مەسعود ئاباد بووین.

دواتر کە چووین بۆ پایتەختی سولّتان دادوەری گشتی و چەند زانایەکی بەناوبانگ، لەوانە: زەهیرەدین زنجانی کە لە کەسە نزیکەکانی سولّتان بوو هاتنە پێشوازیمان پاشان لە گوندی بالم لاماندا کە هی "سەید ناسرەدین موتەهیر" بوو ئەویش لە کەسە نزیکەکانی سولّتان بوو بۆ رۆژی دواتر گەیشتینە دهلی پایتەخت.

شارێکە نمونەنەی جوانی و ئاسایش بوو قەلاّکانی قایم و بەهێز بوون کەم وێنە بوو لەسەر ئاستی شارە ئیسلامێکانی دونیادا.

شاری دهلی

شارێکی گەورە و مەزن بوو پایتەختی دەسەلاتی پاشای هیندستانە بە گەورەترین شاری موسوڵمانان دادەنرێ لە ڕۆژهەلاتدا، لە چوار بەش پێك دەهات بەشی یەکەمی پێیان دەوت: دهلی کۆنە و گاورکار بوو لە سالّی ٥٨٤ ك فەتح کرابوو. دووەمیش پێیان دەوت: سیری هەروەها پێشیان دەوت: داروڵخیلافە ئەمەیان سوڵتان پێشکەشی غەیاسەدینی کوڕی خەلیفەی عەباسی (موستەنسیر)ی کرد هەر لەم بەشەیاندا بوو کە سوڵتان عەلائەدین و کوڕەکەی واتا قوتبەدین نیشتەجێ بوون دواتر باسیان دەکەین . بەشی سێیەمیان پێیان دەوت: توغلوق ئاباد بە ناوی "توغلوق سوڵتان"ەوە ناونرا بوو چونکە خۆی دروستی کردبوو کە دەکاتە باوکی سوڵتانی هیندستان هۆکاری دروست کردنەکەشی بۆ ئەوە دەگەڕایەوە کە دەڵێن: جارێکیان توغلوق سوڵتان دەڕوات بۆ لای سوڵتان قوتبەدین و پێی دەڵێت: ئەی خاوەن عالم واتا ئەی خاوەن جیهان پێویست دەکات لێرە شارێك دروست بکەین، ئەویش بە گاڵتەجاڕییەوە پێی دەڵێت: ئەگەر تۆ سوڵتانی ئەی بۆ دروستی ناکەیت؟!، ئیتر توغلو سوڵتان دەست دەکاتە بە دروستکردنی و ئەو شارە بونیاد دەنێت. بەشی چوارەمیش: ناوی (جیهان بەنا) بوو بە ناوی سوڵتان "محەمەد شا"وە بوو کە ئێستا پاشای هیندە و ئێمەش چوینەتە دیداری، خۆی ئەم بەشەی دروستکردوە ویستی هەر چوار بەشەکەی بە قەڵا و شورا پێکەوە ببەستێت، هەندێکی دروستکرد بەڵام تەواوی نەکرد لەبەر مەزنی ئەو شورایە و پێداویستییە زۆرەکەی.

قەلاّ و شوراکانی شاری دهلی

شوراکانی لە جوانترین و مەزنترین شوراکانی دونیان، پانی دیوارەکانی یانزە گەز بوو لە ناوەوە مالّ و کۆگای زۆری تێدابوو زۆربەی ئەو مالاّنەی کە لە قەلاّکەدا دەژیان ئەوانە بوون کە چاودێری دەرگایان دەکرد لەگەلّ خەلّکی پیشەوەر هەروەها کۆگای زۆر مەزنی تێدا دروستکرابوو بۆ هەلّگرتنی ئامێرە جەنگییەکانی وەک: مەنجەنیق و رعادات[1]، لەگەلّ جێگای تایبەت بۆ هەلّگرتنی خۆراک کە پێیان دەوت: عەمبارات ئەوەی جێی سەرنج بوو خواردن بۆ ماوەیەکی زۆر لەم شوێنەدا دەمایەوە بێ ئەوەی خراپ ببێت خۆم ئەوەم بینی برنجیان هێنا رەنگی تۆپکلّەکەی رەش ببوو بەلاّم تامی خۆش بوو لەگەلّ کوروز!. لە ناوەوەی شوراکەدا دەتتوانی بە سواری ئەسپ لەمسەری شارەوە تا ئەوسەری شوراکە بڕۆیت، ژێری شوارەکەش بە بەرد دروستکرابوو لای سەرەوەش بە خشتی سوور هەروەها شوێنەکانی چاودێریش لە یەکەوە نزیك بوون و ژمارەیان زۆر بوو، جگە لەوانەی باسیانم کرد تاقی زۆریش بۆ روناکی دروستکرابوو.

ژمارەی دەرگاکانی دەگەیشتە بیستو هەشت دەرگا بە زمانی خۆیان پێیان دەوت: دەروازە گەورەترینی دەروازە(بەزاون) بوو یەکێکی تر ناوی (مەندەوی) بوو لەگەلّ دەروازەی (گولّ) لەوێوە بۆ جێگای کشتوکالّ و باخەکان دەڕۆیشت، هەروەها دەروازە(شا) کە ناوی پیاوێك بوو(مەبەست لە پاشایە ـ وەرگێڕ) هەروەها دەروازە (بالّم)یش هەبوو لەگەلّ دەروازە (غەزنە) کە بە ناوی شاری غەزنەی خۆراسانەوە ناونرا بوو دەروازە (بەجالسە)ش هەبوو کە لە دەرەوەیدا گۆڕستانی دهلی لێبوو، کە لەسەری گومەزێکی جوان دروستکرا بوو بەلاّم گۆڕەکان میحرابیان بۆ دروستکرابوو

---

[1] جۆرە کەرەستەیەکی جەنگی کۆنە و هاوشێوەی مەنجەنیقە. (پەراوێز: ص ٢٤١)

بەبێ گومەز، لە ناوەوەی گۆڕستانەکەش هەموو جۆرە گوڵ و دارێکی لێ چێنرابوو، بەتایبەتی گوڵ و بە درێژایی ساڵ و هەر چوار وەرزەکە گوڵی لێ نابڕا.

مزگەوتی دهلی

مزگەوتی دهلی تەنها بە بەردی سپی دروستکرا بوو دیوار و میچەکەی زۆر بە شێوازێکی جوان و ناوازە بونیادنراوە نێوان بەردەکان بە قورقۆشم پێکەوە لکێنرا بوون بە هیچ شێوەیەك داریان بەکار نەهێنابوو بۆ دروستکردنی تەنانەت مینبەری مزگەوتەکەش لە بەرد داتاشرابوو چوار حەوشەی هەبوو لە ناوەڕاستییەوە ستوونێکی بەرزی لێبوو کە سی گەز بەرز بوو کەس نازانێت لە چ ماددەیەك دروستکرابوو هەندێك لە پیاوە داناکان دەگێڕنەوە دەڵێن: لە حەوت ماددە دروستکراوە بۆیە پێیدەوترێت(هەفت جۆش)رەنگی جوان بوو دەبریسکایەوە بە عەمامە پانییەکەیان پێوا هەشت گەز پان بوو.

هەروەها لەلای دەرگای رۆژهەلاتیەوە دوو بتی گەورە هەبوو لە زەوییەکەدا کەوتبوون هەر کەسێك بچوایتە ژوورەوە بۆ مزگەوتەکە دەبوو پێ بخاتە سەریان حەوشەکەش هەر بە بەرد رووپۆش کرابوو بتەکانیش لەگەڵ بەردەکاندا چوبوونە زەوییەوە و تەخت بوو بوون شوێنی ئەم مزگەوتە پێیان دەوت: دوخانە، پێشتر ماڵی بتەکان بووە، بەڵام دوای فەتح کردنی ناوچەکە دەکرێت بە مزگەوت. هەروەها لە حەوشەی رۆژهەلاتیەوە مەنارەیەکی لێبوو لە سەردەمی سوڵتان "موعیزەدینی کوڕی ناسرەدینی کوڕی غەیاسەدین بەلبەنە" دروستکرابوو، پێکهاتەی مەنارەکەش بەردی سوور بوو، بە پێچەوانەی مزگەوتەکەوە کە پێکهاتەکەی بەردی سپی بوو بەرز و پان بوو هەندێك نەخشی تێدابوو لە ئالتون بوون، جوان و سەرنجڕاکێش بوو و پلیکانەکانی هێندە پان بوون دەیانوت: فیل پێیدا سەردەکەوێت، چەند کەسێکم بینی خۆیان ئەوەیان بینی بوو دەیانوت: ئەو کاتەی

دروستکرا بە فیل بەردیان سەر دەخست بۆ سەری منارەکە و بە ئاسانی بەسەر پلیکانەکاندا سەردەکەوت هەروەك سوڵتان "قوتبەدین" ویستی مەنارەیەکی تری هاوشێوەی ئەمە لە حەوشەی رۆژئاواوە دروست بکات و دەستیکرد بە دروستکردنی، بەڵام بۆی تەواو نەکرا و دواتر سوڵتان محەمەد هەندێك کاری تێدا کرد و ئەویش دیسانەوە بە ئەنجامی نەگەیاند بە بیانووی شوومێتی.

بەڕاستی ئەو مەنارەیەی کە باسم کرد، وێنای کەم بوو لە دونیادا، شتێکی تا بڵێی سەرسوڕهێنەر و قەشەنگ بوو!.. جارێکیان سەرکەوتمە سەر منارەکە و تەماشای خوارەوەم کرد کەسی گەورەم وەك منداڵ دەهاتە بەرچاو هێندە بڵند بوو، بەڵام کە لە خوارەوە سەیری بەرزییەکەیت دەکرد واتدەزانی بەو شێوەیە بەرز نییە لەبەر پانی و مەزنییەکەی.

هەروەها سوڵتان قوتبەدین ویستی مزگەتێکی تری مەزن لە ناوچەی سێری دروست بکات و ناوی بنێت (داروڵخیلافە) بە بەردی سەوز و سوور و سپی و رەش ئەمیش تەواو نەکرا تەنها میحرابەکەی نەبێت لەگەڵ دیواری قیبلەی، ئەگەر بهاتبایە تەواویان بکردایە شتی وا نەدەبوو لە وڵاتی هیندستاندا!.. بەڵام سوڵتان قوتبەدین کوڕزا بێ ئەوەی تەواو بکرێت لە دوای خۆی دووبارە سوڵتان محەمەد دەستپێکرد، بەڵام ئەویش تەواوی نەکرد بە بیانووی خەرجی زۆری بەڵام لەڕاستیدا وانەبووە بەڵکو بەهۆی شوومێتییەوە تەواوی نەکرد.

دوو حەوزە گەورەکەی دەرەوەی مزگەوتی دهلی

لە دەرەوەی شاری دهلی و نزیك لە جێگای نوێژکردن، حەوزێکی مەزن هەبوو هی سوڵتان "شەمسەدین لەلیەش" بوو ئاوێکی زۆری تێدابوو لە ئاوی باراناو بوو درێژی ئەم حەوزە دوو میلیك دەبوو پانییەکەی میلێك بوو لەلای بەشی رۆژئاواوە دیوارەکەی بە بەرد دروستکرابوو وەك دوکان وابوون (مەزنی داتاشراوە وەرگێر) لەسەر یەك دانرا بوون و لە ژێر هەر بەردێکی داتاشراوە پلیکانەیەك هەبوو کە

ئاوی پێدا دەهاتە خوارەوە لە سەرەوەی بەردەکانیش جێگای تایبەت هەبوو بۆ پشودان لە ناوەڕاستی حەوزەکە گومەزێکی لێبوو بە بەرد دروستکرا بوو زۆر بە جوانی نەخشێنرا بوو کاتێك حەوزەکە پڕ دەبوو خەڵکی بە بەلەم دەپەڕینەوە بۆ گومەزەکە، کاتێکیش ئاوی تێدا نەدەما خەڵکی کشتوکاڵیان تێدا دەکرد وەك: خەیار و تڕۆزی و شوتی سەوز کە شیرین و بچوك بوو لەگەڵ قامیشی شەکر.

جگە لەو حەوزەی باسم کرد یەکێکی تر هەبوو گەورەتر بوو بە حەوزی تایبەت ناسرابوو دەکەوتە نێوان دهلی و داروڵخیلافەوە لە رۆخەکەیدا نزیکەی چل گومەز دروستکرابوو بۆ پشو هەروەها جێگایەکیشی بۆ تەرخانکرابوو بە(تەرب ئاباد) ناسرابوو مزگەوت و بازاڕیشی لێبوو ئەوەیان بۆم گێڕایەوە کە لە مانگی رەمەزاندا ئافرەتان لە مزگەوتدا کۆدبنەوە و بە کۆمەڵ نوێژ دەکەن لەگەڵ پیاوە گۆرانیبێژەکان خۆم ئەوەم بینی لە ئاهەنگی ژنهێنانی ئەمیر "سەیفەدین غەدا موهنا" هەریەك لە گۆرانی بێژەکان لە کاتی بانگ دەستنوێژی هەڵدەگرت و لەسەر بەرمالّی خۆی نوێژی دەکرد.

مەزار و هەندێک لە زانا و پیاوچاکەکانی

لە مەزارە ناودارەکانی دهلی گۆڕی شێخ "قوتبەدین بەختیار کەعکی" لێبوو بۆیە پێیان دەوت: کەعکی چونکە هەر کەسێکی هەژار یاخود قەرزدار بهاتایە بۆ لای بە هێندەی کەعکەیەك ئالتونی دەدایە یاخود هەبوو کچی ئەدا بەشوو ئەوەندە پارە و پولّی نەبوو تا مالّ بۆ کچەکەی بکات بە ناچاری رووی دەکردە لای ئەم شێخە و ئەویش بڕێکی کەمی ئالتونی پێی دەبەخشی، تا وایلێهات بەوە ناوی دەرکرد، هەروەها گۆڕی "نورەدین کورلانیش"ی لێبوو لەگەڵ گۆڕی "عەلائەدین کرمانی"، کە لە بنەڕەتدا خەڵکی ناوچەی کرمان بوو، خوای گەورە لە هەموویان رازی بێت. لە زانا ناودارەکانی"مەحمود بەکا" بوو لە گەورە خواناسەکانی ئەو

ناوچەیە بوو خەڵکی دەڵێن: گوایە لە گەردوونەوە[1] مانڵ و سەروەت خەرج دەکات، هەمیشە خواردن و خواردنەوەی پێشکەش بە هەژاران دەکرد، لەگەڵ ئالتون و پۆشاک کەراماتیشیان لێی دەگێڕایەوە چەند جارێك چومەتە خزمەتی لەوانەی تر شێخ "عەلائەدین نیلی" بوو وابزانم رەچەڵەکی دەگەڕایەوە بۆ (نیل)ی میسر خودا خۆشی دەزانێت، ئەم زانایە هاوڕێی "نیزامەدین بەزوانی" بوو هەموو هەینیەك وتاری دەدا و خەڵکێکی زۆر لەسەر دەستی تەوبەیان دەکرد و پرچی خۆیان دەتاشی.

حیکایەتی مردنی کەسێک لە ترسی سزای پەروەردگار

جارێك لە وتاری شێخ عەلائەدین دانیشتبووم، ئەم ئایەتەی خوێندەوە: ﴿یاایها الناس اتقوا ربکم إن زلزلة الساعة شيء عظيم...﴾[2] پاشان چەند جارێك دووبارەی کردەوە، سۆفیەکی هەژار دانیشتبوو بە هۆی کاریگەری ئایەتەکەوە هاوارێکی کرد و ئیدی گیانی دەرچو، خۆم بەشداری کفن کردن و بە خاکسپاردنیم کرد. یەکێکی تر لە زانا بە ناوبانگەکانی "سەدرەدین کوهرانی" بوو کە هەمیشە خەریکی پەرستش بوو بە شەوو سەرقاڵی شەونوێژ کردن بوو بە رۆژیش بەڕۆژو بوو زۆربەی کاتەکان پۆشاکی زبری دەپۆشی بە تەواوەتی پشتی لە دونیا کردبوو، جارجارەش وەزیر و سوڵتانەکان رووبان تێدەکرد و سەردانیان دەکرد بەڵام لەگەڵیان دانەدەنیشت، جارێکیان سوڵتان ناوچەیەکی پێیدا تا داهاتەکەی بۆ خۆی خەرج بکات بەڵام رەتیکردوە وەریبگرێت ئیتر بە ناچاری سوڵتان خۆی دە هەزار دیناری پێ بەخشی، دیسانەوە وەرینەگرت و رەتیکردەوە.

زانایەکی تر هەبوو ناوی "کەمالەدین عەبدولڵا غاری" بوو دیندار و بەناوبانگ

---

[1] ئەم بیرۆباوەڕە ئەفسانەییانە لە سەدەکانی ناوەڕاستدا هەبوون، لە راستیدا پێچەوانەی عەقڵ و نەقڵ بوون. (وەرگێڕ)

[2] سورتی حەج ئایەتی ١.

بوو یەکێك لە ئەشکەوتەکانی دەرەوەی دهلی کردبوو بە مەنزلگای خۆی بۆ خواپەرستی منیش سێ جار لەو ئەشکەوتە سەردانیم کرد جارێکیان بەندەیەکم هەبوو لە دەستم هەڵهات دواتر بینیم لە دەستی پیاوێکی تورکدایە منیش رۆیشتم تا لێی وەربگرمەوە بەڵام ئەم شێخە فەرموی: وەری مەگرەوە ئەم بەندەیە کەسێکی خراپە بۆیە بە پیاوە تورکەکەم فرۆشت بە سەد دینار دوای ماوەیەك بیستم ووتیان: ئەو بەندەیەی کە تۆ فرۆشتت بە پیاوە تورکەکە، گەورەکەی خۆی کوشتووە و هەڵهاتووە دواتر دەیگرنەوە رادەستی کوڕی کوژراوەکەی دەکەنەوە و پاشان دیکوژنەوە. کاتێك ئەم کەرامەتەم لە شێخ بینی، ئیدی بڕیارمدا بۆ ماوەیەك لەگەڵیدا بمێنمەوە، ئەوەی کە لەلام بوو لە مالّ و پارە هەموومبە بەخشی بە هەژاران و نزیکەی بیست رۆژ زیاتر لەگەڵیدا بووم و بە تەواوەتی وازم لە دونیا هێنابوو، هەمیشە چاودێریم دەکرد و دەمبینی شەونوێژی دەکرد، دوای ئەو ماوەیە سوڵتان نامەی بۆم نارد تا بگەڕێمەوە ئیتر لەوە بەدواوە گەڕامەوە بۆ سەرقاڵ بوون بە کاری دونیاوە خوا خۆشی دەزانێت خێر بە چییەوەیە .

فەتح کردنی شاری دهلی و ئەو پاشایانەی لەوێ دەسەلآتدار بوون

زانا و دادوەری گشتی بە ناوبانگ "کەمالەدین محەمەد کوڕی بورهان غەزنەوی"ی ناسراو بە سەدرولجیهان ئەوەی بۆم گێڕایەوە کە شاری دهلی لە پێنج سەد و هەشتا و چواردا ٥٨٤ ك لە ژێر چنگی بێباوەڕەکان ئازاد کرا خۆم ئەم میژووەم لە میحرابی مزگەووتی گەورە خوێندەوە، هەروەها ئەوەشیان باسکرد کە لەسەر دەستی ئەمیر "قوتبەدین ئەبیك" ئازاد کراوە کە نازناوی سوپاسالار بوو بە واتای سەرکردەی جەنگاوەران دێت پێشتر ئەم ئەمیرە یەکێك دەبێت لە کۆیلەکانی سوڵتانی گەورە "شەهابەدین محەمەدی کوڕی سامی غوری" سوڵتانی غەزنە و

خۆراسان، ئەم سوڵتانە توانی لە جەنگێکدا سەرکەوێت بەسەر "مەحمودی کوڕی سەبکتەکین" ئەو سوڵتانەی یەکەم کەس بوو فەتحی ولاّتی هیندستان کرد.

سەرەتا سوڵتان شەهابەدین سوپایەك رەوانە دەکات بە سەرکردایەتی قوتبەدین ئەیبەك شاری لاهور دەگرێت پاشان دەسەلاّتی لەوێ دادەکووتیت، هەندێك لە نەیارەکانی دەست دەکەن بە پیلانگێڕان دژی و خۆیان دەگەیەننە لای سوڵتان شەهابەدین و پێی دەڵێن: قوتبەدین ئەیبەك دەیەوێت دەسەلاّتی خۆی بەسەر هیندستاندا بسەپێنێت و بانگەشەی دەسەلاّتی سەربەخۆیی دەکات، کاتێك ئەم هەواڵە دەگاتەوە لای ئەیبەك خێرا دەکەوێتەڕێ بۆ لای سوڵتان و لە شەودا و بە نهێنی خۆی دەگەیەنێتە غەزنە، سوڵتان بە نهێنی بەخێرهاتنی دەکات بێ ئەوەی نەیارەکانی بەمە بزانن.

بۆ بەیانی سوڵتان ئەمیر ئەیبەك لە پشتی خۆیەوە حەشارئەدات و پاشان بانگی نەیارەکانی دەکات و هەموویان ئەوە دووبارە دەکەنەوە کە ئەمیر دەیەوێت بانگەشەی دەسەلاّت بکات و یاخی بێت، لەو کاتەدا سوڵتان چەپڵەیەك لێ دەدات و ئەمیر ئەیبەك دێتە دەرەوە ئنجا نەیارەکانی لە ترسا هەموو خۆیان ئەدەن بەسەر زەویدا و داوای لێخۆشبوون دەکەن ئیتر سوڵتان سەرزەنشتیان دەکات و پاشان لێیان خۆش دەبێت دووبارە "قوتبەدین ئەیبەك" رەوانە دەکاتەوە بۆ ولاّتی هیندستان و شاری دهلی فەتح دەکات و لەوێ دەمێنێتەوە تا ئەو کاتەی وەفات دەکات .

سوڵتان شەمسەدین لەلەمەش

یەکەم کەس بووە سەربەخۆ دەسەڵاتی وەرگرتوە پێشتر کۆیلەی سوڵتان "قوتبەدین ئەیبەك" بووە پاشان دەبێتە یاریدەدەری و سوپا سالاری بەتایبەتی لە کارە سەربازییەکانیدا سوڵتان پشتی پێ بەستبوو، بەڵام کە سوڵتان قوتبەدین وەفات دەکات، بەزۆر دادوەری گشتی (وەجیهودین سەنجانی) بانگ دەکات و پاشان بە زۆر پەیمانێکی پێ واژوو دەکات و ئازاد بوونی لە کۆیلایەتی تێدا تۆمار دەکرێت ئنجا دادوەر پەیمانەکە دەخوێنێتەوە و دواتریش هەموویان بەیعەتی پێ ئەدەن، بەو شێوەیە سەربەخۆ دەسەڵات دەگرێتەدەست و بۆ ماوەی بیست ساڵ لەسەر تەختی پاشایەتی دەمێنێتەوە، کەسێکی دادپەروەر و خواناس بووە.

لە سیفەتەکانیدا وابووە هەمیشە پشت و پەنای ستەملێکراوان بوو بە تونـدی بەڕووی زۆرداراندا دەوەستایەوە فەرمانێکی تایبەتی دەرکرد کە دەبێت هەر کەسێك کە ستەمی لێکراوە پۆشاکێکی تایبەتی بۆیەکراو بپۆشێت تا لە ناو خەڵکیدا بناسرێتەوە کە لە نەریتی خەڵکی هیندستاندا وابوو کە هەموو پۆشاکی سپییان دەپۆشی بۆیە هەر کاتێك کەسێکی بەرچاو بکەوتایە کە پۆشاکی بۆیەکراوی لەبەرە هەر زوو گوێی بۆ دەگرت و لە کێشەکانی دەکۆڵییەوە و چارەسەری بۆیان دەکرد، جارێکیان پێیان ووت: خەڵکی هەیە بە شەوو ستەمیان لێ دەکرێت، بۆیە بڕیاریدا دەرگایەکی تایبەت تەرخان بکات بۆ ستەملێکراوان و لەبەر دەرگاکەش دوو شێری دروستکراو لە روخامی دانا، کە بە ملی هەر یەکێکیانەوە زەنگێك هەڵواسرابوو، تا لە شەواندا ستەملێکراو لە زەنگەکە بدات، ئەوکات سوڵتان خۆی پێشوازی لێ دەکرد و کێشەکانی بۆ چارەسەر دەکرد. کاتێك سوڵتان شەمسەدین وەفاتی کرد، سێ کوڕی لە دوای خۆی بەجێهێشت بە ناوەکانی: روکنەدین و موعیزەدین و ناسرەدین، لەگەڵ کچێك بە ناوی "رەزیە" کە لەگەڵ موعیزەدیندا خۆشك و برا بوون لەیەك دایك .

سوڵتان ڕوکنەدین کوڕی سوڵتان شەمسەدین

دوای ئەوەی سوڵتان شەمسەدین کۆچی دوایی کرد، خێرا ڕوکنەدینی کوڕی دەستی بەسەر تەختی پاشایەتیدا گرت سەرەتا کەوتە گیان براکەی خۆی و موعیزەدینی برای ڕەزیەی کوشت بۆیە ڕەزیە بە توندی بەڕووی ڕوکنەدیندا وەستایەوە ویستی ئەویش بکوژێت، بەڵام دواجار وازی لێهێنا و ئیدی لە کۆشکدا بە دڵشکاوی مایەوە.

جارێك لە ڕۆژی هەینیدا ڕەزیە پۆشاکێکی بۆیەکراو دەپۆشێت کە هێمای ستەملێکراوان بوو لە سەریانی کۆشکەکەوە کە پێیان دەوت (دەوڵەت خانە)، خۆی نیشانی خەڵکەکە ئەدات و دەکەوێتە گفتوگۆکردن لەگەڵ خەڵکی و دەڵێت: براکەم برای خۆی کوشت وا خەریکە منیش لەناودەبات،وەك ئەوەی بڵێت ستەمی لێکراوە، هەروەها ئەوەش وەبیر خەڵکەکە دەهێنێتەوە کە چۆن باوکی بەرگری لێیان دەکرد دژی ستەمکاران، کەچی وا لەلایەن براکەی خۆیەوە ستەمی لێ دەکرێت، ئیتر خەڵکەکە دەکەونە شۆڕش کردن دژی ڕوکنەدین و قۆڵبەستی دەکەن و دەیهێننە بەردەستی ڕەزیە، ئەویش دەڵێت: بکوژ دەبێت بکوژرێتەوە ئەوە بوو سوڵتان ڕوکنەدین کوژرایەوە ئەو دەمەش ناسرەدین بچوك بوو بۆیە خەڵکەکە ڕێککەوتن لەسەر ئەوەی "ڕەزیە"ی خوشکیان دەسەڵات بگرێتەدەست.

سوڵتانە ڕەزیە

کاتیك ڕوکنەدین کوژرا هەموو سەربازەکان ڕێککەوتن لەسەر ئەوەی بەیعەت بدەن بە ڕەزیە بەو شێوەیە دەسەڵاتی گرتەدەست و چوار ساڵ لەسەر تەختی پاشایەتی مایەوە سواری پشتی ئەسپ دەبوو ڕوخساری خۆی داناپۆشی و بە ئاشکرا بە نێو خەڵکیدا دەڕۆیشت، پاشان تاوانبار کرا بەوەی کە لەگەڵ

خزمەتکارێکی خۆی کە لە بنەڕتدا (حەبەشی) بوو دەستی تێکەڵ کردوە بۆیە خەڵکی رێککەوتن لەسەر مارەبڕینی لە بەندە حەبەشیەکە دواتریش بەزۆر پێیان تەڵاقدا و دووبارە لە خزمێکی خۆی مارەیان بڕییەوە پاشان "ناسرەدین"ی برای چوە سەر تەختی دەسەڵات.

سوڵتان ناسرەدینی کوڕی سوڵتان شەمسەدین

بەزۆر دەسەڵات لە رەزیە سەندرایەوە ئیتر برا بچوکەکەیان لەسەر تەختی پاشایەتی گیرسایەوە ماوەیەکی باش لە دەسەڵاتدا مایەوە دوژمنایەتی کەوتە نێوان رەزیە و ناسرەدینی برای بۆیە رەزیە خۆی و مێردەکەی بە سوپایەکەوە کەوتنەڕێ و بە دواشیانەوە گەندەڵکاران کەوتنە تەنیشتی لەولاشەوە سوڵتان ناسرەدین بە سوپایەکەوە کەوتەڕێ تا بەڕوییاندا بوەستێتەوە هەردوولا پێك گەیشتن و جەنگ رووبدا، لەو جەنگەدا سوپاکەی رەزیە تێکشکا و بۆ خۆشی بە ناچاری هەڵهات و رووبکردە کێڵگەیەك لە برسا داوا لە جووتیاری کێڵگەکە دەکات کە لەتێك نانی بداتێ، دوای ئەوەی پارچە نانەکە دەخوات ئیتر خەوی لێ دەکەوێت، پاشان جووتیارەکە تەماشای دەکات نافرەتە و بەڵام پۆشاکی پیاوی لەبەردایە و لە ژێر پۆشاکەکەیدا پشتوێنێکی ئالتونی بەستووە خێرا دەیداتە بەر خەنجەر و دەیکوژێت.

ئنجا پشتوێن و پۆشاکەکەی دەباتە بازارِ تا بیانفرۆشێت کە خەڵکی چاویان پێی دەکەوێت دەزانن ئەوە پشتوێنی رەزیەیە دوای لێدان جووتیارەکە رادەستی دادوەر دەکرێت و دان بەوەدا دەنێت کە رەزیەی کوشتوە و شوێنی شاردنەوەی تەرمەکەیان پێ دەڵێت، کە هەر لە زەوییەکەی خۆیدا ناشتویەتی، پاشان تەرمەکەی دەهێننەوە و دەیشۆن و بە شێوەیەکی شایستە بەخاکی دەسپێرن، ئێستا گۆمەزێکیشی لەسەر دروستکراوە، گۆڕەکەی دەکەوێتە سەر ڕوبارێکی گەورە بەِ ناوی ڕوباری

(جۆن)ەوەیە فەرسەخێك لە شارەوە دوور بوو خەڵکی بۆ پیرۆزی سەردانیان ئەکرد.

دوای ئەو جەنگە سوڵتان ناسرەدین بۆ ماوەی بیست ساڵ لە دەسەڵاتدا دەمێنێتەوە، پیاوێکی تا بڵێی دادپەروەر بو، قورئانی بە دەستی خۆی دەنووسی و نوسخەی لێ دەفرۆشت و بە پارەکەی دەژیا، خۆم یەکێك لەو دەستنووسانەم بینی کە زۆر بە جوانی نووسرابوو بەڵام بەداخەوە جێگرەکەی خۆی کە ناوی "غەیاسەدین بەلبەن" بوو کوشتی و خۆی دەسەڵاتی گرتەدەست، ئنجا ئەم بەلبەنە شتی خۆشی لێ دەگێڕنەوە بە ویستی خوا لە دواییدا باسی دەکەین.

غەیاسەدین بەلبەن و چیرۆکێکی نامۆ

بەلبەن سوڵتانەکەی خۆی واتا ناسرەدینی کوشت بیست ساڵ لە دەسەڵاتدا مایەوە پێشتریش جێگری سوڵتان ناسرەدین دەبێت لە نەریتە جوانەکانی ئەوە بوو مااڵێکی دروستکرد و ناوی نا مااڵی ئارامی هەر کەسێك کێشەیەکی هەبووایە، پەنای بۆ ئەم ماڵە دەبرد و خێرا کێشەکەی بۆ چارەسەر دەکرا گەر کەسێك خۆینی لەسەر بووایە ئەوا هێندە پارەوپوڵی بە خاوەن کوژراوەکە دەدا تا رازی دەکرد، هەروەها کەسێك مااڵی کەسێکی لابووایە یارمەتی دەدرا تا قەرزەکەی بۆ بدرێتەوە، کاتێکیش کە سوڵتان بەلبەن کۆچی دوایی کرد، هەر لەم ماڵەدا بە خاك سپێردرا م خۆم سەردانی گۆرەکەیم کردوە .

دەگێڕنەوە جارێکیان پیاوێکی سۆفی هەژار خەڵکی ناوچەی بوخارا دەبێت چاوی بە بەلبەن دەکەوێت کە پیاوێکی ناشیرینی کوورتەباڵا بوو سۆفییەکە پێی دەڵێت: ئەی تورکەك ئەمە وشەیەکی ناشیرین بوو، کە بەکاردەهات بۆ کەسێك کە لە ئاستێکی نزمدا بێت، بەلبەن لە وەاڵمدا پێی دەڵێت: فەرمو ئەی گەورەم، ئنجا سۆفییەکە دەڵێت: داوات لێ دەکەم هەندێك لەو هەنارەم بۆ بکرێیت، ئەویش چەند فلسێکی کەمی پێ دەبێت و هەنارەکەی بۆ دەکرێت پاشان سۆفییەکە پێی دەڵێت:

ئەوا مولکی هیندستانم پێت بەخشی، بەلبەن دەستی خۆی ماچ دەکات و دەڵێت: ئەوا منیش قبوڵم کرد، ئەم قسەیە لە ناخیدا دەمێنێتەوە.

ڕۆژگار دێت و دەڕوات.. ویستی خودا وا دەبێت کە سوڵتان "شەمسەدین لەلەش" بازرگانێکی خۆی ڕەوانەی وڵاتی سەمەرقەند و بوخارا دەکات تا کۆمەڵە خزمەتکارێك بکڕێت بازرگانەکە نزیکەی سەد مەمالیك (کوێلە) دەکڕێت (بەلبەن) لە نێویدا دەبێت کاتێك سوڵتان لەلەش چاوی بە مەمالیکەکان دەکەوێت، بەلبەن لە هەموویان بچوك و ناشیرینتر دەبێت، پێی دەڵێت: تۆم ناوێت، ئەویش پێی دەڵێت: گەورەم تۆ ئەمانەت بۆچی کڕیوە؟، سوڵتان لە وەڵامدا پێدەکەنێت و دەڵێت بۆ خۆم پاشان بەلبەن پێی دەڵێت: خودا منی بۆ تۆ ناردوە، ئیتر بەو ووشەیە دڵی نەرم دەبێت و سوڵتان پێیان دەڵێت: وازی لێ بهێنن با خزمەتکار بێت.

ئیتر بەو شێوەیە لە کۆشکی سوڵتان دەبێتە ئاوگێڕ و دوای ماوەیەك فاڵگرەوەکان بە سوڵتان دەڵێن: یەکێك لە خزمەتکارەکان (مەمالیك) نەوەکەت دەکوژێت و دەست بەسەر مولکی هیندستاندا دەگرێت ئەویش گوێ بە وتەی فاڵگرەوەکان نادات، چونکە پیاوێکی دیندار و دادپەروەر بوو بەڵام ئەم هەواڵە دەگەیەننە لای "خاتون"ی خێزانی سوڵتان ئەویش بانگی فاڵگرەوەکان دەکات و پێیان دەڵێت: دەتوانن ئەو کەسەم بۆ دەستنیشان بکەن گەر من خزمەتکارەکانتان بۆ ئامادە بکەم لە وەڵامدا دەڵێن: بەڵێ. ڕۆژێك دەستنیشان دەکەن بۆیە هەموو مەمالیکەکان ئامادە دەبن لە ڕۆژی دیاریکراو پیشانی فاڵگرەوەکان دەدرێن لەو کاتەی دەگاتە ئەوەی چاویان بە بەلبەن بکەوێت ئاوگێڕەکان زۆریان برسی دەبێت یەکێکیان دەڵێت: بەلبەن دەنێرین بۆ بازاڕ تا هەندێك خواردن بهێنێت ئیدی چەند درهەمێکی دەدەنێ و دەڕوات بۆ بازاڕ، کاتێك دەگاتە سەرەی بەلبەن و ناوەکەی دەخوێندرێتەوە، لەجیاتی ئەو منداڵێك ڕەوانە دەکەن بەو شێوەیە نمایشەکە کۆتایی پێدێت و ویستی خوا وا دەبێت رزگاری بێت.

دوای ماوەیەك ناوبانگ دەردەکات، کەسێکی زیتەڵە و وریا دەبێت و دەبێت بە

ئەمیری ئاوگیرەکان و پاشان دەبێت بە جەنگاوەرێکی ئازا و لە کەسە نزیکەکانی سوڵتان دەبێت، دواتریش کرا بە گەورەی ئەمیرەکان و سوڵتان ناسرەدین کچێکی دەخوازێت پێش ئەوەی دەسەڵات بگرێتە دەست، بەو شێوەیە بەلبەن دەبێت بە جێگری سوڵتان و بۆ ماوەی بیست ساڵ لە دەسەڵاتدا دەمێنێتەوە، دواتریش وەک باسمان کرد سوڵتان دەکوژێت و دەست بەسەر موڵکی هیندستاندا دەگرێت .

سوڵتان بەلبەن دوو کوڕی دەبێت یەکێکیان ناوی "خان شەهید" بوو کە جێگری خۆی بوو لە ولاّتی سند و لە شاری مۆڵتان نیشتەجێ بوو، لە شەڕێکدا لەگەڵ تەتاردا کوژرا ئەم خان شەهیدە دوو کوڕ لە دوای خۆی بەجێدەهێڵێت بە ناوەکانی کەی قوباد و کەی خەسرەو دووەم کوڕی بەلبەن ناوی ناسردین بوو، والی ناوچەی لەکنۆتی و بنجالە دەبێت دوای ماوەیەک کە خان شەهید کوژرا سوڵتان بەلبەن جڵەوی دەسەڵات رادەستی کوڕەزاکەی واتا "کەی خەسرەو" دەکات و نایدات بە ناسرەدینی کوڕی لە هەمان کاتیشدا ناسرەدین کوڕێکی دەبێت کە لەگەڵ باپیری لە شاری دهلی نیشتەجێ بوو بە ناوی "موعیزەدین" کاتێک بەلبەنی باپیری کۆچی دوایی دەکات، دەست دەگرێت بەسەر دەسەڵاتدا جا ئەمە هەوالێکی سەیر و سەمەرەیە و بە ویستی خوا باسی دەکەین.

سوڵتان غەیاسەدین بەلبەن لە شەوا کۆچی دوایی کرد، کوڕەکەی ناسرەدین والی ناوچەی ولاّتی لەکنۆتی بوو، بۆیە بە ناچاری دەسەڵات رادەستی کوڕەزاکەی واتا کەی خەسرەو کرا بەڵام ئەمیری گەورە قایل نەبوو بەو کارە بۆیە کەوتە پیلانگێڕان دەستنوسێکی ئامادە کردو چوو بۆ لای کەی خەسرەو پێی ووت: هەموو ئەمیرەکان بەیعەتیان بە ئامۆزاکەت واتا موعیزەدین داوە، بۆیە داوات لێ دەکەم ئێرە بەجێبهێڵیت ئەگینا لەناودەچیت، لە وەڵامدا کەی خەسرەو دەڵێت: چۆن بڕۆم لە کاتێکدا دەرگاکانی شار داخراون، ئەمیری گەورە دەڵێت: من دەرگاکانت بۆ دەکەمەوە و یارمەتیت ئەدەم و بڕۆ بۆ ولاّتی سند بەو شێوەیە خۆی و داروودەستەکەی هەڵهاتن و پیلانەکەیان بۆ موعیزەدین روون کردەوە و ئیتر چوە سەر تەختی دەسەڵات.

بەڵام ناسرەدینی باوکی بەوە تورە دەبێت و دەڵێت: چۆن دەبێت کوڕەکەم دەسەڵات وەربگرێت لەکاتێکدا وا من لە ژیاندا ماوم بۆیە بە سوپایەکەوە دەکەوێتەڕێ لە هەمان کاتیشدا کوڕەکەی بە سوپاوە بەڕووی باوکیدا دەوەستێتەوە و هەردووکیان لە شاری (کرا) و لە سەر ڕوباری (کەنەک)کە هیندۆسەکان حەجی بۆ دەکەن بەڕووی یەکتردا دەوەستنەوە، کوڕەکەی لەمبەری ڕوبارەکەوە دادەبەزێت و باوکیشی لەوبەرەوە بەڵام ویستی خوا وادەبێت سۆز و بەزەیی دەخاتە دڵی باوکی و بە کوڕەکەی دەڵێت: شەرەفێکی گەورەیە بۆ من کە کوڕەکەم لەسەر تەختی پاشایەتی گیرساوەتە هەرچەندە پاشایەتی مافی من بوو ئنجا کوڕەکەشی بە پیادە بەرەو ڕووی باوکی دەڕوات و هەردووکیان باوەش لە یەکتری ئەدەن و ئەو شەڕە دروست نابێت و سوڵح دەکەوێتە نێوان هەردوولاوە. لە مێژوودا بەو پێککگەیشتنە دەوترێت: پێککگەیشتنەوەی (سۆز و شادی) و شاعیرانیش هۆنراوەی زۆریان لەو باریەوە چڕیوە، کوڕە هەر بەوە ناوەستێت، بەڵکو قاچی باوکیشی ماچ دەکات و هەموو بە خۆشی و شادی دەگەڕێنەوە بۆ دهلی، بەم شێوەیە خوای مەزن خۆینی مسوڵمانان دەپارێزێت.

دوای ماوەیەك ناسرەدین دەگەڕێتەوە بۆ ناوچەکەی خۆی و لەوێ کۆچی دوایی دەکات و کۆمەڵێك وەچەش لە دوای خۆی بەجێدەهێڵێت، لەوانە : غەیاسەدین بەهادور بوو، کە لە جەنگێکدا دەکەوێتە دەست سوڵتان توغڵوق و بۆ ماوەیەکی زۆر بە دیلی دەمێنێتەوە و پاشان کوڕەکەی ئازادی دەکات. ئەوەی شایەنی باسە موعیزەدین بۆ ماوەی چوار ساڵ لە دەسەڵاتدا ماوەتەوە و خەڵکی زۆر وەسفیان دەکرد باسی ئەوەشیان دەکرد کە لە سەردەمی فەرمانڕەوایی ئەودا خواردن و کەلوپەل زۆر هەرزان بووە، کەسێکی ڕەسەن و خانەدان و بەخشندە بووە، یەکەم کەس بووە لە مزگەوتی دهلی منارەی بانگدانی دروستکرد، بە شێوەیەك کە لە دونیادا وێنای کەمە.

هەندێك لە خەڵکی هیندستان ئەوەیان بۆ گێڕامەوە ووتیان: موعیزەدین ژنی

زۆر دەهێنا و خواردنەوەی زۆریشی دەخواردەوە بۆیە تووشی نەخۆشییەك بوو پزیشکەکان نەیانتوانی تیماری نەخۆشیەکەی بکەن و لایەکی بە یەکجاری وشك ببوو ئەم نەخۆشییە بوو بە هۆی ئەوەی کە جێگرەکەی جڵەوی دەسەڵات بگرێتەدەست.

سوڵتان جەلالەدین

سوڵتان موعیزەدین تووشی نەخۆشی بوو لایەکی وشك هەڵگەڕا جەلالەدینی جێگری دەستی بەسەر جڵەوی دەسەڵاتدا گرت، دەڵێن: دەڕواتە دەرەوە و لە جێگەیەکی بڵند لای گومەزێك دەوەستێت کە پێیان دەوت: جیشانی، سوڵتان موعیزەدین لەسەریەك ئەمیرە سەربازیەکانی رەوانە دەکرد تا جەنگی لەگەڵدا بکەن، بەڵام کە دەڕۆیشتن خێرا بەیعەتیان بە جەلالەدین ئەدا کاتێ ژمارەیان زۆر بوو ئنجا هێرشیان کردە سەر سوڵتان موعیزەدین و سێ رۆژ گەمارۆیاندا و لە کۆشکدا توشی ناخۆشی وبرسێتی دەبێت، دواجار یەکێك لە دراوسێکانی کە پێشتر دۆستی یەکتر بوون دەنێرن و سەردانی دەکات پاشان بە فێڵ دەیکوژێ .

بەو شێوەیە جەلالەدین دەسەڵات دەگرێتەدەست، کەسێکی باش و لەسەرخۆ بوو هەر ئەمەش بوو وایلێکرد بکوژرێت کە لە دواییدا باسی دەکەین، چەند ساڵێك لە دەسەڵاتدا دەمێنێتەوە باڵەخانەیەکی مەزنیشی دروستکرد هەر بە ناوی خۆیەوە بوو، ئەو باڵەخانەیە بوو کە سوڵتان محەمەد توغلوق پێشکەشی زاواکەی"ئەمیر غەدا موهنا"ی کرد کاتێك ئەم ئەمیرە هاوسەرگیری لەگەڵ خۆشکەکەیدا کرد . سوڵتان جەلالەدین کوڕێکی دەبێت بە ناوی "روکنەدین" لەگەڵ برازایەکی بە ناوی "عەلائەدین" کە لە هەمان کاتیشدا زاوای بوو ناوچەی (کرا و مانکۆر)ی پێی بەخشی بوو بە والی ئەم شوێنانە کە زۆر بەپیت بوون بۆ بەرهەمهێنانی برنج و شەکر باشترین جۆری پۆشاکی لێ بەرهەم دەهێنرا و رەوانەی شاری دهلی دەکرا دووری نێوانیان هەژدە رۆژ رێگا بوو. بەڵام پەیوەندی لەگەڵ خێزانەکەی باش

نەبوو، بۆیە ساردی و ناخۆشی کەوتە نێوان عەلائەدین و جەلالەدینی مامییەوە بەڕاستی عەلائەدین پیاوێکی ئازا و قارەمان بوو هەموو سیفاتێکی سەرکردەی تێدا بوو، بەڵام ئەوەندە مااڵ و سامانی نەبوو، ئەوەی کە هەیبوو لە ڕێگای جیهادەوە دەستی دەکەوت و زوو زووش هێرشی دەبردە سەر ناوچەی بێباوەڕەکان و غەنیمەی دەست دەکەوت، بەتایبەتیش وڵاتی (کەتکەت و مالوە و مورهەتە)، پاشای ئەم ناوچانە لە گەورە پاشای بێباوڕەکان بوون. جارێك وا ڕێك دەکەوێت، سوڵتان عەلائەدین لەسەر ئەسپەکەی دەبێت و سێ ئەسپەکەی لە زەوی گیردەبێت و دەکەوێت، ئیدی لەگەڵ کەوتندا گوێی لە دەنگی کانزا دەبێت کاتێك زەوییەکە هەڵدەکەنێت، تەماشا دەکات گەوهەرێکی زۆری تێدایە و حەشاردراوە، ئیتر هەمووی دابەش دەکات بەسەر هاوڕێ و سەربازەکانیدا، کاتێك بەڕێدەکەوێت بەرەو ڕووی بێباوەڕەکان، بێ ئەوەی جەنگ بکات پاشای بێباوەڕەکان سەمع و تاعەی بۆ دەردەبڕێت و بە دیارییەکی زۆرەوە دەگەڕێتەوە بۆ شاری کرا، دواتریش یەك درهەم ڕەوان ناکات بۆ مامەکەی.

خەڵکی هانی "جەلالەدین"ی مامەیان دا تا هێرش بکاتە سەری، ئەوە بوو بە سوپایەکەوە کەوتەڕێ بەرەو ناوچەی کرا و سواری بەلەم بوو بە ڕووباردا پەڕییەوە ووتی: من دەڕۆم عەلائەدین دەهێنم چونکە وەك کوڕەکەم وایە بە سوپاوە کەوتەڕێ تا گەیشتە کەناری ئاوەکانی شاری کرا، لەو الشەوە بە هەمان شێوە برازاکەشی بەرەو ڕووی کەوتەڕێ و کاتێك پێککگەیشتن، برازاکەی پێشتر بە سەرباز و هاوڕێکانی ڕاگەیاندبوو: کە من باوەشم لێیدا ئەوا ئێوە لە پشتەوە لێی بدەن و بیکوژن، بەو شێوەیە عەلائەدین مامی خۆی دەکوژێت و دەست دەگرێت بەسەر سوپا و دەسەاڵتەکەیدا.

سوڵتان عەلائەدین محەمەد شا خەلجی

عەلائەدین مامی خۆی دەکوژێت زۆربەی سەربازەکانی مامەی دەکەونە ژێر دەستی و هەندێکیان دەگەڕێنەوە بۆ دهلی و لە چوار دەوری روکنەدین کۆدەبنەوە بۆ پاڕێزگاری لێکردنی، بەڵام دواتر هەموویان هەڵدێن بەرەو سند و سوڵتان عەلائەدین دەست دەگرێت بەسەر کۆشکی پاشایەتی و بەو شێوەیە بۆ ماوەی زیاتر لە بیست ساڵ لە دەسەڵاتدا دەمێنێتەوە، لە باشترین سوڵتانەکان دەبێت و خەڵکی هیندستان زۆر وەسفیان دەکرد رۆژانە هەواڵی نرخی شمەکی دەپرسی ئایا لە بازاڕدا هەرزانی هەیە یاخود گرانە بۆ ئەوەش هەمیشە پرسیاری لە بەرپرسان دەکرد!، دەڵێن: جارێك پرسیاری ئەوەی کرد بۆچی نرخی گۆشت گرانە؟ ئەوانیش وەڵامیان دایەوە ووتیان: چونکە ئەوندە باج دەکرێتە سەر مانگا و ئاژەڵەکان بۆیە بازرگانەکان ناتوانن بیکڕن ئیتر بڕیاریدا باج هەڵبگرێت هەروەها بانگی هەموو بازرگانەکانی کرد و لە (بەیتولمال) پارە و پۆڵی پێیاندا تا مانگا و ئاژەڵی پێ بکڕن و پاشان بیفرۆشنەوە، بۆ ئەوەی نرخی گۆشت لە بازاڕدا هەرزان بێت و لە بەرامبەر ئەم کارەشیان پاداشت کرانەوە .

ئەوەشیان باس کرد ووتیان: جارێکیان نرخی گەنم و جۆ و گەنمەشامی لە بازاڕدا گران بووە بۆیە بڕیاریدا دەرگای عەمبارەکان بکرێتەوە و گەنم و جۆ و گەنمەشامی بە نرخی هەرزان بفرۆشرێت تا نرخی لە بازاڕدا دابەزێت، هەروەها بڕیاریشیدا کەس گەنم و جۆ نەفرۆشێت جگە لەوەی دەوڵەت نەبێت دوای شەش مانگ بازرگانەکان بە ناچاری داوایان لە سوڵتان کرد کە رێگەیان پێ بدات تا رزقەکانیان لە بازاڕدا ساغ بکەنەوە، ئەگینا زیانی زۆریان بەردەکەوێت و خراپ دەبێت، ئیتر ئەوە بوو ریگای پێدان بەڵام مەرجی بۆ دانان کە دەبێت بە نرخی زۆر کەم بیفرۆشن.

هەروەها لە سیفەتی وابووە لە رۆژی هەینی و جەژناندا بە کۆمەڵ و بە سواری ئەسپ نەدەڕۆیشت هۆکارەکەشی ئەوە بوو جارێکیان سوڵتان بۆ راوکردن لەگەڵ

کۆمەڵێك لە کۆیلە و دارودەستەکەی و یەکێك لە برازاکانی کە ناوی "سولەیمان شا" بوو زۆریش خۆشی دەویست دەڕواتە دەرەوە لە ناخیدا ئەوەی بۆ دروست دەبێت کە وەك مامی بیکوژێت لە کاتی نانخواردنی نیوەڕۆدا تیرێکی لێدەدات و لە هۆش خۆی دەچێت و بەندەکانی بە درۆ پێی دەڵێن : مردوە کاتێك سوڵتان دەگەڕێتەوە بۆ کۆشك، برازاکەی بە هۆش خۆی دێتەوە و پاشان بە سوپایەکەوە هێرش دەکاتە سەر کۆشك، ئەمجارەیان سوڵتان بە کۆمەڵێك سەربازەوە ڕاوی دەنێت و دەیگرن و دەیکوژن، ئیتر لەوە بەدواوە نە بۆ نوێژی هەینی دەڕۆیشت و نە بۆ نوێژی جەژن. سوڵتان عەلائەدین کۆمەڵێك منداڵی هەبوو لەوانە: خزرخان و شادی خان و ئەبوبەکرخان و موبارەك خان و قوتبەدین لەگەڵ شەهابەدین، قوتبەدین کەسێکی بەدبەخت بوو بۆیە باوکی زۆربەی پلەکانی وڵاتی رادەستی براکانی کردبوو وەك تەپڵ و ئاڵا و ...هتد، بەڵام هیچ پلەیەکی بە قوتبەدین نەبەخشی، بەڵام باوکی پێی ووت: هەر دەبێت رۆژێك من کارێکی گرنگی وڵاتت پێ ببەخشم، لە وەڵامدا بە باوکی ووت: من خوای مەزن پلە و مولکم پێ ئەدات نەك تۆ، ئیدی بەو وەڵامە باوکی تووڕە دەبێت.

سوڵتان نەخۆش دەکەوێت خێزانەکەی (دایکی خزرخانیان) کە ناوی "ماە حەق" بوو برایەکی هەبوو بە ناوی "سەنجەر" پەیمانی پێی دابوو گەر هەر کاتێك سوڵتان مرد ئەوا مولك و دەسەڵات رادەستی کوڕەکەی دەکات، ئەوەندەی نەبرد ئەم هەواڵە دەگاتە دەست گەورەی ئەمیرەکان "ئەلفی یاخود هەزاری" بۆیە وایان پێ دەوت: پێشتر کۆیلە دەبێت و سوڵتان بە هەزار (تەنەکە) دەیکڕێت، کە دەیکردە دوو هەزار و پێنج سەد دیناری مەغریبی، ئەمیش هەر زوو هەواڵەکە دەگەیەنێتە لای سوڵتان، کە ماە حەقی خێزانی و سەنجەری برای خەریکی چین!، بۆیە سوڵتان فەرمان دەکات بە پاسەوانەکانی و پێیان دەڵێت: هەر کاتێك سەنجەر هاتە کۆشك ئەوا من پۆشاکێکی خۆمی پێ دەبەخشم، دواتر ئێوە بیدەن بە زەویدا و سەربڕن، ئەو کارە ئەنجام درا و سەنجەریان کوشت.

خۆشکەزاکەی واتا "خزرخان" لە هەرێمی (سندباد) بوو ئەم ناوچەیە رۆژێك لە دهلییەوە دوورە کاتێك هەواڵی پێ دەگات کە باوکی خاڵەی کوشتووە، زۆر نیگەران دەبێت و دەگەڕێتەوە بۆ لای باوکی و زۆر سەرزەنشتی دەکات لەبەر ئەو کارەی چونکە زۆر خاڵی خۆشدەویست باوکیشی بە ناچاری دەست و قاچی خزرخان دەبەستێتەوە و رادەستی گەورەی ئەمیرەکانی دەکات و پاشان رەوانەی بەندیخانەی دەکات لە قەڵای (کیالیری)، ئەم شوێنە جێگایەکی دوورە دەست و پارێزارو بوو خۆم ماوەیەك لەم قەڵایەدا ماومەتەوە، پاشان دوای چەند سااڵێك کە سوڵتان نەخۆش دەکەوێت، داوا لە جێگرەکەی دەکات و پێ دەڵێت: خزرخانم بۆ بهێنن تا موڵك و دەسەڵاتی رادەست بکەم، ئەویش پێی دەڵێت: باشە بەڵام دەستی دەستی پێ دەکات تا ئەو کاتەی سوڵتان وەفاتی کرد رەحمەتی خوای لێبێت.

سوڵتان شەهابەدین

سوڵتان عەلائەدین کۆچی دوایی کرد، جێگری کوڕە بچوکەکەی "شەهابەدین" دەسەڵاتی گرتەدەست و خەڵکی هەر زوو بەیەعەتیان پێدا، بەڵام زۆر بێ بەزەییانە کەوتە گیان کوڕەکانی عەلائەدین "بەکر خان و شادی خان"ی گرت و چاویانی دەرهێنا و پاشان رەوانەی بەندیخانەی (کالیوری) کردن هەروەها فەرمانیشیدا کە چاوی "خزرخان" دەربهێنرێت کە پێشتر لە بەندیخانە دەستبەسەر بوو جگە لەم سێ برایە قوتبەدینی گرت و رەوانەی بەندیخانەی کرد بەڵام چاویانی دەرنەهێنا، بەم کارەی کەسە نزیکەکانی سوڵتان عەلائەدینی تووڕە کرد.

بۆیە خاتونی خێزانی عەلائەین نامە دەنێرێت بۆ دوو خزمەتکاری سوڵتانی کۆچکردوو کە ناویان "بەشیر و موبەشیر" بوو ئەوەی وەبیریان هێنایەوە کە سوڵتان چەندێك لەگەڵیان باش بووە بەڵام ئێستا وا منداڵەکانی بە دەستی ئەم پاشایەوە لە بەندیخانە خزێنراون و سزادەدرێن بۆیە داوایان لێ دەکات کە ئەم گەنجەی دەسەڵاتی

گرتووەتە دەست کە پێشتر جێگر بووە بکوژن، ئەم دوو خزمەتکارەش پەیمان ئەدەن کە ئەو کارە بکەن و سوڵتانی تازە لەناوبەرن و بیکوژن، نەریتیان وابوو بە چەکەوە دەچون بۆ لای سوڵتان بێ ئەوەی رێگەیان لێ بگرن ئیتر شەوێك دەچنە گیانی سوڵتان و لەناو کەژاوەکەی خۆی لە کۆشکدا دەیدەنە بەر شمشێر و سەری دەبڕن و دەیبەنەوە و لە بەندینخانە لە بەردەستی قوتبەدینـدا دایدەنێن پاشان قوتبەدین ماوەیەك وەك جێگری شەهابەدین دەمێنێتەوە و لە کۆتاییشدا خۆی دەسەڵات دەگرێتەدەست.

قوتبەدینی کوڕی سوڵتان عەلائەدین

کاتێك قوتبەدین دەسەڵاتی وەرگرت و شەهابەدینی لەسەر تەختی پاشایەتی هێنایە خوارەوە هەر بەوەشەوە نەوەستا بەڵکو ئنجا پەنجەیەکی شەهابەدینی بڕییەوە و پاشان رەوانەی قەڵای کالیوری کرد لەوێ لەگەڵ براکانی تری بەند کرا دوای ماوەیەك سوڵتان قوتبەدین ویستی گەشتێك ئەنجام بدات و کەوتەڕێ لە دهلییەوە بۆ ناوچەی دەوڵەت ئاباد، دووری نێوانیان چل رۆژەڕێ بوو رێگاکە زۆربەی دار و دارستان بوو لە داری چنار(سەفساف) و جۆرەکانی تر هەر لەم ماوەیەدا بەرید هەبوو کە پێیان دەوت: داوە، پێشتر ئاماژەمان پێداوە ئیتر نامە دەگاتە ئەمیرەکانی ئەو ناوچەیە کە سوڵتان قوتبەدین نیازی ئەوەی هەیە سەردانیان بکات، ئەمیرەکانیش زۆربەیان رێکدەکەون لەسەر ئەوەی بەیعەت بدەن بە برازاکەی کە ئەوکات تەمەنی دە ساڵ دەبوو کوڕی خزرخان بوو باوکی لە بەندیخانە دەست بەسەر بوو بەڵام خۆی لای قوتبەدین بوو. ئەم هەواڵە دەگاتە سوڵتان قوتبەدین بەوەی کە ئەمیرەکان کارێکی وایان بە دەستەوەیە، ئەوەش زۆر کاریگەری کردە سەر قوتبەدین وایکرد بیر لە کوشتی بکاتەوە برازاکەی دەگرێت و سەری دەکێشێت بە بەردێکدا و مێشکی دەپژێنێت و دەستبەجێ برازاکەی کۆچی دوایی دەکات پاشان سەربازە تایبەتەکانی خۆی رەوانەی قەڵای کالیور دەکات تا لە

گەردنی برا و برازاکانی تری بدەن، کە لە بەندیخانەدا مابوونەوە.

دادوەری ئەم قەڵایە ناوی "زەینەدین موبارەك" بو، خۆی باسی ئەو رۆژەی بۆ کردم کە چی لە قەڵای کالیور رویدا ووتی: لە چێشتەنگاودا بوو لەگەڵ خزرخاندا دانیشتبووم لە پڕ "مەلیك شا" هات کاتێك خزرخان بیستی ئەو کەسە هاتووە زۆر ترسا و ڕەنگی هەڵبزڕکا ووتی بۆچی هاتووی؟ مەلیك شا لە وەڵامدا ووتی: بۆ ئەوە هاتووم تا فەرمانی سوڵتان جێبەجێ بکەم، پێی ووت: ئێمە سەلامەت دەبین؟ ووتی: بەڵێ دواتر ئەمیری قەڵاکە کە ئەمیر کتوال بوو، هەموویانی لە گۆڕەپان ئامادە کرد و ئنجا سەرباز و جەلادەکان ئامادەبوون و لە گەردنی هەموویان درا، بەڵام کاتێك خزرخانیان هێنا دایکی چاوی لە کوڕەکەی بوو، بۆیە دایکیان دوورخستەوە و دەرگایان لێ داخست، پاشان لە گەردنی کوڕەکیان دا و هەموویان لە یەك چاڵدا بەخاکسپێردران دوای ماوەیەکی زۆر دەرهێنران و لە گۆڕستانی خێزانی پاشاکان نێژرانەوە، خۆم دایکی خزرخانم لە شاری مەککە بینیوە.

قەڵای کالیور قەڵایەکی هەتا بڵێی سەخت و قایم بوو لەسەر چیایەکی بەرز دروستکرابوو دەرگاکانی بەهێز بوون و کەس لە توانایدا نەبوو بە ئاسانی دەربازی بێت هەموو جۆرە کەرستەیەکی جەنگی لێ دانرابوو: لە مەنجەنیق و رەعادات هەروەها ئەو رێگایەی بۆ قەڵاکە دەچو فیل و ئەسپ پێیدا تێپەڕ دەبوون، لە ناوەوە خانوو و بیری ئاوی زۆری تێدابوو هەروەها وێنەی جوانی فیلی لە بەرد داتاشراوی تێدا دروستکرابوو، کە لە دوورەوە تەماشات دەکرد واتدەزانی فیلی راستەقینەیە لە خوارەوەی قەڵاکەش شارۆچکەیەك هەبوو خانووەکانی لە بەردی سپی قەشەنگ و نایاب دروستکرابوون، مزگەوت و قوتابخانەی جوانی لێبوو زۆربەی خەڵکەکەی سەرقاڵی بازرگانی بوون و لە بێباوەڕەکان بوون نزیکەی شەش سەد سەربازی سوڵتان لەم شوێنە بوون و بەردەوام سەرقاڵی جیهاد کردن بوون چونکە ناوچەکە بێباوەڕی یاخی زۆری هەبوو، دوای ئەوەی سوڵتان قوتبەدین هەموویانی کوشت، کەسێك نەبوو دژایەتی بکات لە دەسەڵاتدا، بەڵام خوای بە دەسەڵات کەسێکی لە

داروودەستەکەی خۆی بۆ دروستکرد کە ناوی "ناسرەدین خەسرەو خان" بوو توانی سولّتان بکوژێت و دەست بگرێت بەسەر تەختی پاشایەتیدا ویستی خواش وابوو ئەمیش زۆر لە دەسەلاّتدا نەمێنێتەوە تا سولّتان توغلوق هات و دەستی گرت بەسەر کاروباری ولاّتدا و ناسرەدینی خەسرەوی کوشت.

سولّتان خەسرەو خان ناسرەدین

سولّتان خەسرەوخان لە گەورەترین ئەمیرەکانی سولّتان قوتبەدین بوو، کەسێکی ئازا و قارەمان بوو لەگەلّ ئەوەشدا روخسار جوان و بەتوانا بوو توانی چەند ناوچەیەکی بەپیتی ولاّتی هیندستان رزگار بکات لەوانە: (جەندەری) و (ولاّتی مەعبەر) دووری نێوان ئەم ناوچانە و دهلی شەش مانگەڕێ بوو سولّتان خەسرەو خانی زۆر خۆشدەویست، بەلاّم ویستی خوا وابوو ژیانی لەسەر دەستی خەسرەو خان کۆتایی پێ بێت.

سولّتان قوتبەدین مامۆستایەکی هەبوو بە ناوی "سەدروجیهان"، لە هەمان کاتیشدا یەکێك بوو لە گەورەی ئەمیرەکانی کلیلی کۆشکی پاشا بە دەستی ئەمەوە بوو، نەریتی وابوو هەموو شەوێك بەرامبەر دەرگای سولّتان دادەنیشت لەگەلّ پاسەوانەکاندا کە ژمارەیان هەزار کەس دەبوو، هەموویان چەکیان پێبوو مامۆستای سولّتان زۆر رقی لە خەسرەو خان بوو لەگەلّ ئەوەشدا هەلّسوکەوتەکانی جێی گومانی ئەو بوون چونکە زۆر تێکەلاّوی بێباوەڕە هیندیەکان دەبوو لە بنەڕەتیشدا خۆی لە هیندیە بێباوەڕەکان بوو، سولّتانیشی ئاگادار کردەوە لە خەسرەو خان بەلاّم گوێی بە ئامۆژگاری مامۆستاکەی نەدا و پێی ووت: وازی لێبێنە با چی دەکات ئازاد بێت، ئەوەش بووە دەرفەتێك بۆ کوشتنی سولّتان.

جارێکیان خەسرەو خان بە سولّتانی ووت: کۆمەلّێك لە هیندۆسەکان دەیانەوێت مسولّمان بن لە نەریتیشدا وابوو هەر بێباوەڕێکی هندۆس گەر مسولّمان بووایە،

دەبوو سوڵتان چاوی پێی بکەوتایە و پاشان دیاری وەك پۆشاك و ئالتونی وەردەگرت، سوڵتانیش بە خەسرەو خانی وت: بیانهێنە لە وەڵامدا خەسرەو خان ووتی: ئارەزوو دەکەن بە شەو چاویان بە جەنابت بکەوێت چونکە دەترسن بە رۆژ هۆز و نەوەی ئایینەکەی خۆیان بیانبینن بۆیە واباشترە کە بە شەوو بێن، ئیتر سوڵتان رازی بوو بەوەی شەو دیداریان لەگەڵدا ساز بکات.

خەسرەو خان کۆمەڵێك لاوی هیندۆسی ئامادە کرد کە ئازا و شارەزا بوون لە شمشێربازیدا لەو کاتەدا کەشوهەوا زۆر گەرم بوو سوڵتان لە سەربانی کۆشك دەنووست لەو دەمەدا سوڵتان چەند پاسەوانێکی تایبەتی لەگەڵدا بوو، کاتێك ئەم کۆمەڵە لاوە بە فیتی خەسرەو خان دێنە کۆشك و لە دەرگای چوارەمەوە دێنە ژوورەوە و لە پێنجەم "قازی خان" چاوی دەکەوێت بەو کۆمەڵە سەربازە دەترسێت و پێیان دەڵێت: تا خۆم گوێم لە سوڵتان نەبێت مۆڵەتتان بدات من بە هیچ شێوەیەك بوارتان پێنادەم بڕۆن، بۆیە هێرش دەکەنە سەری و دیکوژن.

کاتێ دەبێت بە دەنگە دەنگ و هەرا سوڵتان دەڵێت ئەوە چییە؟!، خەسرەو خان لە وەڵامدا دەڵێت: ئەوانە هیندۆسەکانن هاتوون بۆ لای جەنابت، کاتێك دەنگە دەنگ زیاتر دەبێت و دەیانەوێت بڕۆنە ژووری سوڵتان لەو کاتەدا لە پشتەوە خەسرەو خان پەلاماری سوڵتان دەدات و دەست دەکەن بە شەڕ و لاوە هیندۆسەکان بە شمشێر لێی دەدەن و دیکوژن و سەری لە کۆشکەکەوە فڕێ دەدەنە خوارەوە، کاتێك ئەم هەواڵە بلاودەبێتەوە لە هەموو لایەکەوە ئەمیرەکان وەلائی خۆیان بۆ خەسرەو خان دەردەبڕن و بەیعەتی دەدەنێ.

گرتنەدەستی دەسەلات لەلایەن خەسرەو خانەوە، موسوڵمانەکانی زۆر تووڕە کرد چونکە خەسرەو خان ئازادییەکی تەواوی بە هیندۆسەکاندا، تا وایلێهات بە ئاشکرا نەدەتوانرا مانگا سەربڕێت وەك چۆن لای هیندۆسەکان سەربڕینی مانگا شتێکی قەدەغەکراوە و هەر کەسێك کارێکی وای بکردایە دەیانخستە پیستەکەیەوە و پاشان دەیانسووتاند، هەروەها میزی مانگاش دەخۆن و خۆیانی پێ دەشۆن چونکە بەلای

ئەوانەوە پیرۆزە و مالّەکانیشیان بە پاشەڕۆی (ریخ) مانگا سواخ ئەدەن هەموو ئەم کارانە مسوڵمانەکانی تووڕە کرد ناچاربوون پەنا بەرن بۆ توغلوق پاشا و ئیتر ئەوەندەی نەبرد کۆتایی بە دەسەلاّتی خەسرەو خان هات.

سوڵتان غەیاسەدین توغلوق شاه

پێشەوا روکنەدین مۆڵتانی لە خانەقاکەی خۆی ئەوەی بۆ گێڕامەوە کە سوڵتان "توغلوق شا" تورکە و خەڵکی ناوچەی چیاکانی نێوان سند و تورکستانە و بە (قەرەونە) ناسراو بوون، سەرەتا ئەم پیاوە کەسێکی هەژار دەبێت، پاشان لەگەڵ چەند بازرگانێك دەچێتە ناوچەکانی ولاّتی سند کە ئەوکات ئەمیرەکەی ناوی "ئولوخان" دەبێت و برای سوڵتان عەلاّئەدین بوو کاتێك توغلوق لای ئولوخان دەبێت بە سەرباز، کەسێکی ئازا و جوامێر دەبێت ئیتر ئولوخان دەیکات بە ئەمیری سەربازە ئەسپدارەکان و پاشانیش دەبێت بە سەردەستەی ئەمیرەکان و دواتر بە ئەمیر غازی ناویان دەبرد، هۆی وەرگرتنی ئەم نازناوەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە بیستو نۆ جار لەگەڵ تەتاردا جەنگ دەکات و لە هەموو شەڕەکاندا بەسەریاندا سەردەکەوێت.

کاتێك قوتبەدین دەبێتە والی خێرا ناوچەی (دیبال پور) دەخات ژێر دەستی توغلوقەوە، هەروەها کوڕەکەشی دەکات بە پاسەوانی ئەسپەکانی، ئێستاش حاڵی حازر سوڵتانی هیندستانە کوڕەکەی پێشتر ناوی "جەوەنە" دەبێت، بەڵام کاتێك بوو بە سوڵتان ناوەکەی خۆی گۆڕی بۆ "محەمەد". دوای کوژرانی"قوتبەدین"خەسرەوخان دەسەلاّتی گرتەدەست توغلوق لەسەر کارەکەی خۆی مایەوە پاشان توغلّوق شا ویستی جەنگ بەرپا بکات لەگەڵ خەسرەو خان ئەوکات سێ سەد سوار چاك لە ژێر دەستی دا دەبێت، بە نهێنیش نامە بۆ کشلوخان دەنێرێت و داوای یارمەتی لێ دەکات تا بەڕوی خەسرەوخان بوەستێتەوە باسی چاکەکانی قوتبەدینی بۆ دەکات و هانی ئەدات بۆ تۆڵە وەرگرتنەوە، ئەوکات

کشلوخان لە شاری مولتان دەبێت سێ رۆژەڕێ لە دیبال پـورەوە دوور بـوو، بـەلام کوڕەکەی کشلوخان ئەوکات لە شاری دهلی دەبێت، ئیدی کشلوخان نامـە رەوانـە دەکاتەوە بۆ خەسرەوخان و پێی دەڵێت: ئەگەر کوڕەکەم لێرە بووایە هەر ئێستا بـە سوپاوە رەوانەم دەکرد، بۆیە توغلۆق شا داوا لە کوڕەکەی خۆی موحەمەد دەکـات تا یارمەتی بدات، ئەویش وەڵامی باوکی دەداتەوە.

بۆ یارمەتیدانی باوکی پەنا دەباتە بەر فێڵکردن لە خەسـرەوخان پێـی دەڵێـت: ئەسپەکانت تێر بوونە و پێویست دەکات چەند کاتژمێرێك لە دەرەوە جوولەیان پێ بکرێت تا بەهێز بن، ئەویش رازی دەبێت، ئنجا هەموو ئەسپەکانی خەسـرەو خـان دەبات و ناگەڕێتەوە، لەو لاشەوە لەگەڵ کوڕەکەی کشـلوخان یەکـدەگرن و جـەنگ دژی خەسرەو خان رادەگەیەنن ئنجا سولتان خەسرەو خان بە ناچاری براکـەی واتـا "خان خانان" رەوانە دەکات تا بەڕووی سوپاکەی توغلوقدا بووەستێتەوە، بەڵام لـە ئاکامی ئەو جەنگەی کە لە نێوانیاندا رووەدات خان خانان و سوپاکەی دەشکێن و دەگەڕێتەوە بۆ لای سولتان خەسرەو.

توغلوق شا و کشلوخان ئەم شکاندنە دەقۆزنەوە و هێرش دەکەنـە سـەر شـاری (دهلی) لە ناوچەیەکەوە کە پێیان دەوت: ئاسیا ئاباد، جەنگ لـە نێـوان هـەردوو سوپا دروست دەبێ سوپای سولتان زۆر بە دژواری تێکدەشکێت و خۆشی ئەسـپ و کەرەستەکانی جەنگی فڕێ دەدات و لە بێسـتانێکدا خـۆی حەشـار دەدات، بـەڵام دوای سێ رۆژ لە برساندا ئەڵقەکەی دەستی خۆی بە کەسێکدا رەوانـە دەکـات تـا خواردنی بۆ بکرێـت، دواتـر جێگاکـەی ئاشـکرا دەبێـت و بـە دەسـت بەسـتراوی دەیگەیەنن لای توغلوق پاشا، سولتان خەسرەو پێی دەڵێت: جارێ خواردنم بـدەنێ دوای ئەوەی تێر دەبێت ئنجا بە توغلۆق دەڵێت: وەك پاشا رەفتارم لەگەڵدا بکـە و ریسوام مەکە لە وەڵامدا پێی دەڵێت: تۆ چۆن قوتبـەدینت کوشـت منـیش ئاوهـا سزات بەسەردا دەسەپێنم بۆیە لە گەردنی دەدات و لە سـەربانی کۆشـکەوە فڕێـی دەداتە خوارەوە، پاشان دەیشۆن و کفنی دەکەن و لە گۆڕستانی خۆیـدا بـە خـاکی دەسپێرن.

کوڕەکەی توغڵوق

کاتێك سوڵتان توغڵوق لەسەر عەرشی دەسەڵات نیشتەوە کوڕەکەی بە سوپایەکی مەزنەوە رەوانەی ولاتی (تیلنیك) کرد، کە سێ مانگەڕێ لە دهلیەوە دوور بوو لەو سوپایەدا کۆمەڵێك ئەمیر و سەرکردەی لەگەڵدا بوو، لەوانە پاشا تەمور و تەکین و کافور و موهردار و بەیرەم کاتێك کە سوپاکەی دەگاتە زەویەکانی تیلینیك یەکێك لە زاناکانی کە لە هەمان کاتدا شاعیریش بووە ناوی "عوبەیدە" بوو ئەوە بە گوێی کوڕەکەی سوڵتان توغڵوقدا دەدات کە هەواڵی ئەوە بە خەڵکی بدات کە سوڵتان توغلوق مردوە، گومانی وابوو کە خەڵکی بەیعەتی پێ بدات بەوەش دەست دەگریت بەسەر دەسەڵاتدا، بەڵام هەر کە هەواڵەکە بڵاو دەکاتەوە ئەمیرەکان دژی دەوەستنەوە و هەر ئەمیرێك بە خۆی و سەربازەکانیەوە جودا دەبێتەوە و ناچنە ژێر دەسەڵاتییەوە و هەندێك لە ئەمیرەکان دەیانەوێت بیکوژن، بەڵام مەلیك "تەمور" ڕێگر دەبێت لەوەی بیکوژن. دواتر لەگەڵ کۆمەڵێك لە پاسەوانە تایبەتەکانی کە پێیان دەوترا: یاران، دەگەڕێتەو بۆ لای باوکی ئەویش پارە و مااڵ و سەربازێکی زۆری پێ دەدات و دووبارە رەوانەی دەکاتەوە بۆ ولاتی تلینك، پاشان بانگی عوبەیدە و ئەمیر موهردار دەکات و لە گەردنی هەردووکیان ئەدات، ئیتر لە ترسا ئەمیرەکانی هەموویان هەڵدێن بۆ لای سوڵتان "شەمسەدین کوڕی سوڵتان ناسری کوڕی سوڵتان غەیاسەدین بەلبەن".

باسی چونی سوڵتان توغلوق بۆ ولاتی لەنکۆتی و مردنی

ئەمیرە هەڵهاتۆکان هەموو لای سوڵتان شەمسەدین کۆدبنەوە بەڵام ئەوەندە ناخایەنێ شەمسەدین کۆچی دوای دەکات و کوڕکەی جڵەوی دەسەڵات دەگرێتە دەست ناوی شەهابەدین بوو بەڵام دواتر برا بچوکەکەی "غەیاسەدین بەهائەدور بۆرە" هەڵدەگەڕێتەوە و دەسەڵات دەگرێتە دەست، قەتڵوخان و چەند برایەکی تری خۆی دەکوژێ بەڵام شەهابەدین و ناسەردین هەڵدێن بۆ لا سوڵتان توغلوق ئەویش بە سوپایەکەوە لەگەڵ براکانی هێرش دەکاتە سەر ناوچەی لەنکۆتی و سەردەکەوێت بەسەر بەهائەدور بۆرە و بە دیلی دەگرێت .

لە دهلی پیاوێکی خواناسی لێبوو ناوی "نیزامەدین بەزوانی "بوو کوڕەکەی سوڵتان توغلوق "محەمەد" سەردانی دەکرد و یارمەتی خزمەتکارەکانی دەکرد ئەم وەلیە خواناسە جارجار حاڵەتێکی بەسەردەهات وەك بڵێی لە هۆش خۆی بچێت دەڵێن : محەمەدی کوڕی سوڵتان بە خزمەتکارەکانی دەڵێ هەرکات ئەو حاڵەی بەسەرهات ئاگادارم بکەنەوە دەڵێن: ڕۆژێك لە هۆش خۆی دەچێت کوڕەکەی سوڵتان دەچێتە لای وەلییەکە کاتێ بەئاگا دێتەوە پێیدەڵێ : ئەوا مولکی هیندستانمان پێشکەشی تۆ کرد، دواتر کۆچی دوایی دەکات و کوڕی سوڵتان بە دەستی خۆی لە گۆرستانی دهلی بەخاکی دەسپێرێ پاشان کوڕە ئەم هەوالە بەباوکی دەگەیەنێ ئەویش تورە دەبێت و هەڕەشەی لێدەکات. ئەوەی زیاتر باوکی تورە کرد کڕینی مەمالیك و ئەو دیاریانە بوو کە کوڕەکەی پێشکەشیانی کرد بۆ ڕاکێشانی دڵی خەڵکی بوو بۆ لای خۆی . ئەوەشیان پێگوت بوو کە فاڵگەروەکان ووتویانە ئەم جاریان سوڵتان لە گەشتەکەی دەگەڕێتەوە بەڵام ناچێتە دهلی بۆیە سوڵتان هەڕەشەی لە هەموویان کرد .

دوای ماوەیەك سوڵتان لە گەشتەکەی گەڕایەوە پێشە ئەوی بگاتە پایتەخت

فەرمان بە کوڕەکەی دەکات لە دەرەوەی پایتەخت و لە نزیك دۆلێك لـە (ئـەفغان پور) کۆشکێکی بۆ دروست بکات، ئەو ئەندازیارەی سەرپەرشـتی دروسـت کردنـی ئەم کۆشکەی کرد ناوی "مولك زادە" بوو دواتر بە"خواجـە جیهـان" ناسـرا نـاوە ڕاستێکەی" ئەحەمەدی کوڕی ئەیاس"بوو کەسێکی بلیمەت بوو لە ئەندازیاریدا لە ماوەی سی ڕۆژدا کۆشکەکەی لە دار بۆ دروستکرد بە شێوازێکی ئەنـدازەیی واهـا دروستی کرد، کە ئەگەر هەر کاتێـك فیلێـك لـە هـەر لایـەکی کۆشـکەکە نزیـك ببوایەتەوە دادەڕوخا کاتێك سوڵتان دەگەڕێتەوە لە کۆشکەکەی لادەدات و خەڵکی پێشوازی لێدەکەن دوای ناغواردن وئاهەنگ گێڕان کوڕەکـەی داوای لێـدەکات کـە فیلەکان ڕازێندراوەتەوە بۆ نمایش ئەگەر مۆڵـەت بـدات ئـاوا پێشـکەش دەکـرێ ، سوڵتان ڕازی دەبێت ئەو کات سوڵتان کوڕە بچوکەکەی محمـودی لەگـەڵی دەبێـت، زانای خواناس "روکنەدین" ئەوەی بۆ گێڕامەوە ووتی: خۆم لەگـەڵ سـوڵتان بـووم محەمەدی کوڕی هات ووتی: شێخ کاتی نوێژی عەسرە وەرە خوارەوە نوێژەکەت بکە منیش دابەزیتم، کاتێك فیلەکان نزیك بوونەوە لە کۆشکەکە لە پڕ دارمـا و بـووە هاوار ئیتر من نوێژم نەکرد کوڕەکەی فەرمانی دا کە تـەور و خاکـەناز بهێـنن بـۆ ڕزگار کردنیان بەڵام ئاماژەی کرد کە پەلە نەکرێ، کاتێك ئامرازەکان ئامـادەکران ڕۆژ ئاوا ببوو سوڵتانیان دەرهێنا پشتی شکا بوو خۆی دابوو بەسەر کـوڕە بچـوکە خۆشەویستەکەی هەردووکیان مردبوون لە گوڕستانی ئەو شاری کە خۆی دروسـتی کرد بوو بـە خـاك سـپێردران نـاوی (توغڵـوق ئابـاد)بوو . دەشـڵێن بـە زینـدویی دەریانهێنا بەڵام دواتر کوژرا .

سوڵتان ئەبو موجاهید محەمەدی کوڕی سوڵتان غەیاسەدین توغڵوق شا پاشای هیندستان و ولاّتی سند

توغڵوق کۆچی دوایی کرد کوڕەکەی واتا محەمەد دەستی گرت بەسەر کاروباری ولاّتدا بێ ئەوەی هیچ کەس دژایەتی بکات پێشتر ناوی "جەوەنە" بووە بەلاّم ئەو دەمەی دەسەلاّتی وەرگرت ناوی خۆی گۆڕی بۆ محەمەد و نازناوەکەشی ئەبی موجاهید بوو زۆربەی ئەو پاشا و دەسەلاّتدارانەی ولاّتی هیندستان کە من باسم کردون هەوالّ و سەرگوزشتەیانم لە دادوەری گشتی"کەمالەدینی کوڕی بورهانەدین غەزنەوی"یەوە وەرگرتووە بەلاّم ئەم سوڵتانەیان خۆم چاوم پێکەوتووە ئەو سەردەمەی لە هیندستان بووم بینیومە و زۆربەی هەوالّ و رووداوەکانم بە چاوی خۆم بینیوە و هەندێکشم وەرگرتووە.

وەسفی سوڵتان

بەڕاستی ئەم پاشایە وەسفێکی زۆر هەڵدەگرێت لە دادپەروەری و جوامێری و بەخشندەیی ئەگەر هەر هەژارێك لە دەرگای دابێت بێ بەشی نەکردوە هێندە یارمەتی پێداوە لە هەژاری دەرچوە هەر کەسێك بانگ کرابێت بۆ لێپێچینەوە سزای خۆی وەرگرتووە، کەسێکی زۆر سادە و حەقخواز بوو، زۆریش تۆند بوو بەرامبەر ئەو کەسانەی سەرپێچی شەریعەتی ئیسلامیان دەکرد، هەروەها سزای تۆندی ئەوانەی دەدا کە نوێژیان نەدەکرد، خۆم گەواهی ئەدەم بە خودای مەزن کە هەموو ئەو شتانەی دەربارەی ئەم پاشایە وتراوە راستن هەرچەند هەندێك کەس پێیان وایە ئەوەی باس کراوە زیادە ڕەوییە لە وەسفکردندا هەرگیز کەسی لەو شێوەیە نەبووە بەلاّم من دەڵێم: زیادە ڕەوینەکراوە چونکە بەشێکی زۆر لەو هەواڵانە ئەوەندە لە رۆژهەلاّتدا باسکراون بوونەتە تەواتر (لە هەموو لایەکەوە باسکراوە).

باسی دەرگاکانی کۆشک و ڕێکخستنی

کۆشکی سوڵتان لە شاری دهلی بوو ناوی (کۆشکی سەرا) بوو چەند دەرگایەکی هەبوولە دەرگای یەکەم کۆمەڵێك پاسەوانی تایبەتی هەبوون، زۆرنا و تەپڵ بە دەستیانەوە بوو، گەر هەر کەسێکی ناودار سەردانی کۆشکی بکردایە، ئەوا بە دەنگێکی بەرز هاوار دەکرا فلاّنی کوڕی فلاّن هات ئنجا پێشوازی لێ دەکرا دەرگای دووەم و سێیەمیش بە هەمان شێوە بوو، بەڵام لە دەرەوەی دەرگای یەکەم چەند دوکانێك هەبوون پاسەوان و جەلادەکانی لێ دادەنیشتن هەر کەسێك فەرمانی کوشتنی بۆ دەرچوایە، یەکسەر لە ملی دەدرا و دەیانکوشت، جگە لەوانەی باسیانم کرد (نقیب النقباء) هەبوون واتا: پاسەوانە مەزنەکان دارێکی ئالتونی بە دەستیانەوە بوو لەگەڵ کلاّوی ئالتونی پەڕدار بە پەڕی تاوس لە سەریان، ئەمانە ڕێنیشاندەری میوانەکانی کۆشك بوون.

هەر لە دەرگای سێیەمەوە بۆ ماوەیەك دەڕۆیشتیت تا دەگەیشتیتە هەیوانێکی فراوانی (هەزار ئەستوانە) سوڵتان خۆی لەوێدا دادەنیشت و دیداری لەگەڵ خەڵکی گشتیدا ئەنجام دەدا.

باسی چۆنێتی پێشوازی کردنی خەڵکی

زۆرکات لە سەرەتای بەیانیەوە دادەنیشت یاخود لە دوای نوێژی عەسرەوە چونێتی دانیشتەکەشی لەسەر میزێکی پان بوو ڕاخەر و سەرینی لەسەر بوو لەسەر قاچەکانی دادەنیشت وەك چۆن بۆ تەحیاتی نوێژ دادەنیشیت کە ئەمەش نەریت بوو لە لای خەڵکی هیندستان پاشان وەزیرەکانی بەرامبەری ڕادەوەستان، دواتریش پاسەوانی تایبەت (حاجب) و سەرکردەی گشتی پاساوانان لەگەڵ نەقیبەکان هەر کە سوڵتان دادەنیشت نەقیب و پاسەوانەکان بە دەنگێکی بەرز هاواریان دەکرد (بسم الله) ئنجا لە لای سوڵتانەوە ئەمیری گەورە(پاشا) دەوەستا جگە لەمانە سەد

کەسێکی تر لە(سوڵحداریە)ش لە لای راستییەوە دەوەستان لەگەڵ دادوەری گشتی و گەورەی وتاربێژەکان و زاناکان ئامادەی ئەو دانیشتنەی سوڵتان دەبوون لەگەڵ براکانی سوڵتان و کەسە نزیکەکانی و خەڵکە دیار و بەڕێزەکانی ئەو ناوچەیە.

باسی هاتنە ژوورەوەی کەسە غەریبەکان و خاوەن دیارییەکان

هەر کاتێك کەسێك نیازی سەردانیکردنی سوڵتانی هەبوایە، دەبوو سەرەتا بڕۆیشتایە بۆ لای حاجب پاشانیش ئەمیری حاجب و ئەمیری گەورە ئەگەر قایل بوونایە بە بینینی سوڵتان، کەسەکە بە دیاریەکانیەوە دەچو بۆ لای سوڵتان گەر کەسەکە خاوەن شکۆ و ناودار بوایە لە تەنیشت حاجبەوە دەوەستا ئەگەریش کەسێکی ئاسایی بوایە لە پشتێوە دەوەستا ئنجا سوڵتان بەخێرهاتنی لێدەکرد و تەوقەی لەگەڵ دەکرد، پاشانیش سوڵتان تەماشای دیارێکەی دەکرد ئەگەر کەرەستەی جەنگی بوایە یاخود پۆشاك، ئەوا بە دەستی خۆی تەماشای دەکرد و سوپاسی خاوەنەکەی دەکرد، دواتریش سوڵتان فەرمانی دەدا تا ئاو بهێنن بۆ ئەوەی خاوەن دیاریەکە سەری پێ بشووشتایە کە ئەوەش نەریت بوو.

کاتێکیش ئەو مااڵ و داهاتەی کۆ دەکرایەوە لە باج و سەرانە ئالتون و زیوەکانی دەخرانە سەر تەشت، یاخود پارچە خشتی ئالتونی لێ دروست دەکرا، پاشان خزمەتکارەکانی سوڵتان دەیانهێنا و پیشانی سوڵتان و خەڵکی دەدرا، رۆژێکیان خۆم "خواجە جیهان"م بینی مااڵ و داهاتێکی زۆری ئامادە کردبوو بەو شێوازەی کە باسمان کرد، لەو کاتەدا بوو کە سوڵتان لە (دەوڵەت ئاباد) دەگەڕایەوە، ئیتر بە هەموو ئەو مااڵ و داهاتەوە چونە پێشوازی، خۆم ئەوەم بینی سینیان ئامادە کردبوو پڕی بوو لە بەردی بەنرخی (یاقوت و زومرود و مروواری)، هەروەها حاجی کاوەنی کوڕە مامی سوڵتان سەعیدی عێراقیش لەوێ ئامادە بوو.

باسی دەرچونی سوڵتان لە ڕۆژانی جەژن و بۆنەکاندا

لە شەوی جەژندا سوڵتان نامەی ڕەوانە دەکرد بۆ هەموو دەستوپێوەند و ئەربابەکانی دوڵەت تا ئامادەبن لەوانە پاشاکان و ئەمیر و کاربەدەست و نووسەر و فەرماندە سەربازێکان و پاسەوانە تایبەتەکان، بۆ بەیانی ڕۆژی جەژن فیل ئامادە دەکرا و بە جوانترین شێوە بە ئاوریشمی ڕەنگاوڕەنگ و زێڕ و زیو دەڕازێنرایەوە، شانزە دانە لەو فیلانە تایبەت دەکران بە سوڵتان و بۆ کەس نەبوو سواریان بێت، تەنها یەک دانەیان سوڵتان خۆی سواری دەبوو هەموو لاشەی فیلەکە بە ئالتون و زێڕ و ئاوریشمی گرانبەها دادەپۆشرا پاشان خزمەتکارە کۆیلەکانیش لە پێشەوەی کەژاوەکە بەڕێدەکەوتن و ژمارەیان سێ سەد کەس دەبوون و زۆربەیان کلاوێکی لوولەییان لەسەر دەکرد لەگەڵ سەرپۆش و پشتوێنی ئالتونی.

سەرەتا دادوەری گشتی سەدرولجیهان و کەمال غەزنەوی و ناسرەدین خوارزمی سواری فیل بوون و ئنجا دادوەرەکانی تر، لەگەڵ پاشا و ئەمیرەکانی ولاتی عێراق و خۆراسان و شام و میسر و ڕۆژئاوا سواری فیل بوون، هەروەها بانگبێژەکانیش لەوێ ئامادەبوون سواری فیل دەبوون بەردوام تەکبیریان دەکرد، ئەوەی جێی تێڕامانە خەڵکی هیندستان بە هەموو غەریبەیەک(نامۆ) دەڵێن: خۆراسانی سەرەتا سوڵتان کەوتەڕێ و دواتر تاقمەکانی تر ئەوانەی کە باسمان کردن، هەریەک لەو پاشا و ئەمیر و فەرماندە و دادوەرانە لە دوای سوڵتانەوە کەوتنەڕێ و هەر کەسێکشیان ئالا و تەپڵ و نیشانە و کەرەنا و خزمەتکار و پاسەوانی تایبەتی خۆی هەبوو، لە جێگای تایبەتی خۆیان و لە پێشەوە دەکەوتنەڕێ زۆر بە تەرتیب و ڕێکی لە پاشان بە دووایاندا براکەی سوڵتان موبارەک خان کەوتەڕێ لەگەڵ برازاکەی بەهرام خان و ئامۆزاکەی فەیروزخان، دەواتریش وەزیر و سەربازەکانی و پاشانیش مەلیک موجیر و پاشای گەورە "قوبولە" لەگەڵ جەنگاوەرەکان .

دوای ئەوانەی باسکرد پاشا "نەکبیە و بەغرە و موخلیس و قوتبولمەلیك" بە خۆیان و سوپاکەیانەوە دەکەوتنە ڕێ هەریەکێکیان پلەو جێگای تایبەتی خۆی هەبوو هەمیشە لەگەڵ کەژاوەی سوڵتانی مەزندا ئامادەبوون، ئەوەی جێی سەرنج بوو هەموو سەربازەکانیان کە لە مەمالیك بوون خۆیان و ئەسپەکانیان قەڵغاندار بوون، کاتێك سوڵتان دەگەیشتە لای دەرگای مزگەوت وشوینی نوێژکرد(مُصلی) هەموو لە بەردەرگا ڕادەوەستان تەنها ئەمیرە گەورەکان و پاشا ودادوەرکان و وەزیرەکان دەچونەوە ژورەوە بۆ ووتار ونوێژی جەژن ئەگەر جەژنی قوربان بوایە سوڵتان ئاژەڵێکی قەڵەوی دەکردە قوربانی و بەڕمێك سەردەبڕی پێیان دەوت: تیزە(پێدەچێت تیژە بێت بەڵام گۆڕدراوە ـ وەرگێر)فۆتەیەکی بە خۆیەوە دەئاڵاند بۆ ئەوەی خوێناوی نەبێت دواتر دەگەڕاوە بۆ کۆشك .

باسی دانیشتنی سوڵتان و کورسییەکەی و بوخوردانەکەی

لە ڕۆژانی جەژندا باڵەخانەی کۆشکی سوڵتان بە جوانترین شێواز دەڕازێنرایەوە، ئنجا دەواری گەورە دادەنرا لەگەڵ گومەزی دیار و قەشەنگی سوڵتان هەروەها لە ناوەوەی دەوارەکە، ستوونی مەزنیان دادەنا و پایەکانیش بە ئاوریشمی ڕەنگاوڕەنگ ڕووپۆش دەکران، لە نێوان هەر پایەیەك کورسی ڕووپۆشکراوی ئالتونی دادەنرا دواتریش کورسی مەزن و تایبەتی سوڵتان لای سەرەوەی دەوارەکە دادەنرا تا بڕوانێت بەسەر هەموو ئامادەبواندا قاچی کورسیەکەی سوڵتان هەمووی بە بەردی بەنرخ ڕووپۆش دەکرا، هێندە کورسیەکە قورس بوو چەند کۆیلەیەك هەڵیاندەگرت. کاتێك سوڵتان سەردەکەوت بۆ سەر کورسییەکەی، بانگبێژێك لە پاسەوانە تایبەتەکانی بە دەنگێکی بەرز دەیوت: بسم الله پاشان ئامادەبووان دەهاتنە پێشەوە بۆ سلاوکردن و پیرۆزبایی سەرەتا دادوەرەکان و دواتریش وتاربێژ و زانا و مەشایخەکان لەگەڵ کەسوکاری سوڵتان و برا و برازا و زاواکانی ئنجا وەزیر و

کەسە خۆشەویستەکانی لەگەڵ فەرمانـدە سـەربازیەکانی دەهاتنـە پێشـەوە، هـەر کەس سڵاوی تایبەتی خۆی لە سوڵتان دەکرد تـا قـەرەبالّغی دروسـت نـەبێت. لـە نەریتیاندا وابوو هەر کەسێك گوندێکی لە ژێر دەستدا بووایە و داهاتی هەبووایـە، ئەوا کیسەیەك ئالتونی دەهێنا و ناوی خۆی لەسەر دەنووسی و لەسـەر تەشـتێکی ئالتونی ئامادەکراو دایدەنا ئیدی هێندە دراوی ئـالتونی کۆدەبـوەوە لـە هـەژمار ناهات، ئەوکات سوڵتان بە ئارەزووی خۆی بەسەر خەڵکیدا دابەشی دەکرد.

پاشان بوخوڕدانە مەزنەکەیان دەهێنا هێندە مەزن بوو بە چـەند خزمـەتکارێك ئنجا دەتوانرا بگوازرێتەوە سەرجەم پێکهاتەکەی لە ئالتون بوو لە چەند ژوورێکـی بچوك پێکهاتبوو، کاتێك دایان دەگیرساند کەسێك دەچوە ژوورەوە و داری (قـافڵی و عەنبەر و جاوی ئەشهەبی) تێدەکرد و پاشان دادەگیرسا، ئنجا لە دواییدا بـۆن و بەرامە و دوکەڵی بوخڕ دونیای دادەگرت!. جگە لە بوخـوڕدان چـەند لاوێکـی تـر ئامادە دەکران و هەریەکیان گۆزەیەکی ئالتونی بە دەستەوە بـوو گـوڵاوی تێـدابوو بەسەر خەڵکیدا دەیڕژاند، ئەم جـۆرە خزمەتکردنـە (بوخـوردان و گـۆزەی پـڕ لـە گوڵاو) لە جەژندا نـەبێت پێشـکەش نـەدەکرا هـەر سـێ ڕۆژەکـەش تەختەخـەوی ئالتونی بۆ سوڵتان دادەنرا هەروەها شوێنی پشوی سـوڵتان ڕەشمـاڵێکی زۆر مـەزن بوو سێ دەرگای هەبوو لە دەرگـای یەکـەم"عیماد مـەلیك سەرتیز"دەوەسـتا لـە دەرگای دووەم مەلیك نەکبیە و لە دەرگای سێیەم: یوسف بەغرە ڕادەوسـتا، بـەڵام لای ڕاست وچەپی دەرگاکان مەمالیکی سوڵحداریە پاسـەوانیان دەکـرد ڕۆژانـەش ئاهەنگ و سەما و گۆرانی پێشکەش دەکرا لەگەڵ خواردن و خواردنـەوە لـە ڕۆژی سێیەمدا کەسە نزیکەکانی سوڵتان ژن و ژنخوازییان دەکرد و لـە ڕۆژی چـوارەمیش کۆیلەکان ئازاد دەکران، بەڵام لە ڕۆژی پێنجەم کەنیزەکان ئازاد دەکران و لـە ڕۆژی شەشەمیش کەنیزەکان لە کۆیلەکان مارەدەبڕان، لە کۆتا ڕۆژیش واتا ڕۆژی حەوتەم خێر و سەدەقاتێکی بێشومار بەسەر خەڵکیدا دابەش دەکرا.

باسی ڕێوڕەسمی هاتنەوەی سوڵتان لە گەشت کردن

هەر کاتێك سوڵتان لە گەشت کردن بگەڕایەتەوە، فیلەکان بە جوانترین شێواز ئامادە دەکران فیلە تایبەتەکانی سوڵتان نزیکەی شانزە فیل دەبوون هەندێکیان بە ئاوریشمی ڕەنگاوڕەنگ جوان دەکران و هەندێکی تریان بە پەردەی زیودار و ماددە بەنرخەکان ڕووپۆش دەکران، جگە لە ڕووپۆش کردنیان کەژاوەی تایبەتی دروستکراویش ئامادە دەکرا و لەسەر پشتی فیلەکان دادەنران، هێندە ئالتون و زیویان پێدا هەڵدەواسرا مرۆڤ ئارەزووی دەکرد هەمیشە تەماشایان بکات لە هەر یەکێك لەو کەژاوانەدا کەنیزەی قەشەنگی تێدا بوو کە خۆیان بە پۆشاکی جوان رازاندبووەوە، هەیان بوو دەستیان دەکرد بە گۆرانی وتن و هەشیان بوو سەمایان دەکرد، هەروەها کوندەی پڕ لە ئاو و گوڵاو دادەنرا تا خەڵکی لێی بخۆنەوە جا خەڵکی وڵاتەکە بێت یان غەریبە و ڕێبوار، بۆ هەموو کەس هەبوو لێی بخواتەوە هەر کەسێکیش گەر گوڵاوی بخواردایەتەوە، چەند گەڵایەکی تەنبول و فەوفەلیان پێدەدا، هەروەها ئەو شەقامەی سوڵتان پێدا دەڕۆیشت دیوارەکانی نزیکی بە ئاوڕێشمی ڕەنگا و ڕەنگ بەجوانی دەڕازێندرایەوە کاتێك سوڵتان تێپەڕ دەبوو بە هەزاران کۆیلە لە پێشەوەی دەڕۆیشتن و سەرباز و پاسەوانە تایبەتەکان لە دواوە، بینیم سێ بۆچوار ئامێری (ڕەعادات) لەسەر پشتی حوشتر دانرا بوون درهەمیان بۆ خەڵکی تێدەگرت خەڵکیش کۆیان دەکردەوە .

ئامادەکردنی خواردنی تایبەتی شاهانە و خواردنی گشتی

ئەو خواردنانەی لە چێشتخانە ئامادە دەکران دوو جۆر بوون، یەکەمیان: خواردنی تایبەت و دووەمیش: خواردنی گشتی بوو، خواردنی تایبەتیش بریتی بوو: لە برنج و گۆشت و ماسی و حەلوا و کولیچەی خڕ و برژاوی تر، سەرەتا نەقیبەکان ئەوانەی پاسەوانی تایبەت بوون بە دەنگێکی بەرز هاواریان دەکرد: بسم الله، ئەوکات سوڵتان خۆی ئامادە دەبوو لەگەڵ ئەمیرە سەربازیەکان و مەلیك "سەرتیز" یاخود کەسێك یان فەرماندەیەك گەر سوڵتان خەڵاتی بکردایە ئەوا ئامادە دەبوو بۆ ئەو خوانە تایبەتەی سوڵتان، جاری واش هەبوو لەو خواردنە تایبەتە رەوانە دەکرا بۆ کەسە خۆشەویستەکانی سوڵتان.

خواردنی گشتی خەڵکیش هەر لە چێشتخانەوە دروست دەکرا، کاتێکیش ئامادە دەبوو، ئەوا لە پێشەوە سەربازەکانی کۆشك هەموو لەگەڵ بیستنی دەنگی نەقیب کە بانگی دەکردن ئامادە دەبوون ریز ریز دادەنیشتن بۆ نانخواردن لەگەڵ ئەمانیشدا ئەمیر و سەردەستەی سەربازەکان هەموو دادەنیشتن لەگەل کوڕی سوڵتان و وەزیرەکان و وتاربێژ و زانا و فەقیهەکانیش خواردنەکان بریتی بوون لە برنج و ماسی و مریشك لەگەڵ برژاوی تر لەوانە پەپکەی هەویریان ئامادە دەکرد و پڕیان دەکرد لە حەلوا و لە رۆندا دەیانبرژاند.

لە نەریتیاندا وابوو لە لای سەرەوەی خوانەکە دادەری گشتی و زانا و پیاوە ناودار و ماقوولّەکان دادەنیشتن، ئنجا هەر کەسێك پانزە گەڵای تەنبول و هاڕاوەی فەوفەلیان بە سەریاندا دابەش دەکرد، هەروەها ئاوگێڕەکانیش کە پێیانیان دەوت (شرابشیە) گوڵاویان بەسەر ئامادەبوواندا دەبەخشانەوە، پێش نانخواردن سەرەتا بە دەنگی بەرز: بسم الله دەکرا و ئەوکات دەست دەکرا بە خواردن، پێشتریش وەسفی سوڵتان دەکرا و هەمووان نزایان بۆ دەکرد، ژەمەکانی خواردن دوو جار بوون، یەکەمیان: پێش نیوەڕۆ و دووەمیان: دوای نوێژی عەسر .

بەخشندەیی سوڵتان

سوڵتان ئەبی محەمەد یەکێك بوو لە پاشا ناوداڕەکانی جیهان، کەم وێنا بوو لە بەخشندەیی خەڵکی وڵاتانی یەمەن و خۆراسان و فارس هەموو وەسفی پیاوەتی و دەس و دڵ تێڕی ئەم سوڵتانەیان دەکرد بەتایبەت دەستکراوەیی بەرامبەر ڕێبواران ئەوەندە ڕێزی لێیان دەگرت زۆر جاران فەزڵی ڕێبواری دەدا بەسەر خەڵکی هیندستان و هەمیشە دەیوت: بە کەسی ڕێبوار مەڵێن نامۆ چونکە دڵشکاو دەبێت و هەست بە نامۆیی دەکات. یارمەتییەکی زۆری بەخشی بە شەهابەدین کازەرۆنی و شیخ روکنەدین و ناسرەدین ترمزی(ترمزی یەکێك بوو لەو زانایانەی هەمیشە ئامۆژگاری سوڵتانی دەکرد)و عەبدولعەزیز ئەردویلی و شەمسەدین ئەلتەمشی و عەزەدین شوانکارەی و حاجی کاوەن.[1]

حیکایەتی حاجی کاوەن و ئەو دیارییانەی کە لە سوڵتانەوە وەریگرت

حاجی کاوەن ئامۆزای ئەبی سەعیدی پاشای عێراق بوو، براکەشی ناوی "موسا پاشا" بوو چەند ناوچەیەکی وڵاتی عێراق لە ژێر دەستیدا بوو وەك نۆینەر ڕەوانەی وڵاتی هیندستانی دەکەن سوڵتانیش دیاریەکی زۆری پێدەدات جارێکیان خۆم ئەوەم بینی کە وەزیر خواجە جیهان بە دیاریەکی زۆرەوە گەیشتە لای سوڵتان و سێ سینی پڕ لە ئالتون و یاقوت و زومرودی پێشکەش بە سوڵتان کرد ویستی خودا وابوو لەو کاتەشدا حاجی کاوەن لەوێ بوو، ئیدی بەشێکی زۆری پێی

---

[1] هەریەك لەم کەسایەتییانەی ناویان هاتووە، ئیبن بەتوتە هەر یەکەیان بە کورتی و بەجیا باسیانی کردوە، بەڵام من تەنها ناویانم هێناوە لەبەر بەپێویست نەزانینی. (وەرگێڕ)

بەخشی، حاجی کاوەن ئەوەی بۆ باس کرد کە دەیەوێت بگەڕێتەوە بۆ ولاتی عێراق، چونکە براکەی وەفاتی کرد بوو مەلیك سولەیمانیش دەستی گرتبوو بەسەر کاروباری ولاتدا و دەیویست شوێنی براکەی بگرێتەوە، سولتان محەمەدیش سەرباز و کەرەستەی جەنگی پێی بەخشی و کەوتەڕێ بەرەو ولاتی عێراق.

کاتێك دەگاتە شاری (شوانکارە) لە ولاتی فارس، لە دەرەوەی شار چاوەڕێ دەکات تا زانا و ریش سپیەکانی لەگەڵ ئەمیرەکان بچنە پێشوازی و بەیعەتی بدەنێ، بەڵام دوای ماوەیەك لە چاوەڕوانی ئەوکات دێن، حاجی کاوەن تووڕە دەبێت و پێیان دەڵێت چی وای لێتان کرد ئاوا درەنگ بێن؟!، ئەوانیش عوزری بۆ دەهێننەوە بەڵام قایل نابێت و بە سەربازەکانی دەڵێت: ((قلنج تجار جقار))، واتا شمشێرەکانیان لێ وەربگرن، پاشان لە گەردنی هەموویان دەدات.

خەڵکی ناوچەکە زۆر تووڕە دەبن و پەنا دەبەن بۆ "شەمسەدین سمنانی" و داوای کۆمەکی لێ دەکەن تا تۆڵە لە حاجی کاوەن وەربگرنەوە، ئەویش بە سەرباز و جەنگاوەرێکی زۆرەوە هێرش دەکاتە سەری و لە شەودا سەربازەکانی هەموو دەکوژرێن و (واتا حاجی کاوەن) خۆی لە کۆشکی شاردا حەشار دەدات بەڵام دەسگیری دەکەن و پاشان لە گەردنی ئەدەن و سەرەکەی رەوانە دەکەن بۆ سولەیمان پاشا، هەروەها لاشەکەی پارچە پارچە دەکەن بەو شێوە دڵیان ئاودەخواتەوە و کۆتایی بە حاجی کاوەن و جەنگاوەرەکانی دێت.

هەوالّی ڕۆیشتنی کوڕەکەی خەلیفە بۆلای سولّتان وڕێز گرتنی

کاتێ ئەمیر غەیاسەدین محەمەدی کوڕی عەبدولقاهیری کوڕی یوسفی کوڕی عەبدو لعەزیزی کوڕی خەلیفە موستەنسیر بیللای عەباسی بەغدادی سەردانی سولّتان عەلائەدین تەرمەشرین دەکات لە ناوچەکانی ئەودیوی ڕوبار(ماوراءالنهر) ئەویش زۆر ڕێزی لێدەگرێ ماوەیەکی زۆر لەوێ دەمێنێتەوە سولّتان تەرمەشرین ئەو خانەقایەی کە لەسەر گۆڕی (قەشمی کوڕی عەباس)دروستکرابوو بەداهاتکەیەوە پێشکەشی دەکات دوای ماوەیەك دەبیستێ سولّتان محەمەدی هیندستان، عەباسێکانی زۆر خۆشدەوێت و دەیەوێ بانگەوازی عەباسێکان زیندو بکاتەوە دوو نوێنەر ڕەوانەی هیندستان کات ئەوانیش "محەمەدی کوڕی ئەبی شەرقاوی حەرباوی" و "محەمەد سۆفی هەمەدانی"بوون کاتێك ئەم نوێنەرانە دەگەن پایتەخت (ناسرەدین ترمزی) پیشوازیان دەکات پێشتر ناسرەدین لە بەغداد ژیاوە وئەمیر غەساسەدینی کوڕی محەمەدی دەناسی لە بەغدادێکانی بیستبوو کە ڕەچەلّکی دەگەڕێتەوە سەر موستەنسیر بیللای عەباسی بۆیە لای سولّتان گەواهی ئەوەیدا کە لە نەوەی عەباسێکانە ، ئیدی سولّتان ڕێزێکی زۆر لە دوو نێردراوەکە دەگرێ وبڕی پێنج هەزاردیناریان وەك دیاری پێشکەش دەکات وسی هەزاردیناریش وەك دیاری بۆ غەیاسەدین ڕەوانە دەکات تا بیکاتە خەرجی خۆی، پاشان نامەیەك بە دەستی خۆی دەنوسی وداوای لێدەکات سەردانی بکات .

غەیاسەدین دیاری وهەوالّەکەی پێدەگات بڕیار دەدات گەشت بکات بۆ هیندستان دوای ماوەیەك دەکەوێتە ڕێ دەچێتە ناوچەکانی (سند) هەوالگرکان سولّتان ئاگادار دەکەنەوە لە هاتنی کوڕی سولّتانی عەباسی بەلاّم کاتێ گەیشتە (سرستی) سولّتان دادوەری گشتی سەدروجیهان "کمالەدین غەزنەوەی" دەنێرێتە

پیشیوازیان لەگەڵ چەند فەقیهێکی تر جگە لەوانەی باسم کرد هەندێ لە ئەمیر و فەرماندە سەربازێکان دەچنە پێشوازی، کاتێ دەگاتە شاری(مەسعود ئاباد) سوڵتان خۆی دەچێتە پێشوازی ، لە دوورەوە کە کەژاوەی یەکتری دەبینن غەیاسەدین لەسەر پشتی ئاژەڵەکەی دادەبەزێ وەك رێزێك بەرو ڕوی سوڵتان محەمەد دەچێت سوڵتانیش بەهەمان شێواز و بەپێ بەرەو ڕوی دەروات ، هەردوکیان سلاوی تایبەت لە یەکتری دەکەن غەیاسەدین کۆمەڵێ پۆشاکی دیاری بە سوڵتان دەدات، ئەویش وەك رێزێك یەکێك لە پۆشاکەکان دەدات بەسەر شانی ئنجا بە دەستی خۆی لغاوی ئەسپێك دەگرێ تا غەیاسەدین سواری دەبێت دەکەونە ڕێ، لە شوێنی حەوانەوە سوڵتان وەك رێزێك بە دەستی خۆی(تەنبول)دەدات بە غەیاسەدین کە ئەو جۆرە خزمەتە گەورەترین رێزبوو چونکە بەو جۆرە خزمەتەی بە هیچ کەسێك نەدەکرد دواتر پێی ووت : ئەگەر پێش تۆ بەیعەتم بە خەلیفە ئەبا عەباس نەدایە ئەوا بەبێ دوو دڵی بەیعەتم بە تۆ دەدا .

غەیاسەدین پێیدەڵێ : منیش لەسەر ئەو بیعەتم، پێغەمبەر ﷺدەفرموێ هەر کەسێك شوێنێکی مردوو زیندو بکاتەوە ئەوا هی ئەوە، تۆش ئەی سوڵتان ئێمەت زیندو کردەوە، سوڵتانیش بە جوانترین و نەرمترین شێواز ولامی دایەوە .

بۆ بەیانی هەموو پێکەوە چونە (دار الخلافة)ئەو کۆشکەی کە عەلائەدین شا خلجی و کوڕەکەی قوتبەدین دروستیان کرد بوو، سوڵتان فەرمانی دەرکرد کە دەبێت ئەمیرەکان هەموو ئامادەبن پاشان داوای کرد هەرچی پێداویستی هەیە لە ئالتون و زیو ئامادەی بکەن لە نێویدا دەست شۆرەکەی هەبوو کە لە ئالتون دروستکرا بوو، ئنجا وەك نەریت چوارسەدهەزار دیناری پێدا بۆ شوشتنی سەری(جۆرە نەریتێکی هیندێکان بووە ـ وەرگێر) هەروەها کۆمەڵێ بەند وکۆیلە وکەنیزی پێشکەشکرد ڕۆژانەش بڕی سێ سەد یناری بۆ خەرجی خۆی بڕیەوە لەگەڵ خواردن و خواردنەوی تایبەت، داهاتی باج و سەرانە و سوودی هەموو ناوچەکانی (سیری)پێدا لەگەڵ سوودی سەد گوند بە زەوی و دار و بێستانەکانی هەروەها

دەسەلاتی ناوچەکانی ڕۆژهەلاتی دهلیشی پێدا سەرەرای ئەم هەموو دیاری و خزمەتەی سولتان محەمەد بۆ غەیاسەدینی کوڕی خەلیفەی عەباسێکان چل ئەسپی زینکراوی ئالتونی قەلغاندارى پێدا فەرمانیشیدا کە بۆ غەیاسەدین هەیە بە ئەسپیەکەیەوە بچێتە مالی سولتان بێئەوەی لەسەر پشتی ئەسپەکەی دابەزێ ، دەبێت هەموو کەسێك سلاوی شاهانەی لێبکات وەك چۆن سلاو لە سولتان دەکرێ . سولتان خۆشی ئەگەر لەسەر کورسی بوایە هەلدەستا ئەگەر لەسەر زەوی بوایە هەلدەستایە سەرپێ هەردووکیان سلاوی تایبەتی شاهانەیان لەیەکتری دەکرد، جاری واهەبوو هەردووکیان لەسەر یەك ڕاخەر دادەنیشتن .

ئەو کاتەی لە دهلی بووم جارێکیان یەکێك لە وەزیرەکانی لە ولاتی بنجالەوە گەڕایە سولتان فەرمانی دەرکرد بوو ئەمیری گەورەی ولات دەبێت بچنە پێشوازی ئەوەندەی نەخایەند خۆشی دەرچو بۆ پێشوازیکردنی لە دوای سولتان زانا و دادوەری گشتی و کوڕی خەلیفە چون بۆ پێشوازی ، شاری دهلی ڕازێنرایەوە وەك چۆن بۆ سولتان دەرازێنرایەوە کاتێ لە گەشتکردن دەگەڕایەوە ، دواتر لە کۆشك سولتان بە وەزیری ووت: بچو بۆ مالی مەخدوم زادە (کوڕی خەلیفە) وەزیریش چو لەوێ دوو هەزار تەنەکەی ئالتوی پێ بەخشی لەگەڵ پۆشاکێکی زۆر ئەو ڕۆژە خۆم لەوێ بوو لەگەڵ ئەمیر قوبولە و هەندێ لە ئەمیرو فەرماند سەربازێکان .

سۆزو میهرەبانی سولتان

جارێکیان پاشای غەزنە ناوی"بەهەرام"بوو سەردانی سولتان محەمەد دەکات تومەزە ئەم پاشایە ناحەزی کوڕی خەلیفە"غەیاسەدین محەمەد" بوو، سولتانیش بەوەی نەدەزانی ئنجا سولتان فەرمانی دەرکرد جێگایەکی شایستەی لە شاری"سیری"بۆ تەرخان بکەن تا ئەو کاتەی خانوەیەکی تایبەتی بۆ دروستدەکرێ، کاتی کوڕی خەلیفە بەو هەوالە دەزانی زۆر توڕە دەبێت دەکەوێتە ڕێ بۆ مالی

سولّتان لەوێ وەك نەریتی خۆی دادەنیشت پەیامێك بۆ وەزیر ڕەوانە دەکات پێیدەڵێ هەرچی دیاری سولّتان هەیە لەمالّەوەیە بە زیادەوە، بەسولّتان بڵێن با دیارێکانی بباتەوە من لەلای ئەو نامێنمەوە دەگەڕێمەوە، کاتێ وەزیر هەوالّەکە دەبیستێتەوە، بە یەکێك لە هاوڕێکانی دەڵێ: بۆ کوڕەکەی خەلیفە تووڕ بووە لەسەر چییە ؟ ئەوانیش دەڵێن بەهۆی فەرمانی خەلیفەوەیە کە دەیەوێ خانوێەك بۆ پاشای غەزنە دروست بکات لە سرتی هەوالّەگە دەگاتە سولّتان ئەویش هەر زوو بەخێرایی دەچێتە مالّەکەی داوای لێبورنی لێدەکات پاشان سوێندی بۆ دەخوات کە ئەو نەیزانیوە دوژمانیەتی هەیە لەگەڵ پاشای غەزنە

بۆیە پێدەڵێ : سوێند بەخوا دەبێت پێ بخەیتە سەر گەردنم ئەوکات هەستدەکەم کە تۆ لە من ڕازی، کوڕەکەی خەلیفە دەڵێ ئەگەر بکوژڕێم کاری وەها ناکەم دواتر سولّتان زۆری لێکات سەری دەخاتە سەر زەوی ئەمیری گەورە "قوبولە"پێیەکانی هەڵدەگرێ و بەنەرمی دەیخاتە سەر گەردنی سولّتان، ئینجا دەڵێ ئێستا ئارامم دەزانم لەمن ڕازی . هەرچەندە ئەم هەوالّە شتێکی نامۆیە لە هیچ پاشایە شتی واهام نەبیستووە . جارێکیان لە جەژندا بوو خۆم لەوێ بووم، ئەمیری گەورە(قوبولە) سێ پۆشاکی ئاورێشمی بۆ هێنا هەر یەکێکیان چەندها بەردی بەنرخی گەوهەری پێوە چنرابوو، ئەمیر لە تەنیشت دەرگاکەوە وەستا تا ئەو کاتی کوڕەکەی خەلیفە هاتە دەرەوە پێشکەشی کرد، لەگەڵ ئەو هەموو خزمەت و داهاتەی کوڕەکەی خەلیفە هەیبوو بەلاّم هەتا بڵێی قرچۆك بوو، چەندێ سولّتان بەخشندە بوو ئەو دوو هێندە قرچۆك بوو ئێستا چەند هەوالێکی قرچۆکێکەیتان بۆ باس دەکەم .!

قرچۆکی کوڕەکەی خەلیفە

لە نێوان من و کوڕەکەی خەلیفە خۆشەیستی و ڕێز هەبوو، هەمیشە سەردانی ماڵیانم دەکرد هێندە خۆشم دەویست کوڕێکم هەبوو کاتێ لە هیندستان دەرچوم لای ئەو بەجێم هێشت دواتر نەمزانی چییان بەسەر هاتووە !، زۆربەی جار سەردانی ماڵیانم دەکرد تەماشام دەکرد بەتەنها نان دەخوات ڕۆژێك پێم گوت بۆ بەتەنها دانیشتوی ووتی: ئارەزوو ناکەم خزمەتکارەکانم کە ژمارەیان زۆرە لەبەر چاوی من دانیشن و نانی من بخۆن. بۆیە هاورێکەی خۆی"محەمەد شورفی"ڕاسپار دبوو کە خواردن و کارویاری خزمەتکارکان ڕایی بکات بەپێی ئارەزوی خۆی .

هەروەها کاتی شەوان بەکەمی چرا لە کۆشکەکەی دادەگیرسا، هەمیشە کۆشکەکەی تاریك بوو زۆربەی جار دەمبینی لە نێو باخچەکاندا چیلکەو داری کۆدەکردەوە.! عەمبارەکانی پڕ کرد بوو لە دار پێم ووت : تۆ بۆ ئەو کارە دەکەی؟ ووتی: چونکە پێویستان پێیەتی .هەروەها هەمیشە کاری بە خزمتکار و کۆیلە و لاوەکان دەکرد دیووت: حەزناکەم ئەمانە خزمتکاری منن و نانی من دەخۆن بێکار دابنیشن . جارێك قەرزاری پیاوێك بووم تەنگی پێم هەڵچنی داوای قەرزەکەی دەکرد منیش ئەو بڕە پارەیەم پێنەبوو بیدەمێ ، کوڕەکەی خەلیفە ووتی: ولاهی حەزدەکەم یارمەتیت بدەم تا قەرزەکەت بدەیتەوە بەڵام نەفسم ڕێم پێنادات (لەبەر قرچۆکی ـ وەرگێر) .

حیکایەتێکی تری : ڕۆژێك کوڕی خەلیفە باسی بەسەرهاتی خۆی بۆ کردین ووتی: چوارکەس بووین لە بەغداد بە پیادە دەرچوین هیچ خواردنێکمان پێنەبوو یەکێك لە هاورێکانم "محەمەد شورفی" بوو چوینە سەر کانییەك نزیك بوو لە گوندێك درهەمێکمان دۆزیەوە ووتم : بایەکێك بچێت نانی پێبکرێ ئیدی هاورێیەکمان چو لە گوندەکە نان بکرێ بەڵام نانەواچێکە ڕەتی کرد بۆوە بەتەنها

نان بفرۆشێت ووتبوی: نان و ئالیکی ئاژەڵ پێکەوە دەفرۆشم یەکی بە یەك قیرات بۆیە تەنها یەك نان کری بوو لەگەڵ ئالیك ئێمەش بە ناچاری نانەکمان کردە چوار بەشەوە و ئالیکەکەمان فرێدا چونکە ئاژەڵمان پێنەبوو کەچی ئێستا وا دەبینی حاڵم چۆنە منیش گوتم: سوپاستی خودا بکە و ئاگاداری هەژاران بە .

هەروەها جارێکیان لە دهلیەوە گەڕامەوە چوم بۆ بەغداد لە دەرگای قوتابخانەی (موستەنسریە)دانیشت بووم ئەو قوتابخانەیەی کە باپیری دروستی کرد بوو لاوێکی لاوازی هەژارم بینی پیاوێکی لەگەڵدا بوو ، هەندێ لە قوتابێکان ووتیان: ئەو لاوە دەناسی ووتم: نەخێروووتیان: کوڕی ئەمیر محەمەدی کوڕی خەلیفە موستەنسیر بیللایە منیش ووتم : ئەوەندە نیە من لە هیندستانەوە هاتووم هەوالّی باوکت دەزانم ووتی: دوێنی هەوالّی باوکمان بیستووە بینیم بەردوام لە دوای پیاوێکەوە بوو دیاربوو پارەی لای بوو پرسیارم کرد ووتم بۆچی بەداوای ئەو پیاوەوەیە، ووتیان : ئەم پیاوە لە بەندیخان بووە ، ئەم لاوە لە جیاتی ئەو پێشەوای مزگەوت بووە ڕۆژی بە درهەمێك ئێستا داوای حەقی خۆی لێدەکات ووتم: ولاّهی ئەگەر باوکی یەك مرواری لەو مرواریانەی کە بە پۆشاکەکیەوە چنراوە پاشای هیندستان بەدیاری پێشکەشی کردوە بیداتێ پێویستی بەهیچ نابێت . پەنا بە خوا لەو قرچۆکیە .

ئەو دیارانەی کە سوڵتان پێشکەشی کرد بە ئەمی سیفەدین غەدا موهەنا ئەمیری عەرەبەکانی شام

کاتێ ئەمیری عەرەبەکانی شام دەچێتە ولاّتی هیندستان سەردانی سوڵتان محەمەد توغڵوق دەکات ئەویش زۆری ڕێزی لێدەگرێت و لە کۆشکی سوڵتان جەلالەدین دایدەنێ بە (کۆشکی سور)ناسراو بوو مەزن و پان بوو لە ناوەوە دیوەخان و حەوشەی مەزنی تێدا بوو خۆم سەردانی ئەو کۆشکەم کردوە پڕ بوو لە

فەرشی جوان و گرانبەها هەموو پیس و خراپ ببوون چونکە هیندێکان نەریتیان وابوو ئەگەر پاشایەك بمردایە دەستکاری کۆشك و کەلوپەلی ناوەوەیان نەیدەکرد بەڵکو سوڵتانی نوی بۆ خۆی کۆشکێکی تایبەتی دروست دەکرد جارێکیان چومە ناوەوەی کۆشکەکە ووتم: بەڕاستی ئەم شوێنە بۆ ئێمە وەك پەند وعیبرەت وایە یەکێك لە هاوڕێکانم فقیه "جەمالەدینی مەغریبی غەرناتی بوجائی" بوو کاتی خۆی لەگەل باوکی هاتبوونە هیندستان لەوێ گیرسابوونەوە، گوێم لێبوو کاتێ تەماشای کەلوپەل و جوانی کۆشکەکمان دەکرد ئەم دێر هۆنراوەوەی بۆ ووت:

وسلاطینهم سل الطین عنهم فالرؤوسُ العظامُ صارتْ عِظاماً

هەر لەم کۆشکە بوو ئەمیری عەربی شام"سیفەدین غەدا موهەنا"ئاهەنگی ژن گواستنەوەکەی تێدا ئەنجامدا لە دواییدا باسی دەکەین ، هۆکاری ئەوەی کە سوڵتان محەمەد توغلۆق خۆشکەکەی خۆی پێشکەش بە ئەمیر سیفەدین کرد چونکە زۆر عەرەبی خۆش دەویست و کاریگەر بوو بە فەزڵەکانی عەرەب بۆیە لەگەڵ گەیشتنی رێزێکی تایبەتی لێگرت جگە لەوەی ئەم کۆشکەی پێدا خۆشکەکەی خۆی"فەیروز خونده"ی پێشکەش کرد و کۆمەڵێ دیاری زۆریشی پێدا لەوانە دیاری مەزنی پاشای "بایەزیدی" ولاتی "مەنکەبۆر" کە یانزە ئەسپی ڕەسەنی زینکراو بوو، جارێکی تر دە ئەسپی زینکراوی داپێی زین ولاغاوەکەی لە ئالتون دروستکرا بوون .

باسی ئاهەنگی ژن گواستنەوەکەی ئەمیر غەدا موهەنا

بۆ ئاهەنگی گواستنەوەی خوشکەکەی سوڵتان ئەمیر "فەخرولڵا" ناسراو بە"شەونویس"ی ڕاسپارد کە هەرچی پێداویستی وخەرجی ئاهنگەکەیە ئامادە بکات ، داوای لە منیش کرد کە هاوکاری ئەمیر بم تا فەرمانەکانی جێبەجێبکەین، سەرتا ئەمیر دوو چادری مەزنی هێنا و لە کۆشکی سور چەسپاندی تا ببێتە سێبەر بۆ میوان و ئامادەبوانی نێو کۆشکەکە پاشان فەرش و

ڕاخەری جوانی ئاورێشمیان هێنـا و زەویـان پێداپۆشـی ئـەنجا ئەمیر "شەمسـەدین تەبریزی" هات کۆمەڵێ زۆر لە گۆرانی بێژ و سەماکەری پیاو و ئافرەتی لەگەڵ بوو کە هەموویان کۆیلە وخزمـەتکاری سـوڵتان بـوون، جگـە لـەوان ئـەمیر فـەخرولڵا چێشـتلێنەر و وەسـتای شـیرنی و نانەواچـی و ئـاوگێر و تـەنبول گێـر و وەسـتای برژاندنی گۆشتی ئامادەکرد دواتر ئاژەڵ و پەلەوەرێکی زۆریان سەربڕی ، بۆ ماوەی پانزە ڕۆژ خواردن وخواردنەوە پێشکەشکرا، خەڵکێکی بێشومار ئامـادە بـوون لـە ئەمیر وکاربەدەست وخەڵکی ئاسایی ، دواتـر دوو ڕۆژ پـێش گواسـتنەوەی ژنەکـە ئەمیر سەیفەدینیان هێنا بۆ کۆشکی سور، نەریتی هیندێکان وابوو کە دەبێت دایك وخوشـك و پـور وخـاڵوژن و ئـامۆژنی زاوا و کۆمـەڵێ زۆری خـاتون لەگـەڵ زاوا ئامادەبن بۆ خەنەبەندان بەڵام ئەمیر سەیفەدین کە هات بۆ کۆشك عەرەبێکی نامۆ بوو کەسی خۆی لەگەڵ نەبوو بۆیە سوڵتان محەمەد بڕیاریـدا زڕدایکـی خـۆی واتـا: دایکی موبارك خان ببێتە دایکـی زاوا (ئەمیرسـیفەدین غـەدا) یـەکێکی تـر لـە خاتونە ڕیزدارەکان ببێتە خۆشکی ، یەکێکی تر ببێتە ئاموژن و یەکێکی تر پـوری و خاڵوژنی، بەو شێوازە هەموو چوار دەوری ئەمیر سیفەدین بە ئافرت وخاتونەکان تەنرا ئنجا وەك نەریتی خۆیان قاچ و دەستیان بەخەنە بۆیە کرد و بە گوڵی ریبوڵ و نەسرین و یاسەمین بوك زاوا ڕازێنرایەوە و لەسەر کورسی تایبەت دانیشتن پاشـان گۆرانی بێژو سەماکەرکان بەردوام لەو ماوەیەدا گۆرانیان دەووت وسەمایان دەکرد، دوای تەواو بوونی ئاهەنگ گەڕانەوە بۆ شوێنی حەوانەوەی بوك و زاوا لە کۆشـکی تایبەتی خۆیان، نەریت بوو دەبـوو کەسـوکاری هـەر دوولا تـا مالّـەوە ئامـادەبن کەسوکاری ئافرەتەکە لە دەرگای کۆشك ڕادەوەستان و چاوەڕوان دەبوون تـا کـەس وکاری زاوا دەهات دەبوو بە زۆر بچنە ژورەوە ئەگەر لەتوانایان نەبوایە بەزۆر بچنە ژورەوە ئەوا دەبوو بەهەزاران دیناریان پێشکەش بکردایە ئنجا زاوا دەچوە ژورەوە، بەڵام هاوڕێکانی ئەمیرسەیفەدین نەیانتوانی بەزۆر بچنە ژوروە بۆیە لە دوای نوێژی شێوانەوە پارچە قوماشێکی ئاورێشمی ڕەنگاو ڕەنگی جوانیان هێنا هەموو لایەکی قوماشەکە بە بەردی بەنرخی یاقوت و زومەڕد رازێنرابۆیەو لـە هـیچ جێگایـەك و

هیچ بۆنەیەك شتی وا جوانم نەبینی بوو هەرچەندە ئەو پۆشاکە گرانبەهایانم بینی بوو کە سوڵتان پێشکەشی زاواکانی کرد بوو وەك کوڕەکەی پاشای گەورە عیمادەدین سمنانی و کوڕەکەی شێخولئیسلام و صەدردین جیهان بوخاری بەڵام هیچیان وەك ئەوەی ئەمیر سیفەدین نەبوو .

لە کاتی گەڕانەوە هەموو کۆیلەکان وەك نەریت دوای کەژاوی بوك و زاوا کەوتن ئنجا کۆمەڵێ زۆری عەرەب ئامادە کرا بوون تا هاوڕێیەتی ئەمیر بکەن بۆ شوینی خەوتن ، نەریت بوو دیسانەوە زاوا و هاوڕێکانی بە زۆر بچنە ژورەوە زاڵبن بەسەر ئەوانەی کە هاوڕێی و کەس وکاری بوك بوون، پیش ئەوەی ئەمیر سیفەدین بچێتە شوێنی خەوتن ویستیان وەك نەریتی خۆیان تاجە گوڵینە بخنە سەری بەڵام ڕەتی کردوە چونکە ئەو عەربێکی دەشتەکی بوو شارەزای نەریتی شاهانە نەبوو ، دواتر بەزۆر تاجە گوڵینە خرایە سەری ئنجا هاوەڵەکانی ئەمیر لەگەڵ کەسوکاری بوکە کەوتنە زۆرانبازی عەربەکان بە هێزتر بوون توانیان سەرکەون و ئەمیر سیفەدین لە دەرگا چوە ژورەوە پێیان دەوت دەگاری(حەرەم) لە ژورەوە لەسەر کورسی تایبەتی ڕازاوە بە بەردی جوانی گرنبەهای مرواری و زومەڕەد دانیشت دواتر هەواڵیان گەیاندە سوڵتان کە دەستەی ئەمیر سیفەدین سەرکەوتن سوڵتان ئەوەی پێخۆش بوو بۆیە لە خۆشیدا بە ئەسپەوە هاتە ژورەوە تا گەیشتە لای ئەمیرسیفەدین هەر دووکیان سلاوی شاهانەی تایبەتی خۆیان لە یەکتری کرد لەو کاتەدا بوو بە هەراو گۆرانی ووتن و سەما کردن ئەمیر سیفەدین هەستایەوە چوە لای بوکەکەی ئەویش پەرداخێك لە ئاوی تەنبولی پێدا ئەنجا درهەمێکی زۆریان بە بەسەری هەردووکیان بۆ ئاسماندا هەڵدا خێرا خێرا ئافرتەکان هەڵیاندەگرتەوە، جگە لە گۆرانی ووتن لە ژورەوە لە دەرەوەش فو بەکەرەنادا کراو تەپڵ و دەفیش کوترا .

بۆ بەیانی ئەمیرسیفەدین دیاریەکی زۆری لە دینار و درهەم و پۆشاك بۆ هاوڕێی ژنەکەی ڕەوانەکرد سوڵتانیش بۆ هەریەکیان ئەسپێکی زینکراوی نارد لەگەڵ کیسەیەك پارە کە هەر کیسەیەك هەزار دینار یان دووسەد دیناری تێدا بوو مەلیك

فەتحوللاش پۆشاکی ئاوریشمی داپێیان بەڵام نەریت نەبوو دیار و پۆشاك بە گۆرانی بێژەکان بدرێت بەڵکو کەسوکاری زاوا خۆیان یارمەتیاندان دواتر سوڵتان ناوچەکانی مالوە و جەزرات و کنبایە ونەهروالّە پێشکەش بە ئەمیر سیفەدین کرد و ئەمیر فەتحوللاشی کردە جێگری . زۆر رێزی لە ئەمیر سیفەدین دەگرت بەڵام ئەمیر سیفەدین قەدری ئەو رێزەی نەگرد زۆر بە وشکی هەڵسوکەووتی دەکرد چونکە سروشتی دەشت زالّ بوو بەسەریدا، دوای بیست ڕۆژ لە ژن گواستەوە خۆی تۆشی نەگبەتی کرد.

باسی بەند کردنی ئەمیرسیفەدین غەدا موهەنا

دوای تێپەڕ بوونی بیست ڕۆژ بەسەر ژن گواستنەوەکەی ڕۆژێك ئەمیر سیفەدین سەردانی کۆشکی سوڵتان دەکات بەڵام سەردەستەی پاسەوانەکان کە بە (پەردەداریە)ناسرابوون رێگریان لێکرد بەڵام ئەمیرسەیفەدین ویستی بە زۆر بچێتە ژوورەوە دووبارە دەرگاکەیان بە ڕویدا داخست ئەویش تورە دەبێت یەك گۆپاڵ بەسەری ئەمیرەکەیان دەدات و خۆێن بە باڵایدا دێتە خوارەوە ئەم کەسە(سەرشاکەوە) یەکێك بوو لە خۆشەویستەکانی سوڵتان باوکی دادوەری غەزنە بوو لە نەوەی سوڵتانی ناودار (مەحمودی کوڕی سەبەکتەکین)بوو سوڵتان ئەوەندە خۆشی دەویست بە باوك بانگی دەکرد زۆریش رێزی لە کورەکەی دەگرد .

کاتێ هەواڵ دەگاتە سوڵتان ماوەیەك دۆش دادەمێنێ ئنجا دەڵێت : با دادوەر بڕیاری لەسەر بدات هەموویان ئەویان دەزانی سوڵتان لەو کاری خۆش نەدەبوو هەندێك دەیانووت سوڵتان لەسەر ئەوکاری ئەمیر سەیفەدین دەکوژێ و لێی خۆش نابێت .! بۆیە سوڵتان مەلیك (تەتر)ی ڕاسپارد کە یاوەری هەردووکیان بکات تا لای دادوەر چونکە عەرەبیەکی باشی دەزانی کاتێ دەچنە لای دادوەر پرسیار لە ئەمیرسیفەدین دەکات . پێیدەڵێ تۆ سەریت شکاندووە یان نا ؟ بۆیە دادوەر ئەو

پرسیاری لێکرد تا ئەمیرسیفەدین پاشگەزبێتەوە نکولێ لێبکات ! بەڵام ئەو هەستی بەوە نەکرد، بەڵکو بەبێمنەتی ووتی بڵێ: من لێمداوە !. ئنجا باوکی سەرشکاوەکە هات ویستی کێشەکە چارەسەر بکات بەڵام ئەمیر ئەوەی ڕەتکردوە ، بۆیە دادوەر بڕیاریدا ئەو شەوە ئەمیر لە بەندیخانەدا بمێنێتەوە .

سوێند بەخوا کەس لەترسی سوڵتان نەیدەوێرا بڵێ سەردانی دەکەم تەنانەت خێزانی ئەمیریش کە خوشکی سوڵتان بوو لە ترسا پۆشاکی بۆ نەنارد تا لە بەندیخانە پێببخەوێ ، هەندێ لە هاوڕێکانی لە ترسا مانْ و سەروەتی خۆیان بە ئەمانەت دا بە کەسانی تر .

ویستم سەردانی بکەم ووتیان : مەچۆ سوڵتان تورە دەبێت ! ئەوەیان وەبیرم هێنایەوە کاتی خۆی کە چوم بۆ سەردانی شێخ شەهابەدین ئیبن جام، سوڵتان وا تورە ببوو ویستبووی بمکوژێ وەك ئەوەی باس دەکرا . ئیتر منش نە ڕۆیشتم ! بۆ ڕۆژی دواتر و لە چێشتەنگاودا بوو ئەمیر سیفەدین لە بەندیخانە دەرکرا بەڵام سوڵتا پشت گوێی خست بوو هیچ گفتوگۆیەکی لەگەڵ نەکرد بوو .

سوڵتان زاوایەکی تری هەبوو دەڵێن: لەگەڵ خۆشکەکەی ناکۆك بوو بۆیە هەمیشە سکالاّی خۆی لای سوڵتان لێدەکرد، ئەویش بەندەکات دەڵێن: ئەم زاوایەی هیچ ڕەچەڵەکێکی نەبووە دوای ماوەیەك خوشکەکەی لە داخ وحەسرەتا دەمرێت، سوڵتانی لە بەندیخانەدا دەیهێلێتەوە ئازادی ناکات، تا ئەو ڕۆژی ئەمیرغەدا لە بەندیخانە هێنرایە دەرەوە، بەڵام سوڵتان هیچ قسەیەکی لەگەڵ نەکرد فەرمانی دەرکرد نوسی بووی : هەردووکیان لە بەندیخانە ئازاد بکەن دووریان بخەنەوە، ئەو بێباوکی دۆزراوەیە (مەبەستی زاواکە بوو کە پێشتر لە بەندیخان بوو) لەگەڵ ئەو مشك خۆرە مەبەستی ئەمیر سیفەدین بوو چونکە عەرەبی دەشتەکەی جۆر گیاندارێك دەخۆن وەك مشکە پێیدەڵێن : (یەربوع) . بۆیە کاتێ ئەمیر سیفەدین ئازد کرا ویستی لەگەڵ خێزانەکەی و سوڵتان قسەبکات بەڵام دەستەی پاسەوانی تایبەتی شاهانە ڕێگریان لێکرد ئیتر دەستی کردە گریان بەڵام سوودی نەبوو . لەو

کاتەدا منیش چوم بۆ لای سوڵتان لە ماڵەکەی خۆی ووتیان بۆ هاتوی ووتم : هاتووم تا سوڵتان پاشگەز بێتەوە ئەمیر دوور نەخاتەوە بەڵکو بینێرێ بۆ هەرێمێکی تر لەوێ ئەرکێکی تری هەبێت ووتیان: سوڵتان قایل نابێت ووتم : سەد ڕۆژی تر لە ماڵی سوڵتان دەبم هەتا سوڵتان قایل بێت و ئەمیر بگەڕێتەوە سەر کار . سوڵتان ئەوەی بیست بوو ، ئیتر دڵی نەرم بوو بڕیاریدا ببێتە جێگری ئەمیر قوبولە لاهوری، بەو شێوەیە ئەمیر سیفەدین بۆ ماوەی چوار ساڵ خزمەتی ئەمیر قوبولە بوو بۆ هەر شوێنێ بڕوایشایە ئەویش دەڕۆیشت تا بووە کەسێکی زۆر و شارەزا و پەند و عیبرەتی وەرگرت ئیدی سوڵتان گەڕاندێوە بۆ پایتەخت هەموو ئەو دەسەڵاتانەی کە پێشتر هەیبوو هەمووی بۆ گێڕایەوە بە زیاترەوە لە پێش چاوی هەموو فەرماندە سەربازێکان ڕێزی تایبەتی لێگرت و بووە کەسێکی خاوەن شکۆ

حیکایەتی بیّ نەفسی سوڵتان

جارێك گەورە پیاوێکی هیندۆسی لای دادوەر سکالاّی لە سوڵتان محەمەد کرد ووتی: سوڵتان برایەکی منی کوشتوە بەبێ هیچ هۆیەك بۆیە داوای مافی خۆمی لێ دەکەم سوڵتان بەبێ ئەوەی تووڕە ببێت کەوتەڕێ و چوە مەجلیسی دادوەر ووتی: هاتووم مافی ئەو کەسە بدەم کە سکالاّی لێ کردووم، ئەی دادوەری بەڕێز هەرچییەکی دەوێت لە مالّ پێی دەبەخشم لە تۆڵەی خوێنی براکەی، ئیتر بەو شێوەیە هیندۆسەکەی قایل کرد.

جارێك میرمندالێکی یەکێك لە پاشاکان، سکالاّی لە سوڵتان کرد کە گوایە زللەیەکی لێی داوە بەبێ هیچ هۆیەك، بۆیە سوڵتان بە دادوەری ووت: چەندێك پارەی دەوێت پێشکەشی دەکەم، ئەگەریش نایەوێت ئەوا ئامادەم بۆ سزا، میرمندالّەکە قایل نەبوو، خۆم ئەوەم بینی کە سوڵتان گۆچانەکەی دایە دەستی ووتی: فەرمو تۆڵەی خۆت وەربگرە، ئەویش بیست وێەك گۆچانێکی لێیدا خۆم بینیم کلاّوەکەی سەری کەوت.

تووڕە بوونی سوڵتان
بەرامبەر ئەوانەی کە نوێژیان پشتگوێ دەخست

سوڵتان زۆر تووڕە دەبوو گەر کەمتەرخەمی بکرایە لە نوێژەکان و بە تونـدی سزای ئەو کەسانەی ئەدا کە کەمتەرخەم بوون و نوێژیان پشتگوێ دەخست، رۆژێك نۆ کەسی کوشت لەسەر ئەوەی وازیان لە نوێژ هێنابوو، یەکێکیان گۆرانیبێژ بـوو، هەروەها هانی زانایانیشی ئەدا تا خەڵکی فێری دەسـتنوێژ هـەڵگرتن و نوێـژکردن بکەن و زانستە شەرعییەکان پێشکەشی خەڵکی بکەن هەروەك چـۆن تونـدبوو بـۆ نوێژکردن ئاواش تونـدبوو بۆ جێبـەجێ کردنـی شـەرعی خـوای مـەزن هـەر بۆیـە فەرمانیدا بە براکەی (موبارك خان) کە هەمیشە هـاوڕێی دادوەر بێـت و جێگـەی تایبەتیشی بۆ —دادوەر- تەرخان کرد و مافور و راخەری گرانبـەهای تێـدا راخـرا لەگەڵ سەرینی جوان وەك چۆن بۆ سوڵتان دەڕازێنرایەوە، تا بە شێوازێکی تـەواو و شایستە شەرعی خودا جێبەجێ بکات.

یارمەتی سوڵتان بۆ ستەملێکراوان و
هەڵگرتنی باج لەسەر خەڵکی

لە ساڵی ٧٤١ ك دا بوو، بڕیاریـدا هـەموو جـۆرە بـاج و سـەرانەیەك لەسـەر خەڵکی هەڵبگرێت تا نەبێتە بار بەسەر ژێردەستەکانیەوە بەڵکو دەبێـت تـەنها دە یەك و زەکات وەربگیرێت بۆ خۆشی هەموو رۆژێکـی دووشـەمە و پێنجشـەمە لـە کۆشك و لە دیوەخانی خۆی دادەنیشت و گوێی بۆ سکاڵای ستەملێکراوان دەگرت، رێگاش لە کەس نەدەگیرا تا بچێتە لای سوڵتان هەروەها چـوار ئـەمیری گـەورەی تەرخان کرد تا گوێ بۆ داواکاری خەڵکی بگرن، چوارەم ئەمیر کوڕە مامـەی سوڵتان

بوو بە ناوی فەیرۆز، ئەگەر یەکەمیان سکالاکەی وەرنەگرتایە ئەوا دووەم یان سێیەم یان چوارەم ئەمیریان وەریدەگرت، زۆرجاریش سوڵتان خۆی چاوی بە سکالاکاندا دەخشاندەوە.

یارمەتییەکانی بۆ خەڵکی لە کاتی گرانیدا

کاتێك گرانی و برسێتی باڵی کێشا بە سەر وڵاتی هێندستان و سندا، بە شێوازێك گوزەرانی خەڵکی تێکچو لە توانای هەندێك کەسدا نەبوو خۆراکی رۆژانەی خۆی بکرێت لەبەر گرانی تەنانەت نرخی گەنم گەیشتە شەش درهەم بۆیە سوڵتان بڕیاریدا خواردنی شەش مانگ بۆ هەر تاکێك دابین بکات جا گەورە بێت یان بچوك، ئازاد بێت یان کۆیلە بۆ ڕاپەڕاندی ئەو ئەرکە پیرۆزەش زانا و فەقیهەکان کەوتنە تۆمارکردنی ناوی خەڵکی لە هەموو شار و کوچە و کۆڵانێك.

زەبروزەنگی سوڵتان

باسی ئەوەمان کرد کە سوڵتان پیاوێکی بێ نەفس و سادە بوو و هەمیشە پشت و پەنای هەژاران و ستەملێکراوان بوو، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا کەسێکی زۆر دڵڕەق و بە زەبروزەنگ بوو بەرامبەر تاوانباران و ستەمکارەکان ئەوەم بە چاوی خۆم بینی کە جەلادەکانی سوڵتان رۆژانە سەری تاوانکاریان دەپەڕاند و کەم رۆژ هەبوو سزا جێبەجێ نەکرێت، جارێکیان لەسەر ئەسپەکەم بووم هەستم کرد ئەسپەکەم دەڕەوێتەوە و دەیحیلان، کە تەماشام کرد چەند پارچە گۆشتێکی سپی مرۆڤ لەسەر زەوی کەوتبوو، بۆم دەرکەوت ئەوە لاشەی تاوانبارێك بوو و پارچە پارچە کرابوو، رۆژانە خەڵکیان دەهێنا و لە گۆڕەپانی کۆشکی سوڵتاندا لە گەردنیان دەدرا تەنها رۆژی هەینی نەبێت کە پشویان وەردەگرت و خۆیان پاك دەکردەوە خودا بمانپارێزێت.

کوشتنی براکەی خۆی

سوڵتان محەمەد توغڵوق شاه برایەکی هەبوو بە ناوی "مەسعود خان"دایکی لە جوانترین ئافرەتەکانی دونیا بوو کچی سوڵتان عەلائەدین بوو بە تۆمەتی زینا کردن لە ناوەڕاستی بازاڕدا ئەم ئافرەتەی بەردە باران کرد و کوشتی دادوەر خۆی ئەو کارەی جێبەجێ کرد پاشان دوای ماوەیەك سوڵتان مەسعود خانی تۆمەتبار کرد بەوەی کە نیازی هەبووە بەڕوویدا بووەستێتەوە، ئەویش لە ترسا نکوڵی لێ نەکرد و دانی بە تاوانەکەدا نا لە نەریتی سوڵتان وابوو گەر کەسێکی تاوانبار نکوڵی بکردایە، هێنده سزا دەدرا ئاواتی بە مردن دەخواست، لەبەرئەوە براکەی ترسا لە سزادان بۆیە هەر زوو دانی نا بە تاوانەکەیدا، ئەویش سزای مردنی بەسەردا جێبەجێ کرد و لەو شوێنەی کە دایکی لێ رەجم کرا سەری پەڕاند، تا سێ رۆژ لاشەکەی لە گۆڕەپاندا کەوت و کەس نەیدەوێرا دەستی لێ بدات، چونکە نەریت بوو لای ئەوان.

کوشتنی سێ سەد و پەنجا پیاو لە یەک کاتژمێردا

جارێکیان سوڵتان سوپایەکی ئامادە کرد بە سەرکردایەتی یوسف پاشا بۆ جەنگ کردن لەگەڵ بێباوەڕە هیندۆسێکان لە چیاکانی دەوروبەری دهلی کاتێك کەوتنەڕێ بەشێك لەو جەنگاوەرانەی دەستنیشان کرابوون ئامادەی جەنگەکە نەبوون خۆیان حەشاردا ژمارەیان سێ سەد و پەنجا کەس بوو بۆیە یوسف پاشا نامەیەك بۆ سوڵتان رەوانە دەکات و باسی دواکەوتنی ئەو سەربازانەی تێدا کردبوو، سوڵتانش دەستبەجێ فەرمان دەردەکات بە گرتنی سەربازە هەڵهاتوکان و یەك یەك لە نێو خەڵکیدا دەیانگرێت، پاشان لە یەك کاتژمێردا لە گەردنی هەموویان درا کە ژمارەیان سێ سەد و پەنجاویەك پیاو بوون.

باسی سزادانی شێخ شەهابەدین و پاشان کوشتنی

شێخ شەهابەدین کوڕی شێخ جامی خۆراسانی بوو، لە ڕەچەڵەکدا خەڵکی شاری جامی وڵاتی خۆراسان بوو باپیرانی زانا و زانستخواز بوون و خۆشی لە گەورە زاناکانی هیندستان بوو پێگەیەکی تایبەتی هەبوو، هەمیشە لە خەڵوەتدا بوو جاری وا هەبوو چوارده ڕۆژ لە ژوورەوە سەرقاڵی پەرستش کردن دەبوو کاتێک سوڵتان "محەمەد توغلوق" دەسەڵات دەگرێتەدەست دەچێتە لای شێخ شەهابەدین و داوای لێ دەکات کە لە دەسەڵاتدا کاری دادوەری بگرێتەدەست چونکە هەمیشە زاناکان و فەقیهەکان پێگەی تایبەتیان هەبوو لای سوڵتان ئەویش داواکەی ڕەتدەکاتەوە بۆیە داوا لە "زیائەدین" دەکات کە ریشی شێخ شەهابەدین دەربهێنێت بەڵام ئەو کاره ناکات، ئینجا سوڵتان ریشی هەردووکیان دەردەهێنێت و "زیائەدین" دوور دەخاتەوە بۆ وڵاتی تەڵەنك و دوو ساڵ لە (وەرنکل) دادوەری دەگرێتە دەست و هەر لەوێش کۆچی دوایی کرد.

بەڵام "شەهابەدین" دوور دەخاتەوە بۆ (دەوڵەت ئاباد) و بۆ ماوەی حەوت ساڵ لەوێ دەمێنێتەوە، پاشان سوڵتان بانگی دەکات و ڕێزێکی زۆری لێ دەگرێت و دەیکات بە بەرپرسی دیوانی موستەخرەج هەر بەوەشەوە ناوەستێت بەڵکو داوا لە فەرمانده و ئەمیرەکان دەکات، کە لە کاتی سەردانی و پێشوازیدا سڵاوی شاهانەی لێ بکەن، پاش ماوەیەك سوڵتان بڕیار دەدات کۆشکێك بۆ خۆی دروست بکەن لەسەر ڕوباری کەنەك بە ناوی کۆشکی (بسرك دەوار) واتا بەهەشتی سەر زەوی، دواتر شێخیش داوا لە سوڵتان دەکات مۆڵەتی پێ بدات تا لە پایتەختدا بمێنێتەوە ئەویش ڕازی بوو زەوییەکی پێدا شەش میلیك لە دهلیەوە دوور بوو، ئنجا ئەشکەووتیکی لێ دروستکرد کە گەرماو و فڕن و ماڵ و خەزێنەی تێدابوو، هەروەها ئاویشی لە ڕوباری جۆنەوە بۆ ڕاکێشا و بۆ ماوەی دوو ساڵ و نیو لەوێ

مایەوە. کاتێك سوڵتان لە گەشتێك دەگەڕێتەوە و لە دوورەوە لەسەر پشتی ئاژەڵەکەی دادەبەزێت و بە گەرمی باوەش بە شێخ شەهابەدیندا دەکات و ڕێزێکی زۆری لێ دەگرێت، دوای ماوەیەك دەنێرێت بە شوێن شێخ شەهابەدیندا ئەویش لە وەڵامدا ڕەتیدەکاتەوە بچێتە لای سوڵتان و بە نێردراوەکەی دەڵێت: جارێکی تر من خزمەتی ستەمکارێکی وەك ئەو ناکەم ئەگەر لە گەردنیشم بدات.

سوڵتان زۆر تووڕە دەبێت و مەلیك "نزوربارى" ڕەوانە دەکات بۆ لای و پێی دەڵێت: خۆت باش دەزانیت سوڵتان چەند بە زەبر و زەنگە تکات لێ دەکەم لە بڕیارەکەت پاشگەزببەوە، ئەویش ڕەتیدەکاتەوە پاشگەز ببێتەوە و دەڵێت: گەر بمکوژێت پەشیمان نابمەوە چونکە ئەو کەسێی ستمکارە مەلیك دەگەڕێتەوە لای سوڵتان و ئەوەی پێ دەڵێت: کە ڕەتیدەکاتەوە بێتە کۆشك، سوڵتان فەرمان دەدات تا بە زۆر بیهێنن، کاتێك دەیهێنن سوڵتان پێی دەڵێت: تۆ بە منت ووتوە ستەمکارە؟!، شێخ شەهابەدین دەڵێت: بەڵێ تۆ ستەمکاری و ئەمەش ستەمەکانت.. چەند ستەمێکی بۆ دەژمێرێت لەوانە کوشتنی خەڵکی دهلی و ڕاگوێزانیان و چەند کارێکی تری.

سوڵتان شمشێرەکەی دەداتە دەستی "سەدروڵجهان" و پێی دەڵێت: تۆ شاهیدی بدە گەر من ستەمکارم ئەوا بەم شمشێرە سەری من بپەڕێنە، شێخ شەهابەدین دەڵێت: کەس ناتوانێت وا بە تۆ بڵێت، چونکە سزای مردنی بەسەردا جێبەجێ ئەکەیت، لە کۆتاییدا سوڵتان شێخ ڕادەستی مەلیك "نەکبیە دویداری" دەکات و چوارده ڕۆژ دەست و قاچی دەبەستێتەوە بێ خواردن و خواردنەوە، دوای ئەوە سوڵتان خواردنی بۆ ڕەوانە دەکات، دووبارە ڕەتیدەکاتەوە خواردن بخوات و دەڵێت: خوا ڕزقی منی لەسەر زەوی هەڵگرتووە، ئنجا سوڵتان دەڵێت بە زۆر خواردنی دەرخوارد بدەن، بێباوەڕە هندییەکان کە کاریان سزادان دەبێت بە زۆر خواردن و خواردنەوە دەکەن بە دەمییەوە، بۆ بەیانی هەموو زانا و مەشایەخەکان تکای لێ دەکەن کە پاشگەزببێتەوە بەڵام پاشگەز نابێتەوە سوڵتان لێی نزیك دەبێتەوە و

داوای لێ دەکات پاشگەزببێتەوە دووبارە ڕەتیدەکاتەوە پاشگەز بێتەوە، بۆیە یەك شمشێر لە گەردنی دەدات و دەستبەجێ شەهید دەبێت ڕەحمەتی خوای لێبێت.

کوشتنی زانا عەفیفەدین کاسانی و دوو فەقیهی تر

سالێك بێ بارانی بوو، سولتان فەرمانی دەرکرد بە هەڵکەندنی بیری ئاو تا بۆ کشتوکاڵ بەکاری بهێنن هەروەها تۆو و یارمەتیشی پێشکەش کردن لەسەر نەفەقەی خۆی کاتێك عەفیفەدین ئەوەی بیست ووتی: ئەو کشتوکاڵە بێ سوود دەبێت ئەم هەواڵە دەگاتەوە بە سولتان و بانگی دەکات پێی دەڵێت: بۆ قسە لەسەر کاروباری پاشا دەکەیت، ئیتر بۆ ماوەیەك زیندانی دەکات و دواتریش ئازادی دەکات، لە ڕێگا کە دەگەڕێتەوە بۆ ماڵەوە چاوی بە دوو فەقیهی هاوڕێی خۆی دەکەوێت پێی دەڵێن: سوپاس بۆ خوا رزگارت بوو، ئەویش دەڵێت: سوپاس بۆ خوا کە لە دەست ئەو ستەمکارە رزگاری کردم.

ئەم قسەیە دەبێتە ووتی ووتی تا دەگاتەوە لای سولتان، ئنجا سولتان بانگی هەرسێکیان دەکات و فەرمان ئەدات بە کوشتنی عەفیفەدین، سەربازەکانی پارچە پارچەی دەکەن و دەست و سەری و قاچی لێك دەکەنەوە، پاشان فەرمانیدا کە ئەو دووانەی تریش بکوژن ئیتر هاوار دەکەن و پێی دەڵێن: ئەو شایەنی ئەو سزایە بوو بەڵام ئێمە بۆ چ تاوانێکمان کردوە، سولتانیش لە وەڵامدا دەڵێت: ئەو قسەی کردوە و ئێوەش هیچ کامتان ڕەتی قسەی ئەوتان نەکردۆتەوە، بۆیە لە گەردنی هەر دووکیاندرا خودا لە گوناهی هەموویان خۆش بێت.

کوشتنیی دوو زانای هیندستان و سند کە لە خزمەتی سوڵتاندا بوون

سوڵتان فەرمانی دەرکرد بۆ دوو فەقیهی وڵاتی سند تا کاروباری هەندێك ناوچەی هیندستان ڕاپەڕێنن پێیانی ووت: ئەوا من ئەو ناوچانە رادەستی ئێوە دەکەم لەگەڵ ئەمیری ناوچەکە ئەو هیچ کارێك ئەنجام نادات تا ئێوە فەرمانی پێ نەکەن، ئەوانیش لە وەڵامدا ووتیان: ئێمە چاودێر دەبین بەسەرییەوە و هەرچی ڕاست و حەق بێت بۆی ڕوون دەکەینەوە تا ئەمیر لەسەری کار بکات لە وەڵامدا سوڵتان تووڕە بوو ووتی: مەبەستتان ئەوەیە مااڵ و موڵکی سوڵتان بخۆن و دواجاریش بیدەنە پاڵ ئەو لاوە تورکیە (مەبەستی ئەمیرە)ووتیان: نەخێر ئەی خاوەن جیهان (خاوەند عالەم) ئنجا فەرمانیدا بە سزادانیان لای "شێخ زادە نەهاوەندی" کە سەرپەرشتیاری سزادان بوو پێیانی ووت: سوڵتان فەرمانی کوشتنی بۆ دەرکردون بۆیە دان بە تاوانەکانتاندا بنێن، ئەوانیش نکوڵییان کرد لە تۆمەتەکان ئەویش دەستی کرد بە سزادانیان و لەسەر زەوی تەختیانی کرد و ئاسنی گەرمی بەسەر سنگیاندا هێنا و پێستیانی لە الشەیان جودا کردەوە، ئنجا میز و خۆڵیان دەکرد بەسەر برینەکانیاندا تا ئەوپەڕی ئازار بچێژن، لە کۆتاییدا دانیان نا بە تاوانەکانیان تا لەو سزا سەختە رزگاریان بێت چونکە مردن خۆشتر بوو لەو ئازارە، دواتر لە گەردنی هەردووکیان درا خودا لەوانیش خۆش بێت.

کوشتنی شێخ هود

شێخ هود زادە کوڕی وەلی و زانای بەناوبانگ ڕوکنەدینی کوڕی بەهائەدینی مۆڵتان بوو، باپیری پیاوێکی ڕێزدار بووە لای سوڵتان و براکەشی ناوی عیمادەدین بوو کەسێکی بەهێز و خاوەن دەسەاڵت بوو، کاتێك لە جەنگی کشڵۆخاندا کوژرا

دەسەلاتەکەی رادەستی براکەی واتا روکنەدین کرا سولتانیش نزیکەی سەد گوندی خستە ژێر دەسەلاتییەوە و داهات و بەروبومی هەموو ئەو ناوچانەی هەڵدەگرتەوە و بۆ خانەقا و خزمەت کردنی خۆی خەرجی دەکرد.

دوای ماوەیەك شێخ روکنەدین کۆچی دوایی دەکات و کێشە دەکەوێتە نێوان کوڕەزاکەی و برازاکەیەوە کە هەر یەکێکیان دەیویست دەسەلات بۆ خۆی وەربگرێت، هەردووکیان چونە لای سولتان دووری نێوان مۆڵتان و پایتەختی سولتان هەشتا رۆژەڕێ بوو، گوێیان بەو رێگە دوورە نەدا کاتێ چون لای بڕیاریدا دەسەلاتی شێخایەتی بدات بە کوڕەزاکەی لەسەر وەسیەتی باپیری بەو شێوەیە فەرمانی سولتانی وەرگرت، کاتێك هاتە دیوانی سولتان هەموو زانا و وتاربێژەکان چوینە پیشوازی، خۆشم لەوێ بووم، شێخ هود لەنێو کەژاوەیەکدا بوو چەند کەسێك هەڵیانگرتبوو بەڕاستی بە شتێکی ناشایستەم زانی بەو شێوەیە شێخ لە نێو ئەو کەژاوەیەدا بوو پێم باش بوو لە کاتێکدا خەڵکی پێشوازی لێ دەکەن لەسەر ئەسپ بێت، قسەکەی منیان بۆ برد و دواتر داوای لێبوردنی کرد ووتی: بە هۆی ئازارەوە بوو سواری کەژاوە بووم خوانی شاهانەی بۆ رێکخرا و وەك نەریت هەموو ئامادە بوون و هەر کەس دیاری خۆی وەرگرت لەو بڕە پارەیەی کە بۆ میوانەکان دیاریکرابوو، من دوو سەد و پەنجا دینارم وەرگرت و هەر دادوەرێکیش پێنج سەد دینار.

دوای گەڕانەوەی شێخ هود بۆ زێدی خۆی لەگەڵ نورەدین شیرازی، سولتان داوای لێکرد لە خانەقا لەسەر بەرماڵەکەی باپیری دابنێشێت، ئەویش ئەوەی ئەنجامدا، بەڵام دوای ماوەیەك "عیمادولمەلیك"ی ئەمیری ولاتی سند، نامەیەك رەوانە دەکات بۆ لای سولتان و تۆمەتباری دەکات بەوەی کە شێخ هود و کەسە نزیکەکانی سەرقاڵی دونیاپەرستین و ئەو پارانەی کە دەستیان دەکەوێت، لە خزمەتی خۆیاندا خەرجی دەکەن و بەهیچ شێوەیەك خزمەتی رێبوارانی لێ ناکەن.

سولتان داوا دەکات کە هەموو ئەو پارە و سامانەی لێ وەربگیرێتەوە، ئیتر

عیمادولمەلیك دەست دەگرێت بەسەر هەموو ئەو پارە و پولانەی کە کۆیان کردبووەوە، لەنێویدا جووتیك نەعلی ئالتونی تێدا بوو هی کچەکەی بوو دواتر شێخ هەست دەکات فشاری زۆر بۆ دێت، هەڵدێت بۆ لای تورکەکان بەڵام لە ڕێگا دەیگرن و ڕادەستی سوڵتان دەکرێت سوڵتان پێی دەڵێت: نیازت هەبوو هەڵبێیت بۆ لای تورکەکان و هانایان بۆ بەریت تا دژی ئێمە بجەنگن، بۆیە فەرمانی کوشتنی بەسەردا دراو لە گەردنیدرا.

کوشتنیی تۆغان و براکەی

تۆغان و براکەی لە گەورە کاربەدەستەکانی شاری (فەرغانە) بوون، کاتێك وەك نوێنەر ڕەوانەی لای سوڵتان دەکرێن، ڕێزی تایبەتیان لێ دەگرێت، دوای ئەوەی ماوەیەکی زۆر لەوێ دەمێننەوە داوا لە سوڵتان دەکەن کە ڕێگەیان پێ بدات بگەڕێنەوە بەڵام قایل نابێت، پیلان دادەڕێژن بۆ هەڵهاتن و کەسێکیش ئەو هەواڵە دەگەیەنێت بە سوڵتان و بانگیان دەکات، هەموو ئەو ماڵ و موڵکەی کە پێیان درابوو لێیان وەردەگرێتەوە و ئەیدەن بە هەواڵدەرەکە کە ئەوەش نەریت بوو لای ئەوان، گەر کەسێك هەواڵ لەسەر کەسێك بدات ئەوا ماڵ و موڵکەکەی دەدرێت بە ئەو کەسەی کە هەواڵەکە دەهێنێت و کەسی تاوانباریش سزای مەرگی بەسەردا دەسەپێندرا، بۆیە هەردووکیان لە ناوەڕاستەوە بە شمشێر کەرت کران.

باسی وێرانکارییەکانی سوڵتان محەمەد توغڵوق لە شاری دهلی

لە گەورترین ئەو وێرانکارییانەی کە سوڵتان محەمەد ئەنجامیدا، خاپورکردنی شاری دهلی بوو هۆکارەکەشی بۆ ئەوە بوو کە دهلییەکان نامەیان دەنووسی و لە گۆڕەپانی کۆشکی سوڵتان فڕێیان دەدا و لێیان دەنووسی با تەنها سوڵتان

بیخوێنێتەوە، کاتێکیش سوڵتان نامەی دەکردەوە پڕبوو لە جنێو و قسەی ناشیرین بە خۆی و داروودەستەکەی، ئەویش فەرمانیدا بە دانیشتوانی شارەکە دەبێت هەموو خانووەکانیان بفرۆشن بە سوڵتان و هەموو خاوەن مااڵێك پارەی خانووەکەی خۆی وەرگرت، ئنجا بڕیاری دەرکرد کە دەبێت هەموو دهلی بەجێبهێڵن و بڕۆن بۆ (دەوڵەت ئاباد)، تا سێ ڕۆژ هیچ کەس لە شاردا نەمێنێتەوە، ئیتر هەموو شاریان جێهێشت و تەنها کۆمەڵێکی کەم خۆیان حەشاردا بوو.

دوو کەسیان دەستگیر کرد کە نەڕۆیشتبوون، یەکێکیان کوێر بوو ئەویتریان شەل، ئەوەی شەل بوو بە زیندوویی فڕێیاندایە ناو مەنجەنیقەوە کوێرەکەشیان بە دوای گالیسکەوە بەست و رایانکێشا تا دەوڵەت ئاباد دەڵێن: کاتێك گەیشتنە ئەوێ پارچە پارچە ببوو بەو شێوەیە شار چۆڵ بوو کەسی تێدا نەما جگە لە سوڵتان و سەربازەکانی نەبێت جارێکیان سوڵتان لە ئێوارانێکی درەنگدا دەچێتە سەر کۆشکەکەی و تەماشای شار دەکات نە ئاگر دیارە نە چرا و نە روناکی ئنجا دەڵێت: ئێستا دڵم ئاسودەیە کە هیچ کەس نابینم لەم شاردا، بەو شێوەیە دار و بەردی شاری دهلی بەسەریەکدا وێرانکرد، دوای ماوەیەك نامە ڕەوانە دەکات بۆ هەموو شار و گوندەکان کە بێن بۆ ئاوەدان کردنەوەی دهلی، بەاڵم چونکە گەورە بوو هەر بە تەواوەتی ئاوەدان نەکرایەوە.!

زۆر باسی ئەم سوڵتانەمان کرد، ئنجا کاتی ئەوە هاتووە باسی هەندێك ڕووداو بکەین، کە لە سەردەمی ئەودا ڕوویانداوە .

یەکەم: جەنگی سوڵتان لەگەڵ بەهائەدور پور

کاتێك سوڵتان محەمەد توغلوق لە دوای باوکی دەسەاڵتی گرتەدەست، خەڵکی هەموو بەیعەتیان پێدا، ئنجا سوڵتان بانگی "غەیاسەدین بەهائەدور"ی کرد، کە پێشتر بەدیل گیرا بوو، ئازادی کرد و پاداشتێکی باشی دایەوە لە ئەسپ و فیل و ماڵ و دارایی، هەروەها ئیبراهیم خانی برازای خۆشی لەگەڵدا ڕەوانەکرد تا

بگەڕێتەوە بۆ زێدی خۆی، جگە لەو هەموو پاداشتە پەیمانیشی پێدا کە ولاتەکەی لە ژێر چاودێری هەردوولابێت و سکەی پارەش بە ناوییەوە لێ بدرێت، هەروەها ناوی لە وتاری هەینیدا بخوێندرێتەوە، لە بەرامبەردا دەبێت غەیاسەدین محەمەدی کوڕی کە بە (بربات) ناسرابوو وەك بارمتە رەوانەی لای سولتان محەمەد توغلوق بکات سەرتا قایل بوو بەلام کاتێ گەڕایەوە زێدی خۆی ئەوەی نەکرد و نامەی رەوانە کرد کە کوڕەکەی ئەو کارە ناکات و قسەی نا بەجێی زۆریشی کرد بوو بۆیە سولتان سوپایەکی بەهێزی بە سەرکردایەتی "دولجی تەتەری"ڕەوانەکرد بۆ لای ئیبراهیم خانی برازای دواتر هەردووکیان یەککیان گرت و کەوتنە جەنگکردن لەگەڵ غەیاسەدین بەهائەدور پور دوای شەڕێکی قورس سوپای غەیاسەدین بە دژواری تێکشکا و خۆشی کوژرا و هەناویان دەرهێنا و پڕیان کرد لە کا و بە ولاتدا گڕیاندا تا ببێتە پەند وعیبەرەت .

شۆڕشی پورزاکەی سولتان

"بەهائەدین کوشت ئەسپ" خوشکەزای سولتان توغلوق بوو پیاوێکی ئازاو قارەمانن بوو کاتێك سولتان کۆچی دوایی کرد قایل نەبوو بەیعەت بدات بە کوڕەکەی واتا محەمەد توغلوق، ئەویش بە سوپایەکی مەزنەوە هێرشی کردە سەری، لە سوپاکەیدا کۆمەڵێك ئەمیری مەزن رەوانە دەکات لەوانە: مەلیك موجیر و خواجە جیهان ئەمیر، لە جەنگەکەدا شەڕێکی قورس لە نێوان هەردوو سوپاکە روودەدات و دوای خۆڕاگرتنی هەردوولا بۆ ماوەیەك، لە کۆتاییدا سوپاکەی بەهائەدین دەشکێت و خۆشی هەڵدێت بۆ لای پاشای هیندیە بێباوەڕەکان کە ناوی رائی کەنبیلە دەبێت رائی واتا: پاشا کەنبیلە: ناوی ئەو هەرێمەیە کە تێایدا نیشتەجێ بوون، ئەم هۆزە لە چیا سەختەکاندا دەژیان و پاشاکەیان لە بەهێزترین پاشا بێباوەڕەکانی ولاتی هیندستان بوو. کاتێك بەهائەدین پەنای بۆ دەبات، ئەویش دالدەی دەدات و سوپاکەی محەمەد توغلوق گەمارۆیان دەدات و دۆخیان

خراپ دەبێت و هیچ جۆرە خۆراکێکیان لا نامێنێت، لەگەڵ ئەوەشدا بەهائەدین رادەست ناکات و پێی دەڵێت: خۆت دەبینی دۆخمان چەندە خراپە بڕۆ بۆ لای پاشایەکی تر ئەو دەتپارێزێت کە ئەویش هەر بێباوەڕ دەبێت و چەند کەسێکی خۆشی لەگەڵدا ڕەوانە دەکات.

دواتر پاشا ڕائی کەنبیلە فەرمان دەدات کە ئاگرێکی مەزن بکەنەوە، ئەوانیش ئەو کارە دەکەن و ئنجا هەموو مااڵ و پێداویستییەکانی خۆیان دەسووتینن و فەرمان بە ژن و کچەکانی دەکات کە هەمووان خۆیان فڕێ بدەنە ئاگرەکەوە، ئەوانیش ئەوە دەکەن و لە کۆتاییشدا سوڵتان بە ڕۆنی (سەندل)خۆی چەور دەکات و بە کەرەستە جەنگیەکانیەوە خۆی فڕێدەداتە نێو ئاگرەکەوە و کۆتایی بە ژیانی خۆی دەهێنێت و هەندێك لە دارودەستەکەشی ئەوە دەکەن و ئەوانەی کە خۆیان نەسوتاند کەوتنە جەنگ کردن لەگەڵ سوپاکەی توغڵوق، کۆمەڵێکیان کوژران و کۆمەڵێکی تریان بە دیل گیران لە ناویاندا یانزە کوڕی ڕای کەنبیلەی تێدا بوو، سوڵتان ڕێزی گرتن و هەموو بوون بە مسوڵمان دوای ماوەیەکی کەم بوون بە ئەمیر و دەسەاڵتدار سوڵتان پلەی تایبەتی پێدان لەبەر قارمانێتی باوکیاندا من خۆم "بەختیار و نەسر و موهردار"م لە لای سوڵتان بینیوە ئاشنایەتیشم لەگەڵ موهردار هەبوو.

سوپای سوڵتان بەردەوام بوو لە ڕاوەدونانی بەهائەدین، کاتێك سوپا گەیشتە بەر دەرگای پاشایەکی تری بێباوەڕەکان کە بەهائەدین دوای ڕائی کەنبیلە پەنای بۆ برد ووتی: من وەك ڕای کەنبیلەم پێناکرێت و ناتوانم بەرگری لە بەهائەدین بکەم، بۆیە خێرا قایل دەبێت و دەستبەجێ ڕادەستی سوپای توغڵوقی دەکات و بە دەست و پێی بەستراو ڕادەستی سوڵتان محەمەد کرا، بە ناو خەڵکیدا گڕی ئەدەن و هەموو دانیشتوانی ناوچەکان بەردەبارنی دەکەن، ئنجا سوڵتان فەرمانی بۆ دەرئەکات کە پێستی لە گۆشتەکەی لەشی دادەمااڵن و لەگەڵ برنجدا دەیکەن بە خواردن و ڕەوانەی دەکەن بۆ کوڕەکانی ئەوەشی مایەوە فڕێیاندایە بەردەستی فیلەکان بەاڵم

فیلەکان نەیانخوارد جگە لەوەش سکیان هەڵدڕی و پڕیان لە کا کرد و لەگەڵ تەرمی بەهائەدوردا بە ولاتدا گریاندا تا گەیشتنە ولاتی سند.

لەوێ کشلوخان ئەمیری گەورە فەرمان دەرئەکات کە هەردووکیان بنێژرێن، ئەو کارەی کشلوخان سوڵتانی تووڕە کرد، هەرچەندە کشلوخان جێگای باوەڕی سوڵتان بوو بە مامە بانگی دەکرد هەر کاتێکیش کەژاوەی بگەڕایەتەوە خۆی پێشوازی لێ دەکرد و کەسێکی مەزن بوو لای سوڵتان، بەڵام بەو کارەی دڵی رەنجاند و بڕیاریدا تۆڵەی لێ بکاتەوە.

شەڕی کشلو خان و کوژرانی

کشلوخان هەستی کرد کە سوڵتان تووڕەیە و تۆڵەی ئەو کارەی لێ دەکاتەوە بۆیە خۆی بۆ جەنگ ئامادە کرد و سوپایەکی گەورەی پێکەوەنا و نامەی بۆ ناوچەکانی ئەفغان و خۆراسان و تورکەکان نارد تا یارمەتی پێشکەش بکەن، ئەوانیش ژمارەیەکی زۆری سەربازیان رەوانە کرد تا وایلێهات سوپای کشلوخان زیاتر بوو لە سوپاکەی سوڵتان محەمەد توغلۆق، هەردوولا لە بیابانی (ئەبو هەڕە) کە دوو رۆژەڕێ لە موڵتانەوە دوور بوو بەرامبەر یەك وەستان و هێندەی نەخایاند جەنگ دەستی پێکرد.

سوڵتان لە جێگای خۆی عیمادەدینی برای روکنەدین مۆڵتانی دانا کە لە شکڵ و شێوەدا وەك سوڵتان وابوو تا سەرکردایەتی ئەو بەشەی سوڵتان بکات خۆشی بە چوار هەزار جەنگاوەرەوە هێرشی کردە سەر کشلوخان و دەستە تایبەتەکەی، شەڕ گەرم بوو لەو لاشەوە بەشێکی تری سوپاکەی کشلوخان بە تونـدی هێرشیان بـردە سەر عیمادەدین و سەربازەکانی و توانییان عیمادەدین بکوژن لەوان وایـە سـوڵتان توغلۆقە هەواڵ بڵاوبوەوە کە سوڵتان کوژراوە ئەمەش وایکرد سوپای کشلوخان بـە تاڵانییەوە سەرقاڵ بن و ئاگاداری سەرکردەکەی خۆیان نـەبوون بۆیـە توغلـوق بـە

ئاسانی خۆی گەیاندە کشلوخان و سەری پەڕاند.

کوژرانی کشلۆخان سەربازەکانی شلەژاند و هێندەی نەبرد تێکشکان و ئەوانەی مانەوە هەڵهاتن و سوڵتانیش بە سوپاوە خۆی کرد بە شاری مۆڵتاندا و دادوەری بەدیل گرت و فەرمانیدا دەستبەجێ پێستەکەی لە لاشەی جودا بکرێتەوە، کەوڵیان کرد و ئنجا سەری کشلۆ خان بە قەلای شاردا هەڵواسرا، کاتێك چومە مۆڵتان خۆم سەری کشلوخانم بینی بە قەلادا هەڵواسرا بوو هەروەها لە تۆڵەی کوژرانی عیمادەدین، سوڵتان سەد گوندی پێشکەش بە شێخ روکنەدینی برای و عیمادەدینی کوڕی کرد، تا داهاتەکەی بۆ خۆیان و خانەقا خەرج بکەن.

دوای ئەو جەنگە سوڵتان فەرمانی دەرکرد بۆ ئەمیر خواجە جیهان تا خۆی بگەیەنێتە شاری (کەمال پور) کە شارێکی مەزن بوو لەسەر رۆخی دەریا خەڵکەکەی سەرپێچی سوڵتانیان کردبوو ئەمیر چوە شارەوە دادوەر و وتاربێژی بە دیل گرت ئنجا فەرمانی دەرکرد بە دامالینی پێستی هەردووکیان ووتیان: ئەمیر داوات لێ دەکەین بە شێوازێکی تر بمانکوژیت تکایە، لە وەڵامدا ووتی: سوڵتان بۆچی سزای بۆ ئێوە دەکردوە؟ ووتیان: چونکە سەرپێچیمان کرد ئەویش ووتی: کەواتا منیش ناتوانم سەرپێچی سوڵتان بکەم، بۆیە فەرمانیدا بە جەلادەکان هەردووکیان کەوڵکران، دوای ئەم رووداوانە ولاتی سند بە تەواوی کەوتە ژێر رکێفی سوڵتانەوە.

رووداوەکانی چیای قەراجیل

زنجیرە چیای قەراجیل[1] سێ مانگەڕێ درێژە دووربیەکەشی لە دهلیەوە دە رۆژە، دانیشتوانی قەد پاڵی چیاکە هەموو بێباوەڕ بوون پاشاکەیان لە بەهێزترین پاشای بێباوەڕەکان بوو، سوڵتان "ئەمیر دویداری" راسپارد بە سوپایەکەوە هێرش بکاتە سەر ئەو ناوچەیە، ئەویش بە سەد هەزار سەربازەوە هێرشی کردە سەریان و سەرەتا هەموو ئەو گوند و ناوچانەی کە لە قەدپاڵی چیاکە بوون کەوتنە ژێر دەستی، لەوانە شاری (جیدیە) ئەوەی کوژرا کوژرا و هەندێك بەدیل گیران و بەشێکیش خاپوور کران، پاشای بێباوەڕەکان ماڵ و سامانی خۆی بەجێهێشت و هەڵهات بۆ لوتکەی چیاکە، تەنها ڕێگەیەك هەبوو مرۆڤ پێیدا تێپەڕ بێت هێندە سەخت بوو، سوپای مسوڵمانان دوایان کەوتن و شاری (وەرنکەڵ)یشیان گرت، نامەیان بۆ سوڵتان نارد و هەواڵی گرتنی ئەو شارەیان پێدا، ئەویش دادوەر و وتارێژی بۆیان ڕەوانە کرد و داوای لێبان کرد ئەو شارە بکەن بە سەربازگەی خۆیان.

کاتێك وەرزی باران هات، نەخۆشی و پەتا لە ناو سەربازەکانیان تەشەنەی سەند و کۆمەڵێك جەنگاوەر مردن و ئەسپێکی زۆریش لەناوچون، دووبارە نامەیان ڕەوانە کرد بۆ سوڵتان، کە ئەم وەرزە ئەگەر لەوێ بمێننەوە سەربازێکی زۆر دەمرێت، چونکە وەرزی باران بارینە بۆیە داوایان کرد رازی بێت تا بگەڕێنەوە بۆ دامێنی چیاکە، سوڵتانیش رازی بوو، کاتێك گەڕانەوە بێباوەڕەکان دوایان کەوتن و لەسەری چیاکەوە داریان دەبڕی و فرێیاندەدایە خوارەوە ئەوەش بووە هۆی کوژرانی جەنگاوەرێکی زۆر ئیدی بێباوەرەکان ئەسپ و کەرەستەیەکی زۆر دەکەوێتە

---

[1] زنجیرە چیاکانی هیمالایەیە، وڵاتی نیپال دەکەوێتە نێو سنووری نەو زنجیرە چیایانەوە. (تحفة النظار بشرح طلال الحرب، ص ٤٩٧)

بەردەستیان، هەموو ئەوانەی باسمانکرد بوونە هۆی لاوازبوونی سوپای سوڵتان، بۆیە بە ناچاری سوڵتان پەیمانی سوڵحی لەگەڵ بێباوەڕەکاندا بەست و لە بەرامبەردا بێباوەڕەکان بەڵێنیاندا کە باج و سەرانە پێشکەش بە سوڵتان بکەن، چونکە بە بێ رازی بوونی ئەو نەیاندەتوانی شوێنەکانی خۆیان ئاوەدان بکەنەوە.

باسی جەنگ کردن لەگەل شەریف جەلالەدین پاشای ولاّتی مەعبەر و کوشتنی خوشکەزاکەی وەزیر خواجە جیهان

سوڵتان فەرمانی دەرکرد بۆ پاشای ولاّتی مەعبەر کە شەریف جەلالەدین ئەحسەن شا بوو، ئەویش فەرمانەکەی رەتکردوە و نوێنەرەکانی سوڵتانی کوشت و بانگەشەی ئەوەی کرد کە خۆی خاوەنی هێز و دەسەلاّتە و دراوی تایبەتی دروستکرد و ناوی خۆی تێدا هەڵکۆڵی، لە دیوێکی دراوەکەدا نوسرابوو: ((سلالة طه و یس، ابو الفقراء والمساکین)) لە دیوێکی تری دراوەکە نوسرابوو: ((الواثق بتأیید الرحمن احسن شاه السلطان)) .

سوڵتان هەستی بەوە کرد کە پاشای مەعبەر نیازی جەنگی هەیە، بۆیە سوپایەکی پێکەوەنا و دەرچو بۆ ناوچەیەك کە پێیان دەوت (کۆشك زێر) بۆ ماوەی هەشت رۆژ لەوێ مایەوە تا پێداویستییەکانی جێبەجێ بکات، لەو کاتەدا بوو خوشکەزاکەی ئەمیر خواجە جیهان کە کەسێکی ئازا و قارەمان بوو، لەگەڵ چوار ئەمیری تر دا بە دەست بەستراوی رەوانەی لای سوڵتان کران، ئەمانە نیازیان وابوو لە کاتی دەرچون بۆ نوێژی هەینی ئەمیر خواجە جیهان بکوژن و هەموو ئەو مالّ و داهاتەی لە ژێر دەستیدا بوو کە تەرخان کرابوو بۆ جەنگ بیبەن و هەڵبێن بۆ لای پاشای ولاّتی مەعبەر، چونکە پێشتر سوڵتان خواجە جیهانی بە سوپایەکەوە رەوانە کردبوو لە ناوچەی (زەهار) بوون کە بیست و چوار رۆژ لە پایتەختەوە دوور بوو یەکێك لەوانەی لەگەڵیاندا بوو هەوالّەکەی دەگەیەنێتە وەزیر "خواجە" کەسەکە

ناوی مەلیك"نوسرە حاجیب" بوو پێیدەڵێ: خۆشکەزاکەت نیازی کەتنی هەیە بەو بەڵگەیەی خۆی و هاوڕێکانی لەژێر پۆشاکەوە قەڵغانیان بەستووە ئەوانیش بە خێرایی دەستگیریان دەکەن تەماشا دەکەن هەموو قەڵغانیان پۆشیوە بۆیە ڕەوانەی پایتەختیان دەکەن.

ئەوکات خۆم لەوێ بووم یەکێکیان ریشێکی درێژی هەبوو لە ترسا هەڵدەلەرزی و سورەتی یاسینی دەخوێندەوە سوڵتان فەرمانیدا کە فڕێیان بدەن بۆ ژێر قاچی فیلەکان کە تایبەت کرابوون بە کوشتنی مرۆڤ و ڕاهێنانیان پێکرابوو، هەر فیلێك قاچی تیغێکی ئاسنی تیژی بۆ دروستکرابوو (وەك گاسنی زەوی کێڵان ـ وەرگێر) سەرەتا فیلەکە بە لووتی مرۆڤەکەی هەڵدەگرت و دەیدا بە زەویدا و پاشان ئەگەر فەرمان بە فیلەکان بکرایە بە قاچەکانی پارچە پارچەی دەکرد، ئەگەریش فەرمان بدرایە تەنها بە قاچەکانی تاوانبارەکەی دەکوشت و لەتی نەدەکرد دیمەنێکی ترسناکی هەبوو هەموو بەو شێوازە کوژران جگە لە خوشکەزاکەی خواجە جیهان نەبێت کە ڕادەستی خاڵی کرا و ئەویش کوشتی، ئەوەم بینی تەرمی کوژراوەکان بە دەمی سەگەوە بوون، دواتر فەرمان درا سکیان هەڵدڕاو پڕ لە کا کران پاشان سوڵتان کەوتەڕێ تا گەیشتە دەوڵەت ئاباد، ئەمیر هەلاجون بەو کارەی سوڵتان تووڕە دەبێت، ئەم هەواڵە دەگاتە ئەمیر خواجە جیهان، کە ئەوکات گەڕابووەوە و لە پایتەخت بوو.

باسی جەنگی هەلاجون

کاتێك سوڵتان و سوپاکەی دەچێتە دەوڵەت ئاباد و لە پایتەخت دوور دەکەوێتەوە هەلاجون لە شاری لاهور دەبێت و دەستەکات بە شۆرشکردن و خۆئامادەکردن بۆ جەنگ چونکە بانگەشەی پاشایەتی کرد و ئەمیر "قولنجەد"یش کردە وەزیری خۆی، بۆیە هەر زوو هەواڵە گەیشتە وەزیر خواجە جیهان خێرا دەستی کرد بە کۆکردنەوەی سوپا لە خۆراسانێکان ئەو کات من لە

دهلی بووم، هەندێك له خزمەتکارەکانی منیش لەگەڵیدا بەڕێکەوتن، سوپاکەی بە سەرکردایەتی دوو ئەمیر ڕەوانە کرد، یەکێکیان ناوی قەیران مەلیك سەفدار بوو واتا: ڕێکخەری سوپا، ئەوەی تریان ناوی: مەلیك تەیمور شەربەدار بوو واتا: ئاوگێڕ.

جەنگ دەستیپێکرد و هەردوو سوپا لە ڕۆخی دۆڵێکدا بەیەك گەیشتن، لەو شەڕەدا هەلاجون تێکشکا و هەڵهات جەنگاوەرێکی زۆریش کوژرا و کۆمەڵێکی تریش لە ڕووباردا خنکان یەکێك لە وەزیرەکانی سوڵتان توغڵوق ناوی محەمەد نەجیب بوو پێشیان دەوت: ئەجدەر مەلیك یان سەگ سوڵتان واتا: سەگەکەی سوڵتان، چونکە زۆر دڵڕەق و جەلاد بوو، دەستی کرد بە کوشتنی دانیشتووانی شار و خەڵکێکی بێشوماری کوشت دوای ئەو شەڕە وەزیر خواجە جیهان کەوتە تۆڵەسەندنەوە لەو کەسانەی کە خۆیان شاردبوەوە و لە جەنگەکە دواکەوتبوون کۆمەڵێك خەڵکی زۆری ڕەوانەی بەندیخانە کرد، کە سێ سەد ئافرەتیان تێدا بوو یەکێك لە فەقیهەکان خێزانی لەنێو بەندکراوەکاندا بوو هەر لە بەندیخانە لەگەڵیدا جووت بوو منداڵیشی لەوێ بوو !.

باسی بلاوبوونەوەی پەتا لە سەربازگەی سوڵتاندا

کاتێك سوڵتان گەیشتە شاری (بەدرە کوت) کە بە یەکەم ناوچەی تەلینك دەژمێردرا و دووری نێوان ئەم ناوچەیە و ولاتی مەعبەر سێ مانگەڕێ بوو، نەخۆشی و دەرد و پەتا لە سەربازگەی سوڵتان بلاوبوەوە و جەنگاوەرێکی زۆر لە کۆیلە و مەمالیکەکان لەناوچون لەگەڵ کۆمەڵێك لە ئەمیر و فەرماندە سەربازییەکاندا لەوانە: مەلیك دەوڵەت شا، کە ئەم کەسە لە دڵی سوڵتاندا جێگەی تایبەتی خۆی هەبوو بە مامە بانگی دەکرد، هەروەها ئەمیر "عەبدوڵڵا هەرەوی"یش وەفاتی کرد کە ئەو کەسە بوو پێشتر باسمانکردوە کە سوڵتان پێی ووت: هەر چەندێك دەتوانی لە مالّ و سامان لە خەزێنەدا هەڵیبگرە و بۆ خۆت بێت.

دوای ئەو کارەساتە سوڵتان هەستی کرد سوپاکەی لاواز بووە، بۆیە بڕیاریدا بە زوترین کات بگەڕێتەوە بۆ دەوڵەت ئاباد، ئەمەش وایکرد هەندێك پاشای ناوچەکان لە فەرمانی سوڵتان دەربچن و پەیمانەکانی خۆیان شکاند و ئەوەندەی نەمابوو سوڵتان جڵەوی فەرمانڕەوایی لە ژێر دەستی دەربچێت بەڵام ویستی خوا وابوو دووبارە بە تونديی دەستبگرێتەوە بەسەر دەسەڵاتدا.

دەنگۆی مردنی سوڵتان و ڕاکردنی مەلیک هۆشەنگ

کاتێك سوڵتان گەڕایەوە بۆ دەوڵەت ئاباد، لە ڕێگا نەخۆش کەوت و دەنگۆی مردنی بە هەرێمەکاندا بڵاوبوەوە فیتنە و ئاشوب باڵی کێشا بەسەر وڵاتدا، پێش گەیشتنی سوڵتان بە دەوڵەت ئاباد، "مەلیك هۆشەنگی کوڕی کەمالەدین کەرك"ی پاشای دەوڵەت ئاباد هەڵهات و خۆی گەیاندە لای پاشای بێباوەڕەکان ناوی "بوربورە" بوو لە چیاکاندا جێگای سەخت و پارێزراوی هەبوو دەکەوتە نێوان (دەوڵەت ئاباد) و (کۆکن تانە) پێشتر مەلیك هۆشەنگ بڕیاری دابوو کە هیچ کات لە دوای سوڵتان بەیعەت بە کەسی تر نەدات گەر لە ژیاندا بێت یان نا.

سوڵتان گەیشتە دەوڵەت ئاباد و ئاگادار بوەوە کە مەلیك هۆشەنگ هەڵهاتوە بۆ لای پاشای بێباوەڕەکان، لە ترسی هەڵگیرسانی ئاشوبی زیاتر بە ناچاری کەوتە دوای تا دەستگیری بکات، کاتێك سوپای سوڵتان لە بێباوەڕەکان نزیکبونەوە نامەیان نارد و داوایان لێیان کرد تا هۆشەنگیان رادەست بکەن، بەڵام پاشای بێباوەڕەکان ئەو داوایەی ڕەتکردەوە ووتی: ئەگەر چارەنوسم وەك "رای کنبیلەی" لێبێت رادەستانی ناکەمەوە، ئەمە وایکرد هۆشەنگ بترسێت بۆیە نامەیەکی بۆ سوڵتان نارد و داوای لێکرد گەر تۆ دەوڵەت ئابادت جێهێشت و قتڵوخانی مامۆستای لەوێ مایەوە ئەوا من دەگەڕێمەوە بۆ شار و پەیمانی ئەمان لەو وەردەگرم، سوڵتان رازی بوو و دوڵەت ئابادی جێهێشت و گەڕایەوە، دواتریش

هۆشەنگ گەڕایەوە لای قتڵوخان و پەیمانی لە سوڵتان وەرگرت کە تۆڵەی لێ وەرنەگرێتەوە، پاش ماوەیەك بە خۆی و ماڵ و منداڵ و خزمەتکارەکانێوە چوە لای سوڵتان و وەك نیازپاکی عەباکەی خۆی پێشکەش بە سوڵتان کرد ئەویش رێزێکی تایبەتی لێگرت.

ئەم ئاشتەوایە فەزڵەکەی دەگەڕێتەوە بۆ قتڵوخان، چونکە کەسێکی راستگۆ و خاوەن پەیمان بوو هەموو کەس خۆشی دەویست، سوڵتانیش زۆر ڕێزی لێدەگرت وبە مامۆستای خۆی دەزانی، وەك رێزێك لەبەری هەڵدەسا یەکێك لە سیفەتە جوانەکانی قتڵوخان ئەوە بوو هەژارو بێکەسەکانی خۆش دەویست و هەمیشە یارمەتیانی دەکرد .

هەوڵەکانی شەریف ئیبراهیم بۆ وەرگرتنی دەسەلآت

شەریف ئیبراهیم ناسرا بوو بە (خەریتەدار)چونکە لە مالّی سوڵتان خاوەن پێنوس و کاغەز بوو هەروەها والی ناوچەی سرستی و حانسی بوو، باوکیشی کار بەدەست بوو لای پاشای مەعبەر ئەحسەن شا، کاتێك هەوالّی مردنی سوڵتان تەشەنەی کرد، ئارەزووی دەسەلآت گرتنە دەستی کرد پیاوێکی روخسار جوان و ئازا بوو خوشکەکەی ناوی"حۆری نەسەب" بوو ئافرەتێکی دیندار بوو هەمیشە سەرقالّی یادی خودا بوو، داوای هاوسەرگیریم لێکرد رازی بوو، پاش ماوەیەك مارەیم بڕی و گواستمەوە و کچێکم لێی بوو، بەلآم لێیان دابڕام و نازانم چییان بەسەرهات خۆیندەواری دەزانی بەلآم نەیدەزانی بنووسێت. کاتێك ئیبراهیم ویستی هەلّبگەڕێتەوە و دەست بگرێت بەسەر دەسەلآتدا، رۆژێك یەکێك لە ئەمیرەکانی سوڵتان بە مالّ و سامانێکی زۆرەوە بەلایدا تێپەڕ دەبێت و دەیەوێت بگەڕێتەوە بۆ دهلی ئەویش پێی دەڵێت:ڕێگا خراپە لێرە پشو بدە دواتر کە رێگا باشتر بوو خۆم دەتگەیەنم شوێنی مەبەست، بەلآم نیازی هەبوو سوڵتان بمرێت و دەست بگرێت

بەسەر ئەو بڕە پارەیەی کە پێی بوو بەڵام کاتێك هەواڵی باش بوونی سوڵتانیان پێگەیشت، ئنجا ئەو ئەمیرە ئازاد دەکات کە ناوی "زیائولەلیك" دەبێت. دوای ئەوەی سوڵتان بۆ ماوەی دوو ساڵ و نیو لە پایتەخت دوور دەکەوێتەوە و دەگەڕێتەوە، بەو بۆنەیەوە شەریف ئیبراهیم سەردانی دەکات و یەکێك لە خزمەتکارەکانی ئەو هەواڵە دەگەیەنێت بە سوڵتان کە شەریف ئیبراهیم نیازی هەبووە دوای بیستنی مردنی تۆ دەست بگرێت بەسەر دەسەڵاتدا سوڵتان دەیویست خێرا سزای مردنی بەسەردا بدات بەڵام دواتر هەڵوێستی خۆی گۆڕی ویستی لە کاتێکی تردا بیکوژێت.

رۆژێك ئاسکێك بۆ سوڵتان دەهێنێت و سوڵتان پێی دەڵێت: ئەم ئاسکە جوان سەر نەبڕاوە ئەویش لە وەڵامدا دەڵێت: جوان سەربڕاوە و من گۆشتەکەی دەخۆم، ئنجا سوڵتان ئەوەی پێ دەڵێت کە نیازی چی هەبووە لە وەڵامدا نکوڵی لێ ناکات و دان بەوەدا دەنێت کە نیازی هەبووە دەست بگرێت بەسەر ئەو مااڵ و پارەیەی کە لە لای زیائولەلیك بوو ئەیزانی گەر نکۆڵی بکات ئەوا سزای قورستر دەدرێت، ئەوەشی دەزانی بە هۆی باوکێوە دەبێت سزای خۆی وەرگرێ چونکە باوکی کەسێکی نزیك بوو لە پاشای ولاتی مەعبەر ئیتر سوڵتان فەرمانیدا بە شمشێر دوو کەرتیان کرد و لاشەکەیان فڕێدایە جێگایەکی تایبەت ئەوەش نەریت بوو لای ئەوان دوای سێ رۆژ هیندیە بێباوەڕەکان لاشەکانیان رادەکێشا و فڕێیان ئەدایە نیو چاڵێکی قوڵەوە خۆشیان لە نزیکی ئەو چاڵە دادەنیشتن تا خاوەن مردووەکە تەرمەکە نەدزێت، هەندێ جاریش بە چەند دینارێك تەرمەکەیان دەکڕییەوە، کەسە نزیکەکانی شەریف ئیبراهیم تەرمەکەیان کڕییەوە و بە خاکیان سپارد رەحمەتی خوای لێبێت.

خۆڵ شمەکەکانی خۆیان دادە پۆشی تا ئاگر نەگرێت جار جاریش بە هۆی ئاگرکەوتنەوە دەسووتا، ئەوکات منیش تازە گەیشتبوومە هەوارگەی سوڵتان.

سوڵتان لە بەشی رۆژئاوای ڕوباری کەنەک باری خست جێگایەکی وشک و بێ پیت بوو، بەڵام بەشی رۆژهەڵاتی شوێنێکی بەپیت بوو ئەمە وایکرد سوڵتان بەشێك لە ئەسپ و فیل و هێسترەکانی رەوانە بکات بۆ بەشی رۆژهەڵاتی کە ئەمیرەکەی ناوی عەینولەلیکی کوڕی ماهیر بوو ناوچەکانی زەفەر ئاباد و شاری لەکنۆ و چەند ئاوەدانیەکی تر لە ژێر دەستیدا بوون، کاتێك سوڵتان فیل و ئەسپەکانی رەوانە کرد، داوای لێکرد ئاگاداریان بێت و چاودێریان بکات.

بەڵام ئەو نیازێکی تری بۆ دروستبوو لەگەڵ براکانی رێککەوتن دەست بگرن بەسەریدا و یاخی بوونی خۆیان لە سوڵتان رابگەیەنن، چوار براکەشی ناویان "شەهرووڵاڵ و نەسرووڵاڵ و فەزلووڵاڵ"بوو ناوی چوارەمیانم لە یاد نەماوە هەموو رێککەوتبون بەیعەت بدەن بە براکەیان، کاتێك ئەم کارەیان کرد خێرا سیخوڕەکان هەواڵەکەیان گەیاندە سوڵتان محەمەد توغڵوق لە نەریتی سوڵتان وابوو، لەگەڵ هەر ئەمیر و پاشایەك سیخوڕێکی بۆ تەرخان دەکرد لەو کەنیزانەی کە خزمەتیان دەکرد و پێیانیان دەوت: کەناسات هەر کاتێك ئارەزویان بکردایە خۆیان دەکرد بە ژووردا بە بیانووی خزمەت کردن دەڵێن: جارێك یەکێك لە ئەمیرەکان دەیەوێت سەرجێی لەگەڵ خێزانی بکات ئەویش دەڵێت: ئێستا ئەو کارە مەکە داوات لێدەکەم لەبەر خاتری سوڵتان وازبهێنە بەڵام گوێی پێنادات، هەواڵەکەی دەگات بە سوڵتان و بە هۆی ئەو کارەیەوە دەکوژرێت.

خزمەتکارێکی عەینولەلیك کە ناوی ئیبن مەلیك شا دەبێت، سیخوری تایبەتی سوڵتان بوو هەواڵەکە دەگەیەنێت بە سوڵتان و ئەویش ترسا لەوەی جڵەوی فەرمانڕەوایی لە دەستی دەربچێت چونکە سەربازەکانی بڵاو ببوونەوە بەشێکی زۆری فیل و ئەسپ و ئاژەڵەکانی لە دەست دابوو بۆیە ویستی خێرا بگەڕێتەوە بۆ پایتەخت و سەربازەکانی کۆبکاتەوە و ئنجا هێرش بکاتە سەر عەینولەلیك، بەڵام

دوای راوێژکردن لەگەڵ وەزیر و کاربەدەستەکانی، ووتیان: ئەی خاوەن جیهان مەبەستیان سوڵتان بوو ئەگەر بگەڕێتەوە بۆ پایتەخت ئەوا هەواڵ بە هەموو لایەکدا بڵاودەبێتەوە، ئەوکات ئاژاوەچییەکان لە هەموو لایەکەوە یارمەتی پێشکەش بە پاشای یاخیبوو دەکەن و زیاتر بەهێز دەبێت، بۆیە باشتر وایە لێرەوە بە زووترین کات نامە رەوانە بکەیت تا ئەمیرەکان بە سەرباز و کەرەستەی جەنگییەوە بێن بە هاناتەوە، سوڵتانیش ئەوەی پێ باش بوو.

نامەی نارد و فێڵێکیشی لە هاتنی ئەمیرەکاندا بەکارهێنا، گەر ئەمیرێك بە سەد جەنگاوەرەوە نزیکی سەربازگەی سوڵتان ببووایەتەوە شەو بە هەزار سەربازەوە دەڕۆیشت بۆ پێشوازی تا دوژمن وابزانێت ژمارەیان زۆرە، بەم شێوەیە سوپایەکی باشی پێکەوە نا و دەستی کرد بە جوڵە کردن، سەرەتا شاری (قەنوجی) لەسەر رۆخی ڕوباری کەنەك گرت تا پشتی سوپاکەی بەهێز بکات چونکە قەڵاکانی بەهێز و تۆکمە بوون سوڵتان خۆی سوپاکەی رێکدەخست و بڕیاریشیدا کە هیچ سەربازێك کەنیزە یان ژنەکەی لەگەڵدا نەبێت، هەر سەربازێك جێگای تایبەتی خۆی هەبوو، رۆژێك خۆم لەوێ بووم کەنیزەکەم لەگەڵمدا بوو یەکێك لە پاسەوانەکانی سوڵتان کە ناوی سونبولە بوو، لێم تووڕە بوو ووتی: ئەگەر سوڵتان بزانێت دەتکوژێت تۆ چۆن کاری وا دەکەیت بۆیە کەنیزەکەم دەستی کرد بە پاڕانەوە لە ئەمیرەکان ئنجا رازی بوون کە رەوانەی قەڵاکەی بکەم. سوڵتان خۆی سەربازەکانی رێکدەخست و بە رۆژ و شەوو نەدەوەستا و هەمیشە سەرقاڵی سەربازەکانی بوو بە رۆژ هیچ پسانا و سێبەرێکی نەبوو پشوی لێ بدات، هێندە سەرقاڵ بوو دەیویست بە هەر شێوازێك بێت بەسەر دوژمنەکەیدا سەر بکەوێت، ئەوەندەی نەبرد هەواڵ گەیشت کە پاشای یاخیبوو لە ڕوبار پەڕیوەتەوە نیازی هێرشکردنی هەیە سوڵتان ترسا قەڵای قەنوج داگیر بکات پێشبینی نەدەکرد زوو هێرش بکرێتە سەری بۆیە کەوتە جوڵەکردن تا بە زووترین کات خۆی بگەیەنێتە نێو قەڵاکە. دوای عەسرانێك گەیشت و دەستی کردەوە بە رێکخستنی سوپاکەی و شمشێر و پێداویستییەکانی جەنگ دابەش کران

لەگەڵ ئەسپ و فیلی جەنگی سەربازەکان زۆر بە جوانی دابەش کران لەو ئەسپە تایبەتانەی دابەش کران چەند دانەیەکم وەرگرت، ئەسپێکی سپی و ڕەشم دا بە هاوڕێکەم ناوی "ئەمیران کرمانی" بوو پیاوێکی تا بڵێی ئازا و قارەمان بوو کاتێك سواری ئەسپەکە بوو جڵەوی ئەسپەکەی لە دەست دەرچو لەسەر پشت کەوت و گیانی لەدەستدا.

کاتێك ئامادەیی تەواومان وەرگرت بۆ جەنگ و نهێنی نێوان سەربازەکانیش بریتی بوو لە (دهلی غەزنە)، گەر سەربازێکی سوڵتان ڕووبەڕووی سەربازێکی تر ببوایەتەوە هاواری دەکرد دهلی دەبوو بەرامبەری وەڵامەکەی غەزنی بووایە، ئەگەر وەڵامیش نەبووایە دەزانرا ئەوە سەربازی دوژمنە و دەکوژرا، ئەوندەمان زانی لە نیوە شەودا بوو پاشای یاخی عەینولەلیك هێرشی کردە سەر بەشی پێشەوەی سوپا (موقدیمە) و شەڕێکی دژوار دروستبوو، ویستبووی هێرش بکاتە سەر دەستی سوڵتان، بەڵام ڕێبەرەکەی بە هەڵەدا چو بوو هێرشیان بردە سەر وەزیری سوڵتان لە داخا لە گەردنی ڕێبەرەکەی دابوو کوشتبووی.

ئەوەی وایکرد سوپاکەی بشکێت بوونی جەنگاوەری خۆراسانی و عەجەم بوون، چونکە ڕقیان لە هیندیەکان بوو بۆیە بە دڵ شەڕیان دەکرد، ئەوەندەی نەبرد سوپای پاشای یاخی لە بەیانی زووداتێکشکا و بەشێکی زۆریشی هەڵهات، عەینولەلیك داوا لە ئیبراهیم تەتەری بەنجی دەکات لەگەڵیدا هەڵبێت و پێی دەڵێت: سەربازە تازاکانمان زۆربەی کوژران و هەڵهاتن، من هەڵدێم و تۆش لەگەڵمدا وەرە با خۆمان دەرباز بکەین، ئەویش بە هاوڕێکانی دەڵێت: عەینولەلیك نیازی هەڵهاتنی هەیە ئەگەر بینیتان هەڵدێت ئێوە لە ئەسپەکەی بدەن و منیش خۆی دەستگیر دەکەم و ڕادەستی سوڵتانی دەکەین تا لێمان خۆش ببێت.

کاتێك ویستی هەڵبێت یەکێك لە سەربازەکانی ئیبراهیم گورزێك لە ئەسپەکەی ئەدات و ئیبراهیمی توند دەستەکانی دەگرێت و ناهێڵێت هەڵبێت و دەڵێت: ڕادەستی کەسی ناکەم تا خۆم پێشکەشی سوڵتانی نەکەم . ئیدی بە دەست

بەستراوی پیشکەشی سوڵتانی دەکات و سوڵتان لە پاداشتی ئەو کارەیدا گوندی (سەندیلەی) دەداتێ کە پێشتر لە ژێر دەستی پاشای یاخیدا بوو ئنجا پۆل پۆل کورِ و کەسوکاری ئەمیر و وەزیرەکان دەهاتن و تف و جنێوی ناشیرینیان پێ ئەدا و پێیان دەوت: بۆ واتکرد بەڵام وەڵامی نەبوو، ئنجا سوڵتان فەرمانی دەرکرد و پۆشاکێکی پیسی شوانیان پێ پۆشی و بە دەست بەستراوی رەوانەی بەندیخانە کرا.

براکانی هەڵهاتن و بە خێزانی و دایکی منداڵەکانیشی دەڵێن: ئێوەش هەڵبێن، بەڵام خێزانەکەی ئەوە رەتدەکاتەوە و لە وەڵامدا دەڵێت: ئایا وەك خێزانی بێباوەڕەکانمان پێناکرێت خۆمان لە ئاگردا بسووتینین ئەم قسەیە دەگات بە سوڵتان و سۆز و بەزەیی دەچێتە دڵییەوە و فەرمان ئەدات خێزان و منداڵەکانی لە نزیك عەینوللەلیکەوە بەند بکرێن بۆیە هەموو رۆژێك دەیانبرد بۆ لای خێزانەکەی و دواتر دەگەڕێنرایەوە بۆ زیندان. جارێکیان دوای نوێژی شێوان بوو، سوڵتان لەسەر بورجێکی دار دانیشت و شەست و دوو کەسیان هێنا، کە لە جەنگاوەرە بەدیل گیراوەکان بوون، ئنجا هەموویانیان فڕێدایە بەر قاچی فیلەکان و لە ماوەیەکی کەمدا پارچە پارچە کران، سوڵتان تەماشای دەکرد و خێرا خێرا لە تەپڵ دەدرا و فووش بە کەرەنادا دەکرا.

پاش ماوەیەك سوڵتان بە مەبەستی زیارەتکردنی گۆڕی شێخ سالار عەود لە (بەهرایج) کەوتەڕێ و ئێمەش لەگەڵیدا بووین، ئەم زاتە پیاوێکی پاڵەوان و قارەمان بووە دەگێڕنەوە زۆربەی ئەو ناوچانە لەسەر دەستی ئەو فەتح کراوە و هەمیشە سەرقاڵی جیهاد کردن بووە، لەوانە شاری (بەهرایجە) کە شوێنێکی جوان و دڵگیر بوو نزیکە لە ڕوباری (سەرۆ)وە بە نێو دۆڵێکی قوڵدا دەڕۆیشت خەڵکی باسی ئەم ناوچەیەیان دەکرد کە جەنگ و شەڕێکی زۆر تێیدا رووبداوە، ئەو دەمەی ویستمان بپەڕێینەوە، قەرەبالّغی دروستبوو و سێ سەد کەس لە ئاوی ئەو ڕوبارەدا خنکان، تەنها یەك کەس رزگاری بوو، ئەویش پیاوێکی عەرب بوو سەربازی ئەمیر غەدا موهەنا بوو، ویستی خودا وابوو ئەو پیاوە سواری بەلەمە گەورەکە بوو

ئێمەش سواری بەلەمێکی بچوك بووین ئەوەی ئەوان نقوم بوو تـەنها ئـەو رزگـاری دەبێت.

پاشان ویستمان سەردانی گۆڕەکەی سـالار بکـەین، جێگایـەکی قامیشـەلانی چڕی لێبوو، ئەوەندەمانزانی ئاژەلێکی کەرکەدەنی مەزن هاتە دەرەوە و خەڵکەکـە کوشتیان، کەللەی سەری دوو هێندەی سەری فیلێك دەبـوو، پێشـتر ئامـاژەم بـەم چیرۆکە داوە.

گەڕانەوەی سوڵتان بۆ پایتەخت و یاخی بوونی عەلی شا کەڕ

دوای دوو ساڵ و نیو لە بەجێهێشتنی پایتەخت سوڵتان محەمەد توغڵوق بڕیاریدا بگەڕێتەوە پاشـان لـە عەینولمـەلیك و نەسـرەتخان خـۆش بـوو فەرمانیـدا رۆژانـە خواردنیان بۆ تەرخان بکرێت لە ئارد و گۆشـت، هـەروەها وەك رێـز لـە کۆشـکی سوڵتان پۆشاکی جوانیان دەپۆشی و نیگای باخەکانی سوڵتانیان دەکرد، ئەوەنـدەی نەبرد دوای ئەو شەڕە گەورەیەی عەینولمـەلیك هـەواڵ گەیشـت بـە سـوڵتان کـەوا یەکێك لە ئەمیرەکانی "قەتلۆ خان" بە ناوی "عەلی شا کـەڕ" یـاخی بـووە ئـەم ئەمیرە پیاوێکی ئازا بوو بەڵام بە قورسی قسەی دەبیست.

کاتێك یاخی دەبێت، دەست دەگرێت بەسەر (بەدرە کوت) و دەیکات بە پێگەی سـەربازی خـۆی سـوڵتان نامـە رەوانـە دەکـات بـۆ مامۆسـتاکەی خـۆی واتـا "قەتلۆخان"بە سوپایەکی مەزنەوە هێرشی کردە سەر قەڵاکانی شـار و مەنجـەنیقی دابەست و بە تەواوی تەنگیان پێ هەڵچنرا، "عەلی شـا کـەڕ" بـە ناچـاری داوای ئەمانی لە ئەمیر قەتلۆخان کرد و ئەویش ئەمانی پێدا ئنجا بە دەسـت بەسـتراوی رەوانەی لای سوڵتان کرا، بەڵام لێی خۆش بوو بڕیاریدا دوور بخرێتەوە ئیتر رەوانەی وڵاتی غەزنە کرا دوای ماوەی چەند ساڵێك هەست بە غوربەتی وڵاتی خۆی دەکات و بێ ئاگاداری سوڵتان دەگەڕێتەوە، لە وڵاتی سند دەیگرن و رەوانەی لای سوڵتانی

دەکەن سوڵتان پێی دەڵێت: گەڕایتەوە تا ئاشوب بنێیتەوە، ئیدی سوڵتان دەیکوژێ.

باسی هەڵهاتنی ئەمیر بەخت و دەستگیرکردنی

ئەمیر بەخت ناسراو بوو بە شەرفولمولك سوڵتان بڕیاریدا دەسەڵاتی سەربازی کەم بکاتەوە لە چل هەزار سەربازەوە بۆ هەزار سەرباز، هەروەها بڕیاریدا لەگەڵ وەزیرێکی خۆی ڕەوانەی دهلی بکات تا لە خزمەتی ئەودا بێت ویستی خودا وا دەبێت ئەمیر"عەبدولاّ هەرەوی" لە دهلی کۆچی دوایەکات و مالّ وسامانەکەی لای هاوڕێکانی دەبێت هەموو پێکەوە لەگەڵ شەرفولمولك ڕێکدەکەون و مالّ و سامانەکەی دەبەن و هەڵدێن بۆ هەرێمی سند کە چل ڕۆژە ڕێ لە دهلیەوە دوور بوو بەڵام ئەوان هێند بە خێرایی بەئەسپ دەرچو بوون بە حەوت رۆژ ئەو ماوەیەیان بڕی بوو ئەسپەکانیان لە جۆری (مەجنوبە)بوون کە جۆرێکی ڕەسنە کاتێ دەچنە سەر روباری سند بڕیار ئەدەن بە کەڵەکە کە لەقامیشی دار و گوریس دروستەکرا لە ڕوبارەکە بپڕنەوە، خۆیان پێشتر گوریسیان لە ئاورێشم دروستکرد بوو بۆ ئەو مەبەستە کاتێك دەیانەوێ بپڕنەوە تەماشا دەکەن ئاوەکە زۆر وخێرا بۆیە پەشیمان دەبنەوە ئەنجا شەرفەلمولك دوو کەسە روانە دەکات بۆ لای ئەمیری شاری (ئەوجا)و چرایەکی تایبەتیش وەك دیاری بۆ دەنێرێ، پێیان دەڵێ: بە ئەمیری شار بڵێن کە هەندێك بازرگان لەوێدا گیریان خواردوە داوای یارمەتی دەکەن تا لە ڕوباری سند بپڕنەوە. بەڵام ئەمیر بڕوا ناکات دەڵێ: ئەم چرایە بە چرای بازرگان ناکات. بۆیە هەردوو نێردراوەکە دەگڕێت بەڵام یەکێکیان خۆی دەرباز دەکات و ئەمیر جەلالەدین دووەمیان سزا ئەدات ئەوە دەدرکێنێ کە چۆن مالّ وسامانی ئەمیریکیان ڕفاندوە هەروەها شوێنی شەرفولمولیکیان پێدەڵێ، بەڵام ئەوەی یەکەمیان بە خێرایی دەگەڕێتەوە بۆ لای شەرفولمولك پێیان دەڵێ سەربازانی

ئەمیری ئەوجا بەدوای ئێمەوەن دەیانوێ دەستگیرمان بکەن، هەرچەند ماندو شەکەت بوون و لە خودا بوون بۆیە بەناچاری و لە ترسا هەڵدێن، ئەمیر جەلالەدین جێگرەکەی خۆی بە سەربازێکی زۆرەوە ڕەوانە دەکات تا شوێن پێیان هەڵگرن و دەستگیریان بکەن کاتێ دەدۆزرێنەوە سەربازەکان تیربارانیان دەکەن کوڕەکەی شەرفولملوك کە ناوی تاهیر دەبێت بە تیرێکی جێگری ئەمیری ئەوجا بریندار دەکات بەڵام دواتر بە ناچاری هەموویان خۆیان ڕاستدەکەن، ئەمیر هەموویان بە قۆڵبستراوی ڕوانەی پایتەخت کرد، لە بەندیخانە تاهیری کوڕی شریفولملوك کۆچی دوایی دەکات سولتانیش بڕیاریدا ڕۆژان سەد قامچی لە شەرفولملوك بدرێت دوای چەند رۆژێك ئەو سزایەش هەڵگیرا دوای ماوەیەك سولتان بڕیاریدا لەگەڵ ئەمیر نیزامەدین ڕەوانەی ولاتی (جەندەری) بکات کاتێ دەچێتەو ئەوێ گوزەرانی هێندە خراپ دەبێت لە ناچاریدا لەبری ئەسپ سواری مانگا دەبێت، ماوەیەکی زۆر بەو حاڵە دەمێنێتەوە ئیتر دووبارە ئەمیر دەیگەڕێنێتەوە بۆ لای سولتان ئنجا سولتان داوای لێدەکات لە کۆشکا خزمەت بکات ئیدی بوو بە (شاشنگێر) واتا: لە لەسەر خوانی شاهانە کاری ئەوە بوو گۆشتی پارچە پارچە دەکرد بۆ سولتان،ئەم پیشەیەی وایلێکرد متمانەی سولتان بەدەست بهێنی و بووە خوان قەدر و ڕێز جارێك نەخۆش دەکەوێت سولتان سەردانی دەکات و بە قورسایی خۆی زێری دەداتێ خوشکێکی خۆشی لێمارە دەبڕی و ناوچەی جەندەرێ پێدەسپێرێ دەگەڕێتەوە ئەو شوێنەی کە گوێدرێژێکی نەبوو سواربێت بە ناچاری سواری مانگا دەبوو . ! پاك وبێگردی بۆ خودا ئەگەر ویستی شتێ بگورێ ئاواها دەیگۆڕێت !.

یاخیبوونی شا ئەفغان و دادوەر جەلال

شا ئەفغان لە ناوچەی مۆڵتانی وڵاتی سند نیشتەجێ بوو، لەگەڵ ئەمیری ناوچەکە شەڕ دەکات و ئەمیرەکە دەکوژێت ناوی "بیهزاد" بوو ئەنجا دەستدەگرێ بەسەر شاردا و بە خێرایی سوپایەك پێکەوە دەنێت کاتێ سوڵتان ئەوە دەبیستێ سەربازی خۆی کۆ دەکاتەوە تا کۆتایی بە ئاشوبی شا ئەفغان بهێنێ بەڵام شا ئەفغان ژیردەبێت دەزانێ ناتوانێ بەرەنگاری سوپای سوڵتان محەمەد توغلوق ببێتەوە بۆیە خۆی و دەست وپەیوەندەکانێ لە ئەفغانێکان هەڵدێن ودەگەڕێنەوە بۆ نێو هۆزەکە خۆیان لە وڵاتی ئەفغان کە ئەم هۆزە لە ناوچەی چیای پارێزراو نیشتەجێبوون . سوڵتان زۆر تورە دەبێت داوا لە هەموو کاریە دەستەکانی خۆی دەکات لە هەموو هەرێمەکان کە ئەوەی ئەفغانیە دەستگیری بکەن، ئەم بڕیارە بووە هۆی ئەوی کە دادوەر جەلال هەڵگەڕێتەوە .

چونکە لەگەڵ کۆمەڵی ئەفغانی لە جێگایەك نیشتەجێبون نزیك لە (کنبایە و بلوزرە) بۆیە کاتێ نامەی سوڵتان دەگاتە مەلیك موقبیل لە وڵاتی جەزەرات ونەهرواله، داوای لێدەکات کە فێڵیك بدۆزێتەوە تا دادوەر جەلال و هاوڕیکانی کە ئەفغانی بوون دەستگیر بکات بۆیە مەلیك موقبیل داوا لە "مەلیك حوکما"دەکات کە ئەگەر هەرکاتێك ئەفغانێکان و دادوەر هاتنە جەزەرات دەستگیریان بکات لەبەر ئەوەی ناوچەکە و هەموو داهاتەکی لە ژێر چنگی مەلیك حوکما بوو چونکە باوەژنی سوڵتان محەمەدی خواستبوو، باوەژنەکەی کچێکی لە توغلوق هەبوو ، ئەو کچە بوو کە ئەمیر غەدا موهەنا خواستی، بەڵام مەلیك حوکما خۆی لە بنەڕتدا خەڵکی ئەفغان بوو نەیوست ئەوکارە بکات بەڵکو بە نهێننی ئاگاداریانی کردوە کە مەلیك موقبیل داوایان دەکات و نیازی هەیە دەسگیریان بکات، ئامۆژگاریانی کرد کە بە هیچ شێوەیەك ببێ چەك و کەرەستەی

جەنگی سەردانی مەلیك موقبیل نەکەن . داوای ماوەیەك دادوەر بە سێ صەد سەربازەوە سەردانی مەلیك موقبیل دەکات، پاسەوانەکان قایل نابن هەموو بچنە ژورەوە داوایان لێدەکات دەستەیەکیان بچنە ژورەوە نەك هەموو بەڵام ئەوان ڕەتیان کردوە ، ئەنجا مەلیك موقبیل دەزانێ لە توانایدا نیە هەموویان دەستگیر بکات بۆیە پێیان دەڵێ بگەڕێنەوە ، بەڵام بە پێچەوانەوە دەچنە (کنبایە) و گەنجینە سوڵتان هەموو بە تالآنی دەبەن لەگەڵ سامانی خەڵکی و بازرگانێك بە ناوی"ئیبن کۆلی" ئەم بازرگانە ئەو کەسە بوو کە لە شاری ئەسکەندریەی میسر قوتابخانەی ئەلمەسنەی دامەزراند .ئەم کارەیان وایکرد کە مەلیك موقبیل بە سوپاوە هیرشبکاتە سەریان بەڵام زۆر بە دژواری تێکشکا پاشان مەلیك عەزیز خەمار و مەلیك جیهان بە حەوت هەزار جەنگاوەرەوە هیرشیان کردە سەریان کەچی ئەوانیش تێکشکان، ناوبانگی جوامیری وقارمانێتیان بەهەموو ناوچەکانی وڵات بڵاو بۆیەوە هەرچی چەتە و خەڵکی خراپ هەبوو هەموو بوونە سەرباز لای دادوەر جەلال دواتر بانگەشی سوڵتانی کرد و هەموو دەست وپەیوەندەکانی بەیعەتیان پێدا . ئەم هەواڵەش سوڵتانی بێزار کرد و سوپایەکی تر ڕەوانە دەکات کەچی ئەوانیش دەشکێن ئەم شکانە، وایکرد ئەفغانێکانی دەوڵەت ئابادیش هەڵگەڕێنەوە .

یاخیبوونی ئیبن مەلیك مەلا

لە دوڵەت ئاباد کۆمەڵێك ئەفغانی هەبوون، هەموویان لەگەڵ "ئیبن مەلیك مەلا" بوون، سوڵتان نامە ڕەوانە دەکات بۆ جێگرەکەی خۆی لە دەوڵەت ئاباد کە نیزامەدینی برای قەتڵو خانی مامۆستای خۆی بوو، داوای لێ دەکات ئەفغانێکان دەسگیر بکات، هەروەها کۆت و زنجیر و پۆشاکی سوڵتانی بە دیاری بۆ ڕەوانە دەکات، لە نەریتی سوڵتان وابوو سالّی دوو جار پۆشاکی سوڵتانی (خلعة السلطانية) بۆ ئەمیر و پاشاکانی خۆی ڕەوانە دەکرد جارێك لە زستاندا و جارێك لە هاویندا دەبوو.

کاتێک پۆشاکی سوڵتانی دەگەیشتە ئەمیر و سەربازەکان لەسەر پشتی ئەسپەکەیان دادەبەزین و خۆیان پۆشاکەکەیان وەردەگر، سوڵتان نامەی بۆ نارد بوو: ئەگەر ئەفغانێکان هاتن و لەسەر پشتی ئاژەڵەکان دابەزیتن ئەوا دەستبەجێ قۆڵبەستیان بکەن بەڵام بە پێچەوانەوە یەکێك لە جەنگاوەرەکان ئەم هەواڵە دەگەیەنێت بە ئەفغانیەکان لە کاتی وەرگرتنی پۆشاکی سوڵتانیدا ئەوان نیزامەدین دەستگیر دەکەن و جەنگاوەرێکی زۆریش دەکوژن و دەست دەگرن بەسەر دەوڵەت ئابادا، پاشان گەنجینەی شارەکە هەموو بۆ خۆیان دەبەن و ئیبن مەلیك مەلا دەبێتە سەرکردەیان و دوای ماوەیەك بەهێز دەبن.

دەرچونی سوڵتان بۆ کنبایە بە مەبەستی جەنگ کردن

کاتێك سوڵتان هەواڵی پێگەیشت کە ئەفغانیەکان چ وێرانکاریەکیان لە کنبایە و دەوڵەت ئاباد کردوە بۆیە بریارِ ئەدات خۆی ریشەکێشیان بکات، بۆ ئەو کارەش نیازی هەبوو سەرەتا کنبایە رزگار بکات و پاشان بگەڕێتەوە بۆ دەوڵەت ئاباد ئنجا خێرا نامەی رەوانەکرد بۆ هاوزاواکەی خۆی کە ناوی "مەلیك بایەزید" بوو تا لەو جەنگەدا یارمەتی بدات، ئەویش بە چوار هەزار سەربازەوە کەوتەرێ بەرەو سەربازگەی دادوەر جەلال لە ئاکامدا جەنگ نێوانیان بەرپابوو لەو شەڕەدا سوپای بایەزید تێکشکا و بەپەلە خۆی و سەربازەکانی لە قەڵای شاری بلوزرە خۆیان قایم کرد.

دەڵێن: لە سوپاکەی دادوەر جەلالەدین پیاوێك هەبوو یەجگار قارەمان بوو زۆریش شارەزا بوو لە بەکارهێنانی شمشیر و زۆرانبازی و کەس نەبوو بەڕوویدا بووەستێتەوە ئەوەندە بەهێز و ئازا بوو ویستی خودا وا دەبێت لەسەر ئەسپەکەی دەکەوێتە چاڵێکەوە و دەمرێت کاتێك دەچنە سەر لاشەکەی دەبینن لەبری قەڵغانێك ئەم دووانی لە خۆی بەستووە، لە داخ و حەیبەتا سەری لە لاشەکەی جودا دەکەنەوە و بە دیاری بۆ سوڵتانی رەوانە دەکەن.

ئینجا سولّتان بە لەشکری خۆی هێرشی کردە سەریان و سوپای دادوەر جەلال نەیانتوانی خۆیان بەرامبەر سوپاکەی سولّتان رابگرن، چونکە سەربازەکانی سولّتان هێندە بە دلّ شەڕیان دەکرد کوشتارێکی زۆریان کرد، بۆیە دادوەر بە ناچاری خۆی و هاوڕێکانی شار جێدەهێلّن و هەرچی مالّ و منداڵ و کەسیان هەیە، دەکەوێتە ژێر چنگی سولّتان دوای مانەوەی سولّتان بۆ ماوەیەکی کورت ئەمیر "بەختی" زاوای خۆی کرد بە ئەمیری شاری (پێشتر باسی ئەم ئەمیرەمان کردوە) کنبایە و داواشی لێکرد هەموو ئەوانە دەستگیر بکات، کە یارمەتی دادوەر جەلالیان داوە ئەوەش بوو بە هۆی ئەوەی کە شێخ عەلی حەیدەر دەستگیر بکەن، دواتریش بە تاوانی یارمەتی یاخیبوان کوژرا. دوای ئەوەی دادوەر جەلالەدین هەلّدێت و خۆی دەگەیەنێتە دەولّەت ئاباد و لەگەلّ ئیبن مەلیك مەلا یەك دەگرن و سوپایەکی مەزنی چل هەزار کەسی لە ئەفغان و مەمالیکەکان و تورك و هیندییەکان پێکەوە دەنێن، هەموو پێکەوە بڕیار ئەدەن تا مردن جەنگ بکەن و لە مەیدانی شەڕدا هەلّنەیەن، سولّتانیش بە هەموو هێزەکانی خۆیەوە کەوتەڕێ بۆ کۆتایی پێهێنانیان.

کاتێك هەردوو سوپا پێکگەیشتن، شەڕێکی سەخت بەرپابوو و هێندەی نەبرد قۆڵی سەرەکی دادوەر بە دژواری تێکشکا کە ئەوەش تووشی سەرسوڕمانی کردن، بەپەلە هەردوو سەرکردە لە قەلاّی "دویقیر" خۆیان قایم کرد و سولّتانیش بە سوپاوە لە دەولّەت ئاباد جێگیر بوو قەلاّی دویقیریش بەشێك بوو لە دەولّەت ئاباد، بەهێزترین و پارێزراوترین قەلاّی بوو لەسەر ڕوی زەوی سولّتان نامەی ڕەوانە کرد تا خۆیان بەدەستەوە بدەن و قایل بن بەو حوکمەی کە بەسەریاندا دەسەپێنرێت، لە وەلاّمدا دادوەر جەلال و ئیبن مەلیك مەلا داوای ئەمانیان کردسولّتانیش ئەوەی ڕەتکردەوە، جارجارەش خواردنی بۆ دەناردن وەك سوکایەتی پێکردن .

باسی شەڕی نێوان مەلیک موقبیل و ئیبن کۆلمی

شەڕی نێوان مەلیك موقبیل و بازرگان ئیبن کۆلمی لە پێش یاخیبوونی دادوەر جەلال ڕویدا هۆکارەکەشی ئەوە بوو، تورکەکان ئیبن کۆلمی وەك نوێنەر ڕەوانەی لای سوڵتان دەکەن و دیاریەکی زۆریشی لەگەڵدا دەنێرن کە بریتی بوو لە: کۆیلە و کەرەستەی جەنگی و پۆشاك وحوشترو پێداویستی تر، سوڵتان بە دیارێکان دڵخۆش دەبێت بۆیە دوانز (لەك) وەك دیاری دەدات بە ئیبن کۆلمی لە کاتێکدا هەموو شمەکەکانی کە هێنابووی نرخی تەنها یەك لەکی هەبوو جگە لەوەش سوڵتان کردی بە والی (کنبایە) ، بەڵام ناوچەکە و چەند شوێنێکی تریش لە ژێر چاودێری مەلیك موقبیل دەبێت کە جێگری وەزیر بوو ، کاتێك ئیبن کۆلمی دەچێتە کنبایە چەند کەشتیەك ڕەوانە دەکات بۆ ولاتی مولەیبار و دورگەی سەیلان و جێگەکانی تر دوای ماوەیەك دیاریەکی زۆری لەو ولاتانەوە بە دەست دەگات و ناو ناوبانگ دەردەکات دەبوو دیارێکانی ڕەوانەی پایتەخت بکردایە، بەڵام ئەو بە پێچەوانەوە لای خۆی دەیانهێڵیتەوە مەلیك موقبیل بەو کاری تووڕە دەبێت و نامەیەکی بۆ دەنێرێ و پێیدەڵێ : نەریتە دەبێت هەموو دیارێکان ڕەوانە بکەی بۆ سوڵتان لە ولاّمدا دەڵێ: خۆم دیارێکان دەپارێزم و دەیبەم بۆ سوڵتان نەتۆ کە جێگری وەزیری نە وەزیریش دەسەلاّتیان نیە فەرمان بەسەر مندا بکەن مەلیك موقبیل بەو ولاّمە نیگەران دەبێت نامە ڕوانە دەکاتەوە بۆ وەزیر لە ولاّمدا وەزیر پێیدەڵێ: ولاّت لەژێر چنگی تۆدایە تۆ بەرپرسی ئەگەر دەسەلاّتت نیە بەسەریدا بگەڕێوە تا کەسێکی شیاوتر لە جێگای تۆ دابنێن . ئیتر مەلیك موقبیل تێدەگات و هێرش دەکات سەر شاری کنبایە شەڕ لە نێوانیان دروست دەبێت لە گەردنی زۆربەری فەرماندە سەربازێکانی ئیبن کۆلمی دەدات لە ترسا ئیبن کۆلمی خۆی لە مالّی بازرگانێ حەشار دەدات دواتر مەلیك موقبیل دەست دەگرێ بەسەر دیارێکان و ئەو باجانەی کە کۆی کرد بۆوە ئەنجا هەموو دەنێرێ بۆ پایتەخت و نامەیەکیش دەنێرێ بۆ سوڵتان سکالاّی خۆی لە ئیبن کۆلمی لێدەکات ، لەو لاشەوە ئیبن کۆلمی

نامە بۆ سوڵتان دەنێرێ سکاڵای خۆی لە مەلیك موقبیل دەکات . بۆیە سوڵتان بە ناچاری مەلیك حوکما دەنێرێ تا بە دادپەروەری کێشەی نێوانیان چارسەر بکات . هەر لەو سەردەمەدا بوو دادوەر جەلال یاخی بوو دەستی گرت بەسەر هەندێ لە ماڵ وسامانی ئیبن کۆلی دواجار بە ناچاری ئیبن کۆلی لەگەڵ هەندێ لە هاوڕێکانی هەڵهات بۆ لای سوڵتان.

قاتوقڕی و گرانی خۆراک لە وڵاتی هیندستان

بۆ ماوەیەك سوڵتان لە پایتەخت دورکەوتەوە بە مەبەستی گەشت کردن بۆ وڵاتی مەعبەر دوای ئەو گەشتەی سوڵتان ئەوەندەی نەبرد برسێتی و قاتوقڕی لە وڵاتدا تەشەنەی سەند تا وایلێهات کیسە گەنمێك گەیشتە شەست درهەم بەڵکو زیاتریش، خۆم جارێك ئەوەم بینی کاتێك ویستم برۆم بۆ دیداری وەزیر بینیم سێ ئافرت لەسەر کەلاکی ئەسپێك دانیشتبوون و پارچەیان لێ دەکردەوە بۆ خواردن، گۆشتەکەی بۆگەن ببوو چونکە دەمێك بوو مردارەوە ببوو خەڵکی پێستی ئاژەڵیان دەخواد و لە بازارێش دەیانفرۆشت گەر کەسێك مانگایەکی سەربڕیایە خەڵکی ریزی دەبەست بۆ خوێنەکەی و دەیانخوارد هێندە برسی بوون.

رۆژێکیان چەند قوتابیەکی زانستخوازی ناوچەی خۆراسانم بینی ئەوەیان بۆ گێڕامەوە ووتیان: چوینە شاری (ئوکروهە) لە نێوان حانسی و سرستی بەڵام چۆڵ بوو خەڵکەکەی رۆیشتبوون خۆمان گەیاندە ماڵێك تا پشو بدەین بینیمان پیرەپیاوێك قاچی مرۆڤێکی بە دەستەوەیە و خەریکی برژاندنێتی و دەیخوارد.. پەنا بە خودا!. پاش ماوەیەك کە دۆخی خەڵکی خراپبوو، سوڵتانیش بڕیاریدا خەرجی شەش مانگی دانیشتوانی دهلی لە ئەستۆ بگرێت، رۆژانە بۆ هەر کەسێك نیو رەتڵ خواردن دەدرا، من خۆشم یارمەتی خەڵکیم ئەدا لەو خواردنەی لە گۆڕستانی سوڵتان قوتبەدین دروستم دەکرد، ئەوەش بووە هۆی ئەوەی باری سەرشانی خەڵکی سووك ببێت و دۆخ و گوزەرانیان باشتر بێت.

باسی سوڵتانمان زۆر کرد و لێرە بەدواوە باسی چون بۆ کۆشکی سوڵتان دەکەین، لەگەڵ مالئاوایی کردن و دەرچونمان بۆ ولاتی چین و پاشانیش گەڕانەوەمان بۆ زێدی خۆمان ئەگەر خوادا ویستی بێت .

خزمەتەکانی (ئیبن بەتوتە) بۆ سوڵتانی هیندستان:

باسی چونمان بۆ ماڵی سوڵتان

کاتێك چوین بۆ ماڵی سوڵتان خۆی لەوێ نەبوو لە گەشت کردن بوو، رۆیشتینە ژوورەوە لە دەرگای یەکەم و دووەم و سێیەم و پاسەوانە تایبەتەکان هاتنە پێشەوە، ئێمەش وەك نەریت لێیان نزیك بووینەوە، سەرکردەکەیان هات و پێشوازی لێمان کرد و پاشان رۆیشتین بۆ گۆڕەپانی کۆشك، تەماشام کرد وەزیر خواجە جیهان لە پێشوازیمان وەستاوە لەگەڵ زیائەدین خودابەند و قەوامەدینی برای و ئەمیر موبارەك سەمەرقەندی و ئارۆن بوغا تورکی دواتریش رۆیشتین بۆ هەیوانی هەزار ستوون کە شوێنی دانیشتی سوڵتان بوو، وەزیر بە شێوازی خۆی بەخێرهاتنی کردین و ئێمەش رێزی خۆمان بۆیان دەربڕی و خۆمان چەمانەوە تا پەنجەی دەستمان لە زەویدا ئنجا دوای تەواوبوونمان لە سلاوکردن و پێشوازی، بانگدەرێك بە دەنگێکی بەرز هاواری کرد: بسم الله، ئیتر ئەوێمان بەجێهێشت و رۆیشتین بۆ ماڵی دایکی سوڵتان.

چونمان بۆ ماڵی دایکی سوڵتان و فەزڵەکانی

دایکی سوڵتان ناوی "مەخدومە جیهان" بوو، کەسێکی بەڕێز و خواناس بوو و هەمیشە سەرقاڵی خێر و سەدەقات بوو و یارمەتی زۆرێك لە خانەقاکانی ئەدا و خواردن و خواردنەوەی پێشکەشیان دەکرد بۆ خەڵکی و رێبواران، ئەم خانە بەڕێزە

نابینا بوو دەڵێن: ئەو دەمەی کوڕەکەی دەسەڵاتی گرتەدەست خوانێکی ئامادە کرد بۆ هەموو خاتونەکان و ژنی ئەمیر و وەزیرەکان و کچەکانیان، دوای ئەوەی هەموو لەسەر کورسی ئالتونی رووپۆشکراو بە بەردی بەنرخی مرواری دادەنیشن لەو کاتەدا چاوی لە دەست ئەدات و زۆر هەوڵی چارەسەرکردنی دەدرێت بەڵام بێ سوود دەبێت کوڕەکەشی زۆر رێزی لێی دەگرت و هەر کاتێك چاوی پێی بکەوتایە دەست و قاچەکانی دایکی ماچ دەکرد بە بەرچاوی خەڵکییەوە .

کاتێك چوینە بەر دەرگای ماڵەکەی دایکی سوڵتان، کە بە دەرگای حەرەم ناسراو بوو هەر کەسە و دیاری خۆی پێشکەش کرد، کەمالەدین بورهانی دادوەری مەمالیکەکانیش لەگەڵمان هاتە ژوورەوە و لەسەر نەریتی خۆیان دادوەر و وەزیر سلاوی خۆیان کرد و بەخێرهاتنیان کردین، ئێمەش وەڵامان دانەوە و پاشان هەر لە دەرگاکە ناوی دایرییەکانیان تۆمار کرد، پاشان چەند لاوێکی خزمەتکار هاتن و بە نهێنی کەوتنە گفتوگۆ کردن لەگەڵ وەزیر و پاشان رۆیشتن دواتر گەڕانەوە و ئەوکات فەرمویان لێکردین و لە ژێر کەپرێك دانیشتین تا کاتی پشوی نانخواردن.

ئیتر وەك نەریتی خۆیان سینی ئالتونیان هێنا لەگەڵ سوراحی و مەنجەڵ و پەرداخ، دواتریش خواردنەکانیان کرد بە دوو بەشەوە و لەسەر هەر خوانێك کاربەدەستێك دانیشت، کە رۆیشتینە پێشەوە بۆ نانخواردن، سلاوی تایبەتی خۆیان کرد و ئێمەش وەڵامان دانەوە، دوای ئاوخواردنەوە پاسەوانی تایبەت ناوی خوایان هێنا (بسم الله) و هەموو کەووتینە نانخواردن و جار جاریش سینی تایبەتیان دەهێنا کە لە ئالتون دروستکرابوو گوڵاو و ئاوی تەنبولیان تێدا بوو، لەگەڵ میوەی وشکەوەکراو، هەروەها لە کۆشکەوە پۆشاکی نەدوراوی ئاوریشم و لۆکەیان هێنا و بۆ هەر یەکێکمان بەشی خۆی پێدرا.!

دەبوو وەك نەریت هەر کەسێك دایرییەکەی خۆی کە وەریگردە لەو سینیانەی دەیانهێنا، لەسەر شانی دابنێ پاشان بەدەستەکەی تری سلاوی شاهانە بکات، وەزیر وەك خۆ بەکەمزانین دیاریەکانی منیدا بەسەر شانی و ئنجا فەرموی ئاوا بەم

شێوەیە سڵاو بکە و فێرمی کرد خوا پاداشتی بە خێری بداتەوە، دواتریش رۆیشتین بۆ شوێنی نیشتەجێ بوونمان لە دهلی لە نزیك دەروازە پاڵم، ئەو شوێنە تەرخان کرابوو بۆ پشودان، هەر لەوێوە دەرئەچوین بۆ دیدار و کۆبونەوە و میواندارى.

میواندارى

کاتێك رۆیشتین بۆ جێگای پشودانی خۆمان کە لە لایەن دایکی سوڵتانەوە بۆمان ئامادە کرابوو هەموو پێداویستیەکی تێدابوو لە راخەر و تەختەی خەو لەگەڵ سەرین و لێفە و پێداویستی تر، تەختە خەوەکان وا دروستکرابوون مرۆڤ بە ئاسانی دەیتوانی هەڵیبگرێت و بیگوازێتەوە بۆ جێگایەکی تر، کاتێك لەسەری دەنووستی شێدار و فینك بوو لەسەر چوار قاچی خڕ دائەنران لێفەکانیش لە ئاوریشم و لۆکە دروستکرا بوون هەرکات پیس بوونایە ئەو رووەی کە لە لۆکە دروستکرابوو دەیانشووشت.

ئەو شەوەی لەوێ بووین دوو پیاو هاتن، یەکێکیان: ئارد فرۆش بوو بە تاحونی بانگیان دەکرد دووەمیان: گۆشتفرۆش بوو بە قەسابی بانگ دەکرا، پێیان ووتم: رۆژانە ئەوەندە گۆشت و ئەوەندە ئاردە وەردەگریت و هەموو خەرجیەکانت لە ئەستوی دایکی سوڵتانە دوای ماوەیەك خۆمان ئامادە کرد تا بچینە خزمەتی سوڵتان، چونکە فەرمانی دەرکردبوو تا ببینە میوانی کاتێك گەیشتمە کۆشکی سوڵتان، پێشوازی گەرمم لێکرا و وەزیری سوڵتان دوو کیسەیان پێدام کە هەر یەکێکیان هەزار درهەمی تێدابوو ووتی: ئەمانە بۆ سەرشووشتنی واتا بۆ گەرماو و پێداویستیەکانی خۆپاککردنەوە ئنجا خزمەتکار و هاوڕێکانم کە ژمارەیان نزیکەی چل کەسێك دەبوون، هەموویانی کرد بە چوار بەشەوە، بەشی یەکەم: هەریەکەیان دوو سەد درهەمی پێدرا و دووەم: لە خزمەتکارەکانم هەر یەکە و سەد و پەنجا درهەمی وەرگرت سێیەمیان: سەد درهەم و چوارەمیش: حەفتا و پێنج کۆی گشتی ئەو برە درهەمانەی پێیاندرا نزیکەی چوار هەزار و نیو دەبوو.

پاشان نووسراوی سولّتان هات، تا وەك میوانێکی بەڕێز مامەڵەمان لەگەڵدا بکرێت و بڕی هەزار رەتڵ[1] ئارد لە جۆری میراو (خشکار)یان پێدراین، لەگەڵ هەزار رەتڵ لە گۆشت و شەکر و رۆن و سەلیف و فەوفەل و..هتد، لەگەڵ هەزار گەڵای تەنبول، هەر رەتڵێکی هیندی دەیکردە بیست رەتڵی ولاّتی میسر و بیست و پێنج رەتڵ بە ولاّتی مەغریب.

باسی مردنی کچەکەم

دوای مانگ و نیوێك لە گەیشتنم بە هیندستان کچەکەم کۆچی دوایی کرد تەمەنی سالێك نەدەبوو لە دەرەوەی شار و لە دەروازە پالّم لە خانەقای "ئیبراهیم قۆنەوی" بە خاکم سپارد هەوالّی وەفات کردنەکە گەیشتە وەزیر و ئەویش دوای دوو رۆژ هەوالّەکەی رەوانە کرد بۆ سولّتان کە لە گەشت کردن بوو، ئیتر هەموو هاتن بۆ گۆڕستان لە نەریتیاندا وابوو، بەیانی رۆژی سێیەم هەموو دەڕۆن بۆ سەر گۆڕی مردووەکە و هەموو جۆرە گوڵێکی لەسەر دادەنێن وەك گوڵی یاسەمین و گوڵی شەوبۆ کە رەنگی زەردە لەگەڵ نەسرین و ریبوڵ کە رەنگی سپی و زەردیشی هەیە و بە درێژایی سالّ گوڵی لێ نابڕێت، چونکە ولاّتی هیندستان ئاووهەواکەی لەبارە بۆ ئەو جۆرە رووەکانە، جگە لە گوڵ لقی داری نارنج و لیمۆشی بۆ دەهێنن و دایدەنێن لەگەڵ میوەی وشکەوەکراو بە هەموو جۆرەکانیەوە دواتریش قورئان دەخوێندرێت تا کۆتایی، پاشان گولاّو بەسەر هەمووانداا دەڕژێندرێت و دەشخورێتەوە.

منیش بۆ رۆژی سێیەم ئەوەی کە لە توانامدا هەبوو، ئامادەم کرد و کەوتمەڕێ بۆ گۆڕستان، بینیم وەزیر هەموو پێداویستییەکانی مەراسیمی ئاماده کردبوو وەك

[1] لە کۆندا جۆرێك پێوانە بە رەتڵ بووە، نەندازەی رەتڵ لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر جیاواز بووە، لە هەندێك شوێن رەتڵێك نزیك بە دوو کیلۆ گرامی نێستا بووە. (وەرگێڕ)

نەریت چرای روناکیان داگیرساندبوو، پاشان چەند کەسێکی بەناوبانگیش بانگ کرابوون لەوانە: پاسەوانی تایبەتی سوڵتان "شەمسەدین فۆشنەجی" و دادوەر "نیزامەدین کاروانی"، لەگەڵ کۆمەڵە خەڵکێکی بەناوبانگی شار پاشان دەستکرا بە خوێندنەوەی قورئان بە جوانترین شێوە، ئینجا هۆنراوەی لاواندنەوە پێشکەش کرا، هەروەها ناوی سوڵتانیش خوێندرایەوە و ئنجا چەند گۆزەیەك لە گوڵاویان هێنا و وەك نەریتی خۆیان دابەشیان کرد، لە کۆتاییشدا هەموو نزایان کرد و مانۆاویی کرا. پاشان گەڕامەوە بۆ ماڵەوە ئەوەندەی نەبرد خواردن و یارمەتیەکی زۆر هات لە مانگی دایکی سوڵتان مەخدومە جیهانەوە، نەك تەنها بەشی خۆم بەڵکو بەشی هەموو هاوڕێ و خزمەتکارەکانم هاتبوو چەند رۆژێك هەمووان لەسەر ئەو خواردنانە بووین و هێندە زۆر بوون تەواو نەدەبوون، هەموو ئەم خزمەتانە بە فەرمانی سوڵتان کرابوون.

جگە لەوەی باسمان کرد کەژاوەیەکیان بۆ هێنام، ئەو کەژاوەیە لە ولاتی هیندستان زۆر بوو ئافرەت و پیاو سواری دەبوون و ئنجا چوار تا هەشت کەس بە کرێ هەڵیان دەگرت، ئەوانەی کە دەوڵەمەند بوون بە کرێ خزمەتکاریان دەگرت و سواری ئەم کەژاوانە دەبوون لە جێگایەکەوە بۆ جێگایەکی تر دەڕۆیشتن، زۆر جاران ئەم کەژاوانە بە ئاوریشم و کەرەستەی بەنرخ دەڕازێنرانەوە، کاتێکیش ئەو کەژاوەیەم بەدەست گەیشت، دامە ئەو بازرگانانەی کە قەرزاریان بووم لەبەر خۆشم نەمویست سواری کەژاوە ببم، چونکە هەوالگرەکان هەموو هەوالێکی منیان دەگەیاندە دەست سوڵتان، بۆیە لەبەر سەلامەتی خۆم سواری ئەو کەژاوانە نەدەبووم.

فەزڵەکانی وەزیر

لەو دەمەی لە خزمەتی سوڵتان بووم، فەرمانی ڕەوانە کردبوو بۆ وەزیر تا داهاتی چەند گوندێکم بۆ خەرج بکرێت کە بڕەکەی بگاتە پێنج هەزار دینار، وەزیریش کاربەدەستانی دیوانی ڕاسپارد چەند گوندێکان بۆ دیاری کردم، لەوانە گوندی بەدلی و بەسەهی و بەلەرە، کە دەکەوتنە نزیک ناوچەیەك پێی دەوترا: هیندەبت، واتا: بتی هیندی، کۆی گشتی گوندەکان دەگەیشتنە سەد گوند، هەموو ئەم ناوچانە بێباوەڕێکی هیندی کاروبارەکەی ڕادەپەڕاند پێیان دەوت: نجەوتری، کەسێکی بەتەمەن بوو، داهات و باج و سەرانەی کۆدەکردەوە زۆربەی شار و ئاوەدانی بێباوەڕەکان نزیك بوون لە مسوڵمانەکان، بەڵام لە ژێر قەڵەمڕەوی مسوڵمانەکاندا بوون کۆمەڵێکی تری زۆر لە بێباوەڕەکان لە چیاکاندا دەژیان لەناو دارستانی چڕوپڕدا خۆیان حەشار ئەدا و قەڵا و شورای سێ گۆشەییان دروستکردبوو، کە ئاژەڵ و مااڵتەکانیان تێیدا حەشار ئەدا و پشتیان بە ئاوی باران دەبەست، کەس دەستی بەسەریاندا نەدەڕۆیشت، گەر سوپا هێرشی بردایە بۆ سەریان، دەبوو هەموو ئامرازەکانی تایبەت بە بڕینی دار و قامیشیان پێ بوواید، ئەوکات دەتوانرا لێیان نزیك ببیتەوە.

گەڕانەوەی سوڵتان و چاوپێکەوتنی

لە چواری مانگی شەوالدا بوو سوڵتان گەڕایەوە، لە کۆشکی تایبەتی خۆی لایدا کە پێیان دەوت: تیلبیت، نزیکەی حەوت میلێك لە پایتەخی خۆیەوە دوور بوو، خەڵکی هەموو چون بۆ پێشوازی و هەر کەسە و بە دیاری خۆیەوە لە کۆشك کۆبوونەوە، هەبوو پۆشاکی تایبەتی: موزرگەشی پێبوو، هەبوو ئەسپ و شمشێری میسری و کۆیلەی پێبوو هەموو چوینە پێشوازی، کاتێك نۆرەی من هات و چومە پێشەوە بینیم سوڵتان لەسەر کورسی دانیشتوە، سەرەتا وامزانی پاسەوانی تایبەتە بەڵام وەزیری تایبەتی خۆی "ناسرەدین کافی هەرەوی" لەگەڵدا بوو بەوەدا دڵنیا بووم سوڵتانە.

بەخێرهاتنی کردم و سڵاوی تایبەتی خۆیان ئاراستە کردم، ئنجا سەردەستەی پاسەوانە تایبەتەکان بە سوڵتانیان ووت: ئەم کەسە مەولانا بەدرەدینە و لە وڵاتی هیندستان بە مەولانا بەدرەدین بانگیان دەکردم، وشەی مەولاناش وەك ڕێز بەکاری دەهێنن، ئیدی سوڵتان دەستی گرتم و بەڕێزەوە ووتی: خێر و بەرەکەتت هێنا منیش دەستیم ماچ کرد و ئنجا ووتی: هێندە وڵاخ و ئاژەڵت پێشکەش دەکەم خەڵکی وڵاتی خۆت ببیستن و بێن بۆ دیدەنیت، پاشان ووتی: خەڵکی چی مەملەکەتێکیت ؟ ووتم: وڵاتی مەغریب ووتی: وڵاتی عەبدولمۆمین؟، ووتم: بەڵێ، ئیتر ئەوەندەی تر وەسفی کردم و منیش جار جار دەستیم ماچ دەکرد، نزیکەی حەوت جارێك دەستیم ماچ کرد، لە کۆتاییدا خوانی شاهانە هات بە درێژایی میوانەکان کە دانیشت بوون خوانی شاهانە راخرا و هەموو پێکەوە کۆ بوینەوە کە بریتی بوون لە: خوداوەند زادە قەوامەدین و زیائەدین و ناسرەدین خوارزمی، لەگەڵ کۆمەڵە خەڵکێکی تر، هەروەها شەهابەدین کازەرۆنی بازرگانیش لەگەڵیان ئامادەبوو دیاری تایبەتی خۆی لە وڵاتی تەبرێزەوە بۆ سوڵتان هێنابوو، بەڵام لە رێگا دز و چەتەکان لێیان سەندبوو.

چونمان بۆ پایتەخت لەگەڵ سوڵتان

ئەو رۆژەی وێستمان بڕۆین بۆ لای سوڵتان، هەر یەکێکمان ئەسپێکی زینکراوی سوڵتانی وەرگرت، سوڵتان خۆشی ئامادە بوو بۆ گەشت کردن بەرەو پایتەخت، فیلەکان و ئەسپەکان بە شێوازێکی جوان و قەشەنگ بە ئاوریشمی رەنگاورەنگ رێکخران و ئاڵا و نیشانە و تەپڵ و دەف و هەموو پێداویستییەك ئامادە کران، لەگەڵ "سەدروڵجهیان" لە پێشەوەی کاروانەکە کەووتینەڕێ، ئێمە بە سواری و کۆمەڵێکی زۆریش لە سەربازەکان بە پیادە، کاتێك نزیکی کۆشك بووینەوە، خێرا خێرا درهەم بەسەر خەڵکیدا دەبەخشێنرایەوە، تا ئەو کاتەی سوڵتان گەیشتە دەروازەی کۆشك، خەڵکیش هەموو پەلەیان بوو لە کۆکردنەوەی درهەم و بە هەزاران کەس لە دەوری سوڵتان کۆبوونەوە.

چونمان بۆ لای سوڵتان و وەرگرتنمان لە یارمەتی وەک پلەوپایەی وەرگرتنی دادوەری

رۆژی هەینی بوو کەووتینەڕێ بۆ کۆشکی سوڵتان، بەڵام رێگەمان پێ نەدرا بڕۆینە ژوورەوە بۆیە لای دەرگای سێیەم دانیشتین و چاوەڕوان بووین تا رێگەمان پێ بدرێت، ئەوەندەی نەبرد پاسەوانی تایبەتی سوڵتان "شەمسەدین بۆشنەجی" هاتە لامان و ناوی هەمووانی تۆمارکرد منیش ناوی خۆم و هەشت کەسی تر کە لەگەڵمدا بوون تۆمارم کرد، کاتێك چوینە ژورەوە دادوەری گشتی و نووسەری سوڵتان دانیشتبوون تەرازوێەکیش بەرامبەریان دانرابوو، ئنجا دەستیان کرد بە بەخشانەوەی ئەو بڕە پارەیەی کە دایکی سوڵتان پێشکەشی کردبوو تا بەسەر رێبوار کەسە غەریبەکان دابەش بکرێت بە بۆنەی گەڕانەوەی سوڵتانی کوڕییەوە

هەر کەسێك بەشی خۆی وەرگرت و من پێنج هەزار دینارم بەرکەوت، ئیدی ئەو رۆژە گەڕاینەوە، کۆی گشتی ئەو بڕەی کە دابەش کرا، دەیکرد بە سەد هەزار دینار.

دوای چەند رۆژێکی تر سوڵتان خۆی بانگی کردین بۆ خوانێکی تایبەت، بە جوانترین شێواز پیشوازی لێکردین و پاشان ووتی: دڵخۆش و سەربەرزین بە هاتنتان، گەورەکانتان وەك باوکم وان و ئەوانەش کە بچوکترن برا و کوڕی منن، ئەوەی ئێوە پێویستتان پێی بوو لە خزمەتتاندایە بەهادارترین شتێك هەبێت لای من ئەم شارەیە ئامادەم پێشکەشتانی بکەم، دواتر دوانزە هەزار دیناری پێدام، لەگەڵ سوودی دوو گوند، یەکێکیان: ناوی جۆزە بوو دووەمیان: گوندی مەلیك پوور بوو.

پاش ماوەیەك هەواڵیان پێدراین، کە ئامادەبین لە لای "خوداوەند زادە غەیاسەدین" و "قوتبولمەلیك"ی والی سند، کاتێك رۆیشتین ووتیان: سوڵتان فەرمانی پێداوین هەر کەسێك لە ئێوە بەپێی توانای خۆی کار و پلە و پیشەی خۆی لە دەوڵەتدا وەربگرێت، ئەوەی زانایە با کاری دادوەری وەربگرێت، هەر کەسێکیش توانای کارگێڕی هەیە با لە وەزارەتدا کاربکات، هەر یەکێك لە ئێوە دەتوانێت جێگایەك بۆ خۆی دەستنیشان بکات لە دەوڵەتدا، هەموو بێدەنگ بوون، چونکە دەیانویست بڕە پارەیەك وەربگرن و بگەڕێنەوە، ئەمیر "بەخت کوڕی سەید تاجەدین" ووتی: کاری وەزارەت پیشەی باو و باپیرانی منە و نووسەریش پیشەی خۆمە، چەند شتێکی تریشی ووت پاشان "هیبەتوڵڵا ئیبن فەلەکی" کەوتە قسەکردن و هەمان شتی دووبارەکردەوە.

دواتر "خوداوەند زادە" رووی کردە من ووتی: سەیدەکەم تۆ چی دەڵێیت؟ لە ولاتی هیندستان هەر کەسێك عەرەب بێت بە سەید بانگی دەکەن ووتم: وەزارەت و نووسەری پیشەی من نین، بەڵام کاری دادوەری (قەزاوەت) و وانەبێژی پیشەی خۆم و باو و باپیرانمن، دەوڵەتداری پیشەی عەجەمە، بەڵام بە شمشێری عەرەب بوونە

مسوڵمان، قسەکەی منیان گەیاندە سوڵتان لە (هەزار ستوون)ی کۆشک، پێخۆشحاڵ بوو هەواڵیان پێمدا ووتیان: سوڵتان بانگت دەکات، منیش ڕۆیشتم سەرقاڵی نانخواردن بوو، کەوتمە نانخواردن لەگەڵیدا و پاشان دەرچوینە دەرەوە، دووبارە بانگیان کردینەوە بەڵام نەڕۆیشتم چونکە دومەڵێك لە رانم دروست ببوو نەمدەتوانی بە ئاسانی دابنیشم.

هاوڕێکانم ئەوەیان گەیاندبووە سوڵتان کە تەندروستیم باش نییە، دوای عەسر هەرچۆنیك بوو ڕۆیشتم نوێژی شێوان و خەوتنانم پێکەوە ئەنجامدا، ئەوەندەی نەبرد پاسەوانی تایبەتی بانگی کردین، سەرەتا خوداوەند زادە زیائەدین چوە ژوورەوە، سوڵتان پلەی دادوەری ئەمیرەکانی پێدا کە پلەیەکی مەزن بوو هەر ئەمیرێك گەر کارێکی نابەجێی بکردایە دەبوو لەبەردەستی ئەودا ئامادە بووایە بۆ لێپێچینەوە، سالاّنەش پەنجا هەزار دیناری بۆی بڕییەوە لەگەڵ شوێن و مەجلیسی تایبەت، لەگەڵ پۆشاکی تایبەتی ڕەنگاوڕەنگی ئاوریشم کە پێیان دەوت: وێنەی شێر، چونکە لە پشت و پێشەوەی عەباکە وێنەی شێرێکی پێوە بوو، جگە لەوانەی باسیانم کرد ئەسپێکی تایبەتی زینکراویشی بۆ دابین کرا، لای ئەوان ئەسپ چوار جۆر بوو، جۆری یەکەم بە زیو دەڕازێنرایەوە و جوان و قەشەنگ و تایبەت بوو وەك ئەوانەی ولاّتی میسر وابوو.

دوای ئەو ئنجا ئەمیر بەخت ڕۆیشتە ژوورەوە، سوڵتان چاودێرێ پێی بەخشی بوو، کە لە مەجلیسی وەزیردا دادەنیشت و چاودێری کاروباری وەزارەتەکانی دەکرد، سالاّنەش بڕی چل هەزار دیناری پێ دەدرا لەگەڵ ئەسپی تایبەت و نازناوی شەرەفولمولکی پێ بەخشرا.

سێیەم کەس هیبەتولاّ ئیبن فەلەکی ڕۆیشتە ژوورەوە، ئەویش پلەی نێردراوی کۆشکی پێ بەخشرا، واتا پاسەوانی نێردراوی تایبەتی سوڵتان، سالاّنە بڕی چل هەزار دینار و ئەسپی تایبەتی پێ بەخشرا لەگەڵ نازناوی بەهائولمولیك.

چوارەم کەس من رۆیشتم، تەماشام کرد سوڵتان لە سەربانی کۆشک لەسەر کورسی تایبەتی خۆی دانیشتوە وەزیرەکانی: خواجە جیهان و مەلیکی گەورە لە تەنیشتیەوە وەستابوون کاتێك سڵاوم لە سوڵتان کرد مەلیکی گەورە ووتی: خزمەتی تایبەتی خۆت بکە، مژدە بێت سوڵتان کاری دادوەری کۆشکی بە تۆ سپاردوە، لەگەڵ سالانەی بڕی دوانزە هەزار دینار بەیانی دەتوانی بڕۆیت ئەو بڕە پارەیە لە گەنجینە وەربگریت، هەروەها شوێنی تایبەت و ئەسپیشت بۆ تەرخانکراوە، جۆرێکی تایبەتی پۆشاکیان پێدام ناوی میحرابیە بوو، چونکە وێنەی میحرابێکی تێدابوو، هەروەها سوڵتان پێی ووتم: وا تێنەگەی کاری دادوەری شاری دهلی ئاسانە، بەڵکو زۆر گرانە و دەبێت بە تەواوەتی خۆتی بۆ ئامادە بکەیت، منیش ووتم: بەڵێ نەمویست بەرپەرچی قسەکەی بدەمەوە سوڵتان عەرەبی تێدەگەیشت، بەڵام نەیدەتوانی وەڵام بداتەوە.

ئنجا پێم ووت: گەورەم من لەسەر مەزهەبی مالیکیم، بەڵام خەڵکی ئێرە لەسەر مەزهەبی ئەبو حەنیفەن و پاشان من زمانی هیندیش نازانم، لە وەڵامدا ووتی: کەمالەدین بجنەوەری و بەهائەدین مۆڵتانی هەردووکیان هاوکارت دەبن، تۆ تەنها کاری دادوەری و پەیمان و گرێبەستەکان ئامادە دەکەیت، ئێمەش باشترین ڕێزت لێدەگرین، منیش ووتم: من بەندە و خزمەتکاری ئێوەم، لە وەڵامدا ووتی: تۆ ڕێزدار و گەورەی ئێمەیت وەك دڵدانەوەیەك، بەڕاستی زۆرم پێخۆش بوو کاتێك بەو شێوەیە وەڵامی دامەوە، ئنجا ڕووی کردە ئەمیر بەخت ووتی: ئەگەر ئەو بڕە پارەیەی بۆی تەرخان کراوە بەشی ناکات، ئەوا خانەقایەکی پێشەکەش دەکەم، تا یارمەتی خۆی و هەژارانی پێ بدات، هەروەها ووتیشی بە زمانی عەرەبی پێی بڵێ: ((برۆ یەکجار بە خەسبی ئین حیکایەت براو بگوی تفهیم کونی تا فەردا ئینشائەڵڵا بیش من بیایی و جواب کونی))، واتا: برۆ لە شوێنی پشودانی خۆی بابەت و حیکایەتەکەی تێبگیەنە، ئنجا بۆ بەیانی وەرە و وەڵامەکەم بۆ باس بکە.

تا درەنگانێکی شەو لەوێ بووین، ئیتر ئەوەندەی نەبرد لە دەهۆڵ درا وەك

ئاماژەیەك بۆ کۆتایی هاتنی شەوو دەرگاکانی شار داخران و ئیتر ناچار بووین ئەو شەوە لای پیاوێکی عێراقی ماینەوە ناوی "ئەبی حەسەن عەبادی عێراقی" بوو ئەم پیاوە کاری بازرگانی دەکرد بۆ سوڵتان و کەرەستەی جەنگی لە وڵاتی عێراق و خۆراسانەوە دەکڕی بۆ سوڵتان، ئیدی بۆ بەیانیش هەر کەس و تورەکە پارە و ئەسپی خۆی وەرگرت جگە لە خۆم، خزمەتکارەکانی کە لەگەڵمدا بوون ئەوانیش یارمەتیان لە سوڵتانەوە وەرگرت هیچ کەسێك لە هاوڕێکانم یارمەتی بۆ بەندەکانی وەرنەگرت جگە لە من نەبێت، بەو شێوەیە بۆ ماوەیەك بووم بە دادوەر.

دووبارە وەرگرتنی دیارییەکانی سوڵتان

دوای ئەوەی ماوەیەك بوو پلەی دادوەریم وەرگرتبوو، رۆژێك لەگەڵ زانای خواناس مەولانا "ناسرەدین ترمزی" لە ژێر داربێك دانیشتبوین یەکێك لە پاسەوانە تایبەتەکانی سوڵتان هاتە لامان و بانگی مەولانایان کرد بۆ لای سوڵتان کاتێك رۆیشتبووە ژوورەوە، سوڵتان عەباکەی خۆی پێدابوو لەگەڵ قورئانێکی رووپۆشکراو بە ئالتون. دواتر یەکێك لە پاسەوانەکانی تری سوڵتان هات ووتی: مژدەم پێیە، چەند دیناریکم پێ ببەخشە دیارییەکی سوڵتانم بۆت هێناوە، منیش وامزانی گاڵتەم لەگەڵ دەکات، بەڵام ئەو زۆر بەڕاستی قسەی دەکرد، یەکێك لە هاوڕێکانم ووتی: من پێی دەبەخشم، پاشان نامەکەی سوڵتانی پێداین، نوسرابوو: سوڵتان "خاوەن عالم" فەرمانی دا بە خەرج کردنی ئەوەندە بڕە پارەیە بۆ فلان کەس، ناوەکەم نووسرابوو.

نەریت وابوو کاتێك سوڵتان بڕیاری خەرج کردنی پارەی بدایە نامەکە رەوانە دەکرا، دەبوو سێ ئەمیر ئاگاداری ئەو نامەیە بوونایە، ئەوانیش: خانی گەورە قەتڵو خانی مامۆستای سوڵتان لەگەڵ خەریتەدار کە خاوەن پێنووس و کاغەز بوو و هەروەها ئەمیر نکبیە داودار خاوەنی داوە (بەرید)، ئەوانە بوون بەخێرایی

نامەکانیان ڕەوانە دەکرد، کاتێک هەموویان نامەکەیان تۆمار دەکرد، ئنجا فەرمانەکە دەڕۆیشت بۆ وەزارەت و لە دیوانی ڕێزدارەکان تۆمار دەکرا، دوای ئەوێش بۆ دیوانی چاودێری کردن، لە کۆتاییشدا وەزیر فەرمانی بە ئەمینداری گەنجینە دەکرد، ئەو بڕە پارەیە خەرج بکات کە دەستنیشان دەکرا، ئەویش لای خۆی نووسراوەکەی تۆمار دەکرد و ڕۆژانە ئەو بڕە پارەیە تۆمار دەکرا کە سوڵتان فەرمانی دەدا بە خرج کردنی. نەریت وابوو گەر سوڵتان داوای بکردایە بە خێرایی ئەو بڕە پێشکەش بکرێت، ئەوا بە خێرایی و دەستبەجێ دەدرا، ئەگەر نا لە ماوەی شەش مانگ کەمتر یان زیاتر دەدرا، نەریتێکی تریشان ئەوە بوو، لەو بڕەی کە دەدرا دە یەکیان لێ دەبڕی، بۆ نمونەنە ئەگەر سەد هەزار دینار بووایە، ئەوا نەوەد هەزاری پێ دەدرا، واتا دە هەزار کەمتر.

باسی پیاهەڵدانم بۆ سوڵتان تا ڕزگارم بکات لەو قەرزانەی کە لام بوون

ویستم بچم بۆ خزمەتی سوڵتان بڕێك پارەی زۆرم لە بازرگانەکان وەرگرتبوو بۆ کڕینی دیاری و خەرجی خۆم، بازرگانەکان داوای ئەو بڕە پارەیەیان دەکردەوە، چونکە دەیانویست وەریبگرنەوە و بگەڕێنەوە بۆ وڵاتی خۆیان، منیش ڕۆژێك کۆیلە هۆنراوەیەکم ئامادە کرد وەك مەدح و سەنای سوڵتان، لەوێدا باسی دۆخی خۆمم بۆ کرد ئەمەش هۆنراوەکەیە:

إليك امير المؤمنـــين المُبـجَّلا ... اتينا نجـد السير نحوك في الفـلا

فجئتُ محـــلاً من عـلائك زائـــراً ... ومغناك كـــفٌ للزيارت اُهِّـــلا

فلو انَّ فوق الشمس للمجـد رتـبة ... لكنت لِأعلاهـا إمـاماً مؤهـَّلا

فأنت الامام المجـاد الاوحـد الذي ... سجاياه حتماً ان يقولَ ويفعـلا

ولي حاجة من فيض جودك أُرتجى قضاها وقصدي عند مجدك سُهِّلا

أأذكرُها ام قد كفاني حياؤكم فإنَّ حياكُم ذكرُه كان أجملاً

فعجِّل لِمن وافى محلك زائراً قضا دينَه إنَّ الغريم تعجلاً

کاتێك سوڵتان گوێبیستی هۆنراوەکەم بوو لەسەر کورسییەك دانیشتبوو کاتێك دێڕێکم بۆ دەخوێندەوە بە دادوەری گشتی کەمالەدین غەزنەویم دەوت: بۆ سوڵتانی وەربگێڕە زۆر خۆشحاڵ بوو بەتایبەتی خۆی ئارەزوی هۆنراوەی عەرەبی دەکرد، کاتێك گەیشتمە ئەو دێڕەی: فعجِّل لِمَن وافى محلك.

ووتی: سۆز و بەزەییم بۆت هەیە ئیتر بەردەوام بووم تا کۆتایی ئامادەبووان هەموو دڵخۆش بوون پاشان نامەیەکم بۆ سوڵتان نووسی و رادەستی قوتبولەلیکی پاشای سندم کرد، ئەویش رادەستی سوڵتانی کرد سوڵتانیش ووتی: بیبەن بۆ خواجە جیهان تا هەموو قەرزەکانی بۆ بداتەوە، بەڵام خواجە جیهان خەمسادری کرد و لەگەڵ سوڵتان دەرچون بۆ ناوچەی دەوڵەت ئاباد و سەرقاڵی راوکردن بوون. خاوەن قەرزەکان زۆریان بۆ هێنام و داوای قەرزەکانیان دەکرد، چونکە نیازیان بوو گەشت بکەن. لەوێ نەریت بوو، گەر هەر کەسێك قەزار بووایە دەچوە لای دەرگای سوڵتان، کاتێك خاوەن قەرزەکە تێپەڕ دەبوو بە قەرزارەکەی دەوت: لەبەر خاتری سوڵتان قەرزەکەم بدەرەوە، کاتێك سوڵتان گوێی لێدەبوو دەیوت: بۆ قەرزەکەی نادەیتەوە، ئەویش دەیوت: لە توانامدا نییە . ئەوکات سوڵتان بۆی جێبەجێ دەکرد، بۆیە منیش ئەو رێگایەم گرتەبەر و بە خاوەن قەرزەکانم ووت: ئێستا کاتی ئەوەیە سوڵتان دەرئەچێت بۆ زیارەتی گۆڕی باوکی، لە لای کۆشك لە کاتی دەرچون داوای قەرزەکەتان بکەن، ئەوانیش ئەوەیان کرد و لە کاتی دەرچون ووتیان: لەبەر خاتری سوڵتان قەرزەکەمان بدەرەوە، خێرا نووسەری دەرگای سوڵتان داواکارییەکانی خاوەن قەرزەکانیان گەیاندە سوڵتان، پرسیاری کردبوو کە من چەندێکی ئەوان قەرزارم؟، وتبوویان: پەنجا و پێنج هەزار دینار قەرزارە، سوڵتان

وەڵامی دانەوە و پێیانی ووت: من پارەکەتان پێ ئەدەم داوا لەو نەکەن.

پاشان فەرمانی دا بە عیمادەدین سمانی و خوداوند زادە غەیاسەدین تا لە کۆشکی هەزار ستوون دابنیشن و بە وردی تەماشای داوای قەرزارەکان بکەن و بزانن تا چەند راستە یان نا، کاتێك کارەکانیان تەواوبوو هەموو خاوەن قەرزەکان نووسراوی خۆیان پێشکەش کرد هەردوو دادوەر چونە ژوورەوە و داواکاری خاوەن قەرزەکانیان پشتڕاست کردەوە سوڵتان بە پێکەنینەوە ووتی: دەمزانی دادوەر بە باشی لێکۆڵینەوە لە خاوەن قەرزەکان دەکات.

ئنجا فەرمانیدا بە خوداوەند زادە کە قەرزەکانی من بداتەوە، بەڵام ئەوەی نەکرد ووتی دەبێت بەخشیشم پێ بدەیت ئنجا پارەکەت بۆ خەرج دەکەم، منیش ناچار بووم دوو سەد پارچە تەنەکەی پێ بدەم، لە وەڵامدا ووتی: ئەگەر پێنج سەد پارچە نەبێت وەریناگرم، ئنجا عەمید مەلیکی کوڕی عیمادەدین سمانیم ئاگادار کردەوە، ئەویش باوکی ئاگادارکردەوە، پەیوەندی نێوان باوکی و خوداوەند زادە تەواو نەبوو، ئەم هەواڵەی گەیاندە لای سوڵتان، سوڵتان هەڵوێستی بەرامبەر خوداوندە زادە گۆڕا و بڕیاری بەندکردنی لە شار بۆ دەرکرد، دوای لێکۆڵینەوە بۆ ماوەیەك دانەوەی قەرزەکانم وەستا.

دەرچونم لەگەڵ سوڵتان بۆ ڕاوکردن و ئامادە کردنی پێداویستییەکان

کاتێك سوڵتان ویستی گەشتێکی ڕاوکردن ئەنجام بدات، منیش ئامادەکاری تەواوم کرد و هەموو پێداویستیەکانم ئامادە کرد، وەك چۆن خەڵکی ئامادەکاری بۆ دەکەن، لە نەریتیان وابوو کاتی دەرچونی کاروانی سوڵتان بۆ ڕاو ڕەشمالێ تایبەتی بۆ ئامادە دەکەن کە ڕەنگی سوور بوو، بەڵام هی خەڵکی تر دەبوو سپی و شین بێت، لەگەڵ چەتری مەزن هەروەها دەبوو (کەیوانیە) بە کرێ بگریت، کە ئەمانە

کەسانێك بوون کاریان داکووتین و هەڵگرتنی ڕەشماڵ وچەترەکان بوو دبوو لەگەڵ (کەهارین) کە ئەمانیش کاریان هەڵگرتنی پێداویستییەکانی چێشتلێنان بوو جگە لەوانەی باسیانم کرد دەبوو (فەراش)یش بە کرێ بگریت کاری ئەمانەش بریتی بوو لە دانان و هەڵگرتنی راخەر و فەرش و رێکخستنی باری ئاژەڵەکان، لەگەڵ (دوادویە) ئەوانەی مەشخەڵی ئاگریان هەڵدەگرت و لە پێشەوە ڕێیان دەکرد، هەروەها پێویستی دەکرد گژوگیای تەواو ئامادە بکەیت، چونکە ئەوان نەریتیان وابوو کایان نەدەدا بە ئاژەڵ بەڵکو دەبوو گژوگیا دابین بکەیت منیش هەموو پێداویستییەکانی گەشتەکەم بە کرێ گرت و بەهێزی خۆم پیشانیاندا.

ڕۆژێك دوای نوێژی عەسر سوڵتان بە سواری فیلەوە هات و ویستی ئاگاداری دۆخی خەڵکەکە بێت و بزانێت کێ ئامادەکاری تەواوی کردوە و کێ ئامادەکاری نەکردوە، لە دەرەوەی ڕەشماڵە تایبەتەکەی خۆی دانیشت، منیش ڕۆیشتم و سڵاوی تایبەتیم لێکرد و لە لای دەستە راستییەوە وەستام، ئنجا مەلیك "قبولە سەرجامدار"هاتە لام و پێی ووتم: دانیشە وەك ڕێزێك، کاری ئەم پیاوە ئەوە بوو بە باوەشێن مێشی لە سوڵتان دووردەخستەوە، پاشان دووبارە فیلیان هێنایەوە سوڵتان بە سواری فیل دەستیکرد بە سوورانەوە بەسەر خەڵکیدا، دوای ماوەیەك ئنجا گەڕایەوە بۆ ڕەشماڵەکی خۆی. نەریتی وابوو هەر کاتێك دەستی بکردایە بە ڕۆیشتن، بە دوایدا ئەمیرەکان دەکەوتنەڕێ، هەر ئەمیرێك بە شێوازی تایبەتی خۆی ئاڵا و تەپڵ و دەف و کەرەنای تایبەتی خۆیان هەڵدەگرت بەڵام لە پێشەوەی سوڵتان تەنها پاسەوانە تایبەتەکانی خۆی دەڕۆیشتن لە لای ڕاستی سوڵتانەوە پانزە کەس هەبوون و لە لای چەپێەوە بە هەمان شێوە پانزەی دیکە هەبوون لە دادوەر و زانا و ئەمیر و وەزیرەکان، بەندەش یەکێك بوو لەوانەی کە لە دەستە راستی سوڵتانەوە دەڕۆیشتین، لە هەر جێگایەك کە خۆی هەڵیبژاردایە بۆ پشودان دەوەستان، خێرا ڕەشماڵی سوڵتان دادەکوترا و خواردن و خواردنەوە لە بەردەستی سوڵتان ئامادە دەکرا وەك گۆشتی مریشك و بەرخ و باڵندەی کورکی و هەموو جۆرە خواردنێکی

تر، پاشان وەزیر و کوڕانی وەزیر ئامادەی خواردنەکان دەبوون، یاخود هەر کەسێك خۆی پێی خۆش بووایە بانگی خوانەکەی دەکرد.

ڕۆژێکیان لە نێو ڕەشمالەکی دانیشتبوو ووتی: کێ لە دەرەوەیە؟، لە وەلاّمدا: سەید نەسرەدین موتەهەر ئەوهەرەی وتبووی: پیاوە مەغریبێکە لە دەرەوەیە و وەزعی گۆڕاوە بەهۆی قەرزاریەوە هەموو ڕۆژێك بە عەرەبی گفتوگۆم لەگەلّ دەکات و هەر دەلّێت قەرزەکانم چونکە خاوەن قەرزەکان زۆر داوای لێ دەکەن، ئەی خاوەن عالەم خۆت پێشتر بڕیارت دەرکرد بوو بۆ وەزیر تا قەرزەکانی بۆ بداتەوە، بەلاّم وەزیر بەهۆی گەشتەکەیەوە ئەوەی جێبەجێ نەکرد. لە وەلاّمدا سولّتان پێی دەلّێت: هەر کاتێك گەڕاینەوە تۆ ئەی (ئومار) واتا: مامە، چونکە سولّتان بە مامە بانگی دەکرد، بڕۆ بۆ گەنجینە و خۆت پارەکانی وەربگرە تا قەرزەکانی بۆ بدەیتەوە، خوداوەند زادەش لەوێ دەبێت و پێی دەلّێت: ئەی گەورەم ئەو پیاوە دەستبلاّوە خۆم ئەوەم لێی بینیوە، ئەو کاتەی لای سولّتان تەرمەشرین بوو، ئیتر ئەوەندەی نەبرد سولّتان بانگی منی کرد بۆ نانخواردن، بێ ئەوەی ئاگاداری ئەو گفتوگۆیەی نێوانیان بم، کاتێك دەرچوین "سەید ناسرەدین" ووتی: سوپاسی مەلیك دەولّەت شا بکە، لە وەلاّمدا ووتی: نەخێر با سوپاسی خوداوەند زادە بکات.

باسی ئەو حوشترەی پێشکەشی سولّتانم کرد

ڕۆژێك سولّتان لەگەلّمدا کەوتە گفتوگۆکردن ووتی: مەلیك ناسری میسر سواری حوشتر دەبێت، منیش ووتم: بەلّێ سواری حوشتری (موهاری) دەبێت لە کاتی حەجکردنی مالّی خوادا، ئەو جۆرە حوشترانە وەك حوشتری ئێرە نین، هەروەها پێم ووت: کە حوشترێکی موهاریم هەیە کاتێك گەڕامەوە بانگی چەند عەرەبێکی ولاّتی میسرم کرد، وێنەی ئەو کۆپانەیان بۆم کێشا کە بۆ حوشتری موهاری دروست دەکرا منیش بردم بۆ لای چەند دارتاشێك و ئەوانیش بە جوانترین شێواز بۆمیان دروستکرد، پاشان بە ئاوریشم رازاندمەوە، جگە لەوەش بانگی خزمەتکارێکی

خۆمم کرد که خەڵکی ولاتی یەمەن بوو و شارەزاییەکی باشی لە دروستکردنی حەلوا هەبوو، دەستی کرد بە دروستکردنی حەلوایەکی بەتام کە وەك خورما وابوو.

بە دیاری لەگەڵ حوشترەکەدا رەوانەی لای سوڵتانم کرد، بە "راجلی" خزمەتکارمم ووت: ئەم دیارییانە رادەستی پاسەوانە تایبەتەکەی مەلیك دەوڵەت شا بکە، کاتێك دیاریەکانی بۆ بردبوو سەری سووڕمابوو بە سوڵتانی وتبوو: گەورەم دیاریەکی ئەنتیکەیان بۆ هێناوی، حوشتری موهاریە بە کۆپانەوە، بە لای سوڵتانیشەوە شتێکی نامۆ دەبێت، دەڵێ : بهێنن کە دەیبینێ سەرسام دەبێت، ئنجا دوو سەد دیناری درهەمی پێدەدات لەگەڵ پۆشاك منیش زۆر دڵخۆش بووم و دواترکاتێ گەڕاینەوە بۆ پایتەخت دوو حوشتری ترم بە دیاری بۆ رەوانە کرد.

باسی دیاریەکەی ترم بۆ سوڵتان دوو حوشتر و شیرینی و ڕزگار بونم لە قەرزەکان

کاتێك راجلی گەڕایەوە باسی ئەوەی بۆ کردم، کە چۆن سوڵتان خۆشحاڵ بوو بە دیاریەکەم ئنجا دەستمکرد بە دروستکردنی دوو کۆپانی تر پاشان بە ئاوریشم و زیو رازاندمەوە هەروەها چەند زنجیرە مورویەکی جوانم دروستکرد بۆ رازاندنەوەی حوشترەکان، جگە لەوانەی باسیانم کرد یانزە قاپە شیرینی تایبەتیم لە هەموو جۆرەکان ئامادە کرد و سەری هەموو قاپە شیرینییەکانم بە ئاوریشم داپۆشی، کاتێك سوڵتان گەڕایەوە بۆ ڕۆژی دووەم سەردانی شوێنی گشتی کرد، منیش بە حوشترەکانم پێشاندا کاتێ ئەنجا ووتی: با حوشترەکان بجولێنن منیش حوشترکانم هەڵساند یەکێکیان میرۆکانی قەدی پرشو بلاو بۆیەوە سوڵتان بە "بەهائەدینی کوڕی فەلەکی" ووت : میرۆکان هەڵگرەوە، دواتر تەماشای قاپەکانی کرد پرسیاری کرد چین؟ ووتیان شیرینیە، میش ووتم: خاوەن شکۆ (خاوەن جیهان) ئەوانە شرینین ، لە ولامدا بە فقیه "ناسرەدین ترمزی"ووت : لە هیچ جێگایەك شرینی بەتامی وەك ئەو قاپەشرینیەم نەخواردوە کە ئەم پیاوە بۆمانی نارد کاتێ لەسەربازگەکە

بووین . فەرمانی کردبوو قاپە شیرینییەکان لە ژووری تایبەتی دابنێن، دواتر بانگی منی کرد بۆ نانخواردن ئیدی ئەوەندەی نەبرد خواردن ئامادە کرا و لەگەڵ سوڵتان دەستم کرد بە نانخواردن.

لە کاتی نانخواردندا پرسیاری ئەو شیرنییەی لێکردم کە پێشتر بە دیاری ڕەوانەم کرد، منیش ووتم: ئەی خاوەن عالەم، شیرینی جۆری زۆرە، تۆ لە کام جۆریان پرسیار دەکەیت؟، ئنجا فەرمانی کرد چەند قاپێکیان هێنا، دەستی درێژ کرد بۆ یەکێك لە قاپەکان ووتی: من پرسیاری ئەم جۆرەت لێ دەکەم، لە ولاّمدا ووتم: ئەو جۆرە پێی دەڵێن: میقرەصە، دواتر جۆرێکی تری هەڵگرت ووتی: ئەم جۆرەیان چی پێ دەڵێن؟، وتم: لوقمە قازی، ئەوەندەم زانی پیاوێکی عێراقی کە ناوی "سامری" بوو سوڵتان بە باوك بانگی دەکرد ئیرەیی برد ووتی: ئەی سوڵتان بەو شیرنییە ناوترێت لوقمە قازی، هەر لە خۆیەوە دەستی برد بۆ جۆرێکی تری شیرینی کە پێیان دەوت: پێستی ئەسپ، ووتی: بەمە دەوترێت لوقمە قازی.

بەڕاستی دۆخێکی ناخۆشی بۆم دروستکرد، بەڵاّم ناسرەدین کافی هەرەوی کە یەکێك بوو لە هاوڕێ نزیکەکانی سوڵتان و سامری و زۆر جاریش گاڵتەی لەگەڵ سامری دەکرد، وەڵاّمیدایەوە ووتی: خواجە سامری تۆ درۆ دەکەیت ، دادوەر(قازی) ڕاست دەکات، سوڵتانیش ووتی: چۆن؟. ووتی: خۆی قازییە و ئەوەش لوقمە، واتا: لوقمە قازی، سوڵتان دەستیکرد بە پێکەنین ووتی: ڕاست دەکەیت!.

دوای نانخواردن و خواردنەوەی تەنبول گەڕامەوە، ئەوەندەی نەبرد ئەمیندارەی گەنجینە هاتە لام ووتی: چەند خزمەتکارێك بنێرە تا پارەی قەرزەکانت وەربگرن، خزمەتکارەکانم ڕەوانە کرد دوای شێوان کە گەڕامەوە تەماشام کرد سێ کیسە درهەمیان وەرگرتبوو، کۆی گشتی دەیکرد بە شەش هەزار و دوو سەد و سی و سێ درهەمی تەنەکە، کە دەیکرد بە پەنجا و پێنج هەزار دینار، ئەوەش ئەو بڕە پارەیە بوو کە من قەرزار بووم، هەموو قەرزەکانم پێی دایەوە جگە لەو بڕە دوانزە هەزار دیناری تری پێدام، وەك نەریتی خۆیان دە یەکی خۆیان لێبڕی و باقی تری پارەکانم وەرگرت .

دەرچونی سوڵتان و فەرمان کردنی بەمانەوەم لە پایتەخت

لە جەمادی یەکەم بوو سوڵتان بە سەرباز و کەرستەی جەنگیەوە لە پایتەخت دەرچو بە مەبەستی جەنگ کردن لەگەڵ پاشای ولاتی مەعبەر، منیش لە قەرزەکانم ڕزگارم ببوو هەروەها کڕێی و پێداویستی نۆ مانگمدا بە ئەوانی خەریکی ڕەشماڵ داکووتین بوون لەگەڵ ئەوانی شەوان چراو مەشعەلیان هەڵدەگرت هەروەها ئەوانەی تایبە بوون بە هەڵگرتنی کەرستەی چێشت لێنان و چێشلێنەرکان و کارگوزارەکان . ویستم گەشت بکەم بەڵام فەرمانی سوڵتان هات کە دەبوو من و دەستەیەك لە پایتەختی سوڵتان بمێننەوە ، پاسەوانی تایبەتی سوڵتان کە بە حاجب ناسرابوو، کارەکانی ئێمەی لای خۆی تۆمار کرد کە چەندێ پارەمان خەرج کردوە بۆ چی مەبەستێك تا وەك بەڵگەیەك لایان بێت ، ئەوەش نەریت بوو دەبوو هەموو کارێك تۆمار بکرێ، پاشان فەرمان کرا بوو شەش هەزار دیناریان داپێم دەهەزاریش بۆ "ئیبن قازی میسری" خەرجکرا لەگەڵ هەموو ئەوانەی کە خاوەن ڕێز بوون و غەریبە بوون لە هیندستان بەڵام هیچ بڕێك خەرج نەکرا بۆ ئەوانەی کە خەڵکی ولاتەکە بوون ، هەروەها فرەمانیشم پێکرا کە چاودێری گۆرستانی سوڵتان قوتبەدین بکەم وخزمەت پێشکەش بکەم، چونکە سوڵتان زۆر قوتبەدینی خۆش دەویست و کاتی خۆی خزمتکاری ئەو بوو، چۆن بە زیندویی ڕێزی لێدەگرت ئاوهاش بە مردویی ڕێزی لێدەگرت ، سڵاوی شاهانەی لێدەکرد وەك چۆن بە زیندویی سڵاو لە پاشا دەکرێ، هەرکاتێك سەردانی گۆرەکەی بکردایە نەعلەکانی ماچ دەکرد نەریتیان وابوو نەعلی مردۆکانیان لەسەر گۆرەکەکی بە گۆچانێکەوە هەڵدەواسی، زۆر ڕێزی لە ژنەکەی دەگرت و بە خۆشك بانگی دەکرد لە ماڵەکەی خۆی خزمەتی دەکرد تا ئەو کاتەی سوڵتان لە (ئیبن قازی میسری)مارەی بڕی و شووی کرد دواتریش هەر چاودێری دەکرد و هەموو هەینیەك سەردانی دەکرد .

کاتێ سوڵتان دەرچو بە مەبەستی گەشتکرد نوێنەری تایبەت خۆی هات ووتی: سوڵتان دەیەوێ مالٚئاواییتان لێبکات ، ئیبن قازی میسری ووتی: من نا مەوێت مالٚئاوایی لە سوڵتان بکەم بەڵکو ئارەزوو دەکەم لە گەڵی بم، خێری تێدا بوو کاتێ چو بۆ لای سوڵتان پێیدەڵێ :خۆت ئامادە بکە لەگەڵ من دەبیت لەگەشتەکە .! دواتر من چوم بۆ مالئاوایی لێکردنی ووتی: تۆ لە پایتەخت بمێنەوە، خۆشم هەر ئەوەم ویست بمێنمەوە هەرچەند باش نەبوو ئەنجا ووتی: چیت پێویستە ؟ منیش پارچە کاغەزێکم دەرهێنا شەش داواکاریم لەسەری نوسیبوو ، سوڵتان ووتی بڵێ داوای چی دەکەیت؟ : ووتم :خاوەن شکۆ تۆ فەرمانت کردوە کاری دادوەری بکەم بەڵام من تائێستا ئەو کارەم نەکردوە مەبەستمە رێز لە دادگا و قەزاوەت بگرم بۆیە پێویستم بە دوو کەس هەیە تا هاوکاریم بکەن . ووتی: باشە بڵێ چیتر ؟ ووتم: چوار سەد وشەست کەسم بۆ گۆرستانی سوڵتان قوتبەدین تەرخان کردوە بەڵام وەقف و پارە تەرخان کراوەکان بەشی خواردن وپێداویستی ناکات . بە وەزیری ووت: پەنجا هەزار کەمە بۆی بکە بە سەد هەزار دینار لە داهاتی گەنم وبرنج ، پاشان ووتی : چیترت هەیە ووتم: هاوڕێکانم بەند کراون بە هۆی ئەو گوندانەی کە ئێوە بەمنتان بەخشیوە بەڵام هەرچی بە دەستم گەیشتوە، دیوانی وەزارەت بە فەرمانی تۆ داوای دەکەنەوە ووتی :چەندت وەرگرت ؟ ووتم: پێنج هەزار دینار ووتی: بۆ خۆتی خەرج بکە، ووتم ئەو خانوەی وەرمگرتوە وێرانە و خراپە بەوەزیری ووت: بۆ نۆژن بکەنەوە لە کۆتا ووتی هیچی ترنەما ووتم : نەخێر . ووتی : وەسێتت بۆ ئەکەم کە هیچ قەرزێك نەکەی چونکە کەس نیە بەمن بڵێ با خاوەن قەرز یخەت نەگرێ دەست بە پارەکانتەوە بگرە خوای گەورە دەفەرموێ: بخۆن وبخۆنەوە زیادە ڕوی نەکەن بەڵام قرچۆکیش نەکەیت ویستم قاچەکانی ماچ بکەم بەڵام نەیهێشت سەرمی گرت منیش دەستیم ماچ کرد .

ئیدی گەرامەوە سەرقاڵ بووم بە نۆژەنکردنەوەی خانۆکەم و چوار هەزار دینارم تێیدا خەرج کرد چونکە لە تەنیشت خانۆکەوە مزگەوتیکم دروستکرد، دواتر شەش

سەد دیناریشم لە دیوانی وەرگرت ئەنجا بە گۆرستانی سولّتان قوتەدینەوە سەرقاڵ بوم گومەزێکم لەسەری دروست کرد سولّتان داوایکرد بوو گومەزەکەی بەرز بێت بە درێژی سەد گەز بۆ ئاسمان واتا بیست گەز زیاتر لە گومەزەکەی گۆری قازانی پاشای عێراق .

باسی نەریتیان لە گۆرستان و ماتەمگێڕان

نەریتیان لە ماتەم گێڕاندا بۆ مردوەکانیان سەرنج ڕاکێش بوو وەک ئەوە وابوو بۆ زیندو بکرێت لە دەرگای گۆرستان فیلی رازاوە ئامادە ئەکەن لەگەڵ ئەسپی زینکراو، پاشان خۆم پۆل پۆل کەسانێکم تەرخانکرد بۆ خزمەتکردن و بەڕێوەبردنی ئەو ماتەمەی کە بۆ مردوەکانیان دەیگێڕن بەم شێوەیە دابەشیانم کرد یەکەم: قورئانخوێنەکان و بانگبێژەکان و سۆفییەکان هۆنراوە خوێنەکان و مامۆستاکان. دووەم: چێشتلێنەرەکان و ئاوگێڕەکان و تەنبولداریەکان ئەوانەی کە تەنبول دابەش دەکەن. سێیەم: سولّحداریە و پاسەوانەکان و خزمەتکارەکان و داوداریە .

کۆی گشتییان دەیکرد بە ٤٦٠ کەس، سولّتان فەرمانی ئەدا کە رۆژانە بڕێکی زۆری ئارد و گۆشت ئامادە بکرێت، لەگەڵ شەکر و برنج و ڕۆن و ڕووەکی تایبەت بە خواردن، منیش لەو خواردنەی کە ئامادە دەکرا یارمەتی هەژاران و ڕێبوارانم دەکرد هەستم کرد ئەو بڕەی کە سولّتان بڕیاری لێدابوو کەم بوو بۆیە داوام کرد خواردنی زیاتر ئامادە بکرێت، ئەوانیش ئەوەیان کرد و ئیدی خەڵکێکی هەژاری زۆر سوودمەند بوون لەو خواردنە لە کاتێکدا ولّات لە برسێتیدا بوو. رۆژێکیان سولّتان سەردانی دەولّەت ئاباد دەکات و لە حاڵی خەڵکەکە دەپرسێت زۆربەیان دەڵێن: ئەگەر فلّانە کەس لێرە بووایە و خزمەتی هەژارانی بکردایە وەک ئەوەی لە دهلی دەیکات ئێستا دۆخمان باشتر دەبوو سولّتان بەم قسەیە خۆشحاڵ دەبێت ئیتر دەستەیەک پۆشاکی بە دیاری بۆم ڕەوانە کرد، هەروەها لە نەریتی خەڵکی هیندستان و سەرا وابوو دوای نانخواردن مێزێك لەبەر دەستی هەموو کەسێکی

خاوەن شکۆ دادەنرا لەگەڵ زانا و دادوەرەکـان، سـەری بـەرخێکی بـرژاوی لەسـەر دادەنرا، لەگەڵ پارچە حەڵوا بە هێندەی سابونێك لەگەڵ کیسـەی بچـوکی پـڕ لـە شـیرینی، سـەری ئـەم خواردنانـەش بـە پارچـە قوماشـێکی لۆکـە دادەپۆشـرا، ئەگەرکەسێك پلەی لەوانەی باسم کرد کەمتر بووایە، ئەوا نیوەی سەری بـەرخێکی بۆ دادەنرا، هەشبوو سێ یەکی بۆ دادەنرا بۆ یەکەجار ئەم جۆرە خزمەتەم لە سەرای پایتەختی مەملەکەتەکەی سوڵتان ئۆزبێك بینی.

دەرچونم بۆ ناوچەی هەزار ئەمروها

وەزیر لە داهاتی بەرو بومی برنج و دانوێڵە بڕی دە هەزار مەنی داپێم بۆ خانەقا (مەنێك دەکاتە نزیکەی کیلۆیەك بە پێوانـەی پێسـتا ـ وەرگێـر) ئـەنجا ووتـی : بڕێکی تر لەو یارمەتیە لە ناوچەی"هەزارە" تەرخان کراوە بڕۆ بۆ لای والی باجگر عـەزیز خەمار لە ناوچەی هەزار وەریبگرە ئەم شوێنە سێ ڕۆژە ڕێ لە پایتەختـەوە دوور بوو ئەمیرەکەی ناوی شەمسەدین بەزەخشانی بوو، بە پیاوەکانی خـۆم گـوت: بڕۆن بیهێنن بەڵام بێ سوود گەڕانەوە گلەییان لە عـەزیز خەمار کرد بۆیە بە ناچاری خۆم کەوتمە ڕێ و چەند خزمەتکارێکشم لەگەڵ خۆمدا برد دوانیان دەنگیان خۆش بوو تا گەیشتینە ئەوێ ئاوازیان دەچری .

سـەرتا گەیشـتینە"بیجنەوەر" شارۆچـکەیەکی قەشـنگ بـوو پاشـان لـەوێوە ڕۆیشتین بۆ هەزار کاربەدەستەکانی هاتن بۆ پێشوازیکردن هەر لەوێ بوینە میوانی دادوەر ئـەمیر علـی و خانـەقای شـێخ نێـوان ئـەم شـارە و ئـەفغان پـور شـوێنی نیشتەجێبوونی عەزیزخەمارە تەنها ڕوبارێك هەبوو ناوی "سـەرۆ" بـوو لـە شـتە سەرسورهێنەرەکانی ئەم ڕوبارە ئەوە بوو کاتی وەرزی باران بارین کەس نەیدەتوانی ئاوی لێ بخواتەوە چونکە ئەو بارانەی دەباری دەڕژایـە سـەر ڕوەکـە ژەهراوێکـانی خەشخاشی چیای قەراجیل و هەندێ ئاوی کانی مەعدنی ئالتونیشی تێکەڵ دەبـوو

سێ رۆژ لە سەر ئەو ڕوبارە بووین نەمان تـوانی ئەوەنـدی لێبخۆینـەوە تونێتیمـان بشکێنێ پێشتر من باسی ئەم ڕوبارەم کردوە چیای قەراجیل سـێ مـانگ ڕێ دوور دەبێ هەمووی زنجیرە شاخی سەخت تا دەگاتە تبت ئەو شوێنی کە جۆرە ئاسکێکی لێیە بۆنی مسکی لێ بەرهەم دهێنن .

لە ماوەی ئەو چەندر رۆژە توانیمان کەڵەکی دار دروست بکەین بۆ پەڕینەوە بۆ ئەو بەری ڕوبارەکە ئیدی چوینە "ئەفغان پور" هێندەی نەبر براکەی عەزیز خەمار هات ناوی نەجیب بوو پاشان براکەی کە والی بوو ئەو هات کەسێکی ستمکار بوو باج وداهاتێکی زۆری لە گوندەکان کۆ دەکردەوە کە لە ژێر دەستی ئەو بوو سـالآنە شەست لەکی کۆدە کردەوە، لەو کاتـدا شەمسـەدین بەزخشـانی بـە سـوپایەکەوە هاتبوو بۆ جەنگ کردن لەگەڵ عەزیز خەمار بە هۆی کێشەیەك کەوتبووە نێوانیـان و سکالآی یەکێکیان گەیشت بـوو لای وەزیـری سـوڵتان ئەوەنـدەی نـەبرد نامـەم پێگەیشـت تـا دادوەری نێوانیـان بکـەم هـەروەها نامـەش گەیشـتبوە ئـەمیری مەمالیکەکان و شەهابەدینی ڕۆمی کـە خـاوە چـوار هـەزار سـەرباز دەبـوون لـە نامەکەدا هاتبوو کە تەماشای کێشەکەیان بکەین گەر هەرکەسێکیان تاوان بار بوو بە ئەوا بەدەست بەستراوی ڕوانەی پایتەختی سولڵتان بکرێ هەموویان لە مالّی من کۆبونەوە گوێم بۆ کێشەکەیان ڕاگرت عەزیز خەمار ووتی: یەکێك لـە پیاوەکـانی شەمسەدین کە ناوی (ڕەزا مۆلّتانیە) لە مالّ ئەمینداری گەنجینەی ئەو لادئـەدا و مەی دەخواتەوە، پاشان بڕی پێنج هەزار دینار دەدزێ منیش خێرا بە ڕەزام گـوت: کەی تۆ مەیت خواردۆتەوە لە ولآمدا گووتی : ماوەی هەشت سالّ دەبێ من مـەیم نەخواردۆتەوە تەنها لە مۆڵتان دەرچوم ئەو کات خواردمەوە. فەرمانمدا کە هەشـتا جەڵدەی لێبدرێ ووتیشم: ئەوە لە تۆڵی ئەو تاوەنی ئەنجامتداوە تۆ کاتی خـۆی لـە مۆڵتان نەتخواردۆتەوە گوتی: بەڵێ خواردومەتەوە هەروەها بڕیارمدا بە بەند کردنی لەبەر ئەوەی بەڵگەکان کە لەسەری هەبوون بێهێز بوون .

دوای دوو مانگ لە مانەوەم شاری هەزارم جێهێشـت ڕۆژانـە مانگایـەکم بـۆ

هاوڕێکانم سەر دەبڕی ولاتی هیندستان مانگایان زۆرە زۆربەی کارەکانیان بە مانگا ڕادەپەڕێنن بەردوام ئەو یارمەتیانەی کە لەسەر عەزیز بوون بە مانگا ڕەوانەی دەرکر ومنیش بەسەر هەژارندا دابەشم دەکرد هیچ کات خەڵکی گوێدرێژ بەکار ناهێنن بۆ گواستنەوەی بار بڵکو بە شتێکی ناشرینی دەزانن وسواریشی نابن پێدەڵێن: لاشە، گەر کەسێ کارێکی ناڕەوا بکات سواری گوێدرێژی ئەکەن و بە ناو خەڵکێدا گری ئەدەن .!

باسی چاکەی هەندێک لە هاوڕێکانم

کاتێك ناسرەدین ئەوهەری گەشتی کرد هەزار و شەشت دیناری تەنەکەی لام بەجێهێشت و بەشێکی زۆری پارەکەم خەرج کرد دوای ماوەیەك ڕۆیشتم بۆ دهلی ناسرەدین خوداوەند زادەی ڕەوانە کرد بۆ داوای پارەکەی منیش پێم ناخۆش بوو بڵێم: پارەکانم خەرجکردوە بۆیە سێیەکی پارەکەم بۆ ڕەوانە کرد، دوایی چومەوە ماڵەوە دەنگۆی ئەوە بڵاوببووە کە من نەخۆش کەوتووم "ناسرەدین خەوارزمی" هاتە لام ووتی: نابینم تۆ نەخۆش بیت؟! ووتم: دڵم نەخۆشە. ووتی: پێم بڵێ چیتە ؟ ووتم: جێگرەکەت شەیخولئیسلام بنێرە پێی دەڵێم چیمە . کاتێك هات پێم ووت کە کێشەکەم چییە ؟، کاتێك گەڕابوەوە باسی کێشەکەمی بۆ کردبوو ئەویش بڕی هەزار دیناری درهەمی بۆ ڕەوانە کردم بەڵام کەم بوو بەشی قەرزەکەی نەدەکرد لە ناخی خۆمەوە ووتم: سەدرولجیهان نەبێت کەس ناتوانێت تیماری دەردەکەم بکات چونکە ئەو کەسێکی پارەدارە، بۆیە ئەسپێکی زینکراوم بۆ ڕەوانەکرد کە نرخەکەی دەیکردە هەزار و شەش سەد ینار لەگەڵ دوو ئەسپی تر و دوو هێستر و دوو شمشێر کە کێلانەی هەریەکەیان بە زیو ڕوپۆش کرابوون پێم ووت: تەماشای شمەکەکان بکە و بزانە نرخیان دەکاتە چەند بۆم ڕەوانە بکە ئەویش لەبری لە ناخەوە بە تەواوی بێهێز بووم و تووشی لەرز و تا بووم ووتم: ئێستا بڕۆم داوای یارمەتی لە وەزیر بکەم پێم دەڵێت: ئەو هەموو بڕە پارەیەت چۆن خەرج کرد ئەوەندەی تر تووشی

خەجالّەتی دەبم، بۆیە بە ناچاری جارێکی تر پێنج ئەسپ و دوو کەنیزە و دوو خزمەتکارم رەوانە کرد بۆ مەلیك موغیسەدین محەمەدی کوڕی عیمادەدین سمنانی کە لاوێکی بەتوانا بوو لەبری ئەوە دوو سەد تەنەکە زیاتری بۆ رەوانە کردم بەوەش لە قەرزاریەکانم رزگارم بوو، هەموویان سێ هەزار دیناری دانابوو هەزار دیناری رەوانە کرد و باقی تری نەناردبوو.

چۆنێتی رزگار بوونم لە سزای سوڵتان

هۆکاری ئەوەی سوڵتان دەیویست سزام بدات ، ئەوە بوو جارێك چوم بۆ سەردانی زانا و زاهیدی بە ناوبانگ "شەهابەدین کوڕی شێخ جام" کە لە یەکێك لە ئەشکەوتەکانی نزیك دەهلی بوو لەوێ سەرقاڵی خەڵوەت و خودا پەرستی بوو، مەبەستی من زیاتر بۆ ئەوە بوو ئەو ئەشکەوتە ببینم کە خۆی چۆن هەڵیکەندبوو بەڵام کاتێك سوڵتان دەستگیری کرد بوو پرسیاری لە کوڕەکەی کرد بوو کە کێ سەردانی کردوە، ئەویش ناوی چل کەسێکی هێنا بوو من لە نێودا بووم بۆیە سوڵتان فەرمانی کرد بووە چوار لە کۆیلەکانی کە چاودێری من بکەن منیش ئەو ماوەیە بەردوام سەرقاڵی یادی خودا بوم هەمیشە نزام دەکرد کە خوای گەورە لە سزای سوڵتان بمپارێزێ بەردەوام زیکری (حسبنا الله ونعم الوکیل)م دەوتەوە بۆ ماوەی پێنج ڕۆژ قورئانم دەخوێند ڕۆژانە خەتمێکم دەکرد، ئیتر سوپاست بۆ خوای گەورە پاراستمی دوای کوژرانی شیخ شەهابەدین سوڵتان سزای منی نەدا .

باسی دورکەوتنەوەم لە کارەکەم و خەڵوەت کردنم بۆ پەرستش

ماوەیەك دورکەوتمەوە لە کارەکەم و خۆم تەرخان کرد بۆ پەرستش لای پێشەوای خواناس "کەمالەدین عەبدولڵا غاری"یەکێك بوو لە ئەولیاکان و خاوەن کەرامەت بوو هەمیشە سەرقاڵی پەرستش بوو بەردوام بە ڕۆژو بوو منیش دەمویست وەك ئەو بەردوام بەڕۆژوبم بەڵام پێشەوا ڕازی نەدەبوو دەیوت : دەبێت نەرمونیان بیت لە عیبادەتکردن وئاگادری خۆت بیت چونکە ئەو ڕێبوارەی کە ئاژەڵەکەی خۆی ماندوو دەکات پەکی دەکەوێت سەرنجام پشتی خۆی دەشکێنێ. هەروەها وەك ئەو پۆشاکی زبری سۆفیم پۆشی و ئەوەی هەمبوو لە مالّی دونیا هەموویم بەخشی بە هەژاران و ماوەی پێنج مانگ لەگەڵیدا بووم تا وام لێهات هەموو خواردن و پێداویستییەکانم کۆتایی پێهات، ئەوکات سوڵتان لە گەشت کردن بوو لە ناوچەی سند، دوای ئەو ماوەیە هەستم بە تەمەڵی دەکرد بە هۆی کەمی خۆراك و پێداویستییەکان.

داوای سوڵتان بۆ گەڕانەوەم بۆ سەر کارەکەم

کاتێك سوڵتان دەگاتە ناوچەی سێوستان، هەوالّی ئەوەی پێگەیشتبوو کە من سەرقاڵی پەرستشم و کارەکەم بە جێهێشتوە بۆیە داوای کرد بمبینێت کاتێك ڕۆیشتم بۆ لای، پۆشاکێکی سوفم پۆشی بوو زۆر بە نەرم و نیانی کەوتە گفتوگۆ کردن لەگەڵدا و داوای کرد بگەڕێمەوە سەر کارەکەم، بەڵام من ئەوەم ڕەتکردەوە ووتم: پێم خۆشە سەرقاڵی زوهد و خوداپەرستی بم هەروەها داواشم لێکرد کە مۆڵەتم پێ بدات تا سەفەری حیجاز بکەم ئیدی ڕازی بوو ڕۆژانە سەرقاڵی پەرستش بووم هەموو ڕۆژ بە بەردەوامی قورئانم دەخوێندەوە، ماوەی چل ڕۆژێك بەو شێوازە مامەوە و دووبارە سوڵتان داوامی کردەوە.

قۆناغی شەشەم:

گەشتکردن بۆ: سریلانکا (سەیلان) و بەنگلادیش و هیندستانی ژوور و دوورگەی سۆمەترە و جاوە و فلپین پاشان چین

داواکردنی سوڵتان بۆ بەڕێکەوتنم بەرەو چین

دوای ئەوەی چل رۆژم لە خەڵەوتدا تەواو کرد، سوڵتان ئەسپ و پۆشاکی سوڵتانی و چەند کەنیزە و خزمەتکارێکی بۆ ڕەوانە کردم، کاتێك پۆشاکە سادەکەی خۆمم فڕیدا و پۆشاکی سوڵتانیم پۆشی هەستم بە لەخۆبایی بوون دەکرد، هەر کاتێك تەماشای ئەو پۆشاکە سادەیەم دەکرد هەستم بە تەقوا و زوهد دەکرد، بۆیە لای خۆم هێشتمەوە تا ئەو کاتەی کە بێباوەڕەکان لە دەریادا لێیان سەندم ئەو دەمەی چومە لای سوڵتان ووتی: ئەزانم تۆ ئارەزووی گەڕان و گەشت دەکەیت پێم خۆشە وەك نوێنەری من بڕۆیت بۆ ووڵاتی چین و هەموو پێداویستییەکانی ڕێگا و دیاریپەکانت بۆ ئامادە دەکەم.

باسی هۆکاری ناردنی نوێنەر و کەسەکان و دیاریپەکانی

کاتێك پاشای چین وپستی پەرستگایەکی بتپەرستی لە ناوچەی چیاکانی قەراجیل دروست بکات، نامەیەکی ڕەوانە کرد بۆ سوڵتان محەمەد توغلۆق شا، تا ڕێگەی پێ بدات بە دروستکردنی ئەو پەرستگایە لە ناوچەی (سەمهەل) کە چینییەکان حەجیان بۆ دەکرد ئەو ناوچانەش لە ژێر قەڵەمڕەوی مسوڵمانەکاندا بوون، سوڵتان داواکەی ڕەتکردەوە و نامەیەکی بۆی ڕەوانە کرد و تێیدا وەڵامی داواکەی دایەوە، کە لە شەریعەتی ئیسلامدا دروستکردنی کلێسا و پەرستاگاکان ڕێگەپێدراو نییە، جگە لەوانەی کە ئەهلی زیمەن و جزیە ئەدەن ((والسلام علی من اتبع الهدی)) دیاریپەکانی پاشای چین بریتی بوون لە : سەد کەنیزە و کوێلەی خزمەتکار، لەگەڵ پێنج (مەن) لە بۆنی میسك و پێنج سەد پۆشاکی گرانبەهای (کەخا) کە سەد دانەیان لە شاری (زیتونە)ی ووڵاتی چین دروستکرابوون، هەروەها لەگەڵ پۆشاکی ڕووپۆشکراو بە بەردی بەنرخ و ڕەنگاوڕەنگی ئاوریشمی، جگە

لەوانەی باسیانم کرد، پێنج شمشێری نایابیشی ڕەوانە کردبوو.

بەڵام هەرچی دیارییەکانی سوڵتان محەمەد بوو بریتی بوون لە: سەد ئەسپی زینکراو سەد خزمەتکار و سەد کەنیزەی بێباوەڕی هیندی گۆرانبێژ و سەماکەر، لەگەڵ سەد پۆشاکی بەیرەمی کە نرخی هەر پۆشاکێك سەد دینار بوو وێنای نەبوو بۆ جوانی و چاکی و لە پەموو دروستکرابوون هەروەها سەد پۆشاکی ئاوریشم کە پێیان دەوت (جوز)، ئاوریشمی هەریەکەیان بە پێنج ڕەنگ نەخشێنرابوو، سەد پۆشاکی سەڵاحیە و سەد دانەی تری لە جۆری شیرن باف و شان باف و پێنج سەد جۆری تر لە (مەرعیز)، کە هەر سەد دانەی لە ڕەنگێك بوو لە ڕەش و سپی و سەوز و شین و کەتانی ڕۆمی بوون، جگە لەم پۆشاکانە چوار زرپێۆشی ئالتونی و شەشی زیوی لەگەڵ چوار تەشتی ئالتونی بە گۆزەوە کە ئەوانیش هەر لە ئالتون بوو لەگەڵ شەش دانەی تری لە زیو دروستکراو، هەروەها دە پۆشاکی سوڵتانی ڕەنگاوڕەنگی (موزرکەش) و دە جۆری تری (شەواش) هەریەکەیان ڕووپۆشکرابوون بە بەردی بەنرخی یاقوت دە شمشێر کە کێڵانەی هەر یەکێکیان بە بەردی بەنرخ ڕووپۆش کرابوو، لەگەڵ دەستکێشی ڕووپۆشکراو بە بەردی بەنرخ کە پێیان دەوت: دەستبان. لەگەڵ پانزە لاوی خزمەتکار.

هەموو ئەم دیارییانە درا بە دەستی لاوێك کە ناوی "کافور شەربەدار" بوو ئەو کەسانەی سوڵتان ڕەوانەی کرد لە کاروانەکەدا، ئەمیر "زەهیرەدین زەنجانی" بوو، کە پیاوێکی دیندار و ئەهلی زانست بوو لەگەڵ هەزار سەرباز بە سەرکردایەتی ئەمیر "محەمەد هەرەوی" کەوتینەڕێ بەرەو ولاتی چین نوێنەرەکانی پاشای چینیش لەگەڵمان بوون گەورەکەیان ناوی "تورسی" بوو کاروانەکە مەزن بوو، سوڵتان بڕیاریدا لە هەموو ئەو جێگایانەی کە لە ژێر قەڵەمڕەوی ئەودا بوون تا سنووری ولاتی چین خزمەت بکرێین وەك میوان سەرەتای دەرچونمان لە ١٧ مانگی سەفەری ٧٤٣ ك دا بوو، چونکە نەریتی ئەوان وابوو ڕۆژانی ١٢ و ١٧ و ٢٢ و ٢٧ و ٢٠ ی مانگیان هەڵدەبژارد بۆ سەفەر کردن.

یەکەم جێگەیەك لاماندا بۆ پشودان ناوچەی (تیلبیت) بوو دوو بۆ سێ فەرسەخ لە دهلی پایتەختەوە دوور بوو، پاشان چوینە (مەنزل ئو) لەوێشەوە بۆ (هیلو) و دواتریش (بەیانە) کە شارێکی گەورە و جوان و پڕ لە دار و درەخت بوو، مزگەوتیکی دڵگیر و قەشەنگی لێبوو دیوار و میچەکەی لە بەرد دروستکرابوو، ئەمیری شارەکە ناوی "موزەفەر کوڕی دایی" بوو دایکی ناوی دایە سوڵتان بوو، پێشتر ئەمیری شارەکە ناوی "مەلیك موجیر" دەبێت لە نەوەی قوڕەیش دەبێت و کەسێکی ستەمکار و بێ ڕەحم دەبێت و خەڵکێکی زۆری شار دەکوژێت و دەستدرێژی لە ڕادەبەدری دەکردە سەر خەڵکی، خۆم ئەوەم بینی پیاوێك دەست و قاچی بڕابوەوە و لە سەربانی خانووەکەیان دانیشتبوو.

کاتێك سوڵتان سەردانی شارەکەیان دەکات و سکاڵای خۆیان پێشکەش ئەکەن، ئەویش دەستگیری دەکات و تەوقێك لە گەردنی دەکات و لە دیوانی ستەملێکراوان دادەنرێت و خەڵکی پۆل پۆل دێن سکاڵای خۆیان پێشکەش دەکەن، سوڵتان بڕیار دەدات قەرەبوو بکرێنەوە بۆ هەریەکەیان بڕە پارەیەك دەدرێت و دواجاریش لە گەردنی دەدات، هەر لەم شارەدا پیاوێکی خواناس و زانا هەبوو لە نەوەی "زوبەیری کوڕی عەوام" بوو ڕەزای خوای لێبێت ناوی "عەزەدین زوبەیری" بوو لە قەڵای کالیوری چاوم پێکەوت لای "مەلیك عەزەدین بنتانی" ناسراو بە پاشای گەورە. دوای ئەم شارە ڕۆیشتین بۆ (کۆل) شارێکی سەرنجڕاکێش بوو دار و باخێکی زۆری هەبوو دارەکانی لە جۆری عەنبا بوون، لە دەرەوەی شار بۆ پشو ماینەوە هەر لەوێ چاومان کەوت بە پیرەپیاوی بە تەمەن "تاج عارفین" چاوی کوێر بوو، دوایی سوڵتان بەندی دەکات و لەوێ کۆچی دوایی دەکات.

جەنگەکەی شاری کۆل

کاتێك گەیشتینە شاری کۆل، هەوالّمان پێگەیشت کە بێباوەڕەکان هێرشیان کردووەتە سەر ناوچەکانی جەلالی، کە حەوت میلێك لە شاری کۆلەوە دوور بوو بە هەزار سەربازی ئەسپدار و سێ هەزاری پیادە گەمارۆ دەخەنە سەری و دەست دەکەن بە کوشتاری خەلّکەکەی، ئێمەش کەوتینە جەنگ کردن لە گەلّیاندا و سەربازێکی زۆرمان لێیان کوشت و دەستمان گرت بەسەر ئەسپ و کەرەستەکانیاندا و پەنجا و پێنج سەربازی ئێمە کوژران، لە نێویاندا کافور شەربەدار (ئاوگێڕ) شەهید بوو، ئەو کەسەی کە سولّتان دیاریپەکانی رادەستی کردبوو، بۆیە بە ناچاری ماینەوە و نامەمان رەوانە کرد بۆ سولّتان هەوالّی کوژارنیمان بۆ نارد و چاوەڕوانی ولاّمی نامەکەی سولّتان بوین، رۆژانە هاوڕێکانم دەردەچون بۆ یارمەتیدانی ئەو گوندانەی دەکەوتنە بەر هێرشی بێباوەڕەکان، چونکە لە ناوچە شاخاوییەکان نیشتەجێ بوون کە زۆر سەخت بوو، لەوێوە دادەبەزین بۆ هێرش کردن بۆ سەر گوندەکان.

ناخۆشییەکانی ژیانی دیلێتی و چۆنێتی رزگاربوونم لە ژێر دەستی بێباوەڕەکان بەهۆی پیاوچاکێکەوە

وەرزی هاوین بوو رۆژێك لەگەلّ کۆمەلّە هاوڕێیەکەم دەرچوین بۆ ناو باخ و بێستانەکان تا سەرخەوێك بشکێنین کەشوهەوا زۆر گەرم بوو لەپڕ گوێمان لە هات و هاوار بوو بێباوەڕەکان هێرشیان کردبووە سەر گوندەکانی جەلالی، ئێمەش خێرا سواری ولاّخەکانمان بووین تا بە هاواری خەلّکەکەوە بچین، دوای سەربازەکان کەوتین و بلاّوبوینەوە لەگەلّ سێ لە هاوڕێکانم دابڕاین دوای ماوەیەکی کەم لەوانیش دابڕام

چەند سەربازێك دوام کەوتن و هەڵهاتم لەپڕ پارچە ئێسکێك چو بە پێی ئەسپەکەمدا و دابەزیم ئێسکەکەم دەرکرد، پاشان دەستم کردەوە بە رۆیشتن و یەکێك لە شمشێرەکانم کەوتەخوارەوە خەڵکی هیندستان وەك نەریت دوو شمشێر هەڵدەگرن یەکێکیان بە ئاژەڵەکەوە هەڵدەواسن و پێی دەڵێن: رەکابی، ئەوەی تریش تەرکەش، دووبارە دابەزیم بۆ هەڵگرتنەوەی.

ئەوەندەم زانی سێ کەس نیشتنە سەرم تا گەیشتمە نزیك خەندەقێکی مەزن، ئیدی بە ناچاری دابەزیم و بە خەندەقەکەدا کەوتمەڕێ بە دۆڵێکی تەسك و باریکدا پڕ لە دار و دەوەن هێندەی نەبرد چل سەرباز دەرکەوتن کە شمشێر و تیروکەوان و رم بە دەستیانەوە بوو ترسام تیربارانم بکەن بۆیە زوو خۆم دا بە زەویدا وەك ئاماژەیەك بۆ خۆبەدەستەوەدان هاتن و کەوتنە گفتوگۆ کردن و هەرچییەکم پێبوو لێیان سەندم. بۆ بەیانی چوین بۆ سەر حەوزێکی ئاو لەبەر خۆمەوە دەموت: بێگومان ئێستا دەمکوژن، کاتێك گەیشتینە لای حەوزەکە، بینیم کۆمەڵە خەڵکێکی تر لەسەر حەوزەکە دانیشتوون، ئنجا منیان بەرامبەریان دانا و گوریسێکیان هێنا ووتم: تەواو ئێستا کۆتایی بە ژیانم دێت، بەو گوریسە دەستم دەبەستن و دەکوژرێم!، کەوتنە گفتوگۆ کردن لەگەڵ یەکتردا تێگەیشتم ووتیان: بۆ ئەو دیلەتان نەکوشتوە ؟،رەشپێستەکە ئاماژەی دا کە نەخۆش بووە، پاشان یەکێك لە کۆمەڵەکە کە لاوێکی روخسار جوان بوو بە نهێنی هاتە لام ووتی: دەتەوێت رزگارت بکەم ووتم: بەڵێ ئنجا ووتی: برۆ رێگاکەی پیشاندام و منیش وەك پاداشتێك جبەیەکم پێبوو پێشکەشم کرد کەوتمەڕێ زۆر پەلەم دەکرد لە رۆیشتندا تا لەوان بزربم کاتێك دورکەوتمەوە خۆم کرد بە نێو دار و قەمیشەڵانێکدا بۆ ئەوەی نەمدۆزنەوە تا کاتی خۆرئاوابوون پاشان ئەو رێگایەم گرتەوەبەر کە گەنجەکە پیشانیدام تا گەیشتمە لای کانییەك و تیر ئاوم خواردەوە پاشان بەردەوام بووم لە رۆیشتن تا سێیەکی شەو رۆیشت گەیشتمە لای چیایەك لە ژێر گاشە بەردێکی مەزن لێی خەوتم تا بەیانی بۆ بەیانی کەوتمەوەڕێ تا گەیشتمە ناوچەیەك کە بەردێکی گەورەی لێبوو لەگەڵ

داری ئوم غەیلان، دەستم کرد بە کۆکردنەوەی نەبەق کە بەری داری سیدرە، لەبەر برسێتی کە سەرقاڵی ئەو خواردنە بووم تیغی داڕێکی دڕکاوی چو بە پێمدا تا ئێستاش شوێنەکەی دیارە.

دووبارە کەوتمەڕێ تا گەیشتمە جێگایەکی تر بیرێکی لێ دروستکرابوو پێیان دەوت: باین چاڵێکی قوڵە و بە پلیکانە بۆی دادەبەزیت ئنجا لە خوارەوە کونـدە و گۆزەی ئاویان لێی پڕ دەکرد زۆربەی ئەمیرەکان و پاشاکان کێبڕکێیان دەکرد لە دروستکردنی ئەم جۆرە بیرانەدا هەر لەو جێگایە هەندێك مێوژە وشکەم دۆزییەوە کە پێدەچو لە کەسێك کەوتبێت هەندێکم لێ خوارد و ئەوەی تریشم هەڵگرت ئنجا ئاگادار بوومەوە لە دوورەوە نزیکەی چل کەسێك دەرکەوتن و دواتر چونە نێو ڕەزێك پاش کەمێك ڕۆیشتن و لە دوای ئەوانەوە نزیکەی پەنجا کەسێکی تر هاتن و نزیك بوونەوە لێم بەڵام من خۆم حەشاردا و سوپاس بۆ خوا منیان نەبینی پاشان خۆم لە کێڵگەیەکی پەمووداحەشاردا و جار جار لە دوورەوە تەماشام دەکردن تا بزانم کەی دەڕۆن سەرقاڵی شۆردنی کەلوپەلەکانیان بوون تا ئێوارەیەکی درەنگ ئنجا ڕۆیشتن. منیش دەستمکردەوە بە ڕۆیشتن تا شەوو هات بەڵام چونکە مانگە شەو بوو ڕێگاکە ئاشکرا بوو تا گەیشتمە شوێنێکی تر بیرێکی باینی لێبوو گومەزێکی لەسەر دروستکرابوو، چومە ژورەوە هەندێك لەو مێوژە وشکەی پێم بوو لەگەڵ ئاو خواردم و پاشان لەسەر ئەو پووش و پەڵاشەی باڵندە رایکێشابوو هێندە ماندوو بووم راکشام.

هەستم دەکرد لە ژێر پووشەکەدا شتێك هەیە دەجوڵێتەوە، نەمزانی مارە یان خشۆکە، بەڵام لەبەر ماندوویی هەڵنەسام تا بەیانی، پاشان دووبارە کەوتمەوەڕێ تا گەیشتمە ئاوەدانیەکی خاپورکراو بەم شێوەیە چەند ڕۆژێك بەردەوام بووم لە ڕۆیشتن، جارێکیان گەیشتمە لای کانیاوێك گومەزێکی بچوکی لێبوو لە برسا روەکی نەجیلم دەخوارد، روەکێکی ترش بوو دانیشتم و چاوەڕێی کەسێکم دەکرد تا ڕێگای ئاوەدانیم نیشان بدات، بەڵام کەس نەهات و دووبارە هەستام و

کەتمەوەڕێ، شوێن پێی مانگام دۆزییەوە و پێیدا ڕۆیشتم تا گەیشتمە گوندێکی تری وێرانەی بێباوەڕەکان، پاشان ڕێچکەیەکم گرتەبەر تا گەیشتمە جێگایەك دوو پیاوی ڕەشپێستی ڕووتم بینی، لە ترسا خۆم حەشاردا تا شەو داهات و ئنجا چوم بۆ گوندەکە، لە نزیك گوندەکە ژوورێکی گەورەی لێبوو، بۆ هەڵگرتنی بەروبومی کشتوکاڵی دروستکرابوو خۆم خزاندە ژوورەوە لەسەر پووش و پەڵاش ڕاکشام، بەردێکم پەیدا کرد و سەرم خستە سەری باڵندەیەکیش لە نزیك منەوە نیشتبوەوە، لەترسا جار جار فڕەفڕی باڵی دەهات من دەترسام و ئەویش هەر دەترسا، تا بەیانی هەردووکمان بە ترسەوە خەووتین.

بۆ بەیانی ڕۆیشتمە گوندی بێباوەڕەکان و داوای خواردنم کرد بەڵام هیچیان پێ نەدام لە لای بیرە ئاوەکە لە برسا دەستمکرد بە خواردنی گەڵای تووڕ، ئەوەندەی نەبرد کۆمەڵێك لە بێباوەڕەکان هاتن و سەرکردەکەیان بانگی کردم، بەڵام من وەڵامم نەدایەوە لە شوێنی خۆم دانیشتم کاتێك هاتە سەر سەرم شمشێری بەرز کردوە وەك بڵێی بمکوژێت، بەڵام من تەماشام نەکرد چونکە ئەوەندە ماندوو بێهێز بوم حەوت ڕۆژ بوو لە هاوڕێکانم دابڕابوم کەوتە پشکنینم بەڵام هیچی نەدۆزییەوە ئەو ڕۆژەشم بەڕێکرد بەڵام بۆ ڕۆژی هەشتەم کەوتمەوەڕێ تا چومە جێگایەکی تر بیرێکی لێبوو ویستم ئاوی لێ بخۆمەوە هیچ شتێکی وای لێ نەبوو تا ئاو دەربهێنم، پارچە قوماشێکی دڕاوی عەمامەکەی سەرم لێکردوە و بەو خوفەی کە لە پێم دەکرد بەستمەوە و شۆڕم کردە خوارەوە یەك جار ئاوم لێ دەرکرد و بۆ جاری دووەم کەوتەخوارەوە دووبارە خوفی دووەمم ئامادە کرد و هێنندە ئاوم لێ دەرهێنا تینوێتیم شکا.

پاشان دانیشتم تەماشای دۆخی خۆمم دەکرد هێندە ماندوو بووم، ئەوەندەم زانی پیاوێکی باڵابەرزی ڕەشپێست دەرکەوت، مەسینەیەك و گۆچانێکی پێ بوو جاخێکیش لەسەر شانی بوو گوتی: السلام علیکم، منیش ووتم: علیکم السلام ورحمة الله وبرکاته، بە زمانی فارسی ووتی: چ کەسی؟. واتا: تۆ کێی؟، منیش

ووتم: کەسێکی ماندووم و رێگام ونکردوە، ووتی: منیش وەك تۆ رێگام ونکردوە ئنجا بە مەسینەکەی دەستی ئاوی دەرهێنا و لە تورەکەکەی سەرشانی هەندێك نۆکی برژاو و برنجی پێدام و برسێتیمی رەواندەوە، پاشان ووتی: ناوت چییە؟، ووتم: محەمەد، منیش ووتم: ئەی تۆ ناوت چییە؟، گووتی: القلب الفارح واتا: دڵشاد، خێرا ئارامییەك بەسەر دڵمدا هات و خۆشحاڵ بووم، پاشان ووتی: وەرە دوامکەوە، کاتێك کەوتمەڕێ هەستم کرد قاچەکانم هێزی تێدا نییە، وتم: ناتوانم بڕۆم نازانم بۆچی؟، خۆ پێشتر هیچ گرفتێکم نەبوو. ووتی: وەرە سەرشانی من؟، ووتم: نابێت چونکە تۆ خۆت ماندویت ووتی: نەخێر تۆ وەرە سەرشانم کاتێك چومە سەر شانی هەستمکرد وردە وردە لە هۆش خۆم دەچم و دواتر ئاگام لە خۆم نەما.

ئەوەندەم زانی لە زەوییەك کەوتمەخوارەوە لە گوندێکی هیندییە بێباوەڕەکان، بەڵام فەرمانڕەوای گوندەکە مسوڵمان بوو چەندێك چاوم گڕدا بە دوای ئەو پیاوەدا.. دڵشاد، نەمدۆزییەوە، کاتێك فەرمانڕەوای گوندەکە هات و پرسیاری گوندەکەم لێی کرد؟، ووتی ناوی (تاج پوور)ە نێوان ئەم گوندە و شاری (کۆل) دوو فەرسەخ رێگایە رۆیشتینەوە بۆ ماڵی فەرمانڕەوای گوندەکە و خواردنی گەرمیان بۆ هێنام و خۆم شووشت پاشان ووتی: ئەم پۆشاك و عەمامەیە بپۆشە، هی پیاوێکی عەرەبی میسرییە، کە تەماشام کرد ئەو پۆشاکانە بوو کاتی خۆی خۆم پێشکەشی ئەو کابرایەم کرد بوو، کە سەرەتا چومە شاری (کۆل)ەوە، دواتر زۆر بیرم لەو پیاوە کردەوە (دڵشاد)، بۆم دەرکەوت ئەو کەسە بوو کە وەلی خوا "ئەبو عەبدوڵڵا مورشیدی" لە میسر پێی ووتم: تۆ گەشتێکی مەزن ئەنجام ئەدەیت و لە خاکی هیندستان تووشی گرفت دەبیت و براکەم دڵشاد رزگارت دەکات، چونکە (القلب الفارح) بە زمانی فارسی واتا: دڵشاد.

پاشان هەر ئەو شەوە نامەم رەوانە کرد بۆ هاورێکانم و زۆر دڵخۆش بوون بە دۆزینەوەم، دوای ماوەیەکی کەم سەرباز و پۆشاك و ئەسپیان بۆ هێنام، نامەی سوڵتانیان بە دەست گەیشتبوو کە بەردەوام بین لە گەشتەکەمان، بەڵام هاورێکانم

پێیان باش بوو ئەنجام نەدرێت، چونکە بە شوومیان ئەزانی، لەبەر ئەو رووداوەی کە بەسەرمان هاتبوو، بەڵام من ئارەزوم کرد گەشتەکە ئەنجام بدرێت، چونکە دەمزانی سوڵتان دەیویست هەر چونێك بێت ئەو گەشتە بکرێت، بۆیە دووبارە کەوتمەوەڕێ و سوڵتان کەسێکی تری لە جێگای کافور شەربەدار دانا کە لە جەنگەکەدا شەهید بوو.

لە کۆلەوە چوینە (بورج پور)، لەوێ لە خانەقای محەمەد عوریان بۆ پشودان لاماندا، بۆیە پێیان دەوت: عوریان چونکە تەنها پارچە قوماشێکی دابوو بەسەر ناوکی و عەورەتی و قوتابی وەلی و خواناس شێخ محەمەد عوریانی ناوچەی قورفەی ولاتی میسر بوو دەڵێن: هەمیشە سەرقاڵی پەرستش کردن بووە، کاتێك نوێژی خەوتنانی دەکرد هەموو خواردن و خواردنەوەکانی پێشکەش بە هەژاران دەکرد لە نەریتیدا وابووە هەمیشە نان و پاقلەی پێشکەش بە هەژاران کردوە هەروەها دەگێڕنەوە کاتێك مەلیك قازانی تەتار بە سوپایەکەوە هێرش دەکاتە سەر شام، ئەوکات مەلیك ناسر تەمەنی منداڵ دەبێت شێخ عوریان بە گوریسێك ئەسپەکەی مەلیك ناسر دەبەستێتەوە تا لە کاتی جەنگ رانەکات و بەرامبەر دوژمن بوەستێتەوە، چونکە تێکشکاندنی دەبێتە هۆی شکاندنی مسوڵمانان ئەم کارەی بووە هۆی شکاندنی سوپای تەتار و سەربازێکی زۆریان کوژران و بەشێکشیان خنکان لەوە بە دواوە ئیتر سوپای تەتار نەگەڕایەوە بۆ شام.

دوای بورج پوور رووماں کردە ناوچەیەك ڕوبارێکی لێبوو پێیان دەوت: ئاب سیاھ (ئاوی رەش)، لەوێشەوە چوین بۆ قەنوج شارێکی قەشەنگ و سەرنجڕاکێشە شورایەکی مەزن و دیرۆکی لێبوو خواردنی یەجگار هەرزان بوو، هەروەها قامیشی شەکری زۆر بوو بۆ بازرگانی رەوانەی دەلی دەکرا، لەم شارە بووینە میوانی شێخ "موعینەدیچن باخرزی"، ئەمیری شارەکە ناوی "جوین "بوو لە نەوەی بەهرام جوری هاوڕیی کیسرا بوو، کۆمەڵە خەڵکێکی خواناس و بەڕێز لەوێ نیشتەجێ بوون ئەهلی دین و رەوشت بوون بە نەوەکانی شەرەفولجیهان ناسرابوون باپیرەیان

دادوەری گشتی دەوڵەت ئاباد بوو دواتر دەبێتە خاوەن دەسەڵات لە هیندستان.

چیرۆکی دادوەری گشتی

دەگێڕنەوە دادوەری گشتی لە کارەکەی دوور دەخرێتەوە چونکە یەکێك لە دوژمنەکانی سکالای لێ دەکات و بانگەشەی ئەوە دەکات کە دە هەزار دیناری لای دادوەری گشتییە و بەڵگەیەکی واهای پێنابێت کاتێك بانگ دەکرێت بۆ لای دادوەر، دەزانێت دەبێت سوێند بخوات بۆیە دە هەزار دینارەکە بە سکالاکەرەکە دەدات، کاتێك هەواڵەکە دەگات بە سوڵتان عەلائەدین بۆی روون دەبێتەوە کە هەواڵەکە بوهتانە و پارەکەی بۆ دەگێڕێتەوە دووبارە دەبێتەوە بە دادوەری گشتی.

ماوەی مانەوەم لەم شارەدا تەنها سێ ڕۆژ بوو، نامەی سوڵتان بە دەستی ئەمیری کاروانەکە گەیشت دەربارەی من، کە ئەگەر هەواڵی نەبوو ئەوا "وجیهولەلیك"ی دادوەری دەوڵەت ئاباد لە جێگای من بێت، پاشان لەم شارەوە دەستمانکردەوە بە ڕۆیشتن و چوینە مالێ هەنول و وەزیر پور و بەجالیسە، دواتریش گەیشتینە (ماوری) شارێکی بچوك و قەشنگ بوو و بازارێکی دلگیری لێبوو لەم شارە چاوم بە پیرەپیاوی بەتەمەن "قوتبەدین" کەوت کە ناسرابوو بە (حەیدەر فەرغانی)، تەمەنی نزیکەی سەد و پەنجا ساڵ دەبوو، هەندێك خواردن و کولێرەی جۆی پێدام، دەیانوت: هەمیشە بەڕۆژوو بووە، جارێك لە ئەشکەوتیکی چیاکانی ئەو ناوچەیە خەڵوە دەکات و چل ڕۆژ لەسەری دەمێنێتەوە و تەنها چل خورمای پێ دەبێت و ڕۆژی یەك خورما دەخوات.

دوای ئەم شارە چوینە (مەڕە) خەڵکەکەی بێباوەڕ بوون و ئەهلی زیمە بوون، بەرهەمی گەنمی لە باشترین جۆری دەنك درێژ و زەرد و گەورە بوو، لە هیچ جێگایەکی دونیا لەو جۆرە گەنمم نەبینی تەنها لە چین نەبێت، هەروەها خەڵکەکەی سەر بە هۆزێکی هیندی ناوچەی (مالوەن) بوون بالآبەرز بوون و لەشولارێکی بەهێزیان هەبوو ئافرەتەکانیان سەرنجڕاکێش و جوان و بەناوبانگ بوون

وەك ئافرەتـەکانی دوورگـەی زیبـەتولهیل و مورهەتـەن، دیسـانەوە لـە مـەڕەوە کەووتینە جوولّە و چوینە شارۆچکەی (عەلا پوور)خەلّکی ئـەم شـوێنە بێبـاوەڕ و ئەهلی زیە بوون جێگایەك هەبوو دورییـەکەی رۆژهڕێیەك دەبوو لـە عـەلا پـورەوە ناوی سولّتانەکەی "قەتم" بوو بێباوەڕ بوو ئەو کەسە بوو کە ئابلّوقەی خستە سـەر شاری (کالیری) بەلاّم دواتر کوژرا .

چیرۆکی خەتتاب ئەفغانی

دەگێڕنەوە قەتمی بێباوەڕ داوای یارمەتی لە سولّتانێکی تـری بێبـاوەڕ دەکـات ناوی "رەجۆ" دەبێت تا هێرش بکەنە سەر شاری (رابەرای) لەسەر ڕوباری (جـۆن) ئەمیرەکەی ناوی خەتتاب بوو کەسێکی ئازا و قارەمان بوو، کاتێك ئابلّوقە دەخەنە سەر ئەم شارە ئەمیر خەتتاب داوای یارمەتی لە سولّتان دەکات بەلاّم سـولّتان بـە خێرایی بەدەمییەوە ناچێت بۆیە خەتتاب ترسا لەوەی سوپای بێباوەڕەکان بەسەریدا زاڵبن خێرا سێ سەد سەربازی لە هۆزەکەی خۆی کۆ دەکاتـەوە لەگـەلّ چـوار سـەد سەربازی تر لە مەمالیکەکان هەموو پێکەوە پەیمانیاندا بـە خـوای مـەزن کـە تـا کۆتایی بجـەنگن هـەموان مێزەرەکانیـان بـە ملـی ئەسـپەکانیانەوە بەسـت وەك هێمایەك بۆ جەنگ تا مردن لە بەیانییەکدا پێکەوە هەموو هێـرش دەکەنـە سـەر سوپای بێباوەڕەکان کە ژمارەیان پانزە هەزار دەبێت بە ویسـتی خـوا ئـەو ژمـارە کەمە زاڵ دەبن بەسەر سوپا مەزنەکە، هەردوو سەرکردەکە قەتم و رەجۆ دەکوژرێن و سەرەکانیان رەوانە دەکات بۆ سولّتان لەو سوپا مەزنە بەشـێکی کـەم رزگاریـان دەبێت !. دەگێڕنەوە لە سـوپاکەی خـەتتاب پیاوێـك هـەبووە نـاوی ئەمیر"عـەلا پورحەبەشی" بووە کەسێکی بالاّبەرزی چوارشانە بووە دەڵێن هێندە ئازا و بـەتوانا بووە بەتەنها خۆی بەرامبەر گوندێکی بێباوەڕەکان شەڕی دەکرد و لێیانی دەکوشت وئافرەتاکانیانی بە کەنیزە دەگرت ناو و ناوبانگی لە نێو بێباوەڕەکان بـلاّو ببـوەوە ترسی خستبووە دڵیانەوە دەیانگوت لەسەر خوانێك بەرخێکی بەتەواوی دەخوارد لە دوای نان خواردن یەك گۆزە ڕۆنی دەخواردەوە ...هتد .

دوای شاری عەلا پوور چوین بۆ کالیر پێشی دەڵێن: کیالیری شارێکی مەزن بوو چەند قەڵایەکی سەخت و پارێزراوی هەبوو دەکەوتە سەر لوتکەی چیایەکی بەرز لە پێش قەڵاکە وێنەی فیل هەبوو کە لە بەرد دروستکرابوو، پێشتر لە سەردەمی سوڵتان قوتبەدین ئاماژەم بەم قەڵایە داوە ئەمیرەکەی ناوی ئەحمەد سیرخان بوو، کەسێکی بە ماریفەت بوو زۆر ڕێزی لێ گرتین ڕۆژێك پیاوێکی بێباوەڕیان هێنا، ئەمیر ئەحمەد ویستی بە شمشێر دوو لەتی بکات، منیش ووتم: لەبەر خاتری خوا کاری وا مەکە چونکە هەرگیز و هیچ کات کەسم نەبینیوە لەبەر چاوم دوو لەت بکرێت، بۆیە ئەویش بڕیاری کوشتنەکەی گۆڕی بۆ بەند کردن بەو شێوەیە لە مردن دەربازی بوو. دوای مانەوەیەکی کەم لە کالیر، دەرچووین بۆ (برون) شارێکی بچوکی مسوڵمانەکان بوو دەکەوتە سنووری بێباوەڕەکان، ئەمیرەکەی ناوی محەمەد بەیرەم بوو لە ڕەچەڵەکدا تورك بوو ئەو ناوچەیە ئاژەڵی درێندەی زۆری هەبوو دەیانوت: لەپڕ درێندە هێرش دەکاتە سەر ماڵەکان و مرۆڤ ڕاودەکات، خەڵکێکی زۆر بەو هۆیەوە لە ناو دەچون، خەڵکەکە سەریان سووڕما بوو لەو هێرشانە!.

محەمەد تەوفیری ئەوەی بۆ گێڕامەوە کە جارێك منداڵی دراوسێکەی دەبێتە نێچیری ئەو درندانە هەروەها ئەوەشی بۆم باسکرد جارێك خەڵکی لە ماڵێك کۆدەبنەوە بۆ ئاهەنگی ژنخواستن، یەکێك دەردەچێت بۆ سەرئاو کردن، بەڵام دواتر دیار نامێنێت، کاتێك بە دوایدا دەگەڕێن لە شەقامی بازاڕێکدا دەیدۆزنەوە گۆشتەکەی نەخورابوو، بەڵام هەموو خوێنەکەی خورابووەوە ئەوەی جێی سەرسوڕمانە دەیانوت: ئەو خوێن خواردنەوەیە کاری ساحیرە جوکییەکانە(مصاص[1] الدماء ـ خوێنمژەکان ـوەرگێر) نەك ئاژەڵی درێندە کە ئەمەیان پێم ووت

[1] لێرەدا بۆمان دەردەکەوێت خوێنمژەکان میژوویەکی کۆنیان هەیە ئەگەر نێستا لەم جۆرە ساحیرانە نەبێت بەڵام لە فیلمەکاندا ئاماژەی پێدەدرێت، تۆێژەران دەڵێن : وەرگیراوی کتێبە کۆنەکانە وەك ئیبن فەزلان وئیبن بەتوتە و... (وەرگێر)

باوەڕم نەکرد ئێستاش چەند هەواڵێکی ئەم جوکییانەتان بۆ باس دەکەم!.

ساحیرە جوکێکان

ئەمانە کۆمەڵێکن کاری سەرسوورهێنەر دەکەن، هەیانە بۆ ماوەی مانگێک یاخود ساڵێك لە خەڵوەتدا دەمێننەوە بێ ئەوەی تێکەڵ بە هیچ کەس بن، هەیە لە ژێر زەویدا چاڵی مەزن دەکات و تێیدا دەمێنێتەوە لە شاری (مەنجەرور) پیاوێکی مسوڵمانم بینی لەسەر تەپڵێکی بەرز دانیشتبوو، کە من بەجێم هێشت بیست و پێنج رۆژ بوو دانەبەزیبوو ئیتر نازانم دوای من چەند رۆژی تر لەسەر ئەو تەپڵە بووە.

هەروەها باسی هەندێك کەسی تریان دەکرد، کە چەند مانگێک لەسەر چەند دەنکە گەنمێك دەژین، هەشە لەسەر چەند دەنکە پاقلەیەك دەژێت، بەڵام زۆربەیان گۆشت ناخۆن، پێدەچێت خۆیان راهێنابێت لەسەر ئەو کارە وەرزشییانە ئەم جوکییانە کاری زۆر سەر سوورهێنەر ئەنجام ئەدەن سوڵتان لەگەڵیان دادەنیشت و ڕێزیانی دەگرت، دەیانوت: کەسانێك لەم ساحیرانە هەن کە بە نیگا کردنێك کەسی بەرامبەریان دەکوژن و دڵی دەبەن، گەر کەسە مردووەکە سنگی هەڵبدرێت دڵی تێدا نابینیت، ئەو کەسانەش کە بەم کارە بەناوبانگ بوون، زۆربەیان ئافرەت بوون پێیانیان دەوت: کەفتار!.

چیرۆکی ئافرەتی کەفتار

ئەو سەردەمەی برسێتی و قات و قڕی لە وڵاتی هیندستاندا بڵاوببۆوە، سوڵتان فەرمانیدا خواردنی هەژاران بۆ ماوەی چەند مانگێك لەسەر ئەرکی خۆی دابین بکات، وەزیرەکان و ئەمیرەکان دەستیانکرد بە بەخشینەوەی خواردن بەسەر هەژاراندا منیش خۆم رۆژانە خواردنی پێنج سەد کەسم دابین دەکرد بۆ ماوەی پێنج

رۆژ، پاشان دەستم دەکردەوە بە دابەش کردنی خواردنی رۆژێك.

لەو کاتەی خەڵکەکە لە سەرەدا وەستا بوون، بوو بە هەرا و منداڵێکیان هێنا مردبوو، ووتیان: ئەو ئافرەتە"کەفتارە" دڵی ئەو منداڵەی خواردوە!، منیش ئافرەتە جوکییەکەم رەوانەی لای جێگری سوڵتان کرد، ئەوانیش بۆ ئەوەی دڵنیابن کە ئافرەتەکە کەفتارە چوار گۆزەیان پێوە بەست و هەڵیاندایە ڕوباری جۆنەوە و ژێر ئاو نەکەوت، گەر ژێر ئاو بکەوتایە ئەوا کەفتار نەبوو لەبەرئەوە ئافرەتەکەیان سووتاند خەڵکەکە خۆڵەمێشی ئافرەتەکەیان لە خۆیان ئەدا و دەیانوت: ئیتر ئەو ساڵە لە سیحری کەفتار بەدوور دەبین!.

حیکایەتی سیحری جوکێکان

رۆژێك لە کۆشکی سوڵتان بووم، چومە لای سوڵتان تەماشام کرد دوو ساحیری جوکی لەلای سوڵتان دانیشتوون، لەگەڵ پاسەوانە تایبەت و کەسە نزیکەکانی خۆیان بە لێفە داپۆشی بوو هەروەها سەریشیان بە پەڕۆ بەستبوو پرچیان بە هاڕاوەیەك تاشی بوو وەك چۆن کەسێك مووی ژێر باڵی لێدەکاتەوە، پاشان سوڵتان ووتی: دانیشە. منیش دانیشتم و بە دوو جۆکییەکەی ووت: ئەم کەسە پیاوێکی خۆشەویستە و لە ولاتێکی دوورەوە هاتووە شتێکی وای پیشان بدەن کە پێشتر بەرچاوی نەکەوتبێت ووتیان: باشە.

یەکێکیان چوارمشقی دانیشت و ئنجا هێواش هێواش بەرەو ئاسمان بەرزبوەوە و لەسەر سەری ئێمە وەستا!، هەستامە سەر پێ زۆر بە لامەوە شتێکی سەرسوڕهێنەر بوو،! سەرم گێژی خوارد و کەوتمە خوارەوە، سوڵتان داوای کردبوو کە دەرمانێکم پێ بدەن تا بێمەوە هۆشی خۆم کاتێك بەهۆش هاتمەوە، ئنجا ساحیری دووەمیان نەعلێکی بە دەستەوە بوو دای بە زەویدا و ئەویش بەرزەوە بوو بۆ ئاسمان تا چوە سەر ملی ئەوەی یەکەم، سوڵتان ووتی: ئەوەی یەکەمجار بەرز

بووەوە قوتابی ئەوەی دووەمیان بوو، دوای ماوەیەك دیسانەوە هێواش هێواش نزمەوە بوون تا لەسەر زەوی دانیشتن ئنجا ووتی: دەترسم تۆ نەتوانیت خۆت رابگریت بەرامبەر سیحرەکانم، ئەگینا کاری زۆر لەوە گەورەترم ئەنجام دەدا!.

با بگەڕێینەوە بۆ باسەکەی خۆمان: دوای شاری بڕون گەشتمان کرد بۆ(ئەمورای) پاشان کەجرا، حەوزێکی مەزنی لێبوو پانییەکەی میلێك دەبوو لەگەڵ پەرستگایەکی بتپەرستەکان بەڵام موسوڵمانەکان بتەکانیان شێواند بوو هەر لەو جێگایە کۆمەڵێك جوکی لێنیشتەجێ بوو بەهۆی ئەو نەریتە وەرزشییانەی کە دەیانکرد رەنگیان زەرد هەڵگەڕابوو هەموو پرچیان درێژ بوو بە هێندەی بااڵی خۆیان، جگە لە کەسانی بێباوەڕ مسوڵمانیشیان لەگەڵ بوو دەڵێن : کەسی وا هەیە توشی گەڕی و نەخۆشی دەبێت دوای ئەوەی لەگەڵ ئەم کەسانە ئەم جۆرە وەرزشانە دەکات چاك دەبێتەوە، یەکەجار ئەم کۆمەڵەیەم لە تورکستان لای سوڵتان تەرمەشرین بینی کاری ئەنتیکە و سەرسوورهێنەڕیان دەکرد یەکێکیان جۆرە حەپێکی بۆ سوڵتان "غەیاسەدین دامەغانی" دروستکردبوو بۆ بەهێز کردنی جیماع کردنی، کە زۆری لێ بەکاردەهێنێت و بەهۆیەوە کۆچی دوایی دەکات، دواتر برازاکەی جڵەوی دەسەاڵت وەردەگرێت و رێزی تایبەتی لە جوکییەکە دەگرێت!. پاشان چوین بۆ (جەندەری) کە گەورەترین شاری ناوچەکە بوو، بازاڕێکی مەزنی هەبوو، ئەمیرەکەی ناوی "عەزەدین بنتانی" بوو پێیان دەوت: مەلیکی گەورە کەسێکی دیندار و خاوەن فەزڵ بوو هەمیشە لە کۆڕی زاناکاندا دادەنیشت بە تایبەتی زانای بەناوبانگ وەجیهەدین سەنجانی و دادوەری تایبەت لەگەڵ پێشەوا شەمسەدین.

دواتر رۆیشتین بۆ شاری (زیهار) کشتوکاڵی زۆر بوو بەتایبەتی گەنم لەم شارەوە گەاڵی تەنبول رەوانەی دەکرا، دووری نێوان جەندەری و دەلی بیست و چوار رۆژ رێگا بوو بە درێژایی ئەو رێگایە ناو بەناو ستوونی رەنگاوڕەنگ دانرابوو، بۆ ئەوەی رێبوار ئاگادار بووایە چەندێك رێگای بڕیوە و چەندی ماوە بۆ شوێنی

مەبەست، چونکە دووری نێون ستوونەکان دیاری کرابوو لەگەڵ بڕینی هەر ستوونێك دەتزانی چەند رێگات بڕیوە ئەم شاری زیهارە لە ژێر رکێفی شێخ ئیبراهیم بوو کە لە بنەڕەتدا خەڵکی زیبەتولیهل بوو.

حیکایەتی شوتییەکەی شێخ ئیبراهیم

کاتێك شێخ ئیبراهیم روو دەکاتە ئەو ناوچەیە، پارچە زەوییەك ئاوەدان دەکاتەوە و دەست دەکات بە کاری کشتوکاڵی و شوتی تێدا دەچێنێت و بەرهەمێکی باش و بەتامی دەبێت، بە پێچەوانەوە جووتیارەکانی تر بەرهەمەکەیان وەك ئەوەی شێخ ئیبراهیم بەتام و شیرین نابێت دەڵێن: رۆژێك سوڵتان سەردانی ناوچەکە دەکات و دەچێتە لای شێخ ئەویش شوتییەکی پێ ئەدات شیرین و بەتام دەبێت، هەر لەوێ سوڵتان بڕیار ئەدات زیهار بخاتە ژێر دەستییەوە پێشی دەڵێت: بە داهاتی شارەکە خانەقایەك دروست بکە و خواردن و خواردنەوە پیشکەش بە هەژاران بکە بۆیە بە جوانترین شێوە خانەقا ئاوەدان دەکاتەوە.

پاش ماوەیەك شێخ ئیبراهیم دەڕوات بۆ لای سوڵتان و بڕی سیانزە (لەك) کە دەیکردە سیانزە هەزار دینار وەك دیاری لەگەڵ خۆی دەبات بەڵام سوڵتان خۆشحاڵ نابێت بەو کارەی شێخ چونکە پێشتر پێی وتبوو: هەموو داهاتەکان پێشکەش بە هەژاران بکە هەر لێرەدا خوشکەزایەکی وەزیر خواجە جیهان دەیەوێت دەستبگرێت بەسەر هەموو مااڵ و سامانی شارەکە و هەڵبێت بۆ ولاتی مەعبەر بەڵام هەواڵەکە بڵاودەبێتەوە هەر زوو خۆی و فەرماندەکان کە لەگەڵیدا بوون دەستگیر دەکرێن و رەوانەی لای سوڵتان دەکرێن و هەموویان دەکوژرێن جگە لە خوشکەزاکەی وەزیر خواجە جیهان، ئەو رادەستی خاڵی دەکات و پاشان ئەویش فەرمانی بۆ دەرئەکات بکوژرێت وەك چۆن هاوڕێکانی کوژران پێش کوژرانی بانگی کەنیزەکەی دەکات و خواردن و تەنبولی پێ دەدات و دەست لە ملی دەکات و مااڵوایی لێ دەکات

چونکە زۆر خۆشی دەویست دواتر سزای مردنی بەسەردا جێبەجێ دەکرێت و ئنجا فڕێ ئەدرێتە بەر قاچی فیلەکان و دەکوژرێت، پاشان سکی هەڵدەدڕن و پڕی دەکەن لە کا، کەنیزەکەی لە حەیبەتی خۆشەویستەکەی لە شەودا دەرئەچێت و خۆی فڕێ ئەداتە ناو بیرێك و کۆچی دوایی دەکات، بۆ بەیانی دەریدەهێنن و هەردووکیان لە یەك گۆڕدا دەنێژن، بەو جۆرە گۆڕانەیان دەوت: گۆڕی عاشقان.

دوای ئەم شارە چوینە (ئوجەین) شارێکی دڵگیر بوو ئاوەدانی زۆر بوو مەلیك ناسرەدینی کوڕی عەینولمەلیك لێی نیشتەجێ بوو، بەڵام کاتێك ویستیان دوورگەی سنداب پوور فەتح بکەن لەوێ شەهید دەکرێت، بۆ زیارەت سەردانی گلکۆی ئەم پیاوەم کردوە، لەم شارە زانای بەناوبانگی (غەرناتی) جەمالەدینی مەغریبی غەرناتی لێبوو.

پاشان چوینە دەوڵەت ئاباد، شارێکی گەورە و مەزن بوو هاوشێوەی شاری دهلی بوو لە سێ بەش پێکهاتبوو، یەکەمیان: پێیان دەوت: دەوڵەت ئاباد، جێگای پاشا و ئەمیرەکان بوو، دووەمیان: کەتکەتە بوو سێیەمیان پێیان دەوت: دویقیر کە قەڵاکەی وێنای نەبوو لە دونیادا، هێندە تۆکمە و بەهێز بوو لەم بەشەیان خانی مەزن قتڵو خانی مامۆستای سوڵتان و جێنشینەکەی نیشتەجێ بوون، سنووری قەڵەمڕەوی سێ مانگەڕێ دەبوو هەمووی ئاوەدانی و شاری مەزن و بچوکی لێبوو.

ئەو قەڵایەی کە باسمانکرد لە بنەڕەتدا پارچە بەردێکی زەبەلاح و بەرز بوو دەکەوتە ناوەڕاستی زەوییەکی تەختەوە، لەسەر ئەم بەردە خانوو چاڵی مەزن دروستکرابوو بۆ بەند کردنی ئەو کەسانەی تاوانی گەورەیان ئەنجام دابوو بەهۆی پەیژەوە کە لە پێست دروستکرابوو بەسەریدا سەردەکەوتن، بە شەوان پەیژەکەیان بەرز دەکردەوە تا کەس پێیدا سەرنەکەوێت، کۆمەڵە خەڵکێك تێیدا نیشتەجێ بوون پێیان دەوترا: مونفەریدون یان زەمامیون، ئەم قەڵایە بە جرج و مشکی گەورە بەناوبانگ بوو یەکی بە هێندەی پشیلەیەك دەبوون و شەڕیان لەگەڵی دەکرد بۆیە پیشلە نەیدەوێرا لێیان نزیك ببێتەوە!.

باسی مشکە پیاوخۆرەکان

مەلیك خەتتاب ئەوەی بۆ گێڕامەوە ووتی: جارێك لە بەندیخانەکانی قەلای دەولەت ئەباد بەند کرا بووم، شەو مشکێکی زۆر هاتن و کەوتمە شەڕ کردن لەگەلیان، هەندێکم لێیان کوشت، ئەوەندە ماندوو بووم خەوم لێکەوت، لەخەوغدا پێمیان ووت: بەردەوام سورەتی ئیخلاص بخوێنە خودا رزگارت دەکات، هۆکاری دەرباز بوونم لەو قەلایە ئەوە بوو "مەلیك مەلا" مشك چاوەکانی و پەنجەکانی خوارد و وەفاتی کرد بۆیە سولتان ووتی: با مەلیك خەتتاب وەك ئەوی بەسەر نەیات و مشك بیخوات، ئیتر بەو شێوەیە خودا رزگاری کردم!.

شاری دەولەت ئاباد زۆرەبەی خەلکەکەی لە هۆزی(مورهەتە) بوون خوای گەورە نیعمەتێکی پێ بەخشی بوون ئەویش ئافرەتەکانیان بوو، کە بەناوبانگ بوون بۆ جوانی بەتایبەتی برۆ و لووتیان، زۆریش بەسۆز بوون و شارەزا بوون لە بەڕێوەبردنی مالّ و میّردا.

هەروەها زۆربەی بازرگانەکانیان بێبارەڕ بوون و زیاتر کڕین و فرۆشتنیان بە زێڕ و زیوەوە ئەکرد و پێیانیان دەوت: ساهە، وەك چۆن بە خەلکە خانەدانەکەی میسر دەلێین: ئەکارم، هەروەها لەم شارەدا جووتیارەکانی باشترین جۆری تریّ و هەناریان بەرهەم دەهێنا، سالانە دوو جار بەرەکەیان دەچنییەوە. ئەم بەرەکەت و بازرگانی و گەورەییەی ناوچەکانی ژێر قەلەمرەوی مسولّمانان ببووە هۆی ئەوەی کە باج و سەرانەیەکی زۆر بگەڕێتەوە بۆ خەزێنەی دەولەت، چونکە ئەوەیان بۆم گێڕایەوە جارێك پیاوێکی هیندی باج و سەرانە دەکەوێتە سەری و لەسەری دەمێنێتەوە و بڕەکەی حەڤدە کرور دەبێت، هەر کرورێك دەکاتە سەد لەك و هەر لەکێکیش دەکاتە سەد هەزار دینار، بەڵام راست ناکات لە دانەوەی ئەو بڕە پارەیە، بۆیە مالّەکەی لێ وەردەگرن و پێستی لە لاشەکەی جودا دەکەنەوە.

بازاڕی گۆرانییبێژەکان

لە دەوڵەت ئاباد بازاڕێکی لێبوو پێیان دەوت: بازاڕی گۆرانییبێژەکان، کە لە جوانترین بازاڕەکان بوو گەورە و دوکانێکی زۆری تێدابوو هەر دوکانێك لە حەوشەی خانووەکان دروستکرابوو دەرگایەکی هەبوو دەگەڕایەوە بۆ نێو ماڵەکان، جگە لەو دەرگایەی خانووەکان دەرگای تریشیان هەبوو، هەروەها هەندێك لە دوکانەکان بە راخەری جوان داپۆشرابوون لە ناوەڕاستی بازاڕەکەدا گومەزێك دروستکرابوو. هەموو رۆژانێکی پێنجشەممە و لە دوای نوێژی عەسرەوە ئەمیری گۆرانییبێژەکان ئامادە دەبوو خزمەتکارەکان لە کەنیزە و کویلەکان دەوەستان و پۆل پۆل ئافرەتە سەماکەرەکان گۆرانییان دەوت و سەمایان دەکرد کاتێك ئەمیرەکانی بێباوەڕەکان بەم بازاڕەدا تێپەر دەبوون میێزەری سەریان دادەگرت و ئافرەتە گۆرانییبێژەکان گۆرانییان بۆیان دەوت، هەندێك لە مسوڵمانەکانیش ئەو کارەیان دەکرد.

دوای شاری دەوڵەت ئاباد رۆیشتین بۆ (نەزربار)، شارێکی بچوك بوو بەڵام خەڵکەکەی مورهەتەن کارزان و ئەهلی پیشە بوون لە دارتاش و ئاسنگەر و پزیشك و ئەستێرەناس هەیانبوو بە خەڵکە خانەدانەکەی ناویان دەوت: بەراهیمە هیچ کات (مەی)یان نەدەخواردەوە و بە شتێکی ناشیاویان دەزانی، ژن و ژنخوازیشیان لەگەڵ کەسی نزیکی خۆیان ئەنجام نەئەدا، مەگەر شەش حەوت پشت لەیەکەوە دوور بوونایە، هەروەها تەماشای سزادان و سەربڕینی ئاژەڵیان نەدەکرد و خواردنیشیان بریتی بوو لە برنج و سەوزە و رۆنی کونجی.

پاشان رۆیشتین بۆ (ساغر) شارێکی مەزن بوو لەسەر رۆخی ڕوبارێك بوو ئەویش ناوی ساغر بوو خەڵکەکەی دیندار و ئەمانەت پارێز بوون خانەقای زۆریان هەبوو خوارنیان پێشکەش بە رێبواران دەکرد، زۆربەیان لە نێو باخ و رەزەکانیان خانەقایان دروست دەکرد بۆ خزمەتکردنی مسوڵمانان دوای مردنی خاوەنەکانیان گەر

منداڵیان نەبووایە دەوڵەت چاودێری دەکرد، هەروەها لەسەر ئەو ڕوبارە ناعوری مەزنیان هەبوو بۆ ئاودانی مۆز و قامیشی شەکر و تریێ بەکاریان دەهێنا، سەردانی هەر جێگایەکی ئەم شارەت بکردایە ئاوەدانی بوو خەڵکی بۆ پیرۆزی سەردانی ئەم شارەیان ئەکرد، چونکە هیچ جۆرە باج و سەرانە و سزایەکی تێدا نەبوو و خەڵکەکەی حەڵاڵ خۆر بوون.

دوای ئەم شارە چوین بۆ (کینبایە) دەکەوتە سەر یەکێك لەو دۆڵانەی کە نزیك بوو لە دەریاوە کاتێك دەریا هەڵبکشایە کەشتییەکان سەر ئاو دەکەوتن و کاتێکیش دابکشایە دەکەوتنە سەر زەوی خانووەکانی بە جوانترین شێواز دروستکرابوون،چونکە خەڵکەکەی زۆربەیان بازرگان بوون لە جێگا جیاوازەکانەوە هاتبوون لەوێ نیشتەجێ ببوون، کێبڕکێیان دەکرد لە دروستکردنی جوانترین کۆشك، یەکێك لە خانووە جوانەکانی مالّی سامری بوو، ئەو کەسەی کە پێشتر ئاماژەم پێدا و خەڵکی عێراق بوو، کە کاتێك حەلواکەم دروستکرد بۆ سوڵتان ووتم: پێی دەڵێن: لوقمە قازی، ئەویش ڕەتیکردەوە، بەڵام هاوڕێکەی پاشا بە درۆی خستەوە لەو خانووەدا گەورەترین دارم بینی، دەرگاکانی ئەوەندە گەورە بوون باس ناکرێت، یەکێکی تر لە خانووەکانی خانووی "شەمسەدین کلاّه دوز"بوو بە واتای کلاّو دوور دێت کە بازرگان بوو لە تەنیشتییەوە مزگەوتیکی بڵند دروستکرابوو.

هەروەها بازرگانێکی مەزنی تێدا بوو ناوی "نەجمەدین گەیلانی" بوو، کەسێکی روخسار جوان و دەوڵەمەند بوو کۆشکێکی مەزن و مزگەوتیکی هەبوو سوڵتان بانگی کرد و پلەی پێیدا ئەوەش بوو بە هۆی لەناوچونی خۆی و سامانەکەی.

ئەو دەمەی ئێمە گەیشتینە ئەم شارە ئەمیرەکەی ناوی "موقبیل تەلەنکی" بوو، کەسێکی پایەبەرز بوو لای سوڵتان، جێگرکەی ناوی "شێخ زادە ئەسفەهانی" بوو کەسێکی دەوڵەمەند و شارەزا بوو لە دەوڵەتداریدا و بەردەوام سەرقاڵی ئەوە بوو بە نهێنی پارەی ڕەوانە دەکرد بۆ وڵاتی خۆی بۆ ئەسفەهان و لە دەرفەت

دەگەڕا بگەڕێتەوە بۆ ناوچەکەی خۆی ئەم هەواڵە دەگاتەوە بە سوڵتان و ئەویش نامە دەنێرێت تا بە بەریدا رەوانەی لای سوڵتان بکرێت، کاتێك لای سوڵتان ئامادە دەبێت رادەستی بریکار (وەکیل) دەکرێت نەریت وابوو هەر کەسێك رادەستی بریکار بکرایە بە ئاسانی رزگار نەدەبوو بۆیە بە لێزانی خۆی لەگەڵ بریکار رێکدەکەوێت و بەڵێنی مااڵ و سامانێکی زۆری پێ دەدات و هەموویان پێکەوە هەڵدێن ئەوەیان بۆم گێڕایەوە کە لە شاری قەڵاتی عومان لە مزگەوتیك بینرابوو دواتریش دەگاتەوە ولاتی خۆی و لە کوشتن رزگاری دەبێت.

حیکایەتی دوو کوێرەکە

ویستی خودا وابوو، رۆژێك بووین بە میوانی مەلیك موقبیل تەلەنکی لە مەجلیسەکەدا دادوەر دانیشتبوو چاوی لای راستی کوێر بوو لە بەرامبەریدا شەریف بەغدادی دانیشتبوو، ئەویش چاوی چەپی کوێر بوو لە روخساردا وەك یەك وابوون، شەریف تەماشای دادوەری کرد و پێکەنی دادوەر تووڕە بوو پێی ووت: لێم تووڕە مەبە من لە تۆ باشترم، دادوەر ووتی چۆن؟!، شەریف ووتی: من چاوی چەپم کوێرە، بەاڵم تۆ چاوی راستت کوێرە، ئیتر هەموو پێکەنین و هیچ وەاڵمێکی نەبوو، چونکە خانەدانەکان لە ولاتی هیندستان رێزی تایبەتییان هەیە!.

جگە لەوانەی باسیانم کرد، کەسانێکی تر هەبوون رێزدار و خاوەن پێگە بوون، لەوانە "حاجی ناسر" خەڵکی دیاربەکر بوو لە یەکێك لە مزگەتەکانی نیشتەجێ بوو رۆژێك چوینە لای و بووینە میوانی دەگێڕنەوە کاتێك دادوەر جەاڵلەدین دێت بۆ شاری کینبایە، هەڵدێت و دەترسێت وەك حەیدری بکوژرێت، چونکە سەرپێچی بڕیارەکانی ئەوی کردبوو. دوای کینبایە رۆیشتین بۆ (کاوی) شارێك بوو دەکەوتە سەر دۆڵێکی نزیك لە دەریا، ئەم ناوچەیە سەر بە ولاتی(چالانسی) بێباوەڕەکان بوو، پاشان لەوێوە رۆیشتینەوە بۆ قەندەهار، ئەم شارەش گەورە بوو دەکەوتە سەر ڕوبار.

سولّتانی قەندەهار کەسێکی بێباوەڕ بوو ناوی "چالانسی" بوو ئەم بێباوەڕە لە ژێر دەستی مسوڵمانانداا بوو سالآنە دیاری خۆی بۆ مەلیکی هیندستان ڕەوانە دەکرد کاتێك گەیشتینە شارەکە خۆی لەگەڵ گەورە کاربەدەستە موسوڵمانەکان هاتە پێشوازیمان بە تایبەتی نەوەکانی "خواجە بەهرە" و "ناخوزە ئیبراهیم" بە گەرمی پێشوازیمان لێکرا نزیکەی شەش کەشتی گەورەیان هەبوو، بۆیە لەوێوە سواری کەشتی بووین و بە دەریادا کەووتینەڕێ.

باسی گەشت کردنمان بە دەریادا

کاتێك ویستمان بکەوینەڕێ چەند کەشتییەکمان ئامادە کرد، یەکێکیان خاوەنەکەی ناوی "ناخوزە ئیبراهیم" بوو، ناوی کەشتییەکەش (جاکەر) بوو، نزیکەی حەفتا ئەسپی دیاریمان خستە نێو ئەو کەشتییە و باقی ئەسپەکانی ترمان خستە نێو یەکێکی تر هی برای ناخوزە ئیبراهیم بوو پێیان دەوت: (مەنورەت) هەروەها سولّتان جالانسی بێباوەڕیش کەشتیەکی بۆ دابین کردین ناوی (عوکیری) بوو لەوانەی تر فراوانتر بوو لەم کەشتییەدا ئەسپەکانی سونبلە و زەهیرەدینمان تێکرد لەگەڵ خواردن و خواردنەوە، هەروەك میچی هەبوو لە کاتی شەڕ لەگەڵ چەتە هیندییە بێباوەڕەکان لە دەریادا، بەکاردەهێنرا بۆ خۆپاراستن لە تیر و رم.

یەکەم قوناغی گەشتەکەمان لە دەریادا دەستیپێکرد، من لە کەشتی جاکەردا سەرکەوتم پەنجاوپێنج تیر هاوێژمان لەگەڵ بوو، سەرەتا چوینە دورگەی (بەیرەم)، نێوان وشکانی و دەریا چوار میل بوو هیچ ئاوەدانییەکی تێدا نەبوو چۆڵکرابوو بە هۆی جەنگ لە نێوان مسوڵمانان و بێباوەڕەکاندا، دوای پشوێك ئاومان خواردەوە و گۆزەکانمان پڕ کرد.

پاشان کەووتینەوەڕێ دوای دوو ڕۆژ گەیشتینە (قوقە) شارێکی مەزن بوو بازاڕەکەی گەورە بوو بەڵآم لە دووری شار کەشتیەکەمان لەنگەری گرت و

نەمانتوانی زیاتر نزیك ببینەوە لەبەر هەڵکشان و داکشانی ئاوی دەریا، ئەو دەمەی ئاوی دەریا داکشا بە بەلەمی بچوك لەگەڵ هاوڕێکانم کەوتمەڕێ بۆ شار، بەڵام بەلەمەکە لە قوڕ و لیتە گیری خوارد و نەمانتوانی خۆمان بگەیەنینە وشکانی و نزیکەی میلێکمان مابوو، هاوڕێکانم پێیان ووتم دەبێت بە خێرایی دەرباز ببین تا هەڵکشانی ئاو پێمان نەگات چونکە من مەلەوانیم دەزانی بەڵام باش نەبوم، دوای دەرچونمان لەو قوڕ و لیتەیە گەیشتینە وشکانی هەنێك لە بازاڕدا سوڕاینەوە دواتر رۆیشتین بۆ مزگەوتیك دەیانوت: هی خزر و ئیلیاسە، کۆمەڵێك سوفی هەژاری لێبوو سەر بە تایەفەی حەیدری بوون و لەگەڵ پیشەواکەیاندا سەرقاڵی پەرستش بوون. سوڵتانەکەی کەسێکی بێباوەڕ و یاخی بوو ناوی "دونکول" بوو بەڵام لە ژێر قەڵەمڕەوی پاشای هیندستان بوو کاتێك لەم شارە دەرچوین دوای سێ رۆژ گەیشتینە دورگەی (سەندا پوور) لە ناوەڕاستی دورگەکە نزیکەی سی و سێ گوندی لێبوو لە نزیك گوندەکان ئاوی دەریا زەوییەکی کەندڕ کردبوو وەك جۆگەلەی لێ هاتبوو کاتێك دەریا هەڵدەکشا ئاوی جۆگەلەکان شۆڕ دەبوون، بەڵام بە پێچەوانەوە لە کاتی داکشاندا شیرین دەبوون.

هەر لەم دورگەیەدا دوو شاری تر هەبوون، یەکێکیان بێباوەڕەکان دروستیان کردبوو ئەویتریان مسوڵمانەکان ئەو کاتەی دورگەکە فەتح دەکرێت ئەم شارە دروست دەکرێت، مزگەوتیکی جوان و گەورەی لێبوو هاوشێوەی مزگەوتەکانی شاری بەغداد بوون پیاوێك دروستی کردبوو ناوی "ناخوزە حەسەن" بوو باوکی سوڵتان جەمالەدین محەمەد هەنرەوی بوو بە ویستی خوا لە کاتی خۆیدا باسی فەتح کردنەکەی دەکەم لە دوای ئەم دوورگەیە چوین بۆ دوورگەیەکی بچوکی تر کە نزیك بوو لە وشکانی لەم دوورگەیەدا کلێسایەك و حەوزێکی ئاوی لێبوو لەگەڵ پیاوێکی (جوکی).

باسی جوکییەکە

کاتێك لە دورگەکە دابەزین پیاوێکی جوکیم بینی لە نزیك بتخانەکە دانیشتبوو دیار بوو کەسێکی ماندوو بوو بەهۆی ئەو وەرزشانەوە کە دەیکرد، ویستمان گفتوگۆی لەگەڵ ئەنجام بدەین هیچ قسەیەکی نەدەکرد پاشان بە دوای خواردندا گەڕاین بەڵام هیچ شتێکمان لە لای نەبینی دواتر هاوارێکی کرد (قیژاندی) لەپڕ گوێزە هیندیەك کەوتە خوارەوە و پێشکەشمانی کرد، ئێمەش چەند درهەمێکمان پێدا بەڵام وەری نەگرت سەرمان سووڕما لە کارەکەی!.

هەروەها عابایەکی سوفی لە بەردەست بوو لە مووی حوشتر دروستکرابوو دەستم لە عاباکەدا و خێرا پێشکەشمی کرد بەڵام وەرم نەگرت تەسبیحێکی (زیلەع) بە دەستمەوە بوو جێی سەرنجی ئەو بوو منیش پێم ووت: فەرمو بۆ تۆ بێت وەریگرت و بۆنی کرد و بەرزی کردەوە بۆ ئاسمان پاشان رووی کردە لای قیبلەوە بێ ئەوەی هیچ شتێك بڵێت، من تێگەیشتم ئەم جوکییە مسوڵمانە بەڵام ئیسلام بوونی خۆی شاردوەتەوە دەستیم گرت و ماچم کرد هاوڕێکانم تووڕە بوون بەو کارە ئەویش تێگەیشت کە هاوڕێکانم تووڕە بوون ئینجا دەستمی گرت و ماچی کرد بە سەری ئاماژەیدا و ئێمەش رۆیشتین ئەوەند دوور نەکەوتینەوە ووتیان: باشە تۆ بۆ دەستی ئەو جوکییەت ماچ کرد ووتم: ئێوە تێنەگەیشتن ئەو پیاوە مسوڵمان بوو بەڵام ئیسلام بوونی خۆی شاردوەتەوە هاوڕێکانم گەڕانەوە بۆ لای نەیاندۆزییەوە .

هەر لەو کاتەدا کەووتینەوەڕێ و بۆ بەیانی گەیشتینە شاری (هینەوەر) دەکەوتە سەر کەنداوێك لە کاتی هەڵکشانی ئاودا کەشتییەکان بە ئاسانی لێوەی دەهاتنە ژوورەوە بەڵام لە کاتی وەرزی باران بارین (بشکال)دا زریانی دەریاکە هێندە بەهێز دەبوو کەس نەیدەوێرا بۆ ماوەی چوار مانگ گەشت بکات و تەنها راوە ماسی تێدا دەکرا ئەو رۆژانەی لەوێ بووین، پیاوێکی هیندی جوکی هاتە لام

ووتی: ئەو شەش درهەمەم لای ئەو جوکییە بۆ هێناویت کە تەسبیحەکەت پێدا منیش وەرمگرت و بە هاوڕێکانم ووت: کێ ئارەزوو دەکات با بەشی خۆی وەربگرێت بەڵام ڕەتیانکردوە، خەڵکی ئەم شاری "هینەوەرە" ئەهلی دین و جیهاد و تێکۆشان بوون و هەموویان لەسەر مەزهەبی شافعی بوون، بەتایبەتی لە جەنگی دەریادا هاوشێوەیان کەم بوو بەڵام لە دوای فەتح کردنی سنداپور تووشی تێکشکان هاتبوون کە لە دواییدا باسی ئەوە دەکەین لەم شارەدا چاوم بە زانا "محەمەد ناقوری" کەوت و لە خانەقاکەی ماینەوە، خۆی خواردنی دروست دەکرد و بێزی دەهاتەوە کە لە خواردنی دەستی کەنیزە و خزمەتکارەکانی بخوات هەروەها چاویشم بە زانای قورئانخوێن "ئیسماعیل" کەوت پیاوێکی دیندار و ڕوخسار نووڕانی بوو دادوەرەکەی ناوی نورەدین عەلی بوو بەڵام ناوی وتاربێژەکەم لە بیر نەماوە.

ئافرەتەکانی ئەم شارە کە لە ڕۆخی دەریا بوون پۆشاکی دووراویان ناپۆشی بەڵکو بە قوماش سنگ و گیانیان دادەپۆشی و هەریەکەیان لووتەوانەیەکی ئالتونییان لە لووتیان دەکرد کە وەک ئەڵقەیەک وابوو، جوان و داوێنپاک و بەڕەوشت بوون و زۆربەیان قورئانیان لەبەر بوو، لەم شارەدا زیاتر لە سیانزە قوتابخانەی لێبوو تایبەت بە فێربوونی قورئان خوێندن لە هیچ جێگایەک بەم شێوەیە نەبوو، قووتی خۆیان لە قوڕگی دەریا دەردەهێنا و هیچ جۆرە پیشەیەکی کشوکاڵیان نەبوو خەڵکی ناوچەکانی (مولەیبار) سالانە یارمەتییان بۆ سوڵتان جەمالەدین دەنارد چونکە زۆر لێی دەترسان لەبەرئەوەی سەربازێکی زۆری هەبوو لە دەریادا جەنگیان دەکرد و ژمارەیان بە سواری و پیادەوە شەش هەزار کەس دەبوو.

سوڵتانی هینەوەر

سوڵتانەکەی ناوی جەمالەدین محەمەد حەسەن بوو خاوەنی دەسەڵاتێکی جوان و ڕێك بوو لە ژێر قەڵەمڕەوی سوڵتانی بێباوەڕەکاندا بوو کە ناوی "هەریب" بوو سوڵتان جەمالەدین کەسێکی دیندار بوو زۆر کات بەڕۆژو بوو بەردەوام لە نوێژەکاندا ئامادە دەبوو، لە نەریتیدا وابوو لە پێش نوێژی بەیانی قورئانی دەخوێند و دواتر لە دوای نوێژەوە دەکەوتەڕێ بۆ دەرەوەی شار تا کارەکانی تەواو دەکرد پاشان لە چێشتەنگاودا دەگەڕایەوە بۆ مزگەوت و ئنجا دوو رکات نوێژی لە مزگەوت دەکرد و ئەوکات دەگەڕایەوە بۆ ماڵەوە ئەو رۆژانەی لەوێ بووم هەمیشە بانگی دەکردم بۆ ناخواردن لەگەڵ هەردوو زانای بەناوبانگ ئیسماعیل و عەلی چوار کورسی بچوك لەوێ بوو هەریەکەمان لەسەر کورسیەك دادەنیشتین.

ڕێکخستنی خواردنەکانی

کەنیزەیەکی جوان دەهات پۆشاکێکی ئاوریشمی لەبەردابوو مرۆڤ ئارەزوی تەماشاکردنی دەکرد سەرەتا سینیەکی مسی دادەنا و پاشان قاپێکی لەسەر دادەنا ئنجا بە کەوچکێکی گەورە برنجی تێدەکرد پاشان رۆنی دەکرد بەسەریدا لەگەڵ بیبەر و زەنجەفیل و لیمۆی شوێرکراو وعەنبا بۆ هەر پاروویەکی برنج ئەو شوێرکراوانەیان دەخوارد کاتێك ئەو بڕە خواردنە تەواو دەبوو دووبارە کەوچکێکی برنجی تری تێدەکرد لەگەڵ مریشکی برژاو دوای ئەمانەش جارێکی تر برنج و ماسی پیشکەش دەکرا لەگەڵ سەوزەیەکی تایبەتی لە رۆندا برژاو لە کۆتاییدا ماستاو و دۆیان دەخواردەوە.

هەروەها لە وەرزی باران بارین (بشکال)دا لە دوای خواردن ئاوی شلەتێنیان دەخواردەوە تا نەخۆش نەکەون سێ رۆژ لەوێ ماینەوە بەڵام بۆ جاری دووەم کاتێك گەڕاینەوە ماوەی یانزە مانگ لە لای ئەم سوڵتانە ماینەوە و خواردنمان تەنها برنج بوو چونکە نان نەبوو ئەوەندە لە خواردنی برنج بێزار بووم ناچار بووم ئنجا بە شۆربا برنجم دەخوارد سوڵتان پۆشاکێکی فۆتەی ئاوریشمی وەك خاولی بە خۆیەوە ئاڵاندبوو لەگەڵ قوماشی کەتان.

دوای ئەو سێ رۆژە گەشتمان کرد بۆ مولەیبار کە وڵاتی بیبەرە، سنووورەکەی لە رۆخی دەریاوە لە سنداپورەوە دەستی پێدەکرد تا دەگەیشتە کۆڵم دوو مانگەڕێ بوو لە بڕینی هەر نیو میلێکی رێگا دوکانێك یان خانوویەکی بچوك هەبوو لەگەڵ بیرێکی ئاو هەر کەسێکی رێبوار لەوێ پشوی دەدا و پیاوێکی هیندی بێباوەڕیش ئاوی بە رێبواران دەدا گەر کەسێك رێبوارێکی مسوڵمان بووایە ئەوا بە دەستی ئاوی خواردنەوەی پێدەدا بەڵام گەر کەسەکە وەك خۆی بێباوەڕ بووایە ئەوا بە قاپێك ئاوی پێدەدا. نەریتی بێباوەڕە هێندییەکان وابوو رێزیان لە مسوڵمان دەگرت بەڵام بە هیچ جۆرێك نانیان لەگەڵ مسوڵمان نەدەخوارد ئەگەریش خواردنیان پێشکەش بە مسوڵمانان بکردایە، ئەوا ئەو قاپەیان وەرنەدەگرتەوە یان دەیانشکاند یاخود دەیانبەخشی بە مسوڵمانەکە جاری وا هەبوو خواردنیان دەکردە سەر گەڵای مۆز و پێشکەش بە موسوڵمانەکەیان دەکرد ئەمە لە کاتێکدا بوو گەر ئەو شوێنە مالّی مسوڵمانی لێ نەبووایە. هەروەها دووری ئەو دوو مانگە رێگایە هەمووی باخ و دارستان بوو خەڵکی بە سواری گوێدرێژ و هێستر رێیان دەکرد تەنها سوڵتان سواری ئەسپ دەبوو خەڵك هەبوو سواری دۆلە ئەبوون ئەوەش بە جۆرێك بوو کەسێك کورسییەکی بە پشتییەوە بەستبوو خەڵکی بە چەند درهەمێك سواری دەبوون بازرگانی وا هەبوو بۆ گواستنەوەی شمەکەکانی دەیان کەسی بە کرێ دەگرت رێگاکەش هەتا بڵێی ئارام بوو هیچ کەسێك نایتوانی دزی بکات یان رێگری بکات گەر کەسێکیان لەسەر دزی بگرتایە خێرا لەو شوێنەی خۆی دەکوژرا بۆیە کەس

جورئەتی دزی کردنی نەبوو تەنانەت گەر گوێزێکی هیندیشی لە باخەکان هەڵبگرتایەتەوە بێ پرسی خاوەنەکەی دەکوژرا دەڵێن: جارێك پیاوێك گوێزهیندیەك هەڵدەگرێتەوە هەواڵ دەگات بە فەرمانڕەوای ناوچەکە و دەیگرن و لەو جێگایەی دزی لێ کردبوو دەیکوژن بۆیە لە هەر شوێنێك هەرچییەك بکەوتایە کەس نایتوانی دەستی بۆ بەرێت تا خاوەنەکەی هەڵبگرێتەوە.

ناوچەکانی مولەیبار چەندان سوڵتانی بێباوەڕی تێدابوو فەرمانڕەواییان دەکرد سوڵتانی وا هەبوو بەهێز بوو هەشیان بوو بێ هێز ئەو سوڵتانانەی کە بەهێز بوون خاوەن دە بۆ پانزە هەزار سەرباز دەبوون بەڵام کەم دەسەڵاتەکان دوو بۆ سێ هەزار سەربازیان هەبوو هیچ کاتێك کەسیان دەستدرێژییان ناکردە سەر ئەوەی تریان گەر تاوانباریێك خۆی پەنابدایەتە لای سوڵتانێك وەك ڕێزگرتن سوڵتانەکانی تر داوایان نەدەکردەوە هەروەها سنووری هەر یەکێك لەو دەسەڵاتدارانە دیاریکراو بوو کاتێك سنووری یەکێکیان تەواو دەبوو سنووری سوڵتانێکی تر دەستی پێدەکرد لەسەر پارچە داریکی گەورە دەنوسرا لێرەوە سنووری فلانە سوڵتان دەست پێدەکات. ئەوەی جێی سەرنج بوو سوڵتانەکانی ئەو ناوچەیە نەوەکانیان میراتی وەرناگرن بەڵکو خوشکەزاکانیان وەریدەگرن کە لە هیچ جێگایەکی دونیا هیچ قەومێکم نەبینی بەو شێوەیە جگە لە خەڵکی بەنی مەسوفە نەبێت کە پێیان دەڵێن: (لیسام) لە کاتی خۆیدا باسی ئەم قەومەش دەکەین هەروەها هەر کاتێك سوڵتان بیویستایە کڕین و فرۆشتن قەدەغە بکات لە بازاڕ ئەوا چەند لقە داریك بە دوکانەکاندا هەڵدەواسرا ئیتر کەس نە شتی دەکڕی و نە دەفرۆشت.

بیبەری مولەیبار

رووەکی بیبەر وەك داری میوە بوو لە تەنیشت داری نارجیلەوە (گوێزی هیندی) دەچێنرا هەندێکیان بەرز دەبوونەوە، گەلاکەی پان بوو وەك گوێ بەرخە وابوو، هەروەها لق و پۆپی نەبوو بە بۆڵ بیبەری دەگرت، لە سەرتای وەرزی پایزەوە دەچێنرا و کۆدەکرایەوە و پاشان لەسەر راخەرێك دادەنرا، وەك چۆن میوژ وشك دەکرێتەوە، دواتر بە ئاگرێکی کەم دەبرژێنرا تا بە ئاسانی ورد بکرێت بۆنێکی تیژ و تامێکی تفتی هەبوو بە بازرگانەکان دەفرۆشرا لە قالقۆت بینم وەك ئارد دەفرۆشرا.

یەکەم شارێك کە لە مولەیبار[1] سەردانم کرد شاری (ئەبی سەرور) بوو دەکەوتە سەر دۆڵێك و ئاوی دەریای پێیدا دەڕۆیشت دارێکی زۆری نارجیلی هەبوو گەورەترین پیاوی مسوڵمانی شارەکە ناوی جومعە بوو بە (ئەبی ستە) ناسرابوو کەسێکی زۆر بەخشندە بوو -دەگێڕنەوە- هەموو مالەکەی بە هەژاران دەبەخشێت و هیچ شتێکی لە دەست نامێنێت دوای دوو رۆژ مانەوەمان لەم شارە رۆیشتین بەرەو (فاکەنور)شارێکی مەزن بوو لەسەر رۆخی دەریا و بە قامیشی شەکر بەناوبانگ بوو باشترین جۆری قامیشی لێ بەرهەم دەهێنرا هەروەها لەم شارەدا تایەفەیەکی مسوڵمانی لێبوو گەورەکەیان ناوی "حوسێن سەلات" بوو دادوەر و وتاربێژی مزگەوتی بوو.

---

[1] دەکەوێتە باشووری هیندستان و لەسەر کەناری زەریای هیندییە. (وەرگێڕ)

سوڵتانی شارەکە

سوڵتانی فاکەنور کەسێکی بێباوەڕ بوو ناوی "باسەدەوە" بوو زیاتر لە سی کەشتی جەنگی هەبوو سەرکردەی کەشتییەکان پیاوێکی مسوڵمان بوو بە ناوی "لۆلا" بەڵام شەڕەنگێز و خراپەکار بوو پیشەی چەتەیی بوو لە دەریادا ئەو دەمەی لە بەندەری شارەکە لامانداسوڵتان کوڕەکەی خۆی نارد وەک بارمتە لە کەشتیەکەدا مایەوە، سێ ڕۆژ لە شارەکەدا ماینەوە بووین بە میوانی زۆر ڕێزی گرتین چونکە پاشای هیندستان پەیوەندیەکی بازرگانی تووندوتۆڵی لەگەڵیان هەبوو لە نەریتیدا وابوو هەر کەشتییەک بە لای شارەکەیدا تێپەڕ بووایە دەبوو دیاری پێشکەش بکردایە بەمەیان دەوت: حەق بەندەر واتا: کرێی وەستان لە بەندەرەکە گەر کەسێک لە بەندەر لاینەدایە بە زۆر رایاندەگرت و دوو هێندە سزای لێ وەردەگیرا و بۆ ماوەیەکیش گەشتیان لێی قەدەغە دەکرد.

مەنجرور وسوڵتانەکەی

سەفەرمان کرد دوای سێ ڕۆژ گەیشتینە (مەنجەرور) هەڵکەوتەی شارەکە لەسەر ڕۆخی دەریای بوو بەندەرەکەی گەورەترین بەندەری وڵاتی مولەیبار بوو، بازرگانەکانی وڵاتی فارس و یەمەن ڕوویان لەم جێگایە دەکرد، بیبەر و زەنجەبیلی یەجگار زۆر بوو، پاشاکەی

لە گەورەترین سوڵتانەکانی ئەو هەرێمە بوو ناوی "رامدەوە" بوو نزیکەی چوار هەزار مسوڵمان لە ژێر دەستیدا دەژیان و لە نزیک شارەکە نیشتەجێ بوون، جاری وا هەبوو جەنگ لە نێوان مسوڵمانەکان دروست دەبوو سوڵتان خۆی سوڵحی لە نێوانیاندا دەکرد چونکە پێویستی بە بازرگانی هەبوو دادوەری مسوڵمانەکان پیاوێکی زانستخواز بوو لەسەر مەزهەبی شافعی بوو ناوی "بەدرەدین مەعبەر"

بوو کاتێك گەیشتینە ئەوێ خۆی هاتە لامان ووتی: پێم خۆشە لە شارەکەی من لابدەن، ووتمان: ناتوانین تا سوڵتان کوڕەکەی خۆی نەنێرێت و لە کەشتییەکەدا بمێنێتەوە ووتی: سوڵتانی فاکەنور بۆیە کوڕەکەی خۆی نە نارد چونکە لەوێ مسوڵمانەکان هیچ دەسەڵاتێکیان نییە ئێمەش ووتمان: شتی وا ناکەین و تا کوڕی سوڵتان ئامادە نەبێت لانادەین بۆیە هەر زوو کوڕی سوڵتان هات و ئێمەش دابەزین و ڕێزێکی زۆریان لێمان گرت و بۆ ماوەی سێ ڕۆژ لەوێ ماینەوە.

شاری هیلی

دواتر گەشتمان کرد بۆ (هیلی)دوای دوو ڕۆژ گەیشتین، شارێکی جوان بوو ئاوەدانی زۆری هەبوو دەکەوتە سەر ڕۆخی دەریا، کەشتییەکانی وڵاتی چین لەوێ لەنگەریان دەگرت، بەندەرەکەی گەورە بوو تەنها کەشتییە مەزنەکان لەوێ لایان دەدا، هاوشێوەی بەندەری کۆڵم و قالقۆت بوو ئەم شارە بە لای مسوڵمان و بێباوەڕەکانیشەوە پیرۆز بوو چونکە مزگەوتی (جامع)ی لێبوو خەڵکی بۆ پیرۆزی سەردانیان ئەکرد و لە کاتی گەشت کردنیشدا نەزر و قوربانیان تێدا دەکرد داهات و مولکێکی زۆری هەبوو لە ژێر چاودێری وتاربێژەکەیدا بوو ناوی"حوسێن" بوو هەروەها لەم مزگەوتەش کۆمەڵێك قوتابی لێبوو بەردەوام سەرقاڵی وەرگرتنی زانستی شەرعی بوون هەروەها چێشتخانەی تایبەتی تێدابوو، خواردن بۆ هەژاران و ڕێبواران دروست دەکرا.

هەر لەم شارە چاوم بە زانا و خواناسێکی مەقادیشۆیی کەوت ناوی سەعید بوو ئەوەی بۆم باس کرد کە ماوەی چواردە ساڵ لە شاری مەککە بووە ئەوەندەشە لێرەیە باسی ئەوەشی بۆم کرد کە لە مەککە چاوی بە ئەمیری مەککە ئەبا نومەیە و مەنسور جەماز کەوتووە پاشان گەشتی کردوە بۆ وڵاتی هیندستان و چین.

شاری جورفەتن و سوڵتانەکەی

دوای هیلی رۆیشتین بۆ جورفەتن نێوان ئەم شارە و هیلی سێ فەرسەخ بوو لەوێ چاوم بە زانای پایە بەرز "سەرسەر" کەوت کە خەڵکی ناوچەی سەرسەر بوو، کە نزیکە لە شاری بەغداد و دەکەوێتە سەر ڕێگای کوفە، بە هەمان شێوە لای خۆمانیش لە وڵاتی مەغریب شارێك هەیە بە هەمان ناوی سەرسەر، برایەکی هەبوو دەوڵەمەند بوو و پێش ئەوەی کۆچی دوایی بکات وەسێت دەکات، کە ماڵەکەی بگاتەوە دەستی منداڵەکانی لە بەغداد، نەریتی خەڵکی هیندستان وەك خەڵکی سودان بوو، هیچ کات میراتی ماڵی مردوویان وەرنەدەگرت گەر هەزاران دیناریش بوایە بەڵکو پێشەوای مسوڵمان میراتییەکەی لە جێی خۆیدا بەکار دەهێنا یان دەیگەڕاندەوە بۆ خاوەنەکەی، گەر میراتگری هەبوایە.

سوڵتانەکەی ناوی "کوەیل" بوو لە گەورەترین سوڵتانەکانی وڵاتی مولەیبار بوو خاوەنی دەیان کەشتی مەزن بوو گەشتیان بۆ عومان و فارس و یەمەن دەکرد وڵاتەکەی خۆشی (بودفتەن) و (دەفتن) بوو لە کاتی خۆیدا باسی دەکەین ئێمەش لە (جورفەتن)ەوە کەووتینەڕێ کە لەسەر رۆخی دەریا بوو بۆ دەفتن دارستانێکی زۆری هەبوو لە هەموو جۆرە ڕووەکێکی لێبوو بە تایبەت بیبەر و فەوفەل و نارجیل (داری گوێزی هیندی)، هەروەها مۆزی ئەوەندە زۆر بوو وەسف ناکرێت نرخەکەشی زۆر هەرزان بوو هیچ جێگایەکی دونیام نەبینی، بە هێندی ئەم شوێنە مۆزی زۆر بێت. خانوویەکی مەزنی تێدا دروستکرابوو دریژیەکەی پێنج سەد پێ بوو پانییەکەی سێ سەد پێ هەموو لایەکی بە بەردی سوور پەرژین کرابوو، هەروەها بیست و هەشت گومەزی بۆ دروستکرابوو لە ژێر هەر گومەزێکدا چوار جێگای دانیشتن دروستکرابوو دەڵێن: یەکێك لە باپیرانی سوڵتان کوەیل: ئەم باینەی دروستکردوە لەگەڵ مزگەتێك هۆکاری مسوڵمان بوونی باپیرانی ئەم سوڵتانە دەگەڕێتەوە بۆ موعجیزەی دارێك کە ئەوەش بۆ خۆی چیرۆکێکی سەیرە!.

باسی دارە سەرسوڕهێنەرەکەی نزیک مزگەوتەکە

شتێکی سەیرم بینی داربّك هەبوو گەڵاکەی وەك گەڵای هەنجیر بوو بەڵام کەمێك نەرمتر پەرژینێکی بۆ دروستکرابوو لەگەڵ میحرابێك بۆ نوێژکردن و دوو رکات نوێژم لێی کرد، ناوی دارەکە درەخت شەهادەت بوو دەیانوت: هەموو سالّێك و لە وەرزی هاویندا گەڵایەکی ڕەنگ زەردی لێ دەبێتەوە و پاشان ڕەنگەکەی دەگۆڕێت بۆ سوور و لەسەر ڕووەکەی (لا إله الا الله) دەردەچێت، فەقیه حوسێن و کۆمەڵێك لە کەسە باوەڕپێکراوەکان بە وردی تەماشای گەڵاکە دەکەن و دڵنیا دەبنەوە لەوەی کە (لا إله الا الله)یە. بۆیە خەڵکی لە ژێر درختەکە دادەنیشن و کاتێك گەڵاکە دەکەوێتە خوارەوە، مسوڵمانەکان پارچەیەکی لێ دەکەنەوە و بێباوەڕەکانیش پارچەکەی دیکەی دەبەن و لە گەنجینەی سوڵتانە بێباوەڕەکاندا دایدەنێن بۆ شیفا.

بۆیە ئەم دارە بووەتە هۆی مسوڵمان بوونی باپیرانی "کوەیل"، بەڵام یەکێك لە نەوەکانی بەدبەخت و بێباوەڕ دەبێت و بڕیارێکی نابەجێ ئەدات بە پێچەوانەی باپیرانی و دارەکە لە ڕەگەوە هەڵدەکێشێت، بەڵام بەویستی خوا دووبارە سەوز دەبێتەوە و ملهوڕەکەش پاش ماوەیەکی کەم لەناودەچێت، پاك و بێگەردی بۆ خوای باڵادەست.

شاری بەدفتن

دوای ئەم شارە گەشتمان کرد بۆ بەدفتن، شارێکی گەورە بوو و دەکەوتە سەر کەناوێکی مەزن لە دەرەوی شارەکە مزگەوتیکی لێبوو کە ڕێبوارە مسوڵمانەکان ڕوویان تێدەکرد چونکە خەڵکی شارەکە مسوڵمان نەبوون، بەندەرەکانی لە باشترین بەندرەکان بوون و ئاوی دەریاکەی شیرین بوو هەروەها لە باشترین جۆری فەوفەلی

لێ بەرهەم دەهێنرا و رەوانەی هیندستان و چین دەکر، خەڵکەکەی هەموو بەراهیمە بوون لای مسوڵمانەکان بێزراو بوون بەڵام هیندییەکان رێزیان لێیان دەگرت و هەر ئەمەش ببووە هۆی ئەوەی کە مسوڵمانی لێ نەبێت.

هۆکاری مانەوەی ئەم مزگەتە لەو شارە، کە خەڵکەکەی هەمووی بەراهیمە بوون بۆ ئەوە دەگەڕایەوە کە جارێك پیاوێك میچی مزگەتەکە دەڕوخێنێت و دارەکەی دەباتەوە خانووی خۆی پێ دروست دەکات بە ویستی خوا مالّەکەی ئاگر دەگرێت و منداڵەکانی دەسووتین لەوە بەدواوە مزگەوتەکە چاك ئەکەنەوە لە دەرەوەش ئاوی خواردن بۆ رێبوارن دابەنێن و تۆڕێکی مەزنیش لە دەرگای مزگەوتەکە هەڵدەواسن تا باڵندە نەچێتە ژوورەوە.

دوای بەدفتن گەشتمان بۆ فەندەرینا[1] کرد، شارێکی مەزن و جوان و دڵگیر بوو سێ گەڕەکی ئەم شارە هی مسوڵمانەکان بوو، لە هەر گەڕەکێکی قوتابخانە و مزگەوتی تێدابوو دەکەوتە سەر رۆخی دەریا دیمەنێکی یەجگار سەرنجڕاکێش بوو هەروەها دادوەر ووتاربێژەکەی خەڵکی ولاّتی عومان بوون لەم شارەدا کەشتیەکانی ولاّتی چین لەنگەریان دەگرت.

شاری قالّقۆت و سوڵتانەکەی

دواتر رۆیشتین بۆ شاری قالّقۆت[2] یەکێك بوو لە گەورەترین بەندەرەکانی ولاّتی مولەیبار خەڵکی ولاّتی چین و جاوە و سەیلان و یەمەن و ولاّتی فارس رووییان تێدەکرد کەشتی گەلی و بەندەرەکانی لە سەیر و سەمەرەکانی دونیا بوون بازرگانەکان لە هەموو سووچێکی جیهانەوە رووییان لەم شوێنە ئەکرد. سوڵتانەکەی پیاوێکی بێباوەڕ بوو ناوی "سامری" بوو، ریش و سمێڵی دەتاشی وەك چۆن

---

[1] فەندرینا: نەمرۆ پێیدەڵێن لافندرینا.(تحفة النظار، مطبوعات اكاديمية- المملكة المغربية، م ٤ ص ٤٤)

[2] کەلیکۆتای ئێستا دەکات. (وەرگێڕ)

رۆمەکان دەیتاشن بینیومە لە کاتی خۆیدا بە ویستی خودا باسی ئەکەم، بەڵام ئەمیری بازرگانەکان خەڵکی وڵاتی بەحرەین بوو ناوی "ئیبراهیم شابەندەر" بوو پیاوێکی بەڕەوشت و بەڕێز بوو بازرگانەکان هەموو لەسەر خوانی ئەم پیاوە کۆدەبونەوە خواردن و خواردنە وەیان لەسەر ئەو بوو دادوەرەکەشی ناوی "فەخرەدین عوسمان" بوو.

هەروەها خانەقایەکی لێبوو شێخ ئەبی ئیسحاق کازەرۆنی سەرپەرشتی دەکرد و خەڵکی هیندستان و چین مااڵیان دەبەخشی بەم خانەقایە وەك نەزر کردن، تا لە مەترسی دەریا پارێزراوبن جگە لەوانەی باسیانم کرد "ناخودەی" لێبوو خاوەنی کەشتی گەلی و مااڵ و دارایەکی بێشومار بوو بازرگانی لەگەڵ وڵاتی هیندستان و یەمەن و چین و فارسدا دەکرد.

کاتێك گەیشتینە ئەم شارە خەڵکی هاتنە پێشوازیمان، لەوانە: ئیبراهیم شابەندەر و دادوەر شەهابەدین لەگەڵ جێگری سوڵتانە بێباوەڕەکە کە ناوی "قولاج" بوو، بە ئااڵ و تەپڵ و زۆرنا و کەڕەناوە و بە کەشتی هاتن بەرەو پێشمان، ئێمەش چوینە بەندەرەکە و کۆمەڵێکی تریش هاتن بە خۆشی و شادی، بەڵام دواتر تووشی ناخۆشیش هاتین، بۆ ماوەی سێ مانگ لەم شارەدا ماینەوە و چاوەڕوانی کەشتی تایبەتی چین بووین، تا گەشت دەست پێ بکەین بۆ وڵاتی چین، چونکە گەشت کردن بۆ ئەو وڵاتە، تەنها دەبوو بە کەشتی تایبەتی چینی بێت، ئێستاش باسی ئەو کەشتییانە دەکەین.

کەشتییەکانی وڵاتی چین

کەشتییەکانی چین سێ جۆر بوون: بە گەورەکەیان دەوترا: (جنوك) بە ناوەنجیەکەیان دەوترا: (زوە) بەڵام بچوکەکەیان دەوترا: (کەکم) هەر کەشتییەکی گەورە دوانزە چارۆکەی هەبوو کە لە داری حەیزەران وەك حەسیر دروستکرابوون و بەهۆی ئەم چارۆکانەوە کەشتییە زەبەاڵحەکان وەك هەور بەسەر دەریادا دەڕۆیشتن

لە هەر جێگایەکەوە با هەڵیبکردایە رووی چارۆکەکانی تێدەکرا کەشتییە گەورەکە هەزار کەسی هەڵدەگرت لەگەڵ کەلوپەل و شمەکەی کەسەکانی سەر کەشتیەکە شەش سەدیان لە دەریاوانان و چوار سەدیشیان لە جەنگاوەرانی تیرهاوێژ بوون ئەوانەی کە ئاگری نەووتیان دەهاویشت و پێیانیان دەوت: دورەق و چەرخی.

کەشتی گەورە سێ دانەی تری بەدوادا دەڕۆیشت، یەکەمیان: نیوەی گەورەکە دەبوو دووەمیان: بە هێندەی سێ یەکی دەبوو سێیەمیان: بە هێندەی چوار یەکی کەشتییە گەورەکە دەبوو، ئەم جۆرە کەشتییانە لە شاری زەیتونەی ولاتی چین دروست دەکران.

چۆنێتی دروستکردنیان: دوو دیواری مەزن لە دار دروست دەکرا و پاشان بە بزماری مەزن ئەم دیوارانە پێکەوە دەبەستران و دەبوونە بناغەی کەشتییەکە، پاشان ژوورێ لەسەر دروست دەکرا و هەر ژوورێك تایبەت بوو بە کەسێك، ئەمیری کەشتییەکە خۆی و منداڵەکانی لە جێگای تایبەت دەبوون و سەرباز و دەریاوانەکانیش لە جێگای تایبەتی خۆیان مرۆڤ کاتێك لە ژوورەکەی خۆیدا دەبوو لەگەڵ کەنیزەکانی هیچ کەسێکی ئەوان نایبینی بۆیە بە ئارەزووی خۆیان پشو ئەدەن، جگە لە هۆدەی کەسەکان جێگای تایبەتیش تەرخان کرابوو بۆ خواردن و خواردنەوە.

کاتێك کەشتییەکە دەگەیشتە وشکانی ئەمیری کەشتییەکە وەك ئەمیری ئاسایی هەڵسوکەتی دەکرد لە جێگایەکی تایبەت دادەنیشت و سەربازەکانی پاسەوانییان دەکرد، رمەکانیان بە دەرگادا هەڵدەواسی و بەبێ مۆڵەتی ئەمیر هیچ کەسێك ناچوە ژوورەوە، هەندێك جاریش خاوەنی کەشتییەکان خۆیان گەشت ناکەن بەڵکو بریکارەکانیان گەشتی درێژ ئەکەن خەڵکی چین دەوڵەمەند بوون هیچ جێگایەك لە دونیا نەبوو بگاتە خەڵکی چین بۆ ماڵ و سامان.

خۆ ئامادەکردن بۆ گەشت کردن بەرەو چین

کاتێك ویستمان بڕۆین بەرەو چین سوڵتان سامری لە کۆی ئەو سیانزە کەشتییەی بەندەری قالقۆت کەشتییەکی بۆ ئامادەکردین ئەمیری کەشتییەکە ناوی "سلێمان سەفدی" بوو پێشتر ئاشنایەتیەك لە نێوانماندا دروست ببوو پێم ووت: دەبێت جێگایەکی تایبەتیم بۆ تەرخان بکەیت بۆ خۆم و کەنیزەکانم چونکە نەریتم وابوو بە بێ ئەوان گەشتم نەدەکرد لە وەڵامدا ووتی: بازرگانە چینییەکان جێگاکانیان بە کرێ گرتوە هیچ شوێنێك نەماوە تەنها دەتوانم ئەو شوێنەت پێ بدەم کە بۆ زاوەکەی خۆم تەرخان کردوە منیش قایل بووم و بە هاوڕێکانم ووت: خۆتان کۆبکەنەوە و شمەکەکان ئامادە بکەن.

ئیتر بۆ ڕۆژی پێنجشەممە کەنیزە و بەندەکان سواری کەشتییەکە بوون لەگەڵ زەهیرەدین و مەلیك سونبول و هەموو دیاریيەکانی پاشا بۆ ڕۆژی هەینی مامەوە ووتم: نوێژی هەینی دەکەم و سواری کەشتییەکە دەبم بەڵام بەیانی هەینی زوو یەکێك لە لاوە خزمەتکارەکان هات ووتی: ئەو جێگایە بچوکە و بەشی ئێمە ناکات منیش ئەوەم بە "ناخوزە"ی سەرۆکی کەشتییەکە راگەیاند ووتی: هیچ کارێکم لەوە زیاتر پێ ناکرێت، دەتوانن سواری کەشتییە بچوکەکە (کەکم) بن و ئەوکات بە ئارەزووی خۆتان پشو بدەن، ئێمەش قایل بووین و بۆ ئێوارەی هەینی دووبارە شمەکەکانی خۆمان و کەنیزەکانم گواستەوە بۆ کەشتییە بچوکەکە (کەکم) و پێش نوێژی هەینی سواری کەشتییەکە بوون، چونکە لە دوای عەسرەوە زریانی دەریا دەستی پێ دەکرد و کەس نایتوانی نزیکی دەریا ببێتەوە هێندە شەپۆلەکانی بەهێز بوون.

کەشتییە مەزنەکان هەموو کەوتنەڕێ تەنها ئەوە نەبێت کە دیاریيەکانی تێدا بوو من و بەندەیەکم لەبەر شەپۆل نەمانتوانی سواری کەشتی ببین بۆیە بە ناچاری لە قەراغ دەریا ماینەوە و بۆ بەیانی ڕۆژی شەممە کارەسات ڕوویدا بوو، تەماشامان کرد زۆربەی کەشتییەکان وێران ببوون و شەپۆلی دەریا هەمووی شکاندبوو فڕێیانی

دابووە وشکانی چەند کەشتییەکی تریش نیازیان هەبوو بڕۆن بۆ فەندەرینا، ئەوانیش تێکشکا بوون و بەشێك لە سەرنشینی کەشتییەکان مرد بوون هەندێکیان رزگاریان ببوو چەند کەشتییەکان لە بەندەرەکە دورکەتبونەوە ئەوەی ئێمەش کە دیارییەکانی سوڵتانی تێدابوو تێکشکابوو ووتیان: ئەوە تەرمی فلانە کەسە کە چوین سەیرمان کرد تەرمی "زەهیرەدین" بوو مێشکی تەقی بوو، لەگەڵ تەرمی "مەلیك سونبل" بزمارێکی بەهێز بە لاشەیدا چو بوو داخ و پەژارەیەکی زۆرمان خوارد بۆ لەدەستدانیان و نوێژمان لەسەر هەردووکیان کرد و بە خاك سپێردران.

بازرگانێك کەشتییەکەی تێکشکابوو یەکێك لە کەنیزەکانی لەسەر تەختەی کەشتییەکە خۆی گرتبوو زۆریش کەنیزەکەی خۆشدەویست و لە حەیبەتا هاواری دەکرد و دەیوت: کێ دەتوانێت ئەو کەنیزەیەم بۆ رزگار بکات ئەوا دە دیناری ئالتونی پێ دەبەخشم بەڕاستی داهاتێکی کەم نەبوو بۆ ئەو کەسەی دەریدەهێنا، پیاوێکی دەریاوانی هورموزی خۆی فرێدا و بە مەلەکردن کەنیزەکەی رزگار کرد، پاشان یەك دیناریشی وەرنەگرت ووتی: من ئەو کارەم لەبەر خودا ئەنجامداوە!. هەر لەو کاتەدا سوڵتانە بێباوەڕەکەی قالقۆتم (کالکۆت) بینی، پشتوێنێکی سپی لە پشت بەستبوو پیاوەکانی لای راست و چەپیان گرتبوو مەشخەڵی ئاگریان لە پێشییەوە هەڵگرتبوو جەلادەکانی بە قامچی لە خەڵکیان ئەدا تا کەس لە شمەکی کەشتییە تێکشکاوەکان نزیك نەبێتەوە. نەریتی خەڵکی ولاتی مولەیبار وابوو، هەر کاتێك کەشتییەك لە دەریادا نقووم دەبوو، ئەو شمەکانەی کە دەریا فرێی ئەدایە کەنار کۆدەکرانەوە و رەوانەی کۆگای دەوڵەت دەکران، تەنها لەم شارەدا نەبێت (قالقۆت) کە خاوەن کەشتییەکە بۆ خۆی هەڵیدەگرتەوە. کاتێك کەنیزە و خزمەتکارەکانم لە کەشتییە بچوکەکەوە بینیبوویان کە چی بەسەر کەشتییە مەزنەکان هاتووە بڕیاریان دابوو لەگەڵ کەشتییەکانی تر کە کێشەیان نەبوو دەست بە گەشتی خۆیان بکەنەوە هەرچی پێداویستی و خزمەتکار و کەنیزەکانم هەبوو هەموو رۆیشتن و هیچم لانەبوو جگە لە راخەرێك و کۆیلەیەك نەبێت، ئەویش پێشتر ئازادم کرد بوو و منی بەجێهێشت.

خەڵکی شار بینییان چیم بەسەر هاتووە ووتیان: گومانی تێدا نیە کەشتییەکەی تۆ کە خزمەتکار و کەنیزەکانی هەڵگرتبوو لە بەندەری کۆڵم لەنگەر دەگرێت، بۆیە بڕیارمدا گەشت بکەم بۆ کۆڵم دوای چەند رۆژێك لەگەڵ کەشتییەکی گەورە بەرەو بەندەری کۆڵم بەڕێ کەوتم و پیاوێکی مسوڵمانم بە کرێ گرت کە تەنها راخەرەکەی بۆ هەڵدەگرتم کەووتینەڕێ بە ڕوباردا و بە شەوان لە گوندەکان لامانەدا دوای پێنج رۆژ گەیشتینە (کونجی کری) کە دەکەوتە سەر لوتکەی چیایەك و زۆربەی دانیشتووەکانی جولەکە بوون و ئەمیرەکەیان جزیەی بە سوڵتانی کۆڵم ئەدا.

باسی قرفە (دار چینی) و بەقم

هەموو ئەو دارانەی لە لێواری ڕوبارەکە بوون لە جۆری قرفە(دار چینی) و بەقم[1] بوون، بە درێژایی گەشتەکەمان بەو ڕوبارەدا لە هەر جێگایەك پشومان وەربگرتایە لەم جۆرە دارانەمان بۆ ئاگرکردنەوە بەکاردەهێنا خەڵکی گوند و شارەکانیش هەر لەم دارانەیان دەسووتاند. ئەم شارە نزیکترین شاری وڵاتی مولەیبار بوو. لە چینەوە خەڵکی هەردوولا بۆ بازرگانی سەردانی یەکتریان دەکرد، هەروەها بازرگانێکی مسوڵمان بە ناوی "خواجە موهەزەبی" لێبوو مزگەووتیکی دروستکردبوو بۆ ڕێبواران، ئەوانەی بێباوەڕ بوون بەگشتی موسڵمانیان خۆشدەویست و بەڕێزەوە تەماشا دەکران. ئەوەی لە یادمە سوڵتانەکەی کەسێکی بێباوەڕ بوو ناوی "تیرەوەری" بوو خاوەن دەسەڵاتێکی بەهێز بوو، سەرەڕای بێباوەڕی بەڵام زۆر دڵڕەق بوو بەرامبەر دز و چەتە و بێ ڕەوشتەکان.

---

[1] داری قیرفە (دارچینی)و بەقم خۆڕسکن و زیاتر لە وڵاتی (مەعبەر)دا هەبوون، بەڵام داری (بەقم) بەهێز و باشترە، بە داری بەرازیل بەناوبانگە و داریکە لە باشووری ئەمریکادا دەڕوێت، بۆ کاری ڕەنگکردن بەکاردێت، مارکۆ بۆلۆ باسی ئەم دارەی کردوە. (المصدر السابق م ٤ ص ٤٩).

حیکایەتی عێراقییە کوژراوەکە

کاتێك لە شاری کۆلّم بووم تیرهاوێژێکی عێراقی پیاوێکی بێبـاوەڕی کوشـت و رایکرد بۆ مالّی "ئاوچی" پاسـەوانەکانی سـولّتان ووتیـان: مردووەکـە بـە خـاك ناسپێرین تا بکوژەکە رادەست نـەکرێت ئاوچـی زۆر هەولّیـدا کـە هـەموو مـاڵ و دارایی بکوژەکەیان پێ بدات تا نەکوژرێتەوە بەلّام قایل نەبوون بۆیـە بـە ناچـاری رادەستکرا و کوژرایەوە ئنجا تەرمەکەیان لە ناو تابووتیکدا بەجێهێشت تا بۆگـەن بوو ئەوکات قایل بوون بنێژرێت!.

حیکایەتی کوژرانی پیاوێک بە هۆی عەنبەیەک

دەگێڕنەوە: جارێـك سـولّتانی کـۆلّم لەگـەلّ کەژاوەکـەی بـەرەو دەرەوەی شـار بەڕێدەکەوێت، زاواکەشی لەگەلّیدا دەبێت کە یەکێك بوو لە کوڕی پاشاکان، کاتێك بەنێو باخەکاندا ڕێدەکەن عـەنبەیـەك هەلّدەگرێتـەوە سـولّتان دەیبینێـت و بـانگی دەکات و بە شمشێر دوو لەتی دەکات و هەر پارچـەیەکی لەسـەر لایـەکی ڕێگاکـە دادەنێت لەسەر هەر پارچەیەکیان لەتێك لـەو میوەیـە دادەنێـت وەك ئاماژەیـەك بەوەی کە لەسەر ئەوە کوژراوە.

چیرۆکی کوژرانی زۆرداڕێک

لەو ڕووداوانەی کە لە قالّقۆت ڕوویاندا، ئەوە بوو جارێك برازایەکی جێگرەکەی سولّتان، شمشێری بازرگانێکی مسولّمان بە زۆر داگیر دەکات بازرگانە مسولّمانەکە سکالاّی خۆی دەگەیەنێتە لای مامەی کە جێگـری سـولّتان بـوو، ئـەویش بـانگی برازاکەی دەکات و پێی دەلّێت: ئەو شمشـێرەی پێتـە بـە چـەند کڕیوتـە؟ ئـەویش دەلّێت: لە مسولّمانێکم زەوتکردوە، مامیشی بە دەسـت و پەیوەنـدەکانی دەلّێـت

بیگرن پاشان بە شمشێرە داگیرکراوەکە لە گەردنی ئەدات!.

لە شاری کۆلّم لە خانەقای فەخرەدین شێخ کازەرۆنی ماینەوە، لەو ماوەیەدا چاوم بە نێردراوەکانی پاشای چین کەوت، ئەو کاتەی کەشتییەکانیان تێکشکابوو کۆمەڵە بازرگانێك فریایان کەوتبوون و بە جلوبەرگی نوێوە رەوانەی چین کرابوونەوە دواتر من ئەمانەم بینیەوە وێستم بگەڕێمەوە بۆ لای سوڵتان تا هەوالّی ئەوەی پێ بدەم کە چیمان بەسەر هاتووە بەڵام ترسام لەوەی بڵێت: بۆ دیارییەکانت بەجێهێشتوە؟!، لەبەرئەوە بڕیارمدا بگەڕێمەوە بۆ لای سوڵتان "جەمالەدین هینەوەر" و لەلای ئەو بمێنمەوە تا ئەو کاتەی هەوالێکی کەشتییەکەم دەبیستم. کاتێك گەیشتمە قالّقوّت تەماشام کرد کەشتیگەلیەکی سوڵتان لەوێ لەنگەری گرتووە، ئەمیرەکەشی پیاوێکی عەرەب بوو بە ناوی "ئەبی حەسەن" لە پاسەوانەکانی پەردەدار (حاجب)ی سوڵتان خۆی بوو سامان و دیاری زۆری سوڵتانی هەڵگرتبوو بۆ ئەمیرەکانی عەرەبی ناوچەی هورموز و قەتیف بۆ راکێشانی دڵی ئەوان بەلای خۆیدا داوام لێکرد تا لەگەڵم بگەڕێتەوە بۆ لای سوڵتان بەڵام قایل نەبوو بڕیاریدابوو زستان لەوێ بمێنێتەوە و دواتر گەشت بکات.

بۆیە بە ناچاری بڕیارمدا گەشتی خۆم ئەنجام بدەم، ئەو مانگە کۆتا ماوەی گەشت کردن بوو بە دەریادا گەشتم دەستپێکرد و دەبوو نیو رۆژ لە ئاودابین، دواتر بۆ بەیانی بکەوینەوە رێگا بەو شێوەیە رێگامان گرتەبەر تا گەیشتمە هینەوەر، چومە لای سوڵتان و سڵاوی تایبەتیم لێکرد و پاشان جێگایەکی پێدام بەبێ خزمەتکار رۆژانە لە مزگەوت لەگەڵیدا نوێژم دەکرد و بۆ ماوەی سێ مانگ لەوێ سەرقالّی پەرستش کردن بووم و رۆژانە خەتمی قورئانم دەکرد، هەروەها بۆ ماوەی چل رۆژیش لە مزگەوتدا ئیعتیکافم کرد.

چونمان بۆ غەزا و فەتح کردنی سنداپور

سولّتان جەمالەدین پەنجا و دوو کەشتی ئامادە کرد بە مەبەستی فەتح کردنی ناوچەی (سنداپور)، ئەوکات کێشە کەوتبووە نێوان خێزانی پاشاکەی، کوڕەکەی بە نهێنی نامە ڕەوانە دەکات بۆ لای سولّتان جەمالەدین تا فەتحی شارەکە بکات و دواتر کاروباری ڕادەستی ئەو بکاتەوە، لە بەرامبەر ئەوەشدا خۆشکەکەی خۆی لێ مارە دەبڕێت، کاتێك کەشتییەکان ئامادەکران بۆ جەنگ، لە مزگەوت سەرقالّی قورئان خوێندن بووم، یەکەم پەڕەی قورئانی پیرۆزم کردوە ئەم ئایەتە نووسرابوو ﴿ولینصُرنَّ الله من ینصُره﴾، ئەوەم بە شتێکی خێر هاتە بەرچاو رۆیشتم بۆ لای سولّتان ووتم: منیش بەشدار دەبم هەروەها ئەوەشم بۆ گێڕایەوە کە کاتێك قورئانم خوێندوەتەوە یەکەم ئایەت بەرچاوم کەوتووە، ئەوە بووە کە دەفەرموێت: ((خودا ئەوانە سەردەخات کە دینی ئەو سەردەخەن))، سولّتان دلّخۆش بوو گوتی: تۆش ئەمیر دەبیت لە گەشتەکەماندا. ڕۆژی شەمە بەڕێکەووتین و بۆ ئێوارەی دووشەمە گەیشتینە (سنداپور) لە کەنداوی شارەکە لامانداو خۆمان ئامادە کرد بۆ هێرشکردن خەلّکەکەشی خۆیان ئامادە کردبوو بۆ جەنگ و مەنجەنیقیان لە زەویدا چەسپاندبوو ئەو شەوە لەوێ ماینەوە و بۆ بەیانی تەپڵی جەنگ کوترا و ئەوەندەمان زانی کەشتییەکان درانە بەر مەنجەنیق بینیم بەردێك لە تەنیشت سولّتان کەوتەخوارەوە و هەموو خۆیان فڕێدایە ئاوەکەوە، منیش خۆم فرێدا بەلاّم سولّتان چوە نێو بەلەمێکی بچوکەوە.

شەڕ بە گەرمی دەستی پێکرد دوو لە پاپۆڕەکان کە ئەسپی تێدا بوو، دەرگاکانیان کرایەوە و هێرشی بەهێزمان کردە سەریان و تێکشکان و ئەو سەربازانەی مانەوە هەلّهاتن بۆ کۆشکی سولّتان پاشان بە مەنجەنیق ئاگربارانیانکان کرد و ئیتر بە ناچاری هاتنە دەرەوە خۆیان ڕادەست کرد سولّتانیش ئەمانی پێیاندا و هەموو ژن و منداڵەکانی بۆیان گێڕایەوە کە ژمارەیان نزیکەی دە هەزار کەس

دەبوو لایەکی شارەکەشی بۆیان تەرخان کرد، سوڵتان کۆشکەکەی دایە کەسە نزیکەکانی خۆی و کەنیزەیەکی پێشکەشم کرد ناوی "لەمبکی" بوو، منیش ناوەکەیم گۆڕی بۆ "موبارەکە" میردەکەی ویستی بە پارە بۆی بگێڕمەوە بەڵام من ڕەتم کردەوە. ماوەیەك لای سوڵتان مامەوە تا ناوەڕاستی شەعبان، ئیتر مۆڵەتم لێ وەرگرت بۆ گەشت کردن رازی بوو گوتی: دەبێت جارێکی تر بگەڕێیتەو بۆ لام، دوای ماوەیەکی کەم بە دەریادا گەشتم دەست پێکردەوە بۆ هینەوەر و پاشان فاکەنور و مەنجەرور و هێلی و جورفیتن و بودفتن لەوێشەوە بۆ فەندەرینا و قالقۆت، پێشتر ئاماژەم بەم جێگایانە داوە.

دوای ماوەیەك لە قالقۆت گەشتم کردوە بۆ (شالیات)[1] شارێکی جوان و سەرنجڕاکێش بوو لە باشترین جۆرەکانی پۆشاکی شالیاتی لێ دروست دەکرا ناوەکەی بە ناوی شارەکەوەیە، دوای ماوەیەك لە مانەوەمان دووبارە گەڕامەوە بۆ قالقۆت، ئەوەندەی نەبرد چاوم بە دووان لەو گەنجانە کەوت کە لە کەشتییەکەدا بوون (کەکم) خۆشحاڵ بووم بە بینیان ووتم: تەواو ئێستا هەوالّی تەواوەتی کەشتییەکەم دەزانم، دوای هەوالّ پرسین کەوتمە پرسیار کردن دەربارەی کەشتی و کەنیزە و لاوەکان ووتیان: کەنیزەکەی تۆ کە سکی پڕ بوو کۆچی دوایی کرد دواتر پاشای (جاوە) دەستیگرت بەسەر کەشتی و دیاریپەکاندا ئەوانەی خەڵکی چین بوون گەڕانەوە و هاوڕێکانی تریش هەموو بلاّوەیان لێکرد بۆ چین و بنجالە و جاوە، کاتێك بە تەواوەتی هەوالّەکەم بیست ئیتر گەڕامەوە بۆ هینەوەر و سنداپور و لە کۆتایی مانگی موحەڕەمدا گەیشتمە سەنداپور و تا بەهارێکی تر لەوێ مامەوە.

لەو ماوەیەدا کە لەوێ بووم، سەربازەکانی سوڵتان جەمالەدین زۆربەیان بە گوندەکاندا بلاّوەیان کردبوو لەپڕ پاشا بێباوەڕەکە هێرشی کردە سەر سنداپور و

---

[1] شالیات: پرتوگالی کون پێیان دەوت (شیلیات)، نەمڕۆ پێی دەڵێن (بیبور) و (شال)، حەوت میل لە بەندەری کالیکۆتەوە دوورە لە باشووری هیندستان. (المصدر السابق ٤ ص ٥٣)

ئابڵوقەی خستە سەر شارەکە بەڵام من ئەوەندە لەوێ نەمامەوە و دەرچوم و دووبارە دەستم کردەوە بە گەشت و بڕیارمدا گەشت بکەم بۆ دوورگەکانی زیبەتولمهل[1]، هەوالّی ئەم شوێنەم بیستبوو کە چۆنە، دوای دە رۆژ لە رێکردن بە دەریادا گەیشتمە ئەوێ، جێگایەکی تا بڵێی سەرنجڕاکێشی دونیا بوو!، لە دوو هەزار دوورگەی بچوک پێک دەهات، سەد دوورگەیان وەک بازنەیی وابوون بە بێ رێبەر ناتتوانی بە ئاسانی گوزەر بکەیت پڕ بوون لە داری نارجیل (گوێزی هیندی) کە وەک دارخورما وایە، گەر کەسی شارەزات لەگەڵ نەبێت لەوانەیە لە دەریادا وون ببیت یاخود بڕۆی بەرەو سەیلان و مەعبەر. خەڵکی ئەم دوورگانە هەموو مسوڵمان بوون خاوەن دین و رەوشت بوون دابەش ببوون بەسەر چەند هەرێمێک هەر هەرێمێکیش والی تایبەتی خۆی هەبوو کە پێیان دەوت: کردۆبی لەوانە هەرێمی بالبور و کەنلوس و مەهیل هەندێک لە هەرێمەکان سوڵتانەکان تێیدا نیشتەجێ بوون وەک: تلادیب و کرایدۆ و تیم و تلدۆمەتی و برید و کەندەکەل لەگەڵ سوید و ملوک.

زۆربەی دورگەکان کشتوکاڵی تێدا ناکرا جگە لە سوید نەبێت کە جۆرە کشتوکاڵێکی لێ دەکرا وەک (ئانلی) وابوو لێی رەوانە دەکرا بۆ میهل، خواردنی سەرەکی ئەم دورگانە جۆرە ماسییەک بوو پێیان دەوت: قولب ئەلماس واتا بازنی دەستی ئافرەت، گۆشتەکەی سوورە و بۆنی درنی نییە بەڵکو وەک گۆشتی حوشترمله ماسییەکەیان چوار پارچە دەکرد و پاشان دەیانخستە سەر گەڵای خورما

---

[1] وشەی (زیب) لە زمانی سانسکریتی بە واتای (دورگە) دێت، (مهل) ناوی دورگەکانە و نێستا پێیان دەڵێن: دورگەکانی (مالدیف)، یەکێکن لە سەرسوورهێنەرەکانی دونیا و ژمارەیان زیاتر لە دوو هەزار دورگە دەبێت، (المصدر السابق م ٤ ص ٥٣)

ـ (مالدیف) بچووکترین وڵاتی ئاسیایە و رووبەرەکەی ٢٩٨ کم٢ یە، دەکەوێتە زەریای هیندییەوە و ٦٠٠ کم لە باشووری رۆژئاوای هیندستانە، ژمارەی دوورگەکانی ١١٩٠ دوورگەیە و جوانترین و ناوازەترین شوێنی سەر زمینە، خەڵکەکەی هەموی مسوڵمانن و داهاتیان لەسەر راوەماسی و گەشتیارییە. (المالدیف/ar.wikipedia.o/wiki)

و بە دوکەڵی ئاگر وشکیان دەکردەوە ئەوکات بۆ خواردن بەکاریان دەهێنا لەم جۆرە ماسییە رەوانەی ولاتی هیندستان و چین و یەمەن دەکرا.

باسی دارەکانی زیبەتولمیهل

زۆربەی دارەکانی ئەم دورگەیە لە جۆری ناڕجیل بوو، پێشتر باسی ئەم جۆرە درەختەم کردوە هەر دارێکی دوانزە بۆڵ گوێزی هیندی دەگرێت هەیانە سەوزە و هەشیانە زەردن لە بەرەکەی رۆن و هەنگوینی حەڵوا و شیری لێ دروست دەکرێت، لەگەڵ گوێزی وشك و ماسی بۆ خواردن بەکاریان دەهێنا جگە لەم جۆرانەی باسیانم کرد داری ئەتروج و لێمو و قیلقاسی لێبوو هەر لە جۆری قیلقاس هەویرێك دروست دەکرا و بە رۆنی گوێزی هیندی دەبرژێنرا، بەتام و خۆش بوو هەمیشە دەخوارد هەروەها ئەو ماسییانەی راو دەکران تام و چێژێکی تایبەتییان هەبوو شەهوەتی مرۆڤیشیان زۆر بەهێز دەکرد .

باسی خەڵکی دورگەکان و ماڵەکانیان و نەریتیان

دانیشتووانی ئەم دورگانە دیندار و خواناس و حەڵاڵ خۆر و پاکژ بوون گەر پرسیاریان لێ بکرایە دەیانوت: ئەڵڵا خودامانە و موحەمەد ﷺ پێغەمبەرمانە خاوەن مزگەوتی قەشەنگی لە دار دروستکراو بوون و نزایان گیرابوو بۆیە کەس نەیدەوێرا دەستدرێژی بکاتە سەریان تەنانەت ئەو هیندیانەی لە دەریادا کاری چەتەییان دەکرد لە خەڵکی ئەم دورگانە دەترسان چونکە هەر دەستدرێژییەکیان بکردایەتە سەریان هەر زوو خودا تۆڵەی لێیان وەردەگرد بۆیە گەر چەتەیەکی هیندی لیمۆیەکیشی لێیان بدزیایە، ئەوا ئەمیرەکەی سزای ئەدا چونکە دەیانزانی تووشی گرفت دەبن خەڵکەکەی لەش و لاریان بچوك و لاواز بوو بەڵام چەکی دەستیان نزا و پارانەوە بوو زۆر گرنگییان بە پاکو خاوێنی ئەدا و رۆژانە دووجار خۆیان دەشووشت چونکە ناوچەکەیان گەرم بوو ئارەقەی زۆریان دەکرد هەروەها

بۆنی خۆشی (سەندەلی) یان بەکاردەهێنا کە لە وڵاتی مەقادیشۆ دروست دەکرا.

ئافرەتەکانیان لە نەریتیانەدا وابوو دوای نوێژی بەیانی چاویان دەرشت و روخساریان بە رۆنێکی گرانبەها چەور دەکر تا پاك و جوان دەربکەون هەروەها پیاوەکان پۆشاکیان بریتی بوو لە پارچە قوماشێکی فۆتەیی و خۆیانیان پێی دادەپۆشی لەگەڵ کراسێکی تەنك، هەندێکیان مێزەریان دەبەست و هەندێکیان سەریان رووت بوو گەر کەسێکیان لەگەڵ دادوەر یان وتاربێژ بە رێگادا بڕۆیشتنایە ئەوا پشتیان رووت دەکرد تا دەگەیەشتنە ماڵیان.

نەریتێکی تریان ئەوە بوو ئەگەر پیاوێك ژنی بهێنایە ئەوا لە ماڵی باوکی ژنەکەوە قوماشی لۆکەی سپی رادەخست تا دەگەیشتە ماڵی خۆی یاخود گەر ئافرەتەکە خۆی رۆیشت بۆ ماڵی پیاوەکە ئەوا لەوێ رادەخرا کاتێك دەگەیشتە لای ماڵی مێردەکەی پۆشاکێکی ئامادەکراوی فرێنەدا بۆ پێشی دەبوو خزمەتکارێك هەڵی بگرێتەوە ئەم پۆشاك فرێدانە لە کاتی سڵاوکردن لە سوڵتانیش ئەنجام دەدرا، بە ویستی خوا لە کاتی خۆیدا باسی دەکەین.

لەبەرئەوەی دوورگەکان لە هەموو لایەکەوە بە ئاو دەورە درابوون هەوایەکی شێداری هەبوو بەیانییان زەوییەکان بە شەونم دادەپۆشران ئەمەش وایکربوو خانووەکانیان بە شێوازێکی تایبەت دروست بکەن، بەردی گەورەیان دادەتاشی بە درێژی دوو باڵ زیاتر و پاشان پۆل پۆل بە رێکی لە زەوی دادەنران و ئنجا داری نارجیلیان دەبڕی و لەسەری دادەنرا دواتر دیوار و میچەکەی بە داری بەهێز لەسەری دروست دەکرا، هەر خانوویەك دوو دەرگای هەبوو لە نزیکییەوە بیرێکی ئاو هەبوو لە کاتی پێویستدا ئاویان لێی دەردەهێنا نەریتی خەڵکەکەی وابوو هەموو بە پێ خاوسی دەڕۆیشتن جا پاشا بووایە یاخود گەدا، هەر کاتێکیش دەگەڕانەوە ماڵەوە لە پێش دەرگا پێیەکانیان دەشووشت و بە حەسیرێکی زبر دیانسڕییەوە.

نەریتێکی تریان ئەوە بوو کاتێك کەشتییەك رووی لە بەندەری ئەم دوورگانە دەکرد، خەڵکی بە بەلەمی بچوك کە پێیان دەوت: (کوندورە) دەڕۆیشتن بۆ پێشوازییان خواردن و گوێزی هیندییان لەگەڵ خۆیان دەبرد بۆ ئەوانەی لە ناو کەشتییە بازرگانییەکەدا بوون، دواتر شمەك و کەسەکانیان لەگەڵ خۆیان دەبردەوە ماڵەوە وەك چۆن لەگەڵ کەسێکی خۆیاندا مامەڵەیان دەکرد ئاواش لەگەڵ ئەوان ڕەفتاریان ئەکرد ئەگەر کەسی ڕێبوار بیویستایە دەیتوانی ژنخوازییان لەگەڵدا بکات و ئافرەتەکەش لەگەڵیدا دەمایەوە تا ئەو کاتەی دووبارە گەشتی دەکردەوە ئنجا تەڵاقی ئەدات چونکە بە هیچ جۆرێك ئافرەتەکانیان نیشتمانی خۆیانیان جێناهێشت گەر کەسەکەش ژنخوازی نەکردایە دەیتوانێ ئافرەتێك بە کرێ بگرێت بە نرخێکی کەم بۆ خزمەتکردنی خۆی تا ئەو کاتەی لە دوورگەکە دەبوو .

دانیشتوانەکەی سوودێکی زۆریان وەردەگرت لە بەندەری دەریا چونکە ئەو شمەکانەی کە دەگەیشتنە دەریاکە لە ژوورێکی تایبەت دادەنران پێیان دەوت: بەجەنسار هەموو شمەکەکان لەوێ دەفرۆشران هەندێ جار گۆرینەوەیان دەکرد بۆ نمونەنە: قاپێکی فەخفوری یاخود مەنجەلێك بە پێنج بۆ شەش مریشك دەفرۆشرا.

هەروەها کەشتییەکان لەگەڵ خۆیان ماسی و گوێزی هیندی و فۆتە و لۆکە و عەمامەیان باردەکرد لەگەڵ قاپی مس لەبەرئەوەی کانزای مسیان زۆر بوو، جگە لەوانەی باسیانم کرد (قەنبەریش)یان باردەکرد کە ریشاڵی داری نارجیلە، لە ئاوی دەریادا تەڕیان دەکرد و پاشان دەیانکرد بە گوریس و بۆ بەستنی کەشتی بەکاریان دەهێنا هەندێك جار داری کەشتیەکان بە بزمار نابەستەوە بەڵکو بەم گوریسانە دەبەستران، چونکە تا لە ئاودا بمایەتەوە زیاتر بەهێز دەبوو هەروەها (وەدەع)[1] یشیان دەفرۆشت، کە گیاندارێکی دەریاییە و دەخرێتە نێو چاڵێکەوە و

---

[1] وەدەع: أ- جۆرێکە لە صەدەف و لە دەریا دەردەهێنرێت. ئەم ئێسکە سپییە بۆ جوانکاری و پێداویستی تر بەکار هاتوە. (المنجد ولأعلام .ص ٨٩٣)

←

پاشان گۆشتەکەی دەڕوات و ئێسکەکەی دەمێنێتەوە و سپییە وەک رەملێ دەفڕۆشرا و لە کەشتیدا بار دەکرا بە سەد دانە لەم ئێسکە دەوترا: (سیا)، بـە حـەوت سـەد دەوترا (یانفال) و بە دوانزە هەزار (بوستو)، هەندێك جار لەگەڵ خەڵکی بنجالە بە برنج دەیانگۆڕیەوە، نەك هەر لەم دوورگانە بەڵکو خۆم لە جێگای تریش لە ولاّتـی مالی و جوجو ئەوەم بینیوە.

باسی ئافرەتەکانیان

ئافرەتەکانیان سەریان داناپۆشی تەنانەت ئەو ئافرەتانەی سـوڵتان بـوون یـاخود خێزانی سوڵتانەکان بوون ئەو کارەیان نەدەکرد بەڵکو تەنها پرچیان شانە دەکـرد و لە لایەکی سەریانەوە کۆیان دەکردەوە زۆربەیان بە یەك فۆتە خۆیان دادەپۆشـی لـە ناوکەوە بۆ خوار ئەژنۆیان و ئیتر هیچ شتیکی تریان ناپۆشـی ئـەو دەمـەی لـەوێ پلەی دادەریم وەرگرت، هەوڵمدا ئەو نەریتەیان پێ بگۆڕم و ئافرەتەکانیان سەریان داپۆشن بەڵام نەمتوانی ئەو کارە ئەنجام بدەم!، بەڕاستی شتێکی ناشیرین بوو کە بە بازاڕدا دەڕۆیشتن، سـەر و بەشـێکی لەشـیان رووت بـوو هەندێکیشـیان کراسـیان دەپۆشی و بە پاوەنەی ئالّتونی و زیو خۆیان دەڕازاندەوە، بە پاوەنیان دەوت: (بایل) هەروەها بە هیچ شێوەیەك ئالّتونیـان بـەکار نـەدەهێنا بـە پێچـەوانەوە ئـافرەتی سوڵتانەکان ئالّتونیان بەکاردەهێنا.

نەریتێکی تری نامۆیان هەبوو ئەوە بوو لە مالّەکان کاریـان دەکـرد، بەرامبـەر کرێیەکی کەم و خەرجی رۆژانە و بە عەیبەیان نازانی، کەسی وایان هەبوو کچەکەی دەنارد بۆ کارکردن جاری وا هەبوو لە مالّی بازرگانێـك پـانزە بـۆ بیسـت ئـافرەتم دەبینی کاریان دەکرد گەر لـە کـاتی کارکردنـدا فەخفوریـیـەك یـاخود دەفرێکیـان

ب- باسی بەنرخی ئەم (وەدەع)ە کراوە، لە زۆربەی دورگەکان و نەفریقای باشوور وەك دراو لە کرین و فرۆشتنی شمەکدا بەکارهاتووە، دەوترێت: هۆڵەندییەکان بازرگانی و ئالّوگۆڕی گرنگیـان لەگـەڵ شـەك پێکـردوە. (تحفة النظار، إبن بطوطة ، مطبوعات اكاديمية- المملكة المغربية ص ٦٠)

بشکاندایە ئەوا نرخی پارچە شکاوەکەیان لە کرێکەی دەبڕی زۆربەی کارەکانیان بریتی بوو لە دروستکردن و چنینی گوریس کە لە ریشاڵی دارێك بوو پێیان دەوت: قەنبەر. ژنهێنان لە خەڵکی ئەم دورگانە کارێکی ئاسان بوو لەبەر کەمی مارەییەکەی هەندێك مارەییان وەرناگرت کاتێك کەشتییەکان رووبان لە دورگەکان دەکرد خێرا رێبوارەکان ژنخوازییان دەکرد کاتێك دەگەڕانەوە تەڵاقیان ئەدا ئەوەش جۆرێك بوو لە هاوسەرگیری چێژ (موتعە).

نەریتێکی تریان ئەوە بوو، بە هیچ جۆرێك لەگەڵ میّردەکانیان نانیان ناخوارد!، چەند ژنێکم لێیان هێنا یەکێکیانم رازی کرد تا لە کاتی نانخواردندا لەگەڵم ئامادە بێت، بەڵام ئەوانی تر قایل نەبوون پیاو هەبوو دەیوت: نازانم چۆن و چی دەخۆن!. هەروەها کاتێك میّردەکانیان دەگەڕایەوە خزمەتیان دەکرد و پێیەکانیان بۆ دەشوشت و لە کاتی خەوتنیش دایان دەپۆشی.

باسی مسوڵمان بوونی خەڵکی ئەم دوورگانە بەهۆی دەرکەوتنی عفریتی دەریا و هێرشکردنی بۆ سەر ئەم دوورگانە

لە کەسە باوەڕپێکراوەکانی ئەم دوورگانە: فەقیە "عیسای یەمەنی و دادوەر عەبدوڵڵا و مامۆستا عەلی" بوون، ئەوەیان بۆم گێڕایەوە کە خەڵکی ئەم دوورگانە بێباوەڕ و بتپەرست بوون هەموو مانگێك عفریتێك لە شێوەی کەشتییەکی روونا‌کی دەردەکەوت و خەڵکی دەکەوتنە ترسەوە هەموو مانگێك لە کاتی دەرچونیدا کچێکی رازاوەیان لە ژووری (بتخانەکە) دادەنا بۆ بەیانی دەڕۆیشتن تەرمی کچەکەیان بە شێوێنراوی هەڵدەگرتەوە.

دۆخی ئەمانە بەم شێوەیە بوو تا ئەو کاتەی پیاوێکی مەغریبی بە ناوی "ئەبی بەرەکات بەریەری" کە هەموو قورئانی لەبەر دەبێت، روو دەکاتە ئەم دوورگانە و

لە (میهل) لە مالّی پیرێژنێك دەمێنێتەوە کە تەنها کچێکی دەبێت، قەدەری خودا ناوی ئەو بە قورعەکردن دەرئەچێت و سەرەی ئەو دەبێت تا بڕوات بۆ (بتخانە)، کەسوکاری هەموو بە گریانەوە مالّئاوایی لێ دەکەن پیرێژن دۆخی زۆر خراپ دەبێت بۆ کچە تاقانەکەی ئەم پیاوە مەغریبیە کاتێك ئەوە دەبینێت پرسیار لە وەرگێڕ دەکات بۆچی وا دەگرین؟!. ئەویش باسی رووداوەکەی بۆ دەکات کە دەبێت ئەم کچە ببێتە قوربانی، بۆیە پێیان دەلّێت: من لە بری ئەو کچە دەڕۆم بۆ ژووری بتخانە، خۆشی کەسێکی کۆسە دەبێت.

ئەو شەوە لەوێ دەبێت و لە کونێکی ژوورەکەوە تا بەیانی تەماشای دەریا دەکات و بەردەوامیش قورئان دەخوێنێت بەلاّم نە عفریت و نە هیچ شتێك دەرناچێت بۆ بەیانی خەلّکی دەڕۆن تا تەرمەکەی هەلّبگرنەوە بەلاّم بە پێچەوانەوە تەماشا دەکەن کەسەکە زیندووە!، بەوەش تووشی سەرسوڕمان دەبن، کە چۆن ئەم کەسە شەیتانی دەریا نەیکوشتوە؟!، کاتێك پرسیاری لێ دەکەن، لە وەلاّمدا دەلّێت: من تا بەیانی قورئانم خوێندوە بۆیە هەمووان دەڕۆن بۆ لای پاشەکەیان و ئەو رووداوەی بۆ باس دەکەن ناوی "شەنورازە" دەبێت ئەویش سەرسام دەبێت و ئیدی ئەم پیاوە مەغریبیە داوای لێ دەکات خۆی و گەلەکەی مسوڵمان بن، لە وەلاّمدا دەلّێت: دووبارە بە ئاگاداری خۆم مانگێکی تر لە بتخانەکە بمێنەوە، ئەو کات ئەگەر وەك ئێستا لە عفریتەکان رزگارت بوو، ئەوا هەموومان مسوڵمان دەبین.

بەلاّم پێش ئەوەی مانگەکە تەواو بکات، خوای مەزن دلّی دەکاتەوە بۆ ئیسلام و بەو شێوەیە هەموو خەلّکی دێنە سەر ئایینی ئیسلام و هەموو پەیڕەوی مەزهەبی پێشەوا مالیك دەکەن وەك مەزهەبەکەی خۆی، پاشان کاتێك مانگەکە تەواو دەکات دووبارە دەڕواتەوە بتخاتە ئەجارەش نە عفریت دێت و نە هیچ شتێك رووەدات. بۆ بەیانی هەموو بتەکان دەشکێنن و کۆتایی بە بتپەرستی دێت، هەر لە دوورگەی میهل مزگەتێك دروست دەکرێت بە ناوی ئەبی بەرەکات، خۆم ئەوەم

خوێندەوە نووسرابوو سوڵتان ئەحمەد شنورازە مسوڵمان بوو لەسەر دەستی "ئەبی بەرەکات بەربەری"، سێیەکی داهاتی ئەم دوورگانە لە باج و سەرانە بۆ خەڵکی رێبوار خەرج دەکرا چونکە مسوڵمان بوونیان بە هۆی فەزڵی خوا و ئنجا ئەوانەوە بووە پێشتر بە هۆی ئەو عفریتەوە تووشی کارەسات و زیانی زۆر ببوون.

منیش ئەم رووداوانەم نەبیستبوو، جارێکیان شەو بوو دەرچوم بۆ کارێکی خۆم، لەپڕ گوێبیستی هەرا و لێدانی تەپل و قاپ و سینی بووم، بینیم منداڵان قورئانیان لەسەر سەر هەڵگرتووە و ئافرەتەکانیش لە تەشت و سینی ئەدەن، وتم: ئەوە چییە؟!، ووتیان تەماشای دەریا بکە، منیش تەماشام کرد لە دوورەوە شتێکم بینی وەک کەشتی وابوو، لایەکانی روونـاک بـوو وەک بڵێـی چـرای هەڵواسـیبێت، ووتیان: ئەوە عفریتە و کاتێك ئەم کارە ئەنجام ئەدەین، ئیتر تووشی ئازار و زیان نابین و لێمان دوورەدەکەوێتەوە!.[1]

باسی سوڵتانی ئەم دوورگانە

لە نەریتە نامۆکانی ئەم دوورگانە ئەوە بوو سوڵتانەکەی ئافرەت بوو ناوی خەدیجەی کچی سوڵتان جەلالەدین عومەری کوڕی سەڵاحەدین بنجالی بوو باپیری وەفات دەکات و جڵەوی دەسەڵات رادەستی کوڕەکەی دەکات دوای ماوەیەك ئەویش وەفات دەکات و لەبەرئەوەی کوڕەکەی واتا "شەهابەدین" بچوك دەبێت

---

[1] شەیتان هەمو کارێك دەکات بۆ گومڕاکردنی مرۆڤەکان، جا خۆی ئەو کارە بکات یاخو لە ڕێگای عفریتەکانەوە بێت، کە ئەمانەش بەشێکن لە جنۆکەکان، وەك چۆن بەشێکیان تەرخان دەکەن بۆ ساحیرەکان بە هەمان شێوەش دەبێت ئاوا کارێك رووبدابێت بۆ زیاتر گومڕابوونی ئەو خەڵکانەی کە لەو دوورگانەدا نیشتەجێ بوونە، بەڵام نوری قورئان بووەتە هۆی پاراستنیان، چونکە لە هەر جێگەیەك ناوی خودا و نایەتە پیرۆزەکانی نامادە بێت ئەو دوور دەکەوێتەوە، هەروەها لە فەرمودەی سەحیحدا هاتووە، کە شەیتان لە دوورگەکانی دەریاوە دەست و پەیوەندەکانی خۆی دەنێرێت بۆ گومڕاکردنی مرۆڤ لە فەرمودەدا هاتوە. (عرش إبليس على البحر يبعث سراياه فيفتنون الناس فأعظمهم عنده أعظمهم فتنة) هکذا رواه في مسند جابر، البداية والنهاية لإبن الكثير، مجلد ١ ، ٢ ، ص ٦٦) (وەرگێر)

بۆیە خەدیجەی خوشکی فەرمانڕەوایی دەگرێتە دەست وەزیر "عەبدوڵڵای کوڕی محەمەد حەزرەمی" دایکی مارە دەکات و کاروباری خێزانەکە بەڕێوە دەبات بە سەرپاندا زاڵ دەبێت.

دوای ئەوەی شەهابەدین مەزن دەبێت و دەستی دار دەگرێت باوەپێڕەکەی لە دەسەڵات دوورەخاتەوە و رەوانەی دورگەی سویدی دەکات خۆی دەسەڵات وردەگرێ بەڵام هۆی خراپی هەڵسوکەوتی و کاری نابەجێ لەگەڵ دەست و پەیوەندەکانی دەری دەکەن و دووری دەخەنەوە بۆ هەرێمی (هلدەتنی) و لەوێ دەیکوژن ئیتر کەس لە بنەماڵەی دەسەڵاتداری پاشا نامێنێتەوە جگە لە خەدیجە و فاتمە و مەریەم، ئەوەش وا دەکات خەدیجە کچی دەسەڵات بگرێتە دەست، هەرچەندە ئەو سوڵتانە بوو، بەڵام بڕیار لە ژێر دەستی میردەکەی واتا جەمالەدین بوو، کاتێك بڕیارەکان دەردەکران بەهۆی ئاسنێکی تیژی چەماوەوە لەسەر گەڵای خورما دەنووسرانەوە، تەنها قورئانی پیرۆز و پەرتووکی زانستی لەسەر کاغەز تۆمار دەکران.

لە نوێژی هەینی و بۆنەکاندا وتاربێژ ناوی دەخوێندەوە و دەیوت: اللهم انصر أُمَتك التي اخترتها على علم على العالمين و جعلتها رحمة لكافة المسلمين، الا وهي السلطانة خديجة بنت السلطان جلال الدين ابن السلطان صلاح الدين.

واتا: خودایە ئەو ئافرەتەی هەڵتبژاردوە سەربەخەیت بەسەر جیهاندا و بیکەیت بە ڕەحمەتێك بۆ هەموو مسوڵمانان کە ئەویش سوڵتانە خەدیجەی کچی سوڵتان جەلالەدینی کوڕی سەڵاحەدینە.

نەریتیان وابوو ئەو کەسەی کە ڕێبوار بوو رووی لەوێ دەکرد دەبوو دوو پۆشاك لەگەڵ خۆیدا هەڵبگرێت کاتێك دەچوە دیدەنی سوڵتانە بۆ سڵاوکردن یەکێکیانی بۆ ئەو دەبوو دووەمیان بۆ میردەکەی کە ناوی جەمالەدین بوو.

سەربازەکانی نزیکەی هەزاریان لە ڕێبوارەکان بوون ئەوانە بوون کە لە کۆشك

خزمەتیان دەکرد بەرامبەر ئەو خزمەتە هەموو مانگێك بەشە برنجی خۆیان وەردەگرت، کە لە قازانجی بەندەرەکە دەستیان دەکەوت کاتێك مانگ تەواو دەبوو خزمەتی خۆیان دەکرد دەڕۆیشتن بۆ لای وەزیر دەیانوت: مافی خۆمان بدەنێ ئەویش فەرمانی ئەدا بۆ یارمەتی جگە لەم سەربازانە هەروەها وەزیرەکانیش لە کۆشکی سوڵتانە ئامادە دەبوون وەك وەزیرەکان و دادوەر و کارەبەدەستەکانی تر رۆژانە دەهاتن بۆ سڵاوکردن و رایپکردنی کارەکانیان.

باسی کاربەدەستە مەزنەکانی دەوڵەت

بە جێگری وەزیری سوڵتانیان دەوت: کەلکی بە دادوەریشیان دەوت: فەندیارقالو بەڵام هەموو بڕیارەکان سەرنجام دەگەڕایەوە بۆ دادوەر چونکە ئەو بەرێزترین و بڵندترین کەس بوو لای ئەوان بەڵکو بڕیارەکانی هەندێك جار لە سوڵتانیش کاریگەرتر بوون سودی سێ دوورگەی بۆ خۆی وەردەگرت ئەوەش نەریتێکی کۆن بوو دەگەڕایەوە بۆ سەردەمی سوڵتان ئەحمەد شنورازە هەروەها بە وتاربێژیان دەوت: هەندیجری و بە وەزیریش دەوترا: فاملداری و بە خاوەن کار: مافاکلۆ بەڵام بە دەسەڵاتداری جێگایەك دەوترا: فیتنایەك و بە سەرکردەی دەریاوان: یمانایەك.

شتێکی سەیر !. زیندانی لەم دوورگانەدا نەبوو بەڵکو کەسی تاوانبار لە سندوقێکی داردا زیندانی دەکرا وەك چۆن لای خۆمان وا لە رۆمەکان دەکەین!.

باسی گەیشتنم بۆ ئەم دوورگانە و گەشتکردنم لێی

بە سواری کەشتییەکی عومەر هەنوری پیاوێکی خواناس و حاجی بوو بە دەریادا کەوتینەڕێ کاتێك گەیشتمە دوورگەی (کنلوس) لەوێ چومە مالّی پیاوێکی دیندار کۆمەڵە منداڵێکی دیار و زانستخوازی هەبوو ئەم شوێنە مزگەوتی جوان و دڵگیری تێدا بوو لەوێ "محەمەد" ناوێکم ناسی خەلکی شاری

زەفار هموزە بوو ئەو پێی ووتم: ئەگەر بچیتە دورگەی میهل وەزیر دەتگرێت، چونکە ئەوان دادوەریان نییە مەبەستم بوو لەوێوە گەشت بکەم بۆ مەعبەر و سەرندیب و بنجالە و چین. دە رۆژێك لەوێ بووین سەرۆکی کەشتییەکە دیاری کڕیبوو بۆ سولتانە و دەیویست بۆ میهل گەشت بکات بە بەلەمی بچوك منیش ووتم: لەگەڵ تۆدا گەشت دەکەم ووتی: ئەم بەلەمانە بچوکن ئەگەر دەتەوێت بە یەکێکی تر گەشت بکە کاتێك ئەوان کەوتنەڕێ شەپۆلی دەریا بەرەو قولاێیی دەریا رایانی کێشابوو دوای ماندو بوونێکی زۆر بە چوار رۆژ ئنجا گەڕانەوە زۆر ماندوو شەکەت ببوون دواتر داوای لێبوردنی کرد ووتی: ئەمجارە پێکەوە لەگەڵ هاوڕێکانمان گەشت دەکەین. بۆ بەیانی بە دەریادا دەرچوین جار جار دەچوینە هەندێك لە دوورگەکان و پشومان وەردەگرت پاشان دەستمان دەکردوە بە ڕۆیشتن دوای چوار رۆژ گەیشتینە هەرێمی (تیم) لەوێ چاوم بە "کردەوی" ناسراو بە هەلالە کەوت بوینە میوانی سلاوی لێ کردین چوار کەسی لەگەڵدا بوو دووانیان دارێکیان خستبووە سەر شانیان و گوێزی هیندییان هەڵگرتبوو، دووانی تریان مریشك سەرم سووڕما لەو کارە کە بۆ وا رێز لەم کەسە دەگرن؟! پێیان ووتم: وەك رێزێك ئەو کارە دەکەن .

بۆ رۆژی شەشەم گەشتم کرد بۆ دوورگەی (عوسمان) خاوەنەکەی پیاوێکی بەڕێز بوو لە باشترین کەسەکانی ئەو دوورگەیە بوو ناوی"عوسمان" بوو، کاتێك گەیشتینە ئەوێ رێزی گرتین و بوینە میوانی بۆ رۆژی هەشتەم چوین بۆ دورگەی وەزیر پێیان دەوت: تەلزی بەلاّم بۆ رۆژی دەیەم گەیشتینە دورگەی میهل، ئەو شوێنەی کە سولتانە و هاوسەرەکەی لێی نیشتەجێ بوون نەریت وابوو رێگەیان بە هیچ کەسێك نەدەدا لە بەندەرەکە لابدات تا مۆڵەت وەرنەگرێت بەلاّم رێگەیان بە ئێمەدا ویستم بڕۆم بۆ مزگەوتیك بەلاّم خزمەتکارەکانی بەندەرەکە رێگرییان لێکردم ووتیان: دەبێت سەرەتا بڕۆیت بۆ لای وەزیر منیش بە ناخوزەی سەرۆکی کەشتییەکەم ووت: گەر پرسیاریان لێکردی بڵێ: نازانم —چ کارەیە- تا دەستگیرم

نەکەن، بەڵام دواتر نازانم چ کەسێکی زۆربڵێ هەوالّی منیان پێی دابوو کە پێشتر لە دهلی کاری دادوەریم کردوە.

رۆیشتین بۆ شوێنی پێشوازی دواتر دادوەر "عیسا یەمەنی" هات سەرۆکی کەشتێوانێکە کۆمەڵێك پۆشاکی پێبوو وەك دیاری سلاّوی خۆی بۆ سولّتانە کرد و پۆشاکی تایبەتی پێدا(نەریت بووە ـ وەرگێر) پاشانیش سلاّوی لە وەزیر کرد و پۆشاکی تایبەتی بە ئەویشدا دواتر هەموویان وەك نەریت پۆشاکیان پێشکەش کرد ئنجا هەوالّی منیان پرسی: ووتی نازانم، لە کۆتاییشدا وەك ریزێك گولاّو و تەنبولیان پێداین و پاشان خواردنیان بۆ ناردین لە قاپێکی مەزندا برنجی تێدا بوو لە قاپێکی تردا گۆشتە نەرمە و مریشك و ماسی و رۆن بۆ بەیانی رۆیشتین بۆ خانەقای ئەو دوورگەیە لە لایەن شێخ نەجیبەوە ئاوەدانکرابوەوە شەو گەڕاینەوە بۆ بەیانی دیسانەوە خواردنیان بۆ ناردین لە رۆن و نەرمە گۆشت و گوێزی هیندی و هەنگوینی دروستکراو کە پێیان دەوت: قوریانی واتا: شەکراو.

دوای مانەوەم لەوێ ئاشنایەتیەکی زۆرم لەگەڵ وەزیرەکانی ئەوێدا بۆ پەیدا بوو دڵخۆش بوون بە مانەوەمان جارجارەش دەبووین بە میوانی وەزیرەکان جارێکیان شەوو بوو لەگەڵ وەزیردا چوینە دەرەوە بۆ مالّئاوایی کردن بە لای باخچەیەکدا تێپەڕبووین ووتی: ئەو باخچەیە بۆ تۆ بێت، خانوویەکی تێدا دروست دەکەم، تا ببێتە مەنزلگەی خۆت، ئنجا بۆ بەیانی کەنیزەکەی بۆ رەوانە کردم و وتبووی: ئەگەر بەدڵێتی ئەوا با بۆ خۆی بێت ئەگینا ئەوا کەنیزەیەکی (مورهەتەی) ناودارت بۆ رەوانە دەکەم منیش حەزم لە مورهەتە بوو دواتر کەنیزەیەکی تری بۆ ناردم ناوی "گولّ ئوستان" بوو، بە زمانی فارسی واتا: گولّی باخچە، سەرسام بووم بەو کەنیزەیە و زمانی فارسیشی دەزانی، خەڵکی ئەو دوورگانە بە زمانێك دەئاخاوتن من لێیان تێنەدەگەیشتم، دوای ئەوەش یەکێکی تری (مەعبەری) رەوانە کرد ناوی عەنبەری بوو.

شەوێکیان وەزیر لەگەڵ یەکێك لە هاوڕێکانی هاتە لام بۆ هەوالّپرسین هاتە

ژورەوە دوو خزمەتکاری لەگەڵدا بوو کەوتە هەواڵپرسینم و منیش زۆر سوپاسی یارمەتیەکانیم کرد، ئنجا یەکێك لە خزمەتکارەکانی پۆشاك و دیاری دەرکرد لە پارچە ئاوریشمێکدا کە هەندێك ئالتون و بازنگ و ملوانکەی ئالتونی تێدابوو ووتی: ئەمە دیاری منە بۆ تۆ بۆیە بە کەنیزەکەدا رەوانەم نەکرد ترسام بڵێ هی خۆمە و رادەستتی نەکات منیش سوپاسم کرد، بەڕاستی کەسێکی بەخشندە و بەڕێز بوو رەحەتی خوای لێبێت.

باسی ناڕازیبوونی وەزیر بۆ گەشت کردنم و دواتر مانەوەم

وەزیر "سولەیمان مانایەك"کەسێکی بۆ لام رەوانە کرد تا کچەکەی بخوازم منیش پیاوێکم رەوانە کرد بۆ لای وەزیر جەمالەدین تا قایل بێت بەڵام ئەو کارەکەی پێخۆش نەبوو بەڵکو دەیویست من کچەکەی خۆی مارە بکەم، من دەترسام لەو کارە چونکە بە شوومم دەزانی لەبەرئەوەی پێشتر ئەو ئافرەتە دوو جاری تر شووی کردبوو هەردوو جارەکەش پێش گواستنەوەی دەستگیرانەکانی مرد بوون بۆیە دەترسام هەمان چارەنووسم هەبێت، هەر لەو کاتەدا بوو تووشی تایەکی تووندبووم کە ئەوەش شتێکی ئاسایی بوو گەر هەر کەسێك بچوایەتە ئەو دورگانە دەبوو تووشی ئەم لەرز و تایە ببێت بڕیارمدا گەشت بکەم بۆ (بنجالە) و خۆم ئامادە کرد بۆ ئەو گەشتە. ئیدی چوم بۆ لای وەزیر بۆ ماڵئاوایی کردن دادوەر هاتە پێشوازیم لەگەڵ وەزیر کاتێ ووتم: گەشت دەکەم دڵگران بوو لە وەڵامدا ووتی: باشە چیمان پێداوی لە دیاری هەموویان بگەڕێنەوە و ئەوکات ئازادیت گەشتی خۆت بکە لە وەڵامدا ووتم: بەو ئالتونانەی پێمدراوە (وەدەعم) پێ کڕیوە بۆتانی دەگێڕمەوە ووتی: ئێمە ئالتونمان پێداوی نەك وەدەع ووتم: باشە دەیفرۆشمەوە و ئالتونتان بۆ دەهێنمەوە رۆیشتم بۆ لای بازرگانەکان تا ئالتونەکان بکڕمەوە، کەچی پێش من بە بازرگانەکانی وتبوو: کەس ئەو کارەی بۆ نەکات مەبەستی بوو گەشت نەکەم.

پاشان کەسێکی تایبەتی خۆی نارد بۆ لام ووتی: چی دوێت بۆی دەکەین، بەڵام با گەشت نەکات و لێرە بمێنێتەوە منیش لەبەر خۆمەوە ووتم: من ئێستا لە ژێر دەسەڵاتی ئەوانم، ئەگەر بە ئارەزووی خۆم لەوێ نەمێنمەوە، ئەوا لەوانەیە بەزۆر بهێڵنەوە بۆیە بڕیارمدا بمێنمەوە و بە نێردراوەکەم ووت: بڕۆ بە وەزیر بڵێ گەشت ناکەم، کاتێك هەواڵەکە بە وەزیر گەیشتبوو زۆر خۆشحاڵ بوو هاتە لام ووتی: ئێمە دەمانەوێت تۆ لەگەڵمان بیت و تۆش دەڵێیت: گەشت دەکەم چیت دەوێت بۆتی دەکەین نەریت بوو تەنها وەزیرەکان بە سواری ئەسپ هاتووچۆیان دەکرد منیش ووتم: قاچەکانم تەواو نین و دەمەوێت بە سواری ئەسپ هاتوچۆ بکەم ووتی: گەر دەتەوێت کەژاوە دۆلەت (دۆلە: کەژاویەکی بچوك بووە کۆیلەکان هەڵیانگرتووە بۆ گواستنەوەی کەسە دەوڵەمەند و پلەدارەکان ـ وەرگێڕ) بۆ دابین دەکەم، کاتێك بە ئەسپ هاتوچۆم دەکرد خەڵکی لێم کۆدەبونەوە لە گەورە و بچوك دوام دەکەوتن بۆیە بە تەواوەتی بێزار ببووم بۆیە سکاڵای خۆم بە وەزیر گەیاند بۆیە لە کاتی هاتوچۆکردنمدا لە تەشتێك دەدرا کە پێیان دەوت: دونقرورە و خەڵکی دوور دەکەوتنەوە.

رۆژێکیان بە وەزیرم ووت: خۆ من (وەدەع)ێکی صەدەفی دەریایی زۆرم کڕیوە و نازنم چۆن ساغی بکەمەوە؟ ووتی: یەکێك لە هاوڕێکانت بنێرە تا لە بنجاڵە بیفرۆشێت منیش هاوڕێیەکی خۆم راسپارد کە ناوی ئەبا محەمەدی کوڕی فەرحان بوو، تا ئەو کارەم بۆ بکات، ئەوانیش پیاوێکی تریان لەگەڵ ڕەوانە کرد کە ناوی حاجی عەلی بوو، بەڵام ویستی خوا وابوو تووشی زریانێکی تونڈ دەبن و هەموو ئەو کەرەستە و شمەکانەی هەڵیانگرتبوو، فڕێی ئەدەنە دەریاوە هەتا نقومی زریان نەبن و دوای زەحمەتێکی زۆر بە دژواری رزگاریان دەبێت و خۆیان دەگەیەننە دوورگەی سەیلان و دوای سااێك ئنجا لەوێ چاوم بە هاوڕێکەم کەوتەوە، بۆ یەکەجار زیارەتی شوێن پێی باوەکە ئادەمی کردبوو جارێکی تریش لەگەڵ من.

باسی ئەو جەژنەی کە لەگەڵیان بووم

مانگی رەمەزان تەواو بوو بۆ رۆژی چەژن وەزیر پۆشاکی بۆ رەوانەکردم بۆ بەیانی رۆیشتین بۆ مزگەوت شەقامەکانی مزگەوت رازێنرابوونەوە هەروەها ئەو رێگایانەی کە بۆ مزگەوت دەڕۆیشتن ئەوانیش جوانکرابوون لە لای مالّی وەزیرەکان جۆرە سەدەفێکی دەریایی رۆکرابوو بۆ جوانکردن جگە لەوانە لە هەموو مالّێکیان دارەکانی نارجیل و مۆز و فەوفەل هەبوو کاتێك وەزیر بە پیادە رێگای دەکرد لای مالّەکان پۆشاك و وەدعیان بۆ هەڵنەدان ئنجا بەندەکان هەڵیاندەگرتەوە وەزیر خۆشی پۆشاکێکی مەرعیزی میسری پۆشی بوو لەگەڵ میزەرێکی مەزنی ئاوریشمی و نەعلیشی لە پێ بوو، بە پێچەوانەی خەڵکە ئاساییەکانەوە کە ئەوان پێخاوس بوون هەروەها نەریتیان وابوو زۆڕناژەن و تەپڵ و دەف بە دەستەکان لە پێشەوەی سوڵتان دەڕۆیشتن وەك کەڕنەڤاڵێکی مەزن هەموو پێکەوە سڵاواتیان دەکرد تا چوونە مزگەوت.

دواتر کوڕی وەزیر ووتاری پێشکەش دەکرد پاشان هەموو سەرباز و خەڵکەکە هاتن بۆ سڵاوکردن لە کۆتاییشدا پۆشاکیان بۆ پێش وەزیرەکان هەڵنەدا، ئنجا کەژاوەی تایبەتیان هێنا وەزیریان هەڵیانگرت بۆ کۆشکی پاشا پێشتر تەنها پاشاکان ئەم رێوڕەسمەیان بۆ دەکرا کاتێك لە کۆشك کۆبوونەوە خواردن و گوڵاویان هێنا لەگەڵ تەنبول و فەوفەل هەر لە خواردنەکاندا ماسی (سەردین)هەبوو لەو جۆرە ماسییانە لە ولاّتی مەغریبی ئێمە زۆرە بەڵام لای ئەوان نییە وەزیر ماسییەکی هێنا ووتی: فەرمو تۆش بخۆ منیش ووتم: ناخۆم چونکە تەنها خوێکراوە و نەبرژاوە ووتی: بەڵێ برژاوە لەم جۆرە ماسییە کەمە و لە مولەیبارەوە بۆمان هاتووە بەڵام من نەمخوارد.

باسی ژنهێنانم و گرتنه دەستی دادوەری

لە دووی مانگی شەوالدا بوو داوای کچەکەی وەزیر "سولەیمان مانایەك"م کرد ئەویش قایل بوو بۆیە وەزیر جەمالەدینم رەوانە کرد تا رۆژێك دیاری بکات بۆ ئاهەنگی مارەبڕین، ئەو رۆژە دیاری کرا و هەموو کۆبوونەوە و شیرینی و گولاّو ئامادەکرا و خەڵکی کۆبوونەوە بۆ ئەو ئاهەنگە دوای چاوەڕوانی وەزیر سولەیمان نەهات و پاساوی هێنایەوە بەوەی کچەکەی نەخۆشە بەڵام وەزیر جەمالەدین بە نهێنی ئەوەی پێ راگەیاندم کە کچەکەی رازی نییە شوو بکات بە تۆ بڕیاریش لە دەستی خۆیدایە. بۆیە پێشنیار کرا کە زڕدایکی سولّتان بخوازم منیش قایل بووم دادوەر و شاهید ئامادە کران و مارەی ئافرتەکە برا بەڕاستی لە باشترینی ئەو ئافرەتانە بوو کە پێشتر هاوسەرگیریم لەگەڵیان کردبوو ئەوەندە باش بوو زۆر کات پۆشاکەکانمی بۆنخۆش دەکرد و هەمیشە دەم بە خەندە بوو دوای ئەو ژنهێنانەم هەستم کرد وەزیر پێی ناخۆش بوو کە من دادوەری وەربگرم چونکە لە کاتی دابەش کردنی میراتی بەسەر خەڵکیدا ئەو دەیەکی مالّەکەی بۆ خۆی دەبرد و منیش ئەوەم رەتکردەوە و بە کارێکی ناشەرعیم دەزانی.

دوای ئەوەی دادوەریم گرتەدەست دژی چەند نەریتێکیان وەستامەوە هەوڵمدا بنبڕیبکەم بە وەزیرم ووت: نابێت بە هیچ شێوەیەك دەیەکی مالّ لە میراتی وەربگریت، مەگەر خاوەن مالّ خۆی شتێکی وەك دیاری پێدایت، نەریتێکی تری ناشیرینیان ئەوە بوو ئافرەتێك گەر تەڵاق بدرایە لە مالّی میّردەکەی دەمایەوە تا ئەو کاتەی شووی دووەمی دەکردەوە ووتم: ئەوە کارێکی ناشەرعی و ناشیرینە!، بەو هۆیەوە فەرمانی دەستگیرکردنم بۆ نزیکەی بیست و پێنج پیاو دەرکرد و بڕیارمدا لە بازاڕدا بیانسوڕێننەوە و لێیان بدرێت، تا خەڵکی لەو نەریتە دوور بکەونەوە هەروەها لەو کەسانەشم ئەدا کە لە کاتی نوێژی هەینی و جەماعەتدا ئامادە

نەدەبوون ئیتر بەو شێوەیە فەرمانم دەکرد بۆ هەموو دورگەکانی تر تا خەڵکی لـەو بڕیارانە ئاگادارین بەڵام چەندێك هەوڵمدا نەمتوانی ئافرەتەکانیان قایـل بکـەم بـە خۆداپۆشینی تەواو!.

هاتنەوەی وەزیر عەبدوڵڵاڵ کوڕی محەمەد حەزرەمی کە سوڵتان شەهابەدین دووری خستبووەوە بۆ دوورگەی سوید و کێشەی نێوانمان

پێش گەڕانەوەی وەزیر عەبدوڵڵا من زۆرکچەکەییم خواستبوو زۆرخۆشم دەویست کاتێك گەڕایەو بۆ دورگەی میهل منیش کۆمەڵە دیارییەکم بۆ رەوانە کرد، لـەوێ وەزیرەکان رێزیان لێ دەگرت و کۆشکێکی تایبەتیان پێـدابوو بـەردەوام سـەردانیم دەکرد وا رێککەوت جارێکیان لە رەمەزاندا بوو ئیعتیکافم لـە مزگەوتـدا کـرد و خەڵکی هەموو سەردانیان کردم تەنها ئەو نەبێت لەوانە وەزیر جەمالەدین ئـەوەش بوو بە هۆی ئەوەی بوغزێك لە نێوانمان دروست ببێت. دوای ماوەیەك ئەوەندەم زانی سکالاّیەك لە لایەن خاڵوانی خێزانمەوە بە دەستم گەیشت لە وەزیر عەبدوڵڵاڵ چونکە کاتێك منداڵ ئەبن باوکیان واتا جەمالەدین سەنجەری وەسێت ئەکات کە لـە دوای مردنی مااڵ و داراییەکەی لە ژێر دەستی وەزیر عەبـدوڵڵادا بێـت تـا ئـەو کاتـەی گەورە دەبن بۆیە ئێستا گەورە بوونە و داوای گەڕانەوەی مااڵ و مۆڵکەکانی خۆیان ئەکەن کە ئەوەش بەپێی شەرع کارێکی دروستە و هیچ کۆت و بەنـدێکیان لەسـەر نییە.

منیش وەك نەریتی خۆم بۆ هەموو کەسێکی سکالاّ لەسەر کراو نووسراوێکم بۆ رەوانە دەکرد تا لە کۆڕی دادوەردا بە کاغەزەکەوە ئامادە بێت، بەو کارەی من زۆر تووڕە دەبێت و کۆمەڵێك قسەی ناشیرینم پێ دەڵێت خۆی ئامادە نەبوو بەڵکو لـە جیاتی خۆی بریکارەکەی ئامادە بوو. خەڵکی هەموو رێزیان لێ دەگرت و سـاڵوی

تایبەتییان لێ دەکرد، وەك چۆن سڵاو لە وەزیر جەمالەدین دەکرا منیش لە کۆشکی سوڵتان خەڵکیم ئاگادار کردەوە کە هەر کەسێك سڵاوی تایبەتی لە وەزیر عەبدوڵڵا بکات ئەوا سزای بۆ دەرئەکەم ئەوەندەی تر دژایەتی کەوتە نێوانمان سڵاوی تایبەتیش بریتی بوو لەوەی کە دەستت نزم دەکردەوە تا پەنجەی شایەتمانت دەکەوتە سەر زەوی و پاشان بەرزت دەکردوە بۆ سەر سەرت.

جگە لە زرکچی وەزیر عەبدوڵڵا کە خێزانم بوو، هەروەها کچی وەزیری گەورەشم خواست کە لە نەوەی سوڵتان "ئەحمەد شنورازە" بوو لەگەڵ ئافرەتێکی تر کە پێشتر خێزانی سوڵتان شەهابەدین بوو بەڵام چوارەم خێزانم زرکچی وەزیر عەبدوڵڵا بوو بۆ هەموو خێزانەکانم خانووم دروستکردبوو لەو باخچەیەی کە بە دیاری وەرمگرت، کاتێك ئەو ئافرەتە ناودارانەم خواست لە دڵی خەڵکی دورگەکاندا شکۆیەکم بۆ دروست ببوو.

هۆی گەشت کردنم لەو دوورگانە

جارێکیان بەندەیەکی خزمەتکار، لەگەڵ یەکێك لە ئافرەتە خزمەتکارەکان رێکدەکەوێت، خێزانی بەندەکە سکاڵا لە میردەکەی دەکات، بەوەی میردەکەی لەگەڵ یەکێك لە ئافرەتە خزمەتکارەکان رێکەوتووە داوێنپیسی لەگەڵ دەکات، وەزیر و کۆمەڵە شاهیدێك دەڕۆن بۆ لای ئافرەتەکە و تەماشا دەکەن لەگەڵ بەندەکە خەوتووە، دەستبەجێ هەردووکیان دەستگیر دەکەن و بۆ بەیانی هەواڵەکەم پێ گەیشت، رۆیشتم بۆ کۆشکی سوڵتان و هیچ شتێکم باس نەکرد ئنجا پاسەوانێکی تایبەت هات ووتی: وەزیر دەڵێت: هیچ شتێکی پێویستە تا یارمەتی بدەم، ووتم: نەخێردەیویست من قسە لەسەر هەواڵی خزمەتکارەکەی سوڵتان و بەندەکە بکەم، بەڵام من هیچ شتێکم نەوت بە حوکمی ئەوەی من دادوەر بووم و دەبوو لە زۆربەی کێشەکاندا من بڕیار بدەم گەڕامەوە بۆ ماڵەوە هەندێك لە وەزیرەکان هاتنە لام ووتیان: دوێنێ شتێکی وا رویداوە تۆش بە پێی شەرع بڕیاریان بۆ دەربکە منیش ووتم: دەبێت لە ماڵی سوڵتان ئەو بڕیارە بدەم.

ئیدی خەڵکی کۆبوونەوە و دوو تاوانبارەکەیان ئامادە کرد فەرمانم دەرکرد جەڵدە لە هەردووکیان بدرێت لەبەرئەوەی لە ژوورێکدا بە نامەحرەمی کۆبونەتەوە دواتر ئافرەتەکەم ئازاد کرد و بەندەکەم خستە زیندانەوە وەزیر "سولەیمان" کۆمەڵێکی رەوانە کرد تا بەندەکە ئازاد بکەم، ووتم: بە هیچ شێوەیەك کاری وا ناکەم، بۆ بەندەیەکی رەشپێست دەپارێنەوە کە سنووری خۆی بەزاندوە لە بەرامبەر گەورەکەی خۆی هەر ئێوە نەبوون سوڵتان شەهابەدینتان دوورخستەوە لە دەسەڵات و پاشان کوشتتان، لەبەرئەوەی دەستدرێژی کردبووە سەر خزمەتکارەکەی خۆی دواتریش فەرمانم دەرکرد بە لێدانی بەندەکە بە داری حەیزەران، چونکە زۆر بە ئازارە و لە هەموو دوورگەکەدا بە مل بەستراوی گەڕێنرا.

کاتێك نێردراوەکان گەڕابوونەوە بۆ لای وەزیر و ولامەکەی منیان پێی گەیاندبوو تورە دەبێت و سەرباز و دەسەڵاتدارەکان کۆدەکاتەوە، بانگی منیان کردەوە و منیش رۆیشتم، کاتێك چومە ئەوێ دەبوو سلاوی تایبەتی لە وەزیر بکەم نەمکرد تەنها ووتم: سەلام و عەلەیکوم، ئنجا بە خەڵکەکەم ووت: ئەوا ئێوە شاهیدبن لە ئێستا بە دواوە من کاری دادوەری ناکەم و وازم لەو کارە هێنا، چونکە بە من ناکرێت وەزیر کەوتە گفتوگۆ کردن و چومە بەرامبەری و تووڕە بووم زۆر بە تونديی وەلامم دایەوە، لەو کاتەدا بوو بانگی شێوان درا و وەزیر ووتی: من هاتم تووڕەبم بەسەر ئەودا کەچی ئەو خۆی تووڕە دەکات.

هۆی ئەو چاونەترسییەم دەگەڕایەوە بۆ سوڵتانی هیندستان ئەوان هەواڵی ئەوەیان بیستبوو کە من پێشتر لای سوڵتانی هیندستان کارم کردوە و پەیوەندی تونديوتۆڵ لە نێوانماندا هەیە ئەوانیش زۆر لەو دەترسان و هەرچەندە لێشی دوور بوون بەلام هەر ترسی هەبوو لە دڵیاندا، دواتر کە وەزیر دەگەڕێتەوە مالەوە بانگی دادوەری لەکارلادراو دەکات و رووداوەکەی بۆ باس دەکات پاشان هاتەوە لای من ووتی: چۆن سلاوی تایبەتیت لە گەورەم نەکردوە لە بەرچاوی ئەو هەموو شاهیدە؟، منیش ووتم: دڵم شکاوە کاتێك سلاوی تایبەتی لێ دەکەم کە دڵم نەشکێت، سلاوی مسوڵمانیش تەنها (سەلامو عەلیکوم)ە.

دووبارە نێردراوی بۆ لام ناردەوە ووتبووی: مەبەستی ئەوەیە گەشت بکات با ئازاد بێت لە گەشت کردن، بە مەرجێك چی وەرگرتووە بیگەڕێنێتەوە لەگەڵ مارەیی ژنەکانی بۆیە هەرچییەکم وەرگرتبوو لە مااڵ وەك راخەر و قاپ و قاچاخی مس و پێداویستی ڕۆژانە، هەموو شتەکانم گەڕانەوە لەگەڵ قەرزەکانم و بڕیارمدا گەشتی خۆم بکەم بەرەو واڵتی مەعبەر. کاتێك وەزیر لەوە تێگەیشت کە من بەڕاستی گەشت دەکەم، پەشیمان بووەوە لە قسەکانی خۆی و دەیویست گەشت نەکەم، بەاڵم من سوێندی تۆندم خوارد کە بێگومان گەشت دەکەم، یەکێك لە خێزانەکانم تەاڵقدا و یەکێکی تریان نۆ مانگم بۆ دانا، ئەگەر لە ماوەی ئەو نۆ مانگەدا گەڕامەوە ئەوا خێزانم و ئەگەریش نەگەڕامەوە ئەوا تەاڵق لە دەستی خۆیدا بێت ئەو خێزانەشم کە پێشتر ژنی سوڵتان شەهابەدین بوو گەڕانەوە بۆ دوورگەی ملوك و دامەوە دەستی باوکی بەاڵم ئەو خێزانەی کە زرخۆشکی سوڵتان بوو سکی پڕ بوو وێستم لەگەڵ خۆمدا بێت ئەویش قایل بوو خۆشکەکەی سکاڵای کرد لای سوڵتانە تا لەگەڵم گەشت نەکات، بەاڵم ئەو قسەی خوشکەکەی ڕەتکردەوە و بڕیاری گەشتی دابوو.

لەگەڵ وەزیر عومەر دەهەرد و حەسەنی سەرکردەی دەریایی ڕێککەوتم تا لەگەڵیان گەشت بکەم بۆ واڵتی مەعبەر و هەموو پێداویستییەکانم گواستەوە بۆ مزگەوتی سەر دەریا تا لە کاتی دیاریکراودا لەگەڵیان گەشت بکەم ئەم سەرکردەیە و سەربازەکانی نیازیان وابوو هەندێك لە دوورگەکانی واڵتی مەعبەر بخەنەوە ژێر رکێفی خۆیان، لە نێوانماندا ئااڵیەکی سپیمان کردبوو بە نیشانە هەر کات ئااڵکەم بینی نیشانەی هاتنی ئەوانە و دەردەچین.

هەر لەو ڕۆژانەی سەرقاڵی ئەوە بووم خۆم ئامادە دەکرد بۆ گەشت، بەردوام لەبەر خۆمەوە گفتوگۆم دەکرد کە هیچ کات لە پێشتردا وام بەسەر نەهاتبوو وەك بڵێی ترسێك لە دڵمدا هەبێت بەڕاستی ئەوەش ڕوویدا و وەزیر پرسیاری زۆری کردبوو دەربارەی من دەترسا پاشای هیندستان مااڵ و چەکی ڕەوانە کردبێت و من

دژی ئەوان بەکاربهێنم بیستمەوە وەزیر وتبووی: ئەم پیاوە دەیەوێت دەستبگرێت بەسەر دەسەڵاتدا یاخود بڕوات بۆ دوورگەکانی مەعبەر و لەوێوە سەرباز کۆبکاتەوە لە دژی ئێمە.

بۆیە کەسێکی نارد تا لای بمێنمەوە و خۆی کەشتییەکەم بۆ ئامادە بکات من رەتمکردەوە و پاشان زۆرێك لە کاربەدەست و وەزیر و ناودارەکان هاتنەلام تا من لە گەشت کردن پاشگەزببمەوە ووتم: سوێندم خواردوە هەر دەبێت گەشت بکەم، ووتیان: باشە تا دوورگەیەك بڕۆ بۆ ئەوەی سوێندەکەت نەکەوێت، منیش لەبەر دڵی ئەوان ووتم: باشە، بۆ شەوو رۆیشتم بۆ لای وەزیر و مانّاوییم لێکرد دەستی کرد بە گریان و فرمێسك بە چاوەکانیدا هاتە خوارەوە، ئەو شەوە خۆی هات و پاسەوانیمانی کرد تا خزم و کەسی خێزانەکانم و خەڵکی تر هێرش نەکەنە سەرم.

کەوتمەڕێ و لە رێگا خێزانم ئازارێکی توند گرتی و هەستم کرد ئارەزووی دەکرد بگەڕێتەوە دووبارە گەڕامەوە و ئەویشم تەڵاقدا لەگەڵ ئەو خێزانەشم کە ماوەی نۆ مانگم بۆ دانابوو ئەگەر نەگەڕامەوە تەڵاق بە دەستی خۆی بێت پاشان کەنیزەیەکم هەبوو خۆشمدەویست ئەو کەنیزەیەم لەگەڵ خۆم برد و دووبارە کەوتمەوەڕێ بە دەریادا، دوورگە بە دوورگە و هەرێم بە هەرێم.

باسی ئەو ئافرەتانەی یەک مەمکیان هەبوو

لە کاتی گەڕانمان لە یەکێك لە دوورگەکاندا، ئافرەتێکم بینی یەك مەمکی هەبوو دوو کچی خۆی لە گەڵدا بوو بە هەمان شێوە یەکێکیان یەك مەمکی هەبوو، بەڵام ئەوەی تریان دوو، بەڕاستی سەرم سوورما لە دۆخی ئەو ئافرەتانە!.

دواتر چوینە دوورگەیەکی بچوك تەنها یەك خانووی لێبوو لەگەڵ پیاوێك کە سەرقاڵی کاری چنین بوو خۆی و خێزانی و منداڵەکانی ژیانیان لەسەر راوکردنی

ماسی بوو جگە لە راوکردن داری نارجیل و مۆزیشی هەبوو بەردەوام سەرقاڵی کارکردن بوون، لەوێ هیچ جۆرە باڵندەیەکی وشکانیم نەبینی جگە لە قەڵەڕەش نەبێت، بەڕاستی دڵخۆش بووم بە ژیانیان و ئاواتەخواز بووم ئەو دوورگەیە هی من بووایە و بە هیچ شێوەیەك بە جێم نەهێشتایە، تا ئەو کاتەی خودا گیانی لێ دەسەندم.

دوای ئەم جێگایە چومە دوورگەی ملوك، ئەو جێگایەی کەشتی سەرکردە ئیبراهیمی لێبوو نیازم بوو لەو دوورگەیەوە لەگەڵ سەرکردە ئیبراهیم گەشت بکەم بۆ دوورگەی مەعبەر بەڵام لەوێ نزیکەی سێ مانگ ماینەوە، بەڕاستی رێزێکی زۆریان لێگرتم، هەر لەو دوورگەیە دوو ژنم هێنا جێگایەکی هەتا بڵێی خۆش و سەرنجڕاکێش بوو لە هەموو جێگاکانی تر سەوزتر بوو داریشی زۆرتر بوو لە شتە نامۆکانی ئەوە بوو لقی هەر داریکیت بەرپایە و لە زەویدا بتچاندایە دووبارە دەبوەوە بە دار بە درێژایی ساڵ میوەی هەناری لێ نابڕا خەڵکی ئەم دوورگەیە زۆر لە سەرکردەی کەشتیوانی ئیبراهیم سڵیان دەکردەوە و دەترسان لە کاتی دەرچونی بۆ گەشتکردن دوورگەکە تالآن بکات بۆیە خەڵکی ویستیان دەست بگرن بەسەر کەرەستە جەنگییەکانی نێو کەشتیەکەیدا ئەوەش بوو بە هۆی دروستبوونی شەڕ لە نێوانیاندا.

پاشان گەڕاینەوە بۆ میهل بەڵام نەچوینە دوورگەکەوە، نامەم رەوانە کرد بۆ وەزیر و ئەوەم پێی راگەیاند لە ولآمدا ووتی: دەبێت چەکەکان وەربگرین و ئنجا مۆڵەتی هاتنە ژورەوەتان پێ دەدرێت بۆ بەندەرەکە، بۆیە جارێکی تر بە ناچاری گەڕاینەوە بۆ دوورگەی ملوك.

لە شەعبانی ساڵی ٧٤٥ ك وەزیر جەمالەدین کۆچی دوایی کرد، سوڵتانەی خێزانی سکی پڕ بوو دواتر منداڵێکی کۆڕی لێبوو ئیدی هێندەی نەبرد شووی کردوە بە وەزیر عەبدولآ، گەشتمان دەستپێکردەوە بۆ ولآتی مەعبەر، نێوان دوورگەکان و مەعبەر سێ رۆژە رێگا بوو، ئێمە بە نۆ رۆژ ئەو رێگەیەمان بڕی

چونکە کەسێکی وا شارەزامان لەگەڵ نەبوو، لە نۆیەم رۆژدا بـوو چـوینە دورگـەی سەیلان و چیای بەناوبانگی سەرەندیبمان لێ دەرکەوت کە وەك دوکەڵ بە ئاسمانـدا چوو بوو کاتێك نزیك بووینەوە سەرکردەی کەشتییەکە ووتی: ئەم بەندەرە لـە ژێـر قەڵەمڕەوی سوڵتانی مسوڵمانەکاندا نییە تا بە ئارامی تێیدا پشو بدەین، بەڵکو لە ژێر دەستی سوڵتانی بێباوەڕەکاندایە کە ناوی "ئەیری شـەکەروەتی"ە و کەسـێکی ستەمکار و زۆردارە و خاوەنی دەیـان کەشـتییە و پیشـەی کـاری چـەتەییە بۆیـە ترساین بڕۆین.

دواتر زریانێکی توند هەڵیکرد و لە ترسا بە سەرکردەی کەشتییەکەم ووت: بڕۆ لە بەندەرەکە لابدە سوڵتانی ئەوێ لەسەر من لەگەڵیان گفتوگۆ دەکەم پێیان دەڵێم: ئەو دیاریانەی نێو کەشتییەکەم بۆ ئەو هێناوە، کاتێك لەوێ لامانـدا بێباوەڕەکـان هاتن ووتیان: ئێوە کێن؟، منیش ووتم هاوڕێی سوڵتانی مەعبەرین و لە لای ئەوەوە هاتووین، ئەوەی لـە کەشـتیەکەدایە دیاریـیـە بـۆ پاشـاکەتان!، رۆیشـتن بـۆ لای گەورەکەی خۆیان و دواتر بانگی منیان کرد لەگەڵیان رۆیشتم بۆ شـوێنی تایبـەتی خـۆی (بەتالـە) کـە شارۆچـکەیەکی بچـوك بـوو شـورا و بورجـەکانی بـە دار دروستکرابوو، کەناری دەریاکان هەموو پڕ بوون لە داری قیرفە و بە هۆی لافـاوەوە لەوێ کۆدەبوونەوە و خەڵکی وڵاتی مولەیبار و مەعبەر کۆیان دەکردەوە بێ ئەوەی درهەمێك بدەن، لە بەرامبەردا پۆشاك و شتی تریان پێیان ئەدا جگـە لـەو جـۆرە داری بەقم و کلخی هیندیشی زۆر بوو بەڵام وەك (قوماری و قاقلی) نـەبوون، بـە ویستی خوا لە دواییدا باسیان دەکەین.

ماسی بوو جگە لە راوکردن داری نارجیل و مۆزیشی هەبوو بەردەوام سەرقاڵی کارکردن بوون، لەوێ هیچ جۆرە باڵندەیەکی وشکانیم نەبینی جگە لە قەڵەڕەش نەبێت، بەڕاستی دڵخۆش بووم بە ژیانیان و ئاواتەخواز بووم ئەو دوورگەیە هی من بووایە و بە هیچ شێوەیەك بە جێم نەهێشتایە، تا ئەو کاتەی خودا گیانی لێ دەسەندم.

دوای ئەم جێگایە چومە دوورگەی ملوك، ئەو جێگایەی کەشتی سەرکردە ئیبراهیمی لێبوو نیازم بوو لەو دوورگەیەوە لەگەڵ سەرکردە ئیبراهیم گەشت بکەم بۆ دوورگەی مەعبەر بەڵام لەوێ نزیکەی سێ مانگ ماینەوە، بەڕاستی رێزێکی زۆریان لێگرتم، هەر لەو دوورگەیە دوو ژنم هێنا جێگایەکی هەتا بڵێی خۆش و سەرنجڕاکێش بوو لە هەموو جێگاکانی تر سەوزتر بوو داریشی زۆرتر بوو لە شتە نامۆکانی ئەوە بوو لقی هەر داڕێکیت بڕیایە و لە زەویدا بتچاندایە دووبارە دەبوەوە بە دار بە درێژایی ساڵ میوەی هەناری لێ نابڕا خەڵکی ئەم دوورگەیە زۆر لە سەرکردەی کەشتیوانی ئیبراهیم سڵیان دەکردەوە و دەترسان لە کاتی دەرچونی بۆ گەشتکردن دوورگەکە تاڵان بکات بۆیە خەڵکی ویستیان دەست بگرن بەسەر کەرەستە جەنگییەکانی نێو کەشتیەکەیدا ئەوەش بوو بە هۆی دروستبوونی شەڕ لە نێوانیاندا.

پاشان گەڕاینەوە بۆ میهل بەڵام نەچوینە دوورگەکەوە، نامەم رەوانە کرد بۆ وەزیر و ئەوەم پێی راگەیاند لە ولاّمدا ووتی: دەبێت چەکەکان وەربگرین و ئنجا مۆڵەتی هاتنە ژورەوەتان پێ دەدرێت بۆ بەندەرەکە، بۆیە جارێکی تر بە ناچاری گەڕاینەوە بۆ دوورگەی ملوك.

لە شەعبانی ساڵی ٧٤٥ ك وەزیر جەمالەدین کۆچی دوایی کرد، سوڵتانەی خێزانی سکی پڕ بوو دواتر منداڵێکی کۆڕی لێبوو ئیدی هێندەی نەبرد شووی کردوە بە وەزیر عەبدولاّ، گەشتمان دەستپێکردەوە بۆ ولاّتی مەعبەر، نێوان دوورگەکان و مەعبەر سێ رۆژە رێگا بوو، ئێمە بە نۆ رۆژ ئەو رێگەیەمان بڕی

چونکە کەسێکی وا شارەزامان لەگەڵ نەبوو، لە نۆیەم رۆژدا بوو چوینە دورگەی سەیلان و چیای بەناوبانگی سەرەندیبمان لێ دەرکەوت کە وەك دوکەڵ بە ئاسمانەدا چوو بوو کاتێك نزیك بووینەوە سەرکردەی کەشتییەکە ووتی: ئەم بەندەرە لە ژێر قەڵەمڕەوی سوڵتانی مسوڵمانەکاندا نییە تا بە ئارامی تێیدا پشو بدەین، بەڵکو لە ژێر دەستی سوڵتانی بێباوەڕەکاندایە کە ناوی "ئەیری شەکەروەتی"ە و کەسێکی ستەمکار و زۆرداڕە و خاوەنی دەیان کەشتییە و پیشەی کاری چەتەییە بۆیە ترساین بڕۆین.

دواتر زریانێکی توند هەڵیکرد و لە ترسا بە سەرکردەی کەشتییەکەم ووت: بڕۆ لە بەندەرەکە لابدە سوڵتانی ئەوێ لەسەر من لەگەڵیان گفتوگۆ دەکەم پێیان دەڵێم: ئەو دیاریانەی نێو کەشتییەکەم بۆ ئەو هێناوە، کاتێك لەوێ لامانەدا بێباوەڕەکان هاتن ووتیان: ئێوە کێن؟، منیش ووتم هاوڕێی سوڵتانی مەعبەرین و لە لای ئەوەوە هاتووین، ئەوەی لە کەشتیەکەدایە دیارییە بۆ پاشاکەتان!، رۆیشتن بۆ لای گەورەکەی خۆیان و دواتر بانگی منیان کرد لەگەڵیان رۆیشتم بۆ شوێنی تایبەتی خۆی (بەتالە) کە شارۆچکەیەکی بچوك بوو شورا و بورجەکانی بە دار دروستکرابوو، کەناری دەریاکان هەموو پڕ بوون لە داری قیرفە و بە هۆی لافاوەوە لەوێ کۆدەبوونەوە و خەڵکی ولاتی مولەیبار و مەعبەر کۆیان دەکردەوە بێ ئەوەی درهەمێك بدەن، لە بەرامبەردا پۆشاك و شتی تریان پێیان ئەدا جگە لەو جۆرە داری بەقم و کلخی هیندیشی زۆر بوو بەڵام وەك (قوماری و قاقلی) نەبوون، بە ویستی خوا لە دواییدا باسیان دەکەین.

سوڵتانی سەیلان

ناوی "ئەیری شەکەروەتی" بوو سوڵتانێکی بەهێز و بەتوانا بوو لە دەریادا، بۆ یەکەجار لە مەعبەر چاوم پێکەوت لەگەڵ سەد کەشتی خۆی لە گەورە و بچوك هەروەها هەشت کەشتی گەورەی سوڵتانی مەعبەریش لە بەندەرەکەدا لەنگەریان گرتبوو بە نیاز بوون گەشت بکەن بۆ یەمەن بەڵام کاتێك خەڵکی ئەو هەموو کەشتییەیان بینی سوڵتانی مەعبەر سەربازەکانی کۆکردەوە لەگەڵ خەڵکی بۆ پارێزگاری کردن لە کەشتییەکانی خۆیان بە رووياندا وەستانەوە ئیدی کاتێك سوڵتان ئەیری ئەوەی بینی هیچ کارێکی نەکرد و ترسا و ووتی: هاتووم بۆ پارێزگاری کردن لە چەند کەشتییەکی خۆم، منیش گەشت دەکەم بۆ ولاتی یەمەن.

لە سەیلان[1] دابەزین، چومە لای و بەخێرهاتنی کردم و لای خۆیەوە دایانیشاندم ووتی: سوڵتانی مەعبەر خۆشەویستی منە خۆت و هاوڕێکانت لە ئەماندان تا ئەو کاتەی گەشت دەکەن وەك میوان لێرەن ئنجا ووتی: تۆ میوانی تایبەتی منیت سێ رۆژ بوومە میوانی و رێزێکی زۆری گرتم زمانی فارسی تێدەگەیشت زۆر ئارەزووی زمانی فارسی دەکرد لەو ماوەیەدا باسی پاشا و سوڵتان و مەلیکەکانی دونیام بۆ کرد سەرسام بوو بەو باسانە.

رۆژێك چومە خزمەتی مرواریيەکی زۆری لە بەردەستدا بوو، دیار بوو لە دەریا دەریان هێنابوو خزمەتکارەکانی سەرقاڵی پاککردنەوە و جیاکردنەوەی بەردەکان بوون ووتی: لەم جۆرە بەردانەت لە ولاتی خۆت بینیوە؟، ووتم: بەڵێ لەو جۆرەم لە دوورگەی قیس و کیشی "ئیبن سواملی" بینیوە ئنجا ووتی: بیستوومە هەیە،

---

[1] سەیلان: ئێستا کۆماری سریلانکایە، دوورگەیەکە لە زەریای هیندیدایە بەشی باکوری سنوری لەگەڵ هیندستانە بەشی باشوری دورگەکانی مالدیفە .(سریلانکا https://ar.wikipedia.org/wiki/)

پاشان دەنکێکی هەڵگرت ووتی: ئەی لەم جۆرەی لێیە؟ ووتم: بەڵکو لەوە باشتر هەیە، سەری سووڕما لە قسەکەم!، دەستی درێژ کرد ووتی: ئەوە دیاری منە بۆ تۆ بێت، هەر شتێکت پێویست بوو شەرم مەکە و داوای بکە بۆتی جێبەجێ دەکەم، ووتم: سوپاست دەکەم، لەو رۆژەوەی هاتووم بۆ ئەم دوورگەیە، مەبەستم تەنها زیارەتکردنی شوێن پێی باوکە ئادەمە، ئەوان بە ئادەمیان دەوت: بابا و بە حەواش: ماما. ووتی: ئەوە لەوێیە خەڵکی تایبەتت بۆ تەرخان دەکەم لەگەڵت بێن بۆ ئەو شوێنە، ووتم: منیش ئەوەم دەوێت، بەڵام دەبێت لەگەڵ سەرۆکی کەشتییەکە گفتوگۆ بکەم چونکە ئەو دەگەڕێتەوە بۆ مەعبەر، کاتێك گەڕاینەوە ئنجا زیارەت دەکەم، قسەم لەگەڵ سەرۆکی کەشتییەکە کرد ووتی: زیارەتی خۆت بکە، ئەگەر یەك سالێ بخایەنێت جێتناهێڵم و چاوەڕێت دەکەم تا دەگەڕێیتەوە.

رۆیشتمەوە بۆ لای سوڵتان و ئەوەم پێی راگەیاند کە سەرۆکی کەشتییەکە چاوەڕوانم دەبێت ووتی: باشە ئەوان میوانی منن، دواتر فەرمانی دەرکرد کەژاوەیەکیان بۆم ئامادە کرد، کە بەندە تایبەتەکان بە گەردنیان هەڵیاندەگرت، هەروەها چوار جوکیشی لەگەڵمدا رەوانە کرد چونکە ئەوان نەریتیان بوو سالانە زیارەتی شوێن پێی باوکە ئادەمیان دەکرد، لەگەڵ سێ کەسی خانەدان(بەراهیمە) و دە کەسی تری هاوڕێی خۆی جگە لەم کەسانە پانزە خزمەتکاری تری لەگەڵمان رەوانە کرد، کە کاریان بریتی بوو لە هەڵگرتنی خۆراك، ئاوی خواردنەوەش لەو ناوچەیە زۆر بوو. کەووتینەڕێ سەرەتا دۆڵێکی سەختمان تێپەڕاند، کە پڕ بوو لە داری حەیزەران دواتر چوینە (مەنار مەندەلی)کە کۆتا ئاوەدانی ژێر قەڵەمڕەوی سوڵتان ئەیری شەکەروەتی بوو خەڵکەکەی پێشوازییەکی گەرمیان لێمان کرد نەریتیان وابوو بۆ میوان گوێرەکەی کێوی گامێش راودەکەن و دەیبرژێنن لەگەڵ برنج و رۆن و گۆشتی نەهەنگ و مریشك.

لەو شارەدا یەك مسوڵمانی خۆراسانی لێبوو ئەویش بە هۆی نەخۆشییەوە هیچ نەوەیەکی نەبوو لەگەڵمان هات و پێکەوە چوین بۆ شارۆچکەی (بەندەر سەلاوات)،

پاشان لەوێوە دەرچوین بە ناو دۆڵ و شیوی سەختدا کە ڕوبار و ئاوێکی زۆری هەبوو لەگەڵ فیل بەلاّم ئازاری کەسی ڕێبواریان نەدەدا، کە ئەوەش دەگەڕایەوە بۆ بەرەکەتی شێخ "ئەبی عەبدوڵڵا کەفیف"[1]، هەروەها پێشتر بە هیچ شێوەیەك ڕێگەیان نەدەدا مسوڵمانان سەردانی جێ پێی باوەکە ئادەم بکەن، لەگەڵ ئەوەشدا ئازاری مسوڵمانانیان ئەدا و نانیان لەگەڵیاندا نەدەخوارد، بەلاّم دوای ڕووداوەکەی شێخ عەبدوڵڵا، ڕێزیان لە مسوڵمان دەگرت و نانیان لەگەڵیاندا دەخوارد و بە ئارامی لە نێو خێزانەکانی خۆیاندا هەڵسوکەتیان لەگەڵیان دەکرد، بە شێخ عەبدوڵڵایان دەوت: زانای گەورە.

دواتر چوین بۆ شاری (کونەکار)، کە پایتەختی سوڵتانی گەورەی ئەو وڵاتە بوو، دەکەوتە چاڵێکی نێوان دوو شاخەوە، لەسەر کەنداوێك کە بەو کەنداوەشیان دەوت (یاقوت)، چونکە مەڵبەندی دەرهێنانی یاقوت بوو، لە دەرەوەی ئەم شارە مزگەوتیکی لێبوو بە ناوی "عوسمان شیرازی" ناسراو بە (شاوش) خەڵکی و سوڵتانیش سەردانی ئەم کەسەیانە دەکرد و ڕێزی تایبەتییان لێ دەگرت ئەم عوسمانە ڕێبەری خەڵکی دەکرد بۆ شوێن پێی ئادەم بەلاّم بە هۆی ئەوەی مانگایەك سەردەبڕێت، هەردوو دەستی دەبڕنەوە، لە نەریتی خەڵکە بێباوەڕەکەی ئەو ناوچەیە و هیندۆسەکان وابوو، گەر کەسێك مانگا سەربڕێت دەبێت سەری ببڕنەوە یاخود دەسووتینرا لەبەرئەوەی ئەو لای ئەوان بەڕێز بوو، تەنها دەست و قاچیان پەڕاندبوو، لە بەرامبەریشدا باج و سەرانەی هەندێك بازاڕی ناوچەکەیان پێی دابوو لەوە بەدواوە خزمەتکار و منداڵەکانی ڕێبەری خەڵکیان دەکرد.

---

[1] پێشتر ناماژەم بەم چیرۆکە کردوە لە باسی شیرازدا. (وەرگێڕ)

باسی سوڵتانی کونەکار و بەردی یاقوت

سوڵتانەکەی ناوی "کەنار" بوو فیلێکی سپی هەبوو، لە هیچ جێگەیەکی دونیا فیلی سپیم نەبینی بوو جگە لای ئەم سوڵتانە نەبێت!، یاقووتی گرانبەهای پێوە هەڵواسی بوو لە بۆنە و جەژنەکاندا سواری دەبوو بەڵام خەڵکەکەی یاخی دەبن بەسەریدا و لە دەسەڵات دەری دەکەن و هەردوو چاویشی دەردەهێنن دواتر کوڕەکەی جێگەی دەگرێتەوە ئێستا کوێرە و لەوێ دەژی.

یاقوت یاخود بەردی بەنرخی (بەهرەمان) لەو ولاتەدا یەجگار زۆر بوو، هەندێکی لە کەنداوی ناوچەکەدا دەردەهێنرا و هەندێکی تری لە زەوییەوە، لە هەر جێگایەکی ئەو شارە خۆڵەکەت هەڵبدڕیایە لەم جۆرە بەردەت دەست دەکەوت، شێوەیەکی شووشەیی بریسکەداری هەبوو هەنێکیان داپۆشرابوون و کەسانی پیشەوەر پاکیان دەکردەوە، تا ئەو بەردە بەنرخەیان دەست دەکەوت، جۆری وای هەبوو رەنگی سوور بوو، هەشیان بوو زەرد و شین بوون، پێیان دەوت: نەیلەم!.

خاکی دوورگەی سەیلان زۆربەی شوێنەکانی موڵکی دانیشتوانەکەی بوو هەر پارچەیەکیت بکڕیایە دەتوانی زەوییەکەی هەڵبکەنیت و بەردی بەنرخی یاقوت دەربهێنیت خەڵکی ئەم بەردانەیان بۆ جوانکاری بەکاردەهێنا بە تایبەتی ئافرەتەکانیان ملوانەکەی هەمەڕەنگی ئەو بەردانەیان لە مل دەکرد، بەردی وا هەبوو ئەوەندە بەنرخ بوو دەگەیشتە سەد (فەنەم) نرخی هەر فەنەمێك شەش دیناری ئالتونی بوو!، لەو حاڵەتدا ئەم بەردە پێشکەش بە سوڵتان دەکرا بەڵام ئەوانەی نرخیان کەمتر بوو، ئەوا بۆ خاوەنەکەی بوو، جارێکیان فیلەکەی سوڵتانم بینی حەوت بەردی بەنرخی گرانبەهای پێوە بوو، هەروەها خۆشی قاپێکی بچوکی دروستکراو لە بەردی یاقوتی لە بەردەستدا بوو کە بۆنی خۆشی تێدا بوو!. دوای ئەم شارە رۆیشتین بۆ ئەشکەووتی "وەستا مەحمود لوڕی"، خۆی ئەشکەوتەکەی

هەڵکۆڵی بوو کەسێکی خواناس و زاهید بوو دوای پشوویەك ئنجا رۆیشتین بۆ کەنداوی بوزنە واتا: کەنداوی مەیمونەکان.

باسی مەیمونەکان

چیاکانی ئەو ناوچەیە مەیمونیان زۆر بوو رەنگیان رەش و کلکدار بوون، نێرەکانیان وەك مرۆڤ ریشیان هەبوو، کوڕی شێخ عوسمان و کوڕەکەی ئەوەیان بۆم گێڕایەوە کە مەیمونەکان بە کۆمەڵ لە ناوچەکەدا دەگەڕێن و جاری وا هەیە یەکێکیان لە پێشەوە دەڕوات، وەك بڵێی سەرکردەیان بێت، چواریش بەلای راست و چەپییەوە رێدەکەن کاتی وەها هەیە گەورەکەیان گۆچانێکی بە دەستەوەیە و چەند گەڵایەکی داریش بە سەرییەوە دەبەستێت وەك تاج، کاتێك دادەنیشێت منداڵ و ژنەکەی لە نزیکییەوە دەوەستن، پاشان یەکێك لە چوار مەیمونەکە دەکەوێتە گفتوگۆ و دواتر دەڕۆن، ئیدی ئەوەندەی پێناچێت هەر یەکێکیان بە مۆزێك یان لیمۆیەکەوە دەگەڕێتەوە پێشکەشی گەورەکەیانی دەکەن، ئەویش لەگەڵ منداڵەکانی دەیخوات.

هەروەها ئەوەشی باس کرد ووتی: گەر کیژۆڵەیەك توانای ئەوەی نەبێت بەرامبەریان بوەستێتەوە هێرش دەکەنە سەری دەڵێن: جارێك مەیمونێك هێرش دەکاتە سەر مااڵێك و کیژۆڵەکەی هاوار دەکات کاتێك بە هانایەوە دەڕۆن لە ژێر قاچەکانی دەبێت دواتر مەیمونەکە دەکوژن و رزگاری دەکەن.

پاشان لەوێوە گەشتمان کرد بۆ (خۆر خەیزەران)، ئەو جێگایەی لە پێشتر ئاماژەم پێداوە، لەوێ عەبدوڵاڵ کەفیف دوو یاقوتی لێ دەرهێنا و پێشکەشی سوڵتانی کرد ئەوەندە لەوێ نەماینەوە ئنجا چوین بۆ ناوچەیەك پێیان دەوت: (بەیت عەجوز) کە کۆتا ئاوەدانی بوو، ئەوەندە نەماینەوە ئەنجا دەرچووین بۆ ئەشکەوتی باب تاهیر و سەبیك، دەگێڕنەوە: سەبیك پاشا دەبێت و واز لە دونیاپەرستی دەهێنێت و لەو ئەشکەوتەدا سەرقاڵی خوداپەرستی دەبێت.

باسی لیکی بالّندە

لەو ناوچانەدا جۆرە بالّندەیەکی لێبوو کاتێك مرۆڤ لێی نزیك دەبوەوە لیکێکی بۆ فڕێ ئەدا پێیان دەوت: (زولو) پێویست بوو لەو کاتەدا بە چەقۆیەکی دار خێرا پاك بکرێتەوە و ئنجا خێرا خێرا ئاوی لیمۆی پێدا بکرێت، ئەگینا پێستتی دەسوتاند و تووشی خۆین بەربوونت دەکات دەگێڕنەوە: پیاوێك ناوی "بابا خوزی" دەبێت، کاتێك لەو بالّندەیە نزیك دەبێتەوە بالّندەکە دەم دەکاتەوە و لیك دەڕژێنێت بەسەر دەستیدا بەلاّم پاکی ناکاتەوە، دواتر پێستی بریندار دەبێت و تووشی خوێن بەربوون دەبێت و کۆچی دوایی دەکات، ئێستا ئەشکەوتیکی لێیە بە ناوی ئەو ناونراوە، بۆیە دەبێت مرۆڤ ئاگادارببێت لە کاتی تێپەڕ بوونی بە نێو دارستان و قامیشەلاّندا، تا لیکی ئەو بالّندەیەی بەرنەکەوێت.

پاشان چوین بۆ حەوت ئەشکەوتەکە لەوێشەوە بۆ عەقبە ئەسکندەر دواتریش بۆ ئەشکەوتی ئەسفەهانی و دواتر عەین ماء و قەلاّیەك کە ئاوەدان نەبوو جگە لەم ئەشکەوتانە.. ئەشکەوتی نارنج و ئەشکەوتی سولّتانیش هەبوون، ئیدی هەر لە نزیك ئەم ئەشکەوتانەوە دەروازی چیاکە واتا دەرگاکەی هەبوو.

چیای سەرەندیب

مەزنترین چیای[1] ئەو ولاّتە بوو، لە دەریاوە سەیرمان دەکرد دیار بوو، لە کاتێکدا نۆ رۆژەڕێ لێوەی دوور بووین، کاتێك دەچویتە سەر لوتکەی چیاکە هێندە بەرز بوو، هەوری ئاسمانت لە خوارەوە دەبینی!، دار و دارستانێکی چڕ و پڕی هەبوو، جگە لە دار جۆرەها گوڵی جوان و قەشەنگ و هەمەڕەنگی لێبوو، لەوانە:

---

[1] لە سیلانە، سریلانکای ئێستا. (وەرگێڕ)

جۆرە گوڵێکی سوور بوو بە قەد لەپی دەستی مرۆڤێك دەبوو، دەڵێن: گوایە جۆرە نووسراوێکی لێ نووسراوە ناوی خودا و پێغەمبەرەﷺ.

هەروەها لە دامێنی چیاکەدا دوو رێگا هەبوو، یەکێکیان ئاسان بوو دەڕۆیشت بۆ شوێن پێی دایکە حەوا، دووەمیش دەڕۆیشت بۆ شوێن پێی باوکە ئادەم و سەخت بوو، هەر لەوێ دەرگایەکی لێبوو لێوەی سەردەکەوتی بۆ سەرەوە. هەروەها ئەشکەووتیکی تێدابوو دەگەڕایەوە بۆ سەردەمی ئەسکەندەر، لە کۆندا چیاکە بە شێوەی پلیکانە هەڵکەندراوە و دار و میخی بۆ داکوتراوە لە گەڵ زنجیر کە ژمارەیان دوانزە زنجیر بوو بۆ ئەوەی مرۆڤ بە ئاسانی سەربکەوێت بۆ سەر چیاکە دوو لەو زنجیرانە لای دەرگای سەرکەوتن بوون حەوت زنجیری تریش لە دوای ئەمانەوە دەهاتن، بەڵام دەیەمیان لە جێگایەك بوو تا بڵێی سەخت، کاتێك مرۆڤ سەیری خوارەوەی دەکرد دەترسا بکەوێت و پارچە پارچە ببێت بۆیە پێیان دەوت: زنجیری شەهادەت چونکە مرۆڤ لە ترسی مردن شەهادەتی دەهێنا ئیدی لەوێوە تا دەگەیشتیت بە ئەشکەوتی خزر حەوت میل دوور دەبوو.

ئەشکەوتەکە لە جێگەیەکی پان و فراوان بوو رێگاکەشی پشتگوێخراو بوو دواتر کانییەك دەهاتە پێشت ماسی گەورەی تێدا بوو کەس راوی ناکرد، ئەم کانییە بە ناو ئەو ئەشکەوتەوە ناونرا بوو لەملاولای ئەو کانییەوە دوو حەوزی لە بەرد دروستکراو هەبوون، خەڵکی لە ئەشکەوتەکەدا شمەکەکانیان دادەنا و پاشان بۆ سەر لوتکەی چیاکە دەڕۆیشتن بۆ بینینی شوێن پێی باوکە ئادەم.

باسی شوێن پێی ئادەم

شوێن پێی ئادەم سڵاوی خوای لەسەر بێت لە گاشە بەردێکی مەزنی رەشدایە، دڕێژییەکەی یانزە بست دەبێت لە جێگایەکی فراوانداییە و شوێنەکەی قوڵ و ئاشکرایە لە کۆندا چینییەکان سەردانی ئەم شوێنەیان دەکرد بۆ پیرۆزی دەڵێن: ئەو

جێگایەی شوێن پەنجە کەڵەی لێی دەرچوە دەیبڕن و دەیگوازنەوە بۆ شاری (زیتونە)[1]ی ولاتی چین، بۆیە لە هەموو جێگایەکی ئەو ولاتەوە سەردانی دەکەن بۆ پیرۆزی، هەر لەو شوێنەدا نۆ چاڵی تر هەبوون کە بێباوەڕەکان ئاڵتون و زیویان تێیان دەکرد تا هەژاران هەڵیبگرنەوە، بۆیە خەڵکی پێشبڕکێیان دەکرد تا زوو بگەنە ئەو شوێنە.[2]

نەریت وابوو، سەردانیکەران سێ رۆژ لەوێ دەمانەوە و هەموو رۆژێك سەردانی شوێن پێیەکەیان دەکرد و بۆ رۆژی چوارەم دەگەڕانەوە، ئێمە بەو شێوەیە ماینەوە و دواتر گەڕاینەوە و رێگای دایکمان گرتەبەر لە ئەشکەووتی "شیتی کوڕی ئادەم" (شیم) بۆ پشوو لاماندا پاشان چوینە گوندی خور سەمەك و کورمولە و جەبرکاوان و دواتریش دیل دینەوە و گوندی ئات قەلەنجە، لەم گوندەیان بوو شێخ عەبدوڵڵا کەفیف زستانان ژیانی بەسەر دەبرد.

هەموو ئەو شوێنانەی باسیانم کرد لە چیاکەدا بوون، ئەوەی جێگای سەرەنج بوو جۆرە درەختێکی لێبوو ناوی (رەوانە) بوو درەختێکی ئاسایی بوو دەیانوت: گوایە هیچ کات گەڵای ناوەرێت!، هەندێك لە جوکییەکان بەرامبەری دادەنیشتن و چاودێرییان دەکرد، هەروەها بڕوایان وابوو هەر کەسێك لەو گەڵایە بخوات گەنج دەبێتەوە، بەڵام ئەم شتانە هەمووی ئەفسانەن و دوورن لە راستی پێشیان دەوت: درەختی رۆیشتوو، چونکە لەسەر چیاکەوە تەماشات بکردایە دوور بوو بەڵام لە ژێر

---

[1] شاری زیتونەی چین لە کۆندا خاڵی دەستپێکی رێگای ناوریشم (حریر) بووە، دەکەوێتە هەرێمی تشیوانتشۆی باشووری چین. (/ تشوانتشو //ar.wikipedia.org/wiki)

[2] بەپێی ئەو ریوایەتانەی کە مارکۆ بۆلۆی گەڕیدەی بەناوبانگ باسی کردوە، لە ساڵی ١٢٨٤ ز خانی گەورە نێردەیەکی تایبەت رەوانەی سەیلان دەکات، تا رەزامەندی خەڵکی ئەوێ بەدەست بهێنێت بۆ گواستنەوەی هەندێك پاشماوەی کۆن، لەوانە: (دوو دان و هەندێك موو لەگەڵ کەمولّەیەکی سەوزی لە بەرد داتاشراو)، بڕوایان وابووە ئەم پاشماوانە هی (بودا) یاخود (ئادەم)ە، لێرەدا دەبینین ئیبن بەتوتە ناوەکان تێکەڵ دەکات لە نێوان(شیمی کوڕی نوح و شیتی کوڕی ئادەم). (تحفة النظار، مطبوعات اکادیمیة- المملکة المغربیة، ٤ ص٨٨)

چیاکەوە نزیك بوو، هەر لە ژێر ئەم چیایەوە کانییەك هەبوو ئاوەکەی شین بوو خەڵکی بەردی بەنرخی یاقوتییان لێ دەردەهێنا.

دوای دوو رۆژ لە بەڕێکەوتنمان لەم شوێنە، چوینە (دینەوەر)، شارێکی مەزن بوو دەکەوتە سەر دەریا بە ناوی بتێکەوە ناونراوە کە لە کلێسەیەکی گەورەدا بوو، داهاتی ئەم شارە و باجەکانی تەرخان کرابوون بۆ خزمەتی ئەو شوێنە و نزیکە پێنج سەد کچی هیندی لەو بتخانەیەدا بوون، شەوانە سەما و گۆرانییان دەوت و خزمەتیان دەکرد، جگە لەوان هەزار کەس لە جوکی و بەندەکانی (بەراهیمە)ش سەرقاڵی کارکردن بوون، هەموو ئەمانە لەسەر داهاتی ئەو شوێنە دەژیان، بتەکان لە ئالتون دروستکرابوون، دەیانوت: دوو بەردی بەنرخی (یاقوت) لە چاوەکانیاندایە و بە شەوان وەك چرا دادەگیرسێن.

دوای ئەم جێگەیە چوینە(قالی) ئاوەدانیەکی بچوك بوو شەش فەرسەخ لە (دینەوەر)ەوە دوور بوو پیاوێکی مسوڵمانی لێبوو ناوی "ناخوزە ئیبراهیم" بوو بووینە میوانی پاشان گەشتمان دەستپێکردەوە رۆیشتین بۆ (کەلەنبو) لە خۆشترین شارەکانی وڵاتی سەرەندیب بوو، فەرمانڕەوا و دەسەڵاداری ناوچەکە لەم شارەدا نیشتەجێ بوو ناوی "جالستی" بوو نزیکەی پێنج سەد خزمەتکاری وڵاتی حەبەشەی لەگەڵدا بوو.

پاشان سەفەرمان کرد و دوای سێ رۆژێك گەیشتینە (بەتالە) لەوێ چاوم بە سەرکردەی کەشتیوانی "ناخوزە ئیبراهیم" کەوتەوە لە چاوەڕوانی ئێمەدا بوو، دوای پشویەك بڕیارماندا بکەوینەوەڕێ بۆ وڵاتی مەعبەر.

گەشت بەرەو ولاّتی مەعبەر

کەووتینەوە جولّە بە دەریادا مەبەستمان بوو بچینە مەعبەر[1] لەپڕ زریان هەلّیکرد، سەرکردەیەکی شارەزامان لەگەلّ نەبوو، کاتێك دوو فەرسەخێکمان مابوو بگەینە وشکانی، کەشتیەکەمان لە گاشە بەردێك گیربوو ستوونی چارۆکەکەی تێکشکا ووتمان: تەواو نقومی دەریا دەبین ئەوەندە ترساین مردنمان بە چاوی خۆمان بینی لە ترسا خەلّکەکە شمەکەکانیان فڕێ دەدایە نێو دەریاوە.

دەریاوانەکانی نێو کەشتییەکە لە داری کەشتییەکە کەلّەکێکیان دروستکرد بۆ پەڕینەوە، ویستم دابەزمە خوارەوە دوو بەندەم لەگەلّ بوو یەکێکیان میسری بوو ئەوەی تر "محەمەد فەرحان تەوزەری" بوو لەگەلّ دوو کەنیزە کە زۆر خۆشیانم دەویست، ووتیان: خۆت دەڕۆیت و ئێمە بەجێدەهێلّیت؟، ئەو قسەیە کاریگەری لێم کرد ووتم: ئێوە دابەزن من جارێ ناڕۆم، ئەوان دابەزین بۆ سەر کەلّەکەکە لەگەلّ ئەو شمەکانەی خۆم کە گرانبەها بوون هەموویان لە پریاسکەیەکدا بوون، یەکێك لە کەنیزەکانم کە زیاتر خۆشم دەویست ووتی: من مەلەوانی باش دەزانم، دەست بە حەبلەکەوە دەگرم و بە مەلە لەگەلّیان دەبم تا دەگەمە وشکانی بەو شێوەیە شمەکەکانم ئەوانەی گرانبەها بوون لە عەنبەر و یاقوت و بەردی بەنرخ رەوانەم کرد، سوپاس بۆ خوا بەهۆی باوە بە ئاسانی گەیشتبوونە وشکانی.

دەریاوانەکان ویستیان چوار کەلّەکی تر دروست بکەن، بەلاّم شەو داهات و تەواو نەکران، تا دەهات ئاوی زیاتر دەهاتە کەشتییەکەوە و پێشەوەی کەشتییەکە پڕ بوو لە ئاو، ئێمەش لە دوای کەشتییەکەوە ماینەوە و هەرچۆنێك بوو شەومان بەسەر برد، بۆ بەیانی بەندەیەك لە بێباوەڕەکان بە بەلەمێکەوە هات بۆ

[1] بەندری کرۆماندۆلە سەربە ولاّتی هیندستانە .(رحلة إبن بطوطة، تحفة النظار، طلال الحرب، ص٦٠٥)

رزگارکردنمان پێم ووت: من هاوڕێی سوڵتانەکەی ئێـوەم، کاتێـك ئـەوەیان بیسـت نامەیەکیان بۆ سوڵتان ڕەوانە کـرد کـە دوو ڕۆژێـك لەوانـەوە دوور بـوو، منـیش دیسانەوە نامەیەکی خۆمم بـۆ ڕەوانـە کـرد تـا نێـردراوی سـوڵتان گەڕایـەوە لای بێباوەڕەکان ماینەوە.

چوینە جێگایەك بۆ پشودان دارستانێکی چڕ و پڕی بوو جـۆرە میوەیـەکیان بـۆ هێنابن وەك شوتی وابوو ناوەکەی بۆش بوو شلەیەکی هەنگوینی تێدابوو حەلوایان لێ دروست دەکرد، ئـەم جـۆرە میوەیـە بـەری داری (موقلـە)، هـەروەها ماسـی بەتامیان بۆ هێنابن سێ ڕۆژێـك ماینـەوە و پاشـان نێـردراوی سـوڵتان گەیشـت، ئەمیرێك بوو ناوی "قەمەرەدین" بوو لەگەڵ کۆمەڵێك سەربازدا هەروەها نزیکـەی دە ئەسـپ و چـەند دۆلەیـەکیان پێبـوو سـەربازەکان سـواری ئەسـپ بـوون بـەڵام کەنیزەکانم سواری دۆلە بوون لەوێوە کەووتینەڕێ و چوین بۆ قەڵای (هەرکاتو) شەو لەوێ ماینەوە و بۆ بەیانیش گەیشتینە پایتەختی سوڵتان.

باسی سوڵتانی ولاّتی مەعبەر

سوڵتانی مەعبەر ناوی "غەیاسەدین دامەغانی" بوو سەرەتا ئەم پیاوە سەرباز دەبێت لای مەلیك "موجبیر کوڕی ئەبی ڕەجا"، هەروەها یەکێك بووە لـە کەسـە نزیکەکانی سوڵتان محەمەد، پاشان دەبێتە سەربازی حـاجی "ئـیبن سـەید سـوڵتان جەلالەدین" و دواتر دەسەڵات دەگرێتەدەست.

پێشتر ولاّتی مەعبەر لە ژێر قەڵەمڕەوی سوڵتان محەمەدی دهلی دەبێت، بـەڵام زاواکانی "جەلالەدین ئەحسەن شا" دەست دەکەن بە پیلانگێڕان و شۆڕش کـردن و بۆ ماوەی پێنج ساڵ جەلالەین فەرمانڕەوایی ناوچەکە دەکات و سەرنجام دەکوژرێت، دواتر یەکێك لە ئەمیرەکانی دەسەڵات دەگرێتەدەست ناوی "عەلائەدین ئـۆدەیجی" دەبێت ئەم ئەمیرەش ساڵێك لە دەسەڵاتدا دەمێنێتەوە لـەو ماوەیـەدا هێرشـێکی توند دەکاتە سەر بێباوەڕەکان و کوشتارێکی زۆریان لێ دەکات و دەگەڕێتـەوە بـۆ

ناوچەکەی خۆی، بۆ جاری دووەم دیسانەوە هێرشیان بۆ دەبات و شەڕێکی قورسیان لەگەڵ دەکات لە کاتی پشودا دەیەوێت ئاو بخواتەوە تیرێکی بەر دەکەوێت و کۆچی دوایی دەکات.

ئنجا زاواکەی دەسەڵات دەگرێتەوە دەست کەسێکی بێزراو دەبێت و دوای ماوەیەك ئەویش دەکوژرێت، پاشان سوڵتان "غەیاسەدین دامەغانی" جڵەوی فەرمانڕەوایی وەردەگرێت و هاوسەرگیری لەگەڵ کچی سوڵتان جەلالەدین دەکات..-واتا- ئەو پیاوەی من لە (دهلی) هاوسەرگیریم لەگەڵ خۆشکەکەی کرد.

چونم بۆ لای سوڵتان غەیاسەدین

کاتێك رۆیشتین بۆ لای سوڵتان لە نزیك شوێنی پشودانی خۆی چەند پاسەوانێکی تایبەتی هاتنە پێشوازیمان نەریتیان وابوو هیچ کەس ناچوە لای سوڵتان ئەگەر خوفی[1] لەپێ نەبووایە منیش خوفم پێ نەبوو وێڕای ئەوەی چەند مسوڵمانێکی لێبوو بەڵام بێباوەڕەکان لەوان باشتر بوون لە هەڵسوکەوتدا و یەکێکیان خوفێکی پێدام، سەرم سوڕما لە دڵفراوانییان!

کاتێك چومە لای سوڵتان لە بورجێکی لە دار دروستکراو دانیشتبوو، بەخێرهاتنی کردم ووتی: دانیشە پاشان بانگی دادوەر حاجی سەدر زەمان بەهانەدینی کرد و لە سێ دەواردا پشوماندا ئەوەندەی پێ نەچو خواردنیان بۆ هێناین لە برنج و گۆشت سەرەتا پێش ئامادەکردنی خواردن وەك نەریتی خۆیان دۆیان پێداین ئەو نەریتە لە وڵاتی ئێمەشدا هەیە، جگە لە خواردن راخەریشیان بۆ هێناین. دوای پشودان لەگەڵ سوڵتان دانیشتین و دەستمان کرد بە گفتوگۆ کردن لە

---

[1] گۆرەویەکی تایبەتە، لە پێستی ئاژەڵ دروست دەکرێت، کە تا ئێستاش لە هەندێك لە وڵاتانی ئیسلامی بەکاریدەهێنن . (وەرگێڕ)

بارەی دەورگەکانی زیبەتولیهل، قسەم کرد ووتم: بۆچی سوپایەك رەوانەی ئەو ناوچەیە ناکەیت؟ ئەویش ئەو بابەتەی بە راست وەرگرت ووتی: کەشتی و سەرباز دابین دەکەم لەگەڵ دیاری بۆ "سوڵتانە" و وەزیرەکانی، بەڵام دەبێت تۆ لەگەڵیانـدا بیت، هەروەها بریکاری من بە بۆ ماڕەبڕینی خۆشکی سوڵتانە و دوای پێنج ڕۆژ بگەڕێرەوە.

سەرکردەی کەشتیوانەکان خواجە سەرلەك ووتی: لە ئێستادا ناتوانین گەشت بکەین، بەڵکو دوای سێ مانگی تر ئنجا دەتوانین گەشت ئەنجام بدەین، سوڵتان لە وەڵامدا ووتی: باشە لەبەرئەوەی سێ مانگی تر گەشتکردن دەست پێدەکات بڕۆ بۆ (فەتن)،تا هۆکارەکانی گەشتکردن دەڕەخسێت ئەوکات بگەڕێرەوە.

باسی گەشتکردنی سوڵتان و دڵڕەقی لە کوشتنی ژن و منداڵ

شوێنی پشودانی سوڵتان و ناوچەکانی چوار دەوری هەموو دارستانی چڕ و پڕ و قامیشەڵان بوون سوڵتان بڕیاریدا لەگەڵ هەر کەسێك لە سەربازەکانی دار بڕێکی لەگەڵدا بێت بۆ پاککردنەوەی شوێنی پشوی خۆی و جێگاکانی نزیکی لە بەیانییەوە کاریان دەکرد تا نیوەڕۆ و پاشان پشویەکیان وەردەگرت، دووبارە خەریکی داربڕینەوە دەبوون تا ئێوارە و ئنجا دادەنیشتن بۆ ناخواردن، بێباوەڕەکان لەو شوێنە چڕەدا خۆیان حەشار ئەدا، هەر بێباوەڕێك دەستگیر بکرایە لقە داڕێکیان بەسەر پشتێوە دەبەست لەگەڵ هەر هەردوو دەستی ئنجا دەیانبرد بۆ لای سوڵتان و ئەویش بە شێوەیەکی دڵڕەقانە دەیانیکوشت.

نەریتیان وابوو لە نزیك شوێنی پشودانی سوڵتان پەرژینێکیان لە دار دروست دەکرد پێیان دەوت (کەتکەر) ئەوانەی بە دیل دەگیران لە پیاو و ژن و منداڵ لەوێدا دەکوژران، ژنەکان بە پرچەکانیان هەڵدەواسران و لەگەڵ منداڵەکان سەردەبڕان بەڕاستی سوڵتان پیاوێکی هەتا بڵێی دڵڕەق و خوێنڕێژ بوو، شەوان پاسەوانەکان و

کۆیلەکان نەدەخەوتن و پاسەوانییان دەگرت، کاتێك بێباوەڕەکان هێرشیان بهێنایە، مەشخەڵەکان کە لە قامیش دروست دەکران دادەگیرسان و ئەوکات دونیا وەك رۆژی روناکی لێ دەهات، ئنجا دەکەوتنە سەر بێباوەڕەکان و ئەوەی بە دیل دەگیرا بۆ بەیانی هەموویان لە لای کەتکەر هەڵدەواسران و دەکوژران. رۆژێکیان من و دادوەر لەگەڵیدا دانیشتبوین بۆ نانخواردن پیاوێکی بێباوەڕیان هێنا لەگەڵ ژن و منداڵەکانی، یەکێك لە منداڵەکانی تەمەنی حەوت ساڵ بوو، بانگی جەلادەکانی کرد و بە زمانی خۆیان ووتی: ((وەزن ئەو وبسر ئەو))، ئنجا ئەوەندەی پێ نەچو، هەموویان پارچە پارچە کران.

جارێکی تر خۆم لای بووم، بێباوەڕێکیان هێنا و کەوتە گفتوگۆکردن، هیچ شتێکیان لێ حاڵی نەبووم پاشان جەلادەکانی شمشیریان هەڵکێشا و لە ترسا ووتم: ئەڕۆم نوێژی عەسر ئەنجام ئەدەم سوڵتان دەستی کرد بە پێکەنین و تێگەیشت من حەز ناکەم ئەو دیمەنانە ببینم دواتر گەڕامەوە تەماشام کرد لاشەکەی لەو ناوەدا پەرشوبڵاو بووەتەوە و هەموو جێگایەك خوێنی ئەو بوو، ئەم دڵڕەقی و خوێنڕێژییەی سوڵتان بوو بە هۆی ئەوەی خودا زوو لە ناوی برد.

باسی تێکشکانی بێباوەڕەکان لەسەر دەستی سوڵتان

نزیك لە مەعبەر پاشایەکی بێباوەڕ هەبوو ناوی بیلالە دێوە بوو گەورەترین دەسەڵاتداری بێباوەڕەکان بوو زیاتر لە سەد هەزار سەربازی شەڕکەری هەبوو جگە لەوەش بیست هەزار مسوڵمانی لەگەڵدا بوو کە لە خەڵکی خراپ و بەدڕەوشت و بەندەی هەڵهاتوو پێکهاتبوون ویستی دەستبگرێت بەسەر یەکەم شاری ولاتی مەعبەردا، ئەوکات شەش هەزار جەنگاوەری مسوڵمانی لێبوو هەندێکیان شارەزای جەنگ نەبوون لە دەرەوەی شار شەڕ لە نێوانیاندا رووبدا و سوپای مسوڵمانەکان تێکشکان و گەڕانەوە بۆ قەڵای شارەکە، ئەوانیش گەمارۆیان خستە سەر قەڵاکە و (١٠) دە مانگ هەوڵیاندا قەڵاکە بشکێنن نەیانتوانی، داوایان لە مسوڵمانەکان

کرد قەڵاکە چۆڵ بکەن لە بەرامبەردا ئازاد دەبن وێڕای ئەوەی ئەوەندە خواردنیان پێ نەمابوو تەنها بەشی چوارده رۆژیان پێبوو بەڵام قایل نەبوون بە خۆبەدەستەوەدان و خێرا نامەیان رەوانە کرد بۆ سوڵتان "غەیاسەدین دامەغانی" و باسی دۆخی خۆیان کرد و داوای یارمەتییان کرد.

ئەویش لە رۆژی هەینیدا نامەکەی خوێندەوە و هەمووان گریان بۆ دۆخی مسوڵمانەکان و پەیمانیان بە خودا دا کە تا دوا دڵۆپ بجەنگن ووتیان: ئەگەر بێباوەڕەکان ئەوان لەناوبدەن دواتر ئابڵوقە دەخەنە سەر ئێمەش، لەبەرئەوە مردن باشترە وەك لەوەی لە ژێر دەستی بێباوەڕاندا بژین، ئیدی هەموو خۆیان ئامادە کرد بۆ جەنگ، سێ سەد کەس لە جەنگاوەرە قارەمانەکان لە پێشەوە خۆیان ئامادە کرد و ئەمانە بەشی پێشەوە (موقدیمە)ی سوپاکە بوون لە بەشی لای راستی (مەیمەنە)ی لەشکرەکەوە سەرکردە "سەیفەدین بەهائەدور"یان کرد بە سەرکردەی سوپاکە، کە پیاوێکی دیندار و شەرعناس بوو، بەڵام لە لای چەپی(مەیسەرە) هەوە "مەلیك محەمەد سوڵحدار" بوو خۆشی واتا سوڵتان غەیاسەدین لە ناوەڕاست(قلب) بوو سێ هەزار جەنگاوەری لەگەڵ بوو لەگەڵ سەرکردە "ئەسەدەدین کەیخەسرەوی" فارسی.

هەموو پێکەوە عەمامەکانیان دانا و بە ملی ئەسپەکانیانەوە بەست وەك هێمایەك بۆ مردن سەرەتا کەیخسرەو هێرشی کردە سەر مەڵبەندی سوڵتان و خەڵکەکەی سەرقاڵی کارکردن بوون ئەسپەکانیان لە کاتی لەوەڕدا بوو، سەرەتا وا تێگەیشتن ئەمانە چەتەن و بۆ دزی هاتوون سوپایەکی بێباوەڕەکان دوایان کەوتن بەڵام تێکشکان.

دواتر پاشای بێباوەڕەکان کە تەمەنی هەشتا ساڵ بوو، هێرشی بۆیان برد و ئەوکات شەڕێکی دژوار لە نێوانیان رووبدا و برازایەکی سوڵتان غەیاسەدین کە ناوی "ناسرەدین" دەبێت، دوای دەکەوێت و دەیەوێت بیکوژێت، یەکێك لە خزمەتکارەکان پێی دەڵێت: ئەوە پاشایە مەیکوژە ئنجا بە دیل دەیگرێت و

رادەستی سولّتان غەیاسەدینی دەکات ئەویش بە رووکەشی رێزی لێ دەگرێت، تا مالّ و دارایی و باجێکی زۆر لە بێباوەڕەکان وەردەگرێت بەرامبەر ئازاد کردنی، بەلاّم دواتر لە گەردنی دەدات و پێستەکەی کەولّ دەکات و پڕی دەکات لە کا و بە قەلاّی شارەکەدا هەلّیدەواسێت خۆم لاشەکەییم بە هەلّواسراوی بینی.

شاری فتەن

با بگەڕێینەوە بۆ باسەکەی خۆمان: مەلّبەندی سولّتانم بە جێهێشت و کەوتمەڕێ بۆ (فتەن) شارێکی مەزن بوودەکەوتە سەر رۆخی دەریا، بورجی مەزنی لە دار دروستکراوی لێبوو لەوێوە چاودێری جموجۆلّی دەریا دەکرا کاتێك کەشتی دوژمن نزیك دەبوەوە هەموو سەربازەکان لەسەر پشتی کەشتیەکانیان ئامادە دەبوون بۆ رووبەڕوو بوونەوە تا هیچ دەرفەتێك نەدەن بە دوژمن نزیك ببێتەوە، هەر لەم شارە مزگەوتیکی جوان و گەورەی لێبوو، بە بەرد دروستکرابوو جێی سەرنج بوو لەوێ چاوم بە زانا سالّح محەمەد نەیسابوری کەوت، پرچێکی درێژی هەبوو تا سەرشانی و لەگەلّ کۆمەلّە سۆفییەکی هەژاری بۆ خوا سولّحاو دەژیا، ئەم شارە میوەی هەنار و ترێی زۆر بوو ماوەیەکی باش لەوێ مامەوە.

رۆژێکیان بیستم سولّتان غەیاسەدینیان بە نەخۆشی هێناوە بۆ فەتن یەکێك لە جوکییەکانی حەپی بۆ دروستکردبوو بۆ بەهێز کردنی جیماع ئەویش زۆری خواردبوو بەهۆی ئەوەوە نەخۆش کەوتبوو، دەیانوت: یەکێك لە پێکهاتەی حەپەکە جۆرە ماددەیەکی ئاسنین بووە. لەوێ رۆیشتمە پێشوازی و دیاریشم بۆ برد پاشان نامەی بۆ سەرکردەی دەریاوانی "خواجە سەرور"ی نارد کە گرنگی بدات بەو کەشتییانەی ئامادە دەکرێن بۆ گەشتکردن بۆ دورگەی میهل، هەروەها ویستی پارەی ئەو دیاریانەش بە من بدات کە ئامادە دەکرێن، بەلاّم من رەتمکردەوە وەریبگرم، کەچی دوای ماوەیەك لە گەڕانەوەی بۆ پایتەخت، وەفاتی کرد و زۆر پەشیمان بووم ئەو پارەیەم وەرنەگرت.

دوای مانگ و نیوێك مانەوەم لە فەتن، گەشتم کردەوە بۆ پایتەختی سوڵتان شارێکی مەزن بوو شەقامەکانی پان و پۆڕ بوون، یەکەم کەسیش کە ئەو شوێنەی کرد بە پایتەخت زاوای سوڵتان "جەلالەدین ئەحسن شا" بوو، هێندە خزمەتی ئەو شارەی دەکرد دەچوێنرا بە دهلی پایتەخت چونکە پڕ بوو لە باڵەخانە وخانوی جوان و قەشەنگ بەڵام نەخۆشی و پەتا دیمەنی شاری شێواندبوو بۆ هەر جێگایەك دەڕۆیشتم نەخۆش و تەرمی مردوم دەبینی، پەتاکە هێندە سەخت بوو ئەگەر دووەم رۆژ کەسەکەی نەکوشتایە ئەوا بۆ سێیەم رزگاری نەدەبوو بە دەگمەن نەخۆشەکە تا چوارەم رۆژ بڕی دەکرد!، بەڕاستی کارەسات بوو هیچ کات لە بیرم ناچێتەوە.

لەوێ کەنیزەیەکەم کڕی ساغ بوو، کەچی بۆ رۆژی دواتر نەخۆش کەوت و کۆچی دوایی کرد رۆژێك ئافرەتێك هاتە لام و داوای یارمەتی کرد،چونکە گوزەرانی خراپ بوو پێشتر خێزانی وەزیری سوڵتان ئەحسن شا بوو کوڕێکی هەشت ساڵانی لەگەڵدا بوو هیچ گرفتێکی تەندروستییان نەبوو بەڵام بۆ بەیانی هات و داوای کفنی کرد بۆ منداڵەکەی.

هەر لەو ماوەیەدا لە کۆشکی سوڵتان نزیکەی دووسەد ئافرەتم بینی سەرقاڵی کووتینی برنج بوون بۆ خەڵکی زۆربەیان نەخۆش بوون، جگە لەوان دایکی سوڵتان و خێزانی و کوڕەکەی نەخۆش بوون، بۆ رۆژی پێنجشەممە خەڵکی کردیان بە هاوار و هەندێك دەیانوت: سوڵتان مردوە هەندێکی تر دەیانوت: کوڕەکەی مردوە، بەڵام دواتر دەرکەوت کوڕەکەی کۆچی کردبوو، ئەوەش بوو بە هۆی ئەوەی سوڵتان زیاتر نەخۆش بکەوێت و دوای چەند رۆژێك ئەویش وەفاتی کرد.

مردنی سوڵتان و گرتنە دەستی دەسەلآت
لەلایەن برازاکەیەوە و دواتر گەشت کردنم

کاتێك سوڵتان کۆچی دوایی کرد ویستم بڕۆم بۆ کۆشکەکەی بەلآم ئەترسام لەوەی فیتنەیەك رووبدات لە دەرەوە چاوم بە "ناسرەدین"ی برازای کەوت بەرەو کۆشکی سوڵتان دەڕۆیشت، ووتی: تۆش وەرە لەگەڵم بەلآم نەڕۆیشتم، کەچی دواتر پەشیمان بووم ووتم: خۆزگە بڕۆیشتمایە. ناسرەدین پێشتر خزمەتکاری پاشای هیندستان دەبێت، بەلآم کاتێك غەیاسەدینی مامی دەسەلآت دەگرێتەدەست بە پۆشاکی هەژارەوە لە هیندستان خۆی دەرباز دەکات و دەگەڕێتەوە زێدی خۆی قەدەری خوداش وابوو بچێتە سەر تەختی پاشایەتی.

لەگەڵ وەرگرتنی بەیعەتدا زانا و شاعیرەکان کەوتنە پیاهەڵدانی بە هۆنراوە و لە رۆژانی هەینیدا ناوی لە وتاردا دەخوێندرایەوە، لەوانەی هۆنراوەیان بەسەریدا خوێندەوە دادوەر "سەدرولزەمان" بوو و ئەویش پێنج سەد دیناری پێدا لەگەڵ پۆشاکی تایبەت، هەروەها وەزیر کە پێیان دەوت: دادوەر دوو هەزار دیناری وەرگرت، بەلآم من سێ سەد دینار و دەستێك پۆشاکم وەرگرت، پاشان دەستی کرد بە بەخشینەوەی یارمەتی بەسەر هەژاران و کەم دەرامەتەکاندا، هەروەها ئەو کەسەی لە یەکەم وتاریدا ناوی ناسرەدینی خوێندەوە، بە تەشت دینار و درهەمی پێدا، هەروەها بۆ ماوەی چل رۆژ ماتەمی بۆ مامی گێڕا و هەموو رۆژێك خەتمێك قورئان لەسەر گۆڕەکەی دەخوێندرایەوە، پاشان خواردن و خواردنەوەش پێشکەش بە خەڵکی دەکرا، دواجاریش هەر کەسێك بە پێی خۆی یارمەتی لە درهەم وەردەگرت، ئەم رێوڕەسمەش هەموو ساڵێك لە رۆژی وەفاتکردنیدا دووبارە دەکرایەوە.

یەکەم کارێك کە ناسرەدین دەستپێکرد وەزیری لە دەسەلآت لادا و داوای مالّ و سامانەکەشی لێکرد لە جێی ئەو وەزیر بەدرەدینی دانا، ئەو پیاوەی کە سوڵتان "غەیاسەدین دامەغانی" رەوانەی کرد بۆ فەتن و هاتە پێشوازیان، بەلآم زۆر بە زوویی کۆچی دوایی کرد و دواتر "خواجە سەرلەك"ی سەرۆکی کەشتیوانی شوێنی گرتەوە دەیوت: ئەبێت بە "خواجە جیهان" بانگم بکەن، وەك چۆن وەزیری هیندستان بانگ دەکرێت، ئنجا ووتی: هەر کەسێك سەرپێچی بکات بە چەند دینارێك سزا دەدرێت.

لە دوای ئەوە پوورزاکەی خۆی کوشت، کە زاوای مامەی غەیاسەدین بوو، دواتر ژنەکەی بۆ خۆی مارە کردەوە هەروەها مەلیك مەسعودیشی کوشت بە بیانووی ئەوەی سەردانی پوورزاکەی کردبوو لە بەندیخانە،جگە لەوانە "مەلیك بەهائەدور"یشی لەناوبرد کە یەکێك بوو لە سەرکردە قارەمانەکان، ئیتر بەو شێوەیە خەڵکانێکی زۆری لەناوبرد، بۆ زیاتر خۆ قایم کردن لەسەر کورسی دەسەلآت.

لەو کاتەدا تووشی نەخۆشی سکچون بووم ووتم: تەواو لەم نەخۆشییە هەڵناسمەوە هێندە بێهێزی کردبووم بەلآم خودا خستییە دڵمەوە کە شەربەتی خورمای هیندی بەکاربهێنم، ئەوەش لەو ولآتە زۆر بوو، تا سێ رۆژ بەردەوام لەو شەربەتەم دەنۆشی، ئیتر سوپاس بۆ خوا شیفام بۆ هات، لە دوای ئەو نەخۆشییە ئەو شوێنەم لە بەرچاو رەش بوو و بڕیارمدا گەشت بکەم و ئەوێ بەجێبهێڵم، سوڵتان ناسرەدین ووتی: هێندە کات نەماوە، دوای ماوەیەکی کەم کەشتی و دیارییەکان ئامادە دەبێت و لەسەر داوای مامی کۆچکردووم هەموو شتەکانت بۆ دەڕەخسێنم، بەلآم من رەتمکردەوە ووتم: دەڕۆم، بۆیە نامەی رەوانە کرد بۆ فەتن، کە هەر کەشتییەك ئامادە بوو ئەوا یارمەتی من بدرێت.

کاتێك چومە فەتن، هەشت کەشتی ئامادە بوون بۆ گەشتکردن بەرەو یەمەن لەگەڵیان سەرکەوتم ئەوەندەمان زانی لە دەریاوە چوار کەشتی جەنگی چەتەکان

بۆمان هەتن، کەووتینە شەڕکردن بەڵام رزگارمان بوو، بۆ پشوو چوینە کۆڵم، من سێ مانگ لەوێ مامەوە، چونکە نەخۆشییەکە لە لەشمدا مابوو سێ مانگ لەوێ بارم خست تا بە تەواوەتی چاك بوومەوە، پاشان دیسانەوە سواری کەشتی بوومەوە مەبەستم بوو بڕۆم بۆ لای سوڵتان جەمالەدین هینەوەر، لە نێوان فاکەنور و هینەوەردا دووبارە کەووتینە داوی چەتەکانەوە.

ڕاو و ڕووتی چەتەکان

کاتێك گەیشتینە دەوورگەیەکی بچوك لە نێوان فاکەنور و هینەوەردا، بێباوەڕەکان لە دوانزە کەشتیدا کەوتنە سەرمان، دوای شەڕێکی توند لە نێوانماندا بەسەرماندا زاڵبوون و هەرچی شمەکێکمان هەڵگرتبوو هەموویان لێسەندین، من هەرچییەکم پێبوو لە بەردی بەنرخی یاقوت و پۆشاك و پێداویستی تر ئەوەی کە لە دیاری وەرمگرتبوو لە پاشاکان، هەموویان برد و هیچ شتێکم لانەما جگە لە شەروالێك نەبێت ئیدی لە کەناری دەریا فڕێدراین و بە ناچاری گەڕامەوە بۆ کالیکۆت، لەوێ لە مزگەوتیکدا ماینەوە بەسەرهات و سەرگوزشتەی خۆمم بۆ خەڵکی باس کرد، دواتر دادوەر و هەندێك لە بازرگانەکان پۆشاك و پێداویستییان بۆ هێناین.

لەوێ هەوالیان پێدام کە وەزیر جەمالەدین کۆچی دوایی کردوە، دواتر وەزیر عەبدوڵڵا سوڵتانە خدیجەی دووەمی زیبەتولهلی خواستەوە، هەروەها ئەوەشیان پێ ووتم: ژنەکەم کە تەڵاقم دابوو ئەوکات سکی پڕ بوو منداڵێکی کوڕی بووە، بۆیە بیرم کردەوە گەشت بکەمەوە بۆ دوورگەی زیبەتولهل، تا چاوم بە کوڕ و خێزانەکەم بکەوێتەوە هەرچەندە تەڵاقیشم دابوو، لە هەمان کاتدا بیرم دەکردەوە من ناحەزیم لەگەڵ وەزیر عەبدوڵڵادا هەیە و ترسام لە گەشتکردن کاتێك قورئانەکەم کردوە بە ویستی خوا ئەو ئایەتە هاتە بەرچاوم کە دەفەرموێت: ﴿تتنزل علیهمُ الملائکة ان لاتخافوا ولاتحزنوا﴾، ئیدی ئومێدێك بە دڵمدا هات بۆیە بڕیارمدا گەشتەکەم بکەم،

لە دوای دە رۆژ گەیشتمە دورگەکانی سولتانە و سەرەتا چومە بەکلنوس و لەوێ پێشوازییەکی گەرمیان لێکردم و لە مالّی عەبدولعەزیز مەقدیشاوی بووینە میوان.

بەلەمێکی بچوکی داری بۆ ئامادە کردم و ئنجا رۆیشتم بۆ هولولی پێشیان دەوت: تەقجەر، ئەو دوورگەیە بوو کە سولتانە و خانەوادەکەی و خوشکەکانی بۆ پشو سەردانیان دەکرد و سەرقالّی مەلە و راوکردن دەبوون، چونکە ئەو شوێنە تایبەت بوو بە خێزانی شاهانە، هەروەها وەزیر و کاربەدەست و ئەمیرەکان دیارییان بۆیان دەبرد، لەوێ چاوم بە خوشکەکەی سولتانە کەوت لەگەلّ میّردەکەی کە ناوی خەتیب محەمەد کورِی وەزیر جەمالەدین بوو خواردن و خواردنەوەیان بۆم هێنا و پاشان هەر زوو خەلّکی دوورگەکان هەوالّیان گەیاندبوو بە وەزیر "عەبدولّلا"، ئەویش وتبووی: بۆچی مەبەستێك هاتووە؟، وتبویان: هاتووە تا کورِەکەی بباتەوە، ئنجا وتبووی: من رێگری ناکەم کورِەکەی بەرێتەوە، بەلاّم دایکی زۆر پارِابووەوە کە نەهێلّێت من منداڵەکە هەلّبگرمەوە.

دواتر رۆیشتم بۆ دورگەکەی ئەو مالّێکی لە نزیك کۆشکەکەی خۆی بۆم تەرخان کرد تا چاودێریم بکات، پۆشاك و تەنبول و گولاّوی بۆ رەوانە کردم و دواتر منداڵەکەیان بۆم هێنا، بیرم کردەوە ئەو منداڵە لە لای ئەوان بێت باشترە وەك ئەوەی لە لای من بێت بۆیە منداڵەکەم بۆ گێرِانەوە تا پێنج رۆژ لە دورگەکە مامەوە و پاشان بڕیارمدا بە خێرایی گەشت بکەم داوای مۆڵەتم لێیان کرد وەزیر بانگمی کرد و رێزێکی زۆری لێم گرت و چەند دیارییەکی پێمدا لەگەلّ ئەو دوو دەستە پۆشاکەی کە لێمیان سەند منیش وەك نەریتی خۆیان سلاّوم لێکرد و پۆشاکەکانم بۆ هەلّدایە پێشی و ئنجا نانیان هێنا و لەگەلّیدا نانم خوارد و پێکەوە لە تەشتەکەی خۆیدا دەستمان شووشت ئەمەش وەك رێزێك، چونکە لەگەلّ کەسدا دەستی ناشۆرد داوای مۆڵەتم لێکرد بۆ گەشتکردن و لاری لێ نەبوو، پاشان گولاّو و تەنبولیان بۆم هێنا و مالّئاواییم لێیان کرد.

ولاّتی بنجالە

ئنجا دەستم کردەوە بە گەشتەکەی خۆم و دوای چـل و سـێ شـەو بـە دەریـادا گەیشتمە بنجالە[1] ولاّتێکی تا بڵێی فـراوان و هـەرزانی بـوو، خـەڵکی خۆراسـان پێیان دەوت: دوزخ است پور نعمە!، واتا: جەهەنەمێکی پڕ لە نیعمەتە، برنجی وەک خۆڵ وابوو هێندە زۆر بوو، خۆم بینیم بیست و پێنج رەتڵی دهلییان بە یەک دیناری زیو دەفرۆشت، هێشتا دەیانوت گرانە!، دینارێکی زیو دەیکرد بە هەشـت درهـەم، هەروەها رەتڵێکی دهلی یەکسان بوو بە بیست رەتڵی ولاّتی مەغریبی خۆمان.

محەمەد مەسعودی مەغریبی ئەوەی بۆم گێڕایەوە کە ئەو لە کۆنەوە لەو ناوچەیە نیشتەجێ بووە ووتی: خواردنی سالێکی خۆم و کەنیزەکـەم و خزمتکارەکـەمم بـە هەشت درهەم دابین کردوە، قەدەری خودا وابوو ئەم پیاوە لـە دهلـی لـە لای مـن کۆچی دوایی کرد، هەروەها ووتی: هەشتا رەتڵ چەڵتوکم بە هەشت درهەم کـڕی و کاتێک پاکم کردەوە پەنجا رەتڵی پـوختم بـۆ دەرچـو، کـە دەیکـرد بـە (١٠) دە قەنتەرە.[2]

خۆم بینیم مانگای شیرداریان دەفرۆشت بە سێ درهەمی زیـو، مانگـای ئـەوان وەک گامێش وابوو هەروەها هەشت مریشکی قەڵەو بە یەک درهەم دەفرۆشرا، پانزە بەچکە کۆتر بە درهەمێک بوو بینیم بـەرانی قەڵـەوی قوربانییـان بـە دوو درهـەم دەفرۆشت، رەتڵێکی شەکر بە چوار درهەم بوو، رەتڵێکی دهلی لە گوڵاو بە هەشت درهەم بوو، رەتڵێک رۆن بە چوار درهەم بوو، یەک رەتڵی سیریج بە دوو درهەم بوو، باشترین جۆری پۆشاکی لۆکەی قەشەنگ سی گەز پان بوو بە دوو دینار دەفرۆشرا،

---

[1] لە مروّدا هەرێمی بنگال و بانگلادیشە .(بروانە : ar.wikipedia.org/wiki /بنغال)

[2] هەمو ئەمانە: (رەتڵ ، قەنتەرە ، نۆقیە) لە کۆندا جۆرەکانی پێوانە بوون. (وەرگێڕ)

باشترین کەنیزەت بە یەك دیناری ئالتونی دەکڕی، خۆم کەنیزەیەکی جوانم کڕی بە یەك دینار ناوی عاشورا بوو، یەکێك لە هاوڕێکانم بەندەیەکی کڕی ناوی لولوئە بوو بە دوو دیناری ئالتونی.

یەکەم جێگایەك بۆی رۆیشتین لە بنجالە شاری (سود کاوان) بوو، شارێکی مەزن بوو دەکەوتە سەر رۆخی دەریای گەورە، هەرچی ئاوی ڕوباری کەنەك و جۆن هەبوو دەڕژایە ئەم دەریایەوە، خاوەنی کەشتی مەزن بوون و هەمیشە لەگەڵ ولاّتی لەکنۆتی خەریکی جەنگ بوون.

سولّتانی بنجالە

سولّتانی بنجالە ناوی "فەخرەدین" بوو بە فەخرە ناسرابوو پیاوێکی غەریب دۆست بوو هاوڕێی هەژاران بوو بەتایبەتی سۆفییە کەم دەرامەتەکان پێشتر ئەم ولاّتە هی سولّتان ناسرەدینی کوڕی غەیاسەدین بەلبەن دەبێت لەگەڵ کوڕەکەی کەوتە ململانێ لەسەر گرتنەدەستی دەسەلاّت لە شاری دهلی، بۆیە بە سوپایەکەوە هێرشی کردە سەری، بەلاّم جەنگ لە نێوانیان رووی نەدا، ئەوە بوو کوڕە و باوك هەردووکیان لەسەر ئەسپ دابەزین و لەسەر پردێکی نێوانیان دەستیان لە ملی یەکتر کرد و ئیدی باوکی دەسەلاّتی بۆ کوڕەکەی بەجێهێشت، بەو پێککەیشتنە دەوترێت بەیەکگەیشتنی سۆز و میهرەبانی، دواتر دەگەڕێتەوە بۆ بنجالە و لەوێ دەمێنێتەوە تا کۆچی دوایی کرد.[1]

پاشان شەمسەدینی کوڕی دەسەلاّتی گرتەدەست و دوای ماوەیەك ئەویش کۆچی دوایی دەکات و کوڕێکی بە ناوی شەهابەدین دەبێتە جێنشین بەلاّم دوای ماوەیەك "غەیاسەدین بەهائەدور" ی برای بەسەریدا زاڵ دەبێت و لە ناچاریدا پەنا دەبات بۆ

[1] پێشتر باسی ئەم رووداوە کراوە لە باسی سولتان بەلبەندا. (وەرگێڕ)

سولّتان "غەیاسەدین توغلوق" و داوای کۆمەکی لێ دەکات، ئەویش یارمەتییەکی بێشوماری پێشکەش دەکات و بەسەر بەهائەدوردا زاڵ دەبێتەوە و بە دیلی دەیگرێت، پاشان کوڕەکەی توغلّوق رزگاری دەکات لە بەرامبەر ئەوەی گەر دەسەلاّتی گرتەدەست نیوەی مولّکەکەی خۆی پێ بدات.

بەلاّم کاتێک رزگاری دەبێت و دەسەلاّت وەردەگرێت، لە بەلّێنی خۆی پاشگەزدەبێتەوە و ئەویش جەنگی لەگەلّ دەکات و بەهائەدور دەکوژرێت، دواتر زاواکەی دەسەلاّتی بنجالە وەردەگرێت، ئەم سولّتانەش ئەوەندە نامێنێتەوە و سەربازەکانی هەلّدەگەڕێنەوە و فەرماندە "شا عەلی"، کە لە لەنکۆت دەبێت بەسەریدا زاڵ دەبێت، بەلاّم فەخرەدین کە دەبینێت دەسەلاّتداری لە دەستی نەوەکانی "ناسرەدین" دەرچوە، لەکاتێکدا ئەم کەسێکی نزیکیان دەبێت، بۆیە دڵی ئۆقرە ناگرێت و لەگەلّ شا عەلی دەکەوێتە جەنگ و دەست دەگرێت بەسەر ولاّتی بنجالەدا.

باسی هەژارەکە (شەیدا)

سولّتان فەخرەدین هێندە هەژاری خۆشدەویست، تا کار گەیشتە ئەوەی پیاوێکی سۆفی دەست کورتی لە ناوچەی (سەد کاوان) کرد بە جێگری خۆی ناوی شەیدا بوو، بەلاّم دوای ماوەیەک سەرپێچی سولّتانی کرد و پاشان ویستی دەسەلاّتی زیاتری خۆی بچەسپێنێت بۆیە کەوتە ستەم کردن و کوڕە تاقانەکەی سولّتان فەخرەدین دەکوژێت، لە ناچاریدا خۆی و سەربازەکانی هەلّدێن بۆ شاری سنوور کاوان، خەلّکی ناوچەکە دەترسن لەوەی سوپای سولّتان تۆلّەیان لێ وەربگرێت، بۆیە شەیدا دەستگیر دەکەن و رەوانەی ئۆردوگای سوپای سولّتانی دەکرێت و نامە رەوانە دەکرێت بۆ پایتەخت کە بە دیل گیراوە، سولّتان داوایان لێ دەکات کە بە زووترین کات سەری لە لاشەی جودا بکرێتەوە، ئەوانیش ئەوە دەکەن و سەرەکەی بۆ رەوانە

دەکەن، هەر لەگەڵ ئەودا کۆمەڵێکی زۆر لە سۆفی هەژار دەکوژرێن.

کاتێك سەردانی شاری سەد کاوانم کرد سوڵتانم نەبینی، چونکە زانیم دژی پاشای هیندستان وەستاوەتەوە، بۆیە زوو ئەوێم بەجێهێشت ویستم بچم بۆ چیاکانی کامەرۆ، نزیکەی یەك مانگەڕێ لەوێوە دوور بوون، ئەو شوێنە هاوسنوور بوو لەگەڵ چین، بە هەمان شێوە لە چیاکانی (تیبت)یشەوە نزیك بوو، کە بە مەڵبەندی ئاسکی میسکی ناسراوە.

خەڵکی ئەم چیاییانە وەك تورك خاوەنی هێزێکی سەرسوورهێنەر بوون بۆ کارکردن خزمەتکار لای ئەوان نرخی گران بوو بە پێچەوانەی جێگاکانی تر هەروەها ناوبانگیان هەبوو بۆ سیحر و جادوو نیازم هەبوو سەردانی ئەو جێگایە بکەم بە مەبەستی زیارەت کردنی گۆڕی وەلی خواناس "جەلالەدین تەورێزی".

باسی شێخ جەلالەدین

ئەم شێخە بەتەمەنە یەکێك بوو لە ئەولیا بەناوبانگەکان خاوەنی کەرامات و سەرگوزشتەی سەرسوورهێنەر بوو ئەوەیان بۆم گێڕایەوە کە ئەم شێخە لە بەغداد کۆتا خەلیفەی عەباسی "موستەعسیم بیللای" بینیوە، هەر لەوێ بووە کاتێك دەکوژرێت، هەندێك لە هاوڕێکانی ئەوەیان بۆم باسکرد، چل ساڵی بەردەوام بەڕۆژوو بووە لەسەر شیری مانگاکەی ژیاوە!، هەروەك شەوانی بە شەونوێژ بەسەربردوە پیاوێکی درێژی لاواز بووە و بە هۆی ئەو خوداپەرستییەوە خەڵکێکی زۆری چیاکان لەسەر دەستی مسوڵمان ببوون ، لە کەراماتی ئەم پیاوە ئەوە بوو هەندێك لە سۆفێکانی دوو ڕۆژە پێش ئەوەی من ببینن ، شێخ جەلال پێیانی وتبوو گەشتیارێك لە ڕۆژئاواوە دێت و سەردانیمان دەکات ئەگەر گەیشت پێشوازی لێبکەن .

دوای ئەوەی چاوم بە شێخ کەوت، ئەوێم بە جێهێشت و رووم کـردە (حەبـەنق)، شارێکی مەزن و دڵگیر بوو ڕوبارێك شارەکەی دەبڕی ناوی ڕوباری ئـەزرەق (شـین) بوو، کە لە چیاکانی (کامەرۆ)وە دەهاتە خوارەوە، خەڵکی لە رێگای ئەم ڕوبـارەوە گەشتیان دەکرد بۆ بنجالە و ولاّتی لەنکۆتی، هەتا چاوەکانی مرۆڤ بڕبکات بە لای راست و چەدا ناعور هەبوو و بۆ ئاودانی زەوییە وشکەکان بەکاردەهێنران.

شاری سنور کاوان

سـواری پشـتی بەلـەم بـووین و کەووتینـەڕێ، دوای پـانزە رۆژ گەیشـتینە سنورکاوان[1] ئەو شـارەی کـە خەڵکەکـەی شـەیدای هـەژاریان دەسـتگیر کـرد و رادەستی سوڵتان فەخرەدینیان کرد لەو ماوەیەی کـە لـە ڕوبارەکـەدا بـووین هـەر کاتێك بەلەمێك لە یەکێکی تر نزیك بوایەتەوە خێـرا لـە تـەپڵیان ئـەدا و پاشـان سلاّویان لە یەکتری دەکرد، هـەروەها سـوڵتانیش فـەرمانی دابـوو کـە هـیچ بـڕە پارەیەك لە هەژاران وەرنەگیرێت، بە پێچەوانەوە بەڵکو هـەر هـەژارێك لـە کـاتی گەیشتنی بە شار نیو دینار یارمەتی وەردەگرت.

هەر لە سنورکاوان بەلەمێکی گەورەی لێبوو، نیازیان وابوو گەشـت بکـەن بـۆ دورگەکانی جـاوە دووری نێوانیـان چـل رۆژەڕێ بـوو دوای پـانزە رۆژ لـە ڕوبـاردا گەیشتینە ولاّتی (بەرەهنەکار) خەڵکی ئەم شوێنە مالّەکانیان نزیك بە رۆخی دەریا بوو خانووەکانیان لە قامیش دروست دەکرد و میچەکەشیان بە گڵوگیا دادەپۆشـی ئەوەی جێی سەرنج بوو پیاوەکانیان بوو دەمیان وەك دەمی سـەگ بـوو ناشـیرین و نابووت بوون، بەڵام بە پێچەوانەوە ئافرەتەکانیان جوان و سەرنجڕاکێش بوون!، هـیچ جۆرە پۆشاکێکیان ناپۆشی تەنها ئەوەندە نەبێت تووڕەکەیەکی بچوکیان لە قەسەبی قامیش دروست دەکرد و عـەورەتیانی پێی دادەپۆشی.

---

[1] دەکەوێتە باشوری رۆژهەڵاتی داکاوە بە دوری ٢٥کم . (تحفة النظار ، طلال الحرب، ص٦١٧)

ئافرەتەکانیش بە گەلاّی تایبەتی دار خۆیان دادەپۆشی ئەمانە سەر بە هیندۆسەکان نەبوون بەڵکو خۆیان هۆزێکی سەرەڕۆی بێ دین بوون لەگەڵیاندا مسوڵمانی جاوە و بنجالە هەبوو هەروەها وەك ئاژەڵ ژن و ژنخوازییان دەکرد و هەیانبوو زیاتر لە (٣٠) سی ژنی هەبوو زۆر بە تووندیش سزای داوینپیسیان ئەدا گەر کەسەکە پیاو بووایە لە خاچ ئەدەرا و دەکوژرا ئەگەر ئافرەتیش بوایە ئەوا سوڵتان فەرمانی دەرئەکرد، کە هەموو خەڵکی بچنە لای ئەو ئافرەتە تا دەمرێت، بۆیە بە وریاییەوە هەڵسوکەتیان لەگەڵ ڕێبواردا دەکرد.

گیانداری فیلیان زۆر بوو لەسەر پشتی لە کەشتییەکان نزیك دەبوونەوە کڕین و فرۆشتنیان لەگەڵیان ئەنجام ئەدا بە هیچ شێوەیەك بواریان نادا خەڵکی ڕێبوار لەگەڵیان تێکەڵ بێت لە ئافرەتەکانیان دەترسان لەبەرئەوەی ئارەزووی پیاوانی ڕێبواریان ئەکرد، چونکە وەك ووتمان: -پیاوەکانیان- یەجگار ناشیرین بوون، کاتێك ئێمە گەیشتینە ئەوێ، بە بەلەمی بچوکی دار هاتنە پێشوازیمان و مۆز و بڕنج و فەوفل و ماسییان بۆ هێناین.

باسی سوڵتانی بەرەهنەکار

ڕۆژێك سوڵتانەکەی هاتە لامان لەسەر پشتی فیلێکی تایبەتی خۆی بوو پۆشاکێکی پێستی بزنی پۆشیبوو مووی پێستەکە لە دەرەوە بوو، کۆمەڵێك پاسەوانی لەگەڵیدا بوون، یەکێکیان رمێکی تیژی بە دەستەوە بوو، ئێمەش کۆمەڵێك دیاریمان پێشکەشی کرد لە پۆشاکی ئاوریشم و زەنجەفیل و بیبەر و ماسی دوورگەی زیبەتولیهل، بەڵام ئەوان پۆشاکی قوماشیان ناپۆشی، بەڵکو فیلەکانیانیان پێی دادەپۆشی هەروەها سوڵتان لە هەر کەشتییەك کە ڕووی لە ولاّتەکەی دەکرد کەنیزە و پۆشاکی ئاوریشمی بۆ فیلەکانی وەردەگرت، لەگەڵ ئالتون بۆ ژنەکەی، دەیانوت: ژنەکەی ئالتون لە پەنجەی دەست و پەنجەی

قاچەکانیشی دەکات، هەر کەسێك ئەو دیارییانە پیشکەش نەکات ئەوا سیحرێکی لێ دەکەن و بە هیلاکی ئەبەن.

سزادانی داوێنپیسەکان

جارێك لە بەندەری دەریای ئەو ولاتەدا ماینەوە، لاوێکی خزمەتکاری خاوەن کەشتییەکە لەگەڵ ئافرەتێکی یەکێك لە سەرکردەی ئەو نەتەوەیە رێککەوتبوو پیاوەکەی هەستی کردبوو، کاتێك لەگەڵ دەست و پەیوەندەکانی دەڕۆن و لە ئەشکەوتیکی نزیك دەریا هەردووکیان دەگرن پاشاکەیان ووتی: بە هیچ شێوازێك لە نەریتی خۆمان لانادین، یەکسەر عەورەتی خزمەتکارەکەیان بڕی و لە خاچ درا، ئنجا فەرمانی دەرکرد بۆ خەڵکی هۆزەکەی، کە دەبێت هەموویان بچنە لای ئەو ئافرەتە تا گیان لەدەستەدات، بەو شێوەیە هەردووکیان کوژران و پاشان بەندەیەکی خزمەتکاری پێشکەش بە خاوەن کەشتییەکە کرد لە بری لاوە لە خاچ دراوەکە !.

لە بنجالەوە بۆ جاوە

دوای ماوەیەکی کەم ئەم هۆزەمان بەجێهێشت و بە دەریادا کەووتینەوەڕێ دوای بیست و پێنج رۆژ بە ئاودا گەیشتینە دورگەی جاوە[1] ئەو شوێنەی بە رووەکی (لوبانی جاوی) بەناوبانگ بو شوێنێك بوو هەتا بڵێی سەوز و پڕ لە داری بۆنداری هیندی (عود الهندي) بوو، هەروەها رووەکی شەکی و بەرکی و نارنجی شیرین و لێموی ترش و شیرین و قەرنەفڵی بۆندار و رووەکی جمون و فەوفەلیشی زۆر

---

[1] لە کۆندا ناوی جاوە دابڕا بوو بەسەر هەمو دورگەکانی کۆماری مالیزیا وئەندۆنیسیای ئێستا ، بەڵام ئەمرۆ جاوەی گەورە ناسراوە بە جاوە، جاوەی بچوکیش دورگەی سۆمەترەیە .(المصدر السابق ـ٦١٩)

بوو، کڕین و فرۆشتنیان بە ئالتونی چینییەوە دەکرد کە جۆرە دراوێك بوو لە ئالتون دروستکرابوو.

کاتێك گەیشتین خەڵکی وەك نەریتی خۆیان بە بەلەمی بچوك هاتنە پێشوازیمان و مۆز و گوێزی هیندی و ماسی و نارنجیان پێبوو هەر کەسێکیش بە پێی ئاستی خۆی لە خاوەن کەشتییەکە یارمەتی وەردەگرت دواتر بە خێرهاتنیان کردین وڕازیبوون لە بەندەرەکە دابەزین گوندێکی مەزنی لێبوو جۆرە خانوویەکی تێدا بوو پێیان دەوت: سەرحی دووری نێوان بەندەر و پایتەختی سوڵتان چوار میل بوو کە ناوی (سۆمەترە) بوو ئیدی ئەوەندەی پێ نەچوو ئەمیری بەندەرەکە سەرکەوتە سەر کەشتییەکە تا بزانێت چی دەگوزەرێت.

پاشان هەوالّی ئێمەیان رەوانە کرد بۆ سوڵتان و پاشان ئەمیر "دەولەسە" فەرمانی دەرکرد لەگەڵ دادوەر شەریف شیرازی و تاجەدین ئەسفەهانی و کۆمەڵێك لە زانا و فەقیهەکانی تر هاتن بۆ پێشوازیمان لەگەڵ هاوڕێکانم سواری ئەسپ بووین و لەگەڵیان چووین بۆ سومەترەی پایتەختی سوڵتان شارێکی جوان و سەرنجڕاکێش بوو بورجی داری لێ دروست کرابوو لەگەڵ قەڵا بۆ چاودێری و پارێزگاری کردنی ئەو شوێنە.

سوڵتانی جاوە

سوڵتانەکەی ناوی مەلیك زاهیر بوو یەکێك بوو لە پاشا چاك و بەخشندەکان شافعی مەزهەب بوو زۆر دۆست و پشت و پەنای هەژاران بوو، هەمیشە ئارەزووی کۆڕی زانایانی دەکرد و بەردەوام لە گۆڕەپانی جەنگ و جیهاد بوو، کاتێك دەڕۆیشت بۆ نوێژی هەینی سواری ئەسپ و ئاژەڵ نەدەبوو بەڵکو بەپیادە دەڕۆیشت، زۆربەی دانیشتوانی جاوەمسوڵمان بوون و بێباوەڕەکان لە ژمارەدا کەمینە بوون و جزیەیان لێ وەردەگیرا.

رۆژێکیان چوین بۆ دیداری سوڵتان کاتێک لە کۆشکەکەی نزیک بووینەوە تەماشام کرد ڕێگەی کۆشک گیراوە و دوو پاسەوان بە ڕمەوە وەستاون، ئێمەش دابەزین و مۆڵەتیان پێدایین، ڕۆیشتین بۆ شوێنی پێشوازی و جێگیری سوڵتان هاتە پێشوازیمان و بەخێرهاتنی کردین و پاشان نامەیەکی بە خزمەتکارەکەیدا ڕەوانە کرد بۆ سوڵتان و هەواڵی ئێمەی پێی ڕاگەیاند، ئەوەندەی پێ نەچو وەڵام گەڕایەوە و دواتر خزمەتکارەکەی چەند بوخچەیەکی هێنا، جێگری سوڵتان دەستمی گرت و بردمی بۆ فەردخانە، کە شوێنی پشودانی خۆی بوو لە ڕۆژدا، ئنجا لە بوخچەکان پۆشاک و فۆتەی ئاوریشمی بۆ دەرکردین، لەگەڵ میزەر و جۆرە فۆتەیەک کە پێیان دەوت: تەحتانیات کە لە لۆکە دروستکرابوو، جگە لەوانەی باسیانم کرد هەروەها سێ جۆری تری (وستانیات) و (ئەرامیک)یان پێدایین، منیش لەجیاتی شەرواڵ فۆتەکەم بە خۆمەوە پێچا، وەک نەریتی خۆیان.

پاشان هاوڕێکانم باقی تری پۆشاکەکانیان پۆشی و ئنجا خواردنیان بۆ هێناین، زۆربەی خواردنەکە بریتی بوو لە برنج هەروەها جۆرە شەربەتێکیان بۆ هێناین کەف لەسەری نیشتبوو لە کۆتاییشدا تەنبولیان پێدایین وەک مالئاوایی، ئێمەش لە دوای ئەوە هەستاین و مالئاواییمان لێکردن و چوین بۆ بێستانێک کە بە دار پەرژین کرابوو لە ناوەڕاستییەوە خانویەکی داری لێ دروستکرابوو لە ناوەوە بە ئاوریشم ڕازێنرابووەوە هەروەها تەختە خەوێکی جوانی دروستکراو لە داری حەیزارنی تێدا دانرابوو لەگەڵ سەرینی قەشەنگ کە پێیان دەوت: بوالشت، دانیشتین و پشوماندا، جێگری سوڵتانیش لەگەڵمان بوو.

دواتر ئەمیرێک کە ناوی "دوالیسە" بوو، دوو خزمەتکار و کەنیزەی بۆ هێناین بۆ خزمەتکردن ووتیان: ئەوانە لە لای سوڵتانەوە ڕەوانەکراون، دوای پشوویەک جێگری سوڵتان ئێمەی بەجێهێشت و ئەمیر دوالیسە لامان مایەوە، پێشتر ئەوم دەناسی چونکە وەک نوێنەر ڕەوانەی لای سوڵتانی دهلی کرابوو و لەوێ ئەو پیاوەم بینیبوو و دەمناسی ووتم: کەی سوڵتان دێت؟ ووتی: لای ئێمە ڕێبوار تا سێ ڕۆژ سوڵتان نابینێت، بۆ ئەوەی پشوی تەواوی خۆی وەربگرێت.

لە ماوەی ئەو سێ رۆژەدا پشوی تەواوی خۆمان وەرگرت و سێ ژەمە خواردنیان بۆ دەهێنایین لەگەڵ میوەی دەگمەن و بەتام، بۆ رۆژی چوارەم کە رۆژی هەینی بوو ئەمیر "دوالیسە" پێی ووتم: دوای نوێژی هەینی لە مزگەوت سوڵتان دەبینن، ئێمە رۆیشتین و لە مزگەت نوێژم کرد لەگەڵ "حاجی قیران"ی پاسەوانی تایبەتی سوڵتان، دواتر رۆیشتم بۆ لای سوڵتان، بینیم لەگەڵ دادوەر دانیشتبوو و قوتابییەکان لە لای راست و چەپییەوە وەستابوون، کەوتە پرسیار کردن دەربارەی خۆم و گەشتەکەم، هەروەها پرسیاری سوڵتان محەمەدی لێکردم و منیش وەڵامی هەموو پرسیارەکانیم دایەوە، پاشان کەوتنە گفتوگۆ کردن لە بارەی مەزهەبی شافعییەوە تا کاتی نوێژی عەسر، دواتریش رۆیشتە ژووری تایبەتی خۆیەوە، جبەکەی کە پۆشی بووی جبەی زاناکان بوو دایناو پۆشاکی پاشایەتی لەبەر کرد کە پۆشاکی (ئەقبیە) بوو لە لۆکە و ئاوریشم دروستکرابوو.

باسی گەڕانەوەی بۆ ماڵەکەی لەگەڵ چۆنێتی سلاوڵێکردنی

کاتێك سوڵتان لە مزگەوتەوە دەگەڕایەوە بۆ ماڵەوە، ئەوکات فیل و ئەسپ لە بەر دەرگا ئامادە دەکران، گەر سواری ئەسپ بووایە ئەوا پاسەوانەکان سواری فیل دەبوون بەڵام بە پێچەوانەوە گەر سواری فیل بووایە ئەوان سواری ئەسپ دەبوون، زانایانیش لە لای راستییەوە رێیان دەکرد پاشان هەموویان لەگەڵ سوڵتان لە گۆڕەپانی کۆشك کۆدەبوونەوە لە وەزیر و داردور و زانایان و نووسەر و کاربەدەستەکانی دەوڵەت و فەرماندە سەربازییەکان، هەموو پۆل پۆل رادەوەستان و سەرەتا ریزی وەزیر و نووسەرەکان دەوەستان و پاشان ئەمیرەکان بوون، ئنجا زانا و نووسەرەکان بوون چوارەم ریز دانا و شاعیرەکان بوون کۆتا ریزیش فەرماندە سەربازییەکان و مەمالیکەکان رادەوەستان، هەریەك لەم ڕیزانە سلاوی تایبەتی خۆیان لە سوڵتان دەکرد و دەگەڕانەوە شوێنی خۆیان.

پاشان سوڵتان لای گومەزی گۆڕەپانەکە دەوەستا و لە لای راست و چەپێوە ئەسپ و فیلی ڕازاوە دەوەستێنران، پاشان دەست دەکرا بە نمایشی سەمای ئەسپەکان مرۆڤ هەمیشە ئارەزوی دەکرد تەماشای ئەو ئەسپانە بکات هێندە بە جوانی سەمایان دەکرد ئەم جۆرە نمایشەم لە لای سوڵتانی هیندستانیش بینی بوو، دوای ئەم ڕێوڕەسمانە ئامادەبوان مائاواییان لە سوڵتان دەکرد و ئەویش دەگەڕایەوە بۆ کۆشک.

باسی کێشەی نێوان سوڵتان و برازاکەی

سوڵتان برازایەکی هەبوو لە هەمان کاتدا زاواشی بوو، هەروەها چەند ناوچەیەکی خستبووە ژێر دەستییەوە بەڵام برازاکەی عەشقی دەچێتە سەر کچی یەکێك لە ئەمیرەکان، لەو وڵاتەش نەریت وابوو هەر کەسێك ئەمیر بێت یاخود کەسێکی ئاسایی، گەر کچی هەبوو دەبوو بە فەرمانی سوڵتان تەماشا بکرایە گەر کیژەکە قەشەنگ بووایە ئەوا بۆ سوڵتان دەبوو، کەس وکاری کچەکەش خۆشحاڵ دەبوون و پلە و پایەیان لەنێو خەڵکیدا زیاتر دەبوو بۆیە باوکی کچەکە داوای کرد سوڵتان ئافرەتێك ڕەوانە بکات بۆ بینینی کچەکەی کاتێك برازای سوڵتان هەواڵەکە دەبیستێت، خۆشەویستی زیاتری چوە سەر ئەو کچە و لە دەرفەتێك دەگەڕا بۆ هەڵگرتنی.

دوای ماوەیەك سوڵتان بە مەبەستی غەزا کەوتەڕێ بۆ ناوچەی بێباوەڕەکان لەو کاتەدا برازاکەی دەرفەت وەردەگرێت و بێ هیچ بەربەستێك خۆی دەکات بە شاری سۆمەترەدا چونکە شورا و قەڵای نەبوو، ئنجا داوای لە خەڵکەکەی دەکات تا بەیعەتی خۆیانی پێ بدەن هەندێك لە خەڵکی بەیعەتی خۆیانی پێ ئەدەن و بە پاشای نوێی خۆیان هەڵیدەبژێرن هەندێکی تریش ڕەتیانکردەوە کاتێك سوڵتان نامەی پێ دەگات بەپەلە دەگەڕێتەوە بۆ سەرکوتکردنی برازاکەی بەڵام خێرا

خۆشەویستەکەی هەڵدەگرێت و هەڵدێت بۆ ناوچەی بێباوەڕەکان لە (مل جاوە) دواتریش سوڵتان ناوچەکان دەخاتەوە ژێر دەسەڵاتی خۆی و قەڵای تۆکمەش لە سۆمەترە دروست دەکات تا پارێزراو بێت لە هەر هێرشێك. ماوەی مانەوەم لە سۆمەترە پانزە رۆژ بوو، پاشان مۆڵەتم لە پاشا وەرگرت بۆ گەشت کردن، ئەویش بە باشترین شێواز یارمەتی داین خودا پاداشتی بداتەوە کەشتی و پێداویستییەکانی بۆ ئامادە کردین.

گەشت کردن بۆ چین دەبێت لە کات و وەرزی گونجاودا بێت، بۆیە ئەو کەشتییە مەزنەی کە بۆی ئامادەکردین لە جۆری مەزنەکان بوو (جونوك) لەگەڵ کۆمەڵە خزمەتکارێك، توانیمان لە ماوەی بیست و پێنج رۆژدا هەموو ئەو ناوچانە بەسەر بکەینەوە کە لە ژێر قەڵەمڕەوی سوڵتان زاهیری سوڵتانی جاوەدا بوو، پاشان گەیشتینە مل جاوەی ناوچەی بێباوەڕەکان، زەوییەکانی ژێر دەسەڵاتیان دوو مانگەڕێ دەبوو، هەروەها بەناوبانگ بوون بە داری: ئەفاوی و قاقڵی و قوماری کە زۆر بۆنخۆش بوون، بەڵام زەوییەکانی سوڵتان زاهیر، بە داری کافور و قەرنەفڵ و بان و داری هیندی بە ناوبانگ بوون، ئێستاش باسی هەندێك لەو دارانە دەکەین.

داری لوبان

داری لوبان دارێکی بچوکە، درێژییەکەی بە درێژایی بالای مرۆڤێك دەبێت، هەروەها دڕکاوییە و گەڵاکەی باریك و ناسکە جاری وا هەیە گەڵاکەی دەکەوێتە خوارەوە و تەنها لقەکانی دەمێنێتەوە،ئەم دارە شیلەدارە و لە زۆربەی وڵاتانی ئیسلامیدا هەیە و بۆنێکی زۆر خۆشی هەیە.

باسی کافور

داری کافور وەك قامیشی شەکر وایە، بەڵکو بڕێك ئەستوورترە، کاتێك بە تیغێك دەیبڕیت لە ناوەوە بە هەمان شێوەی قەمیش دەردەکەوێت (واتا قالۆر و بۆشە- وەرگێڕ)، بۆنێکی خۆشی دەگمەنی هەیە.

داری هیندی (العود الهندي)

شێوەی وەك داری بەڕوو وایە، گەڵاکانیشی بە هەمان شێوەی گەڵای بەڕووە، بەڵام هەندێك ناسکترە و هیچ جۆرە بەرێك ناگرێت، ڕەگەکەشی زۆر درێژە و بۆنێکی زۆر خۆشی هەیە، بە پێچەوانەوە گەڵا و لقەکانی بۆنیان نییە. هەموو ئەو دارانەی کە لە نێو خاکی مسوڵمانانداا هەبوون مۆڵکی خەڵك بوون، ئەوەی لە خاکی بێباوەڕەکانیشدا بوو زۆربەیان مۆڵکی کەس نەبوون ئەوەی مولکی خەڵکی بوو ئەوە بوو کە لە قاقوڵە بوو، کە ئەم جۆرەیان بۆنخۆشترینیان بوو خەڵکی ئەم دارانەیان بە ناوچەکانی جاوە بە پۆشاك دەگۆڕییەوە، هەروەها جۆرێکی تر هەبوو پێیان دەوت: قوماری، دەتوانرا وەك مۆم بەکاربهێنرێت بۆ چاپکردنی مۆرەکان جگە لەوانەی باسیانم کرد، عەتاسیش هەبوو کە لقێکت لێی دەبڕی و لە خاکدا دەتچاندەوە بۆ ماوەیەکی زۆر دەمایەوە ئەم جۆرەیان لە هەموویان بە هێزتر و بۆندارتر بوو.

باسی قەرنەفوڵ (میخەك)

داری قەرنەفوڵ داریکی مەزنە و لە ولاتی بێباوڕەکاندا زۆرتر بوو وەك لە ولاتی مسوڵمانان هێندە زۆر بوون مۆڵکی کەس نەبوون، ئەوەشی دەگەیشتە ولاتی خۆمان ئەوە بوو کە لە گوڵەکەی بەردەبوەوە و وەك گوڵی داری نارنج وابوو پێیان دەوت: نەواری قەرنفوڵ، بەرەکەشی وەك گوێز وایە و لای خۆمان بە گوێزی تەیب

ناوی دەبەین، گولّەکەشی بە سباسە، هەموو ئەمانەم بە چاوی خۆم بینیوە.

پاشان چوین بۆ بەندەری قاقولّە، لەوێ کەشتییەکی زۆری تێدا وەستا بوو پاشان رۆیشتین بۆ شاری قاقولّە، شارێکی خۆش و دڵگیر بوو دیواری قەڵاکانی لە بەردی داتاشراو دروستکرابوون،هێندە پان بوون بە ئاسانی سێ فیل بە سەریاندا تێپەڕ دەبوو، یەکەم شتێك لە دەرەوی قەڵاکە چاوم پێکەوت فیلێك بوو داری هیندی بار کردبوو نەریتیان وابوو ئەو دارەیان دەخستە سەر ئاگر بۆ بۆن نرخیشی گران نەبوو نرخەکەی بە هێندەی بارە دارێکی لای خۆمان بوو زۆر جاریش بارێکی لەم دارەیان دەگۆڕییەوە بە قوماشی لۆکە، چونکە لۆکە لای ئەوان لە ئاوریشم بەنرختر بوو.

جگە لەوانەی باسیانم کرد فیلیان زۆر بوو جاری وا هەبوو ماڵەکان لە دوای تەواو بوونی کارەکانیان، فیلەکانیان لە لای دەرگاکان دەبەستەوە، هەروەها خاوەن دوکان و بازرگانەکانیش ئەو کارەیان دەکرد، تەنانەت ئەم نەریتە لە وڵاتی چین و خیتاش هەبوو.

باسی سوڵتانی مول جاوە

کەسێکی بێبڕوەڕ بوو، -کە بینیم- لە دەرەوەی کۆشکی شاهانە لەسەر گومەزێك دانیشتبوو و زۆربەی سەرباز و کەسە نزیکەکانی هەموو وەستابوون، تەنها سوڵتان ئەسپی هەبوو سەربازەکان لە کاتی جەنگدا فیلیان بەکاردەهێنا، کاتێك گەیشتمە لای سوڵتان ووتم: ((السلام علی من اتبع الهدی))، هیچ شتێك تێنەگیشتن جگە لە وشەی سەلام نەبێت وەڵامی سڵاوەکەمیان دایەوە بەخێرهاتنیان کردین سوڵتان فەرمانیدا پۆشاکێکیان هێنا ووتیان فەرموو: دانیشە بە وەرگێڕەکەم ووت: چۆن لەسەر پۆشاك دانیشم و سوڵتان لەسەر زەوی بێت، ووتیان: ئەوە نەریتە، چونکە تۆ میوانی و لەلای سوڵتانێکی گەورەوە هاتوویت، دەبێت تا سێ رۆژ لای ئێمە بیت و پاشان ئازاد بە لە رۆیشتن، هەروەها پرسیاری سوڵتانیان لێکردم.

شتێکی سەرسوڕهێنەر

رۆژێکیان لە مەجلیسی ئەو سوڵتانە بێباوەڕەدا دانیشتبووم، پیاوێک هات چەقۆیەکی تیژی پێبوو، بەرامبەر سوڵتان کەوتە قسە کردن و من هیچ شتێك تێنەگەیشتم، پاشان بە خێرایی چەقۆ تیژەکەی بە ملی خۆیدا هێنا و سەری خۆی بڕی، ئەوەندە چەقۆکە تیژ بوو سەری کەوتە خوارەوە، هێندە پەشۆکام نەمدەزانی چی بڵێم!، سوڵتان رووی کردە لای من ووتی: کەس هەیە لای ئێوە کاری وا بکات ووتم: نەخێر هیچ کات شتی وام نەبینیوە!، دای لە قاقای پێکەنین ووتی: ئەوە بەندەکانی منن، هێندە دڵسۆزن هەموو ئامادەن بۆ مردن، دوای ئەوەی بەندەکە سەری خۆی دەبڕی پارە و پۆڵ و خزمەتێکی زۆر پێشکەش بە منداڵ و کەسوکارەکەی دەکرا، ئنجا فەرمانی کرد تەرمەکەیان هەڵگرتەوە وەك ڕێزێك بە ئامادەبوونی هەموو کاربەدەست و ئەربابەکانی دەڵەوت تەرمەکەی سووتینرا.

دواتر پرسیارم کرد ووتم: ئەو پیاوە پێش ئەوەی خۆی بکوژێت چی ووت؟! ووتیان: ئەوەی دووپات کردەوەتەوە کە چۆن باوك و باپیری سەری خۆیان بڕیوە وەك خۆشەویستیەك بۆ باوکی سوڵتان ئەوا ئەویش هەمان کاردەکات بۆ نەوەکەی دواتر ئەو مەجلیسەم بەجێهێشت!.

دوای مانەوەم بۆ ماوەی سێ ڕۆژ کەتمەوەڕێ و گەشتم کرد بە دەریادا، دوای سی و چوار ڕۆژ گەیشتمە ناوچەیەك دەریاکەی ڕەنگی سوور بوو بەهۆی خاکەکەوەی بوو هیچ شەپۆلێك و بایەکی نەبوو کەشتییەکان بە هۆی سەولّی مەزنەوە دەریایان دەبڕی بۆ هەر سەولّێکی مەزن سی کەس تەرخان دەکران نیوەیان لە لایەك دەوستان و نیوەکەی تر لە لایەکی تر، نێوان سەولّەکان بە گوریسی گەورە بەستراببووەوە کاتێك کۆمەڵەی یەکەم گوریسەکەیان ڕادەکێشا بەریان ئەدا و دووەم کۆمەڵە بە خێرایی ڕایاندەکێشایەوە لەو کاتەدا بە دەنگێکی خۆش گۆرانییان

دەچڕی بەو شێوەیە هەر کەشتییەکی مەزن بە دەریادا رادەکێشرا، لەگەڵ هەر جنوکێك سێ بەلەم هەبوو.

ناوچەی تەوالێس

نزیکەی سی و حەوت رۆژ لە دەریادا ماینەوە، بەڕاستی دەریاوانەکان هەتا بڵێی شارەزا و ئازا بوون، ئنجا دوای ئەوەندە رۆژە گەیشتینە ولاتی (تەوالێسی)[1] بۆیە وایان پێی دەوت: چونکە خاوەنی خاکێکی فراوان بوون و جوان و ئازابوون لە ڕەنگ و ڕوخساردا وەك تورك وابوون ژنەکانیشیان وەك پیاو دەجەنگان، خاوەنی کەشتی جەنگی زۆر بوون و جارجار لەگەڵ چینییەکان دەکەوتنە جەنگەوە و پاشان خەڵکی چین سوڵحیان لەگەڵیان دەکرد.

خەڵکی تەوالێسی بتپەرست بوون ڕەنگیان سوور بوو لە بەندەری شارەکەیان لاماندا کە ناوی (کیلۆکریە) بوو لە جوانترین شارەکانی ئەو گەلە بوو کاتێك لە بەندەرەکەی لاماندا سەربازەکانیان هاتن و سەرکردەی کەشتییەکان دیارییان پێشکەش بە کورێ پاشا کرد ووتیان: باوکی ناوچەیەکی تری پێی داوە و ئێستا خۆشکەکەی ئەمیری ئەم شارەیە و ناوی "ئوردوجا"یە.

پاشا ئافرەتەکە ئۆردوجا

بۆ دووەم رۆژ لە شاری کیلۆکریە، پاشا داوای کردبوو هەموو ئامادەبن بۆ خوانێکی تایبەتی شاهانە لەسەر نەریتی خۆیان بانگی سەرکردەی کەشتییەکان (ناخوزە)ی کردبوو لەگەڵ (کرانی) واتا: نووسەر و بازرگانەکان و ئەمیری سەربازەکانی نێو کەشتی (تەندیل)، لەگەڵ فەرماندەی گشتی ئەفسەرە

---

[1] تەوالێس : دورگەکانی ئەرخەبیل و سولویە لە ولاتی فلپین .(مصدر السابق ص٦٢٦)

سەربازییەکان، بەڵام من نەمویست ئامادەی ئەو خوانە بەم چونکە لە رووی شەرعەوە شتێکی نادروست بوو بۆیە ووتم: ئێوە بڕۆن و من ئامادە نابم، کاتێک رۆیشتبوون پاشا ئافرەتەکە وتبووی: کەس هەیە لە ئێوە نەهاتبێت؟ ئەوانیش وتبوویان: بەڵێ تەنها (بەخشی) نەهاتووە بە زمانی خۆیان واتا: دادوەر وتبوویان بۆیە نەهاتووە، چونکە خواردنی ئێوە بە حەڵاڵ نازانێت، لە وەڵامدا وتبووی: بڕۆن بانگی بکەن.

کاتێک رۆیشتم بۆ ئەوێ بەخێرهاتنی گەرمی کردم ووتی: بەخێر بێی حاڵت چۆنە تۆ باشیت؟ منیش سوپاست کرد تەماشام کرد کۆمەڵێک ئافرەت لە نزیکی لەسەر کورسی دانیشتبوون لەگەڵ خزمەتکارێکی زۆر، شوێنەکە بە ئاوریشمی رەنگاورەنگ رازێنرابووەوە، هەروەها پەرداخ و سینی و قاپ و قاچاخی ئالتونی قەشەنگ دانرابوون سەرکردەی کەشتییەکان پێی ووتم: ئەو قاپە زێڕانە پڕن لە شەرابی تایبەت و بەتام.

پاشا ئافرەتەکە کەسێکی زیرەک و شارەزا بوو زمانی عەرەبیشی دەزانی بە زمانی خۆیان ووتی: ((داوەتوە بەتک کاتور)) واتا: کاغەز و مەرکەبم بۆ ئامادە بکەن، ئنجا نوسی: بسم الله الرحمن الرحیم، ووتی: ئەمە چییە؟، ووتم: تەنکەری بە زمانی خۆیان واتا: ناوێکی خودای مەزنە، ووتی: خەشن خۆش، واتا: دەستخۆش تەواوە، دواتر کەوتە پرسیار کردن ووتی: لە کوێوە هاتویت؟، ووتم: لە هیندستان. ووتی: ولاتی بیبەر ووتم: بەڵێ، پاشان پرسیاری سوڵتان و مەملەکەتەکەی لێپرسیم، منیش وەڵامی پرسیارەکانیم دایەوە و باسی فراوانی خاکی هیندستان و داهات و سامانی ئەو ولاتەم کرد، ووتی: بێگومان دەبێت رۆژێک ئەوێ داگیر بکەم و بیخەمە ژێر رکێفی خزمەوە، دواتر کۆمەڵێک دیاری پێشکەش کردم، کە بریتی بوون لە: پۆشاک و دوو باری فیل لە برنج لەگەڵ دوو گامێش و دە بزن و دوو رەتڵ لە گوڵاو لەگەڵ زەنجەفیل و بیبەر و لیمو و عەمبە هەموو ئەوانە شوێر کرابوون، تا لە کاتی بارکردن لە دەریادا تێک نەچن.

سەرکردەی کەشتییەکان باسی ئەم پاشا ئافرەتەی بۆم کرد ووتی: خاوەنی

سەربازێکی زۆرە لە ئافرەت و پیاو و خۆشی کەسێکی هەتا بڵێیت پاڵەوانە، جارێکیان لەگەڵ دوژمنەکانی دەکەوێتە جەنگێکەوە و سەربازێکی زۆری لەناودەچێت لەوەدا دەبێت کە لە جەنگەکەدا بدۆڕێت بەڵام خۆی بە شەڕەوە بەناو سەربازەکاندا دەڕوات تا دەگاتە سەرکردەی سوپای دوژمنەکانی جەنگی لەگەڵ دەکات و دەیکوژێت و کەللەی سەری لێدەکاتەوە بە رمێکەوە هەڵیدەواسێت.

بەو شێوەیە سەربازەکانی دوژمنەکەی چاوترسێن دەبن و پاشەکشە دەکەن دواتر لە بەرامبەر وەرگرتنەوەی سەری پاشاکەیان پارەیەکی زۆری پێشکەش دەکەن بۆیە لە بەرامبەر ئەو نەبەردییەدا باوکی ئەو ناوچەیە دەخاتە ژێر دەستییەوە زۆرێك لە کۆڕی پاشاکان داوای هاوسەرگیری لێ دەکەن بەڵام رەتی دەکاتەوە شوو بکات و دەڵێت: مەرجم ئەوەیە هەر کەسێك دەیەوێت هاوسەرگیریم لەگەڵدا بکات با لەگەڵمدا بجەنگێت ئەگەر تووانی بەسەرمدا زاڵ بێت ئەوا شووی پێ دەکەم تا ئێستا کەس نەیوێراوە ئەوە بکات چونکە دەترسن بدۆڕێن کە ئەوەش زۆر شورەییە!.

گەیشتن بە چین

دوای ناوچەی تەوالیسی کەووتینەڕێ بەرەو چین، دوای حەڤدە رۆژ گەیشتینە ئەوێ، بەڵام لەو ماوەیەدا هیچ گرفتێکمان بۆ دروست نەبوو، هەروەها کەشوهەواش گونجاو و لەبار بوو. ولاتی چین خاکی زۆر فراوان و بەپێت بوو، هێندە میوە و خواردن و کانزا و مەعدەن و ئالتون و زێڕی زۆر بوو هیچ جێگایەکی دونیا نەبوو هاوشێوەی چین بێت، ڕوبارێکی لێبوو بەناوبانگ بوو پێیان دەوت: ڕوباری سەرۆ، درێژییەکەی شەش مانگە ڕێگا دەبوو، لە چیاکانی نزیك خان باڵقەوە هەڵدەقوڵا، بەو چیایانە دەوترا (کوە بوزنە) واتا: چیای مەیمونەکان بە درێژایی ئەو ڕوبارە خەڵکی چین لەسەری هەموو جۆرە کشتوکاڵێك دەچێنن و پشت بە ناعور دەبەستن بۆ ئاودانی زەوییە وشکەکان.

هەموو ئەو میوانەی کە لەم ولاتەدا هەبوون، زۆر بەتام و چێژتر بوون لە

جێگاکانی تر، بۆ نمونەنە شوتییەکانی لە شوتی خەواریزم بەتام و ناسکتر بوون میوەی (ئیجاسە)ی لە هی عوسمانی ولاتی شام بەچێژتر بوو، قامیشی شەکری زۆر لەوانەی میسر باشتر و بەنرختر بوو، گەنم و جۆیەکەی هەر مەپرسن ئەوەندە جوان و بەپێز بوون، کە گەنمی هیچ هەرێمێکی دونیای پێ نەدەگەیشت، هەروەها نۆك و نیسکیش.

قاپی فەخفوری چینی

فەخفوری چینی تەنها لە شارەکانی کەلان و زیتونەی چین بەرهەم دەهێنرا، چۆنێتی دروستکردنی شێوازی تایبەتی خۆی هەبوو سەرەتا خۆڵی چیایەکی لای خۆیان ئامادە دەکەن و پاشان وەك خەڵوز ئاگری دەدرێت، ئنجا جۆرە بەردێکی تێ فڕێنەدرێت و بۆ ماوەی سێ رۆژ بەو ئاگرەوە دەمێنێتەوە، دواتر ئاوی پێدا دەکەن و دەبێتە خۆڵەمێش جارێکی تر ئەو خۆڵەمێشە دەخرێتەوە نێو ئاوەوە بۆ ماوەی یەك مانگ دەمێنێتەوە و وەك هەویر نەرم دەبێت و ئامادە دەبێت بۆ دروست کردنی پارچەی فەخفوری، جۆرێکی تریشیان هەیە بۆ ماوەی دە رۆژ لە ئاودا دەمێنێتەوە، بەڵام ئەم جۆرەیان نرخی هەرزان بوو، دەگوازرایەوە بۆ هیندستان و هەموو هەرێمەکانی تری دونیا، ئەوەی کە لە ولاتی مەغریبی خۆمان هەیە لەو جۆرە هەرزانەیە قەشەنگ و سەرنجڕاکێشە.

باسی مریشکی چینی

مریشك و کەڵەشێری ولاتی چین گەورە بوون و بە هێندەی قازێك دەبوون بەڵکو گەورەتریش هەروەها هێلکەکەشی لە هێلکەی قاز مەزنتر بوو جارێکیان مریشکێکم کڕی لە مەنجەڵێکدا جێگای نەبووەوە بەڵکو لە دوو مەنجەڵدا کولاندم بە پێچەوانەوە قاز و مراوییان بچوك بوون جۆرە کەڵەشێرێکیان هەبوو بە هێندەی حوشترملێك دەبوو جار هەبوو پەڕەکانی لە خۆی دەکردەوە و تەنها چەند پەڕێك نەبێت گۆشتەکەی بەدەرەوە بوو!.

یەکەم جار کە کەڵەشێری چینیم لە کۆڵم بینی وامزانی حوشترملە، سەرم سووڕما لە گەورەیی ئەو کەڵەشێرە، یەکێك لە هاوڕێکانم ووتی: جۆری تریان هەیە لەوەش گەورەترە، بەڕاستی قسەکەی وا دەرچو و کاتێك گەیشتمە چین، بە چاوی خۆم بینیم!.

باسی خەڵکی چین

چینییەکان بتپەرست و بێبڕاوەڕ بوون، وەك هیندۆسەکان مردووەکانیان دەسووتاند لە هەموو شارێك شوێنی تایبەت هەبوو بە مسوڵمانەکان و رێزی تایبەتیان لێیان دەگرت، هەروەها هەموو جۆرە خواردنێکیان دەخوارد وەك گۆشتی سەگ و بەراز و لە بازاڕیشدا دەفرۆشرا خەڵکەکەی دەوڵەمەند و خۆش گوزەران بوون، بەڵام لە کاتی بۆنە و ئاهەنگەکاندا زیاتر قاپ و قاچاخی ئالتونی بە لایانەوە گرنگ بوو نەك پۆشاك، بازرگانی وایان هەبوو خاوەنی سامانێکی بێشومار بوو کەچی پۆشاکێکی سوفی زیری دەپۆشی، هەروەها زۆربەیان گۆچانێکیان بە دەستەوە بوو دەیانوت: ئەوە قاچی سێیەمە، ئاوریشمیان یەجگار زۆر بوو، چونکە دارەکانی ئەو وڵاتە کرمی ئاوریشمی زۆر بوو لەسەر بەرهەمەکان دەژیا بۆیە پێویستی بە خەرجی زۆر نەبوو، بەڵام لۆکەیان کەم بوو نرخیشی گران بوو جاری وا هەبوو چەند پۆشاکێکی ئاوریشمیان دەگۆڕییەوە بە لۆکە!.

لە نەریتی بازرگانەکاندا وابوو ئالتونەکانیان لە قاڵب ئەدا و پێیان دەوت: قینتار، ئەگەر ژمارەی قاڵبەکان بگەیشتایە بە پێنج، خاوەنەکەی ئەڵقەیەکی لە پەنجەی دەکرد، ئەگەریش دە قاڵب بووایە ئەوا دوو ئەڵقەی لە دەستی دەکرد، بەڵام گەر کەسەکە دەوڵەمەند بووایە و ژمارەی قاڵبەکانی بگەیشتایە بە پانزە، پێیان دەوت: ستی وەك چۆن لە میسر دەڵێن: کارمی ،(چۆن لای خۆمان دەڵێن لۆرت- وەرگێڕ)، بەیەك پارچە دەڵێن: بەرکالە . پاشاکەیان تەتارە لە نەوەی جەنگیزخان بوو.

دراوی کاغەز

چینییەکان دراوێکی تایبەتیان هەبوو کە لە هیچ جێگایەکی دونیا لەو جۆرە دراوە نەبوو ئەویش پارچە کاغەزێك بوو مۆری پاشای پێوە بوو وەك دیناری لای خۆمان وابوو بە پارچە کاغەزێکی بیست و پێنجی دەوترا: بالّشت، بۆ هەر شوێنێك بڕۆیشتبای پێویستی دەکرد لەم جۆرە دراوەت پێبێت ئەگینا نەتدەتوانی هیچ کارێکی کڕین و فرۆشتن ئەنجام بدەیت گەر کەسێك دراوێکی تری پێبووایە وەك زیو یان ئالتون، ئەوا دەبوو بڕواتە جێگای تایبەت کە بە مالّی (سکە) ناویان دەبرد لەوێ پارەکانی دەگۆڕییەوە بە بالّشت و ئەوکات دەیتوانی شمەك بکڕێت، ئەگەر هاتوو ئەو دراوە لە دەستی کەسێکدا بدڕایە، یاخود پارچە پارچە بووایە ئەوا لە مالّی سکە کۆنەکەی رادەست دەکردەوە لە بری ئەوە یەکێکی نوێی وەردەگرت بێ ئەوەی هیچی لێ وەربگیرێت بەڵکو دەوڵەت خۆی ئەو کارەی لە ئەستۆ دەگرت و فەرمانبەری تایبەتی بۆ ئەو کارانە دابین کردبوو!.

ئەو خۆڵەی کە وەک خەڵوز دەیسووتینن

جۆرە بەردێکیان هەبوو ڕەنگی وەك پاشەڕۆی ئاژەڵ بوو بە باری فیل دەیانهێنا بۆ ئاگرکردنەوە بە کاریان دەهێنا کاتێك دایاندەگیرساند گەرمییەکی زۆری هەبوو دواتر پاشماوەکەی دەبووە خۆڵەمێشێکی سپی و پاشان ئاویان پێدا دەکردەوە و وەك هەویر دەیانشێلا و ئنجا وشکیان دەکردەوە و دووبارە بەکاردەهێنرایەوە بەو شێوەیە خۆڵەمێشەکە بەردەوام بەکاردەهێنرایەوە تا ئەو کاتەی هیچی نەدەمایەوە هەروەها ئەم جۆرە خۆڵە بەردی تایبەتییان تێدەکرد و بۆ دروستکردنی فەخفوری بەکاریان دەهێنا.

باسی دەستڕەنگینی چینییەکان و شارەزاییان لە بواری پیشەسازیدا

چینییەکان لە هونەری پیشەسازیدا بەناوبانگن، خەڵکی هیچ جێگایەکی دونیا بەواندا ناگەن هێندە شارەزا و ژیر و کارامەن ناو و ناوبانگیان لە هەموو جیهاندا دەنگی داوەتەوە، هەندێك لە وەسفیاندا لە پەرتوکەکانیاندا زیادەڕەویان کردوە هەروەها لە بواری وێنەکێشاندا نمونەنەیان کەمە تەنانەت لە خەڵکی رۆمیش بەتواناترن!، لەو ماوەیەی کە لە ولاّتی چین بووم بۆ هەر شار و شارۆچکەیەك دەڕۆیشتم وێنەکەی خۆم و هاوڕێکانم لە سەر کاغەز دەکێشرا و بە دیواردا هەڵدەواسرا.

رۆژێك لەگەڵ هاوڕێکانم رۆیشتین بۆ کۆشکی شاهانە و پۆشاکی عێراقیمان پۆشی بوو، کاتێك گەڕاینەوە بینیم وێنەی خۆم و هاوڕێکانم بە دیواری بازاڕدا هەڵواسرابوون، وێنەکان ئەوەندە بە جوانی کێشرا بوون هەر یەکێکمان تەماشای وێنەی خۆی دەکرد، کوتومت وەك خۆی وابوو، کاتێك پرسیارم کرد چۆن ئەنجام دراوە؟!، ووتیان: پاشای ولاّت فەرمانی کردوە تا وێنەکانتان بکێشرێت، چونکە ئەوە نەریتە و گەر هەر کەسێکی رێبوار روو لە ولاّتی چین بکات ئەوا هەر بە زووبی وێنەکەی دەکێشرێت، لە کاتێکدا گەر کەسەکە کارێکی نابەجێی کرد و هەڵهات ئەوا وێنەکەی بە هەموو هەرێمەکاندا بلاّودەکرێتەوە تا دەستگیر دەکرێت و باجی تاوانەکەی وەردەگرێت.

ئیبن جوزەی دەڵێت: نمونەنەی ئەوەی باسمان کرد، وەك چیرۆکی (سابوری شان)[1]ی پاشای ولاّتی فارسە، کاتێك دەڕواتە ولاّتی رۆم خۆی دەگۆڕێت و وا خۆی

---

[1] ئەم چیرۆکە پەیوەندی بە پاشای ساسانی (شاپوری دووەمەوە) هەیە، کە بەوە ناسراوە هەمیشە کێشمەکێشمی هەبووە لەگەڵ پاشاکانی رۆم و قوستەنتینیە، لە کۆتاییدا دەستگیر دەکرێت و لە بەندیخانە لە پێستی گۆێدرێژدا دەیبەستنەوە، بۆیە پێی دەڵێن شاپوری شان، چونکە دوژمنەکانی دەگرت و شانیانی کون
←

دەرئەخات کەسێکی ئاساییە دواتر بەشداری ئاهەنگێکی پاشای رۆمەکان دەبێت، کاتێك خزمەتکارەکان تەماشای سابور دەکەن لەو وێنەیە دەچێت کە لە نێو یەکێك لە قاپە فەخفوورییەکاندا کێشراوە بۆیە بە پاشاکەیان دەڵێن: پێدەچێت کیسرا لەم خوانەدا لەگەڵمان بێت، بەم شێوازە ئەم چیرۆکە لە دووتوێی پەرتوکەکاندا باس کراوە!.

باسی نەریتیان لە بەڕێکردنی کەشتییەکاندا

لە کاتی بەڕێکردنی کەشتییەکی مەزن (جنوك)دا، نووسەری تایبەت بە رێکخستن و چاودێری کردنی دەریا هەڵدەسا بە تۆمارکردنی ناوی هەموو ئەو کەسانەی بەشدار دەبوون لەو گەشتە دەریاییەدا لە سەرباز و دەریاوان و کرێکار و پیشەوەر و بازرگان، دوای ئەوەی لە گەشتەکەش دەگەڕانەوە، دووبارە بە ناوی سەرنشینی کەشتییەکەدا دەچونەوە، گەر کەسێك لەناو بچوایە دەبوو بەڵگەی تەواوەتی پێشکەش بە ولاّت بکەن و باسی هۆکاری لەناوچونەکەی بکەن ئایا خنکاوە یاخود ونبووە یان کوژراوە یان رایکردوە، ئەگینا دەست بەسەر کەشتییەکە و خاوەنەکەیدا دەگیرا.

دوای تەواو بوون لە لێکۆڵینەوە لە سەرنشینەکان، دیوانی چاودێری دەستیان دەکرد بە ژماردنی کالاّ و شمەکە هاوردەکان گەر خاوەن کەشتییەکە شتێکی بشاردایەتەوە بۆ خۆ دەربازکردن لە باج، ئەوا دەست بەسەر کەشتی و هەموو کەلوپەلە بارکراوەکەی نێویدا دەگیرا، ئەمەش جۆرێك بوو لە ستەم و لە هیچ جێگایەکی تر ئەو ستەمەم نەبینیوە جگە لە چین نەبێت، لە هیندستانیش سزا هەبوو بەلاّم بەو شێوەیە نەبوو بۆ نمونەنە ئەگەر دەستیان بەسەر شمەکێکی شاراوەدا

دەکرد و بە گوریس هەڵیانی دەواسی، تا یەك کەس لە بەرهەڵستکارانی نەمێنێت، ئەم رووداوە میژوونووسی فارسی (میرخاوەند) باسی کردوە. (تحفة النظار، إبن بطوطة ، مطبوعات اکادیمیة- المملکة المغربیة، م ٤ ص ١١٣)

بگرتایە، ئەوا بە هێندەی یانزە جاری نرخەکەی خۆی باجیان لێی وەردەگرت دواتر سوڵتانی هیندستان ئەوەشی لابرد چونکە جۆرێك بوو لە ستەم.

نەریتیان لە پاراستنی بازرگان و ئاسایشی ڕێگاوباندا

کاتێك بازرگانێکی مسوڵمان ڕووی لە هەر هەرێمێکی چین دەکرد، ئازاد دەبوو لە لای بازرگانێکی چینی مسوڵمان دەمێنێتەوە یاخود لە میوانخانە، ئەگەر لە لای بازرگانە مسوڵمانە چینییەکە بووایە، ئەوا ئەو بەرپرسیارێتی پاراستنی مااڵەکەی دەگرتە ئەستۆی خۆی ئەگەر هەر شتێکی لە ناو بچوایە دەبوو خۆی باجەکەی بدات بەاڵم ئەگەر لە میوانخانەکان بمایەتەوە ئەوا ئەوان بەرپرسیار دەبوون لە پاراستنی ماڵ و شمەکەکانی، گەر ڕێبوارەکان ویستیان لە کرینی کەنیزە هەبووایە ئەوا خاوەنی میوانخانەکان ئەو کارەیان بۆ ئەنجام ئەدا، یاخود هەر پێویستییەکی تر لە خواردن و گۆشتی قاز و مریشك و پێداویستی تر بەاڵم گۆشتی بەرخ و ئاژەاڵیان کەم بوو.

وڵاتی چین مەملەکەتی جوانی و خراپەکاری بوو، مرۆڤ هەر کاتێك بیویستایە، دەیتوانی کەنیزە بکڕێت چونکە فرۆشتنی کچان لای ئەوان شوورەیی نەبوو نرخیشی هەرزان بوو، ئەگەر خۆی بیویستایە دەیتوانی لەگەڵ بازرگانەکاندا بڕوات و زۆریشی لێ نەدەکرا ئەگەر خۆی نەیویستایە ئەو کارە ئەنجام نادرا یاخود ئەگەر لەسەر ئارەزووی خۆی بووایە شوو بکات ئەوا ڕێگای لێ ناگیرا خەرجکردنی پارە و پوڵ بۆ کاری بەدڕەوشتی هێندە زۆر بوو باس ناکرێت لەگەڵ ئەوەشدا هەتا بڵێی ئارام و پاریزراو بوو بۆ ڕێبوار و بازرگانەکان خۆیان دەیانوت: نابێت گوێبیستی ئەوە ببین لە وڵاتانی ئیسالمی بڵێن: بازرگانەکان سەرمایەکانیان لە چین لەدەستداوە!.

بۆیە چین لە ئارامترین شوێنەکانی دونیا بوو بۆ بازرگانی و هاتوچۆکردن مـرۆڤ دەیتوانی بۆ ماوەی (٩) نۆ مانگ بەو ولاتدا بگەڕێت بێ ئەوەی لە هـیچ گرفتێـك بترسێت گەر مالّ و سامانێکی زۆریشی پێ بووایە ترسی چەتە و ڕێگری نەبوو، لـە ڕێگـادا خـالّی چـاودێری هـەبوو لـە شـارەکانیش فـەرمانڕەوای ناوچـەکە لەگـەلّ سەربازەکانی ئاسایشیان دەپاراست، لە دوای نوێژی شێوان فەرمانڕوای شـار خـۆی دەهات و ناوی ڕێبوار و بازرگانەکانی لە میوانخانەکان تۆمار دەکرد، ئنجا دەرگای دائەخست و بۆ کەسیش نەبوو تا بەیانی بیکاتەوە بۆ بەیانی دووبارە دەهاتەوە بە تۆماری ناوەکاندا دەچوەوە تا بزانێت گرفتێك دروست بووە یـان نـا، بـەو شـێوەیە پارێزگاریان لە ئاسایشی ولاّتی خۆیان دەکرد هەر لە چینەوە تا خان بالّق!.

با بگەڕێینەوە بۆ باسەکەی خۆمان: دوای بڕینی دەریا، یەکەم ئاوەدانییەك بۆی چوین شاری (زیتونە)[1] بوو، هەرچەندە بە ناوی زیتونەوە ناونراوە، بەلاّم یەك داری زیتونی تێدا نەبوو نە لەوێ و نە لە هیچ جێگایەکی تری چـین، شـارەکە دەکەوتـە سەر ڕۆخی دەریا، لەگەلّ ئەوەشدا کەنداوەکەی درێژ دەبوەوە تا تێکەلّی ڕوبـارێکی مەزن دەبوو.

زەیتونە مەلّبەندی بازرگانی و پیشەسـازی بـوو چـونکە ڕوبـار و کەنـداوەکانی وایکردبوو ببێتە شوێنێکی گرنگی جولّەی بازرگانی و بە سەدان کەشـتی زەبـەلاح (جنوك) لە ئاوەکانیدا لەنگەریان گرتبوو بچوکیش هەر لە ژمارە ناهات هێندە زۆر بوون بەندەرەکانی لە مەزنترینی بەندەرەکانی دونیا بوون هەر لەم شارەدا پۆشـاکی بەناوبانگی (ئەتلەس و کەمخا) دروست دەکران کە باشتر بوون لە جۆرەکانی (خەنسا و خان بالّقی)، کاتێك لەوێ بووم چاوم کەوت بە ئەمیری شارەکە بە نیـاز بـوو بـە کۆمەلّێك دیاریـیەوە سەردانی پاشای هیندستان بکات، سلاّوی خۆم لێکرد و مـنی بە خاوەنی دیوانی چاودێری ناساند بەلاّم دواتر بیسـتم کـە ئـەمیر کەشـتییەکەیان

---

[1] لە کۆندا سەرەتای دەستپێکی ڕێگای ناوڕیشم بووە،.(/ تشوانتشو/ar.wikipedia.org/wiki)

نوقمی دەریا دەبێت و خۆشی رزگاری نابێت. هەر لە زەیتونە بازرگانی مسوڵمانی لێبوو، خۆشحاڵ دەبوون کاتێك چاویان بە مسوڵمانان دەکەوت، هێندە یارمەتییان پێشکەشی دەکرد لە زەکات و سەدەقات، ئەویش وەك ئەوان دەبوو بە خاوەنی سەروەت و سامان.

دوای چەند رۆژێك چاوم کەوت بە "تاجەدین ئەردەوێلی" دادوەری مسوڵمانەکان، کە یەکێك بوو لە زانا بەناوبانگەکان و بەڕێز و بەخشندە بوو، هەروەها چاویشم کەوت بە شێخولئیسلام "عەبدوڵڵا ئەسفەهانی"، لەگەڵ گەورە بازرگانی مسوڵمانەکان "شەرەفەدین تەبرێزی" پیاوێکی دیندار و خواناس بوو هەموو قورئان لە دڵیدا بوو هەمیشە سەرقاڵی خوێندنەوەی بوو جگە لەم دوو زانایە زانایەکی تری زانستم بینی ناوی "بورهانەدین کازەرۆنی" بوو خانەقایەکی هەبوو بازرگان و خێرخوازەکان پارە و پوڵیان پێی دەبەخشی بۆ خانەقاکەی.

ئەمینداری دیوان هەواڵی بیستبوو کە من لە لای پاشای هیندستانەوە هاتووم، ئیدی نامەیەکی رەوانەی لای پاشای خۆیان "خانی مەزن" کردبوو و ئەو هەواڵەی پێدابوو، کە من لە تەرەفی پاشای هیندستانەوە هاتووم، منیش داوام لێکرد کە دەستەیەك ڕێبەر لەگەڵمدا بنێرێت، تا بە ئاسانی بچمە سەردانی پاشا لە چین کەلان[1]، هەروەها تا سەردانی هەموو ئەو هەرێم و ناوچانە بکەم، بەڕاستی چۆنم ویست وابوو، وەلاّمی پاشا گەڕایەوە و قایل بوو بە سەردانی کردنەکە. سواری کەشتی بووین کە وەك کەشتی جەنگی لای خۆمان وابوو بە ڕوباردا کەووتینەڕێ نیوەمان لەوسەری کەشتییەکە دادەنیشتین و نیوەکەی تر لە دواوە، ناوەڕاستی کەشتییەکەش بۆ ئەو کەسانە بوو کە سەوڵیان لێ دەدا و سەرپەرشتی کەشتییەکەیان دەکرد جۆرە پۆشاکێکیان پۆشی بوو وەك لۆکە وابوو نۆزدە رۆژ لەم

[1] بە زمانی عەرەبی (چین کلان) یاخود چینی چین، مەبەست لێی شاری کوانجۆیە، کە پایتەختی هەرێمی (کونغدنغ) بووە و دەکەوێتە باشووری چینەوە. (ar.wikipedia.org/wiki/غوانزو)

ڕوبارەدا ماینەوە هەر ڕۆژە و ئێواران لە گوندێك بۆ پشو لامانـدەدا و پێداویستی خۆمان دەکڕی و بۆ بەیانی دەکەووتینەوەڕێ.

بەو شێوەیە بەردەوام بووین تا گەیشتینە (چین کـەلان) لـەوێ بـە ڕوبارەکـەیان دەوت: ئاب حەیات (ئاوی ژیـان) و دەڕژایـە دەریـاوە هـەر لـەم شـارە شووشـە و فەخفوری نایاب و قەشـەنگ دروسـت دەکـرا، دوکـان و قەیسـەرییەکانی جـوان و سـەرنجڕاکێش و فـراوان بـوون و هـەموو جـۆرە قـاپ و قاچـاخێکی فـەخفوری و شووشەواتی لێ دەفرۆشرا و ڕەوانەی بازاڕەکانی هیندسـتان و یەمـەن و شـارەکانی تری چین دەکران.

کڵێسایەکی لێبوو نۆ دەرگای هەبوو، لە ناو هـەر دەرگایـەك مێـز و کورسـی لێبوو خەڵکی لێـی دادەنیشـتن لـە نێـوان دەرگـای دووەم و سـێیەم ئـەو کەسـانە دادەنیشتن کە نەخۆشی درێژخایەنیان هەبوو لەگەڵ نابینا و پەککەوتە لە نـاوەوەی کڵێساکەش نەخۆشخانە و چێشتخانەی تایبەتی لێبوو لەگەڵ خزمەتکار و پزیشك، هەمیشە لە ئامادەباشیدا بوون بۆ خزمەتکردن، خەڵکی ئەوەیان بۆم باسـکرد کـە ئەو کەسانەی بەتەمەنن خواردن و پۆشـاکیان بـۆ دابـین دەکـەن هەرچـی خـەرجی کڵێساکەش بوو لە داهاتی شار و گوندەکانەوە دەستەبەر دەکرا خەڵکی وێنەی ئەو پاشایەیان دەپەرست کە لە نێو کڵێساکە کێشرابوو بەڵام مسوڵمانەکان لە دەرەوەی شار جێگای تایبەتی خۆیان هەبوو، لە هەر ناوچەیەکیش دادوەر و زانایان بۆ خۆیان هەڵدەبژارد بۆ دادوەری و فەتوادان.

ماوەی چوارده ڕۆژ لە چین کەلان بووین لە مالّی "ئەوحەدین سنجاری" ماینەوە لـەو ماوەیـەدا دیاربیـەکی زۆریـان بـۆ هێنـام و ڕۆژانـەش دەعـوەت دەکـراین و خزمەتکاره لاوەکان و گۆرانیبێژەکانیش ئامادە دەبوون لە دوای ئەم شارە ئاوەدانی و شاری تر نەبوو نە هی مسوڵمان و نە هی بێباوەڕ، دەیانوت: بەربەستی یـەئجوج و مەئجوج شەست ڕۆژەڕێ لێوەی دوور دەبێت خەڵکانێکی لێ دەژیـن کۆچـەرین و گەر بۆیان بلوێت مرۆڤ دەکوژن و گۆشتەکەی دەخۆن بۆیە کـەس گەشـتی بـۆ ئـەو

ناوچانە نەدەکرد، کەسیشم نەبینی ئەو ناوچانەی بینیبێت یاخود کەسێکم نەبینی گەشتیارێکی بینیبێت کە سەردانی ئەو مەملەکەتەی کردبێت!.

چیرۆکێکی سەرسوڕهێنەر

لەو ماوەیەی کە لە چین کەلان بووین، گوێبیستی ئەوە بووم کە پیاوێک هەیە تەمەنی زیاتر لە دوو سەد ساڵ دەبێت، بەردەوام سەرقاڵی عیبادەت کردنە و نە خواردن دەخوات و نە خواردنەوە دەخواتەوە و خۆی بە دوور دەگرێت لە قسەکردن و ژن ناهێنێت، لەگەڵ ئەوەشدا کەسێکی بەگوڕ و توانایە و ریشی نییە. کاتێک رۆیشتم بۆ بینینی.. رەنگی سوور بوو دیار بوو شوێنەواری خواپەرستی پێوە دیار بوو دەیانوت: مسوڵمانە، کاتێك ئێمەی بینی ووتی: ئەمانە لەوسەری دونیاوە هاتوون، وەك چۆن ئێمە لەمسەری دونیاین ئنجا ووتی: لە بیرم دێت کاتێك هاتی و لە دورگەکە بینیتم من ئەو پیاوە بووم کە لە نێوان بتەکاندا دانیشتبووم و دە درهەم پێشکەشت کرد، منیش دەستیم ماچ کرد و پاشان رۆیشتە ئەشکەوتەکە و ئیدی نەگەڕایەوە، وەك بڵێی پەشیمان بوو لەوەی درکاندی.

دەیانوت: هەر کاتێك نهێنییەکانی ئاشکرا بێت، خۆی وون دەکات کۆمەڵێکی زۆر لە نووسراومان بینی لە ئەشکەوتەکەدا بوو بە یەکێك لە هاوڕێکانیم ووت: چاوەڕوانی دەبین ووتی: ئەگەر بیست ساڵی تریش لێرەبن، ناتوانن جارێکی تر چاوتان پێی بکەوێتەوە هەر ئەوەندە بوارتان پێ درا خەڵکی زۆر دەچونە دیداری لە کاربەدەست و خەڵکی ئاسایی دیاری پێشکەشیان دەکرد هەر کەس و بەپێی ئاستی خۆی، هەروەها دەیانوت: باسی سالانی رابردوو دەکات و باسی پێغەمبەریشی دەکرد و دەیوت: ئەگەر لەو سەردەمەدا بوومایە یارمەتیم ئەدا، بە خراپی باسی یەزیدی کوڕی مەعاویەی دەکرد و وەسفی پێشەوا عومەر و ئەبوبەکری دەکرد خەڵکی دەیانوت: مسوڵمانە، بەڵام کەس نەیبینی بوو نوێژ بکات و هەمیشە بەڕۆژو بوو حیکایەتی سەیر و سەمەرەیان لێی دەگێڕایەوە!.

بۆ رۆژی دووەم کە گەڕامەوە بۆ زەیتونە دوای ماوەیەکی کەم فەرمانی پاشای گەورە "خانی مەزن"م پێگەیشت بەوەی کە ئازادم سەردانی بکەم جا بە دەریادا بێت یاخود بە وشکانی، بڕیارمدا بە ڕووباردا گەشت بکەم، ئەمیری ناوچەکە کەشتی خۆی بۆ دابین کردین و هەروەها دادوەر و بازرگانە مسوڵمانەکانیش خواردن و پێداویستییان پێشکەش کردین، کەووتینەڕێ قوناغ بە قوناغ و دوای دە ڕۆژ گەیشتینە شاری (قەنجنفۆ) ڕۆژانە بۆ پشو لە گوندەکان لامانەدا و خواردنمان دەخوارد و بۆ ژەمێکی تر لە گوندێکی تر دەماینەوە.

شاری قەنجنفۆ دەکەوتە دەشتاییەك، هەموو لایەکی دار و دارستانی چڕ بوو وەك شاری غوتەی دیمەشق لەوێ دادوەر و ریش سپی و بازرگانەکان بە تەپڵ و زورنا و کەرەناوە هاتنە پێشوازیمان، ئنجا ئەسپیان بۆ هێنابن و ئێمە سواری ئەسپ بووین، ئەوانیش بە پیادە وەك بڵێی پێشوازی لە میوانی تایبەت کرابێت چونکە ئەوان زۆر ڕێزیان لە میوانی پاشا دەگرت.

شارەکە چوار دیواری مەزنی هەبوو، لە نێوان دیواری یەکەم و دووەمدا کۆیلەکانی پاشا پاسەوانیان دەگرت کە پێیانیان دەوت: پاسەوانان لە نێوان دیواری شووڕای سێیەم و دووەمیش سەربازەکانی ئەمیری شار نیشتەجێ بوون بەڵام لە نێوان دیواری سێیەم و چوارەمدا چینییەکان نیشتەجێ بوون، شارکە مەزن بوو دووری نێوان هەر دیوارێکیش سێ میل دەبوو یەکێك بوو لە چوار شارە مەزنەکەی چین، دانیشتوانەکەی دەوڵەمەند بوون و هەر یەکێکیان خاوەنی زەوی و خانووی خۆی بوو.

حیکایەتی قەوامەدین سەبتی

رۆژێك لە مالّی "زەهیرەین قورلانی" بووم ئەوەندەم زانی کەشتییەکی مەزنی زانا و فەقیهەکان هات و بانگدەرێك هاواری کرد ووتی: زانای پایەبەرز قەوامەدین سەبتی هاتووە، بەڕاستی سەرم سوڕما لە ناوەکەی، وەك بڵێی پێشتر گوێم لەو ناوە بوو بێت کاتێك هاتە پێشەوە و گفتوگۆ لە نێوانمان دروستبوو، زۆر تەماشام کرد!، ووتی: چییە؟!، بۆ وا تەماشام دەکەیت؟. ووتم: تۆ خەڵکی کوێیت؟، ووتی: خەڵکی سەبتەم ووتم: منیش خەڵکی تەنجەم، دووبارە سڵاوی لێم کرد و هەستی بە غوربەت کرد و دەستی کرد بە گریان هێندە گریا منیش خۆم بۆ نەگیرا و دەستم کرد بە گریان، ئنجا ووتم: سەردانی ولاّتی هیندستانت کردوە؟. ووتی: بەڵێ، چومە لای پاشای هیندستان، هەر کە وای ووت یەکسەر ناسیمەوە ووتم: تۆ بیشریت؟. ووتی: بەڵێ.

ئەو کاتەی من لە هیندستان بینیم لەگەڵ خاڵی ئەبو قاسم مورسیدا بوو، لاوێکی تەمەن بچوك بوو مووی لێ نەهاتبوو گەنجێکی زیرەك و بەتوانا بوو هەموو فەرمودەکانی (مۆتەئی) لەبەر بوو لە بیرمە ئەوکات خۆم باسی زیرەکی ئەم لاوە بەتوانایەم لای سوڵتانی هیندستان کرد و ئیدی سێ هەزار دیناری پێ بەخشی، هەروەها داوای لێکرد لە هیندستان بمێنێتەوە، بەڵام ئەوەی رەتکردەوە و مەبەستی بوو گەشتی ولاّتی چین بکات، کاتێکیش دەگاتە چین، لەوێ نیشتەجێ دەبێت و پێگەیەکی تایبەت و مەزن پەیدا دەکات و دەبێتە خاوەن مالّ و سامانێکی زۆر، خۆی ئەوەی بۆم باس کرد ووتی: زیاتر لە پەنجا کەنیزە و خزمەتکارم هەیە، دوو کەنیزە و خزمەتکاری پێدام. ماوەی مانەوەم لە شاری قەنفجەنفۆ پانزە رۆژ بوو، هەرچەندە ولاّتی چین هەتا بڵێی جوان و قەشەنگ بوو و بۆ چینییەکان بەهەشت بوو بەڵام دڵتەنگ بووم چونکە خەڵکەکەی بێباوەڕ و خراپ بوون هەر کاتێك لە مالّ

دەرئەچوم خراپەم دەبینی کاتێك مسوڵمانێکم بەرچاو بکەوتایە، وامدەزانی کەسی نزیکی خۆم بینیوە و دڵخۆش دەبووم!.

قەوامەدین سەبتی پیاوەتیەکی لەگەڵمدا کرد کە لە بیرم ناچێتەوە، کاتێك گەشتم کرد بۆ (بەیوم قەتڵۆ) لەگەڵمدا هات چوار رۆژ بە رێگاوە بووین تا گەیشتینە ئەو شارە، خەڵکەکەی چینی بوون لە سەرباز و پیشەوەر پێکدەهاتن تەنها چوار مالّی مسوڵمانی لێبوو، ئەوانیش لە ڕێی ئەو فەقیهەوە نێشەجێ ببوون، سێ رۆژ ماینەوە و دواتر مالّئاواییم لە قەوامەدین کرد و دووبارە کەوتمەوەڕێ وەك جاران.

هەر رۆژە و لە گوندێك بۆ پشو دەماینەوە دوای حەڤدە رۆژ گەیشتمە شاری (خەنسا)، ناوەکەی وەك ناوی ئەو ئافرەتە عەرەبە شاعیرە وابوو کە ناوی خەنسایە بەڵام نازانم ناوەکەی عەرەبی بوو یاخود وا رێکەوتووە ئەم شارە گەورەترین شاری سەر زەوی بوو کە من بینیبێتم دڕێژییەکەی سێ رۆژە رێگا بوو هەر وەك دەریا وابوو خانووەکانی لە باڵەخانە و باخ و بێستان و بازاڕ پێکدەهاتن، هەروەها دابەش دەبوون بەسەر شەش ناوچەدا.

یەکەم ناوچە کە بۆی رۆیشتین، هەموو لایەکی بە قەڵا و شورا دەورە درابوو، ئەم شوێنە تایبەت بوو بە پاسەوانان و ئەمیرەکان کاتێك گەیشتینە ئەوێ دادوەر فەخرەدین و شەیخولئیسلام و نەوەکانی عوسمان بە تەپڵ و ئاڵا و کەڕەناوە هاتنە پێشوازیمان لەگەڵ ئەمیرەکەی، دادوەر ئەوەی بۆ باس کردین و ووتی: زیاتر لە دوانزە هەزار پاسەوان لەم شوێنە دەژین، ئەو شەوە لەوێ ماینەوە لە مالّی ئەمیر.

بۆ بەیانی کەووتینەوەڕێ بۆ دووەم شاری لە دەرگای جوەکانەوە رۆیشتینە ژوورەوە شەو لە مالّی ئەمیرەکەی ماینەوە چینی بوو لەم شوێنەدا زیاتر جولەکە و نەسرانی و تورکە خۆر پەرستەکان نیشتەجێ بوون.

بۆ رۆژی دواتر بەرەو ناوچەی سێیەم بەڕێکەوتین ئەم شوێنە دانیشتوانەکەی

زۆربەیان مسوڵمان بوون لە نیوەڕۆدا لە مزگەوتەکانەوە بانگ دەدرا، شارەکە قەشەنگ و پاکوخاوین بوو و بازاڕی قەشەنگی تێدابوو، وەك بازاڕی ولاتی مسوڵمانان، بۆ ماوەی پانزە رۆژ لەم شاردا ماینەوە، رێزێکی زۆریان لێ دەگرتین و هەموو رۆژێك لە مالّی یەکێك دەعوت دەبووین، هەروەها لە کاتی گەڕاندا لەگەڵمان دەهاتن بۆ یارمەتی و بەسەربردنی کاتێکی خۆش ئەم ناوچەیە مزگەوت و بانگبێژی تێدابوو شێوازی تەلارسازی هاوشێوەی ولاتانی ئیسلامی بوو، لە نیوەڕواندا گوێبیستی بانگ دەبووین.

لە سەرەتای چونمان بۆ ئەم ناوچەیە، لە مالّی نەوەکانی "عوسمانی کوڕی عەفان"ی میسری ماینەوە، ئەم پیاوە کەسێکی بازرگان و بەخشندە دەبێت، ئەو شوێنە هەڵدەبژێرێت و لەوێ دەمێنێتەوە دوای ئەو پانزە رۆژە کەووتینەوەڕێ بۆ شاری چوارەم کە پێیان دەوت شاری بەڕێوەبردن چونکە ئەمیری گەورە (قورتی) لەوێ نیشتەجێ بوو سەرەتا کە چوینە نێو ئەم شارەوە هاوڕێکانم لێم دابڕان، وەزیر لەگەڵمدا هات و پێکەوە چوین بۆ مالّی ئەمیری گەورە، لەوێ ئەو فەرەنجییەی کە وەلی و خواناس جەلالەدین شیرازی پێیدام، ئەمیر لێمی سەند.

ئەم شارە زیاتر تایبەت بوو بە کۆیلەکانی سولتان و خزمەتکارەکانی، سێ ڕوباری پێدا تێپەڕ دەبوو یەکێکیان کەنداوێك بوو کە لە ڕوباری گەورەوە ئاوەکەی پێدا تێپەڕ دەبوو، دیمەنێکی جوان و قەشەنگی بە ناوچەکە بەخشی بوو، هەروەها لە ناوەڕاستی شارەکەدا جێگایەکی مەزن هەبوو تایبەت بوو بە پیشەوەرەکان، ئەوانەی سەرقاڵی دروستکردنی قوماش و پۆشاکی گرانبەها بوون لەگەڵ ئامێرەکانی جەنگ.

ئەمیر قورتی ئەوەی پێ ووتم: کە ئەو مامۆستایانەی سەرپەرشتی پیشەکان دەکەن، ژمارەیان زیاتر لە هەزار و شەش سەد کەس دەبێت هەر یەکێکیان سێ تا چوار قوتابی لە ژێر دەستیان کار دەکەن، هەموو ئەم قوتابیانە کۆیلەی خانی گەورەی چینن هەر یەکێکیان کۆتێك بە قاچییەوە دەبەستڕا تا نەتوانن هەڵبێن و

بواریان پێ دەدرا تەنها سەردانی بازاڕی شار بکەن بەڵام نابوو لە دەرگاکەی بچنە دەرەوە رۆژانە کۆمەڵ کۆمەڵ و سەد کەس سەد کەس سەرژمێر دەکران گەر یەکێکیان دیار نەبوایە ئەوا ئەمیرەکەیان دەستگیر دەکرا.

نەریتیان وابوو ئەم کۆیلانە دەبوو تا دە ساڵ کار بکەن، ئەوکات ئازاد دەکران و دواتر خۆی سەرپشک دەبوو لەوەی لەو شوێنەدا بمێنێتەوە و خزمەت بکات، یاخود بۆ هەر جێگایەك بڕوات کە لە سنووری قەڵەمڕەوی پاشای گەورە (خانی مەزنی) چین بێت، ئەگەر کەسەکە تەمەنی بگەیشتایە بە پەنجا ساڵ ئەوا دیسانەوە ئازاد دەکرا و خەرجی دوا تەمەنیان بۆی دەبڕییەوە بەڵام گەر کەسێك تەمەنی شەست ساڵ بووایە ئەوا یاسای کۆیلایەتی نایگرتەوە چونکە چینییەکان ڕێزیکی زۆر لە پیرەپیاوەکان دەگرن و بە باوك بانگیان دەکەن!.

ئەمیری گەورە (ئەمیر قورتی)

ئەمیری گەورەی چین سەرپەرشتی کاری هەموو ئەمیرەکانی دەکرد، ڕێزی گرتین و هەروەها خوانێکی تایبەتی بۆ ئامادە کردین، کە چینییەکان پێیان دەوت: تسوا، بانگی هەموو چێشتلێنەرە مسوڵمانەکانی کرد کە ئامادەکاری بۆ دروستکردنی ئەو خوانە بکەن ئاژەڵ و پەلەوەریان سەربڕی و گۆشتێکی زۆریان ئامادە کرد، خۆی بە دەستی خۆی گۆشتی پارچە دەکرد و پێشکەش بە میوانەکانی دەکرد، وەك ڕێزێك.

سێ ڕۆژ لە ماڵی ئەمیر ماینەوە و دواتر کوڕەکەی خۆی لەگەڵماندا نارد بۆ کەنداوەکە تا کەشتی ئامادە بکات بۆ گەشتەکەمان، کەشتییەکانیان لە جوانی و ڕەنگاوڕەنگیدا وێنەیان کەم بوو هێندە قەشەنگ بوون، چارۆکەی تایبەتییان تێدا هەڵواسرابوو کە لە شوێنی تردا لەم جۆرانەم نەبینیوە!، لەو ماوەیەی کە میوانی بووین ڕۆژانە گۆرانیبێژ و شاعیرەکان ئامادە دەبوون، کوڕەکەی ئەمیر زۆر سەرسامی هۆنراوەی فارسی بوو ڕۆژانە ئەم کۆپلەیەی دووبارە دەکردەوە تا من لە بەرم کرد و هەرگیز لە یادم ناچێت، ئنجا ئەو زۆر بە ئاوازێکی خۆش ئەم هۆنراوەیەی دەخوێندەوە:

تا دل بمحنت دادیم　　در بحر فکر افتادیم
جون در نماز استادیم　　قوی بمحراب اندری اندریم[1]

---

[1] واتا: لەو کاتەوەی دڵمان کەوتووەتە گێژاوی ناخۆشییەکان، کەوتووینەتە دەریای بیرکردنەوە و تێڕامان، بەڵام کاتێك لە نوێژ و لە میحرابدا دەوستین بەهێز دەبین. هۆنراوەی سەعدی شیرازییە. (تحفة النظار. شرح طلال حرب، ص ٦٤١)

حیکایەتی فالّچییەکان

لەو ماوەیەی کە لە مالّی ئەمیری گەورە بووین شەوێك یەکێك لە فالّچییەکان کە کۆیلەی سولّتان بوو لەوێ بوو ئەمیر ووتی: کارێکی ناوازەمان بۆ ئەنجام بدە، ئەویش تۆپێکی لە دار دروستکراوی هێنا کونێکی تێدا بوو گوریسێکی درێژی لە پێست دروستکراوی پێوە گرێ دابوو هەلّیدا بە ئاسماندا تا ونبوو، ئێمەش هەموو لە حەوشەدا دانیشتبووین و سەیرمان دەکرد، وەرزی هاوین بوو، ئنجا فالّچییەکە فەرمانی دا بە یەکێك لە قوتابییەکانی پێیدا سەرکەوت و ئەویش وون بوو فالّچییەکە بانگی کرد هیچ وەلاّمێکی نەبوو، ئنجا چەقۆیەکی تیژی هەلّگرت و خۆی سەرکەوت، ئەویش وون بوو دواتر هێندەی نەبرد دەستی قوتابییەکەی فرێدایە سەر زەوی پاشان قاچەکانی و پارچەکانی تری لاشەکەی بە بڕاوەیی خستە سەر زەوی، کاتێك دابەزی لەشی خوێناوی بوو دووبارە هەموو ئەندامەکانی لاشەی قوتابییەکەی پێکەوە لکاندەوە وەك جاران و قوتابییەکە کەوتەوە قسەکردن، بەڕاستی واقم وڕما کە ئەو دیمەنەم بینی وەك دیمەنی ساحیرەکەی پاشای هیندستان وابوو بەلاّم دادوەر "ئەفەخرەدین" لە تەنیشتمەوە دانیشتبوو ووتی: وەلاّهی نە کەس بەرزەوە بوو نە کەس دابەزی و نە کەسیش پارچە پارچە کرا هەموو ئەوانەی تۆ باسی دەکەیت تەنها سیحر و فێلکردن بوون لە چاو !.

بۆ بەیانی کەووتینەڕێ و رۆیشتین بۆ ناوچەی پێنجەم، کە بە گەورەترین ناوچە دەژمێردرا دانیشتوانەکەی خەلّکی ئاسایی چین بوون، بەلاّم زۆربەیان پیشەوەری بەتوانا بوون، لەم شوێنە باشترین پۆشاکی خەنساویە بەرهەم دەهێنرا، جگە لە پۆشاك باشترین جۆری قاپ و کەوچك دروست دەکرا، جۆرێکیان تایبەت و ناوازە بوو پێی دەوترا: دەست، لە قامیش دروست دەکرا و بەهێز و جوان بوو، نزیکەی دە قاپ لە ناو یەکتریدا تێکهەلّکێشی یەکتری دەکران و یەك سەرقاپیان هەبوو پاشان بە رەنگێکی جوان بۆیە دەکرا ئەگەر لە شوێنێکی بەرزەوە فرێ بدرایەتە خوارەوە

ناشکا، ئەگەریش خواردنی گەرمی تێبکرایە، بە هیچ شێوەیەك رەنگی نەدەگۆڕا، بازرگانەکان ئەم قاپ و قاچاخانەیان رەوانەی هیندستان و خۆراسان دەکرد.

لە ناوچەی پێنجەم شەو لە مالّی ئەمیرەکەی ماینەوە و بۆ بەیانی کەووتینەڕێ بۆ ناوچەی شەشەم، لە دەرگای کەشتی ئونانەوە چوینە ژوورەوە، ئەم ناوچەیە تایبەت بوو بە راوچییەکانی دەریا و کەشتیوان و دارتاش و ئاسنگەر و تیرهاوێژ و سەربازانی پیادە و خەڵکانی تر، هێندە زۆر بوون لە ژمارە ناهاتن، هەموویان کۆیلەی پاشای چین بوون.

هەروەها ئەم ناوچەیە دەکەوتە سەر رۆخی دەریا، ئەمیری گەورە (قورتی) کەشتی و هەموو ئامرازەکانی گەشتکردنی بۆمان دابین کرد، لە خواردن و خواردنەوە و پێداویستی تر و چەند کەسێکی هاوڕێی خۆی لەگەڵمان رەوانە کرد تا قۆناغ بە قۆناغ یارمەتیدەرمان بن و بە ئاسانی بچینە پایتەخت لەم شارەوە دەرچووین کۆتا ئاوەدانی ولاّتی چین بوو ئنجا گەیشتینە زەویەکانی ولاّتی خیتا کە ئاوەدانترین جێگای سەر زەمین بوو بە درێژایی شەست و چوار رۆژەڕێ هەمووی مالّ و باخ و بێستان و شار و ئاوەدانی بوو.

گەر پارچە زەوییەك ئاوەدان نەکرایەتەوە بە کشتوکالّ و باخداری، ئەوا هەر زوو باجیان لێی وەردەگرت هەموو ئەو ولاّتە دانیشتوانەکەی بێبەشەڕ بوون و هیچ مسولّمانێکی لێ نەبوو مەگەر کەسێك رێبوار بوایە هیچ جێگایەکم نەبینیوە وەك ئەو مەملەکەتە ئاوەدان و پڕ لە دار و کشتوکالّ بێت جگە لە شاری عانە و ئەنباری عێراق نەبێت، کە دووری نێوانیان چوار رۆژە رێگایە و وەك ئەم ناوچەیە ئاوەدانییە، ئەو ماوە دوور و درێژە هەموو گوند و شار و خانووی لە قامیش دروستکراو بوو شوێنەکان هیچیان پێکەوە نەلکابوون زیاتر گرنگییان بە قامیشی شەکر و میوەجات و کشتوکالّی دانوێلّە و برنج ئەدا. لەو ماوەیەی کە بە رێگاوە بووین هەر رۆژە و لە گوندێك دەماینەوە، تا گەیشتینە پایتەختی سولّتان پێشیان دەوت: خان بالّق، یاخود خانیقۆ.

پاشای چین و خیتا لەوێ نیشتەجێ بوو، ئەوان پێیان دەوت: خانی مەزن و لە نەوەی جەنگیزخان بوو، پێش ئەوەی بگەین بە پایتەخت لە دووری دە میلەوە کەشتیەکەمان لەنگەری گرت وەك نەریتی خۆیان نامەیان رەوانە کرد و هەواڵی ئێمەیان گەیاندە ئەمیرەکانی دەریا ئەوانیش رازی بوون کە کەشتییەکەمان لەوێ لەنگەر بگرێت، دواتر چوین بۆ پایتەختی شانشینی چینی مەزن کۆشکەکەی لە ناوەڕاستی شاردا بوو لە دەرەوەی کۆشکەکە باخ و دارستانی چڕ هەبوو.

سەرەتا رۆیشتم بۆ لای "بورهانەدین ساغرچی"، چونکە سەردەمانێك بوو ئەم پیاوە لەو وڵاتەدا ئۆقرەی گرتبوو، هەرچەندە پاشای هیندستان چل هەزار دیناری بۆ رەوانە کرد تا بگەڕێتەوە بۆ هیندستان، بەڵام رەتیکردەوە بگەڕێتەوە، پارەکە وەردەگرێت و قەرزەکانی خۆی پێ دەداتەوە و پاشان زیاتر لە دەسەڵات نزیك دەبێتەوە، هۆکارەکەشی بە هۆی ئەوەوە بوو کە پاشای چین لای خۆی دەیهێڵێتەوە و دەیکات بە نوێنەری مسوڵمانانی چین و بە سەدروڵجیهان بانگیان دەکرد.

باسی پاشای مەزنی چین و خیتا ناسراو بە "خانی مەزن"

خان بە واتای پاشای مەزن دێت، وەک چۆن لوڕەکان بە سوڵتانی خۆیان دەڵێن: ئەتابەک، هەروەها پێشی دەڵێن: پاشا هیچ دەسەڵاتدارێکی بێباوەڕ لەسەر رووی زەوی بە هێندەی پاشای چین خاوەنی هێز و دەسەڵات نەبوو، سنووری قەڵەمڕەوی ناوچەکانی دونیای داگیر کردبوو هێندە زەوییەکانی پان و بەرین بوون.

کۆشکی سەرەکی خۆی دەکەوتە ناوەڕاستی شارەوە زۆربەی بە دار دروست کرابوو بە شێوازێکی وەها جوان و ڕێک بونیاد نرابوو مرۆڤ ئارەزووی تەماشاکردنی دەکرد حەوت دەرگای هەبوو یەکەمیان: تایبەت بوو بە ئەمیر "کتوال"، کە بەرپرسی گشتی هەموو دەرگاکانی کۆشک بوو، لە لای ئەم دەرگایەوە شوێنێکی بڵند هەبوو بە لای راست و چەپەوە، پاسەوانە تایبەتەکان کە بە پەردە دەرایە بانگ دەکران لێی دەوەستان، ژمارەیان زیاتر لە پێنج سەد کەس دەبوو، دەیانوت پێشتر هەزار پاسەوان بوونە، دواتر دەرگای دووەم دەستی پێدەکرد تایبەت بوو بە تیرهاوێژەکان و پێیانیان دەوت: ئیسباهیە و ژمارەیان پێنج سەد کەس دەبو بەڵام دەرگای سێیەم: تایبەت بوو بە رم بە دەستەکان و پێیانیان دەوت: نزداریە و ژمارەی ئەوانیش پێنج سەد جەنگاوەر بوو، دەرگای چوارەم: تایبەت بوو بە قەڵغان و شمشێر بە دەستەکان و بە تەغداریە ناسرابوون.

بەڵام دەرگای پێنجەم: تایبەت بوو بە دیوانی وەزارەتەکان و لەوێ چەند خانوویەکی لێبوو گەورەترینیان تایبەت بوو بە وەزیر لە شوێنێکی بڵند دادەنیشیت بەو شوێنەیان دەوت: موسنەد، وەزیر کۆمەڵێک کەمۆڵەی ئالتونی پڕ لە مەرەکەبی لەبەر دەستدا بوو، هەروەها بەرامبەر ئەم خانووە یەکێکی تری بچوک هەبوو، تایبەت بوو بە نووسەری نهێنییەکان بە لای راستییەوە هی نووسەری (نامەکان)

بوو، جگە لەم شوێنانەی کە باسیانم کرد خانووی تر هەبوون تایبەت بوون بە نووسەری ئەشغال و ئەوانەی سەرپەرشتیاری کارەکان دەکەن و بە دیوانی: ئیشراف ناسرابوون لەگەڵ خانووی دیوانی موستەخرە کە ئەمیرەکەی لە کاربەدەستە مەزنەکان بوو، پیشەی ئەمانە وەرگرتنی داهات بوو لەو کەسانەی کە دەسەڵاتدار و خاوەن زەوی و زاری بێشومار و دەربەگ بوون، هەروەها خانووی ستەملێکراوان هەبوو کە پێیان دەوت: دیوانی ستەملێکراوان یاخود دیوانی غەوس لەم خانووەدا جگە لە ئەمیرێکی مەزن، چەند دادوەرێکیش دادەنیشتن بۆ لێکۆڵینەوە لە سکاڵای ستەملێکراوان یەکێکی تر لە دیوانەکان.. دیوانی بەرید بوو، ئەمیرەکانی بەرپرس بوون لە کۆکردنەوەی هەواڵ لە هەموو هەرێمەکانی وڵات.

پاشان دەرگای شەشەم: دەستی پێدەکرد کە دەرگای کۆشک بوو ئەوانەی لەوێ بوون پێیانیان دەوت: جەندارییە، ئەمیرێکی باڵادەست سەرپەرشتیانی دەکرد کۆتا دەرگای کۆشک کە دەرگای حەوتەم بوو کۆمەڵێك لاوی جەنگاوەری لێبوو، دابەش ببوون بەسەر سێ پۆلدا هەر پۆلێك لە خانووی تایبەتی خویاندا بوون، یەکەم خانوو تایبەت بوو بە لاوە حەبەشییەکان، دووەمیان: تایبەت بوو بە هیندییەکان و سێەمیان: چینییەکان هەموو ئەوانە لە لایەن فەرماندە چینییەکانەوە پێشەوایەتی دەکران.

باسی بەڕێکەوتنی خانی مەزن بۆ جەنگ کردن لەگەڵ ئامۆزاکەی و کوژرانی

کاتێك گەیشتینە پایتەختی پاشای مەزنی چین خان بالّق[1]، هەوالّمان بیست کە پاشا بە سوپایەکی مەزنی سەد هەزارییەوە بەڕێکەوتووە بەرەو قەراقوم و بشبالّغی ولّاتی خیتا"[2]، بۆ جەنگ کردن لەگەڵ ئامۆزاکەی واتا "فەیرۆز ئاباد" دووری نێوان پایتەخت و بشبالّغ سێ مانگەڕێ بوو زۆربەی ئەو ناوچانەی دەکەوتنە سەر ڕێگا ئاوەدانی بوون.

بورهانەدین ساغرجی (سەدروڵجهان) باسی هۆکاری ئەو جەنگەی بۆ کردم ووتی: کاتێك خانی مەزن سوپایەکی گەورە ئامادە دەکات، کە ژمارەیان زیاتر لە سەد فەوج دەبێت و هەر فەوجێکش زیاتر لە دە هەزار سەرباز بوون بە ئەمیری هەر فوجێك دەوترا: تۆمان.

هەروەها پەنجا هەزار شەڕکەری تریش لە کەسە نزیکەکانی لەگەڵیدا دەبن و بەشدار دەبن لە سوپاکەی خان، بەڵام هەندێك لە ئەمیرەکان نەچونە ژێر رکێفی خانی مەزنەوە بە بیانووی ئەوەی یاساکانی یاسقی پشتگوێ خستووە، بۆیە ئەم ئەمیرانە دەچنە پاڵ فەیرۆز ئاباد و دواتر هەموویان پێکەوە داوا لە خان دەکەن کە دەسەڵاتی بەجێ بهێڵێت، لە بەرامبەردا هەموو داهاتی شاری خەنسای پێ دەدرێت، ئەویش ئەوە ڕەتدەکاتەوە و ئیدی جەنگێکی قورس لە نێوانیاندا دروست دەبێت، لەو شەڕەدا سوپاکەی خان بە دژواری تێکدەشکێت و خۆشی دەکوژرێت.

---

[1] خان بالق ووشەیەکی عەرەبییە، نێستا شاری پەکینی پایتەختی چینە. (ar.wikipedia.org/wiki/بکین)

[2] قراقوم پایتەختی مەغۆلەکان بووە دەکەوێتە ناوچەی مەغۆلستان.(ar.wikipedia.org/wiki/قراقوم)

ماوەیەك بوو ئێمە لە پەیایتەخت بووین لەپڕ هەواڵمان پێگەیشت کە "خان" کوژراوە، بەر لە گەڕاندنەوەی تەرمەکەی شار رازێنرایەوە و بۆ ماوەی یەك مانگ لە تەپڵی گەورە دەدرا و فوو بە کەرەنادا دەکرا، رۆژانە جۆرە یارییەکی وەرزشی تا ببەت پێشکەش دەکرا کە تایبەت بوو بە نەریتی خۆیان، پاشان تەرمەکەی خان و نزیکەی سەد کەس لە ئامۆزا و نزیکەکانی گەیشتنەوە پایتەخت و گۆڕێکی مەزنی شاهانە ئامادەکرا، گۆڕەکە بە هێندەی ژوورێکی مەزن بوو لە قوڵایی زەویدا هەڵکەندرابوو جوانترین راخەریان لە زەویدا راخستبوو.

تەرمەکەیان خستبووە نێو تابووتیك، پاشان هەموو ئالتون و زیوەکانی لەگەڵ قاپ و قاچاخ و گۆزەی ئاوخواردنەوە و پێداویستییە تایبەتەکانی خۆشی لە نێو گۆڕەکەدا دانران، جگە لەوانەی باسیانم کرد، ئنجا چوار کەنیزە و شەش کەس لە خزمەتکارە کۆیلەکانی لەگەڵ پاشا لە گۆڕ نران و پاشان گۆڕەکەیان بە خۆڵێکی زۆر داپۆشی تا وەك گردێکی مەزنی لێهات، پاشان چوار داری مەزنیان لە سەری داکووتی، کە هەر دارێك ئەسپێکی خۆی پێوە هەڵواسرا، بەڵام لەسەر گۆڕی کەسە نزیکەکانی سێ ئەسپ هەڵواسرا و لەسەر ئەوانی تر یەك ئەسپ، ئەمەش وەك نەریتی خۆیان.

بەڕاستی ئەو رۆژە رۆژێکی لەبیرنەکراو بوو، خەڵکی هەموو لە گۆڕستان ئامادەبوون لە پیاوان و ئافرەتانی بێباوەڕ و مسوڵمان هەموو پۆشاکی ماتەمیان پۆشی بوو بێباوەڕەکان لەچکێکی سپییان بەسەری خۆیاندا دابوو، بەڵام مسوڵمانەکان پۆشاکی سپییان پۆشی بوو، دوای رێورەسمی بەخاکسپاردن، کەنیزەکانی "خانی مەزن" لە نزیك گۆڕەکەی لە دەواردا دەمێننەوە بۆ ماوەی چل رۆژ هەندێك جار تا سااێك هەر لە نزیکیانەوە بازارێکی بچکۆلانە دەکرێتەوە، تا کەنیزەکان پێداویستی خۆیان لە خواردن و پۆشاکی لێ بکڕن. ئەم جۆرە نەریتە لەم سەردەمەدا لای هیچ نەتەوەیەك نیە جگە لە چین نەبێت، هیندۆسەکان و بەشێکی زۆر لە چینییەکان مردووەکانیان دەسووتینن چەند کەسێکی باوەڕپێکراو ئەوەیان

بۆم گێڕایەوە کە ڕەشپێستەکان کاتێك پاشاکانیان دەمرن، گۆڕێکی مەزنی بۆ هەڵدەکەنن و پاشان سی کەس لە خزمەتکار و کەنیزە و نەوەی کاربەدەستەکانی لەگەڵدا لە گۆڕ دەنێن دوای ئەوەی دەست و قاچیان دەشکێنن، ئنجا دەرگای گۆڕیان لێ هەڵدەچنرێت!. جارێکیان هەندێك لەو پیاوە بەتەمەنە گەڕیدانەم بینی کە سەردانی ولاتی(کۆبەر)ی سودانیان کردبوو یەکێکیان ووتی: جارێك پاشاکەیان مرد کاتێك لە گۆڕیان نا چەندەها منداڵی خۆیانیان بە زیندوویی لەگەڵ تەرمەکەیدا ژێر گڵ کرد ویستیان منداڵێکی منیش زیندەبەچاڵ بکەن ووتم: بۆ وادەکەن ئەم منداڵە نە نەوەی ئێوەیە و نە لەسەر ئایینی ئێوە بووە؟!، بۆیە سامانێکی زۆرم پێیاندا تا لە دەستیان رزگارمان بوو!. دوای کوژرانی "خان"، ئامۆزاکەی دەسەلاتی گرتەدەسەت و شاری قەراقومی کرد بە پایتەختی دەسەلاتەکەی بۆیە ئەو شوێنەی هەڵبژارد چونکە نزیك بوو لە ولاتی کەسوکار و نەتەوەکەی خۆیەوە، چونکە دەسەلاتداری ولاتی تورکستان و ئەودیوی ڕوبار بوون بەڵام بەشێك لەو فەرماندە سەربازی و ئەمیرانەی کە ئامادە نەبوون جەنگ لەگەڵ خاندا بکەن نەچونە ژێر دەسەلاتەکەی فەیروزەوە، ئیدی پشێوی ولاتی گرتەوە و ڕێگری و ئاژاوە ڕۆژ بە ڕۆژ زیاتر دەبوو.

قۆناغی حەوتەم:

گەڕانەوە بۆ مەغریب: دووبارە بە بەنگلادیش و ئەو

دوورگانەی کە پێشتر ئاماژەی پێدراوە پاشان

گەڕانەوە بۆ دوورگەی عەرەبی عومان

باسی گەڕانەوەم لە چینەوە بۆ مەغریب

دوای ئەوەی فەیرۆز دەسەلاتی گرتەدەست ئیدی رۆژ بە رۆژ گرژی و ئالۆزی زیاتر بالّی کێشا بە سەر چیندا بۆیە شێخ "بورهانەدین" بە باشی زانی بگەڕێمەوە تا زیاتر ئاژاوە و پشێوی ولاّتی داگیر نەکردوە، بۆیە یارمەتی پێشکەش کردم و سێ خزمەتکاری خۆی لەگەلّم رەوانە کرد بۆ لای جێگری فەیرۆز پاشا تا ئەوەندەی لە سنووری خاکی چیندا بووم، یارمەتیم پێشکەش بکرێت لەبەرئەوە فەرمانیان دەرکرد بەوەی لە هەر شوێنێکی چین لابدەم وەك میوان رێزم لێ بگیرێت و یارمەتیم پێشکەش بکرێت، کەووتینەوەڕێ بە ڕوباردا تا گەیشتینەوە خەنسا و پاشان قنجەنفو، لەوێشەوە بۆ شاری زیتونە پێشتر ئاماژەم بەم شارانە داوە. ئەوەندە لە زیتونە نەماینەوە و هەر زوو کەشتییە مەزنەکان (جنوك) ئامادە بوون بۆ گەشت،لە نێویاندا کەشتی مەلیك "زاهیر"ی پاشای جاوە لەوێ بوون کاتێك بینیانم بریکارەکەی هاتە پێشوازیم چونکە پێشتر ئاشنایەتی لە نێوانماندا هەبوو زۆر دلّخۆش بوو کە هاوسەفەر بووین پێکەوە بە دەریادا کەووتینەڕێ و سەرەتا گەشتەکەمان ئاسایی بوو چونکە بۆ ماوەی هەشت رۆژێك شنەبایەکی خۆشی هەبو بەلاّم کاتێك گەیشتینە نزیك زەوییەکانی ولاّتی تەوالیسی بایەکی توند هەلّیکرد و ئاسمان تاریك بوو و بارانی بە لێزمە دایگرتین تا دە رۆژێك ماینەوە و دووبارە کەووتینەوەڕێ، مەبەستمان بوو زووتر بگەینە شوێنی مەبەست، بەلاّم ئەوەندە دورکەووتینەوە نەماندەزانی لە کوێی دەریادایین کەشتیوانەکان ترسان و ویستیان بگەڕێنەوە بۆ خاکی چین بەلاّم نەتوانرا.

بۆ ماوەی چل و دوو رۆژ لە دەریادا گیرماخوارد و هەموو لە ترسا دلّەکووتیمان بوو بۆ رۆژی چل و سێیەم چیایەکمان لێ دەرکەوت نزیکەی بیست فەرسەخێك لێوەی دوور بووین و شەپۆل و شەنەبای دەریا بە ئاراستەی ئەوێ دەیبردین، بەلاّم

کەشتیوانەکان سەریان سووڕما و ووتیان: لە وشکانییەوە دوورین و ئەوە چیا نییە، ئەوەندەم زانی بازرگانەکان دەستیان کرد بە گریان و هاوارکردن و هەندێکیان نەزریان کرد ووتیان: خوایە بمانپارێزیت بازرگانی وا هەبوو خۆم نەزرەکەیم بە دەستی خۆم بڕی نووسی هەموویان لە خودا دەپارانەوە، هەندێکیانم بینی دەگریان و مالّئاواییان دەرکرد، پرسیارم کرد بۆ وا شپرزە بوون و دەترسن، ووتیان: ئەوەی ئێمە وامانزانی چیایە وا دەرنەچو، بەڵکو باڵندەی (رەخ)ە.[1]

دواتر لەگەڵ دەرکەوتنی گزنگی خۆردا، تارماییەکمان بینی بە ئاسماندا بەرز بووەوە، بەڕاستی شتێکی سەرسووڕهێنەر بوو، بەڵام لەڕاستیدا نە بینیم و نە لە راستییەکەشی دڵنیابووم دوای دوو مانگ واتا نزیکەی شەست رۆژ گەیشتینە جاوە بۆ پشودان چوینە دوورگەی سۆمەترە سوڵتان زاهیر تازە لە غەزا گەڕابووەوە و کەنیزەیەکی زۆری لەگەڵ خۆیدا هێنابوو دوو کەنیزە و خزمەتکاری بۆ رەوانە کردم لەوێ مامەوە ویستم بەشداری ئاهەنگی ژنهێنانی کوڕەکەی بکەم.

باسی ئاهەنگی ژن گواستنەوەکەی کوڕەکەی مەلیک زاهیر

رۆژی ئامادەبوونی بوک و زاوا لەگەڵ خەڵکی بەشداری ئاهەنگەکە بووم بەو رۆژەیان دەوت: رۆژی دەرکەوتن (یوم جلوة) چونکە بوک و زاوا لە ئاهەنگەکەدا دەبینران بینیم لە ناوەڕاستی گوڕەپانی کۆشکدا کورسییەکیان دانابوو بە ئاوریشمی رەنگاورەنگ رازێنرابووەوە، بوکەکە لە کۆشکەوە بە پێ خاوسی هات و روخساری

[1] باڵندەی رەخ: باڵندەیەکی نەفسانەییە و لەو جۆرانەیە وەچەی نەماوە لە سەرکێشییەکانی سندیبادا لە چیرۆکی (نەلف لیلە ولیلەدا)دا هاتووە گوایە باڵندەیەکی هێندە مەزن بووە مرۆڤی هەڵگرتووە و پارچە پارچەی کردوە و پاشان خواردوێتی.(https://ar.wikipedia.org/wiki/ طائرخ .)

ئاشکرابوو دانەپۆشرابوو نزیکەی چل خاتون لەگەڵیدا بوون هەموویان کچ و خێزانی ئەمیر و وەزیرەکان بوون دووان لە ئافرەتەکان لە دواوە چمکی کراسەکەیان بۆ هەڵگرتبوو، ئیدی خەڵکی هەموو تەماشایان دەکرد، کەسی پلەدار یاخود بێ دەسەڵات ئەوەش نەریت بوو تەنها لە رۆژی ئاهەنگ گێڕانەدا دەبینران بەڵام لە رۆژانی تردا ئافرەتیان نابینرا.

پاشان بوك سەرکەوتە سەر کورسییەکە ئنجا گورانیبێژ و سەماکەرەکان لە پیاو و ئافرەت هەموو بە گۆرانی و سەما کۆبوونەوە، پاشان زاوا لەسەر پشتی فیلێکی رازاوە هات و تاجێکی لەسەر بوو، بە لای راست و چەپییەوە نزیکەی سەد لاوی لەگەڵدا بوو، کە هەمووی کوڕی کاربەدەست و ئەمیر و وەزیرەکان بوون، بەڵام ئەمیرەکان وەك نەریت پۆشاکی سپی و عەمامەیان پۆشی بوو هەمووان ئەسپی رازاوەی زینکراویان پێبوو، دینار و درهەمیان لە کاتی چونە ژوورەوەدا بەسەر خەڵکی هەڵدەدا ئنجا بوك و زاوا لە سوڵتان نزیك بوونەوە کوڕی سوڵتان قاچی باوکی ماچ کرد و گەڕایەوە سەر مینبەرەکە، بوکەش دەستی خەزوری ماچ کرد و لەلایەوە دانیشت. ئیدی هێدی هێدی خاتونەکان دەهاتنە پێشەوە و گوڵاو و فەوفەل و تەنبولیان بەسەریاندا دابەش دەکرد زاوا خۆی بە دەستی خۆی گوڵاو و تەنبولی دەخستە دەمی بوکەوە بە هەمان شێوە بوکەش ئەوەی دەکرد، ئەمەش بە بەرچاوی هەمووانەوە دەکرا، لە کۆتاییدا هەردووکیان چونە سەر کورسییە مەزنەکە و بردیانیان بۆ کۆشك خەڵکیش نانی ئاهەنگەکەیان خوارد و ئەوکات گەڕانەوە مااڵی خۆیان.

بۆ بەیانی خەڵکی کۆکردەوە و باوکی بە بەرچاوی خەڵکییەوە دەسەڵاتی رادەستی کوڕەکەی کرد خەڵکی هەموو بەیعەتیان پێیدا و ئەویش ئالتون و پۆشاکێکی زۆری بەسەریاندا بەخشییەوە، ماوەی مانەوەم لەم دورگەیە دوو مانگ بوو دیاریەکی زۆرم وەرگرت لە داری بۆندار و سەندەڵ و قەرەنفول (مێخەك) و کافور لەگەڵ پێداویستی سەفەر کردن، کەوتمەوەڕێ و دوای چل رۆژێك و لە مانگی

ڕەمەزاندا گەیشتمەوە کۆڵم لە مالّی دادوەر قەزوینی لامدا و جەژنم لەوێ کرد نەریتیان وابوو لە شەوەوە لە مزگەوت ئامادە دەبوون بەردەوام سەرقالّی خواپەرستی بوون تا نوێژی جەژن، ئنجا وتاربێژ وتاری پێشکەش دەکرد و نەوکات خەلّکی دەگەڕانەوە مالّەوە.

دوای کۆڵم ڕۆیشتم بۆ کالّکۆت، پێشتر ئاماژەم بەم شوێنانە داوە وبستم بگەڕێمەوە بۆ دهلی بەلاّم ترسام و نەڕۆیشتم[1] بە دەریادا کەوتمەوەڕێ و دوای بیست و هەشت ڕۆژ گەیشتمە شاری زەفار لە مانگی موحەڕەمی ٧٤٨ کۆچیدا بوو، لەوێ چومە مالّی وتاربێژی شار "عیسای کوڕی تەئتا".

باسی سولّتانی زەفار

پێشتر سەردانی ئەم شارەم کردبوو پاشاکەی "مەلیك موغیس" بوو، بەلاّم ئەجارەیان کە گەڕامەوە بینیم "ناسر پاشا"ی کوڕی جلّەوی دەسەلاّتی وەرگرتبوو جێگرەکەی ناوی "سەیفەدین عومەر ئەمیر جەندر" بوو لە ڕەچەلّەکدا تورك بوو ڕێزی زۆری گرتین و بووینە میوانی. دوای زەفار دیسانەوە ڕێگای گەڕانەوەم بە دەریادا گرتەبەر و گەیشتمە (مەسقەت)، شارۆچکەیەکی بچوك بوو ماسی زۆر بوو پێیان دەوت: قولەب تام و چێژێکی تایبەتی خۆی هەیە ئەوەندە نەماینەوە ئینجا ڕۆیشتین بۆ بەندەری قورەیات پاشان شەبە و دواتریش بۆ کەلبە لەو بەندەڕەوە بە پیادە ڕۆیشتین بۆ قەلهات پێشتر باسی ئەم شارانەم کردوە کە هەموویان لەڕووی کاروباری کارگێڕییەوە سەر بە هورموزن و لە ژێر قەلّەمڕەوی پاشای عومانداا بوون.

---

[1] لە پاشای مەزنی هیندستان محەمەد توغلوق ترساوە چونکە وەك نوێنەر پاشای هیندستان بە کۆمەلّێك دیاری ڕوانەی چینی کرد بەلاّم دواجار بە هۆی لە ناوچونی دیارێکان و نقوم بوونی لە دەریا و جێبەجێ نەکردنی ئەرکەکە ترسا بێت لە لێپرسینەوە .(وەرگێر)

دوای ئەم شوێنانە بە وشکانیدا چوینە کەورەستان و پاشان لار و خونج بال دواتریش بۆ کارزی سێ رۆژ ماینەوە و دووبارە کەووتینەوەڕێ تا گەیشتینە (جەمەکان)، دوای ئەم شارەش رۆیشتین بۆ (مەیمەن) و (بەسا) رێگایەکی زۆرمان بڕی و یەجگار ماندوو بووین، بۆیە لە شیراز لامانداتا پشوی تەواوی خۆمان وەربگرین و ئەوکات رێگای گەڕانەوە بگرینەبەر، ئەو کاتەی گەیشتینەوە شیرا، سولتانەکەی هەمان کەسی پێشووتر "ئەبو ئیسحاق" بوو بەڵام لەوێ نەبوو دووبارە چاوم کەوتەوە بە زانا و دادوەری گشتی "مەجدەدین"، بینیم ئەم زانا پایەبەرزە سست و بێهێز ببوو چاوەکانیشی لەدەستدابوو خوای گەورە رەحمی پێ بکات.

پاش ماوەیەکی کەم لە پشودان، گەشتم کرد بۆ ماین و لەوێوە بۆ یەزدخاس و ئەکلیل، پاشان ئەسفەهان و توستەر و حەوێزا و دواتریش بۆ شاری بەسرە، پێشتر باسی هەموو ئەو ناوچانەم کردوە، لە بەسرە سەردانی گۆڕی هاوەڵانی پێغەمبەرﷺ و زانا و پیاوچاکانی تابعینم کرد وەك: حەسەنی بەسری و محەمەد سیرین و زوبێر و تەڵحە و مالیکی کوڕی دینار و محەمەدی کوڕی واسع لەگەڵ حەلیمە سەعدیە رەزای خودا لەسەر هەموویان بێت.

دوای بەسرە سەفەرمان کرد و چوینە مەشهەدی عەلی کوڕی ئەبی تالیب، پاشان چوینە کوفە و لەوێ زیارەتی مزگەوتی پێشەوا عەلیمان کرد لەو ماوەیەی کە لەوێ بووین شتێکی وا رێکەوت کە والی ناوچەکە رێگری لە خەڵکی دەکرد سەردانی مزگەوتی (صاحیب زمان) بکەن، هەروەها رێگری لەوەش دەکرد کە ئاژەڵەکانیان بۆ بگەڕێنێتەوە، ویستی خوا وا دەبێت ئەم والیە تووشی نەخۆشییەکی توند و خێرا دەبێت و دەمرێت، ئیتر ئەوەندەی تر ئەو هەوالە رافیزەکانی زیاتر گومڕا کرد و دەیانوت چونکە رێگری کردوە بۆیە وای بەسەر هات.

دوای کوفە بەرەو (صەرصەر) بەڕێکەوتین و لەوێشەوە بۆ شاری بەغداد و لە شەوالی سالی ٧٤٨ بوو گەیشتینە ئەوێ ئیدی هێندەی نەبرد، چاوم بە کۆمەڵە

خەڵکێکی وڵاتی خۆمان (مەغاریبە) کەوت باسی ئەوەیان کرد کە رۆمەکان ناوچە سەوزاییەکانیان داگیرکردوە.

باسی سوڵتانی عێراق

لە کاتی گەڕانەوەم بە وڵاتی عێراقدا بینیم "شێخ حەسەن"ی ئامۆزای "ئەبی سەعید"ی سوڵتانی پێشووی عێراق لەسەر تەختی پاشایەتی گیرسابۆیەوە چونکە کاتێك ئەبی سەعید وەفات دەکات ئەو جڵەوی فەرمانڕەوایی وڵاتی گرتبووە دەست "دڵشاد خاتون"ی خێزانی ئەبی سەعیدشی لە خۆی مارە کردبوو، ئەم ئافرەتە کچی "دیمەشق خواجە جیهان" بوو هۆکاری ئەوەی کە شێخ حەسەن بۆ ئەوەی کرد ئەوە بوو، پێشتر ئەبی سەعید خێزانێکی شێخ حەسەنی لە خۆی مارە کردبوو، ئەوەش ئەو کاتەی ئەو بە سوپایەکەوە رۆیشتبوو بۆ جەنگ کردن لەگەڵ "ئەتابەك ئەفراسیاب"ی سوڵتانی لوڕەکان، بۆیە ئەبی سەعید رۆیشتنی شیخ حەسەن وەك دەرفەتێك دەقۆزێتەوە خێزانێکی شێخ حەسەن لەخۆی مار دەبڕێ .

دوای بەغداد کاروانی گەشتەکەمان کەوتەوەڕێ و ئەمجارەیان چوین بۆ ئەنبار و پاشان هیت و حەدیسە و دواتر بۆ عانە هەموو رێگاکانی ناوەدانی و باڵەخانە بوون وەك پێشتر وتوومە، زەوی ئەم شارانە زۆر بە بەرەکەت بوو و هیچ هەرێمێکم لە دونیادا نەبینیوە بۆ بەپیتی بگات بەو زەوییانەی کە دەکەوێتە سەر ڕوباری چین جگە لەم ناوچانە نەبێت.

پاشان ئەوەندە نەماینەوە و رۆیشتین بۆ شاری رەحبە، شارەکەی "مالیکی کورِی توقە"، شوێنێکی قەشەنگی عێراق بوو و سەرەتای دەستپێکی زەوییەکانی وڵاتی شام بوو، لە دوای ئەم شارە لەگەڵ کاروانی رێبواران چوینە سەخنە بۆیە پێیان دەوت: سەخنە چونکە ئاوەکانی گەرم بوو، زۆربەی دانیشتوانەکەی گاوری نەسرانی بوون گەرماوی پیاوان و ئافرەتانیان هەبوو نەریتیان وابوو لە شەودا گۆزە

و کوپەڵەکانیان لە ئاوی خواردنەوە پڕ دەکرد و لە سەربانی خانووەکانیان دایاندەنا تا سارد بێت دوای سەخنە گەیشتینە تەدمور، شارەکەی حەزرەتی سولەیمان سڵاوی خودای لێبێت، جنۆکەکانی حەزرەتی سولەیمان دروستیان کردوە، نابیغەش[1] لەو بارەیەوە دەڵێت: یبنون تدمُر بالصفاح والعُمد!.

گەڕانەوەم بۆ دیمەشق

دوای بیست ساڵی تەواو، ئنجا گەڕامەوە (دیمەشق)، ئەو سەردەمەی لە دیمەشق دەرچوم کە ژنەکەم بەجێهێشت سکی پڕبوو، لە هیندستان هەوالّم بیست کە منداڵەکەم کوڕە بۆیە چل دیناری ئالتونیم بۆ باپیری ڕەوانە کرد کە لە بنەڕەتدا خەڵکی (میکناسە)ی ولاّتی مەغریب بوو بە هیوای ئەوەی ببێت بە خەرجییەك بۆ منداڵەکەم.

زۆر ئارەزووی ئەوەم دەکرد هەوالّیان بزانم بەڵام ئەوەی من ویستم وا دەرنەچو کاتێك خۆم گەیاندە لای "نورەدین سەخاوی" پێشەوای مالیکییەکان لە مزگەوت نەیتوانی بمناسێتەوە بۆیە خۆم پێناساند و یەکەم هەوالّێك کە لێم پرسی هەوالّی منداڵەکەم بوو، ووتی: دوانزە ساڵ دەبێت وەفاتی کردوە هەروەها ووتی: زانایەکی ولاّتی مەغریب هەیە خەڵکی تەنجەیە و لە قوتابخانەی زاهیریە نیشتەجێیە، ئەو هەوالّی کەسەکانی تۆ دەزانێت، خێرا چوم بۆ لای و مەبەستم بوو هەوالّی دایك و باوکمی لێ بپرسم بینیم پیاوێکی بەتەمەنی ڕیش سپییە.. پاش خۆناساندن،

---

[1] نابغەی زوبیانی: ناوی زیادی کوڕی مەعاویەیە، ناودار و شاعیرێکی سەردەمی نەفامی (جاهلی)ە و ١٨ ساڵ پێش لە دایك بونی پێغەمبەر وەفاتی کردوە.

ئەمەش سەرەتای دێڕە هۆنراوەکەیەتی:

وخيس الجن أني قد أذنت لهم يبنون تدمُر بالصُفاح والعُمد

(تحفة النظار، إبن بطوطة ، مطبوعات اكاديمية- المملكة المغربية م١ص ١٧٧)

هەوالّی تەواوی پێدام ووتی: باوکت پانزە ساڵ دەبێت وەفاتی کردوە، بەڵام دایکت لە ژیاندا ماوە. ئیدی بۆ ماوەی یەك ساڵ لە دیمەشق مامەوە، بارودۆخی ولّات زۆر خراپ بوو، هێندە گرانی بوو نرخی حەوت ئۆقێ نان گەیشتە یەك درهەم، ئۆقێیەکی شام دەیکردە چواری ولّاتی مەغریب. ئەوەی شایەنی باسە، ئەوکات دادوەری گشتی مالیکییەکان ناوی "جەمالەدین مەسلاتی" بوو، یەکێك بوو لە هاوڕێکانی "عەلائەدین قەونەویە" و دواتر "تەقیەدین سوبوکی" بوو بە دادوەری گشتی، بەڵام ئەمیری شار مەلیك "ئەرغۆن شا" بوو.

چیرۆکی ئەوانەی لەسەر نان کوژران

لەو سەردەمەدا کە برسێتی بالّی کێشابوو بەسەر ولّاتدا، چەند کاربەدەستێکی گەورەی دیمەشق کۆچی دوایی دەکەن و وەسیەت دەکەن کە مالّ و دارایی خۆیان بەسەر هەژاراندا دابەش بکرێت بۆیە ئەو کەسانەی کە وەسێتەکەیان جێبەجێ دەکرد دەست دەکەن بە دروست کردنی نان و بەخشینەوەی بەسەر هەژاراندا.

شەوێك قەرەبالّغی و هەرا دروست دەبێت هەندێك کەس نانەکان دەڕفێنن و هەندێکیش لە برساندا هێرش دەکەنە سەر نانەواخانەکان، کاتێك ئەم هەوالّە دەگاتە "ئەمیر ئەرغۆن شا" سەرباز و جەلادەکانی بانگی هەموو خەلّکە هەژارەکان دەکەن و پێیان دەلّێن: وەرن ژمە نانی خۆتان وەربگرن، ئیدی مەگەر خودا بزانێت ئەو شەوە تا بەیانی چەند کەس لە نزیك قەلاّی سولّتان کۆدەبنەوە، لە بەیانیدا فەرمان بە سەربازەکانی دەکات بە شمشێر دەست و قاچی ئەو خەلّکە بێتاوانە دەپەڕێنن، خەلّکێکی زۆر دەکوژرێت و بێ دەست و قاچ دەکرێت، جگە لەم کارە ناپەسەندەی ئەم ئەمیرە ستەمکارە، بەشێکی زۆر لە تایەفەی (حەرافیشەکان)یش لە دیمەشق دەردەکات، ئەوەیان بۆم گێڕایەوە ووتیان: لە پاش ئەو کارەساتە، ئەوەندە لە ژیاندا نامێنێت و لە رووداوێکدا دەکوژرێت!.

لە دوای دیمەشق چوم بۆ حیمس و حەما و مەعەرە و سەرمین و دواجاریش حەلەب[1]، ئەو دەمەی گەیشتمە حەلەب ئەمیرەکەی حاجی "روغتی" بوو.

پەتا کوشندەکە

لە سەرتای مانگی ربیعولئەوەلدا بوو، لە حەلەب هەوالّم پێگەیشت کە پەتایەکی کوشندە شاری غەزەی گرتووەتەوە رۆژانە هەزاران کەس دەمرن لەگەلّ کاروانی رێبواران کەوتمەڕێ بۆ حیمس تومەز ئێمە ئاگادر نەبووینە لەوێش پەتاکە خەریکە تەشەنە دەسەنێت ئەو رۆژەی کە چوینە شارەوە ووتیان: ئەمڕۆ نزیکەی سێ سەد کەس مردوون پاشان بەپەلە گەڕاینەوە بۆ دیمەشق لە رۆژی پێنجشەممدا بوو گەیشتمە شار خەلّکەکەی سێ رۆژ بوو بەڕۆژو بوون بۆ رۆژی هەینی هەموو بە پێی خاوسی کەوتنەڕێ بۆ مزگەتی کۆن تا نزا بکەن خودا ئەو بارەیان لەسەر لابەرێت لە پێشوتر و لە سەرتای گەشتەکەمدا کاتێك چومە دیمەشق باسی هەمان رووداوم کردوە، ئەو کاتەش بە هەمان شێوە پەتا تەشەنی سەند ئیدی دوای ئەو پارانەوەیە، ژمارەی مردووەکان کەم بووەوە بۆ دوو هەزار و چوار سەد کەس لە رۆژێکدا.

هەر لەو سەردەمەدا بوو سۆفییەکی لاوی هەژار و شێخەکەی لە یەکێك لە چیاکانی عەنتاب سەرقالّی خوداپەرستی بوون خەلّکی بۆ پیرۆزی سەردانیانی دەکرد لاوە هەژارەکە بێ ژن دەبێت و دەلّێت: من هەرگیز ژن ناهێنم و خێزان دروست ناکەم و خۆڕاگر دەبم، هەروەها کۆمەلّێك قسەی بێ بنەمای تر دەکات: گوایا پێغەمبەرﷺ خۆی نەگرتووە بۆ ئافرەت ئەم هەوالّە دەگاتەوە ئەمیری گشتی هەروەها سکالاّیان لێ دەکرێت و هەر چوار دادوەری مەزهەبەکان ئامادە دەبن، کە

[1] لە جوگرافیای نوێدا، ئەم شارانە هەمو دەکەونە ولاّتی سوریاوە. (وەرگێڕ)

ئەوانیش: شەهابەدین مالیکی و ناسرەدین عەدیم لە مەزهەبی حەنەفی و تەقیەدین لە شافیعی لەگەڵ عیزەدین لە مەزهەبی حەنبەلی بوون، هەمووپان هاوڕابوون لەسەر فەتوای مەرگ و دواتر لە گەردنیان درا.

لە پاش دیمەشق گەشتم کرد بۆ عەجلۆن و بەیتولمەقدیس، بینیم لەوێش پەتاکە بەرەو هەڵکشان دەچێت، ئەو ماوەیەی کە لەوێ بووم، چاوم بە وتاربێژ عەزەدینی کوڕی جەماعە کەوت ئامۆزای دادوەری میسر بوو پیاوێکی خوداناس و بەخشندە بوو هەمیشە سەرقاڵی یارمەتیدانی هەژاران دەکرد موچەی مانگانەی هەزار درهەم بوو.

حیکایەتێک لە نەزری وتاربێژ

ڕۆژێك وتاربێژ خواردنێکی بۆ خەڵکی ئاماده کرد و بانگی منیشی کرد بۆ ئەو خوانە، پرسیارم کرد ووتم: ئەم خوانە بۆ چی مەبەستێك ئامادە کردوە ؟، ووتی: نەزرم کردوە کە هەر ڕۆژێك نوێژ لەسەر مردوو نەکەم ئەو ڕۆژە لە خۆشیدا خواردن و خواردنەوە ئامادە بکەم و دابەشی بکەم دوێنێش هیچ کەسێك بە پەتا نەمردوە لەبەرئەوە نەزرەکەم بەجێهێناوە . ئەوەی لە یادەمە ئەو دەمەی لەوێ بووم کۆمەڵێکی زۆر لە زانایانی پایەبەرز بە هۆی نەخۆشییەوە وەفاتیان کرد ڕەحمەتی خودایان لێبێت، کەمێکی کەم لەو زانایانە لە ژیاندا مابوونەوە، وەك زانای بواری فەرموده پێشەوا "سەلاحەدین خەلیل کوڕی کیکلدی عەلائی" و "شەرەفەدین خوشی" پێشەوای مزگەوتی خانەقای ئەقسا.

لەوێ چاوم کەوت بە شێخ سولەیمان شیرازی و بووینە میوانی، هیچ کەسێکم لە شام و میسر نەبینی کە سەردانی شوێنی پێی ئادەمی کردبێت، جگە لەم زانا پایەبەرزە نەبێت، پاشان بە یاوەری زانای فەرموده "شەرەفەدین سولەیمان مەلیانی" و "تەڵحە عەبدوادی" کە زانایەکی سۆفی مەغریبی بوو لە قودس

نیشتەجێ بوو گەشتم کرد و رۆیشتم بۆ شاری خەلیلی لانکەی پێغەمبەران سڵاوی خوایان لێبێت، لەوێ سەردانی گۆڕی پێغەمبەر ئیبراهیمی خەلیل و پێغەمبەرانی ترمان کرد. دواترچوم بۆ غەزە و بینیم خەڵکێکی زۆری ئەو شارە بە پەتا گیانیان لەدەست دابوو هێندە خەڵك مردبوو بەشێکی کەم لە دانیشتوانەکەی مابوونەوە، ووتیان: سێ بەشی خەڵکەکەی مردوون و بەشێکیان ماون، هەروەها ئەوەشیان ووت: کە رۆژانە هەزار و سەد کەس بە پەتاکە دەمردن. پاشان بە وشکانیدا کەووتینەوەڕێ و چوین بۆ دومیات لەوێ چاوم کەوت بە "قوتبەدین نەقشەوانی" پیاوێکی خواناس بوو هەمیشە بەڕۆژو بوو پێکەوە گەشتمان کرد بۆ فارسکۆر و سەنەمود و دواتریش بۆ ئەبی صیر لەوێ لە خانەقای میسرییەکان پشووی تەواوەتی خۆمان وەرگرت و ماندوێتیمان رەوییەوە.

ئەو کاتەی لە خانەقاکە بووین، پیاوێکی هەژاری خواناس هاتە لامان و سڵاوی کرد، ئێمەش خواردنمان پێشکەش کرد وەری نەگرت ووتی: تەنها هاتووم سڵاوتان لێ بکەم ئەو شەوە تا بەیانی سەرقاڵی پەرستش کردن بوو، کاتێك سپێدەی بەرەبەیان دەرکەوت یەکێك لە پێشەواکان هات ویستی خواردنی پێشکەش بکات، هەرچەند بانگی کابرای کرد هیچ وەڵامێکی نەبوو تومەز مردوە بێ ئەوەی ئاگادری بن، ئێمەش نوێژمان لەسەری کرد و بە خاکمان سپارد رەحمەتی خودای لێبێت. دوای ئەبی صیرە گەشتمان کرد بۆ محلە کەبیر لەوێشەوە بۆ نەحراریە و ئەبیار و دەمنەهور و دواتریش بۆ ئەسکەندریە، پێشتر لە کاتی خۆیدا باسی هەموو ئەم شارانەم کردوە سوپاس بۆ خوا لەم شارانە پەتاکە تەواو کەم ببوو بەڵام پێشتر رۆژانە هەزار و هەشتا کەس بەهۆی ئەو نەخۆشییەوە دەمردن.

دوای ئەسکەندریە رۆیشتین بۆ قاهیرە، دەیانوت: لە رۆژانی پەتاکەدا بیست و یەك هەزار کەس لەو شارەدا مردون، بەداخەوە زانایەکی زۆری ئەو وڵاتە، کە من پێشتر ناشنایەتیم لەگەڵیاندا هەبوو هەموویان بە هۆی نەخۆشییەکەوە گیانیان سپاردبوو، رەحمەتی خودا لە هەموویان بێت.

قۆناغی هەشتەم:

لە میسرەوە جارێکی تر لەگەڵ کاروانی حاجییان گەشت بۆ مەککە دوای حەجکردنیش گەڕانەوە بۆ میسر و پاشان بۆ مەغریب و گەیشتنەوە بە شاری فاس لە ساڵی ٧٥٠ ک

باسی سوڵتانی میسر

ئەو دەمەی گەڕامەوە بۆ میسر، سوڵتانی وڵات مەلیك ناسر حەسەن کوڕی مەلیك ناسر محەمەدی کوڕی مەلیك مەنسور قلاوون لەسەر تەختی دەسەڵات بوو بەڵام دوای ماوەیەك دەسەڵاتی لێ وەرگیرایەوە ئنجا مەلیك سالّحی برای پاشایەتی میسری کرد ئەوەندە لە قاهیرەدا نەماینەوە هەوالّم بیست کاروانێکی ڕەجەبی بە سەرپەرشتی دادوەری گشتی "عەزەدینی کوڕی بەدرەدین ئیبن جەماعە" خۆیان ئامادە کردوە و بەرەو حیجاز گەشت دەکەن بە مەبەستی حەجکردنی مالّی خوا، بۆیە دەڵێن: ڕەجەب چونکە لە مانگی ڕەجەبدا دەکەوتنەڕێ بەشێك لە حاجییەکان نەخۆش بوون، هەروەها هەوالّم بیست کە نەخۆشییەکە لەگەڵیان بووە تا چونەتە (عەقبە ئیلە) ئنجا لەوێ کۆتایی پێ هاتووە. ویستم دیسانەوە حەجی مالّی خودا بکەم[1] بۆیە لە قاهیرەوە بە ناوچەی (سەعید)دا گەشتم کرد بۆ عیزاب، لەوێشەوە بە دەریادا بۆ (جدە)، دواتریش خودا شەرەفی ئەوەی پێدام لە بیست و دووی شەعبانی سالّی ٧٤٩ ك، جارێکی تر چاوەکانم بە دیداری مەککە شاد ببێتەوە. ئەمجارەیان لە مەککە لە مالّی پێشەوای مالیکیەکان ئەبی عەبدولّلای کوڕی محەمەدی کوڕی عەبدولڕەحمان ناسراو بە خەلیل مامەوە ڕۆژانە لەسەر مەزهەبی ئیمامی شافیعی عەمرەی خۆم دەکرد، مانگی ڕەمەزانیشم لەوێ بەسەربرد و ئاشنای کۆمەڵێکی زۆر لە زاناکانی ئەوێ بووم، لەوانە: شەهابەدین حەنەفی و شەهابەدین تەبەری[2] و ئەبا محەمەد یافعی لەگەڵ نەجمەدین ئەسفەهۆنی و حەرازی.

---

[1] بۆ جاری پێنجەمە حەجی مالّی خودا دەکات. (وەرگێڕ)

[2] شەهابەدین کوڕی محەمەد تەبەری کوڕی موحیبەدین ئەحمەدی تەبەریە، لە خێزانێکی ناوداری زانستییە . (تحفة النظار، إبن بطوطة ، مطبوعات اكاديمية- المملكة المغربية م ٤ ص ١٨٢)

ئەو سالّەی حەجم کرد لە دوای ئەو فەریزە پیرۆزە لەگەلّ کاروانی شامیدا گەشتم کرد بۆ مەدینە بە مەبەستی زیارەت کردنی گۆڕی پێغەمبەرﷺ سوپاس بۆ خوا بە دیداری ئەو زاتە موبارەکە شاد بووینەوە هەروەها زیارەتی بەقیعمان کرد کە گۆڕی هاوەلاّنێکی زۆری پێغەمبەری خودای لێبێت، هەروەها چاویشم کەوت بە زانای بەناوبانگ "محەمەدی کوڕی فەرحون".

دوای مەدینە بار و هەمبانەمان پێچایەوە و گەشتمان دەستپێکردەوە بۆ عەلا و تەبوک، لەوێشەوە بۆ بەیتولمقدیس و شاری خەلیل و غەزە، دواتریش بۆ ئەو مالاّنەی کە لە زەوییە لماوییەکان[1] بوون پێشتر باسی هەموو ئەم شوێنانەم کردوە.

دوای پشوێکی کەمی چەند رۆژەش کەووتینەوەڕێ و رۆیشتین بۆ قاهیرە، لەوێ هەوالّم بیست کە سوڵتانی مەزن و ئەمیری باوەڕداران "ئەبا عەنان" خودا سەربەرزی بکات بە پشتیوانی خودا دەوڵەتی (مەرینیە)ی دروستکردوە، خەڵکی هەموو دڵخۆش بوون و دەیانوت: گەورەیی و بەخشندەیی دونیای داگیرکردوە کەس نییە لە لوتفی ئەو بێبەش بوو بێت بۆیە ئارەزوی ئەوەم دەکرد بە خێرایی بگەڕێمەوە بۆ ولاّتی مەغریب و لە خزمەتی ئەم سوڵتانە شکۆمەندەدا بوەستم هەرچەند قورس بوو بتوانم زێدی خۆم و کەسوکار و خزم و دۆستەکانم لەبیر بکەم چونکە لای من فەزڵیان بەسەر هەموو دونیادا هەیە، پێشتر نیازم هەبوو بگەڕێمەوە بۆ نیشتمان، بەلاّم بۆچونی خۆمم گۆڕی.

شاعیر راستی وتوە کە دەڵێت:

بلاد بها انيطت عليَّ تمائمي وأول أرض مسَّ جلدي ترابها

لە دوای قاهیرە بە دەریادا و بە کەشتی بچوکی (قەرقورە)ی بازرگانە

---

[1] زەوییە لماوییەکان: مەبەست لێی بیابانی نێوان غەزە و میسرە لە باشووری رۆژهەلاّتی بەلبیس. (المصدر السابق، ص ١٨٤)

تونسییەکان، سەفەرمان دەست پێکردەوە چوینە جەربە لەوێ بۆ ماوەیەکی کەم دابەزیتین کەشتییەکە لەسەر ئێمە نەوەستا و دواتر بیستمان کە دوژمن لە نزیک تونس دەستی بەسەردا گرتووە[1]، بۆیە بە کەشتییەکی بچوکی تر بەرەو قابس بەڕێکەووتین، لەوێ بووین بە میوانی دوو براکە "ئەبی مەڕوان و ئەبی عەباس"ی کوڕانی ئەمیری (جەربە) و (قابس)، هەر لەوێ بەشداری ئاهەنگی لەدایکبونی پێغەمبەرﷺ کرد پاشان دیسانەوە بە دەریادا گەشتم کرد بۆ (بولیانە) ئنجا بە وشکانیدا و دوای سەختی و ناخۆشییەکی زۆر، لەگەڵ کاروانێکی عەرەبدا گەیشتمە شاری تونس بینیم عەرەبەکان ئابڵوقەیان داوە.

باسی سوڵتانی تونس

سوڵتانەکەی ناوی "ئەبی یوسفی کوڕی عەبدولحەق" بوو، کەسێکی دیندار و دادپەروەر و ئازاو چاونەترس و خەمخۆری دین و ژین بوو موجاهیدێکی ماندوو نەناس بوو هەمیشە شمشێری تیژی بەڕوی بێباوەڕاندا هەڵکێشرابوو بەغیرەت بوو بەرامبەر ئەو کەسانەی سنوورەکانی خودا دەبەزێنن، داواکارم لە خودا ئەم سوڵتانە بپارێزێت و دەوامی موڵکی بدات تا رۆژی دوایی.

کاتێك گەیشتینە تونس رۆیشتم بۆ لای "حاجی ئەبا حەسەن نامیسی"، چونکە هاوڕێ و خزمم بوو دواتر پێکەوە چوین بۆ شوێنی پێشوازی لە مااڵەکەیدا لەوێ چاوم کەوت بە مەولانا "ئەبا لحوسەین" خێرا دەستەکانیم ماچ کرد خودا لێی رازی بێت ئنجا پێکەوە دانیشتین و دەستی کرد بە پرسیارکردن دەربارەی ولاتی میسر و حیجاز و سوڵتانەکانی ئەو مەملەکەتانە منیش هەموو پرسیارەکانیم وەاڵمدایەوە، پاشان هەواڵی "ئەبی تیفراجینی"[2] لێم پرسی ووتم: خەڵکی مەغریب هەرچی لە

---

[1] مەبەست لە دوژمن: چەتەکانی دەریایە لە سەدەکانی ناوەڕاستدا، کە دیاردەیەکی باوبووە. (المصدر السابق، ص١٨٥)

[2] یەکێك بووە لە سەرکردە بەناوبانگەکانی دەوڵەتی موەحیدین و ناوی "حاجی ئەبی یەحیا ئەبی بەکر" بووە، ←

دەستیان بوو کردیان بەرامبەری ویستیان لە ئەسکەندریە بیکوژن بەڵام بۆیان نەکرا.

هەر لەو زانا بەناوبانگ و دادوەرانەی لە کۆڕەکەیدا دانیشتبوون، پێشەوا "ئەبو عەبدوڵڵا سەتی" و "ئەبو عەبدوڵڵا ئیبن سیباغە" بوون، هەروەها لەوانەی کە خەڵکی تونس بوون دادوەر ئەبو عەلی عومەری کوڕی عەبدلرەفیع و ئەبو عەبدوڵڵای کوڕی هارون بوون، دواتر ئەو مەجلیسەم بەجێهێشت و بۆ ئێوارە مەولانا "ئەبالحوسەین" بانگمی کرد و منیش رۆیشتم بۆ خزمەتی، لە بورجێکی مەزن دانیشتبوو کە دەبڕوانی بەسەر گۆڕەپانی جەنگدا و پۆلێك زانا و پیاوچاکیش یاوەری بوون پاشان دەستی کرد بە پرسیارکردن دەربارەی گەشتەکەم هەروەها پرسیارکردن دەربارەی پاشای هیندستان. سی و شەش رۆژ لە تونس بووم و بەردەوام من باسی گەشتەکەم بۆ دەکرد، لەو ماوەیەدا چاوم بە پێشەوا و زانای گەورە "ئەبی عەبدوڵڵای ئویولی" کەوت لەسەر جێگا کەوتبوو نەخۆشی بە تەواوەتی تەنگی پێی هەڵچنی بوو وێڕای ئەو نەخۆشی و ماندوێتیە، پرسیارگەلێکی زۆری لێم کرد دەربارەی گەشتەکەم.

پاشان بە دەریادا لە تونسەوە لەگەڵ "قەتلانییەکان" گەشتمان دەستپێکرد و چوینە دوورگەی سەردینیەکان(ماسی سەردینی زۆر بووە - وەرگێر) کە یەکێك بوو لە دوورگەکانی رۆمەکان، بەندەر و کەشتیگەلەکانی مەزن و سەرنجڕاکێش بوون دەرگایەکی گەورەی هەبوو لە دار دروستکرابوو هەر کاتێك خۆیان ویستیان لەسەر

رۆڵێکی سەرەکی هەبووە لە هاندانی سوڵتانی مەرینییەکان "ئەبا حەسەن"، بۆ گەڕاندنەوە و چەسپاندنی دەسەڵاتی لە ئەفریقا، دواتریش بووە بە وەزیر، هەروەها هەوڵیداوە شارۆنی حەفصییەکان لە خۆی مارە بکات، بەڵام هەڵوێستی گۆڕا و ئەوەی نەکرد، ئنجا لەلایەن حەفصییەکانەوە راسپێردرا تا ئابلۆوقە بخاتە سەر تونس، کاتێکیش لەو کارەی سەرنەکەوت بە ناچاری هەڵهات بۆ ئەسکەندەریە و دوای ماوەیەك دووبارە گەڕایەوە و توانی زاڵ ببێت بەسەر سوڵتانی حەفصییەکاندا و لە ساڵی ٧٦٦ ك کۆچی دوایی کردوە. (المصدر السابق ، ص١٨٥)

هەبووایە ئەوکات دەیانکردەوە، هەروەها قەڵا و شورای پاریزراوی هەبوو، ڕۆیشتینە یەکێك لە قەڵاکانی بازاڕی تێدا بوو، نەزرم کرد ووتم: خودایە گەر لە دەستی ئەم ڕۆمانە بمانپارێزیت دوو مانگ لەسەر یەك بەڕۆژوو دەبم، چونکە هەستم کرد خەڵکەکەی نیازیان وایە کاتێك لە قەڵاکە دەرچوین بە دیل بمانگرن. سوپاس بۆ خوا هەر چۆنێك بوو دەرچوین دوای دە ڕۆژ گەیشتینە تەنەس، دواتریش بۆ مازۆنە و موستەغانم و تەلەسان، لەوێ سەردانی شێخ ئەبا مەدینەم کرد خودا لێی ڕازی بێت پاشان لە مەدرومەوە دەرچوین و ڕێگای ئەخندەقانم گرت بۆ پشوو لە خانەقای شێخ ئیبراهیم لاماندا.

لەوێشەوە بەڕێکەووتینەوە کاتێك گەیشتینە نزیك ئەزغنغان نزیکەی پەنجا جەنگاوەر بەرەو ڕوومان هاتن هەندێکیان بە سواری ئەسپ بوون ووتمان: تەواو بۆ جەنگ هاتوون، ئێمەش خۆمان ئامادە کرد بۆ شەڕ ئیبن قورەیعان تەنجی و محەمەدی برای لەگەڵمان بوون، ئالاّمان بەرزکردەوە و بینیمان بێدەنگ بوون، ئیدی ئێمەش هیچمان نەکرد و شکور بۆ خوا شەڕ دروست نەبوو بەڵام بەداخەوە دوای ماوەیەك بیستم، کە محەمەدی برای ئیبن قورەیعان لە دەریادا شەهید بووە. هەرچۆنێك بوو دوای ڕێکردن و دژواریەکی زۆر گەیشتمە شاری تازی لەوێ هەواڵم پێگەیشت کە دایکم بە نەخۆشی گیانی سپاردوە ڕەحمەتی خودای لێبێت، بەڕاستی ئەوە گەلێك غەمباری کردم.

دوای شاری تازی[1] کەووتمەڕێ بەرەو پایتەختی سوڵتان لە کۆتایی مانگی شەعبانی ساڵی ٧٥٠ ك گەیشتمە (فاس)ی پایتەختی پاشای مەزن "ئەبی عەنان" خودا دەوامی مولکی بدات بۆ خزمەتی ئیسلام و مسوڵمانان، بەڕاستی نازانم چۆن وەسفی ئەم سەرکردە مەزنە بکەم، کاتێك چاوم پێی کەوت، ئیدی شکۆی پاشای ولاّتی عێراقم لەبیر کرد جوانی هەڵسوکەوتی وەك پاشای هیندستان بوو ڕەوشت

[1] (تازی و فاس) دوو شاری ولاّتی مەغریبن. (وەرگێڕ)

بەرزی هاوشێوەی سولّتانی یەمەن بوو، بۆ چاونەترسی و ئازایەتی وەك پاشای تورك بوو، بەڵام هێمنی و داناییەکەی ئەچوێنم بە مەلیکی رۆمەکان لە دینداریدا وەك پاشای تورکستان بوو لە زانستیشدا نمونەنەی پاشای جاوە بوو، لەو کاتەی لە خزمەتی پاشادا بووین یەکێك لە وەزیرەکانی کە ناوی ئەبو زیانی کوڕی ودرار بوو دانیشتبوو پرسیاری میسری لێم کرد و منیش وەڵامیم دایەوە هەروەها ووتم: خۆشحاڵ بووم کاتێك لەوێ بووم هەواڵی پاشای مەزنمان بیست.

بەڕاستی هیچ ناخۆشییەك لە ولاّتدا نەبوو، سوپاس بۆ خوا هەموو خواردنێك بە ئاسانی بەردەست دەکەوت و هیچ کات مرۆڤ ترسی برسێتی لە دڵیدا نەبوو بۆ هەر جێگایەك دەچویت ئاوی خواردنەوە بە ئاسانی دەست دەکەوت، میوەکان هێندە زۆر بوون دەتتوانی بە نرخێکی کەم بیانکڕیت، کەم جێگا هەیە وەك هەرێمەکانی رۆژئاوا بەپیت و بەرەکەت بێت، راستە دەڵێن:

الغربُ أحسنُ أرضٍ ولي دليلٌ عليـــهِ

البدرُ ترقبُ اليـــهِ والشمسُ تسعى إليهِ

هەرچەندە دراوی رۆژئاوا بچوك بوو بەڵام بەنرخ بوو و سوودی زیاتر بوو کاتێك مرۆڤ بەراوردی نێوان نرخی شمەکەکانی لەگەڵ ولاّتانی میسر و شامدا دەکرد ئەو راستییەی بۆ دەردەکەوت بۆیە فەزڵی رۆژئاوا شتێکی دیار و ناشکرا بوو کەس نەبوو نکۆڵی لەوە بکات بۆ نمونە لە ولاّتی میسر و شام هەژدە ئۆقێ گۆشتی بەرخ بە درهەمێك دەفرۆشرا درهەمێکی ئەوان دەیکرد بە شەش درهەمی ولاّتی مەغریب، بەڵام لە مەغریب ئەگەر گۆشت گرانیش بووایە، هەژدە ئۆقێ[1] ئنجا دەگەیشتە دوو درهەم.

---

[1] هەژدە ئۆقێ نیو کیلۆی سەردەمی خۆمان بووە (المصدر السابق، ص ١٩٥)

رۆنیشیان زۆر بوو بەڵام بەهیچ شێوەیەك رۆن لە وڵاتی میسردا نەبوو جۆرە خواردنێك لە میسردا دروست دەکرا لە رۆژئاوا نەبوو گرنگیشی پێ نادرا چونکە باشتر هەبوو، خواردنەکەش بریتی بوو لە نیسك و نۆك و لە مەنجەڵێکی تایبەتدا دەکوڵێنرا و دواتریش زەیتی بەسەردا دەکرا جگە لەو خواردنەی باسم کرد جۆرێکی تری میسرییەکان بریتی بوو لە: رووەکی قورەع کە دەکوڵێنرا و پاشان لەگەڵ ماستدا تێکەڵ دەکرا، خواردنێکی تریان پاقلە حۆلە بوو، هەروەها مۆز لەگەڵ شیردا دەکوڵێنرا و بۆ خواردن بەکاردەهێنرا جۆرێکی تر (قلقاسە) بوو کە وەك ماشە و دەیانکوڵاند بەڵام وڵاتی رۆژئاوا هیچ کام لەم خواردنە میسرییانەی بەکار ناهێنا، گۆشت و رۆن و هەنگوین و خواردنی تریان زۆر بوو.

ئەوەی پەیوەندی بە سەوزە و میوەوە هەیە، سەوزە لە وڵاتی میسر زۆرتر بوو بەڵام میوەیان زیاتر لە شامەوە دەهێنا جگە لە تریّ نەبێت لە مەغریب زۆر بوو سێ رەتڵیان بە درهەمێك دەفرۆشت رەتڵێکیان دەیکرد بە دوانزە ئۆقیێیە وێرای ئەوەی میوە لە شام زۆرتر بوو بەڵام نرخی لە مەغریب هەرزانتر بوو بۆ نمونەنە دە ئۆقیّ ئیجاسە بە درهەمێك دەفرۆشرا هەنار و سەفەرجەل بە هەشت فلوس دەفرۆشرا، فلوس دراوێکی تایبەتی وڵاتی مەغریب بوو.

بە هەمان شێوەی میوە سەوزەش بە هەرزانی دەفرۆشرا هەروەها گۆشتیش خۆم بینیومە رەتڵێك گۆشتیان بە دوو درهەم فرۆشتوە، کەواتا ئەگەر جیاوازی بکەین لە نێوان مەغریب و هەرێمەکانی تری دونیا، دەبینین وڵاتی مەغریب لە هەموویان شمەکی هەرزانترە، خودای مەزن ئەم وڵاتە بپارێزێت و دەسەڵاتی پاشای دادپەروەر و سەرکردەی موجاهیدان "ئەبا عەنان" سەربەرز و سەرکەوتووی دونیا و ئاخیرەت بکات، خۆشحاڵ دەبم کە باسی دینداری و ئازایەتی و زانستخوازی و وەستانەوەی دژی ستەمکارانی بکەم.

باسی هەندێک لە سیفاتە جوانەکانی سوڵتان ئەبی عەنان خودا بپارێزێت

ئەمیری باوەڕداران "ئەبا عەنان"، هێندە دادپەروەر بوو زۆر لەوە زیاتر کە لە دوو تۆپی پەرتوکێکدا تۆمار بکرێت، بۆ نمونەنە یەکێك لە سیفەتە جوانەکانی ئەوە بوو، دوای نوێژی هەینی دادەنیشت و خۆی راستەوخۆ گوێبیستی سکالاّی مافخوراوان دەبوو جا ژن بووایە یان پیاو جگە لەوەی خۆی دادەنیشت کۆمەڵێك لە زانا و فەقیهەکانیش لەگەڵیدا دەبوون هەر کاتێك بڕیارێکی پێویستی بە فەتوای شەرعی هەبووایە پرسی بە زاناکان دەکرد هەروەها ئارەزووی ئەوەی دەکرد کە لە پێش پیاواندا گوێ لە ئافرەتان بگرێت چونکە دەیوت: ئەوان لاوازن بۆیە لە دوای نوێژی هەینییەوە راستەوخۆ ئافرەتان دەهاتن و سکالاّی خۆیان پێشکەش دەکرد ئنجا بە نۆرە و هەر کەسێك ناوی بخوێنرایەتەوە بانگیان دەکرد خۆی بەرامبەر بەڕێزی دەوەستا و سکالاّکەی پێشکەش دەکرد ئەگەر بەڕاستی ستەملێکراو بووایە دەستبەجێ بڕیاری گێڕانەوەی مافەکەی بۆ دەردەکرا، پاشان نوێژی عەسری دەکرد و دووبارە دادەنیشتەوە ئنجا سکالاّی پیاوانی بۆ دەخوێنرایەوە، بەڕاستی هیچ پاشایەکم نەبینیوە بەو شێوازە و بە وردی و بە پێی شەرع لە مافەکانی خەڵك بکۆڵێتەوە، تەنانەت پاشای هیندستان کە فەرمانی بۆ دەستگیرکردن و سزادانی تاوانباران دەرئەکرد، زۆر جار مافخوراوی نەدەبینی، بەڵکو تەنها لە ڕێی ئەمیرەکانەوە ئەو کارەی دەکرد.

هەروەها سیفەتێکی جوانی تری ئەمیری باوەڕداران، لەسەرخۆیی و لێبوردەیی بوو خۆم ئەوەم لێی بینیوە، ئەوانەی دژی سەربازەکانی ئەو بوونەوە و سەنگەری دوژمنایەتیان بەرامبەری گرت و تاوانی گەورەیان بەرامبەری ئەنجامدا، بەڵام دواتر لێیان خۆش بوو لە کاتێکدا ئەمانە شایەنی هیچ بەزەییەك نەبوون بۆیە دەڵێم:

پاشای مەزنمان بە تەواوەتی لە مانای ئەم ئایەتە تێگەیشتبوو: ﴿والعافين عن الناس﴾.

ئیبن جوزەی دەڵێت: لە جوانترین سیفەتەکانی ئەم پاشایە لێبوردەیی بوو لە ساڵی ٧٥٣ کۆچییەوە لە خزمەتی ئەم پاشایەدام وا ئێستا سەرەتای ساڵی ٧٥٧ کۆچییە، بە هیچ جۆرێک سزای کوشتنی بەسەر کەسێکدا نەداوە لە سەر کێشەیەکی خۆی یاخود لە رقدا، مەگەر ئەو کەسە کارێکی کردبێت و بە پێی شەرع دەبێت سزای کوشتنەوەی بەسەردا بدرێت، بۆیە هەموو ئەو هەرێم و زەوییانەی لە سنووری قەڵەمڕەوی ئەم سوڵتانە مەزنەدان، لە هەموو نەتەوە و تایەفەکان بە تەواوەتی لە ئارامیدا دەژین و لە هیچ سەردەمێکدا نە بیستوومە و نە بینیومە کەسێک هاوشێوەی ئەو فەرمانڕەوایی کردبێت.

بۆ ئازایەتی و جوامێری.. ئەوە هەر مەپرسن، هێندە مێرخاس و قارەمان بوو ئەو رۆژەی کە جەنگی لەگەڵ (بەنی عەبدلوادی) کرد من لە ولاتی رەشپێستەکان بووم باسی ئەو شەڕەیان لای پاشاکەی کرد ووتی: ئەو کەسەی ئێوە باسی دەکەن پاشایەکی جوامێرە ئەگەر وانەبێت ئەوا ئەو کەسە نییە.

ئیبن جوزەی دەڵێت: هەرچی پاشا و سوڵتانەکانی پێشووتر هاتوون و رۆیشتوون و شانازی بە ئازایەتی خۆیانەوە دەکەن، بەڵام تەنها سەربازیان کۆکردوەتەوە و لە گۆڕەپانی جەنگدا هانی سەربازیانداوە بۆ شەڕکردن بەڵام "ئەبی عەنان"ی پاشامان خودا بیپارێزێت، خۆی بەشداری جەنگەکانی دەکرد و هەندێک جار پاسەوانی تایبەتی خۆشی لەگەڵیدا نەبوون و بە تەنها شەڕی کردوە ئازایەتی و قارەمانێتی دوژمنەکانی سەرسام کردبوو تەنانەت کوشتنی شێر لای ئەو ئاسانتر بووە لە کوشتنی مەڕێک ئەو کاتەی لەگەڵ سوپاکەی لە دۆڵی نەجارینی ناوچەی حەوزی سەلا دەبن، شێرێک هێرشیان بۆ دەهێنێت و سەربازەکانی هەموویان لە ترساندا بلاودەبنەوە، لەو کاتەدا پاشای قارەمانمان بە رمێکەوە هێرش دەکاتە سەر ئەو دڕندەیە و لەگەڵ یەکەم لێدانیدا لە ناوەڕاستی چاوەکانی دەدات و دەیکوژێت،

ئەوەش فەزڵی خودایە بەسەر پاشامانەوە و سەرکەوتن لە دونیا و ڕۆژی دواییدا هەر بۆ باوەڕدارانە.

لە بواری زانستدا.. دەتوانم بڵێم ئەمیری باوەڕداران وێنای نەبوو، هێندە دڵی کراوە بوو بۆ زانست و زانایان هەمیشە لەگەڵ زاناکاندا پێکەوە کۆڕی گەرمی پڕ لە بەرەکەتی زانستیان دەبەست و بە دەیان قوتابی لە دوای نوێژی بەیانییەوە لە مزگەوتی کۆشکی پاشا کۆدەبوونەوە و هەموویان پێکەوە سەرقاڵی زانست بوون هەر لەو مەجلیسەدا تەفسیری قورئان و فیقهی مالیکی و بەشەکانی تری زانست و زانستی تەسەوف دەخوێنرایەوە، لەگەڵ فەرمودەکانی پێغەمبەرﷺ بۆ نمونە لە کۆڕی پاشای هیندستانداله دوای نوێژی بەیانیەوە تەنها زانستی مەعقولات دەخوێنرایەوە بەڵام لە کۆڕی مەجلیسی پاشای جاوە، لە دوای نوێژی هەینیەوە تەنها بەشێك لە فیقی شافیعی باس دەکرا من لە هەموویان زیاتر سەرسام بووم بە پاشای تورکستان، لە زانستخوازی و ئامادەبوونی لە نوێژی شێوان و بەیانیاندا، بەڵام ئێستا کە لەگەڵ ئەمیری باوەڕدارانم شتێکی جیاوازتر دەڵێم: بەڕاستی دیندار و زانستخوازە خوداش خۆی دەزانێت فەزڵی خۆی بەسەر کێدا دەڕێژێت.

ئیبن جوزەی دەڵێت: ئەگەر زانایەك شەو و ڕۆژ بخاتە سەر یەك ئنجا ناگات بە ئەمیری باوەڕداران چونکە هێندە شارەزا بوو لە زانستەکان، وێڕای ئەوەی هەمیشە سەرقاڵی کاروباری وڵات و گێڕانەوەی مافی ستەملێکراوان بوو، بەڵام هیچ کۆڕ و مەجلیسێك نەبوو باسی زانستی تێدابکرێت و ئەو تێیدا بەشدار نەبێت، لە وردەکاری هەموو زانستەکاندا شارەزا بوو، بە تایبەتی زانستی تەسەوف، خودا بەهرەیەکی پێی بەخشی بوو کاتێك لەگەڵ کەسی بەرامبەردا گفتوگۆی دەکرد لە ناخی تێدەگەیشت بۆیە هەڵگری ڕەوشتی سۆفییەکان بوو ئەوەش وایکردبوو نەرمونیان و بە بەزەیی بێت بەرامبەر ژێردەستەکانی هەروەها بە دەست و خەتی خۆی جوانترین هۆنراوەی خۆشەویستی و ڕێز دەنووسێتەوە ڕەوانەی ڕەوزەی شەریفی دەکات لە مەدینەی خۆشەویست لەگەڵ زۆرێك لە دیاری گرانبەها هیچ پاشایەك کاری وەهای نەکردوە و بە خەیاڵیشیدا نەهاتوە!.

کارەکانی ئەمیری باوەڕداران هاوشێوەی کارەکانی پاشای ئەتابەك ئەحمەد بوو لە خزمەتکردنی هەژار و ڕێبواران و دروستکردنی خانەقا و شوێنی پشودان بۆ بێدەرەتانان، هیچ سووچێکی ولاّت نەبوو خانەقای تێدا دروست نەکرابێت، لەوەش زیاتر بڕیاریدا ڕۆژانە خواردن بە هەژاران بدرێت لەگەڵ بەروبوومی کشتوکاڵ، تەنانەت بۆ ئەو کەسانەش کە هەژارن و شەرم دەکەن خۆیان دەربخەن و داوای یارمەتی لە خەڵکی بکەن.

ئیبن جوزەی دەڵێت: ئەو داهێنانەی کە ئەمیری باوەڕداران دەیکرد، لە خزمەتکردنی هەژاران بە بیری هیچ کاربەدەست و پاشایەکدا نەهاتووە، وەك بەخشینەوەی یارمەتی بەسەر خەڵکی بێ دەرامەت و ڕۆژانە پێشکەش کردنی خواردن لەوانەش گرنگتر ئەوەیە کە ئەم یارمەتییانە لە هەموو سووچێکی ولاّتدا هەبوون هەندێك جار ئەو یارمەتییانە نان بوون یاخود پۆشاك یان دراو جار هەبووە بێجگە لە هەژاران پیرە پیاو و نەخۆش و سۆفییەکانی مزگەوتیش سوودیان وەردەگرت. هەروەها پزیشك و دەرمان بۆ نەخۆشەکان دابین دەکرا و خەرجی هەموو دەرمانەکانیش لە ئەستۆی کۆشکی شاهانە و ئەمیری باوەڕداران بوون جگە لەوەش بڕیاری دەرکرد بە دروستکردنی نەخۆشخانە و دامەزراندنی پزیشك تا زیاتر خزمەت پێشکەش بە خەڵکی بکرێت بە بێ جیاوازی چینایەتی. یەکێکی تر لە کارەکانی بەخشینەوەی خواردن بوو لە ڕۆژی بیست و حەوتەمی ڕەمەزاندا وەك ڕێزێك بۆ ئەو ڕۆژە، لەگەڵ خەتەنەکردنی منداڵانی بێباوك و بڕینەوەی موچە و پۆشاك لە ڕۆژی عاشورا و دابەشکردنی ڕاخەر و قاپ و قاچاخ بۆ هەژاران، هەموو ئەمانە بێ ئەوەی یەك درهەمیان لێ وەربگیرێت، لەوەش گرنگتر دابین کردنی داهات بوو لە وەقفی زەویوزار و شوێنە بەپیتەکات، بۆ دروستکردنی نەخۆشخانە و دابینکردنی دەرمان بۆ نەخۆش هەموو ئەوانەی باسیانم کرد دایانیهێنا لە خزمەتکردندا و لە هیچ هەرێمێکی دونیادا شتی وا نەبوو.

لە بواری نەهێشتنی ستەم و بارقورسی سەر خەڵکیش.. ڕۆڵێکی بێ وێنەی

هەبوو، بڕیاری دەرکرد بە لادانی هەموو ئەو شوێنانەی لەسەر ڕێگا پارەیان لە ڕێبواران و بازرگانان وەردەگرت (گومرگ) چونکە داهات و بەرەکەتی دەستی هێنده زۆر بوو پێویستی بەو جۆرە داهاتانە نەبوو بۆیە وێڕای ئەوەی داهاتی ئەو باجانەی وەردەگیران یەجگار زۆر بوون بەڵام هەڵیوەشاندەوە هەروەها سزای تونـدی دەرکرد بۆ ئەو کەسانەی کە ئازاری خەڵکی ئەدەن جگە لەوانەش هەمیشە ئامۆژگاری کاربەدەستەکانی دەکرد کە ئاگاداری ژێردەستەکانیان بن.

بڕیارێکی تری ئەمیری باوەڕداران کە تۆمارکراوە ئەوەیە: دەبێت دەوڵەت ئاگاداری بەندکراوەکان بێت و نابێت کاری قورسیان بەسەردا بدرێت ئەو بڕیارەش هەموو هەرێمەکانی ژێر دەستی دەگرتەوە لە کارە ناوازەکانی تری ئەوە بوو، کە یارمەتییەکی زۆری خەڵکی ئەندەلوسی دەدا بە چەک و سەرباز و خواردن و پارە تا دەسەڵاتی ئیسلام لە سنوورەکان بەڕووی خاچپەرستەکاندا بەهێز بێت، ئەوەش کارێك بوو پێشتر پاشاکان هەنگاوی لەو جۆرەیان نەناوە.

ئیبن جوزەی دەڵێت: رۆڵی سەرەکی هەبوو لە پاراستنی خاکی ئیسلام و مسوڵمانان، ئەو دەمەی بێباوەڕەکان دەستیان گرت بەسەر شاری تەرابلوسی[1] ئەفریکا، نەیتوانی سەرباز ڕەوانە بکات و بە هێز ڕزگاری بکات، لەبەر دووری ئەو شارە لە مەغریبەوە، بۆیە داوای یارمەتی لە دەست و پەیوەندەکانی لە ئەفریکا کرد تا یارمەتی پێشکەش بکەن و هەرچۆنێك بێت بە سوڵح و پارە شارەکە ڕزگار بکەن، ئەوانیش پەنجا هەزار دیناری ئالتونییان بۆ ڕەوانە کرد، ئنجا توانی بەو پارەیە و لە ڕێگای لەبری (فدیة)وە شارەکە ڕزگار بکات، بەڵام ئێستا کێ هەیە کاری وا بکات و ئەونده ئالتون و پارەیە لە خزمەت مسوڵمانانداا خەرج بکات؟!.

کارێکی تری ئەمیری باوەڕداران سەرقاڵ بوونی بوو بە دروست کردنی کەشتی جەنگی و بەندەرەکانی پڕ بوون لە کەشتی لەو کاتەی ولاّت لە دۆخی ئاشتیدا بوو

[1] پایتەختی ولاّتی لیبیای ئێستایە. (وەرگێڕ)

لەگەڵ پیشەوەر و کرێکار و سەربازەکانیدا دەڕۆیشتن بۆ چیای جاناتە و بە دەستی خۆی داری دەبڕی و سەرپەرشتی دروستکردنی کەشتی و کاروباری غەزا کردن دەبوو.

لە باشترین کارەکانی دروستکردنی مزگەوتە نوێیەکە بوو لە دارلبەیزا (دارالبیضاء)ی پایتەختی دەسەلاتەکەی دیوارەکانی بەهیز و جوان بوون بە شێوازێکی ئەندازەیی بونیادنرا بوو هەموو هونەرێکی قەشەنگی تەلارسازی تێدا بەکارهاتبوو هەتا بڵێی سەرنجڕاکێش و قەشەنگ بوو هەروەها قوتابخانە گەورەکەی کە لە نزیك شوێنی پشودانی هاوینەی خۆی بوو لە شاری فاس، هاوشێوەی نەبوو لە جوانی و دڵگیری گرنگی لەوەدا بوو کە ئاوی خواردنەوەی بە شێوازێکی ئەندازەیی و ژیرانە بۆ راکێشرابوو، هیچ قوتابخانەیەکم لە میسر و شام و عێراق و خۆراسان نەبینیوە وەك ئەوەی ئەمیری باوەڕداران دروستی کردبوو، هێندە پوختە و جوان بوو. جگە لەوانەی باسیانم کرد خانەقایەکی لە (غەدیرحمس) لە دەرەوەی فاس دروستکرد بوو مەزن و فراوان بوو ئەوەندەی من گەشتم کردوە لە رۆژهەلاتدا هیچ خانەقایەك بە هێندەی خانەقای سەریاقۆس مەزن نەبوو کە مەلیك ناسر دروستیکردبوو بەڵام ئەوەی غەدیرحمس لەوەش جوانتر و باشتر بوو بەڕاستی ئەم سەرکردە مەزنە ئەوەندە فەزڵ و چاکەی بەسەر مسوڵمانانەوە هەیە ناژمێررێت، خوای مەزن پایەبەرزی بکات و سەربازەکانی بپارێزێت بۆ سەرخستنی ئیسلام بەڕووی بێباوەڕاندا.

قۆناغی نۆیەم:

گەشت کردن بۆ ئەندلوس(ئیسپانیای ئێستا) پاشان گەڕانەوە بۆ مەراکیش و لەوێ بڕیاردان بۆ گەشتکردن بۆ وڵاتی رەشپێستەکان و ژلّاتی مالی و چاد و سەنیگال و دواتریش گەڕانەوە بۆ شاری فاس لە ساڵی ٧٥٦ک لەوێ سوڵتان"ئەبی عەنان" ئیبن جوزەی رادەسپێرێت بە نووسینەوەی بەسەرهاتی گەشتەکەی بە ناوی

(تحفة النظار في غرائب الأمصار وعجائب الأسفار)

با بێینەوە بۆ باسی گەشتەکەی خۆم: دوای بینینی پاشای مەزن، سوودێکی زۆرم لە بەخشندەییەکەی بینی بۆیە بڕیارمدا گەشت بکەم بۆ تەنجە بە مەبەستی زیارەتکردنی گۆڕی دایکم خودا لێی خۆشبێت توانیم دوای ئەوەندە ساڵ لە دورکەوتنەوە سەردانی گۆڕەکەی بکەم !.

زوو گەشتم دەستپێکرد چوینە(سەبتە) مانگێکم لەوێ بەسەر برد دواتر نەخۆشییەکی توند گرتمی و سێ مانگ لە جێگادا کەوتم، ئنجا خوا شیفای بۆ ناردم و تەندروسیم باشبوو، بۆیە بڕیارمدا گەشت بکەم بۆ ئەندەلوس بە مەبەستی بەشداری کردن لە جیهاد دژی خاچپەرستەکان لە سەبتە بە دەریادا و بە کەشتی خەڵکی ئەسیلا چومە ولاتی ئەندەلوس، ولاتێکی خۆش و دڵگیر بوو هەموو شتێك هەرزان بوو لە خواردن و جێگای پشودان ئەوەش بۆ مردنی سەرکردەی بێباوەڕەکان "ئەلفۆنسی"[1] ملهۆر دەگەڕایەوە، کاتێك دە مانگ ئابڵوقەی خستە سەر چیاکان و ویستی دەست بگرێت بەسەر هەموو خاکی ئەندەلوس و مسوڵمانان لەناوبەرێت، بەڵام تووشی نەخۆشی تاعون دەبێت دەڵێن: زۆر لە تاعون دەترسا کەچی سوپاس بۆ خوا بەو پەتایەش دەمرێت . یەکەم شوێنێك کە لە ئەندەلوس سەردانیم کرد چیای فەتح (جبل فتح) بوو، لەوێ چاوم کەوت بە وتاربێژەکەی "ئەبا زەکریای سیراج راوەندی" و پێکەوە سەردانی زۆربەی شوێنەکانمان کرد، بەڕاستی ئەوەی مەولانا "ئەبو حەسەن" دروستی کردبوو لە قەڵا و شورا جێی سەرنج بوو، ئارەزووی ئەوەم دەکرد بمێنمەوە و تا کۆتایی تەمەنم سەرقاڵی جیهاد کردن بم.

ئیبن جوزەی دەڵێت: چیای فەتح پێگەی ئیسلامە و شوێنی تێکۆشەرانی ڕێگای ئیسلامە، مااڵی سەربازە قارەمانەکانی ئیسلامە و سنووری خاکی ئیسلامە، گۆڕەپانی خۆ ئامادەکردنی جیهادە و زۆر جاران مسوڵمانان لە ترس و

---

[1] مەبەستی لە "ئەلفۆنسی یانزەیەمە" لە نوسخەی تردا بە "ئەدفۆنس"هاتووە پاشای قشتالە بووە.(وەرگێر)

دڵەڕاوکێدا ژیانیان بەسەر دەبرد، بەڵام شمشێری جیهاد ئارامی و ئاسایشی بۆ گەڕاندنەوە، گەورەترین ناوچەی جیهادە و یەکەم جێگایەك بوو کە غەزای گەورەی تێدا کرا بە سەرکردایەتی تاریقی کوڕی زیاد، کاتێك موسای کوڕی نەسیر رەوانە دەکات بۆ ئەندلوس و بە لای جەبەل تاریقدا یاخود (جەبەل فەتح)دا تێپەڕ دەبێت و ئیدی بە ناوی ئەوەوە ناودەنرێت.

پاشماوەی ئەو قەڵایەی کە سەرکردەی مەزن تاریقی کوڕی زیاد دروستیکردوە هەتا ئێستاش وەك خۆی ماوەتەوە و بە قەڵای عەرەب ناسراوە، خۆم ئەو قەڵایەم بینیوە.

دەڵێن: قەڵاکە بۆ ماوەی بیست ساڵ و نیو دەکەوێتە ژێر دەستی رۆمەکان، بەڵام دواتر مەولانا ئەبو لحەسەن عەبدولجەلیلی کوڕی بە سوپایەکی مەزنەوە دەنێرێت و ئابڵوقەیەکی توند دەخاتە سەر قەڵاکە دوای شەش مانگ لە ئابڵوقەدان ئنجا رزگاری دەکات، ئەو رووداوەش لە ساڵی ٧٣٣ ك رووێداوە لەوە بە دواوە مەولانا ئەبو لحەسەن دەستیکرد بە نۆژەنکردنەوەی قەڵاکە و بەهێز کردنی، پێشتر دەتوانرا بە مەنجەنیق بڕوخێنرێت، چونکە تەنها بورجێکی بچوك بوو هەروەها خانووی پیشەوەرانی تێدا دروستکرد کە تێیدا نەبوو لەگەڵ شوورایەکی مەزن لە سەردەمی ئەمیری باوەڕداران "ئەبا عەنان"یش هەندێك چاکسازی تری تێدا کرد، وەك شوورای مەزنتر و قایمتر بۆ بەرەنگاربوونەوەی دوژمن، جگە لەوەش خزمەتگوزاری تری بۆ زیاد کرد وەك خواردن و چەك و جێگای پشودان بۆ سەربازەکان و...هتد.

لە کۆتایی ساڵی ٧٥٦ کۆچیدا بوو رووداوێك لە چیای فەتح رووێدا ئەوەبوو ئەمیری چیاکە کە ناوی "عیسای کوڕی حەسەنی ئەبی مەندیل" بوو کەسێکی دووڕوو و خیانەتکار دەرچوو هەوڵی پشێوی و دووبەرەکی ئەدا، پێشتر ئەمیری باوەڕداران بە دانایی و زیرەکی خۆی هەستی بەوە کرد بوو کە ئەم کەسە پیاوێکی شەڕنگێزە چۆنی ووت وا دەرچو ئەو پیاوە خۆی و کوڕەکەی یاخیبوونی خۆیان

راگەیاند و ترس و دڵەڕاوکێ کەوتە نێو خەڵکی ووتیان: تەواو ئیدی شەڕ وڵات دەگرێتەوە لە کاتێکدا رۆمەکان چاویان بڕیبووە ئەو شوێنە بۆیە خەڵکی هەموو پێکەوە و بەیەك دەست بڕیاریاندا رووبەڕووی بووەستنەوە توانیان خۆی و کوڕەکەی دەستگیر بکەن و بە دەست بەستراوی رەوانەی لای ئەمیری باوەڕداران کرا، ئەویش سزای توندی بەسەریاندا سەپاند و خەڵکی لەو بەڵایە رزگاریان بوو.

کاتێك ئارامی گەڕایەوە بۆ وڵات بڕیاریدا گرنگی زیاتر بە وڵاتی ئەندەلوس(ئیسپانیا- وەرگێڕ) بدات بۆ ئەوەش ئەبا بەکری کوڕی رەوانە کرد تا لەوێ کاربەدەست بێت و بە هەموو توانایەوە بەرگری لە مسوڵمانان و خاکەکەیان بکات، هەروەها سەربازێکی زۆری قارەمانی هۆزەکانیشی لەگەڵ رەوانە کرد هەروەها بڕیاریشیدا بە هەڵگرتنی هەموو ئەو باج و سەرانانەی کە پێشتر هەبوون و باری سەرشانی خەڵکییان قورس کردبوو جگە لەوەش بڕیاریدا قەڵا و باڵەخانەی وا دروست بکات کە لە شێوەدا وەك چیای تاریق وابێت، بۆیە بورج و قەڵا و کۆگا و مزگەوتی لێ دروستکرد، کە هەموو هونەرێکی تەلارسازی و وردەکاری و مەزنایەتییان پێوە دیاربوو، ئەوەش وایکرد جوانییەکی بێ وێنە بدات بە چیای فەتح و خاکە سوورەکەی.

بەڕاستی خودای مەزن ئەو کەسەی هەڵبژاردبوو بۆ سەرکردایەتی، تا ئیسلام و مسوڵمانان لە رۆژئاوادا بە سەربڵندی بژین، لەو بارەیەشەوە هۆنراوەیەکی بەناوبانگی غالیب رەسافی نابلسی هەیە، کە وەسفی چیاکە دەکات و دەڵێت:

حتى رمت جبل الفتحتين من جبل مُعظمُ القدر في الجبال مـــــذكورٌ
من شامخ الأنف في سحنائه طلـــسٌ له من الغيم جيبٌ غيرُ مـــــزرُورِ
في الجوِّ حاتِمـةٌ مِثلَ الدنـــــــاني مفرقه التكليل على تُمسي النجُوُم

ئیبن جوزەی دەڵێت: با بگەڕێینەوە سەر باسەکەی خۆمان گەشتەکەی ئەبی

عەبدوڵڵا (ئیبن بەتوتە): دوای دەرچونم لە چیای فەتح، رۆیشتم بۆ شاری (راوەندە)، کە یەکێك بوو لە شارە جوان و سەرنجڕاکێشەکانی ئەندەلوس و پێگەیەکی سەربازی گرنگی هەبوو چونکە شوێنێکی قاییم و پارێزراو بوو ئەوکات سەرکردەی شارەکە ناوی "ئەبو رەبیعی کوڕی سولەیمان داود عەسکەری" بوو هەروەها دادوەرەکەشی ئامۆزایەکی خۆم بوو ناوی "ئەبو قاسم محەمەدی کوڕی یەحیا ئیبن بەتوتە" بوو، هەر لەم شارە چاوم کەوت بە زانا و ئەدیب و دوستی ناسراو "ئەبا حەجاج یوسفی کوڕی موسای مونتشقاری" و رۆژێکیش بووم بە میوانی جگە لەم پیاوە چاویشم کەوت بە وتارێژەکەی "ئەبا ئیسحاق ئیبراهیم"ی ناسراو بە (شەندەروخ)، کە دوای ماوەیەك لە مەغریب و لە شاری سەلا کۆچی دوایی دەکات، ئەمانە و کۆمەڵێك پیاوچاك و هەژاری ترم بینی، لەوانە عەبدوڵڵا سەفار.

ماوەی مانەوەم لەم شارەدا پێنج رۆژ بوو پاشان گەشتم کرد بۆ (مەریەلە)، شارۆچکەیەکی جوان و بەپیت بوو، بەڵام رێگاکەی هەتا بڵێی سەخت و دژوار بوو، لەوێ چاوم کەوت بە هەندێك سەرباز کە ئەسپیان پێبوو بە نیازبوون بڕۆن بۆ (مالق)، بەڵام خوا خۆشی ویستم لەگەڵیان نەڕۆیشتین، چونکە دواتر کەوتبوونە بۆسەی دوژمنەوە و هەموویان بەدیل گیرابوون دواتر ئێمە رۆیشتین. کاتێك دۆڵی (مەریەلە)مان بەجێهێشت و گەیشتینە دۆڵی (سوهەیل)، بە لای کەلاکی ئەسپێکدا تێپەڕیم، کە لە یەکێك لە چاڵەکاندا کەوتبوو، جگە لەو کەلاکەش بەلای ماسییەکی گەورەشدا تێپەڕیم ئەویش بۆگەنی کردبوو بەڕاستی کەوتمە گومانەوە ووتم: دەبێت چی رووبدا بێت!، تەماشام کرد لە پێشەوە بورجێکی چاودێری کردنی دەریایی هەبوو لە ناخی خۆمدا ووتم: ئەگەر دوژمن لەم نزیکانە بن ئەوا بێگومان پاسەوانی دەریا ئاگاداراە، لە هاوڕێکانم دورکەوتمەوە من چوم بۆ خانوویەکی نزیك لەو ناوچەیە تەماشام کرد لەوێش ئەسپێکی کوژراو کەوتووە.

ئیدی هێندەی نەبرد کەسێك لە پشتەوە هاواری کرد، لەو کاتەدا هاوڕێکانیشم هاتن و بینیم ئەمیری یەکێك لە قەڵاکانیان لەگەڵدایە، ووتی: ئاگادارین چوار

کەشتی مەزنی دوژمن لە دەریادا لەنگەریان گرتووە، کاتێك ئەو دوانزە سوارەی لە مەربلەوە دەرچون و خەریك بوو ئێمەش لەگەڵیان بڕۆین بەڵای بورجەکەدا رۆیشتوون کەسی چاودێریکاری دەریا لە بورجەکەدا نابێت تا ئاگاداریان بکاتەوە، دواتر دەکەونە بەر پەلاماری گاورەکان و یەکێکیان دەکوژرێت کە خاوەنی ئەو ماسییە گەورەیە بوو کە لە رێگادا بینیم بۆگەنی کردبوو، هەروەها دە کەسیان بە دیل دەگیرێن و یەکێکیش لە دەستیان رزگاری دەبێت. بۆیە ووتی: لای من بمێننەوە تا بۆ بەیانی بە سەلامەتی رەوانەی مالقەتان دەکەم بۆ بەیانی کەووتینەوەڕێ، تەماشام کرد کەشتییە جەنگییەکان لە شوێنی خۆیان مابوونەوە.

دوای رێکردن بە چاڵی و چۆڵیدا گەیشتینە مالقە بە ناوبانگترین شاری ولاتی ئەندەلوس و پێگەی سەرەکی ئەو مەملەکەتە بوو هێندە مەزن و جوان بوو، مرۆڤ ئارەزووی دەکرد لەوێ بژێت و بمرێت دەکەوتە سەر دەریا و پڕ بوو لە خەیر و بەرەکەتی زەوی و دەریایی هەموو جۆرە میوەیەکی هەبوو خۆم بینیومە هەشت رەتڵ تریێ بە درهەمێکی بچوك دەفرۆشرا، هەنارەکەشی پێیان دەوت: هەناری یاقووتی، نمونەنەی کەم بوو لە دونیادا، ئەوەندە بەچێژ و بەتام بوو هەنجیر و گوێزیشی ئەوەندە زۆر بوو لەوێوە و لە دۆڵەکانیەوە رەوانەی رۆژهەلات و رۆژئاوا دەکرا. لەم بارەیەوە ئیبن جوزەی دەڵێت: وتاربێژ ئەبو محەمەد عەبدولوەهابی کوڕی عەلی مالقی، چەند دێڕێك بۆ ئەو شارە دەچرێت و دەڵێت:

مالِقة حُييتَ ياتيـــــنها فالفُلكُ من أجلك يأتينها

نهى طبيبي عنك في علة ما لطبيبـي عن حياتي نها

میوەی زۆر بوو هەروەها باشترین جۆری فەخفوری رەنگکراوی ئالتونی لێ دروست دەکرا و رەوانەی هەموو هەرێمەکانی تر دەکرا مزگەوتەکانی ناودار و بە بەرەکەت بوون، حەوشەکانیان مەزن و دڵگیر و پڕ لە داری نارنج بوو ئەو کاتەی لە مالقە بووین، دادوەرەکەی ئەبا عەبدوڵڵای کوڕی وتاربێژ ئەبی جەعفەری کوڕی

ئەبی عەبدوڵڵای تەنجالی بوو لە مزگەوتی گەورە لەگەڵ کۆمەڵێك زانای تر دانیشتبوون سەرقاڵی ئەوە بوون مانۆ و دارایيان کۆدەکردەوە تا وەك لەبری (فيدية) دیلەکانی پێ ئازاد بکەن، ئەو دیلانەی کە پێشتر باسیانم کرد کاتێك چومە لای دادوەر ووتم: سوپاس بۆ خوا پاراستمی، خەرێك بوو منیش لەگەڵ ئەو کۆمەڵە سەربازەدا بڕۆم، بەڵام خودا بواری پێ نەدام، ئەگینا ئێستا منیش دیل بووم سەری سووڕما پاشان بووینە میوانی ڕەحمەتی خودای لێبێت، هەروەها چوینە ماڵی وتاربێژەکەی کە ناوی "ئەبو عەبدوڵڵای ساحلی" بوو بە موعەمەم ناسرابوو.

پاشان گەشتم کرد بۆ بەلەش نێوان ئەم شارە و مالقە بیست و چوار میل بوو شارێکی جوان بوو و وەك مالقە میوەجاتی زۆر بوو لە ترێ و هەنجیر و میوەکانی تر مزگەوتیکی قەشەنگی لێبوو پاشان ئەوەندە نەماینەوە چوینە ئەلحەمە شارۆچکەیەکی جوان بوو مزگەوتەکەی نمونەنەی داهێنان بوو ئەوەندە بە پوختەیی بونیادنرا بوو لە دووری میلێکەوە کانیاوی گەرمی لێبوو دەکەوتە سەر ڕۆخی دۆلێك هەر لەوێ گەرماوی تایبەت بە ژنان و پیاوان هەبوو.

دوای ئەم شارۆچکەیەش بەرەو غەرناتە کەوتمەوەڕێ، کە بووکی وڵاتی ئەندەلوس بوو، ئەوەندە جوان و سەرنجڕاکێش بوو!، لە شارانیش نمونەنەی نەبوو لە دونیادا هێندە سەوز و دڵگیر بوو، شارەکە ڕوبارێك دەیبڕی ناوی (شانیل) بوو، بەناوبانگ بوو لە کانیاو و جۆگەلە و هەتا چاو بڕیکات باخ و بێستان و ڕەز بوو، بۆ هەر شوێنێك دەچویت کۆشك و ڕەزی ترێ بوو، (عەین دەمع) لە جوانترین شوێنەکانی بوو کە چیایەك بوو لە باخ و دارستان و کانیاودا نمونەنەی نەبوو لە سەر ڕووی زەمین.

ئیبن جوزەی دەڵێت: ئەگەر ترسی ئەوەم نەبوایە پێم بڵێن کەسێکی دەمارگیرە، بە دوور و درێژی وەسفی غەرناتەم دەکرد، بەڵام مامۆستا و پێشەوامان "ئەبی بەکر محەمەدی کوڕی ئەحمەد شیرینی بەستی" کاتێك سەردانی ئەوێ دەکات، زۆر بە جوانی و بە هۆنراوە وەسفی دەکات و دەڵێت:

رعى الله مِن غرناطة مُتـــــبوأ يسرُ حزيناً أو يُجيرُ طريداً

تبرم منها صاحبي عنـــدما رأى مسرحها بالثلج عدْنُ جليدا

هي الثغرُ صان الله من أهلَتْ بهِ وما خيرُ ثغرٍ لايكونُ برودا

باسی سوڵتانی غەرناتە

ئەو دەمەی چومە غەرناتە سوڵتانی وڵات "ئەبو حەجاج یوسفی کوڕی سـوڵتان ئەبی وەلیدی کوڕی ئیسماعیلی کوڕی فەرەجی کوڕی ئیسـماعیلی کـوڕی یوسـفی نەصیر" بوو، ویستم سەردانی بکەم، بەڵام چونکە نەخۆش بوو، بـوار نـەبوو چـاوم پێی بکەوێت، دواتر دایکی کە ئافرەتێکی دیندار و بەڕێز بوو، هەندێك دیناری بۆ ڕەوانە کردین و یارمەتیدەرێکی باش بوو بۆ خەرجی ڕێگا.

هەر لە غەرناتە، چـاوم کـەوت بـە کۆمـەڵێك لـە زانـا و ناودارەکـانی وڵاتـی ئەندەلوس، هەمووماڵان لە باخی زانای ناودار "ئەبی قاسم محەمەدی کوڕی فەقیـە" بۆ ماوەی دوو ڕۆژ کۆبوونەوە و مەجلیسێکی پڕ لە زانست و بەرەکـەتمان بەسـت، ئەوانیش بریتی بوون لە "ئەبو قاسم محەمـەدی کـوڕی ئەحمـەدی کـوڕی محەمـەدی حوسـەینی سـەبتی" و زانـای فیقـە و مامۆستا و وتاربێـژی بـەناوبانگ "ئـەبو عەبدوڵڵا بەیانی"، یەکێکی تر لەوانە زانای بواری خوێندنەوەی قورئان (قیرائـات) و وتاربێژ "ئەبو سەعید فەرەجی کـوڕی قاسـم"ی ناسـراو بـە (ئـیبن لـوب) بـوو، هەروەها دادوەری بەناوبانگی سەردەمی خۆی ئـەبو بـەرەکات "محەمـەدی کـوڕی محەمەدی کوڕی ئیبراهیم سەلەمی بەلبەعی"، کە ئەمیان لە (مریە)وە هاتبوو.

ئیبن جوزەی دەڵێت: ئەو دوو ڕۆژە پێکەوە کۆبوونـەوە و گوێمـان لـە گەشـتە ناوازە و بەناوبانگەکەی "ئەبو عەبدوڵڵا ئـیبن بەتوتـە" گـرت و باسـی کۆمـەڵێك زانای بەناوبانگی کرد کە لەگەڵیاندا دیداری ئەنجامداوە، یان گوێبیستیان بووە هەر

لەو کۆڕەدا کۆمەڵێك ناوداری غەرناتەمان لەگەڵدا بوو لەوانە شاعیری بەناوبانگ و نامۆی سەردەم "ئەبو جەعفەر ئەحمەدی کوڕی ڕەزوانی کوڕی عەبدولعەزیمی جەزامی"، نامۆیی ئەو لاوە لەوەدابوو بە هەموو تەمەنی یەك وشە فێری خوێندن و نووسین نەببوو تەنها لە بیابان و لە نێو هۆزەکاندا گەورە ببوو، بەڵام هۆنراوەی وەهای دەچڕی هیچ خوێندەوار و زانایەك ناتوانێت بە شێوازی وا گوزارشت بکات، بۆ نمونەنە هۆنراوەیەکی هەیە، دەڵێت:

يامن اختار فؤادي مـــنزلا بابه العين التي ترمـقه

فتح الباب سهادي بعـدكم فأبعثوا طيفكم يغلقـــه

هەر لە غەرناتە چاوم کەوت بە پێشەوای سۆفییەکان و موریدەکانی کە ناوی "ئەبا عەلی عومەر کوڕی ئەبی عبدوڵڵا محەمەد مەحروق" بوو چەند ڕۆژێك لە دەرەوەی شار و لە خانەقاکەی ماینەوە و زۆریش ڕێزی لێگرتین دواتر پێکەوە زیارەتی خانەقای بەناوبانگ "رابیتە عەقاب"مان کرد شوێنێکی پڕ لە بەرەکەت بوو، عەقابیش چیایەکە دەڕوانێت بەسەر شاری (غەرناتە)دا، دووری نێوان خانەقاکە و شار هەشت میل دەبوو، تاڕادەیەك نزیکیش بوو لە شاری (بیرە)، لەوێش چاوم کەوت بە برازاکەی کە ناوی "ئەبا حەسەن عەلی کوڕی ئەحمەد مەحروق" بوو، پیاوێکی دیندار بوو و پێشەوایەتی کۆمەڵێك سۆفی دەکرد کە لە خانەقاکەدا دەمانەوە. هەر لە (غەرناتە) هەندێك سوفی هەژاری عەجەم هەبوون و لەوێ نیشتەجێ بوون سەرقاڵی پەرستش بوون، بۆیە ئەو شوێنەیان هەڵبژاردبوو، چونکە سروشتی ناوچەکە هاوشێوەی ولاتی خۆیان بوو، لەوانەش "حاجی ئەبو عەبدوڵڵا سەمەرقەندی" و "حاجی ئەحمەد تەبرێزی" و "حاجی حوسێن خۆراسانی" و هەردوو حاجی "عەلی و ڕەشید" کە خەڵکی ولاتی هیندستان بوون. دوای غەرناتە گەڕامەوە بۆ ئەلحەمە و پاشان بەلەش و مەلقە و دواتریش بۆ قەلای زەکوان، کە قەلایەکی پارێزراو و پڕ لە دار و کانیاو بوو. ماوەیەکی کەم پشومان وەرگرت و ئنجا ڕۆیشتین بۆ ڕاوەندە و گوندی بەنی ڕەباح، لەوێ لە خانەقا ڕێزێکی

زۆریان لێگرتین هەروەها نەریتیان وابوو خواردن و خواردنەوەیان پێشکەش بە ڕێبواران دەکرد بەڵام ئێمە وەک میوانێکی تایبەت هەڵسوکەوتیان لەگەڵ کردین.

پاشان گەشتم کرد بۆ چیای تاریق (جەبەل فەتح) و لەوێ بە سواری کەشتی کە هی خەڵکی ئەسیلا بوون، بە دەریادا گەڕاینەوە بۆ سەبتە، ئەوکات سەرکردەی ناوچەکە ئەبو مەهدی عیسای کوڕی سولەیمانی کوڕی مەنسور بوو، بەڵام دادوەرەکەی فەقیە "ئەبو محەمەد زەجەندەری" بوو، دوای سەبتە گەشتمان کرد بۆ ئەسێلا، چەند مانگێك لەوێ ماینەوە و ئیدی جارێکی تر ڕێگای گەشتمان گرتەوەبەر ئنجا چوینە ناوچەی سەلا لەوێشەوە بۆ مەراکیش کە لە جوانترین شارەکانی ئەو مەملەکەتە بوو ڕووبەرەکەی پان و فراوان بوو خانووەکانی نزیکی یەکتری بوون به جوانی دروستکرابوون، جگە لەوەش خاکەکەی بەپیت و بەرەکەت بوو داهاتی زۆری هەبوو مزگەوتەکەی مەزن بوو بە مزگەوتی (کەنبەبین) ناسرابوو مەنارەیەکی بانگدانی بڵندی قەشەنگی هەبوو، بەڵام بەشێکی وێرانە بوو ڕۆژێکیان سەرکەوتمە سەری هەموو شارەکەم لێوە دیار بوو، مەنارەکانی بەغداد هاتەوە یادم، بۆ پاکژی بازارەکانی بەغداد خاوێنتر بوون، هەروەها قوتابخانەکانی دەگەڕانەوە بۆ سەردەمی پێشەوا و ئەمیری باوەڕداران "ئەبی حەسەن"، بەوەشدا دەناسرانەوە کە بە شێوازێکی هونەری دەگمەن بونیادنرابوون.

ئیبن جوزەی دەڵێت: پێشەوا و میژوونووسی بەناوبانگ، "ئەبو عەبدوڵڵا محەمەدی کوڕی عەبدولەلیك ئەوسی"، بە هۆنراوە باسی مەراکیش دەکات و دەڵێت:

لله مـراكيشُ الغَرَّاء مِنْ بلَد ... وحبذَّا أهلُها السَّاداتُ مِنْ سكَنِ

إنْ حلَّها نازِحُ الأوطانِ مُّغترِبٌ ... أسلوْهُ بِألأنسِ عن أهلِ والوطنِ

بين الحديثِ بِها أو بالعيانِ لها ... ينشا التحاسُدُ بين العينِ والأذنِ

دوای مەراکیش لەگەڵ کاروانێکی سوڵتان خودا بیپارێزێت، کەووتینەڕێ و رۆیشتین بۆ سەلا، پاشان (میکانسە)ی شاری باخ و بێستان و دار زەیتون بە لای باخە رەزی وادا تێپەڕ دەبووین دەتوت بەهەشتی سەر زەمینە دواتر گەیشتینە (فاس) کە پایتەختی دەسەلاتی ئەمیری باوەڕداران "ئەبی عەنان" بوو، لەوێ دوای پشوێك مانناوایین لە سوڵتان کرد و مۆڵەتم لێ وەرگرت تا گەشتی ولاتی رەشپێستەکان بکەم.یەکەم ناوچەیەك گەشتم بۆ کرد (سەجەلماسە) بوو شوێنێکی دڵگیر و پڕ لە دارخورما وەك شاری بەسرە وابوو، بەڵام خورمای سەجەلماسە زۆر لەوەی بەسرە بەتام و چێژتر بوو، لەوێ بۆ پشو لە مانێ فەقیهی بەناوبانگ "ئەبی محەمەدی بیشری" لاماندا، ئەم کەسەم بە هۆی براکەیەوە دەناسی، لە چین لە شاری قەجەنفۆ چاوم بە براکەی کەوتبوو، بەڕاستی رێزێکی زۆری گرتین و حوشترێکم لێی کڕی، لەگەڵ ئالیکی چوار مانگی حوشترەکە .

لە سەرەتای مانگی موحەڕەمی سانێ ۷۵۳ ك لەگەڵ کۆمەڵێك هاوڕێ گەشتم دەستپێکردەوە، ئەوەی رێبەری کاروانەکەی دەکرد "ئەبو محەمەد یەندەکان مەسۆفی"[1] بوو رەحمەتی خودای لێبێت، لەگەڵ هەندێك بازرگانی (سەجەلماسە)، دوای بیست و پێنج رۆژ لە رێکردن گەیشتینە (تەغازا) گوندێك بوو خەڵکەکەی لە کۆیلەکانی مەسۆفی بوون، بێ خێر بوون و سوودیان بۆ کەس نەبوو سەیر لەوەدابوو خانووەکانیان لە گاشە بەردی خوێ دروستکرابوو میچەکەشی بە پێستی حوشتر داپۆشرا بوو، ناوچەکە زەوی لماوی بوو هیچ دار و باخێکی تێدا نەبوو.

تەنها کانی لێبوو کە خوێیان لێی بەرهەم دەهێنا لە هەندێك جێگا زەوییەکەیان هەڵدەکەند تا دەگەیشتنە گاشە بەردی مەزنی خوێ، ئنجا دەریاندەهێنا و پاشان

---

[1] مەسوفە پاشماوەی هۆزی مەسۆفی مەزنن، ئەم هۆزە لەگەڵ هۆزەکانی تر لە خزمەکانیان (جەزولە و لمتونە...هتد) نەوەی دووەمی موڕابتینیان لە (سەنهاجە) پەروەردە کرد. (رحلة إبن بطوطة، تحفة النظار، طلال حرب ص ٦٨٤)

بە حوشتر دەیانگواستەوە هەر حوشترێك دەیتوانی دوو لەو بەردانە هەڵبگرێت خەڵکی گوندەکە داهاتیان لەسەر ئەو خوێیە بوو کە بەرهەمیان دەهێنا و دەیانگواستەوە بۆ ناوچەکانی تر بە خورما دەیانگۆڕییەوە بەتایبەتی خورمای سەجلماسە و دەرعە، هەندێك جاریش بە گۆشتی حوشتر و ئانلی کە جۆرێك بوو لە ماش و بازرگانەکان لە ولاتی سودانەوە دەیانهێنا، جگە لەوەی بازرگان دەهاتنە گوندەکە و خۆشیان بە کاروان دەیانبرد بۆ ولاتی رەش پێستەکان لەبەر نزیکی ناوچەکەیان لە سنووری ئەوانەوە، بۆ نمونەنە هەر بارێکی خوێ لە (ئیوالاتن) بە هەشت بۆ دە مسقاڵ دەفرۆشرا، بەڵام لە ولاتی مالی بە بیست مسقاڵ دەیگۆڕنەوە، لە ولاتی رەش پێستەکان ئاڵوگۆڕ بە جۆرێك بە خوێوە دەکەن، وەك چۆن ئاڵوگۆڕ بە ئالتونەوە بکەن پارچە پارچەی دەکەن و دەیفرۆشنەوە، ئەو گوندەی باسمکرد (تەغازا) وێڕای ئەوەی ئاڵوگۆڕێکی زۆریان بە خوێوە دەکرد و داهاتیان زۆر بوو بەڵام هەست نزم و بێ خێر بوون.

دوای ماندوو بوونی رێگا بۆ ماوەی دە رۆژ لەوێ ماینەوە و ئامادەیی تەواوی خۆمان وەرگرت بۆ رێگا چونکە لە بیاباندا ئاو نەدەما و پێویستی دەکرد کاروانی رێبواران کوندەی ئاوەکانیان پڕ بکەن، لەبەرئەوەی بۆ ماوەی دە رۆژی رێکردن ئاوەدانی لێ نەبوو و لە بیاباندا بە دەگمەن رێدەکەوت ئاوی خواردنەوەت بەردەست بکەوێت، جاری واش هەبوو ئاوی لێبوو، بەڵام هێندە تاڵ و شوێر بوو بۆ خواردنەوە نەدەبوو، کاتێك ئێمە بە بیاباندا دەڕۆیشتین لە ناوچەی (غەدران) گەیشتینە گۆمێکی باراناو و سوودمان لێی وەرگرت، رۆژێکیش گەیشتین بە جێگایەك لە نێوان دوو چیادا بوو، دۆڵێکی تەسکی لێبوو وەك بیری لێهاتبوو ئاوێکی زۆری شیرینی لێبوو ئێمە خۆمان و جلوبەرگەکانمان شووشت و سوودێکی زۆریشمان لە دومەڵانی ناوچەکە وەرگرت کاتێك دەبرژێندرێت وەك گۆشتی بەرخ وایە هێندە بەتامە ناوچە بیابان بەوە ناوداره کە دومەڵانیان زۆرە لەگەڵ کێچ، خەڵکی پەتی قوماش بە جیوەوە دەکەن و بە ملیانەوە دەیبەستن تا کێچەکان لەناوبرێن.

جارێکیان لە پێشی کاروانەکەوە دەڕۆیشتین، تا چوینە ناوچەیەك تاڕادەیەك گونجاو بوو بۆ لەوەڕی ئاژەڵەکان ئێمەش هەر شوێنێك گونجاو بووایە لەوێ بۆ پشو دەوەستاین و ئاژەڵەکانمان دەلەوەڕاند بەردەوام بەو شێوەیە رێمان دەکرد تا جارێکیان پیاوێکمان لەگەڵ بوو ناوی "ئیبن زیری" بوو لە بیابانـدا ونبـوو، ئیـدی لەوە بەدواوە ترسام و لە کاروانەکە پێش و دوا نەدەکەوتم، هەرچەند لەگەڵ خاڵۆزایەکی ئەو پیاوە پێشتر بەشەڕ هاتبووم بەڵام داوام لێکرد ووتم: هەرچۆنێك بێت کەسێك لە هۆزی بەنی مەسوفە بە کرێ بگرە تا بە شوێنیدا بگەڕێت و بیدۆزێتەوە، بۆ رۆژی دواتر پیاوێکی شارەزا لەو هۆزە کە لەگەڵماندا بوو، بە بێ بەرامبەر بە دوایدا گەڕا و توانی بیدۆزێتەوە هەر لە رێگا بە کاروانێك گەیشتین ووتیان: لە رێگا چەند کەسێکمان لێ ونبووە، دوای گەڕانێکی زۆر بینیمان یەکێکیان لە ژێر دارێکدا کەوتبوو، گۆچانێکی بە دەستەوە دەبێت، بەڵام لە تینواندا گیانی لەدەست دابوو، لە کاتێکدا تەنها میلێك لە ئاوەوە دوور بوو.

دواتر چوین بۆ (تاسەرهلا) گۆمێکی ئاوی لێبوو، لەوێ کاروانی رێبواران بۆ ماوەی سێ رۆژ لایان ئەدا تا پشوی تەواوەتی خۆیان وەربگرن و هەروەها کوندەکانیان پڕ ئاو بکەن و بیدوورنەوە تا گەردەلوولی بەهێز نەیانخاتە خوارەوە، پاشان لەوێ کاروانەکان (تەکشیف) بە کرێ دەگرن تەکشیف: ناوێك بوو بۆ هەر پیاوێکی هۆزی مەسوفە کە شارەزای بیابان و رێگا بێت، کاروانچی و رێبوارەکان بە کرێیان دەگرتن بۆ رێبەری تادەچوونە (ئیولاتن) لە شار هاورێی تەکشیفەکان جێگاو پێداویستیان بۆ خەڵکی دابین دەکرد هەروەها جگە لەوەش لە دووری چوار رۆژ رێگاوە بە ئاوەوە بەرەو پێشی کاروانەکە دەهاتنەوە، ئەگەر کەسێك لەو شارەدا هاورێی نەبووایە ئەوا تەکشیفەکەی سەرپشك دەکرد بۆ ئەوەی کە بازرگانێکی خاوەن فەزڵ و بەخشندەی بۆ ڕابسپێرێت تا جێگا و رێگای بۆ دەستەبەر بکات، جاری وا هەبوو تەکشیفەکان رێگایان لێ ون دەبوو خەڵکی ئیولاتنیش بەوەیان نازانی ئیدی زۆربەیان لەو بیابانە بێ رەحمەدا لەناودەچون!.

دەیانوت: بیابان پڕە لە شەیتان و جاری وا هەیە شەیتانەکان تەکشیفەکان بەهەڵەدا دەبەن و نازانێت لە کوێی بیاباندایە سروشتی ئەو شوێنەش وابوو، بۆ نمونەنە لێرەدا گردێکی لماوی هەبوو دوای چەند کاتژمێرێك بەهۆی گەردەلوولەوە دەچوە جێگایەکی تر بۆیە رێبەرەکە سەری لێ دەشێوا، بەڵام کەسی وایان هەبوو بە هۆی ئەوەی دڵ و هەستێکی بەهێز هەبوو، رێگای خۆی دەدۆزییەوە!.

شتێکی سەیر.. ئێمە رێبەرێکمان بە کرێ گرت چاوێکی کوێر بوو و ئەوەی تریشی کز و نەخۆش، بەڵام هیچ کەس لە هۆزی مەسوفە وەك ئەو پیاوە شارەزای رێگا نەبوو، دەیانوت: وەك جنی لە بیابانـدا دێت و دەڕوات، ئێمەش ئەو تەکشیفەمان بە سەد مسقال ئالتون بە کرێ گرت.

بۆ رۆژی حەوتەم کە لە بیاباندا بووین، لە شەودا بوو لە دوورەوە ئاگرێکمان بینی و دڵخۆش بووین ووتمان ئەوا وا خەڵکی (ئیوالاتن) بەرەو لای ئێمە دێن، بەڕاستی بیابانەکان هەرچەندە چۆڵەوانی بوون، بەڵام دڵگیر بوون و مرۆڤ ئارەزووی ئەوەی دەکرد لەوێ ژیان بەسەر بەرێت هەتا بڵێی جێگایەکی ئارام بوو هیچ چەتە و رێگری لێ نەبوو هەروەها مانگای کێویشیان زۆر بوو، بەڵام کەس راوی نەدەکرد، چونکە گۆشتەکەی شوێرە و پێویستی بە ئاوی زۆر بوو بۆ هەرس کردنی، بۆیە کەس ناوێرێت گۆشتەکەی بخوات، سەیر لەوەدا بوو هەندێك جار خەڵکی راویان دەکرد تا سوود لە ئاوی گەدەی وەربگرن، خۆم ئەوەم بینیوە کە پیاوانی مەسوفە گەدەیان دەگوشی و ئاوەکەی ناویان دەردەهێنا، چۆنێتی راوکردنیشی بە سەگ و تیروکەوان دەبوو!.

جگە لە مانگای کێوی ماریشی یەجگار زۆر بوو، بازرگانێکی خەڵکی تەلەسانمان لەگەڵ بوو ناوی حاجی "زەیان" بوو، رۆژێك دەستی خستە ناو کونی بزن مژۆکێکەوە تا دەریبهێنێت بەڵام لەپڕ هاواری کرد تومەز ماران گازبووە پەنجەی شایەتومانی دەستی راستی بەرکەوتبوو هێندە ئازاری هەبوو لە حەیبەتا بە ئاگر داخی کرد، بەڵام هەر سوودی نەبوو، لە شەودا ئازار زۆری بۆ هێنا،

حوشتریکی خۆی سەربڕی و تا بەیانی دەستی خستە ناو سکی حوشترەکەوە، بۆ بەیانی گۆشتی پەنجەی هەڵوەری و لە ناچاریدا پەنجەی بڕییەوە، خەڵکە شارەزاکەی مەسوفە دەیانوت: ئەو مارەی پێوەیداوە، پێشتر ئاوی خواردوەتەوە ئەگینا دەستبەجێ دەیکوشت!.

وەك پێشتر ئاماژەم پێدا، لە شەودا بوو پیاوانی (بەنی مەسوفە و بەردامە)، بە ئاوەوە بەرەو ڕومان هاتن هەروەها بارە ئاوی زۆریشیان هێنابوو بۆ فرۆشتن لەبەر پێویستی چونکە ئەو بیابانە ئەوەندە گەرم بوو، تەنانەت پێشتر گەرمای بەو شێوەیەم نەبینی بوو، بۆیە لە دوای نوێژی عەسرەوە دەکەووتینەڕێ تا سپێدەی بەرەبەیان.

لە ئیوالاتنەوە بۆ مالی

دوای دوو مانگ ڕێکردن لە یەکەم ناوچەی ڕەشپێستەکان (سەجلماسە)وە، لە سەرەتای مانگی موحەڕەمدا بوو گەیشتینە ئیوالاتن[1]، لەوێ شمەکەکانمان لە نێوان مااڵەکاندا بە خەڵکەکەی سپارد و ئەوان چاودێرییان دەکرد جێگری سوڵتانی شارەکە ناوی فەربا "حوسێن" بوو فەربا بە واتای جێگیر دێت، کاتێك لەگەڵ بازرگان و خەڵکی کاروانەکە چوینە لای، بینیم لەسەر ڕاخەرێکی دروستکراو لە دارخورما دانیشتبوو و پاسەوانەکانی بە تیر و ڕمەوە وەستابوون و پیاوانی بەنی مەسوفەش لە پشتییەوە، بازرگانەکانیش لە بەرامبەری وەستابوون و کەسێکیش بەردەوام قسەی بازرگانەکانی بۆی وەردەگێڕا، ئەوەش جۆرێك بوو لە سوکایەتی، لەوێ پەشیمان بوومەوە کە گەشتم کردوە بۆ وڵاتی ڕەشپێستەکان، لەبەر بێ ڕێزیان بە خەڵکی سپی پێست.

---

[1] ئیولاتن: ناوی هۆزێکە کە نێستاش لە ڕۆژهەاڵتی سەنیگال دەژین، دوو گوندیش بەو ناوەوە هەیە. (المصدر السابق، ص ٦٨٧)

دواتر رۆیشتم بۆ مالّی "ئیبن بەیدا "ی بازرگان کە لە بنەڕەتدا خەڵکی (سەلا) بوو، پێشتر نامەم بۆ ڕەوانە کردبوو تا خانوویەکم بۆ بە کرێ بگرێت، کاتێک چوم ئەوەی ئامادە کردبوو، پاشان سەرپەرشتیاری ئیوالاتن بانگی هەموو ئەوانەی کرد، کە لە کاروانەکەدا بوون، بەڵام من ئەوەم ڕەتکردەوە، خەڵکەکە ووتیان: نابێت نەچین، چونکە ئەوە خوانێکی تایبەتە و پێویستە هەمووان لەوێ ئامادەبین، بۆیە بە ناچاری رۆیشتین خوانە ئامادەکراوەکە بریتی بوو لە ماش و تێکەڵ کرابوو لەگەڵ ماست و هەنگوین تەماشام کرد خواردنەکە لە ناوەڕاستدا دانرابوو، ئیتر هەمووان دەستیان کرد بە خواردنی و تەواویان کرد ووتم: ئەوە خوانی گەورەی ڕەشپێستەکانە؟!، ووتیان: بەڵێ ئەوە باشترین خواردنە کە پێشکەشی ئەکەن.

لە دوای ئەو خوانەوە، ئەوەم بۆ ڕوون بووەوە، کە ئەمانە هیچ خێرێکیان تێدا نییە، بۆیە بڕیارمدا لەگەڵ حاجییەکانی ئیوالاتن گەشت بکەم، بەڵام دواتر پاشگەز بوومەوە ووتم: دەبێت سەردانی پایتەختی پاشای مەزنیان بکەم بزانم چۆنە، ماوەی پەنجا ڕۆژ لەوێ ماینەوە، دانیشتووانەکەی ڕەشپێست بوون هۆزی بەنی مەسوفە بوون، شوێنەکە ئێجگار گەرم بوو خەڵکی لە ژێر سێبەری داری خورمادا شوتییان دەچاند بۆ ئاودێری و خواردنەوەی خۆیان پشتیان بە ئاوی بیر دەبەست، لە هەندێك جێگادا گۆماو هەبوو بۆ ئاودانی ئاژەڵەکانیان بە کاریاندەهێنا.

ئاژەڵی بزنیان زۆر بوو، بۆیە گۆشتەکەشی زۆر و هەرزان بوو، هەروەها پۆشاکی حەسانی میسرییان دەپۆشی و ئافرەتەکانیان جوان و سەرنجڕاکێش بوون، بەڵام نەریتێکی سەیریان هەبوو ئەوە بوو، پیاوەکانیان بێ غیرەت بوون و ڕەچەڵەکی خۆیان دەگێڕایەوە سەر دایکیان و هیچ کەسێکیان باسی ڕەچەڵەکی باوانی خۆیان ناکرد، بەڵکو تەنها باسی خاڵوانیان دەکرد، هیچ کاتێکیش کوڕ میراتی وەرناگرت بەڵکو خوشکەزا میراتی وەردەگرت یاخود کچەزا، ئەمە وێڕای ئەوەی مسوڵمان بوون و قورئان و فیقهیشیان دەخوێند، بەڵام ئەوە سیفاتیان بوو، ئەم جۆرە نەریتەش، لە لای هیندۆسە بێباوەڕەکانی مولەیبار نەبێت، لە هیچ جێگایەکی تری دونیا نەریتی لەو جۆرەم نەبینیوە.

وێڕای ئەوەی ئافرەتەکانیان جوان بوون، بەڵام هیچ کات خۆیان داناپۆشی لەگەڵ ئەوەی نوێژیشیان ئەنجام ئەدا، گەر کەسێك ویستی لەسەر ئەوە هەبووایە کە هاوسەرگیریان لەگەڵ ئەنجام بدات، قبوڵیان دەکرد بەڵام لەگەڵیدا بۆ جێگای تر کۆچیان نەدەکرد و زۆریشیان لێناکرا کە لەگەڵ هاوسەرەکانیان کۆچ نەکەن، بەڵکو وابەستەی خاك و ئاوی خۆیان بوون، هەروەها هاوڕێیەتی پیاوانیان دەکرد و بە شووەییان نازانی، پیاو هەبوو چەندەها هاوڕێی ئافرەتی هەبوو و پێکەوە لەگەڵ ئافرەتێکی بێگانە گفتوگۆیان دەکرد، لە کاتێکدا میێردی ئافرەتەکە یاخود براکەی لەگەڵیدا وەستابوو، بێ ئەوەی بەرهەڵستکاری ئەو کارە نابەجێیە بکات، جارێکیان چومە لای دادوەر و وێستم بچمە ژوورەوە، بینیم ئافرەتێکی روخسار جوان دانیشتبوو، بۆیە دەستبەجێ گەڕامەوە، کاتێك دادوەر تەماشای کردم پێکەنی بێ ئەوەی هەست بە خەجاڵەتی بکات ووتی: بۆ گەڕایتەوە ئەو ئافرەتە هاوڕێمە ئنجا ووتی: وەرە ژوورەوە.

هەندێك کەس هەوالیان پێدام و ووتیان: دادوەر داوای لە سوڵتان کردوە، مۆڵەتی پێ بدات تا لە گەشتی حەجی مالی خوادا هاوڕێ ئافرەتەکەی لەگەڵیدا بێت، ئیتر نازانم ئەو ئافرەتەی —لەگەڵی بینیم- لەگەڵیدا بووە یان یەکێکی تر، جگە لەو دۆخەی باسم کرد، رۆژێکی تر بە هەمان شێوە رۆیشتم بۆ لای "ئەبی محەمەدی کوڕی یەندی مەسوفی"، بینیم لەسەر راخەرێك دانیشتوە و بە هەمان شێوە ئافرەتێکیش لەسەر تەختەیەکی کەپردار دانیشتبوو پیاوێکی لەگەڵدا بوو گوتم: ئەو ئافرەتە کێیە؟، ووتی: خێزانمە!. ووتم: ئەی ئەو پیاوە کێیە؟!. ووتی ئەویش هاوڕێکەیەتی!. ووتم: باشە تۆ خۆت بە مسوڵمان دەزانیت و ئاگاداری نەریتی ولاتی ئێمەیت، چۆن بەوە رازی دەبیت؟!. ووتی: لای ئێمە شتێکی ئاساییە، چونکە ئافرەتانی ئێمە وەك ئافرەتانی ئێوە نین، لەوە بەدواوە کە گوێبیستی ئەو قسە هیچ و پووچەی بووم، ئیتر هاوڕێیەتیم نەکرد چەندان جار بانگی دەکردم بۆ میوانداری، بەڵام بە هیچ شێوازێك وەڵامیم نەدایەوە و پشتگوێم خست.

بابێینەوە سەر باسەکەی خۆمان: ویستم گەشت بکەم بۆ ولاتی مالی، دووری نێوان مالی و ئیوالاتن بیست و چوار رۆژ بوو گەر کەسێك بە خێرایی رێگای ببڕیایە، رێگاکەش هێندە ئارام بوو پێویستی بەوە نەدەکرد بە کۆمەڵ و لەگەڵ کارواندا گەشت بکەیت، بۆیە لەگەڵ سێ هاوڕێمدا گەشتمان دەستپێکرد.

ئەو رێگایە داری زۆری هەبوو، بەڵام هەندێك لە دارەکان گەلایان کەم بوو یاخود هەر نەیانبوو، بەڵام دارەکان هێندە مەزن بوون، مرۆڤ دەیتوانی لە ژێر سێبەرەکەیاندا پشوی خۆی وەربگرێت، هەندێك جۆریان هەبوو زۆر پان بوون و لە ناوەوە کرۆك ببوون و ئاویان تێدا کۆدەبوەوە وەك بیر وابوون!، کە رێبواران سوودیان لە ئاوەکەی وەردەگرت[1]، هەندێکی تریان هەبوو بەرێکی وەك خورمای دەگرت و هەنگی زۆری لێ کۆدەبوەوە و خەڵکی سوودیان لە هەنگوین و بەری دارەکە وەردەگرت، جارێکیان بە لای دارێکی مەزندا تێپەڕ بووم، بینیم پیاوێك لە ناو دارەکەدا دانیشتبوو وەك دوکانێکی بچوك وابوو سەرقاڵی کاری چنین بوو، خەڵکی دارە مەزنەکانیان هەڵدەکۆڵی و وەك شوێنی پشودان بەکاریان دەهێنا، بەڕاستی سەرم سووڕما لەو کارەیان!.

لە دارستانەکانی نێوان ئێوالاتن و مالی، جۆرە دارێکی لێبوو هاوشێوەی ئیجاسە بوو، بەڵام (قۆخ و قەیسی و سێو)ی لێ نەبوو، بەڵکو دارەکانی جۆرە بەرێکیان دەگرت وەك شوتی وابوو کاتێك پێدەگەیشت ناوکەکەی دوو لەت دەبوو ئنجا دەیانهاڕی و وەك ئاردی لێ دەهات، پاشان دەیانکوڵاند و دەیانفرۆشت، هەروەها لە زەوی جۆرە ناوکێکیان دەردەهێنا هاوشێوەی پاقلە بوو دەیانکوڵاند و بۆ خواردن بەکاریاندەهێنا، تامی وەك نۆکی کوڵاو وابوو، هەندێك جاریش لەگەڵ غەرتی دەیانکوڵاند کە بەرێکی شیرینی هاوشێوەی ئیجاسەی هەبوو، جگە لە خواردنی دەیانکوتا و رۆنێکیان لێی بەرهەم دەهێنا و بۆ خواردن بەکاریان دەهێنا،

---

[1] بەو دارە دەڵێن داری (باوباب). (المصدر السابق، ص ٦٨٨)

هەروەها ئافرەتانیش بۆ چەورکردنی پرچیان بەکاریانـدەهێنا، هەنـدێکیان لەگـەڵ قوڕدا تێکەڵیان دەکرد بۆ سـواغی دیـواری خـانوو بەکاریانـدەهێنا وەك چـۆن لـە هەندێك جێگا گەچ بەکاردەهێنن، ئەم جۆرە بەرەی داری غەرتیە(لـەم سـەردەمەدا پێیدەڵێن ئەرگان ـ وەرگێر) هێنـدە زۆر بـوو بـە بـاری گـەورە کۆیـان دەکـردەوە و رەوانەی وڵاتانی تر دەکرا.

ئەوەی شایەنی باسە رێبوارەکان لەم وڵاتەدا، هیچ کات پارە و پوڵ و خواردنیان لەگەڵ خویان هەڵناگرت، بەڵکو پارچەی خـوێی مـەزن و ملوانەکـەی لـە شووشـە دروستکراو و پارچەی جوانکاری و بۆنداریان لەگەڵ خۆیان دەبرد، هەر رێبوارێك لە هەر گوندێك بۆ پشوو لایبدایە، ئافرەتەکان لێـی کۆدەبوونـەوە مـاش و ماسـت و مریشك و برنج و نەبەق و فۆنی و هاڕاوەی لۆبیایان پێیان ئەدا و لە بەرامبەردا بۆن و بوخوریان وەردەگرت، ئەوەی بە لای ئافرەتـەکانی ئەوانـەوە جێـی سـەرنج بـوو، بریتی بـوو لـە قەرنـەفلێ بۆنـدار و بوخـوڕ کـە پێیـان دەوت: تەسـارغت یـاخود مەستەکی. فۆنیش هاوشێوەی خەرتەلەیە و جۆرە خواردنێکیان لێی دروست دەکرد پێیان دەوت: کەسکەسو، لەگەڵ ئاردی لۆبیا تێکەڵ دەکرا، ئـەوەی شـایەنی باسـە (برنج) هەبوو، بەڵام خواردنی بۆ سپی پێستەکان خراپ بوو، بەڵام فۆنی وا نەبوو.

دوای دە رۆژ بەڕێکەووتین لە ئێوالاتنەوە گەیشتینە گوندی زاغری[1]، گوندێکی مەزن بوو دانیشتووانەکەی لە بازرگانە رەشپێستەکان پێکـدەهاتن پێشـیان دەوت (وەنجراتە)، لەوێ لەگەڵ ئەو بازرگانە رەشپێستانەدا کۆمەڵێك خەڵکی سپی پێست دەژیان و لەسەر مەزهەبی ئیبازی بوون واتا: خەواریج بـە: سـەنغەنغو بانگیانیـان دەکرد، بەڵام ئەوانەی سپی پێست بوون، لەسەر مەزهەبی ئەهلی سونەت بوون بـە:

---

[1] وەنجراتە یاخود وەنجار، وانقۆری : ناوێکە (غۆلا)یەکان بەکاری دەهێنن بۆ هۆزەکانی (سویتکی و مانکی)، بۆچوونی راست ئەوەیە کە ئەم گەلە لە بنەڕەتدا خەڵکی وڵاتـی مـەغریبن، بـەڵام کۆچیـان کـردوە بـۆ وڵاتـی رەشپێستەکان و دواتر لەوێ سروشتی ئەوانیان هەڵگرتوە. (المصدر السابق، ص ٦٨٩)

توری، بانگیانیان دەکرد هەر لەم گوندەوە ماشی خواردن رەوانەی ئیوالاتن دەکرا.

دوای زاغری چووین بۆ ڕوباری گەورە واتا ڕوباری نیل، لەوێ شارێکی لێبوو ناوی (کارسەخوە) بوو، ئەوەی جێی سەرنج بوو ڕوباری مەزنی نیل بوو، کە درێژ دەبوەوە بۆ ناوچەی کابرە و پاشان زاغە، سولّتانی ئەم دوو شارە ملکەچی پاشای ولّاتی مالی بوون و لە فەرمانی ئەو دەرناچون، خەلّکی ئەم شوێنانە ئەهلی دین و زانست بوون هەر لە کۆنەوە دەستیان بە ئیسلامەوە گرتبوو .

نیل لەم دوو ناوچەی باسیانم کرد درێژ دەبوەوە بۆ (تۆنبۆکتۆ) و (کەوکەو)[1] لە دواتردا باسی ئەم جێگایانە دەکەین، ئنجا بۆ شاری مۆلی کە بە ولّاتی (لیمین) ناسرا بوو کۆتا شوێن بوو سەر بە قەلّەمڕەوی سولّتانی مالی بێت ئنجا بۆ (یۆفی) کە گەورەترین ولّاتی رەشپێستەکان بوو پاشاکەیان لە بەهێزترین دەسەلّاتدارەکانی ئەو ناوچەیە بوو هیچ کات سپی پێست نەیدەتوانی سەردانی ئەو ناوچەیە بکات، چونکە پێش گەیشتنی دەکوژرا!.

ڕوباری مەزنی نیل هەر بەم ناوچانەوە ناوەستا بەلّکو زەوی ولّاتانێکی زۆری تری دونیای دەبڕی و لە دوای یۆفییەوە رووی دەکردە (نەوبە) خەلّکەکەی گاوری نەسرانی بوون ئنجا لەوێشەوە شۆڕدەبوەوە بۆ (دونقولە) سولّتانی ئەم جێگایە ناوی "کەنزەدین" بوو لە سەردەمی مەلیك ناسردا مسولّمان ببوو دوای دونقولە نیل دەچوە ناوچەی (جەنادل) کە کۆتا ناوچەی سنووری ولّاتی رەشپێستەکان بوو و سەرەتای ناوچەکانی سەعیدی ئەسوانی میسر بوو.

---

[1] نێستا پێی دەلّێن: (جاوە)، دەکەوێتە سەر رووباری نەیجەر، ئەوکات نیبن بەتوتە، نەیزانیوە کە رووباری نەیجەر لە چیاکانی (قۆتا گالۆن)ەوە دەست پێدەکات و لە نەیجەر دەڕژێتە زەریای ئەتلەسییەوە، ئەو رووبارە هیچ پەیوەندییەکی بە رووباری نیلی میسرەوە نییە، هەروەها قسەکانی دەربارەی (یۆفە) راستن، ئەمڕۆ پێی دەلّێن: (نۆب) و لەسەر رووباری نەیجەرە، بەلّام (دونقولە) ناوچەیەکە لەسەر دەریای (غەزال)، کە لقێکی نیلی میسرە و نێستا خەلّکەکەی هەموو مسولّمانن. (المصدر السابق، ص ٦٩٠)

لە دیمەنە سەرنجڕاکێشەکانی نیل کە بەرچاوم کەوت، تیمساحی نیل بوو!، کە لە کەناری ڕوبارەکاندا زۆرە هەر یەکەی بە هێندەی بەلەمێك دەبوو ئەوەندە مەزن بوون، ڕۆژێکیان لە کەناری ڕوبارەکە دەڕۆیشتم و لە پەنای دارێکدا دانیشتم بۆ سەرئاوی کردن، ئەوەندەم زانی پیاوێکی ڕەشپێست لە نێوان من و ڕوبارەکەدا وەستا، بێ ئەوەی هەست بە خەجالەتی بکات، سەرم سووڕما لە بێ شەرمی ئەو پیاوە، دواتر ئەو ڕووداوەم بۆ خەڵکی باس کرد، ووتیان: بۆیە وایکردوە بۆ پارێزگاری کردنی تۆ بووە لە تیمساحەکانی نیل!.

دوای کارسخۆ کەووتینەڕێ و گەیشتینە (سەنسەر)، نزیکەی دە میلێك لە مالیەوە دوور بوو، نەریتیان وابوو، ڕێگایان بە کەس نەدەدا تا مۆڵەتیان وەرنەگرتایە، منیش پێشتر نامەم ڕەوانە کردبوو بۆ کۆمەڵێك سپی پێست، کە گەورەکانیان ناویان "محەمەد فەقیە جەزولی" و "شەمسەدینی کوڕی نەقوش میسری" بوو، رایانم سپاردبوو تا خانووم بۆ بە کرێ بگرن، کاتێك لە ڕوبار پەڕیمەوە، هیچ کەس ڕێگری نەکرد.

شاری مالی و سوڵتانەکەی

گەیشتمە مالی[1] کە پایتەختی پاشای ڕەشپێستەکان بوو، لە نزیك گۆڕەکەیەوە دابەزیم و پاشان ڕۆیشتم بۆ ئۆردوگای سپی پێستەکان مەبەستم بوو سەردانی "محەمەدی کوڕی فەقیە" بکەم، کاتێك گەیشتمە ئەوێ چاوم پێی کەوت خانوویەکی بۆم بە کرێ گرتبوو، ئیدی هێندەی نەبرد زاواکەی خواردنی بۆ هێنام لەگەڵ مۆم لە شەودا بۆ ڕوناکی بەکارمان دەهێنا زاواکەی ناوی "عەبدلواحید" بوو کەسێکی شارەزا بوو لە بواری قیرائاتدا بۆ بەیانی کوڕەکەی لەگەڵ یەکێك لە

---

[1] ئێستا لە جێگای ئەم شارە ولاتێك هەیە ناوی ماڵییە، بەڵام گوندێکی لێیە ناوی: یەنامنییە. (المصدر السابق ، ص ٦٩١)

قوتابیەکانی هات ناوی "عەلی زودی مەراکیشی" بوو دیندار و بەڕەوشت بوو. جگە لەم کەسانە چاویشم کەوت بە دادوەری ولاّتی مالی "حاجی عەبدولڕەحمان"، کەسێکی خاوەن فەزڵ بوو وێڕای ئەوەی بووینە میوانی و ڕێزی گرتین مانگایەکی بە دیاری بۆ ڕەوانە کردین هەروەها پیاوێکی تری ڕەشپێستی لێبوو کاری وەرگێڕانی دەکرد ناوی "دۆغا" بوو، گایەکی بە دیاری بۆم ڕەوانە کرد.

زانایەکی بواری فیقهیش کە ناوی "عەبدلواحید" بوو، خواردنی فۆنی و قورعەی بۆ ڕەوانە کردم، هەروەها شەمسەدین ناوێکیشی لێبوو داوایکرد ببینە میوانی، ئیدی بەو شێوەیە ڕێزێکی زۆریان گرتین خودا پاداشتیان بداتەوە، خێزانی فەقیە ئامۆزای سوڵتان بوو، بەردەوام ئەو ئافرەتە سەردانی دەکرین و خواردنی بۆ دەهێنایین، دوای ئەوەی دە ڕۆژ لە گەیشتنمان بۆ مالی جۆرە خواردنێکمان خوارد پێیان دەوت: دۆشاوی قلقاس کە جۆرە سەوزەیەکە دەکوڵێنرێت و بە شێوەیەکی تایبەت ئامادە دەکرێت، لە لای ڕەشپێستەکان بە خۆشترین خواردن دادەنرا، کەچی ئێمە پێی نەخۆش کەووتین شەش کەس بووین و یەکێکمان کۆچی دوایی کرد.

ڕۆژێکیان ڕۆیشتم بۆ نوێژی بەیانی و لەناکاو تەندروستیم خراپ بوو، داوام لە هەندێك لە میسرییەکان کرد کە دەرمانێکم بۆ ئامادە بکەن، یەکێکیان دەرمانێکی بۆ دروستکردم لە شیلەی جۆرە ڕووەکێك بوو بە تێکەڵکردنی لەگەڵ شەکر پێیان دەوت: بەیدەر، دوای خواردنەوەی ئەو دەرمانە تووشی ڕشانەوە بووم و هەرچیم خواردبوو وەك زەردواوێکی پیس هێنامەوە، ئیدی خودا لە مردن ڕزگاری کردم، هەرچەندە بۆ ماوەی دوو مانگ نەخۆش بووم.

باسی سوڵتانی مالی

سوڵتانی مالی ناوی مەنسا سولەیمان بوو، مەنسا بە واتای: پاشا دێت، سولەیمانیش ناوەکەی خۆیەتی، پیاوێکی هەتا بڵێی قرچۆك و بێ خێر بوو ویستی خودا وابوو لەو ماوەیەی کە نەخۆش کەوتم نەمتوانی چاوم پێی بکەوێت، جارێکیان

خواردنێکی سازکرد بە بۆنەی ماتەمینی "ئەبی حەسەن"ەوە خودا لێی رازیبێت، لەو خوانەدا دادوەر و ئەمیرەکان و زاناکانی بانگ کرد و منیش لەگەڵیاندا رۆیشتم، وتاربێژ و دادوەر باسی منیان بۆ کردبوو، لە کۆتاییدا سوڵتان پێیانی وتبوو: با سوپاسی خودا بکات. هاتنەوە بۆ لام ووتیان: سوڵتان داوات لێ دەکات کە سوپاسی خودا بکەیت، منیش ووتم: سەد جار سوپاس بۆ خوا، بەڵام ئەوە قسە نییە!.

دوای ماوەیەك کەسێکی بە دوامدا نارد، منیش رۆیشتم بۆ مالّی دادوەری سوڵتان ئنجا پێکەوە چوین بۆ مالّی کورِی فەقیە هێندەی پێ نەچوو بەپەلە و بە پێ خاوسی هات ووتی: هەستە قوماش و دیاری سوڵتانت بۆ هاتووە، منیش وامزانی شمەکی تایبەت و خەرجی رێگا و گەشتی بۆ ناردووم بەڵام کە سەیرم کرد سێ نان و پارچە گۆشتێکی برژاوی مانگا و کاسەیەك ماستی بۆ رەوانە کردوین، کاتێك تەماشام کرد، دەستم کرد بە پێکەنین و سەرم سوورِما لە بێ عەقڵی ئەو گەلە ووتم: ئەم شتە بێ نرخانە ئەوەندە گرنگ نین تا بەو شێوازە بە گەورەیی تەماشای دەکەن!.

باسی قسەکانم بەرامبەر سوڵتان و دواتر پێشکەشکردنی یارمەتی پێم

دوای دوو مانگ لە مانەوەم لە مالی، هیچ شتێکی ئەو سوڵتانە بە دەستم نەگەیشت تا هاتنی مانگی رەمەزان، لەو مانگەشدا بە بەردەوامی من سەردانی دیوەخانی سوڵتانم دەکرد بۆ سڵاوکردن و لەوێ لەگەڵ دادوەر و وتاربێژ دادەنیشتم، رۆژێك لەگەڵ "دوغا"ی وەرگێڕ دانیشتم ووتی: وەرە هەرچییەك لە دڵتدا هەیە باسی بکە، من بۆ سوڵتانی دەگێڕمەوە منیش لە سەرەتای مانگی رەمەزانداوە بوو بەرامبەری دانیشتم ووتم: زۆربەی سوڵتانەکانی دونیام بینیوە و دیدارم لەگەڵیان ئەنجامداوە، ئەوە ماوەی چوار مانگ دەبێت هیچ یارمەتییەکی تۆ بە دەستی من

نەگەیشتوە، ئیتر نازانم لە لای پاشاکانی تری دونیا چۆن باسی تۆ بکەم؟!.

لە وەڵامدا ووتی: نە تۆم بینیوە و نە زانیاریم دەربارەت هەیە، کاتێک ئەوەی وت دادوەر و کوڕی فەقیە هەستان ووتیان: ئەو پێشتر هاتووەتە لای تۆ سڵاوی لێت کردوە و خۆشت وەک میوان بانگت کردوە!!!. لەوە بە دواوە بڕیاریدا خەرجی مانْ و خواردنم بۆ خەرج بکرێت، دواتر لە بیست و حەوتی رەمەزاندا بوو پارە و پوڵێکی زۆری بەسەر دادوەر و زاناکاندا دابەش کر، لەوەی پێی دەڵێن: زەکات، نزیکەی سی و سێ مسقاڵیان پێشکەشم کرد جگە لەوەش کاتێک گەشتم دەستپێکردەوە، سەد مسقاڵی ئالتونی تریان بۆم خەرج کرد .

باسی دانیشتنی سوڵتان لە گومەزەکەی خۆی

سوڵتانی رەشپێستەکان وەک سوڵتانەکانی تری دونیا خاوەن کۆشک بوو، گومەزێکی مەزنی دروستکرد بوو دەرگاکەی دەکەوتە نێو ماڵەکەی خۆی بێجگە لە دەرگا چەند تاقێکی تێدا بوو سێ لە تاقەکان بە پەنجەرەی زیو داپۆشرابوون لە ژێرەوە سێ تاقی تر هەبوون لە ئالتون بوون، بەڵام لەڕاستیدا ئەوانیش هەر زیو بوون، بەڵام زیوەکان بە ئالتون داپۆشرابوون، کاتێک سوڵتان دادەنیشت، پەردەی تاقەکان لادەدران و دەزوویەکی ئاوریشمی لێوە دەردەکرا کە ئاڵایەکی پێوە بوو، وەک ئاماژەیەک بۆ ئەوەی کە سوڵتان دانیشتوە، پاشان فوو بە کەرەنادا دەکرا و لە تەپڵیش دەدرا وەک ئاگادارکردنەوە، دواتر سێ سەد خزمەتکار لە کۆیلەکان بە تیر و شیرەوە دەهاتن و هەندێکیان رمیان بە دەستەوە بوو، کەوان و رم بە دەستەکان لە لای راست و چەپییەوە دەوەستان.

ئنجا دوو ئەسپی زینکراو لەگەڵ دوو بەرانی گەورەیان دەهێنا و باوەڕیان وابوو کە سوودی هەیە بۆ چاوەزار، لەگەڵ دانیشتنی سوڵتان، سێ لە خزمەتکارەکان بە خێرایی دەهاتن و بانگی جێگری سوڵتان "قەنجا موسا"یان دەکرد، پاشان ئەمیرەکان (فەراریە) دەهاتن و لەگەڵ وتاربێژ و زانا و فەقیهەکان بە لای راست و

چەپدا لە دیوەخانی سوڵتان بەرامبەر سوڵحداریەکان دەوەستان، جگە لەوان ئەمیر دوغاش لەبەر دەرگا دەوەستا بەڵام پۆشاك و شێوازی خۆگۆڕینەکەی لە خەڵکەکەی تر جیاوازتر بوو، چونکە پۆشاکی زەردخانەی دەپۆشی و مێزەرێکی قەشەنگی لەسەر دەکرد و شمشێرێکی بە قەدەوە بوو کە کێڵانەکەی لە ئالتون دروستکرابوو هەروەك تەنها کەسێك کە لەو رۆژەدا (خوفی) لە پێ دەکرد، تەنها ئەو بوو، لەگەڵ ئەم خۆگۆڕینەی دوو رمی بچوکی لە دەست بوو، یەکێکیان لە ئالتون دروستکرابوو ئەوەی تریان لە زیو و نووکی رمەکان لە ئاسن دروستکرابوون.

ئینجا سەرباز و بازرگان و هۆزەکانی بەنی مەسوفە لە دەرەوەی دیوەخانی سوڵتان کۆدەبوونەوە، هەر لەو نزیکانەوە شوێنێکی لێبوو هەمووی دار بوو، ئەوانەی کە کەرەنا و دەفیان پێبوو لەوێ دەوەستان و جۆرەها ئامێری گۆرانییان بە دەستەوە بوو لە قامیش و دار دروستکرابوون و ئاوازی خۆش و سەرنجڕاکێشیان لێ دەدا، گەر کەسێکی بیانی یاخود رێبوار ئارەزووی ئەوەی هەبوایە گفتوگۆ لەگەڵ سوڵتاندا بکات، مۆڵەتی وەردەگرت و لە ژێر تاقی دێوەخان دەوەستا، پاشان لەگەڵ ئەمیر دوغا دەکەوتە گفتوگۆ و ئەویش خێرا قسەکانی بۆ پاشا وەردەگێڕا، جاری واش هەبوو سوڵتان لە دەرەوە دادەنیشت لەسەر تەختەیەکی تایبەتی کەپردار، کە پێیان دەوت: ئەلبەنی، لە سەر کەپرەکە وێنەی باڵدارێك هەبوو لە ئالتون دروستکرابوو و شێوەی وەك باز وابوو، سەری تەختەکەش بە راخەری دروستکراوی ئاوریشمی داپۆشرابوو لەگەڵ سەرینی تایبەت.

کاتێك سوڵتان بەرێدەکەوت بۆ سەر تەختەکەی، هەموو ئەمیرەکان کە پێیانیان دەوت: فەراریە ئامادە دەبوون، هەر ئەمیرێك دەست و پەیوەندی خۆی لەگەڵدا بوو بە شیر و تیر و ئامێری جەنگییەوە، سوڵتان خۆشی پۆشاکی تایبەتی دەپۆشی کە بە پۆشاکی رۆمی ناسرابوو، کە ئەوەش زیاتر بریتی بوو لە جبەی سوور کە پێیان دەوت: موتەنەفەس، هەروەها عەمامەیەکی بە سەرییەوە دەبەست لە قوماشێکی ئالتونی دروستکرابوو، لە کاتی دەرچونیدا زۆر بە ئارامی بە رێگادا دەڕۆیشت تا

دەگەیشتە بەرامبەر ئەو تەختەیەی لەسەری دادەنیشت، پاشان لەسەرخۆ سەردەکەوت وەک چۆن وتاربێژەکان دەچونە سەر مینبەر، لە کاتی دانیشتندا لە تەپڵ دەدرا و فووش بە کەرەنادا دەکرا، ئنجا سێ کەس لە بەندەکان بە خێرایی دەهاتن و بانگی جێگیر و ئەمیرەکانیان دەکرد، پلە بەرزەکان لە نزیکەوە دەوەستان و خەڵکەکەی تریش هەموو لە شەقام و لە ژێر دارەکاندا دادەنیشتن.

باسی ملکەچی ڕەشپێستەکان بۆ پاشاکانی خۆیان و هەندێک لە نەریتەکانیان

ڕەش پێستەکان لە هەموو گەلەکانی تری دونیا زیاتر گوێڕایەڵی پاشاکانی خۆیان بوون، بەڕادەیەک سوێندیان پێیان دەخوارد و دەیانوت: مەنسا سولەیمان کەی، کە ئەوەش بە زمانی خۆیان مەزنترین سوێند بوو، هەروەها کاتێک بانگی یەکێکان دەکرا بۆ لای سوڵتان، پۆشاکێکی سادەی دەپۆشی و مێزەرێکی پیسی بە سەرییەوە دەبەست، کاتێکیش لە سوڵتان نزیک دەبوەوە شەروالّەکەی تا ناوەڕاستی قاچەکانی بەرز دەکردەوە، ئنجا بە مەچەکەکانی لە زەوی دەدا و بە شێوازێک دەوەستا وەک کەسێک لە رکوعدا بێت، کاتێکیش گفتوگۆی لەگەڵ سوڵتان دەکرد، ئەگەر سوڵتان وەڵامی دایەوە، ئەوە پشتی ڕووت دەکرد و خاک و خۆڵی بەسەر خۆیدا دەکرد، بەڕاستی سەرم سووڕما ووتم: چۆن چاوەکانیان کوێر نابێت!. کاتێکیش سوڵتان قسەی بکردایە، هەموویان مێزەری سەری خۆیان دادەنا و بێدەنگ دەبوون جاری وا هەبوو کەسێک باسی ئازایەتی خۆی دەکرد و بە شان و باڵی خۆیدا هەڵێدەدا و دەیوت: ئەوەندە کەسەم کوشتوە لە فلاّن ڕۆژدا، ئەگەر شایەدی هەبووایە باوەڕی پێ دەکرا. بەڕاست دانانی قسەی کەسەکە بەو شێوازە دەبوو: یەکێکیان کەوانەکەی دادەنا، ئەگەر سوڵتانیش باوەڕی بکردایە، یاخود سوپاسی بکردایە کراسەکەی دادەکەند و خۆڵی بەسەر خۆیدا دەکرد ئەوەش لای ئەوان جۆرێک بوو لە ئەدەب.

ئیبن جوزەی دەڵێت: زانای پایەبەرز "ئەبو قاس رەزوان" ئەوەی بۆ گێڕاینەوە ووتی: جارێك حاجی موسا وەك نوێنەری مەنسا سولەیمانی پاشای رەشپێستەکان گەیشتە کۆشکی ئەبی حەسەنی پاشامان، خۆڵی ولاتی خۆیانی بە هاوڕێکانی هەڵگرتبوو، هەر جارێك پاشامان باسی "مەنسا سولەیمان"ی بکردایە، خۆڵەکەی بەسەری خۆیدا دەکرد، وەك چۆن ئەو کارە لە ولاتی خۆیان ئەنجام ئەدەن!.

باسی ڕێوڕەسمەکانی سوڵتان لە ڕۆژەکانی جەژندا

ئەو ماوەیەی لە مالی بووم، بەشداری ڕێوڕەسمی هەردوو جەژنی قوربان و ڕەمەزانم کرد، خەڵکی هەموورووبان لە مزگەت دەکرد بۆ ئەنجامدانی نوێژی جەژن، مزگەوتەکە لە کۆشکی سوڵتانەوە نزیك بوو هەموو خۆیان دەڕازاندوە و پۆشاکی سپی جوانیان دەپۆشی و سوڵتانیش بە هەمان شێواز پۆشاکی سپی دەپۆشی و لەچکی تایبەتیان لەسەر دەکرد، ڕەشپێستەکان لە نەریتیاندا نیە لەچکی (تەیلەسان) بە سەری خۆیاندا بدەن، جگە لە دادوەر و وتاربێژ نەبێت کە بەردەوام تەیلەسان بە سەریاندا ئەدەن، لە نزیك سوڵتان دادەنیشتن و بەردەوام تەکبیر و تەهلیلەیان دەکرد، لە نێوانیاندا نیشانەیەکی سووری ئاوریشمی هەبوو.

هەروەها لە نەریتیاندا وابوو، لە نزیك شوێنی نوێژکردن پەنایەکیان بۆ سوڵتان دروست دەکرد تا لەوێدا سوڵتان پۆشاکەکانی خۆی ڕێکبخاتەوە پاشان وتاربێژ دەستی دەکرد بە وتاردان کاتێك تەواو دەبوو دووبارە دەهاتەوە لە نزیك سوڵتان دادەنیشت ئنجا بەرامبەر سوڵتان دەستی دەکرد بە قسەکردن، لە پشتیشەوە پیاوێك بە رمێکەوە دەوەستا و خێرا خێرا قسەکانی وتاربێژی بۆ خەڵکی ڕوون دەکردەوە، کە زیاتر وەعز و ئیرشاد بوون هاندانی خەڵکی بوون بۆ گوێڕایەڵی کردنی سوڵتان و جێبەجێ کردنی فەرمانەکانی. هەر لە ڕۆژەکانی جەژندا سوڵتان بەردەوام لە دوای نوێژی عەسرەوە لەسەر کورسییەکی تایبەتی کەپردار دادەنیشت

و ئنجا چەکدارەکان بە هـەموو جـۆرە کەرەستەیەکی جـەنگی خۆیانـەوە ئامـادە دەبوون لە تیر و شیر و رمو خەنجەری سەرنجڕاکێشی لەگەڵ کوتەکی نوکدار (تـورس) زۆربەی شمشێر و خەنجەرەکان بە کێلانەی ئـالتون و مسـك (جـێ دەسـت)ی زیـوی رازێنرابوونەوە.

پاشان ئەمیرەکان ووتاربێژ و دادوەر و کاربەدەسـتە مەزنـەکان لـە نزیکییـەوە دادەنیشتن، چوار لە ئەمیرەکانی بە بەردەوامی بە باوەشێنی تایبەت مێشیان لێـی دوور دەخستەوە دواتر ئـەمیر دوغـا چـوار خێزانەکـەی سـوڵتانی دەهێنـا لەگـەڵ کەنیزەکانی کە ژمارەیان زیـاتر لـە سـەد کـەنیزە دەبـوون، جـوانترین و باشـترین پۆشاکیان دەپۆشی، لەوێدا ئـەمیر دوغـای وەرگێـڕ لەسـەر کورسـییەکی تایبـەت دادەنیشت و دەستی دەکرد بە خوێندنەوەی هۆنراوە، هەموو هۆنراوەکان پیاهەڵدان و باس کردن بوون لە غەزاکانی سوڵتان و جەنگ و کارە جوانەکانی لەو کاتەی کە هۆنراوە دەخوێندرایەوە ئافرەتەکان گۆرانییان دەوت و بە ئامێرەکانی مۆسیقاش کە لە قامیش دروستکرابوون، هەموو جۆرە ئاوازێکیان دەچڕی.

جگە لەو ئافرەتانەی باسیانم کرد، کۆمەڵێکی زۆری تـری بەنـدە هـەبوون، کـە لەگەڵ ئافرەتەکان بوون و ژمارەیان سی بەندە دەبـوو، هـەر یـەکێکیان کراسـێکی درێژی سووری پۆشی بوو لەگەڵ مەندیلی سپی، لەبەر دەستیاندا تەپڵ دانرابوو بـە هـەموو هێـزی خۆیـان دەیـان کوتـا لەگـەڵ ئەمانەشـدا هەنـدێك لـە پیاوەکـانی شمشێربازی و سەمای سەرنجڕاکێشـیان ئـەنجام دەدا، بەتایبـەتی ئـەمیر دوغـا لـە هەموویان جوانتر بە شمشێر سەمای دەکرد، دواتر سـوڵتان دیـاری تایبـەتی خـۆی بەسەر هەمووواندا دەبەخشاندەوە لە ئالتون و زیو خەڵکەکەی وەك سوپاس گوزاریان بۆ سوڵتان کەوانەکانیان دادەنا، نـەریتی سـوڵتان وابـوو بەخشـینەکانی رادەسـتی ئەمیر دوغا دەکرد و هەر کەسێکان رێژەیـەکی تایبـەتی بـۆ تـەرخان دەکـرا ئـەم رێوڕەسمە هەموو رۆژێکی هەینی و دوای نوێژی عەسر بە سەرپەرشتی ئەمیر دوغـا دووبارە دەکرایەوە.

باسی هەندێک لەو هەڵسوکەوتە پێکەنیناویانەی کە لە کاتی پیاهەڵدانی هۆنراوە بەسەر سوڵتاندا ئەنجام دەدران

ئەو رۆژەی دوغا هەموو یاری و کەرەستەکانی ئاهەنگەکەی ئامادە دەکرد، شاعیرەکان کە پێیانیان دەوت: جولا، هەموو بە هۆنراوەکانیانەوە ئامادە دەبوون، هەر یەکێکیان دەچونە ناو کەوڵێکی دروستکراو کە لە پەڕی باڵندە دروستکرابوو کلاوێکی لە دار دروستکراوی دەکرد بەسەری خۆیدا کە دەنووکێکی سووری هەبوو شێوەی وەک باڵندەی (شەقشاقە) بوو دواتر بەو شێوازە ئەنتیکە و پێکەنیناوی بەرامبەر بە سوڵتان دەوەستان و دەستیان دەکرد بە خوێندنەوەی هۆنراوە.

ئەوەیان بۆ باسکردم ووتیان: ناوەڕۆکی هۆنراوەکانیان زیاتر بریتیە لە پەند و ئامۆژگاری بۆ نمونەنە بە سوڵتان دەڵێن: ئەو تەختە کەپرارەی کە لەسەری دانیشتووی پێشی تۆ چەندەها سەرکردەی تر هاتوون و لەسەری دانیشتوون و ئێستا رۆیشتوون، بۆیە تۆش وەک فلانە پاشا چاکەخواز بە، تا لە دوای خۆت باسی چاکەکانت بکرێت، دواتر گەورەی شاعیرەکان سەردەکەوتە سەر تەختەکەی سوڵتان و سەری دەخستە سەر شانی راستی سوڵتان و پاشان شانی چەپی و ئنجا دادەبەزی، دەیانوت: هەر لە کۆنەوە ئەو نەریتەیان هەبووە!.

باسی ئەو کوللەیەی کە هاتە دەنگ

جارێکیان لە مەجلیسی سوڵتاندا دانیشتبووین پیاوێك کە فەقیهێکی شارەزا بوو لەوێ ئامادە بوو ووتیان: لە ولاتێکی دوورەوە هاتووە دەستی کرد بە قسەکردن و درێژەی بە قسەکانیدا دواتر دادوەر و سوڵتان هەردووکیان باوەڕیان بە قسەکانی کرد و میزەرەکەی سەریان دانا و خۆڵیان بەسەر خۆیاندا کرد.

پیاوێکی سپی پێست لە نزیکمەوە دانیشتبوو گوتی: دەزانیت ئەو پیاوە چی ووت؟ ووتم: نەخێر. ووتی: باسی ئەوەی کرد، کە کوللەیەکی زۆر ولاتەکەیانی وێران کردوە رۆژێك پیاوێکی دیندار لە حەسرەتا دەچێتە دەرەوە لە ناو کوللەکاندا هاوار دەکات و دەڵێت: ئەم کوللانە زۆرن بەس خودا دەتوانێت لەناویان ببات، یەکێك لە کوللەکان دێتە دەنگ و دەڵێت، هەر ئومەتێك ستەم و زۆرداری تێدا بڵاوببێتەوە خودا ئێمەی بۆ رەوانە دەکات تا دانەوێلە و کشوکاڵیان لەناوبەرین . جگە لە سوڵتان و دادوەر هەموو ئەمیرەکانیش باوەڕیان بە قسەی فەقیهەکە کرد و عەمامەکانی سەری خۆیان دانا ووتیان: ئێمە بەرین لە هەر ستەمێك کە دەکرێت سوڵتان بە دەنگێکی بەرز ووتی: من بەریم لە هەر زوڵم و ستەمێك کە دەکرێت، هەر کەسێك ستەم بکات بە دەستی خۆم سزای بەسەردا ئەدەم، لە هەر جێگایەك ستەمتان بەرچاو کەوت ئاگادارم بکەنەوە خۆم ریشەکێشی دەکەم ئەوەشی ئاگادارم نەکاتەوە، تاوانەکەی لە گەردنی ئەودایە.

دادپەروەری سوڵتانی رەشپێستەکان

رۆژێك رۆیشتم بۆ نوێژی هەینی، لەپڕ گوێم لە هاواری بازرگانێکی بەنی مەسوفە بوو، کە ناوی "ئەبی حەفس" بوو، ووتی: ئەی خەڵکی مزگەوت ئێوە شاهید بن و سوێندتان ئەدەم کە شکاتی خۆم لە "مەنسا سولەیمان" لای پێغەمبەری خودا ﷺ دەکەم، لە دوای ئەو هاوارەوە هەندێك لە دەست و پەیوەندەکانی هاتنە دەرەوە ووتیان: ئەی کابرا بۆ وا هاوار دەکەیت، کێ ستەمی لێ کردویت و چییان لێ سەندویت؟!. ووتی: سەرپەرشتیاری شاری ئیوالاتن شمەکێکی زۆری لێ سەندووم نرخی شمەکەکان دەگاتە شەش سەد مسقاڵ بەڵام تەنها سەد مسقاڵم وەرگرتوە ئامادە نییە شمەکەکانم بۆ بگێڕێتەوە، دەستبەجی سوڵتان ناردی بە شوێنیدا و هەردووکیانی نارد بۆ لای دادوەر هەموو مافەکەیان بۆ بازرگانەکە گێڕایەوە سەرپەرشتیاریان لە کارەکەی دوورخستەوە.

باسی خێزانی سوڵتان و کچەکانی ئامۆزای

وا ڕێکەوت ئەو کاتەی لە مالی بووم، سوڵتان لە ژنەکەی تووڕە دەبێت کە ئامۆزای خۆی بوو بە "قاسا" بانگیان دەکرد واتا: شاژن لە نەریتی وڵاتی ڕەشپێستەکان وابوو شاژن هاوبەشی دەسەڵات بوو ناوی لەگەڵ ناوی سوڵتان لەسەر مینبەرەکان دەخوێندرایەوە، سوڵتان خێزانی لای ئەمیرەکان بەند دەکات لە جیاتی ئەو ژنێکی تری جێگەکەی دەگرێتەوە ناوی "یەنجۆ" دەبێت ئەمیان لەبەرئەوەی لە ڕەچەڵەکی شاهانە نەبوو، کچە ئامۆزاکانی خۆی لە کاتی سەردانی کردنی ڕێزیان لێی نەدەگرت بۆ نمونە لە کە دەچوونە لای وەک ڕێز خۆڵیان بەسەر خۆیاندا نەدەکرد وەک ڕێزێک.

دوای ماوەیەک سوڵتان "قاسا" ئازاد دەکات و کچە ئامۆزاکانی سەردانی دەکەن و خۆڵ بەسەر خۆیاندا دەکەن، ئەمەش زیاتر "یەنجۆ" تووڕە دەکات و سکاڵای خۆی لای سوڵتان دەکات، کاتێک کچە ئامۆزاکانی ئەم هەواڵە دەبیستن لە ترسی سزا پەنا دەبەن بۆ مزگەت کە ئەوەش نەریت بوو لای ئەوان، ئیدی سوڵتان لێیان خۆش دەبێت، بەڵام بڕیاریدا هەموو ڕۆژێک بۆ ماوەی یەک هەفتە سەردانی سوڵتان بکەن، نەریتی سەردانەکەیان وابوو دەبوو پۆشاکەکەیان فڕێ بدەن و بە ڕووتی بچنە لای سوڵتان، دوای جێبەجێکردنی ئەم نەریتە دواتر ئازاد دەکران!.

دوای ئازاد بوونی "قاسا" هەموو ڕۆژێک خزمەتکار و کەنیزە و بەندەکانی بە سەری خۆڵاوییەوە لە نزیک کۆشک دەوەستان و خۆشی ڕووی خۆی بە پەچە دادەپۆشی، ئەم کارەی ئەمیرەکانی سوڵتانی تووڕە کرد، کەوتنە قسە کردن تا کار گەیشتە ئەوەی سوڵتان بانگی هەموو ئەمیرەکانی کۆشکی کرد پێیانی ووت: چیتان هەیە بیڵێن ئنجا ووتی: ئێوە قسەی زۆرتان کردوە دەربارەی شاژن، بۆیە چیتان هەیە بەرامبەری ئێستا باسی بکەن.

ئەوانیش کەنیزەیەکی دەست بەستراوی "قاسا"یان هێنا ووتیان: چیت هەیە

بیلّێ ووتی: قاسا منی ناردوە بۆ لای ئامۆزای سولّتان کە لە کەنبەرنی نیشتەجێیە، تا سولّتان لە دەسەلاّت لابەرن و خۆیان جلّەوی فەرمانڕەوایی بگرنە دەست، ئامۆزاکەی ناوی "جاتلّ" بوو، لە ترسی سولّتان یاخی ببوو لە کەنبەرتی نیشتەجێ بوو، هەروەها ئەوەشی پێی گەیاندبوو کە خۆی و هەموو سەربازەکانی هاوکاری دەبن، بۆیە ئەمیرەکان بە سولّتانیان ووت: قاسا شایەنی مردنە، چونکە تاوانێکی زۆر گەورەی ئەنجامداوە . بۆیە قاسا لە ترسا پەنا دەباتە بەر مالّی وتاربێژ تا لە گەردنی نەدرێت، نەریتیان وابوو لە کاتی ئەنجامدانی تاواندا، لە ترسی سولّتان پەنایان بۆ مزگەوت دەبرد، ئەگەر کەسەکە فریای مزگەوت نەکەوتایە، هانای بۆ مالّی وتاربێژ دەبرد.

ئەوەی هۆکار بوو ڕقیان لە "مەنسا سولەیمان" بوو خۆشیان نەدەویست قرچۆکییەکەی بوو پێشتر "مەنسا مۆغا" لەسەر کورسی دەسەلاّت بوو، کەسێکی زۆر بەخشندە بوو خەڵکی هەموو خۆشیان ویستوە دەڵێن: بە هەزاران دیناری ئالتونی دەبەخشانەوە ئەوەیان بۆ گێڕامەوە ووتیان: بە یەکجار سێ هەزار مسقالّی بەخشی بە "مودریکی کوڕی فەقوص"، هۆکارەکەشی ئەوە بووە کە باپیری سولّتان لەسەر دەستی باپیری "مودریك" مسولّمان ببوو، هەروەها چوار هەزاریشی بەخشی بوو بە ئەبی ئیسحاق ساحلی.

باسی پاداشتدانەوەی چاکەیەک دە بەرامبەر

فەقیە مودریك باسی رووداوێکی ئەنتیکەی بۆ کردم ووتی: پیاوێکی تەلەسانی بە "ئیبن شێخ" ناسرابوو بە منداڵی یارمەتی سولّتان "مەنسا سولەیمان" دەدات، کاتێك پێویستی بە بڕە یارمەتییە دەبێت و حەفتا مسقالّی پێ دەدات، ئەوکات کەسێکی نەناسراو دەبێت بەلاّم دوای ئەوەی مەنسا سولێمان دەسەلاّت وەردەگرێت وا ڕێکدەکەوێت ڕۆژێك ئەم پیاوە بۆ کێشەیەکی خۆی ڕووەکاتە لای سولّتان، ئەویش دەیناسێتەوە و ڕێزێکی زۆری دەگرێت و لە نزیك خۆی و لەسەر تەختەکەی

خۆی (ئەلبەنی) دایدەنێت، ئنجا سوڵتان ڕوو دەکاتە وەزیـر و کاربەدەسـتەکانی و پێیان دەڵێت: پاداشتی ئەو کەسەی کە خێری وەك ئەم پیاوەی ئەنجامداوە چەندە؟، لە وەڵامدا دەڵێن: چاکەیەك دەبێت دە بەرامبەر بێت، بۆیە لە بەرامبەر ئەو حەفتا مسقاڵەدا ئەو حەوت سەد مسقاڵ و کەنیزە و بەندە و پۆشاکێکی زۆری پێشـکەش دەکات و بەڵێنیشی پێدا بەردەوام دیاری و یارمەتی پیشکەش بکات.

ئەم چیرۆکە لـە "ئـیبن شـێخ لەبـەن"ەوە بیسـتوومە، کـە یـەکێك بـوو لـەو قوتابییانەی کە سەرقاڵی وتنەوەی قورئان بوو لە مالی.

باسی ڕەوشتە جوان و ناشیرینەکانی ڕەشپێستەکان

لە ڕەوشتە جوانەکانی ڕەشپیستەکان دادپەروەری و ستەم نەکردن بوو، دوورترین کەس بوون لە ستەم و زوڵمەوە و بە هیچ شێوازێك ڕێگەیان نەدەدا سـتەم بکرێـت، سوڵتانەکەیان هەمیشـە ئـەوەی دووپـات دەکـردەوە، هـەروەها هـیچ کـاتێکیش دەستدرێژیان ناکردە سەر مالّی سپی پێستەکان و گەر کەسێکی سپی پێسـت، لـە دوای مردنی بە هێندەی یەك چیا مالّ و سامانی لە دوای خـۆی بـەجێ بهێشـتایە دەستیان بۆ نابرد، بەڵکو ئەو مالّ و دارایـیەیان ڕادەستی کەسـێکی بـاوەڕپێکراوی هاوڕێی خۆی ئەکرد، تا بۆی بگەیەنێتە جێگایەی مەبەست.

نەریتێکی تری جوانیان هەبوو، ئەوە بوو کە زۆر وابەستە بوون بـە ئەنجامـدانی نوێژە فەرزەکانەوە لە مزگەوت، بەتایبەتیش نوێژی هـەینی و هـەموان پۆشـاکی سپییان دەپۆشی و گەر کەسێك هەژار بووایە و یەك دەست پۆشاکی هەبووایە، ئەوا خاوێنی دەکردەوە تا بە پاکژی ئامادەی نوێژی هەینی ببێت، مزگەوتەکانیان هێندە قەرەباڵغ بوون وەسف ناکرێت، هـەر لەبـەر ئـەوە بـوو هـەر کەسـێك بـەیانی زوو خزمەتکارەکەی بە بەرمالّەوە ڕەوانەی مزگەوت دەکرد، تا جێگـای شایسـتەی بـۆ بگرێت، بەرمالّەکانیان لە لقی جۆرە دارێك دروست دەکرد وەك داری خورما وابوو، جگە لەوانەی باسیانم کرد، نەریتێکی تریان هەبوو لای گـەلانی تـر ئـەو نەریتـەم

بەرچاو نەکەوتووە، ئەویش ئەوە بوو گرنگییەکی بێشوماریان ئەدا بە لەبەرکردنی قورئانی پیرۆز، بۆیە زۆربەیان منداڵەکانیان دەبەستەوە و ئازادیان ناکرد، تا هەموو قورئانی لەبەر دەکرد، ئنجا ئازادیان دەکرد!.

رۆژێك لاوێکی روح سووکم بینی قاچەکانی بەستراوبوو، منیش سەرم سووڕما ووتم: ئەو لاوە کەسێکی کوشتوە وا قاچەکانی بەستراوە !، ئیدی لە من تێگەیشت و دەستی کرد بە پێکەنین ووتیان: نەخێر بۆ ئەوەی هەموو قورئان لەبەر بکات بۆیە قاچەکانی بەستراوە، دواتر ئازاد دەکرێت!.

بەڵام هەندێك سیفەت و ڕەوشتی ناشیرین و قێزەونیان هەبوو، جێی سەرسووڕمان بوون، لەوانە خزمەتکار و کەنیزە کچە بچوکەکانیان بە ڕووتی دەسووڕانەوە، یاخود کچان بە ڕووتی سەردانی کۆشکیان دەکرد!، خۆم لە ڕەمەزاندا بوو ئەوەم بەرچاو کەوت، هەروەها لە ڕەمەزاندا بوو ئەمیرەکان (فەراریە)، بە خواردنێکی زۆرەوە کە نزیکەی بیست و پێنج کەنیزە هەڵیان گرتبوو، دەڕۆیشتن بۆ لای سوڵتان و هەموویان ڕووت بوون، هەروەها نەریتێکی تری ناشیرینیان هەبوو ئەوە بوو، کە خاك و خۆڵیان بەسەر خۆیاندا دەکرد، وەك ڕێزێك بۆ پاشا، هەروەها بەشێکی زۆریان گۆشتی گوێدرێژ و سەگ و کەلاکیان دەخوارد، کە ئەوەش دووڕە لە سروشتی مرۆڤەوە!.

دەرچونم لە شاری مالی

لە ١٤ ی جەمادی یەکەمی سالّی ٧٥٣ کۆچیدا بوو گەیشتمە مالی، بەڵام لە ٢٢ ی موحەڕەمی سالّی ٧٥٤ ئەوێم بەجێهێشت، لە کاتی دەرچونم بازرگانێکم لەگەڵدا بوو بە ناوی "ئەبی بەکری کوڕی یەعقوب"، سەرەتا ڕێگای (میمە)مان گرتەبەر لەبەرئەوەی نرخی ئەسپ گران بوو ناچار بووین بە سواری حوشتر بڕوێن چونکە نرخی ئەسپێك دەگەیشتە سەد مسقال، دوای بڕینی ڕێگایەکی زۆر

گەیشتینە کەنداوێکی مەزن کە سەر بە ڕوباری نیل بوو، جێگاکە هێندە مێش و مەگەزی زۆر بوو، مرۆڤ بە تەواوەتی هەراسان دەبوو، بۆیە دەبوو بە شەو ڕێگاکە ببڕیت. ئێمەش کاتێك دونیا تاریك بوو، دەستمان کرد بە ڕۆیشتن، مانگەشەو بوو و دەتتوانی بە ئاسانی ڕێگاکە بدۆزیتەوە، دوای ماوەیەك گەیشتینە کەنداوی سێیەم دەبوو بە کەشتی کەنداوەکە ببڕیت!.

باسی ئەسپەکانی کەنار نیل

کاتێك گەیشتینە کەناری کەنداوەکە، کۆمەڵێکی زۆر ئەسپی دەریام بینی، ژمارەیان شانزە ئەسپ دەبوو، لەبەر زۆری ژمارەیان وامزانی ڕەوە فیلە، کاتێك نزیك بووینەوە هەموو بە یەك جار خۆیان فڕێدایە ڕوبارەکەوە، پرسیارم لە ئەبی بەکری کوڕی یەعقوب کرد ووتم: ئەم گیاندارانە چین؟!، پێشتر لەم جۆرە ئاژەڵانەم نەبینیوە!، ووتی: ئەسپی دەریان و لە ڕۆخی ڕوبارەکە دەلەوەڕێن، سەری ئەم ئاژەڵانە وەك ئەسپ بوو بەڵام قاچەکانیان لە قاچی فیل دەکات و پێستیشیان ئەستوورە، یەکەم جار ئەم ئاژەڵەم لە نێوان (تەمبەکتو) و (کوکو) بینی، کاتێك بە کەشتی بە ڕوباری نیلدا تێپەڕ بووین، لە نێو ئاوەکەدا مەلەیان دەکرد و جار جار دەهاتنە سەر ڕوبارەکە و هەناسەیان وەردەگرت و خەڵکەکە ترسان!.

ڕەشپێستەکان فێڵێکی تایبەتی خۆیان هەبوو بۆ ڕاوکردنی ئەم ئاژەڵانە، کە ئەوەش بە هۆی ڕمێکی تێژەوە بوو، نووکی ڕمەکە کونێکی پێوە بوو حەبلێکیان پێیدا ڕەت کردبوو، کاتێك ڕمەکەیان تێدەگرت لە قاچی یاخود سکی دەچەقی، ئنجا ڕایاندەکێشا و لە وشکانی بە ڕم دەیانکوشت و گۆشتەکەیان بۆ خواردن بەکاردەهێنا، کاتێك بە ڕۆخی نیلدا گوزەرت دەکرد، ئێسکێکی زۆری ئەم ئاژەڵەت بەرچاو دەکەوت.

لە کەنداوی سێیەم لە گوندێکی نزیك لە ڕوبارەکە بۆ پشو لامانداوەڕێکی

ڕەش پێستەکانی لێبوو بە "حاجی فازڵ" بانگیان دەکرد و پێشیان دەوت: فەریا مەغا، ئەم پیاوە لەگەڵ سوڵتان مەنسا موسا گەشت دەکەن بۆ حیجاز بە مەبەستی بەجێهێنانی فەریزەی حەج.

باسی مرۆڤخۆرەکان

فەریا مەغا ئەوەی بۆم گێڕایەوە ووتی: کاتێک مەنسا موسا دەگاتە ئەم کەنداوە، دادوەرێکی سپی پێستی لەگەڵدا دەبێت بە ناوی "ئەبی عەباس"، بەڵام بە دۆکالی بانگیان دەکرد، سوڵتان چوار هەزار مسقاڵی پێدەدات، تا بۆ خەرجی خۆی بەکاری بهێنێت، بەڵام دواتر کاتێک دەگاتە ناوچەی (میمە)، سکاڵای خۆی بەرزدەکاتەوە بۆ لای سوڵتان و بانگەشەی ئەوە دەکات، کە گوایا مافەکەی لێ دزراوە، سوڵتان بانگی ئەمیر دەکات و پێی دەڵێت: ئەگەر ئەو مافە نەدۆزرێتەوە لە گەردنت دەدرێت، بۆیە ئەمیر لە ترسا هەوڵێکی زۆر ئەدات تا بیدۆزێتەوە، بەڵام بێ ئەنجام دەبێت، چونکە ولاتی ئەوان دز و چەتەی نییە.

بۆیە گۆشارێکی زۆر دەخاتە سەر خزمەتکارەکانی و پێیان دەڵێت: دەتانکوژم ئەگەر راستیم پێ نەڵێن یەکێکیان دەڵێت: من دەزانم لە کوێ حەشاریداوە بۆیە مافەکەی دەدۆزرێتەوە و هەواڵەکەش بە سوڵتان دەگەیەنن، سوڵتان زۆر لە دادوەر تووڕە دەبێت و بڕیار ئەدات کە دووری بخاتەوە بۆ ناوچەی ڕەشپێستە بێباوەڕەکان، ئەوانەی گۆشتی مرۆڤ دەخۆن، ماوەی چوار ساڵ لەوێدا دەبێت، ئنجا دەیگەڕێننەوە بۆ لای سوڵتان، دەڵێن: پرسیار لە ڕەشپێستەکان دەکرێت کە چۆنە وا گۆشتی ئەم کەسەتان نەخواردوە؟!، لە وەڵامدا دەڵێن: ئێمە گۆشتی سپی پێست ناخۆین، بە بڕوای خۆیان گوایا هێشتا پێنەگەیشتوە، بۆیە گۆشتی سپی پێست خواردنی خراپە!.

باسی ئەوانەی گۆشتی خزمەتکارەکەی سوڵتانیان خوارد

کۆمەڵێك لەو ڕەشپێستانەی کە گۆشتی مرۆڤ دەخۆن، سەردانی سوڵتان مەنسا سولەیمان دەکەن، لە نەریتی ئەم بێباوەڕانە وا دەبێت، هەر یەکێکیان گوارەیەکی شێوە بازنەیی لە گوێ دەکەن، کە نزیکەی نیو بست دەبێت، ولاتی ئەم تایەفەیە زۆر دەوڵەمەند دەبێت بە کانزای ئالتون و زیو، ئیدی سوڵتان ڕێزێکی زۆریان لێ دەگرێت و بڕیار ئەدات تا لە خاکی ئەودابن وەك میوان مامەڵیان لەگەڵدا بکرێت، ڕۆژێك خزمەتکارێکیان بۆ ڕەوانە دەکات تا خزمەتیان بکات، بەڵام سەری دەبڕن و گۆشتەکەی دەخۆن، دواتر بە خوێنەکەی دەست و ڕووی خۆیان سوور دەکەن و دەڕۆن بۆ لای سوڵتان و سوپاسگوزاری دەکەن!. ئەوەیان بۆ باسکردم دەیانوت: هەر کاتێك کەسێکیان بۆ ڕەوانە بکرێت گۆشتەکەی دەخۆن، هەروەها دەڵێن خۆشترین گۆشت بە لایانەوە گۆشتی ئافرەتە و بەتایبەتیش دەست و مەمکی.

دواتر لەم گوندەی کە لای کەنداوەکەوە بوو دیسانەوە بار و هەمبانەمان پێچایەوە ژیشتین بۆ شاری (قورای مەنسا)، هەر لەوێ شوانەکان هەوالیان پێدام و ووتیان حوشترەکەت مردار بووەتەوە، کاتێك ڕۆیشتم بیبینم ڕەشپێستەکان وەك نەریتی خۆیان سەرقاڵی پارچە پارچە کردنی حوشترە مردارەوەکە بوو تا بۆ خواردنی خۆیان بەکاریبهێنن، بۆیە بە ناچاری دوو خزمەتکارم ڕەوانە کرد تا حوشترێکی ترم بۆ بکڕن لە (زاغری)، ناوچەکە دوو ڕۆژەڕێ دوور دەبوو، منیش لەگەڵ چەند هاوڕێیەکی "ئەبی بەکری کوڕی یەعقوب"، بۆ ماوەی شەش ڕۆژ لەوێ ماینەوە تا خزمەتکارەکان گەڕانەوە، لەو ماوەیەدا بووینە میوانی هەندێك لەو حاجییانەی کە خەڵکی ناوچەکە بوون.

چیرۆکی خەونەکەم

لەو ماوەیەی لەو ناوچەیە بووین، شەوێکیان خەونم بینی، وەک کەسێك پێم بڵێ: ئەی محەمەدی کوڕی بەتوتە بۆ رۆژانە سورەتی یاسین ناخوێنیت؟، بۆیە منیش لەو رۆژە بەدواوە، بۆ رۆژێك وازم لە خوێندنی ئەم سورەتە پیرۆزە نەهێناوە، جا لە گەشتکردن بووم یان نا.

دوای ئەم ناوچەیە رۆیشتین بۆ میمە، دواتریش بۆ تەنبۆکتۆ، دووری نێوان ئەم شوێنە و نیل چوار میل دەبوو، دانیشتووانەکەی زۆربەیان بەنی مەسوفە بوون، ئەوانەی دەموچاوی خۆیان دادەپۆشی، فەرمانڕەوای ناوچەکە ناوی فەربا "موسا" بوو، رۆژێکیان لای دانیشتبووم، یەکێك لە ئەمیرەکانی بەنی مەسوفە هاتە ژوورەوە و لەسەر قەڵغانێکی لە پێست دروستکراو دانیشت، پۆشاکێکی رەنگکراوی تایبەتی پۆشی بوو لە شەروانّ و کراس و میزەر پێکهاتبوو، دواتر کە کارەکەی لای دادەر تەواو بوو، ئەندامانی هۆزەکەی بەرزیان کردوە و لەسەر سەری خۆیانیان دانا و بردیان، ئەوەش شتێکی نامۆ بوو بە لای منەوە، هەر لەم ناوچەیە گۆڕی شاعیری بەناوبانگ "موفلەق" ئەبی ئیسحاق ساحلی غەرناتی لێبوو، لەگەڵ گۆڕی سیراجەدین کویك، کە یەکێك بووە لە گەورە بازرگانەکانی ئەسکەندەریە.

حیکایەتی ئەو ئەمیرەی حەزی بەگریان نەدەکرد

سوڵتان مەنسا موسا کاتێك حەجی مالّی خودای دەکرد و بە خاکی میسردا دەڕۆیشت، لەوێ لە ناوچەیەك بۆ پشو دەمایەوە ناوی (بیرکە حەبەشە) بوو، لە باخێکی مالّی سیراجەدینی بازرگان، جارێکیان لەگەڵ ئەمیرەکانیدا قەرزێکی زۆری لێ وەردەگرن، دوای ماوەیەك سیراجەدین بریکارێکی خۆی رەوانە دەکات بۆ وەرگرتنەوەی قەرزەکانی، بەڵام بریکارەکە لە مالی دەمێنێتەوە، بۆیە بە ناچاری

خۆی و کوڕەکەی دەکەونەڕێ بۆ پایتەختی سوڵتان و لەوێ لە ماڵی ئەبو ئیسحاق ساحلی دەمێننەوە، ویستی خودا وا دەبێت ئەو شەوە ئەبو ئیسحاق کۆچی دوایی دەکات، خەڵکەکە دەست دەکەن بە قسە بردن و قسە هێنان و دەڵێن ناوبراو ژەهری دەرخوارد دراوە، کوڕەکەی سیراجەدینی بازرگان دەڵێت: کەس ژەهری پێی نەداوە، ئەگەر خواردنەکەی ژەهری تێدا بووایە دەبوو ئێمەش بمردینایە، بەڵکو خۆی بە ئەجەلی خودا کۆچی کردوە، پاشان خۆیان دەگەیەننە لای سوڵتان و قەرزەکەی خۆیان وەردەگرنەوە.

با بێینەوە بۆ باسی گەشتەکەم.. لە تەنبۆکتۆوە بە سواری بەلەمی بچوک بە نیلدا کەووتینەڕێ ماوە ماوە بۆ کڕینی پێداویستیەکانی خۆمان لە ڕۆن و خواردن لە گوندەکانی قەراغ ڕوبارەکە لامان دەدا، زۆربەی جارەکان خواردنمان بە خۆێ و بۆن و ملوانەکەی شووشەیی دەگۆڕییەوە، جارێکیان گەیشتینە جێگایەك ناوەکەیم لە یاد نەماوە، ئەمیرەکەی پیاوێکی هەتا بڵێی دەست و دڵ تێر و بە شان و شەوکەت بوو، هیچ کەسێکم لە ولاتی ڕەشپێستەکان نەبینیوە وەك ئەم پیاوە مەزن و کەڵەگەت بێت ناوی "حاجی فەربا سولەیمان" بوو بە ئازایەتی و قارەمانێتی ناوی دەرکردبوو لە تیر هاویشتندا کەس پێی نەدەگەیشت هێندە دەستی راست بوو.

لە ڕۆژی لە دایکبوونی پێغەمبەردا ﷺ چومە لای و سلاوم لێکرد، پرسیاری لێکردم لە کوێوە هاتووی و کارت چییە؟، فەقیهێکی لەگەڵدا بوو لەوحێکی داری پێبوو، منیش لێم وەرگرت و نووسیم فەقیە پێی بڵێ: پێویستیم بە گەنم و گەنمشامی هەیە بۆ خواردن، ئەویش بە دەنگێکی ئاشکرا بۆ ئەمیری خوێندەوە و ئیتر تێگەیشت، دەستمی گرت و بردمی بۆ جێگایەك هۆڵێکی گەورە بوو پڕ بوو لە کەرەستەی جەنگی لە تیر و رم و شمشێر و قەڵغان، ئنجا جۆرە شەرابێکی پێدام، کە لە ئاوی گەنمشامی بە تێکەڵکردنی لەگەڵ هەنگوین و ماست و ئاو

دروستکرابوو، چونکە نەریتیان وابوو، بە تەنها ئاویان ناخواردەوە و دەیانوت خراپە، پاشان شوتیان هێنا و پێکەوە خواردمان.

دواتر بەندەیەکی خزمەتکاری پێشکەش کردم ووتی: ئەم بەندەیە لە خزمەتتدایە، بەڵام ئاگاداریە لە دەستت هەڵنەیەت، تا ئێستا ئەو بەندەیە لای خۆمە، پاشان ویستم بڕۆم، ووتی: بوەستە نانمان لەگەڵ بخۆ و ئنجا بڕۆ، هێندەی نەبرد یەکێك لە کەنیزەکانی هات خەڵکی دیمەشق بوو بە زمانی عەرەبی دەستی کرد بە قسەکردن، لەپڕ هاوارێك بەرزەوە بوو کەنیزەکە رۆیشت، پاش ماوەیەکی کەم گەڕایەوە ووتی: کچێکت مردوە.

ئەمیر ووتی: پێم خۆش نیە گوێبیستی گریان بم، بۆیە با بڕۆین بۆ دەریا مەبەستی نیل بوو، ئەوەندە بەڕێز بوو داوایکرد ئەسپێکم بۆ ئامادە بکەن، ئەسپەکەیان هێنا ووتم: سواری ئەسپ نابم، بەڵکو منیش وەك تۆ بە پیادە دەڕۆم، بەو شێوەیە رۆیشتین تا گەیشتینە ئەو ماڵەی کە لە نزیك دەریاکە دروستیکرد بوو دوای نانخواردن و جێبەجێ کردنی پێداویستییەکانم ماڵئاواییمان لێکرد.

دووبارە کەووتینەوەڕێ ئەمجارەیان چوینە (کەوکەو)، یەکێك بوو لە شارە مەزنەکانی ولاتی رەشپێستەکان و دەکەوتە سەر رۆخی (نیل)، جێگایەکی بەپیت و بەرەکەت بوو برنج و ماسی و مریشك و ماستی زۆر بوو بە (وەدەع)ەوە مامەڵەیان دەکرد پێداویستی خۆیان پێی ئاڵوگۆڕ دەکرد، جگە لەم ناوچەیە خەڵکی مالیش کڕین و فرۆشتنیان بە وەدەع دەکرد، بۆ ماوەی یەك مانگ و نیو لەوێ ماینەوە بووینە میوانی پیاوێکی میکناسی، ناوی "محەمەد کوڕی عومەر" بوو، کەسێکی چاك و میواندۆست بوو، بەڵام بەداخەوە دوای ئەوەی ئێمە ئەوێمان بەجێهێشت، هەوالمان پێگەیشت کە کۆچی دوایی کردوە.

دواتر بە مەبەستی گەشتکردن بۆ (تەکدا)، لەگەڵ کاروانێکی مەزنی (غەدام سین)، بە بیاباندا کەووتینەوەڕێ، سەرقافڵەی کارروانەکە حاجی "وەجین" بوو

وەجین بە زمانی رەشپێستەکان واتا: گورگ، منیش دوو حوشترم پێبوو، یەکێکیان خواردنی هەڵگرتبوو ئەوی تر تایبەت بە خۆم بوو دوای رێکردن ئەو حوشترەی خواردن و پێداویستییەکانی هەڵگرتبوو لەپێکەوت بۆیە بە ناچاری شمەکەکانم دابەشکرد بەسەر هاوڕێکانمدا، لە کاروانەکەدا پیاوێکی مەغریبیمان لەگەڵ بوو، خەڵکی (تادلی) بوو، ئامادە نەبوو بەشێك لە شمەکەکانم هەڵبگرێت، لەگەڵ ئەوەشدا ئەوەندە قرچۆك بوو داوای ئاومان لێکرد بۆ بەندە خزمەتکارەکەم رەتیکردوە ئاومان پێ بدات.

سوپاس بۆ خوا هەرچۆنێك بوو گەیشتینە ولاتی (بەردامە)، کە ئەمانەش هۆزێك بوون لە (بەربەر)[1]، هیچ کاروانێك بە بێ چاودێری و پاسەوانی ئەم هۆزە نایتوانی رێگا بکات، خانووەکانیان بە شێوازێکی نامۆ و ئەنتیکە دروست دەکرد، چەند دارێکیان لە زەویدا دەچەسپاند و پاشان بە پووش و پەڵاش و حەسیر سەریان دەگرت، دواتریش بە پێست یاخود بە قوماشی کەتان دایاندەپۆشی، ئافرەتەکانیان جوان و سەرنجڕاکێش و قەڵەو و سپی پێست بوون، بەیانیان و ئێوارەن جۆرە شەرابێکیان دەخواردەوە کە جۆرە تێکەڵەیەك بوو لە شیری مانگا و هاڕاوەی گەنم و گەنمەشامی، هەر کەسێك ویستی هەبووایە هاوسەرگیرییان لەگەڵدا بکات دەیتوانی، بەڵام لە ولاتی خۆیان دەرناچون، تەنها دەیتوانی لە سنووری کوکو و ئیوالاتن نیشتەجێ ببێت. ئەو ماوەیە لە رێگادا ماندوویی و نەخۆشی دایگرتم و بە هۆی گەرماوە تووشی زەردوویی بووم، بەڵام هەرچۆنێك بوو خۆمان گەیاندە شاری (تەکەدا)، لەوێ بووین بە میوانی شێخ سەعید جوزولی، کە لە بنەڕەتدا مەغاریبە بوو، هەروەها بووین بە میوانی دادوەریش کە ناوی "ئەبو ئیبراهیم ئیسحاق جاناتی" بوو.

---

[1] بەربەرییەکان نەتەوەیەکی خاوەن زمان و کلتوری جیاوازن لە عەرب و هۆزەکانی تری باکووری ئەفریکا، لە رۆژگاری ئێستادا بە ئەمازیغییەکان بەناوبانگن. (وەگێڕ)

تەکەدایـەکان خانووەکانیـان لـە بـەردی سـوور دروسـت کردبـوو، هـەروەك لەبەرئەوەی ئاوەکانیان بەسەر کانزای مسدا دەڕۆیشت و رەنـگ و تـامی دەگـۆڕا، هیچ جۆرە کشتوکاڵێکیان ناکرد جگە لە گەنم و گەنمەشـامی نـەبێت، بازرگانـان و خەڵکەکەی پشتیان بەو گەنمە دەبەست، بۆ هەر بیست (مـەد) گـەنم یـەك مسـقاڵ ئالتونیان وەردەگرت، بەڵام بۆ گەنمەشامی نەوەد (مەد)یان بە یەك مسقاڵ ئـالتون دەگۆڕییەوە، ئەوەی جێگای سەرنج بوو دووپشکەکانی بـوو، ژمارەیـان زۆر بـوو و مەترسیدار بوون، منداڵ نایتوانی خۆی بۆ ژەهرەکەی رابگرێت، زۆربەی جار لەگەڵ پێوەدان گیانیان لە دەسـت دەدا، بـەڵام پیـاوان و کەسـی بەتەمـەن باشـتر بـوون، رۆژێکیان لەوێ بووم، دووپشك دای بە کوڕی شێخ سـەعیدەوە، لـە بەیانیـدا بـوو دەستبەجێ گیانی سپارد، ئێمەش ئامادەی مەراسیمی تەرمەکەی بووین.

خەڵکی ئەم ناوچەیە هیچ کارێکی تریـان نـەبوو، جگـە لـە بازرگـانی نـەبێت، هەموو سااڵنێك کاروانی بازرگانییان بەرەو میسر دەچو و هـەموو جـۆرە پۆشـاك و پێداویستییەکی تریان لە خواردن و بەهارات و...هتد لەگـەڵ خۆیـان دەهێنـا، بـە خۆشگوزەرانی دەژیان و شانازیان بەوەوە دەکرد کە خاوەنی کەنیزە و کۆیلەی زۆرن، هەروەها خەڵکی مالی و ئیوالاتنیش بە هەمان شێوەی ئەوان شانازییان بە کۆیلەوە دەکرد، هیچ کاتێك کەنیزەی شارەزا و خوێندەواریان نافرۆشتەوە، ئەگەر پارەیەکی زۆریشیان پێ بدرایە!.

حیکایەتی کەنیزە خوێندەوارەکان

کاتێك گەیشتمە تەکـەدا ویسـتم کەنیزەیـەکی خوێنـدەوار بکـرم، بـەڵام دوای گـەڕانێکی زۆر هیچـم دەسـت نەکـەوت، دواتـر دادوەر "ئـەبو ئیـبراهیم" خزمەتکارێکی بۆ ڕەوانە کردم هی هاوڕێیەکی خۆی بوو، رازیم کرد پێم بفرۆشـێت منیش بیست و پێنج مسقاڵم پێدا، دواتر پەشیمان بوو، هەوڵیدا ئەو گرێبەسـتەی لە نێوانماندا هەبوو هەڵبوەشێتەوە تا خزمـەتکارە کـە بگێڕێتـەوە وتم: قایـل دەبم

کەنیزەکەت بۆ بگێڕمەوە بە مەرجێك کەسێکی تـرم بـۆ بدۆزیتـەوە کـە کـەنیزەی خوێندەواری هەبێت، ووتی: باشە، کەچی تەماشام کـرد ناونیشـانی ئـەو بازرگانـە قرچۆکە تادلییە مەغریبییەی پێدام، کە پێشتر باسم کرد لە رێگا چۆڕێك ئاوی پێ نەدام بۆ خزمەتکارەکەم، هەرچۆنێك بوو کەنیزەیەکم لێـی کـڕێ و دواتـر ئـەویش پەشیمان بووەوە بەڵام رەتمکردەوە بۆی بگێڕمەوە ووتم: پاداشتی خراپـە بـە خراپـە دەبێت، زۆر هەوڵیدا هەر قایل نەبووم وەك شێتی لێهات ووتم: با نە شێت ببیت و نە بمریت بە هۆی کەنیزەوە بۆیە لە کۆتاییدا بە ناچاری گرێبەستەکەم هەڵوەشاندەوە و کەنیزەکەم بۆی گێڕایەوە.

باسی کانزای مس

مەڵبەندی دەرهێنانی ئەم کانزایە، دەکەوتە دەرەوەی شاری تەکەدا، بە خۆیان و کۆیلەکانیانەوە دەستیان دەکرد بە هەڵکەندنی چاڵی مەزن لە زەویدا، پاشـان ئـەم کانزایەیان دەردەهێنا و لە مااڵەکانیان دەستیان دەکرد بە تواندنـەوەی، هـەموویان بە شێوازی جوان دادەڕشت و پارچە پارچـەیان دەکـرد، هـەر پارچـەیەکی بسـت و نیوێك دەبوو دابەشیان دەکرد بۆ دوو بەش: مسی نەرم و مسی رەق، -ئەم کانزایە- رەنگێکی سووری هەیە، ئەوانەی کە رەق و پتەو بـوون چـوار سـەد پارچـەیان بـە مسقاڵێك دەفرۆشتەوە، بەڵام نەرمەکەی شەش سەد بۆ حەوت سـەد پارچـەیان بـە مسقاڵێك دەفرۆشت.

هەروەها ئاڵوگۆڕیشیان پێی دەکرد بە رۆن و گەنم و گەنمەشامی و کۆیلە، جگـە لەوەش رەوانەی هەرێمەکانی تریان دەکرد، لەوانە هەرێمی کۆبەری[1] بێباوەڕەکان و ولاتی (برنەو) کـە نزیکـەی چـل رۆژێـك لـە تەکـداوە دوور دەبـوو خەڵکەکـەی مسوڵمان بوون پاشاکەیان ناوی "ئیدریس" بوو دەیانوت: هیچ کەسـێك ناتوانێـت

[1]،کاهەر یان کۆبەر: پایتەختەکەی سۆکۆتۆیە، لە رۆژئاوای ولاتی چاد. (المصدر السابق، ص ٧٠٥)

بیبینێت، گەر کەسێك سەردانی بکردایە، لەودیوی پەردەوە گفتوگۆی لەگەڵ دەکرد، هەر لە ولاّتی برنەوەوە کەنیزەی جوان و لاوە کۆیلەکان هاوردەی تەکەدا دەکران، جگە لەم شوێنانەی باسیانم کرد، رەوانەی (جوجو)ش دەکرا.

باسی سولّتانی تەکەدا

ئەو دەمەی لە تەکەدا بووین، بیستم کە دادوەر ئەبو ئیبراهیم ، ووتارێژ محەمەد لەگەڵ مامۆستا ئەبو حەفس و شێخ سەعیدی کوڕی عەلی بەڕێکەوتوون بۆ لای سولّتانەکەی کە ناوی "ئیزار" بوو لە رەچەلّەکدا بەربەری بوو لە جێگای تایبەتی خۆی دادەنیشت و رۆژەڕێیەك لە تەکەداوە دوور بوو مەبەستیان بوو کێشەی نێوان سولّتان و پاشایەکی تری بەربەر چارەسەر بکەن، کە ئەویش ناوی "تەکرکاری" بوو، منیش مەبەستم بوو بچم بۆ بینینی سولّتان، بۆیە رێبەرێکم بە کرێ گرت و کەوتمەڕی، پێش ئەوەی بگەینە ئەوێ ئەوان هەوالّەکەیان پێگەیشتبوو، بۆیە هەر زوو خۆی و چەند خۆشکەزایەکی بە سواری ئەسپەوە گەیشتنە لام، بۆیە لەگەڵ خوشکەزاکانی هات، چونکە نەریتیان وابوو کە خۆشکەزا مالّ و تەختی پاشایەتی بە میرات وەردەگرت.

ئەوی سەرنجی راکێشام ئەسپەکەی سولّتان بوو، تەماشام کرد نە زینکراوە و نە کۆپانی لەسەر بوو تەنها پارچە راخەرێکی سووری لەسەر پشتی ئەسپەکەی دانابوو!، فەرموی لێکردین و چوینە مالّێکی تایبەت، وەك ئەو جۆرە خانووانە وابوو کە لە ولاّتی خۆماندا هەیە و پێیان دەوت: وەسفان، دوای ئەوەی بەخێرهاتنی کردین، دواتر سەری بەرخێکی برژاوی بۆ ناردین، لەگەڵ قاپێکی شیری مانگا، نزیکەی شەش رۆژێك لەوێ ماینەوە لە نزیکی شوێنی پشودانی دایك و خوشکی پاشا، رۆژانە دەهاتن و سلاّویان لێ دەکردم، لە کاتی دۆشینی شیردا بۆیان رەوانە دەکردین، نەریتیان وابوو، لە دوای تاریك بوونی شەو ئاژەلّەکانیان دەدۆشی، بۆیە لەو کاتە و لە بەیانیاندا شیریان دەخواردەوە، رۆژانەش دوو بەرانی برژاوی بۆ دەناردین، دوای ئەو ماوەیە ئیتر گەرامەوە بۆ تەکەدا.

باسی گەیشتنی فەرمانی ئەمیری باوەڕداران

کاتێك گەڕامەوە بۆ تەکەدا، هێندەی نەبرد یەکێك لە خزمەتکارەکانی حاجی محەمەد سەجلماسی گەیشتە شارەکە، فەرمانی ئەمیری باوەڕدارانی پێبوو تا بگەڕێمەوە بۆ پایتەخت، منیش دەستبەجێ قبوڵم کرد و بڕیارمدا بە زووترین کات بگەڕێمەوە، بۆ ئەو مەبەستەش دوو حوشترم کڕی بە سی و حەوت مسقاڵ لەگەڵ خواردنی حەفتا شەو، چونکە لە (تەکەدا و تەوات)هیچت دەست ناکەوت جگە لە گۆشت و رۆن و ماست نەبێت، کە ئەوانەشیان بە پۆشاك دەگۆڕییەوە.

بۆیە خۆمان ئامادە کرد و کاروانێکی مەزن رێکخرا، لە نێو کاروانەکەدا "جەعفەر تواتی"مان لەگەڵ بوو پیاوێکی چاك و دڵسوز بوو لەگەڵ فەقیە "محەمەدی کوڕی عەبدوڵڵا"ی دادوەری شاری تەکەدا، کە شەش سەد خزمەتکاری خۆی لەگەڵ بوو، لە رۆژی پێنج شەممەی یانزەی شەعبانی سالّی ٧٥٤ ك، کەووتینە جوڵە و شاری تەکەدامان بەجێهێشت.

یەکەم قوناغ گەیشتینە وڵاتی (کاهر)ی سوڵتانی کەرکاری، دانیشتووانەکەی بەربەر بوون، وڵاتەکەیان بەپیت بوو گژوگیای زۆر بوو سەرقاڵی ئاژەڵداری بوون، نەریتیان وابوو، ئاژەڵی زۆریان سەردەبڕی و گۆشتەکەیان پارچە پارچە دەکرد و پاشان لە هەوادا وشکیان دەکردەوە، خەڵکی (تەوات)یش ئەم گۆشتە وشکانەیان بە بار دەکڕی و دەیانبردەوە بۆ وڵاتی خۆیان، پاشان لەم شوێنە و بە دەشتاییدا کەووتینەڕێ هیچ ئاوەدانییەکی لێ نەبوو، دوای هەژدە رۆژ گەیشتینە دوو ریانێك، یەکێکیان لە میسرەوە دەهات بۆ (غات) و ئەوی تریان رێگاکەی بۆ تەوات دەڕۆیشت، هەر لەوێ کانییەکی ئاوی لێبوو بەسەر کانزای ئاسندا تێپەڕ دەبوو، کاتێك پۆشاکی سپییان لەم ئاوە دەشووشت رەنگی رەش دەبوو.

پاشان لەوێوە و بە دە رۆژ چوینە وڵاتی (هەکار) دانیشتووانەکەی تایەفەیەك بوون لە بەربەر، رووی خۆیان بە لەچك دادەپۆشی، خەڵکێکی بێ خێر بوون، هێندەی نەبرد دەم سپییەکەیان فەرمانیدا دەست بەسەر کاروانەکەماندا بگیرێت، ووتی: ئەم کاروانە

ناڕوات هەتا دیاری خۆیان پێشکەش نەکەن، ئێمەش بە ناچاری پۆشاك و دیارییان پێشکەش کرد وا ڕێکەوت لە مانگی ڕەمەزاندا بوو گەیشتینە ئەو ناوچەیە، لە نەریتیاندا وابوو، بە هیچ شێوەیەك لە ڕەمەزاندا کاری چەتەیی و دزییان ئەنجام نادا، ئەگەر شمەکێکی زۆریشیان بە چاو ببینیبا دەستیان بۆ نابرد، نەك ئەم ناوچەیە بەڵکو هەموو ئەو هۆزانەی کە لە تایەفەی (بەربەر) بوون، لەبەر پیرۆزی ڕەمەزان ئەوەیان ئەنجام نادا. لە (هەکار)ەوە کەووتینەوەڕێ و نزیکەی یەك مانگ بە ڕێگاوە بووین، هەموو ئەو جێگایانەی پێیدا تێپەڕ بووین، هەتا بڵێی وشك و بێ گژوگیا و سەخت بوون، مرۆڤ بە زەحمەت ڕێگەکەی دەبڕی، هەموو ئەو هۆزانە وەك ئەوانەی پێشتر باسیانم کرد، ڕووی خۆیان بە پارچە قوماشێك دادەپۆشی[1] و بەربەر بوون.

لە یەکەم ڕۆژی چەژندا بوو گەیشتینە وڵاتی بەربەرییەکان، لەوێ هەواڵی وڵاتەکەی خۆمانیان پێدابن، هەروەها ووتیان: نەوەکانی خەراج و یەغمور سەرپێچییان کردوە و لە ناوچەی (تەسابیت)ی تەوات نیشتەجێ بوونە، کاروانەکە لەو هەواڵە ترسان و بۆیە چوین بۆ (بودا)کە لە گەورەترین گوندەکانی تەوات بوو، زەوی ئەم ناوچەیە لم و شوێر بوو خورمای زۆر بوو بەڵام بەتام نەبوو، بەڵام خەڵکی خورمای ئەم ناوچەیەیان بە باشتر دەزانی وەك لە خورمای سەجلماسە، ئێرە هیچ جۆرە کشتوکاڵێکی تێدا ناکرا، بازرگانەکان ڕۆن و خواردن و پێداویستییان لە مەغریبەوە بۆی دەهێنا، دانیشتووانەکەی زیاتر پشتیان بە خورما و کوللە دەبەست بۆ خواردن، کوللەش لەم وڵاتە هێندە زۆر بوو ڕاویان دەکرد و لە ماڵەوە دایاندەنا و بۆ خواردن بەکاریان دەهێنا، کاتی ڕاوکردنیشی لە بەیانیاندا بوو پێش خۆرهەڵاتن، چونکە ئەو کاتە دونیا سارده و ناتوانێت هەڵفڕێت!.

چەند ڕۆژێك لە بودا ماینەوە و پاشان لەگەڵ کاروانی تردا کەووتینەڕێ و لە

---

[1] ئێستا بەم هۆزانە دەڵێن (تەوارق)، لە بیابانی مۆریتانیا و مەغریب و جەزائیر نیشتەجێن. (وەرگێڕ)

ناوەڕاستی زیلقەعدەدا بوو گەیشتینە (سەجلماسە)، دواتر لە دووی زی لحیجەدا بوو لەوێ دەرچوین، کەش و هەوا هێندە سارد بوو، بەفر زۆربەی ڕێگەکانی گرتبوو، ئەوەش بەفر و ڕێگا سەختەکانی بوخارا و سەمەرقەند و خۆراسانی بیرهێنامەوە، بەڕاستی ڕێگای (ئوم جونەیبە) لە هەموو ڕێگاکان بە لای منەوە سەختتر بوو، بەڵام هەرچۆنێك بوو لە شەوی جەژنی قوربانەدا بوو گەیشتینە (دارلتەمع)، لەوێ ماینەوە تا تەواو بوونی ڕۆژی جەژنی قوربان.

پاشان کەووتینەوەڕێ بەرەو (فاس)، دوای ئەو هەموو گەشتە دوور و درێژە لەوێ بە ئەمیری باوەڕداران مەولانا "ئەبی عەنان" شادبوومەوە و دەستەکانیم ماچ کرد خودای گەورە پایەبەرزی بکات و پاداشتی بداتەوە بۆ خزمەتکردنی ئیسلام و مسوڵمانان.

لێرەدا کۆتاییم بە گێڕانەوەی گەشتەکەم هێنا و لە دووتوێی پەرتوکێکدا بە ناوی (تحفة النظار في غرائب الأمصار وعجائب الأسفار) تۆمارم کرد.

ئیبن جوزەی[1]

کۆتایی بە تۆمارکردنی پوختەی قسەکانی ئەبی عەبدوڵڵای ئیبن بەتوتە هات خودای مەزن پایە بەرزی بکات، شتێکی ئاشکرا و روونە لای هەمووان کە هیچ کەس نییە وەك ئیبن بەتوتە دنیا گەڕابێت و شارەزا بێت، بۆیە زۆر نەڕۆیشتووین ئەگەر بڵێین: گەڕیدەی ئەم ئومەتەیە، دوای ئەم هەموو گەشت و گەڕانە بە هەموو هەرێمەکانی دونیادا لە رۆژهەڵات و رۆژئاوا، لە کۆتاییدا بڕیاریدا شاری (فاس)ی پایتەختی سوڵتان بکات بە مەنزڵگای خۆی، چونکە ئەو راستییەی بۆ دەرکەوت کە هیچ پاشا و سوڵتانێك نییە وەك ئەمیری باوەڕداران لە خزمەتی زانست و زانایان و خەڵکی نامۆدا بێت.

بۆیە منیش سوپاسی خودا دەکەم کە ئەو بەشەی پێدام، کە لە پایتەختی سوڵتان دەست بکەم بە نووسینەوەی ئەو گەشتە دوور و درێژەی کە بیست و پێنج ساڵی خایاندوە، ئەوەش نیعمەتێکە خودا بە هەموو کەسێکی نادات، وصلی الله علی سیدنا ومولانا ونبینا محمد، خاتم النبیین وإمام المرسلین... والحمدلله رب العالمین.

لە مانگی سەفەری ساڵی ٧٥٧ ك

لە نووسینەوی ئەم پەرتووکە تەواوبووین

خودای مەزن ئێمەی ناساند

---

[1] ئیبن جوزەی: محەمەدی کوڕی محەمەدی کوڕی ئەحمەدی کوڕی جوزەی کەلبییە، لە رەچەڵەکدا خەڵکی (غەرناتە)ی ولاتی ئەندەلوس (ئیسپانیای ئێستا)یە، شاعیر و نووسەر بووە لای سوڵتان، ماوەیەکیش کاری نووسەری کردوە لای ئەبو حەجاجی یوسفی کوڕی ئەحمەڕی نەسری، پاشان کۆچ دەکات بۆ ولاتی مەغریب و لە پایتەختەکەی واتا شاری (فاس) لای سوڵتان "ئەبی عەنانی مەرێنی" دەمێنێتەوە، پەرتوکێکی هەیە بە ناونیشانی (میژووی غەرناتە)، لەو ماوەیەی کە لەوێ دەبێت، ئەرکی نووسینەوەی گەشتەی نیین بەتوتە لە ئەستۆ دەگرێت. (المصدر السابق، ص٢٣)

ناوی ئەو سەرچاوانەی کە بە کارهاتووە لە وەرگێڕانەکەدا :

١ـ کتێبەکە وەرگێڕاوەکە، تحفة النظار ، رحلة إبن بطوطة تحفة النّظار، دار صادر لبنان ٢٠٠١ .

٢ـ تحفة النظار، إبن بطوطة , مطبوعات اكاديمية- المملكة المغربية، م ٤ .طبعة ٢٠١٦ .

٣ـ تحفة النظارإبن بطوطة ، بشرح طلال الحرب ، دار الكتب العلمية .٢٠٠٧.

٤ـ(تحفة النظار ، قدم له و حققه ، محمد عبدالمنعم و مصطفى القِصاص ، دار احياء العلوم ـ ـ بيروت ١٩٨٧م ، ص٤٦

٥ـمێژووی ئەیوبی و مەمالیك لە میسر و شامدا: نووسینی د.سەعید عبدالفتاح عاشور، وەرگێڕانی زرار عەلی، چاپخانەی پەیوەند- سلێمانی، چاپی یەکەم ٢٠١٤ ، لا ٢٨٣ و دواتر .

٦ـ مُختار الصحاح, محمد بن ابي بكر بن عبدالقادر الرازي , مكتبة لبنان , ١٩٨٦ .

٧ـ المنجد في اللغتو الاعلام، دار المشرق، بيروت . طبعة ٣٤

٨ـ الحيوانات مايجوز أكله وما لايجوز، سليمان بن صالح الخراشي . دار القاسم للنشر/٢٠٠١

٩/البداية والنهاية، لإبن الكثير ، دار المعرفة , ٢٠٠٣

١٠ـالمدينة المنورة عبر التأريخ، شريف احمد بن محمد صالح الحسيني البرادعي ، الناشر : المدينة منورة /طبعة ٢٠٠٧

١١ـ الوجيز في تاريخ ايران، د.حسن كريم الجاف . الناشر, مؤسسة اراس ٢٠٠٨

١٢ـ معجم الفاظ العقيدة: أبي عبدالله عامر عبدالله فالح , الناشر العبيكان , ١٩٩٧ .

١٣ـ المغول بين الإنشار والإنكسار، د.علي محمد الصلابي مؤسسة إقرأ , ٢٠٠٩

١٤ـالفراعنة لصوص الحضارة , محمد سمير عطا . الناشر . بيت الحِكمة للإعلام . ١٩٩٦

١٥ـ(معجم البلدان ، شهاب الدين ابي عبدالله ياقوت الحموي الرومي ، مج٢ ص٢٦٤ دارصادر لبنان)

١٦ـ(رحلة إبن جبير ، تذكرة بأخبار عن إتفاقات الأسفار، لبنان ـ بيروت ص٢١٥)

١٧ ـ كفاية الأخيار في حل غاية الاختصار، ج١ص٩٩ منشوارت الذخائر١٩٩٤) .

١٨ـ(الدولة العثمانية عوامل النهوظ و اسباب السقوط، علي محمد الصلابي ، الدار للتوزيع والنشر ص١٠٨ ، ٢٠٠١م ط١، مصر)

١٩ـ (كتاب الروح ، للإمام إبن القيم الجوزي ، حققة وأخرج حديثة "محمد أجمل ايوب و كمال بن محمد قالمي " دار عالم الفوائد بيروت ، مج ١ص١٦٨) .

٢٠ـ.(حاشية الفصل في الملل والاهواء والنحل ـ للشهرستاني، مكتبة السلام، مج٢)



نەخشەی هێڵکاری گەشتە بەناوبانگەی ئیبن بەتوتە.

ـ بۆ هەر پێشنیار و ڕاو سەرنجێکی بەڕێزتان ئەتوانن پەیوەندی بەم جیمێڵەوە بکەن :

hasib80k@gmail.com



ناوەڕۆك

پێشەکی ٥
ئیبن بەتوتە کێیە؟..... ٩
گەشتەکانی بە چەند قۆناغێك دەست پێدەکات بەم شێوەیەی لای خوارەوەیە: ٩

قۆناغی یەکەم:

لـە (تـەنجە)ی مەغریبەوە باکووری ئەفریقیا بۆ ئەسکەندەرییە(میسر)، پاشان گەشتکردن بۆ شام لە وێوە بـۆ مـەککـە. ١٧

دەرچوون لە تەنجە ١٨
هەوالّی دادوەران و سەرداری تونس..... ٢١
شاری ئەسکەندریە .. دەرگاکانی و.. بەندەرەکەی..... ٢٣
ستونی (ئەسواری) گەورە ٢٥
هە والّی هەندێك لە زاناکانی ئە سکەندەریە..... ٢٦
شەڕی نێوان بازرگانەکان ٢٨
باسی مزگەوتی عەمری کوڕی عاس و قوتابخانە و خانقا و خەستەخانەکان..... ٣٧
مەزار و نزرگە پیرۆزەکانی میسر ٣٨
ڕوباری نیل میسر ٣٩
ئەهرامەکان و پەرستگاکانی میسر ٤١
سولّتانی میسر..... ٤٣
ئەمیرەکانی میسر ٤٤
دادوەرەکانی میسر..... ٤٥
هەندێك لە زانا و ناودارەکانی میسر ٤٦
رۆژی بارکردن یان بارکراو ٤٨
چیرۆکی خەصیب..... ٤٩
مینبەرەکەی مەلیك ناسر ٥٢

ناوچـــــەکانی شام و غـــەزە ٥٧
مزگەوتی قودس ٥٩
قوبەتولصەخرە ٦٠
هەندێك لە دیمەنە بینراوە پیرۆزەکانی قودس ٦٠
هەندێك لە کەسە پایەبەرزەکانی قودس ٦١
چیرۆکی ئەبی یەعقوبی کوڕی یوسف ٦٥
باسی حەلەب ٧٠
حیکایەتی حوسامەدین و درۆ و بوهتان پیاکردنی ٧٤
حیکایەتی مەلیك ناسر و بکوژی براکەی ٧٦
حیکایەتی ئەدهەمی زاهید ٧٩
حیکایەتی مەهدی درۆزن ٨١
حیکایەتی ئیبن موئەیەد هیجا ٨٣
حیکایەتی خواناسە لوبنانییەکە و گوێدرێژە کێوییەکە ٨٥
مزگەوتی بەناوبانگی دیمەشق مزگەوتی(بەنی ئومەیە) ٨٨
فەزڵی مزگەوتی بەنی ئومەیە ٩١
دەرگاکانی ٩٢
پێشەواکانی ئەم مزگەوتە ٩٤
مامۆستاکانی مزگەوتەکە ٩٥
باسی دادوەرەکانی دیمەشق ٩٦
زاناکەی شام ٩٦
قوتابخانەکانی دیمەشق ٩٨
حیکایەتی شێخ زەهرەدین و دادوەرەی گشتی ٩٨
دەرگاکانی دیمەشق ١٠٠
هەندێك لە دیمەن و مەزارە پیرۆزەکانی دیمەشق ١٠٠
چیرۆکی ناونانی بە بازولشهەب ١٠١
باسی تاعونە گەورەکەی دیمەشق ١٠٣

ناوەدانییەکانی دەرەوەی دیمەشق ١٠٤
چیای قاسیۆن و شوێنە پیرۆزەکانی ١٠٤
گردە بەرزەکە(رەبوە) و... ئەو گوندانەی لە دواییەوە دێن ١٠٦
جێگا تەرخانکراوەکانی(وەقف) دیمەشق و داهاتەکەی و فەزڵی خەڵکەکەی ١٠٨
بەندە بچکۆلەکە و قاپە شووشەکە..... ١٠٨
گەشت بەرەو مەدینە..... ١١٣
دڵگیری مەدینە و بەخشندەیی خەڵکەکەی و بەرێزی ئەو شوێنە ١١٦
مزگەوتی پێغەمبەر و رەوزەی شەریفی..... ١١٧
سەرەتای دروستکردنی مزگەوتی پیرۆزی پێغەمبەر ١١٨
باسی مینبەری پێغەمبەری خودا ١٢١
وتارێژ و ئیمامی مزگەوتی پێغەمبەر ١٢٢
حیکایەتی سیراجەدین و خەونەکەی..... ١٢٢
خزمەتکارەکانی مزگەوتی پێغەمبەر ﷺ و بانگبێژەکانی ١٢٣
حیکایەتی ئەو شێخەی خۆی خستە نێو بیرێکەوە ١٢٣
ئەو کەسانەی کە لە مەدینەدا مابوونەوە..... ١٢٣
ئەو پیاوەی لە چیادا ون بوو ١٢٤
حیکایەتی تاوانکارە گەورەکە..... ١٢٥
ئەمیری مەدینەی پیرۆز ١٢٦
دیمەنە پیرۆزەکانی شاری مەدینە ١٢٦
چیرۆکی ئەو کەسەی کە شەو پەیوەندی پێوەکرا..... ١٢٨
گەشتکردن بەرەو مەککە ١٣٠
مەزنی شاری مەککەی پیرۆز..... ١٣٣
باسی مزگەوتی حەرەمی مەککەی پیرۆز..... ١٣٤
کەعبەی مەزن خودا هەمیشە مەزن و پایەبەرزی بکات..... ١٣٦
میزابی کەعبە ١٣٧
بەردەڕەشەکە (حجر الأسود)..... ١٣٨

باسی شوێنە ڕێزلێگیراوەکە (مقام الکریم) ١٣٨
باسی زەمزەم ١٣٩
دەرگاکانی مزگەوتی حەرام و... دیمەنە پیرۆزەکانی چواردەوری ١٤٠
سەفاو مەڕوا ١٤٢
گۆڕستانی پیرۆزی مەککە ١٤٣
هەندێك لە دیمەنەکانی دەرەوەی مەککە ١٤٤
چیاکانی دەوروبەری مەککە ١٤٥
باسی ئەو پیاوە پیرەی ڕێگای لێ ونبوو ١٤٧
باسی هەردوو ئەمیرەکەی مەککە ١٤٨
خەڵکی مەککە و فەزڵەکانیان ١٤٨
دادوەر و وتاربێژ و زانا و پیاوچاکەکانی مەککە ١٤٩
حیکایەتێکی موبارەك ١٥٠
حیکایەتی دەستپێنەوەی دزەکە ١٥١
باسی ئەوانەی هاتبوونە مەککە و لەوێ نیشتەجێ ببوون ١٥٣
حیکایەتێك لە ئاکارە جوانەکان ١٥٤
بەسەرهاتی شێخ سەعیدی هیندی ١٥٥
حیکایەتی حەسەنی مەجنون ١٥٩
نەریتەکانی خەڵکی مەککە لە نوێژ و وەستانی ئیمامەکان ١٦١
نەریتەکانیان لە کاتی نوێژی هەینی ١٦٢
نەریتی خەڵکی مەککە لە سەرەتای مانگەکاندا ١٦٣
نەریتیان لە دەرکەوتنی مانگی ڕەجەب ١٦٤
باسی عومرەی ڕەجەب ١٦٥
نەریتیان لە شەوی نیوەی شەعبان ١٦٦
نەریتیان لە مانگی پیرۆزی ڕەمەزاندا ١٦٧
نەریتیان لە مانگی شەوال ١٦٨
ئیحرامی کەعبە ١٦٩

ڕێوڕەسمەکانی حەج و کارەکانی..... ١٦٩
باسی گۆڕینی پەردەی کەعبەی پیرۆز..... ١٧٣

قۆناغی دووەم:

گەشتکردن بۆ ناوچەکانی :عێراق و وڵاتی فارس و لوڕستان (ڕۆژهەڵاتی کوردستان) ماردین و نسێبین جەزیرەی ئیبن عومەر وسنجار(باکور و باشوری کوردستان) پاشان گەڕانەوە بۆ مەککە ١٧٥

گەشتکردن بۆ عێراق و... مالئاوایی کردنم لە شاری مەککەی پیرۆز ١٧٦
مەزارگا و شوێنە پیرۆزەکانی نەجەف..... ١٨٠
گەورە و سەرداری شاری نەجەف..... ١٨٢
حیکایەتی سەرداری نەجەف (ئەبی غەڕە) ١٨٣
شاری واسیت (واسگ) ١٨٧
سەماکردن لەسەر ئاگر ١٨٩
شـــاری بەسرە.. ..... ١٩٠
حیکایەتێکی سەیر..... ١٩١
نزرگە پیرۆزەکانی شاری بەسرە ١٩٢
حیکایەتی پیاوە پیرە بەخشندەکە ١٩٨
پاشای ئەیزج و توستەر ١٩٩
نەریتی خەڵکی ئەیزج لە کاتی مردنی ئەمیرەکانیاندا ٢٠٠
حیکایەتی بەخاکسپاردن و ماتەمگێڕانی کوڕی سوڵتان..... ٢٠٢
ئەسفەهان..... ٢٠٥
شیراز..... ٢٠٧
هۆکاری ڕێزگرتن لە شێخ مەجدەدین ٢١٠
سوڵتانی شیراز ٢١١
بەخشندەیی پاشای هیندستان..... ٢١٥
چیرۆکێکی پاشای هیندستان ٢١٦
هەندێك لە دیەن و ناوچە دیارەکانی شیراز ٢١٦

بەسەرهاتی ئەبی عەبدوڵڵای کوڕی خەفیف ٢١٧
دەرچون لە شیراز ٢١٩
شاری کوفـە ٢٢٠
شاری بەغـداد ٢٢٣
بەشی رۆژ ئاوای بەغداد ٢٢٤
رۆژهەڵاتی بەغداد ٢٢٥
باسی گۆڕی خەلیفەکان و زانایان و پیاوچاکان ٢٢٦
سوڵتانی بەغداد و خۆراسان ٢٢٧
باسی ئەوانەی کە دەسەڵاتیان گرتەدەست دوای سوڵتان ئەبی سەعید ٢٣١
وەزیر لەگەڵ خزمەتکار و خێزانەکانی پاشا ٢٣٢
شاری تەبرێز ٢٣٤
تکریت ٢٣٥
شاری موسڵ ٢٣٦
شەنگال(سنجار) ٢٣٩
سوڵتانی ماردین ئەو کاتەی لەوێ بووم ٢٤٠
سوڵحی نیوان خێزانێك ٢٤١

قۆناغی سێیەم:

باسی ناوچەکانی سەر کەناری دەریای سوور و زەریای هیندی و کەنداوی عەرەب، پاشان گەڕانەوە بۆ مەککە ٢٤٥

دەرچون لە مەککە ٢٤٦
پارە شاراوەکانی ناو کیسەکە ٢٤٧
ناوچەکانی یەمەن ٢٤٨
سوڵتانی حەلی ٢٤٩
باسی سوڵتانی یەمەن ٢٥١
گەشت بۆ مەقدەشۆ (سۆمالێ ـ مەقادیشۆ) ٢٥٤
سوڵتانی مەقدەشۆ ٢٥٦

سولّتانی (کولو)..... ٢٦٠
ناوچەی زەفار ٢٦١
درەختی تەنبول ٢٦٣
باسی نارجیل (گوێزی هیندی) ٢٦٥
سولّتانی زەفار ٢٦٦
ئەو پیاوچاکەی لە چیا بینیمان..... ٢٦٨
گەشتکردن بۆ عومان ٢٦٩
سولّتانی عومان..... ٢٧٤
ناوچەی هورموز..... ٢٧٥
سولّتانی هورموز..... ٢٧٦
سولّتانی لار..... ٢٨٠
باسی ئەوانەی سەرقالّی دەرهێنانی مرواری بوون..... ٢٨١
بەحرەین..... ٢٨٢
باسی کوژرانی ئەمیر ئەحمەد ٢٨٣

قۆناغی چوارم:

گەشتکردن بۆ ناوچەکانی ڕۆم و قرم پاشان گەشتکردن بۆ قوستەنتینە لەگەڵ شاژنی "سولّتان محەممەد ئۆزبێک" ٢٨٥

دەرچون لە مەککە ٢٨٦
ناوچەکانی ڕۆم ٢٨٨
شاری عەلەیا و سولّتانەکەی ٢٨٩
ئەنتالّیا ٢٩٠
برای لاوەکان ٢٩١
سولّتانی ئەنتالیا ٢٩٢
شاری ئەکریدۆر و سولّتانەکەی ٢٩٣
قولەحسار و سولّتانەکەی..... ٢٩٤
سولّتانی لازق ٢٩٦

میلاس و سولّتانەکەی ۲۹۸
چیرۆکی پیرە شاعیرێك ۳۰۰
باسی سولّتانی لارەندە ۳۰۰
ناوچەی سیّواس ۳۰۲
شاری ئەماسیە ۳۰٤
شاری ئەرزەڕوم ۳۰۵
شاری بیرکی وسولّتانەکەی ۳۰۵
باسی پزیشکە جوەکە ۳۰۸
حیکایەتی ئەو بەردەی لە ئاسمانەوە کەوتبووە خوارەوە ۳۰۹
مەگنیسیە و سولّتانەکەی ۳۱۲
شاری پەرغمە وسولّتانەکەی ۳۱۳
بەلی کەسری وسولّتانەکەی ۳۱٤
بورسا و سولّتانەکەی ۳۱٤
چیرۆکی ئەو هەژارەی کە مرد ۳۱۵
چیرۆکی حاجییە دزەکە ۳۲۱
کەرەدەی بۆلی و سولّتانەکەی ۳۲۳
قەستەمۆنیە وسولّتانەکەی ۳۲٤
چیرۆکی رافیزە و خواردنی گۆشتی کەرۆێشك ۳۲۹
گەشت کردن بۆ قرم ۳۲۹
دەنگی کلّیساکان ۳۳۱
گالیسکەکانی گەشتکردن لەو ناوچەیەدا ۳۳۲
سولّتانی گەورە "محەمەد ئۆزبیك خان" ۳٤۱
خاتونەکان (شاژنەکان) و رێکخستنی کارەکانیان ۳٤۳
شاژنی گەورە ۳٤٤
خاتونی دووەم ئەوەی دوای شاژنی گەورە بوو ۳٤۵
خاتونی سێیەم ۳٤۵

خاتونی چوارەم ٣٤٦
کچەکەی سولّتانی گەورە محەمەد نۆزبێك ٣٤٧
دوو کوڕەکەی سولّتان ٣٤٧
گەشتەکەم بۆ شاری بولغار ٣٤٨
زەوییە تاریکەکان ٣٤٨
ڕێوڕەسمیان لە کاتی جەژندا ٣٥٠
شاری تەرخان ٣٥٣
گەشت بۆ قوستەنتینیە ٣٥٤
سولّتانی قوستەنتینیە ٣٥٩
شاری قوستەنتینیە ٣٦١
کلێسا گەورەکە ٣٦٣
مانستارەکان(خەڵوەتگاکان)ی قوستەنتینیە ٣٦٥
پاشای راهیب "جەرجیس" ٣٦٦
باسی دادوەرەکانی قوستەنتینیە ٣٦٧
باسی دەرچونم لە قوستەنتینیە ٣٦٧

قۆناغی پێنجەم:

بەرێکەوتنم بۆ وڵاتی خەواریزم و بوخارا و ئەفغانستان پاشان گەشتکردن بۆ وڵاتی هیندستان ٣٧١

گەشت کردن بۆ خەواریزم ٣٧٢
ئەمیری خەواریزم ٣٧٦
بەخشندەیی دادوەر و ئەمیر ٣٧٧
خاتونە دونیا نەویستەکە ٣٧٨
شوتی خەواریزم ٣٧٩
بازرگانە بەخشندەکە ٣٧٩
لە خواریزمەوە بۆ بوخارا ٣٨١
وێرانکاریەکانی تەتار لە بوخارا و ناوچەکانی تردا ٣٨٣

باسی سوڵتانی ئەودیوی ڕوبار ٣٨٨
حیکایەتی دادپەروەری پاشای کەبەک ٣٨٩
باسی ڕەوشتە جوانەکانی سوڵتان تەرمەشرین ٣٩١
شاری سەمەرقەند ٣٩٧
پاشای هیندستان ٣٩٩
شاری نەسەف و ترمز ٣٩٩
شاری بەڵخ ٤٠١
ئەو خاتونەی مزگەوتەکەی دروستکرد ٤٠١
هیرات وسوڵتانەکەی ٤٠٣
شیعە ڕافیزییەکان ٤٠٣
هۆکاری کوژرانی مەولانا نیزامەدین ٤٠٦
شەهابەدینی دیندار خاوەنی شاری جام ٤٠٨
سەرخەس و نەیسابور ٤٠٩
ناوچەکانی بەستام و قندۆز وباغلاّن و چیاکانی هیندە کوژ و پێنج هیرە ٤١١
غەزنە و کابوڵ ٤١٣
دۆڵی سند ٤١٥
پۆستە و گەیاندن (برید) ٤١٦
باسی کەرکەدەن ٤١٨
لاشە هەڵواسراوەکان ٤٢٠
گەشتەکەمان بە ڕوباری (سند) و ڕێکخستنی ڕێوڕەسمی ڕۆیشتنیان ٤٢٢
ئەو دیمەنە سەرسوڕهێنەرانەی کە بینیم! ٤٢٣
بەڕێزی مەلیک جەلالەدین ٤٢٤
ئەمیری مۆڵتان و ڕێکخستنی کارەکانی ٤٢٦
ئەو میوانانەی کە چاوم پێیان کەوت و هەموو هاتبوون بۆ دیداری پاشای هیندستان ٤٢٧
دار و میوەکانی وڵاتی هیندستان ٤٢٩
جۆرەکانی دانەوێڵە لە وڵاتی هیندستان و چۆنێتی بەکارهێنانی ٤٣١

ئەو شەڕەی لە ولاتی هیندستان هاتە ڕێگامان ٤٣٣
خەڵکی هیندستان چۆن خۆیان دەسووتینن!. ٤٣٤
شاری دهلی ٤٣٨
قەڵا و شوراکانی شاری دهلی ٤٣٩
مزگەوتی دهلی ٤٤٠
دوو حەوزە گەورەکەی دەرەوەی مزگەوتی دهلی ٤٤١
مەزار و هەندێك لە زانا و پیاوچاکەکانی ٤٤٢
حیکایەتی مردنی کەسێك لە ترسی سزای پەروەردگار ٤٤٣
فەتح کردنی شاری دهلی و ئەو پاشایانەی لەوێ دەسەڵاتدار بوون ٤٤٤
سوڵتان شەمسەدین لەلەش ٤٤٦
سوڵتان روکنەدین کوڕی سوڵتان شەمسەدین ٤٤٧
سوڵتانە ڕەزیە ٤٤٧
سوڵتان ناسرەدینی کوڕی سوڵتان شەمسەدین ٤٤٨
غەیاسەدین بەلبەن و چیرۆکێکی نامۆ ٤٤٩
سوڵتان جەلالەدین ٤٥٣
سوڵتان عەلائەدین محەمەد شا خەلجی ٤٥٥
سوڵتان شەهابەدین ٤٥٧
قوتبەدینی کوڕی سوڵتان عەلائەدین ٤٥٨
سوڵتان خەسرەو خان ناسرەدین ٤٦٠
سوڵتان غەیاسەدین توغلوق شاە ٤٦٢
کوڕەکەی توغلوق ٤٦٤
باسی چونی سوڵتان توغلوق بۆ ولاتی لەنکۆتی و مردنی ٤٦٥
سوڵتان ئەبو موجاهید محەمەدی کوڕی سوڵتان غەیاسەدین توغلوق شا پاشای هیندستان و ولاتی سند ٤٦٧
وەسفی سوڵتان ٤٦٧
باسی دەرگاکانی کۆشك و ڕێکخستنی ٤٦٨
باسی چۆنێتی پێشوازی کردنی خەڵکی ٤٦٨

باسی هاتنە ژوورەوەی کەسە غەریبەکان و خاوەن دیارییەکان ٤٦٩
باسی دەرچونی سوڵتان لە ڕۆژانی جەژن و بۆنەکاندا ٤٧٠
باسی دانیشتنی سوڵتان و کورسییەکەی و بوخوردانەکەی ٤٧١
باسی ڕێوڕەسمی هاتنەوەی سوڵتان لە گەشت کردن..... ٤٧٣
ئامادەکردنی خواردنی تایبەتی شاهانە و خواردنی گشتی..... ٤٧٤
بەخشندەیی سوڵتان..... ٤٧٥
حیکایەتی حاجی کاوەن و ئەو دیارییانەی کە لە سوڵتانەوە وەریگرت ٤٧٥
هەواڵی ڕۆیشتنی کوڕەکەی خەلیفە بۆلای سوڵتان وڕێز گرتنی..... ٤٧٧
سۆزو میهرەبانی سوڵتان..... ٤٧٩
قرچۆکی کوڕەکەی خەلیفە..... ٤٨١
ئەو دیارانەی کە سوڵتان پێشکەشی کرد بە ئەمی..... ٤٨٢
سیفەدین غەدا موهەنا ئەمیری عەرەبەکانی شام..... ٤٨٢
باسی ئاهەنگی ژن گواستنەوەکەی ئەمیر غەدا موهەنا ٤٨٣
باسی بەند کردنی ئەمیرسیفەدین غەدا موهەنا..... ٤٨٦
حیکایەتی بێ نەفسی سوڵتان..... ٤٨٨
تووڕە بوونی سوڵتان بەرامبەر ئەوانەی کە نوێژیان پشتگوێ دەخست..... ٤٨٩
یارمەتی سوڵتان بۆ ستەملێکراوان و هەڵگرتنی باج لەسەر خەڵکی ٤٨٩
یارمەتییەکانی بۆ خەڵکی لە کاتی گرانیدا..... ٤٩٠
زەبروزەنگی سوڵتان..... ٤٩٠
کوشتنی براکەی خۆی..... ٤٩١
کوشتنی سێ سەد و پەنجا پیاو لە یەك کاتژمێردا..... ٤٩١
باسی سزادانی شێخ شەهابەدین و پاشان کوشتنی..... ٤٩٢
کوشتنی زانا عەفیفەدین کاسانی و دوو فەقیهی تر..... ٤٩٤
کوشتنیی دوو زانای هیندستان و سند کە لە خزمەتی سوڵتاندا بوون..... ٤٩٥
کوشتنی شێخ هود..... ٤٩٥
کوشتنیی تۆغان و براکەی..... ٤٩٧

باسی وێرانکارییەکانی سولتان محەمەد توغلوق لە شاری دهلی..... ٤٩٧
یەکەم: جەنگی سولتان لەگەڵ بەهائەدور پور ٤٩٨
شۆڕشی پورزاکەی سولتان..... ٤٩٩
شەڕی کشلو خان و کوژرانی ٥٠١
رووداوەکانی چیای قەراجیل..... ٥٠٣
باسی جەنگ کردن لەگەل شەریف جەلالەدین پاشای ولاتـی مەعبـەر و کوشـتنی خوشـکەزاکەی وەزیـر خواجە جیهان ٥٠٤
باسی جەنگی هەلاجون..... ٥٠٥
باسی بلاوبوونەوەی پەتا لە سەربازگەی سولتاندا ٥٠٦
دەنگوی مردنی سولتان و راکردنی مەلیك هۆشەنگ ٥٠٧
هەوڵەکانی شەریف ئیبراهیم بۆ وەرگرتنی دەسەلات..... ٥٠٨
باسی هەڵگەڕانەوەی جێگرەکەی سولتان لە وڵتانی تەلینك..... ٥١٠
ڕۆیشتنی سولتان بۆ ڕوباری کەنەك و یاخی بوونی عەینولەلیك ٥١٠
گەڕانەوەی سولتان بۆ پایتەخت و یاخی بوونی عەلی شا کەڕ ٥١٥
باسی هەڵهاتنی ئەمیر بەخت و دەستگیرکردنی..... ٥١٦
یاخیبوونی شا ئەفغان و دادوەر جەلال..... ٥١٨
یاخیبوونی ئیبن مەلیك مەلا ٥١٩
دەرچونی سولتان بۆ کنبایە بە مەبەستی جەنگ کردن..... ٥٢٠
باسی شەڕی نێوان مەلیك موقبیل و ئیبن کۆلی ٥٢٢
قاتوقڕی و گرانی خۆراك لە وڵاتی هیندستان ٥٢٣
خزمەتەکانی (ئیبن بەتوتە) بۆ سولتانی هیندستان:..... ٥٢٤
باسی چونمان بۆ مالّی سولتان..... ٥٢٤
چونمان بۆ مالّی دایکی سولتان و فەزڵەکانی ٥٢٤
میوانداری ٥٢٦
باسی مردنی کچەکەم..... ٥٢٧
فەزڵەکانی وەزیر ٥٢٩

گەڕانەوەی سولّتان و چاوپێکەوتنی ٥٣٠
چونمان بۆ پایتەخت لەگەڵ سولّتان ٥٣١
چونمان بۆ لای سولّتان و وەرگرتنمان لە یارمەتی وەك پلەوپایەی وەرگرتنی دادوەری ٥٣١
دووبارە وەرگرتنی دیارییەکانی سولّتان..... ٥٣٥
باسی پیاهەڵدانم بۆ سولّتان تا رزگارم بکات لەو قەرزانەی کە لام بوون ٥٣٦
دەرچونم لەگەڵ سولّتان بۆ راوکردن و ئامادە کردنی پێداویستییەکان..... ٥٣٨
باسی ئەو حوشترەی پێشکەشی سولّتانم کرد ٥٤٠
باسی دیارییەکەی ترم بۆ سولّتان دوو حوشتر و شیرینی و ڕزگار بونم لە قەرزەکان ٥٤١
دەرچونی سولّتان و فەرمان کردنی بەمانەوەم لە پایتەخت ٥٤٣
باسی نەریتیان لە گۆڕستان و ماتەمگێڕان ٥٤٥
دەرچونم بۆ ناوچەی هەزار ئەمروها ٥٤٦
باسی چاکەی هەندێك لە هاوڕێکانم ٥٤٨
چۆنێتی رزگار بوونم لە سزای سولّتان ٥٤٩
باسی دورکەوتنەوەم لە کارەکەم و خەڵوەت کردنم بۆ پەرستش ٥٥٠
داوای سولّتان بۆ گەڕانەوەم بۆ سەر کارەکەم..... ٥٥٠

قۆناغی شەشەم:

گەشتکردن بۆ: سریلانکا (سەیلان) و بەنگلادیش و هیندستانی ژوور و دووڕگەی سۆمەترە و جاوە و فلپین پاشان چین..... ٥٥١

داواکردنی سولّتان بۆ بەڕێکەوتنم بەرەو چین ٥٥٢
باسی هۆکاری ناردنی نوێنەر و کەسەکان و دیارییەکانی..... ٥٥٢
جەنگەکەی شاری کۆل..... ٥٥٥
ناخۆشییەکانی ژیانی دیلێتی و چۆنێتی رزگاربوونم لە ژێر دەستی بێباوەڕەکان بەهۆی پیاوچاکێکەوە ٥٥٥
چیرۆکی دادوەری گشتی..... ٥٦١
چیرۆکی خەتتاب ئەفغانی ٥٦٢
ساحیرە جوکێکان ٥٦٤

چیرۆکی ئافرەتی کەفتار ٥٦٤
حیکایەتی سیحری جوکێکان..... ٥٦٥
حیکایەتی شوتییەکەی شێخ ئیبراهیم ٥٦٧
باسی مشکە پیاوخۆرەکان ٥٦٩
بازاڕی گۆرانیبێژەکان ٥٧٠
حیکایەتی دوو کوێرەکە ٥٧٢
باسی گەشت کردنمان بە دەریادا ٥٧٣
باسی جوکییەکە ٥٧٥
سوڵتانی هینەوەر ٥٧٧
ڕێکخستنی خواردنەکانی ٥٧٧
بیبەری موڵەیبار..... ٥٨٠
سوڵتانی شارەکە ٥٨١
مەغرور وسوڵتانەکەی..... ٥٨١
شاری هیلی ٥٨٢
شاری جورفەتن و سوڵتانەکەی ٥٨٣
باسی دارە سەرسوڕهێنەرەکەی نزیك مزگەوتەکە ٥٨٤
شاری بەدفتن ٥٨٤
شاری قالقۆت و سوڵتانەکەی..... ٥٨٥
کەشتییەکانی ولاتی چین ٥٨٦
خۆ ئامادەکردن بۆ گەشت کردن بەرەو چین..... ٥٨٨
باسی قرفە (دار چینی) و بەقم..... ٥٩٠
حیکایەتی عێراقییە کوژراوەکە ٥٩١
حیکایەتی کوژرانی پیاوێك بە هۆی عەنبەیەك..... ٥٩١
چیرۆکی کوژرانی زۆرداڕێك..... ٥٩١
چونمان بۆ غەزا و فەتح کردنی سنداپور ٥٩٣
باسی دارەکانی زیبەتولیهل..... ٥٩٦

باسی خەڵکی دوورگەکان و مالّەکانیان و نەریتیان ٥٩٦
باسی ئافرەتەکانیان ٥٩٩
باسی مسوڵمان بوونی خەڵکی ئەم دوورگانە بەهۆی دەرکەوتنی عفریتی دەریا و هێرشکردنی بۆ سەر ئەم دوورگانە ٦٠٠
باسی سوڵتانی ئەم دوورگانە ٦٠٢
باسی کاریەدەستە مەزنەکانی دەوڵەت ٦٠٤
باسی گەیشتنم بۆ ئەم دوورگانە و گەشتکردنم لێی..... ٦٠٤
باسی ناڕازیبوونی وەزیر بۆ گەشت کردنم و دواتر مانەوەم..... ٦٠٧
باسی ئەو جەژنەی کە لەگەڵیان بووم ٦٠٩
باسی ژنهێنانم و گرتنە دەستی دادوەری ٦١٠
هاتنەوەی وەزیر عەبدوڵلاّ کوڕی محەمەد حەزرەمی کە سوڵتان شەهابەدین دووری خستبووەوە بۆ دوورگەی سوید و کێشەی نێوانمان ٦١١
هۆی گەشت کردنم لەو دوورگانە ٦١٢
باسی ئەو ئافرەتانەی یەک مەمکیان هەبوو ٦١٥
سوڵتانی سەیلان ٦١٨
باسی سوڵتانی کونەکار و بەردی یاقوت..... ٦٢١
باسی مەیمونەکان..... ٦٢٢
باسی لیکی باڵندە ٦٢٣
چیای سەرەندیب ٦٢٣
باسی شوێن پێی ئادەم ٦٢٤
گەشت بەرەو ولاّتی مەعبەر..... ٦٢٧
باسی سوڵتانی ولاّتی مەعبەر..... ٦٢٨
چونم بۆ لای سوڵتان غەیاسەدین..... ٦٢٩
باسی گەشتکردنی سوڵتان و دڵڕەقی لە کوشتنی ژن و منداڵ ٦٣٠
باسی تێکشکانی بێباوەڕەکان لەسەر دەستی سوڵتان..... ٦٣١
شاری فتەن..... ٦٣٣

مردنی سولّتان و گرتنە دەستی دەسەلاّت لەلایەن برازاکەیەوە و دواتر گەشت کردنم ٦٣٥
ڕاو و ڕووتی چەتەکان ٦٣٧
ولاّتی بنجالە ٦٣٩
سولّتانی بنجالە ٦٤٠
باسی هەژارەکە (شەیدا) ٦٤١
باسی شێخ جەلالەدین ٦٤٢
شاری سنور کاوان ٦٤٣
باسی سولّتانی بەرەهنەکار ٦٤٤
سزادانی داوێنپیسەکان ٦٤٥
لە بنجالەوە بۆ جاوە ٦٤٥
سولّتانی جاوە ٦٤٦
باسی گەڕانەوەی بۆ مالّەکەی لەگەلّ چۆنێتی سلاّولێکردنی ٦٤٨
باسی کێشەی نێوان سولّتان و برازاکەی ٦٤٩
داری لوبان ٦٥٠
باسی کافور ٦٥١
داری هیندی (العود الهندی) ٦٥١
باسی قەرنەفوڵ (میّخەك) ٦٥١
باسی سولّتانی مول جاوە ٦٥٢
شتێکی سەرسوورهێنەر ٦٥٣
ناوچەی تەوالّیس ٦٥٤
پاشا نافرەتەکە ئۆردوجا ٦٥٤
گەیشتن بە چین ٦٥٦
قاپی فەخفوری چینی ٦٥٧
باسی مریشکی چینی ٦٥٧
باسی خەڵکی چین ٦٥٨
دراوی کاغەز ٦٥٩

ئەو خۆڵەی کە وەک خەڵوز دەیسووتینن ٦٥٩
باسی دەستڕەنگینی چینییەکان و شارەزاییان لە بواری پیشەسازیدا ٦٦٠
باسی نەریتیان لە بەڕێکردنی کەشتییەکاندا ٦٦١
نەریتیان لە پاراستنی بازرگان و ئاسایشی ڕێگاوباندا ٦٦٢
چیرۆکێکی سەرسووڕهێنەر ٦٦٦
حیکایەتی قەوامەدین سەبتی ٦٦٨
ئەمیری گەورە (ئەمیر قورتی) ٦٧٢
حیکایەتی فاڵچییەکان ٦٧٣
باسی پاشای مەزنی چین و خیتا ناسراو بە "خانی مەزن" ٦٧٦
باسی بەڕێکەوتنی خانی مەزن بۆ جەنگ کردن لەگەڵ ئامۆزاکەی و کوژرانی ٦٧٨

قۆناغی حەوتەم:

گەڕانەوە بۆ مەغریب: دووبارە بە بەنگلادیش و ئەو دوورگانەی کە پێشتر ئاماژەی پێدراوە پاشان گەڕانەوە بۆ دوورگەی عەرەبی عومان ٦٨١

باسی گەڕانەوەم لە چینەوە بۆ مەغریب ٦٨٢
باسی ئاهەنگی ژن گواستنەوەکەی کوڕەکەی مەلیک زاهیر ٦٨٣
باسی سوڵتانی زەفار ٦٨٥
باسی سوڵتانی عێراق ٦٨٧
گەڕانەوەم بۆ دیمەشق ٦٨٨
چیرۆکی ئەوانەی لەسەر نان کوژران ٦٨٩
پەتا کوشندەکە ٦٩٠
حیکایەتێک لە نەزری وتاربێژ ٦٩١

قۆناغی هەشتەم:

لە میسرەوە جارێکی تر لەگەڵ کاروانی حاجییان گەشت بۆ مەککە دوای حەجکردنیش گەڕانەوە بۆ میسر و پاشان بۆ مەغریب و گەیشتنەوە بە شاری فاس لە ساڵی ٧٥٠ ک ٦٩٣

باسی سوڵتانی میسر..... ٦٩٤
باسی سوڵتانی تونس..... ٦٩٦
باسی هەندێك لە سیفاتە جوانەکانی سوڵتان نەبی عەنان خودا بیپارێزێت ٧٠١

قۆناغی نۆیەم:

گەشت کردن بۆ ئەندلوس(ئیسپانیای ئێستا) پاشان گەڕانەوە بۆ مەراکیش و لەوێ بڕیاردان بۆ گەشتکردن بۆ وڵاتی رەشپێستەکان و وڵاتی مالی و چاد و سەنیگال و دواتریش گەڕانەوە بۆ شاری فاس لە ساڵی ٧٥٦ک لەوێ سوڵتان"ئەبی عەنان" ئیبن جوزەی رادەسپێرێت بە نووسینەوەی بەسەرهاتی گەشتەکەی بە ناوی.....٧٠٧

(تحفة النظار في غرائب الأمصار وعجائب الأسفار) ٧٠٧
باسی سوڵتانی غەڕناتە ٧١٤
لە ئیوالاتنەوە بۆ مالی..... ٧٢١
شاری مالی و سوڵتانەکەی ٧٢٧
باسی سوڵتانی مالی ٧٢٨
باسی قسەکانم بەرامبەر سوڵتان و دواتر پێشکەشکردنی یارمەتی پێم..... ٧٢٩
باسی دانیشتنی سوڵتان لە گومەزەکەی خۆی ٧٣٠
باسی ملکەچی رەشپێستەکان بۆ پاشاکانی خۆیان و هەندێك لە نەریتەکانیان ٧٣٢
باسی رێورەسمەکانی سوڵتان لە رۆژەکانی جەژندا ٧٣٣
باسی هەندێك لەو هەڵسوکەوتە پێکەنیناویانەی کە لە کاتی پیاهەڵدانی هۆنراوە بەسەر سوڵتاندا ئەنجام دەدران..... ٧٣٥
باسی نەو کوللەیەی کە هاتە دەنگ ٧٣٥
دادپەروەری سوڵتانی رەشپێستەکان..... ٧٣٦
باسی خێزانی سوڵتان و کچەکانی نامۆزای..... ٧٣٧
باسی پاداشتدانەوەی چاکەیەك دە بەرامبەر..... ٧٣٨
باسی رەوشتە جوان و ناشیرینەکانی رەشپێستەکان ٧٣٩

دەرچونم لە شاری مالی..... ٧٤٠
باسی ئەسپەکانی کەنار نیل..... ٧٤١
باسی مرۆڤخۆرەکان..... ٧٤٢
باسی ئەوانەی گۆشتی خزمەتکارەکەی سوڵتانیان خوارد ٧٤٣
چیرۆکی خەونەکەم..... ٧٤٤
حیکایەتی ئەو ئەمیرەی حەزی بەگریان نەدەکرد..... ٧٤٤
حیکایەتی کەنیزە خوێندەوارەکان..... ٧٤٨
باسی کانزای مس..... ٧٤٩
باسی سوڵتانی تەکەدا..... ٧٥٠
باسی گەیشتنی فەرمانی ئەمیری باوەڕداران ٧٥١
ئیبن جوزەی ٧٥٤
ناوی ئەو سەرچاوانەی کە بە کارهاتووە لە وەرگێرانەکەدا :..... ٧٥٥
ناوەڕۆک..... **٧٥٩**

ئیبنُ بەتوتە

IBN BATTUTA

گرنگی ئەم کتێبە لەوەدایە :بە بەهێزترین سەفەرنامە دادەنرێ لە نێو هەموو ئەو گەریدانەی، کە لە کۆندا بە جیهاندا گەڕاون و شارستانییەت و داب ونەریت و ناوچە و شوێن و...هتد تریان لە نێو کتێبەکانیان تۆمار کردووە.

کاتێ بە نێو ئەم کتێبە گوزەر دەکەی، ڕێک بۆ حەوت سەد ساڵ پێشی ئێستا دەگەڕێیتەوە، واتا: سەدەکانی ناوەڕاست و، بە چاوی خۆت وێنای ئەو سەردەمە دەبینی،کە گەورەیی و عەزەمەتی شارستانییەتی ئیسلامیت بۆ دەردەکەوێ لە نێو ئەوانی تری وەک: (ڕۆمەکان، هیندیەکان و چینییەکان، ئەفریقییەکان).

ئەم بەهێزیی و شکۆیە، هەموو بوارەکانی ژیانی گرتۆتەوە، لەوانە: بەڕێزی و پێگەی زانا و زانست لە نێو دەوڵەتدا، گرنگیدان بە قوتابخانەکان و بیمارستان (خستەخانە) و باڵاخانەکان و بەندەرەکان و خان و شوێنی حەوانەوە بۆ ڕێبواران و، کەشتیگەلیی و هێزە سەربازیەکان و پیشە و پیشەوەرکان.

ئێمەی کوردیش بە شێك بووینە لەو شارستانیەتە، بە ڕوونی باسی کوردەکانی (لوڕستان) دەکات، کە خزمەتی ڕێبواریان کردووە وگرنگیان بە ڕێگاو بان و شوێنی حەوانەوە(خانەقا) داوە.

باسی شاری (شنگال) دەکات و وەسفی کورد دەکات، هەروەها باسی زانایەکی کورد دەکات، کە سەردانی کردووە، لە چیای (شنگال)، کە سەرقاڵی خواپەرستیی بووە، بۆیە گرنگە و پێویستە کتێبخانەی کوردی لە م جۆرە کتێبانەی تێدابێ و، خوێندەری ئێمە بێ ئاگا نەبێت لە میژووی خۆی و، هەموو لەو نوممەتانەی ڕۆژانێك چۆن بوون و، چۆن ژیاون لەسەر ڕووی ئەم زەویەدا .

نوسینگەی تەفسیر
بۆ بڵاوکردنەوە
هەولێر - شەقامی ٣٠مەتری تەنیشت منارەی چۆلی
+964 750 818 08 66
www.al-tafseer.com
tafseeroffice@yahoo.com
/TafseerOffice
نرخی 15.000 دینار
9 789922 679846